له بری بیرەوەری

خوێندنەوەیەکی جیاواز

ڕەخنە، لێکدانەوە، توێژینەوەی:

- **سایکۆلۆژیەتی توندو تیژی، زادەی چ کلتورێکە؟**
- **ڕاستییەکانی ئاڵای شۆڕشو ڕەخنەکانی مام جەلال.**
- **دیلکوشتنی قڕناقاو پشت ئاشانو ئاشتی مەڵبەندی یەک.**
- **ترساندنی سایکۆلۆژیو پلنیۆمی تیربارانی ڕەنجدەران!**
- **سڕینەوەی پەڵە چڵکنەکانی فەرەیدون عەبدولقادر.**
- **هەڵبەستنی بکوژی فوئاد سولتانی.**
- **ئاسەواری: جەلالی – مەلایی، کارەساتی هەکاری، دانوستان.**

مەلا بەختیار

تەممووزی - ٢٠٢٠

لەبری بیرەوەری

ناوی نووسەر: مەلا بەختیار

تایپ: تەها حەمەنوری

بەرگ: باسم رەسام

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

هەڵبڕی: ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

نۆرەی چاپ: ٢٠٢٠

تیراژ: ٦٠٠٠ دانە

نرخ: ٨٠٠٠ دینار

چاپ: تاران

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١٦٨٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر
هیچ کەسێک مافی لەبەرگرتنەوەی نییە، چ بە ئەلیکترۆنی، کاغەزیی، یان هەر شێوازێکی تر

له بری بیرەوەری

خوێندنەوەیەکی جیاواز

ڕەخنە، لێکدانەوە، توێژینەوەی:

- **سایکۆلۆژیەتی توندو تیژی، زادەی چ کلتورێکە؟**
- **ڕاستییەکانی ئاڵای شۆڕشو ڕەخنەکانی مام جەلال.**
- **دیلکوشتنی قڕناقاو پشت ئاشانو ئاشتی مەڵبەندی یەک.**
- **ترساندنی سایکۆلۆژیو پلنیۆمی تیربارانی ڕەنجدەران!**
- **سڕینەوەی پەڵە چڵکنەکانی فەرەیدون عەبدولقادر.**
- **هەڵبەستنی بکوژی فوئاد سولتانی.**
- **ئاسەواری: جەلالی – مەلایی، کارەساتی هەکاری، دانوستان.**

مەلا بەختیار

تەممووزی - ٢٠٢٠



پێشکەشە بە:

کامەرانی سەید مەجید؛ کە لە کاروانی ئەو شەهیدانەی دادەنێم، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، لەگەڵ خۆمدا بوون:

- شەهید جەلال
- شەهید جەبار
- شەهید وشیار
- شەهید بارام
- شەهید حەمە پشتەیی
- شەهید رەزا خاوێیی
- شەهید رزگار
- شەهید جەبار خاوێیی
- شەهید کاوە مەخموری
- شەهید مەحمود ئەرکەوازی
- شەهید نامیق تەقتەقی
- شەهید حەمە ئازاد
- شەهید ئازاد چاوشین
- شەهید ئەحمەد سماقە
- شەهید حەمە حسێن
- شەهید وشیار حاجی مامەندی
- شەهید سیروان
- شەهید سالار چاوشین
- شەهید بەکر
- ئەکرەم عەباس خانەقینی

پێڕست

- ناساندنی کتێبە وەڵامدراوەکان.....٩

أ-هۆکاری وەڵامدانەوەم ١٣
ب- نوسینی چەواشەی نەیارو دۆست.....١٨
ج- وەرچەرخانی رەشو تاساندن.....٢٠

رشتەی یەکەم:
فەلسەفەی سیاسیو سایکۆلۆژیەتی سیاسی
٢٣ - ٧٤

١- رق زادەی چ کولتورێکە.....٢٥
٢- کۆنژنکتۆری توندوتیژی.....٢٧
٣- چاوگی توندوتیژی ئایینی.....٢٩
٤- خاچپەرستیو رقی ئایینی.....٣١
٥- باوەڕی رۆحیو دەسەڵاتی دونیایی.....٣٢
٦- دەرەبەگایەتیو زەبروزەنگ.....٣٤
٧- نەبونی رۆشنگەریو توندوتیژی.....٣٦
٨- کوردایەتیو زەبروزەنگ.....٣٧
٩- فەلسەفەو سایکۆلۆژیەتو میژوو.....٤٠
١٠- کادری لاوازو چەکداری زاڵ!.....٤٥
١١- دامەزرێنەران و سەرکردایەتی دامەزرێنەر.....٤٦
١٢- چۆنیەتی چونە ناو یەکێتی!.....٤٩
١٣- هەڵەی کۆمیتەی هەرێمەکان.....٥١
١٤- پەیوەندی ئارامو مام.....٥٤
١٥- باجی هەڵەکان.....٥٧
١٦- رقی سایکۆلۆژیو تاوانی یاسایی.....٥٩
١٧- کنەو کینەی شاردراوە!.....٦٢
١٨- هەڵچون یان ڕێباز؟.....٦٤
١٩- بیری جیاواز و منالّ کوشتن !!.....٦٩
٢٠- رقی سایکۆلۆژیو سۆسیال-میدیا....٧٢

رشتەی دووەم:
ئەشکەنجە و تۆقاندن
٧٥ - ١٣٠

١- مەفرەزەکانو لافلێدان.....٧٧
٢- وا، مەفرەزەکان نەنێردراون!!.....٧٩
٣- برایم خەلیلو عێراقچی!!.....٨٣
٤- سیروان تاڵەبانیو سەرکردایەتی.....٨٥
٥- دوڕیانی کۆڵنەدانو هەڵەداوان.....٨٧
٦- بە ڕێکەوت نەگیراین.....٩١
٧- گرێکان بە دەست کرانەوە.....٩٤
٨- شارباژێڕ، جافایەتی، یان قەراغ؟.....٩٦
٩- سۆسیالیستو ڕەخنەی ناڕاست.....٩٨
١٠- کێشەکانو خەسڵەتی مام.....١٠٢

١١- پەلامارداني هاوخەبات!! ١٠٤
١٢- هەڵوێستێکی هێمنو کاردانەوەی توند..... ١٠٦
١٣- ئەشکەنجە، تۆقاندن، زانیاری..... ١٠٩
١٤- سوکایەتی، پێشێلی ئازادی؟..... ١١٢
١٥- سیاسۆسیۆلۆژی زەبروزەنگ..... ١١٦
١٦- دیموکراسیو شۆڕشگێڕێتی!!..... ١١٩
١٧- دیموکراسیو هەڵکوتانەسەر!!..... ١٢٣
١٨- عێراقیو کوردستانی ئۆتۆنۆمی..... ١٢٧

ڕشتەی سێهەم:
کارەساتی هەکاریو نەوەی یەکەم
١٣١ - ١٥٦

١- کارەساتی هەکاریو کۆمەڵە ١٣٣
٢- هەڵەی نەوەی یەکەمو هەڵوێستی نەوەی دووەم..... ١٣٧
٣- نەوەی یەکەمو هەکاری! ١٤١
٤- ناکۆکی ئەزمونو تێگەیشتن ١٤٥
٥- نەوشیروانو کۆمەڵەو کۆمۆنیزم!! ١٤٦
٦- نەوشیروانو ڕێکخستنی تازە! ١٥١
٧- کۆمەڵەو کاریگەری نەوەی یەکەم! ١٥٥

ڕشتەی چوارەم:
عێراقچی یان ساختەچی؟
١٥٧ - ٢١٠

١- فوئاد میسریو جەزراوی.. هەڵبەستن!..... ١٥٩
٢- تالیب ڕۆستەم قوربانیەکی رق..... ١٦٤
٣- راستیەکانی کۆبونەوەی شێنێ..... ١٦٦
٤- ماویزمو ناوگۆڕین..... ١٦٩
٥- شەڕی شێنیو (٥٤) کۆپتەر..... ١٧٣
٦- شێرکۆی شێخ عەلیو مەلا بەختیار..... ١٧٦
٧- ڕاپەڕینی ئێرانو نوسەر!!..... ١٧٨
٨- هەڵگەڕانەوەی د.فوئادو هەڵهاتنی عادل مورا..... ١٨٢
٩- ئیزگە و رابواردن..... ١٨٤
١٠- حیزبی شیوعیو شۆڕشی نوێ..... ١٨٧
١١- هەڵەی شیوعیو مەلای بانیخێلانی... ١٩٠
١٢- لقی کەرکوکو شەرمەزاریی!..... ١٩٣
١٣- لاساریکو جاسوسێک..... ١٩٥
١٤- چکوارا جەلالو.. ئینزال!!..... ١٩٧
١٥- شکست، یان ڕاپۆرت؟..... ١٩٩
١٦- ململانێکانو هاوڕێیانی زیندان..... ٢٠١
١٧- عێراقچی، یان ساختەچی؟..... ٢٠٣
١٨- ئارامو دژە نەزۆکەکان..... ٢٠٦

ڕشتەی پێنجەم:
نەخۆشی عێراقچیو بنکەی سوور!
٢١١ - ٢٧٦

١- داتاشینی بنکەی سوور!! ٢١٣
٢- پروپاگەندە، دەرەبەگ، ئاین ٢١٦
٣- کۆمەڵەو یاسا، بەرەو ئامۆژگاری ٢١٨
٤- عێراقچی زۆرەملێ!! ٢٢١
٥- دورەپەرێزیی دیموکراتو یەکێتیی ٢٢٣
٦- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانو یەکێتیی ٢٢٧
٧- سوڵتانیو نوسەری شەرمەزار! ٢٢٩
٨- سوڵتانیو گومانی جەنەراڵ! ٢٣٢
٩- سوڵتانیو جوتیارێک! ٢٣٤
١٠- درەنگ درکاندنی تاکڕەوایەتی!! ٢٣٩
١١- نەریتی سکرتێرەکانی کۆمەڵە ٢٤٣
١٢- جەنگی عێراق-ئێرانو یەکێتی! ٢٤٥
١٣- قۆناغی نوێو هەڵەی ستراتیژی ٢٤٩

١٤- وەرنەچەرخانو روالّەت ٢٥٢
١٥- شەڕی ناوخۆی قۆناغی نوێ ٢٥٥
١٦- هەڵگەڕانەوە لە هەڕێمی یەک ٢٥٩
١٧- هەڕێمێک هەمیشە لە کەمین ٢٦١
١٨- یاخیبون‌و خۆدزینەوە! ٢٦٤
١٩- قین لە دڵیی، یان پابەندیی؟ ٢٦٦
٢٠- تەسلیمبوونی نەوشیروان! ٢٦٨

رشتەی شەشەم:
کۆنفرانسەکان‌و پیلانگێڕان
٢٧٧ - ٣٨٤

١- یەکەمین کۆنفرانس‌و سەرەتای پیلان ٢٧٩
٢- دادگا و پیلان ٢٨١
٣- کۆنفرانس؛ پیلان‌و ئاستی نزم! ٢٨٦
٤- کلکایەتی جەمسەرەکانی نێودەوڵەتی! ٢٩٠
٥- سەرکەوتنی پاسداران‌و پاشەکشە! ٢٩٤
٦- هێزی پشتیوان‌و دانوستان ٢٩٨
٧- کشانەوەی قاسملو و، هەڕەشەی شاهۆ! ٣٠٣
٨- مام و پشتیوان‌و ئاڵای شۆڕش ٣٠٧
٩- هۆمەر شێخ موسیش! ٣١٦
١٠- هەڵگێڕانی دووەمین کۆنفرانسیش ٣١٧
١١- کۆمەڵە بۆ نەکرایە حیزب؟ ٣٢٠
١٢- شۆڕشگێڕان‌و تاکتیکی مام! ٣٢٤
١٣- نەوشیروان‌و نائومێدیی! ٣٢٩
١٤- دانوستانی بێهودە! ٣٣٧
١٥- یەکێتی‌و ناکۆکی هەڵوێست! ٣٤٢
١٦- لەبری ستایش، سزا ! ٣٤٩
١٧- مەڵبەندە پڕ کێشەکان!! ٣٥٢
١٨- سزاو پاکتاو ! ٣٥٦
١٩- میکیافیلیەتی دواکەوتوو! ٣٦١
٢٠- ڕەگەزەکانی زەبروزەنگ! ٣٦٧
٢١- زیانەکانی فرە هێزیی ٣٧٣
٢٢- بە هەق‌و ناهەق دەست نەپارێزرا! ٣٧٧

رشتەی حەوتەم:
ئاڵای شۆڕش‌و جیابونەوەکانی تر!
٣٨٥ - ٤٦٢

١- هەمیشە جیابونەوە هەبووە! ٣٨٧
٢- کولتوری چەک‌و ناکۆکی سیاسی ٣٩١
٣- ناکۆکی ئایدیۆلۆژی ٣٩٤
٤- فریشتەی ئاشوبستان! ٣٩٧
٥- سیاسی مراهق‌و کامڵ!! ٤٠١
٦- بنکەی سوور یان درۆی ڕەش؟! ٤٠٥
٧- نەوشیروان‌و سەردانی زیندان ٤٠٧
٨- نەوشیروان‌و مام.. ناکۆکی بەردەوام.....٤١٣
٩- سکاڵای دەرکردنی مام جەلال.....٤١٦
١٠- پلینیۆمی دیسپۆزەتیف ٤١٧
١١- پاکانە.. یان درۆتاش؟ ٤٢٣
١٢- هەڵەکان، شکستەکان، ئەنجامەکان.....٤٣٠
١٣- ڕاپەڕین.. هەڵەی پتر! ٤٣٣
١٤- گۆڕان؛ باری نەڕەخساوی بابەتیی.....٤٣٨
١٥- هاوپەیمانی؛ باری نەڕەخساوی خۆیی!.....٤٤٥
١٦- لێکتێگەیشتنی دەباشان – ڕێکەوتنی سەرانسەری.....٤٥٠
١٧- دوا دیداری نەوشیروان.....٤٥٧

پاشەنگ

٤٦٣ - ٧٣٢

کرۆنۆلۆژیای بەڵگەکان:

وتارەکان:

یەکەم وتاری مەلا بەختیار.....٤٦٧
دووەم وتاری مەلا بەختیار.....٤٧٧
سێیەم وتاری مەلا بەختیار.....٤٨١

نامەکان

یەکەم نامەی زیندان.....٤٨٨
دووەم نامەی زیندان.....٤٩٢
سێیەم نامەی زیندان.....٤٩٩
چوارەم نامەی زیندان.....٥٠٠
پێنجەم نامەی زیندان.....٥٠٣
شەشەم نامەی زیندان.....٥٠٦
حەوتەم نامەی زیندان.....٥١٠
هەشتەم نامەی زیندان.....٥٣٧
نۆیەم نامەی زیندان.....٥٤١
دەیەم نامەی زیندان.....٥٤٦
بەڵگەنامەی نەوشیروان مستەفا.....٥٥٠

نامیلکەکان:

یەکەم نامیلکەی ئاڵای شۆڕش.....٥٥٢
دووەم نامیلکەی ئاڵای شۆڕش.....٥٩٢
سێیەم نامیلکەی ئاڵای شۆڕش.....٦١٤
چوارەم بەڵگەی ئاڵای شۆڕش.....٦٦٣
بەیاننامەی یەکگرتن.....٦٦٦
یادە وێنە.....٦٧١
سەرچاوەکان.....٧٢٩

ناساندنی کتێبە وەڵامدراوەکان

خوێنەر، دڵنیام دەبێ کاتێکی باش، بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بدات، کە بەشی زۆری وەڵامدانەوەی چەندین کتێبە. رەنگە، بەشێک لە خوێنەرانی ئەم کتێبە، بەتایبەتی نەوەی نوێ، کتێبە وەڵامدراوەکانیان نەدیبێ، یان دەستنەکەوتبێ. بۆ کارئاسانی خوێنەران بەگشتی، بەپێویستمان زانی، چڕە هەڵسەنگاندنێک بۆ کتێبە وەڵامدراوەکان بکەین.

١- دیداری تەمەن (مام جەلال)؛

دیداری تەمەن؛ دوو بەرگ لە کتێبی مێژووی زارەکی سەلاح رەشیدە. ئەم دیدارانە، سەبارەت بەوەی مام جەلال، بە دەستی خۆی بیرەوەری نەنوسیووە، یەکێکە لە سەرچاوە بەنرخەکان، بۆ زانینی بیرەوەریەکانی مام جەلال. خۆزگە پێش چاوپێکەوتنەکان، سەلاح، کۆرسێکی لەسەر چۆنیەتی نوسینی رووداوەکانی مێژوو لە ئەڵمانیادا، خوێندبا، یان لەسەر دەستی مێژوونووسی گەورەی ئەڵمانی راهێنرابا، هەتا کتێبەکان، سودبەخشتر بان. وەکو:

١) زەمانو زەمینەی چاوپێکەوتنو چۆنیەتی وەڵامدانەوەی مام جەلال، لەگەڵ دۆخی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەدا، جیاوازە. دەبوایە، لە هەر بواریک، کە مام دواتر، بیری لەسەر بیرەوەریەکانی رابوردووی، گۆڕیبێ، سەلاح رەشید، لە پەراوێزدا، ئاماژەی بەو گۆڕانکاریانە دابا. هەتا خوێنەر زانیبای، ئەو بۆچونانە هی سەردەمی ناکۆکیو جیابونەوەو شەڕی ناوخۆن، کاردانەوەشیان پێوە دیارن!

٢) دوروونزیک، لەم کتێبانەدا، نوسەر، بەلای هاوڕێ نزیکەکانی مام جەلالدا، نەڕۆیشتووە، کە سەرنجی لە پرسیارەکاندا، بەلای هەندێک هەڵەی کوشندە کوشندە.. کە لە شۆڕشدا کراوە، رابکێشێ.

٣) چاپکردنی کتێبەکە، لەکاتێکدا بوو، یەکێتی دوچاری جیابونەوەی نوێ کرابوو. خۆی لەخۆیدا جیابونەوەکەی (گۆڕان-نەوشیروان) دەریدەخات کە چاوپێکەوتنەکان رەگەزە دێرینەکانی ناکۆکی نێوان رابەرەکانو باڵەکانی ناو یەکێتی، بەتایبەتی (مام-نەوشیروان)ی فەرامۆشکردووە. چونکە ئەو جیابونەوەیە، لەپڕ رووبان نەدا. رەگەزەکانی کۆن بوون!

٢- له کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن. (نەوشیروان مستەفا)

ئەم دوو کتێبە، پێش کتێبەکانی فەرەیدون عەبدولقادرو مێژووی زارەکی مام جەلال (دیداری تەمەن)، بەڵکو پێش جیابونەوەی لە یەکێتیو دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان، نوسراوون. لە رووی میتۆدەوە، زانستیانە نوسراوون. داڕشتنەکەیان، نایابە. بە قەڵەمێکی کوردانەی پاراو بەرهەم هاتوون. خوێنەر گەلێ سودیان لەسەر کۆمەڵە، یەکێتی، شۆڕش، روداوەکانو کارەساتەکان، لێوەردەگرێ. بەڵام چەندین خەوش لە بیرەوەریەکاندا هەیە. لەوانە:

١- نوسەر، بۆ یەکجاریش، لەسەر بچوکترین هەڵەی خۆی، یان سەرکردایەتی کۆمەڵە، ڕەخنەی نەگرتووە.

٢- لە هەردوو کتێبەکەدا، هەوڵیداوە، خۆی بە شۆڕەسواری روداوەکان دەربخات. زۆر لە خوار خواری خۆشیەوە، باسی هەندێک لەو هاوڕێیانەی کردووە، کە لەخۆی نزیک بوون. تێکۆشانو قوربانی بێڕادەی خەڵکی تری، دێزە بەدەرخۆنە کردووە. کە ئەمەش زیانی گەورەی لە ڕێڕەوی راستەقینەی روداوەکان داوە.

٣- لە باسکردنی چەندین سەرکردەدا، کە بیری جیاوازیان بەرامبەر خۆیو بڕیارەکانی هەبووە، رق بەسەریا زاڵە!

٤- نوسەر، یەکێک بووە لەوانەی لە شەستەکانەوە، لە کۆڕی خەباتدایە؛ زۆر جار پێچەوانەی بۆچونەکانی، سوور بووە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی- جەلالی سالّی (١٩٧٠) کەچی لەم کتێبەی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ) بەهەمان هەناسەی ناکۆکی شەستەکان، روداوەکانی لێکداوەتەوە.

٥- لەم دوو کتێبەدا، ئەمیش بازی داوە بەسەر سەدان روداوداو باسی نەکردوون. تاوانەکانی چەواشە کردووە. ناکۆکیەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵەو مام جەلال لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا، پۆشیووە.

تا ئیستا، بیرەوەری تری دوای جیابونەوەی لە یەکێتی، لەلایەن نوسەرەوە، دیار نییە. کە دڵنیاین، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لەمبارەوە، کتێبی نوسیبێو چاپ بکرێت، گەلێ جیاوازی دەخوێنینەوە، لەو کتێبانەی تری!

٣- هەڵۆ سوورەکانی قەندیل (فەرەیدون عەبدولقادر)؛

کتێبێکی قەوارە گەورەی (٧٦٨) لاپەڕەی سیاسەتمەدارو نوسەری ناسراوی کوردستان، فەرەیدون عەبدولقادرە. نوسەر لە کتێبەکەدا، هەوڵی داوە بە زمانێکی پاراو، مێژوویەکی درێژی خۆی‌و کۆمەڵە، هەتا نوسینی کتێبەکە، باسبکات. تێکڕا نوسینەکە، نەرمە. زانستییە. سەدان روداوی باسکراو و باسنەکراوی، لە روانگەیەکی تردە، خوێندۆتەوە. هەوڵی داوە دیوی شاردراوەی روداوەکان، لە تاریکی‌و داپۆشراویەوە، روناک بکاتەوە. لە هەندێک شوێندا، ئازایانە رەخنە لە سیاسەتی کۆمەڵەو یەکێتی، دەگرێ. بەڵام سەدان روداوی تر هەن، توخنیان نەکەوتووە. چونکە، بەشی زۆری ئەو روداوانە، بەهۆی دۆخی نالەبارەوە، دراوون. نوسەریش لە زۆربەی روداوەکاندا بەشدارە. یان ئاگاداراە. کورتیەکەی: ئەوەی مایەی سەرنجە، نوسەر بۆچی، بەسەر گەلێ روداودا، گوزەری راگوزەری کردووە. پێمانوایە، لەمبارەوە نوسەر، غەدرێکی گەورەی لەخۆی‌و لە مێژووی کۆمەڵەو یەکێتی کردووە. ئەگەر بابەتیانەترو هەمەلایەنەتر، خۆی لەگەڵ نوسینی ئەم بیرەوەریەدا، ماندووکردبا، لامواید، لەناو بەرپرسەکاندا، ئەو رچەیەی دەشکاند، کە هەڵەکانی زانستیانە دەخستەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هێندەی رەخنەی گرتووە، بوێری درکاندنی ئەو راستیانەی تیایە، کە باسیکردوون.

٤- چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە (برایم جەلال)؛

ئەمیش، یەکێکە لەو سەرچاوانەی ئاماژەیەکی زۆرمان بە بابەتەکانی کردووە. وەکو بابەت، گرنگە بۆچونی نوسەر لەسەر روداوەکان بزانرێ. لە رووی زانستی نوسینەوە، لاوازە. بەڵام لە هەندێک روەوە، نوسەر بوێرتر بووە لە نوسەری کتێبەکانی دیکە.

ئەوەی ناوەرۆکی کتێبەکەی سەراپا شێواندووە، خووڕەوشتی نوسەر، وەکو خود، زاڵە بەسەر نوسینەکەدا. کەچی لە کتێبەکانی تردا، کەمتر خووڕەوشت، زاڵکراوە. نوسەر نەیتوانیووە جیاوازی لەنێوان رقو ئەرکی مێژوونوسین بکات (لەکاتێکدا نەوشیروان زۆرجار خۆی لە بارە دەرونیەکەی دورخستوتەوە!). برایم جەلال، زۆرجار بێ بەڵگە، رقی خۆی کردۆتە بنەمای حوکمدان. ئەمەش کتێبەکەی خستۆتە دەرەوەی نوسینی زانستیانەی روداوەکانی مێژوو.

(أ)
هۆکاری وەڵامدانەوەم

ئەمڕۆ (٢٠٢٠/٦/٣)، بەهۆی تەشەنەسەندنی پەتای کۆرۆناوە، لە مێرگەپانم. یادی لەدایکبونی دوا جگەرگۆشەمانە "مازان" کە ئومێدم زۆر پێیەتی دواڕۆژێکی هەڵکەوتوی بۆ کوردستانو مرۆڤایەتی هەبێ. لەم یادەدا شەو و رۆژێک لە رامانی چۆنیەتی نوسینی کۆڕەخنە، لەسەر ئەو رەخنانەی لە زیاتر سێ دەهەی رابوردودا، لەسەر مێژووی یەکێتی، کۆمەڵە، ئالای شۆڕش، شۆڕشو بەندە، روداوەکان، نوسراونو گوتراوون، لەو (٣٥) ساڵەدا بەرامبەر گەلێ هێرشی ناڕەوا، بەگشتی بێدەنگ بوم. بەڵام ئیدی کاتی وەڵامدانەوەی بۆچونە سەرەکیەکان هاتووە، کە کاتی خۆی بڕیاری بەشی زۆری روداوەکان لەدەست ئەم بەڕێزانە بووە. هەر ئەمانیش لە روانگەی بڕیارەکانیانەوە، باسی مێژوویان کردوەو هەوڵیانداوە پاساو بۆ هەڵدێری بڕیارەکانیشیان بهێننەوە!

دوای نوسینی بەرگی یەکەمی کتێبی (چۆن چەپکێکو کام مێژووی کۆمەڵە؟) ٢٠١٢/١/١٢، بیرەوەری زۆرتر نوسراونو رەخنەی زیاتر گیراون. بۆیە، ئەم کتێبە جیاوازە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی پێشووم. وەڵامی گەلێ بابەتو لێکدانەوەی روداوە گرنگەکان، هەروەها رەخنەی فراوان دەگرێتەخۆی.

دوای نوسینی بەرگی یەکەمی کتێبەکە، خوێنەر کەوتنە سۆراغی کتێبە وەڵامدراوەکەو سێ جار چاپکرایەوە. ئەگینا پێشتر لە کتێبخانەکاندا، تەپوتۆزی لێنیشتبوو. بۆیە زۆرێک لە هاوڕێیانو دۆستان، دوو رەخنەیان لێگرتم:

یەکەمیان: دەیانگوت؛ ئەوەی نەدەهێنا ناوی بخەیتە سەر بەرگی کتێبەکەو گەورەی بکەیت. تەنانەت دەشیانگوت، هەر وەڵامت نەدایەتەوە!!

دووەمیشیان: دەیانفەرموو؛ بۆ یادەوەری خۆت نانوسیو ئەو مێژووە پڕ لە روداوە، هەق نییە لە کتێبیکی وادا، خەسار بکەیت.

لەوەڵامدا رونمەدەکردەوە کەوا: کاتێک بیرەوەریەکانم دەنوسم، ئەوەی لەژێر بەڕەی رۆژگاردا باسنەکراوە، باسدەکەم؛ نوکی رەخنەش لە کەس نابوێرم. بەتایبەتی بەشی زۆری ئەوانەی لەناو یەکێتیو کۆمەڵەدا، بەناوی بیرەوەریو هەڵسەنگاندنەوە نوسیویانە، زۆرجار رقی خۆیانو ئەقڵیەتی شکاندنی بەرامبەرەکانیان، تەنانەت لە باسکردنی روداوەکانیشدا، کە سەدان شایەتیان هەیە، شێواندووە. نەک نەیارەکانم، بەڵکو

دۆستەکانیشم لێرەو لەوێ، هەڵەی چاوەڕوانەکراویان لێ دەخوێنمەوە. ئەم نوسینە، تەنها وەڵامەکانی کتێبی (چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە) نییە. بەڵکو وەڵامی بەشێکی ئەو نوسینو چاوپێکەوتنو رەخنانەیە، لە سێ دەهەی رابوردودا، لەسەر رووداوەکانی یەکێتیو کۆمەڵەو ئالای شۆڕش نوسراوون. بەتایبەتی، وەڵامی رەخنەکانی نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، رونکردنەوە لەسەر هەندێک بۆچونی مام جەلالو ئاماژەکردنیشە بە چەند وەڵامێکی چاوپێکەوتنەکان. کورتە وەڵامی مەلا ئەحمەدی بانی خێڵانی، هۆمەر شێخ موسو ئەرسەلان باییزیش، دەدرێتەوە!

لەم کتێبەدا سود لە (٥٥) سەرچاوە بە زمانی عەرەبیو فارسیو کوردی، وەرگیراوە. هەوڵمداوە، پەیوەندی رەخنەی سیاسیو سایکۆلۆژیەتی سیاسەتمەدارەکان، رونبکەمەوەو دیوی دیاری بڕیارە سیاسیەکان، بە دیوی شاردراوەی دەرونی سیاسەتمەدارەکانەوە ببەسترێتەوە. واتا: بەشێکی گرنگی کتێبەکە، شۆڕبۆتەوە بۆ دەرونشیکاری سیاسەتو سیاسەتمەداران! لەمەڕ رووداوەکانو بەسەرهاتەکان!

لێکدانەوەو رەخنەکانی ئەم کتێبە، زۆربەیان (٣٥) ساڵ، لەناو رووداوەکان، بەسەرهاتەکان، سەرکەوتنو شکستەکان، من هەر لە ویژدانی خۆمدا پاراستومن. دەرفەتی زۆرم بۆ هەڵکەوتووە، ئەمەی ئێستا نوسیومن، بیاننوسم. بەڵام هەر پاساووم بۆ خۆم دەهێنایەوە، دوامدەخستن.

زۆرجاریش، کە تانەو تەشەرم لەسەر ئەو رووداوانــە دەبیست، یان لە کۆمێنتی فەیسبوکدا، لە زمانی ئەمو ئەوەوە، چەند رستەیەکی بیرەوەریەکانی ئەوانەی لەم کتێبەدا، وەڵامم داونەتەوە، بڵاودەکرایەوە، نەمدەویست خۆمو مێژووی خەباتم دابەزێنمە ئاستی نزمی نوسینی ئەوان.

مرۆڤ دەتوانێ هەر (٣٥) ساڵ پەرۆشیو پشووی لەئاست رووداوەکاندا، درێژ بکات. یەک دوو ساڵە، گەیشتومەتە ئەو باوەڕە، کە ئیتر لەوە زیاتر، وەڵامدانەوە دوابخەم، لای ئەو خوێنەرانەی بیرەوەری، یان وتارەکانیان خوێندۆتەوە؛ یاخود گوێ لە چاوپێکەوتنەکان دەگرن، ئیتر دەگەنە ئەو باوەڕەی کە سەرجەم ئەو تۆمەتو بڕیارو هەڵبەستنانەی دژم، بڵاوکراونەتەوە، دروستن، بۆیە "مەلا بەختیار" بێدەنگە بەرامبەریان. ئێستاش، دونیای نوسین، رەخنە، بۆچون دەبڕین، هێندە بەرینو فرە بوارە، نوسینی راستیەکانو گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان، یاخود وەڵامدانەوەی رەخنەکان، دەچنە خزمەتی مێژووەوە. چونکە، بە سەدان نوسەرو باسنوس، سەرقاڵی نوسینی مێژووی؛ یەکێتی، کۆمەڵە، بزوتنەوەی

سۆسیالیست، شۆڕش، پارتی، شیوعی، ئالای شۆڕشو تێکڕا چەپەکانن. مێژووش هەتا لە بۆچونە جیاوازەکانو ڕەخنەکان، دەوڵەمەند بکرێ، سەرچاوەکانی توێژینەوەی زانستی نوسینی مێژوو، دەوڵەمەندتر دەبێ.

بەداخەوە، لە ڕێڕەوی خەباتو فیداکاریدا، زۆر هاوسەنگەری ئازیزمان شەهید بۆنو لە دونیای نەمریدان، بەشێکیان لەم وەڵامدانەوانەدا، شوێنیان هەیە. هیچ نەبێ بۆ کەسوکاریان، منداڵەکانیان، ئاسودەبەخشە، کە ڕاستیەکان سەبارەت بە خەباتی باوک، یان برا، یاخود خزمەکانیان بزانن. بەتایبەتی شەهیدانی ئالای شۆڕش کە هیچ گوناحێکیان نەبوو، شەهید کران. گوناحیان ئەوە بوو، ڕێبازی ڕێکخراوێکیان گرتبووە بەر، باوەڕی چەپی دیموکراسی هەبوو. دژی شەڕی ناوخۆ هەڵوێستی وەرگرت. تێکۆشەرانی بە ڕقی سایکۆلۆژی پەروەردە نەدەکرد. دەستی نەچووە هیچ تاوانو تاڵانێک. هاوڕێکانیشی شەهید دەکران، بەڵام بیریان لە تۆڵەسەندنەوە نەدەکردەوە.

شەهیدانی ئالای شۆڕش زۆر بێگوناح بوون. ئەو شەهیدانەی دەیانتوانی بۆ پلەو پایە هەلپەرست بن. ئاسان بوو دزی بکەن. دەشیانتوانی مەرایی بکەن یان دەست بە کڵاوی خۆپەرستیەوە بگرن. بەڵام هیچی ئەوانەیان نەکردو دوای بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە کەوتن. ئەوانیش؛ شەهیدان:

١. حەمید محەمەد عەبدوڵڵا (شاسوار- بەمۆ خانەقین).
٢. فەرید برایم خەیات (خانەقین).
٣. خەلیل دەکەیی (دەکە – خانەقین).
٤. کەریم تایشەیی (پەرویزخان – خانەقین).
٥. عیدان عەلی مەحمود (خانەقین).
٦. ئەکرەم حەسەن قادر (خانەقین).
٧. حەیدەر حەسەن ئیبراهیم بێرام (خانەقین).
٨. خەلیل عوسمان تورکمان (خانەقین).
٩. ئازادی فەقێ عەلی (کفری).
١٠. سالاری حاجی دەرویش.
١١. کاروان عەبدولرەحمان (هەولێر).
١٢. فەرهاد کاوانی (هەولێر- کاوان).
١٣. سەدرەدین ڕەمەزان (سورە – هەولێر).

١٤. ئازاد محەمەد ئەمین (د.ئازاد- گەڵاڵە).
١٥. موئەید مەلا حەسەن (هەولێر).
١٦. ڕەشاد عەلی حسێن (هیوا جیهاز- هەولێر).
١٧. عەبدولواحید عوسمان (واحیده سور- رواندز).
١٨. فەرهاد عەلی حسێن (مامۆستا فەرهاد- هەولێر).
١٩. رزگار عەلی حسێن (هەولێر).
٢٠. لوقمان حەمەد ئەمین عەلی (کاروان چاوشین- هەولێر).
٢١. عەبدولرەحمان مەولود (کاروان- هەولێر).
٢٢. سەدرەدین ڕەزا (نەبەز- هەولێر).
٢٣. مەهدی باپیر (ڕێباز- هەولێر- بەرانەتی).
٢٤. عەبدولوەهاب سابیر (هەولێر- کونەگورگ).
٢٥. ئەسعەد ڕەسول (هەولێر- دارەتوو).
٢٦. خەسرەو کاوێس (سەپان- هەولێر).
٢٧. کامەران عەزیز (خەنجەری بازگر- هەولێر- بەحرکە).
٢٨. مەناف تایەر تۆفیق (زرارەتی- هەولێر).
٢٩. هەژار کەریم مەسیفی (مەسیف).
٣٠. جەنگی بەکر (ڕەوەند- هیرانی).
٣١. ڕەشاد موراد (شێرکۆ- هەولێر).
٣٢. ڕەشید موراد (د.نەهرۆ- هەولێر).
٣٣. زاهیر محەمەد خدر (دیار ئاژگەیی- ئاژگە).
٣٤. دڵشاد شێخ محەمەد (جەمال- هەولێر).
٣٥. محەمەد قادر مەولود (محەمەد شەقڵاوەیی- هەولێر).
٣٦. فاخر عەبدوڵڵا (شەقڵاوەیی- هەولێر).
٣٧. حەمید وەستا خدر (هەولێر).
٣٨. نەریمان عوسمان عەبدوڵڵا (هەولێر).
٣٩. سەفین عوسمان عەبدوڵڵا (هەولێر).
٤٠. سەرکەوت پێنجوێنی.
٤١. موشیر سادق (کاردۆ- هەولێر).

٤٢. فەرهاد ئەحمەد ڕەسول (فەرهاد کاروانی).

٤٣. مستەفا حەمەئەمین ڕۆستەم شێخەڵماڕێنی (هەڵۆ).

٤٤. سۆران مەحمود ئەمین.

ئەم شەهیدانە، هەندێکیان بە دەستی یەکێتیو هەندێکیان بە دەستی بەعس، گیانیان لەپێناوی گەلەکەیانو کرێکاران بەخشی.

ئەوان لە دونیای نەمریدان. هەمیشە خۆم بە قەرزاربارییان دەزانم. ناوەڕۆکی کتێبەکەش، وەفاداریە بەرامبەر ئەو ئامانجانەی گیانیان لەپێناودا بەخت کرد. بەهیوام لەڕێی ڕاستیەکانی ئەم کتێبەوە، دەرخستنی ڕاستیەکان ڕۆحی پاکیان لەگەڵ تەواوی شەهیدانی کوردستاندا، ئاسودە بکات!

دەبێ بە شانازییەوە بڵێین کە: هاوڕێیەکی زۆری ئاڵای شۆڕش، سەرەنجامی ئەو هێرشە عەسکەری-سیاسییە ناڕەوایەی لەلایەن یەکێتیەوە کرایە سەر ئاڵای شۆڕش، ناچار بون خۆیان لە شارەکانو لە ماڵاندا پەنا بدەن.. لەم دۆخە سەختەدا، دەیان هاوڕێی ئاڵای شۆڕش-کچو کوڕ- کەوتنە بەر شاڵاوی گرتنو ئەشکەنجەدان. ئەمەش لە دۆخێکی دەرونی دژواردا، کە لە دێیەکی ئازادکراودا، پەناو پەسێوێکیان نەهێشتەوە، تەنانەت وەکو سەربازی هەڵهاتوو، ئاڵای شۆڕشەکان ژیانی ئاسایی تێدا بەرنەسەر. پەلامارو فشاریان گەیاندە ئەو ڕادە تونددوتیژییە دەیانگوت: جاش لە ئاش.. باشترە. لێرەدا، بە ئەرکی دەزانم، هەروەکو تێکۆشەری شۆڕشگێڕو پراوپڕ لە هەڵوێستی جوامێرانە، ڕێز لەو تێکۆشەرانەی ئاڵای شۆڕش بگرم، کە شەهیدبونو خۆشاردنەوەو سەنگەرەکانی زیندانیان هەڵدەبژارد، بەڵام خۆیان نەدەفرۆشت.

* * *

هەوڵمداوە، بابەتیی بم. بەڵام منیش مرۆڤم.. لەو ڕێڕەوەی خەباتدا، غەدرم لێکراوە. بریندار کراووم. ئەوەی چاوەڕوانم لە هاوسەنگەرەکانم نەکردووە، بەرامبەر خۆمو هاوڕێکانم کراوە. ئەگەر منیش لێرەو لەوێ، ڕەخنەکانم تارادەیەک توند بن، دیارە ئازارەکەم زۆرتر بووە، بۆیە بەو چەشنەی پێم دروست بووە، نوسیومە![*] ئومێدەوارم.. کۆی ئەم ڕەخنانە، یان هەڵسەنگاندنانە، ڕوناکییان خستبێتە سەر لایەنێکی مێژووە تاریکەکەمان! ئەم نوسینەش، قەرزێکی سەر شانم بوو، دەبوو بیدەمەوە!

* لەو سی-چل ساڵەدا، لە دەیان وێستگەو ڕوداودا، بەرگریم لە هاوڕێکانمو دۆستەکانم کردووە. تەنانەت، بەشێکی چارەنوسی سیاسیم، بەستۆتەوە بەو هاوڕێیانە، کەچی، جگە لە پشکۆ نەجمەدین، بەرگریەک کە ویژدانم ئاسودە بکات، لە گەلێ نوسینی هاوڕێو دۆستەکانمدا، نەخوێندۆتەوە. جار جارە، غەدریشم لێ دیوون!

بێڕاده سوپاسی هاوڕێی وەفادارم (سامی هادی) دەکەم، کە ئەگەر ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی نەبوایە؛ رۆژانەش بە تەلەفۆن، قسەمان نەکردایە؛ لە پیاچونەوەشدا، تێبینییە جوانەکانی دەرنەبڕیایە، بەم چەشنە کتێبەکە نەدەکەوتە بەر دیدەی خوێنەرە ئازیزەکان. هەروا، ماندووبونی تەهای تایپێست، کە دێوانەئاسا، کارەکانی دەکات، مایەی پێزانینمە.

لەناخەوە پێزانینم بۆ هەردوو نوسەرو بیرمەندی کورد (مامۆستا جەعفەرو فوئادی مەجید میسری) هەیە، کە وشە بە وشەو رستە بە رستەی ئەم کتێبەیان خوێندۆتەوەو گەلێک سودم لە سەرنجو رەخنەکانیان وەرگرت.

دەمێنێتەوە بڵێم: شەو و ڕۆژێک (١٠بۆ١٢) سەعات کارم لەسەر ئەم کتێبە کردووە. لە(٢٠٢٠/٦/٣) دەستمپێکرد، بە پیاچونەوەو پاکچاپو رەچاوکردنی تێبینیەکانەوە، تێکڕا (٤٥٠) سەعاتێک هەتا (٢٠٢٠/٧/١٢) بەردەوام، لە کەرەنتینەی مێرگەپاندا، بابەتەکانی کتێبەکەم نوسیووە. بەدەمیەوە زۆرترین ئەدەبیاتی کۆمەڵە، یەکێتی، ئاڵای شۆڕش، بیرەوەریەکانو چاوپێکەوتنەکانم خوێندۆتەوە. (٨) قەڵەمی سۆفتو دوو بەند کاغەزی (A٤)ی (٥٠٠) پەڕەییم، بەکارهێناوە. لە ماوەی نوسینی کتێبەکەدا لە خێزانەکەم (میدیا)و مازانی کوڕم دورکەوتمەوە. بێڕاده سوپاسیان دەکەم؛ کە هاوکارم بونو بێبەشیان نەکردم لە خواردن و خزمەتکردن!

ئەگەر کتێبەکە، راستیەکانی ئەنگاوتبێ، خوێنەرو کتێبخانەی کوردیم خزمەت کردووە. ئەگەر نەشمتوانیبێ، لە هەندێ شوێندا رەخنەکانم پەسەندکراوی خوێنەر بن، بابایەکی خانەقینی، هەر هێندەم لەدەست هاتووە، ببورن.. ئازیزان!

(ب)
نوسینی چەواشەی نەیارو دۆست

لە بەشی یەکەمی وەڵامدانەوەکەدا، هاندەری سەرەکیم، بەرگریکردن بووە لە راستی ئەو روداوانەی کە هەموومان، بەئەندازەی سەنگو توانای خەباتمان، دروستمان کردوون. گوناحێکی مێژوویە، ئەو روداوانە بە چەواشەکراوی بنوسرێنەوە. تەنانەت نوسینی چەواشە بگەیەندرێتە رادەیەک، نەک نوسەری کتێبی "چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە" بەڵکو نوسەری "لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ"یش، هەروەها چەندین بیرەوەری

دیکەش، راستیگەلێکی روداوەکان، توانای کەسایەتیەکان، رۆڵی سەرجەم تێکۆشەران، سەرکەوتنەکان، شکستو بەسەرهاتەکانیان، بەچەشنێک چەواشەیان کردووون، بەش بەحاڵی خۆم سەرم سوڕماوە، چۆن ئەو مێژووە وا نوسراوە. هەر بۆ نموونە:

لە شەڕی ناوخۆدا، لە دۆڵە رەقە، لەسەر بەڵێن، کە بە سامان گەرمیانیدا، نێردراوە بۆ شەهید "عەبدوڵڵا سوور"، کە خۆی بدات بەدەستەوە رێزی دەگیرێ. لەسەر ئەو بەڵێننامەیە لە شاخ دێتەخوارەوە بۆ ناو سەدان پێشمەرگە، لەبەرچاوی هەموواندا، چل فیشەکی پێوەدەنرێ. کەچی لە لاپەڕە (٢٢٤)ی کتێبەکەیدا، نەوشیروان مستەفا دەنوسێ:

"کە چومە شوێنی شەڕەکە، خزمەکانی فەقی مستەفا بە ژنو پیاو و منااڵوە وروژابون، چەکدارەکانیان ئەم بەر و ئەوبەری تەنگەکەیان لە پێشمەرگەکانی یەکێتی گرتبو. ژنو منااڵیش لە گیراوەکانو حەرەسەکانیان وروکابون بە بەردو تێاڵا تێیان بەربوبون. ئەیانویست هەموو گیراوەکان بکوژن، چەندی خەریک بوم خاویان بکەمەوە، کەڵکی نەبو. کەوتنە جنێودانو میل راکێشان لە منیش، خەریک بو ببێ بە شەڕی خۆبەخۆ. لەم هەرایەدا عەولا سور کوژراو ئاژاوەکە کوژایەوە".[1]

رووداوێک لەبەرچاوی سەدان تێکۆشەر رویدابێ، کوشتنێکیش بەو دڵتەزێنییە ئەنجامدرابێ، لەیادەوەریدا ئاوها هەڵبگیرێدرێتەوە، ئیتر خوێنەری وشیار وردتربێتەوە لەو کتێبانەی لەسەر مێژووی نوێمان نوسراوون. بۆیە، زۆر گرنگە ئەو روداوە چەواشەکراوانە، راستبکرێنەوە. بیرەوەرنوسی وا هەیە، هەزاران الپەڕەی لەسەر ئەو قسانە نوسیووە، کە بیستونی. ئاخر بیستن چۆن دەبێتە بەڵگەو کەرەستەی حوکمدانی مێژوویی؟!

شایەنی باسە، بەدیلکوشتنی "عەبدوڵڵا سوور" کە هاوزەمانی تراژیدیای قرناقاو پشتئاشانە، کە من ئەوکاتەش دژی ئەو تراژیدیایە بومو ئامادەش نەبوم بڕیاری سکرتێری کۆمەڵە، بۆ لێدانی شیوعیەکانی سنوری مەڵبەندی یەک جێبەجێ بکەم، کە خۆم بەرپرسیاری بوم. نەکا تەمەن مەودای نوسینی بیرەوەریەکانم نەدا، بەگرنگی دەزانم چ دەربارەی قڕناقاو پشتئاشانو چ روداوگەلی دیکە، لە دووتوێی کتێبەکەدا، باسبکەم.

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن- دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣. چاپی دووەم ١٩٩٨-سلێمانی. ل(٢٢٤).

(ج)
وەرچەرخانی ڕەشو تاساندن

ڕوداوی قڕناقاو پشتئاشانو کوشتنی عەبدوڵڵا سوور، جگە لەوەی پەیوەندیان بە دۆخی دانوستانی نهێنی نێوان "مام جەلال–نەوشیروان"ەوە، ژێربەژێر لەگەڵ حکومەتی بەعسدا هەبووە، دەڵێم جگە لەمە، خاڵێکی وەرگۆڕانی ترسناکیشە لە گۆڕینی سیاسەتی سکرتێرو سەرکردایەتی کۆمەڵەو ئەوانەی ئەوکاتە فریویان پێ خواردبوو، ئەویش ئەمەیە.. کە سکرتێری کۆمەڵە، کاتێک دۆخەکەی بە گونجاو بۆ دانوستان زانیووە، بەشی زۆری هێزی یەکێتیشی خستبووە ژێر هەژمونی خۆیەوە، دەیویست، سایکۆلۆژیەتی تۆقاندن ڕۆچێنێتە دەرونو ناخی لایەنەکانو پێشمەرگەو کادرەکانەوە، بۆیە (٥٦) دیلی قڕناقاو پشتئاشان بە بڕیاری خۆی کوژران.. عەبدوڵڵا سوریش، لەناو هەمان شانۆگەری تۆقاندنو لەبەرچاوی سەدان پێشمەرگەدا، شەهید کرا.

زۆر بەداخەوە، ئەم سیاسەتەی چاندنی سایکۆلۆژیەتی تۆقاندن لەدەروندا، ئامانجەکانی بەدیهاتن، بەبێ ئەوەی جگە لە ڕەوتی "ئاڵای شۆڕش" لەناو یەکێتیدا، کە هەڵوێستی پێچەوانەی هەبوو، هیچ سەرکردەیەکی تر، ئەوکاتە هەڵوێست دەربڕێ! لێکەوتە زیانبەخشەکانی ئەو ڕێبازە ترس چاندنەش، نەک هەر لە شکستی دانوستانی (١٩٨٣–١٩٨٥)دا دەرکەوت، بەڵکو دوای ئەوەش، لە زۆر سیاسەتی تری چارەنوسسازدا، هەر لە بردنی هێزی (پێشمەرگە– پاسدار) بۆ سەر کەرکوک، هەتا تراژیدیای هەڵەبجە.. کوشتنی دیلو ڕقئەستورکردن بەرامبەر بە خەڵکی عەرەب. تا دەگەیەندرایە بەرزکردنەوەی دروشمە کۆمیدیایەکەی کە دەیانگوت: ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانو فاشیەت بۆ عێراق.

سکرتێری یەکێتی (مام جەلال) لەناو کێشمەکێشەکاندا، سەرەتا پشووی لەگەڵ ئەو سیاسەتە تۆقاندنەدا درێژ بوو. بەڵام دوای شەڕی قڕناقاو پشتئاشان، گرتنی بێتواتەو کوشتنی عەبدوڵڵا سوور، مام جەلال هەواڵە دڵتەزێنەکانی تێکڕا زانیبوو. بۆیە لە زیخان بوو، بە میوانەکانی دەوت:

ئاگری فاشیەت هەڵکراوە، نەیکوژێنینەوە هەمومان دەسوتێنێ. دەیان جار ئەم قسەیەی دوبارە دەکردەوە. نمونەشی بە دیلکوشتنو تاڵانیەکانی ناو شەڕەکان ئەهێنایەوە. ئەیوت:

تەنانەت مااڵی یەکێتیەکان لە بێتواتەو دێهاتەکانی دەوروبەری، لەلایەن فەرماندەکانی یەکێتییەوە تاڵان کراوە.

بەداخەوە، ئەمە رای بوو، بەڵام لێبڕاوانە سنوری بۆ ئەو ڕێبازە ترسناکە دانەنا!! گوایە بەئومێدی ئەوەی یەکێتی دوچاری کێشەی قوواڵتر نەبێ. بەڵام ئەو سیاسەتە پشودرێژییە، نەک نەیتوانی کۆتایی بە تۆقاندن بهێنێ، نەک نەشیتوانی یەکێتی لە هەڵدێری ترسناک بپارێزێ!! بەڵکو لەناو شۆڕشداو لەدوای ئەنفالەکانو لە ڕاپەڕینیشدا، ئەو سیاسەتە درێژەی کێشا. تەنانەت لەشۆڕشداو لە گەرمەی ئەنفالدا، گەیەندرایە پەلاماردانی "عەلی بچکۆلو سەید مەجید"و شەڕی سیاسی لەگەڵ خودی مام جەلالو خانەوادەکەی..تاد. لەدوای ڕاپەڕینیش، ئەم ڕێبازە بەردەوام بوو.. هەموو یەکێتیەکان دەیانزانی، لە هەناوی یەکێتیدا، لەمێژ سااڵ بوو لە لوتکەدا ململانێیەکی دژوار هەیە. تا گەیشتە پێکەوەنانی ڕەگەزە نهێنیەکانی ڕێکخستن، لەدەرەوەدا بەناوی جۆراوجۆر (ڕەگ، چاک). ئاکامەکەشی لە "بزوتنەوەی گۆڕان"دا شکایەوە. بەمەش نەوەستا، گەیشتە جیاکردنەوەی هاوپەیمانی–د. بەرهەم.

ئەو ڕۆژە ڕەشەی لە قڕناقاو پشتئاشانەوە، لەمێژووی شۆڕشو یەکێتیو لەناو کۆمەڵەدا دەستپێدەکات، سەرەنجامەکەی تەنها پاکتاوکردنی جەستەی تێکۆشەرانی چەپو پاکەکان، لەرووی فیزیکیەوە نەبوو، بەڵکو تۆقاندن گەیشتە تیرۆرکردنی هزری جیاواز. بگرە گەیەندرایە ڕادەی سوکایەتیکردن بە بیروباوەڕی چەپو هەڵمەتی دژایەتی "بانچەپ" لە گۆڤاری کۆمەڵەو ئیزگەی یەکێتیدا؛ هەموی زادەی ئەو هەلومەرجە بوون. دەیان وتار، نامیلکە، هەڵمەتی سایکۆلۆژی چەپکوژی، لەو چوارچێوەیەدا دەستپێکرد. هەر ئەو هەڵمەتەش بوو، لەناو یەکێتیو شۆڕشو کۆمەڵەدا، چەندین لێکەوتەی خستەوە:

یەکەم: هەلپەرستیو ناسیۆنالیستی ڕاستڕەو، تەشەنەیان سەند.

دووەم: کوشتنی نەیارو سەرکوتکردنی بیروڕای جیاواز، کرایە ڕێباز.

سێهەم: ژیانی حیزبایەتی پێشێل کراو مەراییکردن بۆ سەرکردەکان پەرەی سەند.

چوارەم: دیاردەی ستەمکاریو سەرانەسەندن زەق زەق بونەوە.

پێنجەم: بوختان هەڵبەستنو شکاندنی کەسایەتیەکان، بەڵکو بێبایەخکردنی سەرکردە شەهیدەکانی ڕەمزی کۆمەڵەش، بڕەوی درایە.

شەشەم: سوککردنی توانای ژنانو ڕەواج پێدانی ئەقڵیەتی نێرسالاری دەوروژێندرا.

حەوتەم: ئەقڵیەتی عەسکەرتاریەت زاڵدەکراو چاو لە تاوانو تاڵانیو دیلکوشتن دەپۆشرا.

ئەو سیاسەتو ئاکارانە، بەبێ کۆبونەوەو بڕیاری سەرکردایەتی کۆمەڵە، دەسەپێنران. تۆقاندن گەیەندرایە رەشەکوژی لەناو سلێمانیدا. کاتێک کادرەکانی شۆڕشی ئەیلول لە سلێمانیدا (عەبدولی سۆران، شەفیق ئاغا، نوری حەمەعەلی)[*] تیرۆر کران، نە مام جەلالو نە ناوەندی کۆمەڵە ئاگامان لێی نەبوو. تەنانەت مام جەلال هەڕەشەی کرد، ئەگەر ئەو تیرۆرکردنانە راناگیرێ، بەیاننامە لەدژی دەردەکات. هەر لەسەر ئەم تیرۆرکردنانە بوو، لە دانوستانەکەدا، بە بڕیاری سکرتێری کۆمەڵە، جەبار فەرمان (وریای وەستا وەهاب) ی شەهید کرد.[+]

[*] لەوکاتەدا ئەو تیکۆشەرانە دەکوژران، مەحمودی عەزیز بەگ، لە گوندی ئاوەکەڵە، لەگەڵ لالە سەرحەدو دلێری شێخ مستەفا، هاتنەلام.. هەوڵی کوشتنی درابوو. دیقەتم لێدەدا.. کەسایەتیەکی سەنگینو ماندوو بوو لە کوردایەتی. گفتم دایە، تا نامەم دەگاتە شار خۆی بپارێزێ، دوای ئەوە، خەمی نەبێ. هەر واشم کرد. لە حاجی مامەندیش، عەلی خڕەو حەمەعەلی کاژیک (ئیفلیجیش بوو) لەگەڵ شێخ عەبدول هاتنەلام. هەمان کێشەیان هەبوو، هەوڵی کوشتنیان درابوو.. بەڵێنم دانێ.. بیانپارێزم.. واشم کرد.

[+] لە بناری کرکر، پشتی چاڵاوا، شەهیدیان کردو تەرمەکەشیان نەناشتبوو.. هەتا ئاوسابوو.. داڕزابوو.. رقیان ئاوها پێ رشتبوو!!

رشتەی یەکەم:

فەلسەفەی سیاسی‌و سایکۆلۆژیەتی سیاسی

١- رق زادەی چ کولتورێکە
٢- کۆنژنکتۆری توندوتیژی
٣- چاوگی توندوتیژی ئایینی
٤- خاچپەرستی‌و رقی ئایینی
٥- باوەڕی رۆحی‌و دەسەڵاتی دونیایی
٦- دەرەبەگایەتی‌و زەبروزەنگ
٧- نەبونی رۆشنگەری‌و توندوتیژی
٨- کوردایەتی‌و زەبروزەنگ
٩- فەلسەفەو سایکۆلۆژیەت‌و مێژوو
١٠- کادری لاوازو چەکداری زاڵ
١١- دەستەی دامەزرێنەرو سەرکردایەتی دامەزرێنەر
١٢- چۆنیەتی چونە ناو یەکێتی
١٣- هەڵەی کۆمیتەی هەرێمەکان
١٤- پەیوەندی ئارام‌و مام
١٥- باجی هەڵەکان
١٦- رقی سایکۆلۆژی‌و تاوانی یاسایی
١٧- کنەو کینەی شاردراوە!
١٨- هەڵچون یان ڕێباز؟
١٩- بیری جیاواز و منداڵ کوشتن!!
٢٠- رقی سایکۆلۆژی‌و سۆسیال-میدیا

(١)
رق زادەی چ کولتوریکە؟

نەوشیروان مستەفاو نوسەری کتێبی "چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە" لە شاخەوە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی دەرونییان، کوتومت لەگەڵ ئەو رێبازە سایکۆلۆژیەی رقی سیاسی دەسازا، بۆیە لەپێش خەڵکی ترەوە، بە دژایەتی چەپو ململانێکانی ئەو سەردەمەوە، هەروەکو بەو نوسینانە هەر چوار پارچەکەی کوردستان تەقەڵ بدرێتەوە، هەر زوو کەوتنە نوسینی نامیلکەی زەردو کۆڕو کۆبونەوەی دوور لە ئاکاری دیموکراسی، دژی ئەوانەی پێشوەخت درکیان کردبوو، دۆخێکی ترسناک لەئارادایە، بەتایبەت نوسەری کتێبی (چەپکێک) سروشتی لەو بابەتە بوو، بە پیاهەڵدانێکی سەروی خۆی، لە گۆلێکی بۆگەندا، غوسڵی رقی دەردەکرد!

کەم کەسم دیووە، یەک هەناسە، وەکو هەندێک سەرکردەو کادری کۆمەڵە، نوقمی رقی شەخسی بنو شەخسیەتی خۆیشیان لەسەر بنەمای رق رشتن بونیات نابێ. رقێک نیو سەدەی رەبەق، هەناسەی سوار کردبنو ناجوامێرانەش، هەلی هەلپەرستی بۆ رشتنی رقە دەرونیەکان، بقۆزنەوە.

لەبەرامبەر کەسانی ئاوادا، کە نمونەی دەیان کەسایەتی تری ناو یەکێتییەو سەدان کەسی تریشیان راپێچایە ناو گێژاوی تووندوتیژیەوە، لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا، دەبێ ئەو رقئەستوریە، کە سەرەنجام، دوای زاڵبونیان کارەساتی حیزبیو کوردستانیو ناوچەییشیان خولقاند، دەبێ بگەڕێین بەدوای رەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی-کولتوری- دیاردەکانی سیاسی-سایکۆلۆژی. نەک وەک خوییەکی تاکەکەس سەیر بکرێ. ئەم رەگوڕیشە کۆمەڵایەتی-کولتورییە، پەیوەندیان بە گەلێ مەسەلەی ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوریو داب‌ونەریتەوە هەیە. هەروەها بە ئایندو مەزهەبیش، پەیوەندی تووندوتوڵیان هەس! هەموو ئەوانەش پەیوەستی ئەوەن، کورد لەکوێنەوە، وەکو نەتەوەیەک، سەرەنجامی پەرەسەندنی ئابوریو پیشەسازیو کولتوری نوێگەری، پێکهاتە نەتەوەییەکەی نەڕسکابوو. بەڵکو بە کولتوری سەدەکانی ناوەڕاست، کەوتە دونیای کوردایەتیو خەباتی رزگاریەوە.. هەتا گەیشتە دونیای حیزبایەتیش، وەرچەرخان بەرەو کولتوری هاوچەرخی نەتەوەیی، لەکوردستاندا رووینەدابوو! بۆیە، دەسەڵاتپەرستیو تووندوتیژی سەدەکانی ناوەڕاست، بونەتە دوانەی لێکدانەبڕاوی ژیانی حیزبایەتیو پێشمەرگایەتی، لە مێژووی نوێشدا.

"لەزەتبردن لە دەسەڵات لە لەزەتبردن لە توندوتیژی جیانابێتەوە، کەم دەسەڵات هەیە لە جەوهەردا سادیست نەبێت.. دەسەڵاتی ڕەها پێویستی بە داگیرکردنی هەموو شتێکە تا دڵنیابێت دەسەڵاتی ڕەهایە".[1]

هەر نەژادێک، یان پێکهاتەیەکی ئیتنیکی، لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی پیشەسازی-کۆمەڵایەتی پەرەنەسەنێو قۆناغ بە قۆناغ، بۆ کۆمەڵو سیستەمی مۆدێرن وەرنەچەرخێ، ئەو نەژادو پێکهاتەیە، ڕەگەزەکانی زەبروزەنگی سەدەکانی ناوەڕاست، لە شادەمارە کۆمەڵایەتیەکانیدا، دەپارێزێ. یان لە ڕێی دەسەڵاتی خێڵەکیەوە، یاخود حیزبیەوە، یان حکومەتیەوە، ئەو زەبروزەنگە، لەکاتی کێشەکاندا، سەرهەڵدەدەنو تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن. تەنانەت ڕەگەزەکانی فاشیەتیش، بەشێکی بۆ ئەو شا دەمارە کۆمەڵایەتیانە دەگەڕێتەوە.. کە بەهۆی ڕونەدانی شۆڕشی پیشەسازیەوە، یان لاوازی شۆڕشی پیشەسازیەوە، لەناو نەبراوون. نازیزمی ئەڵمانی، یەکێک لە هۆکارەکانی، دواکەوتنی ئەڵمانیا بوو لە شۆڕشی پیشەسازی لەچاو وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوادا. ئەمە بۆ ئەڵمانیای زایگایەکی فەلسەفە وابوبێ، ئیتر با بۆ کوردستانی بێ فەلسەفەو فەیلەسوفی بپێوینو بزانین، بۆچی سەدەی ڕابوردومان لە گۆمی خوێنی شەڕی ناوخۆ ژەنراوە. ئێستاش ئەو ڕەگەزە هەڵنەکێشراوانەی سەدەکانی ناوەڕاست، بۆ بونیاتنانی بیرو سیاسەت، مەترسیدارن!

لەناو توندوتیژیە جۆراوجۆرەکاندا، کە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا پۆلێن کراوون، تیرۆری سیاسی، یان توندوتیژی سیاسی، زۆرتر پەیوەندییان بە دەسەڵاتی کەسایەتیەکانو ئایدیۆلۆژیەتی حیزب، یان حکومەتەکان هەیە. دەسەڵاتو ئایدیۆلۆژیەتی تاک، یان تاکڕەوی، مەترسیدارترین توندوتیژیو زەبروزەنگ بەرهەم دێنێ!

سەرەڕای ئەوەی زاناکانی دەروونناسی، بەزۆری وای دەنوێنن کە مرۆڤ بە دابڕاوی لە دەوروبەری دەژی، بەڵام لەڕاستیدا وا نییە. هەڵسوکەوت زادەی خەسڵەتی شەخسیو تاکگەرایی نییە، بەڵکو سەرەنجامی هەلومەرجێکو هەڵوێستێکە کە کەسەکە خۆی تیا دەدۆزێتەوە.[2]

ڕێک وایە، مرۆڤ لەئاسمانەوە، نە خۆی، نە پێکهاتەکەی، نە سروشتو باری دەرونیشی، بە دابڕاویی لە ژینگەو باری کۆمەڵایەتی، پێکنایەت. دەوروبەر، وڵات، کۆمەڵ، خێزان،

---

١ بەختیار عەلی. دوا خەندەی دیکتاتۆر. چاپخانەی کارۆ. ٢٠٢٠. ل(١٧٠).

٢ سایکولوجیة العدوان. بحوث فی دینامیکیة العدوان لدی الفرد، الجماعة، الدولة (فروید، لورنر، ولترز، میلر وأخرون). ترجمة عبدالکریم نامق. ص(١٢).

پەروەردەو ژیانی حیزبایەتی، تەنانەت روداوە سیاسیو شەخسیەکانیش، لە پێکەوەنانی کەسایەتی هەموو کەسێکدا، رۆڵی هەمەلایەنەیان هەیە. جیاوازیەکی گەورە لەنێوان ژینگەی دێهات، ناحیە، قەزاو پارێزگادا، بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، لە باری ئابوری، سیاسی، خو و رەوشتەوە، هەتا ئاستی کولتوریو دەرونیش هەیە. بەڵکو جیاوازی گەورە لەنێوان وڵاتو شاری دواکەوتوو، لەگەڵ وڵاتی پێشکەوتودا، لە پێگەیاندنی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەلسەفیو دەرونیش هەیە. ئەمە جگەلەوەی هەندێک جار، ژینگەی کۆمەڵایەتیو پەروەردە وا دەکات، خو و رەوشتی منالّی گۆڕانی گەورەی بەسەردا نایەت.

ئەو کەسانەی، بەدرێژایی تەمەنیان، ڤایرۆسی کینە هەڵبگرنو ببێتە بەشێکی ناخیان، ئەم کەسانە، هەتا ئێستا، لە وڵاتانی دواکەوتودا، مەخابن وەکو نەخۆشی دەرونی سەیریان ناکەن. ئەمە لەکاتێکدا لە رۆژئاوادا، نەخۆشییە سایکۆلۆژیەکان، کەمتر لە نەخۆشییە فسیۆلۆژیەکان، بایەخیان نییە. کەچی لە کوردستاندا، زۆربەی دەرچووەکانی دەروناسی، دانامەزرێن، چونکە بوارەکە لەکوردستاندا کەم بایەخە!

(٢)
کۆنژنکتۆری توندوتیژی

توندوتیژی، هەتا رادەی بکوژیی، بەڵکو تا دەگاتە دیلکوژیی، تەنانەت سڵنەکردنەوە لە تەفروتوناکردنی نەیار، هاوڕێ، هاوسەنگەر، براو کەسوکاریان، کۆنژنکتۆری(*) واتا: کۆی هەلومەرجە ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو کولتوری یان رەگەزەکانی بۆ سەدەکانی پەیدابونی مرۆڤ و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی-سیاسی لە سەرهەڵدانی خێزانو چۆنیەتی دابەشکردنی میراتەوە، لەسەردەمی کۆمۆنەی سەرەتاییەوە بۆ کۆیلەیەتی، هەتا ئەمڕۆی سەرمایەداری-دیموکراسیش، چەکەرەکردنی رەگەزە کۆمەڵایەتیەکانی بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە. لەخۆڕا نییە "ئەناتۆل رابۆرت" گوتویەتی: "توندوتیژی.. بابەتێکە لە هەر بابەتێکی دیکە زیاتر بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرقاڵ کردووە، جگە لە بابەتی خوداو خۆشەویستی".(١)

---

* کۆنژنکتۆر: کۆی هەلومەرجی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو کولتوری.

١ لماذا يتمرد البشر. تأليف (تيد روبرت غير) ترجمة و نشر (مركز الخليج للأبحاث) ٢٠١٤. ص(٣٧).

(دە هەزار ساڵ) لەمەوبەر، کە مرۆڤایەتی لە ژیانی خۆڕسکی مرۆڤ-ئاژەڵەوە، لە خۆراکی ناو سروشتەوە ژیانی بۆ بەروبومی کشتوکاڵی دەگوازرێتەوە، هەر لەوکاتەوە تووندوتیژیش لە سروشتی ئاژەڵو یاسای دارستانەوە (مانەوە بۆ بەهێزە) بۆ پەیوەندی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی دەگوازرێتەوە. با دیقەت بدەین کە داهێنەری بەناوبانگ "بیل گیتس" دەڵێ: ئامۆژگاری هەموو ئەوانە دەکەم کە بایەخ بە رەگەزی مرۆییو پاشەڕۆژیی دەدەن، کتێبی (العاقل) بخوێننەوە. نوسەرەکەی دەڵێ:

زۆرێک لە توێژینەوە مرۆییەکانو شوێنەوارناسی ئاماژە دەکەن، کە کۆمەڵە کشتوکاڵییە ساکارەکان، کە هیچ چوارچێوەیەکی سیاسیان لەدەرەوەی گوندو هۆزدا نەبووە، تووندوتیژی مرۆیی بەرپرسیار بووە لە ١٥٪ی مردوەکان. کە ٢٥٪ی مردنی پیاوان بووە. لەدرێژەی باسەکەدا دەنوسێ:

"لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگاردا، تووندوتیژی مرۆیی بەسەر چوارچێوەی پەرەسەندوی کۆمەڵایەتیدا فراوانتر زاڵبوو: شارەکانو قەڵەمڕەوەکانو دەوڵەتەکان. بەڵام بونیاتنانی پەیکەرەی سیاسی زەبەلاحو کارای ئاوها هەزاران ساڵی گەرەکە".[1]

ئەوەی لە هەموو دیاردە ترسناکەکانی تووندوتیژی، ترسناکترە، ئەوەیە کە لەسەردەمی کۆیلەیەتیەوە، کە یەکەمین یاسا بۆ کۆیلەیەتی لەلایەن "حامورابی"یەوە دادەنرێ، حامورابی پێی وایە، کۆیلەیەتیو خاوەن کۆیلە، کارێکی خوداوەندییە نەک بەشەری. کاتێک دەگەینە قۆناغی سەرهەڵدانی فەلسەفەش، فەیلەسوفێکی وەکو ئەرستۆ دەڵێ: کۆیلە سروشتی کۆیلەیەتیو سەربەستیش سروشتی سەربەستی هەیە. سروشت.. واتا پێکهاتەیەکی نەگۆڕ!! هیندۆسیەکانیش لە هیندستان، لەو باوەڕەدان هێزێکی گەردونی پلەبەندی چینایەتی خولقاندووە. بەپێی ئەفسانەی بەناوبانگی هیندۆسی، گوایە، خوداوەند بەم چەشنە جیهانی لەسەر پێکهاتەی جەستەی مرۆڤی سەرەتایی پێکەوەناوە، ناوی (بوروشا)یە.

- هەتاوی لە چاوی بروشا دروستکردووە.
- بەراهمە (قەشە) لە دەمی.
- کاشتریا (جەنگاوەرەکان) لە دەستی.
- فیشیا (جوتیارو بازرگان) لە رانی.
- شودرا (نۆکەر) لە قاچی.

---

١ يوفال نوح هراري. العاقل. تأريخ مختصر للنوع البشري. ترجمة: حسين العبرى. صالح بن على الفلاحي. دار منجول للنشر. ٢٠١٨. ص(١٠٥).

کاتێک ئەو پلەبەندییە کۆمەڵایەتیە وەکو عەقیدەی نەگۆڕ دەسەلمێندرێ، ئیدی تا هەتایە، کۆیلەو خاوەن کۆیلە، چەوساوەو چەوسێنەر، زەنگینو بەلەنگاز، دەپارێزرێن.

لەو سەردەمەشەوە کە دەگوازینەوە ناو ئاینەکان، هیچ ئاینێک، نە کۆیلەو نە چەوساوەکانی، بەیەکجاری رزگار نەکردووە. بەڵکو یاسای بە کۆیلەو چەوساوە مانەوەی بۆ دارشتوون!! پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی، ئاینەکەیان لەو دۆخەی رۆمادا بڵاوەکردەوەو کۆمەڵ کۆمەڵ بڕوادارانیان پێکەوەدەناو کۆیلەشیان لە ریزەکانیاندا قبوڵ دەکرد، بەبێ ئەوەی بەڵێنی ئازادکردنیان پێ بدەن، بەڵکو بە ژیانی بەختەوەری هەمیشەیی دوای مردن، رایاندەهێنان.[1]

لەقورئاندا هاتووە: (انظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَلَلْآخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَاتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلاً- ئایەتی ٢١ی سورەتی الأسراء). قورئانیش بەپێی شەرعو سوننەت، قابیلی دەستکاری نییە. بەڵکو رەخنە یان لێکدانەوەی ئایەتەکانیش، بە گوناح دەزانرێو لەلایەن سەلەفیە توندڕەوەکانەوە، سزاکەی ملپەڕاندنە!!

(٣)
چاوگی تووندوتیژی ئایینی

مەبەستمانە لەو باسانەدا بەدوای چاوگی تووندوتیژی بگەڕێین. کە گۆڕانکاریەکان لەڕوی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیەوە، چەمکەکانی تووندوتیژییان گۆڕیووە:

-لێکدانەوەی ئەفسانەیی هەرە دێرین، لەو باوەڕەدا بون، نادیارێکی گەردونی، یان خواوەندێک، سروشتی مرۆڤەکانی لە کۆیلەوە بۆ مرۆڤی بااڵتر خوڵقاندووە. لەسەر ئەم بنەمایە، تووندوتیژی سەردەمی کۆیلەیەتی سەپێنراوە.

-ئاینەکان، لەو باوەڕەدان، جیاوازی پلەبەندی چینو توێژەکان، کاری خودایەو قابیلی دەستکاری نیە، ئەمانیش تووندوتیژیو سەرکوتکردن هەتاڕادەی قڕکردنی ئەنفالو ملکەچکردن بە مرۆڤی چەوساوە، بە حەاڵڵ دەزانن. بەڵکو لایان پیرۆزیشە.

-شۆڤێنیستو فاشیستەکان، لێکدانەوەی فیزیکیان بۆ مرۆڤی بااڵو مرۆڤی نزم، ئاقڵو بێئەقڵ، زاناو نەزان، رەگەزپەرستی دژی رەشپێست..تاد. تیۆریزەی نازانستی

١ صراعات الكنيسة و سقوط القسطنطينية. نجيب اسطيفان. الطبعة الاولى ٢٠١١- دار التكوين. ص(١٥).

کردووەو جەخت لە تیۆریەکەی دەکەنەوە، کە سەرمایەدارو کرێکار، سپی‌و رەش، چەوسێنەرو چەوساوە، هەروا خولّقاوون‌و جیاوازیەکانیشیان نەگۆڕە!

ئەو باوەڕو تیۆرو فەلسەفانە، بەدرێژایی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەلّایەتی-چینایەتی، سەرچاوەی نەهامەتیەکانی مرۆڤایەتین‌و هۆکاری درێژەپێدانی چەوساندنەوەی مرۆڤن لەلایەن مرۆڤەوە، بە خوو رەوشتی توندوتیژی‌و دەسەلّاتی سەرکوتکەرانەشەوە.

مرۆڤایەتی، لەو خو و رەوشتانە. لەو دیاردە قێزەونانە. لەو باوەڕو رێبازانە. هێشتا رزگاری نەبووە. بۆ؟

چونکە، هۆکارە ئابوری، کۆمەلّایەتی، ترادسیۆنەکانی ئەو خو و رەوشتانە، لە دەرونی نەک تاک تاک‌و توێژ توێژدا، بەلّکو لەناو سەرکردەو حیزب‌و دەسەلّاتەکانیشدا، توندوتیژی وەکو چەکێکی کاریگەری دەسەلّاتپارێزی‌و سزادانی تاوانبار، تەنانەت بەرامبەر سەربزێوی رەوای دیموکراسیش، توندوتیژی سیاسی، تەکنیکی، ئایدیۆلۆژی‌و یاسایی، چ رەوا و چ ناڕەوا، هەتا ئێستاش پەرەی پێدەدرێ. لەناو رەوتە ئیسلامگەراکان‌و لەناو دونیاگەراکاندا. ئەگەر بمانەوێ نوکی قەلّەم لە راستییە کۆمەلّایەتیەکان پتر رۆچێنین، دەتوانین بلّێین:

لە ولّاتانی رۆژئـاوادا، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، قەلەمڕەوە ئوروستوکرات-تیوکراتی (دەسەلّاتی رەهای ئایینی دەرەبەگایەتی!) جگەلەوەی لەناو خۆیاندا، سەدان سالّ خەریکی توندوتیژی ناوخۆیی‌و مالّوێرانی بون، هەتا گەیاندیانە دۆخی جەنگی سی سالّەی (کاتۆلیک-پروتستانت) ١٦١٨-١٦٤٨و ملیۆنەهایان کردە قوربانی رقی تونـدوتیژی مەزهەبی؛ هەتا لە یەکەمین پەیماننامەی نێودەولّەتیدا بەناوی (ویستفالیا) کۆتاییهات! جگە لەمە، بەناوی خاچپەرستیەوە، یەکەمین جەنگی هـەردوو ئایینی مەسیحی-ئیسلامیان بەناوی رزگارکردنی شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحی-فەلەستین، بەرپاکرد، کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەو جەنگە لەناو موسولّمان‌و مەسیحیەکاندا، ماوە. ئەمە لەکاتێکدا، ئەگەر رەگەزەکانی تونـدوتیژی نەبوایەو دیالۆگێکی سەرەتاییش لەناو ئاینەکاندا هەبوایە، چارەسەرکردنی کێشەی قودس، هێندە قورس نەبوو، کە سەرەنجام، ئەم هەموو جەنگو لەشکرکێشی ئایینی-مەزهەبییەی لەسەر بەرپا بکرێ. چونکە پێغەمبەر، رووی قیبلەی موسلّمانانی لە قودسەوە بۆ مەککە وەرگێڕا. ئەگەر لۆژیکی ئایینی، دەسەلّاتەکانی ئایینی ئاڕاستە بکرایە، دەبوایە ئاشتەوایی ئایینی لەسەر قودس کرابا. هیچ نەبێ، بۆ سروت (طقس)ی ئایینی. هەروەکو چۆن پێغەمبەر،

پەیامبەری مەزنی موسڵمانانە، بەهەمان شێوە پێغەمبەر مەسیحیش، پەیامبەری مەزنی مەسیحیەکانەو مەسیحیەکانیش، بەپێی تێکستی قورئان، ئاینێکی ئاسمانیە. قیبلەش گواسترابێتەوە، کەوابێ، چارەسەر ئاسانتر بووە! لە قورئانیشدا، ڕێزگرتنی ئاینەکانی تر ڕەتنەکراوەتەوە. کەوابێ تەنها تەماحی دەسەڵاتو دەستکەوت، دەسەڵاتدارانی ئاینەکانی هانداوە جەنگ بەرامبەر یەکدی هەڵبگیرسێنن. نەک تێکستی پیرۆزی ئاینەکان!

سەرەڕای مانەوەی ئەو کێشە دێرینەیە بە چارەسەرنەکراوی، کەچی موسڵمانو مەسیحی، هەر لایەکیان زیارەتی پەرستگاکانی خۆیان دەکەن. مزگەوتی (قبة الصخرة) و قەبری مەسیح لە (بیت اللحم) ڕوگەی هەردوو ئاینەکانە. کێشەی زیارەتو حەج، لەنێوان مەسیحیو ئیسلام، گوازراوەتەوە بۆ دژایەتی جولەکە!! بەهۆی باڵادەستێتی هێزو تەکنەلۆژیای وڵاتانی مەسیحیشەوە، وڵاتانی ئیسلامی ناچارن دۆستایەتیان قبوڵ بکەن. تەنانەت نەشیانتوانی، دەوڵەتی جولەکەش لەناوبەرن!

(٤)
خاچپەرستیو ڕقی ئایینی

ئەو ڕقە ئایینیەی لە جەنگی خاچپەرستانەوە سەپێنراوە، دوای هەزار ساڵیش سەرچاوەی بەشێکی هەرە کاریگەری تووندوتیژی گەلانی ناوچەکەیە، کە لە دوای جەنگی یەکەمو بەڵێنی بلفۆر (١٩١٧) ئایینی جولەکەو ئیسرائیلیەکانیش تێوەگلاوون. بەمەش، بەهۆی جەنگی خاچپەرستیەوە، هەرسێ ئایینە ئاسمانییە یەکتاپەرستیەکە، بەردەوام لەناو گێژاوی سیاسی-ئایینی-مەزهەبی-سایکۆلۆژی، کولتورینو بەیەکدا هەڵدەشاخێن. قوربانیەکانیشیان، خەڵکی باوەڕداری ستەملێکراوە، لەلایەن لایەنە دەسەڵاتدارو هەژمونی ئایدیۆلۆژیەتە مەزهەبیەکانەوە. کە ئێستاش، ڕۆژانە سەرچاوەیەکی هەرە کاریگەری تووندوتیژی، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو تەنانەت لەجیهانیشدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جەنگە خاچپەرستییە، کە ئەگەر ڕادەیەک لۆژیکی لێبوردەیی مەسیحیو ئایینی ئیسلام "کێ ویستی باوەڕدار بێو کێش نەیویست با گومڕا بێ «فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ- ئایەتی ٢٩ی سورەتی الکهف» هەرگیز نەدەبوو ئەو جەنگە بەرپا کرابا.

مێژووش وا دەخوێنمەوە، کە زۆربـەی ئـەو جەنگانەو پێشتریش، بۆ خواستی دەسەڵاتداریێتیو چاوچنۆکی جەنگو داگیرکاری تاڵانی (ئەنفال) دەگەڕێنەوە. ئەنفال لە زمانی عەرەبیدا واتا: (دەستکەوتی جەنگ لە ماڵو منداڵو ژنو غوڵام..تاد).

کاتێک خاچپەرستەکان، بەناوی رزگارکردنی ئارامگای مەسیحو شاری قودسەوە، بەڵێن دەدەن شوێنە پیرۆزەکان لە موسڵمانو سەلجوقیەکان رزگار بکەن، بۆ دزیو تاڵانی، نەک موسڵمانەکان، بەڵکو جولەکەو مەسیحیەکانیش دەکوژنو تاڵان دەکەن. با دیقەت بدەین، توندوتیژیو تاڵانی چۆنچۆنی لەناخی جەنگاوەرانی مەزهەبو تایفەکاندا، لە باوەڕە رۆحیو خوداپەرستیەکە کاریگەرتر بووە، لەمبارەوە مێژوو ئەمەمان پێدەڵێ:

"دوای ئـەوەی هێزی خاچپەرستەکان شـاری قودسیان داگیرکرد، زیارەتکارە مەسیحیەکان، کاتێک گەیشتنە مەڵبەندی پیرۆز، هەستیان بە ڕاچڵەکینو نەفرەت کرد لەو تاوانە قێزەونو ترسناکەی جەنگاوەرەکان بەناوی مەسیحیەوە ئەنجامیان دابوو، بە دڵێکی شکاوی بارگاوی بە خەم گەڕانەوە، چونکە دڵنیابون کە مەسیحیەکان نمونەی باشتریان لە ئیسلامەکان پێشکەش نەکرد".[1]

حوکمڕانی سەلجوقیەکانو پێشتریش دەسەڵاتەکانی تری ئیسلام (٤٠٠) ساڵ، هەر بە توندوتیژیو تاڵانی براوەتە سەر. هێرشی خاچپەرستەکانو سەرکەوتنیان لە (١٠٩٧-١٠٩٩) کوتومت ئەم تاوانەیان ئەنجامداوە:

"جەنگاوەرەکان لە تەممووزی (١٠٩٩) گەیشتنە شاری پیرۆزو دوای تێکشکاندنی بەرهەڵستی لەناوخۆدا، تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵیان دەرهـەق موسڵمانەکانو سەدان جولەکەشیان بەزیندویی لەناو پەرستگاکانیاندا سوتاند".[2]

(٥)
باوەڕی ڕۆحیو دەسەڵاتی دونیایی

لاپەڕەکانی مێژوو، دێڕ بە دێڕیان لە تاوانی دەسەڵاتەکانی ئیسلامی-سەلجوقی-خاچپەرست، خەڵتانی خوێنن. هەموشی بۆ پەروەردەی توندوتیژیو بڕوای تەفروتوناکردن

١ صراعات الكنيسة و سقوط القسطنطينية. نجيب اسطيفان. الطبعة الاولى ٢٠١١- دار التكوين. ص(١٨٧).
٢ صراعات الكنيسة و سقوط القسطنطينية. نجيب اسطيفان. الطبعة الاولى ٢٠١١- دار التكوين. ص(١٨٦).

دەگەڕێتەوە. ئەم پەروەردەیە؛ هەم رۆحیو هەم دونیایی بووە. رۆحی بووە. بەناوی خوداو عەقیدەوە؛ دونیاییش بووە لەپێناوی دەسەڵاتو دەستکەوت. پرۆسەکە سەدان ساڵیشی خایاندووە. واتا: وەچە دوای وەچە، میراتگری باوەڕی رۆحیو چاوچنۆکی دونیایی بوون. بەبێ ئەوەی لە سەدەی رابوردوی دونیای سیاسەتو حیزبایەتی دونیاییدا، بنچینەکانی پەروەردەی ئەو وەچانە، گۆڕدرابن. بەمەش، کەلەپوری پەروەردە رۆحیو دونیاییەکە، بۆ دەسەڵاتەکان چارەنوسساز بووەو بەردەوامیش بووە. لە سیستمەکان، کولتورەکان، داب‌ونەریتەکانو تەنانەت لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی، پاشان سیاسەتو حیزبایەتیشدا، ئەو پەروەردەیە، پارێزراوەو سەپێنراویشە. بەردەوامیش پەروەردەکە، سەدان هەزار ئەقڵو ئەقڵیەتی زاخاوی توندوتیژی داوەو بۆ تاوانو تاڵان پەروەردەی کردون.. لە هیچ بەربەستێکیش، نەپرینگاوەتەوە. لەناو ژانی ئەم پەروەردەیەوە، بەشێکی سیاسەتی حیزبەکان دارێژراوە؛ کادرەکانیان پەروەردە کراون؛ سەرکردەکانیان هەڵگەوتون؛ دەسەڵاتەکانیشیان پاراستوون.

قۆناغ بە قۆناغ، رەگەزە دێرینەکانی ئەو پەروەردە ترسناکەی سەدەکانی ناوەڕاست، لەڕووی رۆحیو دونیاییەوە، ئاوێتەی هەندێک چەمکی نوێ کراوون. بەڵام گەوهەرەکەیان، کە گەوهەری پەروەردەی توندوتیژی ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە، نەگۆڕدراوە. هەربۆیە دەبینین، سەرکردەکان، لە پارتە دیموکراتو چەپەکانو لافلێدەرەکانی گۆڕانکاریشەوە، بەسانایی هانا بۆ ئەندێشە دێرینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەبەن؛ لەپەنای دروشمی زەق زەقی دادپەروەریو "گۆڕان"ەوە، بۆ ئەندێشەی دژە گۆڕان هەڵدەگەڕێنەوەو خۆشیان دەهاونە ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاستیش!! لە پەروەردەو هاندانی جەماوەریشدا، ئاژاوەگێڕییەکی فراوان بەسەریادا، زاڵدەبێ!!

نەگۆڕینی بنچینەی ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، سەرچاوەی بەشی زۆری سایکۆلۆژیەتی توندوتیژیو هزری ستەمکارییە، سەرەڕای ئەوەی قۆناغەکانی کۆمەڵایەتی-سیاسی، دەسەڵاتەکان، ناوبەناو دەگۆڕدرێن. بەڵام هەموو دەسەڵاتێک، لەبەرئەوەی بنچینەکانی سایکۆلۆژیەتی توندوتیژی لەناو کۆمەڵدا نەگۆڕدراوە، بۆیە هێزی سیاسی نوێو دەسەڵاتی نوێش کە دێنەکایە، هێزە کۆنەکان، ئەندێشەی توندوتیژی بەهەموو رەهەندەکانیەوە، دەسپێڕێنە هێزی تازە هاتوەکەی سەر حوکم. ئەم هێزەیش، ماوەیەک بە ئارایشتکردنی دەسەڵاتەکەی، ئارامییەک دێنێتەئارا، بەڵام لەناوەڕۆکدا، پاشخانی توندوتیژی ئامادەشی هەیە، کەی خواستی بەکاریدەهێنێ. زۆریشی پێناچێ بۆ ئەم جۆرە هێزە سیاسی-کۆمەڵایەتی-حوکمڕانیانە، لەبەردەم خەڵکدا ئارایشتەکانیان دادەشـۆردرێو تەنها هێزە

سەرکوتکەرەکانیان لەبەردەستدا دەمێنێ. بێئاگا لەوەی هێزەکەی ئەمانیش، تا رادەیەک دەتوانێ بیانپارێزێ.. بەڵکو بەکارهێنانی هەمان هێز، بەبێ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە، سەری دەسەڵاتەکەش دەخوات. لەبەرئەوەی هێزی سەرکوتکەر، کاتێک بەرگری لە دەسەڵاتی ستەمکار، لەناو هەمان پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەرنەچەرخاودا دەکات، لە دوائاکامدا زەمینەی لەناوچونی خۆی، بە زەبرو زەنگەکەی دەڕەخسێنێ. چونکە زەبروزەنگی ناڕەوا، مادام ماکە کۆمەڵایەتیەکانی زەبروزەنگ لەناونەبراوون؛ زەبروزەنگی ناڕەوای تر بەرهەم دەهێنێت.

(٦)
دەرەبەگایەتی و زەبروزەنگ

مێژووی سەدەکانی رابردوو، لەسەردەمی میرنشینو پاشانیش کوردایەتی سەدەی بیستەم، پێماندەڵێ: گۆڕانکاری کوردەواری، لەناو بازنەیەکی داخراودا گیری کۆمەڵایەتی خواردووە. هۆکارەکەشی دیارە، ئەویش ئەوەیە، سەدەکانی ناوەڕاست، سەدەکانی قەڵەمڕەوی هێزە ئیسلامگەراکانی عەرەبو تورکو فارس بووە. بەرەنجامەکانیشی، درێژەپێدانی سیاسەتی زەبروزەنگی مەزهەبی (سونیگەرا-شیعەگەرا) لەڕێگەی ئایدیۆلۆژیەتی مەزهەبی، لەشکری مەزهەبی، کولتوری کۆمەڵایەتی مەزهەبیەوە بووە. جا بەناوی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتەوە بوبێ، یان لەناو هەمان کولتورو داب‌ونەریتدا، یاخیبون دژی قەڵمڕەوەکان رویدابێ. کانگاکانی توندوتیژی‌و زەبروزەنگ، هەمیشە لەناو کۆمەڵدا، بە بەرنامەو بەرژەوەندی پارێزراون. کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانیش (١٩١٤-١٩١٨) قەڵەمڕەوی عوسمانیەکانی سەدەی ناوەڕاست، بە هێزی دەرەکی‌و بە جەنگی داگیرکاری گۆڕی، بەرژەوەندیە ئابوریەکان وایان دەخواست، گۆڕینەکە تەنها لوتکەی قەڵەمڕەوەکان بگرێتەوە، دامێنی کۆمەڵایەتی لوتکەکانی لەبنەچەوە نەگۆڕی. بەڵکو بەرژەوەندیان وای دەخواست بەدواکەوتوویی بیانهێڵێتەوەو ئەمەش کرۆکی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی کلاسیکی بوو. بۆیە، وێڕای ئەوەی لە تورکیا، ئێران، عێراق‌و سوریادا، حکومەتەکان گۆڕدران، بەڵام هێزە کۆنەپارێزەکان، بەدرێژایی سەدەی بیستەم، کەی وێستبێتیان حیزبی سیاسی، یان هێزی چەکداری تایبەتی، یان یاخیبون‌و هەڵگەڕانەوە، لەناو هەمان هزرو پەیوەندی کۆمەڵایەتی نەگۆڕدراودا، هێناوەتە کایەو کایەکانی تری

هەر گۆڕانکاریەکیش بە روالەتیش هاتبێتەدی، بەئاسانی تێکوپێکیان داون. لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانیاو فەرەنساو ئیتاڵیاوە، دوای جەنگ، بە زەقی ئەو رووداوانە دەبینین، کە بەهۆی کانگا دەستکارینەکراوەکانی ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، رویانداوە. لەمەوە، ئیخوان موسلیمین (١٩٢٨) دروستدەبێو هەر لەناو ئەم کانگایەشەوە، هێزی دژە گۆڕانکاری سەرهەڵدەدەن. تەنانەت هێزە بۆرژوازیە لاوازو کۆمپرادۆرەکانی وڵاتانی دواکەوتوش، لەناو هەمان زایگای دواکەوتودا، لەدایکبوون. سەرەنجام، زەبروزەنگەکان تا رادەی کوشتنی بەکۆمەڵیش، لە تورکیا، ئێران، عێراقو سوریادا، هەروەها لەناو تەواوی وڵاتانی ئیسلامیدا، سەپێنراوە. هەربۆیە، نە شۆڕشی نیشتمانیو نە شۆڕشی پیشەسازیو نە شۆڕشی دیموکراسیش، بە چەمکە زانستیەکان لە وڵاتانی دواخراودا، نەهاتونەتەدی.

کەمال ئەتاتورک ئەنفالی شۆڕشەکانی ئاگری داخو دەرسیمو ناوچەی زیلانی کردووە. رژێمی شاهنشایی ئەنفالیان کردووەو سەدان هەزار کوردیان ڕاپێچاوەتە ناوچەکانی ئازەریو فارس. تورکو فارسیشان لەکوردستاندا جێگری شۆڤێنیستانە کردووە. نەسەلماندنی مافی کوردو سەرکوتکردنی بەردەوام بووە. لە سوریاشدا، شۆڤێنیەتی پشتێنی سەوزیان سەپاندو شانازیەکانی ئەمەویان لە نەتەوەپەرستیدا ژیاندەوە. عێراقیش، لە زەمانی پاشایەتیەوە، کورد قڕ دەکاتو دەسەڵاتی کۆماری-ناسیۆنالیستی عەرەبی عێراقیش، گەیاندیانە ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، قەراغ، خۆشناوەتی، بادینان، گۆپتەپە، ئۆردوگای زێوێو تەنانەت سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش.

هەرگیز لەم وڵاتانەی ئیسلامیدا، وەرچەرخانێک بە ئاڕاستەی شۆڕشی پیشەسازی-دیموکراسی-کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە، ڕوینەداوە. بۆیە بەئاسانی لە هەزارەی سێهەمیشدا، هەروەکو هەزارەی یەکەمو هەزارەی دووەم، هێزە کۆمەڵایەتیە دەستکاری نەکراوەکەی ئەم وڵاتانە، هەر هەڵێکیان بۆ هەڵکەوتبێ، خاوەندارێتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەی دێرزەمان، بە دەمامکی مەزهەبی-سیاسی-ئایدیۆلۆژی نوێوە دەکەن، توانیویانە لەماوەیەکی کورتیشدا، هێزە کۆمەڵایەتیو هزرە بارگاویەکەی توندوتیژی بجوڵێنن‌و ئاڕاستەی کۆنەپەرستیان.. هەتا رادەی کۆمەڵکوژی، ژنکوژی، دیلکوژیو بوژاندنەوەی تۆتالیتاریزمی ڕۆحیش، بۆ دیاری بکەن. بوژانەوەی نەریتی تایفیو باوکسالاریو کۆمەڵی شینو شەپۆرو شەڕی ناوخۆی وڵاتانی ئیقلیمی، لە هەزارەی سێهەمیشدا، گەواهی ئەو کولتورو داب‌ونەریتە دێرینەیە دەدەن.

(٧)
نەبونی رۆشنگەری‌و توندوتیژی

لە مێژووی وڵاتانی ئیسلامیدا، بەتایبەتی لە کوردستانی داگیرو دابەشکراودا، بە حوکمی ئەوەی دەوڵەتی نەبووە، هەتا ئێستاش، رادیکاڵیزم لە رۆشنگەریدا نییە. بەڵکو، سازشی ترسێنەر لەگەڵ ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیەو، ئاسۆی گۆڕانکاری گەورەش لەمبارەوە، لە سیاسەتی حیزبە بەناو دیموکراتەکانی وڵاتانی ئیسلامی، تا هەنوکەش نییە. بەڵکو هێندەی رەچاوی سازان، لەگەڵ بیری بەسەرچووی رابوردوودا هەیە، نیو هێندە، خەبات دژی ئەندێشە زیانبەخشەکانی رابوردوو نییە. با دیقەت بدەینە چۆنیەتی هەڵوێست وەرگرتنی لیبرالو عەلمانیەکان، لە بۆتەی ململانێی فەلسەفیدا دژی سەلەفیەت:

"رەوتی نوێگەری لەرێگەی رەوتە جیاوازەکانی تەعریب، لیبرالیەت، ئەقڵانیەتو عەلمانیەتەوە بەرجەستەو گەڵاڵە بوو. بەڵام نەیوێراو نەیتوانی رووبەڕوو هێرش بکاتە سەر ئیسلامی نەریتگەرا، هەرکاتێک رووبەڕووبونەوەیەک لەنێوان ئیسلامو ئەقڵدا رویدابێ، رووبەڕووبونەوەیەکی خواروخێچو رسوایی بووەو ئەقڵ بەرامبەر ئەم ئیسلامە نەریتگەراییە خۆی بەدەستەوە داوە".[1]

لەخۆڕا نییە و نەبووە، زیاتر لە سەدەیەک بەسەر کۆتاییهاتنی عوسمانی، سەفەوی، قاجاری، شاهنشایی سونیو شیعە تێپەڕیووە، گوایە حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نوێ کراونەتەوە. بەڵام سەیری چـواردەوری کوردستان بکرێ، هـەردەم روداوی نەخوازراوی توندوتیژی کۆمەڵکوژی رویداوە:

-لە تورکیادا؛ چەند کودەتا رویداوەو لەسەر ئازادیو دیموکراسی، سەدان هەزار کەس کوژراوون.

-لە ئێراندا؛ بەردەوام کێشە هەبووەو سەدان هەزار کەس کوژراوون.

-لەعێراقدا؛ دەیان حکومەت گۆڕدراوەو سەدان هەزار کەس قڕ کراوون.

-لەسوریادا؛ بەردەوام لە ئاژاوەو شەڕو سەرکوتکردنی ئازادیخوازاندا بونو کورد سەرکوتکراوە.

---

١ حسين العودات- النهضة والحداثة بين الارتباك والاخفاق. دار الساقث- الطبعة الاولى ٢٠١١. ص: (١٤٠-١٤١).

ئەو روداوانە، بە رێکەوت نییە. بەڵکو زادەی باری کۆمەڵایەتیو هەڵقوواڵاوی کولتوری زاڵی زەبروزەنگە، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەدەی نوێ!! سەرنەکەوتی تاقە سیستەمێکیش لە بونیاتنانی سیستەمی دیموکراسیدا، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەرچاوە کۆمەڵایەتیە دەستکارینەکراوەکەی سەدەکانی ناوەڕاست!!

(٨)
کوردایەتیو زەبروزەنگ

کوردایەتی لەکوردستاندا، لەو راستییە بەدەر نەبووە. راستە دەوڵەتو سیستەمی سەربەخۆیی کوردستانی نەبووە. بەڵام هێزە سیاسیەکان، هێندەی دەسەڵاتیان هەبووە، لەکاتێکدا خۆیشیان قوربانی ستەمکاری بون، بەناوی پاراستنی کوردایەتیو دژایەتی داگیرکەرانەوە، ئەوەی لەدەستیان هاتووە، لەکوردستاندا بۆ پاراستنی هەژمونیان بە زەبروزەنگ، کردویانە. لە باکوری کوردستاندا، میری بەدرخان (١٨٤٧) هەڵەی نابەجێی بەرامبەر مەسیحیەکان دەکرد؛ بەهۆی ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٨٧) دەتوانێ بەشێک لە کورد سواری حەمیدیە دروستبکاتو بیانکاتە جاشی لەشکری عوسمانی-سونیگەرایی، بۆ جینۆسایدکردنی ئەرمەنی نزیکترین گەلێک کە لەگەڵ نەتەوەی کورددا ژیابن؛ لە زەمانی شێخ مەحمودیشدا، هەرچەندە تەنها سالێک فەرمانڕەوا بووە، نەیارەکانی لەسەر رەخنەو بیروباوەڕی جیاواز تیرۆر کراوون؛ لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، سمکۆ مار شەمعونو دۆستانی دەکوژێ؛[*] شۆڕشی ئەیلول، شەش ساڵ (١٩٦٤-١٩٧٠) دوچاری شەڕی ناوخۆ دەکرێو بە هێزی چەکدار، ناکۆکیەکانیان یەکلاکردەوە؛ شۆڕشی نوێ (١٩٧٦)، بە شەڕی ناوخۆوە سەریهەڵداو لە شەڕەکانیشدا، تۆندوتیژی گەیشتە رادەی دیلکوژی؛ برایم عەزۆو هاوسەنگەرەکانی بە دیلیی کوژران. قڕناقاو پشتئاشان کرایە کوشتارگای دیلکوژی.

* کۆماری کوردستان، سالێکی خایاند، یەک زیندانی سیاسی نەبوەو هیچ کەسێکیش، لەسەر هیچ شتێک، نەکوژراوە. یان لەسێدارە نەدراوە. بەڵام کە ئەرتەشی شا هێرشی کرد، بەشێکی هۆزە کوردیەکان لە کۆمارو قازی هەڵگەڕانەوەو خیانەتیان کرد. تەنانەت، لەکاتی رۆشتنی بەرزانیەکان بۆ پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس، هۆز دوای هۆز، شەڕیان دەکردن.

فەرماندەیەکی عەسکەری یەکێتی کادرێکی حیزبی شیوعی ئاخنیبووە ناو گونیەو (هەتا زو لە زێدا نوقم ببێ بەردی تێخستبو) خستبویە ناو زێی بچوکەوە. پێمزانی. بە سکرتێری کۆمەڵەم وت. کەچی لەوەڵامدا وتی: پیاوکوژ، حیز، دز کۆدەکەمەوە تەنها بۆئەوەی قیادە موەقەتە سەرنەکەوێ. منیش وتم: تەنها بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە سەردەکەوین. بە دز و پیاوکوژ دەشکێین!! ئەمەش، هەمان سایکۆلۆژیەتو نەریتی زەبروزەنگی دێرینەیە.

لەدوای راپەڕینیش تەنها سێ ساڵ ئارامیی سیاسی هەبوو.[+] دیسان بە شەڕی چەکداری تێهەڵچونەوە، کە تیایدا دیلکوشتن، کرایە خوویەکی ناجوامێرانە. تەنانەت شانازیشی پێوە دەکرا. هەردوو لایەنی سیاسی، یەکێتیو پارتی، ئەنجامیان دەدا. پاشان بزوتنەوەی ئیسلامیو ئەنسارولئیسلام.

تووندوتیژی مرۆڤکوژی، نەریتێکی تا بڵێی نەگریسی ناو هێزە سیاسیەکانی کوردایەتی بووە. نەک هەر لە شەڕدا، بەڵکو لە سەیتەرەکانیشدا، دیل دەگیرانو دەکوژران.[*]

ئەنسارولئیسلام (٣٧) پێشمەرگەی یەکێتی لە (خێڵی حەمە) شەهید کرد. بەشی زۆریان بە دیلیی کوژران. تەنانەت سەری هەندێکیشیان بڕین. تەنانەت ناویان خرایە لیستی رەشی راپۆرتی (١٩٩٥)ی رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی، لە دیلکوشتندا.

ئەم نەریتە، لەلایەن بەشێکی سەرکردایەتی حیزبەکانەوە، بەشانازییەوە بەناوی پاراستنی حیزبو ناوچەی ئازادکراوەوە، دەکرایە ڕێبازی پیاوکوژەکان!! ئەوەی مایەی سەرسوڕمانیش بوو، کوشتنو دیلکوژی، لە هەوڵی تاکە کەسیەوە، کرایە دیاردەیەکی باو!!

هەر لەناو ئەو ڕەوتە درندایەتیەوە، بەشێکی کادرە سیاسیو سەرکردەکانیش، بەنوسینو بە ئاراستەی ئاشکرا، بڕەویان دەدایە قووڵکردنی قینی دەرونیو دەرونی تەکەتولەکانیان بە گیانی یەکتر شکاندنو نابوتکردنی بەرامبەرەکانیان، لە رقی تووندوتیژی دەئاخنی.

مەترسی گەورەی ئەم پەروەردەیە، لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتی، بەتایبەتی لەناو کۆمەڵەدا،[+] گەیشتە رادەیەک، ئازادی بیروڕاو ڕەخنەگرتن، لە دوای مفاوەزاتی ١٩٨٥

[+] کە بزوتنەوەی گۆڕان دروست کرا، نەوشیروان مستەفا گوتبووی: ئەمەی ئێستا داوای دەکەین، کاتی خۆی لە شاخدا مەلا بەختیارو سالار داوایان دەکرد. من دژیان بوم. قسەکانی ئەوانیش راست بوو!

[*] ساڵی ١٩٩٤ محەمەد حەلاقو (٥) هەڤاڵی لە سەیتەرەی کۆیە داگیرانو بەناهەق کوژران. لەکاتێکدا ناوبراو تێکۆشەرێکی ئازا بوو. کاتێک راپۆرتی مافی مرۆڤ دەرچوو، من لە کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتیدا، بەئامادەبونی مام جەلال، لە هەولێر وتم: من دژی دیلکوشتنم. گوناحم چییە دەبمە بەشێک لەم سیاسەتە خراپە؟! مەبەستیشم کوشتنی محەمەد حەلاقو هاوڕێکانی بوو!

[+] شۆڕشگێڕان، گەرچی هێزی چەکداری سەرەکی ناو یەکێتی نەبوون، بەڵام هێندەی بەرپرسیارێتی عەسکەریان هەبووە، نەمزانیووە دیلیان کوشتبێ. بەڵام هەڵوێستیان دژی دیلکوژی لاواز بووە!

بەیەکجارەکی سەرکوت کرا. لەتەواوی ئەو ماوەیەدا، لەناو ئەدەبیاتی کۆمەڵەدا، یەک وتاری ڕەخنەیی نابینرێ کە لە سیاسەتی هەڵەی یەکێتی، یان کۆمەڵە گیرابێ.(*) ئەمە لەکاتێکدا بەئاشکرا پەیڕەوی لە سیاسەتی سەرکوێرکردن کراوەو هەر کادرێک زمانی ڕەخنەی گێڕابێ، دەمی بە هەڕەشەو سزادان داخراوە. بەتایبەتی لەدوای پەلاماردانی ناڕەوای هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕشەوە، یەک کادرو یەک نوسەری کۆمەڵە نەیانوێراوە، لەسەر هەڵە، کەموکوڕی، تاڵانیو تاوان، بڵێن لەل!

سەرکوتکردن گەیەندرایە ئەو ئاستە ترسناکە، کاتێک لەسەر سنوری هەردوو بەشی ڕۆژهەڵاتو باشوری کوردستان، سکرتێری کۆمەڵەو ئەوانەی پەیڕەوییان لە سیاسەتەکەی دەکرد، کۆمەڵەیان هەڵوەشاندەوەو لەناو یەکێتیدا تواندیانەوە، تاکو تەرا نەبێ ناڕەزایی لاوازیان هەبوو، تەواوی کادرو سەرکردەکانی کۆمەڵە، لەبەرامبەر بڕیارێکی مەترسیداری وادا، تەنها ناخی ترسی لەدەستنەدانی پلەو پێگەی خۆیان دەخواردەوە. ئەمە لەکاتێکدا مێژووی هێزە شۆڕشگێڕەکان پێماندەڵێ: لەبەرامبەر بڕیاری چارەنوسسازی وادا، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوێکی وەکو کۆمەڵە، هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە تا ڕادەی جیابونەوە، کارێکی ڕەوایە. بەڵام لەبەرئەوەی لەساڵی (١٩٨٤-١٩٨٥)دەوە، دوای ئەوەی باڵی ڕاستڕەوی کۆمەڵە، لە سێهەمین کۆنفرانسدا لە سەپاندنی دوا نەخشەو پیلانیاندا سەرکەوتن، دۆخی حیزبایەتی ئۆرگانەکانی کۆمەڵە، بەرە بەرە بەرەو خامۆشکردنی ئازادی بیروڕاو دژایەتی هەر هەوڵێکی شۆڕشگێڕانە دەبرا. بۆیە لەبەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەش فزە نەکرا. دڵنیام ترساوون لەوەی کاردانەوە بگەیەندرێتە دڕندایەتی چەکداریو دادگاییکردنی ناڕەزاکان!

"لە دوتوێی کۆبونەوەی فراوانی یەکێتی شۆڕشگێڕان کە لەماوەی نێوان ٣-٥ی حوزەیرانی ١٩٨٩ لە نۆکان بەسترا، پڕۆژەی یەکخستنەوەی هەردوو ڕێکخراو، لەچوارچێوەی یەکێتی نیشتمانیدا ئاماژەی پێدراو نوێنەری کۆمەڵەش کە لە کۆبونەوەکەدا وتاریدا، ڕەزامەندی لەسەر پڕۆژەکە نیشاندا. لە هاوینی ١٩٨٩ بەدواوە تا بەسترانی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢، کۆمەڵە هیچ هەڵسوڕانێکی

* هەربۆیە نامیلکەی هەڵوێست (١٩٨٤)، بە نهێنی نوسراو چاپکرا. لە سێهەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەدا، دادگای پشکنینیان لەسەر دانا!!

سیاسی سەربەخۆی نەنواندو وەک نەبوو وابوو. ساڵی ١٩٩٢ لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی، کۆمەڵە بەشێوەیەکی فەرمی هەڵوەشایەوەو بەتەواوی تێکەڵ بە ستراکتۆری یەکێتی بوو".[١]

(٩)
فەلسەفەو سایکۆلۆژیەتو مێژوو

ئەو راستییە فەلسەفییە، گەلێ راستە کە جەخت دەکرێتەوە: فەلسەفە پرنسیپە گشتیەکان لێکدەداتەوە. بەڵام مێژوو رووداوە تایبەتیەکان شیدەکاتەوە. فەیلەسوفێکی وەکو ئەرستۆ دەڵێ: تەنانەت شیعریش پتر لە مێژوو فەلسەفەیە. دیارە مەبەستی شێوازی هۆنراوەی تراژیدیاو هۆنینەوەی ئەفسانەو داستانە بە زمانی شیعر. تراژیدیا لە خوێندنەوەی "ئۆرستیا"[*]وە، بە زمانی شیعر دەستپێدەکات.

بۆ باری دەرونی سەرەتاکانی دەروننناسیش، ئەرستۆ باسی "ئەنتیگۆنا"[+] دەکات، کە تیایدا پێناسە سەرەتاییەکانی کۆششی ئەقڵ، لە ململانێی هەستەکانی دەرونی قارەمانەکانی تراژیدیاکە دەکات.

کەواتا: زمانی شیعر، زمانی فەلسەفە، زمانی فسیۆلۆژیا، زمانی تراژیدیای داستانو شانۆگەریەکانیش، بەشێکن لە مێژوو. بەشێکیشن لە سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ!

هۆکار چین، لە زەمانی گریکو تراژیدیاو فەلسەفەوە، کاریگەریە سایکۆلۆژیەکان نەک ماوون، بەڵکو بەهێزیشن؟ هۆکار چین تراژیدیای شیعرو داستان، دوای زیاتر لە (٢٥٠٠) ساڵ، تێکەڵاو بە ئایدیۆلۆژیەتی حیزبەکان، کوشتو کوشتاری دەسەڵاتو سەرکردەکان دەبێ؟

ئاسەواری هەرە زیانبەخشی سایکۆلۆژیی غەریزەی کوشتن، لە هێماسازی ناو ئەفسانەکانی کۆندا، کالیگۆلایە،[*] کە یەکسانە بە پوچگەرایی (نەهلستیەت). کالیگۆلا،

---

١ ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- فەرید ئەسەسەرد. سەرپەرشتیاری گشتیو سەرۆکی دەستەی کارا. لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران. چاپی دووەم. ل(٦١٤).

* ئۆرستیا: کارەساتێکی سێ بەشی ئەغریقیە، دانەرەکەی ئیسخیلوسە. ساڵی ٤٥٨ی پ.ز پێشکەش کراوە.

+ ئنتیغۆنا: بەپێی میتۆلۆژیای ئیغریقی کچی پاشا ئۆدیبەو دایکیشی شاژنە «جۆکاست»ە.

* کالیگۆلا (کایوس سیزار ئۆکوستوس جێرمانیکوس ناسراو بە کالیگۆلا) لە ٣١ی٨ی ساڵی ١٢ی زایینی

رق لە کەسێکی دیاریکراو، یان رووداوێک، یان دیاردەو بەسەرهاتێک نییە. بەتەنها رقی لە دایک یان باوک، یاخود پاشاو پاسەوان نییە... بەڵکو رقی لە هەرچی هەیەو نییە، هەڵدەستێ. تەواوی بون لەبەرچاو لە بیرکردنەوە دەخات. ئەوەی پێی بوترێ، یاساو ڕێساو گەردونسازی، قبوڵ نییە.. نەهلستیەت، لەوساوە، خوویەکی ترسناکی رقی ڕەشە.. رقی سایکۆلۆژیە، رقی ناخی ئەو کەسانەیە، ژیان دەکەنە دۆزەخو کۆمەڵیش بۆ مەرگو مەرگپەرستی هەڵدەگێڕنەوە.

ئەلبێرت کامۆ، ئازا بوو، ئەم فەلسەفە سایکۆلۆژیەی لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، زیندووکردەوە. ئەمیش لەکاتێکدا، یادەوەریەکانی دوو جەنگی جیهانو کوشتارگاکانی جەنگەکان؛ جەنگی داگیرکاری فەرەنسا بۆ جەزائیر، دۆخی ناو فەرەنساو ململانێ فەلسەفیەکانی ئەو سەردەمە.. کامۆ، بە فەلسەفەی نەهلستیەت، مرۆڤایەتی، لە سەردەمی کالیگۆلای ئەفسانەوە، گواستەوە بۆ دیاردە دزێوەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزمو تەنانەت مۆدێرنێتەش؛ پەیامێکی دا بە مرۆڤایەتی، بەڵکو ڕاچڵەکاندنێک بوو، هەتا وا تێنەگەن، نەخۆشی سایکۆلۆژی پوچگەرایی، تەنها لە ئەفسانەی گریکدا هەبووە، نەخێر، سەلماندی کە بەردەوام لە ناخی بەشێک لە مرۆڤەکانی هەموو سەردەمەکاندا هەیە. بەڵام بە دەمامکی فەلسەفەی پوچگەراییەوە!

تراژیدیای گریکەکان، تراژیدیای سەردەمی کشتوکاڵ، سیستەمی کۆیلایەتی، سەرهەڵدانو ئاوێتەبونی فەلسەفەیە بە ئەفسانەو داستانەکان. لەو ململانێیەدا، ئەقڵ بەسەر

لەدایکبووەو لە ٢٤ی١ی ساڵی ٤١ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، سێیەم ئیمپراتۆری ڕۆمانی بووە، لە ساڵی ٣٧ی زایینی بۆ ٤١ی زایینی فەرمانڕەوایی کردووە. کە دەکرێتە ئیپمراتۆر سەرەتا لەلایەن خەڵکەوە زۆر پێشوازی لێدەکرێ، بەڵام دواتر وردە وردە ڕوو لە دیکتاتۆری دەکاو لەکۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی خۆی خۆی بە «دیکتاتۆر» دەناسێنێ. لەسەرەتای ژیانی کەسێک بووە زۆر حەزی لە هونەرو ئەدەب کردووە، بەڵام لەکۆتایی ژیانی سەرەڕای کەمیی تەمەنی کەسایەتییەکی نەفرەتلێکراو بووە، پەیوەندییەکی سێکسی دووڕودرێژی لەگەڵ خوشکی خۆی دروزیلا هەبووە، زۆرجار بۆ پیشاندانی هێزو توانای خۆی وەک دیکتاتۆر بە خوشکەکەی خۆی گوتووە بە ئاماژەیەکی من ئەو ملە جوانە دەشێ ببڕدرێتەوە، یان زۆر جار بە ڕاوێژکارەکانی خۆی گوتووە من دەتوانم هەر ئێستا سەرتان لە ملتان جیابکەمەوە. بە ڕاوێژکارو سوپاییەکانی گوتووە بڕۆن مانگم بۆ بێننە خوارەوە، مانگ لەو ئاسمانە چی دەکا، دەبێ ببێتە هی من. بەهۆی هەموو ئەم هەڵکەوتەیە مێژوونووسەکان بەتایبەتی (سوێتۆن) بە شێتیان داناوە. لە ساڵی ٤١ی زایینی لەلایەن سوپای هەڵبژاردەی ئیمپراتۆری دەکوژرێو کۆتایی بە دەستەڵاتی دەهێنرێ. سەرەنجام ئەم کەسایەتیە لەلای ئەلبێر کامۆ بۆتە بابەتێک بۆ شانۆنامەیەک لەبارەی کەسایەتی دیکتاتۆرو مەسەلەی تۆندوتیژی لە ژیانی نوێ، چۆن ئەگەر یەکێک داوای مەحاڵ بکاو لافی مەحاڵ لێبدا وەک ستەمکارانو دیکتاتۆرەکان، ئەو کەسە دەبێتە سەرچاوەی تێکدانی ژیانی ئاسایی‌و نەمانی ئاشتی‌و پێکەوەژیان.

ئەفسانەدا سەردەکەوێ. ئیدی ئەفسانەو داستانە خەیاڵیەکان پاشەکشە دەکەن. بەڵام سەرچاوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانو چەوساندنەوەی چینایەتی: کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری، شەڕی مەزهەبەکان، قەڵەمڕەوەکان، سایکۆلۆژیەت، فەلسەفەو جیهانبینیە جیاوازەکانیش، وەکو رەنگدانەوەی هەمان ئەو راستییە بابەتییە کۆمەڵایەتی-ئابووری-حوکمڕانیانە، دریـژەی کێشاوە. کاتێک دۆخێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتووری لـەو چەشنەش، سـەراپای مێژوو داگیـردەکـات، بێگومان بـارە دەرونیـەکـەش وەکو ئاڕاستەیەکی جودا، بەڵام ئۆرگانیک لەتەک دیاردەو دەرکەوتەکانی تردا، هاوتەریب لەتەکیاندا، ئینتەراکسیۆنی (کارلێک دەکەن)و بەردەوامیش دەبن. تەنانەت بە فەلسەفەی پوچگەراییشەوە، لە سیاسەتو دەسەڵاتو حیزبایەتیشدا!

ئەقڵو ئەقڵانیەت، قۆناغی باشیان لە پێشکەوتنو سەرکەوتن بڕیووە. بەڵام هێشتا جەنجاڵیە دەرونیەکان، بەردەوام لەبەردەم حوکمەکانی ئەقڵدا بەربەستن. بەڵکو هێشتا، ناکۆکی لەنێوان هەستە شاردراوەکانی مرۆڤو هەستە دەربڕاوەکاندا، نەبڕاوەتەوە. ئەو ناکۆکییە، ئاڵۆزترین جۆری ناکۆکییە، کە زۆرجار، لای سەرۆک هۆز، یان سەرکردە، یان ڕەمزە دینیو دونیاییەکان، هەستە شاردراوەکان، لەپشت دێوجامەی[*] هەمان ئەو ئامانجانەی ئامانجی خەڵکن، دێنە سەر شانۆو شانۆکەش خوێناوی دەکەن، بەو ئەکتەرانەی بەناوی پیرۆزیەکانەوە خەریکی هونەری سیاسەت، یان خەبات، یاخود قوربانیدانن.

بەربەستەکانی حوکمڕانی ئەقڵانی ئەوەندە بەهێز و کاریگەرن، نائەقڵانیەت هەژمونی هەیەو جەنگی ماڵوێرانکەریش بەرپا دەکات. خراپترینی ئەو هەژمونانە، سایکۆلۆژیەتی پوچگەراییە، لە دونیای سیاسەتو دەسەڵاتدا. دیـارە حوکمە لۆژیکیەکانی ئەقڵو فەلسەفە، گەلێ جار هاوکێشەکانی مێژویان، بە دابـڕاوی لە رابـوردوو گۆڕیووە. نمونەی شۆڕشەکانی بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنساو هۆڵەندا..تاد. لەو شۆڕشانە بەدواوە دەرکەوت، ئەقڵ هەرکاتێک لەسەر بنچینەی فەلسەفەی ئازادی ڕۆنرا، دەتوانێ ئاڕاستەکانی مێژوو بگۆڕێ. بەڵکو بەربەستە سایکۆلۆژی-ڕۆحیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش ڕادەماڵێ.

"کانت"ی فەیلەسوف، کە بناغەی تیۆرامانی فەلسەفەی لەسەردەمی خۆیدا گۆڕیو هەتا ئێستاش فەلسەفەکەی کـاریگـەرە، وەکـو ئەندێشە خۆپارێز بـوو، بـەڵام گیانە

[*] دێوجامە: ئەو پەردە ڕەنگاوڕەنگەیە، کە ڕاوچی لەسەر کانیاوەکان، لەپشتیا خۆی بۆ ڕاوە کەو دەشارێتەوە. کەوێکیش دادەنێ بەجوانی دەخوێنێت، هەتا کەوەکان کۆببنەوە!

شۆڕشگێڕانەکانیشی لەبەرامبەر زاڵبونی ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست، پشتیوانی دەکرد. وەکو فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەر، مێژووی بە دەستکارینەکراوی قبوڵ نەبوو. بەڵکو پێی وابوو، باوەڕهێنان بە تواناو کاریگەریەکانی ئەقڵ، ئێستا دەگۆڕێو ئایندەش دیاریدەکات. ئەگەر وای نەکردبا، کانت، لەبری خزمەتکردن بە ڕۆشنگەری، خزمەتی تۆتالیتاریزمی دەکرد!

هیگڵی فەیلەسوف، زیاتر لە کانتو فەیلەسوفەکانی پێشوو، کاری لەسەر چارەسەرکردنی گرفتی نێوان فەلسەفەو مێژوونوسیندا کرد. چونکە پێی وابوو، خودی ئەقڵ، لەژێر کاریگەریەکانی مێژووداید. بەڵکو، گەرچی هیگڵ مەتریالیستی نەبوو، فەیلەسوفی دیالیکتیک بوو. زۆر جوانی نەخشاندووە کە دەفەرموێ:

"ئەقڵ بەشێکی دابڕاوی هەست نییە، کە بەخشرابێتە تەواوی مرۆڤایەتی، هەتا بتوانێ خودی خۆی لەسەر بنەمای خودێتیدا بسەلمێنێ، بەڵکو ئەقڵ لەڕێگەی تێگەیشتنی تاک بۆ خۆی نشونما دەکات کە تێگەیشتبێ بەشێکە لە کۆمەڵ".[1] هیگڵیش ئەگەر وای نەگوتبا، واتا: ئەقڵی نەبەستبا بە تێگەیشتنی کۆمەڵو گۆڕانکاریەکانەوە، ئەویش، فەلسەفەی لە ناوەندی ئەندێشەکانی سەدەی ناوەڕاستدا، چەقی دەبەست.

مێژوو، لە مێژووی سیاسەت جیاناکرێتەوە؛ مێژووی سیاسەتیش، لەدوای شارستانیەتی گریکەکانەوە، لە مێژووی فەلسەفە دانابڕێ؛ مێژووی فەلسەفەش، بەشێکی هەرە گرنگی ئەقڵو دونیاگەراییە. تەواوی فەلسەفەو فەیلەسوفەکان، لەناو ڕوداوەکانو دیاردەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی-زانستی-سیاسیدا کاریان کردووە. هەموو فەیلەسوفەکانیش، دانیان پیادا نابێ یان نەنابێ، لەڕوانگەی ئەقڵو لۆژیکەوە بنچینەکانی بیرکردنەوەو ڕەخنەو بیرمەندییان داڕشتووە. تەنانەت، فەیلەسوفە ئایدیالیستو میتافیزیکیەکانیش، هەتا فەلسەفە پەیدا نەبوو، نەیانتوانی لەڕوانگەی ئەقڵەوە، بیر لە لاهوتیەتو فەلسەفە ئایدیالیستەکان لە دیدی فەلسەفیەوە، بکەنەوە. داهێنانی زانستو فەلسەفە دنەی فەیلەسوفە ئایدیالیستەکانی داوە، ئاینەکان لەڕوانگەی فەلسەفیەوە تاوتوێی ئەقڵانی بکەن. پێغەمبەڕەکان هیچیان بە دیاریکراوی فەیلەسوف نەبون. بۆیە گوزەر بە مێژووی فەلسەفە، ئەم ڕاستیەمان پێ دەسەلمێنێ، گەرچی هەمیشە فەلسەفە لەناو هاوکێشەکاندا، خۆی لەخۆیدا پرسێکی تایبەتی بووەو خەسڵەتە لۆژیکیەکانی لەدەستنەداوە. تەنانەت فەلسەفە نەبوایە، لەدوای

---

١ جيوفانا رورادوري. الفلسفة في زمن الارهاب. حوارات مع يورغن هابرماس و جاک دريدا. ترجمة: خلدون النبوانی. الطبعة الاولی. بيروت- حزيران/٢٠١٣.

رینیسانس‌و ئاینسازی‌و رۆشنگەری، فەیلەسوفە ئایدیالیست‌و میتافیزیکیەکان نەیاندەتوانی، پاشماوەی لاهوتیەت‌و کاسولیک، پاشان ئاینەکانی تریش، بپارێزن.

لەناو میللەتانی موسڵماندا، هێشتا، لاهوتیەت، لە تەوقە ئاسنینەکانی ئەندێشەکانی سەدەی ناوەڕاست، رانەپسکاوە. لە نیو سەدەی رابوردودا، لەناو عەرەب‌و فارسدا، لەسەر دەستی چەندین نوسەری گەورە، ئەم راپسکانانە دەبینین، وەکو محەمەد ئەراگۆن، جۆرج تەرابیشی، د.محەمەد ئەلحەداد، د.محەمەد شەحرور، ئەدۆنیس‌و سادق جەلال ئەلعەزم..تاد.

هیگڵ لەناو ئەو فەیلەسوفانەدا، (پێش مارکس) شاسوارە، راستە ئەفلاتون داڕێژەری نمونەگەرایی بوو؛ واتا: لەسەر نمونەی جۆراوجۆر کاری کردووە، ئەرستۆش باوکی لۆژیک‌و زیاننناسییە؛ دیکارت روانگەی رۆشن‌و جوێکارە؛ کانت بە بیرمەندی پرسیارو رەخنەگرانەی ورد ئەندێش ناسراوە؛ بەڵام هیگڵ لەناو سەرجەم فەیلەسوفەکاندا، زۆرتر بە فەیلەسوفی دەوڵەتداری ناسراوە. بەڵکو دەوڵەت‌و سەرداری یەکەمی دەوڵەتداری بەهەموو شتێک زانیوە؛ نەک خۆی، بەڵکو هەموو کەسێکی لەڕووی رۆحی‌و ئاکارەوە بەستۆتەوە بە دەوڵەتی بەتوانای سەقامگیرو سیاسەتیشی لەهەمان روانگەوە بینیووە. بۆیە فەلسەفەی دیالکتیکی لە گەڕان بەدوای مەعریفەدا بەستۆتەوە بە ژێرخانەوە.[1] دیارە، هەڵەی گەورەی هیگڵ، ئەو تێڕوانینە رەهایە بوو، کە روداوە مێژوویەکانی، لەدەسەڵاتی رەهای ئیمپراتۆردا دەبینی. نەک لە گۆڕانکاری هەمەلایەنەی قۆناغەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی‌و دەسەڵاتەوە!! پێی وابوو ناپلیۆن، بە سواری ئەسپەکەیەوە، کەوتۆتەڕێ ئیتر جیهان دەگۆڕێ.. جیهان دەگەیەنێتە ئەو بۆچونە ئایدیاڵەی هیگڵ باوەڕی پێی بوو. بەڵام وادیارە، فەیلەسوفی گەورەش، کە بنچینە فەلسەفییەکانی دەبەستێتەوە بە رەهەندی دەسەڵاتەوە، پاشایەکی داگیرکەری وەکو ناپلیۆنیشی لێ دەبێتە رزگارکەری رۆحی بەشەریەت.

هیگڵ هەڵەی گەورەی وای کردبێ، ئاخۆ، گەلە مێگەلەکانی دونیای سیاسەت‌و حیزبایەتی‌و شۆڕش، چەندیان هەڵەو تاوان بەرامبەر سەرکردەو رەمزەکان، لە ئیدیال کردنی ئایدیۆلۆژیەتدا، کردبێ. چەندیش بەناوی سەرکردەوە، تاوانیان کردبێ‌و تاوانیان داپۆشیبێ؟

---

١ افكار هگل. دكتر كريم مجتهدي. چاپ دوم. پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنگي. ل(٨٤).

(١٠)
کادری لاوازو چەکداری زاڵ!

لەوە زیاتر ناچینە ناو فەلسەفەو مێژووی فەلسەفە؛ کە بەداخەوە، مێژووی کوردایەتی تارادەی بەزەیی پێداهاتنەوە، بێبەشە لە فەلسەفەی مێژوو، یان لە فەلسەفە بەگشتی. ئەوەی هەشە، بەزۆری لەناو چەپەکاندا بووە. ئەویش زۆرتر لەبەر پێویستیە ئایدیۆلۆژیەکەی ناکۆکی چەپەکان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی تردا، هانا بۆ فەلسەفە براوە. فەلسەفەش بە تاکرەهەندی وەرگیراوە. هەتا نەوەدەکانیش، کەمترین سەرچاوەی فەلسەفە لەناو ئەدەبیاتی سیاسی وەرگێڕدراوە. ئەوەی هەشبووە، لەچاو قوواڵی فەلسەفەکاندا، ساکار بووە. بۆیە لە کوردەواریدا، کە سیستەمی دەرەبەگایەتی هەڵنەتەکێنراوەو، وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی-رۆشنگەری ڕوونەداوە، زمانی فەلسەفەش نوزەی هاتووە، سەرەنجام ئاسایی بووە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، هزری فەلسەفیان لاوازو فەلسەفەی سیاسیان لاوازتر بێ. لەحاڵەتی واشدا، هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، کاتێک لە قۆناغی خەباتی ژێرزەمینی گواستویانەتەوە بۆ خەباتی چەکداری، بەو ژمارە کەمەی کادرو ئەندامانیان، کە بە نهێنی پەروەردەیان کردوون، دەرەقەتی لەشکرێک چەکدارو ئەندامو لایەنگری کۆنەپارێزی دەستکارینەکراو، کە بەهۆی شۆڕشی چەکداریەوە لەدەوریان ئاڵاوون، نەهاتوون. بەمەش، چەندایەتی حیزبایەتی زاڵکراوەتە سەر چۆنیەتی. بەرە بەرەش، لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی چەکداری، بەرپرسی خاوەن زۆرترین هێزی چەکدار، بەڵکو ئاغاو کۆیخای خاوەن هێزی بەرگری میللی، زاڵبونو کادرو ئۆرگانە حیزبیەکان، کە لایەنی کەمی وشیاری "فەلسەفی-سیاسی"یان هەبووە؛ زیاتر کاری لۆجستیو رابەری سیاسیان پێ سپێردراون. لەئاستی فەرماندەو ئاغا عەسکەریەکاندا، کە ئامادەگی هەمیشەییان بۆ هەڵگەڕانەوەو شەڕەنگێزی هەبووە، هیچیان پێ نەکراوە. هەرکاتێک ململانێی ئایدیۆلۆژیو بۆچونی جیاوازی کادرە هەڵکەوتوەکان، یان ڕەوتە ڕەخنەگرەکان، سەریهەڵدابێ، بەحوکمی لاوازی هزرو فەلسەفەی لاوان، توێژی هەلپەرستی، لاولاوئاسا سیاسەتیان کردووە. لەناو کێشمەکێشەکاندا، زوو دایانشکاندووە بەلای هێزداردا. بەڵکو عەسکەریەکانو سەرکردایەتی سیاسی باڵادەست، کە کۆنترۆڵی هێزی چەکدار دەکەن، ئەمانیش بایەخە کەمەکەی فەلسەفەو هزر دەبێتە مەسەلەیەکی لاوەکی لایان، بۆیە لەم حاڵەتەدا، لە ڕێگەی زەبروزەنگی عەسکەریەوە، هەلپەرستە

لاولاوەکـان زوو دەستەمۆ دەکـەنو لەناو هەلپەرستەکانیشدا، پاساوی پاسکردنی سیاسەتی میللیتاریستیو سەرکوتکردنی بیری ئازاد، وردە وردە دەبێتە سیاسەتی باو. ئەگەر دەسەلاتە عەسکەریەکەش، مەترسی بکەوێتە سەر، پەنابردن بۆ سەرکوتکردن، تا رادەی تاوانکردن، ئاساییە لایان! وردە وردە، هەلپەرستو رەدووکەوتوانی سیاسەتە باوەکان، لە بیروباوەڕ دادەشـۆردرێـنو دەکرێنە لەشکری داهـۆڵ ئاسای دەستو دەسیسەی ئەو سەرکردانەی بەهۆی هێزی چەکدارەوە، بەهۆی قەڵەمە لەرزۆکەکانەوە، بەهۆی لاولاوەکانی داکەوتوو بەلای دەسەلاتەوە، چەند مەترسییان لە ئازادی بۆچونو رەخنەی ئازاد هەبێ، دوو بەرامبەر، دەبنە جەلاد. لێرەدا جەلادو قوربانی لەتەنیشت یەکەوە ریزدەبەستنو تەراتێنی سەرکەوتنە عەسکەرییەکانی مێژوو نمایش دەکەن. هەتا مێژوو دادگاییان دەکات. کە دادگایی ویژدانی لەو چرکەساتەوە دەستپێدەکات. سەرکردە لە بیروباوەڕ هەڵدەگەڕێتەوەو هەلپەرستیش دەبێتە کۆمبارسی بێگیانو بێ هەڵوێست.

(١١)
دامەزرێنەران و سەرکردایەتی دامەزرێنەر

هەلومەرجی دەستەی دامەزرێنەر، هەلومەرجێکی سیاسی دەگمەنە لە مێژووی دامەزراندنی رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستاندا. بۆ؟

یەکەم: لەبەرئەوەی دوور لە فاشیەتی رژێم، لـەدەرەوەی ولّات، ئازادانە دەستەی دامەزرێنەر کۆبونەوەکانیان کردووە.

دووەم: دەستەی دامەزرێنەر لەلایەن سوریا، لیبیا، فەلەستینیەکانو تەنانەت شورەویش پشتیوانی کراوون؛ یارمەتی مادیو چەکو تفاقیش دراوون.

سێیەم: یەکەمین جار بوو لە مێژووی شکستی شۆڕشە چەکداری-سیاسیەکانی کوردستاندا، دەستبەجێ دوای دوو مانگ رێکخراوێکی نوێ دابمەزرێو بەڵێنی بەرپاکردنی شۆڕشیش لە یەکەمین سالّڕۆژی دامەزراندنی رێکخراوەکەدا، بدات.

ئەو بارودۆخو خەسڵەتانە، یارمەتیدەری گرنگ بوون، هەڤالّانی دەستەی دامەزرێنەر، بتوانن لەماوەیەکی کەمدا، بێ سڵەمینەوەو بە پشتو پەناوە، دەستبەجی، دوای هەرەس بکەونە تێکۆشان.

سەرنجێکی توێژینەوە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر بدرێ، چەند راستیەک روندەبێتەوە، لەوانە:

ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، جگە لە مونزر نەقشبەندی، کە موخابەراتی عێراق دەرچوو، باقیەکەیان، تێکۆشەرانی کوردایەتی پاک، خاوەن بڕوانامەو کەسایەتی بوون. پێشینەی سیاسیان بەمشێوەیە بووە:

-مام جەلال، د.کەمال فوئاد، نەوشیروان مستەفا، عەبدولرەزاق فەیلیو هۆمەر شێخ موس، تێکۆشەرانی باڵی مەکتەبی سیاسی-پارتی-جەلالی بوون.

-د.فوئاد مەعسوم، عادل مەوراد، مونزر نەقشبەندی، باڵی پارتی-بارزانی-مەلایی بوون.

واتا: (٥) جەلالیو (٣) مەلایی. لەم سیانەش، مونزر خائین دەرچوو. دوانیان ماونەتەوە. لەناو ئەم (٨) کەسەدا، مام جەلالو نەوشیروان، لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا، لەناو پرۆسەی دامەزراندنەکەی بوون. مام ئەندام بووەو نەوشیروان دورکەوتۆتەوە. پاشان، عەبدولرەزاق فەیلی، کراوەتە ئەندامی کۆمەڵە. بەڵام هیچیان بەناوی کۆمەڵەوە، دەستەی دامەزرێنەر نەبوون.

هیچ ئەندامێکیان، دورونزیک، نە بزوتنەوەی سۆسیالیست بونو نە زانیوشیانە، بزوتنەوە گەلاڵەکەی دەستبەجێ، لەدوای هەرەسەوە، لە شاری مەهابادەوە، داڕێژراوە.

لەو ماوەی دەرەوەی وڵاتدا، پێش گەڕانەوەی نەوشیروان، یەکەمین جارو دووەمین جاریش، مام جەلال، دەستەی دامەزرێنەر، هیمەتی زۆریان لەو ماوە کەمەدا کردبوو. جگە لە کامپی مەشقو پەیوەندیکردن بە دەیان ئەفسەرو پێشمەرگە، جموجوڵێکی فراوانیشیان لەدەرەوەی وڵاتدا دەستپێکردبوو. کە ئەگەر دامەزراندنی یەکێتیو جموجوڵەکان نەبوایە، ئاسان نەبوو، ئەو هەموو کاریگەریە سیاسیو راگەیاندنە بۆ کوردایەتی رویدابا. مەیدانەکەش، بۆ پارتی بەتەنها چۆڵ دەبوو. بەڵکو دامەزراندنی یەکێتیو چالاکیەکانی مام جەلال، کاریگەری لەسەر رای گشتی کوردو کۆمەڵەش زۆر بوو.

بەڵام، هەندێک گیروگرفتیش، کە لە بونیاتنانی یەکێتیەوە، لەناو یەکێتیو پاشان شۆڕشیشدا، هەبووە، وەکو:

-بە چ پێوەرێکی رێکخراوەیی، یان تێکۆشانی سیاسیو ئایدیۆلۆژی، ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر دەستنیشان کراوون؟

–ئایا دەستەی دامەزرێنەر بەشێوەیەکی کاتی بوون تەنها بۆ جموجوڵی دەرەوەی وڵات هێنرابوون، یان هەمیشەیی بوون.. ئەمەیان لەسەرەتای دامەزراندنداً، دەستنیشان نەکراوە؟ لەمەوە، گرفتی رێکخراوەیی دێتەپێشەوە، وەکو:

–عەبدولرەزاق فەیلی، لە ئەندامانی ئاسایی کۆمەڵە بووە، دەکرێتە دەستەی دامەزرێنەر. ئۆتۆماتیک دەبێتە بەرپرسی سکرتێرو سەرکردایەتی کۆمەڵە، ئەمەیان بۆچی کۆمەڵە بیری لێنەکردۆتەوە؟

–کە مام جەلاڵو نەوشیروان گەڕانەوەو سەرکردایەتی ناو کوردستان بە یەکگرتوویی دامەزرا، بۆچی باقی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر نەگەڕانەوە؟ واتا: لە (٧) ئەندامی دامەزرێنەر (مونزرمان لێدەرکرد) تەنها دوو هەڤاڵیان ئامادە بوون، بێنەوە ناو شۆڕش. بە سەرکردایەتیش مانەوە.

–ئەوەش لەبەرامبەر سەرکردایەتی ناو کوردستان، کە (١٠) ئەندامی کۆمەڵەو بزوتنەوە بوون. هەر ئەم سەرکردایەتیەش، زۆرترین ئەرکی بەرپاکردنی شۆڕشەکەی لەسەرشان بوو. کەچی لە پلەو پۆستدا، لەگەڵ دامەزرێنەران هاوتا بون. لەهەمووش سەیرتر، ئەوەیە، کە دوای پێکەوەنانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی لەناو کوردستان، راگەیاندنی کۆبونەوەکەو بڕیارە پەسەندکراوەکانی، مام جەلال بە عەرەبی نوسیبووی و بۆ دەرەوەی ناردبوو، کەچی ئەو هەڤاڵانەی دەستەی دامەزرێنەر، کە نەگەڕابونەوە، ناوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەناو کوردستان، نەنوسیبوو.. چونکە خۆیان لەو کۆبونەوەدا، نەکرابونە مەکتەبی سیاسی!

لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی (١٩٨٠) بڕیار درا، تەواوی ئەندامانی دامەزرێنەر بگەڕێنەوە. شا روخا بوو. دۆخێکی باشیش لەئارادا بوو، کەچی کەسیان ئامادە نەبوون بەیەکجاری بمێننەوە. بۆیە، بڕیاری لابردنیان لە سەرکردایەتی درا.

سەرکردایەتی ناو وڵات، پێش گەڕانەوەی مامو نەوشیروان، بەناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان–دەستەی دامەزرێنەر–وڵات) بەیاننامەی دەردەکرد. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند، کە دامەزرێنەرە راستەقینەکانی شۆڕشو رێکخستنەکانی یەکێتی، لەناو وڵاتدا، سەرکردایەتی ناو وڵات بوون. نەک ئەوانەی دەرەوە!

ئێستاشو ئەوساش، رێزی تایبەتیم بۆ دەستەی دامەزرێنەران هەیە، بەڵام جگە لە مام جەلاڵو نەوشیروان، گوناحە دەرهەق بە مێژووی شۆڕشی نوێ، ئێستا وا

ماوەتەوە کە دەستەی دامەزرێنەری دەرەوەی وڵات، دامەزرێنەرانی یەکێتینو ئەوانەی ناو وڵاتیش، کراونەتە قوربانی بڕیارو بەرنامەیەک، کە هەم تێکۆشانی کۆمەڵەو (٧) ساڵ خەباتکردنی پێش دامەزراندنی یەکێتی، قوتدراوە. هەم تێکۆشانی سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستیش، لەناو کوردستاندا، فەرامۆش کرا.

مادام کۆمەڵە، لەناو یەکێتیدا هەڵوەشێندراوەتەوە، هەقوابوو، چۆن کادرو ئۆرگانەکانی کۆمەڵە قوتدران، ئاواش، مێژووی کۆمەڵە بخرایەتە سەر مێژووی یەکێتی. کەچی مەخابن، سەرکردایەتی کۆمەڵە بیریان لەم مافە مێژوویییەی کۆمەڵە نەکردۆتەوە!

هەروەها، چۆن دامەزرێنەرانی دەرەوەی وڵات، ساڵانە ناویان دێت، هەقبوو، زۆرتر سەرکردایەتی دامەزرێنەری ناو کوردستان لە ساڵڕۆژی یەکێتیدا ناویان هاتبا. ئەمەش شانازیەکانی یەکێتی زیاتر دەکرد. نەک، چۆن بە پیلان کۆمەڵەش کۆتایی پێهێنرا، هەر بەوشێوەیەش، مێژووی کۆمەڵەو قوربانی سەرکردایەتی ناو کوردستان، کرایە قوربانیەکی تری سەپاندنی دەستەی دامەزرێنەری دەرەوە بەسەر سەرکردایەتی دامەزرێنەری کوردستان.

دڵنیام، هەن، ئێستا دەڵێن: ئەی کە مام جەلال مابوو، بۆ ئەم قسانەتان نەدەکرد؟ پێیان دەڵێم:

فەرموون سەروتاری رۆژنامەی چاودێر، ژمارە (٣٢٦)ی ٢٠١١/٦/٦، بخوێننەوە، بزانن ناوەرۆکی ئەم بۆچونانەمان، ئاڕاستەی مام جەلال نەکردووە!

(١٢)
چۆنیەتی چونە ناو یەکێتی !

کۆمەڵەی رەنجدەران، سەرەڕای ئەوەی وەکو هێزێکی چەپی شۆڕشگێڕ دەرکەوت، بەڵام رووداوەکان دەریانخست، لەناوەرۆکدا کۆمەڵە، تەنها وەکو مەحفەلێکی بچوکی نهێنی، لە دۆخێکدا، چەپەکان بەر شەوارەی چەپی چەکداری کەوتبونو رێگای ئایدیۆلۆژیان لێ ون بووبوو، کۆمەڵە لەناو ئەو شەوارەیەدا چەپی شۆڕشگێڕ بوو. کە ململانێ لەنێوان هێزی سیاسی–چەکداری بە رابەرایەتی بۆرژوازی فراوان بوو، کۆمەڵە بەو پەروەردە

لاوازەی هەیبوو، تەنانەت دەرەقەتی هێزی بۆرژوازی تێکشکاوی کوردستانیش نەهات. بۆیە، قوتیش درا!! هەڵەکانیشی بنچینەیی بوون کە رویاندا. وەکو: کاتێک بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشی چەکداری دا، دوو هەڵەی زەقی کرد:

یەکەمیان: سەرکردایەتی کۆمەڵە بە رابەرایەتی شەهید شیهاب، بەبێ ڕێکەوتنی سیاسی ڕۆشنی یەکالاکردنی مافـو ئەرکەکان، بۆ چۆنیەتی رابەرایەتیکردنی یەکێتیو شۆڕش، چونە ناو یەکێتی. ئەمە لەکاتێکدا کە یەکێتی لە شامدا دامەزراوە، هیچ کەسێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی، بە مام جەلالیشەوە، لە سەرکردایەتی کۆمەڵەدا نەبوون. تەنانەت لە دەستەی دامەزرێنەردا هەبوون دژایەتی کۆمەڵەشیان لەسالانی (١٩٧٠-١٩٧٥) کردووە. واتا: ڕێکخراوێکی چەپ، چۆتە ناو یەکێتیەکی پاشماوەی وردە بۆرژوای تێکشکاوی دوای بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠. ئەمیش، بەبێ ڕێکەوتنی کۆنکریتی، بۆ دیاریکردنی ئەرکو مافـ! ئەمە تەنها کورتبینی سیاسی نەبوو، بەڵکو لە ڕووی تیۆریو لێکدانەوەی باری چینایەتیەوە، بۆچونەکانی کۆمەڵە لاواز بوون. لاوازی تیۆریەکەی لەو ئاستە ترسناکەدا بوو، لە یەکەمین تاقیکردنەوەی ململانێی ئایدیۆلۆژیدا، لەگەڵ هێزی جولاوی بۆرژوازیدا، هێزی بێ ڕەهەندی سیاسیدا، کە خۆشیان نەیاندەزانی، دەگەنەوە ولات یان نا، تاقە هێزیش پشتیان پێ بەستبوو، کۆمەڵەی مارکسی-لینینی بوو. کەچی کۆمەڵەش، بە پێخاوسی تیۆریو چینایەتی، خۆی هاویشتبووە ناو کێڵگەیەکەوە، کە مینی جۆراوجۆری تیادا، چێنرابوو.

کە کۆمەڵە چۆتە ناو یەکێتی، یەکێتی لەناو کوردستاندا یەک شانەی ڕێکخستنی نەبووەو نەشیدەتوانی بەبێ کۆمەڵە مەفرەزەی چەکداریش پێکەوە بنێ.

دووەمیان: دوای گەڕانەوەی مام جەلالو نەوشیروان مستەفا، مانگی ٧/ی ١٩٧٧، شەهید ئارام خۆی بۆ سەردانی سکرتێرو مەکتەبی سیاسی بەمەبەست دواخست. کە دەستەی دامەزرێنەرو سەرکردایەتی ناو ولات، ئاوێتە کران. بزوتنەوەی سۆسیالیست دوای کۆمەڵە هاتبووە ناو یەکێتی.[*] کەچی دیسان کۆمەڵە بەبێ ڕێکەوتن؛ بەبێ دڵنیابون لە چارەنوسی چوارچێوە نیمچە بەرەییەکەی یەکێتی؛ بەبێ دڵنیابون لە دواڕۆژی لایەنەکانی ناو یەکێتی؛ قبوڵی کرد بچێتە ناو فۆرمیلا نوێکەی سەرکردایەتیەوە، بەبێ یەکالاکردنی ئەرکو مافەکان، درێژەی بە خەباتی سیاسی لەناو یەکێتی دا. واتا: لاوازی لێکدانەوەی

* کۆمەڵە، لەدوای دامەزراندنی یەکێتی بە دوو-سێ مانگ چووە ناو یەکێتی. بزوتنەوە، وتوویژیان لەگەڵ مام جەلال هەبوو، بەڵام دوای دەستپێکردنی شۆڕش، کاتێک عومەر دەبابە گەیشتە شام، داوای چونە ناو یەکێتییان کردوە.

تیۆریو شیکردنەوەی هاوکێشە چینایەتیەکان، لەم دۆخەشدا، لای کۆمەڵە لاواز بووە! ئەم هەڵەیە، لە هەڵەی یەکەمی سەرکردایەتی کەمتر کاریگەر نەبوو، لە چۆنیەتی چونە ناو یەکێتی.

لەدوای پێکەوەنانی سەرکردایەتی ناو وڵات، هێڵی گشتیش، ئەوانەی کۆمەڵەو بزوتنەوە نەبون، بەحوکمی بونی کێشە و بێشە لەنێوان کۆمەڵەو بزوتنەوە، قوتکرایەوەو کرایە پارسەنگێک لەبەرامبەر کۆمەڵەو بزوتنەوەدا؛ ئەمە لەکاتێکدا هێڵی گشتی، ئۆرگانی نەبوو. شانەو کادری ئاراستەکراوی نەبوو. بەڵام مام جەلال پشکی لە سەرکردایەتیدا پێدەدان. لێرەشدا، پێگەی باڵی بۆرژوازی بەهێزتر دەسەڵاتی سیاسیشیان بەرامبەر کۆمەڵە فراوان کراوە!

کە بزوتنەوەی سۆسیالیست جیابونەوە. رەوتێکیان لەناو یەکێتیدا مانەوە. ساڵی ١٩٨٢ بەهەوڵی مام جەلالو د.فوئاد مەعسوم، هێڵی گشتیو رەوتی بزوتنەوە، یەکخرانو مام جەلالیان بە سکرتێری خۆیان هەڵبژارد. ئەمە لەکاتێکدا مام جەلال هەتا ئەوکاتەش، لە کۆبونەوە تایبەتیەکاندا دەیووت: من کۆمەڵەم. ئەوکاتە بەرپرسی مەڵبەندی یەک بوم، بروسکەیەکم بۆ کرد، هۆی ئەو بڕیارەی چی بووە؟ وەڵامی نەدامەوە. لەوەش دەچوو نەوشیروان مستەفا، پێی خۆشبوبێ ئەو بڕیارەی داوەو تا بەتەواوی ساغبێتەوە! دوای ئەوەی کۆمەڵە مەرجی نوێی بۆ سکرتێری یەکێتی دانا کە بە نۆرە بێ، مام لە سکرتێری شۆڕشگێڕان کشایەوە!

(١٣)
هەڵەی کۆمیتەی هەرێمەکان

لەو دوو قۆناغەدا، کە بەبێ رێکەوتنی هەمەلایەنە بۆ دیاریکردنی ئەرکو مافەکان، کۆمەڵە چووە ناو یەکێتی؛ لەکاتێکدا ئەگەر لە قۆناغی دامەزراندندا (١٩٧٥/٦/١) کە هێشتا بزوتنەوەی سۆسیالیست نەچوبێتە ناو یەکێتی، سەرکردایەتی کۆمەڵە پاساویان ئەوە بوبێ تاقە رێکخراوون لەناو یەکێتیدا، بۆیە کۆمەڵە دەبێتە داینەمۆ، لە پاشەڕۆژیشدا دەبێتە پارتی پێشڕەو؛ خۆ لە قۆناغی دووەمی تێکەڵاوکردنی سەرکردایەتی ناو وڵاتو دەستەی دامەزرێنەر، بزوتنەوەی سۆسیالیست چوبووە ناو یەکێتی، هێزی چەکداری

فراوانیان به نیازی فشار خستنەسەر حکومەت، بەڵکو مفاوەزات بکات، دروستکردبوو، مام جەلال گەڕابوەوە دۆخی ناو یەکێتیو شۆڕش سەراپا جیاواز بوو، لە دۆخی ناو شام، پشتیوانی بزوتنەوە زیاتر دەکرا؛ هەر ئەوکاتەش، هێڵی گشتی قوتکرایەوە، ئەو راستیانە، لە قۆناغی دووەمدا، کاتێک شەهید "ئارام"یش خۆی بۆ کۆبونەوەکانو بینینی مام جەلال دواخستبوو، نەدەبوو، کۆمیتەی هەرێمەکان، بەبێ ڕێکەوتن لەسەر وردو درشتی سیاسەتی یەکێتی، پەیوەندی لایەنەکانی ناو یەکێتی، ئەرکو مافەکان لەناو یەکێتیدا، ڕۆڵی سکرتێری لایەنەکانی یەکێتی لە چۆنیەتی دانانی سکرتێری یەکێتیەوە بۆ ئۆرگانە باڵاکانی تری سیاسیو حیزبیو عەسکەری؛ هەروا، چۆنیەتی دابەشکردنی چەکو تفاقو پیشتوانی دارایی..تاد.؟ دەبوایە، سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەو مەسەلانەی بە تەرازوی ململانێ چینایەتیەکان، بۆ ئەو قۆناغەو ئەگەرەکانی دوای ئەو قۆناغەش، هەڵبسەنگاندایە، ئینجا بڕیاری چۆنیەتی قبوڵکردنی فۆرمیلاکەی یەکێتی؛ بڕیاری چۆنیەتی دروژەپێدانی خەباتی لە قۆناغی دوای گەڕانەوەی تەنها دوو هەڤاڵی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی (مام جەلال–نەوشیروان)، لەناو یەکێتیدا بدابایە. نەک بە هەندێک پلەوپایەو چەکێکی کەم رازی بونایە. ئەوکاتە لە کۆمیتەی هەرێمەکان سالار عەزیزو من لەکۆبونەوەکاندا بەشداریمان دەکرد. بەبێ زانینی وردو درشتی رای شەهید ئارامو شەهید ئازاد هەورامی، سەرەڕای تێبینیو هەر ڕەخنەیەک کە ئەوسا هەمانبوو، بەڵام لە دوائەنجامدا، ئەو سیاسەتو بڕیارانەمان قبوڵ کرد. کاتێک شەهید ئازاد هەورامیش گەیشتە مەکتەبی سیاسی، بڕیارەکان تێکڕا درابون. هیچ ناڕەزایەتیەکم لێ نەبیست. سالار عەزیزیش قبوڵی کرد ببێتە مەکتەبی سیاسی. بەندەش قبوڵم کرد ببمە بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتی. دوای ئەوە سالار عەزیز سەفەری دەرەوەی کرد. منیش نەگەیشتمە قەراغ. بڕیار بوو ملازم عومەر ببێتە ئامر هەرێمی قەراغ. ئەویش چوار مانگ لەگەڵ نەوشیرواندا مایەوە.. سەرەنجام ئارام لە (١٩٧٨/١/٣١) شەهید کرا. لەو باوەڕەدام نەوشیروان مستەفا بە مەرام ملازم عومەری لە چونە قەراغ دواخستبێ!!

لەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیدا، باشتر دەرکەوت کە یەکێتی چۆنچۆنی ڕابەرایەتی دەکرێ، زانرا ڕۆڵی کۆمەڵە خراوەتە دوای بزوتنەوەش، ئەویش نەک بە پێگەی جەماوەریو ڕێکخراوەییو چۆنیەتی هێزەکە، بەڵکو بە سیاسەتی مام جەلالو ئیدارەدانی باڵەکانی ناو یەکێتی، بەوجۆرەی لەخزمەتی چۆنیەتی بیرکردنەوەی مام جەلال بوو، بۆ ئایندەی یەکێتی!

بۆیە دەبوایە، ئەو هاوڕێیانەی کۆمیتەی هەرێمەکان کە راستیەکان تاڕادەیەک دەرکەوتنو بڕیارەکان دەرکران، دەبوایە بمانگوتبا: هەڤاڵان بەخێربێنەوە، بەڵام ئێمە بۆ دوابڕیار پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لای رابەری کۆمەڵەو کۆبونەوەیەکی کۆمیتەی هەرێمەکان بکەین. دڵنیام لەو دۆخەدا، بڕیارێکی وامان دابا، بگەڕاینایەتەوە بۆ لای شەهید ئارام، هاوکێشەکان، هەم لەبەرژەوەندی یەکێتیو هەم باشتر بەڕێوەبردنی یەکێتی، هەم بۆ پێگەو ئایندەی کۆمەڵە، گەلێ کاریگەر دەبوو. بەدڵنیاییەوە، مام جەلالیش، باشتر گوێی دەگرتو لە مەترسییەکانی پەراوێزخستنی کۆمەڵە، وردتر تێدەگەیشت. لەم هەلومەرجانەدا، هەڵوێستی لێبڕاو، هەڵوێستێک خاڵی بنچینەیی بخاتە سەر پیتەکان، هەتا مانای تەواو ببەخشن، گەلێ گرنگە. ئەو هەڵوێستانە، لەو چرکەساتانە، ئاڕاستەی مێژوو دەگۆڕن.

من دڵنیام، شەهید ئارام وردتر ئەو کێشانەی لێکدابوەوە. دواکەوتنەکەشی، بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی، بەشێکی پەیوەندی بە کێشەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستو کۆمەڵەوە هەبوو. بەشێکیشی مەترسی بووە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکانو دابەشکردنی هاوکاریەکان. هەروا پێگەو رۆڵی کۆمەڵە لەناو یەکێتیدا. وتومە، ئەشیلێمەوە، شەهید ئارام، مام جەلالی وەکو سکرتێری یەکێتی قبوڵ بوو. بەڵام هەرگیز کۆمەڵەی تەسلیم نەدەکرد. نەوشیروان مستەفاشی بۆ سکرتێری کۆمەڵە قەت قبوڵ نەبوو.

لە سەرەتای ١٩٧٦وە، یەکەمین جار لەڕێگەی شەهید جەماله رەشیدەوە، یەکەمین نامەی کۆمیتەی هەرێمەکان، کە شەهید ئارام نوسی، گەیەندرایە مام جەلال. دوای ئەوە هەتا بەرپابونی شۆڕش سێ-چوار نامەی تری بۆ مام جەلال ناردووە، ناوەرۆکی نامەکانم بەگشتی بیرە. ئارام وەکو بەرپرسی یەکەمی یەکێتی نامەکانی بۆ مام جەلال دەنوسی. مامیش وەکو بەرپرسی کۆمەڵە وەڵامی شەهید ئارامی دەدایەوە. لەو ماوەیەدا، هیچ نامەیەک لەلایەن کۆمیتەی هەرێمەکانەوە، یان شەهید ئارامەوە، بۆ نەوشیروان مستەفا، وەکو کادری کۆمەڵە، یان هەر پلەو پایەیەکی تر، نەنوسراوە. هیچ بڕیارێکیشی دەربارە نەدراوە، کە لە شام، یان لە گەڕانەوەدا، چ بەرپرسیارێتیەکی بۆ دیاری بکرێ.. بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە.

دوای ئەو هەموو ئەزمونو روداوانە، ئێستا کە (٤٤) ساڵ بەسەر بەرپابونی شۆڕش تێدەپەڕێ، کاتێک بیرەوەری (١٩٧٦) دوای بەرپابونی شۆڕش، تا شەهیدبونی ئارام بیر دەخەمەوە، دوو ساڵی رەبەق بووە. لەو دوو ساڵەدا، کۆمیتەی هەرێمەکان یەک

کۆبونەوەی بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی شۆڕشو پەیوەندی بزوتنەوەو کۆمەڵە نەکرد. تەنها یەک جار، ئەویش بەهاری (١٩٧٧) لە چۆخماخ (ئارام، سالار، مەلا بەختیار) وەک کۆمیتەی هەرێمەکان کۆبوینەوە، ئەویش دوو سەعاتێکی خایاند، ملازم عومەریش بانگ کرایە کۆبونەوەکە، باسەکەش هەموو لەسەر کێشەکانی پێشمەرگە، بوونی ناکۆکی بزوتنەوەو کۆمەڵە، رەفتاری نابەجێی هەندێک بەرپرس (هی کۆمەڵەو بزوتنەوە) لەگەڵ پێشمەرگەو لەناو جوتیاران، کەمیی چالاکیو خۆپارێزی..تاد. دورونزیک لە کۆبونەوەکەدا باسی ئەگەرەکانی ناو شۆڕش، گەڕانەوەی مام جەلال، دەستەی دامەزرێنەر، ئەرکو مافەکانی لایەنەکانی ناو یەکێتی نەکران. لەوانەبوو، کۆمیتەی هەرێمەکان، لەو دوو ساڵەدا، یان پێش گەڕانەوەی مام جەلال، کۆبونەوەیەکمان بەسەرپەرشتی شەهید ئارام کردبا، تاڕادەیەک دۆخەکەمان باشتر تاوتوێ بکردایە. هەروەکو چۆن، کۆبونەوەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان، پێش بەرپاکردنی شۆڕش، بڕیاری گرنگیان تیا پەسەند کرانو چەندین بەیاننامەو راسپاردەو پەیڕەوی ناوخۆی پێشمەرگەی تیا بەرهەم هاتن.

کۆنەبونەوەی کۆمیتەی هەرێمەکان، گەرچی دۆخی سەرەتای شۆڕش سەخت بوو، لایەنی کەم، هەر وەرزێک جارێک، یەکێکە لە هەڵە کوشندە سیاسیو رێکخراوەییەکانی کۆمەڵە!

(١٤)
پەیوەندی ئارامو مام

شایەنی باسە، ئەوانەی بە هەر مەبەستێک گومان دەخەنە سەر هەڵوێستی شەهید ئارامو کۆمیتەی هەرێمەکان، دەربارەی مام جەلالو یەکێتیی، تەنها بەم بەڵگانە وەڵامیان دەدەینەوە:

١- یەکێتیی نیشتمانیی بۆچی؟ شەهید ئارام وەریگێڕایە سەر زمانی کوردیو بە تایپو رۆنیۆش چاپ کرا.

٢- بەشێکی بەیاننامەکان، لەناو وڵاتدا شەهید ئارام بەناوی یەکێتیەوە نوسیونی. وەکو: پەیڕەوی ناوخۆی پێشمەرگە، بەیاننامەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-١٩٧٦/٩/١) ئاماژەی وردی تیایە لەسەر پێکهاتەی یەکێتی، کە ئاوا لێکدراوەتەوە:

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزە نیشتمانیو دیموکراتە شۆڕشگێڕو پێشکەوتووەکان، لەچوارچێوەی شێوە بەرەیەکی نیشتمانیی دیموکراتیدا، بەجۆرێک کە هەم هێزو پێگەی پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەرەکان خەباتیان بەتوندوتۆڵی یەکخەن. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حیزب نەبوو، بەڵکو نیمچە بەرەیەک بوو لەپێناوی یەکگرتنی هێزە نیشتمانییەکانو بۆ لەناوبردنی دەستەگەریو دوبەرەکیدا دروستبووەو ئەو هێزانەی تا ئێستا لەم چوارچێوەیەدا کۆبونەوە، لەسەر ئەم بنچینەیە یەکیانگرتووە بۆ خەباتکردن لەسەر ڕێبازی پێشکەوتووی دژ بە ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی، شانبەشانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری عێراق لەپێناو عێراقێکی دیموکراتیدا کە لەچوارچێوەیدا کوردستان بە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە شاد بێ.[1]

٣- شەهید ئارام، لەسەر ئەو بنەمایەی کە سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە، بە ڕابەرایەتی شەهید شیهاب (یەکێتیو مام جەلال)یان قبوڵ بووە، درێژەی بەو پەیوەندییە بەناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە داو نامەکانی لەسەر هەمان ڕێچکەی سیاسیو چوارچێوەی ڕێکخراوەیی نوسی.

٤- تا گەڕانەوەی مام جەلال لە (١٩٧٧/٧/٢٠) بۆ "دۆڵی گۆستێ" لەڕێی تورکیاوە، مام نەکرابووە سکرتێری یەکێتی. هەموو ئەو نامانەی لە دەرەوەی وڵاتیش، بۆ هەر لایەکی نوسیبێ، یان لە ئەدەبیاتدا ناویان هێنابێ، بە نازناوی (هەڤاڵ مام جەلال) ناوبراوە. پلەو پۆستی دیارینەکراوە. کەچی شەهید ئارام هەر وەکو بەرپرسی یەکێتیو بەڕێزیشەوە نامەکانی بۆ دەنوسی.

٥- لە خۆئامادەکردن بۆ بەرپاکردنی شۆڕش، کاتێک فەرماندەو پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول دەبینران، بەڕێزەوە باسی مام جەلالو ڕۆڵی لە دامەزراندنی یەکێتیو گەڕانەوەی بەو زوانەی دەکرا.

٦- هەر لەلایەن شەهید ئارامەوە، مەلا بەختیار، ڕاسپێردرا، شانەو کۆمیتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە شارەکاندا دروستبکرێ، چونکە ئەوکاتە سەرجەم شارەکان پەیوەندییان بەمنەوە دەکرد. جگە لە سلێمانی. یەکەمین شانەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە دوو شانە پێکهات: ڕوناکی شێخ جەناب، شەهید ئاشتی حەمەسەعید، شوکری هاوسەری حاکم برایم،و شەهید جەماله ڕەش. دووەم شانە لە شەهید شێخ عەبدول،

١یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی سالّی ١٩٧٥-١٩٨٣دا. کتێبی یەکەم. ئامادەکردنو ساغکردنەوەی (یوسف محەمەد بەرزنجی) ٢٠١٧. ل(٩٧).

یونس، مەسعود. لە قەڵادزێو رانیە شەهید فاروق ڕێکیخستن. لە هەڵەبجە شەهید وەستا ئەنوەر (دوای شێخ عەلی) لە خانەقین عیماد ئەحمەدو مامۆستا فازیلو مامۆستا موحسین، لە کەرکوک شەهید ئازادو سەلام چاوشینو نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵاو هاوڕێ کرێکارو حەمید شورتە. لە کەلار عەبدولرەحمان زەلکەو سەمین دەوڵەتو برایم سەمین. لە هەولێر شەهیدان: عەبدولرەزاقو مەلا غەفورو محەمەد زەنگەنەو ئاراس. لە بەغداد شەهید ملازم جوامێرو عەلی شامارو مامۆستا بەندەر مەندەلاوی. لە کفری مامۆستا عەلی پەرلەمان. لە دەربەندیخان مامۆستا مەحمود قەراغیو شەهید شاسوار (حەمید)و مامۆستا مەحمودی پەیوەندییە کوردستانیەکانو شەهید هیوا. لە دهۆک لەڕێی منەوە، مامۆستا ئیسماعیل حەسەن باجەلانو مامۆستایەکی دهۆکی بەناوی عەلی لە پەروەردە بوو، چالاک بوون. (ئەندامی تریش هەبون.. خۆیان دەرنەدەخست!). سەرەتا ئەمانە بون. لە سلێمانی هاوڕێیانی کۆمەڵە بەجیا تێدەکۆشان دوای کۆمیتەی هەرێمەکان سالار عەزیز بوو بە بەرپرسی ڕەسمییان هەرێمی سلێمانی. لە دیبەگەو مەخموریش ڕێکخستن هەبوو بەداخەوە ناویان نازانم.

بۆیە، هەموو ئەو قسەو قسەڵۆکانەی لەبارەی پەیوەندی کۆمیتەی هەرێمەکانو شەهید ئارام لەگەڵ مام جەلال، لێرەو لەوێ دەوترێن، بە مەرامی جۆراوجۆر داتاشراوون.(*)

قسەکانمان، بۆ ئەو بارودۆخەیە، کە کۆمیتەی هەرێمەکان خۆمان شاردبوەوە. یان کە شۆڕش کرا. ئایا، شەهید ئارام ماباو زیاتر ڕووبەڕووی ڕوداوەکانو کێشمەکێشەکان ببوایە، هاوکێشەکان چییان بەسەردا دەهاتو هەڵوێستی شەهید ئارامو کۆمیتەی هەرێمەکان، چەند دەگۆڕان! ئەمەیان تەنها ئەگەری سیاسین.. بە شەهیدبونی ئارام هەمووی لەگۆڕ نران! بەڵام دڵنیام، بە مانەوەی شەهید ئارامو کۆبونەوەی ناوبەناوی کۆمیتەی هەرێمەکان، یان کۆبونەوەی نیمچەفراوانی کادرانی کۆمەڵە، بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی یەکێتی، لەدوای گەڕانەوەی مام جەلال، کاریگەری پۆزەتیڤی دەبوو!

* لەکاتی خۆشاردنەوەدا، لە سلێمانی جگە لە فوئادی مەجید میسری، کە لەگەڵ شەهید ئارام لە مااڵێک بوون، لەهیچ کەسی ترم نەبیستووەو نەزانیووە، باسی مەترسی توانەوەی کۆمەڵەو زاڵبونی مام جەلاڵو عەلی عەسکەریو نەوشیروان مستەفا، لەناو یەکێتیو شۆڕشدا، بکات. دوای بەرپابونی شۆڕشو گەڕانەوەی مام جەلال، بەڵێ بۆچونی جیاواز لەسەر چۆنیەتی پاراستنی کۆمەڵە، سەریهەڵدا. لە هەولێر-کەرکوکیش، شەهید عەبدولرەزاق، جارجار، ئەو مەترسییانەی باسدەکرد!

(١٥)
باجی هەڵەکان

لەو مەسەلە باسکراوانە، مەبەستمان بووە، لە هەموو بارێکەوە، رەگو ریشەی ئەندێشەی رق، هزری توندوتیژی، سایکۆلۆژیەتی دوژمنایەتیو دژندایەتی، لەڕووی: مێژوویی‌یەوە، لە باری ئابووری‌یەوە، چەوساندنەوەی چینایەتیەوە، نەبونی ڕۆشنگەریەوە، سەرهەڵنەدانی دیموکراسیەوە، وەرنەچەرخانی کۆمەڵایەتیەوە، بنچینەی لاوازی فەلسەفیەوە، کوردایەتی کلاسیکیەوە، حیزبایەتی گۆشەگیریەوە، تاکپەرستیەوە، سەرکوتکردنی ئازادیەوە، هەڵپەرستیەوە، زاڵکردنی هێزی چەکدارەوە، لادانو بادانەوە.. تاد. بۆ ئاسانکاری تێگەیشتن لە بابەتەکانی کتێبەکە، باسبکەین.

مەبەستمان بووە، تەواوی ئەو ڕەگو ریشانە، بە میتۆدی دیالیکتیک، بدەینە بەر ڕەخنەی زانستی، هەتا خوێنەر هۆکارە ڕاستەقینەکانی کارەساتەکان، تاوانەکان، ڕشتنی ڕقە دەرونیەکان، لەناو لایەنەکانو بەرامبەر بیری ئازاد، هەڤاڵ دژی هەڤاڵ، هاوسەنگەر دژی هاوسەنگەر، لایەن دژی لایەن، هێز دژی هێز، دەربخەین.

هەن پێیانوایە، بەشی زۆری ئەو ڕوداوانـە، کارو کاردانـەوە، یان هەڵە بە هەڵە چارەسەرکردن بوون. بۆچونی وا، بۆ ڕوداوی ڕێکەوتو ڕاگوزەر، یان لەکاتی توڕەبونو هەڵچوندا، ڕاستە. بەڵام کاتێک کارەسات، پیلانگێڕی، غەدری خۆبەخۆیی، دیلکوشتن، ژنکوشتن، خوێنڕشتن، هاوسەنگەر کوشتن، کودەتا کردن، هەڵمەتی نـاڕەوا بردن، سایکۆلۆژیەتی ڕق وروژاندن، بوختان هەڵبەستن..تاد، کاتێک تەواوی ئەو ڕوداوانە، دەبنە دیاردەو لەناو پرۆسەیەکی مێژوویی قۆناغ جیاوازدا بەردەوام دەبن، ئیتر ناکرێ ئەم ڕاستییە تاڵانە، بە کارو کاردانەوە، یان هەڵە بە هەڵە چارەسەرکردنی ڕاگوزەرو هەڵچون، سەیر بکرێ. بەڵکو دۆزینەوەی ڕەگو ریشەی قۆناغ بە قۆناغی ئەو دیاردەو ڕوداوانە، لە زانستی کۆمەڵناسیدا، بێڕادە گرنگە. بەپێچەوانەوە، بەدرێژایی مێژوو نەدۆزینەوەی ڕەگو ریشەی ئەو دیاردە هەرە زیانبەخشانە، لایەنی کەم، لەدوای پەنجاکانەوە، کە ئیتر بەڕەبەڕە، دەرگاکانی خوێندنو خوێندنی باڵا ئاوەڵا کراوون، زیانی زۆری گەیاندوەو تەنها ئەوانەی نەخۆشی سایکۆلۆژییان ئاوێتەی سیاسەتو لوتکەی دەسەڵات کردووە، سودیان لەو باسنەکردنو ڕەخنەنەگرتنانە بینیووە. پێکهاتەی سایکۆلۆژی لە بڕیاری سیاسی کوردایەتیدا، لەخۆڕا سەریهەڵنەداوە، بنەچەی خێزانو بنچینەی کۆمەڵایەتی هەیە. زانای کۆمەڵناسی عێراق، دەڵێ:

"زۆرێک لە توێژەران لە رابوردودا پێیانوابوو، رەچەڵەک فاکتەری یەکلاکەرەوەیە لە پێکهێنانی کەسایەتیدا، کاتێکی تر هات، هەندێک لە توێژەران گوتیان کە پەروەردەو ژینگەی کۆمەڵایەتیو ئەو دۆخەی مرۆڤی تیا گەشەدەکات، لە رەچەڵەک کاریگەرترن بۆ پێکهێنانی کەسایەتی. دەشتوانین بڵێین، ئێستا زۆرترین توێژەران لەنێوان ئەم دوو بۆچونەدا مامناوەنجی بیر دەکەنەوە.

ئێستا رونبوەوە کە کەسایەتی ئەنجامی کارلێکی دوو کۆمەڵە فاکتەرن، ئەوانیش فاکتەری رەچەڵەک لەلایەکو فاکتەری ژینگەی کۆمەڵایەتیو ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی مرۆڤ تیادا دروستدەبێ لەلایەکی ترەوە".[1]

سۆسیۆلۆژو سایکۆلۆژیستەکانی رۆژئاوا، سەدان چەشن نەخۆشی سایکۆلۆژییان شیکردۆتەوەو فێرگەی جۆراوجۆریان بۆ پۆلێن کردون، خۆزگە وەرگێڕێکی کوردی-فارسی (فرهنگ توصیفی علوم رفتاری شناختی. دکتر علی اکبر شعاری نژاد)ی وەکو نمونەیەک وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی. لە پێشەکیەکەدا، ئێران بەو هەموو دەوڵەمەندییەو ملیۆنەها نوسینو چاپی وەرگێڕان، نوسەر دەڵێ:

"نوسینی فەرهەنگی زانستی لەئێراندا، پێشینەیەکی درێژی نییە، گەرچی لە بواری نازانستیشدا رابوردویەکی درێژ نییە. سەرەڕای ئەمە، ئاوڕدانەوە لە نوسینی فەرهەنگ دەتوانرێ بە ئاوڕدانەوەیەک بژمێردرێ کە نوێنەرەوەی رەگو ریشەی بیرکردنەوەی دروست لەنێو خەڵکی یەک کۆمەڵدا".[2]

لەم فەرهەنگەدا، سەدان دەستەواژەی سایکۆلۆژی شیکراونەتەوە، کە بەشی زۆری ئەو نەخۆشییە دەرونیانە، بە کردەوە، رۆژانە لەناو ماڵ، خێزان، سیاسەتو ژیانی کۆمەڵایەتیدا، روبەڕوویان دەبینەوە؛ زیانەکانی هەستپێدەکەین؛ باجی کێشە کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆژیەکانی دەدەین؛ تاوانەکانی دەبینینو دەبیستین؛ دەبنە مایەی فیتنەو فەرتەنە؛ تەنانەت بەشی زۆری کێشەکانی دادگا، گرفتی خێزانیی، ململانێی سیاسی، سەرچاوەکەیان ئەو نەخۆشییە سایکۆلۆژیانەن، کە لە کەسانی ئاساییدا، لەناو خێزانو هاوڕێدا، لە مێشکی سەرکردەو ژیانی حیزبایەتیدا، گینگڵ دەدەنو بەردەوام ماخۆلانیانە. بەڵام هێشتا، لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستاندا، کەمترین بەرنامەی خوێندنیان بۆ تەرخان کراوە. ئەوەی بۆیشی تەرخانکراوە، سودێکی ئەوتۆیان لێنەبینراوە. فارس، سەرەڕای ئەوەی زۆریان لەمبارەوە ئەنجامداوە، بەڵام لەبەرئەوەی دیاردەکە هێندە پەلوپۆدارە، هێندەش

١ د.علي الوردي فی الطبيعة البشرية. محاولة فی فهم ما جری. تقديم: سعد البزاز/١٩٩٦. ص(٣٣).

٢ فرهنگ توصيفي علوم رفتاري: شناختي. دكتر علي اكبر شعاري نژاد. انتشارات اطلاعات. چاپ اول١٣٩١.ص(٥).

ئاوێتەی ژیانمانە، لەخۆبوردوانە دەڵێن: "لەئێراندا پێشینەیەکی درێژمان نییە" لەکاتێکدا زۆر بەدیقەتیش رەفتاریان وەکو زانست ناونـاوە (علوم رفتاری-زانستی رەفتار) واتا: وەکو لقێکی جیای زانستی کۆمەڵایەتی لێکیانداوەتەوە.

بەختیار عەلی، ئێجگار جوانی بۆچووە کە دەڵێ:

"ئەم خۆشباوەڕیە، ئەم وێنە سادەیە بۆ تاوان لەبەردەم مێژووی سەدەی بیستو سـەدەی بیستویەکدا تـەواو تێکدەشکێت. مـرۆڤ تەنها لەبەر نـاچـاری، پێویستی، پەراوێزخستن، کەسێکی دی ناکوژێت، بەڵکو جیا لەوانە چەندەها هۆکاری ناعەقڵانی دیکەش هەن بۆ کوشتن. کە کۆکردنەوەو دیاریکردنیان ئەستەمە، هۆکاری کوشتن بەئەندازەی ئاڵۆزی خودی مرۆڤ ئاڵۆزە".[1]

(١٦)
رقی سایکۆلۆژیو تاوانی یاسایی

رقی سایکۆلۆژی، کە قوڵ دەبێو دەشکرێتە بەشێکی بەرنامەو بڕیاری سیاسی، سەرکردە، یان هێز، یاخود دەزگاو ئۆرگان، بە ناڕەواش دەیسەپێنو تاوانی لێدەکەوێتەوە. چون جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە، بەشێوازی تووندوتیژی، هەروەکو (فۆن کلاوزە ڤتز-von Klawoewitz) وتویەتی: نەخۆشی سایکۆلۆژیش، کە دەخرێتە ناو بەرنامەو بڕیاری سیاسیەوە، لەکاتی ناکۆکیو ململانێکاندا، سەرەنجام، رووداوی چاوەڕواننەکراو، یان کوشتو کوشتاری لێدەکەوێتەوە. نەخۆشی سایکۆلۆژی لەم حاڵەتەدا دەبێتە بەشێکی رووداوی خوازراو، یان نەخوازراو، چونکە نەخۆشیەکە، هەوێنی بڕیارو بەرنامە سەپێنراوەکانە. بۆیە، لە یاسای کەتنو تاواندا، کەمتر نەخۆشی سایکۆلۆژی کراوەتە هۆکاری تاوانگەلی سیاسیو کۆمەڵایەتیو شەخسی. زۆرتر تاوانی مادی، بنەمای یاساو دادوەرییە!

ئەگەر، لە داوودەزگا رەسمیەکانی حکومەتدا، تاڕادەیەک نەخۆشی سایکۆلۆژی بخرێتە ژێر چارەسەر، یان دوربخرێتەوە لە ژینگەی کار، خۆ لەناو حیزبەکانو لە دەسەڵاتی باڵای سیاسی-عەسکەریدا، نەخۆشی جۆراوجۆر هەیە، لە ناخی کەسایەتیەکاندا کاریگەرن، بەڵام لە لوتکەی بڕیاردانداً، هەر درێژە بە بەرپرسیارێتی دەدەن. ئەمەش لەناو هێزە

١ بەختیار عەلی. دوا خەندەی دیکتاتۆر. چاپخانەی کارۆ. ٢٠٢٠. ل(٢٧٤).

سیاسیەکانو شۆڕشە چەکداریەکانی کوردستاندا، مەترسی سایکۆلۆژی نەزانراوی ترسناک بون. کەتنی گەورەشیان ناوەتەوە. لەناو شۆڕشەکانیشدا، هەر بیریش لە نەخۆشی سایکۆلۆژی نەکراوەتەوە!! ئەمە لەکاتێکدا، نەخۆشی سادیزمو نەهلیستیەتیش، لە لوتکەی دەسەڵاتی سیاسیو عەسکەرییشدا هەبووە. ئەنجامەکانیشی لە دیلکوشتنەوە، بۆ نەهێشتنی ئازادیەکان، هەتا دەگاتە بڕیاری ڕەفتار فاشیانەی ریشەکێشکردنی جیاوازیە فکریەکان.

هەموو جۆرە هەڵگیرساندنی شەڕی نارەوای ناوخۆ، یاخود، کوشتنی دیلی شەڕ، یان پاکتاوکردنی نەیاران، بەبێ بەڵگەی سەلمێنەر، تەنها بە بڕیاری تاکە کەسێک، هۆکارەکەشی نەخۆشی سایکۆلۆژی بوبێ، درابێ. ئەمە بۆ بڕیاردەرەکە تاوانی گەورە بووە. بۆ ئەوانەی تاوانەکەشیان جێبەجێ کردووە، هاوبەشی تاوانەکان. یاخود ئەوانەی تاوانەکەیان داپۆشیووە، یان بەرامبەر تاوانی جۆراوجۆر، لەبەرامبەر جۆرەها لایەنو لە دۆخی جیاواز جیاوازدا، بەردەوام چاو لە تاوانی پۆشراوە، یان پاساوی بۆ داتاشراوە، نوسینو شانامەیان بۆ هۆنیوەتەوە؛ لەوەش خراپتر، هەر جۆرە پەسەندکردنێکی ئەو تاوانانە، بەرامبەر خەڵکانی بیر جیاواز، کە پێشوەخت زانراویشە، سەرکردەکان بە رقی سایکۆلۆژی، یاخود بۆ تۆڵەسەندنەوە، لەو جۆرە بڕیارانەیان داوە، کەچی زۆریش بون ئەوانەی بەم جۆرە بڕیارانە رازی بون، ئەمەش دەبێتە بەشێک لەو جۆرە تاوانانەی کە لەناو شۆڕشو لەناو یەکێتیو کۆمەڵەدا، ئەنجامدراوون.

نوسەری کتێبی (چەپکێک) بەدرێژایی خەباتی سیاسی لەناو کۆمەڵەدا، بە نەخۆشی سایکۆلۆژی، ململانێی ناوەختی لەپێناوی نەخۆشییە دەرونیەکانی قوواڵ کردووە. لەناو شۆڕشیشدا، هەمیشە بۆتە بڵندگۆی هەڵبەستنی درۆو دژایەتی نەیارە فکریەکانی. لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکانیشدا، لە دیلکوشتن، غەدر کردن، ناجوامێری نواندن، بڕیاری پاکتاوکردن، ئەم لەپێشەوەی خەڵکانی تر، بەو جۆرە بڕیارانە، دەرونی نەخۆشی ئاسودە بووە. زۆری تر بون ئەوانەی وەکو ئەم، بە کوشتنی دیلو خوێنڕشتن، ماوەیەک دەرونیان ئاسودە دەبوو! وایاندەزانی دادگای مێژوو، بەرامبەریان تا هەتایە داخراوە. بۆیە تاوان دوای تاوانیان ئەنجامدەدا.

لەم کارەکتەرانە، یەکو دە نین. سێو سیش نین. سەدانن. سەدانی خوێنەوارو نەخوێندەوار. کۆیلەی سیاسیو خاوەن کۆیلەی سیاسی، کە لە بنەچەدا دەرونیان زوخاوی رقی لێ تکاوە، بەڵام بە دەمامکی مارکسیەتو رەنجدەران دایانپۆشیوەو بە چەکی پێشمەرگەش تاوانیان ئەنجامداوە. ئەمانە، پێش ئەوەی کەڵەکە دیواری زیندان بۆ نەیارانیان هەڵچنن، ناخی سەدان تێکۆشەری شۆڕشگێڕیان لێورێژ دەکرد، لە پروپاگەندەی

هەڵبەستراو. لە کینەی نەزانراو. لەم رێگەیەشەوە، دەوروبەری خۆیان بەرامبەر تاوان بێدەنگ دەکرد. یان دەنگیان بە بڕیاری تاوانکردن دەدا. با دیقەت بدەین سیاسەتمەدارێکی بەئەزمونو روناکبیری ماندوو، چۆن ئەم راستییە، دان پیا دەنێ:

"لەکاتی جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕشو کاک مەلا بەختیار من بێگومان لەلایەنی مام جەلالو کاک نەوشیروان بووم.. دژی ئاڵای شۆڕش بووم‌و چەندین وتاری تۆندیشم لەدژیان نووسین.. کاتێکیش کۆنفرانسی کۆمەڵە لەبارەی تاوتوێکردنی سەرکردایەتی یەکێتی‌و شۆڕش‌و جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش بەسترا، وابزانم ٦٣ کەس بووین، هەموومان واژۆی بڕیاری گوللەبارانکردنی مەلا بەختیارمان کرد، بەڵێ منیش واژۆم کرد.. بێگومان ئەمەش لەژێر گوشارو کاریگەری کاک نەوشیرواندا بوو".[1]

د.ئەرسەلان باییز، نمونەیەکی گرنگە بۆئەوەی لێکی بدەینەوە کە پروپاگەندەی "گوشارو کاریگەری" سایکۆلۆژی، چەند کاریگەر بووە لەسەری. کە هاتە دەرەوە، بەوپەڕی ڕێزەوە، پێشوازیم لێکرد. هاوسەرەکانیشمان پەیوەندی جوانیان هەبوو. بچوکترین گرفت لەنێوانمان ڕوینەدا. کەچی، لەسەر جیاوازی بیروباوەڕ، دەکەوێتە دۆخێکی سایکۆلۆژی واوە، تۆندترین وتارمان لەسەر دەنوسێ. لەمەش خراپتر، بەناچاریی، لەژێر کاریگەری سیاسەتی نەوشیروان، لەناو پلینیۆمدا، دەست بۆ کوشتنمان، هەڵدەبڕێ!! ئەمە چ حاڵەتێکی دەروونییە، چ کاریگەریەکی ترسناکە، لەماوەیەکی کەمدا، هاوڕێ دەکاتە دوژمنی هاوڕێ. ئەم نمونەیە، ڕاگوزەر نییە. بەشی زۆری ئەندامی پلینیۆمەکە، هەروەکو د.ئەرسەلان دەستیان بۆ تاوانەکە بەرزکردۆتەوە!

چەند دۆخێکی سایکۆلۆژی ترسناکە. نەوشیروان دەتوانێ، وا لە (٦٣) کادر، کە شادەماری کۆمەڵە بوون، لە ماوەیەکی کورتدا، خەیاڵدانیان لێوڕێژ بکات لە رق. دوا شانەی بیرکردنەوەی ئازادیان کوێربکاتەوەو دەسەڵاتی بڕیاردانیان کۆنترۆڵ بکات. شانەیەک لە هزریاندا نەمێنێ، بیرێک لە سەربەستی خۆیانو کەسایەتیان بکەنەوە. ئەمە چ دڕدۆنگیەکی دەروونییە وا لە تێکۆشەر، کادر، سەرکردە بکات، بە ئاستەمیش بیر لە خۆیان، لە مێژوویان، لە دواڕۆژی بیروباوەڕیان نەکەنەوە. دیکتاتۆرەکانیش لەمێژوودا هەر وایان کردووە. دیکتاتۆرەکان، پێش ئەوەی هێزی سەربازی بەکاربێنن.. دەستەمۆی سایکۆلۆژی رای گشتی، دەکەنە بەشێک لە سیاسەتەکانیان. دەستەمۆی سایکۆلۆژی.. لە هێزی سەربازی ترسناکترە.. بۆ قۆناغێک!

---

١ ژیانو خەباتی سیاسی د.ئەرسەلان باییز لە چاوپێکەوتنێکی مێژوویدا. چاوپێکەوتن: ئیسماعیل کوردە. چاپی یەکەم: ٢٠١٩. ل(١٤٠).

سەیر ئەوەیە هاوڕێم د.ئەرسەلان دەڵێ: تەنها عەبدوڵڵا تۆفیق دژی کوشتنی مەلا بەختیار بووە، وتویەتی پیاوێکی تێکۆشەرەو خزمەتی زۆر کردووە، نابێ بکوژرێ.. ئەمە چی دەگەیەنێ؟

ڕێک ئەوە دەگەیەنێ لە (٦٣) کادری سیاسیو عەسکەریو سەرکردە، تەنها یەک کەسیان ویژدانیان هەبووە. تەنها یەک کەسیان نەچۆتە ژێر کاریگەری سایکۆلۆژی نەوشیروان مستەفاوە، کە هەموویانی دەستەمۆی بڕیارێک کردووە، بیانەوێو نەیانەوێ، مێژوو، شوناسی شۆڕشگێڕێتی وشیارو تێکۆشەری ئازادیخوازیان، بە چەمکە فراوانەکەی، لێدەسەنێتەوە.

ئەو بڕیارەی کەسانی وەکو هاوڕێم ئەرسەلان، لە ویژدانم دەرهێنابوو. نەشمکردبووە رق، بۆیە کە ئازاد بومو لە سەیارە وەرگەڕا، لە ورمێ سەرم لێدا. بەڵکو کەوتینە گفتوگۆ، بۆئەوەی لەبەرامبەر سیاسەتە شکستخواردوەکەی نەوشیروانداا، بیر لە بەدیلێک بکەینەوە. چەندین کۆبونەوەشمان کرد. داگیرکردنی کوەیت، ئاڕاستەکەی گۆڕی!

لەم نمونەیە مەبەستمە بڵێم: لە دونیای سیاسەتدا، تەنانەت روداوی وەکو پلینیۆمە قەرەقۆشیەکەی نەوشیروانیش، نابێ، ببێتە مایەی رقو لێکدابڕانی هەمیشەیی! ئەگەر دەرونی مرۆڤ، لە بنچینەدا، دوچاری نەخۆشی نەبوبێ!!

(١٧)
کنەو کینەی شاردراوە!

ئەم کارەکتەرانە، لە کنەی شانەی نهێنی کۆمەڵەوە، کینەی شاردراوەیان پەنا دەداو لە شکستی دوای جەلالیەکانەوە، رقی پەنگخواردویان بۆ هەلی رقڕشتنو هەلی تۆڵەسەندن، خۆیان مەڵاس دابوو!

شکستی جەلالیەکانو هەرەسپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول، دوو روداوی ڕاگوزەر نەبون. هەردوو ئەم روداوە، لە (٥٦) ساڵی رابوردوودا (١٩٦٤–٢٠٢٠) رقبەندێکی(*) پەی پێنەبراویان لە ناخی هەردوو جەمسەرەکەدا، پەنگ دابوو. بۆیە، زۆر جار کە دەشمان گوت گوایە: ئێمە شۆڕشی نوێینو کۆمەڵەی مارکسین، کەچی خوتو خۆڕاییش دەستمان دەچووە خوێنی یەکتر. تومەز ئەمە باکگراوندی سیاسی–سایکۆلۆژی هەبووە. بۆیە کە

* رقبەند: دەستەواژەیەکی نوێیە، لەم نوسینەدا یەکەمین جارە دایدەڕێژین. مەبەست پەنگخواردنی رقی کۆنو نوێیە.

ئاوڕ لە رووداوەگانی ئەو ساڵانە دەدەینەوە، هیچ هۆیەکی سیاسی لەپشت قەتڵوعامکردنی برایم عەزۆو هاوڕێکانی لەو دۆخەدا ئەوەی نەدەهێنا، بە دیلیی شەهید بکرێن. تەنها ئەو هۆکارە رقبەندییە دەروونییە نەبێ، کە لە وشیاریی‌و ناوشیاریی سیاسیدا، بڕیاری کوشتنی دیلی بەکۆمەڵی دەدا. هەمان رقبەندی دەرونی، هاندەری کاریگەری قەتڵوعامی (قڕناقاو پشتئاشان-١٩٨٢) بوو. ئەم ڕێبازەی دیلکوشتن، هەتا ئەنفالەکانیش درێژەی کێشا. لە راپەڕیندا، لە هەڵمەتی ڕۆژانی یەکەمدا، دیلکوشتن هەبوو، بەڵام دوای دڵنیابون لە سەرکەوتنی راپەڕین، ڕاگیرا. کاتێک راپەڕین دوچاری شکست کراو بەکۆمەڵ کۆڕەو رویدا، ئەم قینە سایکۆلۆژییە بە چەشنێکی ترسناک گرێدرایە گرێی دەرونی. خۆ لەخۆڕا نەبووە دوای کۆڕەو، بە فەرمانی تایبەتی (ن.م) هێزێک بە چەندین تەن دینامیتەوە بەسەرپەرشتی (ش.ح.م) نێردرا بۆ بەنداوەکەی دەربەندیخان‌و لەژێر سەدەکە، دوو تۆربین تەقێندرایەوە، بەڵام سەدەکە بەو دینامیتە دانەڕوخا. ئەگەر دابڕوخایە، تەواوی کەلارو باوەنور، هەتا دەگەیشتە خوار بەعقوبەی رادەماڵی، کە ئەوکاتە قوربانیەکانی بە (٤٠٠-٥٠٠) هەزار کەس خەملێندراوە. وتراویشە: قیروسیا چەند کورد تیادەچن، گرنگ ئەوەیە زۆرینەی عەرەب دەختکێن‌و تۆڵەی ئەنفال دەکەینەوە. بەمەدا دەردەکەوێ، ئەنفال، رووداوێکی کوت‌وپڕی سیاسی نەبوو. بەڵکو ئایدیۆلۆژیەتێکی بنجداکوتراوی دێرینە بوو، بەعس، بە دیوە ئاشکراکەی‌و فاشیستیەکەی سەپاندی، سەرکردەکانی کوردیش، دەیانویست، بە دیوە شاردراوەکەی بەناوی تۆڵەسەندنەوە، دوبارەی بکەنەوە. چۆن بەعس ئەنفالی لەناو خەڵکدا سەپاند، هەر بەوشێوەیەش، دەویستر‌ا، بەناوی تۆڵەسەندنەوە، بەجۆرێکی کوردیانە، پرۆسەیەکی ترسناکی ئەنفال بسەپێنن. ئەم بڕیارەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی، باشترین بەڵگەیە بۆ سایکۆلۆژیەتی نەهلستی (پوچگەرایی)، پوچگەراییەک، تا ئەوڕادەیە، سەدان هەزار کەس دەکرێنە قوربانی.. بەناوی تۆڵەسەندنەوە. واتا: یەکسانیکردنی قوربانی‌و جەلاد، لە تاوانکاریدا. ئەمەش خەتەرناکترین جۆری بیرکردنەوەیە، کە سەرکردەی قوربانیەکان، دەگەنە ئاستی یەکسانی بوون لەگەڵ سەرکردەیەکی جەلاددا. لێرەشدا، دیسان، بە دیوە تراژیدیاکەی، جیاوازی نامێنێ.. لەناو شۆڕشدا، بەناوی پاراستنی شۆڕش، جیاوازیەکان دەکوژن. لەدەرەوەی شۆڕشیشدا، بەناوی تۆڵەسەندنەوە، جیاوازی نێوان جەلادو قوربانی.. فاشیست‌و ئازادیخواز، دەکوژن.

ڕەنگە هەبن، ئێستاش باوەڕنەکەن، نەخشەکێشراوە دیوێکی شاردراوەی کۆمەڵکوژی بە روخاندنی بەنداوی دەربەندیخان، ئەنجام بدرێ. بەڵام شوێنەواری ئەو دوو تەقینەوەیە، هەتا

حکومەتی ئیدارەی سلێمانی لە کەمبونی بەرهەمهێنانی کارەبادا کاریگەری مابوو. بۆیە کارەبای دەربەندیخان بەرهەمی کەمبوو. کۆمپانیای بێگانە بۆ چاککردنی بانگ کرابون، داوای دەیان ملیۆن دۆلاریان کردبوو. بەڵام بە هیمەتی وەزارەتی کارەبا، کە ئەوکاتە (تەحسین قادر) جێگری وەزیر بوو، بە کەمترین تێچوون چاک کرایەوەو تۆڕباینە تێکدراوەکانیش خرانەوە گەڕ!

(١٨)
هەڵچون یان ڕێباز؟

من دەپرسم: ئایا هەموو ئەو ڕوداوانـەی لەناو شۆڕشدا، لە ڕیزەکانی یەکێتی‌و کۆمەڵەدا، هەروەها پارتی‌و سۆسیالیست‌و پاسۆکدا، کە قوربانیەکانی سەدان تێکۆشەر بون، تا دەگاتە بڕیاری تەقاندنەوەی بەندیخان دەربەندیخان، ئایا، ئەمە ڕێکەوتی سیاسی، یاخود هەڵچونی کاتیی بـووە؟ یـان سـەرکردە بـاڵاکـان، لەڕێگەی فەرماندەو کـادرە دەستەمۆکراوەکانەوە، بە بڕیاری سیاسی‌و ڕقی سایکۆلۆژی ئەنجامیان داوون؟ ئاخر ئەو ڕەفتارانە، چ پەیوەندیەکیان بە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلێکی ستەملێکراو هەبووە؟ چ پەیوەندییەکی بە ڕێکخراوێکی چەپی دامـەزراو لەسـەر بنەمای مارکسیزم هەبووە؟ ستالین، یان پۆلپۆت، هەر ئەم تاوانانەیان ئەنجامداوە، تا مێژوو خستنیە دادگای ڕەوای خۆیەوە. ستالین، دەوڵەتێکی تۆتالیتاری-پۆلیسی بەدەستەوە بوو، ملیۆنەها کەسی کوشت‌و باشترین سەرکردەکانی حیزبەکەی لەناوبرد، هەندێک سەرکردەی کوردیش، تەنها زیندانێک‌و چەند فەرماندەیەک‌و چەند تیپێکی پێشمەرگەیان، بەدەستەوە بووە، ئەو هەموو تاوانەیان ئەنجامداوە. بەدڵنیاییەوە بۆیان بلوایە، دەوڵەت‌و دەزگای زەبەلاحیان بەدەستەوە با، خراپتریان ئەنجامدەدا.

دوو کچ‌و دوو کوڕ یەکتریان خۆشدەویست. یەکێکیان لە چاڵاوای دۆڵی جافایەتی بوەو ئەوی تریان شەهید ڕێبوار لە تیپی قـەراغ کچێکی خۆشدەویست. بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا مەکتەبی سیاسی، هـەر چـواریـان شەهید کـران. ئـەوەی چـاڵاوا (مەڵبەندی دوو) جێبەجێی کردو ئەوەی قەراغیش (هەڕێمی پێنج). شەهید ڕێبوار تا بڵێی ڕێک‌وپێک‌و دڵسۆزیش بوو. دوای جیابونەوەی ئاڵای شۆڕشیش، نەوشیروان مستەفا بەبێ دادگا سالاری حاجی دەرۆێشی شەهید کرد. بەبێ ئەوەی لە بەڵگەنامەکانی عێراق‌و کوردستاندا، بچوکترین بەڵگەی لەسـەر دۆزرابێتەوە. هەروەها جوامێری سەرتیپی بەبێ

دادگا، لەناوبرد، خەلیفە عەبدوڵڵا مارفی، بێ تاوان، کوشت. لەهەمان کاتدا (عیدان ناسر- لەدایکبوی ١٩٥٨و حەیدەر حسێن ئیبراهیم- لەدایکبوی ١٩٥٤و ئەکرەم حەسەن قادر- لەدایکبوی ١٩٦٣) کە سێ لاوی دڵسۆزی خانەقینی بون، هەرسێکیان لەخوار بارەگاکەی نەوشیروان سالّی ١٩٨٥ شەهید کردن.[*] شەهید ئەکرەم، لەکاتی دەستڕێژکردندا، ئەوەندە دڵسۆز بووە، بە پێشمەرگەی وتووە: دورکەوە نەکا پرشکی بەردو گوللەکەت بەربکەوێ.

رەنگە، هەبن بڵێن: دوای مردنی بەشێک لەو سەرکردەو فەرماندانە، تازە ئەم قسانە بێهودەن. لەوەڵامدا دەڵێم:

لە یەکەم بینینی منو نەوشیروان مستەفاوە، لەناوچەی هەکاری، شێوەی هەڵسوکەوتو گوفتاریم بەدڵ نەبووە. لەسەر سوکایەتیکردن بە شەهید شیهاب، دوو رۆژ دوای یەکتر ناسینمان، قسەی زبر کەوتە نێوانمان، ئەو دەیووت: باسی شیهاب مەکەن، گێلو ترسنۆک بووە. لەگەڵ جەمال ئاغا جیاوازی نەبووە. منیش بەرپەرچم دایەوە! بە مام جەلالیشم وت، بانگی کردو بێدەنگی کرد!![+]

لە کۆبونەوەکاندا، زۆرجار بۆچونەکانیم رەتکردۆتەوە، بەڵکو هەندێک جار کە ویستویەتی هاوڕێیان بشکێنێ، بەرگریم لێکردوون.

لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەدا، کە بۆم دەرکەوت، پیلانیان لە هاوڕێ هیلاکەکان گێڕاوە، تا رادەی هەڵچون پیلانەکەم قانگ دا. بەشێک لەو هاوڕێیانەی بەرگریم لێکردون، لە نوسینی مێژوودا، قەڵەمەکانیشیان لەو راستیانە لادەدەن. یان کە قسەیان بۆ رۆژنامەو خوێندکارانی تێزەکان کردووە، راستیەکانیان بەئارەزوو هەڵگێڕاوەتەوە. ئەمە لەکاتێکدا نەوشیروانو فەرەیدون عەبدولقادرو برایم جەلالو زۆری تر، لەسەر ئەو تورەبونە، لەسەر منیان نوسیوە!

لەکاتی شەڕی نەگریسی قڕناقاو پشتئاشاندا، کە بیستم (٥٦) دیل بە بڕیاری سکرتێری کۆمەڵە کوژراوونو زۆربەشیان ژنو پیاوی عەرەبی شیوعی بون، هەڵوێستم تا ئەو رادەیە توند بوو، کە لە قڕناقاو پشتئاشانەوە، نەوشیروان مستەفا بە جیهازی راکاڵ بڕیاری پێ

---

[*] ئەم سێ لاوە، لەبەر دوو هۆ شەهید کران.. یەکەم: ئالاّی شۆڕش بوونو دووەمیش: خانەقینی بوون. دوای رزگارکردنی خانەقین، پۆستەرم بۆ دەرکردنو لەژێریا نوسیمان (شەهیدی غەدرلێکراو) خانەنشینیی شەهیدانەشمان بۆ بڕینەوە. دوای جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆران، لە هەڵبژاردندا سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی خانەقینم دەکرد. لە وتارێکدا وتم: دەبێ نەوشیروان مستەفا رونکردنەوە بدات، کە ئەم سێ لاوەی شارەکەمانی، بەبێ دادگا، چۆن شەهید کردووە. ئەگەر بەڵگەیان لەسەرە، فەرموون بیخەنەڕوو. بەم قسەیە، خەڵکی خانەقین تۆڵەی شەهیدەکانی لێکردنەوە. بزوتنەوەی گۆران کەمترین دەنگی هێنا. بەشێکی بەرچاویشیان هاتنەوە ناو یەکێتی!

[+] هەر ئەوکاتە تێگەیشتم نێوان شیهابو نەوشیروان، باش نەبووە!

راگەیاندم‌و گوتی: من سەرم پان کردونەتەوە، تۆش پەڕوبالّیان بکە. دەستبەجێ پێمگوت: کاری وا ناکەم، چونکە رێکەوتنمان لەگەڵ شیوعیەکاندا هەیە. وتی: وەکو سکرتێری کۆمەڵە ئەمرت پێدەکەم. هەر نەمکرد. لای مام جەلال شکاتی لێکردم، مام هاتە سەر جیهازو گوتی:

کاکە نەوە عاجز مەکەو چی ئەڵێ بەقسەی بکە. پێموت: ژنە عەرەبو تێکۆشەری شیوعی، لەناویاندا (د.ئیمان) کچی شەهید (سەلام عادل) هەیە، بە من ناکوژرێن. مام زۆری لەسەر نەڕۆشت. ئەگینا دەیتوانی دەستبەجێ لام ببا. نەوشیروان تەکلیفی لە ملازم عومەر کردو هاتە سەر جیهازو گوتی: کاک نەوشیروان تورەیەو ئەڵێ هەر دەبێ لە شیوعیەکان بدرێ. وتم: هەرگیز کاری وا ناکەم. وتی: ئاخر سزات دەدەن. وتم: با بۆ یەکەمجار لەسەر برانەکوژی، سزا بدرێم! بۆ مێژوو، شەهید ئازاد هەورامی، لە فەرماندەی قۆڵێکی شەڕەکان بووە. (١٦) دیلی گرتووە، سکرتێری کۆمەڵە ئەمری پێکردووە پەرێزی پاک بکات. واتا: بیانکوژێ. شەهید ئازاد بەقسەی نەکردووە.

سەدان بەڵگەش هەن، کە لە بۆتەی ململانێکانی ناو کۆمەڵە، لە کۆبونەوەکان، نوسینەکان، کۆنفرانسەکان، بەرە بەرە لەگەڵ نەوشیرواندا، دوو هێڵی ناتەریب بوین، هەتا گەیشتە جیابونەوەی ئالای شۆڕش. لەم کاتەشدا، ئێمە لەناو وڵاتدا دەمانویست بە ئاشتیی جیابینەوەو بۆ دڵنیابونیش خۆمو شێخ عەلیو مامۆستا پشکۆ عیماد ئەحمەدو زیاتر لە (٢٠) پێشمەرگە چوینە تەکیەی قەراغ، هەتا پەیامێک بگەیەنین کە ئێمە نامانەوێ بچینە ناو ئێرانو ناشمانەوێ بچینە ناو "جود"و بەهیچ شێوەیەکیش نامانەوێ هێز جیابکەینەوەو ببینە بەشێکی شەڕی ناوخۆ. کەچی هیچی ئەم نیازپاکیە، لای نەوشیروانو سەرکردایەتی ئەوسای کۆمەڵە، بە چاوپۆشینی مام جەلال، دادی نەداو پەلاماریان داین. لەکاتێکیشدا کە هاتنە سەرمان، حەرەسەکانیشمان لەگەڵ نەبوو. ئەوەی لەو شەفەقە رەشەی رشتنی قینی سایکۆلۆژیدا بینیمان، کە بەگوێی خۆمان دەمانبیست، بمانکوژنو لە ماڵو منداڵیشمان دەست نەپارێزن.[*]

نەوشیروان مستەفا، ئەم روداوەی بەمشێوەیە لە بیرەوەریەکانیدا تۆمار کردووە:

"شەوی ١-١٩٨٥/١١/٢ هێزێک چووە سەر ماڵەکەی مەلا بەختیار لە گوندی تەکیە. بەبێ شەڕو تەقە خۆی‌و هاوڕێکانی گیران".[١]

---

* لەوکاتەدا، جگە لە من، دلێری سەید مەجید، عیماد ئەحمەد، ئاسۆ عەلی، روناکی شێخ جەناب، تارای هاوسەری عیماد، لاڤەی کچم کە تەمەنی دووساڵ بوو، ئەگەر یەک تەقە کرابا، دەیانکردینە قوربانی ئەو رقە سایکۆلۆژییە. روناکی شێخ جەناب برازای شەهید شیهاب بوو. دڵنیام لەگەڵ ئێمەدا دەیانکوشت. کاتێک تەقە نەکرا. بۆ مێژوو حامیدی حاجی خالیدو مام رۆستەمو وەهاب، هەڵوێستی جوامێرانەیان هەبوو.

١ ,١٩٨٤-١٩٨٨). چاپ‌و بڵاوکردنەوەی (ناوەندی چاپەمەنی‌و راگەیاندنی خاک) ١٩٩٩. چاپی دووەم. ل(٩٩).

بەم گێڕانەوەیە، پێدەچێ هێزێکی (٣٠٠) کەسی، بۆ ڕەشبەڵەکو خواردنی نانی شایی ناردبێ! ڕاستگۆیەتی لەوەدابوو وردەکاری ناردنی هێزەکەی نوسیبا. ڕوداوێک، کە سەراپا هاوکێشەکانی ناو یەکێتی گۆڕی!

سەبارەت بەم ڕوداوە، پشکۆ نەجمەدین لە کتێبی (ئەزموونو یاد-کتێبی دووەم)دا بەشێوەیەکی هونەریو گێڕانەوەیەکی ڕۆمان ئاسا، ئەم تراژیدیایەی وێناکردووە:

"شەوێکم لەگەڵ خەونی بزرکاو و زیندەخەوندا بەسەر برد. لە سپێدەدا، لە دەرێ ڕا، هەرا و هەنگامەیەک پەیدا بوو. ئێمە کە بێدار بووینو دڵەڕاوکێ بواری خەوتنی نەدابوین، لەجێگادا ڕاست بووینەوە، لە پەنجەرەکانەوە، لە دەرێمان ڕوانیو ئیدی تێگەیشتنی دۆخەکە، هیچ زرنگییەکی نەگەرەک بوو.

-وەرنە دەرێ! بێ چەک وەدەرکەون! بە نیازی دەستکردنەوەو بەرگری بن، بارەگاتان بەسەردا دەڕوخێنین!

چواردەوری بارەگاکە، تەنرابوو، چەکەکان ئامادەو ئاڕپیجییەکان لەسەرشانو ڕوو لە دەرگاو پەنجەرەکان بوون.

پێشتر، مەفرەزەکەو هەندەک کادریان لە بارەگایەکی پشتەوەدا چەک کردبوون.

من دەرگاکەم بە ئەسپایی کردەوە، چەند پێشمەرگە کە چەکەکانیان ڕوو لە من بوون، هاواریان کرد: وەرە دەرەوە! غەریب هەڵەدنی، (بی کەی سی)یەکی ئاڕاستەی دەرگاکە کردبوو. من گوتم: دێین بەڵام پەلە مەکەن، با خۆمان کۆکەینەوە. دەرگاکەم داخستەوە. من، چوومە ژوورەکەی مەلا بەختیار. ئەو، لەسەر تەختی خەوتنەکەی دانیشتبوو، دەستەکانی لەنێو جانتاکەدا، نامەو کاخەزەکانیان ئەمدیوئەودیو دەکردن، وەک کەسێک لە دۆخێکی وەها چاوەڕوانەکراو بکەوێت، کەمێک پەشۆکابوو، بەڵام کۆنترۆڵی لەدەستنەدابوو. هەندەک لە نامەکانی جیاکردنەوەو ڕووناکی خێزانی، لە دەستی وەرگرتنو بۆ لایەکی بردن. مەلا، جانتاکەی هەڵگرتو لە هۆڵەکەدا، بە دلێری گوت: کاک دلێر، تۆ برۆ دەرەوەو بڵێ تا گفتی سەلامەتیمان نەدەنێ، وەدەر ناکەوین.. بڵێ: متمانەمان بە حامیدی حاجی خالیدو کاک وەهاب هەیە.. با ئەوان بێنو لەگەڵ ئەوان دەچینە دەرەوە. دلێر، ڕۆیشتو پاش کەمێک لەگەڵ حامیدو وەهاب، هاتەوە، مەلا بەختیار، پاش ١٠ ساڵو منیش پاش ٨ ساڵ، بۆ یەکەمجار، بەبێ چەک، لە بارەگایەک وەدەرکەوتینو هاوڕێکانی خۆمان، دیلو دەستبەسەریان کردین. هەمانڕۆژ و ڕەنگە هەمانکاتیش، قادری حاجی عەلیو چەند پێشمەرگەیەک، لە گوندی (مالوومە)، بە ڕێزەوە، شێخعەلی کە لێپرسراوی یەکەم

مەفرەزەی چەکداری دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ بوو. چەک دەکەنو لەگەڵ خۆیان دەیبەنە بارەگای تایبەتی نەوشیروان مستەفا".[1]

چ روداوێک دەتوانێ، لەم کارەساتە نالەبارتر، گەوهەری بڕیاری نەوشیروان دەربخات، کە هێزێکی پڕ چەکی وا بنێرێ، بۆ کوشتنمان. کام کەس هەیە، تۆزقاڵێک ویژدانی هەبێ، کاتێک روداوەکە بەو چەشنە دەخوێنێتەوە، ئیتر تێنەگات، کۆمەڵەو یەکێتی، بەرەو چ دۆخێکی ترسناکی سیاسی پەلی ناجوامێرییان کوتاوە. بێگومان ناجوامێرییەک، بە هیچ پاساوێکی سیاسی، داناپۆشرێ. ئاخۆ، لەوێدا، تەقە کراباو بیانکوشتینایە، دوای کوشتنمان دەبێ، چەند درۆو دەلەسەیان لە ئیزگەکەو راگەیاندنداا، بۆ ریزبکردینایەو (فەرهاد سەنگاویش) وەکو سەرکەوتنێکی پیرۆز، بە دەنگی گڕتر ئاڵای شۆڕشی بچواندایەتە جاش!

کە ئێمە هاتینە دەرەوە. وەهابو حامیدی حاجی غالیو مام رۆستەم، هەڵوێستیان باش بوو.. لەگەڵمان بوون. کە هاتینە دەرەوە، چاوێکم گێڕا بەو هەموو چەکدارەدا.. دەست لەسەر پەلەپیتکە، روخسار هەڵگەڕاو، لەپشتی کەڵەکە بەردەکانەوە، سیرەیان لێگرتبوین. لاقەی کچم، دوو ساڵی تەمەن بوو، هاواری دەکرد، باوکە منیش دێم.. مەڕۆ.. روناک وەک شێرە ژنێک، هەموو نیگایەکی، پڕ بوو لە حەسرەتو نەفرەت.. کە سەیری دەکردن. تارای هاوسەری عیماد، ئازایانە ناڕەزایی دەردەبڕی.. هاتین جەبار فەرمان[*]و سامان گەرمیانیمان بینی.. بە دەموچاوی پێشمەرگەکانی دەوروبەریان، خەفەتباریم هەستپێدەکرد. بەڵام جەبار، کە یەکەمین جار هاتە دەرەوە، دوو-سێ هەفتەیەک لە

---

١ پشکۆ نەجمەدین. ئەزموونو یاد. کتێبی دووەم. ئاڵای شۆڕشو حیکایەتەکانی زیندان ١٩٨٣-١٩٨٨. چاپی پێنجەم ٢٠١٩. چاپخانەی هەژار موکریانی. ل(١٠٩-١١٠).

* جەبار فەرمان؛ کە کرایە بەرپرسی مەڵبەندی یەک. ئێوارەیەک هاتە گوندی تەکیە، لەماڵی مامۆستا ئازادی برازای بەهادین نوری، داوەت بوو. هاوین بوو، لە حەوشەکە دانیشتبوو. لۆکسیان بۆ دانابوو. کە بوو بە شەو (سەلامی فەقێ عەلی، برایم گەرمیانیو جەماڵە رەش) لە سێوسێنانەوە بەنهێنی هاتنەلام. جەباریان دیبوو، تەنها عوسمان هەڵەدنی (زاوای شەهید غەریب) حەرەسی بووە. بەدزیەوە هاتنو پێیان وتم: جەبار فەرمان تەنها دانیشتووە. فرسەتە ئیستا دەیکوژینو کەسیش نازانێ ئیمە بوین. لێیان تورە بوم. وتم: نەک کاری وا قبوڵ ناکەم، بەڵکو ئەگەر خۆشم بکوژرێم، پێم خۆش نییە، تۆڵەشم بسەننەوە. من باوەڕم بە کورد کوشتن نییە.. نەخوازەڵڵا بەوشێوەیەش. تێبینی: هەرسێ ئەو تێکۆشەرانە ماوینشن!

دوای یەکگرتنەوەی ئاڵای شۆڕشو یەکێتی، لەگەڵ جەبار فەرمان، سەرەتا نێوانمان خۆش نەبوو. بەڵام زۆری نەبرد، لە یەک تێگەیشتین. لەگەڵ عیماد ئەحمەد، جارێکیان هاتە ماڵمانو گوتی: بە قسەی نەوشیروان، کاری زۆر خراپم بەرامبەرتان کردووە. هەتا ئەمرم ویژدانم ئازارم دەدات. چەند جارێکی تر، بە ئامادەبونی عیماد ئەحمەد، دلێری سەید مەجید، مامۆستا موحسین، دانی پیا دەنا کە لەسەر بڕیاری نەوشیروان هەڵەی زۆر خراپم کردووەو لێشیان پەشیمانم.

بارەگای من بوو، کلاشینکۆفەکەی خۆمم پێشکەش کرد. سامان گەرمیانی؛ شەش دانە مانگ لە دەشتی هەولێرو خۆشناوەتیو حاجی قەلاو دۆڵی جافایەتی قەراغ بەیەکەوە بووین. پێشمەرگەیەکی ئازا بوو هەتا گەیشتە ئامر کەرتیی.. بە سەیرکردنێک، هەستمکرد، لەنێوان شانازیو شەرمەزاریدا، روخسارو جولەجولیان، تێکەڵ بوبوو. هەروەکو ئەفسەرە لوتبەرزەکانی سوپا دڕندەکان دەهاتنەبەرچاوم. کە من خۆم، لە منالیەوە، لە پەرۆێزخانو دەربەندیخانو قۆرەتوو، لەکاتی شەڕەکاندا، ئەو ئەفسەرانەم دیووە، چەند لوتبەرز بونو چەندیش، خەڵکیان پێ کۆیلە بوو!

دوای گرتنمان، شەو لە ئاوایی حەمەی کەرەم لایاندایە مالی شێخ مستەفا (باوکی شێخ جەعفەر)، هەمویان ئەتگوت تەعزیانە. زۆریان روداوەکە پێناخۆش بوو. بەیانیەکەی کە کەوتینەڕێ. شەوکەتی حاجی موشیر، هەڵسوکەوتی باش نەبوو، ویستی قسەی نابەجێ بکات. پەلامارم دا، کەوتنە نێوانمان. بەڵام کە بردیانین بۆ بازیان، ئازادی سەگرمە وەریگرتین. هەتا ئەوپەڕی جوامێری، جوامێریی لەگەڵ منو مامۆستا پشکۆدا نواند. ئەمە لەکاتێکدا، تا ئەوکاتە، نێوانمان باشیش نەبوو. لەڕێگادا، لەپشت گوندی (سلێمانە گردە-بازیان) لە سەیارەکەی ئازاددا بوم، کەوتینە بۆسەوە. لە رەبایەکانەوە زۆریان دەستڕێژ لێکردین. ئازاد ویستی تەقە بکات، من نەمهێشت. چونکە شەو بوو، شوێنەکەیان کەشف دەکردین.. هەمومان تیادەچوین. تەقەکە بەردەوام بوو. پێشمەرگەکان بڵاوەیان لێکرد. من بەتەنها مامەوە. دەمتوانی هەڵبێم، بەڵام لەترسی ئەوەی نەکەومە دەست حکومەت، هەڵنەهاتم.

(١٩)
بیری جیاواز و منالّ کوشتن !!

کوشتنی مالّو منالّ، ژنو ئێمەی هاوسەنگەر، تەنها لەسەر بیری جیاواز، بڕیارێکی ئاسایی بووە لایان. ئێستا دوای (٣٥) سالّ دوای ئەو روداوە، کە زایەڵەی ئەو هاوارەی کوشتنمان لەگوندی تەکیە، لەگوێمدا دەزرنگێتەوە، قەت ئاواتم نەدەخواست، روداوی وا ببینمو بڕیاری وا بەگوێی خۆم ببیستم. چونکە هەرگیز کاری وام لەناو شۆڕشدا نەکردووەو بڕیاری سەروی خۆشم بۆ تاوانی ئاوها، تەنانەت بەرامبەر نەیارەکانیشمان، جێبەجێ نەکردووە؛ نەوشیروان مستەفا، بروسکەی بۆ کردم لە مەڵبەندی یەک، ئاراسی

قاله منەوەرو دیلەکانی سۆسیالیست بکوژم. چوار کەس بون، هەر چواریانم ئازاد کرد. تەنانەت چەکێکی ژێرسێشم دا بە ئاراس، چونکە کاتێک خۆم شاردبوەوە، لە یانەی سلێمانی تێنسم لەگەڵ دەکرد.(+)

بەڵام ئێستا کە لەسەر ئەو روداوە دەنوسمو رۆچومەتە بنجو بنەوانی ئەو بڕیارانە، ویژدانم زۆر ئاسودەیە، کە لە چەندین قۆناغو لەناو روداوە خوێناویەکاندا، خاوەن هەڵوێستی خۆم بوم. ئەو هەڵوێستانەشم، نە بۆ پلەوپایە، نە لەترسا، نە لەبەر هیچ جۆرە نەخۆشییەکی خۆپەرستی، نەشاردۆتەوە. گەر لەسەر ئەو هەڵوێستانەش، لە پلەوپایە خرابم، یان گیرابم. لەهەموشی ناخۆشتر، جگە لە پەلاماری عەسکەری، هەڵمەتێکی فراوانی راگەیاندنیش دژمان، بەو رقە سایکۆلۆژییە بەرپا کرا، دەویستراو وەکو خیانەتکردن لە شۆڕشو کۆمەڵەو یەکێتی بمانخەنە بەر ویژدانی خەڵکەوە، سەرەنجام، مێژوو تەنها چەند سالێکی بەس بوو راستیەکان دەربخات. وەکو:

یەکەم: سالّی (١٩٨٨-١٩٨٩) ئەو شۆڕشە دیموکراسیەی ئەوانەی پێیانوابوو، هێندە پیرۆزە، کە ناکرێ بیری جیاوازیش لەناویا ئازاد بێ، سکرتێری کۆمەڵە، سەرەتا بڕیاری دابوو، بەیاننامەیەک دەربکاتو بڵاوەی پێ بکات.(*)

دووەم: ئەو کۆمەڵەیەی رەنجدەران، کە نەوشیروانو پەیڕەوانی، سەری خەڵکیان لەسەر دەپەڕاند، گوایە تاقە هێزی شۆڕشگێڕە ناکرێ لە رێبازەکەی لابدرێ، ناکرێ بیری جیاوازی تیا بمێنێ، بەحساب پێیانوابوو، تاقە هێزە دەستەبەری هەتاسەری سەرکەوتنە. هەر نەوشیروان خۆیو پەیڕەوانی، لە زەڵێ، لە سنوری دوو بەشی کوردستانی داگیرکراو و دابەشکراودا، بە رەتکردنەوەی لاوازی چەند کەسێک نەبێ، (١٩٩٠/١٠/٣٠) هەڵوەشاندەوە.

سێیەم: ئەو بیروڕا کوردستانیەی، پروپاگەندەیان بۆ دەکردو هێزی پێشمەرگەی باشوری کوردستانیان، بە پاساوی یەک مەسەلەی کوردستانیەتی کوردایەتی، بەهانای دیموکراتو

+ سێ کەسەکە: ١- ئاراسی قاله منەوەر. ٢- بەهادینی شێخ عەبدوڵڵا. ٣- شۆڕش جوانڕۆیی. جگە لەم دیلانە، لە شەڕی کانی ژنان-١٩٧٨/٨/٢٠و لاوەران چوار پارتیمان گرت. پێشتریش لە لاوەران دووی ترمان گرتبوون. یەکێکیان حەمە پشتەیی بوو، قسەم بۆ کردو لای خۆم بوو بە پیشمەرگە. پێنجەکەی تریشمان دوای دوو رۆژ لە لاوەران ئازاد کرد.

* لە کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیدا، دوای تێکشکانی ئەنفالەکان، نەوشیروان مستەفا، ویستویەتی قەناعەت بە کۆبونەوەکە بکات، بەیاننامەیەک بڵاوبکەنەوەو بڵاوەی لێبکەنو لەدەرەوەی وڵات خەریکی کاری دیپلۆماسی بنو رۆژنامە بە زمانی کوردی-عەرەبی دەربکەن. تەنها کۆسرەت رەسول عەلیو جەبار فەرمان بەرپەرچیان داوەتەوەو پێیانگوتووە: ئەم شۆڕشە هی تۆ و مام جەلال نییە. تۆ ئارەزووی خۆتە، ئێمە درێژە بە شۆڕش دەدەین.

کۆمەڵەوە برد، ڕەوتی ئاڵای شۆڕشیشیان بە تومەتی عێراقچی، تاوانبار دەکرد، هەر نەوشیروانو پەیڕەوانی بون، لەکاتی ئەنفالەکاندا، چەندین نامەی نهێنییان، بۆ سەدامو کاربەدەستانی بەعس دەنارد، داوای لایەنی کەمی مافی کوردیان دەکردو هەوڵیاندەدا، نەک کێشەی کورد، بەشێک بێ لە کێشە دیموکراسیەکانی عێراق، بەڵکو دەیانویست سۆزی سەدام بۆ چارەسەری پینەوپەڕۆ راکێشن! ئەوکاتە مام جەلال نەیهێشت، ئەگینا ڕێکەوتنی خراپتریان لە ڕێکەوتنی ٢٩/ی حوزەیرانی ١٩٦٤ جێبەجێ دەکرد. لەسەر ئەم ڕێڕەوەش، سەدان پێشمەرگەیان پاڵ پێوە نا تەسلیم بنەوە. کەوتنە گیانی دەرپەڕاندنی کادرە باشەکانیش، بە هەندێک لە سەرکردەکانیشەوە. بەڵکو سەدام لێیان خۆشبێ!

چوارەم: دوای کۆڕەو، کاتێک زانرا هاوپەیمانان پشتیوانی کوردستان دەکەنو ناوچەی ئارام دروستبوو، نەوشیروانو پەیڕەوانی، بەگەرمیی کەوتنە پیاهەڵدانی عێراقو لەگەڵ سەرجەم لایەنە عێراقیەکاندا ڕێک کەوتن، کە کێشەی کورد بەشێکی دانەبڕاوی کێشە دیموکراسیەکانی عێراقە.(*)

دوای روخاندنی سەدامیش، لە کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیدا لە بەغداد، بە سەرپەرشتی مام جەلالو ئامادەبونی نەوشیروانو باقی ئەندامان، نەوشیروان تەرحی کرد کە کاتی هاتووە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەینە حیزبێکی سەرانسەری عێراق. دەستبەجێ من وەڵامم دایەوەو گوتم:

ئەمە کارێکی زۆر خراپە. ئێستا سەردەمی بوژانەوەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستییە لە ڕۆژهەڵاتی ئۆروپاو ئاسیادا، هەروا لەکوردستانیشدا، بڕیاری وا بدەین کێشەی کورد لە باشوری کوردستان دەکەوێتە دەست پارتیو لەعێراقیشدا، سەرکەوتوو نابین. مام جەلال پشتیوانی قسەکانی کردمو لەسەری نەڕۆشت!

تەنانەت، نەوشیروان مستەفا، کە بزوتنەوەی گۆڕانیشی دروستکرد، ناسنامەی کوردستانی پێنەبەخشی. ناوی (بزوتنەوەی گۆڕان)ە. بەڵکو، زۆرتر بەلای عێراقو هێزە عێراقیەکاندا دایشکاند. زۆرترین دوژمنایەتی یەکێتیو پارتیشی دەکرد. لە بەغداشدا، ئومێدێکی زۆریان لەسەر هەڵچنی، تا بتوانێ یەکێتیو پارتی لاواز بکات.(+)

---

* لە دانیشتنێکی بچوکی مالّی مام جەلال، نەوشیروان، سەعدی پیرە، سەلاحەدینی موهتەدی، ئامادەبون. نەوشیروان کەوتە پیاهەڵدانی عێراق؛ ئابوری بەهێزە، زانکۆکانی گرنگن، نەوتی هەیە. پشتیوانی عەرەبیو جیهانیی هەیە..تاد. ڕووی کردە من وتی: مەلا بەختیار وا نییە؟ منیش وتم: دەمێکە من ئەزانم وایە، بڕۆ بۆ فەرەیدونو هاوڕێ کۆنەکانتی باس بکە.

+ تەنها لە یەک سەرۆکی حیزبی عێراقیەوە (دوو ملیۆن) دۆلاری بۆ نێردرا. هەتا باشتر بەگژ یەکێتیو پارتیدا بچێتەوە. ئەو کەسەش دەناسم پارەکەی بۆ هێناوە!

(٢٠)
رقی سایکۆلۆژی‌و سۆسیال-میدیا

لە شاخداو لەناو شۆڕشی چەکداریدا.. تاقە ئیزگەیەکو، چاپخانەی ساکارو سەرەتایی هەبوو، زۆرترین پەیامەکان هەتا ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ بە تەتەر دەنێردرانو دەهاتن. سەردەمی جەنگی ساردو بەرگری چەکداری بوو. ئینجا، رقی سایکۆلۆژی‌و کولتوری توندوتیژی، بەوشێوەیە پەرەی پێدەدرا، کە باسمان کرد.

ئێستا، سەردەمەکە گۆڕدراوە، لە جیهانگیری‌و دونیای سۆسیال-میدیادایین، لە ئان‌و کاتدا، هەواڵ، بڕیار، پەیوەندی، پروپاگەندەو ئاڕاستەکان، دەگەنە دورترین جێو دەشگەنە دوا هاوڵاتی وڵاتانی سەر زەمین.

ئەم سەردەمە، لە باریکی کۆمەڵایەتی‌و ئاستێکی رای گشتیدا، هاتۆتەکایە، کە هێشتا کوردەواری لە سەرگوزشتەی رشتەی مرواری‌و لەژێر هەژمونگەری ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدایە. هێشتا وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی‌و ئاینسازی‌و رۆشنگەری، نەهاتونەتە دی. هزرە چەقبەستوەکان نەهەژاوون. پرسیاری ناباو نەکراوون. تەنانەت ئایدیۆلۆژییەتی حیزبایەتی‌و گیانی بەرزی کوردایەتیش، کەوتونەتە ژێر کاریگەری سەردەمەکە. لە دۆخێکی وادا، بێگومان ئەوانەی قینی سایکۆلۆژییان هەیە، دەتوانن ترسی سایکۆلۆژی زوتر بڵاوبکەنەوەو هەڵوێستی ئازاد بتاسێنن. لە چرکەساتێکدا هەواڵی راست‌و ناڕاست، پروپاگەندە، درۆو دەلەسە، بە دوا کەلەبەری جیهان بڵاودەبێتەوە. تێبینی دەکرێ کەوا:

١)رۆژگار تەقینەوەی بینیووە. واتا مرۆڤ لە کەمترین کاتدا توانی پەیامی خۆی بۆ دورترین خاڵی جیهان بنێرێ.

٢)فەزا تەقینەوەی بینیووە، لە کەمترین کاتدا، بەربڵاوترین مەودای جوگرافی دەپێوێ[1]

خەسڵەتی وردەکـاری ئەنتەرنێت‌و سۆسیال میدیا، ئەوەیە دەتـوانێ سەرجەم بەربەستەکان ببڕێو سەربەستیەکان بوروژێنێ. هیچ بەربەرستێکی کۆمەڵایەتی، خێزان، زەبروزەنگ، ترس‌و تۆقاندن، ترادسیۆن، ئاین‌و مەزهەب، عەیبە، حەرامەو قەدەغە، ناتوانێ رێگە لە هەواڵەکان، زانیاریەکان، نهێنیەکان، وروژاندنی غەریزەکان، رەخنەکان‌و بۆچونە جیاوازەکان..تاد، بگرێ. تەنانەت لە داخراوترین وڵاتی ئیسلامی‌و عەقیدەگەراشدا!

---

١ دانشنامه ارتباطات ٢٠. جامعه شناسي نوين ارتباطات رسانه هادر جهان امروز. دكتر باقر ساروخاني. استاذ دانشگاه تهران. انتشارات اطلاعات. تهران-١٣٩١.

پروپاگەندە دژە دەکاتە درژە نهێنیەکانو ئەوەی نەوتراوە، دەبیستریێ، ئەوەی نەشبینراوە، دەبینرێ. بەمەش، بواریکی تیشک ئاسا، بۆ قینی سایکۆلۆژی دەڕەخسێنێ. ئەو قینەی کە رەنگە ماوەیەکی زۆر کپ کرابێو لەبەر گەلێ هۆکار، دەرنەبڕدرابێ، سۆسیال-میدیا، بواری جۆراوجۆری رشتنی ئەو قینە سایکۆلۆژیەیە. کێشەی سۆسیال-میدیا، لەکوردستاندا زۆرترە، بۆ؟

چونکە، وڵاتە پێشکەوتوەکان بە قۆناغ گەشەیان کردووەو تەواوی دەستکەوتەکانی تەکنەلۆژیاو زانستو زانیاریان تاقیکردۆتەوە. جگەلەوەی سیستەمو فەلسەفەی پەروەردە لە رۆژئاوادا، هێندە پێشکەوتووە، هزرو سایکۆلۆژیەتی زۆرینەیان سازە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم بوارە هەرە پێشکەوتووەی تەکنیک. بەڵام وڵاتانی دواکەوتوو، جگە لە تەی نەکردنی قۆناغە سروشتیەکانی پەرەسەندن، لاوازی فەلسەفەی پەروەردە، ئاستی نزمی پێشکەوتن، ناخی زۆرینەی چەپێزاو، بەوانەشەوە نەخۆشی سایکۆلۆژی جۆراوجۆریان هەیە، لەپڕ خەڵکی وڵاتە دواکەوتوەکان کە تێکەڵاوی سیستەمی ئینتەرنێتو لقو پۆکانی سۆسیال-میدیا دەبن، بە پەیجی فەیکو فێڵی سەیرو سەمەرە، ناخە چەپێزاوەکانیانو نەخۆشیە سایکۆلۆژیەکانیان، هەڵدەڕێژن. چەشنی وروژاندنی سەدان شارە زەردەوالّە دەئاڵێنە نەیارەکانیان.

نەخۆشییە سایکۆلۆژیەکان، لەم دۆخەدا، کە عیراقو ناوچەکەو کوردستان، ساڵەهایە دوچاری قەیرانی ئابوری، ئاستەنگی سیاسی، شەڕی تیرۆرو.. ماوەیەکیشە کۆرۆناشیان هاتۆتە سەر، بێگومان زیادیان کردووە، رایەڵەی ئینتەرنێتو لقو پۆ تەکنیکیەکانیش، ناوبەناو زیاد دەکەن. گەیەندراوەتە رادەی دەستەبەری تەکنیکی، کە پەیجو هێڵەکان هاک نەکرێ. هاک نەکردن، دەرفەتی سەربەستی زۆرتر بە بڕیارو پروپاگەندەو ئازادیە شەخسیەکان دەدات. ئەگەر لە شاخدا، حیزبەکان ژمارەیان کەمو تەکەتولەکان کەمو گرفتەکانیش کەم بوبن، لە شارداو لەسایەی ئازادی سۆسیال-میدیادا، فەزایەکی ترسناک بۆ هەڵڕشتنی ناخە چەپێندراوەکان هەڵکەوتووە. هەربۆیە، لەپاڵ سودوەرگرتنی پۆزەتیڤ لە ئینەرنێت، سەدان پەیجی تایبەتی، نەک لەناو حیزبەکان، تەکەتولەکان، سەرانی ئەمو ئەو گروپ هەیە، بەڵکو بەناوی ساختەی کەسایەتیەکان، تەنانەت کەسوکاری کەسایەتیەکان، جگە لە فرتو فێڵی بێسنوری هونەری تەکنیکی، ئەمانە خەسڵەتە رەخساوەکانی زوخاو رشتنو جنێوفرۆشتنو بوختان هەڵبەستنن. بۆیە، لەناو ئەم ژینگە کۆمەڵایەتی-سیاسی-سایکۆلۆژیەدا، بۆئەوەی سۆسیال-میدیا، زۆرتر بە لایەنی پۆزەتیڤ بەکاربێتو رقی نێگەتیڤ کەم بکرێتەوە، پێویستە فەلسەفەی پەروەردەو سیستەمی خوێندن، سەرلەنوێ

لەبەر رۆشنایی نۆژەن بونی تەکنیکو داهێنانە سەرسوڕهێنەکان، داڕێژرێتەوەو لەگەڵ سەردەمەکەدا بگونجێندرێ. راگەیاندنیش دەبێ، ستراتیژی دیموکراسی-کۆمەڵایەتی-زانستی بکەنە ئاڕاستەی میدیای دەربەستی سەربەخۆ. دەربەستی ویژدانی، لەچوارچێوەی یاساو ڕێسا گونجاوەکاندا.

من مەترسی زۆرم هەیە، لەم بارودۆخەدا، سۆسیال-میدیا زیاتر لەگرێژنەی ویژدان بترازێو لەناو دژواری نەخۆشییە سایکۆلۆژیەکانو رقە تایبەتیەکان، ئەزمونەکەو کۆمەڵەکەمان دوچاری کارەساتی نەخوازراو بکەن. ئێستا گیروگرفت لەناو تاکو خێزاندا، تا دێت زیاتر دەبێ. نێوان حیزبەکانیش، ساڵ بە ساڵ خراپترە لە پار. ناکۆکی نێوان لایەنەکان گەیشتۆتە ئاستێک، بەشێک لە سەرکردەکان، جگە لە هێزی چەکداری بەرژەوەند پارێزی ئەمو ئەو دەڤەر، سۆسیال-میدیاشیان کردۆتە مەیدانی پاساوهێنانەوە بۆ تاوانو تاڵان. بە پیلان نێوان لایەنەکان تێک دەدەن، هەتا چۆنیان مەرامە، بەوشێوەیە لە گەندەڵیو سەرانەسەندن بەردەوام بن. ئەم دۆخە چارەسەر نەکرێو سنورێک بۆ فەیسبوکبازەکانی گەندەڵی دانەنرێ، چاوەڕێی روداوی دڵتەزێنم. چاوەڕێم، رقە سایکۆلۆژیەکەی شاخ، کە لەسەر پلەوپایە، یان لەپێناوی سەپاندنی ئەم لایەنو ئەو تەکەتولو سەرکردە، تا رادەی تاوان پەیڕەو دەکرا. ئێستا لە شارداو لە سۆنگەی ئەو بەرژەوەندییە بێشومارەی نەوتو گومرگی سنورەکان، لەنێوان سەرانی دەسترۆیشتودا، مەترسی هەیە، تەنانەت لەسەر بەرژەوەندیەکانیش نەزانن ڕێک بکەون.. سەرەنجام کار لەکاری بازاڕ بترازێو بشقەومێ!!

رقی سایکۆلۆژی نابینرێ، بەڵام رقێکی ئەوەندە ئەستورە، وەکو دوپشک وایە، هەمیشە لەسەر چزی تەقاندنەوەی کێشەکانە.

لەکۆتاییدا.. لارو شفوکو (١٦١٣-١٦٨٠)ی فەرەنسی، لە کتێبی (حکمت ها) سەدان پەندو حیکمەتی سایکۆلۆژی فەرموەو. لە یەکێکیاندا دەڵێ:

"لە مرۆڤی خۆپەسەندیدا، هەرچی بدۆزینەوە، هێشتا سەرزەمینی نەزانراو فراوانە".[1]

چەند جوانی فەرموەو چەندیش لە دەیان کەسایەتی جڵەوبەدەستدا.. کە شارەزای کێشەنانەوەن، نەک چارەسەر، هێشتا مەودای خۆپەسەندییان.. سەرزەمینێکی فراوانی مینرێژی رقی سایکۆلۆژی نەزانراوە!!

---

١ لارو شفوکو- حکمت ها، ترجمه دکتر حمدي گلپايگاني. انتشارات اطلاعات. تهران. ١٣٩٠. ص(٢٣).

رشتەی دووەم:

ئەشکەنجە و تۆقاندن

١- مەفرەزەکانو لافلێدان
٢- وا، مەفرەزەکان نەنێردراوون!!
٣- برایم خەلیلو عێراقچی!!
٤- سیروان تاڵەبانیو سەرکردایەتی
٥- دوڕیانی کۆڵنەدانو هەڵەداوان
٦- بە رێکەوت نەگیراین
٧- گرێکان بە دەست کرانەوە
٨- شارباژێڕ، جافایەتی، یان قەراغ؟
٩- سۆسیالیستو رەخنەی ناڕاست
١٠- کێشەکانو خەسڵەتی مام
١١- پەلاماردانی هاوخەبات!!
١٢- هەڵوێستێکی هێمنو کاردانەوەی توند
١٣- ئەشکەنجە، تۆقاندن، زانیاری
١٤- سوکایەتی، پێشێلی ئازادی؟
١٥- سیاسۆسیۆلۆژی زەبروزەنگ
١٦- دیموکراسیو شۆڕشگێڕێتی!!
١٧- دیموکراسیو هەڵکوتانەسەر!!
١٨- عێراقیو کوردستانی ئۆتۆنۆمی

(١)
مەفرەزەکانو لافلێدان

نوسەر، هەموو بیرەوەریەکانی، لە لوتکەی خۆ بە سەرکردە زانێکی بڕیاردەرەوە، دارشتووە. دەرونی هێندە پەنگی خۆپەرستی خواردووە، بیری دەچێتەوە، کە کۆمیتەی هەرێمەکان دوای رۆشتنی سەرکردایەتی کۆمەڵە بۆ ئێران، رابەرایەتی کۆمەڵەی کردووەو بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشیشی داوە؛ هەر کۆمیتەی هەرێمەکانیش پەیوەندیان بە مام جەلالەوە کردووە. پۆستیان ناردوەو پەیکی نهێنیو تایبەتی لەنێواندا هەبووە. ئەمانەی هەموو لەکاتی نوسینی خەیاڵە سەرکردەبونەکەیدا فەرامۆشکردووە، بۆیە لە لاپەڕە (١٨٥-١٨٦)دا دەنوسێ:

"دوای پەیوەندی کردن بە کاک شەهابو جەعفەر عەبدولواحید لە زیندانداا، کە پێشتر باسم کردوونو هاتنی نامەی مام جەلال بۆ کۆمیتەی شارەکانو هەرێمەکانو پاشان بۆ کاک عومەر دەبابەو عەلی عەسکەریو چوونی کاک عومەر بۆ سوریا. کۆمەڵە لە بڕیاریدا، کە دەست بکات بە ناردنە دەرەوەی ئەو هەڤاڵانەی کە ئامادەییان تیا نیە یان مەترسی گرتنو راونانیان لەسەرە".[١]

جارێ، کۆمیتەی هەرێمەکان پەیوەندییان بە شەهید شیهابو فەرەیدون عەبدولقادرو عومەری سەید عەلیو هاورێیانی زیندان، لە سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵەدا هەبووە. چاوەڕێشیان نەکردووە نوسەر پەیوەندی بەو بەڕێزانەوە بکاتو رەزامەندییان لەسەر کردنو نەکردنی شۆڕش وەربگرێ. تاقە جارێکیش نوسەر لەلایەن کۆمیتەی هەرێمەکانەوە رانەسپێردراوە، لە زیندانداا سەردانی سەرکردایەتی کۆمەڵە بکات.[*] بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشیش، یەکەم لە وڵاتدا لای کۆمیتەی هەرێمەکان بوو، دووەمیش لەدەرەوەی وڵاتدا بە پەسەندی مام جەلال بڕیاری درا. نوسەریش، کادرێک لەو کادرانە بوو، ئەرکێکی دیاریکراوی لەو دۆخەدا پێسپێردرابوو. بەشێکی ئەو قسانەی رستنی خەیاڵاتی خۆی بوو. کە پێی وایە خۆی هەموو شتێکەو لای کۆمیتەی هەرێمەکانو تەنانەت هاورێیانی زیندانیش، تەنها کادرێک بووە لە کادرەکان، بتوانێ بڕیاری گەورە بدات. ئەم خەیاڵە تا

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٨٥-١٨٦).

* جگە لە کەسوکاری شەهید شیهاب، کۆمیتەی هەرێمەکان دەیناردن بۆ لای شیهابو هاورێکانی، جارێکیان شەهید ئارام «دلێری سەید مەجید»یشی نارد لای عومەری سەید عەلیو دوا بۆچونی ئەوانی هێنایەوە!

ئێستاش بەرینەداوە. ئەمە لەکاتێکدا هاوڕێیانی زیندانیش پێیان وتووە، شاسوارو کۆمیتەی هەرێمەکان چی دەڵێن وا بکەن..

"شەهید (ئارام) تێکۆشەرێکی پڕ و ژیر و هوشیار بوو، لە هاوڕێکانی تری (کۆمیتەی هەرێمەکان)، هێمنتر بوو بەبێ کینە و حەساسیەت، کارەکانی ڕێک دەخستو ژمارەیەک تێکۆشەری چاکو چالاکیشی لەدەوری خۆی کۆکردبوەوە (کۆمیتەی هەرێمەکان)یان پێکهێنابوو! بۆ مێژوو دەیڵێم.. ئەگەر ئەوکاتە هەریەکێک لە ئێمە دەنگمان بگەیشتایە بە هاوڕێیانی ڕێکخستن لەخوارەوە، بێگومان هەموویانمان وا ئاڕاستە دەکرد، کە گوێڕایەڵی ئەوان بن! بە کردەوەش هەروامان کردو لە یەکەمین دەرفەتدا کە هاوڕێیان هاتن بۆ لامان بۆ زیندان، بەوجۆرە ئامۆژگاریمان کردن! ئیتر (کۆمیتەی هەرێمەکان)، توانیان بەگوێرەی هەلومەرجە نوێیەکە، هەم کاری ڕێکخراوەییو هەم کاری پێشمەرگانەی ناو شار ڕێک بخەنو لە روداوەکاندا ڕۆڵی قارەمانانەو کاریگەریان نواند!".[1]

سەبارەت بەوەی گوایە مام جەلال، نامەی بۆ کۆمیتەی شارەکان نوسیوە. ئەمەش، هەڵبەستێکی ناڕاستە. چونکە مام جەلال لەو چاوپێکەوتنانەیدا، کە باسی دامەزراندنی یەکێتیو شۆڕشو پەیوەندی بە وڵاتەوە دەکات، تەنها باسی کۆمیتەی هەرێمەکانو شەهید د.خالید لەئارادایە. ناوی کۆمیتەی شارەکان، نە لە وەڵامەکانی مامو نە لە نوسینی بیرەوەری هیچ هاوڕێیەکی تردا نییە. تەنها لە کولەکەی تەڕی نوسەردا هەیە.

لە (بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهابو هاوڕێکانی)دا وا هاتووە:

"هەر ئەو ئێوارە حاکم (ف) لە سلێمانی ئاگاداری کردین کە بڕیاری گرتنی (خاڵە شیهاب، هاوڕێیان جەعفەر، عەلی بچکۆل، عومەری سەید عەلی، فەرەیدون) لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە دەرچووە. ئیتر هەموو خۆمان شاردەوە، لەو ماوەیە لەماڵی خاڵم بوین (وەستا بەکری دارتاش) لەوێوە خەریکی پەیوەندی بووین. لیژنەیەکی سەرپەرشتیمان لە هاوڕێیان (ئازاد هەورامی، ئەرسەلان بایيز، عوسمانو هاوڕێیەکی بەغداو ڕاوێژکاری ئەبو شیهاب) دروستکرد".[2]

کە دێتە سەر بڕیاردانی دەستپێکردنی شۆڕشیش، بەجۆرێک بۆچونەکانی دادەڕێژێ، هەروەکو (کۆمیتەی هەرێمەکان)و (کۆمیتەی شارەکان) پێکەوە بڕیاریان دابێ. بۆئەوەی

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٢٨٨).

٢ فەرەیدون عەبدولقادر. بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهابو هاوڕێکانی. لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی) چاپی یەکەم ٢٠١١. ل(٤٣).

لەمبارەوە گومڕایی لای خوێنەر لەسەر هەردوو کۆمیتەکە دروست بکات، کە گوایە پێکەوە بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشیان دابێ، لە لاپەڕە (١٨٦)دا دەڵێ:

"کۆمەڵە بڕیاریدا کە دەست بکات بە ناردنە دەرەوەی ئەو هەڤاڵانەی کە ئامادەییان تیا نیە، یان مەترسی گرتنو راونانیان لەسەرە".[1]

ڕەنگە هەڵەی چاپ بوبێ، ئەگینا دەبوایە بنوسرایە (ئەو هەڤاڵانەی ئامادەییان تیا هەیە) نەک (تیا نیە). مەبەستە سەرەکیەکە چۆنیەتی باسکردنی بڕیاری شۆڕشە.. پێشتر دەنوسێ نامەی مام جەلال بۆ کۆمیتەی شارەکانو کۆمیتەی هەرێمەکان هاتووە. بۆئەوەی گومڕاییەکە بۆ بڕیاری شۆڕش دروستبکات، دەڵێ (کۆمەڵە لە بڕیاریدا) نالێ (کۆمیتەی هەرێمەکان لەگەڵ مام جەلال ڕێکەوتونو بڕیاریانداوە). ئەمە فێڵە لە خوێنەر.

(٢)
وا، مەفرەزەکان نەنێردراون!!

لەم باسەدا، دوای ئەوەی پەیوەندی بە مامو بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕش، دەکاتە کاری هاوبەشی (کۆمیتەی شارەکانو هەرێمەکان) بۆئەوەی خوێنەر باوەڕی پێبکەن، زانیاری بێسەروبەر (کەمێکیش ڕاست) دەنوسێ. کۆرنۆلۆژیای ناردنە دەرەوەی مەفرەزەکان، لە لاپەڕە (١٨٦)دا ئاوها باسدەکات:

"لە سوریاشەوە سەرکردایەتی یەکێتیی بڕیاری دابوو، یەکەم دەستەی چەکدار لە سوریاوە بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دامەزراندنی یەکێتییدا واتە لە ١٩٧٦/٦/١ دا بنێرێتەوە کوردستان، هەمویان ٣٧ پێشمەرگە بوون، بە فەرماندەیی نەقیبی فڕۆکەوان (ئیبراهیم عەزۆ)".

ئەمەیان ڕاستە. بەڵام دیسان نایەوێ باسی ئەوە بکات، کە برایم عەزۆ، ڕاسپێردراوە تەنها پەیوەندی بە کۆمیتەی هەرێمەکانەوە، لە ڕێگەی شازاد سائیبەوە بکات. پێشمەرگەیەکیان بەناوی (عەلی عەبداڵ- دهۆکی) نامەکەی گەیاندبوو. (مەلا بەختیارو ئازادی سەگرمەو کەمال محەمەد ئەمین-خانەقین) چوین بەپیر نامەکەوە. مەخابن، ڕێک لەوکاتەدا پارتی پەلاماری دابونو گیرابونو دوایی شەهیدیش کران. ئەمەیان دێزە

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٨٦).

بەدەرخۆنە دەکات، چونکە بەڵگەیەکی گرنگە کە کۆمیتەی هەرێمەکان شۆڕشی کردووەو دەستەی دامەزرێنەریش، تەنها لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکاندا، لەسەر بەرپاکردنی شۆڕش رێکەوتون. لەمبارەوە لە تێزی دکتۆرای (د.ئەحمەد حەمەئەمین)دا هاتووە:

"دوای ئەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەناوەوەی وڵاتو سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدەرەوەی وڵات. رێککەوتن لەسەر هەناردەکردنی هێزی چەکدار بۆ ناوچە شاخاویەکانو دێهاتەکان".[1]

نوسەر ئەو دەقەی سەرەوەی لە سەرچاوەی (هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عێراق لەماوەی دوو ساڵدا. مایسی ١٩٧٨. ل٢٦-٢٨) وەرگرتووە، لەکاتێکدا کە نوسەری (چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە) دوای ئەوکاتە دێتە دەرەوە.

بەم دەقە ئاماژەپێکردنەی هەواڵنامە، دەبوایە هیچ قسەیەک بۆ لەوەبەدوای نوسەر، نەمابا. چونکە کاتێک (هەواڵنامە) لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە، بەئاگاداری مام جەلال دەنوسرا، هەرگیز ئەو شایەتیەیان بۆ کۆمیتەی هەرێمەکان نەدەنوسی، ئەگەر خۆیان ئاگاداری ئەو راستیە نەبان! لەبەرئەوەی نوسەر، دەیەوێ خووە سایکۆلۆژیەکەی دابمرکێنێتەوە، سەرەڕای زانینی ئەو راستیانە، کە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن، روداوەکان هەر ئاوەژوو دەکات.

لەسەر چۆنیەتی ناردنەدەرەوەی مەفرەزەکانی تر، جارێکی دیکە راستیەکان تێکدەدات‌و دەیەوێ وای بگەیەنێت، خۆی بڕیاردەر بووە هەر خۆیشی وردو درشتی چلۆنایەتی پێکەوەنان‌و ناردنەدەرەوەی چەندین مەفرەزە دەزانێ. لەمبارەوە ئاوای دەگێڕێتەوە:

"لە ناوچەی حاجی ئۆمەران: دەستەیەک پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ پاش ئەوەی لە ١٩٧٥/٨/٣٠ پەیوەندی بە کاک عومەر دەبابەوە دەکەن، لە ١٩٧٦/٥/٢٥،٢٦دا روودەکەنە شاخ بە رابەری مەلا شیمەی حاجی ئۆمەرانی‌و حاجی شێخەی بنبێرە. ئەمانە سەرەتا سەر بە یەکێتیی بوون. بەڵام پاش ماوەیەک، کە نە عومەر دەبابە و نە کەسی تری یەکێتیی و کۆمەڵە دەبینن پەیوەندی بە پارتیەوە دەکەن. جگە لە حاجی شێخەو چەند پێشمەرگەیەک کە تا مانگی ١٩٧٨/٧ لێپرسراوی دەستەیەک بوو، لە هەرێمی پارێزگاری"[2]

---

١ د.ئەحمەد حەمەئەمین. رەوتی چەپ لە باشووری کوردستان، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان نموونە. ٢٠١٦- هەولێر- چاپخانەی رۆژهەڵات. ل(١٣٨).

٢ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٨٦).

جارێ، پێش ئەو مەفرەزانە، مەفرەزەی شەهید مەحمود سەیدەو قادر خەبات، دوو مانگ پێشتر چونە دەرەوەو خۆیان مات دا. هەتا باقی مەفرەزەکان دەستپێدەکەن. مێژووی چونە دەرەوەیان ١٤/ی نیسانی ١٩٧٦. گەیشتنە کوێستانی مێرگانە-بناری قەندیلو لەڕێگەی هاوڕێیانی هەولێریشەوە (شەهید عەبدولرەزاق) کۆمیتەی هەرێمەکانیشیان ئاگادار کردەوە. دەستبەجێ هەواڵمان بۆ ناردن، بە هیچ چەشنێک بەرنامە لە ئێمە تێکمەدەن، خۆیان قایم بشارنەوە، هەتا مەفرەزەکان دەنێرینە دەرەوە. لە هەواڵنامەی کوردستانی عێراق -یەکەمین هەواڵنامەی شۆڕشی نوێ- ئاماژەی جوان بەو مێژووەی چۆنیەتی چونەدەرەوەی مەفرەزەی ناوبراو کراوە، کە دوو مانگ پێش چونەدەرەوەی ئەو مەفرەزانەیە نوسەری (چەپکێک) ریزی کردون. لەهەواڵنامەدا بەمشێوەیە هاتووە:

"٢٣/ی مایسی ١٩٧٦:

دوژمن دەستی کرد بە گرتنو گواستنەوەی هەندێک خێزانی دانیشتوانی ناوچەکانی حاجی ئۆمەرانو باڵەکایەتی بۆ خواروووی عێراق، خەڵکی ناوچەکە بڕیاری بەرگری کردنیان دا، عەلی کۆ و ئەحمەد نەبی کە ئاگاداری هەندێک جموجوڵی شۆڕشگێڕانەی ی.ن.ک بوون لەناوچەکەدا، بە فێڵو تەڵەکەبازی بۆ لەباربردنی راپەڕینی چەکدارانە بێ ئاگاداری لێپرسراوی ناوچەکە چەکیان بە هەندێک لە پ.مو دۆستانی یەکێتی دەرهێناو ناچاریان کردن بێ هیچ تەگبیرو پیلانێک بدەنە شاخ".[1]

ئەم هەواڵەی هەواڵنامە کوتومت، بۆچونەکانی ئێمە دەسەلمێنێ.

مێژووی کۆن بەبێ بەڵگە باوەڕی پێناکرێ. کە بەڵگەکانی مێژووی دێرین، زۆر کەمن. هەندێک تێکستی شیعرو داستانو هەڵکۆڵینی وێنە داتاشراوەکاندان. یان دۆزینەوەی پاشماوەی شوێنەوارەکانن. هاوکات دۆزینەوەی نوسینی بزماری، سانسکریتی، سۆمەری، بابلی، ئارامیو فیرعەونییە..تاد. دەمێکیشە، داستانو میتیۆلۆژیاش، وەکو سەرچاوەی هەندێک رووداوی مێژوویی هەرە دێرینە، سودیان لێوەردەگیرێ. چ جای بۆ نوسینی مێژووی نوێو لەم مێژووەشدا، رووداوەکانی شۆڕشی نوێ.. کە چاپەمەنیەکانی هەنو ساڵەهایە چاپیش دەکرێنەوە.

بەبێ ئەوەی ئاماژە بە بەڵگەیەک بکات، یان نامەیەک بڵاوبکاتەوە، دەیەوێ قەڵەمی رقەکەی بکاتە مێژووی راستەقینە. هەواڵنامە دەیسەلمێنێ کە کۆمیتەی هەرێمەکان پێش

---

١ هەواڵنامەی کوردستانی عێراق. یەکەمین هەواڵنامەی شۆڕش. ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی-٢٠١١. ل(٤٠).

هاتنەوەی شەهید برایم عەزۆو هاوڕێکانی، لە باڵەکایەتی، مەفرەزەکان داویانەتە شاخ. دوای هەفتەیەک، بەبێ ئاگاداری کۆمیتەی هەرێمەکان، لە کاتو گەیشتنی پێشەنگی مەفرەزەکانی کەمپی قامیشلو، لە ١/ی حوزەیرانی ١٩٧٦ لەسەر روباری (هیزل) لە پشتی زاخۆ، برایم عەزۆو دەستە چەکدارەکانی شەهیدان (١- عیزەت ئیسماعیل شەنگاری. ٢- عومەر برایم رەشید. ٣- جەباری مەلا غەنی سندی) یەکدەگرنەوەو ئەرکو فەرمانەکانیان دابەشدەکەن.[1]

بۆ کوتومت زانینی کۆرنۆلۆژیای (زنجیرە مێژووی روداوەکان)ی ناردنی مەفرەزەکانی تر، هەر لە هەمان ژمارەی هەواڵنامە، رۆژژمێری چونەدەرەوەی مەفرەزەکان، وەکو خۆیان باسدەکەین (ئەوەی نوسەر زۆربەی هەڵەیە).

-٢٧/ی حوزەیران؛ مەفرەزەی شارەزوور: شێخ عەلی، حەمەسەعید حەمەئەمین (د.رەزا) عەلی شیعە، شەوکەتی حاجی موشیر، محەمەدی حاجی مەحمود، حامیدی حاجی غالی. چونە سوریێو دەوروبەری. (بەندە سەرپەرشتی ناردنەدەرەوەم کردوون).

-٢١/ی حوزەیران؛ دەستەیەکی چەکداریی بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیر لە جافایەتی، لەگەڵ یەکەمین بەرپرسی مەفرەزەکانی کۆمەڵە-یەکێتی، سالار عەزیز چونە دەرەوە.

-٢٩/ی حوزەیران؛ دەستەیەک بە فەرماندەیی ملازم جوامێر، سایە میر لە شارباژێر پێکهاتووە.

-١٤/ی ئابی ١٩٧٦؛ شەهید د.خالید سەعید، عومەر دەبابە، شەهید سەعدی گچکە، سەید کاکە، شەهید یاسین قادر، جەعفەر ئەسوەد، جەوهەر سەعید گەیشتنە ئیندزی-قەندیل.

-١٨/ی ئاب؛ شەهید عەلی عەسکەری، شەهید تایەری عەلی والی، لەگەل شەهیدان ئەحمەد چەقڕی، باهر ئەحمەد، سەلاح سەعید، زیرۆ عەبدوڵڵا، لە تەنگی "مادین" یەکیانگرتەوە.

-٣/ی ئەیلولی ١٩٧٦؛ شەهیدان: ئەنوەر مەجید سوڵتانو سیروان تاڵەبانی، شێخ مەحمود، حسێن کەریم، شەهید تایەری حاجی عەزیز، شەهید ئەنوەر تۆفیق (سۆران هەورامی) مەفرەزەکەیان پێکەوەنرا!

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل(٤٠)

منیش سەرپەرشتی ناردنەدەرەوەی مەفرەزەکانی قەراغ، بازیانو گەرمیانم خرایە (ئەستۆ) لـە١٩٧٦/٨/٥، شەهیدان، گۆران تلەزەیتی، مامۆستا محەمەد ئەمین (شەماڵ) حسێنە سور، ئەبوبەکر قەرەداخی (شەهید ئاشتی)و مامۆستا هێرش (خوشکەزای شەهید شەماڵ)و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵڵا (فەرهاد)و سۆرانی خوشکەزای ئەبو شیهاب. بە دوو گروپ نێردرانە دەرەوە.[*]

(٣)
برایم خەلیلو عێراقچی!!

بە چەپو راست، رقی خۆی بەناو عێراقیەکان دەڕێژێ. هەموو ئەوانەی نوسەریان بە بەرپرسی کۆمەڵە نەزانیووە، یان بە کەسێکی ئاژاوەگێڕیان ناسیووەو ئامادە نەبون گوێی لێبگرن، ئەم هەوڵ دەدات بە تۆمەتی عێراقچێتی، رقیان پێ بڕێژێ. ئەمە لەکاتێکدا، تەنها لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵە، چەند تێکۆشەرێک، بەئاشکرا، باوەڕیان وا بوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسەر بنەمای یەکێتی چینی کرێکار، لە یەک وڵاتدا دادەمەزرێ، نەک کوردستانی، خۆیان جیاکردەوەو بڕیاەوە.[١] ببڕای ببڕ، لەدوای ئەمانەوە، نە کەسێکو نە رەوتێکو نە جیابونەوەیەک، بەناوی پارتی پێشڕەوی کرێکارانی عێراق، لەئارادا نەبووە. هەتا سەرهەڵدانی کارو رەوتی کۆمۆنیست، لەدەرەوەی کۆمەڵە!

ئەوەندە پەنگی بەم رقەی عێراقچێتیەوە خواردووە، سەرو بنی زمانی دژی ئەم رێبازە دەگێڕێ. کەچی لە یەکەمین هەلدا، کە بۆی هەڵکەوت، لەدوای روخاندنی بەعس، خۆی بۆ

---

* ملازم جوامێر، ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان، عەلی شامار، شیروان شیروەندی، سیروان تاڵەبانی، مامۆستا شەمال، گۆران تلەزەیتی، ملازم عومەر، حەمەسەعید قەڵەو، ئەبو شیهاب، نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵڵا، شەهید ئازاد هەورامی.. من بەڕێم کردنە دەرەوە.

١ ئەو هاوڕێیانە: ١- فازیلی مەلا مەحمود. ٢- شێخ ئەشرەف. ٣- فوئاد قەراغی. ٤- سلێمان عومەر حەسەن. ٥- وشیار محەمەد ئەحمەد بەرزنجی. ٦- عەبدولرەحمان سدیق قەراغی (گۆران قەراغی). ٧- فەوزی مەلا مەحمود. ٨- سەردار حەسەن سێوسێنانی. ٩- زاهیر باهیر مەردۆخی. ١٠- پرشنگ مامەند ژاژڵەیی. ١١- عەبدوڵڵا موعتەسەم دەباغ. ١٢- حەسەن حەمەخان ئەمین (حەسەن جاف). ١٣- شیروان شێخ نوری. ١٤- شەماڵ شێخ جەمال. بڕوانە: "بە خەونی گەورەوە کەوتینەڕێ. مامۆستا جەعفەر (فازل کەریم ئەحمەد). چاپی یەکەم.٢٠١٩. ل(٤٢٧)".

پەرلەمانی عێراق کاندید کرد!! ئێستاش بە مۆڵیی موچەی خانەنشینی پەرلەمانی عێراقچی وەردەگرێ!!

بینی بـەو رقـەوە گـرتـووە. تـەنـانـەت، کۆمەڵەی رەنـجـبـەران، کـە دوای هەڵهاتنی سەرکردایەتی کۆمەڵەو چونیان بۆ ئێرانو تەسلیمکردنەوەیان بە عێراق، لەسەر هەڵەی ئایدیۆلۆژیو سیاسی کۆمەڵە، پێش پێکەوەنانی کۆمیتەی هەرێمەکانیشو دوای ئەوەش، بەڵگەیەک لەسەر (عێراقچێتی)یان نادۆزرێتەوە. کەچی ئەم زاتە، گوێ بەو راستییانە نادات‌و خوی شیری تەرک ناکات!!

سەراپا رەنجبەرانم قبوڵ نەبووە. لەسەر بڕیاری شەهید ئارام، یەک دانیشتنیشم لەگەڵدا کردون، وەکو چەند هاوڕێیەکی تری تەجمیدکراو، داوام لێکردون، بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵە (لەگەڵ برایم خەلیلو برایم حەسەن، شەهید شامیل لەگەڵم بوو، دانیشتین) لەو دانیشتنەدا، دوای مشتومڕێکی گەرم، ڕێکنەکەوتین، بەڵام بەتاوانیشی دەزانم برایم خەلیل، دوای شەهید بونیشی، تۆمەتی بۆ هەڵببەستری. نوسەر لە لاپەڕە (١٨٧)دا بەمشێوەیە پەلاماریان دەدات:

"مەفرەزەکەی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)، باڵێک بوون، ڕێبازی عێراقچێتیان لەناو کۆمەڵەدا هەبوو، بە خەت مائل کاریان دەکرد بەسەرپەرشتی ئیبراهیم خەلیلو ئیبراهیم حەسەن، کە ئەوانیش لە مانگی ١٩٧٦/٦دا لەناوچەی هەڵەبجە بەسەرپەرشتی ئیبراهیم خەلیل دەستەیەکی چەکداریان پێکهێنا".[1]

ئەمانە، عێراقی نەبوون. خەت مائیلیش نەبون. بەڵام ڕەخنەیان هەبوو. ڕەخنەکانیان کەمەندکێشی کردن بەرەو نائومێدی بە سەرکردایەتی کۆمەڵە، پاشان دژی کۆمیتەی هەرێمەکانیش دڕێژەیان دایە. ژمارەیەک تێکۆشەرو کادری باشی کۆمەڵەشیان لەگەڵ کەوت. شەهیدیشیان لەزیندا بەخشی. خۆیشیان بەجوانی ڕێکخستبوو. ڕۆژنامەیەکیان بە دەستنوس بەناوی "ڕەنجدەران" دەردەکرد. هەڵە بوبن یان نا، ئەمەیان لە خانەی خۆیدا، هەتا بەڵگەو نوسینەکانیان دەستنەکەوون، یان ئەوانەی لەگەڵیاندا بون، کە ئێستاش هەندێکیان ماوون، تا ئێستاش دانیان پیا نەنابێ کە عێراقی بوبن، بە چ مافێکەوە، نوسەری (چەپکێک) چەپۆکی عێراقی بون، دەکێشێ بەمانیشدا؟!

ئەگەر عێراقی بونایە، بۆچی شەرمیان دەکرد رایبگەیەنن؟ یان بۆ نەچون لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق –قیادەی مەرکەزی– کە لەناو شۆڕشدا شەهید فازیلی مەلا

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٨٧).

مەحمودو هاوڕێکانی نوێنەرایەتی دەکردن، لەهەمان کاتدا کە برایم خەلیل چووە ریزی شۆڕشەوە، کار بکەن؟ بەپێچەوانەوە لە شارەزوور خۆیان گەیاندۆتە مەفرەزەکانی کۆمەڵە.. هەتا شەهیدیش کران. کێ ڕێی لێدەگرتن خۆیان بە عێراقی ڕابگەیاندایە. خۆ ئەوکاتە، نە شەهید ئارامو نە سالار عەزیزو نە هیچ فەرماندەیەکی تر، بیرووڕای ئازادیان سەرکوت نەدەکرد. بەڵکو ڕێزیان لێدەگیرا، هەروەکو قیادەی مەرکەزی (وحدة القاعدة)، خەڵکی تریش!

مرۆڤ، کە ئەم نوسینانە، بەم هەڵبەستنانە دەخوێنێتەوە، بەزەیی بە دریژەکێشانی نەخۆشییە دەرونیەکانی نوسەردا دێتەوە، کە نازانێو ناتوانێ، ڕقە دەرونیەکانی پەنا بدات. نە هاوڕێکانی فریای کەوتونو نە خۆیشی توانیویەتی لەدەرەوەو کوردستاندا نەخۆشیەکەی چارەسەر بکات.

(٤)
سیروان تاڵەبانیو سەرکردایەتی

لە کەرکوکدا، دەبێتە هاوڕێی شەهید سیروان تاڵەبانی. سیروان، من لەساڵی (١٩٧٤) وە، لە دێی (مەحمود قەجەر) ناسیمو لەکاتێکدا خیانەتنامەی جەزائیر کرا، شەهید سیروان خاڵە شیهابی دەناسی، ناردمان بۆ پێنجوێن بەسەرکردایەتی کۆمەڵە بڵێ، کۆمیتەی خانەقین، لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتی، زۆر بە چاکیی خۆمان بۆ بەرگری ئامادە کردووە. ڕۆشتو (١٩٧٥/٣/٢٣) بە بڕیاری بەرگرینەکردن گەڕایەوە. ئەمە بڕیارێکی سەخت بوو. بەڵام بڕیاری سەروی خۆمان بوو، جێبەجێمان کرد. ئەوساو ئێستاش، ئەو پاساوانەی بۆ دریژەپێنەدانی شۆڕش لەلایەن بارزانیو بێهەڵوێستی سەرکردایەتیو فەرماندەکانی شۆڕشەوە دەهۆنرێتەوە، ناچێتە ئەقڵم. چونکە لەچوارچێوەی هەمان هەلومەرجی جیهانیو ئیقلیمیو ناوخۆییدا، کە شۆڕشیان تیادا بڵاوە پێکرد، دوای دامەزراندنی یەکێتی، چۆن قیادەی موەقەتە–پارتی، دامەزراو چۆنچۆنی ئەوانیش هاوکاتی یەکێتی بڕیاری دەستپێکردنی پارتیزانییان دا؟ مادام توانییان لە دۆخی نەشیاوتردا دەستپێبکەنەوە، کەواتە، دەشیانتوانی لە دۆخی شیاوتری دوای ڕێکەوتی ٦/ی ئازار، دریژە بە بەرەنگاری بدەن.

لە هەمانکاتدا، تائێستاش پاساوەکانی کۆمەڵە ناچێ بەئەقڵما، کاتێک دڵنیابون سەرکردایەتی (پارتی-بارزانی) بەرەنگاری ناکات، ئەی کۆمەڵە بۆچی بڕیاری بەرەنگاری نەدا؟ هەرچی لەمبارەوە نوسراوە، وتراوە، داتاشراوە، هەڵە بووە.

سەرکردایەتی کۆمەڵە، هەموی سەلامەت بون، چەکو تفاقی زۆریان لەبەردەستدا بووە. وەکو "فەرەیدون عەبدولقادر" دەڵێ:

"نامەیەکی هەڤاڵ مام جەلالیش هاتبوو کە داوای خۆسازدانی ئەکرد بۆ بەرگری".[1]

مام جەلالیش دەیگێڕێتەوە کە:

"لە ٢٧/ی مارتی ١٩٧٥دا هێرۆی خێزانم نارد‌ەوە بۆ کوردستان. هێرۆ گەیشتەوە، تەلەفۆنی بۆ کردم‌و گوتی: هەموو شتێک تەواو بووەو بڕاوەتەوە. ئەگینا من بەتەمابوم لە ٢٩/ی مانگدا بگەڕێمەوە".[2]

ئەو قسەیەی کاکە فەرەیدون، لەناو کۆبونەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵەدا باسکراوە، کە لە گوندی (کێڵێ)ی پێنجوێن بۆ بەرەنگاری دانیشتون. ئامادەبوانیش: (خاڵە شیهاب، عەلی بچکۆل، عومەری سەید عەلی، ئاوات عەبدولغەفور، حەمەی میرزا سەعید، شەهید عەبدولرەزاق‌و فەرەیدون عەبدولقادر) بون. جگە لە هاوڕێ کاریگەرەکانی ئەوکاتەی کۆمەڵە، لەوانە: (ئەرسەلان بایيز، ئەنوەر شاکەلی (فەرهاد)، حەمیدە سوور، عەلی مغاویر، کەمال عەلی، وەستا کەمال، ئازاد هەورامی، سادق، مامۆستا ئەمین، سیروان تالەبانی، بێستون..) لە دیداری راوێژدا ئامادە بون.

تا ئێرە، سەرگوزشتەکە ئاساییە. لە درێژەدا دەنوسێ:

"هاوڕێکانمان ئامادەبوون بۆ بەرگری. خاڵە شیهاب سوور بوو لەسەر بەرگری".[3]

نامەی مام جەلال بۆ بەرگری پێیانگەیشتووە. شیهابی شێخ نوری‌و کۆمیتەی سەرکردایەتی‌و کادرە پێشکەوتوەکان، سوور بوون لەسەر بەرگری. ئەی کێ بون ئەوانەی دژی بەرگری بون؟ ئایا ئەم دژانە، بۆچی کاریگەرییان لە نامەی مام جەلال‌و سوربونی شیهاب‌و زۆربەی کۆبونەوەکە، زیاتر بووە؟

بەپێی گێڕانەوەی (ئاوات عەبدولغەفور) ئەندامی سەرکردایەتی ئەوکاتەی کۆمەڵە بێ،

١ فەرەیدون عەبدولقادر. بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب‌و هاوڕێکانی. لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ. چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی) چاپی یەکەم ٢٠١١. ل(٤٥).

٢ مام جەلال. دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری. ئامادەکردنی: سەلاح رەشید. ل(٢٩).

٣ فەرەیدون عەبدولقادر. بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب‌و هاوڕێکانی. لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ. چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی) چاپی یەکەم ٢٠١١. ل(٣٥).

شەهید شیهابو چەند کەسێک چونەتە لای شەهید فەتاح ئاغا.. سەرگوزشتەکە ئاوهایە:

"چوینە لای فەتاح ئاغا، کاک شیهاب پێی وت با یەک دوو هەزار چەکدار کۆبکەینەوە.. بەڵام فەتاح ئاغا وەڵامی دایەوە، سەرکردایەتی ئێمە بەڵێنی ئەوەی پێدراوە ١٥٠ سەدوو پەنجا هەزار چەکدارمان بۆ مەشق پێ بکەن لە ئێرانو لە هەلومەرجێکی تر دێینەوە. ئیتر کاک شەهاب تووڕە بوو و هاتینەوە، ئەمەش زۆر کاریگەری لەسەر کاک شەهاب هەبوو، بۆیە شەو وتی بەرگری ناکرێتو دەڕۆینەوە ناو شار".[1]

سەیرە، رێکخراوێکی مارکسیستی ماویستی خاوەن ستراتیژی شۆڕشی درێژخایەن، چەند مانگێک پێشتر، بەیاننامەی ناوخۆی دەرکردووە: ئەگەر سەرکردایەتی خێڵەکی- بارزانی، سازش لەگەڵ حکومەتدا بکات، کۆمەڵە بەرگری دەکات. واتا: بەرگری بەرامبەر رێکەوتنی سازشکارانەی پارتی-بەعس. کەچی پارتی، کۆتایی بە شۆڕش دێنێو کارەسات دەقەومێ. هەرەسێکی سیاسیو عەسکەریو سایکۆلۆژی رودەدات. پێشمەرگەو خەڵک، رقیان لەو بڕیارەی پارتی هەستاوە. هەزاران چەک فڕێدراوە، بەڵام بە قسەیەکی فەتاح ئاغا، گوایە ئێران مەشقیان پێدەکاتو لەهەلومەرجی تردا دێنەوە، بەبێ ئەوەی کۆبونەوەی تر بکەن، یان بەیاننامەیەک بۆ رونکردنەوەی بڕیارو هەڵوێستی کۆمەڵە دەربکەن، خاڵە شیهاب تووڕە دەبێو دوای بڕیاری یەکەمی بەرگرینەکردنی سەرکردایەتی بارزانی، بڕیاری بەرگرینەکردنی دووەمی سەرکردایەتی کۆمەڵە- شیهابی شێخ نوری دەدرێ.

(٥)
دوڕیانی کۆڵنەدانو هەڵەداوان

شەنوکەوی ئەو دۆخە هێشتا پێویستە. لەناو هاوڕێیانی جارانی کۆمەڵەدا، مقۆ مقۆ تا ئێستاش لەسەر ئەو بڕیارە نەبڕاوەتەوە. لێکدانەوەکان ساغنەکراونەتەوە. بۆچونی من سەبارەت بە کۆمیتەی هەرێمەکانو شەهید ئارام، لە هەموو کەسێک رونترە. لە شاخو دوای راپەڕینیش، هەموو سااڵێک، بە دەستپێشخەری ئێمە، بەیاننامە بۆ (سااڵڕۆژی شەهید ئارام) دەرکراوە. یەکەمین سااڵڕۆژیشی، لەشێنێو لەسەربانی مەقەڕەکەی برایم جەلال سازمان دا. سەرپەرشتی چاپی بەرهەمی یەکەمی بەرهەمەکانیمان کردو

١ ڕەوتی چەپ لە باشوری کوردستان- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان نموونە. ل(٩٤).

پێشەکی چاپی دووەمیشمان نوسی. هەموو سااڵێکیش، یان لەسەر ئارامگاکەی ئارام، مەراسیم رێکدەخەین، یاخود لە هۆاڵێکدا، بە باسکردنی الیەنی جۆراوجۆری ژیانو خەباتی، یادی دەکەینەوە. سەرپەرشتی زۆربەی یادەکانی شەهید شیهابیشمان کردووە. یەکەمین جاریش لە گوندی سێگردکان لە مزگەوتەکە یادمان کرد. کتێبی (لەسێدارەوە بۆ راپەڕین) لەسەر شەهید شیهاب، ناونیشانەکەیو سەرپەرشتی بابەتەکانی، ئێمە کردمان، کتێبی شەهید عەلی عەسکەریش هەروەها. بەاڵم جاروبار دەمبیست، گوایە لەبەر تێزی سێجیهان سەرکردایەتی کۆمەڵە، بەرگری نەکردووە. چونکە، بەپێی ئەو تێزە، عێراق دۆستی سۆڤیەت بووەو لە ناکۆکبەندی[*] دەوڵەتەکاندا، نابێتە ناکۆکی سەرەکی. ئەم بۆچونەم پێ راست نییە. چونکە، ماوەیەکی کەم گفتوگۆ کەوتە ریزەکانی کۆمەڵە لەسەر تێزی سێجیهانو کۆتایی پێهێنرا. تەنانەت یەک بڕیارو پەخشنامەیەکی ناوخۆش، لەوبارەوە دەرنەکراوە (هێندەی من ئاگادارم). ئەوەی من لێکیدەدەمەوە، ئەوەیە کە: سەرکردایەتی کۆمەڵە، لە پێشەوەدا شەهید شیهاب، لەئاستی لێکدانەوەی هەمەالیەنەی روداوەکەی خیانەتنامەی جەزائیر نەبون. بایەخی بەرەنگاریشیان بۆ چۆنیەتی دریژەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە، وەکو پێویستە لێکنەداوەتەوە. ئەزمونی خەباتی چەکداریو بڕیاری عەسکەرییان نەبوو. کاریگەری سایکۆلۆژی هەرەسەکەش، رۆڵی لەسەریان هەبووە. بۆ ئەو قۆناغە، شیهاب پێی وابووە هەر کاتی خەباتی چەکداری نییەو باوەڕیشی بە جۆرێک دانوستان هەبووە. مام جەالل دەڵێ:

"نامەیەکی شەهابی شێخ نوریم بۆ هاتبو ئیشارەتێکم پێکردوە لە باسی کۆمەڵەدا، شەهاب لە نامەکەیدا زۆر مەدحی من دەکاو دەڵێ: ئێستا خەڵک هەموو چاویان لە تۆیە، بەاڵم چاویان لە تۆیە بۆ مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ رژێم. باسی لەوە کردبوو ئێستا مەسەلەی مفاوەزاتو رێگای مفاوەزات کارێکی خراپ نیە بەشکو تۆ هەوڵێک بدەیت لەگەڵ حکومەتو قەناعەتیان پێبکەیت، دەستبکەین بە گفتوگۆ".[1]

بۆیە، نە لەکاتی هەرەسی شۆڕشی ئەیلولو نە لە سلێمانیش، باوەڕیان بە چونە شاخ نەبووە. دوای چەند کۆبونەوەیەکو هەوڵێکی بێهودە، دەستبەرداری بەرەنگاری بون. بە هەڵەداوان ویستویانە بگەنە شاخ، مام، لێرەدا.. رۆڵی سەرکردە بۆ بڕیارە ستراتیژیەکان لە دۆخی چارەنوسسازدا، دەردەکەوێ.

* ناکۆکبەندی: دەستەواژەیەکە لم نوسینەدا دامانتاشی. مەبەست لێی ریزکردنی ناکۆکیە سەرەکیو الوەکیەکانە.

١ مام جەالل. دیداری تەمەن- لە الوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری. ئامادەکردنی: سەالح رەشید. ل(٣٥).

مام جەلال.. کە (٣) ساڵیش لەدەرەوەی کوردستان بووە. چونکە بەتواناو ئەزمونی شۆڕشی ئەیلولی هەبووە. لەناو فەلەستینیەکانیش بووەو لەگەڵیاندا لەکاتی پیلانی ناوخۆییو شکست بەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیل، ژیاوە؛ بۆیە لە دوورەوڵاتیشەوە، دەستبەجێ بە راسپاردەی خۆیەوە، دەرکی دوربینانەی مانەوە لە شاخو بەرەنگاری کردوەو نامەشی بە هێزۆی هاوسەریدا ناردوە، کە بەرەنگاریی بکەنو ئامادەش بووە زوو بگەڕێتەوە. سەرکردایەتی کۆمەڵە بە نامەکەیشیان زانیووەو جێبەجێشیان نەکردووە. گەڕاونەتەوە!

رۆژگـار زۆری نەویست، تـەواوی بۆچونو توانـای سـەرکردەکـان، لە مەحەکی روداوەکان بدات. دوای شەش مانگ لە هەرەسی شۆڕش، کۆمەڵە بەر شاڵاوی گرتنو راوەدوونـان کـەوت، ئەمەش دووەم تاقیکردنەوەی بێتوانایی‌و توانای سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، دوای بەرەنگارینەکردن، بۆ لێکدانەوەی دۆخەکەو بڕیاری ستراتیژی. لەم دووڕیانەشدا، هەڵبژاردنی ڕێی شۆڕشگێڕانە، یان ڕێی دەربازبون هاتەئارا. سەد مەخابن، ڕێی شۆڕشگێڕانەکەیان هەڵنەبژارد. پێموایە ڕێگای چونە شاخیان هەڵبژاردایە، هاوکێشەکان زۆربەیان دەگۆڕان. شەهید شیهاب، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەری سەید عەلی، شەهید جەعفەرو عەلی بچکۆل، دەبونە پێنج سومبلی بەرەنگاری گەورە. وردە وردە هەڵەکانی خۆیان چارەسەر دەکرد. کادری زۆری سەرکردایەتی‌و شادەمارەکانی ناو شۆڕش، کۆمەڵە دەبون. نەوشیروان مستەفاش نەدەبووە سکرتێری کۆمەڵە.. لەناو هێڵی گشتیدا دەمایەوە.

شایەنی باسە، بەدرێژایی ساڵانی دامەزراندنی کۆمەڵە، هیچ پەیوەندییەک لەنێوان شیهاب‌و سەرکردایەتی کۆمەڵە، دوای کۆمیتەی هەرێمەکان‌و شەهید ئارامیش، لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا نەبووە. لەدەرەوە، بچوکترین چالاکیشی بۆ کۆمەڵە نەبووە. تەنانەت ئەوکاتەی کراوەتە دەستەی دامەزرێنەرو لە شامو قامیشلوش بووە. کێشەی لەگەڵ شەهید برایم عەزۆ و هاوڕێیانی کۆمەڵەدا هەبووە. هەندێک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە. لەوانە: (عارف کەریم، فەرهاد شاکەلی، برایم عەبدەلی‌و ملازم سەردار..تاد) لەبەر فشاری نەوشیروان‌و گوێنەدان بە پرەنسیپ‌و دیسپلینەکان، بەرەو هەندەران ڕۆشتون. سەرکردایەتی کۆمەڵە لەبری جێبەجێکردنی بەرنامەی چونە دێهات‌و پێکەوەنانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی سەرەتاتکێی پارتیزانی، هەتا دڵنیابون لە کاتی گەڕانەوەی مەفرەزەکانی کەمپی قامیشلو، کەچی کوێرە ڕێی ئێرانی شایان هەڵبژاردو خۆیان خستە داوێکەوە، لێی دەرباز نەبون.

چونەدەرەوەی مەفرەزەکانی کۆمەڵە لە (باڵەیانو باڵەکایەتی، شارباژێڕ، جافایەتی، شارەزوور، قەراغو گەرمیان، دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی، مەرگە) لەسەر ئەو بنەمایە بوو، مەفرەزەی وشیارکردنەوەی جەماوەر بن، هەتا زەمینە خۆشببێ بۆ گەڕانەوەی مەفرەزەکانی دەرەوە. تەنانەت، هۆکارێکی ناردنی مەفرەزەکانی دەرەوەش (نەک هەموو هۆکارەکان) بۆ ئەوە بوو حکومەت هەموو فشارەکانی نەخاتە سەر چالاکی رێکخراوەییو پێشمەرگەیی ناو وڵات. چیرۆکی چۆنیەتی بڕیاردانیان بۆ چونە ئێرانو زیندانو رادەستکردنیان، یەک بە یەک شلەژانی بڕیاردانی سەیر سەیری تیادایە.

لەو سەروبەندەدا، بە بڕیاری کۆمەڵە، فەرەیدون عەبدولقادر دەچێتە سەردانی مام جەلال بۆ دوا رێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵە-یەکێتیو دوا بڕیاردان لە چۆنیەتی نـاردنـەدەرەوەی مەفرەزەکان. هەر لـەدەرەوە دەبـێ، سەرەتای پەلاماردانی کۆمەڵە دەستپێدەکاتو شەهید ئەنوەر دەگیرێو دەیگێڕێتەوە کە:

"هاوکارێکم پێی وتم: چەند ئەمنێک هاتبوونە سۆراخی تۆ. ئیتر نەوەستام بە وریایی تەواو چووم پرسیار لە هاوڕێ ئەنوەر زۆراب بکەم لە دراوسێیەکیان حاڵی بووم کە گیراوە. سامێکی گەورە پەڵە هەورێکی رەشی ئاڕاستەی هیواو خەیاڵە خۆشەکانم کرد".

لە دریژەی گێڕانەوەکەیدا، بەناوی خاڵە شیهابەوە دەڵێ:

"وەزعی ئێمە باش نییە هەندێ لە هاوڕێیانمان گیراون، گوێ مەدەرێ تەگبیری لێ ئەکەین. گرنگ دەنگوباس لای تۆیە".[1]

هەر بە زمانی خاڵە شیهابەوە دەنوسێ:

"دوو ئەندامی سەرکردایەتیو دوو کادرمان گیراون.. دیارە لەوانە یەکێک یا زیاتر نهێنیەکانیان درکاندووە".[2]

شەنو کەوی ئەم گێڕانەوانە، بۆ دەرخستنی راستیەکان، کە ساڵەها لەناو کۆمەڵەدا دێزە بەدەرخۆنە دەکران، بەڵکو بە ئاڕاستەی تری پێچەوانەدا دەبران:

یەکەم: دوای زانینی یەکەم گرتنی دۆستە عەرەبەکە، دەبوو دەستبەجێ شەهید ئەنوەر خۆی حەشاردابایەو هەڵبێ. نەک بێباکی بنوێنێ.

دووەم: هەموو ئەوانەی دۆستە عەرەبەکەیان ناسیووە، دەبوایە دوربخرێنەوە لە شوێنی کاریان،هەتا دۆخەکە روندەبێتەوە. ئەوەتا خودی فەرەیدونیش لە "رومادی" بە

---

١ فەرەیدون عەبدولقادر. بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهابو هاوڕێکانی. لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ. چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی) چاپی یەکەم ٢٠١١. ل(٤٠-٤١).

٢ سەرچاوەی پێشوو چاپی یەکەم ٢٠١١. ل(٤٢).

رێکەوت دۆستێکی پێی راگەیاندووە، ئەگینا بچوایەتە فەرمانگەکەی، ئەویش وەکو ئەوانی تر. زووتر دەگیرا!

سێهەم: کاتێک دوو سەرکردایەتیو دوو کادر لە یەک هەفتەدا دەگیرێن، ئەمە ئیتر گومان ناهێڵێ، کە یەک یان هەردوو سەرکردەکەو یەک یان هەردوو کادرەکەش، نهێنییان درکاندووە. خاڵە شیهابیش وتویەتی: (لەوانەیە یەکێک یان زیاتر نهێنیەکانیان درکاندووە). لەراپۆرتی شوباتی (١٩٧٦)یشدا، کە دۆخی کۆمەڵە هەڵسەنگێندراوە، هەر هێندە وتراوە. باسی شەهید شیهابو هاوڕێیانی زیندان نەکراوە. راپۆرتەکەش، ئەوساو ئێستاش دەست حکومەت نەکەوتبوو. وتارەکەی باوکی ئاوارە (مەلا بەختیار) جگە لەو قسانەی شەهید شیهاب، هیچی تری تیا نییە.. کەچی هاوڕێیانی زیندان، لەوبارە سایکۆلۆژییە هاتبونە دەرەوە. ئەو راپۆرتی شوباتو نوسینەکەی باوکی ئاوارەیان کردە کراسی عوسمانو کێشەی هەڵەکانی بەرەنگارینەکردنو چونیان بۆ ئێران، بە پشتیوانی مام جەلالو نەوشیروان بیر برایەوە.

ئەو قسەیە سەبارەت بە گرتنو نهێنی درکاندنی گیراوەکان، بەس بوو، تەواوی کۆمەڵە بخرێتە ئامادەباشیەوە. باقی سەرکردەکانیش لە شار دوربکەونەوەو شوێنی دورەدەست هەڵبژێرن. نەک تەگبیرو رای نەگونجاو، لەگەڵ ئەو دۆخە مەترسیدارەی کۆمەڵە بکەن. لەم کەینو بەینەدا، ئێمە کە لە کۆمیتەی باڵای بەغداد، خانەقین، گەرمیان، کفری بوین، بە رێکەوت نەگیراوین. کە فەرەیدون دەنوسێ:

"بڕیار بووە یەکەمین پێنج شەممەی ئەیلولی ١٩٧٥ هاوڕێیان لەماڵی ئەوان کۆببوونەوە بکەن ئەویش دڵی لای هاوڕێکانی بووە هەوڵی داوە بەهەر نرخێ بێ هۆشیاریان بکاتەوە"[1]

(٦)
بە رێکەوت نەگیراین

ئەو هاوڕێیانە ئێمە بوین پێنج شەممان لەماڵی شەهید ئەنوەر کۆدەبوینەوە. فەرهاد شاکەلی لەڕێی هاوسەری ئەنوەرەوە بە گرتنی ئەنوەر زۆرابی زانیبوو، ئەویش دەستبەجێ (١٩٧٥/٩/٥) بە "عەلی شامار"دا هەواڵی بۆ ناردم (واتا دوو رۆژ دوای گرتنی ئەنوەر زۆراب)، بەبێ هیچ بڕیارێکی سەروی خۆم، دەرکی مەترسی دۆخەکەم کرد.

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، چاپی یەکەم ١١٠٢. ل(٢٤).

زانیم دوو سەرکردە گیرابنو کادری تریش، کەواتا: شیرازە پساوە. دوای دوو سەعات بە شوناسنامەی ساختە کە سەلاح نەقشبەندی هاوڕێم بۆی سازدام، خانەقینم جێهێشت بەرەو سلێمانی. بەم بڕیارە، تەواوی رێکخستنەکانی خانەقینو گەرمیانم پاراست.

شەهید شیهاب فەرمویەتی: وەزعمان باش نییە. گوێ مەدەرێ تەگبیری لێ ئەکەین.

ئەو قسەیە، لەو دۆخەدا، قسەی سەرکردەیە. بەڵام دیسان سەد مەخابن، تەگبیرەکە خراپ کراوە.

بۆئەوەی رونی بکەینەوە کە تەگبیرەکە چۆن خراپ کراوە؟ هەر لە قسەکانی فەرەیدون عەبدولقادرو لە هەمان سەرچاوەو لەهەمان کاتدا، با گفتوگۆی هاوڕێیانی سەرکردایەتی کۆمەڵە بهێنینەوە، چۆنچۆنی دۆخەکەیان لێکداوەتەوەو بۆچی بڕیاری دەربازبونیان بەرەو ئێران–سوریا، داوە؟

شانۆی سیاسی: مالّی شەهید بەکری دارتاش. خالّی فەرەیدون عەبدولقادر.(*) ئامادەبوانی سەر شانۆ: شیهابی شێخ نوری، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەری سەید عەلی، عەلی بچکۆلو مامۆستا جەعفەر.

بابەت: چونە شاخ، یان دەربازبون بۆ دەرەوە.

پەردە دەکرێتەوە، شەهید شیهاب دەدوێ: "وا چاکە ئێوەش لەگەڵ من بن تەگبیر لە هاتنی هاوڕێ ئاوات بکەن".

لێرەدا، سەرنج بدرێ، ئاوات عەبدولغەفور، لەو هاوڕێیانە بووە، کێشەی لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵە هەبووەو لە یەکەمین کۆنفرانسدا، باسی دورخستنەوەی کرا. لە

---

* دوای رۆشتنی هاوڕێیانی سەرکردایەتی، من لە هەمان مالّدا، بە راسپاردەی فەرەیدون عەبدولقادر، خۆم لە هەمان ژوردا، چوار مانگ شاردەوە. کە بەهۆی سالار عەزیزەوە، بە عومەری سەید عەلی ناساندمو ئەویش بە فەرەیدونی گەیاندم. بڕیار بوو فەرەیدون عەبدولقادر دوای چونە شاخ، منیش ئاگادار بکات. هیچ هاوڕێیەکی تر بەشوێنی منی نەزانیبوو، لەو کۆمیتەیەی دوای سەرکردایەتی کۆمەڵە، کارەکانیان دەکرد. کە زانیم سەرکردایەتی کۆمەڵە چونەتە ئێرانو گیراوون، زۆر ناخۆشبوو. بۆچی وایان کردبوو؟ بۆ نەچونەتە شاخ؟ سەرلێشێواوی لەناو کۆمەڵەدا بۆ دروستبوو؟ لەڕێی شەهید بەکر دارتاشەوە (عوسمان نانەوا)م پەیدا کرد. ئەویش زۆری پێنەچوو، گیرا. دوای گرتنی عوسمان، من ئیتر چووم بەقوتا. هەتا دوو مانگیش نەجوڵامو چاوەڕێی دۆخەکەم دەکرد. پاشان کاک سالار عەزیزم دۆزیەوەو کەوتینە تەگبیر. من ئازاد هەورامیو شەهید عەبدولرەزاقیشم هێنایە سلێمانی. تەکلیفمان کرد، شەهید ئارامیش بێتە کۆبونەوە. کە ئەوکاتە شەهید ئارامو فوئادی مەجید میسری، تەنها کاری روناکبیریان بۆ کۆمەڵە پێ سپێردرابوو. سالار عەزیزیش، سەرەڕای ئەوەی کادرێکی ناسراوی قوتابیانو کۆمەڵەش بوو، بەڵام بەرەسمیی بەرپرسی هیچ ئۆرگانێک نەبوو. بیری جیاواز و رەخنەی لە سیاسەتی کۆمەڵە هەبوو.

هەمانکاتدا، سالار عەزیزو فوئادی مەجید میسریو شاسوار جەلالیش، لەسەر بیری جیاواز، خۆیانو چەندین کادری تری کۆمەڵە دورخرابونەوە. وەکو: ئازادی مەلا، بەختیار شاڵی، برایم خەلیل، بەختیار مستەفا عارف، جەبار مستەفا، سەلاح حسێن ئەفەندی، هیوا رەئوفو ئاسۆ رەئوف. بەڵام دەرکەوت ئەو بڕیارانە چەند هەڵە بوون.

لێرەدا بەجوانیی دەردەکەوێت، کە ئاوات عەبدولغەفور دورخراوەتەوەو بەقسەشی نەکردوون. بەڵام شیهاب، بە وریایی باسی دەکاتو دەیەوێ بە تەگبیری هەمویان، بیهێننە لای خۆیان. ئەمە رەنگدانەوەی کێشەکانی ئەوکاتەی هەناوی کۆمەڵەیە. هەر لەسەر قسەی فەرەیدون لەناو شانۆکەدا بەردەوامینو دێتە سەر گرنگترین بڕیار، کە ئیتر گرێکوێرەکانی چۆنیەتی رۆشتنی هاوڕێیانی سەرکردایەتی دەکرێتەوە. فەرەیدون ئاوای دەگێڕێتەوە:

"لەسەر قسەی مام جەلال ئەبێ منو ئاوات بچین کەواتە ئێوەش وەرن با رێکخستن سەلامەت بێ پاشان لەوێوە پاش تەگبیری تەواو هەموو پێکەوە ئەدەینە شاخ. مشتومڕ زۆری خایاند لەئانجامدا پێکەوە رووماکردە شارباژێڕ تا لەئێرانەوە پەیوەندی لەگەڵ سەفیری سوریا بکەین بۆ گەیشتن بە هەڤاڵ مام جەلال".[1] (+)

ئەم بۆچونە هی فەرەیدونن، لە کۆبونەوەی رەسمیو لە دۆخی لێقەومانی کۆمەڵەدا. دۆخێک، هەمان سااڵ، خۆیو هاوڕێی تریش سەفەری شامیان کردووە؛ کۆمەڵە چۆتە ناو یەکێتی؛ بڕیاردراوە لە یەکەمین یادی یەکێتیدا شۆڕش بکرێتەوە. لەبری ئەوەی پەلاماردانی کۆمەڵە بکەنە هەل بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری شۆڕش بەرپاکردن، کە سەرەتا دەیانتوانی چەند مانگێک خۆیان بشارنەوە. پەیوەندی بە مام جەلالەوە بکەن. پاشان لە ئانو ساتی بڕیارلێدراودا، شۆڕش رابگەیەنن. با دیقەت بدەینو بزانین ئەو بڕیارە، کە فەرەیدون خۆی دانی پیا ناوە پێشنیازی کردووە، چەند لەگەڵ رێکەوتن لەگەڵ یەکێتیو مام جەلال، دوورن لەیەک:

"گرنگترین راسپاردەکانی مام جەلال بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەمانە بوون:

١-دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە وڵات دابمەزرێنن، تێکەڵاو بێ لە ئەندامانی کۆمەڵەو کەسایەتی ناسراو و نیشتمانیو دیموکرات، ناوی هەندێ کەسیشی دیاری کردبو، قسەیان لەگەڵ بکەن.

---

١ فەرەیدون عەبدولقادر. بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهابو هاوڕێکانی. لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ. چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی) چاپی یەکەم ٢٠١١. ل(٤٤).

+ فەرەیدون عەبدولقادر لە کتێبی (هەڵۆ سوورەکانی قەندیل)دا، تەنها باسی عەلی بچکۆل دەکات، کە وتویەتی بچینە شاخو حەشارگەیەک دروست بکەینو کاری گرنگتر بکەین. ل(٢٢٥).

٢-پەیوەندی لەگەڵ کادرە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بکەن، ڕێکخراوی پێشمەرگەیان لێ پێکبهێنن‌و ئامادەیان بکەن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری.

٣-لە هیچ حاڵەتێکدا نابێ کوردستان بەجێبهێڵن. لە کاتی لێقەومان‌و ئاشکرابوندا خۆیان بشارنەوە، یان بچنە شاخ ".[1]

(٧)
گرێکان بە دەست کرانەوە

گرێکان ئەگەر پێشتر بە دەمو بە سەختی دەکرانەوە. ئێستا ئیتر بەڵگەکان پێماندەڵێن: گرێکوێرەکانی ئەو ڕوداوانە بە دەست دەکرێنەوە. دەرکەوت، پێشنیازی چونە شام، لەلایەن فەرەیدونەوە کراوە، نوسیویەتی: "مشتومڕی زۆری خایاندووە" بەڵام لە دوائاکامدا، پێشنیازەکە کراوەتە بڕیار. واتا:

لەناو مشتومڕەکەدا، فەرەیدون هەر ئەو بۆچونەی پێ ڕاست بووە، بچنە شام‌و لەگەڵ مام بگەڕێنەوە شاخ. ڕێگای کورتی چونە شاخیان، خستۆتە قورگی نەهەنگی ئێران. سەرەنجامەکەی، کارەساتی لێکەوتەوە.

لەمەبەدواوە، کە سەرکردایەتی کۆمەڵە، سەبارەت بەوەی لە (٥) ساڵدا نەیتوانیووە:

١)بابەتە تیۆری‌و فەلسەفیەکان، بنوسێ‌و ئەڵقەکانی ڕۆشنبیری پێ گۆش بکات.

٢)بۆ کاتی لێقەومان، تەنانەت ژورێکی ئامادە نەکردووە، لەکاتێکدا لە شاخ‌و شاردا دابینکردنی حەشارگە، ئاسان بوو. ئەزمونی کۆمیتەی هەرێمەکان ئەمەی لە شارو شاخدا سەلماند.[*]

٣)لە کاتی هەرەسی شۆڕشی ئەیلولدا، نەک بەرەنگارییان نەکردووە، بەڵکو ژمارەیەک چەکی شیاویشیان بۆ تەنگانە پەنا نەدابوو.

٤)لەدوای هەرەس، هەتا لێقەومانی کۆمەڵە مانگی ئەیلولی ١٩٧٥ سەرەڕای ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێتی‌و مام جەلال، بەرچاویان ڕوون نەبووە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی چەکداری، هەروەکو لەتەک مام جەلالدا، بڕیاریان لێدابوو.

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨. چاپی دووەم. سلێمانی-١٩٩٧. ل(٤٨).

* جگە لە ئارام، سالار، مەلا بەختیار.. جەمالی عەلی باپیر، سەلاح چاوشین، شێرکۆ جدی، حەمەسەعید قەڵەو، زێڕۆی عەبدوڵڵا ڕێوی خۆیان شاردەوەو نەشگیران!

٥)کێشەکانی ناو کۆمەڵەیان بە هەڵپەسێردراوی لەسەر ئایدیۆلۆژیەتی کۆمەڵەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، هێشتبوەوە.

٦)ئەو کۆمیتانەی دروستیان کردبوو، تەمەنیان دوو مانگی نەخایاندووە، گیراونو هەڵهاتون.

کەوابێ..

ئەو هاوڕێیانەی خۆڕاگر بوونو کوردستانیان جێنەهێشت، چ ئەوانەی بەهۆی بیرو ڕەخنەی جیاوازەوە دورخرابونەوە، لەگەڵ بەرپرسی هەرێمەکانی کۆمەڵە (هەولێر، کەرکوک، بەغداد، خانەقینو گەرمیان) مافی خۆیان بووە: ١- شانە و ئەندامە پەراگەندەکانی کۆمەڵە کۆبکەنەوە. ٢-سلێمانیش ڕێکبخەنەوە. ٣- کۆمیتەی هەرێمەکان دروستبکەنو بشکەونە تێکۆشان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە. ٤- پەیوەندی کۆمەڵەو مام جەلالو پێشمەرگەکانی قامیشلو دروستبکەن. ٥- خۆسازدان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش. کە سەرەنجام، هەر ئامادەکاریەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان کرایە داینەمۆی ڕاستەقینەی شۆڕش. باشترین بەڵگەش هەواڵنامەیە کە وا هاتووە:

"دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، لەپێشەوە بە دروستکردنی تاقمی هوشیارکردنەوەی چەکدار لە لادێ، ئینجا نواندنی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە لە شارو لادێدا. بۆ هێنانەدی هەمان نیاز لەدەرەوەی وڵاتەوە چەندین دەستەی هوشیاریی ڕێکخراوەو چەکدار کران بەسەرۆکایەتی قارەمانی نەمرو هەڤاڵی هێژا ئیبراهیم عەزۆ نێردرانەوە وڵات. بەڵام لە هەمان کاتدا هیواو ئومێدی سەرەکی بە هەڤاڵانی ناوەوەی وڵات بوو. لەگەڵ هەڤاڵانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانو چەندین هەڤاڵی تری وەک دکتۆر خالید سەعیدو بەهۆی ئەویشەوە لەگەڵ شەهیدانی نەمر سەعدی عەزیز (گچکە-نوسەر)و هەڤاڵ سەید کاکە تەگبیری دروستکردنەوەی هێزی چەکدار کرابوو"[١]

دیقەت بدرێ لەوەی ئەم نوسینە هی مام جەلالە (٢٩) لاپەڕەی چاپی فلسکاپە. دەستبەجێ دوای کارەساتی هەکاری نوسراوەو کاریگەرییە سیاسی، عەسکەریو سایکۆلۆژیەکانی کارەساتەکە، قوولە لەسەر نوسینەکە. ٩٠٪ی تەرخانی باسکردنی کێشەکانی یەکێتیو قیادە موەقەتەی پارتییە.

---

١ هەواڵنامەی کوردستانی عێراق. یەکەمین هەواڵنامەی شۆڕش. ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی-٢٠١١. ل(٢٠).

بێ تەمومژ مام جەلال دەنوسێ، لەگەڵ کۆمەڵەی مارکسی-لینینی رێکەوتون شۆڕش بەرپا بکەن‌و کۆمەڵەش (هیواو ئومێدی سەرەکی) بووە، لەگەڵ شەهیدان د.خالیدو سەعدی گچکەو سەید کاکە. تەنانەت ناوی بزوتنەوەی سۆسیالیستیش نەهاتووە. چونکە تا ئەوکاتە، واتا هەتا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦، سەرکردەکانی بزوتنەوە، تەنها تەگبیریان لە دۆخەکە دەکردو ناوی لە بزوتنەوە نەنابوو. یەکەمین جار کۆمەڵە کە ناوی بزوتنەوەی سۆسیال-دیموکراتمان بیست (پاشان دیموکراتیەکەیان لەسەر داوای مام جەلال لێکردەوە) لە (١٩٧٦/٨/٢١)، کە یەکەمین دیداری شەهید عەلی عەسکەری‌و شەهید ئارام لە مێرگەپان، باس کرابوو کە بزوتنەوەی سۆسیال-دیموکراتیان تازە دامەزراندووە. تا ئەوکاتەش بەیاننامەی دامەزراندنەکەشیان نەنوسیبوو.

(٨)
شارباژێڕ، جافایەتی، یان قەراغ؟

لە گێڕانەوەی ناردنەدەرەوەی مەفرەزەکاندا، بەئارەزووی خۆی، لە لاپەڕە (١٨٧)دا مێژووی ناردن‌و شوێنی مەفرەزەکان دیاریدەکات. وەکو:

"٥- لە مانگی ١٩٧٦/٧دا، دوو مەفرەزەی چەکداری لە شارباژێڕ بە سەرپەرشتی نەجمەدین عەزیز (سالار)و مەفرەزەیەکیش لە دۆڵی جافاتی بە سەرپەرشتی جەمال عەلی باپیرو بە هاوکاری عەبدولقادر هەڵەدنی. باوکی شەهید غەریب هەڵەدنی پێکهات

٦-هەر لە مانگی ١٩٧٦/٧ مەفرەزەیەکی چەکدار بە سەرپەرشتی فەیسەل تاڵەبانی "شەهید سیروان" لە بەری قەرەداغ و لە ١٩٧٦/٧/٢٩ دا لە شارباژێڕ مەفرەزەیەکی تر بە سەرپەرشتی ملازم جوامێر سیامیر پێک هات.

٧-پاشان لە نیوەی مانگی ١٩٧٦/٨ دا عەلی عەسکەری و د.خالید و سەید کاکەو سەعدی گچکە و عەمەر دەبابە، چەند کەسێکی تر، کە خەلیل جەلال لە رێگەی سەنگەسەر دۆڵی شەهیدانەوە دەیانگەیەنێتە گوندی ئینزە، لەوێ لەگەڵ عەلی کۆ دا یەکدەگرنەوە".[1]

ئەم دوو گێڕانەوەیە، بێسەروبەرن. جارێ لە تەواوی ناوچەی سلێمانی، یەکەمین مەفرەزە، سالار عەزیز و سێ کەس چونە دەرەوە بۆ دۆڵی جافایەتی-تەنگی مادین-

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٨٧).

هەڵەدن. سالار عەزیز، وەکو بەرپرسی مەفرەزەکانی کۆمەڵە، بە بڕیاری کۆمیتەی هەرێمەکان نێردرایە دەرەوە. بەپێی بڕیاری کۆمیتەی هەرێمەکانیش کە بەرنامە داڕێژرابوو، ئاگاشی لەوە بوو کە بۆ شارباژێڕ، قەندیل، مەرگە، بەرزنجە، دەڤەرەکانی تریش، کەرکوک، هەولێر، هاوزەمان مەفرەزەکان دەنێردرێنە دەرەوە. کاتێک ئەمان چونە دەرەوە، هیچ هەواڵێک لە هاتنەدەرەوەی هەڤاڵانی بزوتنەوەی سۆسیالیست نەبوو!

دوای چونەدەرەوە بە ماوەیەک، مەفرەزە بۆ شەهید جەمال عەلی باپیر دروستدەکرێ. ئەویش دوای هەرەس سوێندی خواردبوو یەکەمین تەقە لە شۆڕشی نوێدا خۆی بیکات. وایشی کردبوو، هەڵیکوتابووە سەر رەبایەیەکی شاخی ئەزمەڕ. ئەمە یەکەم چەخماخەی شۆڕش بوو، لەو دەڤەرەدا.

عەبدولقادر هەڵەدنی، لەسەرەتای بەرپاکردنی شۆڕشدا، دێکەیانو ماڵو منااڵیشی، خانەخوێی مەفرەزەکە بونو هەر ئەویش "تەنگی مادین"ی بۆ دابین کردبونو خزمەتی دەکردن. بەاڵم لەدوای کارەساتی هەکاری، لەاڵیەن دوو خۆفرۆشەوە (عەلی گاور– گودرون) فریو درابوو.(*) بەاڵم دوای جێبەجێکردنی بڕیاری شۆڕش بۆ کۆتاییهێنان بەو مەترسیە، عەبدولقادر، هاتەوە ریزی یەکێتیو هەتا مردیش، وەفادار مایەوە، غەریبی کوڕیشی، لە قارەمانە دیارەکانی سەرەتای شۆڕشو پارتیزانی دوای ئەنفالەکانیش بوو. مەخابن، بە رێکەوت شەهید کرا.

لە باسکردنی شەهید سیروان تاڵەبانیدا (فەیسەڵ) لەمەشدا تێکیدایەوە.

سیروان، کۆتایی مانگی هەشتی ١٩٧٦، من لەماڵی ئەشرەف تاڵەبانیەوە، بەڕێم کرد بۆ ناوچەی بەرزنجە. لەوێ، بەحوکمی ئەوەی کادری وشیاری کۆمەڵە بوو، کرایە رابەری سیاسی. لەگەڵ بزوتنەوە هەڵینەکردو لە ١٩٧٧دا گواستراییەوە بۆ قەراغ. لە قەراغدا، زوو جێی خۆی گرتەوەو دوای شەهیدکردنی ئارامو شەهیدکردنی خالید گەرمیانی (١٩٨١/١٢/٨)، سەرپەرشتی مەفرەزەکانی سەرکەوتووانە کردبوو. کاتێک بۆ لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی شەهیدکردنی ئارامو ئاشتی، چومە قەراغ، سیروانم بینیەوە. بینیم چەند فەرماندەیەکی لێوەشاوەیە. بەپێی دەسەاڵتی کۆمەڵە کە هەمبوو، کردمانە سەرپەرشتیاری

---

* کارەساتی هەکاری کاریگەری نالەباری دەرونی لەسەر سەدان پێشمەرگەی خێڵەکانو دێهاتەکانو کادری شارەکانیش هەبوو. هەندێکی وازیان هێنا. بەشێکی تەسلیم بونەوە (٥٠) کەسێکیش لە دۆڵی جافایەتی پەیوەندییان بە ئیستخباراتەوە کردبوو. بە هێزێکی هاوبەش هاتینە سەریانو، چەکمان کردن! ئەمە گورزێکی گەورە بوو، لە نەخشەی شۆڕشی چەواشە، دوای کارەساتی هەکاری، کەوت.

گەرمیان‌و بازیان‌و قەراغ. لە مەکتەبی سیاسیشدا، پێشنیازمان کرد، کرایە ئامر هەرێم. مەخابن، زۆری نەخایاند، لە شەوی (٣٠/٢٩)ی ٤/ی١٩٧٩دا شەهید کرا.

هەمان مەفرەزەکەی شەهید ملازم جوامێر سایە میر بوو، کە سیروان تالەبانی رابەری بوو. جوامێریش لەگەڵ فەرماندەکانی بزوتنەوە هەڵینەکرد، ئەمیش گواستراییەوە قەراغ.

جوامێر، لە بەغداد دوای هەرەس رێکمخست.[+] کەسێکی هەتا بڵێی قارەمان بوو. بەڵام پەروەردە کۆمەڵایەتیەکەی‌و کولتورە مەندەلاویەکەی، لەگەڵ بزێوەکانی سلێمانیدا نەدەسازا. تەنانەت سۆرانییشی باش نەدەزانی. لەو ماوەیەدا، دوا دیدارم لەگەڵ شەهید ئارام، پێش رۆشتنم بۆ هەکاری هاوینی (١٩٧٧) پێم وت:

هاوڕێیانی بەغداد، بەتایبەتی رێکخراوی خوێنی شەهیدان بە رابەرایەتی شەهید "سەلمانی حاجی داود" بێ بەرپرسیار دەمێننەوە. بۆشم باسکرد، کە چالاکی گەورەیان بەدەستەوەیەو بڕیارە عوسمان محەمەد فایەق تیرۆ بکەن. بۆیە گرنگە هاوڕێیەک بنێرێتە بەغداد کۆیانبکاتەوە.[*]

(٩)
سۆسیالیست‌و رەخنەی ناڕاست

سەبارەت بە شەهیدان عەلی عەسکەری، د.خالید، سەعدی گچکە، عومەر دەبابەو سەید کاکە.. ئەمانەش، پێکەوە نەچونەتە دەرەوە. بە جیا و دوو دوو چونە دەرەوە. چۆن‌و چۆنیەتی هاتنەدەرەوەیان؟ بۆچی نەمانتوانی پێش ئەوە، وەکو کۆمیتەی هەرێمەکان بیانبینین؟ کە هاتنە دەرەوە روانینمان چەند جیاواز بووە؟ سەرەنجام کێشەکان بۆچی لەنێوانماندا سەریانهەڵدا؟ ئەنجامی کێشەکان گەیشتنە چی؟ ئەو پرسیارگەلە، وەڵامەکەیان تا ئێستاش، لە یادەوەری تێکۆشەرو مێژوونووساندا، وەکو رویداوە، نەزانراوە. نوسینەوەشیان، بە لایەنی پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤەوە، بۆ مێژووی شۆڕشە نوێکە گرنگە.

[+] ملازم جوامێر؛ لە هەرەسی ١٩٧٥، ئامادە بوو لەگەڵماندا بەرگری بکات.. هێشتا بۆ کۆمەڵەش رێکنەخرابوو. شیروان شیروەندی قسەی لەگەڵ کردبوو!

[*] لێرەدا، کۆمەڵێک راستی هەیە سەبارەت بە هاوڕێیانی رێکخستنی بەغدادو رەفتاریان لەگەڵ هەڵۆی سور، کاتی باسکردنی نییە.

بەمەرجێ لەهەموو رویەکەوە، بابەتییانە بنوسرێ. چونکە، نە کۆمەڵە هەموو سیاسەتو بڕیارەکانی راست بون، هەتا تەواوی کێشەکان لە بزوتنەوەی بئاڵێنین. نە بزوتنەوەی سۆسیالیستیش، بەرپرسیارێتی تەواوی کێشەکانیان لەئەستۆدایە. تەرازوی کێشەکانی لایەنە باشو خراپەکانی هەردوولا، لەگەڵ هەڵەکانی مام جەلالیشو باقی سەرکردەکانی هێڵی گشتی، پێویستە بە بەڵگەی تەواوەوە بنوسرێتەوە. نەک بەئارەزووی سەرکردەو کادرەکانی هەردوولا. چۆن کۆمەڵە، رۆڵی قارەمانانەی هەبووەو قارەمانەکانی بەرەو پیری مەرگ، فرسەخ بە فرسەخ رۆشتون.(*) لە هەمانکاتدا سەرکردەو فەرماندەکانی بزوتنەوەش، لە عەلی عەسکەریەوە بۆ د.خالید، سەعدی گچکە، تایەری عەلی والیو رەئوف بەگ..تاد، هیچ فرسەخێک بەرامبەر مەرگ پاشەکشەیان نەکردووە. جگە لەوەی هەتا راپەڕین، پشووی خەباتیان درێژ بووە. ئیتر گوناحێکی گەورەیە، بە زەرەبینی ئایدیۆلۆژی، تەنها هەڵەی بزوتنەوە ببینرێو بە چاوی گەشیشەوە، سەیری دۆخی کۆمەڵە بکرێ. کۆمەڵەیەک، بە قۆناغی جیا، لە هەندێ وێستگەدا، تەنانەت راستڕەوەکانی کۆمەڵە، تاوانی بەرچاویان لە شۆڕشەکەدا ئەنجامداوە. کە بزوتنەوە لەو تاوانانەیان دژی ئازادی لەناو یەکێتیدا نەبووە!!

لەمبارەوە، لە لاپەڕە (۱۸۹)دا نوسەر بۆچونی دروستی دەربڕیوە. لەمەیاندا، بەگشتی بۆچونەکانی بابەتین. وەکو:

"یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە سێ باڵی لە یەکتر جیای (کۆمەڵە، بزوتنەوە، هێڵی گشتی)، پێک هاتبوو، دیارە لە سەرەتاوە سێ ناوەندی بڕیارو سێ سەرکردایەتیو سێ جۆر دیسپلینو پڕەنسیپو کاری رێکخراوەیی جیاواز لە یەکتریشی تێدا بوو، ئەم جۆرە پێکهاتەیەی یەکێتیی لە سەرەتاوە تا رسکانی، کەندو کۆسپێکی زۆری خستبووە بەردەم تەقەڵای پاکو پوختەکردنو بژارکردنی هەم رێکخستنەکانی یەکێتییو هەم هێزە چەکدارەکەشی. گرێو گۆڵی زۆری لەرێگەی پەروەردەکردنو هوشیارکردنەوەو سازدانی رێکخستنەکانیو هێزە چەکدارەکەیدا قوت کردبۆوەو نەیدەتوانی پەیڕەوی تەواوی دروشمەکەی بکا. کە بریتی بوو لە (شۆڕشی نوی، سوپای رزگاری نوێ، دەستو دەمو داوین پاک".(۱)

---

* لە شیعرێکی مەحویدا هاتوو: (بە پیری مەرگەوە فرسەخ بە فرسەخ رۆیون مەردان.. ئەوی باکی لە مردن بێ دیارە بڵێو نامەردە).

۱ برایم جەلال. چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-۲۰۱۱. ل(۱۸۹).

ئەم بۆچونە دروستە. وردەکاریەکی جوانی کێشمەکێشەکانی سەردەتاکانی ناکۆکی‌و روانگە جیاوازەکانە. جوانتریش لەوانە، نوسەر لە لاپەڕە (١٨٩)دا دەنوسێ:

"جگە لەوەش پەیدابوونی سەرکردەی تازەو کەم ئەزمون، هەم لە خەباتی سیاسی‌و هەم لە خەباتی پێشمەرگانەو پێک هاتوو لە جۆراوجۆر بیروڕا و تیۆر لە هەر سێ باڵەکە، ئەمەش کۆسپێکی تری لەبەردەم کاری بەکۆمەڵی سیاسی‌و رێکخراوەیی‌و خەباتی چەکداریدا قوت کردووە. هەر یەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی باڵەکان خۆیان بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی‌و بڕیاردەرو خاوەن فەرمانی ببڕەو بکوژی هەموو هێزە چەکدارەکە دەزانی‌و هەموو دێو ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی نوێشیان بە ناوەندی کارو دەسەڵات‌و جێبەجێکەری بڕیارەکانی بێ چەندوچۆنی خۆیان دەزانی، دەیانویست بیرو بۆچوونەکانی خۆیان بە داسەپاندن، بەسەر پێشمەرگەو لایەنگرەکانی باڵەکانی تردا بسەپێنن".[1]

ئەم قسانە، سەبارەت بە کەم ئەزمونی زۆربەی سەرکردەکانی باڵەکانی یەکێتی، لە هەموو باریکەوە، راستن. رەخنەیەکە لەشوێنی خۆیاندا شایەنی باوەڕپێهێنانە. زۆربەی سەرکردەکانی کۆمەڵە، ئەزمونی عەسکەریمان نەبوو. پاڵنەری سەرەکیمان باوەڕی پتەومان بە رێبازەکەمان، کێشەی رەوای گەلەکەمان‌و، وردی بەرزی شۆڕشگێڕانە بوو.

فەرماندە عەسکەریەکانی کۆمەڵە، لە تەمەنی سیاسی-پیشمەرگایەتیدا تاکوتەرا نەبێ، تاقیکردنەوەی ئامر مەفرەزەشمان نەبوو. رووبەڕووی ئەرکێکی سەخیش بوینەوە، دەبوو رایبپەڕێنین‌و باری روخاوی کوردایەتی راستبکەینەوە. ئەمەش شەرەفێکی شۆڕشگێڕانەی گەورە بوو. بەڵام کێشەی جۆراوجۆریشی لەبەرامبەر فەرماندە بەئەزمونەکانی کوردستاندا، لێدەکەوتەوە.

ئەوەندەی مێژووی شۆڕشەکانی جیهانم خوێندبێتەوە، کە لە کتێبی (شۆڕشەکانی کوردستان‌و گۆڕانکاریەکانی سەردەم-١٩٨٩) زۆربەیانم باسکردووە، ئەم کێشانە لەناویاندا هەبووە. بۆ نموونە:

-ماوتسیتۆنگ هەتا مردیش تەقەی نەکرد. بەڵام سەرۆکی حیزب بوو. کاری عەسکەری دەسپاردە عەسکەریەکان.

-کاسترۆ و چیگوارا، هیچ ئەزمونێکی عەسکەرییان نەبوو. تەنانەت کاسترۆ، هێندە بێئەزموون بوو، لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی کوبادا، شەوێکیان لە پرخەی خەودا، لە شاخی سیراماسترا دەگیرێ.

---

١ سەرچاوەی پێشوو.

-چیگوارا، بەهۆی کەمیی ئەزمونو هەڵەی دۆخی بەرپاکردنی شۆڕش لە بۆلیڤیا، بە برینداریی گیراو شەهید کرا.

-کوبا؛ ئەگەر راپەڕین دژی پاتیستای دیکتاتۆر، دوای سێ ساڵ بەرپا نەکرایە، رەنگبوو، شۆڕشەکەیان لەناوچوبا.

-چین؛ ئەگەر بەهێزترین بزوتنەوەی، جوتیاران دژی چەوساندنەوەی چینایەتی نەبوایە، رەنگبوو بەرگەی هێرشەکانی حکومەتی کۆمینتاگ نەگرن. خەریکبشبوو ببەزن، بەڵام بە بڕیاری رێبێوانی گەورە (المسيرة الكبرى) خۆیان لە پێنج هێرشی سەدان هەزار سەرباز، رزگار کرد. بەمەشەوە، مەترسی لەسەریان هەبوو، ئەگەر لە جەنگی دووەمی جیهاندا شورەوی‌و بەریتانیا، پشتیوانییان نەکردنایەو ژاپۆن لە جەنگەکەدا تێکنەشکایە.

-کۆریا؛ ئەگەر جەنەرالّەکانی سوپاو پشتیوانی چین‌و شورەوی نەبا، هەرگیز بەرامبەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی سەرنەدەکەوتن. بەمەشەوە، لە کۆریای باشوردا شکان.

تایبەتمەندی شۆڕشی نوێ لەوەدا بوو، کۆمەڵە بە بڕوابون بە خەبات، بەبێ پشتیوان‌و بەبێ بونی یەک جەنەرالّیش، دەستی دایە چەک. کاتێک فەرماندە بەئەزمونەکانی وەکو: عەلی عەسکەری. د.خالید، سەعدی گچکە، سەید کاکە، ملازم تایەر.. هاتنە دەرەوە. لەناو کۆمەڵەدا تەنها ملازم عومەر، ملازم جوامێرو ئەنوەری مەجید سولّتان، پلەی ئەفسەری‌و تاقیکردنەوەی شۆڕشی ئەیلولیان هەبوو. ئەمانیش، وەکو ئێمەمانان، هاتنە ناو مەفرەزە سەرەتاییەکانی پارتیزانی. واتا: زانستە عەسکەری‌و تاقیکردنەوەکەیان، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی مەفرەزەکاندا، بەکاردەهێنا. لە دۆخێکی وا، دوو رێکخراوی مارکسیستی‌و سۆسیال-دیموکراتی پێچەوانەی مارکسیزم، دەکەونە ناو خەباتی چەکداری.. نامۆ نییە کێشەیان هەبێ. بەتایبەتی مام جەلال کە لەهەمومان بەئەزمونتر بوو، دوای ساڵێک گەیشتە کوردستان. کە گەیشتیشە کوردستان، هەتا ساڵی (١٩٨٢) لە سەرکردایەتیدا مایەوەو پێشمەرگە کە سەریان لە مەکتەبی سیاسی دەدا، دەیانبینی. زۆربەی کێشەکانیش، لە هەرێمو کەرت‌و مەفرەزەکاندا، لەنێوان فەرماندەکاندا رویاندەدا. دوای ساڵێک لە گەڕانەوەی مام جەلالیش، کێشەکان قوولّتر بون‌و سۆسیالیست بە زۆری دژی سیاسەتەکانی مام جەلال، هەڵوێستیان وەرگرت. دیارە کێشەی تریشیان لەڕووی فکری‌و سیاسیەوە هەبوو!

(١٠)
کێشەکانو خەسڵەتی مام

کێشەکان قوڵ بونو سۆسیالیست جودابونەوەو کەوتینە وێژەی یەکتر، هەنگینێ مام جەلال، باوەڕی بەوە کرد کە لەسەرەتای بەرپاکردنی شۆڕشدا، هەڵەی زۆر کراوە. کە پێشتر بۆمان روندەکردەوە، نەک باوەڕی نەدەکرد، بەڵکو زۆرتر باوەڕی بە سەرکردایەتی بزوتنەوە دەکرد؛ پلە عەسکەریە بەرزەکانی بەوان رەوا دەبینی؛ زۆربەی هاوکارییە عەسکەریەکانیشی پێشکەشی ئەوان دەکرد. بەڵام کە هەموو ئەو نەرمییەی مامو هاوکارییە سودیان نەبوو، ئەوسا، دانی پیا نا: کۆمەڵە هەقتان بوو. قسەکانتان راست دەرچوو. خۆیشی ئیتر هەڵوێستی وەرگرت. لەمبارەوە، بە رۆشنیی هەمان رەخنەکانی کۆمەڵە، لەسەرەتای بەرپابونی شۆڕشدا، لەسەر چۆنیەتی هەڵگێڕانەوەی گەوهەری شۆڕشەکە، لە هەوالنامەدا دەنوسێ:

"لایەنە سلبیەکانیش بریتی بون ، لە هێنانەوەکایەی هەندێک ئاغاو ماوەدان بە بووژاندنەوەی تاقمی سەر بە ق.م ی مالّی بارزانی لە هەندێ شوێنی کوردستان، زۆریو بۆری لە ریزی پ.م دا کە پاشان راکردنەوەی چەکدارە خێڵەکیو بەزیوەکان بۆ ریزی دوژمنو دانی زەرەر لەو کەسانەی یارمەتی شۆڕشیان داوە لە شارەکاندا بووە هۆی هێنانەخوارەوەی وردەی خەڵکو دروستکردنی هەستی سڵەمینەوە لە پ.م و جۆرە بێمتمانەییەک لەلای زۆر کەسو باغرکردنەوەی کاربەدەستان، سەر لە خەڵک تێکدانو بووژاندنەوەی هەندێ دەرەبەگ لەلایەن میریەوە لەئەنجامی خۆفرۆشتنەوەیان بە دوژمن".[1]

کوتومت، هەمان بۆچونەکانی کۆمەڵە بوون، کە لەدوای گەڕانەوەی مام جەلالو نەوشیروان مستەفا، باسمان دەکردن، بەڵام دۆخەکە بۆ "مام" وای دەخواست، گوێ لە رەخنەکانو مەترسیەکانی کێشەکان نەگرێ. هەتا قەوما! قەومانەکەش (١٥) ساڵی رەبەق شەڕوشۆڕ رویدا!!

---

١ هەوالنامەی کوردستانی عێراق. یەکەمین هەوالنامەی شۆڕش. ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی-٢٠١١. ل(٢١).

خەسڵەتی مام جەلال وابوو، کاتێک بەشێک لە کێشەکان رووبەڕووی خۆی نەبونایەتەوە، پشووی لە چارەسەردا درێژ دەکردو کاتی زیاتری دەدایە چارەسەر؛ بەڵام کە کێشەکان رووبەڕووی خۆی دەبونەوە، یان دەتەقینەوە، هەڵوێستی توندی وەردەگرتو نەرمییەکەی جارانی نەدەما. ئەمەش زۆرجار زیانی دەگەیاندە یەکێتیو شۆڕشو کۆمەڵە. هەروەکو پێشو پاش جیابونەوەی بزوتنەوە. ئەم خەسڵەتە، لە سیاسەتی مام دا، هەتا جیابونەوەی ئاڵای شۆڕش، درێژەی کێشا. لەسەرەتای کێشەکاندا، گوێی لە هەموو ئەو رەخنانە نەدەگرت کە لەسەر نەوشیروانو باڵی راستڕەوی کۆمەڵە، لەمەڕ زۆر راستی، کە دەیزانیو دەیبیست. بەڵام دۆخەکە وایلێهات ئاڵای شۆڕش چیکە پشووی بەرامبەر تاکڕەوێتی نەوشیروان، پێشێلکردنی ئازادیەکانو تاوانە ئەنجامدراوەکان، نەما، ناچار بڕیاری جیابونەوەی ڕێکخراوەیی ئاڵای شۆڕش درا؛ بەداخەوە، مام سەرەتا کەوتە ژێر کاریگەری نەوشیروان، بۆ پەلامارادانی ئاڵای شۆڕش، بەڵام کە گەیشتە رادەی بڕیاری کوشتنی (مەلا بەختیار، شێخ عەلی، پشکۆ نەجمەدین) لە پلینیۆمی کۆمەڵەدا، دژی جێبەجێکردنی بڕیارەکە نەبوو. دەسەڵاتی سکرتێریی خۆی چەسپاند، کە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی، بەبێ پەسەندکردنی سکرتێری گشتی، راگرت.(*)

ئەم بڕیارە، کە تەنهاو تەنها تاوانەکەمان لەسەر ئەوە بوو، لەگەڵ نەوشیروانو راستڕەوەکانی کۆمەڵە هەڵمان نەکردووەو نەشمانویستووە، لەڕووی عەسکەریەوە جیابینەوە (٦٠) کادری کۆمەڵە لە پلینیۆمێکدا، کە هەمووی بە پروپاگەندە جۆشی رقێکی بێوێنەی سایکۆلۆژی، درابون. هاوسەنگەری گیانیی بەگیانی، کە (١٥) ساڵی ڕەبەق لەناو کۆمەڵەدا، خۆمانو پاشان کەسوکارو هاوسەرەکانیشمان تێکەڵاو بوین، وایان لێکردبوون، مزگەوتەکەی بەرگەڵو، ببێتە دادگای تیربارانکردنمان. کە دڵنیام، زۆربەی ئەو کادرانە، لە ناخی خۆیاندا بڕیارەکە ئازاری ویژدانی داوون. بەڵام وا زاخاوی سایکۆلۆژی رق درابوون، کە گوایە ئەو بڕیارە لە بەرژەوەندی کۆمەڵەو

---

* شەوێکیان لە بەغداد بوین؛ مام جەلال، بەئامادەبونی د.فوئاد مەعسوم، د.لەتیف عەبدولڕەشید، گێڕایەوە کە سەعات ١٢/ی شەو، دوو ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە هاتون، من بەرنو بڕیاری کوشتنم جێبەجێ بکەن. مام، وتویەتی بەبێ کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی رازی نابم، دوایی ڕێی نەداوە. واتا: هەر وێستویانە لە ڕووی جەستەییەوە، لەناوم بەرن. ئەمەش لە ڕووی دەرونیەوە، دەریدەخات، بڕیارەکەیان هێندە هەڵە بووە، نەوشیروان وێستویەتی لەناومان بەرێ، هەتا ئەگەری ئازادبونو سەرهەڵدانەوەمان، لەئارادا نەهێڵێ.

یەکێتیو شۆڕشە. لەکاتێکدا، بناغەی جیابونەوەی سیاسی-عەسکەری لە مێژووی کوردایەتی-حیزبایەتی-پێشمەرگایەتی، باشوری کوردستاندا، مام جەلال-برایم ئەحمەد دایانڕشتبوو. ئێمە نەشماندەویست هێز جیابکەینەوە. نەشمانویستووە بچینە ئێران. تەنانەت خۆشمان لە چوونە ناو "جود"[*] کە ئەوکاتە لەشەڕدا بون دژی یەکێتی دەپاراست.[+]

(١١)
پەلاماردانی هاوخەبات!!

لەدوای ئەوەی لە (١٩٨٥/١١/١) کە دەکاتە (٣٢) ساڵ، پێشتر، ئەو تاوانە بەرامبەر ئاڵای شۆڕش ئەنجامدرا، جگە لە فەرەیدون عەبدولقادر کە جوامێرانە ڕەخنەی لێ گرتووە، تا ئێستا ئەو ڕقە سایکۆلۆژی-سیاسییە، لەناو زۆری سەرکردەو بڕیاردەرانیەوە، لە گۆشەی ئەو ڕقەوە جارێ ویژدانیان ئاسودە نەکردووە!

"کۆمەڵە بۆ بڕیاردان لە چارەنوسیان، لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١٠دا، پلینۆمێکی بە ئامادەبونی ٦٠ سەرکردەو کادرو پێشمەرگەو ڕێکخستن بەست. کە لە دۆخێکی گرژو هەڵچوودا، کێشەی (ئاڵای شۆڕشو مەلا بەختیار)ی خستە بەر باسو لێکۆڵینەوە! لەئەنجامدا داوا کرا بڕیاری کوشتنی هاوڕێی دوێنێی سەنگەرو سەرکردەیەکی چالاکو دڵسۆز بەدەستی هاوڕێکانی (کۆمەڵە) بدرێو جێبەجێ بکرێ! خۆ ئەگەر ژیریو دانایی (مام جەلال)، نە بوایە، هیچ دوور نەبوو ئەو بڕیارە بەو ئاقارەدا بڕۆشتایە، کە پلینۆم داوای کردبوو!".[١]

پێشتریش دەنوسێ:

---

* جود: جەبهەی وەتەنی دیموکراتی نێوان پارتی، سۆسیالیست، حیزبی شیوعیو پاسۆک، دژی یەکێتیو هاوپەیمانەکانی لە «جەوقەد» دروستکرا.

+ لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشی مەکتەبی ڕێکخستن، ڕاگەیاندنو ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، هاوینی ١٩٩٨، لە قەڵاچۆلان، مام قسەی لەسەر خراپیی تەکەتول دەکرد. گوتی: ئەگەر واز لە تەکەتول نەهێنن، مەلا بەختیار، ڕادەسپێرم، کۆڕتان لەسەر خراپی جیابونەوە، بۆ ببەستێ. منیش گوتم: مام جەلال، لەم مەجلیسەدا، لە من بەئەزمونتر هەیە لە تاقیکردنەوەی جیابونەوە. مەبەستم مام جەلالو عادل مورادە بوو!

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٥١٠).

"له چارەسەری ئەو کێشە سیاسیەدا، لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١دا، گرتمانە بەرو ناچار بووین خۆشەویستیو برایەتی فەرامۆش بکەینو لەئەنجامدا بە ڕێگەیەکی ناسیاسیو ناهێمنانە هاوڕێکانی خەباتی خۆمان زیندانی بکەینو بوار بدەین سوکایەتیشیان پێ بکرێت".[1]

من، لەکاتێکدا بڕیارە سوپاسی نوسەری ئەو پەرەگرافانە دەکەم. لەهەمانکاتدا، بۆ مێژوو بەئەرکی دەزانم، دەرونیشکاریەک بۆ دێڕ بە دێڕی دانپیانان لەو بڕیارە پڕ لە تاوانە بکەم، کە خودی فەرەیدون دەڵێ (یەکێ بووم لەو بەرپرسە بااڵیانەی یەکێتی کە شەریکی هەموو ئەو بڕیارانە بووم).

جارێ با وشەی (ناچار بووین) لێکبدەینەوە، کە بڕیار بدەن (خۆشەویستیو برایەتی فەرامۆش بکەین) تاوتوێ بکەین.

ناچاربوون لە زمانی کوردیدا، بۆ حاڵەتێک بەکاردێ، کە چارەسەری دیکە لەئارادا نەمابێ. با بزانین ئاڵای شۆڕشەکان کارێکی وامان کردبوو، هەتا بهێنێ (خۆشەویستیو برایەتی فەرامۆش) بکرێ، هەڵبکوتنەسەرمانو بە مەرامو بەرنامەش، سوکایەتیمان پێ بکەن؟!

لە سێ کۆنفرانسداو لە دەیان کۆبونەوەو چەندین نوسیندا، تا دەهات، ڕێبازی جیاوازی نێوانمان لێک دەترازا. هەر پشوومان درێژ کرد. لەبەرئەوەی شۆڕشەکە دوچاری کێشەی عەسکەری تر نەکەین. تەنانەت کە مفاوەزاتەکەی (١٩٨٣-١٩٨٤)یش کرا. خۆم هەر باوەڕم بەوە نەبوو بەعس مافی کورد بدات، بۆئەوەی لەبەرامبەر رژێمدا کەڵێن نەکەوێتە ناو وەفدی گفتوگۆ، دوا شەوی ڕۆشتنی وەفدەکە لە "زیخان"ەوە بۆ کەرکوک-بەغداد، رازی بوم ببمە ئەندامی وەفدەکە. لە بەغدادیش، دوای دوو کۆبونەوە، مام جەلال لە باخچەی میوانخانەکەی موخابەراتی عێراق، کە وەفدەکەیان لێ دابەزاندووە، بەدەم پیاسەوە لێی پرسیم: مەلا بەختیار، بۆچونت چۆنە؟ وتم: هەروەکو جەنابت بیردەکەمەوە، بەعس هیچ بە کورد نادات. چونکە مەحاڵە ببێتە دیموکراتی. وتی: ئافەرین!

پەیوەند بەو باسەوە، لە ڕێڕەوی مفاوەزاتەکەدا، ناکۆکیەکانمان لەناو کۆمەڵە تا دەهات قوواڵتر دەبوون، مەخابن، سالار عەزیز جێگیرشتینو سەفەری دەرەوەی کرد. باری من

---

١ سەرچاوەی پێشوو.

زۆر قورستر بوو.[*] هاوینی (١٩٨٤) بۆچونە جیاوازەکانمان لە نامیلکەی "هەڵوێست"دا، رونکردەوە. بەڵام دیسان، بۆئەوەی پێگەی یەکێتی بەرامبەر رژێم لاواز نەبێ، دانمان بەخۆماندا دەگرت. ئەوکاتە لەناو هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕشدا دەموت:

مفاوەزات هەر تێکدەچێ، بەڵام با کۆمەڵە ئۆباڵەکەی نەخەنە ئەستۆی ئێمە. یان بەهۆی ناکۆکیەکانی ئێمەوە، با یەکێتی لاواز نەبێو ناچاریش نەکرێ سازش لەگەڵ حکومەتدا بکات. تەواوی شانەکانی ئاڵای شۆڕش، تەنانەت لە یەکەمین کۆبونەوەی فراوانی ئاڵادا کە هاوینی (١٩٨٥) لە سێوسێنان لەماڵی (عیماد ئەحمەد) سازمان دا، لەناو ئامادەبواندا[**] هەمان بۆچونم دوپاتکردەوەو دەمگوت: خۆمان بگرین باشترە لەوەی زمانی حکومەت بەسەر یەکێتیدا زاڵبکەین.

(١٢)
هەڵوێستێکی هێمنو کاردانەوەی توند

مەبەستمان لەو بۆچونانە ئەوەیە، راستە کێشە و ناکۆکی نێوانمان دەگەیشتە بنبەست، بەڵام هەرگیز بە رقو کاردانەوە، ئاڵای شۆڕش بڕیارمان نەدەداو دژی هەموو چەشنە جیابونەوەیەکی عەسکەریو قوولکردنی شەڕی ناوخۆش بوین. هاوڕێیانی ناو وڵات، رازیش نەبوین، بچینە ئێرانو بیشچینە ناو جود. ئەم پەیامانە گەیشتنە مام جەلالو نەوشیروان.. بانگیشیان کردم بۆ مەکتەبی سیاسی. رۆشتمو خۆم پێشنیازم کرد بچمە تاران (سالار عەزیزو مامۆستا جەعفەر) رازی بکەم دوربکەونەوە لە پارتیو لە "راژان".. هەوڵیش بدەم بێنەوەو بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکەین. لەرێگەی "شێخ مەحمود"[+] ەوە، سەفەریشم کردو لە هوتێل (ئەتڵەس)دا لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیەو هاوڕێیان: د.هەژار،

---

[*] ئەم جێهێشتنەی سالار عەزیز، کاریگەری لەسەر بڕیارەکان هەبوو. هەروەکو چۆن ساڵی ١٩٧٧یش، سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات، کاتی نەبوو.

[**] ئاسۆ عەلی، پشکۆ نەجمەدین، شێخ عەلی، عیماد ئەحمەد، مامۆستا ئەحمەد-زیندان، شێخ جەمال، مەلا بەختیار، ئەحمەد نیزامەدین (کەلار) مامۆستا موحسین، روناکی شێخ جەناب، مامۆستا عادل (رەئوف) لە کۆبونەوەکە بوون!

[+] شێخ مەحمود باوەڕپێکراوی یەکێتی بوو. ئەوکاتە کە نێوان یەکێتیو ئێران تێکچووبوو، شێخ مەحمود لە هاتوچۆی ئێراندا هەندێک کاروباری بۆ یەکێتی دەکرد.

د.حەسان، حاجی ئومێدو خەباتی شێخ جەناب، بە دووروودرێژی دانیشتین. نەگەیشتینە بیروڕای هاوبەش. بەڵام بەڕاشکاویی پێمگوتن:

دژی جیابونەوەی عەسکەریم. رازی نیم خوێن لە لوتی پێشمەرگەیەکی یەکێتی بڕژێ.. قبوڵیشم نییە بچینە ناو جود. ئەگەر بیشزانم دەگاتە جیابونەوەی عەسکەریو یەکترکوشتن، من وازدێنم.(*)

لەم کۆبونەوەیەدا، زۆرم هەوڵدا، کێشەی نێوان ئاڵای شۆڕشو یەکێتی، ئارام بکەمەوە. مەترسیەکانیشم دەخستە بەرچاو. داواشم کرد سالار عەزیزو مامۆستا جەعفەر بێنەوەو لەگەڵ مام جەلالو مەکتەبی سیاسیدا، رووبەڕوو کێشەکان باسبکەین. سودی نەبوو!

لە گەڕانەوەدا، پوختەی دانیشتنەکەم بۆ مام جەلالو نەوشیروان گێڕایەوە. گەڕامەوە قەراغ. لەو ماوەیەدا هەر ئارام ئارام تێدەکۆشاین، چونکە یەکێتی دانوستانەکەی درێژەدەدایە. یەک بەڵگەش لای یەکێتی نەبووە کە ئێمە ویستبێتمان جیابونەوەی عەسکەری بکەین. کاتێک بۆ دواجاریش لەگەڵ مام جەلالو نەوشیروان لە یاخسەمەر دانیشتم؛ دوپاتمکردەوە نامانەوێ جیابونەوەی عەسکەری بکەینو دەشمانەوێ، دوای کۆبونەوەی فراوانمان، لەناو یەکێتیدا وەکو باڵێک بمێنینەوە. وتیشم: ئێمە دەچینەوە قەراغ–تەکیە، هەتا بۆتان رونبێتەوە ناچینە ئێرانو ناشچینە ناو جود.. هێزیش جیاناکەینەوە، هاتمەوە بۆ هاوڕێیان: م.پشکۆو عیماد ئەحمەدم گێڕایەوە. کاک دلێری سەید مەجیدیش لەگەڵمان هات، ئەویش شایەتە. تەنانەت لە دانیشتنێکدا، پێشتر ئەو بۆچونانەم بۆ بەڕێزان: عەبدوڵڵای موهتەدی، برایم عەلی زادە، مامۆستا برایم (ساعدی وەتەن دۆست)، د.جەعفەر شەفیعیو فاروقی بابان میران، گێڕایەوە. فاروقی بابان میران وتی: جا یەکێتی ڕێگەی ئازادیتان لێناگرێ؟ وتم: هەوڵدەدەین. گرنگ ئەوەیە دەستمان نەچێتە خوێنی یەکتر. ئەم قسانە لە خێمەکەی شەهید (د.جەعفەر)دا کران. مەلەکەی هاوسەریشی (خوشکی شەهید فوئاد سوڵتانی) هاوکاری دەکردین. نامیلکەی (نما نامەی تیۆری)م لە ئۆردوگای کۆمەڵەدا چاپکرد.(**)

ئەوە ڕێبازو ئاکارمان بووە. کە دڵنیام سەرکردایەتی کۆمەڵە باش دەیزانی، ئەوە ڕێبازمانە. کەچی فەرەیدون عەبدولقادر دەنوسێ: (ناچار بووین خۆشەویستیو برایەتی فەرامۆش بکەین).

---

* بەڵگەی دەستنوسم لەسەر ئەم بۆچونانە ماوون. لە پاشکۆی کتێبەکەدا بڵاودەکرێتەوە.

** دوای پەلاماردانمان، مام جەلال سەردانی ئۆردوگای کۆمەڵە دەکات. باسی ڕوداوەکە دەکرێ. د.جەعفەر شەفیعی، کە زۆر هاوڕێم بوو، بەتوڕەییەوە بە مام جەلال دەڵێ: مام جەلال هەر شۆڕشێک سەری سەرکردەکانی بخوات، لەناودەچێت.

راستیەکەی ئەوەیە، ناچار نەبون، بەڵکو بۆ هەل دەگەڕان، ئەو بڕیارو بەرنامەیەی لـەدوای دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەوە، بۆ پاکتاوکردنمان هەیانبوو، لە سێهەمین کۆنفرانسیش هەوڵیاندا بیسەپێنن، بەحوکمی هەڵوێستی ئەقڵانی ئێمەوە، بۆیان نەدەچووەسەر، لە ١٩٨٥/١١/١دا پەلاماری عەسکەرییان داینو، ئەو بڕیارەی لەسەر بنجی رقی دوور لە رەوشتی هاوڕێیانە، بەدییانهێنا. فەرەیدون، لە من باشتر نەوشیروان دەناسێ. لەژۆربەی کەینو بەینو پیلانەکانیشدا، لەناو کۆمەڵە، لە شەڕی ناوخۆدا، لە کۆنفرانسەکاندا، لەدوای یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەوە کە لە (ئایاری ١٩٨١)دا بەسترا، بەتەواوەتی دایشکاندبووە لای نەوشیروان.(+) لەناو کۆنفرانسەکەدا، یەک ئەندامی تەمەنی نەدەگەیشتە (٤٥) ساڵیش. (١٣٢) ئەندامی لە تەمەنی (٢٠-٣٠) ساڵیدا بوون. واتا: هێزی بەگوڕی سیاسی بون.(١) کە بەداخەوە زوو کەوتنە ژێر پروپاگەندە!!

لەم کۆنفرانسەدا، سەرەتای پیلانەکانی نەوشیروانو شوێنکەوتوانی دەرکـەوتو دەریشکەوت، زۆربـەی تەکەتولی زیندان چارەنوسیان بەتەواوەتی بەستۆتەوە بەو رێبازەوە، کە نەوشیروان بەرە بەرە هەوڵی سەپاندنی دەدا. تاکوتەرایان لە یەکەمین کۆنفرانسدا، نەکەوتبووە ژێر کاریگەری نـەوشیروان، ئەمانیش لـەدوای دووەمین کۆنفرانسەوە، هەڵخزان!

بێگومان لەناو تەکەتولی زیندانیدا بیری جیاوازیش هەبوو، بەڵام لە دوائەنجامدا، بڕیارەکانی سکرتێری کۆمەڵەیان جێبەجێ دەکرد. لە کۆبونەوەو نوسینو پروپاگەندەدا، بەرگرییان لە بڕیارو بەرنامەکانی دەکرد. تەنانەت هاوبەشی تاوانەکانیشی بوون!!

کەوابێ "ناچار بووین"، بۆ بڕیاری هاتنەسەری ئاڵای شۆڕش لەئارادا نەبووە. بەڵکو بەرنامەو سیاسەتی پێشوەخت بڕیارلێدراوی ساڵەهای پێشتر بووە. ئێستا کە دەرکەوتووە، ئەو پەلاماردانە، بەشێک بـووە لەو سیاسەتەی لە دوای یەکەمین کۆنفرانسەوە، بۆ پاکتاوکردنی خاوەن هەڵوێستەکان گیراوەتەبەر، تازە، بە دەستەواژەی "ناچار بووین" پاساوی بۆ ناهۆنرێتەوە! بەتایبەتی ئەو پاکتاوکردنە درێژەی کێشا بۆ هاوڕێیانی زیندانو گەیەندرایە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەش!

+ یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە لە مالیمۆس بەسترا. سەرەتای جیاوازی بۆچونەکانو بەرنامەی زاڵبون لەناو کۆمەڵەدا، دەرکەوت. تەکەتولی زیندان دایانە پاڵ نەوشیروان. توانییان سەربکەوون. تەنها ملازم عومەرو منیان پێ نەخرا. (١٨٥) ئەندام بەشداریان کرد. من سەرپەرشتی رێکخستنەکانی شارەکانم دەکردو دەمامکەکانم بۆ دروستکردنو نەمهێشت بناسرێن.

١ بڕوانە: راگەیاندنی کۆتایی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. لەژێر دروشمی (بەرەو پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵەو راپەراندنی جەماوەری گەلەکەمان) ئایاری ١٩٨١.

(١٣)
ئەشکەنجە، تۆقاندن، زانیاری

مێژوو، پڕە لە تاوان‌و تاڵان، بەڵام لە دادگای مێژوودا، راستیەکان ون نابن. وتومەو دەیڵێمەوە: تەواوی سەرکردەو کادرو روداوەکانی مێژووی یەکێتی، کۆمەڵە، شۆڕش‌و شۆڕشگێڕان، گەرچی بە هەڵەتی راگەیاندن‌و شەڕی سایکۆلۆژی، تائێستاش بەشێکی زۆری شێوێندراوون. بەڵام دەرگای دادگای مێژوو، دانەخراوەو داشناخرێ. لە دواسەرەنجامدا تاوانی گەورەو بچوک، دەردەخرێ. ئۆبالّی تاوانەکانیش هەر دەزانرێ. کەسیش لەو دادگاییکردنە دەرباز نابێ!

با دیقەت بدەین‌و بزانین فەرەیدون عەبدولقادر، چۆن دەرگای دادگای مێژوو لەسەر هەندێک راستی دەکاتەوە، کە هەتا ئەم نەینوسی، زیاتر لە (٣٠) ساڵ، بەشی زۆری کادرەکانی کۆمەڵەو یەکێتی، پروپاگەندەکانیان دژی ئاڵای شۆڕش‌و خودی "مەلا بەختیار" بە راست دەزانی. ئەوانەی بەراستیشیان نەزانیووە، بەداخەوە تائێستا، بەرامبەر بەو تاوانانە، تاوانی بێدەنگییان هەڵبژاردووە. لای من، تاوان‌و داپۆشینی تاوان، لە ویژداندا، یەکسانە بە تاوان. لە یاساشدا داپۆشینی تاوان سزای لەسەرە!

لە یاسادا بەندێک هەیە تاوانبار دەخاتە بەردەم توندترین سزا. ئەویش (سبق الاصرار) یان (جنحة عن عمد)ە. واتا: پێشوەخت بڕیاری تاوان درابێ‌و نەخشەی بۆ کێشرابێ. با دیقەت بدەین، بەپێی گێڕانەوەی شایەتحاڵی گەورە، لەسەر تاوانی گرتن‌و ئەشکەنجەدان‌و زانیاری وەرگرتن، چی دەڵێ:

"ڕێگەمان دا بە گرتنەبەری ترس‌و تۆقاندن‌و ئەشکەنجەدان، تا زانیاری‌و دان پێدانانیان لێوەربگرین! بەوشێوەیە سوکایەتی بە (مەلا بەختیار)‌و ئەو هاوڕێیانە کرا".[1]

کەوابێ:

یەکەم: ڕێگەیان داوە ڕێگەی ترس‌و تۆقاندن بگیرێتەبەر.

دووەم: ڕێبازی بە ئەشکەنجەدان زانیاری‌و دانپێدانانیان لێوەرگرتن، گیراوەتەبەر.

سێهەم: سوکایەتی بە مەلا بەختیارو هاوڕێکانی، بە بڕیاری پێشوەختیان کراوە.

با خوێنەر خۆی بخاتە جێی من‌و مامۆستا پشکۆو شێخ عەلی، بزانێ ئەمەی بە بڕیار

---

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٥١١).

بەرامبەرمان کراوە، ئا ئەمە تاوانە؟ یان ئێمە داوای ئازادی بیروڕامان لە شۆڕشێکدا کردووە، کە منو شێخ عەلی لە دامەزرێنەرانی بوین. م.پشکۆش نمونەی تێکۆشەری راستگۆ بووە. نەوشیروان دوای ساڵێک گەڕاوەتەوە ناو شۆڕشەکە. فەرەیدونو هاوڕێکانی لە دوو قۆناغدا، لەدوای هەرەسو دوای لێدانی کۆمەڵە، لەماوەی یەک ساڵدا، ئامادە نەبوون شۆڕش بکەن. ڕۆشتنیان لە خۆڕاگرتن پێ باشتر بووە. بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژگاری شۆڕشو کۆمەڵە، بە پیلان هەڵدەگەڕێتەوە، لەخۆیان ڕادەپەڕموون پرنسیپەکان پێشێل بکەنو ڕێگەیەک دەگیرێتەبەر، کە لە مێژوودا ڕێگەی ستەمکارەکانە. مەترسیدارترین دۆخی سیاسی، ئەو دۆخەیە کە ئیتر جیاوازیە سیاسیو ئایدیۆلۆژیەکان، بە زەبروزەنگ کۆتاییان پێدێتو لەبری بیری جیاواز، یەک سەرکردەو یەک ئاڕاستەو یەک سیاسەت، دەسەپێنرێ.

لە کاکە فەرەیدون دەپرسم: ئەگەر شەهید شیهاب سکرتێری کۆمەڵە بوایە، هەرگیز ڕێگەی دەدا تاوانی وا ئەنجامبدرێ؟ دڵنیام بڕیاری وای نەدەدا. یان ئەگەر شەهید ئارام مابا، قەت بڕیاری لەوجۆرەی بەرامبەر تاوانی بەرگرینەکردن لەدوای هەرەسو ڕۆشتن لەکاتی لێقەومانی کۆمەڵە، دەدا، هەرگیز بڕیاری وا نەدەدرا.[+]

فەرەیدونو هاوڕێکانی، پێیان قوت نەدەچوو لە ڕاپۆرتی شوباتدا، ڕەخنەی دروستیان لێگیرابێو (باوکی ئاوارە- مەلا بەختیار) لە ژمارە (٦)ی کۆمەڵەدا هەمان ڕەخنەی دوپاتکردبێتەوە.[*] کەچی لە دەسەڵاتداریتی خۆیاندا، تەواوی تەکەتولی زیندان لە پلینۆمەکەدا بون، بڕیاری "تۆقاندنو ئەشکەنجەدانو دانپیادانانو زانیاری وەرگرتن"ی وەکو دەزگا تۆقێنەرەکانی حکومەتە فاشیستەکان دەدەن. خۆیان، ڕەخنەیەک قوت نادەن. بەڵام بڕیاری پاکتاوکردنی فیزیکیو هزر ئاسایی بووە لایان!! ئاسایی بووە نوزە لە ئازادی ببڕن.. بە گرتنو کوشتنی هاوڕێکانیشیان!

بۆئەوەی ڕاستییەکان لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیاندا باسبکەین، گرنگە ئاماژە بەو ڕەخنەیەی باوکی ئاوارە بکرێ، هەتا خوێنەر بزانێ، ڕەخنەیەکی ئاسایی، چۆن لەکاتی

[+] لەدوای گەڕانەوەی نەوشیروان، ڕقی زۆری لە هاوڕێیانی زیندان بوو. دەیگوت: شیهابو هاوڕێکانی تەواوی بەرنامەی بەرپاکردنی شۆڕشیان تێکدا. ئەگەر حکومەت لەسێدارەی نەدانایە، ئێمە دادگاییمان دەکردنو دەمانکوشتن. بەتوندی بەرپەرچم دایەوە!

[*] وتارەکە بەناونیشانی (چەند تێشکێ بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵەدا) (٧) لاپەڕەی فولسکاپی گۆڤارەکەیە. لە ١٩٧٩/١٠/٨، لە گوندی شێنێدا نوسیومە. وەکو بەڵگەنامە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا بڵاودەکرێتەوە.

هەستیاریی کێشەکاندا، دەکرێتە کاڵای پڕ بە باڵای هەڵپەرستی. لە وتارەکەدا، جگە لە باسکردنی قارەمانێتی بێوێنەی شەهید شیهابو جەعفەرو کاریگەری رۆحی چۆنیەتی شەهیدکردنیان، لەسەر هاوڕێیانی کۆمەڵەو قووڵکردنی تەوژمی خەبات، ئەم پوختە رەخنە ئاساییەش گیراوە:

"لێرەدا، راستیەک هەیە، پێویستە نەیشارینەوەو بیخەینەڕوو، بۆ کەڵک لێوەرگرتن بۆ ئەوەی هەڵە دووپات نەبێتەوە، بۆئەوەی چیدی کارەساتی لەو چەشنە رووندەدەن، ئەویش ئەوەیە، نەدەبوایە ئەو هاوڕێیانە مەیدانی خەبات جێبهێڵن، کە بەجێشیان هێشت نەدەبوایە رێگای ئێران بگرنەبەر، هەق نەبوو، چاوی لای دوژمن بنوقێنن‌و هەروا بەئاسانی بکەونە داوپەوە، لەوکاتەدا کە ئەوان نیشتیمانیان بەجێهێشت، ناوەوەی نیشتیمان، سەنگەری خەبات‌و خزمەتکردن‌و چەسپاندن‌و جێگیرکردنی کۆمەڵە بوو، نەک دەرەوە".[١]

عادل موراديش لە یاداشتەکەیدا هەمان رەخنەی هەیەو دەنوسێ:

"هەقبو شەهیدەکان هەڵنەیەن بۆ ئێران، بەڵکو لە شاخ‌و دێهاتی کوردستان خۆیان بشاردایەتەوە. تەنانەت کە لەسەر سنور رادەستی دەسەڵاتدارانی عێراق کران، دەیانتوانی لەچنگی پۆلیسی عێراق هەڵبێن".[٢]

ئەمە لەکاتێکدا، ساڵێک پێشتر لە هەوالنامەی ژمارە (١)دا، مام جەلال دەنوسێ:

"بەداخەوە کارەساتی راونان‌و گیرانی هەڤاڵان شەهاب شێخ نوری‌و جەعفەری مام واحید کارێکی زۆریان کردە سەر دواخستنی پلانەکەمان‌و چەندین مانگی دواخستین".[٣]

-باوکی ئاواره.. وتویەتی نەدەبوو ئەو هاوڕێیانە مەیدانی خەبات جێبهێڵن.

-مام جەلال.. نوسیویەتی: گیرانی هەڤاڵان شیهاب شێخ نوری‌و جەعفەری مام واحید کارێکی زۆریان کردە سەر دواخستنی پلانەکەمان‌و چەندین مانگی دواخستین.

-نەوشیروان نوسیویەتی: "پەیوەندی لەگەڵ کادرە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بکەن، رێکخراوی پێشمەرگەیان لێ پێکبهێنن‌و ئامادەیان بکەن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. لە هیچ حاڵەتێکدا نابێ کوردستان بەجێبهێڵن. لە کاتی لێقەومان‌و ئاشکرابوندا خۆیان بشارنەوە، یان بچنە شاخ".[٤]

١ کۆمەڵە. (گۆڤاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان). ژمارە (٦) پایزی ١٩٧٩. ل(١٠).

٢ عادل مراد. الانطلاقة من طليطلة الى بغداد. من ارشيف الانصات المركزي. ص(٣٥).

٣ هەوالنامەی کوردستانی عێراق. یەکەمین هەوالنامەی شۆڕش. ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد. ئەکادیمیای هۆشیاری‌و پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی-٢٠١١. ل(٢٠).

٤ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. ل(٤٨).

-عادل موراد دەڵێ: "هەقبو شەهیدەکان هەڵنەیەن بۆ ئێران، بەڵکو لە شاخو دێهاتی کوردستان خۆیان بشاردایەتەوە".

دەپرسین: کام لەو بۆچونانە، قورسترنو زیاتر زیانی رۆشتنەکەیان دەرخستووە؟ بۆچونی باوکی ئاوارە، یان مام جەلال..؟ یاخود نەوشیروان؟ یاوەکو عادل موراد؟ سەرەڕای رەخنەلێگرتن لە هەڵهاتنیان، نەوشیروان دەڵێ: "ئێمە دڵنیکمان بە رێکخستنەکانی کۆمەڵە خۆش بو. هیوایەکی زۆرمان لەسەر هەڵچنی بو. بەڵام رووداوەکانی کوردستان کاری لەسەر کۆمەڵەش کردبو. ناکۆکی لە ریزەکانیاندا تەقاندبوەوە. تاقمێکی رێکخستنەکانی خوارەوەی کۆمەڵە دژی سەرکردایەتیەکەی راوەستابون، بەئاشکرا کەوتبونە جموجوڵو موهاتەراتو دامەزراندنی رێکخستنی تازە. سەرکردایەتی هەرچەند هەوڵی دابو بە رێگایەکی ئسوڵی چارەی ناکۆکییکان بکا. کەڵکی نەبو. سەرەنجام، بۆئەوەی لەو ئاژاوەیە دەربچنو رێکخستن لە لێدان بپارێزن. بڕیار ئەدەن بڕۆن بۆ ئێران بۆئەوەی لەوێوە بچن بۆ سوریا".[1]

با خوێنەر حوکمی ویژدان بدات. لەبەرامبەر هەموو ئەو رەخنانەو رەخنەی تریش، لەسەر رۆشتنی هاوڕێیانی زیندان بۆ ئێران، بێدەنگ بوون. بەڵام کە هاتنە دەرەوە، هەستیان کرد مام جەلالو نەوشیروان پشتیوانیانن‌و باسی رۆشتنەکەیان دادەپۆشن، بە هەلیان زانی وتارەکەی باوکی ئاوارە گەورە بکەن. تا ئێستاش نایبڕنەوە.

(١٤)
سوکایەتی، پێشێلی ئازادی؟

هەرچەندە نەمدەویست هەتا بیرەوەریەکانم دەنوسم، باسی وردەکاری گرتنەکەمان‌و ئەو نامانە بکەم، کە هەر لەکاتی گرتن‌و هەڵمەتی پروپاگەندە بۆ "سوکایەتی"و شکاندنمان، بڵاویان کردبوەوە. بەڵام دیسان، ئەمە تەمەنەو ژیانە، رەنگە نەگەمە کاتی بڵاوکردنەوەی بیرەوەریەکانم. لێرەدا ئەوەندەی بەپێویستی دەزانم، روانگەی خۆم بڵێم. بۆئەوەی ئەو روانگەیەش بڵێم، جارێ با پەرەگرافێکی تری فەرەیدون عەبدولقادر لەمەڕ هەمان بابەت ئاماژە پێبکەم، ئینجا ئەوەی پێویستە روونیبکەمەوە. لەمبارەوە دەنوسێ:

---

١ سەرچاوەی پێشوو.

"هەرچەند لاپەڕەکانی ئەو سوکایەتی پێکردنە لای کاک (ئیبراهیم جەلال) مایەوە، بەڵام ئەگەر (نەوشیروان مستەفا)، بە زیرەکانە لێی نەسەندایەتەوە دوور نەبوو ئێستا لە بەڵگەکانی کتێبەکەیدا بڵاوی بکردنایەتەوە. داواشم لە کاک (نەشیروان) ئەوەیە.. ئەگەر نەیسوتاندون لەناویان بەرێت، تا چیتر پەڵەی چڵکنی ناوچەوانمان دەستاودەست نەکات"[1]

بۆ کۆتایی ئەم پەرەگرافە کە دەڵێ: (پەڵەی چڵکنی ناوچەوانمان دەستاودەست نەکات) ئەمە خۆی لەخۆیدا ئازایەتی نوسەرە، بۆ دانپیانان بەو تاوانە کە بۆتە پەڵەی چڵکنو ناوچەوانی سواغ داوون. وەکو تر..

کاکە فەرەیدون!

بەپێچەوانەوە، داوات لێدەکەم، وەکو سەرکردەیەک (٤٤) ساڵیشە یەک دەناسینو ئێستا نێوانیشمان خۆشە، قەتیش ئەو تاوانەم نەگرتۆتە دڵ.[*] کە بەرپرسیارێتی ئەو "پەڵە چڵکن"ە هەڵدەگری، چیکە بڵاوکردنەوەی دوامەخەن. ئێستا کە تەواوی روداوەکانی رابوردوو، هۆکاری ململانێکانی رابوردوو، تاوانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە، جیاکردنەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لەیەکێتیو هەزاران نوسینو پەلاماردانی مام جەلال؛ سەرکردایەتی بێوەڵامی یەکێتی، لەبەرامبەر هێرشە پەیتاپەیتاکانی گۆڕان، دەرکەوتن.. دەریشکەوت، ئەو بڕیارانەی ئێوە لە سەرکردایەتی کۆمەڵەدا بە پیرۆزتان دەزانینو بەخوێنێکی ساردەوە، بڕیاری سوکایەتیکردنو تۆقاندنو ئەشکەنجەدانمان درا.. ئێستا کاتێتی هەرچی ئێمە لەزیندانداا، وتومانەو نوسیومانە، بڵاوی بکەنەوە. کاتێتی:

کاکە فەرەیدونو هەموو ئەوانەی ئۆباڵی ئەو بڕیارانەتان لەئەستۆیە، با رووبەڕووببینەوە. ئێوە دادگای عەسکەریتان کردین، دادگای ئەشکەنجەدانتان کردین، دادگاییتان دەکردین وەکو تاوانبار، کە گوایە شۆڕش جیادەکەینەوەو مەترسی یەکتر کوشتنمان خستۆتە ئاراوە.. ئێستاش کاتێتی ویژدانی گەلەکەمان بکەینە دادگای ئەو روداوانە. بەتایبەتی گەوهەری راستەقینەی بەشی زۆری ئەوانەی لە پلینۆمەکەدا بون،

---

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٥١١).

* مام جەلال رۆژێک پێش ئازادبونم هاتەلام. گوتی: خراپەمان زۆر بەرامبەر کردویت. برادەران دەترسن بیر لە تۆڵەسەندنو هەڵمەتی راگەیاندن بکەیتەوە. وتم: ئەوەی چاکەی لەگەڵ کردم لەم زیندانە بیرم ناچێتەوە، ئەوەی خراپەی لەگەڵ کردوم، بیرم چۆتەوە! وتیشی ئەی ئەگەر ئێران یارمەتیان دای دژمان؟ وتم: ئێران نەک ئیسلامی بێ، بەڵکو دەوڵەتێکی سۆسیالیستیش بێ، یارمەتیم بدات دژی یەکێتیو ئەو پارتیزانانەی دوای ئەنفال، هەرگیز قبوڵی ناکەم.

لەدوای راپەڕین دەرکەوتون، نەک هەر تاوانیان بەرامبەر ئێمە کردووە، بەڵکو لە دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیەوە کوردستانیشیان تاڵان کردووە. یەکێتییان تێکوپێک داوە. مێژووی خەباتی پێشمەرگەو شۆڕشیشیان خستۆتە بەر رەخنەو ناڕەزایی بێڕادەی خەڵک!! بەو رەفتارو کردارانە دەریانخست کە بڕیاری کوشتنی ئێمە، بۆ پاراستنی کۆمەڵەو یەکێتی نەبوو، بەڵکو بۆ درێژەپێدانی تاوانی ترو تەختکردنی رێگاکانی تاڵانی بوو!! بۆ ئەوە بوو، هەموو ئەوانەی بڕیارەکەیان دا، کۆمەڵەو یەکێتیان بۆ تەخت ببێ، بەئارەزووی خۆیان تەراتێن بکەنو چۆنیان بوێ بڕیار بدەن، وەکو بڕیاری ترسناک ترسناکیان دا!!

کاکە فەرەیدون!

ئێستا تۆ دوریت لە دەسەڵاتو منیش هەڵوێستم وەرگرتووە. هەندێک لە بۆچونەکانیشمان لەسەر چارەنوسی هەرێمو یەکێتیو سەرکردەکان، هاوبەشن.. ئیتر کاتێتی، بەئاشکرا، رووبەڕوو بەڕێزت، یان هەر کەسێکی تر کە وەکو جەلادو چەشنی ئەفسەرە دڕندەکانی ئەمنی عێراق، بەرتاندابونە گیانی ئێمەی هاوخەباتتان.. ئەوکاتە چێژتان لە ئەشکەنجەدانی جەستەییو دەرونی ئێمە وەردەگرت.. زۆرم پێخۆشە، لەنوسینی یاداشتەکانتدا رەخنە لەخۆت دەگریت، هیچ نەبێ یەکەمین کەسیت، لە سڕینەوەی ئەو "پەڵە چڵکن"ە ویژدانی خۆت ئاسودە دەکەیت. بەڵام ئەگەر من بەو کەسە دەزانیت کە بێویژدانیی بەرامبەرم کراوە، تکام لێتە، هەرچی هەیە لەو پەڵە چڵکنە، لەسەر تەنافی رۆژگار هەڵیبخەن. پاشان دانیشین لە هۆڵێکدا، یان لەناو بازنەی هاوخەمەکانی خۆماندا، یاخود لە دیبەتی تەلەفزیۆندا، مشتۆماڵی ئەو دۆخەو ئەو بڕیارانەو ئەو سوکایەتیانە بکەین. هەتا بۆ دواجار، بەهەموومانەوە وردەکاریو چۆنیەتی ئەو رووداوانە بدەینە بەر نەشتەری رەخنەی ویژدان. نەک رقی سایکۆلۆژی. کاتی هاتووەو هەستیش دەکەم، خەڵکیش ئامادەیە سەرلەنوێ، لە دەمی خۆمانەوە راستیەکان وردتر بزانن! هەستی خەڵکیش بە فلتەری زەمانە، پاکبۆتەوە بەرامبەر ئەو رووداوە!! بەتایبەتی لە شاخدا، چۆن بتانویستایە، تۆمەتتان بۆ هەڵدەبەستین.. بەڵام لەم سەردەمەدا، تۆمەت هەڵبەستن ناچێتە سەر!

من ئامادەم، ئەگەر ئەو نامەیەی نوسیومە، یان ئەو قسانەی تۆمارتان کردووە، هەڵەم کردبێ، یاخود، تاقە کەسێکم لە هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش بەگرت دابێ.. ئامادەم سەرلەنوێ لە ویژدانی هاوڕێکانم دادگایی بکرێمەوە. نەک دادگای ژێر چەقۆی ترسنۆکێکی وەکو برایم جەلال.. کە خۆت دەڵێی.. بەڵگەکان بەهۆی نەوشیروانەوە نەبوایە، رەنگە بڵاویان بکاتەوە. بەڵام خۆت دەزانیت ناوبراو، نامەشی بڵاوکردۆتەوەو کاری خراپتریشی کردووە. ئەوەی باشە، قسەکانی کاریگەرییان لەسەر هاوهەڵوێستی سوکی وەکی خۆی

نەبێ، لەسەر خەڵکی بەویژدان بەپێچەوانەوە، نەک کاریگەرییان نییە، بەڵکو نەفرەت لەو بڕیارانەش دەکرێ!!

ئەو قسانەش، تەنها ئەو قسانەی من دەسەلمێنێ، کە ناوبراو رقی هێندە ئەستورە، ویژدانی ئەوەندە بێبەزەییە لە ئاکاری هاوڕێیەتیو دوچاری نەخۆشی سایکۆلۆژی دڕێژخایەنێکی ئەوتۆشە.. هێشتا بە ئەشکەنجەدانو هەموو ئەو ناجوامێرییە، رقی کوێرانەی دانەمرکاوەتەوە. لە کتێبەکەشیدا، لێوان لێوە لەو رقەو لەو ئاکارە، کە هەر لەو دەوەشێتەوە! کە باسیشی دەکات، شانازی بە جەلادی بونی خۆیەوە دەکات.. دیقەت بدرێ، کەسێک نەخۆشییەکی کوشندەی دەرونی نەبێ، شانازی بە جەلادیەوە دەکات؟!

تەنها ئەو دڵڕەشە نەبوو، وەکو گەمالّی پۆلیس بەردەدرایە جەستەو هەڵوێستی ئەوکاتەمان.. کەسانی تر هەبوون، گرێی دەروونی منالّییان، بە ئەشکەنجەدانی ئێمەمانان دەکردەوە. کە هەموان دەزانین، ئەوانە، لەو کەسانە بوون، لە تەواوی ژیانی پێشمەرگایەتیاندا، نەک فیشەکێکیان نەتەقاندبوو، بەڵکو تاقە چاکەیەکیشیان بەرامبەر کەس لێنەوەشایەوە. تاقە شانازییان لە شۆڕشدا، کە بتوانن باسی بکەن، شارەزاییان بوو لە ماستاوکردنو راپۆرت نوسین لەسەر هاوسەنگەرەکانیان. پاداشتی ئەو ناجوامێرییەش کە بەرامبەرمان دەیانکرد، چاوپۆشینی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو لە دزییەکانیانو خۆفرۆشتنیان!! بەڵێ.. کاتێکیش، لە یەکێتی قەوما.. چەند کەسێکیان دەرکەوتن کە فایلیان لای ئیستخبارات هەیەو تاکو تەرایشیان نێوانیان لەگەڵ ئیتلاعاتی ئێران تەواو جێگەی گومان دەرچوو.(*)

بۆئەوەی ئەو قسانەمان جوانتر دەربکەون، بزانن کاکە فەرەیدون، خۆی بە دڵخوازی خۆی چی نووسیوە:

"هاوکات نەریتێکی خراپیشی لە ڕێڕەوی خەباتو لە کاری حیزبیو پێشمەرگانەدا جێ کردەوەو دەروازەیەکی گەورەشی بۆ سەرهەڵدانو پەرەسەندنی زەبروزەنگ و گیانی چز کردنی یەکتریو تاکڕەویو تەنانەت دیکتاتۆریش کردەوە!".(١)

---

* سالّح مالومەیی، کە بەرپرسی زیندانەکەم بووە لە یاخسەمەر، ژیانی منیان خستبووە دەست. دوایی جاسوسی لەسەر سەرکردایەتی کردبوو. تیرباران کرا. من خۆم گومانیشم لەم کوشتنە هەیە. گومانەکەشم ئەوەیە، وای دەبینم بەم سالّحەیان وتبێ، بمکوژێو تەسلیم بێتەوە. بەڵام ویژدانی قبوڵی نەکردووە، کوشتویانە هەتا پیلانەکەیان ئاشکرا نەبێ. چونکە مام جەلال، منی تەسلیم نەدەکردن، بمکوژن. بەو ڕێگایە هەوڵیانداوە، لەناووم بەرن!!

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٥١١).

(١٥)
سیاسۆسیۆلۆژی زەبروزەنگ[+]

لە پێشەکیدا، چەندین جار جەختمان کردۆتەوە کە ئەو رۆو کینە سایکۆلۆژیە، هەڵەی سەرپێیی‌و کاردانەوە بەرامبەر هەڵە نەبووە. بەڵکو رێبازی سیاسی-سایکۆلۆژی کە دەتوانم دەستەواژەی (سیاسۆسیۆلۆژی) بۆ دابتاشم، ئەم سیاسۆسیۆلۆژیە، رێبازێکی دیاری ناو کۆمەڵەو یەکێتی‌و شۆڕش بووە، کە بەردەوام پەیڕەویی لێکراوەو لێکەوتەی ترسناکیشی لێکەوتەوە. بۆئەوەی لە قسەکانی فەرەیدون ئەو راستییە بێ تەمومژ دەربخەین، با بگەڕێینەوە سەر بۆچونە بوێرانەکانی:

"بەو شێوەیە چارەسەری کێشەی ناکۆکی ناوخۆ و رەفتار لەگەڵ تێکۆشەرەکانی خۆماندا، هێندە تۆندڕەویی‌و کاڵفامی گرتەخۆ، کە ئێستاش بیرم دەکەوێتەوە لە خەجاڵەتی بەولاوە ناتوانم هەستێکی ترم هەبێت".[١]

یەکێک لە خەسڵەتەکانی شەڕی سایکۆلۆژی، هەوڵی گەوجاندنی خەڵکە. زۆرجار پێویست بکات، بەڵگەی ساختەش بۆ گەوجاندنەکە دروستدەکرێ. فەرەیدون دەڵێ: رەفتارەکان کاڵفامی‌و تۆندڕەویی گرتۆتەخۆی.. واتا: ئەوانەی بڕیاری خراپیان داوە، خۆیان کەسی بەتوانا بوون، بەڵام لە رووی دەرونیەوە بەچەشنێک کاریگەری خراوەتە سەر دەرونیان، کراونەتە کاڵفام. کاڵفامی تۆندڕەویش. جا وەرە مێشک داشۆردرابێ، گۆڕدرابێ بە کاڵفامی، بە تۆندڕەویش جێبەجێ کرابێ. ئیتر بزانرێ گاڵتەجاڕیەکەی پلینیۆم‌و بڕیارە کاڵفامەکانیان، گەیاندۆتە چ ئاستێکی ترسناکی پێشێلکردنی ئازادی‌و رۆ!

شەڕی سایکۆلۆژی، لەناو خەڵکی پێشکەوتوشدا، رەواجی دەبێ. تەواوی جەنگەکان، تایبەت جەنگی دووەم‌و سەردەمی جەنگی سارد، بەشێکی بە جەنگی سایکۆلۆژی دەکرا.. لەناو خەڵکی پێشکەوتوشدا کاریگەری هەبووە. جۆزێف گۆبڵز[*]ی وەزیری

[+] سیاسی-سایکۆلۆژی. پێشگری سیا کۆبکرێتەوە لەتەک پاشگری لۆژی.. زاراوەیەکی جوانی لێدەردەچێ. پێکەوە رۆی سیاسی‌و سایکۆلۆژی دەگرێتەوە (سیالۆژی).

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٥١١).

[*] جۆزێف گۆبڵز (١٨٩٧-١٩٤٥)؛ وەزیری پڕوپاگەندەی سیاسی بووە لەسەردەمی هیتلەر و ئەڵمانیای نازی و یەکێک بووە لەدیارترین کەسایەتیەکانی حکومەتەکەی هیتلەر. ناوبراو هاوڕێ و دۆستی هیتلەر بووە تا دوا ساتەکانی هیتلەر، بەیەکێک لەئەفسانەکانی بواری جەنگی دەرونی دەژمێردرێت و دروشمی ئەوە بووە و بەردەوام وتوێتیوە «ئەوەندە پێداگری لەسەر درۆ بکە، تاکو خەڵکی باوەڕت پێدەکەن». لە ١ی ئایاری

پروپاگەندەی هیتلەر، لەناو ولاتی کانت، هیگڵ، نیتشە، مارکس‌و هایدگەردا.. پروپاگەندەی نازیەتی بڵاوەکردەوەو سەدان هەزار سەربازو هەزاران نوسەرو پلەداریشی گەوجاند. تەنانەت فەیلەسوفێکی وەکو هایدگەریش ماوەیەک بەو پروپاگەندانە، فریو درا. بۆیە، ئەو (تۆندرەوییو کاڵفامیی)یەی باسی دەکات، بە ئاڕاستەکراوەو بە بڕیار سەپێنراوە. بۆئەوەی بڕیاری هەرە خراپ بە مرۆڤ بدرێ، دەبێ هزری مرۆڤەکە لە بیروباوەڕی باش بەتاڵ کرابێتەوەو کرابێتە کاڵفام. کە کرایە کاڵفام، ئیتر دەبێتە مرۆڤی بێهەستو بێ هەڵوێستو بێ بڕست. کە مرۆڤیش لەناو حیزبو دەزگاکاندا وای بەسەرهێنرا، ئیتر ئاسانە لەبری ئەو بڕیار بدرێ. خۆم کەم کەسم دیووە، بەئەندازەی نەوشیروان مستەفا، توانای پروپاگەندەی سایکۆلۆژی هەبێو بشتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا، مەرامە سایکۆلۆژیەکانی بڵاوبکاتەوە. سەرەنجام، ویستی مرۆڤ، لە ویستێکی وشیارەوە، بگۆڕێ بۆ رۆبۆتێکی بێهەستو بێ نەستو بێ ویست! چەندین کادرو سەرکردە هەبون، زوڕنای دەمی ئەو بوون، بۆ هەر پروپاگەندەیەک مەبەستی بوایە. وایشی تێدەگەیاندن، ئەو پروپاگەندانە لە پرنسیپی کۆمەڵەو پێویستیی ململانێکانەوە سەرچاوەی گرتووە. پێشو پاش یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە، بارەگاکانی پڕ کردبوو لە دژایەتیکردنی سالار عەزیزو مامۆستا جەعفەرو لەناو کۆنفرانسەکەشدا، بەشێکی وا گەوجاندبوو، هەرچی ئەو دوو هاوڕێیە بیانگوتایە، نەک کاریگەری نەبوو، بەڵکو بە جۆرەها شێوەو بە کارەکتەری جیاوازیش، بەرپەرچ دەدرانەوە. کورتیەکەی نەوشیروان، نزیکەکانی دەستەمۆ دەکردو نەیارەکانیشی دەکردە شەیتان!

سەرکەوتنی باڵی راستڕەوی کۆمەڵە، لە یەکەمینو دووەمینو سێهەمین کۆنفرانسدا، ساڵ بە ساڵ مەترسییەکانی زۆرتر دەبوو. تاوانە ئەنجامدراوەکانیش، لەو ساڵانەدا، ڕەوتی هەڵچونیان بەخۆیانەوە دەبینی. تا گەیاندیانە رادەیەک، هاوڕێ رقی لە هاوڕێو هاوسەنگەر رقی لە هاوسەنگەری خۆی بێ. نەک هەر لەناو کۆمەڵەدا، بەڵکو دژی شۆڕشگێڕانیش. با دیقەت بدەینەوە بزانین فەرەیدون عەبدولقادر، چۆن وێنای ئەو ڕوتە ڕەفتارفاشییە دەکات:

"هاوکات نەریتێکی خراپیشی لە ڕێڕەوی خەباتو لە کاری حیزبیو پێشمەرگایەتیدا

ساڵی ١٩٤٥ جۆزیف گۆبلز خۆیی و خێزانەکەی و هەر شەش منداڵەکەی خۆی کوشتووە. (سەرچاوە: ویکیپیدیا)

جێکردەوەو دەروازەیەکی گەورەشی بۆ سەرهەڵدانو پەرەسەندنی زەبروزەنگو گیانی چزکردنی یەکتریو تاکڕەویو تەنانەت دیکتاتۆریش کردەوە!".[1]

با شیکاریەکی ئەو پەرەگرافە بکەین، هەتا بزانین چەند جومگەی هەرە مەترسیداری تیایە، کە ناکرێ بە راگوزەر بەسەر خوێنەردا تێپەڕن. وەکو:

-نەریتێکی خراپ لە رێڕەوی خەباتو کاری حیزبیو پێشمەرگایەتی.

-دەروازەی گەورەی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی زەبروزەنگ.

-چزکردنی یەکتر.

-تاکڕەویو دیکتاتۆریەت.

سەد جار سوپاس کاکە فەرەیدون.. ئێستا ئیتر هەقوایە نەک ئەم رستەو راستیانە دوای ئەم کتێبە بزانرێ، کە نوسەرەکەی دوای سکرتێری کۆمەڵە، تەواوی دەسەڵاتی هەبووە. هیچ شتێک نییە ئەوکاتە رویدابێو دەرنەکەوتبێ نەیزانیبێ. ئیتر دەبێ، خوێنەر قوڵتر بڕوانێتە ئەو جومگانەو بگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتە، لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەوە، سەرەتاکانی رەوتی ئاڵای شۆڕش درکیان پێکردبوون، بەڵکو زۆر جار زەنگی مەترسیەکانی ئەو زەبروزەنگەشمان لێداوە. بەڵام دەسەڵاتی راستڕەوەکانو قوولکردنی گیانی هەلپەرستیو پلەپەرستی لەسەر حسابی بیروباوەڕ، تاڕادەیەک بەپشتیوانیی دەسەڵاتەکانی مام جەلالیش، توانییان لەناو یەکێتیو شۆڕشدا، زاڵبنو شۆڕشەکەش بگەیەننە "تاکڕەوی"و "دیکتاتۆریەت".[*] بێگومان، تاکڕەویو دیکتاتۆریەت، "دەروازەی گەورەی پەرەسەندنی زەبروزەنگ"یش لەناو شۆڕشو کۆمەڵەدا، دەکاتەوە. کە ئەم دەرگایەش کرایەوە، ئیتر زەبروزەنگەکە، ڕووبەڕووی تێکۆشەرە پاکو رەخنەگرە راستگۆکان دەکرێتەوە. وەفا نامێنێو رقو گیانی تۆڵەسەندن، پەرەدەسەنێ. کاتێک تاکڕەوێتیو دیکتاتۆریەت دەگەنە لوتکەی دەسەڵات، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، دەوروبەری

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٥١١).

* پێشتر باسمان کردووە کە مام جەلال لەدوای شەڕی بێتواتەوەو لە زیخان بەئاشکرا دەیگوت: ئاگری فاشیەت هەڵکراوە، نەیکوژێنینەوە، هەموتان دەسوتێنێ. مەخابن نەک نەیکوژاندەوە، بەڵکو چاویشی لێ پۆشی! با راستییەکیش پەیوەست بەم کێشەیە باسبکەم. هەڵەی چەند هاوڕێیەکی ئاڵای شۆڕش، بەتایبەت «سالار عەزیز» ئەوە بوو، پێکەوە ململانێی دژی مامو نەوشیروان دەکرد. من، ئەوکاتەش ئەو سیاسەتەم بە هەڵە دەزانی. بەڵکو مام جەلال لەسەر ئەوەی کێشەی کورد بەشێکە لە کێشە دیموکراسیەکانی عێراق کوتومت وەکو ئێمە بیری دەکردەوە. لەم سااڵنەدا کاک سالار عەزیز، بۆی دەرکەوتووە کە نەدەبوو سیاسەتەکە بەو چەشنە بکرایە.

ئەوانەی دیکتاتۆرن، تەواو بێدەسەڵات کراون. بێ پەرچەکردار کراون. تەنها چاوی بینینی دیمەنە جەرگبڕەکانیان بۆ ماوەتەوە. کە حیزبێک وای بەسەرهات، دیکتاتۆر فەرمانڕەوای بێت، ئیتر ئەو حیزبە، حیزبێکی شۆڕشگێڕ نەماوە. حیزبێکی خاوەن بیروباوەڕ نەماوە. حیزبێکە، وەکو تەواوی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، هێزی چەکداری هەیە. ڕێکخستنیش دەکاتە دەزگایەکی بێهەڵوێست کە تەنها ئەرکی چاودێریو ڕاپۆرت نوسین دەبێ. ڕاگەیاندنیش دەکرێتە، ئامرازی ڕازاندنەوەی بڕیارەکانی دیکتاتۆر. ئامرازێک جگە لە چەواشەکاری، کارێکی شۆڕشگێڕانەی نامێنێ!!

(١٦)
دیموکراسیو شۆڕشگێڕێتی!

دیموکراسی، فەلسەفەی سیاسیو شێوەیەکی حوکمڕانییە. وڵات نییە لەجیهاندا، لافی دیموکراسی لێنەدات. وەنەبێ سیستەمی دیموکراسی باشترین سیستەم بێ. نەخێر. چەرچڵ جوانی گوتووە کە گوتوویەتی: "لەناو سیستەمە خراپەکاندا، سیستەمی دیموکراسی باشەکەیانە". دوای سێ هەزار ساڵ لە سەرهەڵدانی دیموکراسی لە شارستانیەتی گریکو (٢٥٠) ساڵیش لە سەرکەوتنی دیموکراسی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی، هێشتا چۆنیەتی جێبەجێکردنی دیموکراسی هەر ڕەخنەی لەسەرەو مشتومڕ زۆر هەڵدەگرێ.

شۆڕشە چەکدارەکانی دونیا، تایبەتمەندییان وایە، هێزی سیاسی–چەکداری زاڵ، بە پاساوی دوژمنایەتی حکومەتە دیکتاتۆرەکان، یان داگیرکەران، هەمیشە کێشەی دیموکراسی لەناویاندا، کێشەیەکی ستراکچەرییە (بونیەوی).

یەک شۆڕشی چەکداری نییە، لەدوای جەنگی یەکەمەوە، سەرکەوتنی لەکاتی شۆڕشو لە ناوچەی ئازادکراودا، گەیاندبێتە هەڵبژاردنی ئازاد بۆ نەیارەکانی. پرۆسەی وا لە مێژووی شۆڕشە چەکداریەکان، لەسەدەی رابردوودا بونی نەبووە.

ئەوەی هەبووە، تەنها ڕادەیەک بواردانە بە بیروڕای جیاواز، یان ڕەخنەی تاڕادەیەک ئازاد. لەمە زیاتر پرۆسەی دیموکراسی بەو چەمکەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکان، لە گەرمەی شۆڕشەکاندا نەبووەو نییە. لە دۆخی ئەو شۆڕشانەشدا کە فرەلایەنی تیایە، ئەمانیش، هەمیشە هێزی باڵادەست وەکو دەسەڵاتداری یەکەمی

ناوچە ئازادکراوەکان هەڵسوڕاون. بەردەوامیش لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان، کێشەی جۆراوجۆر هەبووە. رادەی سەربەستی لایەنە لاوازەکانیش لەبەرامبەر هێزی بااڵدەستدا، بگرەوبەردەی زۆر لەسەر بووە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەکو هێزی نیمچە بەرە، کە دەستی بە شۆڕشکردن کرد، دەستپێشخەر بوو لە پەلاماردانی سیاسی دژی پارتیو بنەماڵەی بارزانی. پارتیش بە شەڕی چەکداری ناوخۆ، وەاڵمی رەخنەکانی یەکێتی دایەوە. ئەمە لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیەوە، رووبدا. ئەو پەلاماڕە سیاسییە، کە رەخنەگرتنی توند بوو بەرامبەر هەرەسپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول، کە ئەگەر بەچاوی ئێستا بخوێنرێتەوە، بەئاسانی هەمان ئەدەبیاتی سیاسی سەردەمی جەاڵلی-مەاڵیی، لە فۆرمێکی تردا، دوبارەکراوەتەوە. کە ئەدەبیاتی پارتیو کاردانەوە عەسکەریەکەشیان هەڵدەسەنگێندرێ، ئەمانیش، هەمان بڕیارو بەرنامەی سەردەمی جیابونەوەی شەستەکان دوبارە دەکەنەوە. بەمەش، بەشێوەیەک لە شێوەکان، شۆڕشی نوێش، کەوتە ناو گێژاوی جەاڵلی-مەاڵییەوە! بەاڵم لە فۆرمی شۆڕشی نوێو شۆڕشی گوڵاندا!! هەر لە دامەزراندنیانەوە، کە یەکێتی فەلسەفەی فرەیی هێنایەگۆڕێو پارتیش بەناوی قیادەی موەقەتەوە، گوایە رێبازێکی رەخنەگرانەی لەچاو شۆڕشی ئەیلولدا هەیە، کەچی لە دامەزراندنەوە، بە پەلاماردانی سیاسی بێسنور بەرامبەر یەکدیو لێدانی عەسکەری مەفرەزە سەرەتاییەکان، دەرکەوت، فرەییەکەی یەکێتی ناچێتەسەرو رەخنەلەخۆگرتنەکانی پارتیش، هیچی لە گەوهەری پارتی نەگۆڕیبوو.

لەناو خۆیشیا، یەکێتی باڵەکانی رێسای هەڵسوڕانی ئازادییان، دیارینەکرابوو. بۆیە، لەساڵی یەکەمی شۆڕشدا، کۆمەڵەو بزوتنەوەی سۆسیالیست، ناکۆکیەکانیان تەشەنەیان سەند. ناکۆکیەکەش، وەنەبێ لەسەر ئیزگەی جیاواز، یان ئۆرگانە چاپەمەنیە ئازادەکان بوبێ. نەخێر. لەسەر بەڕێوەبردنی یەکێتیو دابەشاندنی پۆستەکانو پشکی کۆمەکەکان بوو. لەسەر رەفتارو هەڵسوکەوتو چۆنیەتی شۆڕشەکە بوو! تەنانەت لەسەر ستراتیژی شۆڕشەکەش بوو!

هەتا ساڵی ١٩٧٨، جگە لە هەواڵنامە، بۆ چاالکی پێشمەرگەو سیاسەتی یەکێتی کە هاوبەش بووە، یەکەمین جار، پێش هەموو الیەک لەکوردستاندا، کۆمەڵە گۆڤاری کۆمەڵەی وەکو ئۆرگان لە دووەمین کۆبونەوەی فراوانی کادراندا (١٩٧٨/١١/٨-شێنێ) بڕیار لێداوە. ژمارە (١)ی پایزی ١٩٧٨ دەرکرا. تێکڕا (٣١) ژمارەی هەتا نیسانی ١٩٨٧

لێدەرچوێندراوە. هەتا بزوتنەوەی سۆسیالیست جیابونەتەوە، ئۆرگانیان نەبوو. کۆمەڵەش لە هیچ بابەتێکدا دژی هزری سیاسی، یان هەڵسوکەوتی بزوتنەوە، ڕەخنەی نەگرتووە. سەرەڕای ئەوەی جیاوازیی ڕێبازی هەردوولا زەق بوو. ناکۆکیەکانیش بەرە بەرە هێندە قوواڵبون، گەیشتە جیابونەوەی بزوتنەوە لە (زستانی ١٩٧٩)دا. ئەمەش لەخۆیدا مایەی ڕامانێکی مێژوویی قووڵە. بزوتنەوەیەکی سیاسی، حیزبەکەی و هێزەکەی جیادەکاتەوە، ئۆرگانی نەبووەو هیڵە جیاوازەکانی ئایدیۆلۆژی جیابونەوەکەی دیارینەکراوە. نمونەیەکی دەگمەنە. هەمیشە جیابونەوە لەسەر ئایدیۆلۆژیەتو سیاسەتی قووڵی جیاواز ڕودەدا. کەچی لەکوردستاندا، بزوتنەوە جیابۆتەوە، کەمترین کێشەی ئایدیۆلۆژی دیاریکراویان بە چاپکردن هەبووە. بەش بەحاڵی خۆم، جگە لە ڕەخنەی بزوتنەوە لە ئیدارەدانی یەکێتی و سیاسەتەکانی، بەشێکی شاردراوەی جیابونەوەکە، بۆ شوێنەواری سیالۆژی (سایکۆلۆژی-سیاسی) سەردەمی جەلالی-مەلایی دەگێڕمەوە. ڕۆڵی پارتی و پاسۆک و د.مەحمودیش لەم جیابونەوەدا کاریگەر بووە.[*] خۆ بە ڕێکەوت نەبوو، زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ بزوتنەوە کەوتن، کۆنە مەلاییەکان بوون!! ئەو بزوتنەوانەی لەناو یەکێتیشدا مانەوە، کۆنە جەلالیەکان بوون!

دوای جیابونەوەی سۆسیالیست، هاوکێشە سیاسی-عەسکەریەکەی شۆڕش گۆڕدرا. پارتی، لەقۆناغی بەرگرییەوە، دوای کارەساتی هەکاری، دۆخەکەی قۆستەوە بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێزانەی نزیکن لێی. هەتا بزوتنەوە جیانەبوەوە، بە هێزێکی بچوکی وەکو پاسۆک، پارتی نەیتوانی ئەو کارە بکات. بگرە پاسۆکیش خۆی بە تەواوەتی بە لای پارتیدا، دانەدەشکاند. ئەمە لەکاتێکدا، ئەگەر کاریگەریە مەنەلۆگەکانی[+] سایکۆلۆژی سەردەمی جەلالی و مەلایی نەبوایە، دەبوایە دوای کارەساتی هەکاری، بزوتنەوەی سۆسیالیست، لەبەرئەوەی سەرکردەکانی شەهید کران، ڕیزی یەکێتییان بەهێز بکردایە. کەچی پێچەوانەکەیان کردو کەوتنە دژایەتی یەکێتی.

لەو دۆخەدا حیزبی شیوعیش، کەوتنە بەر پالاماردان، پۆل پۆل دەهاتنە دەرەوە. دەرکــەوت، ئــەو سیاسەتەی لــەگــەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣) گرتیانەبەر، بەناوی ئاشتییانە چارەسەرکردنی کێشەکان، هەتا کودەتاکەی بەعس ١٩٦٣،

---

[*] حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش، پشتیوانی بزوتنەوەی سۆسیالیستیان دەکرد. تەنانەت هاوکاری مادی و عەسکەریشیان دەکردن. ئەوکاتە، یەکێتی و دیموکرات، ناکۆک بوون.

[+] مەنەلۆگ: گەڕانەوە بۆ دیالۆگو ڕوداوی ڕابوردوو.

چۆن سودی نەبوو، ناوەرۆکی هەمان سیاسەتی راستڕەوێتییان، بە پاساوی بەرەی نیشتمانیی عێراقەوە.(*) ئەمیش تەنها چوار ساڵی خایاند. بەعس پەلاماری دانـەوە. هەروەکو ١٩٦٣ پەناگایان هەر شۆڕش بوو. لەمەشدا حیزبی شیوعی، لە زۆربەی حیزبە لێدراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیادەبێتەوە. ئەو حیزبە لێدراوانە دەکەونە خەباتی ژێرزەمینیو لافلێدانی ئاشتیانە چارەسەرکردن، حیزبی شیوعی، هانا بۆ شۆڕش دەبات‌و بەشداری دەکات. بەڵام وا رێکەوتووە، هەمیشە ئەم حیزبە بەسەر ناکۆکیە سیاسیەکانی کوردایەتیدا کەوتون. چۆن لە شۆڕشی ئەیلولدا کەوتن بەسەر ناکۆکیەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیو باڵی بارزانیدا، سەرەنجام دایانشکاند بەلای باڵی بارزانیدا، هەر بەهەمان شێوە، لە شۆڕشی نوێشدا، سەرەڕای ئەوەی یەکێتی هەموو توانای خستە کار بۆ دااڵدەدانو هاوکارییان، بەڵام لە دوائەنجامدا، هەر دایانشکاندەوە بەلای پارتی-سۆسیالیست-پاسۆکدا؛ سەیر ئەوەیە، لە شۆڕشی ئەیلولدا، کە جەلالی لەپاڵ حکومەت‌و شیوعی لەپاڵ مەلایی بوو، حیزبی شیوعی شەڕی عەسکەری جەلالیەکانیان نەدەکرد. کەچی لەشۆڕشدا یەکێتی چاکەی زۆریشی بەسەریانەوە هەبوو، شەڕی حکومەتیشی دەکرد، لەپاڵ پارتی شەڕی یەکێتییان بە سیاسیو عەسکەریو پەیوەندی ئینتەرناسیۆنالیش کرد! لە درێژەی ئەم سیاسەتەشدا بەرەی "جود" دامەزرا. شەڕی مەڵبەندی سێ هەڵگیرسا. گەیشتیشە قڕناقاو پشتئاشان.

بە سیاسەتی دیفاکتۆ، نەک بە رێکەوتن، ناوچەکانی هەولێر بەکردەوە بوو بە ناوچەی نفوزی سۆسیالیست. یەکێتی هەتا ساڵی ١٩٨٠یش لەوێ لاواز بوو. سلێمانی، کەرکوک، گەرمیان، راپەڕینو هەڵەبجەش، بون بە ناوچەی نفوزی یەکێتیو سۆسیالیست لاواز بون. کە محەمەدی حاجی مەحمود دایە پاڵ سۆسیالیست لە شارەزوور-سوریندا، سۆسیالیست هێزی پەیداکرد.(**)

* لە ساڵڕۆژی کودەتاکەی حیزبی بەعس (١٩٧٣/٧/١٧) بە واژۆکردنی سەرۆک کۆماری ئەوسای عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر- عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز- ئیمزا کرا.

** بزوتنەوەی سۆسیالیست پێش ئەوەی ببنە حیزب جیابونەوە. سەرەتا شەوکەتی حاجی موشیر لەگەڵیان کەوت. ڕەسول مامەندیشی بردە شارباژێر بۆ زاڵبون لە ناوچەکە. بەڵام کە بۆی دەرکەوت زاڵ نابن‌و زانیی حەمەی حاجی مەحمودو ڕەئوفی خەلیفە سەعید چونەتە پاڵ بزوتنەوە، بایدایەوەو هاتەوە ناو یەکێتی. بەئومێدی ئەوەی بکرێتە ئامر هەرێم. بەشێکی زۆری ئەو کێشەیەی نێوان بزوتنەوە-کۆمەڵە لە ناوچەی هەڵەبجە، هۆکارە سەرەکیەکەی هزرو فەلسەفە نەبوو، بەڵکو هەڵپەی بەرپرسە عەسکەریەکان بوو بۆ دەستکەوت‌و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەو هێزەکە. شەوکەتی حاجی موشیر، بەردەوام، بەشێکی ئەو کێشانە بوو.

لە کۆی ئەو ناکۆکی‌و ململانێو کێشانەدا، کە شەڕی ناوخۆیشی تێکەوت‌و سەدان قوربانیش دران. تەنها یەکێتی‌و پارتی، دوو ڕێبازی ئایدیۆلۆژی جیاواز بون‌و دەشێ جەخت بکەین، پارتی-بنەماڵەی بارزانی، لە شۆڕشی نوێشدا، لەسەر هەمان ڕێی کوردایەتی کۆن بەردەوام بون. بەگشتی یەکێتی ڕێبازی فرەیی هێنایەگۆڕێ‌و ئایدیۆلۆژیەتی جیاوازی تاڕادەیەک لەناوخۆو دەرەوەدا، پەیڕەو دەکرد. ئەمەش، لەدوای سێهەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە هەنسکی بڕا. وەکو تر، سۆسیالیست-پاسۆک، نەیانتوانێ تا سەر ململانێی سیاسیش بپارێزن. بۆیە، هەردوولایان، لەناو پارتی‌و یەکێتیدا گیرسانەوە. کەسی یەکەمی پاسۆک چووە ناو پارتی‌و کەسی یەکەمی سۆسیالیست هاتەوە ناو یەکێتێ! هەروەها زۆربەی سەرکردەکانی تریشیان.[+]

لێرەدا ڕاستیەکی مێژوویی هەیە، گرنگە باس بکرێ. سەرەڕای ئەوەی پارتی بەرپرسیارە لە هەرەسی شۆڕشی ئەیلول. کە دروستیش بونەوە، بەهەمان ڕێبازی جارانیان هاتنەوە مەیدان. یەکێتیش بە ڕێبازی فرەیی سەریهەڵدا. کەچی ڕای گشتی گەلەکەمان، لەڕووی دەرونیەوە، کاریگەری (پارتی-بارزانی)یان، هەر لەسەر مابوو. هەروەها کاریگەری دژایەتی جەلالیش، لەسەر خەڵکەکە بەهێز بوو. تەنانەت لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا (١٩٩٢) ئەم کاریگەرییانە دەرکەوتن.

(١٧)
دیموکراسی‌و هەڵکوتانەسەر!

هێزی سیاسی-چەکدار، لایەنی کەمی مەترسی لەسەر نفوزی چەکدارو ناوچەی پاوانکراوی هەبێ، چ چەپ چ ڕاست، مەحاڵە بە پرۆسەی دیموکراسی کێشەو ناکۆکیەکان چارەسەر بکات. کاتی خۆی تیتۆ، هەڵیکوتایە سەر جەنەڕاڵە نەیارەکەی لەناو سەنگەری بەرەنگاری یوگسلافیادا. شۆڕشگێڕەکانی ئەفریقیا دژی یەکتر هەروایان

[+] ئالای شۆڕش، دوای هەوڵێکی زۆر بۆ ڕێکخستنی بەرەی چەپ. سەرنەکەوت. کە شورەوی‌و ئۆروپای ڕۆژهەڵات شکستیان خواردو هەڵوەشانەوە. ڕاپەڕین بەرپا بوو. ئەزمونێکی تازەی دیموکراسی بونیات دەنرا. فەلسەفەی چەپ، لەسەر ئاستی دونیا بەزۆری لەسەر دیموکراسی ساغبوەوە. ئالای شۆڕش بۆ پتەوکردنی ئەزمونی دیموکراسی، لەگەڵ یەکێتیدا یەکیگرتەوە.

کرد. ڕێکخراوی فەتح بەرامبەر چەپەکان، توند بوو. لەکاتێکدا، هەموو دەسەڵاتەکەیان لەناو ئۆردوگاکانی لوبنانو ئوردندا بوو. پەکەکە، تائێستاش ڕێی نەداوە، تاقە گروپی سیاسی نەک لەناو باکوری کوردستانداو لە شاخەکاندا مەفرەزەیان هەبێ، بەڵکو لە شاخی قەندیلو گارا و شنگاریش کە لە باشوری کوردستانیشدایە، ڕێگەی ئازادی عەسکەری نادەن. لە ڕۆژئاواش پەیەدە، جگە لە هێزی خۆی، هێزی دیکەی قبوڵ نەکرد. دیموکراتو کۆمەڵە، هەر لەسەر ناوچەی نفوز بوو بەشەڕیان. کەمتر لەسەر ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز بوو.

لە باشوری کوردستاندا، سەرەتا مەکتەبی سیاسی هەڵەیەکی قورسی کرد لە چوارەمین کۆنگرەی ماوەتدا مەلا مستەفای تەجمید کرد. مەلا مستەفاش کاردانەوەی عەسکەری توندی بەرامبەریان نواند. بارزانی هەر زوو چارەسەری عەسکەری سەپاندو سەریشکەوت. لە شۆڕشی نوێشدا، چ یەکێتیو چ پارتی، دوو هێزی بەدەسەڵاتو بە زەبروزەنگ بون. تەنها ڕێگەیان بەو لایەنە سیاسی-چەکدارانە دەدا لەسایەیاندا هەڵسوڕێن، کە ترسیان لێیان نەبوو. ئەگینا لەهەر دەڤەرێک ترسیان لە هەر هێزێک پەیداکردبێ، لەسەر نفوزی خۆیان، خەفەیان کردون؛ خەفە نەبوبن، توانیبێتیان سەرکوتیان دەکردن. نمونە حیزبی شیوعی بون. لە شۆڕشی ئەیلولدا هەردوو حیزبی شیوعی لیژنەی مەرکەزیو قیادەی مەرکەزی، بچوکترین دەسەڵاتیان نەبوو. لەم شۆڕشەشدا، نە لە ناوچەکانی یەکێتیو نە هی پارتی، حیزبی شیوعی دەسەڵاتیان بەسەر گوندێکیشدا نەدەشکا. نەشیاندەتوانی بڕیاری یەک شەڕ بدەن. بەناچاریی دەسەڵاتی هەردوولایان قبوڵ دەکرد.

با بگەڕێینەوە بیرەوەریەکەی فەرەیدون عەبدولقادر، کە لەمبارەشەوە بێ چەندوچۆن ڕاشکاو دەنوسێ:

"ئێمە کە ڕێکخراوێکی چەپ بووینو لەناو قەوارەی ڕێکخراوێکی نیمچەبەرەییدا، کە پێی دەوترا (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) خەباتمان دەکردو دڕێژەمان بە تێکۆشان دەدا! زۆر باسمان لە دیموکراسیو ژیانی دیموکراسیو سیستەمی دیموکراسی لە حیزبو لەکۆمەڵدا دەکرد، بۆیە گەر بەپێی ئەو بانگهێشتە بووایە، دەبوو ئەو کێشەیەمان بە ئاسانترین شێوەو بە دیموکراسیترین ڕێگەو بەوپەڕی برایانەو هێمنانەو لەسەرخۆ چارەسەرو تەماشا بکردایە!".[1]

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٥١١).

بەڵێ.. راستی وتووە: زۆر باسیان لە دیموکراسیو ژیانو سیستەمی دیموکراسی کردووە. کەوابێ:

-تەنها باسیان لە دیموکراسی کردووەو کاتێک مەترسی ئازادی ڕێبازی جیاواز تینی بۆ هێناوون، لە دیموکراسی هەڵگەڕاونەتەوە.

-کێشەکەیان، بەپێی دیموکراسی چارەسەر نەکردووەو هێزو زەبروزەنگیان بەکارهێناوە.

-ڕێگای برایانەو هێمنانەو لەسەرخۆیان نەگرتۆتەبەر، بەڵکو پێچەوانەکەیان سەپاندووە.

لەکۆتایی ئەم بەشەدا، با ئەو قسانەی کاکە فەرەیدون لێکبدەینەوە، ئەوکاتە پاساوی بڕیارەکانیان دژمان چی بووە؟ هەتا بزانین پاساوەکان، پاساوی ڕاستەقینە بون، یان بۆ سەپاندنی بڕیارە دژە دیموکراسیەکان، داتاشرابون؟

"هاوکات دەبوو ئەوانیش، واتە (ئالای شۆڕش) دەستیان بۆ هێزی پێشمەرگە نەبردایە! بۆیە کاری سیاسیو مرۆڤ دۆستانە وا بوو، کە دەبوو ئێمە خۆمان هێزەکانی پێشمەرگەمان وریا بکردایەتەوەو یاسای سەربازیمان پەیڕەو بکردایە بۆ پاراستنی ئاسایشی هێزەکانمانو هاوکات سەرکردەکانی ئەوانیشمان بە نامە و نێردراو جارێکی تر لەو هێڵە سورە هوشیارو ئاگادار بکردایەتەوە، نەک کوتوپڕ هەڵکوتینە سەریانو دەستگیرو زیندانیان بکەین! لەکاتی ناچاریشدا، کە ئەگەر گرتنیان پێویستیەکی گرنگی ئاسایشی شۆڕشو (یەکێتی) بووایە، دەبوو بەڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ".[1]

ئەمەیە کورد بدوێنی شەرعی خۆی دەکات. سەپاندنی بڕیارو تاوانەکەیان هێندە قێزەونە، فەرەیدون نە دەتوانێ دانی پیا نەنێو نە دەشتوانێ پاساوێکی لاوازیش بۆ بڕیارەکە دوای (٣٢) ساڵیش، بهۆنێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا نوسەر، بەتواناشە لە نوسیندا. کەچی، ئەو مێژووەیان هێندە نادیموکراسییە.. قەڵەمەکەیشی گۆ ناکات، هیچ نەبێ کەمێک ئۆبالّی ئەو تاوانە لەئەستۆدا سوک بکاتەوە!!

کاکە فەرەیدون دەڵێ:

دەبوایە ئالای شۆڕش دەستیان بۆ هێزی پێشمەرگە نەبردایە. جارێ، ناکرێ نکولی لەوە بکرێ کە خۆمان پێشمەرگە بوین. ئەوەش بوین کە هەبوین. ئاسایی بووە، لەناو

---

١ سەرچاوەی پێشوو، زستانی ٢٠١٧. ل(٥١١-٥١٢).

هێزەکە هاوسەنگەرو هاوڕێو دۆستی نزیکمان بوبێ. بەڵام ئایا، دەستمان بۆ هێزەکە بۆ جیابونەوە بردووە؟ نەخێر. باشترین بەڵگەشمان ئەوەیە کە لە دۆڵی جافایەتیەوە چوینە شارباژێڕی تەختو تیپەکەی شەهید (جەلالی حەمەی محێ)مان بینیو بەپیریشمانەوە هاتنو پێشیانوتین: بچنە بەرکێو، لەوێ خۆتان پەنا بدەن هەتا دۆخەکە روندەبێتەوە. ئێمە وتمان: نامانەوێ هیچ گومانێک دروست بکەین.. دەچینەوە (تەکیە-قەراغ) هەروەکو گفتمان داوە. چویشین. ئیتر دەستی چیمان بۆ پێشمەرگە بردووە؟ بە یەک فەرماندەی پێشمەرگەشمان لەسەرانسەری کوردستان نەوتووە، کە بەرنامەی جیابونەوەی عەسکەریمان هەیە. لەکاتێکدا دەیان سەرتیپو ئامر کەرتو ئامر مەفرەزە هەبون، یان ئاڵای شۆڕش بون، یان سۆزیان لەتەکماندا هەبوو. ئیتر پاساوی دەستبردن بۆ هێزی پێشمەرگە، بێبناغەیە. هەر قسەی پێشوی کاکە فەرەیدون راستە کە تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت بوو.(*)

دیکتاتۆریەت، لە هزری تاکو فەزای تۆقاندنی دەروونییش، لەدوای روداوێک کوتوپڕ سەرهەڵنادات. هیتلەر، بە هاوپەیمانی لەتەک ژەنەراڵ هندبنوورگ، لە هەڵبژاردندا (١٩٣٣) بردیەوە. مۆسۆلینی وەکو چەپ دەرکەوت. هیتلەرو مۆسۆلینیش، لەئۆپۆزسیۆنەوەو بە پروپاگەندەیەکی زۆر، هاتنە سەر حوکم. کەچی چییان بەسەر جیهان هێنا. زەمینەی ئەم فەزایە، لەدوای یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەو پاکتاوکردنی سەرکردە شایستەو کادرە هیلاکەکانی کۆمەڵە، لە ئۆرگانەکان، دەستپێکردبوو. کە بەداخەوە، تەکەتولی زیندان، بە بیانووی لاواز لاواز، یان بەهۆی هەندێک هەڵەی بچوکەوە، دەرفەتیان گەورە کردو بوون بە بەشێک لەو سیاسەتە، کە لەئاکامدا ئاگرەکەی، خۆشیانی سوتاندو کۆمەڵەشی لەناوبرد!! یەکێتیشی گەیاندە دۆخێک، فەلسەفەی لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی فراواندا، زۆر دەرچوو. لەدوای راپەڕینیشەوە، کێشەگەلی زۆر لەناویا تەقیەوە!!

---

* نەوشیروان، دوو کەسی راسپاردبوو (سەرتیپێکو ئامر کەرتێک) کە لێمان نزیک ببنەوە هەتا زانیاریمان بگەیەنن. من گومانم لێیان هەبوو. بەردەوام پرسیاریان لێدەکردم. منیش بەڵگەم نەدەدا بەدەستەوە. کە لە زیندان بومو نەوشیروان سەری لێدام، وتی: بۆچی وەڵامی (!!)ت بە نامە نەدەدایەوە. وتم: ئەمزانی تۆ راتسپاردوون. لای سەیر بوو. ئەو دوو کەسە، تاوانیشیان کردو لە ئەنفالەکاندا تەسلیم بونەوە. رەگی خیانەت.. مەترسیدارە!!

(١٨)
عێراقی‌و کوردستانی ئۆتۆنۆمی

نوسەری (چەپکێک) لەلایەکەوە وەکو مێژوونوسێکی کارامە، لەلایەکی تریشەوە وەکو تیۆرسێنو جاروباریش وەکو جەنەرالێکی عەسکەری دەدوێ. لەکاتێکدا، یەک لاپەڕەی ڕێکوپێکی لەسەر مێژوو نەنوسیووە. نیو وتاری تیۆریشی نییە. لە عەسکەریشدا، نەک فەرماندەی شەڕێک نەبووە، بەڵکو هەمیشە لەشەڕدا ترساوەو لەرزاوە. بەرپرسیشە لە شەهیدکردنی چەندین قارەمان، لەوانە شەهید فوئاد سوڵتانی، کە لەکاتی لێقەوماندا تۆقیوەو تەقەی لەسەر نەکردووە. لەمەڕ مێژوونوسینو مەسەلە تیۆریەکان لەناو شۆڕشدا دەنوسێ:

"لەناو یەکێتییدا دروشمی شۆڕشی نوێ و ئامانجو لە خەباتی چەکداری بەشێوەیە ڕوونو ئاشکرا دیاری نەبوو، لەلایەکەوە دروشمی مافی چارەنووسو بنیاتنانی کوردستانێکی دیموکراتی، لەلایەکی ترەوە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی (راستەقینە) و عێراقێکی دیموکراتو لەلای سێهەمیشەوە دروشمی ناچارکردنی رژێم بۆ چاو داگرتنێک کە وتوویژ و ڕێکەوتنی لێ بکەوێتەوە".[1]

کە یەکێتی دامەزراوەو شۆڕش بەرپا کراوە، هەتا نوسینی (أغدٌ ديمقراطي و حرمان الشعب من حق تقرير المصير- مام جلال) بە دەگمەن مەگەر باسی چارەی خۆنوسین کرابێ. ئەگینا (عێراقی دیموکرات و ئۆتۆنۆمی راستەقینە) دروشمی سەرەکی بووە.

بونیاتنانی کوردستانی دیموکراتیش لەو سالانەدا، مەگەر لە خەیاڵی نوسەردا، لە خەو نوسرابێ.

ناچارکردنی رژێم بۆ وتوویژ.. ئەمەیان راستە، بەتایبەتی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، کە هاتنە دەرەوە، سیاسەتیان وا بوو، خۆپیشاندانی چەکدارانە بکرێتە فشار، بەڵکو حکومەت ناچار بێ وتوویژ بکات. هەر وایشیان کرد. مام جەلالیش بەناچاری رازی بوو. شەهید عەلی عەسکەری نێردرایە بەغداد، سەدامیشی دیبوو، بەڵام پێیانوتبوو بگەڕێنەوە ریزی نیشتمانی!! دوای ئەو سەفەرەی بەغداد، گەلی کوردستان ڕووبەڕووی سیاسەتی ڕاگواستن کرایەوە. بزوتنەوەش بۆچونی وتوویژ لایان کز بوبوو. دوای سالێک، دیسان سەرییەهەڵدایەوە!

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٩٠).

که نوسەریش دەنوسێ:

"لەلایەکەوە ناوزەدکردنی شۆڕشی نوێ، بە شۆڕشی گەلی کوردستانو پەیڕەو کردنی کوردستانیەت، لەلایەکی ترەوە بیرو بۆچوونی شۆڕشی کڵپەسەندوی عێراق لە کوردستانەوە و پێکهێنانی ناوکی بەرەیەکی عێراقی پیشکەوتوخوازی نوێنەری کرێکاران‌و رەنجدەرانی عێراق، کەوا هەم دژ بە بەرەی ئیمپریالیزمی‌و سەرمایەداری ئەوروپی‌و هەم دژ بە دارو دەستەکانیان بێ، کە خۆی لە رژێمی دکتاتۆری شۆڤێنی عێراقی‌و کۆنەپەرست‌و دەرەبەگەکانی ناوخۆدا دەنوێنێ".[1]

ئەم قسانە راستن. لەساڵی ١٩٧٨یشەوە، دروشمێکی شۆڕشەکە (شۆڕشی عێراقی هەڵگیرساو لە شاخەکانی کوردستانەوە) بوو. ئیزگەی گەلی کوردستانیش بەو دروشمە دەکرایەوە. ئەوەی مایەی سەرنجە، ئەوکاتە زۆرتر بزوتنەوەی سۆسیالیست ئەو دروشمەیان نەدەسەلماند. نوسەر بەرگری لە شۆڕشە عێراقیەکە دەکرد. دژی عێراقچێتی مام جەلال نەبوو. بەڵام کاتێک، هاوڕێیانی زیندان هاتنەدەرەوەو کەوتنە ململانێ لەسەر پۆستەکان؛ خۆیشیان لە کۆمیتەی هەرێمەکان بە شایستەتر دەزانی، لەگەڵ سکرتێری کۆمەڵدا یەکیانگرتەوە، هیچ خاڵێکی لاوازی کۆمیتەی هەرێمەکانیان دەستنەکەوت. بۆیە لە کۆبونەوەیەکدا، بە پیلان، دەستەواژەی عێراقچێتییان بۆ هاوڕێیانی ئێمە داتاشی، کە دەمانگوت:

– بە شۆڕشی چەکداری، سوپای عێراق لەکوردستان رانامالدرێ. بە راپەڕین دەکرێ.

– شۆڕشی کوردستان، لەو قۆناغەدا، بەشێکی پرسی دیموکراسی عێراقە.

–مەگەر لە جەنگێکی ئیقلیمیدا یان راپەڕینی سەرانسەری عێراقدا، رژێمی بەعس بڕوخێ، تەنها بە خەباتی چەکداریی کورد، دەسەڵاتی مەرکەزی عێراق ناڕوخێ.

– دەشمانگوت: کۆمەڵە مەترسی لەسەرەو لەناودەبرێ.

ئەمە بۆچونە سەرەتاییەکانی ئێمە بوون، کە سەرەنجام لە (ئاڵای شۆڕش)دا گیرساینەوە. کەچی نوسەرو باڵی زاڵی کۆمەڵە، هەڵمەتێکی ناڕەوای عێراقچێتییان کردە سەرمان.. رۆژگاریش کوتومت بۆچونەکانی ئێمەی سەلماندو بۆچونەکانی ئەوانی پوچەڵکردەوە.

ئەوساو ئێستاش، نەتەوەکەمم لەهەموو نەتەوەیەکی تر خۆشتردەوێ. لە هەموو نیشتمانێک زیاتر شەیدای کوردستانم. هۆگری ئەدەب‌و هونەری کوردیم، زیاتر لە

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم–٢٠١١. ل(١٩٠).

هەر ئەدەبو هونەرێکی دیکە، زمانی کوردیشم پێ لە زمانە پاراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام لەهەمان کاتدا، رزگاری نەتەوەکان بە تاکڕەوی نەتەوایەتی نەکراوەو ناکرێ. تاکڕەوی نەتەوایەتی، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سیخناخ بە ئاینو مەزهەب، هەر بەرەو شۆڤێنیەتو فاشیزم هەڵدەدێرێ! دیموکراسی شارێی رزگارییە. دیموکراسیش، فەلسەفەیەکی مرۆیی-جیهانییە. چۆن بۆ تەواوی گەلانی جیهان، بەدیهێنانی دیموکراسی مافێکی رەوایە. بێگومان بۆ گەلانی دراوسێمان، هەم مافی رەوایەو هەم بەدیهێنانی ئەرکی هاوبەشە. سێ پرس، ئێمەو نەتەوەکانی دەوروبەرمان پێکەوە دەبەستێتەوە: ١- دیموکراسی. ٢-مرۆڤایەتی. ٣-کلتوری هاوبەش. کە بەدرێژایی مێژوو، لەسەر جوگرافیای هاوبەشدا بۆ هەموو لایەکمان دروست بووە. پرسی دیکە هەن، بەڵام زۆرتر فەلسەفیو رەهەندی تیۆری-ئایدیۆلۆژییان هەیە. لەناو ئەو سێ ئەرکە هاوبەشانەدا تێهەڵدەکێشرێن.

دیموکراسی، کە شارێی خەباتی هاوبەشی گەلان بێ، هەڵگەڕانەوە بوو لەم شارێیە، لە قۆناغی رزگاریدا، کە نوسەرو هاوپێناوەکانی، بە پاساوی کوردستانیبونو مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە، چوار مەسەلە نییە، کە هەلومەرجە بابەتیەکەی نەڕەخسابوو، ئەو هەموو بوختانەیان بۆ هەڵبەستینو ئەو هەموو هەڵمەتەیان دەکردە سەرمان.

نەماندەوت: قەڵەمڕەوی عەرەبی عێراق، دژە دیموکراسیش بێ، قبوڵمانە. یان هی فارسو تورک.. بەڵکو بەگاڵتەش بێ، ئەوان دەیانگوت: فاشیەت بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.. ئەوان بون، دوای تێکچونی مفاوەزاتی ١٩٨٣-١٩٨٥، رقێکی زۆریان دژی عەرەب لەناو پێشمەرگەدا بڵاودەکردەوەو گاڵەو گاڵتەیان بە خەباتی ناوکۆیی گەلان دەکرد. چەند جارێکیش، تاوان بەرامبەر ماڵو منداڵی عەرەب، ئەنجامدرا!! (*)

جاری وا هەیە، هەتا هەڵەکان راستدەکرێنەوە، ئاڕاستەی شێواندنی راستیەکان، لەژێر کاریگەری پروپاگەندەی سایکۆلۆژی دەسەلاتو سەرکردە، دەکرێنە راستی. هەر لەسەر ئەم بنەمایەی توانای گۆڕینی ئاڕاستەی مێژوو، لەلایەن دەسەلاتەوە، بەشێوەیەکی کاتیی، بەشێک لە مێژوونوسان پێیانوایە، مێژوو دەسەلات دەینوسێ (کە وا نییە!) بەهۆی بەردەوامیی ستەمکاریی دەسەلاتەکانیشە، میتافیزیکیەکان دەڵێن: مێژوو دوبارەدەبێتەوە (ئەمیش وا نییە!!).

ئەوەتا، وردە وردە لاپەڕە رەشەکانی مێژوو، خەریکە سپی دەکرێنەوە. خەریکە دەردەکەوێ، ئەوانەی دەسەلاتی رەهایان لەناو شۆڕشدا هەبوو، توانیشیان زیاتر لە (١٠)

* پێم باش نییە تاوانەکە باسبکەم. کە مایەی قێزەونیە!!

سالّ زۆربەی بڕیارەکان بە رەوا و ناڕەوا بدەن، ئەوەتا بڕیارە ناڕەواو و تاوانەکانیان نوسەرە بوێرەکان کەوتونەتە قانگدانیان.

ئەمسالّ، پێچەوانەی سالاّنی رابـوردوو، وتـاری گرنگ گرنگ، لەسەر بزوتنەوەی گۆڕانو رابەرە گشتیەکەی نوسرا! دلّنیام، لەمەودوا، راستیەکان فراوانتر باسدەکرێ. بەربەستە سایکۆلۆژیەکان.. خوسان!! شمشێرەکەی هیرکلسیش لەسەر سەری نوسەران نەماوە، هەتا بە زنجیرە وتار، تاوانەکان بشاردرێنەوە.

مایەی خۆشحالّیە، لەم دوو-سێ سالّەدا، نوسەرو رەخنەگری بوێر دەرکەوتونو دڕیان بە شەوەزەنگی پروپاگەندە ناڕاستەکان داوەو ئەشیعەی کەسایەتیەکانیش، بە ویژدان دەگرنو بەو چەشنەی کە هەن دەیانناسێنن. چاوەڕوانیشم، میژووی نیو سەدەی رابوردوش، دوور لە پیاهەلّدانو شکان، دوور لە سۆزو رق، سەرپاکی زانستیانە، لەسەر کۆی روداوەکانو کەسایەتیەکان، بنوسرێ. هەنگینێ، هەموان بە راستەقینەیی خۆمانەوە، بکەوینە بەر ئاوێنەی ویژدان.

رشتەی سێهەم:

کارەساتی هەکاریو نەوەی یەکەم

١- کارەساتی هەکاریو کۆمەڵە
٢- هەڵەی نەوەی یەکەمو هەڵوێستی نەوەی دووەم
٣- نەوەی یەکەمو هەکاری!
٤- ناکۆکی ئەزموونو تێگەیشتن
٥- نەوشیروانو کۆمەڵەو کۆمۆنیزم!!
٦- نەوشیروانو ڕێکخستنی تازە!
٧- کۆمەڵەو کاریگەری نەوەی یەکەم!

(١)
کارەساتی هەکاریو کۆمەڵە

کارەساتی هەکاری، لە ناوخۆی کوردستاندا، یەکێک لە گەورەترین روداوە ناوخۆییەکانی هەردوو شۆڕشی ئەیلولو نوێیە. جەلالیو مەلایی، بەدرێژایی شەش ساڵی شەڕی ناوخۆ، نیوەی کارەساتی هەکاری، لە تێکڕای شەڕە بێهودەکەی نێوانیاندا، قوربانییان نەداوەو جەزرەبەیان لەیەک نەوەشاند. ئەم کارەساتە، تائێستاش، لە سێ روانگەی جیاوازەوە، لێکدراوەتەوە:

یەکەم: روانگەی یەکێتیو باڵەکانی ناو یەکێتی.
دووەم: روانگەی پارتیو دۆستەکانی پارتی.
سێیەم: روانگەی هێزو نوسەرانی تری کوردستان.

ئەو سێ روانگەیە، دوانیان لەسەر کارەساتەکە، بۆچونە ڕەسمیەکانن. نوسەرانی تریش، هێندەی بەڵگەنامەیان لەبەردەست بووە، بەپێی توانای خۆیان، کارەساتەکەیان لێکداوەتەوە. بەڵام هێشتا، تەواوی روداوەکە، زۆری بەبەرەوە ماوە لەسەری بنوسرێ. ئەوانەی نوسیویانە، لایەنی سیاسیو نوسەری سیاسین، ئەمەی ئێمەش دەینوسین، هەر سیاسییە. دەبێ چاوەڕێ بکەین، پسپۆڕەکانی بوارەکانی: عەسکەری، سیاسی، مێژوویی و سایکۆلۆژی، دەربارەی روداوەکە بنوسن. ئەمەش بەبێ بڵاوبونەوەی بەڵگەنامەکانی حکومەتی تورکیاو هی سەردەمی شا، کە لە ئەدەبیاتی سیاسی یەکێتیدا، بەشێکی بەرچاوی کارەساتەکە، دەخاتە سەر دەستێوەردانی ئەو دوو دەوڵەتە. (هی ئیسرائیل وازلێدێنین مەگەر خۆیان بەڵگەنامەیان، ئەگەر لابێ بڵاوی بکەنەوە، ئەگینا ناڕوخێن!) ئەمە جگە لە باسکردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکیو زایۆنیزم، کە مام جەلالو نەوشیروان مستەفا (لەسەر کارەساتی هەکاری) لە دوو لێکۆڵینەوەی ژمارە یەکو دووی هەواڵنامەدا (١٩٧٨)، بەدرێژیی، دەستێوەردانی عێراق، ئێران، تورکیا، ئەمریکا، زایۆنیزم، گوایە هەمویان بەپشتیوانی (پارتی-ق.م)یان کردووە، بۆ شکستپێهێنانی هەڵمەتی هەکاری.

مام جەلال لە ل(٢١)داو لە ناونیشانی (٢)دا، لە توێژینەوەی یەکەمی دوای کارەساتی هەکاری، دەنوسێ:

"هێنانەوەی ئەسپە دارینەکەی تەرواەی ئیمپریالیزمو ئێران‌و ئیسرائیل بۆ کوردستان"[1]
لە لاپەرە (٢٥)دا لە دوو دێڕدا دەنوسێ:
"بنەماڵەی مستەفا بارزانی‌و دەستەو تاقمە چڵکاوخۆرە بەکرێگیراوەکەی ق.م هەر بەڕاستی دەوری ئەسپە دارینەکەی تەرواەدە ئەبینن لە نەخشە ئیمپریالیستییە-زایۆنسیتییەکەی دوژمن بە کوردایەتی گەلانی تری رۆژهەڵات لەکوردستاندا".[2]

ئەوکاتە، دوای هەرەسی ١٩٧٥و روداوەکانی تری شەهیدکردنی برایم عەزۆ، حەسەن خۆشناو، حەمە غەفور ئاغجەلەری..تاد، لەگەڵ کارەساتی هەکاری، دۆخێکی سیالۆژی (سیاسی-سایکۆلۆژی)یان خوڵقاندبوو، باوەڕمان بەو بۆچونانە هەبوو. ناکۆکی سیاسی‌و شەڕی پێشمەرگایەتی وای بەرچاوگرتبوین، بە چەشنێکیش رایچڵەکاندبوین، لەخۆمان نەدەپرسی: ئەگەر قیادەی موەقەتە وان، ئەی بۆچی شۆڕشەکەی ئەیلولیان لەلایەن ئێران‌و بە پەسەندی ئەمریکاو بێدەنگیی ئیسرائیل، فرۆشرایە رێکەوتننامەی جەزائیر؟ وەڵامەکەشی دەرکەوت، کە شۆڕشی ئەیلول، لەناو هاوکێشەکاندا، لەو باوەڕەدا بون کە بە پشتیوانی ئەمریکا-ئێران، دژی حکومەتی عێراق، رەنگە سەربکەوون. رۆژگاری سیاسەت دەریخست، لەو بۆچونەدا بەهەڵە چون، ئەمە مانای ئەوە نەبوو، کە لە رووی تەکتیکیەوە هەڵە کرابێ، ئیتر مێژوو مۆری بەکرێگیراوی داوەتە ناوچەوانی پارتی-بارزانی. دەرکەوت، پەیوەندیکردن تەنانەت لەگەڵ ئەمریکاو ئێرانیش یەکسان نییە بە خیانەت. رێکەوتنی جەزائیر، ئەو راستیەی لەمەڕ خیانەتی نەتەوایەتی، یان ئەو تۆمەتانەی دەدرانە پاڵ شۆڕشی ئەیلول، کۆتایی پێهێنا. بەتایبەتی، یەکێتی‌و خودی مام جەلالیش، هەر لەم شۆڕشەدا، هەوڵی زۆریان دا، لەگەڵ ئەمریکاو دەوڵەتانی رۆژئاوادا، پەیوەندی ببەستن. کە یەکێتی کرایە سۆسیال-دیموکرات‌و داواش کرا، لە سۆسیال-ئینتەرناسیۆنالدا وەربگیرێ، ئاشکرایە کە سۆسیال-دیموکرات، نەک دژی ئەمریکا نین، بەڵکو لە رووی بابەتیەوە، لەئاستی جیهان، دۆستی ئەمریکان. بەڵکو حیزبە سۆسیال-دیموکراتەکانی رۆژئاوا، کە دێنە سەر حوکم، دەبنە حوکمڕانی دەوڵەتانی ناتۆ. دەشبنە هاوپەیمانی ئەمریکاش! بەدڵنیاییەوە، هەر ئەوکاتە، ئەمریکاو ئێران یارمەتی یەکێتییان بدایە، وەردەگیرا. ئەمریکا، هەر ئەمریکایە، نەگۆڕدراوە. یەکێتی سیاسەتی گۆڕی‌و بەهۆی ئەمریکاشەوە، عێراق روخێندراو ئیستاش، پەیوەندی یەکێتی‌و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی، بەهێزە!

١ هەوڵنامەی کوردستانی عێراق. یەکەمین هەوڵنامەی شۆڕش. ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد. ئەکادیمیای هۆشیاری‌و پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی-٢٠١١. ل(٢٥).
٢ سەرچاوەی پێشوو.

خۆ (١٩٧٧/٣/١) مام جەلال لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی ڕێک کەوتبوو. ئەی ئەوکاتە بۆچی چاو لەو هەموو ناسنامە سیاسییەی پارتی پۆشرابوو، کە ڕێکەوتنیان لەگەڵدا مۆرکرا؟ دوای ئەوەش، بەردەوام بەرپرسەکانی پارتی لەدەرەوە بینراوونو هەوڵدراوە ئاشتینامەیان لەگەڵدا مۆر بکرێ. خۆ پێش ناردنی هەڵمەتەکەی هەکاری، نامەی جۆراوجۆری مام جەلالو عەلی عەسکەری بۆ ئیدریس بارزانیو مەسعود بارزانی، تەنانەت بۆ حەمایل خانیش، نێردرابوو، هەتا لە هۆکاری نیازپاکی هەڵمەتی هەکاری تێبگەیەندرێن. ئەگەر دوای ئەو ڕێکەوتنانە، پارتی دەستی لە کوشتنی تێکۆشەرانی یەکێتی هەڵگرتبا، بێگومان یەکێتی دەستی لە شەڕەجنێو هەڵدەگرت. پارتیش دەکرایە هاوپەیمان. هەروەکو چۆن، لەدوای ٣١ی ئابیش، دوای (٣٢) ساڵ لە شەڕی ناوخۆو شەڕە سیاسەتو بوختانهەڵبەستن بۆ یەکدی، لەگەڵ پارتیدا هاوپەیمانی ستراتیژی مۆرکرا.

یەکێک لە کاریگەریە هەرە زیانبەخشەکانی شەڕ، بەتایبەتی لەکاتی شکستدا، ئەوەیە، لۆژیکی سیاسی لەدەستەدرێو ئەقڵانیەتی سیاسیش لاواز دەبێ. ڕقو تۆڵەسەندنەوەو سەرکەوتن، جێگەی هاوپەیمانی سیاسی دەگرێتەوە.

نوسەر (١٦) لاپەڕەی لەسەر کارەساتەکە نوسیووە. دوای (٣٣) ساڵ، بەهەمان لەدەستدانی لۆژیکی گەرمەی کارەساتەکە، بۆچونەکانی دەردەبڕێ. دوای سێ دەهە زیاتر، نوسەر نەیتوانیووە ڕاستیەکان باشتر ببینێو هاوکێشەکان وردتر بخوێنێتەوە. بە هەڵەشدا چووە کە لە لاپەڕە (١٩٣)دا دەڵێ:

"لەبەرئەوەی زۆری لەسەر نوسراوە. لەلایەن سەرکردەکانو کادرە سیاسیو پێشمەرگەکانی بەشداربوی ڕووداوەکەو هیچ لایەنێکی شاردراوەو باس نەکراوی ئەو کارەساتە نەماوە، باس نەکرابێو نەنوسرابێتەوە، چ بە بەیانی سەردەمی خۆیو چ بە نوسینی یادەوەریەکان، لەلایەن بەشداربوەکانی کارەساتەکەو لەلایەن هەردوو لایەنی بەشداربوی کارەساتەکە (قیادەی موەقەتە و یەکێتیی)".[1]

ئاخر کام زۆری لەسەر نوسراوە؟ ئەو پەڕەکەی (١٥–٢٠) بابەتی لەسەر نوسرابێ. بابەتەکانیش توێژینەوەی قوڵ نین. کارەساتێکی لەوچەشنە، سەدان توێژینەوەی ئەکادیمیی هەڵدەگرێ.

ئەو بابەتانەی لەسەر کارەساتەکە نوسراوون، هەمووی هەڵسەنگاندنن. هیچی بۆ ئەوە نەبووە، کەمتەرخەم، یان ئەوانەی بڕیاری هەڵەیان داوە، لە چۆنیەتی بیرکردنەوە لە ناردنی هەڵمەتەکەوە، هەتا دەگاتە پلانی ناردنەکە، فەرماندەکان، ئەرکەکان، کاتی ڕۆشتنیان،

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم–٢٠١١. ل(١٩٣).

نەگونجاویی هێزەکە، ئیدارەی هێزەکە، حسابنەکردن بۆئەوەی کە لەوانەیە هێزەکە ڕێی لێبگیرێ لەلایەن ئێرانەوە، یان لەناو تورکیا دوچاری کێشە ببێ لەلایەن ژاندرمەوە، یاخود هۆزەکانی سەر بە پارتی ق.م، کە یەکێتی باش دەیزانی زۆربەیان، دۆستی پارتینو چەکداریشن. جگە لە هەموو ئەمانەو لە هەموو ئەو ئەگەرانە مەترسیدارتر، دڵنیانەبوون لە پارتی.

پارتی، پێش کارەساتی هەکاری، گفتی تریان دابوو، کەچی پێشێلیان کردبوو، روداوی خوێناویش ڕویدابوو. وەکو:

١- شەهیدکردنی برایم عەزۆو هەڤاڵەکانی.

٢- شەهیدکردنی حەمە غەفور ئاغجەلەری.(*)

٣- ڕێگرتن لە کاروانی نەوشیروانو زیاتر لە (٨٠) پێشمەرگە لە قۆناغی یەکەمی هاتنیان، مانگی ١١/ی١٩٧٦ بۆ ١٩٧٦/١١/١٤.

٤- ڕێگەگرتن لە کاروانی دووەمی نەوشیروانو شێخ حوسێنی ئێزیدی.

٥- بۆسە نانەوە بۆ حەسەن خۆشناو و (٥) پێشمەرگەو شەهیدکردنو دەستبەسەراگرتنی تفاقو پارەیەکی زۆریش.

لەو ماوەیەدا، دوو جار لەگەڵ پارتی، ساڵی ١٩٧٧ دۆخەکە هێورکراوەتەوەو گفتیان داوە، (١٩٧٧/٣/١) لە دیمەشق مامو مەسعود یەک دەبینو ڕێکدەکەون، شەڕ ڕابگرنو دیلەکان ئازاد بکەنو هاوکاری یەکتر بکرێ. سودی نەبووە. دووەم جار لە لەندەن مەسعود بارزانیو سامی عەبدولڕەحمان دەبینێ. ڕێکیش کەوتون.. دیسان سودی نەبووە!

"عارف تەیفورو وریا سەعاتچیو کەریم سنجاری کەوتبونە هاتوچۆ بۆ سوریا. مام جەلال چو بۆ لەندەن. مەسعودو سامی بینیبو. یەکێ لە مەسەلەکانی باسیان کردبوو لێکۆڵینەوەی هاوبەش بو لە کوشتنی مەفرەزەکانی یەکێتیو، سزادانی بکوژەکان. مەسعودو سامی بێئاگایی خۆیان لەو روداوە پیشاندابو. بەڵێنیان دابو کە ئەگەر لەگەڵ یەکێتی پێک بێن یا پێک نەیەن لەو روداوە بکۆڵنەوەو سزای تاوانبار بدەن. مام جەلال پرۆژەیەکی سیاسی پێدابون بۆ ڕێککەوتن. پاش دەسکارییەکی کەم قوبوڵیان کردبو".(١)

هیچی ئەمانە سودیان نەبووە. هەموو جارێکیش وەڵامی دەیان نامەیان بە زارەکیی دابێتەوە، مام جەلالو یەکێتییان سڕ کردووە. بەڵام بڕیارەکانی خۆیان بۆ ڕێگرتن لە یەکێتی لە بادینان، هەر جێبەجێ کردووە؛ جار دوای جاریش، روداوی خوێناوی ڕویداوەو

* لە دێی کانی سوور (١٩٧٧/١٠/٢٤) بەهەمان پیلانی شەهیدکردنی حەمە غەفور ئاغجەلەری، هەوڵی کوشتنی منیش درا. تۆماری دەنگیی خەڵکی گوندەکەم لایە، کە باسی لە بۆسەخستنی ئیمەو چۆنیەتی هەوڵی لەناوبردنمان دەکەن.

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. ل(١٢٩).

کەلوپەل‌و تفاقی یەکێتییان تاڵان کردووە. لەم روداوانە دوو راستی بەبەڵگەو بە روداو، دەردەکەوێ:

یەکەمیان: پارتی، بە هەموو شێوەیەک، بە بڕیاری ڕەسمییو بە پەسەندی مستەفا بارزانی، دوا بڕیاریان داوە، کە نەهێڵن یەکێتی لە بادینان‌دا، لەناو هۆزەکان‌و لایەنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان‌دا، بنکەکانی، هێزەکانی، ڕێگای هاتوچۆو دۆستەکانی قایم بکات.

دووەمیان: لەساڵی ١٩٧٦وە، سەرکردایەتی یەکێتی، کە نەوەی یەکەمی بەئەزمونی شۆڕشیش بووون، چەندین جار، لەخشتەبراون‌و چەند جارێک، لە هەمان کونی متمانەپێکردنی پارتیەوە، یەکێتی داغ کراوە. هەر هیچ نەبێ، مام جەلال دەیان نامەی دەستنوسی بۆ ناردون، ئەوان وەڵامی یەک نامەشیان بە نوسین نەداوەتەوە!!

(٢)
هەڵەی نەوەی یەکەم‌و هەڵوێستی نەوەی دووەم

ئەو دوو راستییە، هەردوکیان تاڵن. بەڵام راستیەکی تر بەبێ تەمومژ دەریدەخەن، ئەویش ئەوەیە، گوایە سەرکردایەتیە بەئەزمونەکەی یەکێتی، لە نەوەی یەکەم (مام جەلال، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، د.خالید، تەواوی دەستەی دامەزرێنەر..تاد) بەو هەموو ئەزمونەوە، فێڵیان لێکراوەو سەرەنجامی هەموو فێڵ لێکردنێکیش، سەر و ماڵی یەکێتی تیاچووە.

کەچی لەبەرامبەردا، نەوەی دووەمی یەکێتی (ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان)و هاوڕێکانیان، کە ئەزمونی پێشمەرگایەتی‌و تەمەنیان کەم بووە، بەڵام لەڕووی ئایدیۆلۆژی‌و سیاسییەوە، ستراتیژی سیاسییان لەناو ئەو ناکۆکیەدا، ڕۆشنتر بووە. هەمیشە، سەرکردایەتی نەوەی دووەم، لە نوسیندا، لەچۆنیەتی پێکهێنانی مەفرەزەکاندا، لە هەڵسوڕان‌و هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزەکانی پارتیدا، فێڵیان لێنەکراوەو جەزرەبەیان لێنەدراوە؛ تەنانەت، ئەگەر سەرکردایەتی نەوەی یەکەم بەقسەی سەرکردایەتی نەوەی دووەم (کۆمیتەی هەرێمەکان) یان کردبا، نە پێکهاتەی شۆڕش بە عەشائیر تێکدەدراو نە هەر لەسەرەتاوە، ڕێگە دەدرا تەرازووی هێز، بەوشێوەیە بشکێتەوە کە لەبادینان، ئەو روداوانەی لێبکەوێتەوە. پارتیش کە زانییان بەرچاوی کۆمیتەی هەرێمەکان، لەسەرکردایەتی ناو وڵاتدا رونە، ساڵی ١٩٧٧

هێزە پەراگەندەکانیان لە ناوچەکانی سۆران تێکڕا، کشاندەوە (ئەمە پێش گەڕانەوەی مام جەلال). ئەوانەی نەشیانتوانی گورز لە پێشمەرگە بوەشێنن، لە سۆراندا، خۆیان کردەوە بە حکومەتدا. (تەحسین شاوەیس‌و کانۆ چاوشین‌و قالە فەرەج..تاد).

لەکاتێکدا وا دەڵێین، دەشبێ باسی بکەین کە وەنەبێ (کۆمیتەی هەرێمەکان) ئالای سووری شەڕیان دژی پارتی بەرزکردبێتەوە. نەخێر. هەرگیز لەگەڵ قوواڵکردنی شەڕی ناوخۆ نەبوین. ئەوەی ئێمە دەمانویست، ئەوەبوو کە: سیاسەتی دووداڵی‌و ڕاڕایی لە بڕیاردان، لە زیانی یەکێتییە. پێویستە لە سەرانسەری کوردستاندا، بە یەک پاکێج گفتوگۆ لەگەڵ پارتی بکرێ، وریای نەخشەکانی پارتی بین، هەتا دڵنیا دەبین. شەهید ئارام بە گەورەیی خۆی، لەگەڵ کەسێکی وەکو (عەبدولمەلیک) لە دێی سورەبان (هاوینی ١٩٧٧) ڕێکەوت‌و لە ڕێکەوتنەکەشدا:

١- بە دیاریکراوی، تێگەیاندن، کە دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکەن‌و چەند دەسەڵاتیان هەیە.

٢- لە قەراغ، بازیان، گەرمیان‌و هەڵەبجە، کە بزوتنەوەی سۆسیالیستی لێنەبوو، سەرەتا، هەمان بەرنامەی عەسکەری جێبەجێکرا. ڕێگە نەدرا دوای شەهیدکردنی برایم عەزۆو حەسەن خۆشناو، پارتی جێگیر بێ. تەحسین شاوەیس‌و مەفرەزەیەکیشیان هاتنە ناوچەکە. ویستیشیان کەتنی حەمە غەفوورە ئاغجەلەری دوبارە بکەنەوە، بەڵام بە وریایی، نەمانهێشت‌و ڕاومان نان![*]

لەسەر دەستی پارتی، تەنها جارێک شەهیدێکمان دا. دوای کارەساتی هەکاری، لە شەڕێکدا لەسەر شاخی سورێن، ڕۆژی (١٩٧٨/٦/٦- شاخی شرام- کەلی وەزەرا- لای ملەخورد) ڕێی هەڵە گیرابوەبەر (وشیار حاجی مامەندی) شەهیدکرا. ئەمە یەکەمین سەرکەوتنی پارتی بوو بەسەر یەکێتی لەو ناوچەیەدا. لەبەرئەوەی کەرتەکانی شارەزوور- هەڵەبجە. مەلا بەختیار، دوای ئەوە بە مانگونیوێک لە دێی کانی ژنان (١٩٧٨/٨/٢٠) ویسترا بخرێنە بۆسەیەکەوە، لەوریایی‌و نەبونی دووداڵی بەرامبەر پارتی، بەسەرکەوتوییش لێیان هاتنەدەست! ناوچەکە تەواو کۆنترۆڵ کرا!

دەبوایە، چۆن پارتی لە قفڵکردنی بادینان بۆ هێزەکانی ڕاڕا نەبووە. یەکێتیش ڕاڕا نەبوایە، ناوچەی سۆران بۆ پارسەنگ قفڵ بکات؛ هەتا بە هاوسەنگیی، ڕێکەوتن لەگەڵ پارتیدا دەکرێ. هەردوو لا، لە بادینان‌و سۆران، بەپێی ڕێکەوتنامەکە ئازادبونایە.

کە بزوتنەوەیەکی چەکدار، بە دوو هێزی جیاوازو دوو ڕوانگەی ناکۆک، دەستپێدەکات،

---

* خۆم لە گەرمیان بوم. ئاگادار کراین کە ئەو مەفرەزەیە بۆ دەستوەشاندن هاتون، زانییان پێمانزانیوون، هەڵهاتن!

پێشینەی خوێنڕشتنو ناکۆکی سیالۆژی لەنێواندا هەبوبێ، دوودڵی لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لە ناوچە جیاوازەکانداو، لە چارەسەری کێشەکانداو، لە نەچەسپاندنی ڕێکەوتنی دەستەبەردا، مەترسیدارە.

ئێمەی نەوەی دووەم (کۆمیتەی هەرێمەکان)و هاوڕێیانی مەفرەزە سەرەتاییەکانو ڕابەرە سیاسیە وشیارەکان، دەرکی ئەو مەترسیەمان کردبوو. لە کۆمیتەی سەرکردایەتیدا، دوای هاتنەوەی مام جەلالیش، ئەم قسەوباسانە کران. بەڵام دیسان، بڕیاری شۆڕشگێڕانە، بۆ چۆنیەتی دروستکردنی پارسەنگ، لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی سۆران، بەرامبەر بادینان، هەتا لە یەک دڵنیا دەبینو بەپێی ڕێکەوتنێکی هەمەلایەنەی دەستەبەر، کوردستان بۆ هەموو لایەکمان چونیەک ئازاد بێ، سیاسەتی دوودڵیو ڕاڕایی بەردەوام بوو. هەتا کارەساتی هەکاری قەوما.[+]

"دوبارەبونەوەی ئەم ڕوداوە خوێناوییانە، دوای ڕوداوی کوشتنی ئیبراهیم عەزۆو مەفرەزەکانی بادینانو چاوپۆشینی یەکێتی لە خوێنی ئەوانو، دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی (هاوکاری مەیدانی) شام، کارێکی زۆر خراپی کردە سەر وڕەی پێشمەرگەکانی ینکو سەر دەرونی بەرپرسەکانی. قم بڕیاری دابو ینک نەهێڵێ بۆ ئەو مەبەستەش پەنای ئەبردە بەر هەمو ڕێگایەکی ناجوامێرانە. ینک کە بڕوای بە فرە-پارتیو ململانێی ئایدیۆلۆجیو سیاسی هەبو، ئەیویست نەریتێکی تازەی ژیانی دیموکراتیو بۆڕبۆڕێنی پارتایەتی دابهێنێ، لەبەردەمی تاقیکردنەوەیەکی دژواردا بو. مەیدان چۆڵ بکا بۆ قم و ئاشتبەتاڵی لێ بکا، یان ڕابوەستێو بەرپەرچی قم بداتەوە؟ ئەم مەسەلەیە ئەوەندە کۆبونەوەی لەسەر کراو، بڕیاری تێدا درا و هەڵوەشێنرایەوە، ئەو دۆڵەی لێی بوین ناوی گۆستە بو، لەئەنجامی ئەو هەموو کۆبونەوە بێ ئەنجامانەدا ناوی (دۆڵە گۆستە)یان کرد بە (دۆڵە فشە)".[1]

پێش ئەو ڕێکەوتنە، کوتومت لەو مانگەدا کە مەفرەزەکانی کۆمەڵە، بەناوی یەکێتیەوە دەنێردرانە دەرەوە. پێش ئەوەی بیشبیستر پارتی هاتونەتەوە، شەهید ئارام، لە دووربینیەکی

+ ئەو کۆبونەوانە، لەدوای کۆبونەوەی سەرکردایەتیو ڕوداوی شەهیدکردنی حەسەن خۆشناو و هاوڕێکانی، مەکتەبی سیاسی بەسەرپەرشتی مام جەلال کراوون. دوودڵیو ڕاڕایی مەکتەبی سیاسی، هێندەی خایاندووەو ئەوەندە بڕیاریان داوەو جێبەجێیان نەکردووە، ناوونانوەریان لەخۆیان ناوەو دۆڵی «گۆستێ»یان ناوناوە، دۆڵە فشە. حیزبێک، ئەو هەموو شەهیدە ببەخشێ. چەندین جار فێڵو تەڵەکەی بەسەردا تێپەڕێ. ئینجا، بڕیارەکانی بگاتە «فشە» ئیتر دیارە، دوودڵی چۆن وەکو خۆرکەی سیاسی، ناخی یەکێتی خواردووەو کردویەتیە نێچیری چەوری بەردەم بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی پارتی. خۆشبەختانە، نەوەی یەکەم کە کۆمیتەی هەرێمەکان بوین، ئەو «فشانە»مان نەکردبوو!!

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. ل(١٧٩).

شۆڕشگێڕانەی ریالیستیەوە لەسەر ناکۆکی‌و ئەگەری سەرهەڵدانی پارتی دەنوسێ:

"ئێمە بەرامبەر ئەوانەی کە لە ئێرانەوە ئەیانەوێت ئەم دەورە ببینن هەڵوێستمان ئەوەیە کە پێش هەموو شتێک ئەو راستیەی سەرەوەمان لەپێش چاو بێتو هەمیشە هەوڵ بدەین بۆ جەماوەری روون بکەینەوەو راستی‌و ئەنجامی جموجوڵەکانیان تێبگەیەنین‌و تا ئەتوانین عەزلیان بکەین لە جەماوەر. لە هەمان کاتیشدا ئەوەش روون بکەینەوە کە نامانەوێ دوژمنایەتی ئەوان بکەین‌و ناچین بەگژیانداو تەرکیز ئەکەینە سەر ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی بۆ یەکێتییە نەک بۆ دووبەرەکی، هەر هێزێک نیشتمانپەروەر بێت ئەبێ لەچوارچێوەی ئەم یەکێتییەداو بەپێی ڕێبازەکەی کاربکات. ئەوەی بیەوێ خۆی بە سەربەخۆ بە ڕێیازی کۆندا بڕوات ئەوە دیارە ئەیەوێت دیسان جەزرەبە بە بزوتنەوەکە بگەیەنێت. بێگومان ئەوان بەوە رازی نابن‌و بەم ڕێبازەشدا ناڕۆن. لەم حاڵەتەدا ئێمە ئەبێ جەماوەرمان تێگەیاندبێ‌و عەزل کردنیانمان مسۆگەر کردبێت. خۆ ئەگەر هاتو رازی بون لەچوارچێوەی ی.ن.ک دا کار بکەن‌و لەسەر ڕێبازەکەی، ئەوە با بیکەن‌و بەڵام لەهەمان کاتدا ئەبێ زۆر وریایان بین".[1]

ئەم بۆچونە دەرگاداخستنە لەڕووی یەکترکوشتندا. بەڵام بە لۆژیکێکی تۆکمەی ئەو قۆناغە سیاسییە. نە ڕاڕایی لە هەڵوێستەکەدا هەیەو نە سیاسەتەکەش، بۆ شەڕی یەکدی کوشتن داڕێژراوە.

مەخابن، شەهید عەلی عەسکەری، کە بەوپەڕی ڕاستگۆیانە، لەڕوانگەی سۆزو ئەزمونەوە، نەیدەویست شەڕی ناوخۆ ڕووبدات، بەو سیاسەتە نەک پارتی لە دوژمنایەتی یەکێتی پاشگەز نەکردەوە، یان وای لە پارتی نەکرد، تەنانەت بەرامبەر بە بزوتنەوەی سۆسیالیست، کە سەرجەمیان بۆچونیان لەگەڵ کۆمەڵە جیاواز بوو، بۆ ئەو پارسەنگەی وتمان، ئاکامەکەی پارتی، هەر بڕیارەکانی خۆی سەپاندو تۆزقاڵێک نەرمیی بەرامبەر نەرمییەکەی بزوتنەوەش نەنواند. بەداخەوە، لە کارەساتی هەکاریدا، شەهید عەلی هێندە بە دڵپاکیی بێباکیی نواندبوو، لەوباوەڕەدا نەبووە، پارتی دەستی بۆ بەرن، بەڵام دەست بۆبردنەکەی، توندتریش بوو.

دوای روداوە دڵتەزێنەکان، کە یەکێتی کۆرنۆلۆژیای (ڕۆژ ژمێری وردەکاری روداوەکان) تراژیدیاکانی روداوەکانی کردە پەندی دوو ساڵ خەبات، ئینجا بۆچونەکانی (کۆمیتەی هەرێمەکان) دەرکەوت چەند ڕاست‌و دروستن. بۆیە مام جەلال لە هەواڵنامەدا، دەنوسێ:

---

١ هەڵبژاردەیەک لە نوسینەکانی شەهید ئارام. ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عێراق- چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ. ١٩٨٠. ل(٥٨).

"ماوەدان بە بووژاندنەوەی تاقمی سەر بە پ.م ی مالّی بارزانی لە هەندێ شوێنی کوردستان، زۆریو بۆری لە ریزەکانی پ.م دا.. بووە هۆی هێنانەخوارەوەی وردەی خەڵک..تاد".[1]

تەواوی ئەو بۆچونانەمان لە کۆبونەوەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستو یەکەمین کۆبونەوەی سەرکردایەتیدا، پاش گەڕانەوەی مام جەلال، روندەکردەوە، بەڵام بەداخەوە، گوێیان لێدەگرتینو گوێشیان نەدەداینێ.

لەبەر رۆشنایی ئەو روداوانە، نوسینێکم لە گۆڤاری (کۆمەڵە) (ژ٢- نیسانی ١٩٧٩) بەناوی "گرتنی هێڵی راستو دروستی سیاسیو ئایدیۆلۆژی سەرکەوتن ئەهێنێتەدی" تیایدا، جەخت کراوەتە سەر سەربەخۆیی کۆمەڵەو سیاسەتی راستو دروست. (دەقی وتارەکە، لە پاشکۆی کتێبەکەدا، بۆ مێژوو بڵاودەکرێتەوە).

(٣)
نەوەی یەکەمو هەکاری!

پێش هەکاری، سەرکردایەتی یەکێتی (هاوینی ١٩٧٧) کۆدەبێتەوە. ئەم کۆبونەوەیە، دوای تەسلیمبونی هەموو ئەو عەشایرو کوێخاو ئاغایانە، کە پێچەوانەی رێبازی شۆڕشی نوێ کۆکرابونەوە، کرا. هەروا کەسانی هەناسە کورت، کە خۆیان تەسلیم بە حکومەت دەکرد. ئیتر دەرکەوت، تەواوی رەخنەکانی "کۆمیتەی هەرێمەکان" لەسەر زیانەکانی کۆکردنەوەی ئەو هێزە زۆرو بۆرە، راستو دروست بوون!

"ئەگەر دوژمن بە بەزینو روخانی هەندێ کەسانی بودەڵەو بەکرێگیراو کە خۆیان بەدەستەوە داوە وا تێبگات کە گوایە شۆڕشی لاواز و بێهێز کردوەو سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناوە ئەوە هەر خۆی گێل ئەکات و بەس، ئەگینا ئەو ترسنۆکو بەزیوانە هەمیشە بارو کۆسپ بون بەسەر شۆڕشەوە، ئەبوایە زوتر ریزەکانی شۆڕشیان لی پاک بکرایەوە، بۆیە خۆبەدەستەوەدانی ئەمانە نەک سەرکەوتنێکی گەورە بو بۆ شۆڕش بگرە بەڵایەکی زلیش بو بۆ دوژمنەکەمان".[2]

١ هەواڵنامەی کوردستانی عێراق. یەکەمین هەواڵنامەی شۆڕش. ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی-٢٠١١. ل(٢١).

٢ هەڵبژاردەیەک لە نوسینەکانی شەهید ئارام. ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان-عێراق- چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ. ١٩٨٠. ل(٦٢).

لەم پەرەگرافە مێژوویيەدا، جیاوازی رێبازی کۆمەڵەو بزوتنەوە، لەسەرەتای بەرپابونی شۆڕشدا، شەهید ئارام بەرجەستەی کردووە. دەریخستووە کۆمیتەی هەرێمەکان بیرکردنەوەیان چەند جیا بوە. چەندیش بەرچاویان لەسەر کێشەکان ڕۆشن بووە.

هەقوابوو، یەکێتیی ئیتر بیری باشتر لە پێکهاتەی هێزەکانی بکاتەوەو پۆستەکانیشی لەبەر ڕۆشنایی دەرکەوتنی ڕاستیەکان، دابەش بکردایە. بەڵام، سیاسەتی پینەوپەڕۆو چاوپۆشین لە بۆچونە هەڵەکان، دریژەی پێدرا؛ سەرباری دریژەپێدانی ئەو سیاسەتە، ئەرکی ڕێکخستنو بەڕێکردنی هەڵمەتی هەکاریش هاتەپێشەوە. ئەمە، وێڕای ئەو ناکۆکیو کێشە قوڵانەی لە هەناوی بزوتنەوەی سۆسیالیستیش تا دەهات، قوڵتر دەبوو. گەیشتە ئاستێک، ڕەسول مامەند،[+] هەر ئامادە نەبوو بێتە مەکتەبی سیاسی. تەنانەت لەگەڵ عەلی عەسکەریدا، قسەشیان نەمابوو. لەبری خۆی، ملازم تایەری عەلی والی کردبووە نوێنەری بزوتنەوە.[*]

هیچ گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی هێزەکە، هەروا ئۆرگانەکانی بالا، نەکرا. بەڵکو بەو هەموو کێشەشەوە، بەهەمان ڕەوتو ریتمی عەسکەریەوە، کاروانی هەکاری، لە پێشەنگەوە هەتا پاشەنگی، بۆ قورسترین ئەرکی سیاسی-پێشمەرگایەتی لە مێژووی خەباتی چەکداری کوردستاندا نێردران. واتا: ئەرکی شۆڕش قورستر دەبوو. مەترسیەکان

[+] ڕەسول مامەند؛ یەکەمین جار ڕەسول مامەندم لە (١٩٧٧/٧/١٢) لە کیفارینای قەندیل بینی. ماوەیەک بوو هاتبووە دەرەوە. پیاوێکی هێمن بوو. ڕێزی خۆی زۆر دەگرت. کوردپەروەرێکی ڕاستگۆ بوو. لەسەر بۆچونو هەڵوێستەکانی سوور دەبوو. کە بینیم، نامەیەکی نەوشیروان مستەفای بۆ هاتبوو، قادر خەبات هێنابوی. یەکەمین کلاشینکۆفی یەکلاقیش، هەر قادر خەبات گەیاندیە قەندیل. ڕەسول مامەند، شانازی بە مێژووی خۆیو شۆڕشی ئەیلولەوە دەکرد. دوروونزیک ڕەخنەم دژی پارتی لێدەبیست. سەراپا دژی شەڕی ناوخۆ بوو. لەخوار کیفارنا، لە کۆبونەوەیەکدا، بەسەرپەرشتی عەلی عەسکەری، باسی شەڕی ناوخۆ کرا. ڕەسول مامەند ئامادە بوو بچێتە سوریا، مام جەلالو سەرکردایەتی پارتیش ببینێ، کێشەی ناوخۆ چارەسەر بکرێ. لەم پێشنیازەوە وەفدێک پێکهێنرا. منیش هەر عەلی عەسکەری تەکلیفی کرد لە وەفدەکە بم. عادلی قیادەی موەقەتەش (فازیل جەلال) لەو نزیکانە بوو، نێردرا بەدوایدا، ئەویش ئامادە بوو لەگەڵ وەفدەکەدا بێت. ئیتر ١٩٧٧/٧/١٧ کەویتنەڕێ. شەوی ٧/٢٠ گەیشتینە ماسی ڕۆ. مام جەلال گەیشت. مام جەلال ڕەسول مامەندی ناسیەوە. ڕێزی گرت. یەکەمین پرسیاری ڕەسول مامەند لە مام جەلالی کرد، وتی: مام جەلال، دژە ئاسمانی نەهێناوە لەگەڵ خۆت؟ مام وتی: کاک ڕەسول، لە تورکیاوە هاتوم، چۆنی بێنم. ئەو ماوەیەی لە دۆڵی گۆستێ بوین.. دیار بوو ڕەسول مامەند بیرکردنەوەی لە هەندێک بارەوە جیاوازە. وەکو: ڕوخانی ڕژێم، دژایەتی ئێران، شۆڕشی عێراقی..تاد. (کیفارنا: گۆڕەپانێکی دڵڕفێنی ناوقەدی قەندیلە. ١٦ کانیاوی ئاوی تەزیوی تێدایە. کیفر: درکێکە).

[*] بەهاری ١٩٧٨ نوێنەرانی بزوتنەوە لە مەکتەبی سیاسی، عەلی عەسکەریو ملازم تایەر، یەکێتی سالار عەزیزو ئازاد هەورامی.. من بۆ ئامر هەرێمی هەورامان دانرام.

زۆرتر دەبوون. لەگەڵ پارتی-ق.م لە شەڕی خوێناویدا بوین، تەسلیمبونەوەی بەشی زۆری چەکدارە بێ بیروباوەڕەکانو تێکشکانی ڕێبازی خۆپیشاندانی چەکداریی لەپێناوی مفاوەزاتدا، هیچی ئەمانە، نەبوبونە مایەی قوڵتر بیرکردنەوە لە دۆخی کوردستانو پێکهاتەی هێزەکانو دابەشکردنی پۆستەکان. یان باشتر ڕێکخستنەوەی هێزەکانو قوڵتر بیرکردنەوە لە کێشەو شەڕەکان. بەتایبەتی بۆ سەفەری هاتونەهاتی هەکاری!

کەچی نوسەر، هیچی ئەو ڕاستیانە و ڕوداوانەو گۆڕانکاریانە، ڕەچاو ناکاتو لە لاپەڕە (١٩٤)دا دەنوسێ:

"سەبارەت بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتی م.س بریتی بووە لە ئازاد هەورامی، نەجمەدین عەزیز کە نەجمەدین لەو کاتە لەدەرەوەی وڵات بووەو هیچ ئاگاداریەکی لەو بڕیار و نەخشانە نەبوو، و دیارە ئازاد هەورامیش ئەو کاتە لە تەمەنێکدا بووە، کە ڕەنگە حساب بۆ بیروڕاکانی هێندە نەکرابێ. لە بزوتنەوەش بریتی بووە لە عەلی عەسکەری، تایەری عەلی والی، کە هەردووکیان هەم نوسراو و خاوەن بیرورا و هەم بە هەق دوو سەرکردەی عەسکەری خاوەن ئەزمون بوون، لەو کۆبوونەوەیەدا، گەورەترین حساب بۆ ڕاکانیان کراوە".[1]

لە دریژەی هەڵسەنگاندنی کەسایەتیەکاندا، دەڵێ:

"لێرەدا گەر ورد سەرنج بدەین، دەتوانین بە ئاسانی کەسایەتیە خاوەن بڕیارەکان دەستنیشانکەین:

أ- جەلال تاڵەبانی وەک سکرتێری گشتیو خاوەن بڕیار.

ب- عەلی عەسکەری وەک لە پێشەوە باسمکردو فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەش، د.خالید سەعید.

ج- نەوشیروان مستەفا، وەک ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و گوێ لێگیراوی لای مام جەلالو عەلی عەسکەری.

د- تایەر عەلی والی و عومەر عەبدوڵڵا، بە پلەی دووەمی گوێلێگیراو.

واتە لەناو بڕیاردەرەکان بە پلەی یەکەم جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، نەوشیروان مستەفا، د.خالید سەعید، و بە پلەی دووەم عومەر عەبدوڵڵاو تایەر عەلی والی دێ. واتە نەوشیروان ئەوکاتە گەر شەخسی دووەم نەبووبێ شەخسی سێهەم بووە".[2]

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٩٤).

٢ سەرچاوەی پێشوو، چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٩٤-١٩٥).

خۆشحاڵین، لەو پێکهاتەیە، بەشدار نینو ئۆباڵی بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی هەڵناگرین. کە نەوشیروان مستەفا، بە دوورودرێژیی زیاتر لە (٣٠) لاپەڕەی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی لە کتێبی (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) لە لاپەڕە (١٦٧ بۆ٢٩٧)دا لەسەر ئەو مەکتەبی سیاسیو بڕیارە سیاسیو عەسکەریەکانی بەجوانیی نوسیووە. دەریخستووە کە تەنانەت یەک بڕیاریشیان لەو هەلومەرجەدا، دروست نەداوە!

کورد کوژراوی ناو و ناوبانگە. نەک ئەنجامی تێکۆشانی ئەو کەسانەی ناوبانگیان هەیە. ئەمە لەتەواوی دونیای دواکەوتودا وایە.

تەواوی سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول، بە هەردوو باڵەکەیەوە، دوای (١٤) ساڵ خەباتی چەکداریو (٣٠) ساڵ خەباتی سیاسی، دوای دامەزراندنی پارتی، شکستیان خوارد. باڵی مەکتەبی سیاسی-جەلالی، وا شکستیان خوارد، هەتا ئێستاش ناتوانن بیر لەو ساڵانەی سیاسەتو شکستەکەیان بکەنەوە. تەنانەت تاقە یادەوەریەکی ئەو ساڵانە، لە هیچ بۆنەیەکدا، یاد ناکرێو شانازی پێوە ناکرێ. قوربانیەکانیشیان، کەس ئاوڕ لە کەسوکارو نەوەکانیان ناداتەوە. موچەی کۆمەڵایەتیش بۆ چەکدارەکانیان، چەند ساڵێک بڕایەوە، ئەویش لەڕێی حکومەتەوە نەبوو. سەدان قوربانی جەلالی.. ڕەنجیان بە با دراوە!!

پارتیش، ڕێکەوتنامەی جەزائیری قبوڵ کردو کۆتایی بە شۆڕشەکە هێنا، کە پێشمەرگەو خەڵک ئامادەی درێژەپێدانی خەبات بوون. تا ئێستا، پاساوەکانی پارتیش بۆ درێژەپێنەدانی شۆڕش، شەرمنانەیە. بەڵام بەشانازیەوە باسی شۆڕشی ئەیلول دەکەنو دەزگای شۆڕشی ئەیلولیشیان بۆ هاوکاری پێشمەرگەکانی دامەزراندووە. دڵیشیان ڕاگرتوون.

نوسەر هیچی ئەو مێژووە بەخەیاڵیدا نایەت، تەنها مەبەستێتی بنوسێ، جگە لەو کەسایەتیانەی باسیکردوون، کەسەکانی دیکە، خاوەن بڕیار نەبوون. هەر بۆ کەمبایەخ سەیرکردنی ئەو کەسانەی مەبەستێتی، لە کۆتایی هەمان لاپەڕە، ئاوا قوفڵ دەدات:

"لەناو ئەندامەکانی سەرکردایەتیشدا، هاوڕێیانی کۆمەڵە، تەنها نەوشیروان مستەفاو لە ئەندامانی بزوتنەوەش عەلی عەسکەری، د.خالید سەعید زۆر شارەزای ناوچەکە بوون".[1]

ئەمەشیانی هەر بە مەرام نوسیوە. ئەگینا، ناوچەکە یەکەمین جار بووە، تەواوی ئەو سەرکردانەی یەکێتی، دوای تێکەڵاوبونی دەستەی دامەزرێنەرو سەرکردایەتی ناو وڵات، سەردانی بکەین. هەموشمان سێ مانگ کەمتر لە ناوچەکانی دۆڵی گۆستێ، دەریاسور، برادۆست، خواکورک، جورجان، کێلەشین، تەنانەت بەشێکی هەکاریش نەبوین.

---

١ سەرچاوەی پێشوو، چاپی یەکەم-١١٠٢. ل(٤٩١-٥٩١).

(٤)
ناکۆکی ئەزموونو تێگەیشتن

ئەگەر شارەزابون مەرجی قاڵبون لە بۆتەی خەبات بوبێ، خۆ نەدەبوو، عەلی عەسکەریو د.خالیدو ملازم تایەر، بچنە قوولایی ناوچەکانی هەکاری، گەڤەر. هیچ نەبێ لە گوندی (ماسی رۆ) بارەگایان دانابا، هەتا کارەکان رادەپەڕێنن. ماسی رۆ، دوا گوندی هەکاریە. لە بناری شاخی دالانپەڕ.. یەکێک لە سەختترین شاخەکانی کوردستانە. سێ بەشی کوردستانی ئێرانو عێراقو تورکیاش، پێکەوە دەبەستێ. هەڵکەوتەیەکی لەباری عەسکەریشە، بۆ شەڕی بەرەیی.(*)

نوسەری کتێبی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ) لەمبارەوە لە لاپەڕە (٢٨٣)دا رەخنەی ئاوای گرتووە: "قوولایی تورکیا: کەوتنە ناو تەپکە

بەڕێکەوتنی هێزەکەی یەکێتی بەرەو قوولایی تورکیا، پشت ئەستور بە بەڵێنەکانی (دەدەقەدە- پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا)، بەناوی هێنانی چەکەوە، بێ ئەوەی بنکەیەکی پشتەکی یان بنکەیەکی پێشەوەیان هەبێ، بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێو، بەرەو کوێو، بۆ لای کێ ئەچن، بێ ئەوەی لەوێ بنکەی سیاسیو جەماوەریان هەبێ".(١)

کەواتا؛ ئەزموندیدەو شارەزایی لەو دۆخەدا، کە دوچاری هێزەکانی یەکێتی هاتووە، رۆڵی نەگێڕاوە. چۆنیەتی بڕیاردانو شوێنی بڕیاردان، چارەنوسساز بووە. بڕیاردەریش هەر نەوەی یەکەمی ئەزموندیدەو شارەزاو بەتەمەنەکان بوون. سەرکردەکانی نەوەی دووەم، گوێڕایەڵی سەرکردەکانی نەوەی یەکەم بون! هەموو بڕیارەکان لای نەوەی یەکەم بووە. دەسەڵاتەکانیش بەزۆری لای ئەوان بووە!

لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستیشدا، لەسەر هەڵمەتی هەکاری دوو رای جیاواز هەبوو. رایەکیان: رەسول مامەند، سالح یوسفی، کاردۆ گەلاڵی، عەلی هەژارو کەسانی تر، دەیانگوت: تکایە هەڵمەتی هەکاری نەنێردرێ، چارەنوسێکی نادیار چاوەڕوانیانە. عەلی عەسکەریو د.خالید پێیانوابوو، بڕۆن باشەو خۆیشیان لادەدەن لە شەڕی پارتی. رەسول مامەند، ئەوکاتە نەدەهاتە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی. ئەمەش، نیشانەی ڕاڕایی سەرکردایەتی یەکێتی بوو. کە پێموایە، باشتر بوو، بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕاڕاییە، باشترین چارەسەر، دواخستنی هەڵمەتەکە بوو بۆ زیاتر لە مانگێک، هەنگینێ،

---

* بەندە، یەکەمین جار مام جەلالم لە (١٩٧٧/٧/٢٠) لە گوندی ماسی رۆ، بینی.

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ. ل(٢٨٣).

وردتر لەناو یەکێتیدا بیر لە هەڵمەتەکە دەکرایەوە. کەشوهەوا باشتر دەبوو. زانیاریش لەسەر پارتیو تورکیا، زۆرتر کۆدەکرایەوە.

فەلسەفەی ئەو بیرکردنەوەیە بۆ هێنانی چەکو تفاق، هەتا فریای دێهاتەکان پێش (١٩٧٨/٦/١) بکەوێ، بۆئەوە بوو بەرگری لە راگواستن بکەن؛ ئەم بیرکردنەوەیە، لەبەردەم تـەرازوی هێزو جۆری ئەو چەکە سوکانەی دەهێنران، بۆ بەرهەڵستی هێزو جۆری چەکەکانی رژێم، نیشانەی کورتبینیو بیری تەنک بووە لە خەسڵەتی پارتیزانیو شەڕی بەرەیی. هەناردنی هێز بۆ هێنانی چەک، وای دەگەیاند چەکەکان بگەن، جۆری شەڕو شەڕگەکان لە پارتیزانیەوە بۆ بەرەیی دەگۆڕدران. ئەمە لەکاتێکدا تێکڕا بێچەکەکان بۆ هێنانی چەک نێردرابوون، نەدەگەیشتنە (٧٠٠) کەس. گریمان دوو هەزار چەکیش هێنرابان، پێکەوە ژمارەی هێز بگەیشتایەتە سێ هەزار، دەی بە سێ هەزار پێشمەرگەی مەفرەزەی پارتیزانی، ناتوانرێ (٢٠کم٢) بپارێزرێ بەرامبەر رژێمێکی قاڵبوی جەنگی بەرەیی کە شۆڕشی ئەیلول، لە شەڕەکانی رواندزو گەلی عەلی بەگو هەندرێن..تاد، بە سەد هەزار پێشمەرگە بەرگەی نەگرت. ئەمە جگە لە تەکنەلۆژیای جەنگو شێوەی جەنگین، کە سوپای عێراق، لەکوردستاندا قاڵو قوڵ کرابوو! هەم سوپای عێراق چەندین بەرامبەر زیادی کردبوو، هەم تەکنەلۆژیای جەنگینی، گەلێ پێشخرابوو. بەتایبەتی دژی پارتیزانی!

ئێستا، کە ئەو هەلومەرجە بیردەخەمەوەو سەرگوزشتەی کۆبونەوەکەمان دەدەمەوە بەر هزری مێژووم، ئەنجامی رووداوەکانو کارەساتی هەکاری دەخوێنمەوە، ئەو بڕوایەم لا پتەوتر دەبێ، ئاستی تێگەیشتنو چۆنیەتی بڕیاردان، لە ڕێڕەوی خەباتدا گرنگە. نەک تەنها تەمەنو ئەزموندیدەیی. دیارە ئێمەمانانی نەوەی دووەم، بەو تەمەنە کەمەوەو بەو ئەزمونە سەرەتاییەی شۆڕشەوە، لە کۆبونەوەکاندا بوینو ئۆباڵیشی هەڵدەگرین. بەڵام ئەقڵی بڕیاردەرو بەرنامەڕێژ، سەرکردەکانی نەوەی یەکەم بوون.. ئەوەش ئەنجامە سیاسیو عەسکەرییەکەی بووە.. لە کارەساتی هەکاریو رووداوگەلی تریش!

(٥)
نەوشیروانو کۆمەڵەو کۆمۆنیزم!

لە باسکردنی سەرکردەکانی نەوەی یەکەمو دووەم، نوسەر جگەلەوەی بەئارەزوو بڕیارەکان شەنوکەو دەکات. چاو لە مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەو دامەزرێنەرانیو هۆی ئەوەی نەوشیروان بۆچی نەخراوەتە دەستەی دامەزرێنەر، دەپۆشێ. دامەزرێنەرانی

کۆمەڵەش، دوورونزیک توخنی پەیوەندی نەوشیروانو شیهابی شێخ نوری ناکەوون. لەکاتێکدا، پەیوەندی نێوانیان، باش نەبووە. بەڵگەش ئەوەیە، شیهابی شێخ نوری، لەکاتی دامەزراندنی کۆمەڵەدا خۆی لەگەڵ مام جەلال قسەی کردووە. لە یەکەمین کۆبونەوەش مام جەلالیان کردۆتە سکرتێر. بەڵام هەر ئەوکاتە، نەوشیروانی نەدیووەو هەوڵی زۆریشی لەگەڵ نەدراوە، ببێتە دەستەی دامەزرێنەریش. کە بە نەوشیروانیش وتراوە کۆمەڵە دادەمەزرێ، خۆی نەهاتۆتە ریزی، بەڵام گوایە بە هاوڕێکانی وتووە، قبوڵی بکەن.[*] ئەو ماوەیەی لەدەرەوەی وڵاتیش بووە، دوورونزیک پەیوەندی پێوە نەکراوە. خۆیشی توخنی جموجوڵی سیاسی نەکەوتووەو خەریکی خوێندن بووە. رۆژێ لە رۆژانیش نەیوتووە کۆمەڵەم! نوسەر ئەوەندە رقاوێو هەڵپەرستە، لەکاتێکدا شیهابی شێخ نوری قسەشی لەگەڵ نەوشیرواندا نەبوەو نەوشیروان بەردەوام قسەشی بە شیهاب دەووت، بەڵام بۆ یەک جاریش، خۆی لەقەرەی ئەم کێشەیە لەنێوان ئەم دوو زاتە نادات. کەچی شیهابو ئارام، خزم بون. لە زیندانەوە شیهاب وتویەتی دوای من ئارام هەموو شتێکە. بە نوسەریش گوتراوە بەقسەی کۆمیتەی هەرێمەکان بکات. سەرەڕای ئەو راستیانە نوسەر پەیتا پەیتا، رەخنە لە شەهید ئارام دەگرێو بوختانی بۆ هەڵدەبەستێ!

نوسەر لە لاپەڕە (١٩٦)دا بەمجۆرە ئاماژە بە پەرەگرافێک لە کتێبی نەوشیروان مستەفا دەدا:

"سەرانی کۆمەڵە کە لە برادۆست بوون، سالار، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامیو ملازم عومەر لە کۆبونەوەیەک کە منیشیان بانگکرد بۆ کۆبونەوەکە، داوایان لێکردم، کە منیش یەکێ بم لە نوێنەرانی کۆمەڵە".[١]

ئەم قسانەی نەوشیروان راستن. بەڵام ناکرێ بە دابڕاوی لە دۆخی شۆڕش، کۆمەڵە، بزوتنەوەی سۆسیالیست لەناو یەکێتیدا باسبکرێ.

ئەوکاتە، ناکۆکی کۆمەڵەو بزوتنەوە، خەریکبوو قووڵدەبوو. هێزی زۆرو بۆری بزوتنەوە بااڵدەستییان پەیداکردبوو. مام جەلال زیاتر بەلای بزوتنەوەدا دایدەشکاند. تەنها سالار عەزیزو ئازاد هەورامیو بەندە، کۆمیتەی هەرێمەکان بوین. ملازم عومەر سەرکردایەتی یەکێتی بوو، بانگکرایە کۆبونەوەکە. بەبێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بۆچونی شەهید ئارام، بە هاندانی مام جەلال، ئەو تەکلیفە لە نەوشیروان کرا. بەش بە حاڵی خۆم،

---

* عومەر فەتاح دەیگێڕێتەوە کە لەکاتی ڕۆشتنی نەوشیروان ١٩٧٢ بۆ دەرەوەی وڵات، بەڕێی کردوە. لەفڕۆکەخانە نەوشیروان پێی وتووە: «بە برادەران بڵێ لەگەڵ کۆمەڵە کار بکەن». ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، دوای دوو ساڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵە، نەوشیروانو پەیڕەوانی، خۆیان دور ڕاگرتووە.

١ برایم جەلال. چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٩٦).

لەو کۆبونەوەیە بۆ هاتنی نەوشیروان، نە حەماسم هەبوو، نە دژیشی بوم. بەتایبەتی پێشتر پ لە گوندی "ماسی رۆ" لە یەکەم دیداردا لەگەڵی هەڵچوین. پ دوای ئەوەش، دژی شەهید شیهاب قسەی نابەجێی دەکرد. بڕیاری تەکلیف لێکردنەکەی سالار عەزیز پێی راگەیاندو ملازم عومەرو ئازاد هەورامیش پشتیوان بوون. مام جەلال، زۆری هاندەدا بێتە ناو کۆمەڵە! بڕیارو بەرنامەکەش وا بووە، دوای ئەوەی نەتوانراوە یەکێتی بکرێتە حیزبێکی جەماوەریی فراوان، نەوشیروان بێتە ناو کۆمەڵە، هەتا کۆنترۆڵی بکات. بەتایبەتی نەهاتنی شەهید ئارام، بۆ کۆبونەوەکان دڕدۆنگی کردبون!

لە شیکردنەوەی ئەو بابەتەدا، هەر لە لاپەڕە (١٩٦)دا پەرەگرافێکی تریش بەمشێوەیە دەکاتە پاڵپشتی بۆچونەکانی:

"من خۆم پێم خۆش نەبوو..... راستیەکەش ئەوە بوو، توشی «خيبة أمل» ببووم لێیان و بڕواشم بە کۆمۆنیزم نەبوو..... و جگە لەوەش رەئی عەلی عەسکەری و د.خالید وابوو، کە بە هەموومان رێکخستنێکی تازە بەگوێرەی پێویستیەکانی شۆڕشەکە دابمەزرێنین، کە جێگەی کۆمەڵە و بزوتنەوەو خەتی گشتیش بگرێتەوە".[1]

لەم دەقەدا، نەوشیروان راشکاو بووە. توشی (خيبة أمل) بوبوو، چونکە کێشە لەناو شۆڕشەکەدا زۆر بوو. کۆمەڵەش ئەو هێزە تۆکمەیە نەبوو. بەڵام بۆ دۆخی سەرەتای شۆڕش، ئەو کێشانە ئاسایی بوون. دەستەی دامەزرێنەرو ئەو هێزەی لە قامیشلو دروستیان کردبوو، پڕ بوو لە گیروگرفت، کە هێزەکانیشیان دەنـاردەوە، دەشکان. چەکەکانیان تەسلیم دەکران. ئەوان، لەناو سوریاو بەو هەموو چەکو تفاقەوە، بەو هەموو توانا داراییەو بە پشتیوانی سوریا–لیبیاو فەلەستینییەکان، ئەو هەموو کێشەیەیان هەبوبێ، کۆمەڵە بە نەبوونیی، بێ پشتیوان، بە نەبونی توانای دارایی، چۆن کێشەی نابێ؟ لەکاتێکدا، لە سوریا ئەوان یەکبااڵ بوونو لەکوردستاندا، دوو باڵی ناکۆکیش بوین. پاشان خۆ بۆ مامو نەوشیروان دەرکەوت، کە بزوتنەوە بەقسەی ئەوانیشیان نەدەکرد. ئەو پاساوەش بەتاڵبویەوە گوایە، لەبەر بێئەزمونیو تۆندڕەویو بۆ پلەوپایە، کۆمەڵە کێشەیان لەگەڵ بزوتنەوەدا ناوەتەوە. خۆ مام جەلالو نەوشیروان بەئەزموون بون. مام سکرتێری گشتی یەکێتی بوو. پارەو چەکو چۆڵیشیان هێنابوەوە.. ئەی بۆ نەیانتوانی هێزەکانی بزوتنەوە رێکبخەنەوە؟ بەڵکو بۆ نەیانتوانی رارایی بزوتنەوە بەرامبەر پارتی یەکلابکەنەوە؟ هەتا لە هەڵمەتی هەکاریش پێیان نەکرا، رێڕەوی کاروانی هەکاری باش بکەن. یان تاکتیکەکەی لەکاتی رۆشتندا بگۆڕن. سەرەڕای ئەوەی لەکاتی رۆشتنیاندا، روداوی چاوەڕواننەکراویش رووبەڕوویان بوبووەوە! با دیقەت بدەین لەمبارەوە نەوشیروان چی نووسیوە:

١ سەرچاوەی پێشوو.

"کۆبونەوەی یەک لەدوای یەکو، گۆڕینی پەیتا پەیتای بڕیارەکانو، نوسینو ناردنی ئەم نامانە، رادەی دودڵیی سەرکردایەتی یەکێتی دەرئەخا لە مەسەلەی لێدانی قم دا، دودڵیی و ڕاڕایی لە بڕیاردانی جەنگییدا، بەتایبەتی لەکاتی ناسکدا، دەردێکی کوشندەیەو، دوژمن ئەتوانێ بە چاکترین شێوە کەڵکی لێوەربگرێ. لەکاتێکدا سەرکردەکانی قم کە هەمو چەکدارو دۆستو لایەنگرەکانی خۆیان بە گیانی دوژمنایەتیەکی سەختو بێ ئەندازەی یەکێتی پەروەردەکردبو. بۆ ئەوەی کە بێ سێو دو لەرویدا رابوەستنو بەگژیدا بچنو ئەگەر بتوانن، یەکێتی وەکو حیزبێکی دوژمن بە خۆیان، لە ڕەگووریشە دەربهێنن، کەچی گومانو دودڵیو ڕاڕایی خرابوە ناو هێزەکانی یەکێتییەوە کە: ئاخۆ ئەو شەڕە بکرێ باشە یا نەکرێ! ئەو شەڕە براکوژیە یان براکوژی نیە! قم لە یەکێتی نادەن ئیتر بۆچی یەکێتی لەوان بدات؟".[1]

لەوەش گرنگتر، نەوشیروان لە لاپەڕە (٢٧٠)دا بەمشێوەیە بە راشکاوی دانی پیادەنێ کە نەیانتوانیووە، ڕاڕایو دووڵی لەناو سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا یەکلایی بکەنەوە:

"یەکڵی لە هەڵوێستی سیاسی هێزەکەدا لەڕوی دیاریکردنی دۆستو دوژمنەوەو، یەکدەستی لە هەڵوێستی سوپایی هێزەکەدا لەڕوی لێدانی بێ چەندوچونی دوژمنانەوە، کە شتێکی پێویست بو، دیسانەوە خرایەوە سەر مێزی لێدوانو گفتوگۆو باسکردنەوە. دودڵی و ڕاڕایی لە لێدانی قم دا جارێکی تر لە دڵی هەندێکدا شین بوەوە. تەنانەت لەناو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا هەبو رەئی وابو کە بۆئەوەی یەکێتی بتوانێ بێ گێرمەوکێشە رێگەی هێنانی چەک بکاتەوەو، ماوەی خەڵک چەکدارکردنی هەبێ، لەگەڵ قم رێک بکەوێو، نیسبەتێکی ئەو چەکانەی ئەیهێنێ لەباتی "گومرگ"و "باج" بدات بەوان".[2]

لەهەموو ئەوانە زەقتر، نەوشیروان دانی پیادەنێ کە لەناو یەکێتیدا، ڕاڕایو ناکۆکی، لە هەستیارترین دۆخی عەسکەریشدا، گەیشتۆتە ئەوەی عەلی عەسکەری گوێنەداتە بڕیاری مەکتەبی سیاسیو فەرمانی سکرتێری گشتیو لەژێر ناونیشانی (گۆچانەکەی عەلی عەسکەری)دا، لە لاپەڕە (٢٧٥-٢٧٦)دا دەنوسێ:

"مام جەلال وتی: "پێئەچێ هەلومەرجەکە گۆڕابێ، جموجوڵی دوژمنانەی ئێران زۆر زیادی کردوە. ڕۆیشتن بەم قەرەبالّخییە بەناو ئەرزی ئێراندا کارێکی خەتەرە. لەبەرئەوە پێشنیار ئەکەم هەمومان بگەڕێینەوە "دۆڵە کۆگێ"و، بەپێی ئەو فاکتەرە نوێیانەی هاتونەتە ناو مەسەلەکەوە، سەرلەنوێ بیر لە هەمو نەخشەکە بکەینەوەو حسابو نەخشەڕێگە و شوێنی نوێ دابنێین".

کاک عەلی وتی: "ئێمە هێزێکی ترمان ناردۆتە ناوچەی برادۆست. چاوەڕوانی گەیشتنی

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ. ل(٢٧١-٢٧٢).
٢ سەرچاوەی پێشوو. ل(٢٧٠).

ئێمە ئەکەن، من فەرماندەی پێشمەرگەم بەڵێنم پێ داون لەوێ یەک بگرینەوە لەبەرئەوە من هەر ئەڕۆم".

مام جەلال وتی: "مەبەستم لەوە نەڕۆیشتن نیە، بەڵکو گۆڕینی جۆری ڕۆیشتنەکەیە".

لەم بارەیەوە هەندێ مشتومڕ کرا. کاک عەلی سوور بو لەسەر هەڵوێستەکەی‌و وتی: "ئێمە چۆن ئەبێ هەر دوو تۆپ تەقی ئێمە نەخشەو پلانەکانی خۆمان بگۆڕین..؟".

کاک عەلی لەکاتی ڕۆیشتندا گۆچانی بەدەستەوە ئەگرت، لەکاتی قسەکانیدا گۆچانەکەی بەتوڕەییەوە کێشا بە بەردێکدا گۆچانەکەی شکا".[1]

بەو سێ تێکستە، تەمومژی سەر ڕوداوەکان دەڕەوێنەوەو دەسەلمێ، کە کێشەی ناو یەکێتی گەلێ لە کێشەی بێئەزمونیی کۆمەڵەو بەئەزمونیی مام جەلالو نەوشیروان‌و سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیست قوولترە. هەتا دەگاتە ئەو ڕادەیە، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە گۆچان لە بەرد بداتو ئامادە نەبێ تەنانەت تاکتیکی ڕێڕەوی جۆری ڕۆیشتنی کاروانەکەش بە قسەی سکرتێری گشتیش، بگۆڕێ!!

سەبارەت بەوەی نەوشیروان باوەڕی بە کۆمۆنیزم نەبووە. کۆمەڵە لە دامەزراندنیەوە، باسی ئەوەی نەکردووە کە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستییە. مام جەلالیش لافی وای لێنەداوە. خودی نوسەریش، خۆی بە کۆمۆنیست نەزانیووە. کێشەکە لەمەدا نییە کۆمۆنیست بوین یان نا. کێشەکە لە دوائەنجامدا دەرکەوت، کە نوشیروان هەر باوەڕی بە کۆمەڵەو بە لایەنی کەمی مارکسیزم–لینینیزم نەبووە. هەروا بە چەپیش. کەسێکی ناسیۆنالیستی تونڕەو بوو.

ئەوکاتەی دوچاری کێشەی قوڵ هاتبوین، تەکلیف لە نەوشیروان کراوە بێتە ناو کۆمەڵە، نەوشیروان ئەوکاتە ڕادەی تێکۆشانی بۆ کۆمەڵە، باشتر بوو لەوکاتەی، لە کۆنفرانسی یەکەمەوە هەتا دەگاتە سێهەمین کۆنفرانس، بەرە بەرە دادەشۆردرا لە بیری لایەنی کەمی دیموکراسیش. ئێمە ئەوکاتە بەرە بەرە هەڵوێستیشمان لێوەرگرتبوو. مەترسییەکانی بۆ سەر کۆمەڵەمان باسکردبوو. ڕێک ئەوکاتە، نوسەری کتێبی (چەپێک لە مێژووی کۆمەڵە)و بەشی زۆری تەکەتولی زیندان، پەیڕەوییان لە بڕیارو بەرنامەکانی نەوشیروان دەکرد. ئا ئەمەیە دووڕوویی نوسەر، کە دەیەوێ هزری ڕاستڕەوانەی بە پەلاماردانی مێژووی کۆمیتەی هەرێمەکان، لەسەرەتای شۆڕشەوە هەتا پەلاماردانی ئالای شۆڕش، داپۆشێ. تورک قسەیەکی هەیە لەسەر هەموو مەسەلەیەک، دەڵێ: ئاخر نە باخ. واتا: سەیری کۆتاییەکەی بکە.

نوسەر لە ناوەڕاستی ساڵێ ١٩٧٨وە، دوای کارەساتی هەکاری هاتۆتەدەرەوە. لەو

---

١ سەرچاوەی پێشوو.

ماوەیە، ماوەیەکی کەم نەبێ، نێردرایە قەراغو بە شکاویی گەڕایەوە. دوای گەڕانەوەی، ئیتر ئەم زاتە، ناخی زوخاوی دژایەتی لێدەباری. چونکە، توانای خۆی دەزانیو دڵنیابوو، بە رێکەوت لە قەراغ تێکنەشکاوە، بەڵکو پێکهاتەی وایە کە ناتوانێ ئەرکەکان ڕاپەڕێنێ. ئازاش نەبوو. ئیتر دوو نەخۆشی هەتا دەهات زیاتر لە دەرونی کەسایەتیدا، تەشەنەیان دەسەند. خۆهەڵکێشانو تێکدان. لەسەر هەردوو ئەم نەخۆشییانە، لە کۆنفرانسی یەکەمو تەواوی کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەو کۆنگرەی یەکێتێ، بۆ کادرو ئەندامان دەرکەوت، هەمیشە لایەنی کەمی دەنگی دەهێنا. تەنانەت ئەو تەکەتولانەی خۆیشی پیادا هەڵدەواسین، بۆئەوەی بیانکاتە پشتیوانی رشتنی نەخۆشیەکانی، دەنگیان نەدەدایە. هەر ئەم دوو نەخۆشیەش، وایان لێکرد، لەدوای هاتنەدەرەوەی، سەرەڕای ئەوەی نەوشیروان بە لای ڕاستڕەویدا لای دەدا، ئەم، بەناوی بەرگری لە کۆمەڵە، خۆی بە لای نەوشیرواندا بایدەدا! هەروا بە تەکەتولی سجن. هەردوو لاش باشیان دەناسی. بۆیە دەنگیان پێنەدەدا. بەڵام دەشیانزانی چ نەخۆشییەکی هەیە. بەپێی کەسایەتیەکەی هەڵیاندەداو هانیان دەدا. هەتا دوا شەرەفی گەورە کە پێیانبەخشی، لەبەر رقەکانی، ئەوەندە بچووکو ئاستی کەسایەتی ئەوەندە نزمە، شەرەفی زیندانەوانی ئێمە بوو. شەرەفی کۆمەڵەیەکی جەلاد. جەلادێک کە لەکاتی جەلادییشدا، ترسنۆک بوو. هەر لەبەر ئەم ترسنۆکییەی، نەکا ڕۆژێک بێ تۆڵەی لێبکەینەوە، جەلادیەکەشی بە نامەردی لەڕێی حەرەسەکانەوە، ئەنجامدەدا.

(٦)
نەوشیروانو ڕێکخستنی تازە!

لەکۆتایی دوا پەرەگرافدا، نەوشیروان مستەفا، ڕاستیەکی مێژوویی دەدرکێنێ، بەم درکاندنە، ئیتر دەریدەخات ئەوکاتە، بەڵکو دوای ئەوکاتەش، چۆن بیری کردۆتەوە. کاتێک نوسەر لە کتێبی (چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە)دا لە لاپەڕە (١٩٦)دا ئاماژەی پێکردووە، کە دەڵێ:

"ڕەئی عەلی عەسکەریو د.خالید وابوو، کە بەهەموومان ڕێکخستنێکی تازە بەگوێرەی پێویستیەکانی شۆڕشەکە دابمەزرێنین. کە جێگەی کۆمەڵەو بزوتنەوەو خەتی گشتیش بگرێتەوە".[1]

بەداخەوە، هەتا ئێستا ئەم دەقە، کەمترین توێژینەوەو ڕەخنەی لەسەرە. کە دەقێکی هەتا بوترێ، لەبەر چەند ڕاستییەک گرنگە، وەکو:

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(١٩٦).

– نەوشیروان وەکو خۆی، قەت کۆمەڵە نەبووە.

– کە هاتۆتەوە، بەبێ بەرنامە گەڕاوەتەوەو لەناو روداوەکاندا وێستوێەتی، دوابڕیاری خۆی بدات.

– باوەڕی بە کۆمەڵە–بزوتنەوە–خەتی گشتی، نەبووە.

– عەلی عەسکەریو د.خالیدیش باوەڕیان بە بزوتنەوەو کۆمەڵەو خەتی گشتی نەماوە.

– هەرکە هاتۆتەوە، نەوشیروان، لە د.خالید نزیک بووە، پاشان لەگەڵ عەلی عەسکەری.. کە دوای د.خالید گەیشتە دۆڵی گۆستێ.

– پێکەوە تەگبیریان کردووە حیزبێکی تازە دابمەزرێنن. واتا: هەوڵبدەن کۆمەڵەش، لەگەڵ بزوتنەوەو خەتی گشتی لەناو حیزبە تازەکە بتوێننەوە.

هەر کە دەگاتە دۆڵی گۆستێ، دۆخەکە دەبینێ، نامەیەک بۆ د. کەمال فوئاد دەنووسێ بەناوی (فەرید)، تیایدا تابلۆی سیاسی و هەڵوێستی خۆی، لەپوختەی نامەکەدا دەنەخشێنێ[1]: (برای بەڕێزو خۆشەویستم کاکە فەرید سڵاوێکی گەرم هیوادارم شادو بەختیار بیت. زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵی خۆشی و سەرکەوتنتان ئەپرسم. پێش ئەم نامەیەش نامەیەکەو دوو بڵاوکراوەی ناوەوەی وڵاتمان بۆ ناردیت و بەڵێنم دابویتێ کە لە نامەیەکی درێژدا وەزعی ئێرەتان بۆ بنووسم، وا ئەمڕۆ فرسەتم بە دەسکەوتوەو بەڵێنەکەم بەجێئەهێنم) پاشان دەنووسێت: (بۆ ئاگاداریت دەربارەی تەیارەکانی ناو یەکێتی ئەم زانیاریانەت بۆ ئەنوسم:

١–کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان: ئەمە رێکخراوێکە بەشێوەیەکی بچوک لەساڵانی ٧٠–٧١ دامەزراوە. من و عەجولیش ئاگاداری سەرەتای دەس پێکردنەکەیان بووین، بەڵام خۆیان سەربەخۆ گەشەیان کردوەو دروست بون و بەهێزبون، دوای ئاشبەتاڵ تەنیا هێزی رێکخراو بون، وە ئەگەر لێدانی شەهاب و هاوڕێکانی نەبوایە ئەبونە گەورەترین رێکخراوی کوردستانی عیراق. ئەمە کاتی خۆی لەسەر بنچینەی م. ل. بیروباوەڕی ماوتستۆنگ دامەزرا بوو، بەڵام ئێستا لەڕووی فیکرییەوە وەکو جاران توندوتیژیان نەماوە، رێکخراوەکانی ی.ن.ک لەهەموو شارەکانی عێراق دا ئەمان دروستیان کردوە، هەموو ئەو چالاکییانەی لە شارەکاندا بەتایبەتی کوشتنی پیاو خراپانی سلەیمانی و هەولێرو کەرکوک و بەغدا ئەمان کردویانە، یەکەمین دەستەی چەکدار کە چونەتە شاخیش هەر ئەمانە بون، بەڵام ئەمانە چەند کەموکوڕیەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە هەموو کادرە پێشکەوتوو ئەساسیەکانیان ٣ لەگەڵ شەهاب اعدام کران وە دوایی تر لە سلەیمانی هەندێکی تریان اعدام کراون و نزیکەی ٦٠–٧٠

١ نەوزاد عەلی ئەحمەد، سەرەتای کاروانەکە، باری دوێنێی خەباتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، لەکۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگدا ١٩٧٥–١٩٨٠.

کادری بەقابلیەتیان گیراون کە خەڵکی شارە جیاجیاکانن، لەبەرئەوە هەندێک گەنجی خوێن گەرم کەوتونە سەرکردایەتیەکەیەوە، بەگشتی ئاستی تیوریان نزمە، بیروڕای دەستەگەرییان تێدا پەیدابوە، خەڵکی ناسراویان کەمە لەناو خەڵکدا کە ببنە واجهەی رێکخراوەکەیان، بەڵام لەروی تەنزیم و رێکخستنەوە دژی رێکخستنن بەشێوەی کۆن واتە کۆکردنەوەی زۆرو بۆر هێنانەوە پێشەوەی عناصری کۆن و ئاغاو کوێخاو لایەنگری پێشخستنی خەڵکی گەنجن لەسەر بنچینەی دڵسۆزی بیروباوەڕو تواناو کارامەیی نەک لەسەر اساسی ناوبانگی پێشو و مرکزی اجتماعی) پاشان نووسەری نامە ئەوە دەدرکێنێت کە چۆن ئینتمای کۆمەڵەی مارکسی –لینینی کوردستان دەکات، بەڵام ئەو ناوی لێناوە (چوومە سەر میلاکی ئەوان) و لەنامەکەیدا لەو رووەوە دەڵێت: (خولاسە ئەمانە لایەنی سەلبی و ایجابی یان هەیە، بەڵام لایەنە اجابیەکانیان زۆر زیاترە لەلایەنی سەلبی. من تا ئەم کۆبونەوەیەش هەروەکو خەتی گشتی ی.ن.ک بووم بەو جۆرەی کە لەدەرەوەی وڵات ئەمان کرد، بەڵام لێرە بەداخەوە برادەرانی بزوتنەوە وەهایان لەگەڵ رەفتار نەئەکردم، وە بۆ قازانجی یەکێتی لەسەر داوای عەجولی و کاک عەلی و هەندێکی تر چومە سەر میلاکی ئەوان و ئەوانیش وەکو خۆیان ئەڵێن منیان قبوڵە*).

لەخۆڕا بینینێکی سەیر بووە. لە قولەی قافی سیاسیەوە سەیری خۆیان کردووە. بەداخەوە، ئەوکاتە، ئەم مەسەلانەمان وەکو کێشەیەکی گەورە دژی کۆمەڵە سەیر نەکردووە. چارەسەرەکەمان تەنها ئەوە بووە نەوشیروان راکێشینە ناو کۆمەڵە. ئەمەمان لەوکاتەدا بە چارەسەرو سەرکەوتن زانیووە، بەبێئەوەی لێکدانەوەی دەرونشیکاری بۆ ئەو تێزانە بکەین، کە لە ئایندەشدا، چەند مەترسین بۆ سەر کۆمەڵە، تەنانەت شۆڕشەکەش. ئا لەمەیاندا، بە راستی ئاستی لاوازی تیۆریو زاڵبونی هەستی دڵسۆزی پەتیی بۆ کۆمەڵە، دەردەکەوێ. ئەمە جگە لەوەی، دوریی شەهید ئارام لە کۆبونەوەکان، کاریگەری نالەباری لەسەر ئەو بڕیارانەمان هەبووە. ئێستا، بە ویژدانی ئاسودە دوای (٤٣) ساڵ لەسەر ئەو روداوە دەنوسم، دڵنیام ئارام لە کۆبونەوەکان بوایە، یان ئێمە دوابڕیارمان بۆ کۆبونەوە لەگەڵ شەهید ئارام دوابخستایە.(**) دڵنیام هاوکێشەکان بەشی زۆری دەگۆڕدرا. مام جەلالیش ئەوکاتە لە دۆخی بزوتنەوەکەو پێکهاتەکەیو ناکۆکیەکان تێگەیشتبوو، ئەویش مەترسی هەبوو دۆخەکە لە گرێژنە دەربچێ، بۆیە بەگشتی (مسایرە)ی باڵەکانی دەکرد.

* دەقی دەستخەتی بەشێکی نامەکە لە لاپەڕە (٥٥٠)ی ئەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە.

** لەسەر کۆی کێشەکان من وتم: با دوابڕیار هەڵگرین لەگەڵ شەهید ئارام ببڕێنینەوە. بەڵام وترا: زۆرینە لێرەین پێویست ناکات.

زۆرتریش گوێی لە عەلی عەسکەری.. دوای ئەم لە نەوشیروان دەگرت. ئەگەر هاتباو ئێمە گوتبامان تا نەچینە لای سکرتێری کۆمەڵە دوابڕیار نادەین، بەدڵنیاییەوە، هاوکێشەکان دەگۆڕدراو مام جەلالیش پێینەدەکرا، گوێ لە بڕیاری سەربەخۆی کۆمەڵە نەگرێ. دەتوانم جەختیش بکەمەوە، ئەگەر بڕیاری لەوچەشنەمان دابا، نەک تەنها هەر لەو دۆخەدا هاوکێشەکانمان دەگۆڕی.. بەڵکو دوای ئەوەش ئاڕاستەکان ئاقاری سیاسیو حیزبایەتی تریان وەردەگرت. بۆ مێژووش دەبێ بیڵێم:

سالار عەزیز، هەتا رادەیەک دەرکی مەترسیەکانی لە من باشتر کردبوو. باسیشی دەکرد. بەڵام لەدوائەنجامدا، بڕیارەکان چۆنیان ویست سەپێنرا. نەوشیروانیش، بە ڕێنوێنی مام جەلال، خزێنرایە ناو کۆمەڵەوە.

لە ناخی خۆما، نیگەرانیم لە دۆخەکە هەبوو. بەڵام مێژووش وەکو خۆی باسدەکەم، نیگەرانیەکەم نەگەیشتبووە هەڵوێست وەرگرتن لە مام جەلال. بەگشتی نیگەران بوم. جارێکیان مام جەلال چوبوو بۆ سەردانی "شێخ محەمەدی لۆلان" پێم جوان نەبوو بە مام بڵێم تاقەتی ئەو دۆخەم نەماوە. شەهید سەعدیو سەید کاکە دەڕۆیشتن بۆ دەشتی هەولێر. منیش لەسەر بڕیاری شەهید ئارام دەبوایە بڕۆم بۆ ماوەیەک لای هاوڕێیانی کۆمەڵە بم لە دەڤەرەکانی هەولێر. شەهید شاخەوان عەباس، چۆنیەتی بڕیاری شەهید ئارام ئاوها باسدەکات:

"لەگەڵ شەهید ئارام چوینە ماڵە ناسیاوێکی، لەوێ چاومان بە هاوڕێ مەلا بەختیار کەوت کە شەهید ئارام بەدوایدا ناردبوو لەسلێمانیەوە هاتبوو، شەهید ئارام بەیەکتری ناساندین، وتی لەمەودوا ئەم دەبێتە لێپرسراوتان، خۆشحاڵی خۆمان سەبارەت بەو هاتنەی ئەو نەشاردەوەو ڕامانگەیاند کە ئێمە ئەوپەڕی هاوکاری دەکەین".[1]

ئەو بڕیارە لەسەر ئەم بنەمایەی گفتوگۆی هاوڕێیانی هەولێرو شەهید ئارام لە قەراغ دراوە، کە هاوینی ١٩٧٧ گەیشتبونە قەراغ. شاخەوان دەڵێ:

هاوڕێ ئارام لەسەر کانیوئاوێک داوەتێکی بۆ کردین کە حەیوانێکی سەربڕیبوو (دەبێ پێشمەرگە سەریان بڕیبێ.. ئەگینا شەهید ئارام حەیوانی سەرنەدەبڕی!) ئەو ڕۆژە داوامان لێکرد ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵە بێتە هەولێرو هاتنیشی کارێکی پێویست بوو، بەحوکمی ئەوەی ئێمە ئەزمونێکی ئەوتۆی پێشمەرگایەتیو ڕابەرایەتیکردنمان نەبوو".[2]

پێشتر، سالار عەزیز هەوڵی دابوو سەردانیان بکات. بەڵام:

١ شاخەوان عەباس. سەفەری کوردایەتی بیرەوەریەکانی شارو شاخ ١٩٧٤-١٩٨٠. چاپی دووەم. ٢٠١٢. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادران. ل(٦٣)

٢ سەرچاوەی پێشوو. ل(٦٢).

"هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵە نەهاتبووە دەڤەری ئێمە جگە لە هاوڕێ سالار عەزیز کە لە ١٩٧٧/٥/١٣ هاتبوە دەشتی کۆیەو لە گوندی حاجی قەڵا توشی شەڕوو پێکدادان بوبوون لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، دوو پیشمەرگەش لە نەبەردیەکەدا شەهید بوون، یەکێکیان بەناوی ئیسماعیل صدرالدین لە دەستەی عەلی صالح لەدوای بەدیل گیرانی ئیعدام کرا، ئەوی تریش شەهید فازیل کێخوا مستەفا بوو. ئیتر جەولەکەی تەواو نەکردوەو گەڕاوەتەوە سنوری سلێمانی".[1]

ڕۆشتنی کاروانی شەهید سەعدیم بە هەل زانی (٧) چەکم بارکردو لەگەڵیان کەوتم. ئێوارەکەی کەوتینەڕێ. شەوەکەی لەدورەوە هاوارمان بیست (مەلا بەختیار.. مەلا بەختیار) دەنگەکەیم ناسییەوە شەهید داود (خەڵکی جەلەولا) بوو. وەستاینو گەیشت. وتی: مام جەلال تورە بووەو ئەڵێ بێ پرسی من بۆ ڕۆیشتووە؟ با بگەڕێتەوە. ناچار گەڕامەوە. مام هیچ قسەی نەکرد. منیش بێتاقەتو دوور لەو دانیشتم. دوایی نەوشیروان وتی: نەموت مەڕۆ هەتا مام دێتەوە. وتم: بۆ ئەرکی کۆمەڵە دەڕۆیشتم. بڕیاری کاک ئارامم پێ گرنگە جێبەجێی بکەم. دوایی لە مام جەلالیان گەیاندو ناردی بەدواما.. داوای لێبوردنی کردو چەکەکانی دامێو ڕۆیشتم.. هەتا مانگی ٢/ی ١٩٧٨ بەهۆی زۆریی ئەرکەکانو چەندین شەڕی سەختو پیلان لێگێڕانم لە (کانی سور، کونە گورگ) کە لە هەردوو پیلانەکەدا، بە ڕێکەوت ڕزگارم بوو. مام جەلال ناوی نابوم (شەهیدی زیندوو!) پێشمواپە، ئەگەر شەڕو لێقەومانەکانی دەشتی هەولێر، خۆشناوەتی، کونەگورگو حاجی قەڵام توش نەبوایە، مانگی دوانزە-یەک فریای شەهید ئارام دەکەوتمو ئەویش دەکەوتە ڕێ بۆ مەکتەبی سیاسی.

(٧)
کۆمەڵەو کاریگەری نەوەی یەکەم!

نوسەر، لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی کۆمەڵەو ڕێپێوانو لەو کارەساتەدا) دیسان دەیەوێ نوکی ڕەخنە بکاتە سنگی کۆمیتەی هەرێمەکان.

باسی چوار هەڵەی کوشندە دەکات کە ئەمیش لە کتێبەکەی (لەبناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) هەڵیهێنجاندووە. تازە تازە بیری دەکەوێتەوە خۆی بە خاوەن هەڵوێست پیشانبدات، دوای باران کەپەنەک.. بەدرێژایی مێژووی ١٩٧٨ کە هاتۆتە دەرەوە هەتا

١ سەرچاوەی پێشوو. ل(٦٢-٦٣).

نوسینی ئەم کتێبە، کەسێک بووە لەو داشانەی دەستی نەوشیروانو شوێنکەوتووانی، تەنانەت داشە هارەش بووە. تازە بیری دەکەوێتەوە هەڵە کراوە.. بە هەرحاڵ، لەو چوار ڕەخنەی گواستونیەتیەوە، ئەمانەن:

١) گۆڕینی بەرنامەو دانەنانی بارەگای جێگیر.
٢) تێپەڕبوونی پیلانی ئیدریس بارزانی بەسەریاندا.
٣) نەمانەوە لە برادۆست هەتا گەیشتنی ڕەتڵی سێهەم.
٤) حساب نەکردن بۆ ئەگەری شەڕ لەگەڵ ق.م.

لە تێکشکانی هەڵمەتی هەکاریو هەرەسی ئومێدی هەڵچنراو لەسەریان.. شەهیدکردنی سەرکردەکان..تاد، هیچی ئەو کارەساتانە، بەئەندازەی ئەوە لای نوسەر گرنگ نییە، جەخت بکاتەوە کە هاوڕێیانی کۆمەڵە، بڕیاریان بەدەستەوە نەبووە. بزوتنەوە بڕیارەکانیان داوە. ئەمەیە ڕادەی ڕقی کوێرانە، کە تەنانەت قەبارەی کارەساتی هەکاریش، ئەو ڕقەی دانامرکێنێتەوە!! تێکڕا (٨) فەرماندەو پێشمەرگەی کارەساتی هەکاری ڕزگاریان بوو. کە هاتنەوەو گەیشتنەوەیان بە سەلامەتی، خۆی لەخۆیدا داستانێکە، دەهێنێ ڕۆمانێکی لەسەر بنوسرێ! (*)

لێرەدا، لەبری ئەوەی دانی پیا بنێ کە بڕیاری سیاسی ستراتیژی، بەشێکی پەیوەندی بە تەمەنو ئەزمونەوە هەیە، بارتەقای ئەو بەشەش، زیرەکیو لێوەشاوەیی لە وردتر بینینی ڕوداوەکان، کاریگەری زۆری هەیە. بەڵام ڕقەکەی ڕێگەی لێگرتووە دان بەو ڕاستیەدا بنێ. گرنگ لای ئەو ئەوەیە، چۆن هەل دابتاشێ ڕقەکەی هەڵڕێژێ.

نەوەی یەکەم، بڕیارەکانی داوە. هەر خۆیشیان هەڵەیان کردووە. تەنانەت گوێیان نەداوەتە بۆچونی یەکتریش، بە مام جەلالیشەوە کە لە قەندیل وتویەتی: تاکتیکی ڕۆشتنەکە بگۆڕن. کارەساتەکەیان قەوماندووە.. کۆمەڵە، هیچ بڕیارێکی لەو بڕیارانە نەداوە. پێشمەرگەی ئازاو پابەندی بڕیارەکانیش بون. شەڕیان کردووەو شەهیدی کۆمەڵەشیان بەخشیووە. خراونەتە زیندانو خۆڕاگر بوون. کەچی نوسەر، دەیەوێ، نەوەی دووەمیش بداتە بەر نەشتەری ڕق. چونکە بڕیاری سەرەکییان بەدەست نەبووە!!

* ناوی ئەو پێشمەرگانەی کە لە کارەساتی هەکاری گەڕانەوە: (تاهیری حاجی عەزیز، مەحمود زەردۆیی، ڕەفیق پارەزانی، حەمەڕەش گرێزەیی، جەمال عەلی باپیر، بەکرە سوور، ئاوات گەڕەدێیی، محەمەدی حاجی مەحمود).

رشتەی چوارەم:

عێراقچی یان ساختەچی؟

١- فوئاد میسریو جەزراوی.. هەڵبەستن!
٢- تالیب رۆستەم قوربانیەکی رق
٣- راستیەکانی کۆبونەوەی شێنێ
٤- ماویزمو ناوگۆڕین
٥- شەڕی شێنیو (٥٤) کۆپتەر
٦- شێرکۆی شێخ عەلیو مەلا بەختیار
٧- راپەڕینی ئێرانو نوسەر!
٨- هەڵگەڕانەوەی د.فوئادو هەڵهاتنی عادل موراد
٩- ئیزگە و رابواردن
١٠- حیزبی شیوعیو شۆڕشی نوێ
١١- هەڵەی شیوعیو مەلای بانیخێڵانی
١٢- لقی کەرکوکو شەرمەزاریی!
١٣- لاساریێکو جاسوسێک
١٤- چکوارا جەلالو.. ئینزال!!
١٥- شکست، یان راپۆرت؟
١٦- ململانێکانو هاوڕێیانی زیندان
١٧- عێراقچی، یان ساختەچی؟
١٨- ئارامو دژە نەزۆکەکان

(١)
فوئاد میسریو جەزراوی.. هەڵبەستن!

لەم بەشەدا، نوسەر باسی ڕێکخستنی ناوخۆ دەکاتو دەشیەوێ بەپێی خەیاڵاتی خۆی، درەختی ڕێکخستنی شارەکان، بچێنێ. لە لاپەڕە (٢١٠)دا دەڵێ:

"لەدوای چوونە دەرەوەی شاسوار جەلالو نەجمەدین عەزیز و حیکمەت محەمەد کەریمو ئازاد عبدولمەجید، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە هێڵەکانی سەر بە کۆمیتەی هەرێمەکانو کۆمیتەی شارەکان ڕوبەروی چەند هاوڕێیەک کرانەوە، لەوانە عبدولڕەزاق لە هەولێرو ئەحمەد کرێکارو حەمیدی پۆلیس لە کەرکوکو شازاد سائیبو جەمال تایەرو بەنلنؤالدە لە سلێمانی".[1]

جارێ با هەندێ هەڵەی بۆ ڕاستبکەینەوە، بەمشێوەیە:

- سالار عەزیز؛ یەکەم ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان مانگی ٧ی ١٩٧٦ چووە دەرەوە.
- ئازاد هەورامی؛ دووەم ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان، مانگی ٨ی ١٩٧٦ چووە دەرەوە.
- شەهید ئارام؛ سێهەم ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان شەوی (١١/١٠)ی١٩٧٦/١٠ چووە دەرەوە.
- مەلا بەختیار؛ چوارەم ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان شەوی (٢٦/٢٥)ی١٩٧٦/١٢ چووە دەرەوە.

دوا کەس مەلا بەختیارە، هەر لەبەرئەوەش بە بڕیاری کۆمیتەی هەرێمەکان مایەوە، هەتا ڕایەڵەی ڕێکخستنو پێشمەرگەی ناو شارەکانو پەیوەندییان بە دەرەوە ڕێکبخات.

هەتا مانگی ١٢/ی ١٩٧٦ بەرپرسی تەواوی ڕێکخستنەکان بووم، برایم جەلال بەرپرسی "ڕێکخراوی پێشمەرگە دێرینەکان" بوو، کە لەسەر پێشنیازی مام جەلال دروستکرا. لە هەمانکاتدا، پەیوەندی بە کۆمیتەی سلێمانیەوە هەبوو. کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکان.. تازە دامەزرابوو، بە ژمارەی پەنجەی دەست ئەندامی هەبوو!

دوای چوونەدەرەوەی بەندە، جەمال تایەر، کرایە بەرپرسی سلێمانیو پاشان سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی کوردستان. شازاد سائیب، لەناو هاوتەمەنەکانیدا

١ برایم جەلال. چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢١٠).

زۆر جێگەی بڕواو، لە هەرە ئازاکان بوو. خۆی لە هیچ ئەرکێک نەدەدزیەوە. تەنانەت پێشمەرگەشم پێ گواستوتەوە.. هەرگیز، هیچ بڕیارو ئەرکێکی ڕەتنەکردەوە. بەڵام لەبەر کەسایەتیەکەی، نەماندەویست بیخەینە ناو کۆمیتەکان. شەهید جەمال تایەر، دوای من پەیوەندی پێوە کردبوو. بەڕاستی شازاد سائیب، لە تێکۆشەرە ئازاو دڵسۆزو جوامێرە دەگمەنەکانی کۆمەڵە بوو.

حەمە چاوشینو د.خەسرەو، عومەر فەتاح، ئەمانە لەو هەڤاڵانەی جێی بڕوا بوون. کۆمەڵەش بوون. بەڵام هەتا ڕاپەڕینی (١٩٨١)یش هێڵی گشتی یەکێتییان پێ سپێردرا. دوای جەمال تایەر، هاوڕێ دلێر (سەلیم سەرسپی) پەیوەندی پێوە دەکردن.

من کە چوشمە دەرەوە، هەتا یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە، لە هەر شوێنێک بومایە، پەیوەندییان پێوە دەکردم. دوای دامەزراندنی بەشی ڕێکخستنیش لە ناوەندی کۆمەڵە، هەر من بەرپرسیاری ڕێکخستنەکانی کوردستان بوم.

کە دەشڵێ:

"لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا نامەیەکم لە کاک نەوشیروانو مام جەلالەوە پێگەیشت. کە بارودۆخی پەیوەندی سەرکردایەتی بە ناوەوە دژوارەو دەبێ هەوڵی دروستکردنی خەتێکی پەیوەندی بکەین.

بۆ ئەو مەبەستە هەوڵمدا لە دوولاوە هێڵی پەیوەندی دروستکەم.

أ- لەڕێگەی "شارباژێر و دۆڵەروت"ەوە. بەهۆی ناردنە دەرەوەی خاڵە شێح سدیق بۆ دۆڵەڕووت و لەو ڕێگەیەوە.

ب- لە ڕێگەی رانیە-سەنگەسەر-قەلاتوکان و ئەبوبەکرەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە رانیە پەیوەندیم بە خاڵم کرد (حەمە مستەفا محەمەد، حەمەی مەجید هاوار) ئەویش بردمی بۆ لای سەید ئەحمەد (ئەحمەد سەید زادە)".[1]

ئەوکاتە شەهید ئارام مابوو. من لە دەشتی هەولێر بوم. نەوشیروان کرابووە ئامر هەرێمی سلێمانی-شارباژێڕ. ئەو هێڵەی باسی دەکات، زۆرتر بۆ پێویستیەکانی مام جەلالو مەکتەبی سیاسی بووە.. نەک سەرپەرشتی ڕێکخستن. چونکە، دوای من شەهید ئارام سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی دەکرد. نە مام جەلالو نە نەوشیروان کۆدی ڕێکخستنەکانیان نەدەزانی. نەشیاندەزانی ئەندامانی کۆمیتەکانو بەرپرسەکان کێنو ناوی نهێنیشیان چییە؟

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢١١).

خاڵە شێخ سدیق، هەرگیز لە دۆڵە رووت نەبووە. بەڵکو لە چۆخماخ بوو. ئەوەی لە دۆڵە روتەوە، پۆستەکانی دەهێناو دەبرد، شەهید حامیدی یاخسەمەری بوو. دوای ئەوەش، بورهانی کوێخا حسێنی هەناری سەروو، لەگەڵ هەڵۆی ئەحمەد کوردەوە، کە ئەندام کۆمیتەی شار بوو، کەسێکی بەهیمەتیش بوو، بەریدی شارو شاخی رێکخستبوو.

لە سەرگوزشتە هەڵبەستراوەکانیا، لە لاپەڕە (٢١٢)دا دێتە سەر باسکردنی روداوێکی ترو ئاوای دەهۆنێتەوە:

"ڕۆژێ کاک ئەکرەم سەید مەجید پێی وتم: کە تەها باراوی‌و فوئادی مەجید میسری لە سلێمانین، با بچین بیان بینین؟، چویت بۆ لایان؟. کە چوومە لایان‌و قسەم لەگەڵ کردن، تەها باراوی داوای کرد بینێرینە دەرەوە بۆ دۆڵی رووت، کە ئەوکاتە نەجمەدین عەزیزو برادەرانی تر لەوێ بوون. تەها باراوی رۆیشتوو پاش چەند مانگێک گەڕایەوەو وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، لەگەڵ سوارەی کاک ئەحمەد، تەها بێ چەک گەڕایەوەو سوارەش دەمانچەیەکی هێنابوو، چومە لایان، سوارە دەمانچەکەی دایەوە بە رێکخستن، هەردووکیان گلەییان لە هەڵسوکەوتی نەجمەدین بوو، هەر لەبەر ئەویش تەسلیمبوونەوە.

بەڵام فوئاد وەڵامی تەواوی نەداینەوە، من فوئادم زۆر لە نزیکەوە نەدەناسی، بەڵام زیادی برای فوئادم دەناسی، کاتی خۆی لە هەمەدان لەگەڵمان بوو، پاشان چووە ناو حزبە کارتۆنیەکەی شێخ ستار تایەرەوە.

فوئاد وەڵامی ئەوەبوو، کە بیری لێ دەکاتەوە وەڵاممان دەداتەوە، پاش یەک هەفتە بیستمان لە رێگەی زیادی برایەوە چۆتە لای شێخ ستارو ئەویش بردویەتی بۆ لای تەها یاسین رەمەزان و تەها یاسین داوای لە فوئاد کردووە، کاریان لەگەڵ بکا و رێکخراوێکی بەدیلی کۆمەڵەی سەر بە رژێم دروست بکات، هەر بەناوی کۆمەڵەوەو، ئەویش گفتی دابوو بە تەها یاسین".[1]

ئەم زاتە هەڵبەستچیەکی کارامەیە لە هەڵبەستنی بەسەرهاتەکان.

هەر ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنوسم، تەلەفۆنم بۆ فوئادی مەجید میسری کردو ناوەرۆکی ئەم هەڵبەستنەم لێپرسی. لەوەڵامدا وتی:

برایم جەلالم هەرگیز نەدیووە. دلێری سەید مەجیدو سوارە ئەحمەد بەرپرسی گواستنەوەی من بون. بەوەشەوە نەوەستا، لە پیاچونەوەی کتێبەکەدا، بەسوپاسەوە لە تێبینیەکانیدا چەند خاڵێکی گرنگی لەسەر ئەم مەسەلەیە نوسیووە.

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١ ل(٢١٢).

بۆی نوسیوم:

"ئێستا هەرسێکمان لەژیاندا ماوین‌و باوەڕیش ناکەم چ دلێرو چ من پێویستمان بە پاکانەو شاهیدی درۆینەی برایم جەلال بێت. ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە نە ئەسڵی هەیەو نە ئەساس. نە هاتۆتە لای من‌و نە دیومە و نە باسی چوونەدەرەوەی لەگەڵ من کردووە. ئەشێ تەها باراوی بینیبێ، بەڵام بۆچی ئەو دەبێ رای من وەربگرێ؟ سەیرە من لەگەڵ شەهید ئارام لە ماڵێکدا موختەفی بووین‌و بیست‌وچوار سەعات مشتومڕمان بوو لەسەر خەباتی چەکداری‌و پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکان. کاک سالار عەزیزیش لە چەند دانیشتندا لەگەڵمان بووە. بەپێویستی دەزانم بۆ مێژوو تەواوی بیروڕای خۆم سەبارەت بە سیاسەتی ئەوکاتی کۆمەڵەو یەکێتی بخەمەڕوو:

١- من لەوکاتەدا باوەڕی تەواوم بە دامەزراندنی حزبێکی مارکسی هەبوو. یانی ئەرکی کۆمەڵەم لە دروستکردن‌و راگەیاندنی حزبدا دەبینییەوە، نەک بزووتنەوەی چەکداری.

٢- لە بۆنەیەکی تریشدا باسمکرد، دروستکردنی ینک تەجرەبەیەکی فاشیلی جەبهەی شەعبی جۆرج حەبەش بوو، بە کۆپیکراوی گوێسترابووەوە بۆ کوردستان.

٣- دروستکردنی شانەی چەکدار لەو هەلومەرجەدا، جۆرێک بوو لە باوەڕبوون بە بوئرەی شۆڕشگێڕی‌و تیۆرەکەی گیڤارا کە لەگەڵ بیروباوەڕ و هزری سیاسی من نەئەگونجا.

٤- من باوەڕم وابوو، کە هەرگیز ئێران سەرەڕای رێککەوتننامەی جەزائیریش هەر دەستبەرداری پارتی نابێ، بەتایبەت گەر بزووتنەوەیەکی چەپیش لە بندەستی خۆیەوە سەرهەڵبدا. ئێرانی ئەوسا هەموو توانای سەربازی خۆی بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی (زەففار) تەرخانکردبوو، ئێستا چۆن ماوە ئەدا رێکخراوێکی چەپ بزووتنەوەیەکی چەکداری دروستبکەن. قیادەی مووەقەتەو دروستکردنەوەی پارتی بۆ خۆی بەڵگەیەکی راستی ئەم بۆچوونە دەرچوو.

٥- ئەگەرچی من زانستی سەربازیم نەخوێندووە، بەڵام ئەوەندەی بابەتم لەسەر شەڕی پارتیزانی خوێندبێتەوە تێگەیشتووم کە هەلومەرجی شەڕی پارتیزانی بەوجۆرەی ماو، گیڤارا، جیاب، خیاو سامغان، کاسترۆ باسیانکردووە، لە سەروبەندی داهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێدا، لەگۆڕێ نەماون. بۆیە سەرەنجام بە شکست کۆتایی دێ وەک هات... ئەوەی چەند ساڵێک درێژەی پێدا شەڕی عێراق-ئێران بوو، دەنا لەمێژ بوو سەرکردەکان جانتاکانیان پێچابووەوە.

٦- من قەناعەتی تەواوم بەوە بوو کە: کۆمەڵە دەکرێتە پردێکو مام سیاسەتەکانو مەرامە دوورونزیکەکانی خۆی پێ جێبەجێ دەکا. هیچ حسابێک بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە ناکاو هەر ئەوەندەی هێزێکی لەدوای خۆیەوە بینی، هەوڵی پاکتاوکردنی نەیارەکانی ئەدا.."

گوتیشی: من نامەم بۆ شەهید ئارام نوسیووەو پێموتووە: باوەڕم بەو سیاسەتە نییە ئێوە گرتوتانەتە بەر. یەک کاربەدەستانی گەورەی عێراقم نەدیووە. لەژیانیشما تەها جەزراویم نەدیبوو!!

من نامەکەم دیووە. ئەوکاتە لەگەڵ شەهید ئارام لەماڵی ئاوات قارەمانی بوین، کە فوئاد خۆی ئاشکرا کرد، چونکە بڕیاری گرتنی دەرنەچووبوو، تەنها لەترسی رەشبگیری گرتنی جەلالیەکان خۆی پاراستبوو. بیریشمە وتم: با ماڵەکە جێبهێڵین نەکا فوئاد قسە بکات. ئارام وتی: خەمتان نەبێ، قەت شتی وا ناکات.

مرۆڤ کە ئەم نوسینانە دەخوێنێتەوە، نازانێ بگری یان پێبکەنێ! ئاخر ئەم هەموو هەڵبەستنە، بە هەموو کەسێک ناکرێ؟!

پاشان سواڕە، منی لەنزیکەوە دەناسی، هەموو رۆژێک یەکمان دەبینی، هاتوچۆی کەسوکاریشم دەکردن. دلێری سەید مەجید هاوڕێی بوو. بۆچی دەمانچەی بە ئێمەی نەدابێ، تەسلیمی نوسەری کردبێ؟! تەها بارواێو سوارەش، زۆرتر لەبەر ناکۆکی بزوتنەوەو کۆمەڵەو رەفتاری ناشۆڕشگێڕانەی بەرپرسەکانی کۆمەڵە، بێزار بون، بەڵام جوامێریی خۆیان پاراست.

ئەم رقە چییە لە فوئادی مەجید میسری، کە دەنوسێ:

"تەها یاسین داوای لە فوئاد کردووە، کاریان لەگەڵ بکا و رێکخراوێکی بەدیلی کۆمەڵەی سەر بە رژێم دروست بکات، هەر بەناوی کۆمەڵەوەو، ئەویش گفتی دابوو بە تەها یاسین".[1]

منالێکیش دەزانێ، ئەگەر تەها فوئادی دیبێو گفتی پێدابێ، بەدیلی کۆمەڵە دروست بکات، تازە ئەو گفتە دەبووە ماڵ لەسەر فوئاد مەجید میسری و نەیدەتوانی خۆی لێ بدزێتەوەو چاودێرییان دەکرد. خۆ تەها یاسین رەمەزان، کەسێکی ئاسایی نەبوو، هەتا فوئاد بتوانێ کڵاو بخاتە سەری.

تومەز ئەم درۆو دەلەسانە بووە، بەردەوام بۆ نەوشیروانیان بە راپۆرت نوسیووە، بۆیە ئەویش هەوڵی تیرۆرکردنی فوئاد مەجید میسری دەدا.[*]

---

١ سەرچاوەی پێشوو.

* ئازاد چاوشین، پێشمەرگەیەکی دەستوەشێنی ناو شار بوو، لە دەستەکەی مندا بوو. نەوشیروان دەمانچەو پارەی پێدا فوئاد مەجید میسری تیرۆ بکات، من نەمهێشت!

(٢)
تالیب رۆستەم قوربانیەکی رق

کارەساتی هەکاری، لێکەوتەی ناخۆش ناخۆشی لێکەوتەوە. لە روخانی هەندێکەوە، تا هەڵگەڕانەوەی هەندێکی تر. تا دەگاتە بەناچاریی تەسلیمبونەوەی بەشێکی هێزەکە.. تاقە مەفرەزەیەک بە سەلامەتیی گەیشتنەوە.

تالیب رۆستەم، نوێنەری یەکێتی بوو لە سەرکردایەتی، ئامر هەرێمیش بوو. لە خەباتی نهێنیدا، دابڕا بوو. پەیوەندی بە منەوە کرد. لەو ماوەیە، ئەرکەکانی بە رێکوپێکی رادەپەڕاند. هەر لەرێگەی ئەمیشەوە محەمەد مۆریاسیو مەفرەزەکەی رێکخران. حاجی داوودی باوکی شەهید سەلمان (هەڵۆی سوور) خزمی تالیب بوو، کاتێک خوێنی شەهیدانیان دامەزراندبوو، تالیب رۆستەم حاجی داودی پێناساندمو حاجی داودیش سەلمانی هێنایە لام. بە دڵسۆزیی خۆی، زوو چووە ریزی شۆڕشەوە. نازانم هۆیە شاردراوەکەی چییە، بەڵام کە من لە نۆکان بینیم، پێش هەڵمەتی هەکاری، زۆر بێزار بوو، زۆریش لە عەلی عەسکەری دەسڵەمیەوەو فشاری دەرونی زۆری لەسەر بوو. هەستی بە شکاندنی کەسایەتی خۆی دەکرد. تازەش لە سوریا گەڕابوەوە، پێی سەیر بوو، یەکێتی ئەو پەیوەندییە تووندوتۆڵەی لەگەڵ سوریاو موخابەراتدا هەبوو.

لە هەڵمەتی هەکاریدا، گەرچی نەیدەویست بڕوات، بردیان. لەکاتی شەڕو شۆڕشەکاندا، خۆیو بەشێکی پێشمەرگە، بەناچاریی تەسلیم بوبوونەوە. کە تەسلیم بونەتەوە، نەوشیروان بێزادە رقی لێی هەستابوو. ئەویش یەک زەڕە زیانی بە کۆمەڵەو شۆڕش نەگەیاندبوو. بچوکترین نهێنی نەدرکاندبوو. تەنانەت لەگەڵ شەهید جەمال تایەر، ناکۆکیش بونو دەشیزانی بەرپرسێکی بااڵیە، زمانی لێنەدابوو. نوسەر لە لاپەڕە (٢١٩)دا بە ویژدانەوە لە زمانی تالیبەوە دەیگێڕێتەوە کە:

"من چومە لای و تەواوی سەرگوزشتەی کارەساتەکەی لە مااڵی خۆیان بۆ گێڕامەوەو پاشان ناچاربوونی بەو تەسلیمبونەوەیە، دواجار داوای لێکردم ئاگاداری سەرکردایەتی بکەم، کە بە هیچ جۆرێ لەسەر رێکخستنی شارو نهێنیەکانی ناو کۆمەڵە و یەکێتی قسەی نەکردووەو ناشی کات، وتیشی: "من ئامادەم هەر یەکێک لەمانە، گەر سەرکردایەتی قایل بێ، بیکەم":

١- بچمەوە ناو شۆڕش و وەک پێشمەرگەیەک کار بکەم.
٢- بچمە ناو ئێران و لە دێیەکدا خۆم ستار کەم.
٣- لە هەر دێیەکی کوردستان دەڵێن و وەک هاوواڵتیەک دانیشم.
٤- بچمە دەرەوەی واڵت.
٥- گەر بە هیچی قایل نەبن، بەڵێن دەدەم گەر بنێرنە سەرم بۆ کوشتنیش ناوی بکۆژەکە نەدرکێنمو هەتا هەم خیانەت لە کۆمەڵەو یەکێتی نەکەمو نەبمە پیاوی ڕژێم".[١]

ئەو گێڕانەوەیە، سەبارەت بە تالیب ڕۆستەم، دەیسەلمێنێ کە بە هیچ شێوەیەک ناوبراو، نیازی خیانەتی کۆمەڵەو یەکێتیو شۆڕشیش نەبووە؛ پەیوەندی بە بەکری حاجی سەفەرەوە کردووەو نامەی بۆ مەکتەبی سیاسی نوسیووە. چییان لێ داوا بکردایە، دەیکرد. ئەم هەواڵانە هەموو گەیشتنە سەرکردایەتی. کەچی بەبێ پرسی ناوەندی کۆمەڵە، دوو هاوڕێی تر، کە ئەوانیش بەناچاریی لەکاتی هەکاریدا، تەسلیم بوبوونەوە، بڕیاریان بۆ دابون تالیب بکوژن، ئینجا بێنە دەرەوە. بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن. تالیب بریندار دەکرێ. هەردوو هاوڕێکە دەناسێ. بەگرتیشیان نادا. دیسان هەواڵەکە دەنێرێ کە فلانو فلانتان ناردووە.[*] دەڵێ لەکاتی تەقەلێکردنم ناسیومن. ناویشم نەبردون. تکایە وازم لێبهێنن!!

بەداخەوە، هەر لەبەرئەوەی تالیب نەدەبووە داردەستی کەس، جارێکی تر ناردیانو کوشتیان. کوشتنی غەدرێکو تاوانێکی ئەوەندە بێڕەحمانەیە، ئێستاش کە بیرم دەکەوێتەوە، موچڕک بە لەشما دێت. لەکاتێکدا، بەپێی ڕادەی تاوانەکەی دەتوانرا بانگ بکرێتە سەرکردایەتیو سزا بدرایە. نەک بەبێ دادگاو بە بڕیاری شەخسی، تیرۆر بکرایە. ئەمەش نمونەیەکی تری ئەو ڕقە بەردەوامەیە، کە نەوشیروان وازی لێنەدەهێنا، هەتا دەیگەیاندە تاوانکردن!! بەهەمان شێوە مامۆستا نەریمانیشی کوشت. نەریمان، خزمی ئەحمەد کوردەی تێکۆشەری ناسراوی یەکێتیو شۆڕش بوو. من لەمالیاندا، کۆبونەوەم کردووە، ئەوەندە دڵسۆز بوو، لە خزمێکی خۆی دەترسا، ئاگاداری کردین، کە وریابین نەکەوینە داویەوە. ئاخری ئەم زاتە، بووە مایەی شەهیدکردنی مامۆستا عەزیز مەحمود!

ئەوەی لام سەیرە، گێڕانەوەی بینینی تالیب ڕۆستەم، لەلایەن نوسەرەوە، ویژدانی تیایە. بەڵام دوورونزیک، باسی چۆنیەتی کوشتنەکەی ناکاتو خۆی لە تاوانبارەکە نەبان دەکات. ئەمیش هەر لەبەرئەوەی نەیویستووە باسی نەوشیروان بکات. بەڵکو لە ناوبراویش ترساوە!!

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١ ل(٢١٩).

* ئەو دوو کەسە هەردوکیان ماوون. یەکێکیان بزوتنەوەی گۆڕانەو ئەوی تریان وازی لە یەکێتی هێناوە!

(٣)
راستیەکانی کۆبونەوەی شێخێ

کۆبونەوەی شێخێ، لە کۆبونەوە فراوانەکانی مێژووی کۆمەڵەیە. نوسەر هەر لەسەرەتاوە لەسەر مێژووەکەی، بەهەڵەدا چووە. سەبارەت بە رووداوی شەڕەکەش؛ شەڕەکە شەوی (١١/١٠)ی١٩٧٨/١١ قەوما. نەک (١٩٧٨/١١/٥). پاشان، ئەمە دووەم کۆبونەوەی فراوان بوو. یەکەم، بە کۆبونەوەی فراوانی نەورۆز بەناوبانگە، لە نۆکاندا پێش هەڵمەتی هەکاری، لەخوار بارەگاکەی مام جەلالو عەلی عەسکەری، سازمان دا. لەم کۆبونەوەدا (٢٢) کادر، بەشداریان کرد. لە خانەقینەوە هەتا هەولێر. هەڵبژاردنیشی تیا ئەنجامدرا. بەڵام پۆستی سکرتێر دیارینەکرا. هەر لەو کۆبونەوەدا، نوسەر نامەیەکی دووڕودرێژی بۆ نەوشیروان نوسیبوو، ئەویش لە کۆبونەوەکەدا تەسکیەی کردو نیوەی دەنگەکانی هێنا. ئەم زاتە بیری دەچێتەوە، دوای ئەوەی دەرچێندرا بۆ سەرکردایەتی، ئینجا بڕیاری هاتنەدەرەوەی دا. کە هاتیشە دەرەوە، لەخۆی ناپرسێ، ئەگەر کۆبونەوەی فراوان نەکراوە، چۆنچۆنی خۆیو مامۆستا جەعفەریش، کراونەتە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە کە لە کۆبونەوەکەشدا نەبوون؟ مامۆستا جەعفەر بە قابیلیەتی قەڵەمەکەی بوو بە بەرپرسی راگەیاندن. ئەویش لەبەر بێقابیلیەتەکەی، سزا دەدرا! لەمبارەوە نەوشیروان باسی یەکەمین کۆبونەوە ئاوها دەکات:

"بۆ کۆبونەوەی کادرەکانی کۆمەڵە لە نۆکان نامەیەکی درێژی بە عەرەبی بۆ من نوسی بو".[١]

لە کۆبونەوەی فراوانی نەورۆز، لەژێر کاریگەری نەوشیروانو کەسانی تر، سالار عەزیز، لە قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردن دەرنەچوو. لەگەڵ ملازم عومەر پێمانداگرت کە غەدری لێکراوەو هەڵبژاردنەکەمان دوبارەکردەوەو دەرچوو! نەوشیروانیش نەیتوانی ڕێ لە هەڵبژاردنەوەی بگرێ! لێرەشدا دەردەکەوێ کە لەپێش کۆنفرانسەکانەوە، نەوشیروان، کەوتۆتە پیلانگێڕان.

کە دێتە سەر هۆکارەکانی کۆبونەوە فراوانەکە، دیسان بە خواروخێچیو بەپێی نەخۆشییە دەرونیەکەی باسی دەکات. لە لاپەڕە (٢٣٢)دا دەنوسێ:

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. ل(٣٢٣).

"تا ئەوکاتە کۆمەڵە بە شەرعی سەرکردایەتیەکی نەبوو، هاوڕێیانی سەرکردایەتی پێشوو لە زیندانداا بوون، کۆمیتەی شارەکان دوو ئەندامیان لە دەرەوە بوو (ئەبو شەهاب، ئیحسان نەجمو بەندە) کۆمیتەی هەرێمەکان تەنیا مەلا بەختیارو ئازاد عەبدولمەجید (عادل) مابوون، نەوشیروان بە هەڵبژاردنو بە شەرعی نە سەرکردایەتیو نە سکرتێری کۆمەڵە بوو".[1]

جارێ، لە هیچ بەڵگەنامەیەکدا باسی کۆمیتەی شارەکان لە کولەکەی تەڕیشدا نییە. هەتا برایم جەلالو ئەبو شیهاب ئەندامی بن. فەرەیدون عەبدولقادر، لە لاپەڕە (٢٢٣-٢٢٤) ی (هەڵۆ سوورەکانی قەندیل)دا تەنها باسی ئازاد هەورامی، ئەرسەلان بایز، عوسمانی نانەوا، عەبدولرەزاق سێگردکانی، دەکات. لەتەنیشتیشەوە، نەک راستەوخۆ، ئەبو شیهاب وەکو راوێژکار دانراوە. ناوی نوسەری تیا نییە.

"منیش ناردم بەشوێن شەهید (ئازاد هەورامی)داو پاش تاووتوێکردنی ئەو ناوانەی بۆ من پێشنیار کرابوو، لەگەڵ کاک (ئازاد)دا، کۆمیتەیەکمان پێکهێنا لە (شەهید ئازاد هەورامی، ئەرسەلان بایز، عوسمانی نانەوا، عەبدولڕەزاق سێگردکانی)و لە تەنیشتەوە نەک راستەوخۆ (ئیحسان نەجم- ئەبو شەهاب)و تێکۆشەرێکی بەغدا، بەناوی (سەلام برزو) دیاریکرا بوو، بەڵام دواخرا بۆ دوو سێ هەفتە. تا تەموومژی گرتنو پریشکەکانی لە بەغدا روون دەبێتەوە، ئیتر بانگ کردن یا نەکردنی (سەلام)، بۆ شەهید (ئازاد هەورامی) مایەوە. تا لەبەردەم رۆشنایی رووداوەکاندا بڕیاری لێبدات!".[2]

دەشڵێ، نەوشیروان بە هەڵبژاردنو بە شەرعیی نە سەرکردایەتی کۆمەڵەو نە سکرتێری کۆمەڵە بوو. ئەمیش راست نییە. لە نەورۆز لە کۆبونەوەی نۆکان، نەوشیروان یەکەمو بەندە دووەم دەنگم هێنا.

"شەوی (١٠/١١-١١-١٩٧٨) رژێم بە هەماهەنگی لەگەڵ رژێمی شا لە ئێران گەورەترینو پڕچەکترین پەلاماری بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی لە شێخێو ناوزەنگو دەوروبەری دەست پێکرد کە لە سەعات (١,٥)ی ئەو شەوە دەستی پێکردو تا ١١/١٩ی درێژەی کێشاو بەرەنجامەکەی رژێم تیای شکستی خوارد. ئەم هێرشەی رژێم هاوکات بوو لەگەڵ رۆژانی کۆتاییهاتنی کۆبونەوەی فراوانی دووەمی کادیرانی کۆمەڵە

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٣٢).
٢ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٢٢٣-٢٢٤).

که له گوندی شێخێ ئەنجام درا. لەم کۆبونەوەیەدا جارێکی تر سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردرا کە ئەمانە بوون:

١- نەوشیروان مستەفا سکرتێری کۆمەڵە
٢- مەلا بەختیار
٣- سالار عەزیز
٤- ئازاد هەورامی
٥- ئاوات قارەمان
٦- ملازم عومەر عەبدوڵڵا
٧- بەکر حاجی سەفەر
٨- شێخ عەلی
٩- سەید کەریم
١٠- فازیل کەریم (مامۆستا جەعفەر)
١١- مستەفا چاو رەش
١٢- دلێر سەید مەجید
١٣- ئیبراهیم جەلال".[١]

لە کۆبونەوەی شێخێدا، من تازە لە هەورامان-شارەزوور گەڕابومەوە. دۆڵی جافایەتیشمان لە خۆفرۆشان پاک کردبوەوە. لەلایەن هەموانەوە رێزم دەگیرا. کەچی مەخابن مام جەلال دەنوسێ:

"نەوشیروان هەولّی دا ئازاد هەورامیو مەلا بەختیارو چەند برادەرێکی تر لەوان دەرچن، دەنا دەرنەئەچون".[٢]

ئەم قسانەی مام جەلال، هی دوای جیابونەوەی "ئالّای شۆڕش"ن لە یەکێتی، لە چەندین شوێنی دیکەدا بە کاردانەوە باسی هاوڕێیانی ئالّای شۆڕشی کردووە. بەدڵنیاییەوە، ئەو بۆچونانە، لەو زەمانو زەمینەیەدا، لەکاتی خۆیدا، رونکردنەوەی لەسەر دەدەین. لێرەدا هێندە دەڵێین: هەر مام جەلالیش، لە سێهەمین کۆنگرەدا وتی: کە کارەساتی هەکاری رویدا، منو نەوشیروانو (١٥-٢٠) کەسێک مابوینەوە لەقەندیل. مەلا بەختیار، لە هەورامانەوە تا هەولێر شۆڕشی هەڵسانەوە. ئەم قسەیە هی ئەوکاتەیە مام ئارام

١ شاخەوان عەباس. سەفەری کوردایەتی بیرەوەریەکانی شارو شاخ ١٩٧٤-١٩٨٠. چاپی دووەم. ٢٠١٢. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادران. ل(١٧٤).

٢ مام جەلال. دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری. ئامادەکردنی: سەلاح رەشید. ل(١١١).

بووە. ئەوی تر هی تۆڕەبونە! کێشەیەکی گەورەی روداوەکانی مێژوو، لە زمانی مام جەلالو کەسانی سەرکردایەتی، ئەوەیە لەکاتی تۆڕەبونیشدا، قسەکانیان بکرێتە بەشێکی راستیەکانی مێژوو. راستیەکەی روداوە مێژوویییەکان، بە ئارامیو بەبەڵگەو بە شایەت دەنوسرێن.. نەک بە تۆڕەبوون. یان کاردانەوە!

نەوشیروان خۆی شتی وای نەنوسیووە. تەنها نوسیویەتی "من هەوڵم دا سالار عەزیز دەربچێ". باشترین بەڵگە کە مام بە تۆڕەبون ئەو بۆچونانەی دەربڕیوە. ئەنجامی هەر سێ کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەو دوو کۆنگرەی یەکێتییە. لە هەر سێ کۆنفرانسەکەدا، یەک لەدوای یەک نەوشیروانو تەکەتولی زیندان هەوڵیان دا من بۆ سەرکردایەتی دەرنەچم. هەر دەرچوم. لە کۆنگرەکانی دوو-سێی یەکێتیشدا، هەوڵێکی زۆر درا دەرنەچم.. دیسان دەرچووم. نەوشیروان مستەفا، لە دووەمینو سێهەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەدا، خۆی بە وەفدی شارەکانو کەرتو رێکخراوەکانی وتبوو: "پێمخۆش نییە مەلا بەختیار دەربچێ". لەکۆنفرانسی یەکدا، گوتبوی: "سالار عەزیزو مامۆستا جەعفەر دەربچن، کوردستان جێدێڵم". ئەو رەوشەی حیزبایەتی، پەیوەندی بە رقەوە هەیە. نەک تێکۆشانو شایستەیی بۆ دەرچونو دەرنەچون. مام جەلالیش ئەو راستییانە هەمووی باش دەزانێ.

لە خاڵی شەشەمدا دەنوسێ: "نەوشیروان مستەفا وەکو سکرتێری کۆمەڵەو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی کار بکات".

ئەم قسەیەش لەئارادا نەبووە. لەراستیدا، لە مێژووی کۆمەڵەدا هەتا بەستنی یەکەمین کۆنفرانس، شیهابو ئارامو نەوشیروان پۆستی سکرتێریان نەبووە. بەڵام وەکو سکرتێر رێزیان دەگیراو بەقسەیان دەکرا!!

(٤)
ماویزمو ناوگۆڕین

لە کۆبونەوەکەدا، پەرۆشیی گیانی هاوڕێیەتی زاڵبوو. گرفتێکی ئەوتۆی مەترسیدار لەڕێی کۆبونەوەکەو سەرخستنیشی نەبوو. هەمومان، بەشانازیی بەخۆکردنەوە لە دەربازبون لە کارەساتی هەکاریو تۆکمەیی ریزەکانی شۆڕشو کۆمەڵە، بە خەمی دواڕۆژی سەرکەوتن، لە کۆبونەوەکەدا بوین. تەنانەت لەسەر کێشە ئایدیۆلۆژیەکانیش،

ناکۆکی لەنێوانماندا نەبوو، چونکە داکۆکی لە پاراستنی هەڵەکانی کۆمەڵە نەبوو. کەمترین باسی تیۆریش هێنرانە ئاراو پەسەندکران.

لەوباوەڕەدام بەم رۆحیەتەوە، دوور لە گیانی رقو تۆڵەسەندنەوە، گرفتی بچوک گەورە نەکرابا، رقی سایکۆلۆژی جێگەی بە گیانی هاوڕێیەتی لێژ نەکردبا، لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەشدا، سیاسەتی پاکتاوکردن نەگیرایەتەبەر، وردە کێشەکان چارەسەر کرابان، نەوشیروان، خۆی نەکردبایەتە بەشێکی کێشەکانو لایەنگری لایەک دژی لایەکی تر نەبوایە، رەنگبوو، یەکەمین کۆنفرانس بکرایەتە دەستەبەری پتەوکردنی گیانی هاوڕێیەتیو لەناو کۆنفرانسەکانی تریشدا، رەنگی هاودەنگیی رشتبا. بەڵام، کاتێک فەلسەفەی هاوبەش نەکرێتە بنەمای پێکەوە تێکۆشانی حیزبایەتی، بە نیەت پاکی کۆبونەوەیەکو دوان، کێشە فکریو فەلسەفیەکان، تا سەر خەفە ناکرێن!

بەرنامەی کۆبونەوەکە، چەشناوچەشن بوو. دوا بڕیاردان لەسەر ماویزم، تا ناوگۆڕینی کۆمەڵە، پەیوەندی یەکێتیو کۆمەڵە، گەشەپێدانی راگەیاندنو دەرچواندنی ئۆرگان بۆ کۆمەڵە..تاد.

ئەم جومگە ئایدیۆلۆژیو رێکخراوەییانە، باسکردنیان لەناو دووەمین کۆبونەوەی فراوانی کۆمەڵەدا، ئەگەر پەرۆشیی کۆمەڵەو گیانی لەخۆبوردنی هاوڕێیانە زاڵنەبونایە، بابەتەکان بایی ئەوە بوون کە هەزری جیاواز سەرهەڵبدەنو گرفتی گەورەشیان لێبکەوێتەوە. بەڵام ئیدارەی کۆبونەوەکە باش درا، هەلومەرجی بابەتیی دوای کارەساتی هەکاریش، بۆچونی هاوڕێیانی نزیکخستبوەوە. مەترسی ناکۆکی بزوتنەوەو یەکێتیو کۆمەڵەش، کەوتبووە ئاراوە.

لەسەر لابردنی ئەندێشەی "سەرۆک ماوتسیتۆنگ" با پێشەکی بگەڕێینەوە بۆ ئەو هەڵە ئایدیۆلۆژییەی لە دامەزراندنی کۆمەڵەوە، چۆن ئەم ئەندێشەیە، کرایە ڕێباز.

چین ساڵی ١٩٧٠، لەسەر ئاستی جیهان، بە پروپاگەندەو ئەدەبیاتو پەرستنی "سەرۆک ماو!" هەژمونێکی بەسەر چەپە چەکدارەکانی دونیادا پەیداکردبوو. لەسەر بزاڤی خوێندکارانیش کاریگەریان ١٩٦٨ لە فەرەنساو ئۆروپا، هەبوو. بەتایبەتی، چگوارا شەهید کرابوو، ڤێتنامو لاوس دژی ئەمریکا لە شۆڕشدا بون. فەلەستینیەکان، جۆرەها سەرکردەو بەرەی چەپگەرایان دەرکەوتبوون. چینیش، لەسەر ئاستی دونیادا بەناوی دژایەتی ریڤیژنیزمو بیرکراسیەت لە وڵاتی سۆسیالیستیدا، پروپاگەندەیەکی فراوانی دەکرد.

لەسەردەمی جەلالیەتەوە، رەوتی ماویزم لەژێر کاریگەری "سازمان انقلابی" حیزبی تـودەی ئێران، لە بەکرەجۆ، سالانی (١٩٦٨-١٩٧٠) رەوتێک بە ناڕاستەی ماویزم چالاک بوون. خەسڵەتی ئایدیۆلۆژیەت وایە، کاتێک وەریدەگری، دوای ماوەیەک، وەکو سەلەفیەکانت لێدەکات. بیری ترو رەخنەی تر بایەخی نامێنێ. ئـەوەی ئۆلیڤەر روا پێیدەڵێ: کوێرەوەری پیرۆز. واتا: هزرو ئایدیۆلۆژیەت، بەبێ ئاستی روناکبیری بەرز، کە دەپیرۆزێندرێ و راتدەکیشێ بۆ کوێرەوەریەکی داخراو!

دامەزرێنەرانی کۆمەڵە (بە مام جەلالیشەوە) ئەوکاتە باوەڕی رەهایان بە ماویزمو پاشکۆیەتی چین دژی شورەوی‌و ریڤیژنیزم هەبووە. زۆر بیری لێدەکەمەوە کە، گۆڕینی ئایدیۆلۆژیەتی مام جەلال، لە پەیڕەوکردنی بیری شورەویەوە، لە پەنجاکان‌و شەستەکان، بۆ ماویزم، هۆکارە نەزانراوەکانی چین، بۆم ساغ نەبۆتەوە. تەنها هۆیەک کە دێتە بیرم، ئەوەیە شورەوی لەسەردەمی جەلالی‌و بەیانی ئازاردا ١٩٧٠، پشتیوانی پارتی-بارزانی دەکرد. ئاوڕیان لە جەلالی-مەکتەبی سیاسی نەدایەوە. ئەمەش رەنگە لەژێر کاریگەری حیزبی شیوعیدا بوبێ. ئەگینا هۆکاری ئایدیۆلۆژی بەتەنها، بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکە لە دۆستایەتی شورەویەوە بۆ جیفاریزمو ماویزم، لەناوەڕاستی شەستەکانەوە، نازانم!! کە یەکێتیش دامەزرا، مام جەلال خۆی بە کۆمەڵەش دەزانی، کەچی پەیوەندی بە شورەوی بۆ هاوکاری کردبوو. بریماکۆف مام جەلالی لە بەیروت دیبوو، گفتیشی دابویە هاوکاری یەکێتی بکەن، بەو مەرجەی نهێنیەکەی بپارێزرێ! عـادل مـوراد بۆ پەیوەندیەکەش راسپێردراوە.

مونزر نەقشبەندی (ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر-دەستچێنی موخابەرات) لە رێگەی عادل موراد‌وە زانیبوی. موخابەراتی عێراقی ئاگادار کردبوو. عێراق گلەییان لە شورەوی لەسەر ئەو پەیوەندییە کردبوو، ئیتر شورەوی، پەیوەندیەکەی پساندبوو!! ئەمە لەکاتێکدا، چین‌و ماویزم، ئەوکاتە تەنها بە پروپاگەندە هەژمونی ئایدیۆلۆژییان هەبوو، ئەگینا لەناو چیندا، دوچـاری قەیرانی ئابوری‌و دژایەتی یەکترو قەڵاچۆکردنی دەیان ملیۆن کەس بەناوی ئابوری سۆسیالیستی بوبوون. بـەڵام دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، لەو زەمـان‌و زەمینەیەدا، بەتایبەتی دوای تێکشکانی باڵی جەلالی، خۆیندنەوەی هەمەلایەنەیان بۆ ئەو هاوکێشانە نەبوو. تەنها پاڵنەری ئایدیۆلۆژییان کردبووە بنەمای بیرکردنەوە، ئەویش لە دۆخی شکستی (سیاسی-سایکۆلۆژی) دوای بەیاننامەی ١١/ی ئازار.

لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا، گەرچی نەوشیروان مستەفا، نەکرابووە دامەزرێنەر، ئاماژە سیاسیو فکریەکان پێماندەڵێن؛ نەوشیروانو شیهابی شێخ نوری ناتەبا بون. باشترین بەڵگەش ئەوەیە، هەردووکیان لەکاتی دامەزراندنەکەدا یەکیان نەبینیووە. پێناچێ "مام جەلال"یش هەوڵی ناوبژیکردنی راستەقینەی لەنێوانیاندا دابێ. چونکە هیچ کەسێک لەوانەی یاداشتی ئەوکاتەیان نوسیووە، باسی یەکتربینینی نەوشیروانو شیهاب ناکەن. باسی ناوبژی مام جەلالیش نەکراوە!! لەگەڵ ئەوەشدا، نەوشیروان لەکاتی دامەزراندنی کۆمەڵەدا، وتویەتی: پێمخۆش نییە کۆمەڵە ماویزم بێ. ئەمە لەکاتێکدا، نەوشیروان گۆڤاری رزگاری، بۆ ئەندێشەی سەرۆک ماو تەرخانکردبوو! خۆیشی لە کتێبی (لەکەناری دابونەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) باسی ئەمە دەکات. هەروەها کتێبی چەپکێک لەقسەکانی سەرۆک ماو، برایم ئەحمەدو نەوشیروان وەریانگێڕاوە. دیارە کۆمەڵە بەقسەیان نەکردووە. مام جەلالو شیهاب ماویزمیان چەسپاندووە. ماویزم رێبازی نەگۆڕدراوی کۆمەڵە بووە، هەتا دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان.. بەکردەوە ئارام، ماویزمی لە رێبازی کۆمەڵە لابرد. لە تەواوی ئەو ئەدەبیاتەی کۆمیتەی هەرێمەکاندا، یەک جاریش ناوی "ماو" نەهاتووە. ئەم راستییە لە میژووی کۆمەڵەدا، تا ئێستاش چەواشە دەکرێ.(*)

بەڵام بە بڕیاری رەسمیو، لە کۆبونەوەی فراوانی کۆمەڵەدا، بە سەرپەرشتی نەوشیروان، ماویزم لە سیاسەتی کۆمەڵەدا هەڵگیرا.

لەسەر کۆی ئەم گۆڕانکارییانە، پێشتر نوسەر پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد، کۆمیتەی هەرێمەکان لە رێبازی ماویزمی کۆمەڵە لایانداوە. بەڵام لەترسی ئەوەی نەکا لە کۆبونەوەکەدا، دەنگ نەهێنێ. متەقی لەخۆی بڕیبوو!!

بۆ ناوگۆڕینیش، دوای ئەو کۆبونەوەیە، لە ئایاری ۱۹۷۹ نەوشیروان مستەفا لەدەرەوەی وڵات بوو، سالار عەزیزو مەلا بەختیار سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی تری فراوانمان کردو ناوەکەمان گۆڕی بە (کۆمەڵەی رەنجدەران). بەیاننامەی ناوگۆڕینەکەش من نوسیمو مام جەلال کەمێک دەستکاری کرد.

---

* لە کۆبونەوەیەکی ناوەندی کۆمەڵەدا، نەوشیروان وتی: «کارێکی باشمان کرد لە کۆبونەوەی شێنێ ماویزممان لابرد». منیش بۆم رونکردەوە کە شەهید ئارام یەکەمین سەرکردەیە ماویزمی لابرد. پێی ناخۆش بوو.

(٥)
شەڕی شێنی‌و (٥٤) کۆپتەر

شەڕی شێنێ، یەکێکە لە گرنگترین شەڕەکانی شۆڕشی نوێ، هەتا شەڕی بێتواتە کرا. شەڕی بێتواتە، کاریگەرتر بوو لە شەڕی شێنێ.

هێشتا لە کۆبونەوەی فراوانی شێنێدا بوین، دواڕۆژی کۆبونەوەکە بە هەواڵی هێرشی سوپای عێراق، شلەژاین. سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی کۆبونەوەکە، بە عەسکەری‌و سیاسیەوە، گوندی (شێنێ)یان جێهێشت. لەوانە: نەوشیروان، ملازم عومەر، سالار عەزیز، ئەبو شیهاب، مامۆستا جەعفەر، ملازم سەید کەریمو برایم جەلال.. تەنها من لە گوندەکەدا مامەوە. هەمووی پشتی بەو نەخشەیە بەستبوو کە هەرێمی پارێزگاری‌و حاجی حاجی برایم، دایاننابوو بۆ پاراستنی: قوتەی مامەندە، جاسوسان، دەوروبەری گوندی شێنێ. من جێمام بەبێ ئەوەی پێمبوترێ ئەرکم چییەو چی بکەم! لەناو هێزەکەدا.

گەیشتینە نیوەشەو، قوتەی مامەندە گیرا. کە فەرماندەیەک بەناوی (سەعیدی دارایی)و هێزێکی بچوکی (٢٠-٢٥) کەسی لێدەبێ، بەرگەی هێرشەکەو سەرمای مامەندە ناگرن، بەبێ ئەوەی یەک کەسیشیان لێ شەهید یان بریندار بکرێ، مامەندە چۆڵ دەکەن. لەم جۆرە شەڕانەدا کە هێزی دوژمن زۆر دەبێو پێشمەرگە دەکەوێتە شەڕی ڕووبەڕووبونەوە، پێشمەرگە کە بێزیان دەبێو شوێنەکەشی زوو دەگیرێ، مانای ئەوەیە بەرگری کەم کراوەو زوو سەنگەر چۆڵکراوە.[*] بەیانیەکەی، سروشت بوو بە گەورەترین پشتیوانمان‌و لەناوەختدا بەفر، شەو و ڕۆژەکەش، تێی کرد. سەرمایەکی کەسیرەش هەڵیکرد. بەڵام سوپای عێراق، بەردەوام هێرشی لە سونێو پشتی ڕەزانەوە، ئاخورە، زینوێ، کیوژان، باسکی سەر لێرەوار، دەکرد. تۆپبارانێکی خەست. پۆلە کۆپتەریش پەیتا پەیتا لەسەری جاسوسان، دەووربەری بێدەلان، سەری گۆڕە شێر، هەڵدەنیشتن‌و سەربازیان هەڵدەڕشتن.

نوسەری کتێبی (چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە) لە لاپەڕە (٢٣٧)دا دەنوسێ:

"کۆپتەرەکانی ڕژێم کە پتر لە ٥٤ کۆپتەر بوون، بە نۆرەی شەش شەش ئەو ڕۆژە

---

* هاوینی ١٩٨٠ دیسان قوتەی مامەندە گیرا، بە فەرماندەیی بەندەو ملازم عومەر (٧) شەهیدو زیاتر لە (١٥) بریندارمان دا، ئینجا مامەندە ئازاد کرایەوە. بەفرو بارانیش ئەمجارە نەباری.

تا ئێواره تەقەیان لە ناوچەکە و لە پێشمەرگەکان کرد".[1]

ئەمە شایەتی یەکەممە.. (٥٤) کۆپتەر دەخەملێنێ. ناهەقیشی نییە ئاسمانی ناوچەکە کۆپتەر وەکو قەلەڕەشکە فڕکان فڕکانیان بوو.

شایەتی دووەم؛ کە نەوشیروان مستەفایە، جوانتر دیمەنەکانی شەڕی شێخێی باسکردووە، غەدریشی کردووە، بەڵام کە دێتە سەر کۆپتەرەکان، دەنوسێ:

"رۆژی دوەم دیسان، زیاتر لە ٥٠ هالیکۆپتەر کەوتەوە فڕینو تەقە. لە قۆڵی شێخێ هێرش دەستی پێ کـردەوەو، هالیکۆپتەر هێزی لە جاسوسان دابـەزانـد. هێزەکەی جاسوسان خۆیان پێ نەگیرا بە هالیکۆپتەر هەڵگیرانەوە. هێزەکەی شێخێ شکێنرا".[2] [+]

شەڕەکە (٧) رۆژی خایاند. هەر (٧) رۆژەکە، من شێخێم چۆڵ نەکرد. سێ جاریش لەگەڵ هێرشەکاندا توشی شەڕ بوین. بەردەوام، سەرم لە هەموو سەنگەرەکان دەدا. هێزی باڵەکایەتی لەم شەڕەدا نمونەی قارەمانێتییان نواند. هەر لەم شەڕەدا "زیرۆ عەبدوڵڵا" ئامر هەرێمی باڵەک نەیتوانی ئەرکی خۆی راپەڕێنێ، لێخرا. لە رۆژانی شەڕەکەدا، یەک بەرپرسی عەسکەریو سیاسی کۆمەڵەو بزوتنەوەم نەبینی، سەردانی شەڕگەکە بکەن.

"دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە مەلا بەختیار وەک سەرکردەیەک سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکردو دژە هێرشی پێشمەرگە دەستیپێکرد. سەر لێرەوارو زینویو گیوژان، بەفەرماندەیی مەلا بەختیار پاک کرایەوە".[3]

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٣٧).

٢ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ. ل(٣٦١).

+ هەردوو شایەت، لە (٥٠) کۆپتەر کەمتر لە شەڕەکەدا باس ناکەن. کەچی لە شەڕی (١٩٧٨/٢/٢٨) دوای شەهیدبونی ئارام، لەنێوان میریاسیو ئاوایی حەمەی کەرەمدا.. لە سەرانسەری ناوچەی قەراغدا، (٢٢) کۆپتەری جەنگیو باریمان بۆ هات. کە سامان گەرمیانیو ئازادی سەگرمەو ئاوات قارەمانی دەڵێن (٢٦) کۆپتەریش بووە، هەڵسوراوەکانی گۆران، لە فەیسبوکدا، بە بڕیاری گۆران، ئێستاش نەیانبڕیوەتەوە، بەوەی گوایە ژمارەیەکی زۆرمان کۆپتەر وتووە. ئەمە لەکاتێکدا ئەوکاتە ئەگەر مەفرەزەیەک یەک کۆپتەریشی بۆ فڕیبا، لەبەرئەوەی چەکەکان سوک بون، مەترسیدار بووە. ئەو کەسانەی ئەو ڕەخنانە بە مەرام دەگرن، نازانن کەوا هەتا شەڕی ئێران-عێراق، حکومەت نەخشەی گەمارۆدانو لەناوبردنی دژی پێشمەرگە ئەگرتەبەر. لە هەر شوێنێک حکومەت بە مەفرەزەیەکی زانیبا، بە پیادەو کۆپتەری زۆریش هێرشی دەکردو، سەربازی لە شوێنە سەختەکاندا هەڵدەرشت. لەئاسمانیشەوە دەستڕێژی لێدەکردن هەتا کەسیان دەربازیان نەبێ. چەندین مەفرەزە ئاوا شەهید بوون. لە پیلانی داگیرکەراندا، بەم نەخشەیە دەوترێ: گەمارۆو لەناوبردن (تطويق والأبادة).

٣ لەیادی ١٩ ساڵەی داستانی شێخێ دا، محەمەد سور شێخەیی. رۆژنامەی ئالای ئازادی. ژمارە (٢٥٦). ١٩٩٧/١١/١٧.

دوا شەوی شەڕەکە واتا (١٦/١٧)ی١٩٧٨/١٠، فەرماندەی سەربازی ئەرتەشی ئێران لە گوندی داوداوا دەبێ. بە موختارەکەدا هەواڵ بۆ مام جەلال دەنێرێ، دەڵێ: لەگەڵ عێراقدا تەنها بۆ حەوت رۆژ رێکەوتوین، تەنها سبەینێ خۆتان بگرن، هەردوو سوپاکە دەکشێینەوە. مام جەلال بە نامەیەک هەواڵەکەی پێ راگەیاندم. بەڵام کێشەمان ئەوە بوو، پێشمەرگە فیشەکیان نەمابوو. مام دلێری سەید مەجیدی راسپاردبوو، نیوەی فیشەکی پێشمەرگەکانی خڕی ناوزەنگ کۆبکاتەوەو بۆمان بنێرێ. تێکڕا نەدەگەیشتە هەزار فیشەک، گەیشتە دەستمان. دوا رۆژی هێرشەکە بۆ سەر شێنێ سەخت بوو. بە تاکتیک، بڕیارمان دا لە زنجیرەی رەزاندا پێشمەرگە پاشەکشە بکات، بۆ باکوری شێنێ. سوپا هاتە سەر مەخفەری شێنێو تەقاندیەوە. نەگەیشتە ناو گوند. دوای ئەوە تۆپبارانی خەستی کردین(*)و بۆ عەسرەکەی.. بەرەی شەڕ ئارام بوو!

نەک وەکو نوسەر، بەڵکو وەکو فەرماندەیەکی سیاسیو عەسکەری قسان دەکات. لەکاتێکدا لەو رۆژانەی شەڕدا، بۆ چا خواردنێکیش سەردانی دێکەی نەکرد. هەروا، هیچ سەرکردەیەکی تر، سەری شەڕگەکەیان نەدا. کەچی هەندێکیان، یادەوەری خۆیان نوسیووە، دورونزیک باسی راستەقینەی شەڕەکەو بونی ئێمەیان لەو روداوە چارەنوسسازەدا نەکردووە. رق تا ئەوڕادەیە! بڕوانن لە لاپەڕە (٢٣٨)دا چی دەنوسێ:

"رۆژی ١٩٧٨/١١/١٧ تینێکی زۆرمان بۆ هات، بیر لەوە کرایەوە، کە ئیزگەکەو بەڵگەنامەکانو هەندێ کەلوپەڵی پێویست کۆبکەینەوەو ئامادەی ڕەوانەکردنیان بکەین، بۆ دیوی "مالیمۆس‌و پشتی هەڵشۆ"،و خۆمان لەگەڵ پێشمەرگەکان بە سەڵتی، تا بکرێ بەرگری بکەین. دیسان لەو رۆژەدا لە عەسردا بەفرێکی زۆر دایکردەوە و ئیتر هەورو بەفروسەرما، ڕێگەی لە جوولەی کۆپتەرو سوپا گرت. ڕۆژی ١٩٧٨/١١/١٨ ئەو فەیلەقە سوپایەی کە "وەلید مەحمود سیرەت" قیادەی دەکرد. بە شکاوی گەڕانەوە قەڵادزەو ڕانیەو پایەگاکانی خۆیان. پاش شەڕێکی (٩)ڕۆژی، لەو شەڕدا تەنیا یەک پێشمەرگە بریندار بوو، بەڵام پتر لە(٥٠)سەرباز بە چەکەکانیانەوە لە بەفردا بەجێمانو ڕەقبوونەوە یا کوژران".(١)

---

* لەناو دێ، چەندین جوتیار بریندار بون. ئاژەڵێکی زۆریش بەرکەوتن. لەکاتی کشانەوەدا، لەپشتی گوندی شێنێدا، تۆپ بەر کۆتایی مەفرەزەکەمان کەوت. محەمەد کەریم کەشخە، لەناو تەپوتۆزی تۆپەکە، دیارنەما. وامزانی شەهید بووە. هاتمە لای. سەلامەت بوو. محەمەد ئێستا نوێنەری یەکێتییە لە نەمسا.

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٣٨).

جارێ، هەتا ئەوکاتە ئیزگەمان دانەمەزراندبوو. ئیزگە لە (١٩٧٩/٣/٢١)دا دامەزراو دەست کرایە پەخش.

پاشان.. بڕیار درا، بە دیوی (هێرۆ-هەڵشۆ)دا شارەزا پەیدا بکرێ، مام جەلال‌و مەکتەبی سیاسی دەرباز بکرێن. بەڵگەنامەکانیش سوتێنران. مالیمۆس هەر باسنەکراوە. مالیمۆس لەناو ئێران بوو. ئەرتەشی ئێرانیش ناوچەکەی گرتبوو!! سەبارەت بەوەش کە دەڵێ: بە سەڵتیی تا بکرێ بەرگری بکەین.. ئەم توخنی شەڕ نەدەکەوت. ئەشیویست بە بیانووی بردنی بەڵگەکان‌و شارەزایی خۆی‌و هاواری برایەوە، خۆی دەرباز بکات.

ئەوەش وا نییە کە پتر لە (٥٠) سەرباز بە چەکەکانیانەوە لە بەفردا جێمابن.

لە بەهاردا، قادر خەبات‌و حەسەن شێخێیی‌و مەفرەزەیەک چوبونە مامەندە. (١٠-١٢) سەربازی رەقهەڵهاتویان بینیبوو. تێکڕا یەک هاوەن‌و یەک ئاربیکەی‌و (٥) کلاشینکۆفیان دەستکەوتبوو.

(٦)
شێرکۆی شێخ عەلی‌و مەلا بەختیار

نوسەر، لەبەرئەوەی خۆی یادەوەریەکی شایەنی باسی نییە، بۆیە زۆربەی نوسینەکەی، گێڕانەوەی بەسەرهاتی تێکۆشەرانی تره. ئاوهاش روداوەکان، یان کلکو گوێ دەکات، یاخود دەیئاوسێنێ!!

ئەوکاتە لە شێنێ دانرابوین، ئەرکمان بوو ئاگامان لە جموجوڵی حکومەت‌و روداوەکان‌و بەڕێوەبردنی دێکەش بێ. هەتا لەو گوندە بەئەمەکەدا بوم، مایەی شانازیمە، نە خۆم‌و نە مەفرەزەکەمان، یەک شێنێ نشینمان لێ زویر نەکرد. هێندەی پێشمان کرا، خزمەتمان دەکردن. تا لەوێ بوین، یەک سکاڵامان لێنەکرا. بەڵام نوسەر، هەفتە نەبوو لەسەر تورەبون‌و خۆهەڵکێشان‌و زویرکردنی خەڵکەکە، سکاڵایەکی لەسەر نەکرێ.

لەناو گوندەکەدا، پێشمەرگەکانی شەهید شێرکۆی شێخ عەلی تەقەیەکی زۆریان دەکرد. خەڵکەکە بێزار دەبوو. منیش ناردم کە بەڵکو تەقە لەناو گوندەکەدا نەکەن. پێشمەرگەیەکم نارد بەناوی شاخەوان، خەڵکی گوندی یەخی ماڵیی بوو. چاووم لێی بوو، لە پێشمەرگەکەیان دا. ئەرکم بوو برۆم‌و نەهێڵم لێی بدەن. لەسەر ئەمە بوو بە ناخۆشیی.

ئەوان میلیان هێنایەوە، نوسەرو هەردوو براکەی نەیانوێرا هەنگاوێک بێنەپێشەوە. هەواڵەکە گەیشتبووە مەکتەبی سیاسی. کاک نەوشیروان سەید کەریمو مەفرەزەیەکی ناردو پێشمەرگەکان روداوەکەیان بۆ گێڕایەوە. ئەویش وتی: "بۆ نەتانکوشتن.. مادام ئاوا بوون". تەنانەت کە چوینە لای مام جەلالیش روداوەکەی بیستبوو، وتی: "بۆ قبوڵت کردووە لە پێشمەرگە بدەن؟ ئیجرائاتت بکردایە، چی دەبوو با ببێ". ئەم گرفتە هەر زوو کپ کرایەوە کۆتایی هات. کەچی نوسەر لە لاپەڕە (٢٤١)دا ئاوای هەڵدەبەستێ:

"لە مانگی شوباتی ١٩٧٩، ڕۆژێک شێرزادی برای شێرکۆ شێخ عەلی کە (پ،م) بوو، لەگەڵیا تەقەی لە باڵندەیەک کرد. لای بارەگاکەی خۆیان، مەلا بەختیار لە بارەگاکەی خۆیەوە، دوو پێشمەرگەی نارد، بزانن کێ تەقەی کردووە؟ بیگرنو بەچەککراوی بیبەنە لای مەلا بەختیار. پێشمەرگەکان پاش تاقیبو گەڕانەوە، پێیان وتبوو: لە مەقەڕی بزووتنەوەوە کراوە، مەلا بەختیار بە تووڕەبوونو هەڕەشەو گووڕەشەوە، پێشمەرگەکانی لای خۆی کۆکردەوەو بەرەو بارەگای شێرکۆ ڕۆیشتو بە هاوارو هەڕەشە داوای تەسلیمکردنو چەککردنی شێرزادی کرد. ئەم کارە بووە، هۆی لێک دامەزراندنی هەردوولا، پاشان ئێمەو هەندێ لە خەڵکی شێنێ کەوتینە بەینەوەو نەمانهێشت تەشەنە بکا".[١]

ئەمە بەڵگەیە بۆ دڕدۆنگی دەرونی نوسەر، کە هەموو ڕاستیەک دەشێوێنێ. لەهەمان لاپەڕەدا، دەشنوسێ:

"لەڕاستیدا مەلا بەختیار تازە سەرکردەیەکی گەنج بوو، لە هەر شوێنێک بوایە، خۆی بە مەسئولی ئەو ناوە دەزانی، و پێی وابوو، دەبێ خەڵکی کڕنوشی بۆ بەرن. ئەم ڕووداوە ئەوەندەی تر، کاری کردە سەر بزووتنەوە، بەتایبەتی، کە پاش شکاتی ئەوان لای مام جەلال و کۆمەڵە، هیچ کاردانەوەیەک بەرامبەر مەلا بەختیار نەکرا".[٢]

ڕاستە من تەمەنم ئەوکاتە (٢٦) ساڵ بوو. خۆ مام جەلالیش کە یەکەمین جار کراوەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، تەمەنی (٢٨) ساڵ تێنەپەڕیبوو. چگوارا لە هەمان تەمەندا، بوو بە ڕەمز. زۆربەی سەرکردەکانی کوردستان هەر لەو تەمەنەدا، ناویان دەرکردووە. وەکو تر: دەی نوسەر تەمەنی ئەوکاتە (٣٤) ساڵ بوو، بۆچی یەکێتی هیچ پلەیەکی عەسکەرییان پێنەدا. خۆ لە پەنجاکانیشەوە لە پارتی بووە. ئەی بۆ کە کرایە بەرپرسی لقی کەرکوک،

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٤١).
٢ سەرچاوەی پێشوو.

به سزادراویی لابرا. هەمووی لەبەرئەوە بوو هەرگیز خۆی لە قەرەی شەڕ نەدەدا. هەمیشەش گرێکوێرەی ئەم ترسنۆکییەی بە ئاژاوەی ناو کۆمەڵە قەرەبوو دەکردەوە.

ئەوەی نوسەر باسی دەکات، شەهید شێرکۆی هەر تیا نەبوو. تا ئەوکاتەی گرفتەکەش هێمن کرایەوە، شێرکۆ نەهاتبووە شێنێ. ئیتر بۆچی کێشەکە لەنێوان منو ئەو شەهیدەدا بێ. ئەگەر هەڵەیەکی بچوکیش لەبەرامبەر تەقەی پێشمەرگەکانی شێرکۆ کرابێ، من کردومە. نە تەقەکردنەکەو نە کاردانەوەکەش، پەیوەندی بە شێرکۆوە نەبوو. نەک ئەمە، من لە زنجیرە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی (NRT)دا، کە پرسیاری شەڕی سێوکانیان لێکردم تیایدا جەمالی عەلی باپیرو شێرکۆ شەهید بوون، هێشتا من نەگەیشتبوومە بارەگای شێرکۆ، و گوتم: تاقە شەڕ لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، کە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیش ئەنجامدراوە، ئەو شەڕەیە کە پەشیمان بومەتەوە. ئێستاش دەڵێم: پەشیمانم لەو شەڕە. دەشتوانم بڵێم: لەدوای ئەو هەموو کێشانەی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە، نەدەبوو رازی بم بە سەرپەرشتیکردنی ئەو شەڕە. گەرچی، نامەی شێرکۆو ملازم تایەر گیرابوو، دەیانویست، هێرش بکەنە سەر سەرکردایەتی، ئەوان لەپشتەوەو لەپێشەوەش، لە بێدەلانەوە هەڵبکوتنە سەرمان، لەگەڵ پارتی!

(٧)
راپەڕینی ئێرانو نوسەر!

دوای سەرکەوتنی شەڕی شێنێ، روداوی گەلێ چارەنوسساز لەئێراندا رویدا. خۆپیشاندانەکان لە سەرکەوتن نزیک دەکەوتنەوە. ئەمەش بۆ باشوری کوردستانو بەتایبەتی یەکێتی، وەرچەرخانی سیاسی بوو. رووداوەکە زۆر گەورە بوو. بەڵام لە سەرکردایەتی یەکێتیدا، تەنانەت مام جەلالیش، بەرچاومان روون نەبوو، ئاکامی راپەڕینی گەلانی ئێران دەگاتە کوێ؟! نەشماندەزانی رۆژهەڵاتی کوردستان چارەنوسیان چی دەبێ؟!

– لەلایەکەوە، بزوتنەوەیەکی مەزهەبی گەورەو کاریگەر بە رابەرایەتی ئیمام خومەینی، لەراپەڕینەکەدا بالادەست بوو.

– لەلایەکی ترەوە، جەبهەی میللیو دیموکرات–لیبراڵەکان سەرکردەی دیارو ئەستێرەی رابەرانیان لە گەشییدا بوو.

– چەپەکان، بەتایبەتی چریکەکان،[*] سەرکردەکانیان هاتبونەوەو بزاڤێکی بەهێزیان هەبوو.

– شا هەڵدەهاتو سەڵتەنەت تەلەبەکان، هەرەسیان هێنابوو. سوپاو ژاندارملیو چریکەکان (جاشەکانی شا) تێکوپێک چووبون.

– موجاهیدینی خەلقی ئێرانو ناوبانگی مەسعود رەجەوییش، لە تاراندا، دەدرەوشایەوە.

– تەنها حیزبی تودە، گەرچی ناویان هەبوو. بەڵام لاواز بوون.

– رۆژهەڵاتی کوردستان، بەگشتی خەڵکەکە خرۆشابونە ناو راپەڕینەکەو ناکۆکیەکی ئەوتۆ لەسەرەتاوە لەگەڵ رابەرایەتی خومەینیدا، دەرنەکەوتبوو.

– مامۆستا شێخ عیزەدین، ناوبانگی دەرکردبوو، رۆژانـە لە ئیزگەکانی لەندەن، مۆنتیکارلۆ، چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرا.

– بیستمان بە بێدەلانداو لەڕێگەی رەسول مامەندو بە حیمایەی ئەوانیش، د.قاسملوو سەرکردەکانی دیموکرات، گەڕاونەتەوە. ئەمەش نیشانەی ناکۆکی بوو لەگەڵ یەکێتیدا.

– کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، جموجوڵیان بەناوی "شوراکان"ەوە هەبوو. د.جەعفەر و سەید برایمو پاشان مامۆستا برایمیش، گەڕانەوە رۆژهەڵاتو رەوشێکی چەپی بەهێز، لـەدەوری ئـەوانو گروپە چەپەکانی تر کۆبونەوە. مام جـەلال زۆری هاندان خۆیان رابگەیەنن و کاتی خەباتی نهێنی نەماوە. کردیشیان.

راپەڕینی گەلانی ئێران، سـەرەتـا، لای یەکێتی وا لێکدەدرایەوە کە بۆچونەکانی سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی بۆ خەباتی ناوکۆیی گەلانو هێزە دیموکراتو چەپەکان، راستو دروست دەرچوو. هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشیشەوە، ئەم تێزانەی یەکێتی سەبارەت بە جۆشدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی هێزە پێشکەوتوەکانی ناوچەکەو عێراق، لەلایەن بزوتنەوەی سۆسیالیستیەوە، قووت نەدەچوو:

---

[*] چریکهای فیدایی خلق. ۸/ی شوباتی ۱۹۷۱ دامەزراوە. بەهێزترین رێکخراوی چەپی ئێرانو ناوچە بوو، هەتا دوای روخاندنی شا. بەڵام دوای ئەوە، خوێندنەوەی هەڵەیان بۆ دۆخی ئێران هەبوو. سێ جیابونەوە رویدا لەناویاندا. مانگێک دوای روخانی شا، سەرکردەیەکیان بەناوی حەمادی شیبانی گیرا. کۆبونەوەیەکی فراوانیان لە گۆڕەپانی زانکۆی تاران بۆ ئازادکردنی رێکخست. خۆم لەوێ بوم (٥٠٠) هەزار کەس ئامادە بوون. بەوپەڕی حەماسەوە، هاواریان دەکرد: حەمادی شیبانی ئازاد بایەد گەردەد. بەڵام ناکۆکیو جیابونەوە، دایڕزاندن. کە لێیان قەوما، لە وڵاخلوو حەمادی شیبانیم بینی. هەمووی (١٠) کەسی لەگەڵدا نەبوو. چەپی رستەی بریقەدار، هەرگیز سەرناکەوون!

"کوردستانی داگیرو دابەشکراو لەنێوان چەندین دەوڵەتی رۆژهەڵاتدا ئەشێت بەهۆی پەرەسەندنی کوردایەتیی شۆڕشگێڕانەوە ببێتە هۆیەکی گرنگی بەیەکەوە گرێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی عەرەبو کوردو فارسو تورکو ئازەرو کڵپەسەندنی بڵێسەی ئاگری شۆڕشێکی دیموکراتی نوێ لە رۆهەڵاتدا".[1]

ئەمە ستراتیژو ئایدیۆلۆژیەتی یەکێتی بوو. بۆیە کە راپەڕینی گەلانی ئێران هەڵایسا، مام جەلال بێڕادە دڵی خۆشبوو. هەموو هەوڵێکیشی دا کە لەگەڵ لایەنە چەپو شۆڕشگێڕەکاندا، سەنگەر تێکەڵاو بکات. هەر ڕێکخراوێک، چەپ، دیموکرات، ناسیۆنالیستی، هاتبان بۆ لای یەکێتی، هاوکاریی دەکردن.. نەک هەر بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان.. بەڵکو بۆ سەرانسەری ئێرانیش. بەڵام بەرە بەرە چەپ شکان. دیموکراتەکان پاشەکشەیان کرد. لە هەڵبژاردنی ئێراندا، هەم شیعەکان سەرکەوتنو هەم دەستوری گەلپەسەندی هەمیشەیی ئێران، کرایە ویلایەتی فەقیە. تەنانەت موجاهیدینی خەڵقیش، کە سەدان هەزار لایەنگریان هەبوو، بەرگەیان نەگرت.

لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، داوای مافە دیموکراتیەکان پەرەی سەند. لەسەر چۆنیەتی بەدیهێنانی مافەکان، کۆمەڵە بە جۆرێکو دیموکرات بە جۆرێکی تر، بیریان لە چارەسەر دەکردەوە. مامۆستا شێخ عیزەدینیش هێڵی ناڤینی دەگرتەبەر.

کۆمەڵە، بنمیچی داخوازییەکانی بەرز رادەگرتو دیموکرات ریاڵیتر بوون.

"دانوستانەکان هێشتا دەستییان پێنەکردبوو. پێش گرتنی پادگانی مەهاباد، دکتۆر قاسملو یاداشتێکی بۆ خومەینی نوسی کە لەوێدا دەنوسێت (حەزرەتی ئیمام) تۆ تا ئێستا سەلماندوتە لەگەڵ سەرەڕۆییو دیکتاتۆری خەبات دەکەیتو ئازایانە لەگەڵ کێشەکان بەرەوڕوو دەبیتەوە، وەرە لەبەر حەقیقەتو مێژوو تۆ کە پێت دەڵێن بت شکێن ئەو بتەش کە پێیدەڵێن جیاخوازی بشکێنەو کێشەی کورد چارەسەر بکە. (شتێکی ئاوا بوو، ئێستا وشە بە وشە لەبیرم نییە) دڵنیابە کە قەت مێژوو ئەو خزمەتە گەورەیە لەبیر ناباتەوە. ئەوکات ئەوەمان کرد".[2]

سەرەنجام لەسەر (قطعنامەی -٨- مادەیی) ڕێکەوتن. بەڵام حکومەتی ئێران، «قطعنامە»کەی ڕەتکردەوە. ئاکام، شەڕ دەستپێکردەوە. بەڵام شەڕێکی نابەرامبەر بوو.

---

١ هەواڵنامەی کوردستانی عێراق. یەکەمین هەواڵنامەی شۆڕش. ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی-٢٠١١. ل(٢٤).

٢ عەبدوڵڵا حەسەن زادە-سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەفشینی مدریسی- (لەرۆژهەلاتەوە ٤). ٢٠١٩. ل(٩٨).

سەدان هەزار پاسدار تاڕادەی خۆکوژیی هێرشیان کردە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان، دوای (٣ مانگ) کۆنترۆڵیان کرد. لایەنە کوردستانیەکان، هانایان بۆ یەکێتی هێناو لەسەر ئەرزی واقیعو شەڕدا، لەم دونیایەدا، تەنها یەکێتی پشتیوانیی کردن. بەکردەوەو ئاشکرا، هیچ دەوڵەتێکو لایەکی تر بەهانایانەوە نەهاتن. تەنانەت موجاهیدینی خەلقو چریکو چەپەکان، لەکاتی هێرشکردنە سەر شارەکانی رۆژهەڵات، خۆپیشاندانێکی گەورەشیان لە تاران ئەنجام نەدا. هەموو ئەو لایەنانەش کە لەخۆیان قەوما، هانایان بۆ کوردستان هێنایەوە!!

حکومەتی عێراق، لەگەڵ حیزبی دیموکرات، پەیوەندی دێرینەی هەبوو. هاوکاریشیی دەکردن. بەڵام هاوکارییەکە تەنها لۆجستیو چەکی تاکتیکی بوو. ئەوەی عێراق دوای ساڵێک بۆ موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی کرد، لە چەکی قورسو راگەیاندنو لۆجستی، سەدان بەرامبەر هاوکاری دیموکرات بوو.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆرشگێڕ، زۆر دوودڵ بوو لە پەیوەندی پێوەکردنی عێراق. لەگەڵ مام جەلال لە شێنێو لە بارەگای ئێمەدا کۆبونەوە. مام بۆی رونکردنەوە، ئەمەی خوارەوەم لەبیر ماوە:

خەسڵەتی خەباتی چەکداریی وایە، لە کوردستاندا، کە ناچار دەبی دەبێ پەنا بۆ یەکێک لە حکومەتەکان بەریت. ئێستا هاوکاری لێوەربگرنو بەدوریشی دەزانم لەمکاتەی جەنگدا، مەرجتان بەسەردا بسەپێنێت.

عەبدوڵڵای موهتەدیو سەید برایم، لە کۆبونەوەکە بون. هەروا مامۆستا شێخ عیزەدینو سەلاحەدین موهتەدیش، ئەمانیش رازی بونو جەختیشیان کردەوە کە هیچ مەرجێک کە سەربەخۆییمان پێشێل بکات، لەعێراقی قبوڵ ناکەین.

نوسەر، لەسەر بابەتی لاوەکی چەند لاپەڕەیەک دەنوسێ، بەڵام تەنها لاپەڕەو نیوێکی لەسەر ئەم وەرچەرخانەی رۆژهەڵات هەژێنە نوسیوە، ئەویش، تەنها بۆئەوەی تانەو تەشەر بگرێتە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، کە تێکچونی دۆخی ئێرانیان بە هەل زانیو بەوپەڕی خۆشییەوە گەڕانەوە، لەبری تەقدیرکردنی گەڕانەوەکەیان، کەچی دەیانشکێنێ.

(٨)
هەڵگەڕانەوەی د. فوئادو هەڵهاتنی عادل موراد

لەو لاپەڕەو نیوە کاڵو کرچەی لەسەر وەرچەرخانی سیاسی ئێران، نیوەی تەرخان کردووە بۆ رقە دەرونیەکەی. ئەمجارەیان دژی دوو سەرکردەی دامەزرێنەری یەکێتی. لە لاپەڕە (٢٤٣)دا دەنوسێ:

"کە چوومە ژوورەوە پاش بەخێرهاتنیان، زۆرم لا سەیر بوو، کە د.فوئاد مەعصومم دی و مام جەلال هەمومانی بە یەکتر ناساند، من وتم: د.فوئاد دەناسم "د.فوئاد" لای سەیر بوو، کە دەیناسم پاشان بیرم هێنایەوە کە لەپاش ئازاری ١٩٧٠ من دوورخرامەوە بۆ بەسرە بە تۆمەتی گوایە "جەلالیم". ئەویش لە بەسرە لێپرسراوی ناوچەی مەلایی بوە بانگی کردم بۆ محاسەبە، وای دەزانی لە بەسراش دەستیان دەڕوا دەمەقاڵەیەکی باشمان بوو، سەیر بوو "د.فوئادێکی" مەلایی دژە جەلالی بە قودرەتی قادر، هەڵگەڕایەوە، بووە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، کە سکرتێرەکەی مام جەلال بوو".[1]

سەیری ئەم بێنەزاکەتییە بکەن! یەکەمین جار، د.فوئاد مەعسوم دەبینێ، لەبری پێشوازی گەرم، بیری خستۆتەوە کە (٩ ساڵ) پێشتر لە بەسرەدا، وەکو جەلالیەک لێپرسیوەتەوە. لەلایەک ئەمەیان بەڵگەی وشکو برینگی نوسەرە، لەلایەکی تریشەوە، نیشانەی ئەوەشە کە ناوبراو، چەند دڵڕەش بووەو هیچی بیر نەچۆتەوە، لە یەکەمین چرکەساتی بینینی پیاوێکی دڵفراوانی وەکو د.فوئاد، ناکۆکی رابوردوی داوەتە رووی.

ئینجا، سەیرتر لەوەش، دەنوسێ: "د.فوئادێکی" مەلایی دژە جەلالی بە قودرەتی قادر، هەڵگەڕایەوە، بووە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، کە سکرتێرەکەی مام جەلال بوو".

لەمەیاندا، بێنەزاکەتیی بێڵەزەت کردووە. ئەوکاتە هاوارمان دەکرد کە یەکێتی جەلالی نییە، کەچی ئەم هەر لەو روانگەیەوە قەزاوەت دەکات. د.فوئاد مەلایی بووە، خۆ نەیشاردۆتەوە. بەڵام ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرە. دەیتوانی ببێتەوە بە (قیادەی موەقەتە-پارتی). کە نەبووە، لەبەر گۆڕانکاریەکانی دوای هەرەسی شۆڕش بۆتە یەکێتی، نەک لەبەر هەلپەرستی. لەبری ئەوەی گوتبای، زۆرم پێخۆشە دەستەی دامەزرێنەریو گەڕاویتەوە کوردستان.. هەمومان ئیتر لەسەر ڕێبازێکی ترین. کەچی نەیتوانیوە گینگڵە دەرونیەکەی پەنا بدات، رەقو تەق، رقەکەی هەڵڕشتووە.

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٤٣).

کە دێتە سەر باسی عادل مورادە، نوسەر دەڵێ: "هەندێ بیروڕای خۆی دەربڕیوە سەبارەت بەو بارودۆخەی ئەوسای یەکێتیو ئێرانو عێراق نەوشیروان زۆر بەتوندی بەرپەرچی دایەوە".[1]

ئەمەیان، لە سەرگوزشتەکەی د.فوئاد، زۆر زیاتر گەوهەری نوسەر دەردەخاتو دەشهێنێ، شیبکەینەوە.

لەسەر گرفتی پێشمەرگەی ئێمەو شەهید شێرکۆ، وەکو کەتنێکی گەورە باسی دەکات. لەکاتێکدا خوێن لە لوتی پێشمەرگەیەک نەهات. کەچی کە دێتە سەر باسی سکرتێری کۆمەڵە، بەو روشکێنییە لەگەڵ ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر دەدوێ، ئەمە بەشانازیشەوە دەیگێڕێتەوە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەم جۆرە رووشکێنییە، کوتومت لەگەڵ دەرونە رقاویەکەی دەسازێ.

ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر، تەنها ویستویەتی بۆچونی خۆی دەربڕێ، نە هێزی هەبووە. نە قسەی رەقی کردووە. بە کۆڵێ پەژارەوەو بە دڵخۆشی بۆ کۆبونەوەی سەرکردایەتی گەڕاوەتەوە، یەکەمین کۆبونەوەشە بەشداری تیادا دەکات، زمانی هەڵهێناوە، کەچی دەمکوت کراوە. دەبوایە نوسەر، بەخەفەتێکی قوواڵەوە باسی روداوی ئاوها بکات. نەک بەشانازییەوە. لەوەش خراپتر، لەدرێژەی وتوویژەکەدا، باسی ئەمەش دەکات:

"شەو ویستی دوو بە دوو گلەیی لە نەوشیروان بکات، بەڵام نەوشیروان بە رەقی وەڵامی دایەوەو پێی وت (جەنابتان وا سێ ساڵە، لە سوریاو ئۆروپا رادەبوێرنو ئێستا کە هاتونەتەوە دەتانەوێ رای خۆتان بسەپێن، فەرمون خۆتانو جانتاکانتان خواحافیزتان بێ)".[2]

ئەمەیان زۆر خراپتر. چەند جومگەیەکی مەترسیدار لەو باسەدا هەیە، کە ئەو رەوشە دەمکوتکردنە، ساڵەهای دوای ئەوەش درێژەی کێشا. تەنانەت بەرامبەر خودی نوسەریش. جومگە مەترسیدارەکان ئەمانەن:

-جەنابتان سێ ساڵە لە سوریاو ئۆروپا رادەبوێرن.

-دەتانەوێ رای خۆتان بسەپێنن.

-فەرموون خۆتانو جانتاکانتان خواحافیزتان بێ.

---

١ سەرچاوەی پێشوو.

٢ سەرچاوەی پێشوو.

ئەم دیالۆگە زبرە، جگە لە سەپاندنی تاکرەوایەتیو سەرکوێرکردنی سەربەستی رادەربڕین، چی تر دەگەیەنێ؟

نەوشیروان مستەفا، بەوشێوەیە لەگەڵ سەرکردەیەکو لەناو کۆبونەوەی سەرکردایەتیدا، وای قسە کردبێ، ئیتر بزانرێ بە نهێنیو بۆ سەپاندنی نەخشەکانی، چۆن پیلانی گێڕاوەو چۆنچۆنییش هەوڵی شکاندنو پەراوێزخستنی هەرکەسێکی داوە، کە بچوکترین گومانی لێی بوبێ.. هاوڕای نەبوبێ!!

بە سەرکردەیەک دەڵێ: چەند ساڵێکە لەدەرەوە رادەبوێری. بیری چۆتەوە خۆیشی زیاتر لە عادل مورادلەدەرەوە بووە. ئەو ساڵانەی لەدەرەوەش بووە، دووروونزیک توخنی کوردو کوردایەتیش نەکەوتووە. عادل مورادلە شۆڕشی ئەیلولەوە، یەکسەر چۆتە سوریاو بەردەوامیش تێکۆشاوە.

بەئاسانیش پێی وتووە، جانتاکانتان هەڵگرنو بڕۆن. کەسێک، ئەو هەموو دەسەڵاتەی لەکوێ بوو، بتوانێ ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری سەرکردایەتی لەناو شۆڕش دەربکات؟![*]

(٩)
ئیزگە و رابواردن

ئیزگەی گەلی کوردستان.. کە سەرەتا بە ئیزگەی شۆڕشی عێراقی هەڵگیرساو لە چیاکانی کوردستانەوە، کرایەوە. چیرۆکە راستەقینەکەی چۆنیەتی کڕینی، عادل مورادلەدەرەوەی وڵات باسی کردووە. لە تورکیاوە، شەهید نەجمەدین-نەجۆ- گەیاندیە دۆڵی گۆستە. دوو ساڵ، بە پشتی وڵاخ گوێزەی پێکراوە. هەندێک جار دەپێچرایەوەو لەسەر شاخ، لە زستاندا خلۆر دەکرایەوە خوارەوە. چیرۆکی ئیزگە دەهێنێ، نوسەرێک وردەکاریەکەی کۆبکاتەوەو چیرۆکێکی سیاسی جوانی لەسەر دارێژێ.

ئەم ئیزگەیە، لە ئەندازیارەکانی یەکێتیو دۆستەکانی، هەوڵێکی زۆر درا سەری لێدەربکەن، بەڵکو بیخەنەکار. نامەی جۆراوجۆر بۆ شارەکان دەنوسرا، سودی نەبوو.

---

* لە کۆبونەوەکە بوم.. قسەکان راستن. لە دووەم جاردا، کە عادل مورادویستی کێشەکە باسبکاتەوە لەگەڵ نەوشیروان، قسەی ناخۆشتری پێووت. هی نوسین نین! ئیتر چووە ناو سۆسیالیست!

هەتا، ڕێکخستنەکانی دەرەوە، ئەندازیارێکی تەکنیکی کارامەو ئازایان لە کوەیت دۆزییەوە. کە ئەوکاتە شانەیەکی ڕێکخستنی یەکیتی لیبوو (تەلعەت گلی) پێی وترابوو، ئازایانە بە سەیارەی خۆی هاتبوەوە، گەیاندیانە سەرکردایەتی. لەماوەی هەفتەیەکدا، خستیە کار. نوسەر لە لاپەڕە (٢٤٥)دا دەڵێ:

"ئیزگە لە گوندی نۆکان بە هیمەتی هاوڕێ تەلعەت گلی ناسرا بە (ئاشتی) و بە بەشداری د.خدر مەعسومو ئیحسان نەجم ناسراو بە "ئەبو شەهاب"و بەندەش. ئیزگەکە ڕۆژی ١٩٧٩/٣/١٩ خرایە ئیشو د.خدر بۆ گاڵتە هاواریکرد "ئێرە ئیزگەی دەنگی برایم جەلال"ە، مام جەلال لەوە تورە بوو".[١]

جارێ خۆزگە رونی بکردایەتەوە، ڕۆڵی خۆی چی بوو؟ تێدەگەین ئەبو شیهاب تەکنیسیۆنو دەستڕەنگین بوو. د.خدریش بەرپرسی لقو سەرپەرشتی پاراستنی ئیزگەکەی دەکرد. ئەی جەنابی نوسەر فەرمانی چی بووە..؟! دیارنییە؟!

پاشان، لەبەرئەوەی نەخۆشیی خۆ بە زلزانینی هەیە، نەشیدەتوانی کاری گەورەی لەدەست بێت (جگە لە ئاژاوە) توخنی شەڕیش نەدەکەوت.

د.خدر، تاقە پزیشکی ئەوکاتە بوو، کە لەسوریاوە گەڕایەوە. پیاوێکی بە هیمەت بوو. باشیش لەگەڵ دۆخی ژیانی پێشمەرگایەتی دەگونجا، گەرچی لەدەرەوەی وڵات بڕوانامەشی هێنابوو. دوای مفاوەزاتی ١٩٨٤، لەگەڵیا گەشتێکی سیاسی دەرەوەی وڵاتمان کرد، هەتا بڵێی خۆش مەجلیس بوو. بەردەوام خەریکی نوکتەو کاڵاوخستنەسەر دەوروبەری بوو. کورتیەکەی هۆگری رابواردن بوو. بەڵام نەک بۆ شکاندنی کەس، بەڵکو بۆ خۆشیی. قەتیش غەدری لە کەس نەدەکرد!

نوسەر، ئەوەی لا گرنگ بوو ناوی بهێندرێ. بە ناوهێنانی لە کۆبونەوەیەک، بەسەرهاتێک، هی شار یان شاخ، بەهەر چەشنێک بوبێ، ئاسودە دەبوو. لە کردنەوەی ئیزگەکەدا، نالێ بۆ لەگەڵ تیمەکەدا بووە، بەڵام د.خدر کە پێی رابواردووەو گوتویەتی "ئێرە ئیزگەی دەنگی برایم جەلالە" شاگەشکە گرتویەتی. تەنها بۆ رابواردنیش بووەو هیچی دیکە. بەڵام لای نوسەر لەبەر ناوهێنانەکەی رابواردنەکەیشی پێخۆشبووە. خۆیشی دەنوسێ: "مام جەلال پێی تورە بووە". بۆ تورە بووە، چونکە مام زانیویەتی پێی رابواردووەو ئیزگەش لە تێستا بووە، خەڵک گوێیان لێبووە. شوێنی رابواردن نەبووە.

وەکو تر، لە مێژوودا تۆمارە کە یەکەمین کەس (مەلا بەختیار) ئیزگەکەی کردۆتەوە. تەلعەت گلی (ئاشتی) لە چرکەساتی کردنەوەی ئیزگەکەدا، وێنەی گرتومو مێژووی گرتنی

١ هەمان سەرچاوە چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٤٥).

وێنەکەشی لەسەرە. پێش کردنەوەی ئیزگەکە بە ڕەسمی، بۆ تێستو رابواردن د.خدر، بەوشێوەیە قسەی کردووە لە ١٩/ی مانگدا، بۆیە لە چاوپێکەوتنێکدا وتوێەتی یەکەمین کەس من لە ئیزگەدا قسەم کردوە. بەڵام قسەکە تێستو رابواردن بووە بە "برایم جەلال" ئەگەر ئەو تێستکردنە، کردنەوەی ئیزگە بوبێ بە ڕەسمی، چۆن دەوترێ "ئێرە دەنگی برایم جەلالە"؟ بۆچیش مام جەلال تورە بووە؟

نوسەر ئەو ڕاستیانە باش دەزانێ. باشیش دەزانێ کە چەند ڕۆژێک بەندە ئیزگەکەم دەکردەوەو گوتارەکانم دەنوسیو دەشمخوێندنەوە. بۆئەوەی ئەم ڕاستیانە نەڵێ، هەر دوای ئەو پەرەگرافە لەلاپەڕە (٢٤٥)دا دەڵێ:

"بە بڵاوکردنەوەی چەند سروودێکی نیشتمانی بۆ ماوەی ٢٠ بیست دەقیقە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢١ ئیزگەکە کرایەوە".[١]

سرود لێدرا. بەڵام سەرەتا بەناوی (ئێرە دەنگی شۆرشی عێراقی هەڵگیرساو لە چیاکانی کوردستانەوە) وترا. پاشان، مژدەی کردنەوەی ئیزگەکە بە خەڵک وترا. کورتە وتارێکی لەبەرم لەسەر شۆڕشو قارەمانێتی پێشمەرگە خوێندەوەو چەند جارێک هەر ئەو ڕۆژە پەخش کرا. هەواڵی سەرکەوتنی پێشمەرگە بە فەرماندەیی سالار عەزیز بەسەر قیادە موەقەتە لە "دزڵی" بڵاوکرایەوە. ئەمە یەکەمین هەواڵی عەسکەری ئیزگەکە بوو. ڕۆژی دوایی، لەگەڵ (پشکۆی سەعید ناکام) تەسجیلێکی کۆنو شریتی گۆرانی گوگوشمان پەیدا کرد. چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال بەبۆنەی نەورۆزەوە کرا. مام لەسەر چیچکان دانیشتبوو. سۆسیالیست تازە جیابوبونەوە. حاڵەتی دەرونی دڕدۆنگ بوو. من دەمویست، لە ئیزگەی خۆمانەوە، نەبینە بڵندگۆی پروپاگەندە بۆیان. بۆیە بە "مام"م وت: باسیان مەکە. وتی: کەمێک باسیان دەکەمو گەورەیان ناکەم. کە دەستیکرد بە قسە، حەماس گرتی، بیست دەقیقە، بەوپەڕی شۆڕشگێڕانەوە، بەبێ نوسراو، قسەی کرد. پێنج دەقیقە باسی لادانی بزوتنەوەی لە ڕێبازی یەکێتی کردو جەختی کردەوە کە ئەمانە بە فیتو فات، هەڵگەڕاونەتەوە. شۆڕشی کوردستانو یەکێتی (بەقسەی مام) لەو هەلپەرستو تێکدەرانە پاکبۆتەوەو شۆڕش ئیتر باشتر ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات.

کە مام لێبوەوە، تومەز گۆرانیەکەی گوگوشمان نەسرپیبوەوەو بەسەریا وتارەکەمان تۆمارکردبوو، کاتێک هەر لەبەرچاوی مام، لێماندایەوە، وتارو گۆرانیەکە ئاوێتە بوبون. مام پێکەنی. سڕیمانەوە. سەرلەنوێ وتارەکەی تۆمار کردەوە. ئەمجارە خەستتر هێرشی کردە سەر بزوتنەوە!!

١ هەمان سەرچاوە. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٤٥).

(١٠)
حیزبی شیوعی‌و شۆڕشی نوێ

حیزبی شیوعی، کە لە قۆناغە هەرە سەختەکان (کەمترین قۆناغی ئاشتییان دیووە) بەپێی ڕێبازی خۆیان خۆڕاگر بوون. حیزبە دێرینەکانی بیستەکان‌و سییەکان، لەچاو ئەماندا، هیچیان بەسەر نەهاتبوو، هەڵوەشانەوە. نوسەر لە ڕقی ناکۆکی ئایدیۆلۆژی ماویزمەوە، سێ لاپەڕەی پڕ لە ڕەخنەی لە لاپەڕەکانی (٢٥٦-٢٥٨) لەسەر نوسیوون. پرزەی لێبڕیون. بەندە بە دڕێژایی مێژووی سیاسیم، ئایدیۆلۆژیەت‌و سیاسەتی حیزبەکەم بەگشتی بەدڵنەبووە. بەڵام نوسینی بابەتیی، ڕێگەم نادا، حیزبێکی دێرین‌و قوربانی بەخش‌و مێژوویی ئاوها، بە ڕق چز بکەم. کە چزیش ناکرێن.

کۆمەڵە، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، بەبێ قوڵبونەوە لە کێشەی شورەوی-چین، خۆی کردە پاشکۆی چین. ئەمە لەکاتێکدا، چین هەر ئاوڕیشی لە کۆمەڵە نەدایەوە.(*) هیچ نەبێ حیزبی شیوعی کە پەیڕەوی لە سیاسەتی شورەوی دەکرد، پەیوەندییان پێکەوە هەبوو، هاوکاری دەکران‌و لەکاتی لێقەوماندا دالّدە دەدران. کادرەکانیان دەخرانە بەر خوێندن‌و بریندارو نەخۆشەکانیان چارەسەر دەکردن. لە کۆڕو کۆنفرانسی حزبەکانی پرۆ شورەوی، بەشدار دەبون.

کۆمەڵە، لەدوای ئەوەی بەر شالاوی گرتن کەوت‌و کۆمیتەی هەرێمەکان دامەزرا، دەمانبیست نێوان حیزبەکەو بەعس باش نییە. لەڕێگەی شەهید "شوان عەلی-شامیل"ەوە کە باوکی ئەندامی ناوچەی سلێمانی حیزبی ناوبراو بوو، ناڕاستەوخۆ پەیاممان دەنارد کە هەین‌و ئامادەین بۆ دۆستایەتی. جارێکیان نێوانیان لەگەڵ عێراق، ساردی تێکەوتبوو، عەزیز محەمەد، بەدزیەوە هاتبووە مالّی باوکی شوان. لەگەڵ شەهید ئارام لە مالّی ئاوات قارەمانی بوین، کە دراوسێی مالّی شامیل بون. ئارام رازی بوو عەزیز محەمەد ببینێ،

---

* هاوینی ٢٠١١، وەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتی د.کەمال فوئاد، ئەرسەلان بایز، ئازاد جوندیانی، کافیە سلێمان، هاوژین مەنمی‌و بەندە، بە ڕەسمی سەردانی چینمان کرد. لە کۆبونەوەیەکی ڕەسمی لەگەڵ مەکتەبی سیاسییاندا، من ڕەخنەم لێگرتن‌و گوتم: کۆمەڵە، زیاتر لە (٥)سالّ پەیڕەوی لە سیاسەتی چین‌و ماوتسیتونگ دەکرد. پێشمەرگەو فەرماندەکانی بە ئەستێرەی سووری ئێوەوە، شەهید دەکران. کەچی ئێوە، ئاوڕیشتان لێنەدایەوە. گوتیان: ئەم ڕەخنەیە دەگەیەنینە بالاترین دەسەلات. ئێمە ئەو مەسەلەیەمان هەر نەزانیووە. کە هاتینەدەرەوە، هەڤاڵ کافیە سلێمان، وتی: بەو قسانەت دەستم بە گریان کرد.

بەڵام ئەو وتبوی: کاتی نییە. بۆ هەڵێکی تر. لەوانەبوو، ئەم دوو سەرکردە تێگەیشتووە، یەکیان دیبا، لایەنی کەم لەسەر هەندێک مەسەلە رێکەوتبان. لەوانەبوو!

کە شۆرش دەستیپێکرد، لە ئەدەبیاتی ناو وڵاتو دەرەوەشدا، بەدەگمەن نەبێ، هێرش نەدەکرایە سەر حیزبی شیوعی، گەرچی لەناو بەرەی نیشتمانی بەعسیشدا بوون. ئەگەرێکی سیاسی چاوەڕوانکراو بوو، لەگەڵ بەعس تێکبچنو بێنە دەرەوە. ئەمە جگەلەوەی نەدەویسترا شورەوی لە شۆڕشی نوێو یەکێتی بڕەنجێندرێ. ئەم قسانە بۆیە بیر دەخەمەوە، هەتا بزانرێ، لەلایەکەوە کۆمیتەی هەرێمەکان، تەنها بە جەزبەی ئایدیۆلۆژی ماویزم بیری لە شۆڕش نەکردۆتەوەو دەست لە دژایەتی ریڤیژنیزم هەڵگرتنیش، لە ئەدەبیاتدا، وەکو دووربینیەکی روداوەکان، زادەی ئەو سیاسەتە دروستە بوو!

مام جەلالو دەستەی دامەزرێنەریش، بێئەوەی لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکاندا، لەسەر ئەم سیاسەتە قسەش کرابێ، یان لە هیچ نامەیەکی مام جەلالدا رایسپاردبێ، ئەو سیاسەتە بگرینەبەر، ئەوانیش لەدەرەوەدا، هەمان سیاسەتیان پەیڕەو کردووە. بەمەشدا دەردەکەوێ کە:

هەلومەرجی بابەتیی، دیاریکەری سیاسەتی شۆڕشگێڕانەیە، نەک دروشمی سووری سواوی دابڕاو لە هەلومەرجە بابەتیەکە.

نوسەری (چەپکێک)، نەک لەکاتی خۆشاردنەوەی کۆمیتەی هەرێمەکاندا، هزری خوێندنەوەی ئەو هاوکێشەیەی نەدەبڕی، بەڵکو لەدوای شۆڕشیش، هەر بە پێپێوی کۆن کێشەکانی دەپێوێت.

راستە حیزبی شیوعی، لەگەڵ بەعسدا لە حوزەیرانی ١٩٧٣ چونە بەرەیەکەوەو هەتا تشرینی دووەمی ١٩٧٨یش بە سیخناخی لەگەڵیاندا هەڵیانکرد. پێشتریش لەگەڵ رژێمی قاسم هەڵەی سوکتریان کرد. بەڵام، تەنها ئەو حیزبە، ئەو هەڵە قورسو سوکەیان لە نیو سەدەی رابوردودا کردووە.

– کام حکومەت هاتبێتە سەر کار، لە زەمانی ئینگلیزو شێخ عبدولسەلامی بارزانی شەهیدەوە، هەتا بارزانیو ئێستای پارتی، ئامادە نەبون لەگەڵیاندا رێک بکەون.. ئەوە حکومەتەکان بون مافی کوردیان نەدەسەلماند. نەک سەردارو سەرکردەکان دانوستانیان رەتکردبێتەوە!

– باڵی مەکتەبی سیاسی–جەلالی. لەگەڵ عەبدولسەلام عارف، عەبدولڕەحمان عارفو پاشان بەعس ١٩٦٦–١٩٦٨ بەردەوام پەیوەندییان هەبوو، بەبێ ڕێکەوتنێکی سیاسی کۆنکرێتیش.. بە هێزی چەکدارو شەڕی خۆکوژی ناوخۆشەوە.

– لە شۆڕشی نوێدا.. یەکێتی لە ساڵی ١٩٧٧وە هەتا دوای ڕاپەڕینیش، ناوبەناو دانوستانی نەکردووە؟

– ئەی پارتی، ناوبەناو نەیکردووە؟

– ئەی سۆسیالیست، ناوبەناو نەیکردووە؟

– ئەی بەرەی کوردستانی.. دوای ئەنفالو کیمیابارانیش، نەیکردووە؟

هەڵوێست فرۆشتن ئاسانە. بەڵام هەر نوسەرو سیاسیەک، ڕوداوەکان، ڕاستیەکان، بڕیارو دەستکەوتەکان، پاڵپشتی بۆچونەکانی نەبن، هەڵوێستو ڕەخنەکانی وەکو بڵقی سەر زەلکاون، ڕەنگیان جوانە، بەڵام پڕن لە میکرۆب.(*)

لەکۆتاییدا ڕێژنەیەک ڕەخنە، هەروەکو بیەوێ بڵێ؛ لە هەموو سەرکردایەتی یەکێتی، زیرەکتر بوم، لە لاپەڕە (٢٥٨)دا دەنوسێ:

"یەکێتی هاتنی حزبی شیوعی بۆ ناو شۆڕش و دەرچونیان لە جوغزی بەعس زۆر لا گرنگ بوو، بە ڕوداوێکی مێژوویی وەرچەرخانێکی گەورەی دەزانی بەتایبەت مام جەلالو هەندێ لە برادەرە عێراقیە کۆمەڵەکان، کە ئایندە دەریخست تەواو پێچەوانە بوو"(١)

ئەمەیە کەسایەتی نەرجسیەتی. پێیوایە، لەبەرئەوەی کاتی خۆی بە کەللەڕەقی، نەک بە لۆژیکی سیاسی، دژی حیزبی شیوعی بووە، ئیتر هەتا هەتایە، هەر ئەو بۆچونە ڕاستە. بۆچونەکە نابەستێتەوە بە زەمانو زەمینەی خۆی، بە هاوکێشەکان، بە لاوازبونی شۆڕش، بە پێویستی شۆڕش بۆ پشتیوانی نێودەوڵەتی، بە شەڕی ناوخۆ.. بە کۆنتێکستی (ڕێڕەوی) ڕوداوەکان..تاد. هیچی ئەوانە نابینێ. چونکە نوسەر هەمیشە ڕوداوەکان، لە کونی دەرزیەوە دەبینێ. نەک بە مایکرۆسکۆبی ئەقڵ!

---

* ساڵی ١٩٨١ سیمینارێکم بەناونیشانی (حیزبی شیوعیو مەسەلەی کورد) لە هۆڵی شەهید شیهاب– خڕی ناوزەنگ، گێڕا. ڕەخنەی بابەتیم لێگرتن. بە تۆمارکراوی ماومە. یەک قسەی زبرم بەرامبەر نەکردن.

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم–٢٠١١. ل(٢٥٨).

(١١)
هەڵەی شیوعی‌و مەلای بانیخێڵانی

دورونزیک، کێشەکانی ناو حیزبی شیوعیم نەدەزانی. نەشمبیستبوو بەو رادەیە بەهادین نوری (ئەبو سەلام) لەگەڵ مەکتەبی سیاسیاندا کێشەی لەمێژینەی هەیە. لە مەڵبەندی یەکدا زۆرتر لەگەڵ (مەلا عەلی)دا لەسەر بێلایەنبونیان قسەم دەکرد. بێئاگا لەوەی، زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی‌و هەموو مەکتەبی سیاسی حیزبەکە، لەتەک بەهادین نوریدا ناکۆکن‌و هەموشیان هەڵوێستەکەیان پێ خراپ بووە، لە شەڕەکەدا بێلایەن بن. بەڵام بۆ ویژدان، هێندەی پەیوەندی بە پەیمانی دووقۆڵیمانەوە بوو، لە سنوری مەڵبەندەکەدا، بەهادین‌و مەلا عەلی، بەڵێنەکەیان بردەسەر. کارێکی مێژوویشیان کرد. بەڵام خووی کوردە، هەڵوێستی باشیش، تێکەڵاوی رقی سیاسی کۆن‌و نوێ دەکرێ. بۆیە، ئەمانیش سزا دران.

رۆژگار دەریخست، مەکتەبی سیاسی هەردوولا و ناوەندی کۆمەڵەش، بە تاکتیک باسی ئاشتی دەکەن. سیاسەتی راستەقینەیان، تێکوپێکدانی یەکتر بوو. لەسەر ئەو هەڵوێستەی بڕیاری لێدانی شیوعیەکانم جێبەجێ نەکرد، یەکێتی سزایان دام. لەبەرامبەریشدا، حیزبی شیوعی غەزەبی لە بەهادین نوری‌و مەلا عەلی‌و ئەو هاوڕێیانەیان گرت، کە شەڕیان نەکرد. کەچی لە هەردوولا، ئەوانەی شۆڕشەکەو دۆخەکەیان خەڵتانی خوێن کرد، شانازییان پێوە کرا!

با بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەنامەو شایەتەکان، لەمبارەوە، چی دەڵێن‌و چۆن بڕیاریانداوە:

"کە چەکدارانی یەکێتی شەڕیان بە (پارتی)و (سۆشیالیست) دەفرۆشت، حزب داوای لە (بەهادین) دەکرد کە پشتیوانی (جود) بکەن دژی خۆفەرزکردن‌و شەڕفرۆشتنی یەکێتی. (بەهادین) بڕیارەکانی حزبی ئەنجام نەدەدا. کاتێکیش چەکدارانی یەکێتی پەلاماری پشت ئاشان‌و سەرکردایەتی حزبیان دا، سەرکردایەتی حزب داوای لە (بەهادین) کرد هێزی پشتیوان بۆ سەرکردایەتی بنێرێ، نەی نارد. داوای لێ کرا ئەوانیش لەشارباژێڕو شوێنەکانی تر پەلاماری یەکێتی بدەن، تا فشارەکەیان بۆ سەر بارەگای سەرکردایەتی کەم بێتەوە ئەوەشی نەکرد. بەڵام رێکەوتننامەکەی (کەمپی دێوانە)ی لەگەڵ ئیمزا کردن. تەنانەت لەوکاتەدا یەکێتی بۆسەیەکیان لە قەرەداغ بۆ هاوڕێیانمان دانا هاوڕێ (گۆران)و (ئازاد کانی ساردی)یان شەهید کردو ژمارەیەکی تریان لێ بریندار کردین، ڕەدی ئەو جۆرە دەستدرێژیانەشیان نەدایەوە".[1]

---

١ ئەحمەد بانیخێڵانی. یادەوەرییەکانم. چاپی دووەم- سلێمانی-٢٠١٤. ل(٤٤٧-٤٤٨).

ئەم بڕیارانە، چەندین جومگەی مەترسیداری تێدایە:

یەکەم: کە چەکدارەکانی یەکێتی شەڕیان بە (پارتی)و (سۆسیالیست) دەفرۆشت، حیزب داوای لە (بەهادین) دەکرد کە پشتیوانی (جود) بکەن دژی خۆفەرزکردنو شەڕفرۆشتنی یەکێتیی.

تا بیرەوەریەکەشی نوسیووە، مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی، بەو هەموو ئەزمونو هێمنیەی کە هەیبوو، رقی لە دڵ دەرنەچووە، دەڵێ: چەکدارەکانی یەکێتی.. بە پێشمەرگەشیان نازانێ.

گریمان وایە، شەڕەکە بە پارتیو سۆسیالیست فرۆشراوە، دەی کەوابێ، یەکێتی خۆی لە شیوعی پاراستووە. نەشیویستووە شەڕیان بکات. مەلا ئەحمەد کە وەکو سەرکردەی عەسکەری یەکەم، ئەوکاتە بڕیاری داوە، دەبوایە ئەم سیاسەتەی یەکێتی بقۆزێتەوە، حیزبەکەی لە شەڕ دوربخاتەوەو سیاسەتی ناوبژیکردن، گەرمتر بکات. کەچی پێچەوانەکەی سەپاندووە!

دووەم: کاتێکیش چەکدارانی یەکێتی پەلاماری پشتئاشانو سەرکردایەتی حیزبیان دا، سەرکردایەتی حیزب داوای لە (بەهادین) کرد هێزی پشتیوان بۆ سەرکردایەتی بنێرێ، نەینارد.

ئەم بڕیارە، نیشانەی نەشارەزایی سەرکردایەتی حیزبی شیوعییە لە جوگرافیای-سیاسی، ئەوکاتەی ناوچە ئازادکراوەکان. ئاخر لەکوێوە بەهادین نوری بتوانێ هێز بنێرێ؟ ناوچەکە هەمووی کۆنترۆڵکراوە. پارتیو سۆسیالیست لە سنوری مەڵبەندی یەک تێک شکابونو هەڵهاتبوون. ئەم هێزەی بەهادین ئیتر چۆن دەیتوانی بەهانای سەرکردایەتیەکەیانەوە بچێ؟

ئاشکرایە، بەهادین نەیکردووە. ئەی خۆ مەلا ئەحمەد دەڵێ: مەڵبەندەکە زۆربەیان بەقسەی بەهادینیان نەکردووە، بەتایبەتی (ئەبو تارا). هێزێکیشی بردە سورێن، ئەی بۆ ئەمان فریایان نەکەوتن؟ ئەو بڕیارانە، تەنها بۆ ئەوە بووە، خۆیان لەو سیاسەتەی شەڕخوازی شکستیان هێنابوو، نەیاندەویست بەهادین نوری، بەو هەموو ناکۆکیەی لەگەڵیاندا هەیەتی، تەنانەت لەم سیاسەتە باشەشدا، سود وەربگرێ. کورتیەکەی، گەڕیان پێ کردووە.

جەخت دەکەمەوە، ئەو رێکەوتنە بۆ شەڕنەکردن لەنێوان حیزبی شیوعیو یەکێتیدا، لەگەڵ شەخسی بەهادین نەبوو. بەڵکو لەتەک حیزبی شیوعی، لەبەر پێگەی حیزبەکەیان

بوو، لەکوردستانو عێراقو دەرەوە. بەڵام سەرکردایەتی حیزبەکە، لێکدانەوەی دیکەیان بۆ رێکەوتنەکە هەبووە. پێیانوابووە منو بەهادین، کەینوبەینی تریشمان لەژێر سەردایە. کە پاشان رۆژگار دەریخست، منو بەهادین، کە لە گوندی تەکیەدا، هەوارمان هەڵخستبوو، لەڕوی ئایدیۆلۆژیو سیاسیەوە زۆر ناکۆک بوین. تاقە مەسەلە کۆیدەکردینەوە شەترەنجمان پێکەوە دەکرد.

"ئەو دەمە (بەهادین نووری)ش هەر لەو گوندە دەژیا، بۆیە سەرەتا کردمانە گاڵتە و وتمان: کاک بەختیار لەنێو خەڵکیدا دەنگوی ئەوە هەیە، تۆ و بەهادین نووری لە تەکێ خەریکی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقن! مەلا بەختیار دەستی کردە پێکەنینو وتی: وەڵا پەیوەندیی منو کاک بەهادین هەر ئەوەندەیە، پێکەوە یاری شەترەنج ئەکەین"[1]

لەدوای راپەڕینیش، لە دەرکردنی گۆڤاری "دیموکراسی"، لەکۆبونەوەی ئامادەکاری دەرکردنی گۆڤارەکەدا.. وتم:

مادام بەهادین نوری لەم پرۆژەیەدا بەشدارە. سەرناگرێ. کۆبونەوەکەم جێهێشت. (خالید دلێرو بەکر حەسەنو حەمەفەریق حەسەن) لە کۆبونەوەکە بون.

هەر لەبەر بەهەڵەچونەکەیە، هەمیشە هەستمدەکرد، حیزبی شیوعی ئەو هەڵوێستە جوامێریەی مەڵبەندی یەک، وەکو رویدا تەقدیر ناکەن.

مەلا ئەحمەد، دوو لاپەڕەی (٤٨١-٤٨٢)ی بۆ ئالای شۆڕش تەرخانکردووە. یەک دێڕی نوسینەکەشی، دژی پێشێلکردنی ئازادیەکانی ئەوسای یەکێتی نەنوسیووە. ئەمە لەکاتێکدا، هێشتا خوێنی دیلە کوژراوەکانی قەندیلیان وشک نەبووبوو! لەوەش خراپتر، ئەم پەرەگرافەمان لەسەر دەنوسێ:

"زۆری پێ نەچوو لە پاییزی ١٩٨٥دا یەکێتیی هێزێکی پێشمەرگەی بە سەرکردایەتی کاک شەوکەتی حاجی موشیر نارده سەر مەلا بەختیارو بە قۆڵبەستراویی هێنایان بۆ سەرکردایەتی یەکێتیو تۆبە نامەیەکیان پێ نووسیو لەو پاکانەکردنەیدا لە هەموو کردەوەو چالاکییەکانی خۆی پەشیمان ببووەوە، ئەو کارەی ئەنجامیان دابوو بە خیانەتی لەقەڵەم دا. داوای لە ئەندامو پێشمەرگەکانیشیان کردبوو چاو بە هەڵوێستی خۆیاندا بگێڕنەوەو بگەڕێنەوە باوەشی یەکێتی. ئەمەش پاش ئەوەی کە دادگای یەکێتی بڕیاری ئیعدامکردنی دەدەنو نزیکەی (٣٦) کادیرو سەرکردەی یەکێتی ئیمزای بڕیارەکە دەکەن. بەڵام جێبەجێکردنی بڕیارەکە لەسەر دوا ئیمزا واتە ئیمزای مام جەلال دەمێنێتەوە.

١ سالار رەشید. ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئێمە نەچوو. چاپخانەی تاران. چاپی یەکەم ٢٠٢٠. ل(٤١٧).

بەڵام مام جەلال حوکمی گوللەبارانکردنی مەلا بەختیار ئیمزا ناکاتو بەشێوەیەکی تر لەسێدارەی دا. ئەوەبوو تۆبەنامەو پاکانەکەی مەلا بەختیاریان بە دەستخەتی خۆی بڵاوکردەوەو نوسخەیەکیشیان دا بە حزبی ئێمەو زۆر لایەنی تر".[1]

سەیرە؛ چ رقێک لەناخیا، بەرامبەر بێلایەنکردنی شیوعیەکان لە مەڵبەندی یەکدا، پەنگیخواردووە. وشەگەلی وا بەکاردێنێ، ئێستا یەکێتیو ئەوانەی ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە، بەکاریناهێنن. وەکو: قۆڵبەستراوی؛ تۆبەنامە؛ پاکانە؛ خیانەت..تاد.

ئێستا کە ئەم رونکردنەوانە، لەسەر یادەوەریەکانی ئەو تێکۆشەرە ماندووەی رێبازی حیزبەکەی دەنوسم، ئەگەر بە لۆژیکی ئایدیالیستیش بدوێم، گەردنی ئازاد دەکەم. وەکو شەخسی، بەرپرسیارێتیەکە هەڵناگرێ. سیاسەتی حیزبەکەی وا بووە. هەروەکو چۆن سیاسەتی حیزبەکەی منیش بەوشێوەیە بوو، کە رویدا. مێژووش دەریخست، هەردوو سیاسەتەکە هەڵدێری بۆ هەردوولا هێنا. ئەم رونکردنەوەیەش تەنها بۆ مێژوو دەبوایە منیش لە روانگەی خۆمەوە راستیەکان بڵێم.

(١٢)
لقی کەرکوک‌و شەرمەزاریی!

کەرکوک، هەمیشە شادەماری ستراتیژیی کوردو یەکێتیی بووە. بەدرێژایی سەدەی بیستەمیش، لە راپەڕینەکانی شێخ مەحمودەوە، هەر وا بووە. بۆیە، لە سەرەتای شۆڕشەوە، لە پەیکەرەی رێکخراوەیی یەکێتیدا، کەرکوکیش لقی بۆ دانراوە. یەکەمین جار من کرامە لێپرسراوی (١٩٧٧–١٩٧٨) دووەم جار مامۆستا عەزیزی شەهید (١٩٧٨–١٩٧٩). من پێش کارەساتی هەکاری کرامە ئامر هەرێمی هەورامان–هەڵەبجە. واتا: بەرز کرامەوە. مامۆستا عەزیز شەهید کرا. ئیبرایم جەلال، هەڵەبجەی بەجێهێشت. دوای ئەم، ئازاد هەورامی کرایە بەرپرسیاری لقی کەرکوک هەتا دانوستانەکەش، بەجوامێریی مایەوە. واتا: تاقە بەرپرسیار، کە ئەرکەکانی جێبەجێ نەکردو شکاو سزا درا، لە لقی کەرکوکدا، نوسەری کتێبی (چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە)یە! کەچی لە نوسینی چۆنیەتی چونی بۆ ئەو لقە، نەک لە لێپرسراوانی لقی پێش خۆی، بەڵکو لە شەهید ئارامیش خۆی بە سەرکەوتوتر دەزانێ.

١ ئەحمەد بانیخێلانی. یادەوەرییەکانم. چاپی دووەم– سلێمانی–٢٠١٤. ل(٤٨٢).

با وێستگە وێستگە، لەگەڵ ئەم (شۆڕەسوار!!)ەی گەرمیانو کوێستانی کوردستان، گەشتێکی هەڵسەنگاندن بکەین.

ڕۆژی ٣/٢٦، کەوتۆتەڕێ. لە لاپەڕە (٢٦١-٢٦٢) دا دەڵێ:

"زۆرم لا خۆش بوو، کە بۆ لێپرسراوی لقی دووی کەرکوک دانرام، سەبارەت بەوەی، کە هەم لە ناوچەکە شارەزا بووم. هەر لە ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤ وەک ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی لەوێ بووم‌و بارەگاکەی لە ناوچەی قەراغ بوو، هەم ئامر هەرێمەکەی فەیسەڵ تاڵەبانی، هاوڕێی چەند ساڵە و هاوبیرم بوو".[1]

کەوابێ، ئەم شۆڕەسوارە، پێشینەی هەیەو دوو ساڵ لەدوای ١٩٦٣وە، ئەندام ناوچە بووە. شەهید سیروانیش هاوڕێی بووە. بە هەموو پێوەرێک، دەبێ سەرکەوتوو بێ.

جارێ بۆ مێژوو ئەوە ڕونبکەمەوە کە: ڕاستە شەهید سیروان هاوڕێی نوسەر بووە. ڕاستیشە هەتا کۆمیتەی هەرێمەکان دروست بوو، دوای سێ مانگیش، هەر هاوڕێی بوو. بەڵام کاتێک ناکۆکی کەوتە نێوان نوسەرو شەهید عەبدولڕەزاق‌و چەند هاوڕێیەکی تر، لەسەر شۆڕشکردن‌و نەکردن، ئەوان لایەنگری شۆڕش نەبوون، پاساوەکەشیان ئەوە بوو، مەترسی لەسەر ژیانی شیهاب‌و هاوڕێکانی هەیە. ئێمەش دەمانگوت: تازە ئەوان گیراوون‌و بەپێی ئەو بەڵگانەی لەسەریانە، یان وتویانە، دادگایی دەکرێن. ئۆباڵی شۆڕشکردن لەئەستۆی مام جەلال‌و کۆمیتەی هەرێمەکانە. شەهید عەبدولڕەزاق، مەترسی تریشی هەبوو، ئەویش ئەمەیە کە دەیگوت: مام جەلال‌و د.خالیدو عەلی عەسکەری زاڵدەبن‌و کۆمەڵە لاواز دەبێ.[*]

سیروان کە لێیان تێگەیشت، پەیوەندی بە منەوە هەبوو. دوو ناسنامەی ساختەشی بەناوی جیاوازەوە، بەناوی فەرمانبەری خانەنشینی لقی کەرکوک‌و لقی سلێمانی بۆ دەرکردم. تا بڵێی ئامادەباشی هەموو ئەرکەکان بوو. لەو ڕەوشە دابڕا و بەوپەڕی تواناوە کەوتە چالاکی‌و ئامادەیی دەربڕی لە مەفرەزە سەرەتاییەکاندا بێ، قسەی تریشی لەسەر نوسەر دەکرد، بەڵام نامەوێ بیانگێڕمەوە. لەبەرچاوی شەهید سیروان، لە گردی سەیوان، لەگەڵ نوسەردا لێکهەڵبەزین، ئەوەی رویدا.. ئەویش ناگێڕمەوە!!

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٦١-٢٦٢).

* فوئادی مەجید میسری، هەمان ڕای هەبوو. دوای دەستپێکردنی شۆڕش سواڕەی ئەحمەد عارف‌و تەها باراویش هەمان ڕایان لا دروست بوو. لە سوریاش فەرهاد شاکەلی‌و عارف کەریم‌و برایم عەبدەلی‌و ملازم سەردارو هاوڕێی تریش، لەگەڵ نەوشیروان نەگونجابون‌و دورکەوتنەوە. هەمان ڕایان لا دروست بوبوو.

که دێته سەر بەرنامەو بڕیارەکانی، لە لاپەڕە (٢٦٢)دا دەنوسێ:

"هەوڵدەدەین چەند جەوڵەیەکی دووڕودرێژ بە ناوچەکانی قەرەداغو بازیانو گەرمیاندا بکەین، کە تائەوکاتە نە شەهید ئارامو نە شەهید مامۆستا عەزیز بەو فراوانیەو بگرە لە چەند دێیەکی ناوچەی قەرەداغ تێپەڕیان نەکردبوو".[1]

کاری راست بێ کە جەوڵەی دووڕودرێژی کردووە، بەڵام ناوی دێهاتەکان کە بۆی ڕۆیشتون، نابات. دەشڵێ: شەهید ئارامو شەهید مامۆستا عەزیز چەند دێیەکیان تێنەپەڕاندووە.

مادام ناوی دێهات نانوسی، کەواتە: ئەوە جەنابتی چەند دێیەکت تێنەپەڕاندووە. پاشان کاری شەهید ئارام تەنها گەڕان نەبوو بە دێهاتدا. ئەو ڕابەری کۆمەڵە بوو، بۆی هەبوو لەشوێنێکدا دانیشێو سەرپەرشتی کارەکانو نوسینەکان بکات. لەڕاستیدا هەڵەی شەهید ئارام، کە خۆیشی لەسەری دانا، ئەوە بوو شاخو دێیەکی هەرە سەختی لەسەر سنور، یان لە قەندیلو هەڵگوردو دۆڵی جافایەتی هەڵنەبژارد، بیکاتە ناوەندی سیاسی. سەرەڕای ئەوەش، ئارام، چاوەڕێی گەیشتنی ملازم عومەری دەکرد، هەتا ناوچەکەی ڕادەست بکاتو جێی بهێڵێ. نەک وەک نوسەر، کە کێشەکان قورس بوون، هەڵبێ!!

بەڵکو لە نوسینێکی تردا، نوسەر، ناوی ئەو دێهاتانە بنوسێ کە مام جەلال هەتا مفاوەزاتی ١٩٨٤ جەوڵەی تیا کردبن. بەهۆی شەڕی ئێران-عێراقەوە نەبا، مامو مەکتەبی سیاسی، قەت خڕی نێوزەنگیان جێنەدەهێشت. بۆ ڕابەر، خۆقایمکردن لە شوێنی سەختدا، بڕیاری دروستە.. نەک جەوڵە!

(١٣)
لاساریێكو جاسوسێك

لە هەموو ئەو چوار-پێنج مانگەی لە لقی کەرکوکدا بووە، یەک شەڕی نەکردووە. کە پێشمەرگە شەڕیان کردووە، نزیکیشیان بووەو تەقەی لەسەر نەکردون.

کەسێکیان گرتووە، ڕەوشتی لاسارانە بووە لەگەڵ کوڕانو کچاندا. شکاتی لای نوسەر لێکراوە. ئەویش ئاوای دادگایی کردووەو لە لاپەڕە (٢٦٤)دا باسی جوامێریی خۆی ئاوەها دەنوسێ:

---

١ هەمان سەرچاوە. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٦٢).

"داوامـان له خەڵکەکه کرد چ بڕیارێک به شایستەی ئەو گەنجه تاوانباره دەزانن هەمویان داوایان کرد سەرو برۆی بتاشرێو به پەند بکرێ، لەسەر داوای خەڵکەکه له چەند لاوه سەری تاشرا و کرا به خەریتەو لایەکی سمێڵو برۆشی تاشرا و هەر یەک له شایی کەران تفیان لێکردو بەجێمان هێشت".[1]

به فەرمانی سکرتێری کۆمەڵە، لەسەر دڵداری، پێشتر باسمان کرد، دوو کچو دو دڵدارەکەی دەکوژرێن. ئەمیش، کەسێکی گرتووه. وەکو سەردەمی کۆیلایەتی، چارەنوسی لاساریەکەی داوەته دەستی خەڵک، ئەویش بۆ شایی‌و رەشبەڵەک له دێی (کودەمیر) کۆبونەتەوه. له چەندین لاوه سەری کابرایان تاشیووه، سەریان کردۆته خەریتەو سمێڵو برۆیشیان داپاچیوه، گوایه، کردویانەته پەنگ!!

ئەم سزایه، سزای سەردەمی کۆیلایەتیه. لەناو ئەو خەڵکەی بۆ شایی هاتوون، زەوقی خەڵکەکەشیان تێکداوه. نوسەر، ویستویەتی لاوازی خۆی به زەبروزەنگی وا بشارێتەوه، که بەرپرسێکی به هەیبەته. گوایه بەمه کارێکی قارەمانانەیی!! ئەنجامداوه. ئەمه لەکاتێکدا دەبوایه، لەناو خەڵکەکه بیروباوەڕی شۆڕش‌و رەوشتی شۆڕشگێڕانەی باسکردبا. گوتبای: ئەم بەدڕەوشته، به لێکۆڵینەوه تاوانەکەیو سزاکەی دیاریدەکرێ. نەک وەک قەرەقۆش، بڕیاری لەو چەشنه بدات.

لەدوای ئەوه، باسی جاسوسێک بەمشێوەیەی خوارەوه دەکات، گوایه له دێیەکدا، کەسێک لەکاتی کۆبونەوەدا، زۆری خزمەت کردون‌و گومانی لێ پەیدا کردووه. ئاکام بڕیاری داوه:

"منیش شەهید ئاسۆی دەلاکو ئازادی شێخ رەئوف‌و شەهید هاواری برام نارد بەدوای گەنجەکەدا، هەر که چووبونه ماڵەکەیی‌و بانگیان کرد یەکسەر وەرەی ڕووخابوو که هێنایان له یەکەم پرسیارو لێکۆڵینەوەدا دانی بەوەدا نا که ڕژێم له دەربەندیخان داوای لێکردووه یەکێک لەم (س) ناوانه بکوژێ (سامان، سالح که مامی خۆی بوو، سۆران بوو که ڕابەری سیاسی هەرێمەکه بوو، سیامەند که بەندە بوو".[2]

دەستی خۆشبێ، ئەمه یەکەمین کاری شۆڕشگێڕانەی بووه لەناو شۆڕشدا. ئەنجام چی بووه؟ هەر لەو لاپەڕەیەو دوای ئەو پەرەگرافه دەنوسێ:

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٦٤).

٢ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٦٤-٢٦٥).

"پاشان لەسەر داوای مام صالح لێی خۆشبوینو بەڵێنی خۆچاککردنیمان لێوەرگرت"[1]

با هەموو ئەوانەی کە لە یاسای شۆڕشو شۆڕشگێڕێتی دەزانن، ئەم دوو روداوەو ئەم دوو دادگاییەو ئەم دوو بڕیارە، بەراورد بکەن؟

کەسێک لەسەر بەدڕەوشتیی دەگیرێ، ئەتکی دەکەنو ئەوەی نەشێ لەگەڵیا دەیکەن.

جاسوسێک دەگرن، بە واسیتە ئازادی دەکەنو لە گوڵ کاڵتری پێناڵێن. ئەمە لەکاتێکدا ئەوکاتە، بەپێی بڕیاری سەرکردایەتی جاسوسی لەو چەشنە، بڕیاری کوشتنی هەبوو. بەڵام نوسەر، بۆ خۆهەڵکێشان کابرای کودەمیر ئەتک دەکات. بەڵام لەترسی دوژمنایەتی جاسوسێک ئازاد دەکات. لەوەش سەیرتر، باسی مامۆستا جەعفەر دەکات گوایە ئەو ڕێکیخستووە. گریمان ئەم هەڵبەستنە راست بێ. قابیلە مامۆستا جەعفەر زانیبێتیو ڕێکیشی خستبێ. لەکاتێکدا برا گەورەکەی (غاندی) بە دەسیسەی جاسوسێک لەسێدارە درابێ؟! هەر بۆئەوەی رقی بە مامۆستا جەعفەردا بڕێژێ.. خستویەتیە رستەوە.

ئەم وردە بەسەرهاتانە، دەیسەلمێنن کە نوسەر، بەسەرهاتی دیکەی نییە باسی بکات. بۆیە ناچارە ئەم روداوە لاوەکییانە باسبکات، کە پێشمەرگە ڕۆژانە دەیان روداوی وایان توش دەبوو.

(١٤)
چکوارا جەلالو.. ئینزال!

هەموو ئەوانەی لەناو شۆڕشدا، حەزیان لە زەبروزەنگ بوبێو نەیانتوانیبێ، ئەو هەستەیان لە کەسایەتییاندا بەدی بهێنن، بەردەوام مەجلیس بە ئاژاوە، یاخود بە داتاشینی داستانی سەیرو سەمەرە، گەرم دەکەن. لە نوسینیشدا، ئەو ئارەزووەیان پاڵنەریانە ناوبانگ بۆ خۆیان هەڵبەستن. ئەمە جۆرێکە لە نەخۆشی. هی وا هەیە لەناو کەسوکاریا، هەشە لەناو هاوڕێو دۆست، هەشیانە لە شارەکەیاندا (وەکو خولە چەخمامە) هی واشیان هەن، لە دونیای سیاسەتو پێشمەرگایەتیدا، پشکۆی ناخیان بۆ خۆدەرخستن بە خۆهەڵکێشان دەگەشێننەوە.

---

١ هەمان سەرچاوە. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل (٢٦١).

نوسەر، لە تافی لاوێتیەوە، کۆکەرەوەی ئەو خووڕەوشتەیە تا گەورەبون. خوەکەی بەرینەداوەو ئەمیش شەیدای خوەکەیە!

ئەگەر کەسێک نەخۆشیی ناوبانگو زەبروزەنگی دەرونیی، ئۆقرەی ژیانی ئاسایی لێنەبڕیبێ، ئەم داستانە هەڵدەبەستێ:

"لەو ماوەیە ڕژێم هێرشو پەلاماری توندی دەکردە سەرمان بۆ هەر شوێنێک بڕۆیشتینایە دوای ڕۆژێک یا چەند سەعاتێک ئینزالی بە کۆپتەر دەکرد تەنانەت جارێکیان مام ڕۆستەم وتی:"دە بڕۆ مالّت بەقوڕگیرێ، حکومەتت لێ وروژاندین، بەرۆکمان بەردە لەوەتەی تۆ هاتووی ئیسراحەتمان نەکردووە بەردەوام جەولەو ئینزال جەولەو ئینزال".[1]

ئاخر نوسەر، لە شاردا ئۆقرەت لە حکومەت بە چاپوکی ناوشار، بڕیووە؟! ئاخر بەرپرسی مەفرەزەکانی ناوشار بووی؟! ئاخر کۆمەڵە هەر شەهیدێکی دابێ، تۆڵەی جەرگبڕت کردۆتەوە؟! ئاخر چەندین معەسکەرو ڕەبایەت گرتووە؟! کاربەدەستی گەورەی حکومەتت کوشتووە؟! چەندین بانقت بڕیووە؟! شاری گەورەت رزگار کردووە؟! ئاخر چیت کردووە؟! هەتا حکومەت حسابی بۆ کردبیتو بەردەوام ئینزالی بۆ لەناوبردنت کردبێ؟!

بۆ لەو هەموو ئینزالە، لەو هەموو کۆپتەرە، لەو هەموو هێرشە تونديەی کراوەتە سەرتان، بۆ تەنها جارێکیش توشی دووڕە تەقەش نەبویت؟! بۆ لە مەفرەزەکاندا، نینۆکی پێشمەرگەیەکیش بریندار نەکراوەو مویەکی سەری خۆشت لە هەڵهاتنو قوچاندندا، هەڵنەوەریووە؟

بەقسەی نوسەر بێ، کە خۆی دەڵێ، زۆرەبەی دێهاتی قەراغو گەرمیانو بازیان گەڕاوین، لایەنی کەم لە (٥٠) شوێندا ئینزالیان بۆ کراوە. چونکە دەڵێ: بۆ هەر شوێنێک بڕۆیشتینایە دوای ڕۆژێک، یان چەند سەعاتێک ئینزالی بە کۆپتەر دەکرد.

مەعقولە لەو هەموو ئینزالەدا حکومەت ئێوەی نەدۆزیبێتەوەو بۆ جارێکیش بێ، دەستڕێژێکی بە کۆپتەر لێنەکردبن؟!

چیگوارا.. نە لە کوباو نە لە بۆلیڤیا، ئەوەندە ئینزالی بۆ نەکرا، وا دیارە، چیگوارا جەلالی سەنگەسەری، لە چیگوارای کوباو بۆلیڤیا مەترسیدارتر بووە، بۆ رژێمی بەعسو هاوپەیمانە نێودەوڵەتیو ئیقلیمیەکانی!!

---

١ سەرچاوەی پێشوو.. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٦٨).

(١٥)
شکست، یان راپۆرت ؟

لە هەموو ژیانی پێشمەرگایەتیدا نوسەر، دوو جار سەرکردایەتی جێهێشت. جارێکیان بۆ لقی کەرکوک-قەراغ. جارێکیشیان بۆ ناوچەی مەریوان. لە مەریوان بوو بە مایەی شەهیدبونی فوئاد سولّتانیو لە قەراغیش بوو بە مایەی کێشەیەکی زۆرو لە شەڕی (١٩٧٩/٦/١٢) لەنێوان سێوسێنانو کەولّۆشدا، کۆپتەر دوو پێشمەرگە دەبینێو تەقەیان لێدەکات. ئەمیشو کەرتێک لەسەر شاخ، پشتی سێوسێنان دەبن، بەرگرییان لێناکەن. پێشمەرگەکان شەهید دەبن. شەهید هاواری برای پێی وتووە: تۆ لەترسا ناهێلّی تەقە بکەین. ئەو هەر نەیبردۆتە سەر خۆیو گوتویەتی: با کەشف نەبین. ئەم روداوە، بەرپرسیاری لقی تەواو لەبەرچاوی هەرێمەکەو لقەکە، خستووە. هەرێمەکەش بەناوبانگ بوو لە ئازایەتیو چاپوکی. بەئاشکرا پێیان وتووە: برۆرەوە تۆمان ناوێ. ئینجا دوای ئەم هەلّهاتنە، لەگەلّ مستەفا چاوڕەشدا چوینە قەراغ، یەک کەسیش دانی خێری پیا نەنا. کەچی وا دایتاشیووە، گوایە مامۆستا ئەنوەر راپۆرتی لێنوسیووە. مامۆستا ئەنوەر، پیاوێکی جوامێری شاخو شار بوو. کۆلّنەدەر بوو. لەسەرەتای گرتنەوەی رێکخستنەکانی کۆمەلّەوە، مالّو حالّیان لەخزمەتی کۆمەلّەدا بوون. کەچی نوسەر بەشێوەی ناپەسەند ناونیشانەکەی ناو ناوە (مامۆستا ئەنوەرو راپۆرتەکانی). گوایە مامۆستا ئەنوەر راپۆرتەکەی بۆ سالار عەزیز نوسیوەو ناوبراویش داویەتی بە مامو مامیش ئاوا بانگی کردووە:

"ڕۆژێک چووم بۆ لای مام جەلال من بە نیازبووم باسی پێویستییەکانی هەرێمەکەو دانانی ئامر هەرێمی لەگەلّدا بکەم. مام جەلال بە گرژییەوە باسی ڕاپۆرتەکەی مامۆستا ئەنوەری لەگەلّ کردم، گوایە من لە لقی دوو ڕێزم لە کادرو ئەندام لقەکان نەگرتووە، لەباتی کاری سیاسی خۆم بە ئامر هەرێم داناوە خۆم لە کاری عەسکەری هەلّقوورتاندوە، فەزلّی براکانی خۆم بەسەر کادرەکانی تردا داوە".[1]

لەراستیدا، ئەو قسانە زۆر کەمن کە باسیان دەکات. ئەوەی ئێمە لە قەراغ لەسەر نوسەر بۆیان باسکردین، سەربەقورِ دێنێتە پێکەنین. کە دەشلّێ مام جەلال بە گرژیی لەگەلّم باسی راپۆرتەکەی کردووە. هۆیەکەی تەواوی ئەو دەنگوباسانە بوو، کە لەسەری هەبوو. هەروا، داوای چەکی ستراتیژی بۆ گەڕانەوە بۆ قەراغ کرابوو. مامیش پێی وتبوو:

١ هەمان سەرچاوە. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٧٠).

جارێ تۆ بەبێ پرس لقەکەت جێهێشتووە. ملازم عومەرو سالار عەزیزو مامۆستا جەعفەری لێبوون، پاشان ئەم گفتوگۆیە کەوتبوە نێوانیان:

مام: فەرموو، بۆ هاتوی؟
برایم: هاتوم بۆ چەکی ستراتیجی.
مام: چەکی قورسی وەکو چی؟
برایم: دۆشکا و ئار بی جی و هاوەن.
مام: جا ئەوانە کەی چەکی ستراتیژین؟!
برایم: ئەی؟

مام: ئەو چەکانە دۆشکا هی جەنگی یەکەمی جیهانو ئار بی جی چەکی تەکتیکیە. ستراتیژی نییە. ستراتیژی کاتیوشاو فڕۆکەو کۆپتەرو زرێپۆشە، چەکی ئەتۆمی، کیشوەر تێپەڕ (عابرة القارات)ە. باشە بۆ یەک مانگ بگەڕێرەوە.

برایم: شەوکوێرمو شەوان دەستم رادەکێشن، ناتوانم.

ئیتر مام جەلال لێی تورە دەبێو ئەمیش، لۆش لۆش دەچێتەوە کۆنە هەوار.. شێنێ.

بە هۆنینەوەی راپۆرتی مامۆستا ئەنوەر، دەیەوێ خۆی دەرباز بکات. کەچی ئەنوەر لەناو شاردا، ئامادە بوو پێشمەرگەکانی لێدانی پارێزگاری سلێمانی بشارێتەوە، کە بۆ لێدانی پارێزگاری سلێمانی هاتبونە شار. بە سەیارەش گواستیانەوە بۆ مالأن. بەڵام برایم جەلال ئامادە نەبوو.. چاویشی پێیان بکەوێ!!

کێشەکە پەیوەندی بە سالار عەزیزەوە نییە. بۆئەوەی بگوترێ بەهۆی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە، سالار رقی لێمە، سالاریش دەکاتە راپۆرت نووس.. کە هەر تاقەتی راپۆرت نوسینی نەبووە!

خۆم پێم سەیرە، ئەم زاتە، چ توانایەکی هەیە بۆ هەڵگێڕانەوەی راستیەکانو داڕشتنەوەیان بەپێی دەرونە نەخۆشەکەی. توانایەکی لەڕادەبەدەر، کتێبێکی (٥٠٠) لاپەڕەیی بنوسرێ، زۆربەی هەڵببەسترێ. زۆربەی هەڵبەستنەکانیشی، دەیان شایەتی زیندویان ماوون. کە نوسینەکانی راست نین. هەقە ئەم جۆرە کەسانە، بخرێنە نەقاهەتگا (شوێنی سۆزی دەرونی)، چاودێری چڕی دەرونیان بکرێ، بەڵکو کەمترین زیان بگەیەنن!

(١٦)
ململانێکانو هاوڕێیانی زیندان

ئەوکاتەی بە خەیاڵی خۆی، بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵەیە دوای شەهید شیهابو هاوڕێکانی، چونکە بە خەیاڵ، کۆمیتەی شارەکانی دروستکردووە. ئەوکاتانەش بۆ سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا هێنایە دەرەوە، بەردەوام لاوازی خۆی بە هاوڕێیانی زیندانداا هەڵواسیووە.

لە زیندانداا، کۆمیتەی هەرێمەکان، بچوکترین برِیارمان لەسەر ئاژاوەگێڕییەکانی نوسەر، دوانەخست. پەیوەندیمان بە هاوڕێیانی زیندان کردو ئەوانیش، زۆربەیان، لەپێشەوەدا، شیهابی شێخ نوری، فەرەیدون عەبدولقادر، ئاوات عەبدولغەفور، عومەری سەید عەلیو عەلی بچکۆل.. جوامێرانە بەدەنگمانەوە هاتنو تەنانەت شیهاب لای نازەنینی هاوسەریو روناکی شێخ جەنابو شێخ جەنابو کەسانی تریش گوتبووی: من نەمێنم شاسوار لەباتی من. راشیانسپاردبوو، هاوڕێیانی کۆمەڵە بەقسەی کۆمیتەی هەرێمەکان بکەن. نوسەر، گەرچی لە ئاژاوەگێڕی نەدەکەوت، بەڵام لەبەردەم سوربونی کۆمیتەی هەرێمەکانو سەرکەوتنەکانی، ئیفلیج بوو. تایبەت کاتێک زانی ئازاد هەورامیو شەهید عەبدولرەزاق، لە کۆمیتەی هەرێمەکاندا، ئەندام بونو چالاکیش بون. گەرچی عەبدولرەزاق، لەترسی چارەنوسی شیهابو هاوڕێکانیو دواڕۆژی کۆمەڵە، بۆچونی جیاوازیشی هەبوو! بەڵام ئاوڕ لە برایم نەدرایەوە!!

گوایە خۆی زۆر بە دڵسۆزی هاوڕێیانی زیندان دەزانێ، ناونیشانی بابەتەکەی ناو ناوە (تاقمەکەی سجنو خەتی شەهید شەهاب) ئەمە لەکاتێکدا، تا ئەو هاوڕێیانە خراونەتە زیندان، سەرکردایەتی کۆمەڵە بون، تاقم نەبون. شیهابیش وەکو سکرتێری کۆمەڵە، پێگەو ڕێزی هەبوو. خەتی نەبوو. کۆمیتەی هەرێمەکانیش، بێڕادە ڕێزمان دەگرت. ئیتر تاقمی چیو خەتی کوێ؟

ئەم هاوڕێیانە کە هاتنە دەرەوە. پێش هاتنیان برِیارمان دابوو، بەشێک بن لە سەرکردایەتی. هەر لە شاردا بون، عەلی بچکۆلمان کردە ئامر هەرێمی کەرکوک. حەساسیەتێک، مایەی نیگەرانی قوڵ بێ، لەئارادا نەبوو. تەنها گفتوگۆ لەسەر کێشەی چونەکەیان بۆ ئێرانو نەچونە شاخیان هەبوو. ئەویش، پتر نەوشیروان مستەفا و بگرە مام جەلالیش، بەردەوام دەیانگوت: ئەگەر بچونایەتە شاخ، یەکێتی زۆر سەرکەوتوتر دەبوو. (باوکی ئاوارە- مەلا بەختیار) کە ڕەخنەکەشی لە ژمارە (٦)ی کۆمەڵەدا لەسەر

رۆشتنەکەیان گرتبوو، لەهەمان روانگەوە گرتبووی، نەک پاڵنەری تری بوبێ. هەڵەش بوبێ لەکاتی بڵاوکردنەوەکە، بایی ئەوە نەبوو پوازێکی گەورەی ئایدیۆلۆژیو سیاسی بکوتێتە ریزەکانی کۆمەڵە. رونکردنەوەش لە کۆمەڵە بڵاوکرایەوە، کە نوسینەکەی باوکی ئاوارە بۆچونی خۆیەتی. بەڵام وتارەکەی باوکی ئاوارە بە مەرام گەورە دەکرا، بەوەش، توانییان راستیەکانی مێژووی کۆمەڵە، هەڵەکانی کۆمەڵە، هەڵهاتنی سەرکردایەتی کۆمەڵە بەرەو ئێران، ناکۆکیە فکریەکانی کۆمەڵەو شکستی کۆمەڵە لە ئایدیۆلۆژیەتی ماویزمو پاشکۆیەتی چین، هەروەها کێشەگەلی ناو زیندانو چۆنیەتی توشکردنی کۆمەڵە لەو قۆناغە هەستیارەدا، هەمویان بە قەبەکردنی سوکە رەخنەکەی باوکی ئاوارە داپۆشی. لەمەشیاندا، لە کۆبونەوەکاندا، زۆرتر مام جەلال پشتیوانی هاوڕێیانی زیندانی کرد!

پێش هاتنەدەرەوەی ئەوان، کێشە لەنێوان بۆچونی نەوشیروانو ناوەندی کۆمەڵەدا هەبوو. ئەمیش تا ئەوکاتە بەو رادەیە نەبوو چارەسەر نەکرێ. بەڵام کە هاوڕێیانی زیندان هاتنەدەرەوە، دۆخەکەیان وا خوێندەوە کە خۆیان بدەنە پاڵ نەوشیروان–مام جەلال، سودی بۆیان زیاترە. دیارە لەناو خۆیشیاندا، لەسەر ئەمەش تەبا نەبون. بۆچونی جیاوازیان هەبوو. زۆرتر فەرەیدون عەبدولقادر جڵەوی دایە دەستی نەوشیروان. بە پاڵپشتی مام جەلال. هەڵبەتە، نالێم:

کۆمیتەی هەرێمەکان، یان ئەمو ئەومان، هەڵەمان نەکردووە. یان لایەنی کەم، وەکو نەوشیروان بەرنامەمان بۆ چۆنیەتی یەکخستنی توانای کۆمیتەی هەرێمەکانو هاوڕێیانی زیندان نەبوو. نەوشیروان، بە پای پیلان، دالدەی دان. ئێمەش پلانمان نەبوو، ریزەکانی کۆمەڵە لە کۆمەڵە راستەقینەکان پتەو بکەین. پەرە بە رێبازی کۆمەڵە بدەین. تێڕوانینەکانی زانستیانە بکەین. ئەوانیش هەناسەی هاوڕێیەتیان کورت بوو. یەکەمین کۆنفرانس، هەل بوو کۆمیتەی هەرێمەکانو هاوڕێیانی زیندان، لەخۆبوردوو بنو گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. دەبوایە بە گیانی هاوڕێیانە، هاوڕێیانی زیندانمان تێبگەیاندایە کە کۆمەڵە لەبەردەم مەترسی قوتدانایە. رێبازی کۆمەڵە لەفەوتانایە.. هاوڕێیانی زیندانیش دەبوایە، پشویان درێژ کردباو تەقدیری تێکۆشانو دەربازکردنی کۆمەڵەیان لەسەر دەستی کۆمیتەی هەرێمەکان کردبا. کەچی هاوڕێیانی زیندان، وەکو مام جەلال–نەوشیروان کۆمیتەی هەرێمەکانیان پەراوێزخستو شەهید ئارامیشیان بچوک دەکردەوە! هەردوولا لەئاستی بەرپرسیارێتیەکەی کۆمەڵەو داکۆکی لە رێبازەکەی نەبوین. نەوشیروان هەلەکەی باشتر قۆزتەوە!! هەردوولاشمان باجەکەمان دا!

(١٧)
عێراقچی، یان ساختەچی؟

ئەگەر قورقوشم بەسەر نوسەردا بتوێنیتەوە، دێوەزمەی عێراقچێتی بۆ دەردەچێ. لەکاتێکدا کێشەی نوسەر، نە عێراقچیەو نە کوردستانی، چونکە لە ئەسڵا، هەر بیروباوەڕی فەلسەفی، یان دیموکراسی نییە. بەڵکو وەکو کوردێک، لە ریزی کوردایەتیدا ماوەتەوە، بەڵام بە خەسڵەتو خووڕەوشتی دەرونی خۆیەوە. تا ئێستاش بەری نەداوە. کەم نین ئەوانەی نیو سەدە پترە سیاسەت دەکەن، بەڵام ئێستاش لە چەمکی زانستی سیاسەتو سەدان دەستەواژەی تیۆری تێناگەن. لەناو ئەمانەدا، هەیانە دڵسۆزانە تێکۆشاوون، هەشیانە چەشنی درەختی زرِن. نوسەر لە زرِەکەیانە. ئەگەر بە پێوەری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە،[*] رەفتارو گفتاری ئەم زاتە بپێورێ، دڵنیام سەر لە فەیلەسوفەکانی ئەو بوارە دەشێوێ، چۆنی هەڵبسەنگێنن!

هەموو جارێک بیری لێدەکەمەوە، ئەگەر کۆمیتەی هەرێمەکان، تۆمەتی عێراقچی، مۆتەکەی ئارامو مەلا بەختیارو سالار، لە کۆمەڵەو شۆڕش دەربکەین، ئەم زاتە، دەبوایە وەکو شێت تەماشا کرابا. چونکە هەمیشە لە ئاژاوەگێڕیدایە. بەڵام لە پەنای ئەو ململانێیەدا، دژی کۆمیتەی هەرێمەکانو عێراقچی..تاد، خۆی شاردۆتەوەو لەناو تەکەتولەکانیشدا، خەریکی ئاشوب بووەو بۆیشی چۆتە سەر. کێشەیەکی گەورەی تەکەتول ئەوەیە، هەلپەرست بۆی دەلوێ ئاژاوە بنێتەوەو راستیەکانیش زۆرجار دەشێوێندرێ.

لە کاتی ململانێی سیاسی-ئایدیۆلۆژیدا، رەوشی هەلپەرست، سەرهەڵدەدات. لەکاتی شەڕی ناوخۆشدا، بازرگانی شەڕو ئاغاو کوێخا چەکدارەکان دەبوژێنەوە. نوسەر، لە هەلپەرستە خەستەکانە!

لەژێر ناونیشانی کوردستانیو عێراقچی کۆمەڵەدا، لە لاپەڕە (٢٧٣)دا ئاوا دەهۆنێتەوە:

"کێشەی نێوان هەرێمەکانو کۆمیتەی شارەکان پاش گیرانی سەرکردایەتی لەوەدا نەبوو، کە کێشە بێ لەسەر کورسیو سەرکردایەتیو دەسەڵات، چونکە ئەوکاتە خەڵکی بگرە چەندان لە ئەندامانی کۆمەڵەش خواخوای خۆشاردنەوەو دەست بەسەر کڵاوداگرتنو خۆدوورەپەرێز ڕاگرتن بوون".[١]

---

* سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، لەو پەیوەندیە دەکۆڵێتەوە لەنێوان مەعریفەو بنەما کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە. بە پلەی یەکەم بایەخ بە مەعریفە (زانین)ی خەڵکی دەدات لە چوارچێوەی واقیعی ژیانی ڕۆژانەیاندا. د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. سەرەتایەک دەربارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە. چاپی ٢٠٢٠. ل(٧)

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٧٣).

کۆمیتەی هەڕێمەکان، دامەزراندنی، ئەندامەکانی، بەرهەمەکانی، خەبات‌و سەرکەوتنەکانی لەمێژوودا تۆمار کراوون. بگرە هەر تۆڕێنەوەیەک یان تێزی ماستەرو دکتۆرا لەسەر ئەو قۆناغە نوسرابێ، رۆڵی کۆمیتەی هەرێمەکان لە کۆتایی (١٩٧٥)وە بۆ سەرەتای (١٩٧٨) بەشی شێری بەردەکەوێ. داوا بکرێ نوسەر، نەک باسی دەستکەوت‌و سەرکەوتن‌و رۆڵی (کۆمیتەی شارەکان!) بە بەڵگەوە بکات، بەڵکو دەمانەوێ، بچوکترین ئاماژەی سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە بە دامەزراندنی وەها کۆمیتەیەک باسبکات، کە ناوی (برایم جەلال)ی تێهاتبێ. یان نوسرابێ. یاخود باسکرابێ. واز لە (٤٥) ساڵی رابوردوو، واز لە نوسراوەکانی لەمەوبەر، واز لە تۆڕێنەوەو تێزی لەمەوبەر دەهێنین، دەی با بفەرموێ ئێستاش قسە لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە بکات‌و ئەوان بڵێن: بەڵێ کۆمیتەی شارەکان هەبووەو برایم جەلالیش، بەهۆی هەر شارێکی کوردستانەوە بوبێ، کرابێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوبراو. ئێستاش قبوڵمانە.

دەشڵێ، ململانێی نێوان کۆمیتەی هەرێمەکان‌و کۆمیتەی شارەکان، لەکاتی هێرش‌و پەلاماری کۆمەڵەدا. لەسەر کورسی‌و دەسەڵات نەبووە:

"جگە لە مەرگ‌و گرتن‌و راونان‌و کوشتن، چ بەرهەمێکی تری نەبوو. بۆ کێشەی نێوانیان کێشەی بیروباوەڕی کوردستانی‌و عێراقچێتی پاشماوەی ساڵی ١٩٧١ بەدواوەی ریزەکانی کۆمەڵە بوو".[1]

شەرعی کوردانەیە.. سوپاس بۆ ئەم قسانە. ئەمەش بۆچونی ئێمەیە..

سەبارەت بە عێراقچێتی، ئەو هاوڕێیانەی سەرەتای کۆمەڵە بەناوی عێراقچیەوە، ریزەکانی کۆمەڵەیان بە دڵخوازی خۆیان جێهێشت‌و هیچ زیانێکیشیان نەگەیاندە کۆمەڵە، لە هیچ چاوپێکەوتنێکدا باسی (ئارام، سالار- من هەر هیچ) کە عێراقچی بوبن. یەک کەسیشیان باسی ناکات.

کاتێکیش، قۆناغی خەبات، هێندە سەخت بووە کە نوسەر باسی دەکات، سەرکردایەتی کۆمەڵەش کوردستانی جێهێشتبێ، کۆمیتەی هەرێمەکانیان کە دوای خۆیان دایانمەزراند، مانگێکی نەبرد، ئەمانیش یان گیران، یان هەڵهاتن، یاخود خۆیان شاردەوە. گرتنەوەی شیرازەی کۆمەڵە، جوامێری دەویست، لەو پەرش‌وبڵاوییە بیانهۆنێتەوەو بیانخاتەوە کۆڕی هونەری خەبات. ئاخر لەوکاتەدا، کە کۆمیتەی هەرێمەکانمان دامەزراندوەو دەستبەکار بوین، دەیان کادری شارەکانمان ڕێکخستەوە. کۆبونەوەمان پێکردن. چاپەمەنیمان هەیە. ئامادەکاریمان بۆ شۆڕش کردووەو بەرپاش کرا؛ یەک کادر، یەک شایەت، یەک نوسراو نابینیتەوە، شایەتی بدات،

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٧٣-٢٧٤).

یان دەربیخات، ئەوکاتە کۆمیتەی هەرێمەکان، وازی لە کوردستانی هێنابێو رێبازی عێراقچی گرتبێتە بەر. خۆ ئەوکاتە، باشترین هەل بووە ئەگەر عێراقی بوینایە، هەلەکە بقۆزینەوەو کوردستانیەکان دەربکەیێو بانگەشەی عێراقچی بکەین. نەک بیروباوەڕی وا نەبووە، بەڵکو ژێراوژێریش بیری لێنەکراوەتەوە. بەڵام عەرەب گوتەنی (تعال فهم حجی احمد اغا).

لەسەر رقە سیاسیەکانی بەردەوام دەبێو لە لاپەڕە (٢٧٤)دا دەڵێ:

"کێشەی جیاوازی بیروڕاو بۆچوون بوو، لەسەر دیاریکردنی قۆناغی کۆمەڵگای کوردیو باری ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی کوردستانو جیاوازی لەگەڵ قۆناغی کۆمەڵگای عێراقی لەو روانەوەیان لێکچوونیان".[1]

کام بیروبۆچون؟ چ قۆناغێکی کۆمەڵی کوردی؟ کیها باری ئابوری؟ کامە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی کوردستان؟ چۆن جیاوازیەکی قۆناغی عێراقیو لێکچونیان؟! وشە و دەستەواژە هەڵڕشتن ئاسانە، چۆنیەتی سەلماندنی گرانە.

لەخۆیەوە باسی چینی کرێکاران، خەباتی نەتەوایەتی، داگیرکردنو پارتی پێشڕەوی یەک چینی کرێکارانی سەرانسەر، یان هی دوو نیشتمانی جیاواز دەکات. عەرەب بەم نوسینانە دەڵێ (نمطی) بەدرێژایی مێژووی خەباتی کۆمیتەی هەرێمەکان، هەتا بەرپاکردنی شۆڕشو پەلاماردانی ئالای شۆڕشیش، سەرکردەیەک، یان نوسەرێکی ناو کۆمەڵە، نەیوتوەو نەینوسیووە کە کوردستانو عێراق جیاواز نین. نەشوتراوە دۆخی چینایەتی کرێکارانی کوردستانو عێراق، چونیەکن. بەڵام ئەم وشەبازو لەخۆڕازییە، سەر لە خوێنەر دەشێوێنێو دەشیەوێ رقەکانی بخاتە قاڵبی تیۆریەوە. جەخت دەکرێتەوە کە تاقە رستەیەک، یان لاپەڕەیەک، یان ئاخاوتنێکی ئەندامێکی کۆمیتەی هەرێمەکان بدۆزێتەوە، پشتیوانی بۆچونەکانی بکات لەسەر عێراقچێتی، ئیستاش هەقی دەدەینێ. بەڵام بەڵگەی وا نییە. دەنا لەبری ئەم هەموو رستەسازییە، بەڵگەکانی دەنوسیو دەیبڕییەوە.

ئەوەی جێگەی رامانێکی قوڵە، کۆمەڵە، لە دامەزراندنیەوە هەتا هەڵیشوەشایەوە، نەیتوانیبوو تێزە چینایەتیو نەتەوەییەکانی، هاوچەرخانەتر لە تێزی چەپە کلاسیکیەکانو ناسیۆنالیستە دێرینەکان، فۆرمیلا بکات. بەڵکو بۆچونە چینایەتیەکانی کۆمەڵە، لەسەر بنەمایەکی لاوازی تیۆری زانستی، یان جیاوازی روانگەی چینایەتی بۆ خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیەکی ژێردەستە، گەڵاڵە بکات. واتا: کۆمەڵە، هەم لە رووی تیۆرییەوە، هەم لە رووی ستراتیژی رزگاری نەتەوایەتیەوە، قوولتر لە لایەنە چینایەتیو نەتەوەییەکانی پێش خۆی، بەرنامەو ستراتیژی دانەڕشتبوو.

---

١ هەمان سەرچاوە. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٧٤).

کە کۆمەڵە دادەمەزرێ (٢٤) ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتیدا تێدەپەڕێ. (٣٠) ساڵ دوای دامەزراندنی پارتی، شۆڕش بەرپا دەکات. کەچی لەناو هەمان بازنەی دیموکراسی بۆ عێراق‌و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان، تێدەکۆشێ. جگە لە داڕشتنی پەراوێزی وتارەکان، جیاوازییەکی بنچینەیی لە تێزەکان‌و لێکدانەوەکاندا، لەلایەن کۆمەڵەوە، باسنەکراوە.

لە ڕەوشی سیاسیشدا، کۆمەڵە سەرەتا نەیدەویست لە هێزەکانی پێش خۆی بچێ، کەچی کەوتەوە ناو هەمان خەسڵەتەکانی شەڕی ناوخۆ. ئەو خەسڵەتە نەگریسەی شەڕی ناوخۆی بەرهەم هێنا، کۆمەڵەش نەیتوانی خەباتی نەتەوایەتی پاسیفیزم (ناچالاک.. یان موتوربەنەکراو بە روناکبیری پێشکەوتوو) تێبپەڕێنێ. ئەمە لەکاتێکدا، مشت‌ومڕە چینایەتی‌و نەتەوایەتیەکانی ئەوکاتە، لە قۆناغی ئابوری-سیاسی-ئایدیۆلۆژی سەردەمی دامەزراندنی پارتی‌و بزوتنەوەی نەتەوایەتی، تێپەڕیبوو. مەسەلە نەتەوەییەکان‌و تیۆریەکان، سەرلەنوێ مشتومااڵ دەکرانەوە. بەاڵم کۆمەڵەو یەکێتی.. لە فۆرمە کلاسیکیەکەدا، گیریان خواردبوو!!

(١٨)
ئارام‌و دژە نەزۆکەکان

لە دریژەی ئەو ڕستەبازییە بۆ گومڕاییکردنی خوێنەر لەمەڕ ڕاستیەکان، دەیەوێ وای پیشانبدات نوسەر وەکو ڕابەر بەرامبەر ڕابەر، نامەی بۆ ئارام نوسیووە. ئەشڵێ (بەئیلحاحەوە) شەهید شیهاب‌و (هەندێ لە سەرکردایەتی!) داوایان لێکردووە کە هاوکاری کۆمیتەی هەرێمەکان بکات. بڕوانن نەرجسیەتی گەیاندۆتە کوێ:

"پاش چوون بۆ ئەبوغرێب و وەرگرتنی بڕیاری هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی بەتایبەتی (شەهید شەهاب) کە بە ئیلحاحەوە داوای لێکردین لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکان هاوکاری بکەین و هەموو ناکۆکیەکانی نێوانمان بخەینە لاوەو بەڵگەش، ئاڵوگۆڕی ئەو نامانەی نێوان منو ئارام‌و کۆمیتەی هەرێمەکانە".[1]

لەبەرامبەر دەرون ئاڵۆزێکی وادا، مەگەر پێبکەنین. ئاخر کەسێک کۆنترۆڵی سیالۆژی لەدەستنەدابێ، خۆی تا ئەو ڕادەیە هەڵدەکێشێ، درۆی وا بهۆنێتەوە. گوایە:

- بڕیاری لە هەندێ ئەندامی سەرکردایەتی وەرگرتووە.
- بەتایبەتی شەهید شیهاب ئیلحاحی لێکردووە.

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٧٥).

– هاوکاری کۆمیتەی هەرێمەکان بکات.
– نامەی لەگەڵ شەهید ئارام گۆڕیوەتەوە.
– ناکۆکیەکانی خستۆتە لاوە.

واوو.. لەم رابەرە!! چۆن دەریدەخات، دوو رووە، لەنێوان کۆمیتەی هەرێمەکانو هاوڕێیانی زیندان. خۆی دەڵێ: لەگەڵ هەندێ لە سەرکردایەتی دواوە. واتا: هەندێکی تری بەهەڵەبردووە. شیهاب پێیوتووە هاوکاری بکات.. کەوابێ، بۆچی نوسەر کە رابەری کۆمیتەی شارەکان بووە، شیهاب، متمانەی پێنەکردووە؟! یان هیچ بڕیارێکی پێنەداوە؟! یاخود پێی نەسپاردووە چۆن لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکاندا رێکبکەوێ؟ (ئیلحاحەکە)ی شیهاب، بە رەسمیەت ناسینی کۆمیتەی هەرێمەکانە لای سکرتێری پێشووی کۆمەڵە.

دەشڵێ نامەم لەگەڵ شەهید ئارام گۆڕیوەتەوەو نامەکانیشم لە پاشکۆی کتێبەکەدا بڵاوکردۆتەوە. رەنگە نامەی بۆ شەهید ئارام نوسیبێ، رەنگە وەڵامیش درابێتەوە. بەڵام لە پاشکۆدا هیچ نامەیەکی بڵاونەکردۆتەوە، پێدەچێ بیری چوبێ؟!

لە هەموو ئەو قسانەش سەیرتر، دەنوسێ، هاوڕێیانی زیندان داوایان لێکردووە ناکۆکیەکان بخاتە لاوە. ئەگەر هاوڕێیانی زیندان داوای وایان لێکردووە، کەواتە ئەم برادەرە شینی بۆ کێ کردووە؟ دیارە شیهابو ئارام، ژێربەژێر عێراقچی بوون!

خۆ ئەم قسانە دەیسەلمێنێ، نوسەر لە ریزەکانی کۆمەڵەدا، بەشێکی سەرەکی ئاژاوەنانەوە بووە. هاوڕێیانی زیندانیش ناسیویانە کە هۆگری کێشەو ناکۆکییە، بۆیە داوایان لێکردووە، چیکە درێژە بەو ناکۆکییانە نەدات، چونکە لە دۆخی جەزرەبەلێدانی کۆمەڵەدا، زیانی هەیە.

سەیر ئەوەیە، هەمیشە پەیام گۆڕینەوە لەنێوان شەهید ئارامو کۆمیتەی هەرێمەکانو هاوڕێیانی زیندان هەبووە. بۆ تاقە جارێکیش داوایان نەکردووە، چۆن لەگەڵ نوسەر یان (کۆمیتەی شارەکان) قسە بکەین. هەستی شەهید ئارامیش باش دەزانم بەرامبەر شەهید شیهاب، کە چەند رێزی دەگرتو بە رابەرێکی دیموکراتو راستگۆی دەزانی.. هەر راسپاردەیەکیشی بنارایە، بەقسەی دەکرد.

قەڵەمی ئاژاوە، لەناو کۆمەڵە هەڵدەگرێو سەرگوزشتەیەکی تر دەهۆنێتەوە:

"بەڵام هەر لەپاش هاتنەدەرەوەی "عەلی عەسکەریو د.خالید سەعید"و سەرکردایەتی بزووتنەوەو کارکردن بە بڕیاری هاوبەشی بەرەیی لە یەکەم هەنگاوەوە دەبوایە کۆبوونەوەی هاوبەشو دیاریکردنی ئەرکەکانو ڕابەرایەتی هێزی پێشمەرگەیان بکردایە، بەپێچەوانەوە کۆمیتەی هەرێمەکان نەک هەر هەڵوێستی دژایەتیان لەڕووی کارو پڕوپاگەندەشەوە بەرامبەر بزووتنەوە گرتەبەر، بەڵکو بەرامبەر هاوڕێیانی کۆمەڵەی سەر

به کۆمیتەی شارەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەبوو".[1]

لەمەوبەر، ئاراستەی قسەکانی دژی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بوو. بەتایبەتی کە هاتە سەر کارەساتی هەکاریو ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن مام جەلالەوە، پێیاندەدرا. ئێستا، بۆئەوەی کۆمیتەی هەرێمەکان بە رقە بەردەوامەکانی رەخنەئاژن بکات، دەنوسێ کە لە یەکەم هەنگاوەوە دەبوایە کاری هاوبەش بکرایە، کەچی پێچەوانەکەیان دژی بزوتنەوەو کۆمیتەی هاوبەشیش کردووە. دیسان ناچار دەبین، ئەو بۆچونە بێسەروبەرانە، کەرت کەرت بکەینو هەر کەرتێکی شیبکەینەوە. دەنوسێ، دەبوایە: کاری هاوبەشی بەرەیی بکرایە..

کێ ئەم بڕیارەی داوە. یەکێتی نیمچە بەرە بووە. کە هاتنە دەرەوە، هەتا کۆبونەوەی دۆڵی گۆستێ، دوای گەڕانەوەی مام جەلال و نەوشیروان، بزوتنەوە هێشتا بەرەسمی لەناو نیمچە بەرەی یەکێتیدا، قبوڵ نەکرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکردایەتی ناو وڵات بەهاوبەشیی دانرا. مەفرەزەو کەرتی هاوبەش پێکهاتن. پۆستەکان دابەشی هاوبەشی دوو لایەنە کران.. راگەیاندنی عەسکەریو سیاسی هاوبەش دەردەکران..تاد. بۆئەوەی ئەم لە مێژووی یەکێتیو لە چۆنیەتی دروستبونی بزوتنەوەی سۆسیالیستو هاتنە ناو یەکێتییان، باشتر تێبگات، بە بۆچونێکی مام جەلال بۆی روندەکەمەوە، کە چەند بێخەبەر بووە لە راستیەکان. مام دەڵێ:

"ئەوان بەناوی (بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی کوردستان)ەوە هاتبونە دەرەوە، بڕیاریاندابو کە رێکخستنەکەیان بێتە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە. ئەوە مەرجی عومەر دەبابەو عەلی عەسکەریو دکتۆر خالید بو، بۆئەوەی رەسوڵ مامەندو سالح یوسفیو ئەوانی تریش لەم رێکخستنەدا بەشدار بن.

ئەوەی راست بێت، ئێمە ئەو کارەمان پێ خۆش نەبو، چونکە ئێمە پلانمان وابو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەک یەک رێکخراوی جەماوەری گەورە دروستبکەین، لەناویدا کۆمەڵە هەبێت وەک رێکخراوێکی مارکسی لینینیو ئەوەی تر خەڵکی دیموکراتو شۆڕشگێڕ بێتو بەهەمو، یەک رێکخستن دروست بکەینو تێکەڵاوبین.

بەڵام ئەو رێکخستنە تازەیە واقعێک بو، بو بە توشمانەوە، ئەو برادەرانە هاتبونە دەرێو لەناوەوەش لەگەڵ ئارامو برادەرانی کۆمەڵە رێکەوتبون، پەیوەندیان دروستکردبو".[2]

ئەم قسانەی مام جەلال، هەندێک واتای مێژوویی روندەکاتەوەو سەراپاشی دژی بۆچونەکانی برایم جەلالە. وەکو:

۱ هەمان سەرچاوە. چاپی یەکەم-۲۰۱۱. ل(۲۷۵).

۲ مام جەلال. دیداری تەمەن- لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری. بەشی دووەم. ئامادەکردنی: سەلاح رەشید. چاپی یەکەم.۲۰۱۷ ل(٦٥-٦٦).

یەکەم: کە یەکێتی دامەزراوە، رێکخراوێک بەناوی بزوتنەوەی سۆسیالیست لەئارادا نەبووە.

دووەم: دوو بۆچونیان هەبووە. عومەر دەبابەو عەلی عەسکەریو د.خالید، هاتنەناو یەکێتییان پێ باش بووە. رەسول مامەندو سالّح یوسفیو ئەوانی تریش.. جیاواز بیریان کردۆتەوە.

سێیەم: مامو دەستەی دامەزرێنەر، دامەزراندنی بزوتنەوەیان پێ خۆش نەبوو.

چوارەم: مامو دامەزرێنەران ویستویانە یەکێتی وەکو رێکخراوی جەماوەری بێ، نەک بەرەیی یان نیمچە بەرەیی.(*)

پێنجەم: تەنها کۆمەلّە وەکو رێکخراو لەناو یەکێتی بێت.

شەشەم: بالّی تر نەبێتو تێکۆشەرانی تر سەربەخۆ بن.

حەوتەم: بزوتنەوە وەکو ئەمری واقیع بووە بەتوشیانەوە.

هەشتەم: ئارامو کۆمەلّە لەگەلّ بزوتنەوە رێکەوتوون.(+)

ئێستا ئەگەر نوسەر ئەم بۆچونەو بۆچونی تری مام جەلالی، لە کتێبی ناوبراو خوێندۆتەوە، کەواتا: قسەکانی هەر بە رق کردووە. خۆ ئەگەر ئەم کتێبەیشی نەخوێندۆتەوە، کەوابێ: بێئاگایە لە مێژووی یەکێتیو لە بۆچونی دامەزرێنەرو سکرتێری یەکێتی. نوسینێکیش، ئاوا بێ زانیاری نوسرابێ، هەر بۆ خەیالّی نوسەرو هاوخەیالّەکانی باشە.

لەکۆتایی ئەو پەرەگرافەدا، شولّی رابەرایەتی لێهەلّگیشاوەو خۆی بەرامبەر رابەرانی بزوتنەوەش کردۆتە جەمسەری کۆمیتەی شارەکان. لەوەدەچێ کۆمیتەی شارەکان، رێکخراوێکی ماسۆنی بوبێ کە نە لە شارو نە لە شاخدا، ئاشکرا نەکراوونو بە نهێنی کاری خۆیان کردووە.

– گریمان لە شاردا، لەترسی بەعسو لەبەر هەژمونگەری کۆمیتەی هەرێمەکان، کۆمیتەی شارەکان، بە شاردراوەیی ماوەتەوە.

---

* ئەم بۆچونەی مام جەلال، کە یەکێتی جەماوەریی بێ، پێش هەلّوەشاندنەوەی جەلالیەکان هەمان بۆچونی هەبووە. کە ویستویەتی یەکێتیش دابمەزرێنێ، هەمان ئامانجی هەبووە. بەلّام سەرەتا بۆی نەچۆتە سەر. کە گەڕانەوە کوردستان، ویستیان لەگەلّ نەوشیروانو عەلی عەسکەریو د.خالید، حیزبێکی جەماوەریی وا دروستبکەن. بەلّام هەر بۆیان نەچووە سەر. کە نەوشیروان بە پشتیوانی مام جەلالو هاوڕێیانی زیندان، لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەلّەدا زالّبوو، لە دووەمینو سێیەمین کۆنفرانسیشدا، کۆمەلّەیان کۆنترۆلّ کرد، ئیتر زەمینە تەخت بوو، کۆمەلّە هەلّبوەشێننەوەو یەکێتی بکەنە، ئەو حیزبە جەماوەریەی سەرەتا دەیانویست یەکێتی پێ دابمەزرێنن!!

+ کە مام جەلال باسی رێکەوتنی ئارامو بزوتنەوە دەکات، مەبەستی ئەو رێکەوتنە بەربەست بووە لەبەردەمیاندا یەکێتی بکەنە حیزبی جەماوەریی!

– ئەی کە برایانی بزوتنەوە هاتونو دەردی نوسەر نوسیویەتی کۆمیتەی هەڕێمەکان پروپاگەندەیان بەرامبەریان کردووە، دەی ئەوکاتە فرسەت بووە کۆمیتەی شارەکان بدەنە پاڵ بزوتنەوەو بەرگری لەخۆیان بکەن. ئەمەشیان نەکردووە.. ئەنەیسە..

– ئەی کە مام جەلال هاتەوە، بۆچی کۆمیتەی شارەکان خۆیان رانەگەیاند..؟ ئەمیش دەکەینە خاتری نوسەر.

– دوای ئـەوەی نوسەر هاتبووە دەرەوە، خۆ دەیزانی ناکۆکی لەناو کۆمەڵەو نەوشیروانو مام جەلالو بزوتنەوەش، سەرەتاکەی دەرکەوتبوو، لەم کاتەدا بۆ کۆمیتەی شارەکانی قوت نەکردەوە.. بابە ئەمیش قەیناکا..

– دوای هاتنەدەرەوەی هاوڕێیانی زیندان، بۆ باسی غەدرو چەوساندنەوەی کۆمیتەی شارەکانی نەکرد؟ وەڵامی ئەمەیان رۆشنە، چونکە هەڵبەستنەکانی سەبارەت بە کۆمیتەی شارەکان راست نەبوونو دەترسا هاوڕێیانی زیندان بەدرۆی بخەنەوەو پێی بڵێن: نە کۆمیتەی شارەکانمان دروستکردووەو نە تۆشمان کردۆتە ئەندامی هیچ کۆمیتەیەک..

کە زانی کورتە فیلمی کۆمیتەی شارەکانی سوتا، دوای هاتنەدەرەوەی هاوڕێیانی زیندان، ئینجا لایداو بایدا بەلای دەرهێنانی فیلمی درێژی عێراقچیو کوردستانی. بەداخەوە تێچووی ئەم فیلمە (انتاج)ەکەی لەسەر هاوڕێیانی زیندان بوو!!

بـەڵام، کاتێک رێکخراوێکی وەکـو کۆمەڵە، بەبێ بنەمای فکریو ئایدیۆلۆژی، کێشەی عێراقچێتی بۆ دژایـەتی ناوخۆ دروستدەکات، بە ئاڕاستەی پیلانگێڕانیش، لەناو کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەدا، درێژە بەم ململانێ دەستکردە دەدرێ، بێگومان، ئەم جۆرە ناکۆکیو ململانێ دەستکردە، کاریگەری نالەباری لەسەر پێگەی کۆمەڵە دەبێ. کاریگەریەکەش، لە ناوخۆی کۆمەڵەدا، دەبێتە مایەی قوواڵکردنی کێشەکان. لەدەرەوەی یەکێتیش، سوود بە دژەکانی کۆمەڵە دەگەیەنێ. لە دوا سەرەنجامیشدا، ئەو کەسانە سوود لە قوواڵکردنی ئەو ناکۆکیانە دەبینن، کە خۆیان ناوەتەوە کۆمەڵە لەناو یەکێتیدا قوتبدەن. هەر واشی لێهات.

لەدوای ئاڵای شۆڕشو ئەو تاوانانەی بەرامبەری کران، ئەگەر بەشێکی سەرکردایەتی کۆمەڵەو کادرەکانی، بەرگرییان لە پاراستنی کوردستانیەتو سەربەخۆییەکەی کردبا، قسەکانیانو رەخنەکانیان دژی کۆمیتەی هەرێمەکانو ئاڵای شۆڕشیش، تا رادەیەکی باش، باوەڕی پێدەکرا. بەڵام کە هەمویان بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە رازی بون، کەواتا: هەمویان بەرپرسیارێتی مێژوویی هەڵوەشاندنەوەکە هەڵدەگرن. کۆی پیلانو رەخنەکانیشیان لە کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەداو ئەو هەڵمەتەی کردیشیانە سەر ئاڵای شۆڕش.. مایەپوچ دەردەچێ!!

ڕشتەی پێنجەم:

نەخۆشی عێراقچی‌و بنکەی سوور!

١- داتاشینی بنکەی سوور!!
٢- پروپاگەندە، دەرەبەگ، ئاین
٣- کۆمەڵەو یاسا، بەرەو ئامۆژگاری
٤- عێراقچی زۆرەملێ!!
٥- دورەپەرێزیی دیموکرات‌و یەکێتیی
٦- کۆمەڵەی زەحمەتکێشان‌و یەکێتیی
٧- سوڵتانی‌و نوسەری شەرمەزار!
٨- سوڵتانی‌و گومانی جەنەراڵ!
٩- سوڵتانی‌و جوتیارێک!
١٠- درەنگ درکاندنی تاکڕەوایەتی!!
١١- نەریتی سکرتێرەکانی کۆمەڵە
١٢- جەنگی عێراق-ئێران‌و یەکێتی!
١٣- قۆناغی نوێ‌و هەڵەی ستراتیژی
١٤- وەرنەچەرخان‌و رواڵەت
١٥- شەڕی ناوخۆی قۆناغی نوێ
١٦- هەڵگەڕانەوە لە هەرێمی یەک
١٧- هەرێمێک هەمیشە لە کەمین
١٨- یاخیبون‌و خۆدزینەوە!
١٩- قین لە دڵیی، یان پابەندیی؟
٢٠- تەسلیمبوونی نەوشیروان!

(١)
داتاشینی بنکەی سوور!

مرۆڤ، ئەگەر قەڵەمی هەڵگرت، پێش ئەوەی پەیامی مێژوو، یان رای گەل، یاخود حیزب‌و هاوڕێکانی لەبەرچاو بگرێ، پێویستە ویژدانی خۆی بکاتە سەرچاوەی راستیەکان.. تەنانەت دژی خۆیشی. بەڵام، هەموو رستە، پەرەگراف، لاپەڕەو بەشێکی ئەم بەناو کتێبە، نەک ویژدانی نوسەر، بەڵکو بچوکترین ڕێز لە راستیەکانی مێژوو ناگرێ‌و لایەنی کەمیش، ڕەچاوی هەستی خەڵکو یەکێتی‌و هاوسەنگەرەکانی ناکات. هیچ حوکمێکم لەسەر نوسەر نییە، تەنها ئەوە نەبێ، کە نەخۆشەو خۆی لەرووی دەرونی‌و خووڕەوشتەوە چارەسەر نەکردووە.

سەیری هەڵبەستنی نوسەر لەسەر بەناو (بنکەی سوور)ی قەراغ بکەین‌و بزانین چۆن دایتاشیووە:

"لەلایەکەوە ناوەندێکی بنکەی سووری شۆڕشیان لە قەرەداغ دانا بوو، کە سەرچاوەی هەموو بڕیارو فەرمانەکانی ئارام‌و کۆمیتەی هەرێمەکان بوو، بۆ مەفرەزەو پێشمەرگەو کادرەکانی کۆمەڵەی سەر بەو کۆمیتەیە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە مەلا بەختیارو سالار عەزیزیان بەرامبەر "عەلی عەسکەری‌و د.خالید سەعید" دانابوو، بۆ سەرپەرشتی کردنی هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی یەکێتی".[1]

سالح یوسفی ڕەحمەتیی، شیعرێکی لە ساڵی ١٩٧٤ دا نوسی‌و لەلایەن تیپی مۆسیقای سلێمانیەوە کرایە سرود، بەناوی (هاواره براینه هاواره) منیش دەڵێم: هاواره هاوڕێیان هاواره. ئەم دەرون ئاڵۆزە. لە هەموو نەریتێک چۆن گەیاندویەتیە ئەوپەڕی داشۆراویی. بۆئەوەی وا نەزانرێ غەدر لە نوسەر دەکەین، فەرموون بزانن تەنها لەو پەرەگرافەدا چەندی رستووە:

– ناوەندێکی بنکەی سووری شۆڕشیان لە قەراغ دانابوو. ئەمەیان هەڵبەستنێکی شاخدارە.. چونکە شەهید ئارام باوەڕی بە ماویزمیش نەمابوو، چ جای بە بنکەی سوور، کە لەگەڵ باری بابەتیی کوردەواری نەدەگونجا.

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٧٦).

– سەرچاوەی بڕیاری بنکەکە گوایە ئارامو کۆمیتەی هەرێمەکان بووە. ئەگەر وایە، ئەی بۆ کۆمیتەی هەرێمەکان لەناو یەکێتیدا مایەوە؟ ئەی بۆ بە دەستپێشخەری کۆمیتەی هەرێمەکان، دەستەی دامەزرێنەری سەرکردایەتی وڵات پێکهێنرا؟ ئەی بۆ کۆمیتەی هەرێمەکان بەناوی یەکێتیو شۆڕشەوە، بەیاننامەو بەلاغی عەسکەرییان دەردەکرد؟ ئەی بۆ شەهید ئارام (الاتحاد الوطني لماذا؟)ی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی کوردی؟ ئەوەندە بەڵگە زۆرن هەڵبەستنەکانی هەڵبوەشێنینەوە، نوسینەکە دەبێتە درێژدادڕیی.

– مەلا بەختیارو سالار عەزیزیش، بەرامبەر عەلی عەسکەریو د.خالید سەعید دانرابوون.

قسەکانی سەرەوەمان بەدرۆخستنەوەی ئەم بۆچونەشە. تەنها هێندە دەڵێین: بەداخەوە، کۆمیتەی هەرێمەکان، بەرگریکردن لە کۆمەڵەیان نەگەیاندە، رێکەوتنێکی نوێ لەنێوان باڵەکانی یەکێتی لەناو یەکێتیدا. وەکو کۆمیتەی هەرێمەکان، لە یەک بەرگریلێکردنی کۆمەڵە پاشگەز نین. تەنها ئەو رەخنەیە لە کۆمیتەی هەرێمەکان دەگرم، کە هەروەکو سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە، بەبێ رێکەوتن، لەکاتی تێکەڵاوکردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی ناو وڵاتو دەستەی دامەزرێنەر، سەرەڕای جیاوازیی بیرکردنەوەو رەخنەکانمان، قبوڵمان کرد، لە چوارچێوەیەکی تەنگەبەردا لەناو یەکێتیدا بمێنینەوە!! ئەمەش کاریگەری نالەباری لەسەر رەوتی روداوەکان هەبوو. لێکەوتەکانیشی، لە کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەوە، بە زیانی کۆمەڵە دەرکەوتن!

لە درێژەی ئەو بۆچونە گومڕاییانەیدا، ئاوا درێژە بە هەڵبەستراوەکانی دەدات:

"لەلایەکەوە پەیڕەوی پێشمەرگەو ئۆرگانی تایبەت بە کۆمیتەی هەرێمەکان (ئاڵای شۆڕش)یان دەرکردو دەبوایە هەموو کادری سیاسیو پێشمەرگانەی کۆمەڵە، کاری پێ بکردایە کە هەر کەس بە وردی بیانخوێنێتەوە، هیچیان لە ڕێنماییو ئۆرگانی شۆڕشێکی نەتەوایەتی ڕزگاری نیشتمانی ناچێ، بگرە لە هی شۆڕشێکی چینایەتی وەک ڤێتنام....هتد دەچێ. بەڵام لەلایەکی تریشەوە لەناو سەرکردایەتیەکانی یەکێتیشدا تا گەڕانەوەی "مام جەلال"، پەیڕەوی ڕێنماییەکانی "مام جەلال"یان دەکرد".[1]

لەمەشیاندا، میژووی نوسراوی شێواندووە. نەک میژووی فۆلکلۆر! کە فۆلکلۆر نوسەرەکەی، یان هۆنینەوەکەی نەزانراوە. با ئەمەشی بۆ شیبکەینەوە.

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٧٦).

– پەیڕەوی پێشمەرگە، بە چاپکراوی لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی شەهید ئارامدا، هەیە، بەناوی یەکێتیەوە نوسراوە.

–ئاڵای شۆڕش.. تاقە ژمارەیەکی، ساڵێک دوای بەرپابونی شۆڕشو ساڵ و نیوێک دوای نوسینی پەیڕەوی پێشمەرگە، وەکو هەوڵێکی ئۆرگانیی تیۆریی، دەرکرا. ئەگەر بۆ هاوڕێیانی کۆمەڵەش دەرکرابێ، ئاساییە.. هەرچەند دەدرایە هەموو کەسێک.

–ئاڵای شۆڕش.. لەو تاقە ژمارەیەدا، شۆڤێنیەتی بەعسی قانگ داوە بەرامبەر کوردو شۆڕش.. هەموو دژایەتیەکی شۆڤێنیەت، واتا: بەرگریکردن لە کێشەی نەتەوایەتی.

–تا گەڕانەوەی مام.. پەیڕەوی لە ڕێنماییەکانی کراوە.. ئەمەیان لەگەڵ قسەکانی پێشوودا چەندی بە چەند؟

ئایا ڕێنماییەکانی مام جەلال دامەزراندنی بنکەی سوور بوو؟ ئایا ڕێنماییەکانی دژایەتی عەلی عەسکەریو د.خالید بوو؟

بۆئەوەی خوێنەر بۆچونی ئارامو کۆمیتەی هەرێمەکان لەمەڕ مارکسیزم، بنکەی سوور، بەبەڵگەوە بزانێ، بڕوانن ئارام چی دەڵێ:

"ئەبێ بە وردیو زۆر هۆشیارانە کار بکەینو ئەبێ بزانین کە ئەگەر ڕاستەوخۆ بەناوی مارکسیزم–لینینیزمەوە بچینە ناو خەڵکەوە (ردفعل)ی زۆربەی جەماهیر سەلبی ئەبێ، چونکە هێشتا ڕەفتاری مارکسیانەی ڕاستیان نەدیوە لەبەرئەوە ئەبێ پێشەکی بەکردەوەی ڕاست بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بیروباوەڕی م.ل بۆیان کە بێگومان ئەم (ناوەڕۆکە)یان لا پەسەندە بچینە ناویانو بەو بیروباوەڕە پەروەردەیان بکەین. ئەوە تەنیا ڕێگەی ڕاستە بۆ سڕینەوەی ئەو هەستەی کە لەناو جەماهیردا دژی ئەم بیروباوەڕە چێنراوە".[1]

ئەوە بۆچونی شەهید ئارامو کۆمیتەی هەرێمەکان بووە. کە چەند بە وریاییەوە، هەوڵدراوە فەلسەفەی مارکسیزم–لینینزم لەناو خەڵکدا، بڵاوبکرێتەوە. ئیتر بنکەی سووری چی؟ دیسان بەداخەوە، ئەو ڕێبازە سەربەخۆییەی کۆمەڵە، نەپارێزرا. هەتا بە پیلان، کۆمەڵە لەناوبرا!

---

١ هەڵبژاردەیەک لە نوسینەکانی شەهید ئارام. ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان–عێراق– چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ. ١٩٨٠. ل(٥٥).

(٢)
پروپاگەندە، دەرەبەگ، ئاین

لەوەدەچێ نوسەر کاتی نوسینی ئەم بابەتانە، خۆی بە ئەوپەڕی سەرکەوتوو زانیبێ و هەندێک لە کۆنە قینەکانی دامرکابێتەوە، بۆیە بەئارەزووی خۆی پێی لێهەڵبڕیووە. چونکە کرابووە ئەندام پەرلەمانی عێراق (نەک چوار پارچەکەی کوردستان!) بە مۆڵیی مانگانە زیاتر لە (٣٥) ملیۆن دیناری دەستدەکەوت. ئیتر لە بەغدادی پایتەختی کێشە دیموکراسیەکانی عێراق بۆ (کوردستان-عێراق) ململانێ دروستکراوەکانی شاخو ناو شۆڕشی، هەر بیر نەمابوو. مڕ مڕ، روداوەکانی هەڵگێڕاوەتەوە. بزانین چی زیاتری داتاشیووە:

"لەلایەکەوە پڕوپاگەندە و خوتبەو وەعزو ئیرشادی ئەو برادەرانە لە هەموو گوندەکان و لەناو جەماوەرو پێشمەرگە بریتی بوو، لە پێکهێنانی بنکەی سوور و ئاراستەکردنی شۆڕش بە شۆڕشی چینایەتی و جێبەجێکردنی هەردوو ئەرکە چینایەتی و نەتەوایەتیەکە ڕابەری پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاران و دژی داگیرکەر و دەرەبەگایەتی و خێڵەکی و عەشایەرو شێخو مەلاو دینە. ئەم ڕەفتارکردنە تەواو پێچەوانەی یاساکانی کاری بەرەیی و ڕێزگرتن لە بیروڕای ڕێکخراوو حزبی ترو بەشداری لە شۆڕشدا بوو".[1]

هەموو ئەوانەی ئاگاداری سەرەتاکانی شۆڕش بوون، باش دەزانن کە لەناو شۆڕشداو لەناو دێهات و جوتیارانی بەئەمەکدا، زۆربەی کۆبونەوەکان بەناوی یەکێتی و شۆڕشی نوێوە دەکران. بەڵام کادرانی کۆمەڵەش، مافی خۆیان بووە، ئەندامو لایەنگر بۆ کۆمەڵە ڕێکبخەن. خۆ کۆمەڵە خەباتی نەکردووە لەناو یەکێتیدا، هەتا ئازادی بیروڕاو ڕێکخستن لەخۆی زەوت بکات. ئەم کێشەیە، لەدوای هاتنەدەرەوەی هاوڕێیانی زیندان، یەکێک بوو لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوانمان. ئەوان پشتیوانیی مام جەلالیان دەکرد، کە باڵەکانی ناو یەکێتی بەجیا بۆیان نەبێ خەڵک کۆبکەنەوە. بەندە لە کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی یەکێتی، دژی ئەو بۆچونە بوم. کە ئەوکاتە تازە دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە تەواو بوبوو، شەهید جەمال تایەریش تازە هاتبووە دەرەوە، لەسەر ئەو دوو بۆچونە ئاڵۆزیی تێکەوت. ڕۆژێکیش دواخرا. هەتا کۆمەڵە کۆبوینەوە، بۆچونەکەی من سەرکەوت. کەرتو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەش، هەر ئەوکاتە دامــەزرانو ڕاسپێردران چالاکیش بەناوی کۆمەڵەوە بکەن.

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٧٦-٢٧٧).

دەربارەی ئەوەی گوایە دژی دەرەبەگایەتی، خێڵەکی، عەشایەر، شێخ و مەلاو ئاین، قسە کرابێ.

بەڕاستی ئەمەیان نەپرینگانەوەی نوسەرە لە خودی خۆیشی. چ جای لە راستیەکان.

–ئاخر قەراغ، هەردوو تەریقەتی قادریو نەقشی تیابوو. ئەوپەڕی ڕێزیان لە کۆمەڵەو شەهید ئارام دەگرت.

–ئاخر قەراغ، راستە ئاغاو دەرەبەگی گەورەی تیا نەبوو، بەڵام جوتیارانو بنەماڵەکانیان، ڕێزێکی بێپایانیان لە کۆمەڵەو سەرکردەو کادرو پێشمەرگەکان دەگرت.

–ئاخر کۆمەڵە، بەرگری لە نەتەوەی کوردی پێش باوەڕی چینایەتی نەخستایە، ئەی بۆچی باوەڕی بە شۆڕشی چەکداریی هەبوو؟

کام شۆڕشی چەکداریی لە دونیادا، خەباتی چینایەتی پێش خەباتی نیشتمانی–نەتەوایەتی خستووە، هەتا کۆمەڵە وای بکردایە؟

أ–شۆڕشی دریژخایەنی چین، رزگاری نیشتمان بوو.

ب–شۆڕشی ڤێتنامو لاوسو کەمبۆدیا، بۆ رزگاری نیشتمان بوو.

ج– کوبا، بۆ روخاندنی دیکتاتۆریەتی پاتیستا بوو.

د– کۆریای باکور، بۆ رزگاری کۆریا بوو.

ه– فەلەستینو ئەریتیریا، هەر بۆ رزگاری نیشتمان بوون.

ئیتر نوسەر، بە چ پێوەرێک دەیەوێ، لەناو ئەو هەموو شۆڕشی رزگارییەی، کە زۆربەشیان کۆمۆنیستەکان رابەرایەتیان دەکرد، کۆمیتەی هەرێمەکانو شەهید ئارام، بکاتە شۆڕشێک لە هیچ شۆڕشێکی جیهان نەچینو بارگاویمان بکات بە بنکەی سوورو دژایەتی دەرەبەگو ئاینیش!

لە داخی دڵی خۆی، کە کۆمیتەی هەرێمەکان میژوویەکی ئەوەندە شۆڕشگێڕانەی هەیەو لەقۆناغی سەختی خەباتدا، شەرەفی خۆڕاگریو کۆڵنەدانی بەرکەوتووە؛ لەناو کوردستاندا، سەربەرزیی بەرپاکردنی شۆڕشی هەیە.. شەهید ئارامو ئازاد هەورامی، نمونەی سەرکردەی راستگۆی شۆڕشگێڕ بون. ئێمەی هاوڕێیانی ئەو شەهیدانەش، دەستمان لە پلەوپایە هەڵدەگرتو دەستمان لە بیروباوەڕمان بەرنەدەدا.. تا ئێستاش، لە داخی ئەم سەروەرییانەی کۆمیتەی هەرێمەکان، نوسەر، پشتئەستور بە هەڵپەرستیەکەیو هەڵبەستنەکانیو باڵی زاڵی ناو یەکێتی، ئەوپەڕی هەوڵیداوە، داخی دڵی بەو شانازییانەی

کۆمیتەی هەرێمەکان بڕێژێ. بێئاگا لەوەی هەموومان کەوتوینەتە دونیای جیهانگیریو ئینتەرنێتو سۆسیال-میدیاوە، بەڵگەکان لەبەردەستنو بەشێکی زۆری شایەتەکانیش زیندوون، گوێی نەداوەتە ئەم دیاردەو دەرکەوتانەی سەردەمەکەو بەئارەزووی قینی قەڵەمی داگرتووە.

(٣)
کۆمەڵەو یاسا، بەرەو ئامۆژگاری

نەخۆشیی فیزیکی، ئازاری بۆ نەخۆش هەیەو خۆیو کەسوکاریشی ئەزیەت دەدات. بەڵام نەخۆشیی سایکۆلۆژی، خۆی بیردەچێتەوەو هەتا بتوانێ هەموو چەشنە زیانێکی خێزانی، کۆمەڵایەتی، سیاسیو ماددییش دەدات. نوسەر (درۆکۆ)[*] یە.

سەیرکەن لەسەر کۆمیتەی هەرێمەکان، چەند رقی پەنگخواردووی هەڵدەڕێژێو چەندیش درۆکۆیە. دەڵێ:

"لەڕاستیدا هاوڕێیانی کۆمیتەی هەرێمەکان لەو کاتەدا کۆمەڵە لاوێکی خوێن گەرم و چەپێکی توندڕەوی بێ خەبەر بە یاساکانی کاری بەرەییو نەشارەزا بە سیاسەتو سەرکردایەتی کردنی هەم جەماوەرو هەم شۆڕشو بێ ئەزمون لە پراکتیکدا، و نەشیان دەویست ددان بەو کاڵیەی خۆیاندا بنێنو هەوڵدەن سوود لە ئەزمون و لانی کەمی ژیانی بەرەیی وڵاتانی تری سەرکەوتوو وەربگرن. بەڵام نەک هەر دانیان بەو ڕاستیانەدا نەدەنا، بگرە خۆیان بە سەرکردەو شارەزاو لێهاتوو و وشیارو ڕۆشنبیر دەزانیو گوێشیان بە ئامۆژگارییەکانی سیاسەت مەدارەکانی وەک "مام جەلال و نەوشیروان" نەدەدا".[١]

لە داخی سەرکەوتنەکانی کۆمیتەی هەرێمەکانو شانازییەکانی، خۆی شەرمەزار دەکات، تەنها بۆ شێواندنی ئەو مێژووە.

- کۆمیتەی هەرێمەکان لەوکاتەدا کۆمەڵە لاوێکی خوێنگەرم بوون.

---

* درۆکۆ: دەستەواژەیەکی داتاشراوی نوێمانە، هەر ئێستا لە ڕێڕەوی نوسینەکەدا لامان گەڵاڵە بوو. بەو کەسانە بوترێ کە کۆی راستیەکان دەشێوێنن. لەسەر کێشی: شێرکۆ، لاوکۆ، تیشکۆ..تاد.

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٢٧٧).

ئەگەر لاو بوبین، تەمەنمان وا بوو. بەڵام بەو خوێنگەرمییە، وڵاتمان جێنەهێشت، کۆڵمان نەدا؛ بڕیاری شۆڕشکردنمان دا؛ بڕیارەکەشمان بردەسەر.

سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە، کامڵ بوون. خوێنیان گەرم نەبوو. بەڵام وڵاتیان جێهێشتو بڕیاری مام جەلالیان بۆ شۆڕشکردن، جێبەجێ نەکرد.

– چەپی توندڕەوی بێخەبەر لە یاساکانی کاری بەرەیی.

چەپبوون، ئەوساو ئێستاش شانازیە. دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکە. بۆئەوەی توندڕەو یان نەرمڕەو بوبین؟ ئەمەیان تێگەیشتنەکان بە ڕێژەیی دەیگۆڕن؛ بەڵێ لەو دۆخەدا، بەپێی لۆژیکی ڕاستڕەوەکان، شۆڕشکردن توندڕەویی بووە؛ بەڵێ بەپێی ئەوانەی دەیانویست، سازش لەگەڵ حکومەتدا بکرێ، شۆڕشکردن توندڕەویی بووە؛ بەڵێ بەپێی بۆچونی ناسیۆنالیستە گۆشەگیرەکان، چەپڕەوایەتی تووندڕەوایەتییە. بەڵام دوای شکستی بۆرژوازە ناسیۆنالیستەکان لە سەرانسەری کوردستاندا، چەپە خوێنگەرمەکان، لە هەر چوار بەشی کوردستاندا، فەرهەنگی هەرەسپێهێنانی شۆڕشیان، کۆتایی پێهێنا! لە مێژووی هاوچەرخدا، چەپەکانن لە فەرهەنگی سیاسیدا، دەستەواژەی هەرەسیان نەهێشتو لەبەرامبەر دۆخە ترسناکەکانیشدا، چۆکیان دانەدا. چەپەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، بەڵگەی ئەو ڕاستیەن!

ئەگەر لە یاساکانی کاری بەرەیی بێخەبەرو ئەگەر بەو ئەندازەیە چەپی توندڕەو بوبین، ئەی بۆچی لە ڕیزەکانی یەکێتیدا ماینەوەو لەبەر چیش، لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستیدا، سەرکردایەتی ناو وڵاتو هێزی پێشمەرگەمان دامەزراند؟

– نەشارەزا لە سیاسەتو سەرکردایەتیکردنی جەماوەرو هەم شۆڕشو بێئەزمون لە پراکتیکدا..

ئەگەر لە سیاسەتدا، نەشارەزا بوینایە، کۆمیتەی هەرێمەکان، کۆمەڵەی لە پەرشوبڵاویو دۆخی شڵەژاودا، دەرباز نەدەکرد؟

ئەگەر، لە سەرکردایەتیکردنی جەماوەر، نەشارەزا بوینایە، کۆمەڵەمان لە ڕێکخراوێکی بچوکی لێدراوی ژێرزەمینیەوە، نەدەکردە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی جەماوەریی ناسراو، کە هەزاران تێکۆشەر لەدەوریا کۆببنەوە. دۆستو دوژمنیش حسابی بۆ بکات.

ئەگەر، لە پراکتیکدا بێئەزمون بوینایە.. بە پراکتیک، لەوپەڕی نەبونیو پەرتەوازەییدا، بەبێ ئەوەی هێشتا مامو دەستەی دامەزرێنەر گەڕابنەوە، بەبێ ئەوەی بزوتنەوەش

هاتبنه دەرەوە، بە پراکتیک، مەفرەزەکانمان لەسەرانسەری کوردستاندا پێکەوە نەدەناو پێکیشمان نەدەبەستنەوە، بە ئاڕاستەی یەکێتیو شۆڕشی نوێ!

بۆ مەسەلەی بێئەزمونیش.. پراکتیک، ئەزمون دەوڵەمەند دەکات. زۆربەی سەرکردەو شۆڕشگێڕەکانی جیهان، کە سەرەتا دەستیان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە کردووە، ئەزمونی خەباتی چەکداریان نەبووە، بەڵام لەپراکتیکدا، سەرکەوتن، شکست، قوربانیو خۆڕاگریی.. لە قۆناغەکانی خەباتدا، لە ئەزمونی جۆراوجۆردا، قاڵو قوواڵیان دەکات.

ئەزمون قارچک نییە.. بۆ تێکۆشەران هەڵتوقێ. کڵۆ بەفری سپیش نییە، بۆیان دابکات. ئاخر:

– مستەفا بارزانی، سالانی (١٩٣٢–١٩٣٤) ئەزمونی شۆڕشی چی هەبوو، کە ڕاپەڕینی بەرپا کرد؟

– مام جەلال، ١٩٦١ کام ئەزمونی شۆڕشی هەبوو، کە بوو بە مام جەلالی ناوداری شۆڕشی ئەیلول؟

– چیگوارا.. چ ئەزمونێکی هەبوو، کە لە کوبادا کرایە فەرماندەو لە بۆلیڤیادا، شۆڕشی تا شەهیدبون، بەرپا کرد؟

– یاسر عەرەفات.. لە کام کۆلێژی سەربازی دەرچووبوو، یان لە شۆڕشێکی پێشتری عەرەبیدا بەشداریی کردبوو، کە ساڵی ١٩٦٥ رابەرایەتی مەفرەزەکانی لە فەلەستیندا کرد؟

نمونەی تر زۆرن، لەسەر ئەزمونو پراکتیک. دیارە هەن، لە دونیای سیاسەتدا بەتەمەنن. ئەزمونی سیاسییان زۆرە. لە دوو شۆڕشیشدا بەشداریان کردووە. بەڵام لەبەرئەوەی کارامە نەبوونو ترسنۆک بوون.. سەرکەوتوو نەبونو تەنها نەخۆشی دەروونییان بۆ مایەوە. وەکو برایم جەلال. یان وەکو زۆرێک لە مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی یەکێتی، مەگەر بە ڕێکەوت ناویان بهێنرێ.. ئەگینا بیرچونەتەوە. زۆربەشیان لە نەوەی یەکەمی خەباتی سیاسی بون!

نوسەر، پراکتیکو ئەزمون، وەکو ئەفسانەی شۆڕش سەیر دەکات. نەک وەکو پرۆسەیەک لە بۆتەی خەباتدا، بهێنرێنە دی. جگە لەو هەموو ڕاستیگەلە، مەرج نییە، لە بۆتەی پراکتیکدا قاڵو لە ئەزموندا قووڵ بیت، نەک هەڵەی بچوک، بەڵکو هەڵەی ستراتیژییش نەکرێ.

– بارزانی؛ بەئەزمونترینو بەتەمەنترین سەرۆکی کورد بوو. لە ڕاپەڕینەکانی بارزانیەکان (١٩٣٤–١٩٤٥)و لە کۆماری مەهابادو شۆڕشی ئەیلولیشدا، قاڵو قووڵ بوو، کەچی هەڵەی ستراتیژی وەکو کۆتاییپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول دەکات.

– مام جەلال؛ ئەزموندیدەترینی ناو یەکێتی بوو، کەچی لە ناردنی هەڵمەتی هەکاریدا، هەڵەی کردو لە مفاوەزاتەکانی (١٩٨٣–١٩٨٥)دا، سەرنەکەوت. جگە لە دەیان هەورازو

نشێوی دیکەی سیاسی، پێشمەرگایەتی، شکستی ستراتیژی لەدەستدانی هەولێر–سلێمانی. پاشان سلێمانی، دوای ٣١/ی ئاب. سەرباری هەڵەی ستراتیژی جەلالی!

– مەسعود بارزانی؛ لە زۆر رووەوە، پارتیو بنەماڵەی بارزانی لە شکستو پەرتەوازەیی ١٩٧٥ رزگار کرد، بەڵام لە ٣١/ی ئابدا، هەڵەی ستراتیژیی کرد.

– شەهید شیهاب؛ هاوتەمەنی مام جەلالو ئەزموندیدەی بزوتنەوەی چەپ، کەچی باشترین هەل بۆ چەپ، لەدوای خیانەتنامەی جەزائیرو لەکاتی گرتنی هاوڕێیانی کۆمەڵەدا، هەڵکەوت، هەردوو هەلەکەی بە هەڵەی ستراتیژیی، لەدەست دا.

– نەوشیروان مستەفا؛ بەئەزمونو خاوەن پێشینەیەکی زۆری پراکتیک بوو، هەتا لەناو یەکێتیدا بوو، تا رادەی تاوان دژی جیابونەوەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستو ئاڵای شۆڕش بوو، کەچی خۆیشی هەڵەی ستراتیژی جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕانی کرد. جگە لە هەڵەی ستراتیژی شەڕی قڕناقاو پشتئاشانو مفاوەزاتی ١٩٨٤.

– شەهید ئارام؛ هەڵەی کوشندەی کرد، کە لەناوچەی قەراغدا مایەوەو حەرەسی لەگەڵ نەبوو، سەرەنجامەکەی کارەساتی شەهیدبونی خۆی بوو.

هەڵە و هەڵەی ستراتیژیش، بەشێکی دانەبڕاوی میژووی حیزبەکانو شۆڕشەکانو سەرکردە رەمزەکانیشە. زۆرترین شکستو هەڵەکان، نەوەی یەکەمی سەرکردایەتی کوردایەتی ئەنجامی داوون!

(٤)
ئەلتارناتیڤی هەڵوەشانەوە

بۆئەوەی تۆمەتە داتاشراوەکەی عێراقچی، بە زۆرەملێ، بچەسپێنێ، لە لاپەرە (٢٧٨)دا شانامەی سەیرو سەمەرە دەهۆنێتەوە. وەکو:

"هیچ کام لە ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان بە ئاشکرا و بەجورئەتەوە ڕاستی ڕا و بۆچونەکانی خۆیان نەوت جگە لە سالار، کە بەوپەڕی سووربونو هەڵوێستەوە بیروڕای خۆی نەشاردەوەو ڕای گەیاند، کە ئەوانە خەباتیان بۆ کردنی کۆمەڵە بە ڕێکخراوێکی چەپی عێراقی ئەلتەرناتیڤی حزبی شیوعیە".[1]

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم–٢٠١١. ل(٢٧٨).

ئەگەر بە ئاشکراو بوێرانە، بۆچونی خۆمان لەناو کۆنفرانسدا، بەپێی ئەو ئاستەی هەموو ئەندامانی کۆنفرانس، ئەوکاتە هەمانبوو (کە ئاستێکی تێۆری شیاو نەبوو) ئەی بۆچی کۆنفرانس چەندین رۆژی خایاندو تیایدا، گفتوگۆی چڕ لەسەر مێژووی کۆمەڵە، ئایدیۆلۆژیەتی کۆمەڵە، ڕێبازی کۆمەڵە لەنێوان چینو شورەوی، ناسنامەی چینایەتی کۆمەڵە..تاد، کەوتە ئاراوە. هیچ کەسێکیش لەناو کۆنفرانسەکەدا نەیوتووە: عێراقچیم. بەڵام لەسەر ئەوەی کێشەی کورد لەو قۆناغەدا، بەشێکی خەباتی دیموکراسی عێراقە، بەڵێ قسە کراوە. قسە لەوەش کراوە کۆمەڵە کوردستانی داش عێراق بێ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عێراق) لەمە زیاتر باسی عێراقچێتی دوورونزیک نەکراوە. بۆئەوەی قسەکانیشی بچێتەسەرو تۆمەتەکانی باوەڕێ پێبکرێ، لە هیچ مەسەلەیەکدا سالار عەزیزی پەسەند نەکردووە، کەچی لێرەدا دەنوسێ:

"سالار، کە بەو پەڕەی سووربونو هەڵوێستەوە بیروڕای خۆی نەشاردەوەو ڕای گەیاند، کە ئەوانە خەباتیان بۆ کردنی کۆمەڵە بە ڕێکخراوێکی چەپی عێراقی ئەلتەرناتیڤی حزبی شیوعیە".[1]

هەرگیز قسەی وا نەکراوە. ئەمە بوختانێکی ناڕاستە. هەمومان سوور بوین لەسەر کوردستانیەتی کۆمەڵە.

لەمەوە دێتە سەر دروژەپێدانی تۆمەتەکانی هەتا دەیگەیەنێتە جیابونەوەی ئاڵای شۆڕشو دەشیکاتە عێراقچی.

کە ئەو مێژووە بیر دەخەمەوە. کە دۆخی ناو یەکێتیو دەرکەوتنی سەرجەم ڕاستیەکان دەبینم. نە کۆمەڵە ماوەو نە ئاڵای شۆڕشیش. نەوشیروانیش، لە یەکێتی جیابوەوەو بزوتنەوەکەیشی نەکردە کوردستانیو هەر چوار پارچەکەی کوردستانی پێ ڕزگار نەکرد. بەڵکو زیاتر بەرەو قوواڵایی عێراقی ئاڕاستەی دەکرد.

ئێستا، کە سەرجەم بەڵگەنامەکان، نامە دەستنوسەکان، کۆنوسی کۆبونەوە ئاشکراو نهێنییەکان، بڵاوبونەتەوە، لە هیچ بەڵگەیەکدا، نوسراوێکدا، بۆچونێکدا، بە ڕەسمی، یان بە شەخسی، کۆمیتەی هەرێمەکان، یان لەدوای هەرسێ کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە، یاخود ئاڵای شۆڕش، هیچ کەسێک نە وتاری نوسیبێ، نە لێدوانی دابێ، نە گفتوگۆی لەگەڵ گروپو لایەنێکی عێراقی، لەسەر پێکەوەنانی حیزبێکی سەرانسەری عێراقیو عێراقچی، کرابێ،

---

١ سەرچاوەی پێشوو.

ئیتر، ئەگەر نوسەر نەخۆشییە دەرونیەکەی کوشندە نەبوبێو خووی شەڕفرۆشتنی بە عێراقچیەوە نەگرتبێ؟ بە چ بەڵگەیەکو لەبەر چ هۆیەکی ئاشکرا لەوبارەوە، ئێستاش پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی کۆمیتەی هەرێمەکان، یان دواتر ئالای شۆڕش، بە عێراقچی ناوزەد بکات؟

گریمان، لە شۆڕشدا، لەبەر زەبروزەنگی نەوشیروانو جەلادیەکەی برایم جەلال، نەمانوێرابێ بانگی عێراقچی ئاشکرا بدەین، خۆ لەدوای راپەڕینەوە، بۆچونەکانی ئێمە دەربارەی:

- بەرپابونی راپەڕین.
- کێشەی کورد بەشێکی کێشە دیموکراسیەکانی عێراقە.
- ناڕاستیی تێزی کوردستانیەتی چوار پارچە.
- هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەو لادان لە ڕێبازی چەپ.

خۆ هەموو ئەو بۆچونانەمان هاتنەدی. دەشمانتوانی پشتئەستوور بەو بۆچونانە (ئەگەر عێراقچی بوینایە)، جوڵانەوەی هەمەلایەنەش بکەین؛ کەچی نەک ئەوانەمان نەکرد، بەڵکو کە زانیمان حکومەتی تازە دامەزراوی کوردستان، بە ئاڕاستەی دیموکراسی، پیلانی لەسەرە، پێمان بە برینەکانی خۆماندا ناو لەگەڵ یەکێتیدا، ڕێکەوتینەوە. کەوابێ.. ئەلتارناتیڤی راستەقینەی پەڕەوانی سەرکردایەتی زاڵی کۆمەڵە، هەڵوەشاندنەوەی بووە!

(٥)
دورەپەڕێزیی دیموکراتو یەکێتیی

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕی کوردستان-ئێران، بەڵگەنامەکان دەریانخست، کە لەساڵی ١٩٦٩وە دامەزراوە. لەدوای کارەساتی هەکاری، کە مانو نەمانی یەکێتی کەوتبووە غەرغەرەوە، یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەمان بون بەتەنگ یەکێتیەوە هاتن. فریای مام جەلالو مەکتەبی سیاسیش بە پارەو ئازوقەو دەرمان، کەوتبون. د.جەعفەریشیان بۆ ناردبونو خزمەتێکی بێوێنەی کردبوو. هەروا

مامۆستا برایم (ساعدی وەتەن دۆست) لە دەراوی گورگان ئابی ١٩٧٨ گەیشتە مام جەلال. ئەو رۆژگارە هێشتا راپەڕینی گەلانی ئێران دەستی پێنەکردبوو. ناوی ئیمام خومەینیو یارانی لەئارادا نەبوو. کۆمەڵە، کە ناومان لێنان کۆمەڵەی ئامۆزا، بەراستی شۆڕشگێڕ بون. بە سەرومااڵ لەگەڵ شۆڕشەکەدا بون. یەکەمین شەهیدیشیان خانەی موعینی،(*) لەناوچەی ئالانی باشوری کوردستاندا بەخشی. بۆ مێژوو لەو دۆخە دژوارەدا، دووروونزیک، حیزبی دیموکرات پەیوەندییان بە یەکێتیەوە نەکرد. هیچ هاوکاریەکیشیان، لەو تەنگانەیەدا نەمزانیوە، بۆ ناردبین. لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیەوە، شەهید قاسملو و دیموکرات، پێیان وا بوو، باشوری کوردستان دوا بەختی خۆی لە شۆڕشدا، هەتا شۆڕشی ئەیلول تاقی کردبوەوەو ئیتر هەقە چاوەڕێ بکەن، بەشەکانی تری کوردستان بەختیان تاقی بکەنەوە. د.قاسملوو، پێشبینی کردبوو، کە رژێمی شا نامێنێو راپەڕین دەبێو رۆژهەاڵتی کوردستانیش دەبێتە مەیدانی خەبات. مام جەلال ئەم تێزانەی د.قاسملووی قبوڵ نەکردبوو، گوتبووی: کوردستانی عێراق، خیانەتی لێکراوەو گەلەکەمان هیچ گوناحێکی نییەو ئامادەیە درێژە بە خەبات بداتو چاوەڕوانی دۆخی بەشەکانی تری کوردستان هەڵەیە! سەبارەت بە راپەڕینی گەلانی ئێرانو روخاندنی شا، دوربینیەکەی د.قاسملوو، راست دەرچوو. سەبارەت بە شۆڕشی باشوری کوردستانیش، بۆچونەکانی مام جەلال راست بوو.

کە شۆڕش لە باشوردا بەرپا کرا، لەلایەن یەکێتیەوە، پیشبینی نەدەکرا، راپەڕینی گەلانی ئێران، پێش روخانی سەدام، بەرپا بکرێو کە بەرپاش کرا، ئاسۆی راپەڕینەکەمان لەبەرچاو روون نەبوو. بەاڵم زۆر زۆرمان پێ خۆشبوو.

کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیش، بەهۆی نامەیەکی سەالحەدینی موهتەدیەوە،(*) پەیوەندییان بە مام جەالەوە کردبوو، یەکێتی سوسەی رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی وای نەکردبوو، لەدژی شادا. بونی ئەمانیش، بۆ یەکێتیو کۆمەڵە مایەی دڵخۆشیەکی گەورە بوو.

---

* خانەی موعینی؛ لە خانەوادەی موعینییەکانو برای سلێمانی موعینیە. بە دەسیسەی ئێران–پارتی شەهید کرا. خانەوادەکەی هەر بە شۆڕشگێڕێتی درێژەیان بە خەبات دا. یەکەمین شەهیدی کۆمەڵەش، خانەی موعینییە. رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەشیان، بەبۆنەی شەهید خانەوە ناوناوە.

* سەالحەدینی موهتەدی، کوڕی گەورەی خانەوادە بەناوبانگەکەیانە. لە پەنجاکانەوە بۆتە دیموکراتو لە شۆڕشی ئەیلولەوە تێکەاڵوی خەباتی ئاشکرا بوو. دیموکرات بووە. نوسەرو ئەدیبە. فەزڵێکی گەورەی بەسەرمانەوە هەیە. لەوساوە تا ئێستا یەکێتییە.

یەکێتیو کۆمەڵە، لە قۆناغی جیاواز جیاوازدا، پەیوەندییان بە کۆمەڵەو دیموکراتەوە هەبووە.

–قۆناغی دامەزراندن، مام جەلال پەیوەندی بە دیموکراتو شەهید قاسملووە دەکات، نە لەسەر شۆڕش بەرپاکردنو نە لەسەر کۆبونەوەی حیزبە کوردستانیەکان، ڕێکناکەوون، بەڵام لەدەرەوەی وڵات، پەیوەندی دیموکراتو یەکێتی بەردەوام دەبێ.

–لەدوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، تەنها هێمنی شاعیر، بەلای مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا تێدەپەڕی.[+]

هەتا سااڵنێکیش، پەیوەندی دیموکراتو یەکێتی، دردۆنگ بوو. بەڵام سەفەرێکی وەفدی یەکێتی بۆ مەهاباد. کە بریتی بوون لە: نەوشیروان مستەفا، مـلازم عومەر، هۆمەر شێخ موسو جەمال ئاغا.. سەردانی مەهابادیان کردبوو. لە میوانخانەی سەدەکەی مەهاباد، میوانداری کرابونو شەهید د.قاسملۆو عەبدوڵڵای حەسەن زادەو مستەفای شڵماشی، لەگەڵیاندا دانیشتبون؛ دانیشتنەکان، بە ڕۆحیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێوەچووبوو. سەرەتایەکی باشبوو بۆ پەیوەندی هـەردوولا. گەرچی د.قاسملوو دیموکرات، لەو کۆبونەوەیەشدا، بەتەواوەتی پێشنیازەکانی یەکێتییان بۆ نەهێشتنی کێشەی نێوان هەردوولا، قبوڵ نەکردبوو. بەڵام هەندێ پرەنسیپ دانرابون، هەردوولا پاراستیان. وەکو، هاوکاری یەکتر لەسەر سنورەکان، دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتر، نەمانی جەنگی سارد لەنێواندا..تاد.

نەوشیروان مستەفا، لە باسکردنی ئەم ناکۆکیەدا، بۆچونێکی هەیە، کە من گومانم هەیە، دیموکرات بەو هۆیەوە لەگەڵ یەکێتی سارد بوبن. یان بەربەرەکانێیان کردبێ. نەوشیروان دەڵێ:

"نێوانی مام جەلالو قاسملو و، یەکێتیو حدکا، لەسەرەتاوە بە ڕواڵەت باشو خۆش بو. بەڵام ڕاستیەکەی بێ بـاوەڕیو گومان لەم پەیوەندییەدا هەبو. حدکا عێراقی بە پشتیوانێکی گرنگ دائەنا بۆ خۆی، نەیئەویست لەبەر خاتری یەکێتی یان هیچ ڕێکخراوێکی

[+] مام هێمن.. لە بارەگای ڕەسول مامەند دادەبەزێ. مام منی نارد بەدوایاو میوانیی کرد. قسەی زۆر کرا. دەرکەوت ناڕازییە لە دیموکرات. مام پێی ناخۆشبوو بێ حەرەس بڕواتەوە. شەش چەکی بۆ کۆکردەوە. دوو چەکی لە من سەندو دووانیشی لە عەلی ئامەخانو دووی خۆیشی خستە سەری. بیرمە پێی گوت: «بۆ کورد جوان نیە، دوای (٣٠) سااڵ دەربەدەری، ئاوها بگەڕێتەوە«. کە ڕۆژی دوایی گەیشتە سەردەشت، خەڵکێکی زۆر بە پێشوازییەوە چوون. لە مەهابادو شارەکانی تریش هەروەها.

تری عێراقی، دۆستایەتی بەعس لەدەس بدا".[1]

ئەم بۆچونە بنچینەی ناکۆکیەکان نەبوو. بەڵکو بەدرێژایی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی، دیموکرات، بەقسەی بەعسی نەکردووەو هیچ بەڵگەیەک نە ئەوساو نە ئێستاش، کە دوای روخاندنی بەعس دەستکەوتن، نایسەلمێنن بچوکترین گومان لەسەر ئەو پەیوەندیەی دیموکرات لەگەڵ بەعسدا، دژی یەکێتی، یان هەر لایەنێکی تر بەکارهاتبێ. بەڵکو هاوکاری لایەنە سیاسیەکانیشیان دەکرد.

راستیەکەی، د.قاسملوو، هەر لە شۆڕشی ئەیلولەوە، مارانگازی سەرکردایەتی شۆڕشی باشوری کوردستانە. لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیشەوە، ترساوە، روداوە دڵتەزێنەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول، بە هەر هۆیەکەوە بێ، دژی تێکۆشەرانی دیموکرات چەند بارە بێتەوە. ئەم مارانگازییە، مەترسی لای دیموکرات خستبووە ئاراوە. بەڵام رۆژگار دەریخست، یەکێتی روداوە دڵتەزێنەکانی شۆڕشی ئەیلولی لەناو شۆڕشدا، دووبارەنەکردۆتەوە. بەڵکو تەواوی هێزەکانی یەکێتی وەک هێزی پشتیوان چوون بەهانای خەباتی چەکداری پاشەکشەپێکراوی رۆژهەڵاتی کوردستان.[*]

جگە لەو مەسەلانە، د.قاسملوو، دوای ئەوەی حیزبی دیموکرات لە پاشکۆیەتی حیزبی تودەی تەپیو، دەرباز کردو رێچکەکەی بردەوە سەر شەهید پێشەوا، لەو باوەڕەدام ئومێدی زۆر بووە، خۆی وەکو رابەرێکو دیموکراتیش وەکو حیزبێک، ببنە پێشەنگی روداوەکان. بونی مام جەلالو هێزێکی وەکو یەکێتی، بۆ حیزبەکەیو بۆ خۆیشی، بە بەربەستی ئەو بەرنامەیە دەزانی. بەتایبەتی لەو دۆخەدا، پێی وا بوو، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، دروستکراوی یەکێتیو مام جەلالە!

لەراستیدا، کاتێک راپەڕینی گەلانی ئێران بەرپا بوو، ئەو پێشبینیەی (ئەگەر وا بوبێ) د.قاسملوو و دیموکرات، بۆ ماوەی دوو ساڵ، راستو دروست دەرچوون. لەو دوو ساڵەدا، ئەستێرەی رابەرایەتی د.قاسملوو، هاوکات پێگەی حیزبی دیموکرات، لە سەرکردایەتی لایەنە سیاسیەکانی بەشەکانی تری کوردستان، گەشاوەتر بوو. وەلێ لە ساڵانی دوورودرێژی تاراوگەدا، پێم سەیرە، د.قاسملوو، کە زۆر زۆر زیرەک بوو، پێشبینی

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن- دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣. چاپی دووەم ١٩٩٨-سلێمانی. ل(١٥٧).

* لەدوای راپەڕینەوە، بارەگاکانی دیموکرات، لە کۆیە، لە شاخی هەیبەت سوڵتانەوە، تۆپباران کران. ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، بەبێ بڕیاری سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی، دوو-سێ کەس ئەنجامیان دابوو!

نەکردبوو، بزوتنەوەیەکی هەرە بەهێزی شیعە بە رابەرایەتی ئیمام خومەینی، چارەنوسی ئێرانیان دوای شا دەکەوێتە دەستو دەسەڵاتیش لە هەڵبژاردندا، دەبەنەوە. پێشبینی نەکردنی ئەم روداوە، نەک بۆ دیموکراتو د.قاسملوو، بەڵکو بۆ یەکێتیو تەواوی لایەنە چەپو دیموکراتەکانی ئێرانو ناوچەکە، دوچاری هەڵەو پەڵەی کردن! سەرەنجامەکەش دەرکەوت، کە لە دوای شۆڕشی ئەیلولەوە، یەکەمین خەباتی چەکداریی کە تەنها لەماوەی دوو ساڵدا، تەواوی رۆژهەڵاتی کوردستانیان جێهێشت، ئەو بزوتنەوە رزگاریخوازە چەکداریەی رۆژهـەڵات بوو. کە تا ئێستاش سەرکردایەتیو بنکەکانی پێشمەرگەی دیموکراتو کۆمەڵە، هەڵوەدای دەرەوەی رۆژهەڵاتن. هەلومەرجیش هاوکاریان نییە، ئاڕاستەکەیان بگۆڕن!

(٦)
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانو یەکێتیی

مێژووی یەکێتیو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، دیسان بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕی. بەڵام یەکێتی، نەیتوانی بەتەنگەوەهاتنی کۆمەڵە، لە دوای کارەساتی هەکاری لەبیربچێتەوە. بۆیە، قەت هیچ چەشنە ساردییەک کە بوبێتە مایەی لێکترازانی قوۆڵ لەنێوان یەکێتیو کۆمەڵەدا، بە زانینی من روینەدا. پەیوەندی هەردوولا، چەندین قۆناغی بڕیووە. وەکو:

قۆناغی یەکەم: لەدوای کارەساتی هەکاریو پێش روخاندنی شا. بەهانای یەکێتیەوە هاتن.

قۆناغی دووەم: دوای روخاندنی شا و راگەیاندنی کۆمەڵە وەکو سازمانێکی مارکسیی کوردستان.

قۆناغی سێهەم: گرێدانی کۆمەڵە بە حیزبێکی سەرانسەری کۆمۆنیستی ئێرانەوە.

قۆناغی چوارەم: دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی کۆمەڵە، لەناو خەباتی رزگاری رۆژهەڵاتی کوردستان.

قۆناغی پێنجەم: دوای پاشەکشەی هێزە سیاسی-چەکداریەکانی رۆژهەڵات، بەرەو باشوری کوردستانو سایەی یەکێتی!

لەم قۆناغانەدا، تەنها جارێک نوسەر ئەرکی پێ سپێردراوەو بۆ رۆژهەڵاتو هاوکاری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان نێردراوە، ئەویش بە رێکەوتێکی کارەستبار، کەوتبووە سەر دۆخی نالەباری مەریوانو لە بێ زانیاری شەهید فوئاد سوڵتانی، وایزانیووە، نوسەر تێکۆشەرێکی کۆنو نێردراوی مام جەلالە، ئیتر جێگەی بڕوایەو دەشتوانێ بۆ ئەرکی سەختیش پشتی پێ ببەستێ. نوسەر لەم بەشەدا، هێندە شەرمەزارە، بۆیە بەئەندازەی شەرمەزاریەکەی، چەند لاپەڕەیەکی هەڵبەستراوی رازاندۆتەوە. هەر ئەم چەند لاپەڕەیە، تۆیژینەوەی لەسەر بکرێ، بایی کتێبێک دەهێنێ. با چەند نمونەیەک لەو درۆکۆیە، شیبکەینەوەو لێکیان بدەینەوە:

"لە رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٥ دوای کۆبونەوەی (٥) قۆڵی یەکێتی، شیوعی، حسک، حزبی دیموکرات، کۆمەڵی ئێران بڕیاردرا، هێزی هاوبەش پێکبێنن بۆ بەرگرتن بەو هێرشو پەلامارەی حکومەتی ئیسلامی کردیە سەر کوردستان، من لەلایەن مام جەلالەوە بانگکرامو پێی ڕاگەیاندم، کە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بڕۆم بۆ لای برادەرانی کۆمەڵەی ئامۆزا بۆ هاوکاری کردنیان".[1]

تا ئێرە ئاساییە. بەڵام رونی ناکاتەوە کە مام جەلال لەسەر بڕیاری کۆبونەوەی هاوبەشی (٥) حیزب، بۆچی نوسەری بە دابڕاویی لە هێزی هاوبەشی ئەو (٥) لایەنە، ناردۆتە مەریوان–بانە؟!

لێرەدا، ماف بە خۆم دەدەم بڵێم: هەرگیز هەق نەبوو، مام، دوای ئەوەی شکستو ناکارامەیی نوسەر، لە شەڕەکانی سەرکردایەتیو ئەرکە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەتی لە قەراغ دەرکەوتبوو، لەسەر ئەو شکستەش سزای دابوو. دوای سزادانەکە، کەسێکی ئاوا بنێرێ بۆ ئەرکی سەخت. هەمیشە مام دەیگوت: هەر ئیشێکی دوور بێتەپێشەوە برایم جەلال دەنێرم، هەتا لە تەنگوچەڵەمەکانی دووربکەوینەوە. بۆیە مام خۆیو براکانیو چەند پێشمەرگەیەکی بە جیا ناردووە، چونکە کەسێکی نەگونجاو بوو. لەناو هەر هێزێک دابنرایە، تێکی دەدا. ئەگینا هەروەکو نوسەر خۆی باسی دەکات:

"بەو چوار پێنج حزبە بڕیاریاندا بوو، هێزێکی نزیک بە (١٥٠٠) چەکدار ئامادەکەن بۆ سەر شاری مەریوان و گرتنی، کە یەکێتی (٤٥٠) پێشمەرگەو حسک (٣٠٠) پێشمەرگەو شیوعی (٢٥٠) پێشمەرگەو حزبی دیموکرات (٣٥٠) پێشمەرگەو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی

١ برایم جەلال. چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم–٢٠١١. ل(٣٠٠).

کوردستانی ئێرانیش (١٥٠) پێشمەرگە".[1]

سکرتێرو فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە، بۆچی بڕیاردەدا (٤٥٠) پێشمەرگەی یەکێتی لەگەڵ هێزی لایەنەکانی تردا بچنە هانای رۆژهـەڵات، بەڵام نوسەرو مەفرەزە بچوکەکەی، بەجیا دەنێرێ؟! لەکاتێکدا هێزەکان بۆ هەمان شار و شەڕگەکان دەنێردرێن.

(٧)
سوڵتانی‌و کەرتێکی شەرمەزار!

نوسەر لە بانە فوئاد سوڵتانی دەبینێ. یەکەمین جاریشی دەبێ، بیناسێ. ئەمە لە دۆخێکیشدا، ئیمام خومەینی هەفتەیەک پێش رۆشتنی نوسەری جەنەڕاڵ! فەتوای شەڕی لە کوردستاندا لە (١٩٧٩/٨/١٨)دا داوەو شاری پاوەشیان گرتۆتەوە. (رەنگە ئیمام خومەینی لەبەر رۆشتنی برایم جەلال فەتوای شەڕی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دابێ!!) واتا: دەوڵەتی ئێران لە سەرکەوتنو لایەنە سیاسیەکان لە شکستدا بون. دەڵێ:

"کە من چوومە شاری بانە، هێزەکانی یەکێتی بە سەرپەرشتی (بەکری حاجی سەفەر)و هی حسک بە سەرپەرشتی ئەنوەر مەجید سوڵتان لەوێ بوون، بڕیار وابوو تا ١٩٧٩/٨/٢٧ هێزەکانی شیوعیو حزبی دیموکرات بگەنو هێرش بۆ سەر مەریوان دەست پێ بکرێ، پێش ئەوەی هێزی چەمران بگاتە ئەوێ".[2]

جەنەڕاڵ گەیشتۆتە بانە، فوئاد سوڵتانی (رابەری یەکەمی کۆمەڵە)ش لەوێندەرە. لێرەدا پرسیاری عەسکەری دێتەئاراوە، ئەویش ئەمەیە، ئایا لە بانەدا، هێزی کۆمەڵەی لێنەبووە؟ ئەگەر لێی بووەو پلانەکەش بۆ رزگارکردنی مەریوانە، بۆچی فوئاد سوڵتانی لەگەڵ خۆیدا نەیهێناوون، هەتا هێزەکانی تر دەگەن؟ با وای دانێین، هێزی کۆمەڵەی لێنەبووە، دەی خۆ هێزی یەکێتی بە فەرماندەیی بەکری حاجی سەفەری لێبووە، ئەمانیش بۆ هەمان ئامانجی عەسکەری کۆبونەتەوە، ئەی ئەمان بۆ لەگەڵ فوئاد سوڵتانی نەکەوتونەتە ڕێ بۆ بانە؟ بەتایبەتی سوڵتانی لە نزیکەوە بەکری ناسیووە. ئەمانە هەموو پرسیاری عەسکەری گوماناوین، لەکاتێکدا نوسەر، لەناو ئەو هەموو هێزە، تەنها باسی ئەوە دەکا گوایە:

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٠٠).

٢ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-١١٠٢. ل(٣٠٠-٣٠١).

"ئەو کەرتە پێشمەرگەیەی، کە لەگەڵ من دابوو خەلیلو هاواری براشم لەگەڵ کاک فوئادی سوڵتانیو نزیک بە (١٠) پێشمەرگەی ئەوانیش، ئەوانیش لەسەر داوای کاک فوئاد بە سەیارە لە شاری بانەوە لە ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٦ ڕێکەوتین بەرەو مەریوان بۆ کەشفێکی ناوچەکەو چۆنیەتی دابەشکردنی هێزەکان، ئێمە لە نزیک شاری مەریوان، لە دێیەک لاماندا، کە نزیکەی (٣٠) پێشمەرگەی تری کۆمەڵەی لێبوو. شەوی ٢٧/٢٦ ئابی ١٩٧٩ کاک "فوئاد" چەند کۆبونەوەیەکی لەگەڵ چەند کەسێک کرد. کە خەڵکی شاری مەریوان و ناوچەکە بوون و شارەزایی تەواویان لەسەر ناوچەکەی دەوروبەری مەریوان هەبوو".[1]

کێشەکە لێرە ئاڵۆز دەبێ و ئەرکی جەنەراڵ (نوسەر)، زۆر قورسە.

لەناو ئەو هەموو هێزەی لە بانەدا بون، تەنها کەرتەکەی جەنەراڵو (١٠) پێشمەرگەی کۆمەڵە کەوتونەتەڕێ. ناشڵێ ژمارەی کەرتەکەی چەند بووە (کە هەرگیز کەرتیشی لەگەڵ نەبووە!!).

خۆیان لە ناوچەی مەریوانەوە چونەتە بانەو دوای شەوێک گەڕاونەتەوە. کەچی دەڵێ: بۆ کەشفی ناوچەکەو چۆنیەتی دابەشکردنی هێزەکان گەڕاینەوە. پرسیارێکی تری عەسکەری، ڕۆژێ پێشتر بەهەمان ڕێدا ڕۆیشتون، ڕۆژی دوایی بۆ کەشف گەڕاونەتەوە. ئەگەر بۆ کەشف هاتبن، واتا: زانیارییان نەبووە. کە زانیارییان نەبوبێ، چۆن بەو هێزە کەمەوە، هاتونەتە شوێنێک کە مەترسی هاتنی پاسدارانی هەبوبێ؟

٢٦/ی ئاب، گەیشتونەتە دێیەک. سوڵتانی چەند کۆبونەوەیەکی لەگەڵ چەند کەسێکدا کردووە. ئایا بۆ کۆبونەوە بووە؟ یان ئەم جۆرە دانیشتنانە تەنها بۆ وەرگرتنی زانیاری عەسکەرییە؟

هەتا ٨/٢٨ ماونەتەوەو چاوەڕوان بون. واتا: لەم دوو ڕۆژە، سوڵتانی، کەس نەهاتۆتە لای. زانیاری نوێی پێنەگەیشتووە. نەشیزانیووە پاسداران چییان کردووەو چی تر دەکەن؟! ئەمە لەکاتێکدا لە کۆبونەوەکەی سوڵتانیدا، دەنوسێ، ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا کۆبونەتەوە، شارەزایی تەواویان لەسەر ناوچەکەی دەوروبەری مەریوان هەبوو.

ئەگەر شارەزاکانی تەواوی ناوچەکە، دوای (٤٨) سەعات، بچوکترین زانیارییان بۆ سوڵتانی نەهێنابێ.. هێزەکانی شیوعیو دیموکراتیش نەگەیشتبن. هێزەکانی تری یەکێتیو سۆسیالیستیش لە بانە نەجوڵابن، کەوابێ: دۆخی عەسکەری، زانیاری عەسکەری، بەرنامەی عەسکەری.. خراپ بووە. وەکو تریش، ئەی بۆچی لەو (٤٨) سەعاتەدا، سوڵتانی کە لە ئەسڵا بۆ کەشفی ناوچەکە هاتووە، کەشفی نەکردووە؟

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٠١).

لەم گێڕانەوەیەدا، بە شیکردنەوەی دەرونشیکاری نوسەردا دیارە، ئەیبزڕکێنێو کارەساتەکەی شەهیدکردنی سوڵتانی، ئەستۆپاکیی ئەو ناسەلمێنن.

لە درێژەی ئەم گێڕانەوە بزڕکاوەی روداوێکدا، کە تا هەتاهەتایە، نوسەر شەرمەزاری مێژوو دەکـاتو بـەو شەرمەزارییەش سـەری پڕ سوێی رقو کینەی دێنێتەوە. ئاوا ترسنۆکیەکەی پینە دەکاتو دەیەوێ بڵێ منێکی ئازای چاونەترس، خەتام لە روداوەکەدا نییە:

"ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٨ چاوەڕێ بووین، کە هێزەکانو تۆپەکانی حزبی دیموکرات بگەن، تا لە ڕۆژی ٨/٢٩دا پەلاماری مەریوان بدرێ، بەڵام ئەو ڕۆژەش هیچ دیار نەبوو، بۆ ڕۆژی ٨/٢٩ گەیشتینە ئەو بڕوایەی، کە ئەو هێزە ناگات، من بە کاک فوئادم وت: بڕواناکەم ئەو هێزە بگات، نزیکەی (٦٠) پێشمەرگەمان لەگەڵدایە با لە ڕەبایەکانو معەسکەرە بچوکەکانی دەوروبـەریـەوە بدەین، هەر نەبێ هەندێ چالاکی بکەین. کاک فوئاد قایل نەبوو، پێی وابوو، ئەو کارە نەخشەکەمان لێ تێک ئەدا".[1]

جەنەرالّ جەلال، لە شەڕی "دیان بیان ڤو"[*] پاشگەزبۆتەوە بۆ رزگارکردنی مەریوان؛ ستراتیژە عەسکەریەکەی بە تاکتیکی لێدەو هەڵێ، گۆڕیووە. ئەم قسانە، ڕەنگە نەشارەزایەک لە نوسەر باوەڕی پێ بکات. بەڵام سەدان پێشمەرگە لە قەراغو گەرمیانو بازیان، هەروا لە سەرکردایەتیو تەواوی خەڵکی شێنێ، کە سێ ساڵ بارەگای لەوێ بوو، دەیناسن کە چۆن (دۆنکیشۆتێک)ی لە خەیاڵدا ئازاو لە کردەوەدا هیچ لەبارانەبووە. لە هەموو ژیانی پێشمەرگایەتیدا تەقەیەک لە لولەی تفەنگی نەکراوە. لە قەراغو گەرمیاندا، جگە لە سەرو ریشو برۆتاشینی بەدڕەوشتێک لە دێیەکدا، کەرۆیشکێکی نەکوشتووە، ئێستا چۆنە، هێزەکان نەگەیشتون، سوڵتانی لە چاوەڕوانیدا بووە. دڵەڕاوکێی نەخشەکە دایگرتووە. جەنابی جەنەرالّ ویستویەتی نەخشەی تەواوی هێزە کوردستانیەکان بگۆڕێو کۆماری ئیسلامی ئێران بە تاکتیکی پارتیزانیی هەراسان بکات؟!

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٠١)

* شەڕی دیان بیان ڤو؛ دوا شەڕی ڤێتنامیەکانە بۆ پەلاماردانی کامپی سەرەکی سوپای داگیرکەری فەرەنسا (٥٠) کیلۆمەتر دورتر، نەفەقیان بۆ ناو کامپەکە لێداوەو بۆیان هاتونە دەرەوەو کامپەکەیان گرتووە. ئەم سەرکەوتنە، لە فەرهەنگی سەربازیدا، لە سەرکەوتنە دەگمەنەکانی مێژووی عەسکەریە!

(٨)
سولّتانی‌و گومانی جەنەرالّ!

دێڕ بە دێڕی هۆنینەوەکانی قسەی ئەوتۆیە، بزڕکانی ناخی‌و شەرمەزاری ئۆبالّەکەی پێوە دیارە. بزانن چی هەلّدەبەستێ:

"لە رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٨ منو کاک فوئاد و دوو لە فەرماندەی پێشمەرگەکانی خۆیان، لەمالّێک دانیشتین بۆ تاووتوێکردنی بارودۆخەکە، کاک فوئاد وتی: سبەینێ لەگەلّ من و یەک پێشمەرگە لەوێوە بەرەو جادەکە بڕۆینو بە سەیارە بگەڕێینەوە بۆ "بانە" تا بزانین هاتنی ئەو هێزە بەچی گەیشتووە. ئەو مالّەی کە ئێمە کۆبونەوەکەمان تیاکرد، دوو کوڕی جاشیان هەبوو، لای حکومەت بوون، من گومانم پەیا کردبوو، لەوەی کە باوکی کوڕەکان هەواڵ بە کوڕەکانی ئەدا، کاک فوئاد ڕای وابوو، کە مالّەکە زۆر کوردپەروەرو دلّسۆزنو کوڕەکانیشی لەژێرەوە پەیوەندیان بەکۆمەلّەوە هەیە".[١]

سولّتانی، بەم ریوایەتەی نوسەر بێ، نائومێد بووە لە هاتنی هێزەکە. من خۆم دلّنیام ریوایەتەکەش راست نییە. هیچ نەبێ بەکری حاجی سەفەر[+] دەناسینو لە بانە بووە. شارەکە زۆر دلّسۆزو تێکۆشەر بون. کۆمەلّەش خۆشەویست بوو. خزمەکانی بەکری حاجی سەفەر (مالّی کاک عەبدوللّای ژیایی)یش لەوێ بون کە ئەرکی پێشمەرگەی یەکێتیشیان لەسەر شان بوو. ئەگەر ریوایەتی نوسەر، لەسەر دواکەوتنی هێزەکە، وەکو

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٠١)

[+] بەکری حاجی سەفەر.. لە تێکۆشەرە دێرینو کۆنّەدەرەکانی شەستەکانی کوردایەتی بوو. لە دەڤەری پێنجوێن-شلێر-شارباژێڕ-هەلّەبجەدا، بەرپرسێکی جوامێر، سەنگینو خۆڕاگری قۆناغی سەختی خەباتی شۆڕشی نوێ بوو. سالّی ١٩٧٦ پێش دەستپێکردنی شۆڕش، دابڕابوو لە ڕێکخستن، پەیوەندی بە منەوە کرد. لەوساوە، بوین بە هاوڕێی یەکدی. هەتا ئامر هەڕێم بوم ١٩٧٨و دوای ئەوە لە سەرپەرشتی ناوچەکەو بەرپرسیارێتی مەلّبەندی یەک، بەردەوام یان پێکەوە بوین یاخود سەری یەکترمان دەدا. گەلێ هاوکارم بووە. لەکاتی هاتنەسەریشماندا، دەستبەجێ گەیشتە لامانو هەتا ئێمەیان گەیاندە سەرکردایەتی، لەگەلّ هاوڕێم، دلێری سەید مەجید، وەکو سێبەرو سایەی برایەتی، لەگەلّم بون.

کافیەخانی هاوسەرێو منالّەکانیشی جگە لەوەی سالّی (١٩٧٦-١٩٧٨) لە زیندانداَ بوون. کە هاتیشە دەرەوە، نمونەی ژنی پێشمەرگەو کابانی بەئەمەک بوو بۆ هەمومان. منالّەکانیشی، هەر لە گوێزە گوێزەی چەرمەسەریەکانی شۆڕشدا، گەورە بون.

گریمانەش راست بێ، گومانم نییە بەکری حاجی سەفەر، کە سەرکردەیەکی بە مشور بوو، هەواڵی بۆ سوڵتانی دەناردو بۆی روندەکردەوە بۆچی دواکەوتون. ڕێگەی بانەو مەریوانیش، سەختە و ئەوکاتەش ئازاد بووە.

پاشان، نوسەرێکی نەشارەزا.. یەکەمین جارێتی سەردانی ناوچەکەو ئەو گوندانەی کردبێ. چۆن دەبێ لەو ماڵەی لێی دابەزیون، دوو کوڕیان جاش بوبن؟ ڕەنگە راست بێ. ئەی چۆن دەبێ شەهید سوڵتانی لەوێ دابەزیبێ؟ ئەی بۆ سوڵتانی گومانی لێنەکردونو جەنەراڵ گومانی هەبووە؟ بۆیە ئەم هەستە قوواڵەی گومان دادەتاشێ؟ هەتا بڵێ، من گوناهم نییە. سوڵتانیم وریاکردۆتەوە، بەڵام بەقسەی نەکردووم.

گێڕانەوەکە دەگەیەنێتە ئەو ڕادەیە کە کەوتۆتە ڕێ. هاتونەتە سەر جادە. چۆڵ بووە. کۆپتەر فڕکان فڕکانی بووە. لایانداوەتە چەمێکو ئاوهای دەگێڕێتەوە:

"وتیان: دوێنێو پێڕێش سەیارە نەبوو، جگە لە ماشێنەکانی، کە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات هاتوچۆیان پێ کردووە. ئێمە دیسانەوە بەرەو سەرجادە کەوتینەڕێ، هەتاو کەوتبوو، گوێمان لە دەنگی کۆپتەر بوو، پاش تۆزێک لێمان نزیک بوونەوە، لە جادە لامانداو بۆ بەستێک چەند داربیەکی کورتەباڵای چەمی تیابوو، خۆمان دایە ژێر سێبەری دارەکان، کۆپتەرەکان تێپەڕین، بە کاک فوئادم ووت: با هەر لەم چەمو بەستەوە بڕۆین، نەچینە سەر جادە لەوەئەچێ ئەم کۆپتەرانە بەدوای شتدا بگەڕێن یان هێزەکە لە بانەوە، کەوتینەڕێو ئەمانە بیانەوێ بپشکنن".[1]

بەپێی ئەم گێڕانەوەیە بێ. حاڵەتی عەسکەری لە تەواوی ناوچەکەدا حوکم فەرما بووە. لێرەدا، یان سوڵتانی بێڕادە باوەڕی بەخۆیو جوتیارەکانو ناوچەکە هەبووە، یان نوسەر لە بواری عەسکەریدا عەبقەری بووە. ئەگینا گێڕانەوەکە دەریدەخات، نەدەبوو سوڵتانی لەسەر جادەکە بمێنێ. بەڵکو دەبوو دەستبەجێ لە دێهاتی دەوروبەری جادەکەش دوربکەوێتەوە. تێشناگەم، کۆمەڵە بۆچی سەیارەیەکی نەبووە بیداتە کەسایەتی یەکەمی خۆی؟ کە من ساڵی ١٩٨٠ بە هێزێکی (٣٠٠) کەسیەوە چوینەتە ناوچەی مەریوان، لەکاتی ڕێپێوانی خەڵکی سنە، دەزانم کۆمەڵە جۆرەها سەیارەیان هەبوو. بەهەرحاڵ، دەنوسێ:

"ئێمە بەردەوام بووین لەسەر ڕۆیشتنی خۆمان، شوێنەکە پێچاوپێچ و گردی بەرزو

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-١١٠٢. ل(٣٠٢).

تەپۆڵکاوی بوون، لەو ماوەیە کۆپتەرەکان (٣-٤) جار ئەگەڕانەوە بەرەو مەریوان و دیسان ئەهاتنەوە بەرەو بانە، دوای ٣ سەعات ڕێکردن نزیک بوینەوە بە پاسگایەکو بە دووربین سەیرم کرد، جوولّەی خەڵکی تیابوو، هەم لەسەربانەکەو هەم لەبەر پاسگاکەشدا، دووربینەکەم دا بە کاک فوئاد، ئەویش سەیری کردو وتی: لەوانەیە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بن لەوێ بن، ئیتر ئێمە بە ڕیز مەسافەمان وەرگرتو بە چەمەکەدا ڕووەو پاسگاکە ڕۆیشتین".[1]

کۆپتەر بەئاسمانەوە ماوە. سولّتانی گوێی نەداوەتێو هەر بە جادەکەدا ڕۆیشتووە. ئەمە چۆن بچێتە ئەقڵ! نازانم؟

ئینجا لە نزیک پاسگایەکدا (پاسگا!!) بە دووربین سەیری کردووەو جولّەی خەڵکی تیا بووە، هەم لە سەربانەکەو هەم لەبەر پاسگاکە. دووربینەکەی داوەتە سولّتانیو دیویەتیو گوتویەتی: لەوانەیە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بن!!

لەشوێنێکی ئاوهادا، کە حاڵەتی عەسکەرییە. کۆپتەر چەندین جار بەئاسمانی هەمان شوێندا هاتوچۆی کردووە. بە دووربینیش جموجوڵیان لەو ئانو کاتەدا بینیووە، ئاخر ئیتر چۆن باوەڕ بکرێ، سولّتانی کە شۆڕەسواری ناوچەکە بووە، شارەزا بووە، سێ ڕۆژیشە هێزەکانی دیموکراتو شیوعی، کە بڕیار بووە بگەن، نەهاتون؟ ئیتر چۆنچۆنی سولّتانی گوتویەتی: لەوانەیە هێزی دیموکرات بێ. واتا بەگومانەوە نەک بە یەقین.. کە دیموکرات بوبن. ئینجا سەرەڕاش، هاتونەتە سەر هەمان جادە، کە دوژمن هاتوچۆی قەدەغە کردووە. کۆپتەر لەئاسمانە. هەموو ئیحتیاتە عەسکەریەکەشیان ئەوە بووە کە: مەسافەیان وەرگرتووەو بە چەمەکەدا ڕوەو پاسگاکە ڕۆیشتون. بەم ڕیوایەتە بێ، سولّتانی بەپێی خۆی، بەرەو خۆکوژی مەسافەی گرتووە.

(٩)
سولّتانیو جوتیارێك!

ئەوەی سەرەتاکانی پارتیزانیو شەڕی نابەرامبەر بزانێ، لە شوێنی وا و لە دۆخی وای عەسکەریدا، ناکرێ سولّتانی بیری لەوە نەکردبێتەوە، پێش ئەوەی ڕەتڵەکە بکەونەڕێ،

١ هەمان سەرچاوە.

جوتیارێکی شارەزا، یان پێشمەرگەیەکی بێ چەک بنێرێ بۆ دڵنیابون لەو جموجوڵەی لەدەوروبەری پاسگاکەدا هەبووە. بەڵام جەنەراڵ دەیەوێ پاکانە بۆ تاوانەکەی بکات، بۆیە بەوشێوەیە دەیهۆنێتەوە.

وەکو ئەوە بەو شێوەیە بوبێ. سەیرەکە، یان گومانەکە لەوەدا خەست دەبێ کە دەڵێ: "لە پێچێکدا پیاوێکمان تووش بوو، بەرەو ئێمە دەهات لە منی پرسی: "ئێوە پێشمەرگەنو هەر ئەوەندەن". منیش پێم ووت: پێشمەرگەکان زۆرن و لەدواوەن. پاشان لێم پرسی: لەم ڕێیە چی هەیە؟ چی نیە؟ وتی: واللە هیچ نیە و بەپەلە لە ئێمە تێپەڕبوو ڕۆیشت".[1]

هەر لەسەر ئەم قسەیە، پێویست بوو نوسەر دادگایی بکرێ. ئاخر چۆن دەبێ، لەو شوێنەو لەو کاتە هەستیارەی عەسکەریدا، پیاوێک لە پێچێکیشدا توشیان بوبێ.. تەنها پرسیاری ئەوەی لێکردبن: "ئێوە پێشمەرگەن؟" وتبێتیشی هیچ نییە. کە وایشی وتووە، بەپەلەش تێپەڕیوەو ڕۆیشتووە. ئەم گێڕانەوەیە، ئەگەر راست بێ، ساغی کردۆتەوە کە لە پاسگاکەدا پاسداری لێبووە. بەڵام گوایە، سوڵتانی.. ئینجا نوسەریش، بە ئاسایی وەریانگرتووە. ئەم ریوایەتە بۆ دراما دەشێ. لەم هەموو چونو نەچونە.. دەنوسێ:

"ئێمە لە چەمەکەدا گەیشتینە بەرامبەر پاسگاکە و دەنگیان داین لە دوورەوە وتیان: "ئیست"، ئاوڕم دایەوە، بانگی کاک فوئادم کرد، وتم: ئەمانە پاسدارن خێرا پێ هەڵگرن با بەچەمەکەدا ڕاکەین، تا دوورەدەکەوینەوە لێیان، ئێمە نەمانزانیبوو، ئەو کۆپتەرە کۆبرایانە پاسداریان لەناو پاسگاکە دابەزاندووە".[2]

نەفرەت لەم ریوایەتە. ئەمانە دووربینیان پێبووە. سەیریان کردووە. کەچی هەتا نەچونەتە پەنای پاسگاکە، نەیانزانیووە پاسدارن. کە دەنگیان داوون، ئەوسا جەنابی جەنەراڵ زانیویەتی پاسدارن. هەر ئەوکاتەش زانیویانە کە کۆپتەرەکان پاسداریان لەو پاسگایە دابەزاندووە. ئەی ئافەرین.. جەنەرالّی خاوەن ئەزموون!! کاتەکەش عەسر بووە. واتا: روناک روناک بووە. ئاخر کۆپتەر، خۆ زەردەوالّە نەبووە نەیانبینیبێ.. لە دوور دوورەوە، کۆپتەر دیارە. نەخوازەڵلا پاسداریشی دابەزاندبێ.. تەپوتۆزی ئەو ناوە بەرزەدەبێتەوە!!

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٠٢-٣٠٣).

٢ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٠٣).

تا ئێره، بـەردەوام دەیبزرکێنێو بەسەرهاتەکە چۆنی بوێ، ئـاوای دەهۆنێتەوە. بەبێئەوەی هیچ کەسێک لەوانەی لە روداوەکـەدا بون، بە "شێخ عوسمان"یشەوە کە پیاوێکی سەنگین بوو، روداوەکە بەمشێوەیەی نوسەر بگێڕنەوە.

لە هەمووش ناخۆشتر، بەسەرهاتە جەرگبڕەکە دەگەیەنێتە لوتکەی ترسنۆکیی. هەر بەوشێوەیەی دەیگێڕێتەوە، لەسەر خۆی ساغی دەکاتەوە، کە تۆقیوەو تێیتەقاندوەو سوڵتانی جێهێشتووە. چونکە دەڵێ:

– کاک فوئاد هاواری کرد.. ناتوانم برۆم.

– زۆر هەوڵم دا بێسوود بوو. ناچار دامەزراین.

گێڕانەوەی برایم جەلالو برایمی عەلیزادە، ئاسمانو ڕێسمانی بەینە.

عەلیزادە، دەڵێ:

"سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەوکات زۆربەیان لە شاری بانە کۆببوونەوە، بۆ داڕشتنی پلانی مقاومەمەتو وتوویژ لەناو کۆمەڵە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەشدا بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی. کاک فوئاد لەلایەن کۆمەڵەوە لە وتوویژەکاندا بەشدار بوو. هەروەها خەریکی ڕێکخستنی هێزی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستان بوو کە لەسەر بڕیاری کۆمەڵە پێکهاتبوونو هەوڵیدەدا ئامادەیان بکات، بۆئەوەی پێ بنێنە ناو قۆناغێکی نوێوە. لە گەرمەی ئەم ئیشو کارانەدا بوو کە ڕۆژی ٣ی خەرمانان هەواڵی تیرباران کرانی بەندکراوەکانی پادگانی مەریوان کە دوویان واتە "حسێنو ئەمین" براکانی کاک فوئاد بوون، بە کاک فواد دەگات. کاک فوئاد پێیوادەبێ کە دوای ئەم ڕووداوە لەوانەیە شپرزەیو بێ بەرنامەیی بکەوێتە ناو ریزەکانی کۆمەڵە لە مەریوان. داوا دەکات کە خۆی بۆ ڕێکوپێک کردنی کارەکان سەردانێکی ناوچەی مەریوان بکاتەوە. هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ئەوانەی ئەوکات لە شاری بانە بوون لەسەرەتاوە موافقەتی ناکەن، دواجار بەهۆی پێداگرتنی کاک فوئاد بەنابەدڵی موافقەتی دەکەن.

کاک فوئاد هاوڕێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کە کاک "برایم جەلال" بەرپرسیان بوو بەرەو مەریوان ڕێدەکەوێتو دوای ئەوەی خۆی دەگەیەنێتە ئەو بەشە لە هاوڕێیانی کۆمەڵە کە لە شاری مەریوان هاتبوونەدەرێ لە دێهاتەکانی دەوروبەری شار، بە ورەیەکی بەرزەوە ڕێکیان دەخاتەوەو پلانیان بۆ دادەڕێژێ. کاک

فوئاد دوای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی بەرەو شاری بانە دەگەڕێتەوە. لە گەڕانەوەدا کاک برایم جەلالو شێخ عوسمانی خالیدیو ناسیح خالیدیو تەهمورس ئەکبەری کە ئەندامی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان بوو لەگەڵی دەبن. لەنێوان ئاواییەکانی کانیعمەتو بستام کە لەناوچەی سەرشیوی سەقز هەڵکەوتووە، لەگەڵ ژمارەیەک لە هێزەکانی ڕژێم دەرگیر دەبنو دواجاریش کۆپتەری ڕژێم دەگاتە سەریانو لە شەڕێکی دەستەویەخەدا کاک فوئادو تەهمورس گیانیان بەختدەکەنو کەسانی دیکەی کاروانەکەشیان دەرباز دەبن".[1]

لەم دامەزراندنەدا تەقە دامەزراوە.. تا ئێوارەش. تاریک، نوسەر گەڕاوەتەوە. لەدوای خۆیەوە فوئادو هاوڕێکەی بە شەهیدیی دیووە. لێرەدا دەپرسین: کوا کەرتی پێشمەرگەکان؟ کوان براکانی. کوان ئەو (٦٠) پێشمەرگەیەی پێشتر دەیویست شەڕی پارتیزانییان پێ بکات؟ تەنها باسی ئەوە دەکات کە شێخ عوسمان دیار نەماوە. گەڕاوەتەوە چەمەکە. خۆی دەڵێ: "دوای (٥) سەعات ڕۆیشتن، نەگەیشتۆتە هیچ دێیەک. لە چەمەکەدا هەر بەدەوری خۆیدا خولاوەتەوە". (بە شەواڕە کەوتووە لەترسا). ئافەرین فەرماندەی کاملّو بەئەزمون؟!

ئەم گێڕانەوەیە، لێوان لێوە لە زاڵبونی ترس بەسەر نوسەرو داپۆشینی تاوانی شەهیدبونی سولّتانی.. کە پشتی بە کەرتەکەی نوسەر بەستووە، لەو ئەرکەدا. ئەوەندە ناجوامێریش بوو، نە خۆیو نە کەرتەکەی، تەنانەت تەرمی شەهید سولّتانیو دوو شەهیدەکەی تریشیان دەرباز نەکردووە. کەچی، هێندە بێ چاوورۆیشە، لەبری ئەوەی ڕاستیی ڕوداوەکەو هەڵەکان، چ هی سولّتانیو چ هی خۆی، بەئەمانەتەوە بگێڕێتەوە، هەتا ببێتە وانەی خەبات، بەڵام بۆ داپۆشینی شەرمەزاری ئۆباڵی ڕوداوەکە، هەناسەی نوسینی سوار بووەو پاساوی سەیرو سەمەرە دەهێنێتەوە. سەیر بکەن، کۆتایی ئەم هەڵبزڕکاندنە دەگەیەنێتە چی:

"من دوای دوو شەو و دوو ڕۆژ، ئەوسا گەیشتمەوە نزیک "بانە"، بەو نەشارەزاییە، گەیشتمەوە لای پێشمەرگەکانی (بەکری حاجی سەفەر) و کەرتەکەی خۆشمان بە گەڕان بەدوامدا ئەوانیش گەیشتبوونەوە لای کاک بەکر، و لەوێوە زانیم، کە چەمران پاش گرتنی پاوەو مەریوان بەرەو بانە هاتوەو ناوشار بۆردومانکراوە، خەڵکی و پێشمەرگە

١ بەهمەنی سەعیدی. خەبات بەرەو سەرکەوتن. (دیدارێک لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەت بە مێژووی کۆمەڵەو کوردستانی ئێرانو بزووتنەوەی چەپ). بەرگی دووەم- چاپی سێهەم ٢٠١٢. ل(٤٥٦-٤٥٧).

هەموو لە شاردا نەماون، لە بانە بڕیاردرا دو وادەی "دوو ئاو" سەقزیان لێبگیرێ، بەڵام یەک سەعاتیش پێشمەرگە خۆی نەگرت، جگە لە ڕتڵی دوورو درێژی سوپا بەردەوام کۆپتەری کۆبرا پاسداریان لەسەر هەموو تەپۆلکەکان و ئەم لاو ئەولای جادەکە دادەبەزاند".[1]

ئەوەی شارەزای نێوان بانە-مەریوان بێ، دەزانێ بە ڕۆشتنیش دوو شەو و دوو ڕۆژ نییە. بەو نەشارەزاییە گەیشتۆتە پێشمەرگەکانی بەکری حاجی سەفەر.. لێرەدا، چونکە دەرباز بووەو کەتنەکەی داوە، بە نەشارەزایی دەگاتە بانەو دەشگاتە پێشمەرگەکانی یەکێتی. بەڵام لە نزیک پاسگاکەدا، بە دووربینو بە پرسیارو لە بونی سوڵتانیشدا، هیلاکیش نەبون، ناتوانێ دڵنیابێ کە پاسگاکە پاسداری لێبووە.. یان نا؟

کەرتەکەشیان، گەیشتونەتە لای بەکری حاجی سەفەر.. کەرتێکی پێشمەرگە لە شەڕەکەدا بون، چۆن بێ پرسی بەرپرسەکەیان هەڵهاتوون؟ خۆ ئەگەر لەنزیکی شەڕەکەشدا بوبن، ئەی چۆنە نەچوون بەهانایانەوە؟ چونکە، لە کشانەوەیاندا، جەنەراڵ جەلالیان جێهێشتووە؟ یان ڕاستر وایە بگوترێ: جەنەراڵ جەلال، هەڵهاتوەو خۆی بەتەنها دەرباز کردووە!! بە هەر شێوەیەک لێکبدرێتەوە، ناجوامێریی نوسەر دەردەکەوێ. هەتا ماویشە، دەبێ تک تک ئارەقی شەرمەزاری ئەم تاوانە بسڕێتەوە.

کەچی، نە بای دیووەو نە باران، ئەوکاتە لەبیرمە، لە سەردانێکدا کۆمەڵەی ئێران، دوای لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوتبوو، سوڵتانی پشت ئەستور بە نوسەرو پێشمەرگەکانی، ئەو ڕێگایەی گرتۆتەبەرو نەیویستووە، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، لە ناوچەکە دووربخاتەوە. بەڵام جەنەراڵ، کە تەقە دامەزراوە، سوڵتانی بە بریندارییی جێهێشتووە، هەتا شەهید بووە. هەر ئاوڕیشی لێنەداوەتەوە. دەشیەوێ لەکۆتایی ئەم باسەدا، بەناوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە، خۆی بێوەی بکات. لێرەش، ڕقێک بە سالار عەزیزدا دەڕێژێ، گوایە بەهۆی ڕاپۆرتی سالارەوە، داوای کردووە:

"ناچاربووم داوا لە سەرانی کۆمەڵەی ئامۆزا بکەم کە بە ڕاپۆرتێک ڕای خۆیان لەسەر من بدەن بە (مام جەلال)، بە ڕاستیش هەرواشیان کردو ڕاپۆرتێکیاندا بە مام جەلال، کە من نە ڕامکردووەو نە کاک فوئادیشم بەجێهێشتووە، خۆشیان لێکۆڵینەوەیان کردبوو

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٠٤).

گەیشتبوونە ئەو ڕاستیەی، بە نەشارەزایی کەوتوینە کەمینەوەو ئەو دوانە شەهید ببوون".[1]

ئەم قسەیە بە ڕەهایی دووڕە لە ڕاستیەوە. لە هەفتەی ڕابوردودا (٢٠٢٠/٦/١٢)، لە دانیشتنێکی دۆستانەدا، عومەری ئێلخانی زادە بۆ (سالار عەزیز، مامۆستا موحسین، ئەنوەر حسێن، پشکۆ نەجمەدینو بەندە)ی گێڕایەوە کە قسەکانی (برایم جەلال) ڕاست نینو کۆمەڵە ڕاپۆرتی وای بۆ مام جەلال نەنوسیووە.

لێرەدا، پەردەی چیرۆکی تاوان لە ڕووی نوسەردا، دادەخەین.. کە دڵنیاین ئەگەر تۆزقاڵێک ویژدانی مابێ، دەبێ هەمیشە بەم تاوانەوە بتلێتەوە!!

(١٠)
دەرەنگ درکاندنی تاکڕەوایەتی!

نوسەر ساڵی (٢٠١١) بابەتەکانی ئەم کتێبەی هەڵبەستووە. لە ساڵی (١٩٧٥)وە هەتا هەڵبەستنەکانی (٣٦) ساڵی ڕەبەق، بە ڕقو بە تەکەتولو بە بوختانکردن، دژی کۆمیتەی هەرێمەکانو لەپێشەوەدا شەهید ئارام بووە، بەردەوام بەرگری لە سکرتێری کۆمەڵەو ئەو ڕێبازانە کردووە، کە ئازادیی ناو شۆڕشیان سەرکوت کردووە؛ کۆمەڵەیان هەڵوەشاندەوە؛ چەپیان نابوت کردووە؛ تا ئەو ڕادەیە پشتیوانی لەو سیاسەتانە دەکرد، بە شانازیی دەزانێ، لە زیندانداا ببێتە جەلادی هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش. پێشتریش هەر تاوانێک کرابێ، لەتیرۆرکردنی پارتیەکانەوە، تا دیلکوشتنەکانی قڕناقاو پشتئاشان، هەتا دەگاتە شەهیدکردنی وریای وەستا وەهاب، سالاری حاجی دەرۆێش، سێ لاوەکەی خانەقین (عیدان، ئەکرەم، حەیدەر) دیلکوشتنەکان، تاوانو تاڵانیەکان..تاد. برایم شایەری پاساوەکانی ئەو تاوانانە بووە. هەرگیز ڕۆژێک لەڕۆژان، دژی هیچ تاوانێکو هەموو تاڵانییەک، نوزەشی لێنەهاتووە. تەنانەت لەسێهەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەدا، کە بە ئاشکرا مام جەلال لە وتارەکەیدا، باسی تاوانی تاڵانیی کرد، نە نوسەرو نە ئەوانەی خۆیان بۆ پەلاماری عەسکەری بۆ سەر ئاڵای شۆڕش ئامادە کردبوو، باوەڕیان بە قسەکانی نەدەکرد. کە ئەمەی خوارەوەی بە ڕۆشنیی وت:

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٠٥).

"مام جەلال، لە هەڵسەنگاندنی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیدا، بێهیوایی خۆی لەو هێزە خستەڕوو، بە شڕەخۆرو تاڵانچی ناودێری کردن. ئەو، نموونەی شەڕی (بێتواتە) ی هێنایەوەو هەموو لێپرسراوەکانی بە دز، لەقەڵەم دان. ئەو، بە شیعرە ناودارەکەی شاعیری عەرەب، موزەفەر نەواب، ئاماژەی بەو لێپرسراوانە کردو گوتی: (هیچ کامێکتان لێ نابوێرم...)، ئەمە لەشکری هۆلاکۆیە نەک لەشکری ڕزگاریی کوردستان! من، بە چاوانی خۆم، (سەلاجەو موجەمیدە)م بەکۆڵی مەسئولەوە بینیوە! من، ئەم لەشکرەم هەیە، بۆیە ناچارم درێژە بە مفاوەزات بدەم!".[1]

ئەم گوتارەی سکرتێری گشتی، تەمومژی تیادا نەبوو. پەنجەی خستە سەر تەواوی ئەو ڕەفتارە نەشیاوانەی لەناو هێزەکەدا، بە وردیی دەیزانی. لەخۆیەوە باسی ئەوانەی نەدەکرد کە "شڕەخۆر"و "تاڵانچی" بوون. سکرتێری گشتی، لەخۆیەوە لەو گوتارەداو لەناو کۆنفرانسێکدا کە (١٨٧) کادری شۆڕشەکەی تیا بوو، بەبێ بەڵگە، ڕونی نەدەکردەوە کە فەرماندەکانی شەڕی "بێتواتە" بە دز ناوبردن. مام جەلال عەرەبی نایابی دەزانی، بۆیە لە گوتارەکەدا ئاماژەی بە هۆنراوەکەی (موزەفەر نەواب) دا کە بە سەرۆکەکانی عەرەب لەسەر فەلەستین دەڵێ:

ئەی حاکمەکانی عەرەب
هەر ئێستا رسواتان دەکەم
هیچکامێکتان نابوێرم
ئەی کوڕی قەحبەکان

بەم شیعرە، وتی: تەواوی فەرماندەکانی شەڕی بێتواتە، جەردە بوون. هیچیان ناپارێزم، بەشێکیشیان لەکۆنفرانسەکەدا دانیشتبون، لەبری ئەوەی بمرن، پێدەکەنین! بەڵام پێکەنینی پێش تاوان، پێکەنینەکەیان وەکو دەمامک، ڕوخساری بۆ سەربڕینی دیموکراسی داپۆشیبون. بەڵێ، لەوکاتەدا لە ناخی خۆیاندا لە بۆسەدا بون چۆن ئاڵای شۆڕش بشکێنن!! ئیتر گوێیان نەدەدایە شکاندنی خۆیان!!

مام وتی: ئەمە لەشکری هۆلاکۆیە.. نەک لەشکری ڕزگاری کوردستان..
گوتیشی: بە چاوی خۆم سەلاجەو موجەمیدەم بە کۆڵی مەسئولەوە بینیوە.
گوتی: من ئەم لەشکرەم هەیە، بۆیە ناچارم درێژە بە مفاوەزات بدەم.

١ پشکۆ نەجمەدین. ئەزمونو یاد. کتێبی دووەم. ئاڵای شۆڕشو حیکایەتی زیندان ١٩٨٣-١٩٨٨. ل(٢٨-٢٩).

ئەو گوتارەو ئەو دەستەواژانە، لەناو کۆنفرانسەکەدا، یەک زەڕە کاریگەری لەسەر کادرە گۆشکراوەکانی باڵی نەوشیروان نەبوو، کە تەنها بۆ سەرخستنی پیلانێکی ترسناک هاتبونە ناو کۆنگرە. ئەوەی پیلانیان بۆ گێڕابوو، هەر ئەوەیان ئەنجامدا. هەندێک لەوانە، هەر ئەو دزانە بون کە مام، لە گوتارەکەدا بە لەشکری هۆلاکۆی ناو بردن. نوسەریش لەو پیلانگێڕانە بوو، کە سێهەمین کۆنفرانسی بە مەیدانی قارەمانێتی پاکتاوکردنی "خاوەن هەڵوێستەکان" دەزانیو ئەوەی لای گرنگ بوو، تەنها رقڕشتن بوو، نەک تێکچونی کۆمەڵەو لادان لە ڕێبازی چەپ.. یان مەترسیەکانی تاکڕەوایەتی. کۆمەڵێک کادری دەسکەلا بون، هێنرابون یان تاوان ئەنجام بدەن، یاوەکو بەرامبەر تاوان، بێدەنگ بن. هەمیشە ملهوڕەکان بێدەنگی دەوروبەر، بە هاندەری بڕیاری تاکڕەوێتی خۆیان دەزانن! کەچی، نوسەر هەروەکو نە بای کوێستانەکانو نە بارانی گەرمیانی دیبێ، تازە تازە، دوای (٣٦) ساڵ، دەیەوێ وای پیشان بدات، هەمیشە بەهەڵوێست بووە. لەمبارەوە، بۆ سڕینەوەی ئەو مێژووە ڕەشەی، دەنوسێ:

"بە ئەزموون بۆمان دەرکەوت، لەناو هەموو حزبەکانی عیراقیو کوردستانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانیش سەرۆکو سکرتێر هەر هەمان بارزانین بە ناسیۆنالیستو ئەنتەرناسیۆنالیستەکانیەوە بە خێڵەکیو پێشکەوتوخوازەکانیەوە، بەبێ ئاگاو شارەزاکانیەوە".[1]

با ئەم نیمچە پەرەگرافە ڕونبکەینەوە:

- بە کام ئەزمون دەرکەوت، تاکڕەوایەتی لەناو هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە؟ بە ئەزمونی جیابونەوەی جەلالی-مەلایی؟ یان بە ئەزمونی کۆمەڵەو یەکێتیو ئەو هەموو پیلانگێڕییە؟ یاخود بە ئەزمونی تەکەتولی زیندان؟ یان بەوە خۆتیان کردە جەلادی خاوەن هەڵوێستەکان؟

- کەی دەرکەوت، سەرۆکو سکرتێرەکان، هەر هەمان بارزانین..؟

ئەگەر ئەمەت بۆ دەرکەوتووەو باوەڕت پێی هەیە، کەوابێ دەبێ دژی جەلالیش بیت. ئەگەر ئەمەت بۆ دەرکەوتبێ، کەواتا: پێویستە هەڵوێست لە سکرتێری یەکێتیو

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٢٠).

سکرتێری کۆمەڵە وەربگرێو دانی پیا بنێی، کە کۆیلەی تاوانو تاڵان بووی. جەلادی سکرتێری کۆمەڵەش بووی!!

ئەگەر ئەو راستیەت بۆ دەرکەوتووە، کەوابێ سەردانی مالّی هەموو دیلە کوژراوەکانو هاوڕێ تیربارانکراوەکان بکە، کە لەکاتی کۆیلەیەتی تۆ و کەسانی وەکو تۆدا، خاوەن کۆیلەکان کوشتیانن!

هەرگیز.. ستەمکار، ناتوانێ درێژە بە سیاسەتی ستەمکردن بدات، ئەگەر لەشکرێکی بێدەنگی چەکدار، یان کادر، یان سەدان مرۆڤی رامکراو، دەستەمۆکراو، دەستودەم بەستراو، لەدەوری ملهوڕو تاکڕەودا نەبن!!

چەند دژوارە، مرۆڤ دوای ئەو هەموو گوناحە، تازە بڵێ تۆبە! چەند پێشێلکردنی پرەنسیپەکانە، کەسێک، لەناو زەلکاوی تاوان بێ؛ چاوی لە تاڵانی پۆشیبێ؛ شانازی بە ئەشکەنجەدانەوە کردبێ، کەچی ئێستا بیەوێ بە چەند رستەیەک، خۆی بە فریشتە پیشان بدات.

ئەو بەشداریکردنە لە پیلانی تاوانی جۆراوجۆر، تەواوی چاوپۆشینەکان لە تاڵانیەکان، بەردەوام رقو کینە وروژاندنو ئاشوب نانەوە، زیاتر لە سێ دەهەی خایاندبێ، هەرگیز بەم چەند پەرەگرافە، پاک ناکرێتەوە.(*) ئەمە ئەگەر ئازاری وێژدانو کاریگەری تەمەنیش بێ، بەرامبەر ئەو تاوانو تاڵانییانەی رابوردوی نوسەر، ناکرێ بەوشێوەیە ئۆباڵەکەی بخاتە ئەستۆی داب‌ونەریتی سیاسی ئاسیایی، یان رۆژهەڵاتیی.. ئەم جۆرە باسانە، پێویستیان بە توێژینەوەی سایکۆسۆسیۆلۆژیو تێگەیشتن لە کاریگەریەکانی کولتوری ئایینی، نەبونی گەشەکردنی سروشتی قۆناغەکان؛ رونەدانی رێنیسانسو رۆشنگەریو ئاینسازیەوە هەیە؛ نەک بە نوکە قەڵەمێک، هەڵەی سیاسی نیو سەدە لەخۆی دابمالّیو بشیەوێ وەکو کەسێکی مۆدێرن لەکۆتایی تەمەنیدا، وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت! ئەوەی ئەم نوسینە بەتاڵدەکاتەوە، ئەوەیە کە لەدوای نوسینی ئەم بەناو کتێبەشەوە، نوسەر بەهەمان مینتالیەتەوە، بە رقەوە، بە یاریکردن لەناو تەکەتولەکان، بە بوختان هەڵبەستنو رقڕشتن، درێژەی بە سیاسەتی شاخ، لە شاریش داوە. چوار ساڵیش ئەندام

* دەڵێن کابرایەک هەبووە، بە فسقو فجور ژیانی بردۆتەسەر. لەپیریدا چۆتە لای مەلایەکو گوتویەتی: ئەوەی خوا پێی ناخۆش بێ، لەژیانما کردومە. ئەگەرتۆبە بکەم. خوای گەورە عەفوم دەکات؟ مەلاکەش، هەموو تەمەنی بە نوێژو عیبادەت بردۆتەسەر، هێشتا دڵنیا نەبووە، دەچێتە بەهەشت. لەداخا وتویەتی: «قەت ئەو خوایە ناپەرستم تۆ عەفو بکات!». ئەگەر بەو هەموو هەلپەرستیو جەلادیو ئاژاوەیە، بە رەخنەیەک نوسەر پاکبێتەوە. نەفرەت لە رەخنە!!

پەرلەمان بووە، زیاتر لە دوو ملیار دیناری مۆڵی عێراقی بە موچە، بودجە، کرێ خانوو، پارەی حەرەس وەرگرتووە، مالّە شەهیدێکیش سودیان لێوەرنەگرتووە. تاقە جارێکیش باسی کوردستانیەتی چوار پارچەی کوردستانی نەکردووە.

سیاسەتمەدار، کاتێک لە هەموو تەمەنیدا، شانازی بە کۆیلەیەتی خۆیەوە کردبێ، چێژی لە کۆیلەبون وەرگرتبێ، دەرونی پڕ لە رقی بە ئازاردانی جەستەیی و دەرونی هاوسەنگەرەکانی ئاسودە کردبێ، کەسانی ئاوا، بێگومان چەند ئازاری خەڵکانی تریان دابێ، خۆشیان، بەو ئەندازەیە، دوا سالّانی تەمەنیان بە ئازاری دەرونی دەتلێنەوە! ئەمەشە دۆخی سزای تاوانەکانیان!! مێژوو بەئاسانی، لەم جەلادانە، خۆشنابێ!

(١١)
نەریتی سکرتێرەکانی کۆمەڵە

لەو باسەدا، بیری گۆشەگیری بەرینادات. دەنوسێ:

"تەنها ڕێکخراوێک کە بتوانم گەواهی ئەوەی بۆ بدەم، کە کاری بەکۆمەڵی سەرکردایەتی نەبوونی تاک دەسەڵاتی و دیکتاتۆری و خۆداسەپاندن تەنیا کۆمەڵە بوو، ئەویش تا شەهیدبوونی (شەهید شەهاب). لەدوای شەهیدبوونی شەهید شەهابەوە هەر لە خۆداسەپاندنی ئارام لە کۆمیتەی هەرێمەکان تا خۆداسەپاندنی (نەوشیروان لەپاش شەهید ئارام) بە سکرتێری بەزۆر داسەپاو بە سکرتێری هەڵبژێردرایەوە، بە ئەندامی سەرکردایەتی سەپێنرا و بە ئەندامی سەرکردایەتی بەناو هەڵبژێردراویەوەو شوێنەکانیان لەسەر تاپۆ کراو. سکرتێر خاوەنی بڕیاری بێ چەندوچون بوو، تا کوشتنی کۆمەڵەو حەلکردنی هەر بە یەک چەقەنەی سکرتێرەکەی".[1]

سەبارەت بە شەهید شیهاب، راستە خۆی نەسەپاندوەو بە سکرتێرێکی ڕەوشتبەرزی دیموکراس بەناوبانگە. گەوهەرێکی پاکی هەبووە. قەت لە هیچ شەڕێکی ناوخۆداو لە ئازاردانی هاوڕێو هاوسەنگەردا، لە تالّانیو تاواندا، بەشداری نەکردووە. ئەمەش شانازیەکی گەورەیە بۆ مێژووی شیهابی شێخ نوری. بەڵام کۆمەڵە، کە کەوتە کێشمەکێشەوە، زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە پیلانیان لە ئاوات عەبدولغەفور

١ سەرچاوەی پێشوو.

گێڕا و لە سەرکردایەتی دوریانخستەوە. ئەمە لەکاتێکدا، بە دیسپلینی حیزبایەتی مافی خۆیان بووە، ئەگەر ئاوات هەڵەی کردبێ، لێکۆڵینەوەی لەتەکدا بکەنو سزایشی بدەن.

وەکو تریش، هەمیشە خەباتی چەپەکان، لە ژێرزەمیندا، ڕەوشتی بەرزی وەفاداریو ڕۆمانسیەتی هاوڕێیەتی بەسەریاندا زاڵدەبێ. عیبرەت لە کاتی خەباتی نهێنیو بێدەسەڵاتیدا وەرناگیرێ. تەنها تەختی دەسەڵات مەحەکی دەرخستنی گەوهەری هەموو سەرکردەو حیزبێکە!!

زۆر حیزبی گەورەو ڕابەری گەورەو تێکۆشانی پڕ لە قوربانی مێژوویی، کە جێگەی شانازی بوون، لەکاتی دەسەڵاتدا گۆڕدراونو هەڵگەڕاوون.

-ماوتسیتۆنگ؛ ئەو پیاوە مەزنە، دەسەڵاتی بەرەو تاکڕەویو قەتڵوعامی ملیۆنەها کەسی برد. بە هاوڕێو هاوسەنگەرەکانیەوە.

-ستالین؛ پیاوە پۆڵاییەکەی بۆلشەویکەکانو جێ متمانەکەی لینین؛ دەسەڵات هەڵگێڕا بۆ تۆتالیتاریەتو دڕندەیی.. کە زۆربەی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی حیزبەکەی لەناوبرد.

-کیم ئیل سۆنگ؛ هێمای شانازی شۆڕشگێڕانی جیهان بوو، کەچی وەکو شایەکی دەسەڵات ڕەها، حوکمی کردو ئێستاش نەوەکەی دیکتاتۆرن.

-پۆل پۆت؛ کۆمۆنیستی ماویی، بوو بە هێمای فاشیەت.

-حیزبە کۆمۆنیستەکان؛ سەرجەمیان لە دیموکراسی هەڵگەڕانەوەو سیستەمەکەیان کردە تۆتالیتاریی..تاد.

مەبەستمە بڵێم: لەسەر (٥) ساڵ خەباتی نهێنی کۆمەڵە، ناکرێ دوا حوکم بدرێ. کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵە، ئەوکاتە نەدەگەیشتنە (٢٠٠) کەس! خۆ دەریشکەوت، هەندێکی سەرکردایەتی کۆمەڵە، کە هاتنە سەر حوکم، چۆن هەڵسوکەوتیان گۆڕدرا؟ چۆنیش خەڵک لێیان هەڵگەڕانەوە؟! چیشیان بەسەر یەکێتیو پێشمەرگەو یەکەمین ئەزمونی حوکمڕانی پەنجا ملیۆن کورد هێنا؟!!

سەیرتر لەو قسانەی، لەدوای سکرتێری کۆمەڵەوە، کاری بەکۆمەڵی سەرکردایەتی لەناو کۆمەڵەدا قوفڵ دەدات. پێشیوایە شەهید ئارام خۆی داسەپاندووە. لەمەشیاندا، بێویژدانیی دەگەیەنێتە ئەوپەڕی؛ جیاوازی شەهید ئارام لەگەڵ شەهید شیهاب ئەوەیە، کە کاتێک ئارام ڕابەری کۆمەڵە بوو، کۆمەڵە شۆڕشی چەکداری بەرپاکرد و نە لە خەباتی ژێرزەمینیو نە لە خەباتی دەسەڵاتداریتی شاخیشدا، تاقە کەسێکی سزا نەداوە. یەک

کەسیشی زیندانیی نەکردووە. تاقە جارێ کە بڕیاری سزای توندی دابێ، ئەوەیە کە:

ئـازادی بـرای شەهید سـۆران هـەورامـی. بەئاشکرا سـۆرانـی شەهید کـردبـوو. سۆرانیش قارەمانێکی ئەفسانەیی کۆمەڵەو رابەری لێدانی پارێزگاری سلێمانی بوو لە (١٩٧٦/١٢/٢١). خۆی‌و سالار عەزیزو ملازم عومەر بڕیاری کوشتنیان دابوو. ئەگینا، سێ ساڵی ڕەبەق ڕابەرمان بووە، قسەیەکی زبریشی بە هاوڕێیەکی کۆمەڵە، نەووت. بەڵکو زۆر خۆشەویستیش بوو لەناو هاوڕێکانی‌و پێشمەرگەو جوتیاراندا. هەربۆیە، بۆتە هێمای خۆشەویستی لە مێژوومانداا.

مێژوو هەڵناگێڕمەوە، لەگەڵ دانانی نەوشیروان مستەفا بووم بۆ سکرتێر، بەڵام کاتێک بەرە بەرە لایدەدا، ئیدی هەڵوێستم لێوەرگرت‌و گەیشتە جیابونەوەش.

نوسەر، هەمیشە بە مەراییکردن بۆ نەوشیروان، خۆی دەبردە پێشەوە، هەرگیزیش لە کۆبونەوەی فراوان‌و کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەدا، متەقی بەرامبەر هەڵەکانی نەوشیروان لێوە نەهاتووە. لە هەموو بۆنەیەکدا بە ناشیرینترین شێوە دەیشکاندو سوکایەتی پێدەکرد. هەر بەقسەی ئەویش، هەڵسوڕاوە. ڕەخنەگرتنی لە کۆمیتەی هەرێمەکانی، لەو کۆبونەوانەدا کردبووە پیشە.. کە قسەی دەکرد، دەزانرا دەکەوێتە وێژەی کۆمیتەی هەرێمەکان! یان خۆی هەڵدەکێشێ!! بەشێکی کۆبونەوەکان، پێکەنین بووە بە قسەکانی.. خۆهەڵکێشانەکانی.

(١٢)
جەنگی عێراق-ئێران‌و یەکێتی!

جەنگ، ڕێگایەکی ماڵوێرانکەرو کوشتارگای مرۆییە. دەمێک بوو، لەنێوان عێراق-ئێراندا، لەدوای کۆتایی عوسمانی‌و سەفەویەکانەوە جەنگ ڕوینەدابوو. بەڵام هەمیشە ناکۆک بون.

ئێران، شارستانیەتێکی دێرینی بەردەوامی هەبوو. واتا: ئێران بە دەگمەن لە مێژووی خۆیدا پەلامار دراوە، بەڵام بـەردەوام پەلاماری وڵاتانی تری داوە. بەتایبەتی عێراق. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، بەریتانیا، هەردوو وڵاتەکەی لە قاڵبی بەرژەوەندی خۆیدا و هەتا جەنگی عێراق-ئێران، ئیتر لەشکرکێشی نێوانیان وەستا.

بەعس.. حیزبێکی ناسیۆنالیستی-شۆڤێنیستی عەرەبی بوو. کە هاتیشە سەر حوکم، یەکەمین دەسەڵاتی فاشستی وڵاتانی دواکەوتوی عەرەبی بو. کە بە رەگەزی ئاوێتەی عەرەبی-ئایینی پێچراو بە فەلسەفەی مۆدێرنێتە، ئایدیۆلۆژیەتو سیستەمە تۆتالیتاریەکەی دەسەپاند. یەکێک لە خەسڵەتەکانی فاشیەتو نازیەت، ئەوەیە کە بە سنوری جوگرافی-سیاسی (جیۆپۆلۆتیک)ی خۆیان رازی نابن. بۆیان بلوێ، پەلاماری سەرزەمینی دیکە دەدەن. فاشیەکانی ئیتاڵیاو نازیەکانی ئەڵمانیاو ڤلانژستەکانی ئیسپانیا، وایان کرد. بەعسی سوریاو عێراقیش، هەر وا بوون!

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیشە سەرزەمینی جەنگی وڵاتان، جەنگی ناوخۆ، کێشەگەلی مێژوویی ناوچەکەو جیهان بووە. زۆر دژوارە ناوچەیەکی جوگرافی گەورەی وەکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەجیهاندا هەبێ، بوبێتە مایەی سەدان چەشن جەنگی جیهانی، ئیقلیمی، ناوخۆییو کارەسات. کەچی، بەدرێژایی مێژوو، ناسیۆنالیستەکانی فارسو عەرەبو تورک، پێچەوانەکەی باسدەکەن، گوایە ئەم سەرزەمینە، زایگای پێغەمبەرانو پیاوچاکانە. ئەمە لەکاتێکدا، پێغەمبەر مەسیحیان لە چوارمێخە کێشا. موسایان وڵات بەدەر کردو بیابان نشین بوو. پێغەمبەری ئیسلامیشیان لە مەکەوە بۆ مەدینە دەرپەڕاند. تەنانەت بە شەڕ، فتوحات، غەزەواتو ئەنفال نەبوایە، ئایینی ئیسلام وەکو ئایینێکی لۆکاڵی دورگەی عەرەبستان قەتیس دەمایەوە. بەوەشەوە، کام ئایینی دەسەڵاتخواز هەیە، بەئەندازەی دەسەڵاتی ئیسلامی، دەیان چەشن حکومەتیان هەر بەناوی ئاینەوە دانەمەزراندبێ. هەموشیان یەکتریان کوشتووە. خاکی یەکتریان داگیرکردووە. کارەساتیش لەوەدایە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەو هەموو کارەساتو مەرگەساتو جەنگەڵستانەی جەنگەوە، هەرگیز پەندی لە مێژووی خۆی وەرنەگرتووە. ئامادەش نەبووە بەو رابوردووە خوێناوی‌و ماڵوێرانیەدا، بە ئەقڵێکی کراوە، بچێتەوە. چونکە هێشتا هەژمونی ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، لەناویا کاریگەرترە! هێشتا دوژمنی سەرسەختی ئاینسازی‌و رۆشنگەری‌و نوێگەرین.

بەعسی عێراق، بەردەوام کوردستانی بە داگیرکراوی هێشتۆتەوە. عەرەبو تاڕادەیەک دیموکراتەکانی عێراقیش، بە پاساوی ئەوەی کوردستان سەربەخۆ نییە، نە دەستەواژەی داگیرکردن (احتلال) نە کۆڵۆنیالیستی (استعمار)یان قبوڵە. تەنانەت نایسەلمێنن، بە ئۆردوگا زۆرەملێکان بوترێ (مستوطنة) لەکاتێکدا، دەستەواژەی داگیرکردن بۆ خاکە، نەک بۆ خەڵک. خەڵکی بێ خاکی داگیرکراو،

داگیر ناکرێ. بەڵکو دەچەوسێنرێتەوە. یان لە مافە کولتوریەکان بێبەش دەکرێ. قەت بە خەڵکی بێ خاکی نیشتمان، یان بە کەمینەی پەڕیوەی نیشتمانەکان، ناوترێ داگیرکراو، دەوترێ ماف زەوتکراو. بەڵام بە زۆرەملێ دەرکردنو نیشتەجێکردن (ئیستیتان)ە. داگیرکردن، تەنها بۆ سنوری جوگرافیای جیاوازە. کوردستانیش نەک هەر جوگرافیایەکی جیاوازە، بەڵکو زێدی دەیان هەزار سالّەی نەژادی کوردو نەتەوەی کودستانیشە. نەک بەعس، بەڵکو ئەوەتەی قەڵەمڕەوی ئیسلامیش، بەناوی فتوحاتەوە لەشکرکێشی ئەنفالی بۆ هێناوە، داگیرکراوە. دەسەڵاتی نەتەوە سەردەستە ستەمکارەکانی عەرەبو فارسو تورک، شۆڤێنیستیو داگیرکاریان، لە نەسەلماندنی نیشتمانی کوردەوە دەستپێدەکەن. دیارە، لەبەرامبەر گەلانی دیکەشدا، هەر داگیرکەرو ستەمکارن! بەڵام کوردستان، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە خەباتو بەرەنگاریدا تایبەتمەندێتی جیاوازی هەیە. بۆیە دەیگەیەنن تاوانی جینۆساید لەگەڵ کورد! کە بەعس بە ئایدیۆلۆژیەتێکی سیستەماتیک درێژەی بە داگیرکردنی کوردستان دا و شەڕی شۆڕشەکانی کوردستانی درێژەپێدا، جیاوازیەکەی لەگەڵ حوکمی پاشایەتیو قاسمیدا، خەسڵەتە ئایدیۆلۆژیە فاشیەکەیەتی. ئەگینا هەمویان داگیرکەری کوردستان بوون.(*)

بەعس، کاتێک کۆماری ئیسلامی ئێران-شیعەگەرا، هاتە سەر حوکم، لە روانگەی ئاساییشی نەتەوەیی بەعسەوە مەترسییان لەسەریان هەبوو، بەڵام هەموو مەترسییەک ناگاتە ئاستی داگیرکاری، ئەگەر ئەو مەترسییە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیەتی فاشیەتی دەسەڵاتی نەتەوەیەکی دواکەوتودا، کارلێکی عەسکەریو ناسیۆنالیستیو سیاسی نەکات. لەم پلاتفۆرمەوە پێویستە سەیری سیاسەتی داگیرکاری بەعس بکرێ. هەروەها، هەر رژێمێکی تری داگیرکەری وڵاتانی دواکەوتوو! مەسەلەکە ئەوە نییە کە نوسەر دەڵێ:

"دوای ڕووخانی ڕژێمی شای ئێرانو سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی. سەدام بە هەلی زانی، کە لە پەیمانی جەزائیر پەشیمان بێتەوەو پاشگەزبێتەوە لەبەر ئەم هۆیانە:".(١)

ئەگەر مەسەلەکە تەنها مەدی ئیسلامگەرای شیعەگەرا بوایە، خۆ دەبوایە، دوای سەرکەوتنی ئیخوانیەکانی میسرو هاتنە سەر کاری ئاکپارتی ئیخوانی تورکیا، چەندین

* لە هەموو ئەدەبیاتی ئالای شۆڕشدا، کە دەیان تۆڕینەوەو سەدان گوتارن، دەستەواژەی فاشیەت بەکارهاتووە. نەک ڕەفتار فاشی.

١ سەرچاوەی پێشوو. ل(٣٢٦).

ولاتی عەرەبیو رۆژهەلاتی ناوەڕاست، هێرشی عەسکەرییان دەستپێکردبا. جەنگی (٣٠) ساڵەی پرۆتستانت-کاتۆلیک لەنێوان شیعە-سوننەشدا، بەرپا کرابا!

کە جەنگەکە هەڵگیرسا، بەحوکمی سروشتی حوکمڕانیی هەردوولا، ئێرانی شیعەو عێراقی بەعسی، مام جەلال لەدەرەوە بوو. تێزی نەوشیروان ئەوە بوو، کە ئەم دوو لایەنە ئاشتەوایی ناکەن. کەوابێ؛ فرسەتە ئێمەش بەتەواوی توانامانەوە، پارتی لەناوبەرین.[+] تێزی بێ پێزی وا، لەمێژووی جەنگەکانی داگیرکەرانی کوردستاندا، تەنانەت لە سەدەی ناوەڕاستیشدا، شێخو ئاغاکان، بیریان لێنەکردبوەوە. بەپێچەوانەوە، هەر جەنگێک لەنێوان عوسمانیو سەفەویەکاندا (١٥٠٢-١٧٢٢ز) قەومابێ، سەردارانی کورد، بەپێی ئاستی تێگەیشتنی ئەو سەردەمانە، هەوڵی یەکخستنی توانای کوردیان داوە! سیاسەتی راست ئەوە بوو، کە سیاسەتی ئاشتبونەوە بگیرایەتەبەر. کەچی مەخابن، شەڕی ناوخۆ، بەپێی ئەو تێزە هەتا ساڵی ١٩٨٢ خوێناویتر کرا. بەڵام کە زانرا پارتیو سۆسیالیست لەناوناچن، بەرە بەرە بیرۆکەی ئاشتبونەوە لەناو یەکێتیدا، زۆرتر دوای دانوستانی (١٩٨٥) بڕیاری لێدرا. هاتەئارا.

رەوتی بەرهەڵستی ناو کۆمەڵە، هەتا یەکێتی لە بەرگریدا بوو، لە سەنگەری بەرگری بوین. بەڵام کە زانیمان یەکێتی هەلی بۆ هەڵکەوتووە، ئاشتی بەدیبهێنێ، هەڵوێستمان لە شەڕی ناوخۆ وەرگرت. فەرەیدون عەبدولقادریش باش لە قۆناغەکە وردبوبوەوو لایەنگری ئاشتی بوو. لە مەڵبەندی یەکدا، کە نەماندەویست شەڕی جود بکەین.. لەبەرئەوە بوو باوەڕمان وابوو کاتی ئاشتەوایی هاتووە. حیزبی شیوعی شەڕی نەکرد، ئێمەش پابەندی رێزگرتنی شیوعیەکان بوین. بەڵام پارتی-سۆسیالیست-پاسۆک کە شەڕیان دەفرۆشت، شکاندمانن!

کەم نەتەوە هەیە بەئەندازەی سەرکردایەتی سیاسی کوردەواری، بتوانێ ناکۆکی ناوخۆیی لەبەرژەوەندی دەسەڵاتخوازی، بقۆزێتەوە. بەڵام کەمتر ناکۆکیو کێشەی ناو دوژمنان سود لێوەردەگرین. ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە کە ئەقڵی ستراتیژی کورد، زۆرتر لەناوخۆیدا گیری خواردووە. هێشتا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، رەهەندی بیرکردنەوەی بۆ دەرەوەی بازنەی نەتەوەکەمان، لاوازە! ئەمەش پەیوەندی بە لاوازی خەملێنی پێکهاتە ناوەکیەکانی نەتەوەوە هەیە. لەپێشەوەدا، بازاڕو تەکنەلۆژیاو رۆشنگەری!

[+] کە جەنگەکە هەڵایسا، من راسپێردرام بەناوی سەرکردایەتیەوە، کۆبونەوە بە تەواوی کادرو پێشمەرگەی سەرکردایەتی بکەم. هۆمەر شێخ موس بەرێوەی دەبرد. لەتوژەڵە کۆبوونەوەکەمان سازدا. لە قسەکانما گوتم: جەنگێکی ناڕەوایە، هەقوایە، سودی لێوەربگرین مالّی کورد رێکبخەین. نەوشیروان پێی ناخۆشبوو. وتی: دەبێ پارتی لەناوبەرین.

(١٣)
قۆناغی نوێو هەڵەی ستراتیژی

شەڕی ناوخۆ، پارتی سەرەتا لە بادینانەوە دەستیپێکرد. یەکێتی بەرگری کرد. بۆ دەڤەرەکانی دیکە تەشەنەی سەند. پارتی دەیزانی بادینان-قامشلۆ، شادەماری سیاسەتی دەرەکی یەکێتییە بۆ کۆمەکو هاوکاری. بۆیە، بەهەموو جۆرێک، رێی نەدا ئەو رێگایانە بۆ یەکێتی دەستەبەر بکرێ! بۆ سەرخستنی ئەم سیاسەتەش هۆزەکانی تورکیا گرنگترین هێزی سەرزەمینی دەستوەشێنی پارتی بوون. ئەگەر ئەم هۆزە کوردانەی باکور بۆ پشتیوانی جموجوڵەکانی پارتی نەبوایە، ئاسان نەبوو، لە بادیناندا مەفرەزەکانی پارتی بیانتوانیبا، بـەردەوام دەست لە مەفرەزەکانی یەکێتی بوەشێنن. تەنانەت کارەساتی هەکاریش بەشی زۆری ئەو هۆزانە بەسەر یەکێتیان هێنا. جەخت دەکەمەوە، یەکێتی لـەدەرەوەو کۆمەڵەش لە وڵات، دوای هەرەس، لەو بـاوەڕەدا بوین، جارێکی تر پارتی سەریشهەڵبداتەوە، وا بەهێز نابێ بتوانێ رێی شۆڕشی نوێ بگرێ. کە ئەم بیرکردنەوەیە هەڵە بوو. هاوکات، لەوەشدا بەهەڵەدا چوبوین، کە پێمانوابوو هەرەسپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول، لەناو گەلەکەماندا، پارتی لەبەرچاوخستووەو ئەڵتەرناتیڤەکەی کۆمەڵەو یەکێتی دەبێ. ئەمەش، هەڵەیەکی سۆسیۆ-سیاسی نەوەی یەکەمی شۆڕش بوو، لە دەستەی دامەزرێنەرو هەڵەی نەوەی دووەمی کۆمەڵەش بوو، لە کۆمیتەی هەرێمەکان.

دەستەی دامەزرێنەرو نـەوەی یەکەم، لـەڕووی سیاسیەوە، زۆرتـر بیریان لەوە دەکـردەوە، کە هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، بەگشتی هەرەسی سیاسی-عەسکەری-سایکۆلۆژی یەکجارەکی پارتیو بنەماڵەی بارزانیشە.

کۆمیتەی هەرێمەکانی نەوەی دووەمیش، وامان بیردەکردەوە کە مادام پارتی تێۆری شۆڕشگێڕانەی فەرامۆشکردبوو؛ مـادام شۆڕشەکە گرێی سیاسەتی ئەمریکاو ئێران درابوو؛ مادام لەڕووی ئاکارو کردەوەوە، دزێو راووروتیی لە شۆڕشەکەدا هەبووە، کەواتا: پارتی لەدوای هەرەسەوە کۆتاییهاتووە. چونکە لەو سەردەمەدا، شۆڕشی گەلان سەرکەوتنیان بە تێۆری شۆڕشگێڕانە، بەدەستهێنابوو. ڤێتنام، لاوس، کەمبۆدیا..تاد. بەبێ ئەوەی بیرمان لەوە کردبێتەوە کە کوردەواری، جیاوازیەکی هەمەلایەنەی لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، عەقیدەیی، ئەو وڵاتانە هەیە.

نه دەستەی دامەزرێنەرو نە کۆمیتەی هەرێمەکان، تۆژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی-چینایەتی-سیاسی- بە ئامارو ئەژمارمان نەبوو، هەتا لەڕووی بابەتیەوە بسەلمێندرێ، ئایا لە کوردەواری دوای هەرەسیش، پارتیو بنەماڵەی بارزانی، ئەگەری سەرهەڵدانەوەیان هەیە یان نییە؟ نەوەی یەکەم لەپەنجاکانەوە ئەزمونیان هەبوو. دەشیانزانی بنەماڵەی بارزانی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، پێگەیان لە کوردایەتیدا داکوتاوە. دوچاری شەڕی ناوخۆش (جەلالی-مەلایی) لەگەڵیاندا بوبون. کەچی، ئەو راستییە مێژوویانەیان تێکڕا لە ١٩٧٥ فەرامۆشکردو پێیانوابوو، هەرەسەکە، هەرەسی پێگەی کۆمەڵایەتیو سیاسی بنەماڵەو پێگە سیاسیەکەشیانە.

نەوەی دووەمیش لە کۆمەڵەدا، فریوی شەوارەی تیۆریمان خواردبوو. لەو باوەڕەدا بوین، ١٩٧٥، دۆخی سەراپا وەرچەرخانە لە کوردایەتی کلاسیکیەوە، بۆ کوردایەتی فرەلایەنو سەرکەوتنی چەپەکان!

بڕیاری سیاسی ڕەهاو ڕێنوێنی تیۆری ڕەها، لەناو ژیانی دواکەوتوی کۆمەڵایەتیدا، کەمتر دەتوانێ ستراتیژێکی بابەتیی، بۆ خەباتی قۆناغی نوێی سیاسی، گەڵاڵە بکات. بۆچونە هەڵەکانی سەبارەت بە پێگەی کۆمەڵایەتی پارتی دەرکەوت. لەو هەلومەرجەدا کۆتایی نەهاتبوو!

دوای دامەزراندنی یەکێتی؛ دوای پێکەوەنانەوەی کۆمیتەی هەرێمەکانو هەڵنەهاتنیانو خۆئامادەکردنیان بۆ شۆڕش؛ دەرکردنی ئەو هەمگە بەیاننامەو هەڵسەنگاندنە سیاسی-تیۆریانە، لە دواسەرەنجامدا، لەناو واقیعی ڕاستەقینەی کوردەواریو بارە چینایەتیەکەی کوردستاندا؛ ڕاستیە چینایەتیەکانو حوکمە سیاسی-تیۆریە ڕەهاکان، دوای ساڵێک لە دامەزراندنی یەکێتیو بەرپاکردنی شۆڕش، چی دەرکەوتو چی ڕویدا؟

یەکەم: مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی، بە ڕابەرایەتی برایم عەزۆو عیزەت شەنگالیو هاوڕێکانیان، شەهیدکران.

دووەم: ڕێگەی گەیاندنی هاوکاری، چەکو تەقەمەنی، هاتوچۆی مەفرەزەکان گیرا. لەم ڕێگە گرتنەدا، حەسەن خۆشناو و هاوڕێکانی شەهید کران.

سێیەم: لەناو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆندا، سەنگی شۆڕشی نوێ دابەزیو هەموو لایەک فشاری دەخستە سەر هەردوولا، شەڕی ناوخۆ ڕابگرنو ئاشتی بکەن. بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوە کە یەکێتی زوڵمی لێکراوە.

چوارەم: یەک لایەنی سیاسی، بەئاشکرا، پشتیوانیی یەکێتییان نەکرد، لەو زوڵمەی لێی دەکرا.

پێنجەم: دەوڵەتی سوریاو لیبیا، دژی ناکۆکیو شەڕی ناوخۆ بوون، هەوڵیشیاندا، چارەسەر بکرێ.

شەشەم: یەکێتی، ناچار بوو، لە بڕیارە سیاسییە رەهاکانی پاشەکشە بکاتو بەدوای ئاشتەوایدا لەگەڵ پارتی بگەڕێ.

حەوتەم: لەناو وڵاتدا، یەکێتیو بزوتنەوە، دوو روانگەی جیاوازمان لەسەر پارتیو شەڕی ناوخۆ هەبوو.

هەشتەم: شەهید ئارامیش، کاتێک رووداوەکان بەو ئاقارە نالەبارەدا ئاڕاستە کران، لەگەڵ پارتی-سلێمانی، رێکەوتنی (سورەبان-١٩٧٧)ی ئیمزا کرد.

ئاشتی راستەقینە نەکرا. هۆکارەکەشی پارتی بوو. شەڕ بەردەوام بوو. تا گەیشتە کارەساتی هەکاریش. ناچار یەکێتیش ناوچەی سۆرانی کۆنترۆڵ کرد.

دوای دوو ساڵ دەرکەوت، پارتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی-سیاسییە داڕوخاوە نەبوو، کە لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیو لەدوای ١٩٧٥ دا، کۆمەڵەش وامان پێشبینی دەکرد.

دوای روخاندنی شا، دیسان یەکێتی هێرشەکانی راگەیاندنی بەرامبەر پارتی چڕتر کرد. چونکە، پارتی لەناو خەڵکدا، دۆخێکی دژواری توش بوو. ئەگەر حیزبی دیموکرات نەبوایە، لە تەواوی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، پارتیەکان نەیاندەتوانی سەر دەربهێنن. بەڵام دیموکرات، سیاسەتی دەکردو رێگەی نەدا، خەڵک پەلاماریان بدات. زۆری نەبرد، لەسەر بەرپرسیارێتی هەڵکەندنی ناجوامێرانەی گۆڕی بارزانی، شەڕی دیموکراتەکان لەنێوان دیموکراتی باشورو دیموکراتی رۆژهەڵات قەوما. گەیشتە هاوکاری پارتی، لەگەڵ پاسداران دژی شۆڕشی رۆژهەڵات.

ئەم قۆناغە، لەدوای روخاندنی شاوە، بۆ هەردوو بەشی رۆژهەڵاتو باشوری کوردستان، سەراپا قۆناغێکی نوێ بوو:

- یەکەمین جار بوو، لە باشوردا شۆڕش هەبێو رۆژهەڵاتی کوردستانیش، نیمچە ئازاد بێو دوو هێزی سیاسی-چەکداری ئاشکرای هەبێ (دیموکراتو کۆمەڵە).
- ئێران، مەرکەزیەتی لاواز بوبوو. هێزە چەپو دیموکراتو لیبرالەکانی ئێران، ئازاد بون.
- لە باکوری کوردستاندا، خەباتی سیاسی پەرەی سەندبوو. هێزی جیا جیای کوردستانی، دروست بوبوونو ئەدەبیاتی کوردایەتی بە نهێنی بڵاودەکرایەوە.
- لە رۆژئاوای کوردستانیشدا، تاڕادەیەک حکومەت چاوی لە جموجۆڵی سیاسی دەپۆشی!

– له باشوردا، یەکێتی پەرەی سەندبوو. پێشمەرگە ناوبانگی کاریگەری هەبوو. سەرکردایەتی یەکێتی–خڕی ناوزەنگ، کرابووە پایتەختی هێزە سیاسیەکان.

ئەو روداوانە، لە مێژووی دوو سەدەی کوردایەتیدا، رویاننەدابوو. لە شۆڕشی ئەیلولدا، راستە شۆڕشەکە، سەرەڕای سیاسەتی پارتی دژی لایەنە کوردستانییە شۆڕشگێڕەکان، لە هەردوو بەشی باکورو رۆژهەڵاتدا، زیانی لە پێگەی بارزانیو شۆڕشەکە دابوو، بەڵام بارزانیو شۆڕشەکەش، جێگەی ئومێدی زۆربەی کوردایەتیخوازانی بەشەکانی کوردستان بوون. هەربۆیە، یەک حیزب لە هیچ بەشێکی کوردستاندا نەبوو، سەرەڕای ئەوەی پارتی پەلاماریشی دەدان، پەیوەندی بە پارتیەوە نەبێ. بەڵام لە قۆناغی نوێی دوای روخاندنی شا، رەهەندی سیاسی لە زۆر بارەوە، لە قۆناغی شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێش، هەتا روخاندنی شا، جیاواز بوو. وەلێ مەخابن، هێزە کوردستانیەکان تێکڕا، لەئاستی داڕشتنی بەرنامەیەکی سیاسی هاوبەشی ئەو قۆناغە نەبوین، تەنانەت لایەنی کەمی بەرنامەی هاوبەش.. نەک لایەنی دووریش. لێرەشدا دەرکەوتەوە، سەرکردایەتی تەواوی لایەنە کوردستانیەکان، لەناو کێشە ناوخۆییەکاندا، گیریان خواردبوو. ئاسۆی بیرکردنەوەیان، نەگەیشتبووە ئاستی روداوە گەورەو چارەنوسسازەکانی دەرەوەی نەتەوەی کورد.. بۆ ناوچەکە. ئەمەش، زادەی پێکهاتەی لاوازی بزوتنەوەی نەتەوایەتی.. کورد بوو، چونکە نەتەوەکەمان، لە سیاسەتی پاسیفەوە، وەرنەچەرخابوو، بۆ بزاوتی پۆزەتیڤ!

(١٤)
وەرنەچەرخانو روالّەت

چۆن لە سەدەی نۆزدەو هەژدەدا، هەر سەردارێکی کوردو دەڤەری هۆزێک، بە دابڕاویی لە زۆربەی سەردارو دەڤەرەکانی تر، ئەگەر خەباتیان بکردایە ناکۆکییان بەحوکمی واقیعی کوردەواریەوە، لەبەرامبەر داگیرکەران، نەدەخستە لاوە، بەهەمان شێوە، لەبەرئەوەی لە کوردەواریدا، وەرچەرخانی ئابووری–کۆمەڵایەتی–سیاسیو سایکۆلۆژی (ئایین–مەزهەبی–ترادسیۆن) لە سەدەی بیستەمیشدا روینەدابوو. داگیرکەران، سیستەمی دەسەڵاتدارێتییان گۆڕیبوو، یاساکانیشیان گۆڕیبوو، بەڵام دۆخی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بنچینەییان بەسەردا نەهاتبوو. هاتنی سەرمایەداری بێگانە، یان کۆلۆنیالیستی، زیاتر لە

سێ چارەکە سەدە، رواڵەتی دەسەڵاتەکانی دەگۆڕی، ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی دەپاراست. هێندەی گۆڕانکاری دەکرد، بەرژەوەندیەکانی دابین بکات. ئەم سیاسەتە کۆڵۆنیالیستیە، تەنها لەقازانجی حکومەتە بەکرێگیراو، یان پاشکۆکانیان بوو. چونکە پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانی شۆڕشی دیموکراسیان، پەکخست. کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی رونەدات، شۆڕشی دیموکراسیش بە چەمکە مۆدێرنەکەی هەرگیز رونـادات. ئەمەش هۆیەکی گرنگی مانەوەی شۆڤێنیزمی نەتەوە بااڵدەستەکانی عەرەبو فارسو تورکیش بوو، دوای کۆڵۆنیالیزم!

لـەو چوارچێوە وەرنـەچـەرخـاوەی کۆمەڵایەتیدا، حیزبە سیاسیەکانی چلەکانی کوردستان، پاشان، حەفتاکانیش، دامەزران. کە هەلومەرجی دوای روخاندنی شا، قۆناغێکی نوێی سیاسی لەڕووی بابەتیەوە هێنایەئاراوە، بەاڵم لەڕووی خۆییەوە، ئاستی سیاسی-ئایدیۆلۆژی-ستراتیژی سەرجەم لایەنە کوردستانیەکان، لە ئاستی هەلومەرجی بابەتیی رەخساوی قۆناغە نوێیەکەدا نەبوو. بۆیە، بەهۆی نەبونی بەرنامەیەکی هاوبەشەوە، هەر لایەکی سیاسی قۆناغە نوێیەکە، لە ئاوازێکی دەخوێند. هەوڵە پچڕپچڕەکانیش نەیانتوانی کێشەکان چارەسەر بکەن. دوو دوو، یان زیاتر حیزبەکان، کە لەناو خۆیاندا دۆستایەتیان دەکرد، یان رێکدەکەوتن، یان لەترسی لەناوچونیان، یاخود لەبەر ناکۆکی لایەنەکانی بەرامبەریان وایان دەکرد، نەک لەبەر ئەرکە ستراتیژیە دیموکراسیەکەی نەتەوەکەمان:

- پارتیو سۆسیالیستو پاسۆک، دژی یەکێتی رێکەوتن.
- دیموکرات، لەبەرامبەر یەکێتیو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، دۆستایەتی پارتیو سۆسیالیستی دەکرد.
- یەکێتیو کۆمەڵە، لەبەرامبەر لایەنەکانی دیکەدا، هاوکاری یەکتریان دەکرد.
- پارتیو سۆسیالیست، دۆستایەتی ئێرانیان، دژی یەکێتیو عێراق مسۆگەر کرد.
- یەکێتی، سەرنەکەوت لە قایلکردنی دۆستایەتی ئێران، ناوبەناو نەبێ.
- سۆسیالیست، دژی یەکێتی، مفاوەزاتی کرد، سەرینەگرت.
- یەکێتی، شـەڕی هەموو لایەکی گـەرم کرد، مفاوزات لەگەڵ عێراق سەربخات، نەگەیشتە رێکەوتن.
- حیزبی شیوعی، لەناو هەموو لایەنەکاندا، دۆستایەتی دەکرد. بەاڵم بە هەڵەی چەند سەرکردەیەکیان، کەوتنە بەرەی جودو شەڕی یەکێتی!
- لە دۆخی ئەنفالەکاندا، کە هەموو لایەک مەترسی لەناوچونیان هاتەئارا، ئینجا بەرەی

کوردستانی، لەژێر فشاری ئێران دامەزرا!

ئێستا، کە لەناو گێژاوی ئەو دۆخـە دەرهاتوین، ئاوڕێکی پڕ لە رامانی سیاسی دەدەینـەوە، بە دەرسوەرگرتن لەو رابـوردووە ئاڵۆزو خوێناوییە، دەڕوانـین.. جوان جوان دەردەکـەوێ، لەو قۆناغە نوێیەدا، هێزە کوردستانیەکان لەئاستی بەرپرسیارێتی قۆناغەکەدا نەبوین! ئەمە لەکاتێکدا:

– سەرکردایەتی پارتی؛ رابەرایەتیەکەی بەدەستی نـەوەی یەکەمی کوردایەتی شەستەکان بوو.

– سەرکردایەتی یەکێتی؛ رابەرایەتیەکەی بەدەست نـەوەی یەکەمی کوردایەتی شەستەکان بوو.

– سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات؛ رابەرایەتیەکەی بـەدەست نـەوەی یەکەمی کوردایەتی پەنجاکان بوو.

– حیزبی شیوعی؛ رابەرایەتیەکەی بەدەست نەوەی یەکەمی پەنجاکان بوو.

–سۆسیالیست؛ رابەرایەتیەکەی بەدەست نەوەی یەکەمی شەستەکان بوو.

– تەنها کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، رابەرایەتیەکەی بەدەست نەوەی دووەمی خەباتی چەپەکان بوو.

– کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانیش، رابەرایەتیەکەی لێسەندرابوو!

بەوشێوەیە، نەوەی یەکەمی رابەرایەتی کوردایەتی، لە قۆناغی نوێی سیاسی دوای روخاندنی شادا، سیاسەتی قوواڵکردنی ناکۆکی سیاسی ناوخۆیی، بەسەر ئەرکەکانی رزگاری نەتەوایەتیدا، زاڵکردو سااڵەهایان لە هەلی سیاسی بۆ پێشکەوتنی کوردایەتی، بـەو سیاسەتە لەدەست نەتەوەکەمان دا. کە ئەگەر هاتباو لایەنی کەمی هاوکاری سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسیەکاندا، دەستەبەر کرابا، رەنگدانەوەی پۆزەتیڤی لەسەر کۆی روداوەکان، لە قۆناغەکانی تریشدا دەبوو. نەتەوەی کوردیش، لە گەلێ کارەساتی سیاسی–پێشمەرگایەتی، دەپارێزرا.

نەوەی دووەمیش، ناتوانین ئۆبالّی سیاسی لەو قۆناغەدا، لەخۆمان دامالّین. روداوەکانیش لە رێڕەوی رۆژگار دابڕین.. بمانەوێو نەمانەوێ، هیچ نەبێ ئەگەر رەخنەشمان لەو سیاسەتە بوبێ، یان هەڵوێستی جیاوازیشمان لەو دۆخەدا دەربڕیبێ، بەاڵم لەدوائەنجامدا، نەوەی دووەمی سیاسی، کە لەناو سەرکردایەتی لایەنەکاندا پێگەمان هەبوو، نەمانتوانی

بڕیاری لێبڕاومان بەرامبەر ئەو سیاسەتە سەپێنراوە هەبێ. کاتێکیش ئاڵای شۆڕش بڕیاری جیابونەوەمان دا، هەم قۆناغەکە جێیهێشتبوینو هەم تاوان بەرامبەرمان کرا و ڕێگە گیرا پارسەنگێک بەرامبەر بەو هەڵانە، دروست بکەین!

ڕەوتی زەحمەتکێشانیش، کە لە سۆسیالیست بە ئاڕاستەی چەپ جیابونەوە، ئەمانیش، جگەلەوەی دژایەتی کران، هەڵەی هەردوولامان، نەبونی لایەنی کەمی لێکتێگەیشتن بوو لەنێوانماندا. ئەگەر لەیەک گەیشتباین، ڕەنگبوو فریای بڕیاری شیاوتر لەو دۆخەدا کەوتباین. هەڵەی دوای ئەوەش، کەمتر ڕویدابا!

کە دەریشکەوت لەکوردستاندا کۆمەڵە بەلای ڕاستڕەویدا لایداوە، جگە لە ئاڵای شۆڕش، گروپو ڕەوتی تریش، لە هەناوی کۆمەڵە جیابونەوەو لەدەرەوەی کۆمەڵەش، هی تر سەریانهەڵدا. بەڵام هەمویان گیرۆدەی ڕەوشی تیۆری-ئایدیۆلۆژی بون، بایەخی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردیان نەدەزانی. زۆربەشیان کەوتنە ژێر کاریگەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. بەڵام لەدوائەنجامدا، سەبارەت بەم گروپانە، دەرکەوتن کە خوێندنەوەیەکی بابەتییان بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان لەڕووی چینایەتیەوە، لاواز بوو. نە لەناو خۆیاندا ڕێکدەکەوتنو نە لایەنی کەمی یەکێتی خەباتی شۆڕشگێڕانەشیان قبوڵ بوو. چارەنوسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، بەرەو چەندین جیابونەوە شکایەوە. ئەو گروپانەش، تەنها ڕەوتی کۆمۆنیستیی خۆیان ڕێکخستو تا ئێستاش، بەئەندازەی خۆیان لەناو ڕوداوەکاندا، بەردەوامن. باقی گروپە مارکسیستەکان، لەناوچون.

(١٥)
شەڕی ناوخۆی قۆناغی نوێ

ئەو هەڵە ستراتیژیەی ڕابەرایەتی نەوەی یەکەم، لەناو هەمو لایەنە سیاسیەکانی باشورو ڕۆژهەڵات، هەتا بەرپابونی جەنگی عێراق-ئێران درێژەی کێشا. هەموو لایەنەکان لەو بڕوایەدا بون، ئەم جەنگە، هەلێکی دەگمەنە بۆ بەرنامەو بڕیارە حیزبیە تەسکەکان. ناکۆکیەکان قوواڵتر دەکران، کێشە سیاسیەکان تێکەاڵوی هاوکێشە نوێیەکەی جەنگ کران. ئەوەی مایەی ترسی گەورە بوو، ئەوەبوو کە: پارتی، سۆسیالیست، پاسۆک، بە دۆستایەتی حیزبی دیموکرات، دۆخەکەیان بۆ سەرکەوتن بەسەر یەکێتی، نەک لە دەڤەرەکاندا، بەڵکو

لە سەرکردایەتی یەکێتیدا، گەیاندە بەرنامەی عەسکەری هاوبەش. ئەمەیان زەنگێکی هەرە مەترسیداری قووڵکردنی شەڕی ناوخۆ بوو، لە شەڕی لۆکاڵی نێوان دوو حیزب، بۆ ئاستی باڵاتری هاوکاری سیاسی چەندین لایەنی سیاسی، دژی لایەکی سیاسی. تاڕادەیەک شەڕی ناوخۆ، لە قۆناغی نوێی دوای "شا"وە بەرزکرایەوە، بۆ شەڕێکی نوێی فراوانی ناوخۆ. لەم قۆناغەدا، لە هەردوو بەشی رۆژهەڵاتو باشوری کوردستاندا، تەنها کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەسەر دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتیدا، بەردەوام بوون.

پارتی، ئەم دۆخەی بە هەل زانی بیقۆزێتەوە. بەتایبەتی لەدوای روخاندنی شا، لە هەندێک شارو دێهاتی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، فشاریان دەخرایە سەر. کە زانییان کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر پشتیوانی ئەوان دەکاتو حیزبی سۆسیالیستو پاسۆکیش، داویانەتە پاڵیان، ئەمانیش نەیاندەویست هەلەکە لەدەست بدەن. دیموکراتیش هاوکاری بۆ دابینکردبون، ئیتر بە هەلێکی بێوێنەیان زانیبوو، دوای کۆنترۆڵکردنی بادینان، لە سۆرانیشدا، تەنگ بە سەرکردایەتی یەکێتی هەڵبچنن و گورزی لێبدەن. ئەمە لەکاتێکدا، خوێنی شەهید عەلی عەسکەری و د.خالید وشک نەبوبوەوە، کەچی، سۆسیالیست خۆی هاویشتە ناو پەیمانێکی مەترسیداری واوە.

سەرەتای پاییزی ١٩٨٠، ئەو دەڤەرە، ئەمبەرو ئەوبەری چەمەکە، لە گوێزێ، قەڵاتوکان، بێدەلان و گۆڕەشێر، لەمبەریشەوە، شێخێ، قووڵە هەرمێ، زەڵێ لەسەر شاخی سورو سەری کۆلکی و مامۆڵە، پشتی بێدەلانیش، هێزی شارەزوور بەسەرپەرشتی سالار عەزیز، لە شێخێ بە سەرپەرشتی بەندە، ناوچەکەمان قایم کرد.

هێزی پارتی-سۆسیالیست، بە سەپۆرتی حیزبی دیموکرات، زیاتر لە (٧٠٠) کەسیان هێنابوو. لەوکاتەدا، جاشەکانی عێراقیش لە (١٩٨٠/١٠/١٩) لوتکەی مامەندەیان گرت. یەکێتی ناچار بوین، بەشێکی هێزەکە بۆ رزگارکردنی مامەندە تەرخان بکەین. (٧) شەهید بەخشرا. مامەندە رزگار کرا. پێشمەرگەی یەکێتی، قارەمانێتیەکی بێوێنەیان لە رزگارکردنی مامەندەدا نواند. تەنها لە قۆڵەکەی من (٣) شەهیدمان هەبوو.[*] دوو پێشمەرگەی دەستەکەی خۆم بەناوی (رەزا خاوێ و شاخەوان) بریندار کران.

ئەم شەڕە، لەڕووی سایکۆلۆژیەوە، کاریگەری لەسەر هێزەکەی سۆسیالیست دانا. ئەوکاتە محەمەد وەتمانو شێخ مەنسوری حەفیدو محەمەدی حاجی شێخە هاتنەلامانو

* شەهیدان مامە رەشەی گەڵاڵی، محەمەد خالید، مستەفا زۆراب لە مامەندە شەهید کران. کەسوکاری مستەفا زۆراب هاتن تەرمەکەیان بردەوە. سەرپەرشتی لە قەبر دەرهێنانو بەڕێکردنی جەنازەکەم کردو قسەشم بۆ ئامادەبوان کرد.

باسی کاریگەری شەڕەکەیان لەسەر هێزەکانی پارتی–سۆسیالیست کرد.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە ڕابەرایەتی "مینەی حوسامی" هێزێکی (٢٠٠) پێشمەرگەیی هێنایە گوندی داوواوا. بە موختارەکەدا، پەیامیان نارد بۆ هێزەکانی پارتی–سۆسیالیست، کە ئەگەر لە خاکی کوردستانی ئێرانەوە هێرشبکەنە سەر یەکێتی، لێیاندەدەین. ئەم پەیامە، هاوکاتی سەرکەوتنەکەی مامەندەو ناوبژی حیزبی شیوعیش، ڕێسا عەسکەرییەکەی گۆڕی. چەند ڕۆژێکی نەبرد پارتی کشانەوە. بەڵام یەکێتی، ڕقێکی ئەستوری لا دروست بوو.[+]

ئەم پیلانە بۆ هێرشکردنە سەر سەرکردایەتی، لای پارتیو سۆسیالیست، خرابوە ناو نانێکی گەرم. بەریدی سۆسیالیست لە دۆڵی جافایەتی، لە ڕێگەی تەتەرەکەیانەوە کە ناوی (بەکرە ڕەش) بوو، جەبار فەرمان لەناویاندا چاندبووی، دەیهێنا بۆ مەکتەبی سیاسی، کۆپی دەکراو ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی سۆسیالیست دەکرا. بەوهۆیەوە، هەموو نهێنیەکانی مەکتەبی سیاسیو هێزی سۆسیالیست لە دۆڵی جافایەتی–سلێمانی، لای یەکێتی ئاشکرا بوو. لە نامەیەکدا، هی (مـلازم تایەر– شێرکۆی شێخ عەلی) بۆ مەکتەبی سیاسیان، باسی ئەوە دەکەن کە ناردویانە بەدوای سەید کاکەو هێزی هەولێر بێن. پارتی ئاگادار بکرێتەوە هێزەکەیان لەکاتی دیاریکراودا، بهێنن‌و لە یەک ساتوکاتدا، بێ دواکەوتن، هێزی سلێمانی لەپشت شاخی هێرۆ–توژەڵەوە هەڵبکوتنە سەر "جەلالیە خۆفرۆشەکان" پارتیو سۆسیالیستەکانیش، لە قۆڵی شێنێو خڕی ناوزەنگەوە هێرش بکەن. ئەم زانیارییەی بەهۆی بەکرە ڕەشەوە[*] دەستکەوت، بە وردیی لەلایەن:

مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادرو مەلا بەختیارەوە، تاوتوێ کراو بە مەترسییەکی گەورە لەسەر چارەنوسی یەکێتی زانرا. دەبوو کارێک بکرێ، جارێکی دیکە، گەلەکۆمەکێ، لەسەر سەرکردایەتی ڕوونەداتەوە. بۆیە، بڕیار درا، هێزی "حسک" لە دۆڵی جافایەتی، پاکبکرێتەوە.

لە کتێبی (هەڵۆ سوورەکانی قەندیل)دا، بەمشێوەیە باسی بڕیاری ڕەسمی ئەو شەڕەو ڕووداوەکەش دەکات:

"لە کۆتایی تەممووزی سالّی ١٩٨٠ دا، لە کۆبونەوەیەکی (ناوەندی کۆمەڵە)و دواتریش لە

[+] نوسەری کتێبی (چەپکێک)، لە بارەگای خۆی لە شێنێ، بە دووربین سەیری شەڕەکەی دەکرد. ڕێی نەدا، برا و پێشمەرگەکانیشی بەشداری شەڕەکە بکەن. شەو لە هاتنەخوارەوەدا، پشویەکم لە بارەگاکەی دا. کەچی لە تانەو تەشەری ترسنۆکیی، نەکەوت، توند وەڵامم دایەوە!

[*] بەکرە ڕەش، ئێستاش ماوە.

مەکتەبی سیاسی (یەکێتی)دا، باس لەوە کرا، کە هێزێک ڕەوانە بکرێ بۆ ناوچەکانی دۆڵی جافایەتیو سنوری هەرێمی ٢ کە (جەمالی عەلی باپیر)، فەرماندەکەی بوو! تەنانەت قسە و باسێکیش لەئارادا بوو بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنیو بڕیار درا (مەلا بەختیار)، سەرکردایەتی ئەو هێزە بکاتو ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. (مەلا بەختیار) هێزەکەی (جەمالی عەلی باپیر)ی لەگەڵدا بوو. هێزەکانی (حسک)یش لەو ناوچەیە فەرماندەکەیان (شێرکۆی شێخ عەلی) بوو. ئەو ناوچەیەش وەک هەموو شوێنەکانی تر، زۆرجار ناکۆکیو ململانێی نابەجێ ڕوی تێدەکرد، بەڵام سەرکردایەتی (یەکێتی)، هەوڵی دەدا بە ڕێگەی ئاشتیو هێمنانە چارەسەریان بکات، ئیتر (جەمالی عەلی باپیر)، بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیو بەپیرەوەچوونی داواکەی سەرکردایەتی بە میوانی دەچێتە کانی ڕەشی سێکانیان! بەداخەوە لەباتی ئەوەی، کە بتوانن بە هێمنیو لەسەر پێکەوەهەڵکردن ڕێککەون، کەچی دەبێتە دەمەقاڵێو پێکداهەڵپژانو شەڕ، لەئەنجامدا ڕۆژی ١٩٨١/٨/٢٣ (شێرکۆ و جەمال) یەکتر شەهید دەکەنو ١٠ پێشمەرگەی تریش دەبنە قوربانیو تێکڕا لەهەردوولا ١٢ شەهیدو ٩ بریندار، ئاگری شەڕو ململانێکان هێندەی تر گەرم دەکەنو بەمەش شەڕە بەیاننامە دژی یەکتر دەرگای بۆ ئاوەڵا دەبێتو زمانی زبرو میل ڕاکێشانی چەک لەیەکتر، شوێن بە ئاشتیو زمانی هاوکاری لێژ دەکات!

(حسک) بە سەرکردایەتی (سەید کاکە)، هێزێکی نـاردە دۆڵی جافەتیو لە چەند شوێنێکی جیاجیادا پەلاماری هێزەکانی یەکێتیانداو (یەکێتی)ش هێزێکی هەرێمی ٥ی قەراخی نارده هاوکاری هێزەکەی (یەکێتی)، لە دۆڵی جافایەتیو توانیان هێزەکەی (سەید کاکە)، ناچار بکەن بگەڕێتەوە ناوچەی خۆشناوەتیو لە خۆشناوەتیو لە بەری کۆیەو لە بەستی شەرغە چەند جارێک هێزەکانی هـەردوولا دەچونە سەر یەکتر و لەکوێ فرسەتیان لەیەکتر بهێنایە پەلاماری یەکتریان دەداو پێشمەرگەی یەکتریان چەک دەکرد! ئیتر ماوەیەک کاری هێزەکەی (حسک)، بوبوو بە چەک کردنی پێشمەرگەی (یەکێتی)و هێزەکانی ئێمەش وەک ئەوان هەرچیان بۆ بکرایە دریخیان نەدەکرد!

بەرە بەرە دوای خۆ ڕێکخستنی هێزەکان لەناو هەردوو بەرەی (جود)و بەرەی (جوقد) ا، تادەهات ململانێی دوژمنکارانە لەنێوان هێزو لایەنەکانی کوردستاندا تینی دەسەند. تا لە ساڵی ١٩٨١ەوە کار گەیشتە ئەوەی، کە لایەنەکانی (جود) گەلەکۆمەکێ لە (یەکێتی)، بکەن بەمەبەستی لاوازکردنیو تەنگ پێ هەڵچنینیو بە نیازی خۆسەپاندنی لایەنەکانی (جود) بەسەر (یەکێتی)دا! کە لەئەنجامدا ئەو شەڕو ململانێ ناوخۆیانە بە خوێنی دەیان

پێشمەرگەو فەرماندەی قارەمانی کورد تەواو بوو!".[1]

ئەو شەڕەی کە تیایدا، جەمال عەلی باپیرو شێرکۆی شێخ عەلی بونە قوربانی، کە لەراستیدا، نەخشەکە وامان دانا، کە کەسی تیا نەکوژرێ، بەڵام پەلەکردن لە جێبەجێکردنی نەخشەکە، پێش گەیشتنی ئێمە، روداوەکەی هەڵگیڕایەوە.[+]

نوسەر، چونکە لە تەواوی ئەو روداوانەشدا، وەکو کەسێکی پەراوێزخراو بوو، چەند لاپەڕەیەکی بێسەروبەری لەسەر ئەو روداوە گەورەیە نوسیووە. باسی هێزەکانو فەرماندەکانیانو سەرپەرشتی ئێمەی هەر نەکردووە!!

بۆ مێژوو، حیزبی شیوعی، لەم روداوانەدا رۆڵێکی پۆزەتیڤیان بۆ چارەسەری کێشەکە گێڕا.

(١٦)
هەڵگەڕانەوە لە هەرێمی یەك

سنوری هەرێمی یەک، کە دەکاتە ناوچەکانی هەڵەبجە، هەورامان، سەید سادق، عەربەت، زەڕایەن، سیروان، شەمێرانو لاورانو تاوگۆزی، هەڵکەوتەیەکی سیاسیو عەسکەری زۆر گرنگ بوو، بۆ یەکێتیو شۆڕشی نوێ. بۆیە، لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە، شانەکانی رۆشنبیری تیا دامەزراوە. لەدوای دامەزراندنی یەکێتیشەوە، پەلی بۆ هاویشتووە. هاوکات، مەفرەزەی ئەم هەرێمە، لەگەڵ دەرچونی مەفرەزەی دۆڵێ جافایەتی-سلێمانی، زەنگی شۆڕشیان راگەیاند.[*]

ئەم هەرێمە، دەکەوێتە ئامێزی زنجیرە چیاکانی هەورامان، سورێن، شنرۆێ تا دەگاتە

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٣٧٦-٣٧٧).

+ نوسەری کتێبی (چەپکێک) لەمبارەوە راستیەکانی چەواشە کردووە، باسی بەندە دەکات گوایە جەمالی عەلی باپیرم تورەکردبێو پێم وتبێ: نەرمی بەرامبەر شێرکۆ. بەپێچەوانەوە، جەبار فەرمان وای پێوتبوو. کاتێک جەمال شەهید کرا، قسەیان لەگەڵ جەباردا نەبوو. پێشمەرگە دێرینەکان دەزانن چەند هاوڕێیەتیمان لەگەڵ جەمالدا خۆشبوو. کاتی خۆی ئێمە هەرێمەکەمان بۆ جەمال دروستکردو چل چەکی ئەو کەسانەی چەکمان کردن (چونکە پەیوەندییان بە رژێمەوە کردبوو) دام بە جەمال. لە یەکەمین کۆنفرانسیشدا، پشتیوانیی رەوتی ئێمەی دەکرد.

* یەکەمین جار، بەناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە، بەندە بڕیارنامەی چونەدەرەوەی یەکەمین مەفرەزەی هەرێمەکەم، لەڕێی شەهید وەستا ئەنوەری براگەورەی شێخ عەلیەوە، بۆ ناردن، هەتا مانگی ١٢/ی ١٩٧٦، پەیوەندی رێکخستنو کاروباری ئیداریان پێوە دەکردین.

ناوچە سەختەکانی شەمێران، لاوران‌و تاوگۆزی‌و نزیک دەبێتەوە لە چیای زمناکۆش. سنورێکی درێژی لەگەڵ ئێراندا هەیە. بەزۆریی، جاف، هەورامی، نەورۆڵی، ئێناخی، کۆکۆیی، کاکەیی، غەوارە، گەڵاڵی، هارونی، شێخ سمایلی، کەڵهوڕی، کلاشی، عەمەڵە، تاوگۆزی، ئیمامی، سەتانی، نیشتەجێی سنورەکەن.

لە دەستپێکردنی شۆڕشەوە، یەکێتی لەناوچەکەدا خۆی چەسپاندو کە شەڕی ناوخۆ لە بادینانداو دژی یەکێتی گەرم کرا، یەکێتیش ئەم هەرێمەی کۆنترۆڵ کرد. پارتیەکانی بە کەمترین شەڕو خوێنڕشتن، دورخستەوە.

کۆمەڵە داینەمۆی شۆڕشەکە بوو؛ بەڵام هەڵەی گەورەی کۆمەڵە لەناو یەکێتیدا ئەوە بوو، لە هەندێک شوێندا بە کەمترین کادر، زۆرترین عەشایری لە مەفرەزەکاندا کۆکردەوە (عەشایر وەکو ئەقڵیەت‌و نەریت، نەک وەکو ئاغا و دەرەبەگ) عەشایریش، کە هێز لە دەوری خۆی دەبینێ‌و هێزەکەی دەبێتە هێزی بالادەستی عەسکەری لەناو بزوتنەوەی چەکداریدا، زۆر کەم لەسەر ڕێبازی چەپ یان دیموکراسی دەمێنێتەوە. شێخ عەلی، تێکۆشەرێکی جوامێر بوو. بەڵام لەسەرەتای شۆڕشەوە، یەکێتی کەمترین چەکی بۆ دابین کرد. بۆیە کەمترین هاوڕێی پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو. کە چەکەکانی دەرەوەی ولاتیش گەیشتن، هەر بێبەش کرا. سالێکی نەخایاند، کێشەکانی نێوان کۆمەڵەو بزوتنەوە، لەم هەرێمەدا ڕەنگیدایەوە. سەرەتا، شەوکەتی حاجی موشیر، یەکەمین یاخیبوونی لە کۆمەڵە تۆمار کردو جیابونەوەی (خرنۆک-١٩٧٧)ی قەوماند. ئەم جیابونەوەیە، بەردەوام پوازی دوبەرەکی‌و کێشمەکێشی لاوەکی، لەناو کۆمەڵەو هێزەکەدا، کوتا. ئاسەوارەکەی مایەوە، هەتا ئێمەش کراینە یەکەمین ئامر هەرێمی هەرێمەکە.[+]

(١٩٧٨/٤/٢١) گەیشتمە سنوری هەرێمەکە. لە شارباژێڕی سەختەوە، بەرەو ڕەزڵەو دۆڵی پەرخ، لەوێوە، بەرەو سورێن کەوتینەڕێ. هەرێمەکە، سێ کەرت بوون:

- کەرتی؛ حەمەی حاجی مەحمود-شەهید ڕەئوفی خەلیفە سەعید.
- کەرتی؛ شەوکەتی حاجی موشیر.
- کەرتی؛ هەورامان-هەڵەبجە، لە پشتی شنرۆێ-بناری سیروان‌و دامێنی گریانە بون.

-مەفرەزەی خالیدی خولە سوریشی لێبوو.. پابەندی هیچ کەرتێک نەدەبوو. لاسارو یاخی بوو. زانیمان پەیوەندی بە ئیستخباراتەوە کردبوو. کە چوین چەکی بکەین هەتا

[+] پێش بەڕێکەوتنی هەڵمەتی هەکاری، بە بڕیاری مەکتەبی عەسکەری‌و ئیمزای عەلی عەسکەری ١٩٧٨/٤/١٤ کرامە ئامر هەرێمی هەورامان.

ئێمە گەیشتینە دۆڵە سور، حەمەی حاجی سابیر ناسیاوی بوو، تومەز لەژێرەوە هەواڵی بۆ ناردبوو، ئەویش پێش گەیشتنی ئێمە خۆی کردەوە بە حکومەتدا.

حەمەی حاجی مەحمود، شێخ عەلیو حامیدی حاجی غالی، بەرەو هەکاری ڕۆشتبونو چارەنوسیان دیار نەبوو.

هەرێمەکە، بەناو هەرێم بوو. بارەگای نەبوو. چەکەکانی سوک، تەنها یەک ئار بی چی تیابوو. بی کەی سی نەبوو. ئامێری پەیوەندی نەبوو. هیچ داهاتێکیشی نەبوو.

کەرتەکانی، محەمەدی حاجی مەحمود (کە ئەوکاتە شەهید ڕەئوفی خەلیفە سەعید سەرپەرشتی دەکرد) لەگەڵ کەرتی شەوکەتی حاجی موشیر، شیرو تیریان لەیەک دەسوو. هەردووڵایان داوایان لێدەکردم، لاکەی تر چەک بکەم. لەکاتێکدا، من مەفرەزەیەکم هەبوو، ئەوان دوو بەرامبەر ئێمە بوون. شەڕکەریش بوون. ئەمە جگەلەوەی شەوکەت، محەمەدی حاجی مەحمود، شەهید عەلی شیعەو حامیدی حاجی غالی، ئەندامی لیژنەی هەرێم بوون لەگەڵمدا، دەبوایە پرس بە هەمویان بکەمو لەوێش نەبوون.

(١٧)
هەرێمێك هەمیشە لە کەمین

هەرێمەکە، چەند بۆ شۆڕش هەڵکەوتەیەکی گرنگ بوو، بۆ حکومەتیش گرنگتر بوو. چونکە، ناوچەیەکی بەپێتو فەڕی کشتوکاڵیو لەسەر سنوری ئێران بوو. لە زێی سیروانەوە، کاریگەری لەسەر بەندەوی دەربەندیخان هەبوو. بۆیە، دوو لیوای لە هەڵەبجەو سەید سادقدا مۆڵ دابوو. یەکەمین مەفرەزە خاسەشی بۆ (نادر هەورامی)[+]

[+] کە حکومەت دەیویست سەرەتا مەفرەزە خاسەکان دروستبکات، بڕیاردرا، ئەوانەی گفتیان داوە ببنە ئامر مەفرەزە لەناوببرێن. بەپێی ئەم بڕیارە: عومەر گورچیلە، عەزیزی میرزا کەریم لەناوبران. فەرهادی مەلا ڕەزا، کە خیانەتی لە شەهید یاسینە ڕەش کردو بەگرتی داو لەسێدارە درا، ئەمیش بڕیاری کوشتنی دەرکرا. چەکی هەڵگرت.. لە بازیان کوژرا. ناڵە هەورامی، بەڵێنی دابوو لە هەڵەبجە مەفرەزەی خاسە دروستبکات. سوسە کرابوو کە هاتوچۆی ئوتێل هەورامان–سەرەتای جادەی گۆران دەکات، بۆ لای باقی هەورامی. بەئاسانی دەکوژرا. بەڵام مام عەبدولخالق هەورامی بۆی تێکەوت.. گفتی دابوو گوایە چەک هەڵنەگرێ. کە ئاسان دەکوژرا، بەهۆی مام عەبدولخالقەوە وازی لێهێنرا. کەچی چەکی هەڵگرتو جاشی خاسەی دروستکردو تاوانی زۆریشی کرد. سەرەنجام، حکومەت خۆی کوشتی!

دروستکردبوو. جار جار ساله خەیاتیش بۆ پەلامار لەگەڵ رەوە جاشەکانی دەهێنران. کاتێک من گەیشتم، حاکم کامەرانیش، کە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە بوو، لەبەر هەندێ کێشە لەگەڵ ئامر کەرتەکان. لە بیروڕای مارکسیستی، هەڵدێرا بۆ جاشایەتی.

هەرێمەکە هەمیشە، لە ئینزاری (جیم)دا بوین. چونکە گەر رەوە جاشەکان سوسەیان بکردینایە، دەهاتنو شەڕ دەقەوماو دوای نیو سەعات کۆپتەریش دەهات. لەپشتیشمانەوە، لە زەمانی شادا (پێش راپەڕینی گەلانی ئێران بە ساڵو نیوێک) قیادەی موەقەتەی پارتی، لە دێی دزڵی بون، کە دێیەکی گەورەو خۆشی هەورامین. هەمیشە پاسگای ئێرانی لێبوو. ئەم دێیە، لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموددا، ڕۆڵی قارەمانانەیان بە سەردارێتی مەحمود خانی دزڵی، گێڕاوە. دوای ئەوەی ئینگلیز سلێمانی داگیرکردەوە، مەحمود خانی دزڵی لەشکری هێناو رزگاری کرد. کەچی لە شۆڕشی نوێدا، لە ڕۆژگاری نالەباری سیاسیدا، بە زۆرەملێ، کردبویانە پەناگای هێزێکی (٢٥-٣٠) کەسیو بەردەوام، هەتا من لەوێ بوم، دەبوایە شەوان کەمین بۆ پشتی خۆمان، بەرەو ڕووی سورێن دابنێین، چونکە لەپشتی سورێنەوە دزەیان دژمان دەکرد. بەهەمان شێوە، لە دێی (شێخ سێڵە) پشتی (کانی ژنان) ناوچەی تاوگۆزی، هێزێکی تری پارتی لێبوو، کە دێیەکی ناوچەی زەهاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. پاسگای ئێرانی نزیکی بوو. قالەی حەمەسالحو عەزیزی حەمە سالحی برای سەرپەرشتییان دەکردن. ئەمانیش گێچەڵیان بە پێشمەرگەکانی یەکێتی دەفرۆشت. بەوشێوەیە لەپێشەوە حکومەت پەیتا پەیتا پەلاماری دەداو لەپشتیشەوە، ئەو دوو هێزەی پارتی لە هەلی دەستوەشاندندا بوون.

هەرێمەکە، هەتا بڵێی هیلاک بووین. شەو و ڕۆژ، لە کەمین، جاروبار شەڕ. کشانەوە بۆ سورێن، کە شاخێکی قاقڕ (وشکو برینگ) بوو، ئەشکەوتەکانی هەزار ستونو سولتان، ئاژەڵیان تیا مۆڵدەدرا؛ هاوینان، کێچ وژەیان دەهاتو پێشمەرگە نەبوو، بەژنی ئاژنی کێچ نەبێ. شەمشەمەکوێرەش بە بنمیچەکەوە، سەدانیان فڕە فڕیان بوو. بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، لەناو قوواڵییو تاریکی ئەشکەوتەکەدا، بەپێی سیستەمی غەریزی، بەناو یەکدا دەهاتنو دەفڕینو دەنوسان بە بەردە رکنەکانی ئەشکەوتەکەوە، بەبێ ئەوەی بەر یەک بکەون. پێشمەرگە، جاری وا هەبوو، بەناچاریی، بەتایبەتی لە قرچەی هاوینو باراندا، لەو ئەشکەوتانەدا، پشوی دەدا. پشوی خۆپاراستن لە دوژمنو ئاشنایەتی لەگەڵ کێچو شەمشەمەکوێرە!!

ناخۆشتریش لەوانە، برسێتی بوو. بە ڕۆژ زۆر کەم دادەکەوتینە دێهاتی بناری سورێنو شارەزوور؛ شەوان یان خۆمان یان پێشمەرگەمان دەنارد، نانو جاری وا هەبوو تەماتەو

خەیار، ئەگەر هێلکەیان بهێنایە، شاگەشکە دەبوین. تەماتەو نان، ماوەیەکی کەم تێرت دەکات، برسێتی تین دەهێنێتەوە. ئیتر تا شەو، وەکو پێشینان وتویانە: برسێتی رەگی هاریی پێوەیە.. بەردەوام لەو ئەشکەوتانەدا پێشمەرگە وەڕس بون. ناکۆکیەکانی ئامر کەرتو مەفرەزەکانیش، باری دەرونیی شەکەت دەکردن. منیش زۆرجار، بە کۆبونەوەی گشتی، لەسەر بابەتی جۆراوجۆر، ئارامم دەکردنەوە.(*)

دەوروبەری (٨) مانگ بەوشێوەیە گوزەراندمان. لەو ماوەیەدا بەکری حاجی سەفەر زۆر هاوکاری دەکردم. دلێری سەید مەجید ماوەیەکی باش هاتە لامان. لەوکاتەدا، هاتنی دلێر، لەڕووی دەرونیەوە، بۆ من زۆر خۆشبوو. بەردەوامیش ئەم جوامێریەی لەگەڵمدا دەنواند، لە هەر شوێنێک بومایە!

جارێکیان لەخوار شنرۆێ، گەلە جاشمان بۆ هاتنو دوو کۆپتەریش گەیشتن. (١٩٧٨/٨/١٥) لەسەری شنرۆێشەوە قوە خاسە دابەزین. من لە چەمەکە جلم دەشت. بەپەلە فریاکەوتم. کاوە مەخموری یارمەتی دام. دامەزراین، پێشمەرگەیەک هەبوو (عومەر بەسام- هەورامی) بڕیار درابوو هەتا تەقەمان لێنەکرێ، کەس تەقە نەکات. عومەر بەسام بەرامبەر قوە خاسەکان لە بناری شنرۆێ بوون. کە نزیک کەوتبونەوە، غیرەت گرتبوی تەقەی دامەزراند. تازە ئاشکرای کردین. لەوبەری چەمیشەوە، خەباتی شێخ جەناب تەقەی لە کۆپتەرەکان کرد. هەردوکیان بە لاساریی تەقەیان کرد. نەک بە بڕیار، بەڵام ئەوەی باشبوو، باش دامەزرابوین. کۆپتەریش ئەگەر جوڵە جوڵ نەکەی، ناتبینێ. تا ئێوارە دورە تەقە بوو لەگەڵ جاشو جەیش، جار جار لە شنرۆێوە هاوەنیان تێدەگرتین. جاشەکانی نەورۆڵی هاتنو گەیشتنە چەمی گریانەش. لاموایە، خاتری کۆنە هاوسەنگەرەکانی دەگرتو دەستی دەپاراست! ئێوارەکەی ئەوان کشانەوەو ئێمەش بێزیان بوین. ئێوارەکەی بەرەو ئەشکەوتی (هەزار پەز) شۆڕبوینەوەو بەو هیلاکیە.. تەنها نانو چامان هەبوو. نانو چا ئەوەی باشە قرقێنەی نییە!!

عومەر بەسامم بانگ کرد، لێی بپێچمەوە گوتم: نەموت هەتا تەقەتان لێنەکرێ، تەقە مەکەن؟! بە سادەییو دڵسۆزی خۆی وتی: خۆم بە پیاو دەزانم، تەقەم لێئەکەن، تەقە

* کەسێک هەبوو ناوی حەسەنی زبە بوو. خەڵکی میری سوور بوو. شتی بیردەچوەوە. لاساریش بوو. بەردەوام ئێواران دەچووە ناو گوندەکەیان بێ چەک. هەموو جارێک تەلقینم دەدا چیمان بۆ بێنێ. گفتی دەدا. بەڵام زۆر جار بیری دەچووەوە. منیش کوڵم نەدەداو هیچ چارم نەبوو، دەبوو تەلقینەکەم دوبارەو دە بارە بکەمەوە، بەڵکو خوایە بیری نەچێ. جارجاریش جوامێریی دەنواندو خواردنی باشی دەهێنا! چاکەی ئەم گوندەم دایەوە، موەلیدەیەکی گەورەی کارەبام بۆ دابین کردن.

ئەکەم. ماچم کردو یارمەتیشم دا. تا ئێستاش، من قەرزی ئەو رۆداوە دەدەمـەوە بە عومەر باسام![+] ناوبەناو سەرم دەداو قەرزی ئەو تەقەیەش تەواو نابێ!

(١٨)
یاخیبون‌و خۆدزینەوە!

ئەم هەموو بەسەرهاتەو دەیانی تریشمان بەسەردا هاتووە، کەچی بە چەواشەکراوی، نوسەری کتێبی (چەپکێک) لەسەر کۆی کێشەکان‌و هەرێمەکەو هۆکاری چونەوەی من، لە لاپەڕە (٣٣٥)دا دەنوسێ:

"مەلا بەختیار کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو، تەماحی بوو، بکرێتە ئامر هەرێم، و بەتایبەتیش بۆ هەورامان بۆ جێگاکەی "حەمەی حاجی مەحمود، مەلا بەختیار بۆ جەولەیەک لەگەڵ مەفرەزەیەکی خۆیدا چووە ناوچەکە، بۆ جێ پێ لەقکردنی حەمە، ناکۆکی‌و ناخۆشییان گەیشتە ئەو ڕادەیەی مەلا بەختیار ویستی حەمە چەککا و حەمەش ویستی مەلا بەختیار چەککا. مەلا بەختیار جێی نەبۆوە لەناوچەکە، لەبەرئەوەی هەموویان حەمەیان قبوڵ بوو، مەلا بەختیاریان قبوڵ نەبوو".[١]

ئەم گێڕانەوەیە، سەراپا چەواشەکردنی راستیەکانە، دەیەوێ خۆی لەگەڵ منداا، هاوتا بکات. راستی مەسەلەکە پێچەوانەیە.

بۆئەوەی درۆکانی؛ درۆ درۆ تۆێکاری بکەین، پێویستە تۆێ بە تۆێ قەتماغەی درۆکان هەڵبدەینەوە:

یەکەم: من لە (١٩٧٨/٤/١٤)ەوە ئامر هەرێم بوم. مانگی ١٠/ی ١٩٧٨ هاتبومەوە سەرکردایەتی. لە دۆڵە کۆکە نوسەرم لای مامو مەکتەبی سیاسیش بینی.. خۆی نەبان[*] دەکات.

دووەم: کاتێک کێشەی هەرێمی یەک قوواڵکرا، لەڕاستیدا ئەبو شیهاب‌و ئاسۆی شێخ نوری، بە ئاڕاستەی تەکەتولی سجن، بەبێ ئەوەی بەندە لەوێ بم، دەیانویست هەرێمەکە کۆنترۆڵ

[+] لەو شوێنەی لێی بوین، نالەبار بوو. کشاینەوە، خۆم لە چەمەکە بوم، کۆپتەر دەستڕێژی لێکردین‌و چەند گولە هاوەنێکیشیان پێوە نابن. هاتم، سەیرم کرد پێشمەرگە لەسەر کانییەک، کە لە ڕەبایەکانی شنرۆێوە دیار بوو، دانیشتون. بەپەلە هەڵمساندن‌و ڕۆیشتین. دەمزانی ئەو کانییە ئامانجێکی دیاریکراوی هاوەنی ڕەبایەکەیە. دوای (٥) دەقیقە سێ گوللە هاوەنیان پێوە نا. گەر لەوێ مابابن، شەڵو کوتی دەکردین.

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٣٥).

[*] نەبان: بەرخ‌و کار.. کە دایکیان لەکاتی گەڕانەوەی رانە مەڕدا، بۆ شیر خواردن نادۆزنەوە.. هەر باعەباعیانە!

بکەنو هانی کادرو پێشمەرگەکانی کۆمەڵەیان دژی محەمەدی حاجی مەحمود دەدا.

سێهەم: راستە محەمەدی حاجی مەحمود، هەڵەی دەکردو گوێی نەدەدایە ڕەفتارو کرداری نەگونجاو لەگەڵ پرنسیپەکانی ئەوکاتەی شۆڕشو کۆمەڵە.. بەڵام هەر ئەو وای نەدەکرد. زۆر بون ئەوانەی خراپتریشیان دەکرد. چاویشیان لێ دەپۆشرا. سروشتی تەکەتول وایە، چاو لە هەڵەی خراپتری هاوتەکەتول دەپۆشرێ، بەڵام هەڵەی کەمتری نەیارەکان، گەورە دەکرێ!

چـوارەم: کاتێک، کیشەی هەرێمی یەک گەیشتە بنبەست، من سێ مانگ بوو لە سەرکردایەتی بومو شەڕی لوتکەی مامەندەشمان کردبوو. بارەگام لە شێنێ بوو. کە هەرێمەکە بانگکرایە سەرەوە، منو هۆمەر شێخ موس کراینە لیژنەی لێکۆڵینەوە. هەوڵم دەدا، کێشەکان چارەسەر بکرێ. ئاسۆی شێخ نوریو ئەبو شیهابیش دەیانویست، محەمەدی حاجی مەحمود لابببرێو هانی کادرەکانیشیان بۆ ئەو مەبەستە دەدا. لەسەر ئەوەی من توند نەبوم، گلەییان لە من دەکرد. کە محەمەدی حاجی مەحمود زانیی لە سەرکردایەتی ماوەیەک گلدەدرێتەوە، شەوێک لە چەم پەڕییەوەو چووە ناو سۆسیالیست. لەمەوە قڵیشایەوە. نەوشیروان مستەفا ئیتر ناچار بوو، کۆبونەوەیەکی فراوانی بە کادرەکانی هەرێمەکە کردو رایگەیاند، ڕێگە نادەین، ئەو هەرێمە بکەوێتە ژێر دەستی سۆسیالیست. ئەم کۆبونەوەیە لە مەکتەبی عەسکەری کرا، ملازم عومەریش ئامادە بوو.

پێنجەم: مەکتەبی سیاسی بۆ ڕۆژی دوای ئەوە، بە ئامادەبونی من کۆبوەوە. بڕیار درا، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی هێزێک بۆ چارەسەری کێشەکە، بڕوات. یەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئامادە نەبوو بچێ. ئاخریی نەوشیروان ڕووی لە من کرد، وتی: یان دەبێ من، یاخود تۆ بچیت؟

کە وای گوت، عەلی حەوێز وتی: من ئامادەم بچم. بەتوڕەییەوە نەوشیروان پێی گوت: جا بچی چیت پێدەکرێ؟ کەس بەقسەت ناکاتو بە شکاویی دێیتەوە.

من، لە سەرجەم کێشەکانو ڕوداوەکان بێتاقەت بووم. نەوشیروان بەتەنها لەگەڵم دانیشتو پێی وتم:

تەنها تۆ لەو ناوچەیە شارەزای. ئەوانی تر هەرکەسێکیان بنێرین، دڵنیا نیم سەربکەوون. پێشمەرگەو کادر بەقسەی تۆ دەکەن. پیاوی چاک بە، با ناوچەکەمان لەدەست نەچێ. وتیشی، ئەو ناوچەیە بکەوێتە دەست سۆسیالیست، دەست لە شارباژێڕیش هەڵدەگرینو کاریگەرییان لەسەر سلێمانیش دەبێ. کە وای وت، وتم: ئامادەم. پێیخۆشبوو کە ڕازی

بوم. پاشماوەی هێزەکەی هەرێمم کۆکردەوەو کەوتینەڕێ.[*]

کە گەیشتمە سنوری هەرێمەکە، محەمەدی حاجی مەحمود، نیوەی زیاتری هەرێمەکەی بەلای خۆیدا داشکاندبوو. نایشارمەوە، ئەگەر محەمەدی حاجی مەحمود بهاتایەتەوە، کێشەکەمان چارەسەر دەکرد. نەهاتایە، لەو (٥) مانگەی لێی بوم، لە هەر شوێنێک توشی هێزە یاخییەکە بوینایە، شەڕ لەنێوانمان دەقەوما. دیار بوو ئەمەیش لە هۆکاری هاتنی منو چۆنیەتی بڕیاری مەکتەبی سیاسی تێگەیشتبوو، بۆیە هەتا هێزی ملازم تایەر، قادر جەباری، شێخ محەمەدی شاکەلیو شێروان شیروەندی نەگەیشتنە سورێن، توخنی ئەو شوێنانە نەدەکەوت، کە ئێمەی لێ بووین. لەناو ئێمەشدا، هەبوو وەکو پەیوەندی عەشاییری، پەیوەندییان هەبوو لەگەڵیاندا. هەوالّیشیان بۆ دەنارد، کە لە هێزەکانمان نزیک نەکەوێتەوە.[+] ئەوان چاکیان کرد لێمان نزیک نەدەکەوتنەوە. ئێمەش چاکترمان کرد، نەچوینە سورێن.

ئەمەی من گێڕامەوە، ئێستاش دەیان کادرو پێشمەرگەو فەرماندەی هەرێمەکە زیندوونو دەتوانن راستیو ناڕاستیی سەرگوزشتەکە، باسبکەن.

(١٩)
قین لە دڵیی، یان پابەندیی؟

کە هەندێک بەسەرهاتی نوسینەکەی نوسەر دەخوێنمەوە، لای خۆم تەریق دەبمەوە. کەسێک چۆن دەتوانێ، ئەم هەموو سەرگوزشتە ناڕاستانە هەڵببەستێ؟! چۆن لە باسکردنی راستیەکان ناترسێ؟ لە شایەتەکان سڵ ناکاتەوە؟ لە ویژدانی خۆی، چۆن ناپرسێتەوە؟

لەو باوەڕەدام، ئەم کەسانە کە پەتای نەخۆشییەکە دایاندەگرێو رقی دەرونیان سەردەکا، ئیتر ئاگایان لەخۆیان نامێنێ. ئەگینا، ئەگەر ئاگایان لەخۆیان بێ، چۆن دەبێ

---

* هاوسەرەکەشم لەسەر منالّبون بوو. پێمخۆش نەبوو جێی بێڵم. بەڵام ناچار ژنم جێهێشتو چووم بۆ گێڕانەوەی هەرێمەکە!! زیلانی کچمان لەدایک بوو.. دوای چلەی.. گەڕامەوە!

+ محەمەدی حاجی مەحمود، لە رۆژژمێری پێشمەرگەدا باسی دەکات کە هەوالّی بۆ رۆشتووە، کە ئێمە پیلانمان چییە. رۆژێکیان کە پێشوازیمان لە تەرمەکەی مامۆستا برایم ئەحمەد دەکرد، لە پەرۆێزخان، پێم دەرخست کە ئەو کەسە کادری کۆمەڵایەتی یەکێتی حەمەی حاجی سابیرە!

ئەم هەمگە درۆیانە، نەک سەدان، بەڵکو هەزاران ریز بکەنو بە یەک ئاڕاستەش، بۆ یەک ئامانجیش، ئەویش دوژمنایەتیکردنی کۆمیتەی هەرێمەکانو هەوڵی شکاندنی شەهیدان ئارامو ئازاد هەورامی، بەندەو سالار عەزیز.

لە دریژەی هەڵبەستنەکان، دوای هەزارانی تر، لە لاپەڕە (٣٣٦)دا ئەمەی خوارەوەش ریز دەکات:

"حەمە بە تەجمیدکراوی گەڕایەوە ناوچەی شاربازێڕو شارەزوورو هەورامان، مەلا بەختیار کرا بە فەرماندەی هەرێمی یەکو حەمە ئیلتزامی پێوە نەکرد. پاشان بەهۆی قین لە دڵی مەلا بەختیار و سەرکێشیەکانیەوە، حەمە لە (١٩٨٠/١١/٢٩) خۆی بە حسک لە ناوچەکە ئیعلانکرد".[١]

من نەکرام بە فەرماندەی هەرێم. بەڵکو بە تەواوی دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی، نێردرام بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە، لە بەرژەوەندی یەکێتیو سەقامگیرکردنەوەی هەرێمەکە. کە ئەرکەکانیشم بەجێهێنان، نامەم بۆ مەکتەبی سیاسی نوسی، بگەڕێمەوە[*] حاکم عومەر نێردرا بۆ ئامر هەرێم، منیش گەڕامەوە. ئیتر نازانم، چەواشەکردنی تەواوی ئەو راستییانە، چ چێژێک بەم دەرون نەخۆشە دەبەخشێ؟ مەگەر تەنها خۆیان وەڵامەکەی بزانن.. خۆ پاڤلۆڤو فرۆیدیش نەماوون، تا لە دوو روانگەی سایکۆلۆژی جیاوازەوە، بۆمانی شیبکەنەوە!

کۆتایی بەم پەرەگرافە بەوە دێنێ کە گوایە، ئەندامی دەزگای دارایی بووەو سێ جار لێکۆڵینەوەی لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود لەسەر مەسەلەی پارە کردووە.

هەتا ناوبراو لە یەکێتی بووە، نوسەر ئەندامی مەکتەبی دارایی نەبووە. بەڵکو ئەوکاتە، لەسەر شەرمەزاریەکەی لقی کەرکوک، تەجمید کراویش بوو. ئیتر نازانین، دوای ئەوەی چوبێتە ناو سۆسیالیست، نوسەر ئەوەندە ئازا بوبێ، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردبێ؟!

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٣٦).

* لەو ماوەیەدا ئاگام لە هاوسەرم نەبوو، منااڵیشی بوبوو. هاوڕێ خەجێ ناویشی نابوو (زیلان).

(٢٠)
تەسلیمبوونی نەوشیروان!

هێشتا کیشەکانی هەرێمی یەکمان بەلادا نەخستبوو، پەیتا پەیتا نامەم لەسەر رێڕەوی رووداوەکان بۆ مەکتەبی سیاسی دەنوسیو لە وردو درشتم ئاگادار دەکردنەوە، بەتایبەتی نەوشیروان مستەفا. لەگەڵ کاک بەکری حاجی سەفەر، لە دێی "زەلان" بوین، نامەیەکی نەوشیروانم بۆ هات، لە پارەزانەوە نوسیبووی: لەگەڵ دوو پێشمەرگە هاتومو نامەوێ کەس بزانێ، دایکم لەمالّی خزمەکانم لە شارەزوور دەبینمو کاری تایبەتیم هەیە. یەکسەر هەستم بە مەترسیی کردو دەسبەجێ، فەرەیدون حەمە ساڵحم نارد بۆ پاراستنی نەوشیروانو پێمگوت: تۆ فریای بکەوە، ئێمەش دێین. کە فەرەیدون گەیشتبووە پارەزان، ئەو بەڕێکەوتبوو بۆ دۆڵی پەرخو لەوێشەوە بۆ گوندی قەویلە. ئەو شەوەو رۆژی دواتریش لێمان ون بوو.

بەیانیەکەی کە لەخەو هەڵدەستێ پشوو لەمالّی "حاجی عەلی قەویلە" دەدات. بە رێکەوت، مەفرەزەیەکی حسک بە فەرماندەیی شەهید خولەی حەمە تاتە، بۆ دابەشبون دەگەنە ئەوێ. نەوشیروان دەشلەژێ. لەگەڵ مالّەکەدا ئەم شلّەژانە دەبێتە ئەم گفتوگۆیە:

– نەوشیروان: ئەمانە کێن؟

– ژنی حاجی عەلی: هیچ نییە حسکن!

– نەوشیروان: دیارە زانیویانە لێرەم، گەر مالّان بگەڕێن، ئەمگرنو ئەمکوژن.

– ژنی حاجی: برالە.. لەوە ئەچێ جەنابت پیاوێکی گەورە بیت، هیچ مەترسە.. ئەتشارمەوەو با بێن نانی خۆیان بخۆنو ئەڕۆن.

– نەوشیروان: نەخێر پورێ.. خۆم ئاشکرا بکەم نامکوژن.. خۆیان بمدۆزنەوە ئەمکوژن.

– ژنەکە: مەردی خوا بە، ئەمانە پیاوەتی نازانن.. دەنگ مەکە..

هەرچی ژنەکەو حاجی عەلیش هەوڵی لەگەڵ دەدەن، سودی نابێ. بە شلّەژاوییەکی بێڕادەوە، نامەیەکی کورتیان بۆ دەنوسێ. حاجی نامەکە دەباتە دەرەوە.. خولەی حەمە تاتە کە نامەکە دەبینێ هی نەوشیروانە.. لەخۆشییا دەیکاتە دەستڕێژ. دێنە ژوورەوەو خۆی‌و فەرەح دەبەن. ژنی حاجی عەلی وتویەتی: ئێژم وا مەکە، هیچت نەژنەووت.. دە بخۆ لەوەری!

که زانیمان نەوشیروان گیراوە. یەکسەر بۆ لێکۆڵینەوە هاتم بۆ قەویلە. ئەو قسانەی باسمکردنو چۆنیەتی گرتنەکەی، شلّەژانەکەی، قسەو باسی ترم، بە دەنگی حاجیو حاجی ژن، تۆمارکرد. بە راپۆرت ناردم بۆ مەکتەبی سیاسی.

ئەم سەرکردە بەئەزمونەی نەوەی یەکەم، کە یەکێک بوو لە ئەقڵی داڕێژەری سیاسەتی یەکێتیو کۆمەڵە، بە خوتو خۆڕایی، خۆی خستبووە داوەوە. تاقە چارەی سیاسیو ئەخلاقی ئێمە ئەوە بوو، وا بکەین سەلامەت بێو دەربازی بکەین. هێزەکانمان کۆکردەوە. ناردمان هێزی قەراغیش بە فەرماندەیی مام رۆستەم هاتن. (٤٠٠) پیشمەرگە کۆبوینەوە. هێشتا لەبەر کێشەی هەرێمی یەک، هەر سەرپەرشتی کارەکانم دەکرد. سالار عەزیزیش بۆ گەشتێک هاتبووە خوارەوە. هەمومان بۆ تەگبیرو را، پێکەوە بوین. لە گێڕانەوەی ئەم روداوەشدا نوسەر هەڵیدەگێڕێتەوەو لە لاپەڕە (٣٣٩)دا دەنوسێ:

"لە رۆژی (١٩٨١/١/١٠) گەیشتمە لای کاک بەکری حاجی سەفەر فەرماندەی هەرێمی (٣)ی شارباژێڕ لە دێی "بزەنیان" هەرێمی١ و هەرێمی٣ پێشمەرگەکانی لقو مەفرەزەیەکی سالار عەزیز لەگەڵ مەلا بەختیارو ئاسۆی شێخ نوریو ئەبوشەهاب هەمویان لەوێ بوون، ئەو هێزە لەو ناوە بە دوای هێزەکەی حسکەوە بوون وەک فشارێک لەسەر حسک بۆ بەردانی نەوشیروان. بەڵام ئەو هێزە زۆرەو ئەو فشارە لەباتی ئەوەی ببنە کارتی فشار لەسەر حسک، بەپێچەوانەوە دەبووە هۆی دوورکەوتنەوەی حسکو بردنی نەوشیروان لەناوچەکەو چون بۆ دیوی ئێران، کە مەترسی تەسلیم کردنەوەی بە پارتی هەبوو".[1]

ئەو ماوەیە لە بزەنیان نەبوین. دوای هەڵهاتنی نەوشیروان چوینە شارباژێڕ. تەنها سالار عەزیزو بەکری حاجی سەفەرو بەندە، تەگبیرمان لەناو خۆماندا دەکردو بەرنامەمان دادەنا. لەترسی دزەکردنی قسەکانمان، کەمتر قسەمان لەگەڵ ئەوانی تردا دەکرد. لەڕاستیدا، هەر پێشمان ناخۆش بوو، بەرپرسی ترمان لەگەڵ کەوتبوون. چونکە لەکاتی وادا، پێشنیازی زۆرو موزایەدەی سیاسی، سەرلێشێوان دروستدەکات.

حسک، تازە هەنگی خۆیان لە کلۆرە دارا دۆزیبوەوە. یەکسەر گواستیانەوە بۆ سورێن. من نامەیەکم بۆ ملازم تایەرو قادر جەباری نوسی.. نوسیم: خوێن لە لوتی نەوشیروان بێت، ئەوەی بیری لێناکەنەوە، بەرامبەرتان دەیکەین. ئەمە دەقی نامەکانی نەوشیروان و تایەری عەلی والییە لەوەڵامی نامەکانی ئێمەدا بۆ بەردانی نەوشیروان:

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٣٩).

دەقی نامەکان[1]:

نامەی یەکەم:

برای خۆشەویست کاک مەلا بەختیار

سڵاوێکی گەرم.. سڵاوم هەیە بۆ بـرادەران، وەزعی ئێمە باشە هیوادارم ئێوەش وەزعتان باش بێت.

من ئەمڕۆ هاتم بۆ لای کاک تایەر عەلی والی و برادەرانی تر، بۆ باسکردنی ئەو گیروگرفتانەی کەوتۆتە ناوچەکەوە، کە بەڕاستی جەوێکی ناخۆش و نالەبارە، هیوادارم بە هەوڵی هەموومان بتوانین چارەسەری بکەین وە وەزعەکە ئاسایی بکەینەوە، زۆرم حەز ئەکرد بتانبینم و باسی ئەو مەوزوعانە بکەین، هیوادارم بەم نزیکانە یەکتری ببینین. جا کاکە گیان بۆ چارەسەرکردنی وەزعەکە تکایە ئەم داوایانە جێبەجێ بکەن:

١-واز لە هەڕەشە بهێنن و هەوڵبدەن کە ئیتر لە هیچ لایەکەوە تەقە رووندەدات، وەزعەکە هێمن بکەنەوەو ئاگاداری کەرتەکانی هەرێمەکە بکەن کە شەڕ دانەمەزرێنن.

٢-ئەو برادەرانەی گیراون بەریان بدەن و بەزوویی لەگەڵ ئەو چەکانەی گیراون بیان نێرنەوە، ئەوساکە رەنگە لەگەڵ هەندێ لە مەسئولەکانی ئێرە بین و یەکتری ببینین.

ئیتر خۆشیتان

نەوشیروان

١٩٨١/١/٥

---

١ فاتح رەسوڵ، چەند پەڕەیەک لە میژووی خەباتی گەلی کوردستان، رووداوو بەڵگەنامە (١٩٨٠ - ١٩٨١). لاپەڕەکانی (٣٠٧-٣١٠).

نامەی دووەم

برای بەڕێز کاک مەلا بەختیار
سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
هیوام خۆشیتانە، ئێمەش باشین

براگیان: دەربارەی شەڕی براکوژی و ئەو رووداوە ناخۆشانەی کە لەم چەند رۆژەی ئەخیردا رووبدا هەموو لایەکمان پێمان ناخۆش بووە. دوور بووە لە رۆحی شۆڕشگێڕی و تەبایی.. بەتایبەت کە ئێستە جبهە هەیە، کاک نەوشیروان هاتووە بۆ مەنطیقەکەوە ئەویش هەروەها وەکو ئێمە ئەم جۆرە رووداوانەی پێناخۆشەو رای لەسەر نیە. یەکترمان دی لەگەڵ کاک نەوشیروان، وەکو دوو مەسئول کە شعور بە مەسئولیەتی تاریخی بکەین بڕیارمان دا کە هەوڵدەین شەڕی برا کوژی نەمێنێ و وەزعەکە ئاسایی بێتەوە، لەبەرئەوە تکامان وایە ئەو برادەرە پێشمەرگانەی ئێمە کە سجنن لاتان بەڵکو بۆمان بنێرنەوە، بۆئەوەی ئێمەش ئەو برادەرانەی بریندارى گیراوە بۆتان بنێرینەوە. هەروەها پێویست نەبوو ئەو ئاربیجیەی ئێمە ببەن لە مزگەوتی (بیوک) بەڵکو بفەرمون ئەویش ئیعادە بکرێتەوە بۆمان، ئێمەش چەکەکەی (دۆستە دەرەتان) بۆ ئیعادە دەکەین، هەروەها بەڵکو ئەو قوەتەی هێناوتانە بۆ (بیوک) سەحبی بکەنەوە، خوا هەڵناگرێ پێشمەرگە بکوژرێت، کاک نەوشیروانیش هەر رای وایە، جەوی برایەتی و تەبایی دروست بێتەوە لە مەنتیقەکە وە بۆ خەتەواتی تر یەکتری ئەبینین و شوێنێک دانێ دێم بۆ لاتان، کاک نەوشیروان خۆشی نوسراوی بۆ نوسی وە رای هەروایە.

ئیتر حورمەت و خۆشیتان

براتان: تاهر عەلی والی
١٩٨١/٦/٥

نامەی سێیەم:

برایانی بەڕێز کاک سالارو کاک مەلا بەختیار
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
نوسراوەکانتان کە بۆ هەڤاڵ تاهیر نوسرا بوو گەیشت و لێی حاڵی بووین.

کاکە ئێمە وەکو وتوومانە هەمیشە ئامادەی برایەتی و تەبابین. بەڵام تا ئێستا هیچ بادرەیەکی وامان نەدیوە لە بەڕێزتان وەکو ئەڵێن ئیعادەی سقە بێتەوە، چەند جار داوای اعادەی سقە ئەکەین، بەڵام هیچ ئێمە داوامان کرد کە جەولە بکەین، بەڕێزتان تۆزێک دوورتر لەئێمە جەولە بکەن تا ئەگەینە نەتیجە بەڵام ئێوە هێزەکانتان ئەهێنن بۆ سەرمان بۆ نمونە رۆژی ۱۹۸۱/۱/۸ هێزێکی گەورەتان هاتووە دەوری زەردووی[۱] کە ئێمە نیوەڕۆ لەوێ بووین برادەرە عەرەبەکەی (جیش شعبی) ئاگادار بوو لەگەڵ دەلیلەکە حەتمەن بۆی گێڕاونەوە کە ئێمە لەوێن.

ئێمە شەو لە (کەولۆس)[۲] بووین ئێوە هێزەکانتان هێنابووە نزیک ئێمە لەگەڵ ئەوەش ئێمە دورکەوتینەوە، بۆئەوەی توشی مشاکیل نەبین لەگەڵتان، بەڵام ئێوە سەعات (٦) هێزێکی ترتان ناردبووە سەرمان لە (قەویلە)وە لێیان داین و ئیجباریان کردین دیفاع لەخۆمان بکەین، بەڵام ئەوە بوو هێزەکەی بەڕێزتان شکان، وە ٨ کەسیان خۆیان تەسلیم بە ئێمە کرد، ناچار ئەوێشمان بەجێهێشت و مەجبور بوین بڕۆین بەرەو جیهەتێکی تر زۆر بەداخەوە ئێوە وا تصور ئەکەن کاک نەوشیروان خۆی هاتووە بۆ لای ئێمە، ئێمە گرتومانە ئەو اسلوبە بەشتێکی بێ ئەخلاقی ئەزانین وە ممکن نییە بیکەین، وە لەئەوەڵەوە وام تصور کرد کە خۆی هاتووە، هەموو ئەزانن و پ. م محەمەد عارف ئێستا لای خۆتانە ئەزانێت لێی بپرسن کە بەچی اسلوبێک چووین بە پیریەوە، چونکە وامزانی خۆی هاتووە، لەسەر حسابی تبادلی نووسراوەکان، بەڵام پاش ئەوە پێشمەرگەکان هاتنەوە، باسیان کرد کە لەدێیەکەو ماڵەکە دەوری گیراوە وە احتراما چەکەکەیان داوەتەوە تا نەگاتە لای ئێمە، انجا ئێمە زانیمان گیراوە، ئەگینا ممکن بو

---

۱ گوندێکە لەناو خاکی کوردستانی ئێران، کەوتۆتە ئەودیوی گوندی پاریزان، بنەماڵەیەکیش بەهەمان ناو هەیە.
۲ گوندێکە لەنزیک شانەدەری، ناحیەی سەیدسادق، سەر بە حەلەبجەیە، شوێنی لەدایکبون و ژیانی شاعیری نەمر قانعە.

هەر یەکسەر پاش نان خواردن بگەڕایەتەوە، ئەو شەڕە موئسفەش وە پاش ئەوەش ئەم هەموو ماساتە رووی دا نەتیجەی غەلەت وە بێ سقەی خۆتان بوو بە ئێمە.

بەهەرحاڵ کاک نەوشیروان برایەکی عەزیزی ئێمەیە وەلای ئێمە زۆر موحتەرەمە وە بەچاوی برا سەیری ئەکەین، بەڵام ئێوە هەتا ئاربیجیەکەتان نەنارددەوە، خۆی چەک موهیم نییە، بەڵام ئسلوبەکە عەیب و ناخۆشە. ئێمە تۆزێک خۆمان دورئەخەینەوە بۆئەوەی نەیەنە سەرمان، هیوادارم بەڕوحی برایەتیو بناو مشکیلەکە حەل بکەن، ئێمە رازین حزبی شیوعی عێراق کە ئەندامن لەجەبهە ببن بە حەلکەری مشکلەکە، ئەوان ئەتوانن ئێمە بدۆزنەوە، بەنسبەت بەندی لاتان ئەمانەن: (انجا نازانین تەسلیم بونەتەوە یان هەر بەندن لاتان:

١-کامەران سەعید ٢-محەمەد فەتاح ٣-حەمەڕەشید هەورامی (عائیدی ١٥ بوو ئێستا پێشمەرگەی ئێمەیە ٤-ناصح پێنجوێنی ٥-حسین حاجی ئەحمەد.

هەروەها چەکەکانیان مەعلومن پێویست ناکات قائیمەی بۆ بکەین، بەنسبەت ١٥ حەق نیە ئەوەندە مصر بن لەسەر ئەوە ئیلحاح بکەن ئەو برادەرانەی خۆیان قەراریان داوە ئیش لەگەڵ ئێمە بکەن ئێمەش کاتی خۆی شوکەتی حاجی موشیر و سلێمان بیرێژی بەهەرێمەوە ئیلتیحاقیان بە بەڕێزتان کرد قسەمان نەکرد. لەحاڵەتێکدا برادەرانمان چووبوون بۆ تەصفیەیان، کەوتیان لەگەڵ ئێمەن وازمان لێ هێنان.

بەڕاستی ئێمە سیقەمان نەماوە پاش ئەو هێز خستنە دوامـان وە دەورگرتنی دێهاتەکان. بۆ مەوزوعی تەفاوز ئێمە حشع تحویل دەکەین ئێوەش ئەوان تەخویل بکەن، چۆن مشکلەکە حەل بکەن ئێمە رازین.

ئیتر خۆشیتان

براتان	براتان	براتان
حەمەی حاجی مەحمود	عەبدولقادر جەباری	تاهر عەلی والی

١٩٨١/١/٩

بەم نامەیە، گوتبویان: دەبێ زۆر وریای نەوشیروان بین، پیاوخراپێک کەتنێک نەدات‌و یەکێتی تۆڵەیەکی توندی بکاتەوە.

حسک.. وەکو بارمتە نەوشیروانیان دانابوو. هەتا مەرجەکانیان لە ناوچەکەو لە چەک‌و تەقەمەنی دابین بکەن. هەرچیەکیشیان لێ داوا کردبوو، ئامادەبوو بیکات. تەنانەت نامەیان پێ نوسی، هێزەکانی یەکێتی ناوچەکە چۆڵ بکەین. بەقسەمان نەکرد. لە نامەیەکی تردا، بۆی نوسین، خۆم دەمێکە تاقەتم نەماوەو بێزارمو بەتەما بوم برۆم، پێمخۆش نییە بەدەستی کورد بکوژرێم، بەڵێنم داوە رزگارم ببێ، ئیتر سەری خۆم هەڵدەگرم بۆ دەرەوەی وڵات!! چەند کەسێک رەفتاری نەشیاوی تریشیان لەگەڵ نواندبوو. هی باسکردن نییە!!

ئەوەندە رق‌و تۆڵەسەندنەوەو مەرام، ئاوێتەی نوسینەکانێتی، نازانرێ کام بۆچونی لێکبدرێتەوەو چ سەرەنجامێک گەلاڵە بکرێ. سەدان پێشمەرگە شایەتن، کە رۆڵی ئێمە لە فشار خستنە سەر سۆسیالیست، ناردنی شێخ کاوەو شێخ داراو جەمال ئاغا، بۆ ئازادکردنی نەوشیروان چۆن بووە. هەتا رادەی رازیبون کە ژمارەی ئەو چەکانەش بنێرین، بۆ ئازادبونی. نوسەریش دەنوسێ:

"یەکێتی (١٠٠) چەک بدا بە حسک‌و ئەو چەکانەی، کە لە شەڕەکانی نێوان یەکێتی‌و حسکدا یەکێتی گرتوونی بیانداتەوە. لە (١٩٨١/١/٢٢) یەکێتی موافەقەتی کردو جەمال ئاغاو شێخ دارا بۆ گفتوگۆ چووبوون".[١]

کەچی، ناتوانێ رقە پەنگخواردوەکەی بشارێتەوەو هەر بوختانمان بۆ هەڵدەبەستێ:

"من ڕام لەسەر ئەوە بوو، کە ئەو چەکانە بدرێت، گەر بەو کارە نەوشیروان بەردەن، کاک بەکری حاجی سەفەریش هەمان ڕای هەبوو، بەڵام (مەلا بەختیارو سالار) ڕایان وابوو، کە نەدرێت‌و مەرجەکانیشیان پەسەند نەکرێت، ڕای سالار وابوو، کە کۆمەڵە کۆمەڵێک سەرکردەی شەهید بووە، با ئەویش وەک هەر یەکێک لەوانە شەهید بێت".[٢]

لەسەرەوە دەنوسێ یەکێتی موافەقەتی کرد. بەڵام لەخوارەوە خۆی بەدرۆدەخاتەوە!!

تەنانەت لەخۆی نەپرسیووە، بڕیاری چەک ناردن‌و نەناردن بەدەست سالار و بەکر و بەندە بووە. کەس هیچی نەدەکردە کڵاوەکەی ئەوەوە! کە موافەقەت کرابێ، ئێمە بوین. ئیتر چۆن (مەلا بەختیارو سالار) رایان وابوو کە نەدرێت؟

رێکەوتێکی سەیر بوو، لەوکاتەدا لەگەڵ بەکری حاجی سەفەر خەریکی کۆکردنەوەی چەکەکان بوین، لە گوندی رەزڵە، لە ملەی سەر (مـازواو)ی پشتی پەرخەوە، تەپڵی

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٤٠).

٢ سەرچاوەی پێشوو.ل(٣٤٠).

سەرکەوتنمان گوێ لێبوو.. چەندین دەستڕێژو هاوار.. عەبە بچکۆلی پێنجوێنی پەیدا بوو. گوتی: کاک نەوشیروان رایکردووەو لە پەرخە. دەستبەجێ رۆیشتینو ئێمە هیلاکو ئەویش پەرێشان، یەکمان بینیەوە. بە روخساریا، رقێکی شاردراوەی ئەستورم دەخوێندەوە.

نوسەر، من بە فێڵ ناردمە مەکتەبی سیاسیو نامەم پێدا نارد. ئەمیش لەسەر پێشنیازی مام رۆستەم، پێی وتم: ئەم برایم جەلالە شومە. بەرێی بکە، کاک نەوشیروان رزگاری دەبێ. رۆژی پێشتر نەرمینی ئیزگە تازە هاتبووە دەرەوە، پێکەوە بەڕێم کردن. رۆژی دواتر نەوشیروان هەڵهات. مام رۆستەم هاواری کرد.. نەموت.. نەموت!

دوای دوو رۆژ، نەوشیروانو شەوکەتی حاجی موشیرو بەندە، لە گوندی پارەزان دانیشتینو گوتی: ئەوە من ئازادمو لەناو هێزەکانم. پێتان باشە چی بکەین؟ شەوکەت گوتی: با بچینە سەریان. وتی: تۆ ئەڵێی چی مەلا! من وتم: وام پێباشە، هەروەکو چۆن بەوانت وتبوو، بۆ شەڕ نەهاتوم، ئێستاش نامەیەک بنوسەو بۆیان بنێرینو تیایدا بڵێ.. لەناو هێزەکانی خۆمانمو ئێستاش دوبارەی دەکەمەوە، کە شەڕمان ناوێ.. فەرمون با کێشەکان چارەسەر بکەین. نامەکە شەوکەت بردیو گەیشتبووە دەستیان. بەڵام ئەو چەند رۆژەی پێکەوە بووین، هەستی بە تێکشکان دەکرد. هەرچەند ئێمە بێڕادە ڕێزمان دەگرتو دڵخۆشیمان دەدایەوە.. بە روکەش پێدەکەنی.. بەڵام ناخی وێران بوو!!

ئەوەی لام سەیرە، دوای ئەم هەمووماندووبونەو کاریگەریمان بۆ هەڵهاتنی نەوشیروان، کە بۆ مێژوو دەیڵێم:

پێنج هۆی سەرەکی هەبون، بۆ ئازادکردنی نەوشیروان. ئەگینا چارەنوسێکی نادیاری دەبوو. چ بۆ کوشتنو چ بۆ تەسلیمکردنی بە پارتی:

یەکەم: نامەی مەکتەبی سیاسی سۆسیالیستو هەڵوێستی د.مەحمود عوسمان بۆ نوسینی نامەکە.

دووەم: فشاری هێزی یەکێتیو ئامادەییمان بۆ کاردانەوەی توند بەرامبەر سۆسیالیست، بەتایبەتی بەرپرسەکانیان.

سێهەم: رۆڵی جوامێرانەی کاوەی شێخ لەتیف.

چوارەم: رۆڵی پۆزەتیڤی حیزبی شیوعی.

پێنجەم: پەرۆشیی دارای شێخ حەفیدو جەمال ئاغا بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەسەرو ساردکردنەوەی فەرماندەکانی سۆسیالیست.

کەچی، نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن) لاپەڕە (١٩٢-١٩٣) ی بۆ ئەو روداوەو هەڵهاتنەکەی تەرخان کردووە، بە ئاستەم باسی رۆڵی هێزەکەی

یەکێتی‌و هەڵوێستی ئێمە ناکات. لەکاتێکدا خۆی بە زمانی ملازم تایەر، ئەمە دەگێڕێتەوە:

"نیوەڕۆیەکیان ملازم تایەر هاتە لام. چەند سەعاتێ مایەوە قسەوباسی گشتیمان ئەکرد. پێش ئەوەی هەستێ بڕوا، وتی: (ئەو برادەرانەی ئێوە ئەوەندە هاتوچۆی ئەم ناوانەیان کردوە هەمو شتێکمان ئەزانن، هێزێکی گەورەیان لە چەمی گەڵاڵە کۆکردۆتەوە، رەنگە پەلامارمان بدەن لەبەرئەوە بڕیارمان داوە بگوێزینەوە بۆ جێگایەکی تر. سبەینێ دێن بە دواتا)".[1]

ئەم قسانەی ملازم تایەر، روون روون دیارە، کۆکردنەوەی هێزەکانو هەڕەشەکانمان، چەندی راچڵەکاندوون، تەنانەت ترساوون هەڵبکوتینە سەریان. لەڕاستیا، بیرمان لەوەش کردبوەوە. بەڵام لەترسی گیانی نەوشیروان، بڕیارەکەمان پەکخست.

سەبارەت بە چەک کۆکردنەوەش. کە نوسەر نوسیویەتی سالار و مەلا بەختیار نەیاندەویست، چەکەکان بدەن. ئێمە بڕیاری چەکەکانمان دا و کۆشماندەکردنەوە.. بەڵام نەوشیروان خۆی دەنوسێ:

"ئەم داوایەی حسکم پێ سوکایەتی زۆر گەورە بو، خۆمم لەبەرچاو کەوتبو، چونکە یەکێ بو لە نزمترین شێوەکانی (ئیبتیزاز). ئەم داوایەی ئەوان زیاتر لەوەی لە هی حیزبی سیاسی بچێ، لە هی باندی مافیا ئەچو".[2]

بە راستییش وا بوو. بەڵام چارمان نەبوو، دەبوو چەکەکان لە پێشمەرگەکان وەربگرینو بیاندەینێ. بەڵام نوسەر نەیتوانیووە، لەم باسەشدا، نوقرچی خۆی نەگرێ!!

کە لە پارەزان بوین (ئەبو شوان–قادر)و (عەلی کەڵاشینکۆف)ی حیزبی شیوعی، بۆ خۆشحاڵی سەلامەتی نەوشیروان هاتبونە لامان. لەناو پێشمەرگە، لەکاتی خواحافیزی، بە خوتو خۆڕایی، نەوشیروان چوو بەگژ ئەبو شواندا، کە پیاوێکی بەڕێز بوو. قسەی ناپەسەندی پێ وت، ئەویش، بە رەقی وەڵامی دایەوە. لە قسەکانیا گوتی: خۆم دەزانم چیتان لێ دەکەم. ئەویش وتی: چیت لەدەست دێت، درێغی مەکە. ئێمە هەمومان سەرزەنشتمان کرد لەسەر ئەو رەفتارە نەشیاوە!

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن– دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩–١٩٨٣. چاپی دووەم ١٩٩٨–سلێمانی. ل(١٩٢).

٢ سەرچاوەی پێشوو. ل(١٩٢).

رشتەی شەشەم:

کۆنفرانسەکانو پیلانگێڕان

١- یەکەمین کۆنفرانسو سەرەتای پیلان
٢- دادگا و پیلان
٣- کۆنفرانس؛ پیلانو ئاستی نزم!
٤- کلکایەتی جەمسەرەکانی نێودەوڵەتی!
٥- سەرکەوتنی پاسدارانو پاشەکشە!
٦- هێزی پشتیوانو دانوستان
٧- کشانەوەی قاسملو و، هەڕەشەی شاهۆ!
٨- مام و پشتیوانو ئاڵای شۆڕش
٩- هۆمەر شێخ موسیش!
١٠- هەڵگێڕانی دووەمین کۆنفرانسیش
١١- کۆمەڵە بۆ نەکرایە حیزب؟
١٢- شۆرشگێڕانو تاکتیکی مام!
١٣- نەوشیروانو نائومێدیی!
١٤- دانوستانی بێهودە!
١٥- یەکێتیو ناکۆکی هەڵوێست!
١٦- لەبری ستایش، سزا !
١٧- مەڵبەندە پڕ کێشەکان!!
١٨- سزا.. وەکو پاکتاو !
١٩- میکیافیلیەتی دواکەوتوو!
٢٠- رەگەزەکانی زەبروزەنگ!
٢١- زیانەکانی فرە هێزیی
٢٢- بە هەقو ناهەق دەست نەپارێزرا!

(١)
یەکەمین کۆنفرانسو سەرەتای پیلان

کە نەوشیروان هەڵهات، پێشوازییەکی گەرمی لەلایەن کۆمەڵەو هێزی پێشمەرگەوە لێکرا. هەتا لەزیندانداا بوو، کاردانەوە بەرامبەری بێڕادە خراپ بوو. گەیشتبووە رادەیەک، لە بارەگاکانی سەرکردایەتیدا، بێزاریی دژی گەیشتبووە ئاستێک، هاوڕێیانی ناوەندی بڕیاریانداابوو، کۆبونەوەی فراوان بکەنو تەگبیرێک لە کۆمەڵە بکەن. کۆبونەوەی فراوان کرابوو، ئاڕاستەی ڕەخنەکان ١- دژی ڕەفتاری نەوشیروانو ئەو هەڵە قورسەی تەسلیم بە حسک بووە. ٢- ئایا کاتی نەهاتووە، کۆمەڵە بۆ سەربەخۆیی لە یەکێتی تێبکۆشێ. ٣- بەستنی کۆنفرانس.

خاڵی یەکەم ڕەوا بوو. خاڵی دووەم لەجێی خۆیدا نەبوو. خاڵی سێهەمیش ئەرک بوو. من تا ئەوکاتە نەگەڕابومەوە لە هەرێمی یەک. کە نەوشیروان گەیشتبووە سەرکردایەتی، بەسەر ئەو دەنگوباسانەدا کەوتبوو. لەبری ئەوەی بە ئارامیی ڕەفتار لەگەڵ هەرسێ بۆچونەکەدا بکات، بەپێچەوانەوە، ڕقی هەستابوو.. هەموو دانیشتنەکانی بە پیلانگێڕیی دژی خۆی زانیبوو. سالار عەزیز دەستیشی لە کۆبونەوەکان نەبوو، تێوەی گلاندبوو. هەروەها مامۆستا جەعفەریش. لەڕاستیدا، فەرەیدون عەبدولقادر، ڕابەرایەتی کۆبونەوەکانی کردبوو. بەڵام لەبەرئەوەی نەوشیروان بتوانێ تەکەتولی زیندان، بداتە گژ سالارو جەعفەر، زوو فەرەیدونی لە کێشەکە دورخستبوەوە. فەرەیدونیش، لە مەترسی یاریەکە گەیشتبوو، لەگەڵ نەوشیروان ڕێکەوتبوو. ئیتر ئەو ڕێکەوتنە، هەتا کۆمەڵەشیان هەڵوەشاندەوە، هەڵنەوەشایەوە!!

لەوکاتەدا، ژمارەی (٩)ی کۆمەڵە دەرکرابوو. مامۆستا جەعفەر، وتارێکی تیۆری ئاسایی دژی ئۆپۆرتیۆنیست بڵاوکردبوەوە. دەستەواژەکە لە ئەدەبیاتی چەپەکانی ئێراندا، ئەوکاتە باو بوو. بۆ مێژوو دەیڵێم: وتارەکە تایبەت دژی کەس نەنوسرابوو. بەڵام ئایا لەناو کۆمەڵەدا، ئۆپۆرتیۆنیس (هەلپەرست) هەبون. بێگومان هەبونو بەرە بەرە کنەی کینە هەڵڕشتنیان دەکرد. نەوشیروان، وتارەکەی بە مەرام بردە سەر خۆی. ئەمە لەکاتێکدا، هەلپەرستی لەناو یەکێتیدا، ئەوانە بون کە دایاندەشکاندە لای نەوشیروان، بە ڕاستو چەپ، قسەیان دەکرد. لە ماوەیەکی کورتدا، تەواوی بارەگاکانی دژی مامۆستا جەعفەر، دنە دا. لێرەدا بە گرنگی دەزانم ڕونیبکەمەوە کە:

لەکاتێکدا تەکەتول سەرهەڵدەدات. پلەوپایە بایەخ پەیدا دەکات. دەستکەوت زیاتر دەبێ. هەلپەرستیی تەشەنە دەسەنێ. کە تەکەتولو دەستکەوتو هەلپەرستیی ئینتەراکسیۆن دەکەن (کارلێک دەکەن) باشترین زەمینە بۆ باوەڕهێنان بە پروپاگەندەی سایکۆلۆژی دەڕەخسێ. وەی بە حاڵی ئەوەی لەوکاتانەدا، دەخرێتە بەر نەشتەری ئەو جۆرە پروپاگەندانە. نەوشیروان مستەفا لە پروپاگەندە کارامە بوو. باشیش دەیزانی کەی هەل دەقۆزێتەوەو تیرەکانی پروپاگەندە چۆن بهاوێ. کە دەشیهاویشت، دەیپێکا. لەوکاتەدا، سالار عەزیزو مامۆستا جەعفەر، کەوتنە بەر تیرەکان. منو ملازم عومەرو ئازاد هەورامی کەمتر. چونکە، نەوشیروان لەو باوەڕەدا بوو، ئەوکاتە تەنها فەرەیدونو سالار زیاتر لەو خۆیان بە شایستەی سکرتێری کۆمەڵە دەزانن. فەرەیدونی گرتەخۆیو سالاری دایە بەر نەشتەری ژەهراوی.

پێش بەستنی کۆنفرانس، ئەو کارانەی نەوشیروان چونە قاڵبی پیلانگێڕان. بە هاوکاری پلەیەکەمی فەرەیدونو پاڵپشتی پلە دوەمی تەکەتولی زیندان. دەبێ باسی بکەم کە:

یەکەم: سالار عەزیز، بەپێی قەناعەتی خۆی، داکۆکی لەسەر بۆچونەکانی دەکرد. بەڵام نەگەیشتبووە مەترسی لەسەر پێگەی نەوشیروان.

دووەم: چومە لای نەوشیروانو دەمویست نەرمی بکەمو کۆنفرانسەکە بە سازان ئەنجام بدرێ. هەستم کرد سودی نەبوو. هەلەکە باش بۆ نەوشیروان رەخسابوو.. لەدەستی نەدەدا!!

سێهەم: تەکەتولی زیندان، بەرەی خۆیانو نەوشیروانیان رێکخستبوو، بە تۆکمەیی خۆیان بۆ کۆنفرانس ئامادە کردبوو.

چوارەم: ئێمە؛ سالار، جەعفەر، ئازاد، ملازم عومەر، بەندەو دلێری سەید مەجید، بەرنامەمان نەبوو. زۆرتر پشتمان بە شانازیی کۆمیتەی هەرێمەکانو شۆڕشکردنو هەندێک پرەنسیپەوە، قایم کردبوو. پێمانوابوو، ئەو شانازییانە بەس بون، لەناو کۆنفرانسدا کاریگەریمان هەبێ. لەناویشماندا هەبوو، دوودڵ بون. هۆیەکەشی مەترسی بوو لە جیابونەوە. بەوشێوەیە، بێ بەرنامە چوینە ناو کۆنفرانس، لەبەرامبەر بەرنامەو بڕیاری بەهێزترین تەکەتول!!

بۆ خۆم، هەتا چوینە ناو کۆنفرانس، سازانم پێ باش بوو. قوولکردنی کێشەکانم پێ خراپ بوو. چاوەڕوانیشم نەدەکرد، پیلانەکان بەو رادەیە کاریگەرییان لەناو کۆنفرانسدا هەبێ. بڕیاریشمان نەبوو هەرگیز کێشەکان قوول بکەین.

نوسەر، ئەو روداوانە، هەڵدەگێڕێتەوەو دەنوسێ:

"ئەوکاتەی نەوشیروان لای حسک گیرابوو، ژمارە (٦)ی کۆمەڵە زستانی ١٩٨١ لە مانگی"١"دا دەرچوو، ووتارێکی تیا نوسرابوو، بەناوی (ئۆپۆرتۆتیزم) ووتارەکە "فازیل کەریم" نوسیبووی زۆربەی مەبەستەکانی لەسەر نەوشیروان بوو. نەوشیروان ئەمەی زۆر لەلا ناخۆش بوو. من لە شێنێو ئاسۆی شێخ نوری لە زەلێ، دەورەیەکی یەک هەفتەیی پێش کۆنفرانسمان کردەوە، سیمیناری تیا ئەگیرا بۆ ئەو کادرو ئەندامانەی بۆ کۆنفرانس هاتبوون. مەلا بەختیاریش دوای دوو ڕۆژ بەو دەورەیەی ئێمەی زانی، ئەویش لە ناوزەنگ لە بارەگاکەی خۆی چەند کادرێکی کە خۆیو سالارو جەعفەر مەبەستیان بوو، کۆکردەوە".[1]

لەسەرەوە، هەندێک لەو هەڵبەستنانەم رونکردۆتەوە. باقی بۆ ڕقڕشتنەکەش، دەڵێم:

کەسمان ئاگامان لەو خولە نەبووە، ئەگەر لە شێنێ گیرابێ. ئێستا دەیبیستم. منیش هیچ خولێکم لە ناوزەنگ نەکردۆتەوە. نەشمزانیووە سالارو جەعفەر، خولی وایان کردبێتەوە.

(٢)
دادگا و پیلان

هێندەی پێخۆشە، پیلانەکەیان لەناو کۆنفرانسدا سەرکەوتووە. خۆی پێنەگیراوەو بە قەڵەمو ناخە ڕەشەکەی، خۆیانی خستۆتە دادگا. کە ئاوهای دەدرکێنێ:

"دوو ڕۆژ پێش کۆنفرانس، نەوشیروان جوابی بۆ ناردم پێویستی بە خۆ وونکردنێک هەبوو، کە دێتە لای ئێمە، و هاتو لە ژووریکدا، کە جگە لە یەک پێشمەرگە دەیزانی خواردنو چای بۆ دەبرد کەس نەیزانی کە لای ئێمەیە، ئەو دوو ڕۆژە خەریکی نوسینەوەی ڕاپۆرتێک بوو، بۆ کۆنفرانس، ئاخر ڕۆژ بوو، نەوشیروان لێی پرسیم: تۆ بڵێی لەم کۆنفرانسە سەرکەوین؟ ئەو بەڵایانەمان لەکۆڵ بێتەوە مەبەستی (سالارو جەعفەرو مەلا بەختیار) بوو، منیش پێموت: ئەگەر تۆ هەقت نەبێو بەزۆر نەیان خەیتەوە سەرکردایەتی بەتایبەتی مام جەلالیش لێرە نیە دڵنەواییان بکا، ئەوا دڵنیابە، کە دەرناچنو لەکۆڵ دەبنەوە.

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٤٤).

نەوشیروان وتی: من هەقم بەسەریانەوە نیەو لایەنگری هیچ لایەکیشیان ناکەم، کێ دەرچوو با دەرچێ، بەڵام ئەگەر ئەمانە دەرچنەوە من وازئەهێنم و بیر لە ڕێکخراوێکی تر دەکەمەوە دایبمەزرێنین لەگەڵمدای؟".[1]

پێشینان کە گوتویانە: کورد بدوێنە شەرعی خۆی دەکات. نازانم بۆ نەیانگتووە: درۆزن بدوێنە دادگایی خۆی دەکات!

ئەم دیالۆگە، کە لەنێوان خۆیو نەوشیروان دەیگێڕێتەوە، ئێستاش بۆ زانینی ڕاستیەکان، نرخی مێژوویی هەیە. لە شێوەی گفتوگۆ، دایدەڕێژینەوە:

–نەوشیروان: تۆ بڵێی لەم کۆنفرانسە سەرکەوینو ئەو بەڵایانەمان لەکۆڵ بێتەوە. (مەبەست سالارو جەعفەرو مەلا بەختیارە)؟

–برایم جەلال: ئەگەر تۆ حەقت نەبێو بەزۆر نەیانخەیتەوە سەرکردایەتی، بەتایبەتی مام جەلالیش نیە دڵنەواییان بکا، دڵنیابە دەرناچنو لەکۆڵ دەبنەوە.

–نەوشیروان: من هەقم بەسەریانەوە نییەو لایەنگری هیچ لایەکیشیان ناکەم، کێ دەرچوو با دەرچێ، بەڵام ئەگەر ئەمانە دەرچنەوە من وازئەهێنمو بیر لە ڕێکخراوێکی تر دەکەمەوە دایمەزرێنین، لەگەڵمدای؟!

–برایم: بێ سێ و دوو وتم: لەگەڵتام.

ڕستەی (تۆ بڵێی لەم کۆنفرانسە سەرکەوین).. نیشانەی ئەوەیە کە پیلانیان هەبووە، بەڵام لەبەرامبەرەکەشیان ترساوون (کە ئێمە بوین)، سەربکەوون.

(ئەو بەڵایانەمان لەکۆڵ بێتەوە).. بەڵگەی ئەوەیە دەمێکە ڕقی لێمان بووە (سالار، جەعفەر، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، ملازم عومەرو دلێری سەید مەجید) فرسەتی ژاوەژاوی پێش کۆنفرانسی قۆستۆتەوە بۆ ڕشتنی ڕقەکەی.

کە برایم دەڵێ: (دڵنیابە دەرناچنو لەکۆڵ دەبنەوە).. دانی پیا دەنێ کە پیلانیان لەناو ئەندامانی کۆنفرانسدا گێڕاوەو بەڵێنیشیان پێ دراوە دەنگمان نەدرێتێ!

(من هەقم بەسەریانەوە نییە).. کوتومت ئەوە دەگەیەنێ کە نەوشیروان پیلانەکەی وا بووە، کەسمان لە هەڵبژاردن دەرنەچێ.

کە دەشڵێ: (ئەگەر ئەوانە دەرچنەوە وازئەهێنمو ڕێکخراوێکی تر دروستدەکەم).. ڕێک پەیامەکەی ئەوەیە هەمومان بە هیچ شێوەیەک نابێ دەرچین. هەتا ئەو ڕادەیە، ڕێکخراوی تر دادەمەزرێنێ.

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم–٢٠١١. ل(٣٤٤–٣٤٥).

ئێستا، کە ئەو دیالۆگە یان ئەو دادگاییەی پشتی پەردەی ئەو پیلانگێڕیە دەخوێنینەوە، بۆ نوسەر ئاساییە، بەڵام بۆ سکرتێری کۆمەڵە، ئەمە رۆڵی سکرتێر بووە، یان دوژمن؟

سکرتێر، لەو بارودۆخەدا، چۆن دەبێ پیلان لە هاوڕێکانی بگێڕێ؟! کە هەموو سێ مانگ بووە، لە تیاچون رزگاریان کردووە؟

نەوشیروان، روناکبیرو زمانزانو لە کەسە بەتواناکانی نەوەی یەکەم بووە، ئاوا بیری لە هاوڕێکانی کردۆتەوە. ئاخۆ، ئەوانەی لە نەوەی یەکەم بون، ئاستیان لە نەوشیروان نزمتر بووە، ئاخۆ ئەمانە، لەناو دوبەرەکی‌و ناکۆکی پارتیدا، کە شکست دەخۆن‌و دەکەونە ناو گێژاوەوە، ئاخۆ زۆربەی ئەو مەکتەبی سیاسییە، لەو دۆخەدا، چۆن لە (١٩٦٤-١٩٦٦) حیزبایەتیان کردبێ؟ لەوە بەدواوە، کە چونەتە پاڵ حکومەت، چۆنیان پیلان گێڕاوە؟! زۆر بەداخەوە، لەناو منداڵدانی ئەم حیزبەو لە ژانی ململانێ‌و ملی یەکترشکاندنیاندا، کۆمەڵە لەدایکبووە. نەک لە بۆتەی خەباتی چینایەتیدا.. بۆیە، دەبینین، کۆمەڵە کە باسکی دەسەڵاتی ئەستوور دەبێ، سکرتێرو سەرکردایەتیەکەی، چ پیلانگێڕێک‌و چەندیش چێژیان لە شکاندنی هاوڕێکانیان دیووە! ئەم ئەقڵیەتەی پیلانگێڕان، نەریتی سەدەکانی ناوەڕاستە، وردە بۆرژوای کوردستان، لەبەر لاوازی چینایەتی، پەیڕەویان کردووە.

هاوڕێکانیان.. ئەوانەی لە تەنگانەدا هەڵنەهاتن. ئەوانەی شۆڕشیان بەرپاکرد. ئەوانەی کۆمەڵەیان لە هەڵدێرانەوە هەڵبڕییەوە. ئەوانەی سااڵێک زیاتر بوو، پێش هاتنەوەی مام‌و نەوشیروان بە سکی برسی‌و بەبێ چەک‌و بەبێ پارە، بێ پشت‌و پەنا، شۆڕشیان بەرپا کرد.

ئەوانیش دەبۆی چەکی فەلەستینی‌و سووری‌و لیبییان بۆ کرابوەوە؛ پارەی مۆڵی لیبیاو سوریایان دەدرایە، ئەوان، کە لە پایتەختەکاندا بەناوی دەستەی دامەزرێنەرەوە، لە باشترین ئوتێل‌و ریستۆرانتەکاندا، کۆدەبونەوەو بەیاننامەیان دەردەکرد، کەچی هەر هێندە باسکی دەسەڵاتیان ئەستوور دەبێ، دەکەونە پیلانگێڕان!

ئەوانی نەوەی یەکەم.. بەو هەموو پشتیوانییە، هەڵەی گەورەی سیاسی‌و پێشمەرگایەتییان دەکرد.. بەو هەموو ئەزمونەی نەوەی یەکەم، بەبێ ئەوەی دڵنیابن، لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەگەڵ قیادەی موەقەتەی پارتی‌و مااڵی بارزانی، بەرایی هێزیان نارد‌ەوەو هەمویان کوشتن. نەوشیروان‌و هێزێک دوای ئەوان هاتن، تەفروتونایان کردن.. هەڵەی ترو هەڵەی تر..تاد.

ئێمەی نەوەی دووەمیش.. بە چەکی ژەنگاوی کڕدراوی پارەی باربوو. بەبێ ئەوەی ئاسۆی مانگێکی مەفرەزەکانمان لا رون بێ، ملی مانو نەمانمان لە هێزی درندەی فاشیەکان دەسوو.. دەچوین بەگژ مەحاڵدا.. باشترین رۆڵەی کۆمەڵەمان کردە مەشخەڵ هەڵگر، هەتا ئەوان زات بکەن، هێز بنێرنەوە. ئەوان شکانو ئێمە نەشکاین. ئەوان کشانەوەو ئێمە هێرشمان برد. بادینانیان پێ چۆڵ کرا.. ئێمە سۆرانمان کۆنترۆڵ کرد. ئەوان هاتن بۆ لای ئێمە.. ئێمە چوین ئەوانمان هێنایەوە.

کەچی.. ئەنجامەکەی.. بە پیلانگێڕان دەشکێننەوە.. سەرەتا بە پیلانی نەرمو لە یەکەمین کۆنفرانسەوە بە پیلانی توند. لە سێهەمین کۆنفرانسیشدا، کوشتنو بڕین.

باوەڕناکەم، لەدوای شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، شۆڕشی ڕۆشنبیری (بەڵکو ڕەشبیری) چینو خەمیر ڕووچی پۆلپۆت، لەناو هیچ پارتێکی چەپدا، ئەو غەدرە لە هاوسەنگەر کرابێ، کە لە یەکەمین کۆنفرانسەوە هەتا هەڵکوتانە سەر ئالای شۆڕش، لە ئێمە کراوە. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا، مەلایی کە چونە سەر جەلالی، هانایان بۆ ئێران بردو پاشان چوونە پاڵ حکومەت. یاسر عەرەفات کە چووە سەر ئەحمەد جبریل، چووە پاڵ سوریا. یەکێتی کە فشاری بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیست برد، چونە پاڵ پارتیو ئێران.. بەڵام ئالای شۆڕش، سەرەڕای ئەو جەزرەبەی یەکێتی لێیدا، دوای ئازادبونیشم لە زیندان، ئامادە نەبوم بچمە پاڵ هیچ لایەک دژی یەکێتی.. ماینەوە هەتا ڕاپەڕین.

پەیڕەوانی نەوشیروان، شانازی بە پیلانگێڕییو لەشکرکێشی بۆ سەر هاوڕێکانیان دەکەن. پاداشتیان بە (پاکانە!) نوسین دایەوە. نازانن، ئەوە پاکانە نەبوو.. ئەوە شەرمەزارکردنی مێژووی ئەوساو ئێستای خۆیان بوو. ئەقڵیەتی ڕاستەقینەیان دەرکەوت.

ئەو پاکانە بە زەبری مەرگ سەپاندنە، پیشەی جەلادەکانە.. لە گۆڕیشدا وێژدان ئازاردانە.

ئەوە پاکانە نەبوو.. بەڵکو پاکنامە بوو.. هەتا بەدەستی ئەو ڕێکخراوەی تەمەنمان پێ بەخشیبوو، نەخرێنە گۆڕو لە گۆڕیشدا، هاوڕێ ڕاستەقینەو منالەکانمان، گوێیان لە درۆ و دەلەسەی دوای کوشتنمان نەبێ. کە دڵنیا بوین، دوای تیربارانی نامەردانە، درۆی نامەردانەشمان بۆ هەڵدەبەسترا. بە تێکۆشەر دەتانکوشتینو بە خائین دەتاناشتین. ئەوەتا، خۆمان زیندوینو ئەو هەموو درۆیانەمان بەدەمەوە هەڵدەبەستن، جا وەرە بتانکوشتینایە.. دڵنیاین، سزای وێژدان نامەی تەزویری پێ دەنوسینو دەشتان کردین

به خۆفرۆش. لەکاتێکدا، خۆفرۆشتان ئازاد دەکرد.. بەڵام رەخنەگرو خاوەن هەڵوێستتان دەکوشت. دوای راپەڕینیش، زۆر ئاسایی بوو لاتان، فایلە قورسەکانی سەرکردەکانتان سوک دەکرد، کەچی تا ئێستاش شانازی بە لێدانو شکاندنی ئاڵای شۆڕشەوە دەکەن.

ئێستا ماوینو رووبەڕوشتان وەستاوین، سەریشمان بەرزە، فایلمان نییە. مانگانە موچەمان نەبووە. ژێر پێڵاوی تێکۆشانمان، لە زمانی ئەو جەلادانە پاکترە، کە لە زیندانداو بەرتاندابونە گیانمانو هەندێکیان دەرکەوتن، چ تاوانبارو چ تاڵانکارێکن.

چۆن لەدوای راپەڕین دژی دیلکوشتنو بەبێ دادگا لەناوبردنی خەڵک بووم، بەو شێوەیە کە خۆیشم لە شۆڕشدا دەسەڵاتم هەبوو، یەک بێتاوانو تاقە دیلێکیشمان نەکوشتووە. یەک دیناری حەراممان نەخوارد. لەژێریشەوە، پەیوەندیمان بە موخابەراتو دوژمنانی کوردستانو یەکێتیەوە نەکرد. دوژمن، زۆر هەوڵیشی لەگەڵ دەداین. بەڵام بە دەستوەشاندنی زیاتر لە دوژمن، وەڵاممان دەدایەوە. (٢٤) ساڵ باوکو دایکو (٧) خوشکو برامان نەفی کران بۆ فەلوجە-سەگڵاویە، چۆکمان دانەدا. برایەکی ئازیزم (جاسم-٢٧ ساڵ) شەهید کراو ئێستاش گۆڕەکەی نازانم.. وڕەمان بەرنەدا.

کە هاتینەوە دوای راپەڕین.. بەشێک نەبوین لە بەرەی کوردستانی ئامێرو کەرەسەی کوردستان تاڵان بکەین. لە پارەی گومرگی ئامێرە تاڵانکراوەکانیش برابەش نەبوین. نەوتمان نەدزی. گومرگمان کۆنترۆڵ نەکردووە. پاکەتی جگەرەو دوگی قاچاخ بەڕێ ناکەین. ئاڵتونی کوردستان بەقاچاخ نانێرین.. ژێرزەمینەکانمان دۆلاری تیا نییە. لە نەوتەوە بۆ جەوت نادزین. پیلانیش ناگێڕین. تەکەتولیش ناکەین. تەنها و تەنها، هەڵوێستی جیا و رەخنەی دڵسۆزانەمان هەیە. چۆن لە شاخدا، پاداشتی هەڵوێست، پلینیۆمی تیرباران بوو. ئێستاش لە شاردا، پاداشتی دەستپاکی، پاداشتی لەهەڵوێستدا بێباکی، پاداشتی تێگەیشتن لە هاوکێشەکانو ئەرکەکان.. پاداشتی پاککردنەوەی تەعریب لە خانەقین، پاداشتی دەربەستی فەلسەفەی رۆشنگەریو دارشتنی بناغەی کولتوری مەدەنیەت.. پاداشتی فێستیڤاڵەکانی گەلاوێژو دامەزراندنی ئۆڵۆمپی کوردستان، تەکەتول نەکردن لەناو ئەم هەموو تەکەتولە.. پاداشتی پاراستنی یەکێتی ناو یەکێتی، ئێستاش پیلانگێڕانو دژایەتی دوور لە رەوشتی حیزبایەتی.. ئەویش بە پارەو چەکو لەسایەی شکۆی یەکێتیدا. مەدرەسەی پیلانگێڕان. مەدرەسەی مل شکان، تازە بۆتە نەریت لەناو یەکێتیدا زیاتر لە (٣٥) ساڵە دەسەپێنرێ!

(٣)
کۆنفرانس؛ پیلانو ئاستی نزم!

یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە، رووداوێکی ڕێکخراوەیی‌و داڕشتنی بناغەی داڕشتنەوەی ئایدیۆلۆژیەتی کۆمەڵە بوو. کاروبارە ئیداریەکانی کۆنفرانس:

- دۆزینەوەی شاخی (بڵفت)و تەلان دروست کردن بۆ دانیشتن.

- نوسینی لافیتەکان، کە تیایدا، مارکسیزم-لینینیزم‌و شانازی پێوەکردنی شەهیدانی کۆمەڵە، هی تەواوی ناوچەکان، بە چواردەوری شوێنەکەدا هەڵواسران.

- دروستکردنی دەمامک بۆ نوێنەرانی شارو دابینکردنی شوێن بۆیان، بۆئەوەی تێکەڵاوی کەس نەبن (ئێمە ئەنجاممان دان).

- خستنی ئازوقەو خواردن بۆ ڕۆژانی کۆنفرانس (لیژنەیەکی تر ئامادەی دەکرد).

سەرەڕای دردۆنگی‌و دەستەگەری، بەگشتی دڵمان بە بەستنی کۆنفرانس، ئەویش لە ژیانی سەختی پێشمەرگایەتیدا، خۆشبوو. ئەگەر پیلانگێڕی لەئارادا نەبا و بڕیاری پاکتاوکردن نەدرابا، دەکرا ئاڕاستەی کۆنفرانس، هێمن بوایەو لە دوائاکامدا، ڕەخنەش لە یەکتر گیرابا، ئاسایی بوو، نەشگەیەندرایەتە شکاندنی ملی یەکتر.

دیمەنی ناو کۆنفرانس، هەر لەسەرەتاوە، نیشانی دەدا دەستەگەری کراوە. پیلانیش لەئارادایە. لەشێوەی دانیشتنی گروپ گروپدا، ڕەنگدانەوەی دەستەگەریەکە دەخوێندرایەوە.

کۆنفرانسەکە (٨) ڕۆژی خایاند. سێ ڕۆژی لە بناری شاخی بڵفت، کە شوێنەواری قەبرێکی لەسەر بوو بەناوی (مالیمۆس)، ناوەکە هی سەردەمی گریکەکان بوو. چونکە، گۆزە و گۆڕو قاپ‌و تەنوریش.. دەدۆزرایەوە.. نیشانەکانی ئەو سەردەمەیان پێوە بوو. بەداخەوە، کەڕەسەی زۆر دەدۆزرایەوە، بەڵام هەموویان فەوتان! دوو ڕۆژیشی لەناو مزگەوتی گوندی کانی زەرد.. سێ ڕۆژیشی زینویی سەرووی خڕی ناو زەنگ.. پاشان نەوشیروان کردی بە بارەگای هەمیشەیی.

لە (١٨٥) ئەندام، تەنها (٥)یان ژن بوون. ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو، کۆمەڵە، بایەخی بە خەبات بۆ یەکسانی ژن نەدابوو. بۆیە هەمیشە ژن لە سەرکردایەتیدا کەمبون‌و لە هیچ کۆنفرانسێکیشدا، بیریش لە هەڵبژاردنی ژن نەدەکرایەوە. باسیش کرابا، بە پێکەنینەوە وەڵام دەدرایەوە. ئەمە لەکاتێکدا لە مێژووی کۆمەڵەو یەکێتیدا، دەیان پیاوی مل ئەستور کرانە مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی، بەڵام کەمترینیان کاریگەرییان هەبوو.

ئێستاش مەگەر ناویان بنوسرێ ئینجا بزانرێ کە سەرکردایەتی بون، ئەگینا لە یادەوەریدا نین! سێ کۆنفرانسی کۆمەڵە، بیریش لە کاندیدکردنی ژن نەدەکرایەوە. لە سێهەمین کۆنگرەی یەکێتیدا، لەژێر فشارێکی زۆردا بەندە، کۆتام چەسپاندو (٦) ژن سەرکەوتن.

تەمەنبەندیو پیشەو رەگەزی ئەندامانی کۆنفرانس، بۆ مێژوو گرنگن:

- ٤٩ ئەندامی لەنێوان (٢٠-٢٤) ساڵ بون.
- ٧٤ ئەندامی لەنێوان (٢٥-٣٩) ساڵ بون.
- ١١ ئەندامی لەنێوان (٣١-٣٥) ساڵ بون.
- ٤١ ئەندامی لەنێوان (٣٦-٤٠) ساڵ بون.
- ١٠ ئەندامی بەرەو ژوری (٤٠) ساڵ بون.

لەڕوی کارو پیشەوە:

- ٤٤ ئەندامی- کرێکار.
- ١٧ ئەندامی- پیشەگەر.
- ٦٥ ئەندامی- موچەخۆری بچوکو فەرمانبەر.
- ٩ ئەندامی- پیشەگەری گەورە.
- ٥٠ ئەندامی- قوتابیو خوێندکاری زانکۆو پێشمەرگە.
- ٥ ئەندامیان ئافرەت بون.[١]

بەم تەمەنبەندییەدا دیارە کە تەنها یەک لەسەر چواری ئەندامان کرێکار بون. باقی ئەندامان، وردە بۆرژوازیو کەمێک سەروتر بون.

چەند خۆشبوو، بە سرودی ئینتەرناسیۆنالّ، کۆنفرانس کرایەوە. بەڵام چەندیش ناخۆشبوو، بڕیارەکانی کۆنفرانس، نەک رەنگدانەوەی گیانی ئینتەرناسیۆنالّ نەبوو، بەڵکو بە ئەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست، بۆ یەکترشکاندن، ئاڕاستەی کۆنفرانس کرا. ئەقڵیەتێکی پریمیتیڤی[*] پلانگێڕیی سەپێندرا.

بەرنامەی کۆنفرانس، کە لە راگەیاندنی کۆتایی یەکەمین کۆنفرانسدا بە رەسمی بڵاوکراوەتەوە. ئەم پرەنسیپانەی گرتبوەخۆی:

١ بڕوانە: راگەیاندنی کۆتایی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. لەژێر دروشمی (بەرەو پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵەو راپەڕاندنی جەماوەری گەلەکەمان) ئایاری ١٩٨١. ل(١-٢).

* پریمیتیڤ: گەشەنەکردن لەناو پرۆسەی کولتوری. سودوەرنەگرتن لە ئامرازە کولتوریەکان. یان بەجێماو!

١) هەڵسەنگاندنی مێژووی (١١) ساڵەی کۆمەڵە. قۆناغی دامەزراندن (١٩٧٠-١٩٧٥).
قۆناغی دامەزراندنی یەکێتیو بەرپاکردنی شۆڕش (١٩٧٥-١٩٧٦).

٢) شیکردنەوەی باری کۆمەڵایەتیو سیاسی کۆمەڵی کوردستان.

٣) دیاریکردنی ستراتیژی کۆمەڵەو دۆستو دوژمنانی، لە جیهان، عێراق، کوردستان.

٤) ناسنامەی رژێمی عێراق.. داگیرکەری سەپێنەری سیاسەتی فاشی بەرامبەر گەلی کورد.

٥) راماڵینی دەسەڵاتی رژێمی سەرمایەداری دەوڵەتی بۆرژوازی بیروکراتی.

٦) بەهێزکردنی پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردستانیەکانی تردا، لەچوارچێوەی ستراتیژێکی هاوبەشدا.

٧) بەهێزکردنی یەکێتی تێکۆشان لەگەڵ هێزو تاقمە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە بەگشتی.

٨) لەگەڵ هێزو تاقمە پێشکەوتنخوازەکانی نەتەوەی عەرەبو عێراق بەتایبەتی..

پۆلێنکردنی ئامانجەکان، ئێمە فۆرمیلامان کردوەو لە دەقی راگەیاندنی کۆنفرانس هەڵمانهێنجاندون.

بە وردبونەوە لە خاڵەکان، پرۆگرامی کۆنفرانس ساغدەبێتەوە کە چۆنچۆنی، بەپێی پیلانگێڕی کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی ئەو قۆناغەی کۆمەڵە داڕێژراوون. چۆن:

یەکەم: ناسنامەی چینایەتی کۆمەڵە، کراوەتە ئەرکی لاوەکی.

دووەم: لەبری روخاندنی رژێم، (چەمکی راماڵینی دەسەڵاتی رژێمی سەرمایەداری دەوڵەتی) هێنراوەتە گۆڕێ. (زەمینە خۆشکردنی دانوستان).

سێیەم: پێش باسکردنی هاوخەباتیی هێزە عێراقیەکان، باسی جەخت لە هاوکاری هێزە کوردستانیەکانی تر دەکرێ.

چوارەم: دیسان، پێش باسکردنی هاوخەباتیی لەگەڵ هێزە دژە رژێمی عێراق، باسی هێزو تاقمە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە بەگشتی دەکرێ.

پێنجەم: دوا خاڵ باسی هێزو تاقمی پێشکەوتنخوازی نەتەوەی عەرەب، ئینجا عێراق بەتایبەتی دەکرێ.

ئەم ئامانجانە، رەنگدانەوەی ناکۆکیو ململانێکان کە لەناو کۆمەڵەدا بوون، چەند مانگێک بوو، بەشێنەیی گەرم دەکرا. دوایی بە داتاشینی تۆمەتی عێراقچیو کوردستانی شکاندیانەوە. هەتا گەیاندیانە باسکردنی کێشەی کورد "یەک مەسەلەیە چوار مەسەلە

نییە".[*] بەمەش، زیرەکانە هەستی نەتەوایەتی ئەندامانی کۆمەڵەو رای گشتییان گومڕا کرد. کە لەسەر ئەو کێشانە تێکڕا، بە لاوازی مشتومڕی فکریو فەلسەفی دەکرا، بەگشتی دەرکەوت، کە ئاستی تێۆری سەرکردەکانی کۆمەڵە دوای (١١) ساڵیش لە دامەزراندن، نزمە. ئەو ئاستە تێۆریە نەبوو، کە توانای بەسەر گرفتە تێۆریەکاندا بشکێ. هەمومان وا بوین!

لەناوماندا، نەوشیروان، لە داڕشتنو لێکدانەوەدا لەهەموان باشتر بوو. بە میتۆدی زانستی وتارەکانی دەنوسی. کوردیەکی پاراوی دەزانی. بەڵام کە مشتومڕە تێۆریەکان لەناو دانیشتنەکاندا قوواڵدەبون، نەک لەڕووی تێۆری مارکسیزمو چەپەوە، توانایەکی زۆری نەبوو، بەڵکو بۆ هیچ بواریکی فەلسەفەی تریش، پێی نەبوو. خۆی کەسێکی ناسیۆنالیستی بوو. چوار ساڵ لە وڵاتی نەمسای دیموکراسیدا ژیابوو. لە زانکۆشدا، لە ماستەر وەرگیرابوو. بەڵام، لەسەر دوا باسە تێۆری-سیاسیەکانی خەباتی ناسیۆنالیستیو دیموکراسی، دوا چارەکە سەدەی بیستەم، ئەو دیالۆگو بۆڵتینانەی دەمێک بوو سەریانهەڵدابوو، هیچی نوێمان لێ نەدەبیست. بگرە، لە پەناو پەسێودا دەمانبیست، دەیگوت: کۆمۆنیزمو مارکسیزم گەڕوگول بووە. بەڵام لەڕووی فەلسەفیەوە، لەڕووی ئابوریەوە، ئایدۆلۆژیەوە، حوکمڕانیو حیزبایەتیەوە، بۆچی ئەو قەناعەتەی هەبوو؟ لەم بارانەوە هیچمان لێ نەبیست:

- نەمانزانی؛ لە روانگەی سۆسیال-دیموکراتەوە، ئەو رەخنانە دەگرێو بۆچی دەیانگرێ؟

- نەمانزانی؛ لەبەر ئۆرۆکۆمۆنیزم،[**] باوەڕی بە کۆمۆنیزم نەماوە؟

---

[*] فەرەیدون عەبدولقادر، کە لێپرسراوی دەزگای راگەیاندن بوو.. کە فیدراڵ لەچوارچێوەی عێراقدا راگەیەندرا، زنجیرەیەک سەرگوتاری کوردستانی نوێی ساڵی ١٩٩٣ نوسی، بەپێچەوانەوە دەینوسی مەسەلەی کورد چوار مەسەلەیە، یەک مەسەلە نییە!

[**] «ئۆرۆکۆمۆنیزم: یان کۆمۆنیزمی ئەوروپایی. زاراوەی کۆمۆنیزمی ئەوروپایی (Eurokommunismus) لەلایەن رۆژنامەنوسی ئیتاڵی (Fran E Barbieri)یەوە کە یەکێکە لە دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی میلانۆیی، خرایە سەر زاران. ئەو ریزبازەی (کۆمۆنیزمی ئەوروپایی)یەی کە لەلایەن (Santiago Carilo) هێنراوەتەگۆڕێ. جێ پێی خۆی قایم دەکات. چونکە زیاتر پشتی بە هاریکاری کۆمەڵگەی ئەوروپایی خۆرئاوا بەستوەو کەمتر لەگەڵ سازو ئاوازی ستراتیژی مۆسکۆدا رەوت دەکات".

سەرچاوە: "کۆمۆنیزمی ئەوروپایی، راستبونەوەیەک بە رووی خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا. نوسینی: ڤۆلگانگ لیۆنهارد. وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە بۆ کوردی: د.کوردۆ عەلی. بەرگی یەکەم- سلێمانی ٢٠٠٤. وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. ل(١٧)".

– نەمانزانی؛ باوەڕی بە قوتابخانەی فرانکفۆرتە،[+] کە لە بیستەکانەوە لە ئەڵمانیا سەریانهەڵداوە؟

– یان؛ باوەڕی بە پۆست مۆدێرنیزمە؟

– یان؛ بە راسیزمە؟ یاخود بە مۆدێراتە؟[*]

هیچی ئەو باسە تیۆریانەمان لێ نەبیست، نە لە دانیشتنەکانی کۆنفرانسدا، نە پێشترو نە پاشتریش. بەڵام هەر بابەتێکی باسکردبا، یان نوسیبا، لەسەر سیاسەتو ململانێکان، لۆژیکی گوتنو دارشتنی سفتوسۆڵ بوو. هەم لە سەرکردایەتی پێشوی کۆمەڵەو هەم لە ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان، کە لە کۆنفرانسدا بوین، لەو بارانەوە کە باسمکردن، لێوەشاوەتر بوو. ئەمە جگەلەوەی، دەسەڵاتو تواناکانی یەکێتی، لە پارە، راگەیاندن، پلەو پۆست، ئۆرگانەکانی یەکێتی، کۆمەڵەو شۆڕش، لەبەردەستیا بوو. پشتیوانیی رەهای مام جەلالیشی هەبوو.

(٤)
کلکایەتی نێودەوڵەتی!

لەو مشتومڕانەی کە بە لاوازیی دەکران، گرفتی سەربەخۆیی، یان کلکایەتی کۆمەڵە، بۆ بەناو کامپی شـورەوی، یاخود چین، هاتە ئـاراوە. ئەم گفتوگۆیەش، بەرژەوەندی

[+] قوتابخانەی فرانکفۆرت: فێرگەیەکی فەلسەفی. فیکریو سۆسیۆلۆژیە. کاریگەری لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی جیهان داناوە. ساڵی ١٩٢٤ لە شاری فرانکفۆرت لە زانکۆی گوێتە، پاژی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی دامەزرێنراوە. ناسراوترین نوێنەرەکانی ماکس هۆرکهایمەو تیۆدیۆر ئەدۆرنۆیە. هابەرماس بە وەچەی دووەم دادەنرێت. هۆرکهایمەو ئەدۆرنۆ پاش ١٩٣٣ بۆ ئەمریکا کۆچیان کرد. پێکەوە کتێبی (دیالیکتیکی رۆشنگەری)یان نووسی. ئەم فێرگەیە لەسەر بنەمای فەلسەفەی هێگڵو مارکسو لێکۆڵینەوەکانی زیگمۆند فرۆید دانراوە. ئەم فێرگەیە لەسەر چەمکی (تیۆری رەخنەگرانە) کاری کردووە. لە سۆنگەی نووسینەکانی هۆرکهایمە (١٨٩٥-١٩٧٣)و ئەدۆرنۆ (١٩٠٤-١٩٦٩)و هابەرماس لە سەرانسەری ئۆروپا ١٩٦٨ شۆڕشی خوێندکاران بەرپا کرا.

[*] مۆدێرات.. واتا: اعتدال.. پێچەوانەی تووندڕەوایەتی چەپو راست! «چەمکی مۆدێرنێتە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی تێگەیشتن لە ماناو بایەخی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا بەشێوەیەکی دیاریکراوتریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەریانەی کە پیشەسازی بوون، شارنشینو زیاتر پشت بە گەشەپێدانو پێشکەوتن دەبەستێت. مۆدێرنێتە دژی نەریتە«. سەرچاوە: «مۆدێرنیزم- پرۆژەی چەمکە فکریو فەلسەفیەکان- دەزگای ئایدیا. ٢٠١٨. ل(٢٢٠)».

سیاسیو ئەرکی خەباتی پێشمەرگایەتی حوکمی تیا کرد، نەک باسی تیۆریو ئایدیۆلۆژی که ئەوکاتە لەئارادا بون.

کۆمەڵە، بڕیاری دا کلکایەتی ڕەتبکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدا، کۆمەڵە، بەبێ تێگەیشتنی قوۆڵ، لەو سەردەمەشدا مام جەلالیان بە سکرتێر هەڵبژاردوەو دواتر شیهابی شێخ نوری، کاری سکرتێری کردووە (٥) ساڵی ڕەبەق، بەبێ لایەنی کەمی شارەزایی لە قووڵبونەوەی کێشەکانی ناو چینو شۆڕشی ڕۆشنبیری، کۆمەڵەیان کردبووە پاشکۆی چینو سیاسەتی "سەرۆک ماوتسیتۆنگ". ئەمە لەکاتێکدا، پێش دامەزراندنی کۆمەڵە، چین لەناو خۆیدا، دوچاری سەدان کێشەی فەلسەفیو ئایدیۆلۆژیو.. ئابوریش بووبوو. سەرۆکپەرستییان گەیاندبووە ڕادەیەکی ترسناک!

نەوەی یەکەمی کوردایەتیو کۆمەڵە، دوای تاقیکردنەوەیەکی زۆری سیاسی، بینینی دونیا، ئەزمونی شکستو هاوخەباتیی لەگەڵ فەلەستینیەکاندا.. چەپەکانی لوبنانو دەوڵەتانی عەرەبیدا.. ئەو سیاسەتە هەڵدێرەی کلکایەتییان بۆ چین گرتەبەر. ئەمە لەکاتێکدا، لەناو تەواوی فەلەستینیەکاندا، جگە لە (مونیر شەفیق)ی ئەوسا (پێش ئەوەی ببێتە ئیسلامگەرا) ڕەوتێکی لاوازی مارکسیستی فەلەستینیو (وحدة القاعدە- قیادەی مەرکەزی) هیچ لایەکی تر، پاشکۆی چین نەبونو لەبەر خاتری چینیش، نەدەچون بەگژ ڕۆژهەڵاتی ئۆروپادا. لەدوای حەفتاکانیش، فەلەستینیەکان، بەتەواوی لە کلکایەتی چین، دوورکەوتنەوە. مایەوە تەنها هەندێک لە چەپەکانی ئێران. بەتایبەتی حیزبی ڕەنجبەرانی ماویستی، ئەمانیش دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لەهەموو ئێراندا هەزار کەسیان نەبوو!

سەیرەکە ئەوەیە لەو سەردەمەداو لە گەرمەی ناکۆکیەکانی چینو شورەویدا، حیزبە پرۆ شورەوییەکان، ناوبەناو کۆبونەوەی ئینتەرناسیۆنالیزمیان دەبەست. بەڵام چین، نەک ئەم کۆبونەوانەی نەدەکرد، بەڵکو پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی سودان، شیللی، پاکستاندا هەبوو!! سەرکردایەتی کۆمەڵە، هیچی ئەو ڕوداوانەیان نەدەبینی، لەسەر سیاسەتی پاشکۆیەتی چین بەردەوام بون.[+]

[+] خۆمان شاردبوەوە. بڵاوکرایەوە کە چین کۆشکێکی کۆماری شاهانەی بە مەڕمەڕ بۆ سەرۆکی سودان جەعفەر نومەیری، بەبەلاش دروستکردووە. شەهید ئارام گوتی: ئەی ئافەرین سەرۆک ماو.. بکوژی کۆمۆنیستەکان پاداشت دەکات!

با ئەو دەقە وەکو خۆی بنوسینەوە، هەتا هەڵە زەقەکەی دەربخەین:

"پارێزگاری سەربەخۆیی ئایدیۆلۆجیو سیاسی کۆمەڵە لە کلکایەتیو ڕەدوکەوتنی ئیتجاهە جۆراوجۆرەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهان لەلایەک، و پێویستی پتەوکردنی پەیوەندی ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریو هاوخەباتیو دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستیو جوڵانەوە کرێکاریو ڕزگاری خوازیەکانی گەلاندا لەلایەکی تردوە، بەشێکی تری کارەکانی کۆنفرانس بو".[1]

ئەم دەقە، ئاستی لاوازیی تێگەیشتنی کۆنفرانس، لە کێشمەکێشەکانی کامپە بەناو سۆسیالیستەکانی ئەوکاتە دەردەخات. وەکو:

– پارێزگاری سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژیو سیاسی کۆمەڵە.. ئەمەیان دروستە.. بەڵام

– کام ئیتجاهە جۆراوجۆرەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی؟ لەکاتێکدا بزوتنەوەی بابەتی کۆمۆنیستی، بە چەمکە زانستیەکەی نەمابوو. ئەوەی هەبوون، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئۆروپاو چینو مانەندەکانیان بوون. حیزبەکانیش، لەناو ئەو دوو جەمسەرەدا دابەشبوبوون.

– کام پێویستی پتەوکردنی پەیوەندی ئینتەرناسیۆنالیستی پرۆلیتاری؟

ئەم جۆرە پەیوەندییە، بەناو ئینتەرناسیۆنالیستیەوە لەو سەردەمەدا، بونی نەبووە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە نە سالانی (١٩٧٠–١٩٧٥) سەرکردایەتی دامەزرێنەر یەک هەنگاوی ئینتەرناسیۆنالیستییان نابوو. کۆمیتەی هەرێمەکانو دوای ئەوەش سەرکردایەتیەکانی تریش، لەمبارەوە دەستەپاچە بوون. تەنها پەیوەندی مام جەلال لەگەڵ فەلەستینیەکاندا هەبوو. ئەویش بەناوی کۆمەڵەوە نەیکردبوو.

لەڕاستیدا، پاشەکشەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیو ئەوەی ناوی ئینتەرناسیۆنالیزم بوو، دەرکەوتبوو. هەردوو لای ناکۆکی ناو کۆنگرە:

– جەمسەری چوار پارچەی کوردستان.. لە ئەرکە ستراتیژیەکانی سەردەمەکە، کە دیموکراسیو مافی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنیەکان بوون، تەرحیان نەبوو. بەڵکو تێگەیشتنی لاوازیان هەبوو.

– جەمسەری چەپی مارکسیستیش، تێگەیشتنی نوێیان بۆ ئەرکە دیموکراسیەکانی

---

١ ڕاگەیاندنی کۆتایی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. لەژێر دروشمی (بەرەو پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵەو ڕاپەڕاندنی جەماوەری گەلەکەمان) ئایاری ١٩٨١. ل(٥).

چەپو چەپی سەردەمەکە نەبوو. زۆرتر چەپی کلاسیک بوین، بەڵام بە ئاستی تیۆری نزمەوە!

بڕیارەکانیش، دوای گفتوگۆیەکی پڕ لە حەماسەتو حەساسیەت، بە زۆرینەی دەنگ، کە زۆرینەی ئەو تەکەتولە بوو، ئۆرگانەکانو توانای کۆمەڵەی لەبەردەستدا بوو، بە پیلانو بەرنامەو بڕیاری پێشوەختیشەوە، هاتبونە ناو کۆنفرانس، دەنگ دەدراو ئاڕاستەی دەنگدانو بڕیارەکانیش، دژی چەپەکان دەکرا!!

باری دەرونیی ئەندامانو جەمسەرەکانی کۆنفرانس، رۆژ بە رۆژ، پتر دەئاڵۆزا. رقەبەرایەتی جێگەی هاوڕێیەتیو دژایەتی شوێنی خۆشەویستی دەگرتەوە. کە گەیشتە سەر مشتومڕە تیۆریەکان، بەڵگەو لۆژیکو ئاماژە تیۆریەکان گوێیان لێنەدەگیرا. سەرکردەی جەمسەری دژە چەپ، چییان گوتباو دەستیان هەڵبڕیبا، لای گۆشکراوەکان دەیخوارد. بەوشێوەیە، کاتێک گەیشتینە رۆژی هەڵبژاردن، سیناریۆی لیستەکان، کەسەکانو دەنگەکان، بەپێی بڕیاری جەمسەرەکان، دیاریکرابوون. بەڵکو نەوشیروان رۆژی دەنگدان بڵاویکردبوەوە، ئەگەر رەوتی چەپ دەربچن، وازئەهێنێ. بەم قسەیە، هەموو ئەوانەی تا بیستنی ئەو بڕیارەی نەوشیروان، ویستبویان بە ویژدان، دەنگ بدەن.. خۆیان ساغکردەوە دەنگ بە رەوتی رەخنەگر نەدەن! واتا: ئازادی ویژدانی لێ زەوت کردن!

بە بڵاوکردنەوەی ئەو قسەیە، دوا تیری ژاراوی گیرایە سنگی سەرکردە ماندوەکانو ئومێدی دەرچونیان کۆتاییهات. زۆریش هەوڵدرابوو منو ملازم عومەریش دەرنەچین، بەڵام تەنها هێندەیان کار کردبووە سەر کۆنگرە، دەنگی کەمترمان هێنا. تا ئەو رادەیە، د.کەمال خۆشناو، کە شەوی بەستنی کۆنفرانس، رایگەیاند کۆمەڵەیەو هێنراشە ناو کۆنگرە، دەنگی لە ئێمە زیاتر هێنا. ڕێزی زۆرم بۆ د.کەمال خۆشناو هەبوو. قسەی من لەسەر ژیانی حیزبایەتیە.. د.کەمال، لەژیانیا لە یەک کۆبونەوەی کۆمەڵەدا بەشداری نەکردبوو. کەچی هەر بۆئەوەی رەخنەگرەکان لە سیاسەتی چەوت، دەرنەچن، ژمارەی ئەندامانی ئەندامانی سەرکردایەتیش کەم دانرابوو، هەتا تەنها ئەو ناوانە دەرچن کە لە لیستەکەیاندا بوو. د.کەمال بەوشێوەیە دەرچێندرا.

(٥)
سەرکەوتنی پاسدارانو پاشەکشە!

شۆڕشی چەکداریی، ستراتیژیکی نەگۆڕی دوو سەدەی کورد بووە. باقی شێوەکانی خەبات، فەرامۆش کرابوون. کە راپەڕینی گەلانی ئێران سەرکەوت، رۆژهەلاتی کوردستان، باشتر لە دۆخی جەنگی دووەمی جیهان، کەوتە دەستی گەلەکەمان. پادگانەکان چەککران. خەڵک بەزۆری چەکدار بون. بەتایبەتی ئەندامانی دیموکراتو کۆمەڵە. بزوتنەوەیەکی چەکداریی خۆڕسکی، پێش ئەوەی داخوازییە سیاسی-دیموکراتیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان گەلاڵە بکرێو بدرێ بە حکومەت، سەریهەلدابوو. ئیدارەی شارەکانیش کەوتبوە دەستی دیموکراتو کۆمەڵەو خەڵکی ناودار! بەرە بەرە، حکومەتی ئێران خۆی گرتو پاسداران پێکهاتو دەستوری هەمیشەیی ویلایەتی فەقیە لەراپرسیدا پەسەند کرا. هەنگاو هەنگاو ئازادیەکانی تاران، شارەکانی تری گەلانی جیاوازی ئێران، کۆنترۆڵ کران. تەنها کوردستان بە کۆنترۆڵنەکراویی مایەوە. بایکۆتی هەڵبژاردنیشیان کرد. دۆخێک هاتەپێشەوە کورد، دیسان لە (٢٢/ی ڕێبەندانی ١٩٧٩) راپەڕینیان کردو ئەرتەشو پاسگاو پادگانو ساواکی شایان تەفروتونا کرد. بە بەخشینی بیست شەهید، پادگانی مەهاباد گیرا. دوای هەشت رۆژ، دیموکراتو کۆمەڵەو مامۆستا شێخ عیزەدین، هەر لە مەهابادا، کاروباریان ڕێکخستو داخوازی کوردیان لە (٨) مادەدا گەلاڵە کرد.

لێرەوە، بۆ یەکەمین جار لەدوای کۆماری مەهابادەوە، دانیشتنی ڕەسمی لەنێوان نوێنەرانی کوردستانو دەوڵەتی مەرکەزی ئێران دوای (٣٣) ساڵ دەرگای دەکرێتەوە. بۆ ئەم دانیشتنە، بڕیارنامەی هاوبەش لە (٨) داخوازیدا، ئامادە دەکرێو دەدرێتە حکومەتی کاتیی دوای ڕوخاندنی شا. دوای مشتومڕێکی زۆر، فشاری ڕای خەڵکو کۆڕو کۆبونەوەی زیاتر، داخوازیەکان زیاد کراوە بۆ (٢٦) ئامانج. (قطعنامەی بیستوشەش مادەیی).

بەداخەوە، ڕەوتی ڕوداوەکان بەرەو ئاڵۆزی پەرەیان سەند. ئیدی میللەت، زیاتر هانای بۆ بەرەنگاری چەکداری برد. دیموکراتو کۆمەڵەش، سیاسەتێکی جیاوازیان لە خەڵکەکە پیشان نەدا. واتا:

هەمان دۆخی ساڵی ١٩٥٨ی عێراقو عەبدولکەریم قاسم، بە جیاوازی ئەوەی، کورد دوای (٣) ساڵ دژی قاسم دەستی دایە چەک، بەڵام لە رۆژهەلاتی کوردستاندا

دژی کۆماری ئیسلامی، به چەند مانگێک. ئەمەش خێراییەکی پێوانەییە لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی گەلێک، دوو سەدە زیاتری خایاندووە. دوا سەرەنجام، بە لای خەباتی چەکداریدا شکایەوە، ئەمەش رەچاونەکردنی باری بابەتی ئێران بوو.. کە حکومەتو تەوژمی شیعە، لەوپەڕی بەهێزیدا بون. بەرهەڵستی هەردوو "ئەبەلقودرەت"یان دەکرد. سەدان هەزار پاسداریان چەکدار دەکرد. کورد، لەناو گەلانی ئێراندا، تاقە نەتەوە بوو، سەنگەری چەکداریی گرتبوو. ئەمە لەکاتێکدا گەلانی تری ئێران، هاودۆخی کورد بوون. تەنانەت موجاهدینو چریکی ئەکسەریەتو حیزبی تودەش، لەگەڵ دەوڵەتدا بوون. گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن، بە ژمارە کەمو کاریگەرییەکی ئەوتۆیان دژی حکومەتەکە نەبوو. هێزە کوردستانیەکان، نە کۆمەڵە لەگەڵ چەپەکانو نە دیموکرات لەگەڵ دیموکراتەکانی ئێران، نە بەرەی سیاسی، نە رێکەوتن، نە پەیمانی دووقۆڵیی، لەنێوانیاندا نەبوو. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند، کە کورد بەتەنها دەچوو بەگژ حکومەتێکی هەرە بەهێزدا.

کورتیەکەی.. کێشەکە لەوەدا بوو، بەهیچ چەشنێک هەلومەرجی بابەتیی سەرانسەری ئێران، بۆ شۆڕشی چەکداریی، ساز نەبوو. هەلومەرجی بابەتیش چەمکەکەی دیارە، ئەویش ئەوەیە کە حکومەت توانای چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوریو سیاسیەکانی نەمابێو گەلانیش چیکە بە حکومەتەکە رازی نەبن. ئەمە لەئێراندا، لەو دۆخەدا، رووینەدابوو.

دوای شەڕو شۆڕو رووداوەکانی شاری سنە، کە شەڕی سەنگەربەندی شارەکە کرا. ئەمەش، شەڕێکی شۆڕشگێڕانەی نابەرامبەر بوو. بەڵکو لە نەریتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانو گەلاندا، سەدەیەک زیاتر بوو، وازی لێهێنرابوو. دوای دوو سەد قوربانی، هەیئەتێکی باڵای دەوڵەت، کە نیشانەی بایەخی سیاسیو دانوستاندن بوو، هاتنە سنە.(*) بەڵام چارەسەری سیاسی نەهاتەگۆڕێ.

نەک ئێستا، ئەوکاتەش بەندە، بۆ دۆخی ئەوکاتەی ئێران، کە تازە شا روخابوو، جەماوەری شیعەو دژە رژێمی شا، خرۆشابون، راپرسی لەسەر دەستور دەکراو

* هەیئەتەکە بریتی بون لە: تاڵەقانی سەرۆک، رەفسنجانی، خامنەیی، سەدری حاجی سەید جوادی، عیزەتوڵڵای سەحابی، سادق قوتب زادە، بەنی سەدر، دارویش فروهەر. وەفدی کوردستانیش بریتی بوون لە: شێخ عیزەدینی حوسێنی، د.جەعفەر شەفیعی، شوعەیب زەکەریایی، فوئاد مەجید سولتانی، یەحیا سادق وەزیری، مەلا محەمەد رەبیعی، شێخ جەلالی حوسێنی، یوسف ئەردەلان، عەبدوڵڵای حەسەن زادەو غەنی بلوریان.

سەرۆک کۆمارو پەرلەمان هەڵدەبژێردران، رام وا بوو، کە بۆ شۆڕشی چەکداریی، دۆخەکە لەبار نەبوو. بەتایبەتی، نە دیموکراتو نە کۆمەڵە، یەک دۆستی ستراتیژییان بۆ پشتیوانیی شۆڕشەکە، دابین نەکردبوو (بەڵام کە شۆڕشیان کرد پشتیوانیان بوین). تەواوی وڵاتانی دونیا، زلهێزەکان لەپێشەوە، بۆڕبۆڕێنیان بۆ پەیوەندی پێوەکردنی دیپلۆماسیو ئابوری لەسەر ئێرانی دوای شا، دەکرد. تەنانەت گەیشتە رادەیەک ئەمریکاو دەوڵەتان، جگە لە میسر، ئامادە نەبون دااڵدەی شا بدەن. شۆڕشی چەکداریی، لە دۆخێکی وادا، گەرچی وەکو نەریتی لەمێژینەی نەتەوەی کورد، هەروەکو هەموو شۆڕشێکی چەکداریی تر، جۆشو خرۆشێک دێنێتەئاراوە، بەڵام جۆشوخرۆشەکە، مەرج نیە بەرگەی هێرشی بەربڵاوی عەسکەریی بگرێ. بەتایبەتی، هێرشی پاسدارانو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی، بە تەوژمی، ئیسلامگەرا-شیعەگەرا، بێڕادە جەماوەری لە دەوردا ئاڵابون. نەک هێرش بۆ سەر کوردستان، بۆ بەرگری لەبەرامبەر جەنگی عێراقیشدا، سەدان هەزار پاسدار، گیانیان بۆ ئێرانو کۆمارەکەیان بە فەتوای ئیمام خومەینی بەخت دەکرد. شۆڕشی رزگاریخوازانەی کوردستانیش، بەتەواوی توانای هەردوو هێزە سەرەکیەکە (دیموکراتو کۆمەڵە)و (سازمانی خەبات)و (توانای جەماوەری مامۆستا شێخ عیزەدین)یش، هاوکات بە پشتیوانیی هێزی یەکێتیش، نەتوانرا یەک شارۆچکەی رۆژهەڵات بپارێزرێ. لە تەواوی سااڵنی جەنگی عێراق-ئێرانیشدا، تەرازووی هێز بەلای هێزی پێشمەرگەدا نەشکایەوە. بەڵکو پێشمەرگە شکان.

راستە، پارتی ئەوکاتە لەگەڵ ئێرانو پاسدارانداً بوونو سیاسەتێکی دژە کوردایەتی رۆژهەڵاتیان هەبوو، بەڵام یەکێتی لە شۆڕشدا بوو. سنورەکانی بۆ هێزی پێشمەرگەی رۆژهەڵات ئاوااڵ بون، هەتا ساڵەها دوای راپەڕینی (١٩٩١)یش، سنورەکانی یەکێتی بۆ رۆژهەڵات دانەخران. پارتی کە لەبادینانو لە سنوری تورکیاو سوریادا، باڵادەست بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هێزەکانی رۆژهەڵات نەیاندەتوانی، دەقەرێک، لە دەقەرە هەرە سەختەکانیش بپارێزن. ئەمە لەکاتێکدا یەکێتی پشتیوانیشیان بوو.

ئەم راستییە، فەرامۆشکردنی خەباتو گیانی گیانفیدایی ئەو هەموو قارەمانانەی ژنانو پیاوانی رۆژهەڵات، لە سااڵنی خەباتی بەرەنگاری چەکداریدا نییە. بەڵکو جەختکردنەوەیە لەوەی دۆخی بابەتیی، وەکو چەمکی سیاسی-عەسکەری، کە بۆ بەرپاکردنی شۆڕش پێویستە بخەملێ، لەسااڵنی ١٩٨٠-١٩٨٢ لە ئێراندا نەخەملیبوو.

هەردوو هێزە سەرەکیەکەی رۆژهەڵات دەزانن، خۆشم یەکێک بوم لە فەرماندەکان، بەشداریی پشتیوانیی رێپێوانی خەڵکی سنە لە مەریوان کردوەو هاوبەشی هێزی پشتیوانیش بوم لە گوندی (ساوان)ی لای (داوداوا). گەرچی، لە هەناردنی هێزی پشتیواندا، بۆچونی جیاوازیشم هەبوو. سووریش ئاگادار بوم، ژێربەژێر دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەیە. بۆچونی ئێستام لەسەر هەلومەرجی بابەتیی و شۆڕشی چەکداریی و سەردەمەکەیە(*)

ئەو روداوانە، کە توێژینەوەی زیاتری دەوێ، هەتا هەمەلایەنە، خوێندنەوەیان بۆ بکرێ. تا ئێستاش، یان لە روانگەی حکومەتی ئێرانەوە، بۆچونەکانی حکومەت لەسەر روداوەکان خراوەتەڕوو. یان لە روانگەی حیزبە کوردستانیەکانیەوە، تێزەکانی حکومەت رەتکراوەتەوە. روداوەکان زۆریان بەبەرەوە ماوە، توێژینەوەیان بۆ ئەو دۆخەی شۆڕشی تیادا بەرپا کرا، لەسەر بکرێ.

نوسەر وەکو هەموو بابەتەکانی تر، دەستی کورتە لە توێژینەوە. تەنها هێندەی لەسەر ئەو روداوانە نوسیووە، هەتا لە خوێنەری بگەیەنێ، ئەویش لەناو روداوەکاندا بووە. دیقەتی بدەن لە لاپەڕە (٣٦٨)دا چەند بێ پێز دەنوسێ:

"سەبارەت بە سەرنەگرتنی هەوڵو تەقەلای "مام جەلال"و پاشان هاتوچۆی نوێنەرانی شۆڕشی کوردستانی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، دروستبوونی ناکۆکی نێوان هەردوو باڵی میانڕەو و توندڕەوانی سەرانی کۆماری ئیسلامیو شکستی میانڕەوەکان زاڵبوونی دەسەڵاتی توندڕەوەکان کۆماری ئیسلامی هێرشێکی توند و بەربڵاوی کردە سەر کوردستانو بەخێرایی پێشڕەوی دەکردو هێزەکانی کوردیو ئێرانی ئۆپۆزسیۆنیش بەتایبەتی حزبی دیموکراتو کۆمەڵەی ئامۆزا. لە پاشەکشەیەکی خێرادا بوون ڕووەو سنوری هەردوو پارچەکەی کوردستان".(١)

ئەم چەشنە نوسینە، تەنانەت بۆ هەواڵی رۆژنامەش، کاڵوکرچە.

---

* هەر ئەم بۆچونانەم بوو، لە ئەنفالەکاندا ١٩٨٩ هانی دام کتێبی (شۆڕشی کوردستانو گۆڕانکاریەکانی سەردەم) بنوسم.. کە تیایدا، یەکەمین نوسەری پێشمەرگەم لەدوای جەنگی سارد، ستراتیژی خەباتی چەکداریی بۆ رزگاری گەلانی ژێردەستە، وەکو ستراتیژ، رەتدەکەمەوەو جەخت لە خەباتی پەرلەمانیو مەدەنیو راپەڕین دەکەمەوە. بەناوی راپەڕینی بەردەوام.

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٦٨).

(٦)
هێزی پشتیوانو دانوستان

هێرشی پاسداران، لە ئەیلولی ١٩٨٢وە فراوان بوو. سەرانسەری رۆژهەلاتی کوردستانی گرتەوە. لەسەراپای سەنگەرەکاندا، بە بەرەنگاریی‌و قوربانیی، هێزەکانی دیموکراتو کۆمەلە، لە دەوروبەری ورمێوە هەتا پاوە، دوای سێ مانگ، پاشەکشەیان کرد. دیارە، تەرازووی هێز، بێڕادە نابەرامبەر بوو. دەوڵەت هەموو توانایەکی زەمینی‌و ئاسمانی خستە مەیدانەکانی شەڕو هێرش؛ هێزەکانی رۆژهەلاتیش، هێزەکانیان زۆر کەمتر بوون؛ بە چەکی تەکتیکی؛ ژمارەیەکی کەم چەکی قورسی مامناوەنجی؛ بە کەمترین پسپۆڕی عەسکەریش، بەرگرییان دەکرد.

کە هێرش کرا، ستادی هاوبەشی عەسکەری، لەنێوان هێزەکانی رۆژهەلاتدا نەبوو. دیموکراتو کۆمەلە، ناکۆکو دڕدۆنگ بوون. شەڕی راگەیاندنیش لەنێوانیاندا پێشتر سەریهەڵدابوو. ئەمە لەکاتێکدا، کە دانوستانەکان نەگەیشتنە ئاکام، دەبوایە هێزەکانی رۆژهەلات، بیر لە ستراتیژو تاکتیکی بەرەنگاریی بکەنەوە. هەڵەی گەورەی عەسکەرییش، لەوەوە دەستپێکرد، سەرەتا شەڕی بەرەیی فراوان کرا. تاڕادەیەک بەرگری لە شارەکانیش دەکرا. شەڕی بەرەییش، لەو نابەرامبەریەی هێزەکان‌و باڵادەستیەی دەوڵەتدا، ئەنجامەکەی دیارە، لەقازانجی دەوڵەتدایە. راستتر وابوو، تەنها دوو شێوازی شەڕ تێکەڵاو بکرایە:

یەکەمیان: شەڕی پارتیزانی‌و تەکتیکی.

دووەمیشیان: شەڕی بزوت (الحرب المتحركة).

هاوکات، خەباتی جەماوەری مەدەنییش، فەرامۆش نەکرایە.

شەڕی پارتیزانی، بە مەفرەزەی بەردەوام دەکرێ. لەهەموو شوێنێکدا. تەنانەت ناوبەناو لەناو شارەکانیشدا.

شەڕی بزوتیش، بە هێزی (٥٠-١٠٠) پێشمەرگەیی دەکرێ. ئەمیش، شوێن‌و کاتی شەڕ، هەر دەبێ پێشمەرگە هەڵیبژێرێ. لەکاتی ناچارییشدا، بەرگری دەکرێ.

بونی بارەگای قەبە، لە شوێنی زانراودا، لە مەودای چەکی قورسی سوپادا، بۆ ئەو جۆرە شەڕانەی سەپێنرایە سەر رۆژهەلات، هەڵە بوو. بۆیە، کە هێزەکان کەوتنە شەڕی بەرەیی فراوانەوە، دوای ماوەیەکی کەمی پێوانەیی عەسکەری، دوچاری شپرزەیی

هاتن. ئەم ڕێسا عەسکەرییانە، بۆ نوسەر، کە نایزانێ، لێی ناگیرێ، بەڵام نوسینەکەی کە هەروەکو هەواڵیش نوسیووە، هەڵەی زۆر تیایە. وەکو:

"حزبی دیموکراتو کۆمەڵەش نوێنەریان هاتە توژەڵە بۆ بارەگای هاوینەی مام جەلال لە مانگی (١٩٨٢/٩) بە فەرمی داوای یارمەتیان لە یەکێتیو حزبی شیوعی کرد. حزبی شیوعی لەڕێگەی سکرتێریانەوە (عەزیز محەمەد) وەڵامیان دانەوە کە ناتوانن بڕیار بدەن دەبێ دراسەی بکەن. (د.قاسملۆ) وتی: تا ئێوارە دراسەی دەکەن ئێمە هەموو شوێنەکانمان دەگیرێ؟

مام جەلالو نەوشیروان وەک نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو کۆمەڵە ئامادەییان دەربڕی بوو بە ناردنی هێز بۆ هاوکاری حزبی دیموکرات، تەنانەت "مام جەلال" وتبوی: ئامادەین شۆڕشەکەی خۆمان لەم دیو ڕاگرینو هەموو هێزمان بنێرینە لاتان بۆ پشتیوانی کردنتان".[1]

ئەم هەواڵ نوسینە، هەمووی لە کتێبەکەی نەوشیروان مستەفا (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن.ل٢٦٤) دزیووە ، بەڵام بە کلکو گوێ کراویی دایڕشتۆتەوە.

نەوشیروان، زۆر جوانو بە پوختی ڕوداوە چارەنوسسازەکەی ئەو دۆخەی داڕشتووە. نوسەر بێسەروبەر لاسایی کردۆتەوە. چ نەوشیروانو چ نوسەر، بە ڕق لەم ڕوداوەشدا، بایانداوەتە سەر ئێمەو بەوە تاوانبارمان دەکەن، گوایە دڵی پێشمەرگەمان سارد کردۆتەوە. ئەو تۆتەمانە، پێویستیان بە ڕونکردنەوەیە. لە دەقێکی نەوشیروانەوە دەچمە ناو بابەتەکە:

"ئەم بڕیارەی یەکێتی، کە منیش تیا بەشدار بوم، زۆرتر شتێکی (عاطيفي) بو تا لێکدانەوەی سیاسیو هەڵسەنگاندنی ڕوداوەکان. هێزەکانی حدکا تێک شکا بون. هەر ناوچەیەکیان لێ ئەگیرا بەیەکجاری چۆڵیان ئەکرد. پێشمەرگەیان تێدا نەئەهێشتەوە بۆ درێژەدان بە شەڕی پارتیزانی. یەکێتی بەم کارە نەیتوانی حدکا هەڵبسێنێتەوە، بەڵام ئێرانی لەخۆی وروژاندو، ئەو (ئاشتیە لەرزۆک)ەی لەنێوان پارتیو یەکێتیدا بو سەرلەنوێ تێکچوەوە. یەکێتی کەوتە ناو مەترسیەکی گەورەترەوە لەو مەترسیەی هەڕەشەی لە حدکا ئەکرد. مەترسی شەڕ لە ٣ مەیدانی جیاوازدا: عێراق کە شەڕی لەگەڵ رانەگیرابو. ئێران کە لەبەر خاتری حدکا شەڕی لەگەڵ دەس پێکرابو. جود بە سەرکردایەتی پارتی

١ هەمان سەرچاوە، ل(٣٦٨-٣٦٩).

که لەژێر گوشاری ئێراندا خەریکی خۆسازدان بو بۆ پەلاماردانی یەکێتی».[1]

با ئەو بۆچونە، کە بە ویژدانەوە داڕێژراوە، شیبکەینەوە:

أ- بڕیارێکی چارەنوسساز دراوە، وەکو نەوشیروان دەنوسێ: زۆرتر شتێکی (عاطیفي) بووە. ئێمەش دەڵێین:

چارەنوسی شۆڕشێک، چۆن دەشێ بە عاتیفی بدرێو لەئەنجامدا، شۆڕشەکە بخرێتە ناو سێ هێزو سێ پیلانی ترسناکەوە؟!

ب- هێزەکانی حدکا (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) تێکشکابون. هەر ناوچەیەکیان لێ ئەگیرا، بەیەکجاریی چۆڵیان ئەکرد. ئێمەش دەڵێین:

حیزبێک، بەوشێوەیە تێکشکابێو ناوچەکانیان لێ گیرابێ، ناوچەکانیشیان لە ورمێوە هەتا سابڵاغ، سەردەشت، شنۆ، خانە، نەغەدە، بانە، سەقز، بۆکان، میاندوا و، سنە، کامێران، مەریوانو پاوە، هەزاران گوندو سەدان هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی شاخ، دەشت، لێرەوار، هەزاران گردو تەپۆڵکە..تاد. تازە بە (٢٥٠٠) پێشمەرگەی یەکێتی، چۆن هێزی وڕە ڕوخاوی وا، لەسەر سنورێکی تەسکی، کونەمشک، دەشتی مردوان، داوداوا، چەکۆ، سێپێتان، خدراوا، کاولانە، ئاڵی مران..تاد. زنجیرە شاخی مەروان، دەڤەری دەوروبەری نۆکانو بێدەلان..تاد، کە هەمووی نەیدەکردە (٥٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە، چۆن دەپارێزرا؟

ج- وا پاشەکشەیان دەکرد، تەنانەت پێشمەرگەشیان لەناوچەکاندا نەئەهێشتەوە بۆ درێژەدان بە شەڕی پارتیزانی؛ ئێمەش دەڵێین:

هێزێک بەوشێوەیە شپرزە کرابێ، نەتوانێ مەفرەزەی پارتیزانیش لەناوچەکاندا جێبهێڵێ، ئەم دۆخە نزیکە لە هەرەسی عەسکەری. هێزێکیش لە دۆخی هەرەسی عەسکەرییدا بێ، بە کردنەوەی شەڕی بەرەیی، لەلایەن یەکێتیەوە، لە ناوچەیەکی بەرتەسکی دیاریکراودا، هەڵناسێتەوە. تاقە سودی شەڕەکە ئەوەبوو، سەرکردەو ئیزگەی دیموکرات، بەسەلامەتی رزگاریان بوو!!

د- یەکێتی بەم کارە نەیتوانی حدکا هەڵسێنێتەوە، بەڵام ئێرانی لەخۆی وروژاندو، ئەو "ئاشتیە لەرزۆک"ەی لەنێوان پارتیو یەکێتیدا بو، سەرلەنوێ تێکچوەوە. ئێمەش دەڵێین:

کەوابێ.. کە مام جەلالو نەوشیروانو ملازم عومەر، بڕیاری ناردنی هێزی پشتیوانییان داوە، زانیارییان لەسەر دۆخی راستەقینەی شەڕگەکانی دیموکرات زۆر کەم بووە، بۆیە

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن- دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣. چاپی دووەم ١٩٩٨-سلێمانی. ل(٢٦٧).

لەوباوەڕەدا بوون، دیموکراتیان پێ هەڵدەستێتەوە. بەڵام نەک ئەمەیان پێ نەهاتۆتەدی، بەڵکو لەپاڵیا، لەگەڵ پارتیش تێکچون. بەرەیەکی گەورەشیان دژی یەکێتی بە پشتیوانیی ئێران پێکهێنا.

ە- یەکێتی کەوتە ناو مەترسیەکی گەورەترەوە، لەو مەترسیەی هەڕەشەی لە حدکا ئەکرد. مەترسی لە سێ مەیدانی جیاوازدا: عێراق کە شەڕی لەگەڵ رانەگیرابوو. ئێران کە لەبەر خاتری حدکا شەڕی لەگەڵ دەستپێکرابوو. جود بە سەرکردایەتی پارتی کە لەژێر گوشاری ئێراندا خەریکی خۆسازدان بوو بۆ پەلاماردانی یەکێتی. ئێمەش دەڵێین:

کورد دەڵێ: بۆ ریش چوو، سمێڵیشی نایە بانی. چارەنوسی یەکێتی لەبەر بڕیارێکی (عاطفي) خراوەتە ناو سێگۆشەی بەرمۆدەی دوو دەوڵەتو سێ لایەنی کوردستانی: عێراق، ئێران، پارتی، سۆسیالیستو پاسۆکو حشع..جود.

ئەو رۆژەی بیستم بڕیاری ناردنی هێزەکە بۆ ئەو شەڕە دراوە. نامەیەکم بۆ مەکتەبی سیاسی نوسیو تیایدا نوسیم: "بڕیارێکی وا پێویستی بە کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی بەپەلەیە. ئێمە نەک دیموکراتمان پێ هەڵناسێتەوە. بەڵکو خۆشمان ئەشکێین. شەڕەکە ناچارمان دەکات بەلاوازیی مفاوەزات لەگەڵ بەعسدا بکەین. تکایە با کۆبونەوەی سەرکردایەتی بکەین".(*)

سەرەڕای ئەو هەڵوێستە جیاوازەم، نامەشم بۆ نەوشیروان نوسی: "شەڕەکەم پێ خراپەو زەرەری گەورەی لێدەکەین. بەڵام مانو نەمانی منیش لەگەڵ پێشمەرگەیە. دەمەوێ بڕۆمە شەڕەکەوە". نەوشیروانیش نامەیەکی بۆ مام جەلال نوسی، ناوەڕۆکەکەی ئەمەیە:

"مەلا بەختیار، خۆت دەزانی رەخنەی لە بڕیاری شەڕکردنمان لەگەڵ ئێران هەیە. بەڵام داوایشی کردووە بێتە شەڕەکە. وا دێتە لاتان". هەر ئەوکاتەش پرۆژەی مەڵبەندەکانو تیپەکانی نوسی.. مام پەسەندی کرد.

ئەو بەیانیە کە کەوتمەڕێ، ئاواتی شێخ جەناب لەماڵمان بوو. خواحافیزیم لەخۆیو روناکی هاوسەرم کرد. کە گەیشتمە دێی "ساوان"(+) دێیەک بوو، پار بارەگای پاسۆکی

* نامەکەم تەنها پیشانی سالار عەزیز دا. مام جەلال نامەکەی ناردبوو بۆ نەوشیروان. ئیتر کردیانە پروپاگەندە لەسەرم کە دژی هاوخەباتیی بەشەکانی کوردستانمو دڵی پێشمەرگە سارد دەکەمەوە. نەوشیروان لە هەموو مەجلیسێکدا، ئەو قسانەی دەکرد. نامەکەشمی پیشاندەدان.

+ ساوان: ئەو لقە دارەیە کە کابان وەکو تەنافی ناو ژوور، لەنێوان دوو کۆڵەگەی ژوردا هەڵیدەواسێ، بۆ جلوبەرگو شتی ناوماڵ هەڵواسین.

لێبوو. بارەگایەکی بچوک، تەنگەبەر، دوو ژوری لێبوو. هەر ژوریکی بە هەزار حاڵ جێگەی (٤) کەس دەبـوەوە. حەمەی حەمە باقیش لەوێ بوو. ئەمیش وەکو فەرماندە قسەی دەکرد!

مام، وڕەی بەرز بوو. تیپ تیپ دەهاتنو بۆ لای ملازم عومەر، کە فەرماندەی تەواوی هێزەکان بوو، دەنێردران بۆ شەڕگەکە. ڕۆژانەش، شەهیدو بریندار بەلای ئێمەدا دەهێنرانەوە. دۆخێکی ئاوێتە لە کۆمەڵێک هەستو هەڵوێست بوو:

– لەلایەکەوە سەربەرزییەکی گەورە بوو. بەڵام بە بڕیاری (عاطفي).

– لە هەمان کاتدا، مەترسییەکی گەورەتر لەسەر یەکێتی، دەرکەوتبوو!!

– خەمی شەهیدو بریندارێش، دڵتەنگی دەکردین.

– پێشمەرگە، کە بەشێکیان دەگەڕانەوە، شەکەتیو شکان بە ڕوخساریانەوە هاواری دەکرد.

– دیموکرات، بڕیاری پاشەکشەی سەرانسەرییان دابوو. دەتگوت سەردەمی کۆماری کوردستان، بە کوشتنو ماڵوێرانیەکی زیاتر، دوبارە دەبێتەوە!

شکانی پیشمەرگە، ناخۆشترین دۆخی شۆڕشە. پێشمەرگە، پێش ئەوەی بشکێ، وڕەبـەرز. دەم بە پێکەنین. دەربەستی بڕیارەکانی سـەرووی خۆیانن. بەڵێنی جوان جوان بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی شەڕ دەدەن. بەڵام کاتێک تەرازووی هێز لەبەرژەوەندی دوژمن، لە مەیدانی شەڕدا دەشکێتەوە. هەمان هێزی پێشمەرگە، سەراپا دەگـۆڕدرێ. وەڕس دەبـن. گوێ نادەنە بڕیار. لەبەرخۆیانەوە ناڕەزایی دەردەبڕن. بەڵکو جنێویش دەدەن. هیچ فەرماندەیەک خۆی ناکاتە خاوەنی شکستەکە. لەکاتی سەرکەوتنیشدا، پێشمەرگە وڕەی بەرز. ڕوو لە پێکەنین. شانازی بەخۆکردن. کەمێکیش خۆهەڵکێشان!

(٧)
کشانەوەی قاسملو و، هەڕەشەی شاهۆ!

شەڕ، لە سەرکەوتنو شکستدا، ڕێکەوتی سەیری تیایە. ڕێکەوتەکان، پێشتر مەگەر لەخەودا بینرابن، دەنا باوەڕنەکردە نیە!

زۆرجار لە مێژوودا، سەردارو سەرکردە گەورەکان، بە دیل گیراوون. یان بە برینداریی لەشەڕدا جێماوون. میری بەدرخان، دوای شەڕی قارەمانانە، خۆی تەسلیم کردۆتە عوسمانیەکانو نەفییان کردووە بۆ یۆنان. عوبێدوللاّی نەهری، ئەو سەرکردە هەڵکەوتووە، دوو جار خۆی رادەستی عوسمانیەکان کردووە. شێخ سەعیدی پیرانو هاوڕێکانی، هەر لە شەڕدا گیراوون. شێخ مەحمود، بە بریندارییی لەپاڵ بەردەقارەماندا، لە بازیان گیرا. قازی محەمەد، گەلەکەی جێنەهێشتو خۆی رادەستی فەرماندەی عەسکەری داگیرکەری پایتەختی کۆمارەکەی کردو لەسێدارەیان دا. کاسترۆ، لە خەوداو لە شۆڕشدا، دەگیرێ. چیگوارا، بە بریندارییی لە بۆلیڤیا دەگیرێ. میرزا کوچخانی سەرداری شۆڕشی جەنگەڵستانی باکوری ئێران، دەشکێو بەتەنها دەمێنێتەوەو لەناو بەفردا ڕەقهەڵدێ. چان کای چیک، سەرۆکی کۆمینتانگ، پارتیزانەکانی چین دەیگرن. مۆسۆلۆنی، بە جلی سەربازیی ئەڵمانی، پارتیزانەکان دەیگرنو لەسێدارەی دەدەن..تاد.

عەسرێکیان، لەگەڵ مام جەلال لە دێی "ساوان" وەستابوین. پێشمەرگە بە دووربین، سێ کەسیان بینی، جیهازی کۆڵەپشتیان پێبوو. منیش سەیرم کردن، وابوو. مام وتی: مەفرەزەیەک ببەو بزانە کێن. ترساین بەرایی هێزێکی پاسدار بن‌و بۆ چاودێریی هاتبن. یان دزەیان کردبێو دەستڕێژ بکەن. بەپەلەو بە پەڕێز ڕۆشتم. نزیک کەوتمەوە، دەبینم، د. قاسملوە لەگەڵ دوو پێشمەرگە. سەیر بوو لام! ڕێزێکی زۆرم گرت. پێشمەرگەیەکم بەپەلە نارده لای مام، پێی رابگەیەنێ، د. قاسملوە. مام، بەپیریەوە هات. لەئامێزی هاوڕێیەتی گرتو بێڕادە، میهرەبانیی لەگەڵ نواند. د.قاسملو، جلی خاکی پێشمەرگانەی لەبەردا بوو. جامانەی بەستبوو. خەمو خۆڕاگریی لە ڕوخساریا، بەدی دەکرا. سەیرە! ئەفسەری گەورەی حکومەتەکان کە دەشکێن، نابوت دەبن. بەڵام سەرکردەی سیاسی کە لەشەڕدا دەشکێ، خۆشەویست دەبێ.

لەکاتی تەنگانەدا، رابەری وەکو مام جەلال کەم هەیە. گەورەترین خەمو پەژارە، بە نوکتەو ورەبەرزی دەڕەوێنێتەوە. یەکسەر ناردی مەڕێکیان کڕیو، شەو هەردوو رابەر، لە ژورە بچوکو تەنگەبەرەکەی "پاسۆک"دا، کە مام کردبوویە ژوری ستادی عەمەلیات، بەدیار چرایەکەوە، دانیشتنو منیش لەخزمەتیاندا بوم. حەمەی حەمە باقیش لەوێ بوو. نەدەڕۆشت!!

گفتوگۆیەکی زۆر کرا. مام بۆ دکتۆری باسدەکرد، ئەمە خەباتو شۆڕشە. شکستو سەرکەوتنە. باسی ئەزمونی خۆی بۆ دەکرد، کە بەشی زۆری ژیانی پێشمەرگایەتی، لە شەستەکانەوە، بە شکستو کارەسات بردۆتەسەر. شیعری مامۆستا برایمی بۆ خوێندەوە:

دواتیری کەوان[1]

دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە، هەلە دوژمن
دوا سەرکەوتنی تۆیە و دوا نوچی گەلە، دوژمن
شەوی ترساندنت، سامی نەماوە، تاریک و ڕوونە
بە ئاسۆی ئەرخەوانیدا، هەتاو لەودیو کەلە، دوژمن

چ گەوجی هەژبەسەر، کەی خۆر بە هێڵەک پێشی گیراوە
وە یاخۆ، چەرخی مێژوو کەی، بە بەردی ئێوە وەستاوە!
هەموو پێشکەوتنێکی تۆ، بەرەو چاڵی نەمان ئەتبا
هەموو سەرکەوتنێکیشت، بە وێنەی بڵقی سەر ئاوە

د. قاسملوو.. ئارام قسەی دەکرد. لۆژیکی لەدەست نەدابوو. بەڵام ناخیشی لێوانلێو بوو لە نەهامەتیی شکست. بیرمە وتی:

– نەماندەویست بیگەیەنینە شەڕ لەگەڵ رژێم، بەڵام ملهوڕیی کاربەدەستان، سیاسەتی توندڕەوییان لەکوردستاندا، بەهێزکرد.

– ناچاردەبین درێژە بە شەڕی دیفاع بدەین. ئەمەش بەبێ هاوکاریی عەسکەریی عێراق ناکرێ.. ناچاریان کردین، ئەم هاوکارییە وەربگرین..

---

١ شیعری (دوا تیری کەوان)ی مامۆستا برایم ئەحمەد. زیندانی ئەبو غریب– ١٩٤٩.

– له هەموویشی ناخۆشتر، دیموکرات زۆرمان خزمەت بە پارتیو ئیدریسو مەسعود کرد.. دیموکرات نەبوایە.. لەکاتی قیامدا، خەڵک چاوی دەردەهێنان.. کەچی چاکەیان ئاوها داینەوە.

مام جەلالیش هەر دڵی خۆش دەکرد. من.. تەنها پرسیارێکم لە دکتۆر کردو پرسیم: دکتۆر، یەکێتی هەموو هێزی خۆی بۆ پشتیوانیتان هێناوە. ئەگەر یەکێتی لێی بقەومێو هێرش بۆ سەرکردایەتیمان بکرێ، داوای هاوکاریی عەسکەرییتان لێ بکەین، هاوکاریمان دەکەن؟

لەوەڵامدا، بێ پێچوو پەنا، بەڕاشکاویەکەی خۆی، فەرمووی: نەخێر شتی وا قەت ناکەین.

گوتم: ئەوە نییە، ئێمە کردومانە.

گوتی: ئاخر ئێوە یەکێتینو ئێمەش دیموکراتین. جیاوازین.

مام فەرموی: راست دەکات مەلا بەختیار.. دیموکرات وەکو یەکێتی، هاوخەباتیی هێزە کوردستانیەکانی نەکردۆتە ستراتیژیکی خۆی..

ئەم قسەیەی مام، پەیوەندی بە دیالۆگی سەرەتاکانی دامەزراندنی یەکێتیو دیموکراتەوە، لەدەرەوە هەبوو. کە دیموکرات بەرنامەی هاوبەشی هێزە کوردستانیەکانیان رەتکردبوەوە.

هەر لەوکاتەدا، رۆژێکیان دەبینم، کەسێکی بێ چەک، ئارامو کز کز، دێتەلامان. نزیک کەوتەوە، ناسیمەوە (سەروان شاهۆ)یە. بەپیریەوە چومو ئەمیشم لەئامێز گرت. پێکەنیم. وتی: دەزانم بۆ پێدەکەنیت. دەستی بەرزکردەوەو گوتی: هەمووقسەکانت راست دەرچوون. ئێستا دانی پیا دەنێم. سەرگوزشتەی قسەکانیشم ئەمەی خوارەوەیە:

دوای روخانی شا، هاوینی ١٩٧٩، بۆ سەرپەرشتی ناوچەی هەورامانو هەڵەبجە، گەیشتمە شوشمێو نەوسودو سەر روباری سیروان. هەمووی سااێک بەسەر کارەساتی هەکاری تێپەڕیبوو. لەخوار (شوشمێ–نەوسوود)وە، چەمی سیروانو ئەشکەوتی هەزار پەزە.. کە سااێ ١٩٧٨ پێشمەرگەکانم کۆکردەوەو باسی کارەساتی هەکاریم بۆ کردن. ئێستا ئێران روخاوەو رۆژهەاتی کوردستان خرۆشاوە. ئێمەش، کە جاران دەبوایە بۆسە بۆ پارتی دابنێین لە دزڵیەوە پەلامارمان نەدەن. ئێستا، خۆمان، لە رۆژهەاتی ئازاددا، دوای پارتی دەکەوین. چەرخی سیاسەت، هەندێک جار، ئاوها وەردەگەڕێ! لە

نەوسوود بوین، بیستمان (عەبدولوەهاب ئەتروشی) لە پاوەیەو بەتەمایە هێز بۆ پارتی دروست بکات. ناوبراو، لەناوچەی هەڵەبجەو هەورامانداء ئامر هێز بووەو خەڵکەکە لێی ناڕەزا بون. ئێمەش بەپەلە چوینە ناو پاوە. پێش ئێمە بە دوو-سێ سەعات، عەبدولوەهاب خۆی تەسلیم بە عێراق کردبوو. هیلاک بوین لە چێشتخانەیەک لاماندا، نانێک بخۆینو بڕۆین. پاوەش، یەکەمین جارم بوو بیبینم. ئەوکاتە، بێخزمەت بوو، بەڵام بەهەشتێک بوو، لەناو باخی دار گوێزو درەختی جۆراوجۆر. هەر لە ناوەندی شارەکە، ئاوی کانیاوەکان، شەقامەکانیان تەڕ دەکرد. زۆربەی شوێنی هەتاوی بەرنەدەکەوت. ئەتگوت سەیرانگایە. خواخوامان بوو، تا ئێوارە دایکوتینو ئەو هەوا سازگارە هەڵمژین. بەڵکو حەمامێکیش بکەینو بگەڕێینەوە. (١٠٠) پێشمەرگەیەک دەبوین. خەڵک لێمان کۆدەبونەوەو ڕێزێکی زۆرو موحیبەتێکی زۆرتریان لێدەباری. لەپڕ: مەفرەزەیەک پێشمەرگەی دیموکرات پەیدا بونو هاتنەلام.

- فەرموو.. سەروان شاهۆ لە ژاندرمری داوات دەکات.
- وتم: سەروان شاهۆ کێیە؟
- وتیان: فەرمانداری شارەکەیە.
- وتم: نانێک دەخۆینو دێین.
- وتیان: نەخێر.. وەرن.. دوایی نان بخۆن.
- وتم: برسیمانە.. و پشوویەک دەدەین.
- وتیان: وەرن زۆرتان پێناچێ!

پێشمەرگەکان زانییان خەریکە تورە دەبم. مەفرەزەکەیان دوورخستەوەو تێیانگەیاندن، کە کێم! کە زانییان کێم.. بێدەنگ ڕۆیشتن. دوای نانخواردن.. چوینە خزمەتی فەرماندار. سەروان شاهۆ هەستا لەبەرمان، بەڵام چای بۆ داوا نەکردینو گوتی:

- بۆچی هاتونەتە ناو شار..؟ قەدەغەیە بەچەکەوە.
- گوتمان: ئیشمان هەبوو، پشوویەک ئەدەینو ئەڕۆین.
- گوتی: بەبێ بەرگە نابێ بەوشێوەیە بێن.
- گوتمان: تازە هاتوین.
- گوتی: هاتون عەبدولوەهاب ئەتروشی بکوژن.. دیموکرات ڕێی تاوانی وا نادات.

– گوتمان: تازە ئەو ڕۆیشتووە.. ئەگینا نەهاتوین پرس بە تۆ بکەین.. بیگرین.. بیکوژین..
– گوتی: تکایە زوو بڕۆنو شار جێبهێڵن.
– گوتمان: پەلەی چیتە.. دەڕۆین.
– گوتی: با تەلەفۆن نەکەم.. ئەلیکۆپتەرتان بۆ بێت. (کەمێک تورە بووم).
– گوتمان: لە دەشتی شارەزوور لە هەلیکۆپتەر ناترسین.. چ جای بۆ ئێرە..
– گوتی: ئێوە تا کەی شەڕی براکوژی دەکەن؟
– گوتمان: شەڕمان نەکردووە.. شەڕمان پێدەفرۆشرێ.. بەرگری دەکەین.
– گوتی: کوردی عێراق هەر فێری شەڕی براکوژین.
– گوتمان: دڵنیابە قیادەی موەقەتە شەڕی ئێوەش دەکات.
– گوتی: لەگەڵ دیموکرات پێیان ناکری شەڕ بکەن، بە یەک ڕۆژ تەواویان دەکەین.
– گوتمان: دەتانبینینەوە.. پەشیمان دەبنەوە!

کەمە کەمە.. قسەمان ئارام بوو. خواحافیزیەکەی، وەکو پێشوازییەکەی، سارد نەبوو! هەتا ئێوارەش لە پاوەی ڕەنگیندا ماینەوە.

دوای سێ ساڵ لەو ڕوداوە.. ئیتر کە بەوشێوەیە بینیمەوە، بێ چەک، تێکشکاو، دڵشکاو، پەیتا پەیتا دەیووت: بەڕاستیی، هەر ئێوە پارتیتان دەناسی. منیش ئەوپەڕی ڕێزم گرتو بردمە لای مام جەلال. ڕاپۆرتێکی زارەکیی باسکردو گوتی: لە هەموو قۆڵەکان پێشمەرگە خۆی ناگرێ. بەبێ پرسو بڕیار، هەڵدێن. لەوساوە، سەروان شاهۆ، دۆستمە. کە لە پاریس دەیبینم، ئەو سەرگوزشتەیە، دەگێڕینەوە!

(٨)
مام و پشتیوانو ئاڵای شۆڕش

دۆخی ئێران بەگشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، مام جەلالی خستبووە نێوان دوڕیانێکی سیاسی، هەردوکی چارەنوسی یەکێتییان پێوە بەسترابوو.

ڕێبەرکیان: ئێرانی دوای شا و کردنەوەی دەروازەیەکی ئیقلیمی گەورە بۆ یەکێتیو شۆڕشی نوێ.

رێیەکەی تریش: بیروباوەڕی یەکێتی بوو، کە لە دامەزراندنیەوە، پێگەیەکی لەسەر هاوخەباتیی بەشەکانی کوردستان، راگیرابوو.

دەروازەی ئێران؛ ئەگەری دەروازەی سیاسی، دیپلۆماسی، هێنانی هاوکاریو هاتوچۆ بوو.

رۆژهەلاتی کوردستانیش؛ پەیوەندی بە بیروباوەڕو هەڵوێستی نەتەوایەتیەوە بوو.

مامو یەکێتی، نەیدەتوانی دەستبەرداری هیچیان ببن. بەڵام، دۆخی سیاسی هەندێک جار، دوڕیانەکەی تەنگەبەر دەکرد، دەبوایە یەکێتی ناچار بێ یەکێکیان هەڵبژێرێ. سروشتی مام جەلالیش، لە ستراتیژو تاکتیکدا وا بوو، کاتێک دەستی بە گوریسی بڕیارێکەوە دەگرت، دەزوەکانی تری لەگەڵ نەیارو دژەکان، نەدەپساند. هەرگیز تاکتیکی فەرامۆش نەدەکرد. گەرچی سوریش دەیزانی، ستراتیژ گرنگترە. کە بڕیاری ستراتیژیی دەدا، ماوەیەک، بە گوڕو گەرمیی، تەواوی توانای خۆیو یەکێتی بۆ تەرخان دەکرد. کە بیشیزانیایە، گرتنەبەری تاکتیکیش پێویستە، بێ سێو دوو بڕیاری دەداو گوێی نەدەدایە ئەو رەخنانەی لەسەر ستراتیژ دەگیرێ! بۆیە، چەند دۆستەکان رێزیان دەگرت، لە هەمانکاتدا، دوژمنەکانیشی نەیاندەتوانی بەتەواوەتی فەرامۆشی بکەن. هەمیشە دەیزانی، پاشەکەوتی تاکتیک بۆ گۆڕینی بڕیار، بپارێزێ.

لە شەستەکانەوە، لە زەمانی شاوە مام جەلال، دەوڵەتی ئێران، سیاسەتو سیستەمی ئێران، لایەنە سیاسیەکانو کولتوری ئێران شارەزا بوو. ئەوکاتەش، لەکاتێکدا مام دیموکراتو دژ بە کۆلۆنیالیزم بوو، بەڵام کە قاسم بەڵێنەکانی جێبەجێ نەدەکردو ئەگەری بەرپابوونی خەباتی چەکداری لەئارادا بوو، ئیتر لەدوای (١٩٥٩)وە بایەخی ئێرانی زانیووە، کە شۆڕش بەرپا دەکرێ!

کەم کەس هەیە لەناو کورددا، زانیبێتی، لەساڵی (١٩٥٩)وە، پارتی لەگەڵ ئێراندا، بە نهێنی پەیوەندییان هەبووە. مێژوو جارێ ئەم لاپەڕە ژێربەژێرەی هەڵنەداوەتەوە. پەیوەندییەکەش عومەر دەبابە، یەکەمین جار لە کەرکوک رێکیخستووە.

"سەرئەنجام لە شاری کەرکوک چاوم بە عومەر دەبابە کەوت، لەپاشان ئەو بەرەو بەغداو منیش بەرەو تاران کەوتینەڕێ کە زۆر زوو لەوێشەوە بڕۆمەوە بەغدا، پاش تەسلیمی راپۆرتی هەوەڵین هەنگاو کە بوو بە مایەی خۆشحاڵی پاکروانو سەرهەنگ

پاشایی، مەسەلەکە لەگەڵ (شا)ش باسکرا. پاشان گەڕامەوە بۆ بەغداو چاوەڕوان بووم تا رابیت یا بەرپرسی حیزبی لە بەغدا چ وەڵامێکم بۆ دێنێ".[1]

ئەمە یەکەمین دیدارە. ساڵی ١٩٥٩ دوو ساڵ پێش شۆڕشی ئەیلول. ئەم دیدارانە بەردەوام دەبێو دەڵێ:

"لە چاوپێکەوتنی دووایی راگەیەنرا کە دوو کەس بەناوی عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری کە لە ئەندامانی کۆمیتەی سیاسیو لە کەسانی ناسراو و ئازاو بەجەرگی حیزبی بوون ناودێر کراون".[2]

بەم قسانە، پارتی بەرەسمی بڕیاری داوە، پەیوەندی لەتەک ئێراندا ببەستێ. ئەمیش بەرنامەیەک بووە بۆ خۆئامادەکردنی شۆڕش!

لەدوای ئەم دیدارانەوە، خۆسازدان بۆ شۆڕش، پشتئەستوور بووە بە ئێرانی شا! ئەمەش لەم پەرەگرافەدا، بەجوانیی دەردەکەوێ:

"لەو سەفەرە بۆ باکوری عێراق نەمتوانی چاوم بە مەلامستەفا بکەوێ، بەڵام لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی قەرارم دا کە بەرە بەرە لە دەوڵەتی عێراق وبستی خۆیان بخوازنو بە هەڕەشەو گوڕەشە دەست بدەنە چەک. لەم سەفەرەدا بوو کە بۆ دووەمین جار چاوم بە برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی حیزبو جەلال تاڵەبانیو بەرپرسانی دیکەی کۆمیتەی سیاسی کەوتو لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پێشتر ناسیاویم نەبوو، ناسیاو بووم زۆرمان پێکەوە قسە کرد. دووپاتم لەسەر ئەوە کرد کە ئەگەر لە قۆناخی هەوەڵی راپەڕیندا بتوانن راستیو دروستی خۆیان نیشان بدەن هیوایان بە وەرگرتنی چەکو تەقەمەنیو یارمەتی دیکە هەبێ. دەنا دەوڵەتی ئێران کارێکتان بۆ ناکات، لەسەر ئەو باوەڕەم ئەو بەڵێنانەی نوێنەرانی ئێوە بە منو پاشان لە تاران بە بەرپرسانی ساواکیان داوە ڕێزی لێ بگێرێو بۆ ئەنجامدانی تێبکۆشرێ".[3]

پرۆسەکە بەمشێوەیە بووە. سەرەتا یەکتر بینین. دوای ئەوە سەردانی تاران (عەلی عەسکەریو عومەر دەبابە) ئینجا ئامادەسازی بۆ شۆڕشو هێنانی هاوکاری عەسکەری!

---

١ عیسا پژمان. نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ـی ئەلجەزایر (لە ئارشیفی تەواو نهێنی ساواک). وەرگێڕانی: ناسر ئیبراهیمی. بنکەی چاپەمەنی ڕۆژـسوید١٩٩٧. ل(٦٢).

٢ سەرچاوەی پێشوو. سوید١٩٩٧. ل(٦٤).

٣ سەرچاوەی پێشوو. سوید١٩٩٧. ل(٦٥ـ٦٦).

ئەو برِیارانە، بەرە بەرە جێبەجێ کراوون. هەموشی بەئاگاداری شای ئێران. گەیشتۆتە ئەوەی کە:

"لە روانگەی کۆنترۆڵو کۆکردنەوەی ئاگاداریو راگەیاندنی نیازی پێشمەرگەکانو بیروڕای بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، پێویست بوو کە کەسایەتیەکی سەربازی بەرپرسی ئەو کارانە بەئەستۆوە بگرێ، ئەوە بوو لەنێو ئەفسەرانی ساواکدا سەهەنگ ئیرج منصور کە خۆی کوردو لەپاشان دەرەجەی سەرتیپی وەرگرت، بووە بەرپرسی ئەوکارە، کە چەند ساڵ لەمەوبەر مرد. بەگوێرەی قەرارومەدار برِیاردرا یەک دەستگای بێسیمی قەوی بۆ پێوەندی کردنی سەرانی پارتی لەگەڵ تاران لە بنکەی ئەوان دابمەزرێ، ئەم دەزگا بێ سیمە لەگەڵ بەرپرسو یاریدەدەریو لەگەڵ کەلوپەلی پێویست ئامادە کراو بەرێکرا بۆ ناوچە. کاروانی بەڵێن درا و زۆر بەنهێنی لەگەڵ مندا بە نێو کوردستانی ئێراندا لەرێگای سەردەشتەوە بەرەو بنکەی حیزب بەرِێ کرا".[1]

کەوابێ.. لەسەر ئاستی (شا-ساواک-ئەرتەش) بەئاگاداریو برِیاری بارزانی، پەیوەندیەکە، لە سیاسیەوە، بۆ یارمەتی عەسکەریو پەیوەندی لاسلکی، براوەتەپێش.

دیداری لەگەڵ بارزانیدا، ئاوا دەگێرِێتەوە:

"ئیتر پێویست بوو چاوم بە مەلامستەفا بکەوێو هەرچی زوتر خۆم بگەیەنمەوە بەغدا تا پیاوەکانی ئەمنی عێراق هەست بە شتێ نەکەن. جا ئەوە بوو لەگەڵ عومەر دەبابە فەرماندەی تازەی یەکێ لە هێزە پێشمەرگەکانو چەند کەسی دیکە لە پێشمەرگەکان چوینە بەرزاییەکی شیرین جێگای دانشتنی مەلا مستەفا. تەواوی ئەو قسەوباسانەی لەنێوان منو هاورِێکانی ئەو و بیروڕا و ویستی دەوڵەتی ئێرانم بۆ گێرِایەوەو داوام لێکرد کە لە بارودۆخێکی ئاوادا نەک هەر دەبێ پیاوانە کار بکا، بەڵکو دەبێ نیەت باشی خۆیو راستی هاوکارانی بە دەوڵەتی ئێران نیشان بدا و ئەوان لەو کارە پەشیمان نەکاتەوە. بە زاراوی خۆی قەولی مەردانەی دا. هەندێ دراو کە لەگەڵ خۆم بردبووم پێم دا".[2]

لە درێژەی هەوڵەکانی، گەیاندویەتیە تەوقیعی بارزانی، لەسەر پەڕەیەکی قورئان.. بەم چەشنە:

"لەو سەفەرەدا بۆ دڵنیایی خۆم بە بیانووی شای ئێران، لە مەلامستەفام ویست بۆ دڵنیایی شاو بەرپرسانی سەرەوەی ئێران پشتی قورئانم بۆ مۆر بکاو سوێندی وەفاداریم سەبارەت

---

١ سەرچاوەی پێشوو. ل(٦٧-٦٨).

٢ سەرچاوەی پێشوو. سوید١٩٩٧. ل(٦٨).

به شاو دەولّەتی ئێران بۆ بخوا. مەلا مستەفا وتی: من مەردم، بەڵێنێ کە داومە سەد قات پتر لە بەڵگەو سەنەد جێگای دڵنیایە، هەرچەند ئەگەر پێت وایە باشە ئەوەش دەکەم، منیش بێ یەکو دوو قورئانێکم پێ بوو لە کیفەکەم دەرم هێناو شتێکم لەم بوارەدا نووسی کە باسم کردو پێمدا تا ئیمزای بکا. لە گەڕانەوەم بۆ تاران دام بە پاکرەوان تا بیدا بە شا".[1]

ئەم قسانە، بۆیە جێگەی باوەڕن. ساڵی ١٩٧٨، لە خڕی ناوزەنگ بووین. مام جەلال دەیویست، د.مەحمود عوسمان بهێنێتە ناو یەکێتی، نەکا بچێتە پاڵ سۆسیالیست. د.مەحمودیش پیاوێکی زۆر وریا، ئازا لە دەربڕینی بیروڕا. پێی داگرت، کە مام جەلال بەیاننامەیەک لەسەر دوو کێشەی مێژوویی دەربکات، کێشەی جەلالیو مەلایی-کێشەی یەکەمین جار پەیوەندیکردن بەئێرانەوە. ئەوسا بڕیاری کۆتایی بۆ هاتنە ناو یەکێتی دەدات. مام جەلالیش بەیاننامەی نوسیو بڵاوکردەوە. تیایدا، دانی بە دوو راستیدا نا:

یەکەم: جەلالی.. جیابونەوەیەکی هەڵە بوو.

دووەم: باڵی مەکتەبی سیاسی (برایم ئەحمەد، مام جەلال، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەریو زەبیحی) یەکەمین جار لەگەڵ ساواکی شادا، پەیوەندییان بەست!

نەوشیروان مستەفا، بەمشێوەیە باسی ئەو بەیاننامەیە دەکات:

"هەرچەندە لەو لێقەومانەدا وەختی "تقییم"و هەڵسەنگاندنی رابوردو نەبو، بەڵام ئەوەندەی دوبارە کردەوە وتمان باشە مادەم خۆت خاوەنی بیرەکەی خۆت بینوسە. پێئەچو پێشتر بیرە بنەڕەتییەکانی لەمێشکی خۆیدا ئامادەکردبێ، لەماوەیەکی کورتدا نامیلکەیەکی ئامادە کرد، لەژێر ناوی: "تاقیکردنەوەی رابوردو و خەباتی ئەمڕۆی گەلەکەمان"دا. باسە سەرەکییەکانی بریتیبوون لە:

پێشەکییەک لەژێر ناونیشانی: با سود لە تاقیکردنەوەکانی رابوردومان وەربگرین بۆ یەکخستنی ریزەکانی گەلەکەمانو بەهێزکردنو سەرخستنی خەباتی ئەمڕۆ و ئایندەی.

باسەکانی بەگوێرەی ماوەکانی دابەش کرد بۆ چەند قۆناغێ: ماوەی ١٩٥٨-١٩٦١. ماوەی ١٩٦١-کۆتایی ساڵی ١٩٦٤: کەرتبونی پارتیو شۆڕش. ماوەی ١٩٦٥-١٩٧٠. ماوەی پاش دەرچونی بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠-١٩٧٥وە تێکچونی شۆڕش. ماوەی پاش تێکچونی شۆڕشی ئەیلول".[2]

---

١ سەرچاوەی پێشوو. سوید١٩٩٧.. ل(٧٠).

٢ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨. چاپی دووەم. سلێمانی-١٩٩٧. ل(٣٣٩).

ئەم بەیاننامەیە بڵاوکرایەوە. گەیەندرایە هەرێمەکانو لقەکان. بەڵام د.مەحمود، کارەکەی بە مام جەلال کردو دوایی بەقسەشی نەکرد، هەر چووە پاڵ سۆسیالیست.(*)

وەکو تر، مام جەلال توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەبوو، لە قەناعەتپێکردنی موخابەراتی وڵاتان. لەگەڵ موخابەراتی: عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، ئەمریکا، بەریتانیاو فەرەنسا دیومە. بەشێوەیەک کاری تێدەکردن، دەبونە هاوڕێی. سودیشی لەم پەیوەندیو هاوڕێیەتیە، زۆر بینیووە!

کە جەلالیەکان بەرامبەر مەلاییەکان، لەڕووی عەسکەرییەوە خۆیان ناگرن، لەخۆڕا خۆیان ناکەنە ئێرانو هێزەکەیان لە هەمەدان کۆناکرێتەوەو خۆیشیان لە تاران، بە ڕێکەوت نابنە میوانی ساواک!

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانو سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی، ئێران ئێرانێکی تر بوو، لە هەموو بارێکەوە. چ سیستەمو چ ئۆپۆزسیۆن. لە زەمانی شادا، لەکاتێکدا تەنها سازمانێکی بچوکی ئینقلابی حیزبی تودە، پەیوەندی بە مام جەلالەوە دەکەن، دەیانقۆزێتەوە. چ جای بۆ دوای ڕوخاندنی شا، کە هێزی گەورەو بچوکی چەپو شۆڕشگێڕ پەیدا دەبن، بێگومان مام لەگەڵیاندا پەیوەندی بەتین دەکات. لە هەمانکاتدا، نەشیدەزانی کۆمارێکی نوێو سیستەمێکی نوێش دێتە سەر کار، یەکێتیش گەمارۆ درابوو، نەدەکرا پەیوەندییان پێوە نەکات. سەرەتا ئەوەی ئامانجی ستراتیژی مامو یەکێتی بوو، ڕوخانی شا بوو. ئیتر ئەم سیاسەتە، بەرامبەر دوڕیانە چارەنوسسازەکە، بەرپرسیارێتیەکی قورس بوو. کە مام جەلال بە لێوەشاوەیی خۆی، کایەکانی دەجوڵاند:

١- لەلایەکەوە پەیوەندیکردن بە هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتو ئێرانەوە.

٢- لە هەمانکاتدا، پیرۆزبایی لە ئیمام خومەینیو هەناردنی وەفد بۆ تارانو داوای پەیوەندی سیاسی.

٣- کۆبونەوە لەگەڵ حیزبە سیاسیەکانو هەوڵی ڕێکخستنیانو دارشتنی پرۆژەی دانوستاندن.

٤- نامە ناردن بۆ کاربەدەستانی حکومەتو داوای ڕەزامەندییان بۆ دانوستاندنو مافی کورد.

---

* بەیاننامەکە، دەبرێتە هەرێمی قەراغ. شەهید ئازاد کۆیاندەکاتەوە، باسی بەیانەکە بکات. مام ڕۆستەم دەڵێ: بەیانەکە چییە؟ دەڵێن لەسەر جەلالیو مەلاییە؟ ئەویش ئەڵێ: نایەم بۆ کۆبونەوەکە. ئەڵێن بۆ؟ ئەڵێ: خۆم مەلایی بوم ئەزانم خراپ بون. شەڕی جەلالیشم کردووە، لەپاڵ حکومەت بون!

مام له دۆستایەتی ئێران نائومێد بوو. دەستیان بەسەر چەکو هاوکاریەکانی یەکێتیدا گرت. ئیتر ماوەیەک بەتەواوەتی بەلای هێزە کوردستانیەکاندا دایشکاند. بەڵام دەزووەکەی لەگەڵ ئێراندا هەر بەدەستەوە هێشتبوو. بەردەوامیش هەوڵی دەدا لەگەڵیاندا چاکی بکاتەوە، بە نهێنیی نوێنەری یەکێتی لە تاراندا، دەهێشتەوە. نەوشیروان مستەفا لەمبارەوە راستگۆیانە نوسیویەتی:

"لە ماوەی ٣ سالّی رابوردودا چەند هەوڵمان دابوو دەممان بگا بە ئیمام خومەینیو سکالاّی خۆمانی لەلا بکەین. کاربەدەستانی ئێرانی رێگەیان لێئەگرتین. لەوکاتەدا ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئێران نەمابو. هیچ هیوایەکیشمان بە یارمەتیو پشتیوانی ئێران بۆ یەکێتی یان بۆ موعارەضەی عێراقی نەبو. بەڵکو گەیشتبوینە ئەو باوەڕەی ئێران لە یارمەتیدانی موعارەضەدا بۆ روخاندنی رژێمی بەعس نەک هەر جیددی نیەو بەس، بەڵکو ئەیەوێ عێراق بە دارو بەرد و، شیعەو سوننەو، کوردو عەرەبو، موعارەضەو رژێمیەوە.. وردوخاش، یا هیچ نەبێ لاواز و زەلیل بکا».[1]

واتا:

- ئیمام خومەینی نەیبینیونو سکالاّیان نەگەیشتۆتە دەستی.
- پەیوەندی بە ئێرانەوە نەماوە.
- هیواشیان بۆ یارمەتی ئێران بۆ یەکێتیو موعارەزەی عێراقی بڕیووە.
- ئێران.. ئەیەوێ عێراق، بە شیعەو سوننەو کوردیشەوە، عەرەبو موعارەزەو رژێمەوە.. وردوخاش بێ.

ئەم بۆچونە، ئەوکاتە، سیاسەتی یەکێتی لە سیاسەتی ناوبژییەوە، گۆڕی بۆ سیاسەتی دژایەتی. یەکێتیش لەباشوری کوردستاندا تەنها مابوەوە. سەرەڕای بیروڕای جیاواز، هەر ئەم سیاسەتە سەپێنرا. ئەم سیاسەتەش، دوا سەرەنجامەکەی دیار بوو، ئەویش دانوستاندن لەتەک رژێمی فاشی عێراقدا!!

مام جەلال لەوسەریەوە دەهاتەوە، کە ئەو سیاسەتە لەگەڵ رژێم سەردەکێشێ بۆ دانوستان. بەڵکو، لە گەرمەی شەڕکردن لەگەڵ ئێران، لەڕێی د.قاسملووە (پێنج سەد هەزار دینار)و (١١٠) تفەنگی مانهوت.. کە تفەنگێکی بێکەڵکی لە دەبۆدا شاردراوەی عێراق بوو، نێردرا بۆ یەکێتی. کەچی مام جەلال لە چاوپێکەوتندا ئاوا وەڵامدەداتەوە:

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن- دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣. چاپی دووەم ١٩٩٨-سلێمانی. ل(٢٦٤).

"لەپاشاندا لێپرسراوانی ئاڵای شۆڕش کە جیابونەوەو بۆئەوەی خۆیان لە ئێران نزیک بخەنەوە، هێرشێکی گەورەیان کردەسەرمان کە گوایە تەنها منو نەوشیروانو مولازم عومەر بە ئارەزوی خۆمان، بڕیاری هاوکاری حیزبی دیموکراتو کوردی ئێرانمانداوە".[1]

بۆئەوەی تەنها مامو نەوشیروانو ملازم عومەر بڕیاریان دابوو، ئەمەیان گومان هەڵناگرێ. ئەوەشیان راستە یەکێتی هەر لەسەرەتاوە ئامانجی بوو هاوکاری بەشەکانی کوردستان بکات. پێشتریش ئاماژەمان بۆ بۆچونی نەوشیروان کردووە، کە ئەو شەڕە، یەکێتی خستە ناو چ سێگۆشەیەکی ئیقلیمیو کوردستانیەوە. سەرەنجامیش، ئەو سیاسەتە یەکێتی خستە دۆخێکی نەخوازراو. دانوستانێکی بێهودە، بەڵام..

سەبارەت بەوەی کە: ئاڵای شۆڕش کە جیابونەوەو بۆ ئەوەی خۆیان لە ئێران نزیک بخەنەوە، بەم بیانوەش هێرشی گەورەیان کردە سەرمان..

مام لە بەدبەختیی یەکێتی، جەنابت لە مەزارگایو ئێمەش زیندوو..

ئەوە نەوشیروان بوو، بە پەسەندی جەنابیشت، پەلاماری ئاڵای شۆڕشی داو گەورەترین تاوانی دژی ئازادی بەرامبەرمان ئەنجام دا. ئێمە هاتینو دەمانویست، وەکو رەوتێک لەناو یەکێتیدا، بمێنینەوە. گوتتان باشە. پاشان هەڵتانکوتایە سەرمان.. ئەویش لەناو قوواڵیی هێزەکانی یەکێتی، نەک لەسەر سنور.

مام.. روحت شاد!

من، لە گۆڕی ئازادی یەکێتیدا بووم. تا ئەوکاتە، وشەیەکیشم لەگەڵ ئێران باس نەکردبوو. ئامادەش نەبوم، نە خۆمو نە هاوڕێکانمان، بچینە ئێرانو بچینە ناو جود، دژی یەکێتی. یەکێتیش ئەم راستییەی باش دەزانی. بەڵام بڕیارتان دابوو، راستگۆیەتی ئێمە، بە پەیمان شکێنی وەڵام بدەنەوە. کردیشتان.

مام!

هەڵوێستی منو هاوڕێیانی تر، سەبارەت بەو شەڕە دژی ئێران، شاردراوە نەبووە، هەتا ئێران نەیزانیبێو پێویستی بەوە بوبێ، هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش بۆ کاربەدەستانی ئێرانی باسبکەن. یەکێتی لە ئیزگەدا، لە چەندین وتاردا، بەناوی (مەسەلەی کورد یەک

---

١ مام جەلال. دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری. ئامادەکردنی: سەلاح رەشید. ل(١٣٩).

مەسەلەیە یان چەند مەسەلەیەکە) بڵاوتان کردەوەو تیایدا هێرشی فکریو سیاسیو پروپاگەندەی دەرونیتان دەکردە سەرمان. هەتا زەمینەی پەلاماردانی عەسکەریی دژمان خۆشبکەن. ئیتر کەی وایە، گوایە لای ئێران زمانتان لێ درابێ؟(*)

مام!

دەزانم، لە پەرۆشیتەوە، بۆ جیانەبونەوەمان لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا تورە بووی. دەشزانم، دوای ئەوەش جوامێریی خۆت نواند. بەڵام مام.. باش دەتزانی، کە لەکاتی جیابونەوەدا، ناکۆکیەکان جۆش دەخۆن. لە ڕێڕەوی ئاسایی دەترازێن. خۆ ئەوەی یەکێتیو کۆمەڵە، بە هێرشی ڕاگەیاندن کردی بە ئاڵای شۆڕش، کەمتر نەبوو لە هێرشی عەسکەریی؛ سروشتی جیابونەوە وایە.. پەیوەندیەکان لەگرێژنە دەردەچێ.

بیرمانە..

– چیمان بە پارتی– قیادە موەقەتە دەووت؟ نوێترین جنێومان بۆ داتاشین.

– چیمان بە بزوتنەوەی سۆسیالیست نەووت؟ کام ناوونانۆرە ما، بۆیان هەڵنەبەستڕێ؟

– چیمان بە حیزبی شیوعی نەکردو نەووت..؟

خۆ یەکێتی، لای سوریا، لیبیا، ئێرانو عێراق، لەکاتێکدا لە ناکۆکیو شەڕدا بوین، ستایشی نەیارەکانی نەدەکرد؟

کولتوری شەڕی ناوخۆ، بەهۆی پێشێلکردنی ئازادی بیروڕاوە، کولتورێکی جوامێرانە نەبووەو کۆمەڵێک دیاردەی دزێو لەناو شۆڕشەکانی ئەیلولو شۆڕشی نوێ، زادەی دوبەرەکیو شەڕی ناوخۆن. هیچ لایەکی چەکدار ناتوانێ، لە دارشتنی ئەو کولتورەدا خۆی بێبەری بکات. تەنها ئاڵای شۆڕش لەناو کۆمەڵەو زەحمەتکێشان لەناو سۆسیالیست لە قوواڵکردنی شەڕی ناوخۆدا، بەشدار نین؛ لە دارشتنی ئەو کولتورە دزێوە. دەستیشیان نەچووە خوێنی هاوسەنگەرەکانیان.(+)

---

* تەموزی ١٩٨٥ بە ڕەزامەندی مامو نەوشیروان، سەردانی سالار عەزیزو مامۆستا جەعفەرم لە تاران کرد. لەوێ، نوێنەری نهێنیی یەکێتی (هادی غولام خانەقینی)یەو تیکۆشەرێکی وشیارو بەهرەمەندیشە. بینیم، ئاڵای شۆڕش بوو. باسی دوا بڕیارم بۆ کرد لەناو یەکێتی. وتی: من هەوڵەکانم بۆ یەکێتی ڕابگرم؟ وتم: نەخێر. گەرمتری بکە. وتی: بۆ؟ وتم: چونکە ئەمەیان پەیوەندی بە نەتەوەکەمانەوە هەیەو نامانەوێ یەکێتی بێ پشتو ڕێکەوتنێکی لاواز لەگەڵ عێراق مۆر بکات.

+ ئاڵای شۆڕش، کە لەناو زەحمەتکێشان هاتینەدەرەوە. هەتا (٢١) ڕۆژ، دورکەوتنەوەمان دواخست. هەتا بەیاننامەیەکی دۆستانەمان بۆ لێکدابڕان بەهەردوولامان نوسی. ئەمە یەکەمین ئەزمونی ئارام ئارام، جیاکردنەوەی دوو ڕەوت بوو!

(٩)
هۆمەر شێخ موسیش!

پرۆپاگەندە، بۆ داپۆشینی زەبروزەنگو تاوان، ئەوەندە بە بڵاویو ڕێکخراوی، دژی ئاڵای شۆڕشو بەندە، کراوە. تەنانەت تێکۆشەرە هەرە باشەکانی یەکێتی، کە زیاتر لە (٤٠) ساڵ، لەناو کولتوری سیاسی سەرکەوتوو؛ لەسایەی سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینەدا، پەروەردە بوون، یەکێک لەو سەرکردانە، کە تەمەنی خۆی لەسەر کوردایەتی هەر چوار بەشەکەی کوردستانو دیموکراسی دانا (ئەویش هۆمەر شێخ موس)ە، ئەمیش کەوتۆتە ژێر کاریگەری پرۆپاگەندەکە، بەمشێوەیەی خوارەوە کاریگەرییەکە لە بۆچونیا ڕەنگیداوەتەوە:

"ئەوان لەساڵی ١٩٨٤ جیابونەوە، کارێکی ئاساییە، بەڵام دەستیان بە دیعایەی زۆر ناشیرین کرد بەرامبەر بە مام جەلالو سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. هەروەها دەستیان لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق تێکەڵاو کردو زیانێکی گەورەیان بە یەکێتی گەیاند".[١]

ڕەنگە لەناو کورددا کەم خوێنەوارو تێگەیشتوی وەکو هۆمەر هەبێ. جوامێرێکی سەرڕاستە. کێشەی ئەم کەسانە کە لەدەرەوە ژیاوونو گەورە بوون، ئەوەیە، تاراوگە بەچەشنی فشار بۆ ڕۆحیان دەبات، زیاتر لە خەڵکی وڵات، شەیدای کوردستانو کوردایەتی دەبن. شەیداییەکەش، هەندێک جار، دەچێتە قاڵبی ڕۆمانسی. جاران، بەهەموو بڕیارێکی ڕەسمی ناو شۆڕش بڕوایان دەکرد. لەم ڕوانگەیەوە، کەمتر لە کێشە ناوخۆییەکانی هێزە سیاسیەکان قووڵدەبنەوەو زۆرجار، لەدورەوە، حوکم لەسەر ڕوداوەکان دەدەن. ئەگینا، کاکە هۆمەر، کە لە شەستەکانەوە، قاڵبوی جیابونەوەی ناو پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتەکانی ڕۆژئاواو باکورو ڕۆژهەڵاتیشە، هەموو ئەو لایەنانە لەنزیکەوە دەناسێ. هاوڕێی سەرکردەکانیانە. باش شارەزایە کە لەکاتی دووبەرەکیدا، ناکۆکیەکان توند دەبن. هێرشکردنە سەر یەکدی، زۆرجار، لەبارستایی ناکۆکیەکان فراوانتر دەبن. ئیتر لە بەختی ئاڵای شۆڕشو دۆستایەتی (٤٨) ساڵەی خۆیو خۆم، ئەمیش کەمەندکێشی کێشەکان، لەڕوانگەی نەوشیروان مستەفاوە بووە.

---

١ پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا.. بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخ موس. نەوزاد عەلی ئەحمەد ئامادەی کردووە. ل(١٦٧).

بەڕێزی.. لەسەر کێشەیەکی تایبەتی، کە دەبوایە (١٢) ملیۆن دۆلاری بە فێڵ نێردراو، بۆ بانکێکی بەریتانی، لەڕێی کۆمپانیایەکەوە وەربگرێ.. ئاستەنگی تێکەوتبوو، سەری نەگرتبوو. لەسەر ئەم کێشەیە، لەلایەن مەکتەبی سیاسیو کۆمەڵەوە، تەنانەت مالّی مام جەلالیشەوە، پروپاگەندەیەکی زۆر دژی کرا. لەمبارەوە، چونکە خۆی دوچاری پروپاگەندە بووە، ئاوا دەڵێ:

"بەڵام بەداخەوە ئەو برادەرانەی کە رقیان لێم بوو بەجۆرێکی تر دیعایەیان بۆ هەڵبەستم. کە دەیانزانی من لەناو هێزی پێشمەرگەو لەناو خەڵکو کادرە پێشکەوتووەکاندا زۆر خۆشەویستم. ئەو کارەیان کرد تا پێگەی من لاواز بکەن".[1]

کەوابێ.. مەکۆی پروپاگەندە، ئەم بەڕێزەشی گرتۆتەوە. بەبێئەوەی خەتاباریش بێ. دەبوایە، ئەم روداوەی خۆی، کە پێش پەلاماردانی ئالّای شۆڕشیش بووە، لەبیری بێت، کە پروپاگەندەی ناڕاست، چۆنو بە چ هاندەرێک دەکرێ؟ لەگەڵ هەموو ئەم راستیانەشدا، هۆمەر شێخ موس، چاکەیەکی گەورەی لەسەرم هەیە.. ئەویش ئەوەیە، لەکاتی گرتنو بڕیاری تیربارانکردنماندا، هەڵوێستێکی جوامێرانەی هەبوو.. تەنانەت هۆکارێکی وازهێنانەکەی لە یەکێتی، خۆیو د.فوئاد حسێنیش، گرتنی ئێمە بووە. ئەم هەڵوێستە، رەخنەکانی ترم بیردەباتەوە. تا ئێستاش کاکە هۆمەر بەهەڵوێستەو ئالّایەکی شەکاوەی کوردایەتیە لەتاراوگەدا!

(١٠)
هەڵگێڕانی دووەمین کۆنفرانسیش

یەکەمین کۆنفرانس، داڕشتنی بناغەی پەیڕەو و پرۆگرامی نوێ، هەروا یەکەمین هەڵبژاردنی سەرکردایەتی کۆمەڵە، لە دۆخێکی دژواری رێکخراوەییدا بوو؛ کە سەرەنجامی پەنگخواردنی کێشەگەلی سەرەتای کۆمەڵە، هەڵوێستی هاوڕێیانی زیندان، کۆمیتەی هەرێمەکان، داڕشتنی گەڵاڵەی ستراتیژیو ئایدیۆلۆژیەتی کۆمەڵە، هاتەدی.

پێشتر، ململانێی دەرون رێکخراوەیی هەبوو. بەڵام ئەو ململانێیانە، کە ئاوێتەی پلەوپایە، هێزی چەکدار، دەسەڵاتخوازیو دەستەگەری کرا، ئاڕاستەکەی لە ئاڕاستەی سیاسیو

١ سەرچاوەی پێشوو. . ل(١٧٤).

ڕێکخراوەییەوە، بەرەو گیانی عەسکەرتاریو دەستەبەرکردنی پلەوپایە گۆڕدرا. گیانی عەسکەرتاریو پلەوپایەش، لەناو شۆڕشی رزگاری گەلێکی دواکەوتووی ژێردەستە، پرەنسیپەکان کەمبایەخ دەکاتو هەڵپەو هەلپەرستی تەشەنەدەسەنێ. لە باسی یەکەمین کۆنفرانسدا، بۆچونی خۆمان لەمەڕ بەرنامەو بڕیارو پەیکەرەی کۆمەڵە، رونکردەوە. لە دووەمین کۆنفرانسدا، بەشێکی بەرچاوی ململانێکانی یەکەمین کۆنفرانس پاشەکشەیان کردبوو. بەتایبەتی نەوشیروانو هاوڕێیانی زیندان، باڵادەست بوبوون. بەڵام نوسەر لە خووە رقاویەکەی واز ناهێنێو دووەمین کۆنفرانسیش، هەروەکو یەکەمین کۆنفرانس وێنا دەکات. چۆن لە یەکەمین کۆنفرانسدا، تەنها کرابوەوە داردەست، کە هاتە سەر هەڵبژاردنی سەرکردایەتی، خۆی کاندید کردو پشتیان تێکرد. لە دووەمین کۆنفرانسیشدا، دەرسی وەرنەگرت. کەوتەوە جرتوفرتی فیتوفات. هەر سودی نەبوو. خۆی کاندید کردەوەو دیسان کایەیەکی دۆڕاو بوو!

لە کتێبی (چەپکێک)دا، داخی دۆڕاندنی لەم کۆنفرانسەشدا، بە رشتنەوەی رقە دێرینەکەی دادەمرکێنێتەوە. لەمبارەوە چەندین خاڵی خەیاڵی ئاوها ریزدەکات:

"پەرەسەندنی کێشەی ناو کۆمەڵەو بەئاشکرا بەرهەڵستکردنی بیری پارتی پێشڕەوی چینی کرێکارانی کوردستانو کوردستانی بوونی کۆمەڵە".[1]

بێگومان لەناو کۆنفرانسدا مشتومڕ کراوە. ناکۆکییش هەبووە. بەڵام ئەو کێشەیە، وا مەترسیدار نەبووە کە باسی دەکات. کۆنفرانس (٢٢٢) کەس بەشدار بون. دروشمەکەی: (بەرەو گەشەپێدانی کۆمەڵەو یەکخستنی هێزە رزگاریخوازەکانی گەلەکەمان، لەپێناوی سەرکەوتنی شۆڕشی رزگاری نیشتمانیی کوردستان).

دروشمێکی رێکخراوەیی ئاسایی‌و سیاسی ناو شۆڕش بوو. لە راپۆرتی سکرتێری کۆمەڵەدا، ئەم باسانەی کردبووە بنچینە:

یەکەم: سیاسەتی ناوخۆو پەیوەندییە نیشتمانیەکان.

دووەم: پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆ.

سێیەم: جێگەو پێگەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان.

چوارەم: مەسەلەی دانوستان لەگەڵ حکومەت.

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٧٢).

ئەو باسانەش لەناو کۆنفرانسدا، دیالۆگیان لەسەر دەکرا. بەڵام قسەی توند، یان قوواڵکردنی ناکۆکیەکانی لێنەکەوتەوە. بەڵکو بۆ دۆزینەوەی چارەسەریش دەگەڕاین:

"ئێمە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک پەنامان بردە بەر بەستنی کۆنفرانس، سەرەتا ڕێگە و شوێنی ڕێکوپێک بۆ کۆنفرانس و بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی هێزی پێشمەرگە، دانرا! (مەلا بەختیار)یش ڕۆیشت بۆ ناو شاری هەولێر، کە کۆمیتەی ڕێکخستنی ناوخۆی شارەکان ئامادە بکاتو نوێنەرەکانیان بنێرن".[1]

کە بەوشێوەیە خۆمان بۆ کۆنفرانس ئامادەکردبێ، کەوابێ: ناکۆکیو گرفتە سیاسیو ئایدیۆلۆژیەکان، بۆ سەر کۆنفرانس مەترسی گەورە نەبون. دەرچونی سەرکردایەتی لەو کۆنفرانسەشدا، جۆرێک لە ئارامی ناو کۆنفرانس دەگەیەنێ: ١- نەوشیروان مستەفا. ٢- فەرەیدون عەبدولقادر. ٣- جەمال تایەر. ٤- ملازم عومەر. ٥- عەلی بچکۆل. ٦- کەمال خۆشناو. ٧- مەلا بەختیار.

لە هاوڕێیانی زیندان، کە لە تەکەتولی زیندان مابونەوە، تەنها عەلی بچکۆل دەرچوو. فەرەیدون لەگەڵ نەوشیروان کەوتبوو. جەمال تایەرو کەمال خۆشناو بێلایەن بوون. مەلا بەختیارو ملازم عومەر، لە کۆمیتەی هەرێمەکان. سالار عەزیز خۆی کاندید نەکرد. ئازاد هەورامیش (٩٥) دەنگی هێنا. لەگەڵ ئەرسەلان باییز (٧٠) دەنگ دەرنەچون! واتا: لە دەرنەچوەکان، یەک کۆمیتەی هەرێمەکانو یەکێکیش زیندان![*]

لەم کۆنفرانسەشدا، تەواوی کۆنفرانس بایەخێکی ئەوتۆی بە فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیەت، لەو سەردەمەدا نەدا. ئەندامانی کۆنفرانس، بە سەرکردایەتیشەوە، بێئاگا بوین لەوەی مشتومڕێکی فراوان لەسەر مارکسیزم هەیە. بەتایبەتی لەسەر لینینیزم. بەبێ ڕەچاوکردنی گۆڕانکاریە ئایدیۆلۆژیەکان، ناکۆکیەکان، ململانێو سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕەخنەگرانە لەسەر لینینیزم، کۆنفرانس، بە ڕواڵەتیش بێ، پابەندی کۆمەڵەی بە لینینیزمیش، دوپاتکردەوە.

لەوەش زیاتر، هەر لەسەر ئەندێشەی کلاسیکی مارکسیزم، بەتایبەتی لینینیزمو ماویزم، جەخت لەسەر:

١ فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧. ل(٤٣٢).

* نەوشیروان بەرپرسی هەولێر (کۆسرەت ڕەسول عەلی)ی لەناو کۆنفرانسدا بانگ کردبوو. وتبووی: دەنگ نەدەن بە مەلا بەختیار. ئەویش جوامێرانە وەڵامی دابوەوە کە مەلا بەختیار، شایەنێتیو خزمەتی هەولێری زۆر کردووە! شەوی گەڕانەوەیان بۆ هەولێر، هاتە ژورەکەمو پێی ڕاگەیاندم: نەوشیروان هەرچەند گوتویەتی دەنگت نەدەینێ. بەڵام لە (١٢) کەس (١٩) کەس بوین، هەمومان دەنگمان دایێ.

"کرێکارانو جوتیاران بناغەی هاوپەیمانیەتێکی فراوانتر بونیات بنێن، کە تیایدا بۆرژوای بچوکی شارەکانو تویژی پێشکەوتوانخوازی بۆرژوازی نیشتمانیان لەگەڵدا بێت"[1]

(١١)
کۆمەڵە بۆ نەکرایە حیزب؟

لەم کۆنفرانسەدا، ئەوەی دەبوو لەڕووی سیاسیەوە بکرێ، نەمانکرد. ئەویش ئەوەبوو، بیرمان لەوە بکردایەتەوە، کۆمەڵە وەکو حیزبێک رابگەیەنین. لە هەمانکاتدا، پرۆژەمان هەبێ بۆ یەکێتی لەرێکخراوێکی نیمچە بەرەوە، بۆ بەرەی سیاسی بگۆڕین. بەشێکی ناکۆکیو ململانێکانی هەناوی کۆمەڵە، کە لەلایەکەوە بە عێراقچی چەواشە دەکرێو لەلایەکی دیکەوە، بە کوردستانی دادەپۆشرێ. ململانێ بوو لەسەر ناسنامەی چینایەتیو پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵە، لەناو یەکێتیدا، وەکو دەستەبەرێک بۆ هەر ئەگەرێکی سیاسیو پەیکەرەی یەکێتی. رەوتی رەخنەگری ئەوکاتە، پێشبینیمان دەکرد، کۆمەڵە وردە وردە ناسنامە چینایەتی-ئایدیۆلۆژیەکەی کاڵبکرێتەوە، لە دوائەنجامدا، لەناو یەکێتیشدا بتوێنرێتەوە. هەروەکو، لەسەرەتاوە ویستراوە یەکێتی وەکو حیزبێکی جەماوەری فراوان دابمەزرێ. لە زمانی فەرەیدون عەبدولقادرەوە، بۆچونی مام جەلال تەمومژی تیا نییە، کە کۆمەڵە پەراوێز بخرێ.. دەڵێ:

"با سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی لە ناوەوەی وڵات دەست بەکار بن بەناوی یەکێتییەوە کاربکەن زۆرترینو فراوانترین بەشی کۆمەڵانی خەڵکی لەدەوری کۆبکەنەوە.

-ئەی کۆمەڵە؟

-کۆمەڵە با داینەمۆ بێت، بەڵام ئاشکرای مەکەن هەر بەناوی یەکێتییەوە کارە ئاشکراکان ئەنجام بدەن".[2]

رێکخراوێک ئاشکرا نەکرێ، هەزار جار داینەمۆ بێت، خەباتەکەی هەر دەڕژێتە جۆگەلەی رێکخستنە ئاشکراکەو شۆڕشە چەکداریەکە.

١ د.ئەحمەد حەمەئەمین.رەوتی چەپ لە باشوری کوردستان. رێکخراوی ئۆروپای کۆمەڵە. ل(٢٠٦).
٢ فەرەیدون عەبدولقادر. بیرەوەریەکانم لەگەڵ خالّە شیهابو هاوڕێکانی. لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ. چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی) چاپی یەکەم ٢٠١١. ل(٣٩-٤٠).

سالار عەزیز.. نامیلکەی (چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکارانی کوردستانی-١٩٨٢/٢/١٥) لەناو بۆچونە چینایەتیە جیاوازەکانو ئاڕاستە ناکۆکەکاندا نوسی. گفتوگۆ لەسەر چارەنوسی چینایەتی کۆمەڵەو رێبازە ئایدیۆلۆژیەکەی، سەرەتای زەنگێکی بەرهەڵستی بوو، کە رەوتی راستڕەوی کۆمەڵە باش تێیدەگەیشتنو مام جەلالیش، مەترسییەکانی زایەڵەی ئەو زەنگەی، لەسەر پێکهاتەی نیمچە بەرەیی یەکێتی پێشبینی هەست پێ دەکرد. بۆیە، سەرەڕای ئەوەی تێزە سیاسیەکانی رەوتی رەخنەگرانە، ئەوکاتە کە دەمانگوت کێشەی کورد لەو قۆناغەدا، بەشێکی کێشە سیاسی-دیموکراسیەکانی عێراق بوو، هاوکات رەتکردنەوەی تێزی مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە لەو قۆناغەدا، ئەم دوو تێزە، کوتومت مام جەلال باوەڕی پێی بوو. تەنانەت لەناو کوردایەتیدا، خۆی‌و برایم ئەحمەد لە پەنجاکانەوە تیۆرسێنی هەردوو تێزەکە بون، بەڵام زەنگی سەربەخۆیی کۆمەڵەو تێکۆشان لەپێناوی پارتی چینایەتی کرێکاری‌و رەنجدەرانی راستەقینە، کە رەوتی رەخنەگر پەیڕەویمان دەکرد، مام جەلالی وا لێدەکرد، لە رووی بابەتیەوە بچێتە سەنگەری باڵی نەوشیروان‌و کۆمەڵە.. چونکە دەیزانی، لە دوائاکامدا، ئەو باڵە لەسەری ماڵە! دیاریشە لای مام جەلال.. باڵێکی دەستەمۆکراو بۆ ئایندە، کە یەکێتی وەکو حیزب لێبکا، دەستەبەر بوون. نەک رەوتێکی سرکی رەخنەگر، کە روانگەیان کۆمەڵەیەکە، ببێتە پارتی پێشڕەوی چینایەتی. لەناو یان لەدەرەوەی یەکێتی! بەگشتی ئەم بۆچونانەش، پەیوەستن بە هەمان بۆچونەوە کە مام جەلالو نەوشیروان لە دامەزراندنی یەکێتیەوە، کە یەکێتی بکەنە حیزبێکی جەماوەریی فراوان، باوەڕیان پێی بوو! هەر بۆ سەپاندنی ئەو بەرنامەش گەڕابونەوە!

لەناو ئەو لێکترازانە خوێناویەی هێزەکانی کوردستاندا، دوای (٦) ساڵ لە بەرپابونی شۆڕش‌و (٧) ساڵ لە دامەزراندنی یەکێتی، سێ حیزب لە کوردستاندا، بە رەهایی لە یەکێتی دوور بون: ١- پارتی دیموکراتی کوردستان. ٢- پارتی سۆسیالیستی کوردستان. ٣- پاسۆک. ئەمانە حیزب بوون. لەگەڵ حیزبی شیوعی (جود)یان دروستکرد. بیریان لە تێکشکاندنی یەکێتی دەکردەوە، بەڵام هەرگیز پەرەپێدانی یەکێتییان بەرەو بەرەیەکی فراوان، لایان هەر باس نەبوو. لە دوائەنجامیشدا، دوای جود، لەسەر ئاستی کوردستان، یەکێتی نەکرایە بەرەی یەکێتی کوردستانی، بەڵکو بەرەی کوردستانی دروستکرا، کە یەکێتیش وەکو ئەوان، ئەندام بوو. واتا: فەلسەفەی گەشەسەندنی یەکێتی کە لەسەر سێ پێگە بونیات نرابوو: ١- حیزبێکی پێشڕەو لەناو یەکێتی دروست دەبێ کە کۆمەڵەیە. ٢- لەشکری

شۆڕشگێڕ پێکەوەدەنرێ، کە هێزی پێشمەرگەیە. ٣- بەرەی نیشتمانی فراوان دێتەدی.. بە گەشەپێدانی باڵەکانی یەکێتیو لایەنەکانی دەرەوەی یەکێتیش. ئەم سێ ئامانجە لەو دۆخەدا، هەرسێکی شکستی خواردا! ئەوساو تا ئێستاش، هێزەکانی پێشمەرگەی لایەنەکان، نەکرانە لەشکری شۆڕشگێڕی یەکگرتوو. کۆمەڵەش نەک بەرەو پارتی پێشڕەوی سەربەخۆ پەرەی پێ نەدرا، بەڵکو کە یەکێتی لە نیمچە بەرەوە، نەکرایە بەرە، هەلومەرجی ئەنفالیش خوڵقا، راستڕەوەکانی کۆمەڵە، باشترین هەلی سیاسی-دەروونییان چنگ کەوت، کۆمەڵە بتوێننەوە، هەتا یەکێتیەکی بەهێز لەناو بەرەی جوددا بپارێزن. نەک یەکێتیەکی ناکۆکی فرە باڵا!

وەکو گوتم: لەسەر پێکهاتەی یەکێتی کە بەرەو بەرەی کوردستانی گەشەبکاتو کۆمەڵەش ببێتە داینەمۆی پێشڕەوە سەربەخۆکەی. گومانی قوڵم لە پێش دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەوە، لا پەیدا بوو. بۆیە وتارێکم بەناونیشانی (هەلومەرجی تایبەتیو پەرەپێدانی خەباتمان) بەناوی (بەختیار)ەوە نوسی. ناوەرۆکی وتارەکە، گومان بوو لە پەرەسەندنی یەکێتی بەرەو بەرەی کوردستانیو داکۆکیش بوو لە گەشەکردنی کۆمەڵە بەرەو پارتی پێشڕەو. لە بەشێکی وتارەکەدا نوسیومە:

"کۆمەڵە ناوکو کاکڵەی حیزبی پێشڕەوە. ئەڵقەی ناوەندی خەباتیشی لەدایکبونی حیزبی پێشڕەوە.. کە هێشتا نەهاتۆتە دی بۆ سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەی گەلەکەمان. ی.ن.ک هەیەو کۆمەڵەی تیایە. بەڵام هێشتا نەبوە بە بەرەی نیشتمانی هەمو چینەکانی گەلو چینەکانی گەل بەتەواوەتی لەژێر ئاڵایەکدا کۆنەبونەتەوە. هێزی پێشمەرگەی دڵسۆزو ئازاو تاقیکراوەمان هەیە، بەڵام هێشتا نەبوە بەو لەشکرە شۆڕشگێڕەی کە گەرەکمانە. خەباتی ئینتەرناسیۆنالیستیو ناوکۆیی گەلانمان گەلێ پێ گرنگن. بەڵام بەداخەوە هێشتا ئەم ئاواتەشمان وەک پێویستە بۆ نەهاتۆتەدی".[1]

لەو پەرەگرافەدا، مەبەستمە بڵێم: دوای حەوت ساڵ لە خەباتی سیاسی-یەکێتیو شەش ساڵ لە بەرپاکردنی شۆڕش، لایەکی سیاسی لە یەکێتی جیابۆتەوەو بەشێکی هێزەکەشیان بردووە، ئیتر فەلسەفەی پەرەپێدانی یەکێتی بەرەو بەرەی نیشتمانی فراوان، دژوارە. بۆیە کۆمەڵە دەبێ وریای چارەنوسی رێکخراوەیی خۆی بێ. لەسەر ئەو ریتمە، بەپێی دۆخی ئەوکاتەی کۆمەڵە لەناو یەکێتیدا، ئاوا درێژەی دەدەمێ:

"ئەمە ناوەرۆکی جیاکەرەوەمانە وەک رێکخراوێکی (م.ل) لە لایەنە وردە بۆرژواو

---

١ کۆمەڵە. (گۆڤاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان). ژمارە (١) خولی (٢) کانونی دووەم ١٩٨٢- رێبەندانی ١٣٦٠. بەختیار. ل(٤٢).

چینو دەستەوتاقمەکانی دیکە.. ئەم ناوەڕۆکە بنچینەییە ئەوەمان لێدەخوازێ کە کاری شۆڕشگێڕانەی بێ پێچوو پەنای چینایەتیمان چ لە خەباتی نیشتمانیماندا و چ لە خەباتی بردنەوەی گرەوی ڕێبازی کرێکاراندا ئەنجام بدەین. بەبێ ئەوەی ڕێگە بدەین لەدەرەوەو لەناوەوەی ڕێکخراوەکەماندا هیچ هۆیەکی گەورەو بچوک لەو ڕووەوە بیرچونی ئەرکو فرمانەکانی سەرشان ساردمان کاتەوە".[1]

مام جەلال، نەک تەنها لەڕووی سیاسییەوە بەتوانا بوو، بەڵکو لەهەموو ڕوویەکەوە، زیرەکیەکەی دەگمەن بوو. یەکسەر لە مەبەستە شاردراوەکانی ئەم وتارەم تێگەیشتبوو. زانیبووی گومانم لەسەر فەلسەفەی یەکێتی پەیداکردووە، کە لە دامەزراندنەوە، دەویستێ بکرێتە حیزبێکی پانوپۆڕی فراوان. بۆیە لە دانیشتنێکدا، مام، فەرەیدون، حەمەتۆفیقو بەندە، لەماڵی فەرەیدون، ڕەخنەی لێگرتم لەسەر وتارەکە. کە گوایە پەلەم کردووەو جارێ پرۆسەی پەرەپێدانی یەکێتی زۆری ماوە. منیش وتم: ئەوە بۆچونی خۆمە. مام ڕوی گرژ کردو منیش بێتاقەت بوم.

ململانێکە، بە دوو هێڵی ناتەریب، لەناو کۆمەڵە بەردەوام بوو. لەسەر هەمان ڕێچکە، وتارێکی دیکەم، بەم ناونیشانە (کۆمەڵەو ململانێ چینایەتیەکانی کۆمەڵ) نوسی. ئەم نوسینانە ڕەتکردنەوەی ئەو تێزە بێ پێزە بوو، کە نەیارانی کۆمەڵەو فەلسەفەکەی، بڵاویان دەکردەوە. تێزەکانیش لە دەوری ئەوە دەسوڕایەوە کۆمەڵە لەقاڵبی ڕێکخراوێکی مەحفەلی بدەن. لەوەڵامیاندا وتومە:

"ئینجا بایان دایە سەر ئەوەی کە بونی کۆمەڵە باشە و پێویستە، بەڵام تەنها بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرە مارکسیست-لینینیستەکانو بەس. نەک بۆ سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەی گەلەکەمان. چونکە (گوایە) سەرکردایەتی کردنی ئەم بزوتنەوەیە، حیزبێکی جەماهیری گەورەی گەرەکەو بۆ دروستکردنی ئەم حیزبەش میکانیکانە داوای فەرزی تەیاراتیان دەکرد.. بەبێ ئەوەی ناکۆکیە چینایەتیەکانی کۆمەڵ لەبەرچاو بگرنو ئەو ڕاستیە زانستیە پەیڕەو بکەن کە تەیارەکانی بزوتنەوەی گەلەکەمان.. ڕەنگدانەوەی ناکۆکیە چینایەتیە بابەتیەکانی هەناوی کۆمەڵەو ئەم ناکۆکیە چینایەتیانەش بەئارەزوی بای ڕۆژگاری سیاسەتو بەرژەوەندی چەند کەسانی چینێک لە چینەکانی کۆمەڵ، فەرز ناکرێو حیزبی جەماهیری دروست ناکرێ".[2]

١ سەرچاوەی پێشوو. . ل(٤٤).

٢ کۆمەڵە. (گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان). ژمارە (٣) خولی (٢) مارتی ١٩٨٢- نەورۆزی ١٣٦٠. بەختیار. ل(٤٢).

تەواوی دەقی هەردوو وتارەکە، لە پاشکۆی کتێبەکەدا، بۆ مێژوو بڵاودەکرێتەوە. هەتا خوێنەر، بە هۆشی ئێستاو دوای چل ساڵ لەو ململانێیانە، بابەتەکان بەراورد بکاتو سەرەنجامەکان لێکبداتەوە، ئینجا، بەپێی زەمانو زەمینەی گەشەکردنی رووداوەکان، حوکمیان لەسەر بدات. حوکمێکی لۆژیکی، نەک حوکمی نەخۆشی سایکۆلۆژی!!

بەداخەوە، ئەو ململانێیە، بۆ پاراستنی ئایدیۆلۆژیەتی کۆمەڵە، لەبەرامبەر پیلانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەدا، لەبەر گەلێ هۆکار، سەرینەگرت. سەرەنجام، هەر ئەو پیلانە سەریگرت، کە کۆمەڵە لەناو یەکێتیدا، بەناوی حیزبی جەماوەری فراوانەوە، بتوێندرێتەوە. بەمەش هاوکێشە سیاسیەکان، بێبەش کرا لە رێکخراوێکی چەپ، کە لەتوانادا بوو، بپارێزرێو پەرەی گونجاوی لە قۆناغە جیاوازەکاندا پێ بدرێ. یەکێتیش لەناو کێشە ناوخۆییەکانی، پەنگ نەخواتو خۆی نەخواتەوە.

(١٢)
شۆڕشگێڕانو تاکتیکی مام!

لەدوای دووەمین کۆنفرانسو دروستکردنی بەرەی جود، وەکو بەراورد، لەڕووی ژمارەو سەنگی سیاسیشەوە، کۆمەڵە کاریگەرتر بوو. هێڵی گشتی، جگە لە پلەوپۆست پێبەخشین، ئەویش بەهۆی سکرتێری یەکێتیەوە، سەنگی سیاسیو روانگەی ئایدیۆلۆژییان نەبوو. تەنانەت ئۆرگانیشیان نەبوو. پاشماوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستیش، تەنها عومەر دەبابە، وەکو سیاسەتمەداری ناوداری کوردستان لەگەڵیاندا مایەوە. باقی کادرەکانیان نەناسراو بون. بۆیە مام بەردەوام نامەی دەنوسی، خەڵکی بەتواناتریان بێنە دەرەوە، هەتا لەبەرامبەر حیزبی سۆسیالیستدا بەهێزیان بکات. لە راستیا، مام جەلال هێڵی گشتی هی خۆی بون. پاشماوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستیشی دەستەمۆ کردبوو. بەم دوو رێکخراوە، مام هەوڵدەدا هاوکێشەکان هاوسەنگ بکات.. بەڵام لەناو یەکێتیدا. چونکە هێڵی گشتی هێڵ نادیارو پاشماوەی بزوتنەوەیەکی لاوازیش، ئەو پارسەنگەیان پێ دروستنەدەکرا. ئیتر لەو ماوەیەدا تێکۆشەران: حاکم عومەر، جەمال ئاغا، عەلی حەوێز، مامۆستا نازم، د.پێشەواو شێخ عەلی تاڵەبانی، لە هەرە ناودارەکانیان بون یەک دوای یەک هاتنەدەرەوە. د.خدر هەورامیشیان لەگەڵدا بوو. هاوزەمانی بەستنی دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە، بزوتنەوەو هێڵی گشتیش، بە سەرپەرشتی

مام جەلال یەکیانگرتەوە. چۆن نەوشیروان مستەفا بەبێ پرسی مام جەلال یەکەمین کۆنفرانسی سازدا. مامیش بەبێ پرسی نەوشیروان مستەفا، کۆنگرەی شۆڕشگێڕانی سازداو خۆیشی بێ ڕەزامەندی کۆمەڵە، کردە سکرتێر. ئەمەش هێزی ئیحتیاتی مام جەلال بوو، بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو.. چونکە لەناو کۆمەڵەدا ڕەوتی خاوەن هەڵوێست باسی سەربەخۆیی کۆمەڵەو پارتی پێشڕەویان دەکرد. نەوشیروانیش، هەندێک جار، کە دەیبینی کۆمەڵە بەهێزترە، سەرکێشی لە ڕێنوێنی مام جەلال دەکرد. ئەمەجگە لەناکۆکییە کۆنەکانیش مام جەلالی دەترساند!

ئەوکاتە، بەرپرسی مەڵبەندی یەکی سلێمانی بوم، بارەگاکەمان لە حاجی مامەند بوو. زۆرتر خەریکی ئەوە بوم ئۆرگانەکانی مەڵبەندەکە دابمەزرێنو چالاکیی بکرێ.. یەکێتیش لە شەڕی ناوخۆ دووربخەینەوە. لامان سەیر بوو (مام جەلال) ببێتە سکرتێری شۆڕشگێڕان. چونکە، بەپێی ڕێسا دەبوایە بێلایەن بێ، هەتا سکرتێری گشتی یەکێتی بێ. بروسکەیەکیشم بۆ کرد هۆی ئەو بڕیارەی ڕونبکاتەوە. وەڵامی نەدایەوە. نەشمدەزانی، کۆمەڵە دوابڕیاری لەوبارەوە چی دەبێ. نوسەر لەلاپەڕە (٣٧٧)دا لەخۆڕا ئەو باسەی ئاوا نوسیووە:

"مام جەلال بۆ قوت کردنەوەی هێزێکی بە قەبارە زل و بەتوانا لەبەرامبەر کۆمەڵەدا، هەوڵێکی زۆری بۆ پشتیوانی و پشتگیری کردنیاندا تاڕادەی ناوزەدکردنو بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکەیدا بە سکرتێری شۆڕشگێڕان، کۆمەڵە ئەو کارەی بە باشە و بە ئیجابی دانا، چونکە لە هەوی ساری ئەرکەکاندا لەباتی سێ فلیقانە بوو، بە دوو فلیقانە واتە هەر لەم (م.س)وە تا بچوکترین ئۆرگانی ناو یەکێتی بە هەموو دەزگاکانیەوە لەباتی ئەوەی لە (٣) کەس (کۆمەڵە، بزووتنەوە، هێڵی گشتی) پێکبێ، لە دوو کەس پێکدەهات واتە (کۆمەڵەو شۆڕشگێڕ)یەک، کە بە ڕاستی تاڕادەیەک هەلی دەسەڵات گرتنەدەست لەبەردەم هەڵپەرستان کەم بۆوە".[1]

ئەم بۆچونە، رستە ریزکردنە. بەڵکو سەردەرنەکردنە لە ناکۆکیو ململانێکان.

هەر ڕێکخراوێک، تەواوی ململانێکانی لە بۆتەی پلەو پۆست دابەشکردندا، قەتیس بکات، بەبێ ڕۆشنکردنی ڕێبازی چینایەتی-ئایدیۆلۆژی، هاوکات پرەنسیپی یەکێتی-ململانێی، لە چوارچێوەی نیمچەبەرەی وەکو یەکێتیدا، تایبەت لەناو دۆخی کۆمەڵایەتی پڕ لە کێشەی سیاسیدا، وردە وردە ئەو ڕێکخراوە پێگەکانی لەدەستدەدات. کۆمەڵە، هەتا بنچینە کۆمەڵایەتیەکانی زیاتر فەرامۆش دەکرد، هەڵوێستە ئایدۆلۆژیەکانیشی لاوازتر دەبوو! ئیتر هەڵپەی پۆستو هەلپەرستی زاڵدەبوو بەسەریا.

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٧٧).

کۆمەڵە، لە روانگەی فەلسەفەی چینایەتی جیاوازەوە، سەیری ناو یەکێتی نەدەکرد. تەنانەت یەکێتی ناو یەکێتیشی بە رەهایی بەسەر ململانێی ئایدیۆلۆژی-سیاسیدا زاڵدەکرد، بەمەش ناسنامە چینایەتیو جیاوازیە ئایدیۆلۆژییەکەی (بەپێی هاوکێشەکانی ئەو سەردەمە) بەرە بەرە مردار دەکردەوە. ئەگینا گەر کۆمەڵە، لە سەرویانەوە سکرتێرەکەی، لەناو خەباتی رزگاری نەتەوایەتیدا، باوەڕی بە فەلسەفەی چینایەتیش لەناو هاوکێشەکاندا هەبوایە، باشترین هەل بوو، کە مام جەلال کرایە سکرتێری شۆڕشگێڕان، پێ دابگرێ لەسەر گۆڕینی پێکهاتەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی. بەو کارە، رەنگبوو یەکێتیش گەشە بکات. کۆمەڵەش پەرە بسەنێ، متمانەیەکیش لەناو لایەنەکانی دەرەوەی یەکێتیدا بێتە پێشەوە. بەڵام، لەبەرئەوەی لەڕووی بابەتییەوە، لەبنچینەدا سکرتێرو پەیڕەوانی، هەر باوەڕیان بە سەربەخۆیی کۆمەڵە نەبوو، نەشیاندەویست قەوارەی یەکێتی هەتا دەیکەن بە حیزبێکی جەماوەری فراوان، هەروەکو لەسەرەتای دامەزراندندا ویستبویان، بگۆڕن، بۆیە لایان ئاسایی بوو، مام جەلال ماوەیەک سکرتێری شۆڕشگێڕانیش بێت! ئەمەش دەیسەلماند کە باڵی راستڕەوی کۆمەڵە، لە رێبازی چەپ هەتا دەهات، دادەشۆڕا!

مام، کە یەکێتی دادەمەزرێنێ، ویستویەتی باڵەکانی ناو یەکێتی تەنها خزمەتی یەکێتی لەدەرەوەو لەناو شۆڕشدا بکەن. لەمبارەوە نەیشاردۆتەوە فەلسەفەکەی ئەمەی خوارەوە بووە:

"وا بڕیاردرا لەناو شارەکاندا کۆمەڵەو بزوتنەوەو خەتی گشتی، سەربەستن لە کاری رێکخراوی خۆیانداو لەدەرەوەی شارەکان، یان لەناو هێزی پێشمەرگەو لادێکاندا رێکخستن بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەبێتو لقو لیژنەکان هی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبێتو هەمو کەسێکی تێیدا دەبێتو بەپێی لێوەشاوەییو توانا کارەکان دابەشبکرێت".[1]

ئەم دەقە، تەمومژی تیا نییە، کە لە شامدا، ناکرێ مام جەلال کە جارێ نەگەڕاوەتەوە کوردستان، بڵێ: هەموو چالاکییەک بەناوی یەکێتییەوە بێ. بە شارەکانیشەوە. گرنگ شۆڕشەکەو خەباتە چەکداریەکە بووە. لەم خەباتە ئاشکرایەدا، پێشمەرگەو شۆڕش بەناوی یەکێتی دەبێ.. مام جەلالیش سکرتێرو فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە. سەرەنجام، کۆمەڵە بە هەنگاو لەناو یەکێتیدا دەتاسێ. هەتا دەیتوێننەوە!! کوشتن، یان

۱ مام جەلال. دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری. ئامادەکردنی: سەلاح رەشید. ل(۷۹).

تاساندنی جیاوازییه بنچینەییەکان، بەناوی یەکێتیەوە، یەکەمین گورزی کوشندەیە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی رەهای یەکێتیو مام جەلال، هەتا بتوانن، لە دۆخێکی گونجاودا کۆمەڵە بتوێننەوە. شۆرشگێڕانیش دەستەبەر کرابون.

کوشتنی جیاوازیەکان، لەدەرەوەی یەکێتی، بە زەبروزەنگ نەچووەسەر. بەڵام تاساندنی جیاوازیەکانی ناو یەکێتی، لەنێوان کۆمەڵە-بزوتنەوە-هێڵی گشتیدا، بە بەرنامەو بەشێنەیی، بۆیان چووەسەر.

ئەگەر هەبوبن لەناو کۆمەڵەدا، ئاگایان لەو سیاسەتە نەبوبێ، یان لە نەزانینەوە، دژایەتی رەوتی رەخنەگرانەی ناو کۆمەڵەیان کردبێ، یاخود لەبەر بەغالەتو رقەوە، کەوتبنە بەرەی سکرتێری کۆمەڵە، گومانمان نییە کە نەوشیروان سیاسەتی مام جەلال باش شارەزا بووە. خۆیشی کە گەڕاوەتەوە، کوتومت بەپێی ئەو ڕێبازە گەڕاوەتەوە کە یەکێتی بسەپێنرێو کۆمەڵە پەراوێز بخرێ.. هەتا هەڵیدەوەشێننەوە، وەکو هەڵیشیانوەشاندەوە. ئەوەتا، لەم گفتوگۆیەی مام جەلالو نەوشیرواندا، ئەم راستییە بێ تەمومژ، دیارە:

"هەر کە گەیشتمە ناو کوردستانی عێراق، برادەران هاتبونە سەر سێ سنورەکە، نەوشیروان لەپێشەوە هات بەرەو پیرم، لێم پرسی وەزع چۆنە؟ کەمێک ڕۆیشتین، ڕێگاکە هەوراز بو و هەردوکمان تەنگەنەفەس بوبوین، بۆیە گوتی: "دوایی تەفسیلاتت بۆ باس دەکەم".

گوتی: "ئێمەو برادەرانی ناوەوە هەر ناومان یەکە، ناومان یەکێتی نیشتمانییە ئەگینا، نە بیروبۆچونمان، نە تەفکیرمان، نە هەڵسوکەوتمان یەکە، برادەرەکان لە شکستیدانو لە لافاوی تەسلیم بونەوەدا بون، خەڵک تاقم بە تاقم تەسلیم دەبونەوە، ئەگەر لە شکستدا نەبوینایە، من پێشنیازمدەکرد، بگەڕێینەوەو بۆ خۆیانی بەجێ بهێڵین، چۆنیان دەستپێکردوە با واش بیبەن بەڕێوە! چونکە ئەوە ئەوەنەبو کە ئێمە ویستمان".[1]

با دیقەتی دێڕ بە دێڕی ئەو فەرمایشتانەی نەوشیروان، لەوکاتەدا، بدەین:

یەکەم: "ئێمەو برادەرانی ناوەوە هەر ناومان یەکە، ناومان یەکێتیشی نیشتمانیی کوردستان".

سەرنج بدرێ.. دەڵێ: ئەو برادەرانە. واتا: کۆمەڵەو بزوتنەوەو هەموو ئەوانەی شۆڕشمان کردووە. نەک بەتەنها بزوتنەوەی سۆسیالیست.

---

١ سەرچاوەی پێشوو. ل(٧٦-٧٧).

دووەم: "نە بیروبۆچونمان، نە تەفکیرمان، نە هەڵسوکەوتمان یەکە".

سەرنج بدرێ.. بۆچون.. بۆچونی سیاسی. تەفکیر، تەفکیری ئایدیۆلۆژی.. هەڵسوکەوت، رەفتارە.. واتا کۆمەڵەو بزوتنەوە، پێکەوە، لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەردا ناکۆکن.

سێیەم: "برادەرەکان لە شکستدانو لە لافاوی تەسلیمبونەوەدا بون، خەڵک تاقم تاقم تەسلیم دەبونەوە".

سەرنج بدرێتەوە.. دیسان بە کۆ حوکمدانە. نەک بە یەک لایەن. هەموومان لەشکستداین. بە لافاویش تەسلیم دەبونەوە. ئەمەیان زۆر دورە لە راستیەوە. تێکڕا، ناگاتە (١٥) پێشمەرگەی کۆمەڵە تەسلیم بوبنەوە. بزوتنەوە بەڵێ، بە سەدانیان دەڕۆیشتنەوە.

چوارەم: "ئەگەر لە شکستدا نەبوینایە، من پێشنیازمدەکرد بگەڕێنەوەو بۆ خۆیانی بەجێ بهێڵین".

سەرنج بدرێ.. دەڵێ: "بۆ خۆیانی جێ بهێڵین" هیچ جیاوازیەک لەنێوان بزوتنەوەو کۆمەڵەدا ناکات.

پێنجەمیش: "چۆنیان دەستپێکردووە با واش بیبەن بەڕێوە! ئەوە نەبو کە ئێمە ویستمان!".

سەرنج.. ئەوەی لە وڵات کراوە، ئەوە نەبووە کە ئەوان لەدەرەوە ویستویانە. ئاشکراشە چییان ویستووە. تەنها یەکێتیو هێزی یەکێتیو پروپاگەندەکردن بۆ یەکێتییان، لەسەر حسابی کۆمەڵەو بزوتنەوە ویستووە.

ئەم دیالۆگە، رەنگدانەوەی سەرومڕ، جۆرایەتی بیرکردنەوەی مام جەلالو نەوشیروان (هەروا دەستەی دامەزرێنەریشە لەدەرەوەی وڵاتدا) بۆ دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی، دوای هەرەس. دیارە خوێندنەوەیان بۆ جیاوازیەکان، بۆ ناکۆکیەکان، بۆ ململانێکان، تەنها هێندە بووە چۆن جڵەوی رابەرایەتی کوردایەتی لە بنەماڵەی بارزانیو پارتی بسەنن‌و بیخەنە دەستی یەکێتی. تەنها ئەو ناکۆکیانەیان لەو دۆخەدا، بینیووە. لەسەر بنەمای ئەو ناکۆکیە سیاسیەش، نەک چینایەتیو ئایدیۆلۆژی، پەیکەرەو بەرنامەی یەکێتیان داڕشتووە. هەتا خەونە دێرینەکەی ناو پارتیو سەردەمی جەلالی-مەلایی، بەدی بهێنن کە رابەرایەتی کوردایەتی بگرنەدەست.

ئێمە ناڵێین، ئەمە خەونێکی ناڕەوایە.. بەڵام مەترسی ئەم بۆچونە ئەوکاتەو دوای ئەوکاتەش لەسەر کۆمەڵە.. لەسەر پێگەی ئایدیۆلۆژیو لێکدانەوەی چینایەتی کۆمەڵە، چی بووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، سەری گلۆڵە ئاڵۆزەکەی ستراتیژی قۆناغ بە قۆناغی

یەکێتی، لە شامەوە، هەتا هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەو ناشتنی لەناو مەزارگای رازاوەی یەکێتیدا، دەردەخات.

مەترسیدارترین سیاسەت، لە کوشتنی بنەمای جیاوازیەکانەوە دەستپێدەکات. کاتێک جیاوازییە بنەڕەتیەکان، دەتاسێنرێ.. ئیدی بەتەواوی رۆحی جیاوازیەکان دەکوژرێ.. ئیتر مەترسیە گەورەکان لەسەر جیهانبینییە جیاوازەکان دەبنە مۆتەکەی دەسەڵاتو دەسەپێنرێن. لێرەشەوە، لە کوشتنی ئەم جیاوازیانەشەوە، ئازادیو دیموکراسی بە رادەیەکی کەمیش.. کۆتاییان دێ!

(١٣)
نەوشیروانو نائومێدیی!

نەوشیروان، یەکێک لە سیفاتەکانی ئەوەبوو، لە هەر دۆخێکدا قەناعەتی چۆن بوبێ، راستیەکان وەکو خۆی دەگێڕێتەوە. قەناعەتی دژەکانیشی، چۆنی بوێ، هەڵدەگێڕێتەوە. جگە لەو بۆچوونانەی مام جەلال دەیانگێڕێتەوە، خۆیشی راشکاوانە، باسی هەڵوێستە سەرەتاییەکانی دەکاتو لەسەر کۆمەڵە دەڵێ:

"ئەو چەند ساڵە من دور بوم لە کاری کۆمەڵە. ئێوە ماندو بونو فیداکاریتان کردوە. نامەوێ من بێمە سەر حازری. چی بە من بکرێ بۆ پشتیوانیتان درێخی ناکەم، بەڵام ئەمەوێ لەدەرەوەی کۆمەڵە بم. من ئەندامی "دەستەی دامەزرێنەر"م، خۆم بە رۆتینی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیم وەکو هەڤاڵەکانی تر. چاکتر وایە ئەو جێگایەی بۆ منی تەرخان ئەکەن بیدەن بە برادەرێکی تر. سەرباری ئەمانەش لێتان ناشارمەوە: من باوەڕم بە کۆمۆنیزم نیە".

راستییەکەشی ئەوەبو: توشی «خیبة أمل» بوبوم لێ یان، ئەمویست بێ ئەوەی دڵیان بشکێنم، تێکەڵاوی کاری ناو کۆمەڵە نەبم، جگە لەوەش کەسانی وەکو کاک خالیدو عەلی عەسکەری رەئیان وابو بەهەمومان رێکخستنێکی تازە بەگوێرەی پێویستیەکانی شۆڕشەکە دابمەزرێنین، جێگەی بزوتنەوەو کۆمەڵەو خەتی گشتی بگرێتەوە.[1]

ئەم قسانە، پێویستە لە فۆرمی سۆزو گێڕانەوەی سەرپێیی دەربهاوینو بگەڕێینەوە بۆ رەگەزە راستەقینەکانی بۆچونەکان. بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن لە جیاوازیە ئایدیۆلۆژیەکان

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ. ل(١٧٢).

بگەڕێین. سیاسەتمەدارێک (٧) ساڵ لە کۆمەڵە دوور بوبێ؛ لەو (٧) ساڵەدا، یەک دانە جاریش پەیوەندی پێوە نەکرابێ؛ خۆیشی نامەی بۆ کۆمەڵە نەنوسیبێ؛ کە یەکێتیش دادەمەزرێ، مام جەلال وەکو کەسایەتیەکی بێلایەن پەیوەندی پێوە دەکاتو لە دەستەی دامەزرێنەریشدا، بەهۆی تێکۆشانی دێرینو تواناو هاوڕێیەتیەوە، دادەنرێ؛ دوای (٧) ساڵ، دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی، شۆڕشێکی نوێ لەسەر داروپەردوی هەرەس، بەرپا کراوە. تا ئەوکاتە، لەدەرەوەی وڵاتەوە، دەستەی دامەزرێنەر، یەک چەکیان بۆ نەناردون. بە پشت بەخۆبەستنو ئیرادەی شۆڕشگێڕانە، شۆڕشیان بەرپا کردووە. هاوڕێیانی کۆمەڵە لە زیندانداا، زۆربەیان نمونەی قارەمانێتی (کەم بژیو کەڵ بژی) بوون. کەسوکاری پێشمەرگەکان، راپێچی زیندان کراوون. لەبری ئەوەی شانازی بە رێکخستنێکەوە بکات، کە حەوت ساڵ، ئاگایشی لێی نەبووە. لەو حەوت ساڵەدا، خەریکی ژیانی خۆیو خۆشیی ژیانی بووە. کەچی لە یەکەمین دیدارەکاندا جەنابی پێی وایە:

– توشی (خیبة أمل) واتە نائومێدی بووم لێیان.

– ئەمویست بێ ئەوەی دڵیان بشکێنم، تێکەڵاوی کاری کۆمەڵە نەبم.

– خالیدو عەلی عەسکەری رەئیان وا بو بەهەمومان رێکخستنێکی تازە بەگوێرەی شۆڕشەکە دابمەزرێنین، جێگەی بزووتنەوەو کۆمەڵەو خەتی گشتی بگرێتەوە.

– بۆچی توشی (خیبة أمل) بووە؟

– ئایا ئەم بۆچونەی راست بووە؟

– ئایا ئێمە وڵاتمان جێهێشتو هەڵهاتین بۆ سوریاو لەوێوە، دەستیان گرتوینو هێناویانینەتەوە؟

– ئایا بەرنامەی بەرپاکردنی شۆڕشمان تێکداوە؟

– ئایا شیرازەی پساوی کۆمەڵەمان نەگرتۆتەوەو یەکەمین شانەکانی یەکێتیمان دروستنەکردووە؟

– ئایا کە دەستەی دامەزرێنەر لەدوای چەندین هەوڵی ناردنەوەی مەفرەزەکان لە قامیشلووە بۆ بادینان، شکستیان خوارد، ئێمە ئیتر کۆڵمان دا و دەستمان لە شۆڕش بەردا؟

ئەم بۆچونە، بۆچونێکی نەهلستییە (پوچگەرایی) بێبڕواییە بە گۆڕانکاریو ململانێی کۆڕی خەبات. لەم بۆچونە پوچگەراییەشەوە حوکم لەسەر پێگەی کۆمەڵەو دواڕۆژی یەکێتی دەدات، هەر لەم روانگەشەوە، دێتە ناو کۆمەڵە. ئەم بۆچونەش زۆر درەنگ

ئاشکرا دەکات.. ساڵەهای ساڵ بۆچونە پوچگەراییەکەی دەشاریتەوە. سروشتیشی لەو بابەتەیە کە قینی هەڵدەگرت، قینەکەی دەرنەدەبڕی، هەتا بۆی هەڵدەکەوت بە هێز و دەسەڵاتی رەهاوە، قینەکە هەڵبڕێژێ!!

مام جەلالو نەوشیروان، لە یەکەمین رۆژی گەڕانەوەیان، بەوشێوەیە، لەو هەموو خێڵە چەکدارەو لەو بێسەروبەرییەی هێزەکان نائومێد بوبنو بەناچاریی مابنەوە، ئەی کۆمیتەی هەرێمەکان چی بوونایەو چیمان بکردایە، کە لە یەکەمین مانگی ٨/ی ١٩٧٦وە، توشی ئەو دۆخە چاوەڕواننەکراوە بوین؟ ئایا، ئێمەش توشی (خیبة أمل) بوینایەو هەڵبهاتینایە، یان بەرگەمان بگرتایە؟ هەڵهاتن لەتورکیاوە ئاسان بووە.. هەروەکو زۆر کەس دەڕۆیشتن. بەڵام چۆن لەدوای رۆشتنی سەرکردایەتی کۆمەڵە بۆ ئێران، کۆمیتەی هەرێمەکان خۆمان گرت تا شۆڕشمان کرد، هەر بەوشێوەیە، لەدوای ئەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست، گەوهەری شۆڕشەکەیان کردە، بزوتنەوەیەکی چەکداری پانوپۆڕ، کۆمیتەی هەرێمەکان زۆرمان پێناخۆش بوو، بەڵام کۆڵمان نەداو بەردەوام بوین. بەداخەوە، دوای گەڕانەوەی مام جەلال-نەوشیروان بەچاوی خۆشیان لێشاوی خۆبەدەستەوەدانیان بینی، کەچی هەر پشتیوانی بزوتنەوەیان پتر کرد. ئەمەش پەیوەندی بە بەرنامەکەیانەوە لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیەوە، بۆ کردنی یەکێتی بە حیزبێکی جەماوەریی، هەبوو. هەر دوای گەڕانەوەی مام جەلال-نەوشیروان، قسەشیان تیا کردبوو.

ئینجا نەوشیروان نەشیویستووە، دڵمان بشکێنێو هەوڵیشی داوە تێکەڵاوی کۆمەڵە نەبێ. عوزر لە قەباحەت خراپتر. رۆژگار دەریخست، مەسەلەکە دڵشکاندن نەبووە. بەڵکو بەرنامەیەک لەئارا بووە.. ئەویش بەرنامەی بەتاڵکردنی گەوهەری کۆمەڵە بووە لە بۆچونە چەپو چینایەتیەکەی.. هەتا بەبێ کاردانەوەو هەڵوێستی جیابونەوە، بتوانن هەڵیبوەشێننەوە!

سەد مەخابن، شەهید ئارام دەستبەجێ نەهات بۆ بادینانو دۆخەکەی بەچاوی خۆی نەدی. ئەگینا، نە کۆمەڵە رووماـن لە نەوشیروان دەنا بەو (خیبة أمـل)ەوە، بێتە ناو کۆمەڵەو نوێنەرایەتی کۆمەڵە بە ناخی پوچگەراییەوە بکات. نە چارەنوسی کۆمەڵەش بەوە دەگەیشت، هاوڕێیەک خۆمان رووماـن لێنابێ بێتە ناو کۆمەڵە، کەچی سەرەنجام پەلامارمان بداتەوە. بەناوی پاراستنی شۆڕشو کۆمەڵەوە، تاوانیش بەرامبەرمان بکات. ئەو شۆڕشەی سالانی (١٩٨٨-١٩٨٩) نەوشیروان سەدان کەسی پاڵپێوەنا خۆیان تەسلیم بکەنەوەو دەشیویست ئاشبەتاڵی پێ بکات. یان ئەو کۆمەڵەیەی بەئاشکرا پیلانی لێگێڕاو لەناو یەکێتیدا، هەڵیوەشاندەوە.

لە هەموو ئەو باسانە سەیرو سەمەرەتر، دوا بڕگەی قسەکانێتی کە دەفەرموێ.. ویستومانە لەگەڵ د.خالیدو عەلی عەسکەری، ڕێکخستنێکی تازە بەگوێرەی شۆڕشەکە دروست بکەین.. جێگەی کۆمەڵەو خەتی گشتیو بزوتنەوە بگرێتەوە..

لەبری ئەو شەهیدە قارەمانانە، یان وەکو شوێنگرەوەی ئەو شەهیدانە، ماف بە خۆم نادەم قسە بکەم، بەڵام دوای نەمانی کۆمەڵەش، بۆم هەیە بپرسم:

ئەرێ.. بەڕێزم! تۆ کە کۆمەڵە نەبووی.. هێشتا کۆمیتەی هەرێمەکان تەکلیفیشیان لێنەکردبووی ببیتە نوێنەرێکی کۆمەڵە، بە چ حەقێکەوە، لەگەڵ ئەو شەهیدانە، کە خۆیان رابەری بزوتنەوە بون، قسەوباست لەسەر ڕێکخستنێکی ئاوها کردووە، کۆمەڵەش قوتبدەن؟

ئەم قسانە، تەنها یەک راستی دەسەلمێنێ، ئەویش ئەوەیە کە نوسەری ئەو چەند دێڕەو مام جەلال، بەو باوەڕە یەکێتییان دامەزراندووەو بڕیاری شۆڕشیان داوە، کە خۆیان بە خاوەنی کۆمەڵەش زانیووە. چۆنیان بوێ لەکاتی خۆیدا وا لە کۆمەڵە بکەن. بەڵێ بەو خەیاڵە گەڕاونەتەوە. پێش کۆمیتەی هەرێمەکان، حسابیان بۆ سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵەش نەکردووە!! بەڵام کە بۆچونی کۆمیتەی هەرێمەکانو شەهید ئارامیان بۆ پاراستنی کۆمەڵە زانیووە، ناچار بوون، بەرنامەکەیان دوابخەن، هەتا دۆخی گونجاو بۆ بەرنامەکەیان ڕێکدەخەن.

بەش بە حاڵی خۆم، لام سەیر نییە، نەوشیروان وتبێتی باوەڕم بە کۆمۆنیزم نەماوە. یان بە مارکسیزم، یان بە چەپگەراش، ئەمەیان دەچێتە خانەی ئازادی باوەڕەوە. بەڵام ناهەقیەکەی لەوەدا بوو، بەو بێباوەڕییەی بە فەلسەفەکە، پێچەوانەی باوەڕی خۆی، قبوڵی کردوە ببێتە سکرتێری کۆمەڵە. ئەمەش بەڵگەیەکی تڕە لەسەر ئەوەی خۆیو مام جەلال، بە ستراتیژێکی جیاواز گەڕاونەتەوە.. ستراتیژێک لەگەڵ ئەوسای ڕێبازی چینایەتی کۆمەڵە، نەدەگونجا. باوەڕی بە فەلسەفەی کۆمەڵە نەبوبێو قبوڵیشی کردبێ هەتا کۆمەڵە هەڵدەوەشێنێتەوە، ببێتە سکرتێری.. کەوابێ: هەموو ئەو ساڵانە بەپێی پیلان هاتۆتە ناو کۆمەڵە، کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەشی هەر بەپێی ئەو پیلانە سازداوە، پشوودرێژییەکەی تەنها بۆ ئەوە بووە هەلی دەستبکەوێ، ستراتیژی پیلانەکە بەدەست بهێنێ، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەیە.. کە کردی!!

قەناعەتێکی تریشی لەسەر سەرکردایەتی کۆمەڵە هەبووە، ئاماژەپێکردنی بە گرنگ دەزانم:

"سەرانی کۆمەڵە گەنجی خوێندکارەو تونددڕەو بون، خۆیان بە نوێنەری بیری پرولیتاریاو بزوتنەوەیان بە نوێنەری بیری بورجوازی ئەزانی. لە کتێبە مارکسیەکان دا خوێندبویانەوە. کە شۆڕش بە سەرکردایەتی بورجوازی سەرناکەوێ لەبەرئەوە ئەبێ پرولیتاریا سەرکردایەتی بکا. نەیان ئەشاردەوە کە ئەبێ سەرکردایەتی شۆڕشەکە بە دەس ئەوانەوە بێ".(١)

با شییانبکەینەوەو ئەم نەوە دووەمەی گەنجو خوێندکارەم، بە نەوەی یەکەمی ئەزموندیدە بەراورد بکەین:

- گەنجی خوێندکارەو تونددڕەو.
- خۆیان بە نوێنەری پرۆلیتاریاو بزوتنەوەیان بە نوێنەری بۆرژوازی ئەزانی.
- لە کتێبە مارکسیەکاندا خوێندبویانەوە کە شۆڕش بە سەرکردایەتی بۆرژوایی سەرناکەوێ.
- نەیانئەشاردەوە کە ئەبێ سەرکردایەتی شۆڕشەکە بەدەست ئەوانەوە بێ.

راستە تەمەنمان زۆر نەبوو، بەڵام تەمەنمان خوار هەژدە سالّیش نەبوو. شەهید ئارام (٣٠) سالّ. سالار عەزیز (٢٨) سالّ. مەلا بەختیار (٢٥) سالّ. ئازاد هەورامی (٢٣) سالّ.

با ئەو تەمەنانە بەراورد بکەین بە تەمەنی زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلولو پارتی:

- مام جەلال سالّی ١٩٥٥ دەبێتە مەکتەبی سیاسی، تەمەنی (٢٣) سالّ دەبێ.
- عەلی عەسکەری سالّی ١٩٥٩ دەبێتە سەرکردایەتی، تەمەنی (٢١) سالّ دەبێ.
- نەوشیروان مستەفا سالّی ١٩٦٧ دەبێتە یەدەگی کۆمیتەی ناوەند، تەمەنی (٢٣) سالّ دەبێ.(*)

لەناو پارتی-قیادە موەقەتە.. بارزانی، سامی عەبدولرەحمان، عەلی عەبدوللا و نوری شاوەیسی لێدەربکرێ، لە مەسعود بارزانیەوە هەتا دوا ئەندامی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیان، تەمەنیان (٢٥-٣٠) سالّ بووە.

لە بابەتەکانی تردا وتومەو کورتەیەکی تریشی لەسەر دەڕۆم. ئایا فەلسەفەو فەلسەفەی سیاسی، تەنها تەمەنو ئەزمونە؟ یان پرۆژەو داهێنانی سیاسیە بۆ قۆناغێک؟ ئینجا چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیە بە دیاریکردنی رێبازی راستو دەربەستبوونێکی

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ. ل(١٧١).

* لە (١٥) سالّیدا، وتاری نوسیووە.

راستگۆیانەشە. هەندێ جار، تەمەنو تاقیکردنەوە، بەتایبەتی شکستخواردن، لەبری سودبەخشین، کێشەی نێوان دوو نەوە دەتەقێنێتەوە. نەوەی کۆن، هەر بە مینتالیەتیەتی کۆن، لێیدەخوڕێ، نەوەی نوێش، بە ئەقڵیەتی هاوچەرخ، دێتە مەیدان.

ئێمەی نەوەی دووەم، گوناحمان نییە، نەوەی یەکەمی کوردایەتی، نە هەلومەرج یارمەتی داوونو نە خۆیشیان لەئاستی قۆناغەکانی کوردایەتی بوون. شکستیان خواردووە. ئەنجامی سیاسەتەکانیان، گەیشتۆتە ئەو دۆخەی (١٩٧٥-١٩٧٨) دوای (٣٠) ساڵ لە دامەزراندنی پارتیو (١٤) ساڵ شۆڕشی ئەیلول، لەگەڵ نەوەی دووەمی سیاسەتدا یەکسان بنەوە. واتا: نەوەی یەکەمی شکستخواردووی پارتی-شۆڕشی ئەیلول-جەلالی-مەلایی، لەگەڵ نەوەی دووەمی شۆڕشی نوێ-شۆڕشی گوڵان هاوتا بونەتەوە. ئاسەوار رابوردویان، هەڵە و شکست بەسەریا زاڵە!

سەربەرزیی بوو، نەوەی یەکەم، نەک سەربەخۆیی، بەڵکو تەنها، دوو حیزبیان هەرەس پێ نەهێنایە. کە سەرکردایەتی نەوەی یەکەم، دوو حیزبیان هەڵوەشاندبێ (هەردوو باڵی پارتی).

- باڵی مەکتەبی سیاسی-جەلالی- ساڵی ١٩٧٠.
- باڵی بارزانی-پارتی- ساڵی ١٩٧٥.

ئیتر رەخنەی چی لە نەوەی دووەم لەسەر کەمئەزمونیو تەمەنی کەم دەگرن؟

هەردوو ئەو حیزبەیان، هەڵوەشاندەوەو هەڵوەدای هەندەران بوبوون.

لە دوای ١٩٧٦یشەوە، کە یەکێتیو پارتی دامەزراوون. شۆڕشی نوێ-گوڵان، بەرپا کرا، نە رابوردوی نەوەی دووەمو نە بە بڕیاری نەوەی دووەم، شەڕی ناوخۆ هەڵنەگیرسا. بەڵکو، بەهۆی نەوەی یەکەمو پێشینەی (جەلالی-مەلایی)و چارەسەرنەکردنی ناکۆکیە سیاسیەکانی دوای هەرەس، دیسان، شەڕێ ناوخۆ سەپێنرایەوە.

نەوەی دووەم، لە شۆڕشی نوێدا، پشووی شۆڕشگێڕانەی درێژ بوو. بەرچاویشی ڕۆشنتر بوو. رقی رابوردوشی نەبوو. بەڵام هەناسەی سیاسیو عەسکەری نەوەی یەکەم، کورت بوو. رقی رابوردوشی هەبوو! شەڕی سیاسیو شەڕی ناوخۆش، هەر نەوەی یەکەم هەڵیانگیرساندن!!

ئەگەر کۆمەڵەکان، خۆیان بە نوێنەری پرۆلیتاریا زانیبێو پێیان وا بوبێ، بۆرژوازی ناتوانێ سەرکردایەتی شۆڕشی رزگاری بکات.. بە ویژدان، ناهەقمان بووە؟ دوور نا..

هەر مێژووی شۆڕشی ئەیلولو هەرەس.. ئەو قسانەمان ناسەلمێنێ. ئەگەر وا نییە.. ئەگەر بۆرژوازی، وەکو پەنجاکانو شەستەکان، هەر پێشڕەوی کوردایەتین، ئەی کۆمەڵە ساڵی ١٩٧٠و یەکێتی ١٩٧٥، بۆ دامەزران؟

سەبارەت بەوەی لە روانگەی پرۆلیتاریاشەوە، ویستومانە سەرکردایەتی شۆڕش بکەین. ئاخۆ.. حیزب هەبێ، بەتایبەتی چەپ، تێنەکۆشێ سەرکردایەتی شۆڕش بکات؟

خۆ کۆمەڵە کە بە نۆرەی خۆی شۆڕشی بەرپاکردووە، هەر ناوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی نەبیستبوو. ئیتر بۆ بیشارێتەوە کە سەرکردایەتی شۆڕش بکات؟

سەیرە.. کە یەکێتی دادەمەزرێ، کۆمەڵە دەبێتە ئەندامی یەکێتی. بەڵام بزوتنەوە، بەپێی قسەی مام جەلال:

"بۆ یەکەمجار لەوێدا دو پێشنیاز باس کرا و قبوڵکرا، لەوانە قبوڵکردنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی لەناو ریزی یەکێتیدا، هەروەها دانانی سکرتێری گشتی بۆ یەکێتیو فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. من بە سکرتێری گشتیو عەلی عەسکەری بە فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵبژێراین".[1]

دوای ساڵێکو دوو مانگ لە دامەزراندنی یەکێتی، بزوتنەوە قبوڵ دەکرێ. دەی "کاکە نەوە!" دەیەوێ کۆمیتەی هەرێمەکان، زیاتر لە ساڵێک لە خەڵوەتدا بمێنێتەوەو باسی سەرکردایەتی شۆڕش نەکات.. هەتا بزوتنەوە لە یەکێتیدا قبوڵ دەکرێن!! بەڵکو بە هاوتایی شۆڕش بکەن!! بە مەرجێ هەر نەشزانرابێ بزوتنەوە دروست بووە!

رەخنەگرتن، دوای ساڵەها لە روداو، قورستر لە رەخنەگرتنی دەستبەجێی روداو. چونکە دوای ساڵەها، نوسەر یان رەخنەگر، دەبێ زەمانو زەمینەی روداو، چۆنیەتی روداو، کاریگەری ڕێڕەوی روداو، تەواوی بەشدارانی روداو، هەموو لەبەرچاو بگرێ. لەکاتێکدا، رەخنەی دەستبەجێی روداو، دۆخی روداوەکە دیارە. گەرچی لەوکاتەشدا، روانگەی رەخنەکان لە روانگەیەکەوە بۆ روانگەیەکی جیاواز، دەگۆڕدرێ. تەنانەت ئەوانەی لەناو روداوەکانن، لەگەڵ ئەوانەی لەدەرەوەی روداوەکانن، وەکو یەک رەخنە ناگرن. وەکو یەکیش روداوەکە نابینن.

روداوێکیش، لایەنێک، یان چەند کەسایەتیەک، کاری ناڕەوا، یان تاوانیان لەناویا ئەنجامدابێ، کەمتر بۆچونەکانیان بەهەند وەردەگیرێ. چونکە کەمجار لەمێژوودا، تاوانبار، راستگۆیانە دان بە تاوانەکانیدا دەنێ.

---

١ مام جەلال. دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری. ئامادەکردنی: سەلاح رەشید. ل(٧٨).

نەوشیروان، هەر لەسەرەتاوە، بە باوەڕنەبونی پێشوەخت، بە کۆمەڵەو مارکسیزمو چەپ، گەڕاوەتەوە. کە گەڕاوەتەوە، کێشەگەلی ناو شۆڕشی دیووە، هەر زوو ویستویەتی هەڵەی لایەنەکانی کێشەکە (کۆمەڵەو بزوتنەوە) وەکو یەک تەماشا بکاتو دادگایی بکاتو چۆنیەتی حوکمدانەکەش، لە باوەڕی خۆیەوە، بکاتە پاڵپشتی ئەو بۆچونانەی پێشوەخت هەیبووە، لەسەر کۆمەڵەو مارکسیزم.

دوای ئەوەی دەبێتە (نەوشیروان مستەفا ئەمین)ی سکرتێری کۆمەڵە، ئەم زاتە بیری دەچێتەوە (٧) دانە ساڵ، لە خەمو پەژارەی کوردایەتیو کۆمەڵەدا دوور بووە. لە شۆڕشی ئەیلولدا، وتارێکیشی دژی بەعس نەنوسیووە. چونکە پارەی کەسوکاری لەڕێی عێراقەوە بۆ ڕۆشتووە. باشترین بەڵگەش، کە دژی عێراق لەو ماوەیەدا نەجوڵاوە، ئەوەیە کە پاسپۆرتەکەی لەڕێی سەفارەتەوە گۆڕیووە. سەفارەتیش پاسپۆرت بۆ دوژمنەکانی ناگۆڕێ!

هەلومەرج دەگۆڕدرێ، مام جەلال پەیوەندی پێوە دەکات، لە شەو و ڕۆژێکدا دەبێتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، واتا: ئەگەر مام جەلال هاوڕێی نەباو بانگهێشتی نەکردبا بۆ دامەزراندنی یەکێتی، کۆمەڵە پەیوەندییان پێوە نەدەکرد.[*] بەڵگەش ئەوەیە، ئەو ساڵانەی لەدەرەوەدا بووە، کۆمەڵە بۆ یەک جاریش پەیوەندی پێوە نەکردبوو. پەیوەندیشی پێوە نەکرابا، ئەوپەڕەکەی بڕوانامەی دکتۆرای هێنابا. ڕەنگبوو دوای ڕاپەڕین، وەکو سەدان خاوەن بڕوانامەی دیکە، هاتبایەتەوە. یان وەکو جەمال نەبەز هەر نەگەڕابایەتەوە. بەڵام کە دەکرێتە دەستەی دامەزرێنەرو پاشان سکرتێری کۆمەڵە، بەرە بەرە رابوردوی بیردەچێتەوە. ئەو رابوردوەی جەلالی، کە کۆمەڵە لە دامەزراندنەوە ڕەتیکردەوە. رابوردوی گۆڤاری رزگاری، کە هەرگیز کۆمەڵە، شانازییان بە ڕەوتی ڕۆژنامەکەو گوتارە پیاهەڵدانەکانی بەعسو، قوولکردنی شەڕی جەلالی–مەلایی نەدەکرد. تەنانەت لەدوای ڕاپەڕین، خۆیشی چاپی نەکردەوە. بەڵکو وتاربژێری وتارەکانیشی نەکرد، کە لە گۆڤاری رزگاریدا، بڵاوی کردبونەوە. چونکە دەیزانی زادەی شەڕی ناوخۆی پاڵ حکومەتی بەعسن. بەڵکو زۆربەی وتارەکان ڕووی خوێندنەوەیان نەبووە!

* ئازاد خۆشناو بۆی گێڕاوینەتەوە کە: مام جەلال سەرەتا ناتوانێت قەناعەتی پێ بکات. ئازاد خۆشناو چۆتە لایو بڕوای پێبهێنێ! بەمیش ڕازی نەبووە. هەتا دیسان مام جەلال قەناعەتی پێکردووە!

(١٤)
دانوستانی بێهوده!

لە هەر بەشێکی کوردستاندا، کە شۆڕش بەرپاکرا، هەتا راپەڕینی گەلانی دیکەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لەناودا دابەشکراوە، بەرپانەکرێ، دانوستان رەتناکرێتەوە. بۆ؟

چونکە سروشتی خەباتی چەکداریی کوردستانی گەمارۆدراو، وایە، لە کوردستانەوە بەتەنها حکومەت مەحاڵە بڕوخێندرێ. کە حکومەت نەڕوخێو راپەڕینی گەلانیش بەرپانەکرێ، دۆخی ئەوتۆ دێتەپێشەوە، دانوستان رەتناکرێتەوە. بەتایبەتی ستراتیژی هێزە کوردستانیەکان، لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا، ستراتیژێکی نەزۆکە.. ئەویش دیموکراسی بۆ ئەو وڵاتانەو کوردستانی ئۆتۆنۆم. تا ئیستا ترۆتسکی راستی گوتووە کە: بۆرژوازی وڵاتانی دواکەوتوو، ناتوانن دیموکراسی بەدی بهێنن. سەدەیەکە ئەو بۆچونە راستو دروستە! دانوستانیش لەسەر بنەمای دیموکراسی بۆ عێراق، ئینجا ئۆتۆنۆمی بێتەدی، لە بنچینەدا، ستراتیژێکی هەڵە بووە. چونکە ئۆتۆنۆمیەکە گرێدراوی دیموکراسی بەدیهێنانە لەناو وڵاتانی داگیرکەر، وڵاتی داگیرکەریش، خۆیان شۆڕشی دیموکراسیان نەکردبێ، چۆن لەسەر داخوازی کورد، یان لەژێر فشاری شۆڕشی کوردستاندا، دەبنە دیموکراسی؟

لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، راپەڕینی چەکدارانە نییە، سەردارانی کورد، بە دڵخواز، یان بە ناچاریی، پەنایان بۆ دانوستان نەبردبێ. بەدرێژایی ئەو مێژووەش خەباتی رزگاری کوردستان، لە هیچ دانوستانێکدا، لە قەڵەمڕەوی عوسمانیەوە، هەتا دەگاتە قاجاری، مەلیکی، کۆماریو ناسیۆنالیستی، لە دانوستانەکاندا نەک مافی سیاسی کوردستانیان، لە قۆناغە جیاوازەکانی کوردایەتیدا، نەسەلماندووە، بەڵکو ئەگەر غەدریان لە سەردارانی کورد نەکردبێ، لە باشترین حاڵەتدا، لەگەڵ بەڵێنەکانیان راستگۆ نەبون. تەواوی دانوستانەکان بۆ مانۆڕی فێڵکردن بووە لەگەڵ کورد!

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، سەرداری هەڵکەوتوو، شێخ عوبێدوڵڵای نەهری، بۆ گفتوگۆ، سەردانی ئەستەنبوڵی کرد. پێشوازییەکی شاهانەیان لێکرد.. بەڵام هیچیان بۆ نەکردو دەستبەسەر هێشتیانەوە، هەتا بە پاسپۆرتی ئەرمەنیەک، لەڕێی دەریاوە، هەڵهاتو گەیشتە ورمێو پاشان هەکاری.

"لەئەنجامی ئەم هەوڵانەو لەژێر فشاری زلهێزەکان بۆ سەر بابیعالی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بڕیاری دەستگیرکردنی شێخ عوبێدوڵڵایان دەرکرد، و لە تەموزی ١٨٨١دا توانیان ناچاری خۆبەدەستەوەدانی بکەنو گواستیانەوە بۆ ئەستەمبوڵ. لەوێ لەسەر ئاستی فەرمیو میللیدا وەک میوانێکی ئازیز پێشوازی لێ کرا، بەڵام زۆری پێنەچوو بۆی ڕوون بۆوە کە ئەو دەست بەسەرە".[1]

لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، سمکۆی شکاک، سەرەڕای هەڵەی جۆراوجۆر، بەتایبەتی بە فێڵ کوشتنی (مار شەمعون)ی رابەری ئەرمەنەکان، بەڵام ڕاپەڕینەکەی حکومەتی شای هێنابووە گیروگاز. داوای گفتوگۆیان لێکردو تێکەوت؛ بەبێ مشور چووە شوێنی دانیشتنەکە، وەکو خووی هەمیشەیی عەجەم، خۆیو هاوڕێکانیان شەهید کردن.

لە باشوری کوردستاندا، چەندین جار شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزو حکومەتی پاشایەتی کەوتە دانوستاندن، لە دوائاکامدا، تەنها بەوە قایل بوون هەندێک مافی کولتوری بە کورد بدەنو خۆیشی دەستبەسەر لە گوندی پیران-داری کەلی دانیشێو هەقی بەسەر سیاسەتەوە نەمێنێ. بە ناچاریی شێخ رازی بوو. بەڵام کە ڕاپەڕینی ١٩٣٠/ی بەردەرکی سەرا بەرپا بوو، شێر لە بێشە دەرئەپەڕیو لە خانەقینەوە هەتا زاخۆ، داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردەوە. لەمەشیاندا سەرنەکەوتو دووڕخرایەوە بۆ تاراوگە. بەڵام حکومەتی عێراق، وەکو شای ئێران، غەدری کوشتنیان دژی شێخ ئەنجام نەدا.. گەرچی چەندین جار شێخ دانوستانیشی لە بەغدادو شوێنی جیا جیادا، لەگەڵدا کردون.

لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهاندا، دوای لەدەستدانی هەل، کۆماری مەهاباد راگەیەندرا. کە جەنگ راگیرا و پەیمانی ئەتڵەسی ١٩٤٥ مۆر کرا، شورەوی بەرژەوەندی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ئۆروپادا کردە ستراتیژی سەردەمەکەو پشتی کردە شۆڕشەکانی: یۆنان، ئیسپانیا، ئازەربایجانو کوردستان. ستالین، لەو دۆخەدا دەریخست، سیاسیەکی پراگماتیکیە[*] نەک ئینتەرناسیۆنالیستی. لەوساوە دەبوایە کۆمۆنیستەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو سیاسەتە تێبگەن، بەڵام بەهۆی پاشکۆیەتیو شانازی پێوەکردنی سەرکەوتنی لەشکری سوور، بەسەر نازیزمدا، نەک کۆمۆنیستەکانی

---

١ د.سەعدی عوسمان هەروتی. بزاڤی رزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا (١٨٨٠-١٩٣٩ز). هەولێر-٢٠٠٧. بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان. ژمارە (٣٠). ل(٢٥).

د.کمال مظهر. دراسات في تاريخ ايران. (ص(٢٣٩-٢٤٠).

* پراگماتیک.. فەلسەفەیەکی سیاسییە، پشت بە قازانجی مادیو دەسەڵاتداریتی دەبەستێ، بەس!!

رۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاسـتـو دونیا، بەڵکو هێزە کوردستانیەکانی هـەر چـوار بەشـەکەی کوردستانیش، گەوهـەری هـەڵگـەڕاوەی سیاسـەتی ستالین–شورەوی، فەرامۆش کردو بۆڕبۆڕێنیان بـوو، هـەتا شـورەویـش روخـا، شـورەوی رازی بکەن. ئەمە لەکاتێکدا، چەپـو بیرمـەندانی رۆژئاوا، لەکۆتایی پەنجاکانەوە لە ستالینو شورەوی تێگەیشتنو لە شـەستەکانیشـەوە زۆرترین حیزبی مارکسستی لە رۆژئاوادا، هـەڵوێستیان دژی شورەوی وەرگرت. تەنانەت پیاچونەوەش بە فەلسـەفەی کۆمۆنیزم دەستپێکرد. بەتایبەتی دژایەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو نەبوونی دیموکراسی لە رۆژهـەڵاتی ئۆروپا، درانە بەر رەخنەی فەلسـەفی.

سـەرکردەکانی کورد، هـەمیشـە کوشتەی ئەوەن حکومـەتە گەورەکان، رازی بکەن. یان ببینن. هـەر حکومـەتێک بوبێ! ئەمـە بەشێکی سایکۆلۆژیەتی سیاسی سـەرکردەکانی کوردستانە، بەبێ گوێدان بە سیاسـەتی ئەو حکومـەتانە بەرامبـەر کورد خۆیشی!

پێشـەوا قازی، پێشتر کە کۆمار بـەهێز دەبێو شورەوی پشتیوانی دەکات، سـەردانی تارانی کردبوو، بـە ئەقڵێکی سیاسی گـەورە، لەگەڵ کاربـەدەستانی تاراندا، گفتوگۆی کردبوو. ئێستاش هۆکاری ئەو دیـدارە، چی بووەو بۆچی دیدارەکە هیچی لێ سـەوز نەبوو، هێشتا بنچو بنەوانی ئەو گفتوگۆیە، کە لەوکاتەدا زۆریش گرنگ بوو، سـەرۆک کۆماری کوردستان کاربـەدەستانی ئێران ببینێ، وەکو پێویستە تویژینەوەی لەسـەر نەنوسراوە. کە پێموایە، شورەوی، یان ئەمریکاو بەریتانیا، دەیانتوانی چارەسـەرێک بۆ ئەو کێشـەیە بۆ کوردستانو ئازەربایجان، لەسـەر ئاستی سیستەمو دەستوردا، بدۆزنەوە. بەتایبەتی چارەنوسی ئێران لەو دۆخـەدا، بەدەستیانەوە بوو! بێگومان رەنگدانەوەی پۆزەتیڤی بۆ سـەرانسـەری ئێرانیش، جێدەهێشت. بەڵام لەو هـەلومـەرجەدا، زلهێزەکان تەنها کێشـەگەلی گەورەیان مـەبـەست بوو، نـەک بچوکتر. نـەیاندەزانی، هێشتنەوەی ئەو کێشانە بە چارەسـەرنەکراوی، دەبنە ماکی سـەرهـەڵدانەوەی کێشـەی جۆراوجۆری بـەردەوام، تەنانەت سـەلەفییە توندڕەوەکانیش لە سییەکانەوە سودیان لێوەرگرت!! لە ئیسپانیاش، شـەڕی ئەهلی بەرپا بوو. ئازەربایجان، ئێستاش هـەڵنەسایەوە. کوردستانیش بە داگیرو دابەشکراوی مایەوە. تەواوی ئەم کێشانەش، نابڕێنەوەو سـەریشهـەڵدەدەنەوە!

ئەوەی لە کۆماری مـەهابادا، هێشتا تیشکی لێکدانەوەی هـەمـەلایەنەی نـەخراوەتەسـەر، ئەوەیە، کە بۆچی پێشـەواو دیموکرات، بـەوە رازی بون، جـەنگی دووەم تەواو دەبوو، لە کۆنگرەکانی یالتاو تاراندا، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمان لە ئێران درابوو،

بۆچی بەبێ دەستەبەر، بەبێ رێکەوتن، کۆماری کوردستانو ئازەربایجان رازی بوون، لەو کۆتاییەی جەنگو لەکاتێکدا رێکەوتننامەی نێودەوڵەتیش مۆرکرابوو، بۆ چۆڵکردنی ئێران، کەچی بەقسەی شورەوی، کۆمارەکانیان راگەیاند؟! ئەم بڕیارە لەو دۆخەدا، بەبێ دەستبەرو پەیمانی شورەوی بۆ پاراستنی کۆمارەکان، نیشانەی ئەوەیە، پێشەوا و پیشەوەر، مەترسیەکانی بڕیارەکانی کۆنگرەکانی (یالتا–روسیا)و (تاران)یان لەبەرچاو نەگرتووە. کە ئەو کۆنگرانە بە ئامادەبوونی سەرۆکی زلهێزەکانیش سازدرابوون! تەنانەت هاوکاریو یارمەتیەکانی شورەوی بۆ هەردوو کۆمار، کەمبایەخ بووە. ئەمە لەکاتێکدا شورەوی لە رووی تەکنەلۆژیای جەنگەوە وڵاتێکی زەبەلاح بوو، لەشکری سوور، ئەڵمانیای نازی تێکوپێک شکاندبوو. داستانی ستالینگرادو گرتنی بەرلینو کوشتنی هیتلەری تۆمار کردبوو.

ستالین توانی، رۆژهەلاتی ئۆروپا، بە بەشێکی ئەڵمانیاو بەرلینی پایتەختیشەوە، بخاتە ژێر هەژمونی شورەویەوە، تۆ بڵێی نەیتوانیبێ، یارمەتی کۆمار بدات.. یان هیچ نەبێ، پێشەواو هاوڕێکانی لە مردنو خەڵکی ئازەربایجان و کوردستانیش لە مەینەتی ئەرتەشی شا، بپارێزێ؟!

ئەو روداوانە دەریدەخەن، کە زلهێزو رابەرە گەورەکان، بەرژەوەندیان چی بخوازێ، لەکاتی جەنگو ئاشتیدا، هەر ئەو بڕیارانە دەدەن. نە وڵاتانی سۆسیالیستیو نە سەرمایەداری، لەبەرامبەر بەرژەوەندیاندا، گوێ نادەنە سۆسیالیزمو دیموکراسیو مافی چارەنوسی گەلان. شورەوی لە جەنگی دوەمدا، کۆماری کوردستانو ئازەربایجانی فرۆشتو گوێی نەدایە سۆسیالیزمو مافی گەلان. ئەمریکاش لە شۆڕشی ئەیلولدا، بۆ بەرژەوەندی خۆیانو ئێران لەکەنداودا، هەمان سیاسەتی پەیڕەو کرد، گوێی نەدایە دیموکراسیو مافی گەلان! سەرکردایەتی سیاسی کوردایەتیش، تا ئێستاش، لەبەرامبەر داگیرکەراندا، هەر عەودالّی پەیوەندین بە زلهێزەکان.. گەرچی هێشتا، دەستەبەری نێودەوڵەتیش بۆ مافی چارەنوسی کوردستان، لەئارادا نییە!

باشوری کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلولدا، کانگای دانوستانە لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق. لە زەمانی مەلیکەوە هەتا ئیستای کازمیش. جگە لە بەیاننامەی ٢٩/ی حوزەیرانی ١٩٦٧، کە هەندێک مافی کولتوریو ئیداری بۆ کورد سەلماندبوو، بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ گرنگترین بەیاننامەی مێژووی کوردایەتیو داگیرکەرانی سەرانسەری کوردستانە. بەیاننامەکە نەگەیشتە مۆرکردنی رێکەوتن، بەڵام روداوێکی

گەورە بوو، نەک لەڕووی داننان بە مافە سیاسیو کولتوریەکانی کوردستان، بەڵکو کێشەی کوردی، لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە هەڵبڕی بۆ کێشەیەکی باڵاتر، کە شورەوی‌و گەلێ وڵاتی تر، پشتیوانییان دەکرد. سەرەڕای ئەم راستیەش، گەرچی پارتی بیانوی دەدا بەدەستەوە بۆ شەڕپێفرۆشتنەوەی عێراق بە کورد، بەڵام لەگەوهەردا، رژێمی بەعس، سروشتە ناسیۆنالیستیە-شۆڤێنیستیەکەی، رێگەی نەدا بەیاننامەکە وەکو لە مەتنەکەیدا هاتبوو، دوای چوار ساڵ بگاتە رێکەوتنی ئۆتۆنۆمی.

هەر رژێمێکی ناسیۆنالیستی، کە نەتوانێ چەشنی رۆژئاوا، دەوڵەتی نەتەوە-دیموکراتی دروست بکات، مەحاڵە بتوانێ کێشەی نەتەوایەتی چارەسەر بکات. چونکە، چارەسەرەکردنی کێشەی نەتەوایەتی، یان جیابونەوەیە لە دەوڵەتی داگیرکەر، یاخود چارەسەری دیموکراسییە لەناو هەمان دەوڵەتدا.(*)

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەراپا بۆ دەوڵەتی نەتەوە-دیموکراتی وەرنەچەرخاوون. رەگەزەکانی حوکمڕانییان، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەقی بەستووە. ئەم چەقبەستنە، لەڕووی فەلسەفەی سیاسییەوە، بەربەستە لەبەردەم بونیاتنانی سیستەمی دیموکراسی. کە تا ئێستا، حکومەتە ناسیۆنالیستە پریمیتیڤەکانی (سود نەبینین لە گەشەی کولتوری) عەرەب‌و تورک‌و فارس، ئەو بەربەستە دژە دیموکراسییەیان نەشکاندووە. بۆیە، سەرەڕای ئەوەی عێراق، کانگای دانوستانە لەگەڵ راپەڕینەکانی کوردستان، بەڵام هەمویان ناکام بوون. تائێستاش کە دەستوری هەمیشەیش هەیە، مەترسی ماوە!!

حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە نەک بەربەستەکانی بەردەم دیموکراسی لانابەن، بەڵکو سفت‌و سۆڵتریشی دەکەن؛ ئەو حکومەتانە سیاسەتی حوکمڕانی گرێی ئاین‌و مەزهەب دەدەن؛ بەناوی پیرۆزییەکانیشەوە، بە زەبروزەنگ دەیسەپێنن. بەڵێ.. مەترسیەکی ئێجگار گەورەیە، لەوە قوڵنەبینەوە کە رەگەزەکانی توندوتیژی، تا رادەی فاشیزمی کۆمەڵایەتی-سیاسی، تەنها ئەوکاتانە هەستی پێناکرێ، کە دەسەڵاتەکان زەبروزەنگ دەگەیەنن چڵەپۆپەی درندەیی. هەرگیز نەخێر. زەبروزەنگی درندەیی، لە کولتور، نەریت، کۆهەست، رەفتارو سایکۆلۆژیەتیشدا رۆچووە. تەنانەت، بەئاسانی، پێش

* لە کەنەدا کێشەی کبکیەکان‌و لە بەریتانیا کێشەی ئیرلەندی‌و ئسکۆتلەندەیەکان، دەیان ساڵ بە چارەسەرنەکرای، دوای سەرکەوتنی دیموکراسیش، ماوەتەوە. بەڵام مافە دیموکراسیە-مەدەنیەکانی ئەو سێ گەلە، لەدەستوردا، دەستەبەرە. ئازادیشیان بۆ ریفراندۆم هەیە. بزوتنەوەی نەتەوایەتی بەهۆی مافە دیموکراسی‌و ئابوریەکانەوە، لەو وڵاتانە لاواز بووە، بۆیە لەکاتی ریفراندۆمدا، رێژەی دەنگی پێویست بۆ سەربەخۆیی ناهێنن.

هاتنه سەر حوکم، ئەندێشەی دژندەیی، ڤایرۆس ئاسای ریشەکێشنەکراوی فاشیەت دەگواستریتەوە ناو ئایدیۆلۆژیا، ئایدیا، فەلسەفەی دەسەڵاتو یاساش.[*] هەڵەیەکی گەورەیە وابزانرێ تەنها لە وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتوەکاندا فاشیزم سەرهەڵدەدات. گوایە لە وڵاتانی دواکەوتودا، بە تایبەتمەندی جیاوازەوە، فاشیەت سەرهەڵنادات. ئەمەیان دوور لە لۆژیکی ئەقڵو هاوکێشە کۆمەڵایەتیە دواکەوتوەکەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە ئاینو مەزهەب، لە تەواوی جومگە کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتوریەکانیدا، بنجی داکوتاوە. بۆیە، سیستەمەکان کە نەبنە دیموکراسی، بەڵام لەکاتی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکانیان، بەئاسانی دەبنە فاشیستی. فاشیەتێکیش، زۆرجار دەخرێتە قاڵبی پیرۆزیەکانەوە. مەترسی ئەم فاشیانە، لەم پیرۆزاندنەدایە. هەموو پیرۆزییەکی رەهای سیاسی، سەرەتایە بۆ فاشییەت!

(١٥)
یەکێتیو ناکۆکی هەڵوێست!

لەناو ئەو ریزەوەدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەساڵی ١٩٧٧وە، لەناو مەنگەنەی سیاسەتێکی ناکۆکو نەکڵۆکدا، سەبارەت بە دانوستان بڕیاری داوە.

لە ساڵی ١٩٧٧وە، دوای ساڵێک لە بەرپابونی شۆڕش، گەرچی یەکێتی لە دامەزراندنەوە، دروشمی روخاندنی بەعسی بەرزکردۆتەوە، گفتیشی بە سوریاو لیبیا بۆ روخاندنی رژێم، دابوو. بەڵام لەم قۆناغەدا، گەرچی سەدان چەکداری خێڵەکی، کە بە هەڵە لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەوە، بە پاساوی فشاری چەکداری لەپێناو دانوستانێکی نیوەچڵی بۆ مافێکی کەم، هەڵخرێنرابوون (تعبئة)، بە گەڕانەوەی مام جەلالو کۆبونەوەکانی سەرکردایەتیو رێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی یەکێتی، حکومەت، مانۆڕی دانوستانی هێنایەپێشەوە؛ یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم مانۆڕەی دانوستانی حکومەت، لەو دۆخەدا، بۆ ئەوە بووە کە یەکێتی لەبەرچاوی سوریا–لیبیا–فەلەستینیەکان بخات. چونکە یەکێتی گفتی پێی دابوون، تا روخاندنی بەعس، شۆڕشی عێراقی هەڵگیرساو لە چیاکانی

* لە خولی کادراندا (١٩٨١) بابەتم لەسەر فاشیزمی رۆژهەڵاتی پێشکەش کردووە. ساڵی ١٩٨٥یش، تۆژینەوەیەکم لەسەر فاشیەتی وڵاتانی دواکەوتوو نوسی. کە یەکێتی هاتنە سەرمان لە تەکیە، فەوتاندیان. هەروەها، لە سێهەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەشدا، باسی فاشیەتی دواکەوتوو کرا. لە تەواوی نوسینەکانم (١٩٨٥–١٩٩٣) رژێمی عیراقم هەمیشە بە فاشی وڵاتانی دواکەوتوو زانیووە. لە (٢٠١٥/١٠/٢٥) لەبەرلین کۆڕم لەسەر فاشییەت هەبوو!

کوردستانەوە، بەردەوام دەبێ. بۆ مێژوو، مام جەلال دژی دانوستان بوو. رایشی وا بوو، بەعس مافی کورد نادات. بەڵام لەم دۆخەدا، لەژێر فشاری بزوتنەوەی سۆسیالیست، کە هەمویان، ئەوانەی لەدەرەوە بوون و ئەوانەشیان لەناو شارەکاندا مابونەوە (سالح یوسفی، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی) لایەنگری بێ ئەملاوئەولای دانوستان بون. بەڵکو ئەوکاتە مەترسی لەسەر یەکێتی ناو یەکێتی هەبوو.

مام جەلال، لەگەڵ گەڕانەوەی، باوەڕی شۆڕشگێڕانەو پشووی درێژی هەبوو. هەوڵی دەدا، بزوتنەوە تێبگەیەنێ، کە دانوستان سودی نییە.. بەڵکو هاوخەباتیی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی عێراق و ناوچەکە، دوای چەندین ساڵ، دێتە بەر. بەڵام بزوتنەوە، باوەڕیان بەو تێزانە نەبوو. بەردەوام دژی ئەو بۆچونانە دەدوان. تەنانەت پێشیان ناخۆش بوو، مام جەلال چەند هاوڕێیەکی سازمانی ئینقلابی لەگەڵ خۆی هێنابوەوە! هەر لەسەرەتاوە، سەرەتاکانی بێمتمانەیی بە مام جەلال، لای زۆربەی بزوتنەوە، هەستی پێدەکرا. ئەم بێمتمانەییە لەناو روداوەکاندا، هەتا دەهات، پتر پەرەی دەسەند.

بە ناوبژی (شێخ محەمەد لۆلان) یەکێتی عەلی عەسکەری نارده بەغداد. سەدامیشی دیبوو. بەڵام بە گەڕانەوەی لە چارەسەری سیاسی نائومێد دەبێ. هەتا رادەیەکیش، پرسی دانوستان لەوە بەدوا، پاشەکشە دەکات.

ئەم دۆخە، لەنێوان دوو بۆچونی رەتکردنەوەی دانوستان و بەردەوامیی شۆڕش، هەتا دوای کارەساتی هەکاری بەردەوام بووە. بە شێوازێک، مام جەلال، هەمزە ئاغای قایل کردبوو، وەکو تاکتیک، لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق، سەبارەت بە دانوستان قسە بکات. قسەی کردبوو، هاتیشە لای مام جەلال. ئەم هاتنە، تا رادەیەک بزوتنەوەی سۆسیالیستی دابین کردەوە. لەو ماوەیە، مامۆ مەکتەبی سیاسی هاتنە خڕی ناوزەنگ. هەلێکی باش بوو، ئۆرگانەکانی یەکێتی دابمەزرێن. هەوڵەکەی هەمزە ئاغا، هیچی لێ سەوز نەبوو. بەڵام بۆ مام جەلال گرنگیەکی دیاری هەبوو. لەناو خەڵکو پێشمەرگە، دەرکەوت، حکومەت تەنها لەڕێی مام جەلالەوە ئامادەیە دانوستان بکات. بوژانەوەیەکی کورتخایەن بوو. دیسان ناکۆکی بزوتنەوەو یەکێتی سەریهەڵدایەوە. قوولتریش.

زۆری نەخایاند، سۆسیالیست دانوستانی لەگەڵ رژێم ڕێکخستو د.مەحمود عوسمان، چووە بەغداد.[+] ئەمیش بەهەمان ئەنجامەکەی عەلی عەسکەری گەڕایەوە. واتا:

[+] شێخ مەنسوری حەفید، پیاوێکی دەستپاکو دڵسۆزی کوردستان بوو. قسەی زۆر خۆشە. کە سۆسیالیست مفاوەزاتی کرد. هاتەلامانو گوتی: ئێمە دەڕۆینەوە، خەمتان نەبێ گیپەی گەرم گەرمتان، بەردەوام بۆ دەنێرین!!

سۆسیالیست دوو جار فشاری دانوستانیان بەکارهێنا؛ جارێکیان، لەناو یەکێتی‌و جارێکیشیان دوای جیابونەوە، هەردوو جارەکە هیچی لێ سەوز نەبوو.

خەبات بەردەوام بوو. سۆسیالیست پاڵی دایە پارتی. یەکێتیش، پشتئەستور بە خۆی، درێژەی بە خەبات دا. جارێکی تریش (شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریمو مەلا دەرگەڵەیی) هەر بەناوی گفتوگۆوە هاتن.[*] ئەم هەوڵەش فت!

دیسان، شەڕ و کێشە.. شەڕ دژی رژێمو کێشە لەگەڵ پارتی، سۆسیالیست، پاسۆکو ساغ نەبونەوەی سیاسەتی حیزبی شیوعی، لەنێوان لایەنەکاندا. ناوبەناو لەڕێی حیزبی دیموکراتەوە، هەوڵێک دەدرا. مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە پەیامی دەهێنا.[+] ئەمیش هەر سودی نەبوو.

دوای بزوتنەوە، نەوشیروان‌و فەرەیدون، هەتا رادەیەک زۆربەی سەرکردایەتیش، پشتیوانییان لە دانوستان دەکرد. بەتایبەتی ملازم عومەر، هەوڵی سەرخستنی دانوستانی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ملازم عومەر، سەرکردەیەکی خۆڕاگرو پشوودرێژیش بوو. لەم خولەشدا، مام جەلال، باوەڕی بە ئەنجامی دانوستان لەگەڵ بەعس نەبوو. بەڵام فشارەکە فراوان بوو، مام جەلال لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا، وتبوی: دژم.. بەڵام بەقسەی زۆرینەش دەکەم.

لەسەر دانوستان، چۆنیەتی بیرکردنەوەی مام جەلال‌و نەوشیروان، پێویستە رونبکرێتەوە. ئەمەش پەیوەندی بە کەسایەتی سیاسییانەوە هەیە.

لەسەردەمی جەلالیدا، نەوشیروان پێش مام جەلال، بۆ هەڵوەشاندنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لۆبی کردبوو. سەرەتا مام دەیویست یەکێتیی وەکو حیزبی "کۆمپنتاگ"ی چین، بمێنێ، کە چەپەکان لەناویدا چالاک بون. بەڵام بۆی نەچووە سەر. کە کۆمەڵەش دادەمەزرێ، نەوشیروان دەڵێ: مام جەلالی تیا بێ، من نایکەم. کە دەشچێتە دەرەوەی

* لە شێنێ، من پێشوازیم لێدەکردن. گەیاندمنە لای مام جەلال. یەکەم قسەیان ئەوە بوو، گوتیان: ویستمان نەیەین. مام گوتی: بۆ؟ گوتیان: بیستمان مەلا بەختیار کەمینمان بۆ دادەنێ‌و دژی گفتوگۆیە. تا ئەوکاتە، نەیاندەزانی من مەلا بەختیارم. مام پێکەنی‌و گوتی: ئەوە مەلا بەختیارە، ناردومانە بۆ پێشوازیتان. پێکەنین‌و یەکترمان ناسی!

+ ساڵی ١٩٨٢ بەرپرسی مەڵبەندی یەکی سلێمانی بوم. بە جیهازی راکاڵ هەفتانە، لەگەڵ مام، یان نەوشیروان، یاخود ملازم عومەر راستەوخۆ قسەمان دەکرد. رۆژێکیان ئاسۆی شێخ نوری‌و رەفعەتی مەلاو حەمە فەرەج لام دانیشتبون. ئەندام مەڵبەند بوون. نەوشیروان لە قسەکانیا گوتی: گێلە پیاویان ناردبوو، بەڵام هیچی تازەی پێ نەبوو. برادەران تێنەگەیشتن. وتیان مەبەستی چی بوو؟ وتم: مەبەستی ناردنی مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادەیە بۆ دانوستان، کە (گێلە پیاو)ی عەزیز نەسینی وەرگێڕاوە.

ولّات، هەتا مانگی ٥/ی ١٩٧٥، پەیوەندی بە مام جەلالەوە ناکات.. بەم پێشینەیەوە، ئەم دوو سەرکردەیە یەکیانگرتوتەوە!

نەوشیروان، کەسایەتیەکی بە قابیلیەت بوو. توانایەکی زیاتری لە هەموومان (جگە لە مام) بۆ لێکدانەوەی رووداوەکانو نوسین هەبوو. لە نوسیندا، لە مام کوردی باشتر دەنوسیو مامیش عەرەبیەکەی لەو باشتر بوو. بەڵام سێ گرێ لە کەسایەتی نەوشیرواندا هەبوو:

یەکەم: نەخۆشییەکی فیزیکی-سایکۆلۆژی هەبوو، بە دەستی خۆی نەبوو، هەرکاتێک فشاری عەسکەری، یان سیاسی، یان هەر کێشەیەکی تری لەسەر دەبوو، رەشبینیی دایدەگرتو نائومێدیی بەسەریا زاڵ دەبوو. دەیان جار ئەم حاڵەتەمان لێ دیووە. یان لە ژورەکەی نەدەهاتەدەرەوە، یاوەکو بایکۆتی کۆبونەوەکانی دەکرد.. یاخود بڕیاری دەدا، واز بهێنیو شۆڕش جێبهێڵێ.

دووەم: بەهۆی تواناکەیەوە، کەمترین گوێی لە ئەندامانی سەرکردایەتی دەگرت. بەڵکو لە کۆبونەوەکاندا، بەرامبەر زۆریان (نەک هەمویان!) رووشکێن بوو. لە هەر گفتوگۆیەکیش بهاتایەتەپێش، ئەگەر بواریشی بدایە رای جیاواز بدرێ، لە دوائەنجامدا، بۆچونی خۆی دەسەپاند. پێشتر لۆبیشی بۆ بۆچونەکانی دەکرد!

سێهەم: لە تەنگانەدا ئازا نەبوو. چەند جارێک لێی قەوماوە، لاوازییەکی سەیری پیشانداوە. ساڵی ١٩٧٧ لە چنگیان، جاشیان بۆ هاتووە، لاواز بووە. دوای هەڵهاتنی لای سۆسیالیست، دیسان لە چنگیان، جاش هێرشیان کرد، خۆمی لەگەڵ بوومو شایەتیشم زۆرن، لاواز بوو. هەتا ناردمان بۆ دێی (باراو) خۆمان چوینە پیری شەڕەکە لە نۆدێ، بۆ رزگارکردنی وەهابو کەرتەکەی. لە شەڕی سەرکردایەتیشدا، شەڕ لە شێنێ بوو، ئەو لە ناوزەنگ لاواز بوو.

مام جەلال، بەقابیلیەتترینی ناو یەکێتی بوو. هیلاکیی نەدەزانی. کۆڵدان بەلایا گوزەری نەدەکرد. بەردەوامیش، پێچەوانەی نەوشیروان، گەشبین بوو. لە تەنگانەدا، بێزارە وڕەی بەرز بوو. لەو ساڵانەی لەگەڵیدا بوم، ترسم لێ نەبینیووە. لە کاتی شەڕی شێنێدا، بە سوپای عێراقو ئێران گەمارۆ درابووین، مام مایەی شانازی بوو.. ئەوەندە وڕەی بەرزو، وڕەی پێشمەرگەشی هێندە بەرزتر دەکرد. دەتگوت لە شایداین. بەڵام مام جەلالیش، هەندێک خەسڵەتی هەبوو، هەتا کۆچی دوایی کرد، وازی لێنەهێنا:

یەکەم: توڕە دەبوو. لە توڕەبوندا، بڕیاری هەڵەی دەدا.

دووەم: بێڕادە متمانەی بە نەوشیروان هەبوو، هەرچییەکی لا باس بکردایە، دەیکردە بۆچونی خۆی‌و دەیسەپاند.

سێیەم: لە بڕیاردانداً لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکانیش، زۆر جار، بۆچونی خۆی بە توڕەبون تێدەپەڕاند.

چوارەم: لەکاتی ناکۆکی‌و شەڕدا سەرەتا بەشی ئاشتی تیا نەدەهێشتەوەو هەموو شێوازێکی عەسکەری‌و سیاسی‌و پروپاگەندەی بۆ شکاندنی بەرامبەرەکان، دەگرتەبەر!

پێنجەم: دەرکی سیاسی زۆر بەهێز بوو، لە کۆبونەوەدا، لایەنی سیاسی، یان هەڤالانی سەرکردایەتی، رستەیەکیان گوتبا، لە باقی مەبەستیان تێدەگەیشت. کەمجارم دیووە، لە مشتومڕدا لاواز بێ. لە دانوستانی (١٩٨٣-١٩٨٤) لەگەڵ سەدامدا، بێوێنە ئازا بوو![*] لەم کۆبونەوانەشدا، کەمتر گوێی دەگرت.. زۆرتر قسەی دەکرد.

ئەم دوو کەسایەتیە، بیرکردنەوەیان، سروشتیان، قابیلیەت‌و باری دەرونیشیان، لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕش‌و راپەڕین‌و حوکمڕانیدا، بە خەسڵەتی جیاوازەوە، کاریگەری قوڵیان لەسەر یەکێتی‌و رۆداوەکان هەبوو. گەلێ جار، نەوشیروان پێشتر، مام جەلالی گوش دەکرد، پاشان کۆبونەوەکانیان بەڕێوەدەبرد.

سەرەڕای ناکۆکی‌و جیاوازییان، لە هاتنەوەیانەوە لە شام، هەتا مفاوەزاتی ١٩٨٤-١٩٨٥، لەژێر چەتری یەک ستراتیژدا، بەشی زۆری بڕیارەکان، رۆداوەکان، سەرکەوتن‌و ژێرکەوتنەکان، ئەم دوو سەرکردەیە لێیان بەرپرسیارن. لەدوای دانوستانەوە (١٩٨٣-١٩٨٥) لەسەر چۆنیەتی ڕێکەوتن لەگەڵ بەعس، ناکۆکی قوڵ کەوتە نێوانیانەوە.

ئەوەی بۆ زۆربەمان مایەی سەرنج بوو، هەمیشە مام جەلال پێی وا بوو، دانوستان لەگەڵ بەعس سودی نابێ. کەچی لە دوائاکامدا دەشچووە ژێر بار. لای خۆم وام لێکدەدایەوە کە کێشەکانی ناو یەکێتی لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، شەڕ و ناکۆکی یەکێتی لەتەک لایەنەکانی تر، مام جەلالیان ناچار دەکرد، سەرەڕای بێباوەڕی بە دانوستان لەتەک بەعسدا، بشچێتە ژێر بار! هەموو جارێکیش هەڵسەنگاندنی مام جەلال، لە دوا ئاکامدا، لەمەڕ بێهودەیی دانوستان راست دەردەچوو.

---

[*] بە سەدامی وت: بۆ دیموکراسی عێراق‌و ئۆتۆنۆمی راستەقینە هاتوین. بماندەنێ ڕێکدەکەوین، نەماندەنێ دەچینەوە شاخ، چیمان دژتان کردووە، بەردەوام دەبین. پێشی وت: قبوڵی ناکەین پێمان بڵێن، دێنەوە ریزی نیشتمانی.. هەویەی نیشتمانیی بەخوێنی شەهیدەکانی ئێمە مۆردەکرێ!

لەکاتی کۆڕەوەکەی دوای راپەڕین (١٩٩١) مام جەلال بە سانایی، دوای ڕەزامەندی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، چووە بەغداد. ئەمە لەکاتی تراژیدیای کۆچدا، دونیای دەهەژاند. دەوڵەتانی جیهان، سەریان سوڕما لەو سەفەرە کوتوپڕە.[*] دوای ئەوە، بەرەی کوردستانی درێژەی بە دانوستانەکە دا، مەسعود بارزانیش چووە بەغدادو (٤٨) ڕۆژیش مایەوە. کە لە بەغداد گەڕایەوە. وەکو ئاڵای شۆڕش (منو کاردۆو بابەکر دڕەیی) لە شەقڵاوە سەرمان دا. یەکەمین پرسیارم ئەوەبوو: کاک مەسعود (٤٨) ڕۆژ زۆر نەبوو، لە بەغداد مایتەوە؟ ئەمە حکومەت بە لاوازیی دەزانێ. بەمشێوەیە وەڵامی دامەوە، گوتی:

"مەلا بەختیار.. پارتی لەگەڵ پەلەکردن نەبوین لە راپەڕین. پێشمان باش نەبوو، هێزی پێشمەرگە بێنە ناو شارەکان. یەکێتی پەلەیان کرد. ئەوەتانێ، گەلەکەمان شکان. حیزبەکان شکاین. تەنانەت (٦٠٠) بارزانی جێی باوەڕیشم لەگەڵ خۆم هێنابوو، ئەوانیش زۆربەیان جێیانهێشتین. باوەڕیشم بەوە نەماوە جارێکی تر بچینەوە ناو ئێرانو بۆ بەرگەی عبور، چاوەڕێ بین. بۆیە بەهەرشێوەیەک بووە، ڕێکەوتنم لەگەڵ حکومەت پێ باشترە". ئەم سیاسەتەش، بەو ڕادە نەرمیەش لە دانوستاندا، لەگەڵ بەعسدا سودی نەبوو. بەعس هەر بەعسی فاشی بوو. بۆیە دانوستانەکە زیانی کێشەی کوردی تیا بوو. بە ناکامیش کۆتاییهات.

[*] شەوی کۆڕەوەکە، مام جەلال گەیشتە سلێمانی. لە ماڵی شێخ سالاری حەفید بووە. کە زانی بەرەنگاری ناکرێ، بڕیاری دابوو شەڕی ناو شار لەگەڵ سوپای عێراق بکرێ. نەیتوانیبوو فەرماندەیەک لەناو کۆڕەوەکەو شکستەکەدا، بکاتە فەرماندەی ئەو شەڕە، من ئاڵای شۆڕش بوم. ناردبوی بەدوای ئاواتی شێخ جەنابدا، سەری بدەم بۆ ئەوەی فەرماندەیی بەرەنگاریم لە شاردا پێ بسپێرێ. هەتا درەنگانێ (ئاواتی شێخ جەناب) بەدوامدا گەڕابوو. نیوەشەو لەماڵی نیانی خوشکی پەیدای کردم. پێی وتم: مام جەلال عەودالّتە. بۆ کارێکی گرنگ دەیەوێ سەری بدەی. دەستبەجێ چووم. پێش گەیشتنی من بە چارەکە سەعاتێک، بە ئەزمەڕدا سەرکەوتبوو. هەزاران سەیارەش ڕێچکەیان بەستبوو، فریای نەدەکەوتم. سەلاح چاو شینم بینی لە ماڵەکە، وتی: زۆر چاوەڕێی کرد.. نائومێد بوو، ئیتر ڕۆشت. پێم وت: ئاگاداری بکە درەنگ زانیومەو هاتوم. دوای دوو ڕۆژ، لە گۆخڵان بوم، مام (٢٠٠) مەترێک دوور بوو. ملازم عومەری ناردبوو، گوتبووی: من سەری بدەم یان سەرم دەدات؟ سەرم دا، ئەحمەد بامەرنی لێبوو. بەتەنها دانیشت لەگەڵم. نامەیەکی دامێو گوتی بیخوێنەوە، ئینجا قسە دەکەین. نامەی بەرزان تکریتی بوو. ناوەڕۆکەکەیم بیرە، بە عەرەبی نوسیبوی: (الآن و ليس غداً، زوروا بغداد. الوضع السياسي ملائم. سيد الرئيس يقبل حتى الفدرالية). لە نامەکەدا لوتفێکی زۆریشی بۆ مام نواندبوو. مام وتی: ئەڵێی چی؟ ئەوکاتە برنارد کۆشنەر بە فڕۆکە سەیری کۆڕەوەکەی کردبوو. دونیا هاتبووە دەنگ. منیش وتم: تکایە مام جەلال نەچیتە بەغداد. چاوەڕێ بکە. وتی: مەلا بەختیار، دەترسم گەلەکەمان وەکو ئەرمەنەکانی زەمانی عوسمانی لێبێ. نەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان. بەیانیەکەی گەیشتە بەغدادو دەستی خستبووە کەمەری سەدام.. هەتا کورد پێی ناخۆشبێ، ڕەنگدانەوەی سەفەرەکە خراپ بوو لە میدیاکانی جیهاندا!!

نوسەر تەواوی ئەو راستیانە لەمەڕ دانوستان، بەتایبەتی دانوستانی یەکێتیو رژێمی بەعس، دیسان بە گواستنەوەی لە کتێبی (پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن- نەوشیروان مستەفا ئەمین) کوتومت نەقڵ کردووە، لەمەشیاندا ئەمانەتی نوسینی زانستی ڕەچاو نەکردووە. ئاماژەی بە نووسەر نەکردووە.

ئەم چەشنە نوسینانە، وەکو کولاج وان. لێکدانەوەیان تیادا نییە. بەڕەنجام نادەن بەدەستەوە. گێڕانەوەیەکی بێچێژی ڕوداوەکانە. تەنانەت لە گێڕانەوەشدا، یان لە گواستنەوەی باسەکانیشدا، بە نائەمینی، بۆچونەکان دەگوازێتەوە. بیر لەوە ناکاتەوە، خوێنەری وشیاری مێژووی نوێ، دەگەڕێتەوە سەر سەرچاوە ڕاستەقینەکە. کە لەڕاستیدا، نەوشیروان زۆر جوانی نوسیووە. نوسەریش تێکیداوە.

نەوشیروان مستەفا، بەجوانیی باسی یەکەمین دانیشتنیش لەنێوان وەفدی موخابەراتی عێراقو خۆیو مام جەلال، کردووە. تەنانەت ناڕاستەوخۆ، شێوەی ئاخاوتنی مام جەلالی ڕەخنە لێگرتووە کە دەڵێ:

"مام جەلال بەگەرمی بەخێرهاتنی کردن. سوپاسی د.قاسملۆی کرد. بۆ هەوڵو تەقەلاکانی. ئامادەیی دەربڕی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگای سیاسی. بەدرێژی باسی سیاسەتی چەوتی بەعسی کرد بەرامبەر گەلی عێراق بەگشتیو، گەلی کورد بەتایبەتی. ئۆباڵی هەمو ڕوداوەکانی عێراقی خستە ئەستۆی بەعس. خواستەکانی بزوتنەوەی کوردی بۆ ڕونکردنەوەو، داوای لێ کردن کە ئەگەر بەتەمای گفتوگۆیەکی ڕاستەقینەو سەرکەوتو بن پێویستە هەمو لایەنەکان بەشدار بن. مام جەلال لە قسەکانیدا تووندوتیژ بو.

ئەبو ئەحمەدیش ئۆباڵی هەمو ڕوداوەکانی خستە سەر کورد. وتی ئەگەر ئەتانەوێ گفتوگۆ سەرکەوتو بێ سەرۆک ئەڵێ: (ئەبێ چارەی بنەڕەتی هەمو گیروگرفتەکان بکرێو، ڕێککەوتنێکی ستراتیجی بێ نەک تاکتیکی، با مام جەلال زیاد تەکتەکە نەکا!).

(تەکتەکە): وشەی بە عەرەبی کراوی (تاکتیک)ە. مەبەستی لە تەکتەکە فڕوفێڵ بو. لای صەددامو سەرانی بەعس وا باو بو: مام جەلال، ستراتیج ئەکا بەقوربانی تاکتیکو، زۆرتر تاکتیکزانە وەک لەوەی شارەزای کاری ستراتیجی بێ. مام جەلال لەم قسەیە تووندتر بو، وتی: (ئێمەی فەقیر لەم شاخو داخە چوزانین تەکتەکە چیە؟ صەددام حسێن خۆی خوای تەکتەکەیە!) [1]

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن- دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣. چاپی دووەم ١٩٩٨-سلێمانی. ل(٢٧٠).

گواستنەوەی گفتوگۆکان، بەو شێوە داڕشتنە، ئەوەی شارەزای نوسینی نەوشیروان بێ، دەزانێ ناڕاستەوخۆ ڕەخنەگرتنە لە تەرحەکان. مام جەلال کەسایەتی یەکەمی یەکێتی بوو. لە بنچینەدا نەدەبوو خۆی بۆ ئەو دانیشتنە لە گۆڕەشێر، لە ١٣/ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢، بەناوبژی د.قاسملۆ کراوە، ئامادە بێ؛ کە ئامادەش بووە، شێوەی ڕەخنەکانی لە حکومەت، بەو تونديیە کابرای موخابەراتی لەترسی سەدامو بۆئەوەی ماستاویش بۆ سەدام بکات، ناچار کردووە، وەڵامی بداتەوە. گەیاندویەتیە ئەوەی بەناوی سەدامەوە بڵێ: با مام جەلال تەکتیکی زیاد نەکات. بەڵێ، مام جەلالیش توند وەڵامی داوەتەوە. بەڵام لە دوائاکامدا، ئەو شێوازە لە گفتوگۆ، لەقازانجی وەفدی حکومەتە.

لەبەرئەوەی لە هیچ دانوستانێکدا، لەبەر بێسەلیقەیی و ڕەچاونەکردنی ئەتەکێت،(+) بەشداریی پێ نەدەکرا، بۆیە وەکو کەسێکی ئاسایی قسەکانی نەوشیروانی بە خواروخێچی دزیوەو گرنگی ئەو جۆرە قسانەشی لەنێوان بەرپرسە موخابەراتەکەو مام جەلالدا، نەزانیووە.

(١٦)
لەبری ستایش، سزا !

دروستکردنی چوار مەڵبەندی یەکێتی (١و٢و٣و٤) بۆ سلێمانی، کەرکوک، ڕانیەو دەوروبەری، هەولێر، لەخۆیەوە سەریهەڵنەدا. دوو هۆی سەرەکی لەپشتەوە بوو:

یەکەم: کە یەکێتی خۆی کردە هێزی پشتیوان، مەترسی گەورە لەسەر سەرکردایەتی پەیدا بوو، یا عێراق پەلاماری بدات، نەکا ئێران داگیری بکات. یان ئێران داگیری بکات، پێش ئەوەی عێراق هێرشی بۆ بکا.

دووەم: هەڕێمەکانو ناوچە ڕزگارکراوەکان، فراوان بوبوون. سەرەتای زوڵمکردن لە خەڵکو ناڕەزایی دەستیپێکردبوو. پارەو سەرانەسەندنیش خەریکبوو دەبووە دیاردە! هەڕێمەکانیش، بە عەسکەری هەڵهاتوو، هەڵاوسابوون.

+ نمونەیەک لە بێئەتەکێتیی نوسەر؛ ئیوارەیەکیان لەلایەن د.مەحمودو قادر جەباریەوە بۆ شام داوەت کرابوین. شفتەیان هێنا. وەجبەی یەکەم بەر نوسەر نەکەوت: دەنگی بەرزکردەوە: (ئەی بەشی من؟) نەوشیروان لێی تورە بوو، پێی وت: سەر سوالکەر، پەلەی چیتە؟ کە بۆیان هێنا، گوێیشی نەدایەو لە ئێمەش زیاتری خوارد. مامۆستا جەعفەریش لە داوەتەکە بوو!

لێدانی خەڵک، بێگاری، وەکو خوێەکی شـەڕی هەندێک سـەرکـردە، بەرپرسی عەسکەریو سیاسیو ئیداری لێهاتبوو. زەبروزەنگیان بە ئەشکەنجەدانی جوتیارو فیرار تاقیدەکردەوە. وەکو کۆیلە سەیری خەڵکیان دەکرد.[*] لەدوای بەرپابونی جەنگی عێراق-ئێران، تەمەڵیی ناو بارەگاو خـواردنو خـواردنـەوەش، پـەرەی دەسـەند. ئەو دیاردە دزێوانە دەگەیشتنە مەکتەبی سیاسی. کۆی ئەو مەترسیو روداوانە، وایان کرد، پەیکەرەی یەکێتیو شۆڕش دەستکاری بکرێو بگونجێندرێ لەگەڵ ئاڵوگۆڕو زاڵبون بەسەر کێشەکاندا. نەوشیروان مستەفا، ئەندازیاری دارشتنەوەی پەیکەرە نوێیەکە بوو. بیرمە، نامەیەکی بۆ مام جەلال، کە سەرپەرشتی هێزی پشتیوانی لە دێی ساوان دەکرد، بۆ ئەو گۆڕانکاریانە نوسیبوو، کە لە تەنگانەدا، بیری باشتر کار دەکـات. پرۆژەی نوێی پەیکەرەکەی یەکێتیشی بۆ ناردبوو. مام جەلالیش دابەشی کردە سەر ئەندامانی سەرکردایەتی. بیریشمە، تەنها لەسەر بچوککردنەوەی هەرێمەکان تێبینیم هەبوو. پاساویشم ئەوە بوو کە:

شۆڕش پەرەی سەندووە. جەنگ بەردەوامە. هێزی پێشمەرگە فراوانتر بووە.. پێویست ناکات، هەرێمەکان بچوک بکرێنەوە بۆ تیپ. نەوشیروان ملازم عومەری نـاردە لام، قەناعەتم پێ بکات، لەسەر رای خۆم سوور بوم. تاقیکردنەوە دەریخست، بۆچونەکەی نەوشیروان دروست بوو. دوای دامەزراندنی تیپەکان، دینامیکیەتی عەسکەری کاراتر بوون. کێبرکێی باشتریش کەوتە نێوانیان بۆ چالاکی. تاقە زیان لەم تیپانە ئەوە بوو، سەرتیپەکان، لە تەکەتولی نەوشیروان دانـران. کە شـەڕی ناوخۆش بـەردەوام بوو. بەشێکی سەرتیپەکان بە ئاڕاستەی تەکەتول، کەوتنە وێزەی ئەوانەی هەڵوێستیان جودا بوو. تاک تاکیان، زەبروزەنگی وایان دەنواند، بۆ نوسین ناشێن!! چونکە هەندێک لەو کەسانە، نەماوون!

کە دانرام بۆ مەڵبەندی یەک، دیسان نەمدەویست قبوڵی بکەم. هەر لەسەر تەکلیفی مام جەلالو نەوشیروان قبوڵم کرد. بە راشکاویش گوتیان: هەر هەڤاڵێکی تر بنێرین، دڵنیا نین سەربکەوێ.

---

* لەژیانی پێشمەرگایەتیدا، هەرگیز دەستم لە یەک جوتیارو لە هیچ کەسێک بەرزنەکردۆتەوە. هەتا بەرپرسی مەڵبەندی یەکیش بووم، ئەندامی هیچ لایەکی سیاسیم لەسەر بیروباوەڕ زیندانی نەکردووە.

رۆژێکی سەختی ڕێبەندان (٢٠) پێشمەرگەیەک کەوتینەڕێ. دوو ئێستر بار. جیهازێکی ڕاکاڵ. موچەی دوو مانگی پێشمەرگەمان پێ بوو. بە دێهاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هێندە هاتوچۆمان کردبوو، شارەزای بوین. لە کانی زەردەوە بۆ بەنوخەڵەف، بێوران، ئەشکان، بیوژێ تا بە سەختی گەیشتینە تاژان،[+] بلکیان، لەوێوە بۆ سورەبان. لەوێشەوە بۆ پارەزان. بارەگای سالار عەزیز، شێخ عەلی، حەمەی فەرەجو بەکری حاجی سەفەری لێبوو. ئێوارەکەی دڵگیری هاوسەری سالار، خواردنی بۆ کردبوین. بەیانیەکەی، بە هەورازە بەرزەکەی سازانان پشتی چاڵاوا[*] سەرکەوتین. ئەمە ناوەڕاستی زنجیرە شاخێکە لە گوندی (قولەگیسکان)ەوە دەستپێدەکات، هەتا دەگاتە شارباژێڕی تەخت. بە شاخی گەڵیو سیەریشەوە دەنوسێ. شارباژێڕی سەختو تەخت، لە دێهاتی بەرزنجە جیادەکاتەوە. شوێنێکی هەتا بڵێی خۆشە. دژوارە. بنارەکانی دێهاتو پڕ کانیاوون. شاخو لوتکەکانیان.. رک، قوچ، کوور و چرستانە. ئیتر لەپشتی چنارەوە، بۆ کانی مێ، چاڵە گەورەی قاسم، دێمە درو، سەرکوک، سەرگوڵان، کونە گورگ، نەمامە ڕەقەڵ، بەنگەنەی پارەزانو کانی گوێزە سور.. هەتا دەگەیتە پشتی گوێزە ڕەش.. زنجیرەی بەردە سێلەتان، بەردە کونتێ، بۆ پشتی دۆڵپەموو، قوتەی قۆجان، یان مەروان شا.[+]

ئەو دێهاتانە: پارەزان، دۆڵپەموو، چنارە، گوێزە ڕەش، زەلان، هەوڵو، هەرمێلە، دۆڵە توو. قولەگیسکان، گوێزە کوێرە، دۆسەدەرە، ڕەزڵە.. لە بەرکێویشدا: هەر چوار گوندی گوڵان، سەر چوار دۆڵ، ئاروورەر، دەرمیانە، قەڵاتێ.. ئەم دێهاتانە، هەتا دەگاتە تەواوی شارباژێڕ، گورگەیەر، عازەبان، شوکێ، نۆدێ، سیتەک، هۆگەرێنە، بناویلە، شارستێنە، وەڵانە، ئاڵاسیاو، کانی زڕکە، کانی سارد، گەڕەدێ، هەرمن، کاژاو، گێڵەرە..

[+] تاژان: دێیەکی خۆشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. هاشمی کەریمی، بەرپرسی بانەی دیموکراتی لێبوو. نیوەڕۆیەک لای ئەو بووم. پیاوێکی جوامێرو کوردپەروەر. یەکێتیشی خۆشدەویست.

[*] دوو برا لای منو سالار عەزیز بوون. عومەرو عوسمان. دوانە بوونو کوتومت لەیەک ئەچون. کە گەیشتینە سورەبان، عوسمانو چەند پێشمەرگەیەکم لەگەڵ ئێستەرەکان نارد بۆ پارەزان. ئێمەش بە دوو تراکتۆرەوە بەڕێ کەوتین. دەبوایە عوسمان دوای ئێمە بگات. کە گەیشتم سەیر دەکەم عوسمان لەسەر بانێکە پێشوازیمان لێدەکات. منیش وتم: عوسمان! ئەوە چۆنە زووتر گەیشتن؟! پێکەنی.. تومەز عومەرە، عوسمان نییە!!

[+] حاجی مامەندو خانووە قوڕەکانو دەوروبەری، دەبوایە لەڕێی نالپارێزەوە بچنە سەیدسادقو سلێمانی. هیمەتمان بۆ کردن، لە چیای سیەرەوە جادەیان بۆ لێدرا، بەلای باراو، دەچنە شارباژێڕ.. سلێمانی. ڕێگاکە یەک سەعات کورت بوو بۆیان!

تاد، دێهاتی دەوروبەری چوارتا، کونجرین، موبڕە، مامە خەلان، تا دەگاتە قڕگە، کە وەکو کاروانسەرای پێشمەرگە بوو، بەڕاستی یەکێتی قەرزاریانە. لە شارباژێڕ، چنگیان، هەقە ناو بنرێ (پایتەختی خزمەت!!). هێندەی خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە، هەرگیز خەڵکی شار (١٥) ساڵی ڕەبەق بەرگەی دابەشبونی شەو و ڕۆژی پێشمەرگە ناگرن!!

مەڵبەندمان لە حاجی مامەند دامەزراند. بەردەوام کەرتەکانی ١٥/ی شارباژێڕ، لەم دێهاتە گەشتیان دەکرد. مەگەر تەنها خەڵکی گوندەکانی کوردستان بزانن، پێشمەرگە چەند ئەرکیان لەسەریان قورس بوو.

لەبەرامبەر (١٥) ساڵ خزمەتو مەینەت، سەرباری ڕاگواستنو ئەنفالو کیمیاباران. شەڕی ناوبەناوی جەیشو جاش، شەڕی ناوخۆ..تاد. حکومەتی کوردستان، جگە لە جادەوبان، بنکەی تەندروستیو خوێندنگا، هەروا دامەزراندنی بەشێکی جوتیاران، گۆڕانکاری گەورەی لە پاداشتی ئەو هەموو خزمەتو مەینەتە، لەژیانیاندا نەهاتۆتەدی. زۆربەی دێهاتیش، جوتیاران خۆیان ئاوەدانیان کردونەتەوە. بۆیە حکومەت، پێش خەڵکی تری کوردستان، ئێستاش قەرزاربارى جوتیارانە. هەتا دوا کێشەیان چارەسەر نەکرێو جیاوازی شارو دێهات، کەم نەکرێتەوە. پیشەسازی کشتوکاڵو سامانی ئاژەڵ نەبرێتە دێهات، حکومەت، هەر قەرزاری ئەو خەڵکەیە. ئەمە جگە لەوەی هێشتا قەرەبووی زیانە مادیەکانیشیان نەکراوەتەوە، لە ڕاگواستنو ئەنفالو کیمیاباراندا.

(١٧)
مەڵبەندە پڕ کێشەکان!

سنوری مەڵبەندی یەک، لەولاشەوە سنوری مەڵبەندی چوار-بالیسان. پڕ کێشەترین دوو مەڵبەندی کوردستان بوون. نەک تەنها لەبەر هەڵکەوتە جوگرافی-عەسکەریەکەی، بەڵکو لەبەر بوونی هێزەکانی "جود"یش. کە تا ئەوساش لە جەنگی ساردا بوین. جارجاریش شەڕی گەرم!

کە گەیشتمە سنوری مەڵبەندەکە، سیاسەتێکم داڕشت، لەگەڵ هەموو لایەنەکانی جود (جگە لە سۆسیالیست کە ڕێکەوتن نەبوو لەنێوانمان) ئارام بوین. تەنانەت سەردانی بارەگای پارتیشم لە دێی چنارە کرد. مامۆستا جوامێر، کە کادری کۆمەڵایەتی بوو، لەوێ بوو، ڕامسپارد ڕێزیان بگرێو پێویستیەکانیان دابین بکات. حیزبی شیوعی پێش ئێمە بە دوو

هەفتە هاتبوونە حاجی مامەند. هاوبارەگا بوین. بەڵام دۆخی سیاسی کوردستان، ئەوسا لەسەر لێواری تەقینەوە بوو. سۆسیالیست هەوڵی دەدا دۆخەکە تێکبچێ. حیزبی شیوعی لەم سنورە راستگۆیانە بێلایەن بوون. ئێمەش ڕێزمان دەگرتن. کاریگەرییان لەسەر ڕوداوەکانو خەڵک زۆر کەمبوو. سەیارەی دێکە، بێ ڕازیبونی ئێمە، قاڵبێ سەهۆڵیشی بۆ نەدەهێنان. هێزەکەیان کەم بوو، بۆ شەڕیش کەمتر خۆیان لێدەدا. من زۆرم ڕێز دەگرتن. بەتایبەتی کچێکی سەلام عادلی شەهیدی لێبوو.. (د.ئیمان) عەرەبی تریش، بەخزمەتیش بوون.

کە سوکە شەڕ لە مەڵبەندی چوار ڕویدا. لە مەڵبەندی یەکێتیش، دۆخەکە ئاڵۆزا. لێک دڕدۆنگ بوین. کەوتینە خۆمان. زانیاریشمان پەیتا پەیتا بۆ دەهات، کە پارتی-سۆسیالیست-پاسۆک، کەوتونەتە ئامادەباشیوشوێنە گرنگەکانی بەرکێو، جادەی کۆبانیان هەتا نزیکی چوارتایان گرتبوو. حاڵەتی ئامادەباشی شەڕیان وەرگرتبوو! لەبەرامبەردا، بروسکەمان کرد، تیپەکانی مەڵبەند کۆبکەینەوە. یەکەم پلانمان قایمکردنی دێهاتی دەوروبــەری مەڵبەندو دابەشکردنی هێزەکانی بەردەستمان بــوو، لە شوێنە گرنگەکان. لە شەوو ڕۆژێکدا، ئەنجاممانداا.

دەوروبەری قوولە گیسکان، دۆسەدەرە، ڕەزڵە، گوێزە کوێرمان گرت. قفڵی حاجی مامەند، شاخی "قەڵاتوڕێ یان دۆڵمۆکان" بوو، لەپشتیشەوە "دار مــازواو"ی سەروی دۆڵی پەرخو پشتی ڕەزڵەی قفڵ دەدا. ئەمانەمان، هەتا دەگاتە هەواری "سازنان" یان قەڵای "کچێو قەڵای کوڕێ"مان.. بە پێشمەرگە تەنیو بە هۆکی تۆکی، سات بە سات ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە خۆمەوە دەکرد. باشترینو قارەمانترین فەرماندەو پێشمەرگەی هەورامان، شارەزوور، شارباژێڕ، سلێمانیو بەرزنجە، بە ڕۆحیەتێکی بەرز بەرز، لەگەڵ هێزێکی میوانی مەڵبەندی دوو، بە فەرماندەیی مستەفا چاو ڕەش، هێنرابونو دەوروبەری گردەکانی جادەی کوبانیانمان پێ گرتبوون.[+]

کە ئامادەباشیی عەسکەریمان تەواو کرد. ناوچەکانمان لەڕووی عەسکەرییەوە قفڵ دا. پێویستیەکانی شەڕو تەقەمەنیو ئازوقەمان دابەشکرد، دوای دڵنیابون لە هەموو پێویستیەکانی بەرگری، یان هێرشی بەرگری، فەرمانمان بۆ هات، دەستبەکار بینو

[+] فەرماندە ئازاکان: مەحمودی حاجی فەرەج، عومەری قالە گوڵباخ، مەحمود گەرمیانی، ئەحمەد شاتوانی، غەفور دەرەشیشی، مامۆستا شاهۆ، دلێر جاف، فەرەیدون حەمەسالح، هاوڕێ کامەران، جەمالی حەمەی خواکەرەم، حەمەمینی خەجێ، هێمن سەراوی، کەمال شێخە، حەمەعەلی بەرزنجی، وەهابی سەرتیپ، شۆڕش ئیسماعیل، دانای حەمەی تەیب، عەلی چوارتایی، کاکەبرا بەرزنجی، ئاوات قارەمانی، هەروەها مستەفا چاورەشو ئامر کەرتەکانی هەرێمی دوو.

ناوچەکە پاک بکەینەوە. ئینجا، یەک هەفتە، لەسەر بەرپرسیارێتی خۆم، سەرەڕای ئەوەی جاروبار هێزەکانی جود، سەنگەرەکانیان هاوەن باران دەکردین، خۆمان لەناو سەنگەرەکاندا گرت. حیزبی شیوعیو مەلا محەمەدی شارەزوری(*)و پیاوماقوولانم دەنارد، شەڕەکە رونەدات. بەڵام بەریدی پارتیمان دەگرتو دەیاننوسی:

"مەلا بەختیار دەپارێتەوە، هێرش نەکەینە سەریان، بەڵام ئەمجارەیان جاشە جەلالیەکان دەکەینەوە بە بەکرەجۆدا". هەر دانم بەخۆمدا دەگرت. هێزەکانیشمان ئۆقرەیان لێبڕا بوو، چاوەڕێی فەرمانی هێرش بوون. ڕێی شارەزوریشمان تەنیبوو، سۆسیالیستو حەمەی حاجی مەحمود نەیاندەتوانی بگەنە هێزەکانی جود. واتا:

–لەگەڵ حیزبی شیوعی ڕێکەوتبوینو بێلایەنی خۆیان ڕاستگۆیانە ڕاگەیاند.

–سێ بەشی هێزی سۆسیالیستمان گیر دابوو، ئەوانەی مابونەوە لە جود، بەرگەیان نەدەگرتین.

شەوێکیان بۆردومانی پێشمەرگەکانی شارباژێڕو مەڵبەندی دویان کردین. بریندارمان دا. بەمە، هاندەرو هۆکارەکانی بڕیاری هێرشی بەرگری، ئامادەبوو. بە کاکە حەمەی فەرەجم وت: خۆت بۆ بڕیاری هێرش ئامادە بکە. خۆم لەسەر شاخی هەواری سازنان (قەڵای کوڕێ) ناردمان بۆ هاوکاریو سەلامەتی، سالار عەزیزو بەکری حاجی سەفەرو م.پشکۆو شێخ عەلیش، هاتنەلامان.. جیهازە ڕاکاڵەکەم دامەزراندبوو.(+) سەعات ۱۰/ی شەو بە کاکە حەمەی فەرەجم گوت: نهێنی هێرشە بەرگرییەکە، لەسەر جیهاز، بە زمانی خۆت بە هەموو فەرماندەکان، ڕابگەیەنە. نەخشەکەمان وا بوو، جادەی کوبانیان، بەرەبەیان دەستپێک بێ. کاکە حەمەش، وەکو پیاوێکی جوامێر و ئەزموندیدە، فەرمانەکانی جێبەجێ کرد. لە یەکەمین هەڵمەتدا، هێزی هاوبەشی پارتی–سۆسیالیست، لە تەواوی سەنگەرەکانیان دوو سەعاتی نەبرد، هەڵکەندران.

قۆناغی یەکەمی هێرشی بەرگری، بەسەرکەوتویی، بە بەخشینی شەهیدێک، سەرکەوت.

---

* مەلا محەمەدی شارەزووری؛ مەلایەکی زیرەکو تێگەیشتوو بوو. نێوانمان زۆر خۆشبوو. پێش سەرهەڵدانی سەلەفیەکان، ئەم جیاواز لە سیاسەتدا بیری لە ئیسلامو ئیسلامگەرا دەکردەوە. ڕەخنەی لە هەندێک نەریتی کۆن کۆن هەبوو. پەرستنی دارو شەخسو هەندێک نەریتی ڕەتدەکردەوە. تا بڵێی، دژی شەڕی ناوخۆ بوو. بۆیە بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە، چەند جارێک لەنێوان لایەنە سیاسیەکاندا، هاتوچۆی دەکردو سەری مەڵبەندی دەدا. قسەی باشی دەکرد. من زۆرم ڕێز دەگرت. حکومەت سەرنگونی کرد.

+ لەسەر جیهازی ڕاکاڵەکە (هاوژین مەنمی)مان دانابوو، بڵندی هاوسەریشی هاوکاری دەکرد. دەنگی هاوژین.. وەکو ژنێک، کاریگەری ڕۆحی باشی لەسەر مەعنەویاتی پێشمەرگە هەبوو. ڕاکاڵەکەمان ژمارە (۱) بوو. کاکە حەمەی فەرەج کە پەیوەندی دەکرد، دەیووت: خوشکە یەک.. خوشکە یەک!

هەر لەوێ، راگەیاندراوە عەسکەریەکەیم بەناوی (سەرکەوتنی قۆناغی یەکەمی هێرشی بەرگری) نوسیو دوای سەعاتێک لە ئیزگە خوێندرایەوە. وەی پێشمەرگەی سەرانسەری کوردستان، دوای شکستی مەڵبەندی چوار، فڕیی! بەمەبەستیش ناوی راگەیاندنەکەم نا (قۆناغی یەکەمی هێرشی بەرگری) هەتا لەڕووی دەرونیەوە، لەلایەکەوە دەمویست خەڵک تێبگات، بەرگریمان لەخۆمان کردووە.. دەستپێشخەر نەبوین بۆ شەڕ. لەلایەکی تریشەوە هێزەکانی جود، بخەینە دڵەڕاوکێی (قۆناغی دووەمی هێرش). لەشەڕیشدا، کە هێزێکی شکاو، بۆ لای باقی هێزەکانیان پاشەکشە دەکەن، کاریگەریی نالەبار دەکەنە سەر وەی تەواوی هێزەکەیان. هەر واشبوو!

نیوەڕۆ، لە جیهازەکانەوە گوێمان لێبوو، هێزەکانی جود، لە بناری شاخەکانی "تالیەر"و "لەرێ"و دێهاتی ئاروزەر دەوروبەریان، شپرزە بوبون. دەشیانوت: خاڵە عەفان[*] خۆی نەگرت لە کۆبانیان قوچاندی.

جیهازەکانی تیپەکانی یەکێتیش، بەدەنگی دلێرانە، قسەیان دەکردو بە وەبەرزییەوە پیرۆزباییان لەیەک دەکرد.

هەل بوو، (قۆناغی دووەمی هێرشی بەرگری) پێش نیوەڕۆ دەستپێبکرێ.. لەسەر جیهازەکە، نهێنی قۆناغی دووەمم گەیاندە ویستگەکان.. لە تەواوی قۆڵەکان. هەتا ئێوارە، هەڵمەتی پێشمەرگە، گەیشتە بناری تالیەر. دێهات هەموو رزگار کران. کە تاریک داهات، جود، لە تەواوی ناوچەکە شکان.[+] راگەیاندنی دووەمی سەرکەوتنەکەم نوسیو ئەمیش لە ئیزگەدا، خوێنرایەوە. وەی خەڵکو پێشمەرگەی یەکێتی لەهەموو تیپەکاندا، هێندەی تر فڕی. جیهازی مەڵبەند فریا نەدەکەوت، بروسکەکانی پیرۆزبایی وەربگرێ. لە مام جەلالەوە، بۆ ملازم عومەر، مەڵبەندەکان، سەرتیپەکان.. کەرتو رێکخراوەکانی کۆمەڵە.. تەنها نەوشیروان مستەفا پیرۆزبایی لێنەکردین. پێشم سەیر بوو![*]

---

[*] خاڵە عەفان: نازناوی شەهید عوسمانی قالە منەوەر بوو. دژی شەڕی ناوخۆ بوو خۆی لێنەدەدا. لەگەڵ حکومەت دڕێغیی نەکرد. مەخابن، لە شەڕی ناوخۆشدا شەهید کرا.

[+] بە دووربین سەیرم دەکرد. شەڕ لای قەڵاتێ بەردەوام بوو. پێشمەرگە بێباک بوبوون. دەمبینی بەپێوە دەوەستان. بە وەهابم وت، کە لەو قۆڵە بوو، با پێشمەرگە وریابنو بەپێوە نەوەستن. پێشمەرگە کە سەردەکەوێ، ئیتر گوێ ناداتە وریایی. قسەکەم تەواو نەکرد.. پێشمەرگەیەک لەوانەی وەستابوون.. شەهید کرا.

[*] لەم سەرکەوتنە و لە شکانی جود دڵنیابوم. بەڵام شەڕەکەم هەر پێ خراپ بوو. پێش هێرشەکان (جەمالی حەمەی خواکەرەم)م بانگ کرد. کە ئازا و شارەزای ناوچەکە بوو. پێمگوت: نیوەی تیپەکەت ببە بۆ سەر «پردی سالیاوە» کە لە دامێنی تالیەر بوو، جود کە دەشکێن، شەو دێنە ئەوێو لەسەر چەمەکە پشوودەدەن.

لەم شەڕەدا، تەنها فەرماندەیەک، جەلالی عەلی ورگەو چەند خزمێکی بە دیلی کردە قوربانی داپۆشینی ترسنۆکی خۆی لە شـەڕدا. کە زۆرم پێناخۆشبوو. کەچی خۆی شانازی پێوە دەکرد.(+)

دوای ئەم سەرکەوتنە، نەوشیروان هەلەکەی لەبار زانیبوو، هێزی کۆکردبوەوەو پەلاماری قڕناقاو پشتئاشان بدات. لێرەوە، هاوکێشەکان، لای نەوشیروانو پەیڕەوانی، گۆڕانی بەسەردا دێتو رێکەوتنی نێوانمان لەگەڵ شیوعیەکان کرایە بیانوو، لەبری ستایشو سوپاس.. بەرنامەی سزادانیان دژم داڕشتبوو!

(١٨)
سزاو پاکتاو!

سەرکەوتنەکانی مەڵبەندی یەک، یەکەمین سەرکەوتن بوو لەمێژووی یەکێتیدا، بەرەی جود، لەناوچەیەکی فراواندا، بە سەدان چەکدارەوە، بشکێن. ئەمە لەکاتێکدا بڕیاریاندابوو بمانکەنەوە بە "بەکرەجۆ"دا، بەڵام بە قارەمانێتی پێشمەرگەو لێبوردەیی فەرماندەکانیانو پشوودرێژیمان لە مەڵبەند، کە بڕوامان بە خەڵک هێنا، نامانەوێ شەڕ بکەین. کە شەڕی بەرگریشمان کرد، زۆربـە پشتیوانییان کردین. نەخشەکەشمان کە بە دوو قۆناغ، لە هێرشی بەرگریدا دامانڕشتبوو، رێک وەک بڕیاردرابوو، سەریگرت.

هەم لەڕووی عەسکەریەوە، هەم لەڕووی سیاسیەوە کە حیزبی شیوعیمان بێلایەن کردبوو، هەم لەناو خەڵکدا، بۆ یەکێتی سەرکەوتنێکی گەورە بوو. بروسکەی پیرۆزباییەکان هەر وایان دەگەیاند. بۆیە چاوەڕێی پاداشتو ستایش بوم، لە مەڵبەندەکەو فەرماندەکانو

کە مەفرەزەکان چەکەکانیان دادەنێن.. لێیان ڕاپەڕە، بڵێ: «مەلا بەختیار راستی لەگەڵ دەکردن، نەیدەویست شەڕتان بکات. فەرموون لەبەردەستمانن.. دەتوانین خراپتان بەسەر بێنین. بەڵام بڕۆن.. با ببێتە دەرس بۆتان». رێک چۆنم ڕاسپاردبوو، روداوەکە کوتومت وا رویدا.

+ ساڵی ١٩٩٢ لە سوید بوم. لە تۆڵەی کوشتنی ئەو دیلانە، بۆسە لەخواری چوارتا نرابوەوە. بە رێکەوت ئاواتی شێخ جەنابو حەمەسەعیدی ئەندازیارو چەند پێشمەرگەیەک، بەوێدا تێدەپەڕن. دەکەونە بۆسەکەوە، حەمەسەعید گەلاڵی کە یەکێک لە باشترین ئەندازیارەکانی کارەبای سلێمانیو کوڕی حسێن ئاغای گەلاڵی (برای مارف ئاغاو ئازادو شەریف ئاغای گەلاڵی) بەبێ گوناح شەهید کرا. لە تەلەفۆن بە دارۆی شێخ نوریو ئاواتم گوت: ئەوە لە تۆڵەی جەلالی عەلی ورگەو هاوسەنگەرەکانی بووە. ئەگەر ئەو کارە ترسنۆکیەی دیلکوشتن نەبوایە، ئەم کارەساتەش بۆ جوانەمەرگ ڕوینەدەدا.. کە زۆر هاوڕێو خۆشەویستم بوو.

خۆیشم بکرێ. تومەز، رقی خەوتومان لە ناخی نەوشیروانو پەیڕەوانی، بێدار کردووە. دەیانگێڕایەوە، بە بیستنی هەواڵێ سەرکەوتنەکان، نەوشیروان نەک پێی خۆش نەبووە، بەڵکو پێیشی بێتاقەت بووە. بۆیە، بەپەلە هێزی بۆ هەڵکوتانە سەر جود لە قڕناقاو پشتئاشان، هەڵخراندووە (تعبئة) بە رێکەوتێکی خراپ، رۆژی ١/ی ئایاری ١٩٨٢، شەوەکەی هێرشەکە لەچەندین قۆڵەوە براوەتە سەر جودو شکستێکی چاوەڕواننەکراویان بەسەردا هێناوون. کە سەرەنجام بڕیاری دیلکوشتنیش، لەو شەڕەدا، خەریکبوو دەکرایە نەریتو شانازی.

لەم شەڕەوە نەوشیروان، دوای سەرکەوتنی لە هەردوو کۆنفرانسی کۆمەڵەدا، ئەو جۆرە سەرکەوتنەی کردە شانۆی هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەکان. ئەویش نەک هەر بە سیاسی، بەڵکو بە عەسکەریش. پێشتر باسم کردووە، زۆری هەوڵدا بەقسەی بکەمو لە شیوعیەکان بدەم. نەمکرد. حیزبی شیوعی لە هەڵهاتنەکەشیاندا، رۆڵێکی دۆستانەیان گێڕا. بەڵام لە قڕناقاو پشتئاشان، زۆرترین دیلی شیوعیەکان کوژران. زۆریش هەوڵیدا، منیش بە قەولی خۆی "پەڕووباڵ"یان بکەم. نەمکردو نەمکرد. دوو هەفتەیەکی پێچوو، هەر بە جیهاز، هێزی یەکێتیو رێکخستنەکان، لەوپەڕی شانازی پێوەکردنی سەرکەوتنەکانی مەڵبەندی یەکەوە، هەڵگێڕایەوە بۆ ناڕەزاییو ڕەخنەگرتن.. تەنها لە من. لەکاتێکدا هەموو ئەندامانی مەڵبەند، بە کۆمەڵەو سۆسیالیستو هێڵی گشتیەوە، شەڕنەکردنیان لەتەک حیزبی شیوعی، پێ پەسەند بوو. دۆخەکەیان لە رووی سایکۆلۆژیەوە بەجۆرێ گۆڕی، مایەی سەرسوورمان بوو. کە بەداخەوە تەکەتولی زیندان، لەسەر ئەم کارە چاکەی ئێمە، پشتیوانی بڕیارە خراپەکانی نەوشیروانیان دەکرد. ئەوان پێیان دادەگرت سزا بدرێم. مەرامەکەش ئاشکرا بوو، کە دەیانویست خۆیان لەناو کۆمەڵەدا زاڵبکەن. سیاسەتیان وا بوو، دوای تێکشکاندنی ئێمە، گوایە نەوشیروان کۆمەڵەیان رادەست دەکات. یان کوردستان جێدێڵێ. بەڵام سیاسەتەکەیان هەر خەیاڵ بوو!

هیچ هەڵەیەکم نەکردبوو، تەنها ئەوە نەبێ، کە شەڕمان لەگەڵ حیزبی شیوعی نەکرد؛ نەوشیروانیش ئەو هەموو دیلەی لێ کوشتبون، بۆی قوت نەدەچوو، ئەو بە دیلکوژو منیش بە ئاشتیخواز بچمە میژووا! بۆیە هەڵمەتێکی پروپاگەندەی فراوانی دژم وروژاند. بە فرسەتیشی زانی، زوو کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی تەموزی ١٩٨٢ رێکبخات. لە کۆبونەوەکەدا لە گوندی خەتێ، کە لەو کۆبونەوەیەدا، دروشمی ئۆتونۆمی، پشتئەستور بە جەنگی عێراق–ئێران، گۆڕدرا بە مافی چارەی خۆنوسین. لە کۆبونەوەکەدا، بە روخساریا دیار بوو کە هەموو گیانی نوقمی رقی شەخسی بوبوو. لۆبی کردبوو، لە بەرپرسی مەڵبەند لابببرێم. لەبەرئەوەی ژنو کوڕە عەرەبم نەکوشتبوو. لەبەرئەوەی باوەڕم بەوە

نەبوو، تێکۆشەرانی ئەو حیزبە، لە ناوەڕاستو خواروویی عێراقەوە هانایان بۆ کوردستان هێنابوو، بەدەستی کورد بکوژرێن.(*)

ئەوەی لام سەیر بوو، سور دەمزانی مام جەلال هەڵوێستەکەی ئێمەی پێ دروست بوو. دەشیتوانی بەرگری لە هەڵوێستەکە بکات. بەڵام نەیکرد. ئەمەیان، لە مام جەلال چاوەڕوان نەبووم. زۆرجار مام، بێڕادە رەچاوی بۆچونەکانی نەوشیروانی دەکرد. هەتا رادەیەک دەشیزانی نەوشیروان هەڵەیە، بەڵام هەر نەیدەویست زویری بکات. بە ناخێکی بریندارەوە گەڕامەوە. ئیتر تێگەیشتم، بیری راستڕەوێتی نەوشیروان نەک کۆمەڵە، بەڵکو یەکێتیشی کۆنترۆڵ کردووە. نەوشیروانیش تێگەیشت، بەو بڕیارە ناڕەوایە، نێوانمان تەواو تێکچوو. لەگەڕانەوەدا، خواحافیزیم لێنەکرد. هەتا مفاوەزاتی ١٩٨٣-١٩٨٤، پەیوەندیمان پسا.

دوای شەڕی قڕناقاو پشتئاشان، دانوستان لەگەڵ رژێم زەمینەی رەخسا. یەکێتی ئامانجی بوو، لەدوای ئەو شەڕانە بیسەلمێنێ، کە هێزی بالادەستو بەهێزترین نوێنەری کوردە. لە دانیشتنەکەدا، سەرۆکی وەفدی حکومەت وتبووی: حکومەت نازانێ چ لایەکتان نوێنەری کوردە؟ هەموتان هێزتان هەیە. ناوچەتان بەدەستەوەیەو بە جیاش داوای دانوستان دەکەن. ئەم بۆچونە، گەرچی بەعس لە روانگەی دوژمنەوە کردبووی، بەڵام قسەیەک بوو، نەوشیروان حسابی لەسەر کردبوو.

ئەو رووداوانە، بەو هەموو گرنگییەوە، کە لە چەندین روەوە هاوکێشەکانی گۆڕی. نوسەری کتێبی (چەپکێک) بە مەرام، رووداوەکانی ئەوەندە بچوک کردۆتەوە، هەر دەڵێی باسی شەڕە گەڕەک دەکاتو دەنوسێ:

"بارودۆخی ئەو ناوچەیە ڕووی لە شەڕێکی ئاڵۆزکردو سەرکردایەتی جود فەرمانی بۆ حسکو پاسۆکو پارتیو شیوعی دەرکرد، کە بە هەموو هێزەکانیان لە ناوچەی سلێمانی پەلاماری مەڵبەندی یەکی یەکێتی بدەن، بەڵام (بەهادین نوری) کە لێپرسراوی ناوچەی سلێمانی حزبی شیوعی بوو، نامەی بۆ مەڵبەند نارد بوو، کە ئێمە ئامادەی شەڕکردن نینو ئامادەین ڕێکەوتنێکی ناوچەییتان لەگەڵدا بکەین، مەلا بەختیارو مەڵبەندی یەکیش بە هەلیان زانیبوو، کە حزبی شیوعی تەریک کەن لەو شەڕە و ڕێکەوتنیان لەگەڵدا مۆر کردبوو. ئەم ڕێکەوتنەی مەڵبەندی یەک لەگەڵ شیوعیەکان هەڵایەکی گەورەی لە مەڵبەندی (٤)ی یەکێتیو بەرەی جودی ناوچەی هەولێرو سەرکردایەتی جودا نایەوە،

* مانگێک بەر لە شەڕەکە، کچی شەهید سەلام عادل هاتبوو. د.ئیمانو هاوسەری د.دڵشاد. پێکەوە خزمەتی نەخۆشیان دەکرد. هیچیان نەبوو. ناردم پێویستیی ناومانڵیان بۆ هێنان. دەمانچەیەکی سمسی خۆیشمم پێشکەش کرد. ئیتر چۆنیان بکوژم؟! بە پارەی ئەو دەمانچەیە، دوای رووداوەکان، خۆیان گەیاندبووە سوریا!

گوایە لە مەڵبەندی (٤) شیوعیەکان دەچنە سەر مەڵبەند، گەچی مەڵبەندی یەک لەگەڵ شیوعیەکاندا ڕێک دەکەون".[1]

دەقی ئەم نوسینە بکرێتە پێوەر، دەبێ لەسەر ئەوەی شەڕی شیوعیەکانمان نەکرد پاداشت بکرێین. چونکە هێزەکانی جود بە یەکگرتویی، دوای هەفتەیەک چونە سەر مەڵبەندی چوار، سەرکەوتن. بەڵام لە مەڵبەندی یەک، شیوعیەکانمان بێلایەن کرد. سۆسیالیستمان بەگیر هێنا. باقیەکەیمان تێک شکاند. ئەگەر ئەو سیاسەتەمان بەکارنەهێنایەو هەموو هێزەکانی جود، لە دیوی ڕەزڵە و دۆڵی پەرخەوە، لەپشتەوە، پەلاماریان دابایە، شیوعیەکانو لایەنەکانی تریش لە شەڕگەکانی تر، پێکەوە هێرشیان بۆ هێنابایە، چ دەستەبەرێکی عەسکەری هەبوو، سەرنەکەوون؟

ئەوەی لەنێوان منو حیزبی شیوعی، لە مەڵبەندی یەکدا کرا، ڕەوشتی بەرزی سیاسی بوو. متمانە بوو، حیزبی شیوعی دەیانزانی، پەیمان شکێن نیم. چونکە چاودێرییان کردبوین، ڕەفتارو کرداریان دیبوین، کە چەند باشین لەگەڵ خەڵکدا. ئەشیانزانی لەناو کۆمەڵەو یەکێتیشدا، لەناو ڕوداوەکاندا، خاوەن هەڵوێستی جیا بوین. هەردوولاشمان، نەکەوتینە دوای بڕیارەکانی سەرکردایەتی هەردوو لایەن.

حیزبی شیوعی، هەڵەیەکی ستراتیژیی کرد، کە نەیتوانی لە شەڕی ناوخۆدا بێلایەنی خۆی بپارێزێ. یەکێتیش، هەڵەی کرد، کە شەڕەکەی گەیاندە دیلکوشتنی قڕناقاو پشتئاشان. شەڕ ڕویدا. جود لە ١٩٨٣/٤/٢٥ بارەگای مەڵبەندیان گرت. بەڵام هەر باش بوو نەگەیشتە دیلکوشتن. چەند بۆ یەکێتی شەرەفێکی گەورە بوو، دیلەکانی بپاراستایەو ڕێزی بگرتنایەو بۆی ڕون بکردنایە، کە هەوڵی زۆر لەگەڵ حیزبی شیوعی درا، نەبێتە بەشێکی شەر. بەڵام سودی نەبوو. ئەشتوانرا، شەڕنەکردنی مەڵبەندی یەک لەگەڵ شیوعیەکان، وەکو بەڵگە بهێننەوە، کە تەواوی یەکێتی نەیویستووە لەگەڵ حیزبی شیوعی بکەوێتە شەڕ. نەک ئەمەیان نەکرد. بەڵکو دوای کوشتنی دیلەکانیان، دژی ئەو ڕێکەوتنەش لە مەڵبەندی یەک لێدوانیان دا. لە ئیزگە وتیان سەرمان پانکردونەتەوە، ماوەتەوە پەڕوبااڵەکانیان. بەم سیاسەتە شەڕەنگێزییە، یەکێتی کارتی شەڕی بەرگری سوتاند. وەکو هێزێکی شەڕخواز چووە ناو لایەنە سیاسیەکانی دەرەوەش!!

ئێستا دوای (٣٨) ساڵ لەو ڕوداوە خوێناویانە، با مێژوونوسەکانو ئەوانەی خەریکی ماستەرو دکتۆرا نوسینن، بەبەڵگەوە، بەراوردی بکەنو دەریبخەن، کە کام سیاسەت ڕاست بوو. سیاسەتی دیلکوشتنی قڕناقاو پشتئاشان، یان ئاشتیەکەی مەڵبەندی یەکی سلێمانی؟!

١ برایم جەاڵل. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٨٥-٣٨٦).

جگەلەوەی قسەکانی نوسەر، بێسەروبەرن. لە هەموی ناخۆشتر، روداوی وای داتاشیووە، باوەڕناکەم خۆی بەو نوسینەدا چوبێتەوە، ئەگینا، بەئاسانی دەیزانی، داتاشینەکەی کەس باوەڕی پێناکات. دیقەت بدەن چی دەنوسێ:

"شەڕ لە مەڵبەندی چواری یەکێتی لە دۆڵی باڵیسان هەڵگیرسا، بەرەی جود بە هەموو هێزەکانی دەشتی هەولێرو شکاوەکانی ناوچەی سلێمانیش لە رۆژی (١٩٨٣/٤/٢٥) هێرشیان بردە سەر بارەگای مەڵبەندی چواری یەکێتی گیرا و هەموو هێزەکەیان پاشەکشەیان کرد بۆ پشتی دەرەشێرو دەرەدارو دەرەزیوە".[1]

خوێنەر!

شەڕ لە مەڵبەندی یەک ١٩٨٣/٣/١٩ دەستپێکرد. دوو رۆژی خایاند. بە دوو رۆژیش، کشانەوە.

دوای شەش رۆژ، جود لە (١٩٨٣/٣/٢٥) دا هێرشی کردەوە سەر مەڵبەندی چوار. مەودای نێوان باڵیسانو حاجی مامەند، لەوکاتەدا، بە پێ، شەو و رۆژ، بەبێ ئەوەی هێزی یەکێتی لەپێشیاندا بن، لایەنی کەم شەویش نەخەوتنایە (٥) رۆژی دەویست بگەن. کەچی نوسەر، شێواندنی راستیەکان، وایان سەر لە خۆیشی شێواندووە، دەنوسێ: "هێزەکانی دەشتی هەولێرو شکاوەکانی سلێمانی، ١٩٨٣/٣/٢٥ هێرشیان بردە سەر بارەگای مەڵبەندی چوار!!".[+]

سەدان کەس ماوون. کە پارتیو سۆسیالیست، راونران بۆ مەریوان. حیزبی شیوعیش، دوای (٣بۆ٤) رۆژ، بە ئاگاداری من، حاجی مامەندیان جێهێشت، نیوەیان چونە سورێنو نیوەشیان گەیشتنە قەراغ. حەمەی فەرەجمان نارد، لە قەراغیش لەگەڵیاندا رێکەوتنی دێوانەی دوای دوو هەفتە مۆرکرد. شەڕ رونـەدات. باقیەکەی بۆ وێژدانی خوێنەر دەمێنێتەوە!!

لەبەرامبەر ئەو سیاسەتەدا، یەکێتی سیاسەتێکی دووفاقی گرتەبەر. لەدەرەوەی وڵات ئەیانووت، سیاسەتی مەڵبەندی یەک بەرامبەر شیوعیەکان، سیاسەتی یەکێتی بوو. لەناو وڵاتیش دەستیان کرد بە سزا و پاکتاو، لەسەر ئەوەی لایەنی کەم نەمانهێشت خوێنی (٥٠) تێکۆشەری ژنو پیاوی کوردو عەرەب، لە هەردوولا، بڕژێ. دوایی لە ناشتنەکەیاندا درۆ بکەینو بڵێین: براکوژی خراپە! نەک ئێستا کە (٣٨) ساڵ بەسەر شەڕەکاندا تێپەڕیووە. بەڵکو دوای ساڵێکیش، یەکێتی شەڕی قرناقاوپشتئاشانی دێزە بەدەرخۆنە

١ هەمان سەرچاوە. ل(٣٨٦).

+ مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی لە کتێبی (یادەوەرییەکانم)دا، لاپەڕە (٤٤٧-٤٤٨) پێچەوانەی بۆچونی نوسەر جەختدەکاتەوە کە، هێزەکانی شیوعی لە مەڵبەندی یەک، بەقسەی سەرکردایەتیان نەکردووە، بچن بەهانایانەوە.

کرد. قەت یادی نەکراوەتەوە. نەوشیروان تەنها ئەوەندە ئیشی بەو شەڕانە هەبوو، کە رقە سایکۆلۆژیەکەی ناخی، لەناو دەسەڵاتی سیاسیو عەسکەریدا، بەجۆرێک بنج دابکوتێ، کەس نەتوانێ، ئیتر لەبەرامبەر زەبروزەنگەکەی، سەری ناڕەزایی بەرزبکاتەوە!!

(١٩)
ماکیاڤیلیەتی دواکەوتوو ! (*)

سەردارانی کوردستان، لە گرتنەبەری شێوازی چەشناوچەشن، بۆ گەیشتن بە مەرامە تایبەتیو گشتیەکانیان، بەشێوەیەکی دواکەوتوانە، بەڵکو بە لافلێدانی شۆڕشگێڕانەو دیموکراسیانەش، دوای (٥٠٠) ساڵ لە گۆڕانکاری، میکیافیلییان تێپەڕاندووە، کەچی، (بازرگانە شۆڕشگێڕەکان)و (هەلپەرستە هەڵپەچیەکان) نیو سەدە زیاترە، نەک لایەنی چاکە، بەڵکو تاوانو تاڵانی ئەم سەردارانەش، دەکەنە دەستکەوتی مێژوویی!

مەریوانی وریا قانع، جوانی لەسەر ماکیاڤیلی نووسیووەو دەڵێ: ماکیاڤیلی بەنیشتمان کەرامەتێکی تایبەت دەبەخشێت و پاراستنی ئەم کەرامەتەش لەپێش پاراستنی هەموو شتێکی دیکەوە دادەنێت. بەڵام ئەم نرخە گەورەیەی نیشتمان لای ئەم فەیلەسووفە سیاسییە لەخۆیەوە نایەت، واتە شتێکی خۆبەخۆو خۆڕسک نییە. ئەوەی لای ماکیاڤیلی بەنیشتمان ئەم نرخە گەورەیە دەبەخشێت چەند شتێکە، لەپێش هەموومانەوە ئازادییە. نیشتمان لای ماکیاڤیلی کاتێک دەبێت بەنیشتمان، کاتێک دەبێت بە بەهایەک لەبەهاکانی دیکە گرنگتر، کە بتوانێت ئازادیی دەستەبەر بکات و بیپارێزێت، تا ئەو شوێنەی بەرگریکردن لەنیشتمان یەکسانبێت بەبەرگریکردن لەئازادیی(٢).

---

* نیکۆلۆ ماکیاڤیلی: (١٤٦٩-١٥٢٧) مێژوونوس‌و سیاسەتمەدارێکی ئیتاڵییە. بیرمەندی سەردەمی رێنیسانس‌و داڕێژەری تیۆری جۆرێکە لە فەلسەفەی سیاسەت. ئەم بیرمەندە، زۆر دڵسۆزی ئیتاڵیا بوو. دەیویست، بە رێگەیەک لەو رێگا سیاسیانەی لەگەڵ بارودۆخی تێکچووی میرنشینەکانی ئیتاڵیا، دەگونجا، رێبازی دەربازی ئیتاڵیا دارێژێ. زۆربەی نوسینەکانی کاریگەربیان لەسەر بیری سیاسی داناوە. تەنها ئەو قەولە زۆر دەوترێتەوە کە وتویەتی: «ئامانج پاساوی ئامراز دەدات- الغاية تبرر الوسيلة). ئەمە لەکاتێکدا، ماکیاڤیلی خاوەنی چەندین کتێبی سیاسی‌و ئەدەبیشە. دیارترینیان کتێبی (میر)ە کە لەلایەن چیرۆکنوس (حسێن عارف)ەوە کراوە بەکوردی. هەروەها ئەو کتێبە جارێکی تریش راستەوخۆ لە زمانی ئیتاڵیەوە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی. لەسەردەمی کۆماری فلۆرەنسا سەرۆک پەرلەمان‌و (جمهوری) بووە. باشترین کتێبی (محاورات)ە.

٢ بڕوانە، مەریوان وریا قانع. سایتی روانگەو ڕەخنە - ٢٠٢٠/٨/٤.

ئێمە کە توانیمان ڕێکەوتنی یەکترنەکوشتن لەگەڵ (بەهادین نوری‌و مەلا عەلی) مۆر بکەین، ئەو سەرکەوتنە سیاسییەیان بەجۆرێک هەڵگێڕایەوە خەریکبوو بە خائینیش لەقەڵەممان بدەن. کەچی نوسەر باسی گفتوگۆیەکی مێژوویی، دوای (٣) ڕۆژ لە خوێن ژەنینی بناری قەندیل بە قوربانی‌و دیلەکان، ئاوا دەگێڕێتەوە:

"ڕۆژی (١٩٨٣/٥/٣) نیوەڕۆ لەناو ژووری قوتابخانەکەی خانەقا، لە دانیشتنی نێوان نەوشیروان‌و مەڵبەندی سێ‌و نێوان کەریم ئەحمەدو مەلا ئەحمەدو قادر ڕەشید، نەوشیروان پێی وتن: سێ نامەمان بۆ ناردن، دووان بە بروسکە و نامەیەک بە دەستی کە مەڵبەندی سێ بۆی ناردن، ڕۆژی (١٩٨٣/٤/٢٧)، کە ئێمە شەڕمان لەگەڵ حزبی شیوعی نیە تکامان وایە وەک ناتوانن لە ناوبژیکردندا سەرکەوتوو بن لە شەڕدا بەشداری مەکەن‌و ئێمە شەڕمان ناوێ، بەڵام ئێوە نە وەڵامی نامەکانمانتان دایەوەو نە بێلایەن بوون، بەپێچەوانەوە هەر لە ڕێگەماندا لە قەڵاتوکانەوە هێزەکەتان داینە بەر دەستڕێژو هاوەن".[1]

ئەم گفتوگۆیە، لە درامایەکدا تێهەڵبکێشرێ، دەبێتە نایابترین دیالۆگ، یان مەنەلۆگی سیاسی-عەسکەری. بۆ خوێندنەوەی سیاسەتی میکیافیلی سەردارانی کورد.

جارێ کەریم ئەحمەد، لە مێژووی سیاسی خۆیدا، بچوکترین تاوانی نەبوو. مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی مام جەلالیش بووە. زیاتر لە نیو سەدە، لە تێکۆشاندا بووە.. بە هەموو نەهامەتیەکانیەوە. ئاشکرایە کۆمەڵە ڕێبازی شیوعیەکانمان قبوڵ نەبووە، بەڵام قبوڵنەکردنی ڕێباز، کە دەگاتە شەڕو دیلکوشتن‌و سەرکردە گرتن، ئیدی لافلێدانی ئازادی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هیچگەرایی!

هەردوولا، لافی چەپمان لێدەدا.. ئەوان کۆمۆنیست‌و کۆمەڵەش مارکسی. کەچی، چونکە ڕەگەکانمان لە کولتورو نەریتی دواکەوتوی کوردەواریدا، ڕۆچووبوو، هەر لەسەر ئەو ڕەگە، بڕیارەکانمان دەڕوا. بۆیە، کێشەکانمان بایی ئەوە نەبوون لەسالّی (١٩٨١)وە، هەتا سالّی (١٩٨٦) یەکتر بکوژین. ئیتر چۆن باوەڕ بە (بەختیار عەلی) نەکرێ کە دەنوسێ:

"چۆن مارکسیزمی خۆرهەڵاتی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو فەلسەفی بە مارکسەوە نەبوو، تەنیا فۆرمێکی ئایدیۆلۆژی مارکسیزم بوو کە بارکرابوو بە ڕۆحی ململانێ

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٨٩-٣٩٠).
ئەم گفتوگۆیە، نوسەر لە کتێبی (یادەوەرییەکانم)ی مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی ل(٤٤١) دزیویەتی.. بەبێ ئاماژەپێکردن.

سیاسییە لۆکاڵییەکان. لیبراڵییەتی خۆرهەڵاتیش هەمان شێوە کارێکی بە مەرجە بنەڕەتیو فەلسەفییەکانی لیبرالیەتەوە نییە. بەڵکو قاوغە دەرەکیەکەیەتی، کاژە بێسودەکەیەتی کە بێ پرسیار وەرگیراوەو کراوە بە کلێشەیەکی موقەدەس".[1]

مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی، من پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم، لە (١٩٥٩) یادی هاتنە سەر کاری عەبدولکەریم قاسم کرا، لە کامپی بانینی دەربەندیخان، کە پێیاندەووت: (تەیارەخانە). هەزاران کەس کۆکرابونەوەو دژی کۆلۆنیالیزمو کۆنەپەرستی، وتاری خوێندەوە. جوامێرێکی کۆڵنەدەر.. بە دیلیی دەگیرێ. خۆی ئاوها باسی گرتنەکەی دەکات:

"دوای ماوەیەک گوێم لە غەڵبەغەڵبێک بوو، لەناو کۆمەڵە داریکی نزیک ئەو شوێنەی من لێی دانیشتبووم بە کیلۆمەترێک. کەمێک لێیان نزیک بوومەوە زانیم پێشمەرگەن گوێم لێ بوو سێ و چوار جار یەک دوانێکیان یەکتریان بانگ دەکرد. ناوی (حاجیو ملازم عەلی)م بیست. ئێمەش بەو ناوانە دوو هاوڕێمان هەبوو لە بنکەی (لێوژە) ملازم عەلی لێپرسراوی سەربازیو حاجی جەمالیش لێپرسراوی سیاسی بوو. ڕۆژی یەکی ئایار کە شەڕەکە دەستی پێ کرد، بروسکەمان بۆ ناردن کە بێنە پشت ئاشان، بەڵام کە تا پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە نەهاتن، شەڕ کەوتە ئەو قۆڵەوە کە دەبوو ئەوان پیایدا بێن. ئێوارەی هەمان ڕۆژ بروسکەیەکی ترمان بۆ ناردن کە بەرەو (ئێنێ) بۆ لای برادەرانی پارتی بڕۆن. ئیتر من گەیشتمە قەناعەت کە ئەوانە هاوڕێیانی لێوژەنو ڕووداوی شەوی ڕابردووی ئێمەش نازانن و ناشزانن کە چەکدارانی یەکێتی ڕێگای (ئێنێ)یان گرتووەو تووشی شەڕ دەبن. ئیتر کەوتمە باری دوودڵیو نیگەرانییەوە. بەڵام کە چەند جارێکی تر گوێم لە ناوی (حاجیو ملازم عەلی) بوو بڕیارم دا نزیکتر ببمەوەو دەنگیان بدەم بزانم کێن. چوومە ناویانەوەو هیچ ئاگایان لەخۆیان نەبوو، تێم خوڕین ئێوە پێشمەرگەی کێن؟ گوتیان یەکێتی ئیتر من تا ئەژنۆم وشک بوو، گوتیان ئەی تۆ کێی؟ گوتم پێشمەرگەی حزبی شیوعیم. داوایان کرد چەکەکەم فڕێ بدەم. منیش گوتم فەرموون. چەکەکەیان لێ سەندمو دەستیان لە کۆڵە پشتییەکەم دا کە زانیان هیچی تیا نییە، وازیان هێنا. گوتیان ئەی هاوڕێیانی ترتان کوان؟ گوتم نازانم چونکە شەو دایاننانە بەر دەستڕێژو پەرت بڵاو بووینەوە. ئیتر هەریەکە لەلایەکەوە پرسیاری لێدەکردم".[2]

---

١ بەختیار عەلی. ڕەخنە لە ئەقڵی فاشستی. ل(١٣).

٢ ئەحمەد بانیخێڵانی. یادەوەرییەکانم. چاپی دووەم- سلێمانی-٢٠١٤. ل(٤٣٨).

مەلا ئەحمەد، کاریگەری هەبوو بۆ چونە پاڵ جودو تەنانەت بۆ شەڕیش، بەڵام دیسان، بە دیلگرتنی، یەکێتی کردە دوژمنی مێژوویەک لە خەبات. خەباتی حیزبی شیوعی!

بڕوانن، میکیافیلیەتو هەلپەرستی، لەم دیدارەدا دەگاتە چ ئاستێکی ترسناک. پێیان دەڵێ:

أ- سێ نامەمان بۆ ناردن. دوان بە بروسکەو نامەیەک بە دەستیی.

ب- ئێمە شەڕمان لەگەڵ حزبی شیوعی نییە تکامان وایە وەک ناتوانن لە ناوبژیکردندا بن لەشەڕدا بەشداری مەکەن.

ج- ئێوە نە وەڵامی نامەتان دایەوەو نە بێلایەن بوون.

د- لە قەڵاتوکانەوە هێزەکەتان داینە بەر دەستڕێژو هاوەن.

دیالۆگێکی سەیرە. نەوشیروان، وەکو عەسکەریەکی وشکو برینگ، وەکو جەنەرالێکی سەرکەوتوی شەڕ، سەرکردە دیلەکان دادگایی دەکات. بەبێ ئەوەی بە خۆیشی بزانێ، دیالۆگەکە سەراپا پێچەوانەی ئەو بڕیارانەیە، کە دژی مەڵبەندی یەک، لەسەر رێکەوتن لەگەڵ شیوعیەکانو شەڕنەکردنمان، دایانو سزاشیان داین!

ئەگەر نامەو بروسکەتان ناردووە؛ ئەگەر نەتانویستووە شەڕ لەگەڵ شیوعی بکەن؛ ئەگەر ویستوتانە ناوبژیکەر بن؛ ئەگەر هەوڵتان داوە بێلایەن بن؛ ئەگەر هەموو رێگاکانتان گرتۆتەبەر کە حیزبی شیوعی نەگلێتە شەڕ.. خۆ لە مەڵبەندی یەکدا، بە کەمترین هەوڵ، بەڵام بە بەڵێنێکی راستگۆیانە، شەڕی یەکدیمان نەکرد. دەی بۆچی نەوشیروان مستەفا، بۆ خۆی حەڵاڵ بێ هەموو رێگایەک بگرێتە بەر، شیوعیەکان لە شەڕ دووربخاتەوەو بێلایەنیان بکات، بەڵام کە ئێمە هەمان کارمان کردووە، بۆ ئێمە حەرام بێ؟!

ئەو سیاسەتە، سەرومڕ، میکیافیلیەتێکی دواکەوتووە. میکیافیلیەتێک دژبەرەکەی ئاشکرایە. هەلپەرستیەکی زەقە. یاریەکی بێلەزەتە، بۆ داپۆشینی تاوانەکان!!

لە بنچینەشدا، ئەو قسانەی نەوشیروان، ناکۆکە لەگەڵ بڕیاری راگەیەندراوی یەکێتی، کە پێش شەڕەکە، نەک لە ئیزگەدا پروپاگەندەی بۆ دەکرا، بەڵکو کە هێزەکانی یەکێتیی، لە زەڵێ کۆکرابونەوەو سکرتێری یەکێتی وتاری جۆشدانی بۆ خوێندنەوە، بە دیکۆمێنت ماوە، جەخت دەکاتەوە، لە تەحریفیەکان بدەن. رەحمیان پێ مەکەن. ئەی دروشمی (تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرە) خۆ شیوعیەکانی لێ هاوێر[*] نەکران.

---

[*] هاوێر: جیاکردنەوەی کارو بەرخ، لە دایکیان. کچە نۆبەرەی پەخشانی شێخ جەلالو ئەرسەلان بایيزی هاوسەری بوو. پەخشان، هەفتەیەک دوای لەدایکبون ناردیانەوە بۆ شار. لەوکاتەدا پەخشان وتی: کاک مەلا بەختیار، ناوێکی خۆشمان بۆ بدۆزەرەوە، ئەو لێکجیاکردنەوەیە (هاوێر) بوو.. ناووم نا (هاوێر). ناوگیر بوو.

پێشمەرگەو فەرماندەکان، بەو گیانە گۆشکراوەوە، هەڵمەتیان بردە سەر شیوعیەکان، بۆیە، بەئاسانی نهێنی (پەرێزتان پاک بێ)ی دیلکوشتنەکەی نەوشیروانیان، جێبەجێ دەکرد.

ئەوساو ئێستاش، بیرم دەکـردەوە، دوای دوو سـەدە، هێزە سیاسی-چەکدار-ئایدیۆلۆژستەکانی کوردستانو عێراق، لـەدوای شـەڕی ناوخۆی میرو دەرەبەگە کوردەکان، لە سەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەم، بەو چەشنە درندانەیە یەکترمان دەکوشت، ئاخۆ، دوو سەدە لەمەوبەر، بۆ ناهەقی میرو دەرەبەگێکی نەخوێنەوار بگرین، کرابنە داردەستی رۆمو عەجەم؟! هەمان رۆحی سەدەکانی ناوەڕاستە.. لە بەرگی نوێخوازیو کۆمەڵەی مارکسیدا!!

زۆربەی کۆمەڵی دەرەبەگایەتی یەکتریان کوشتووە؟ کەمیان لەم جیهانەدا پەلاماری یەکتریان نـەداوە؟ ئیتر بۆ لۆمەی کورد دەکرێ؟ ئەوەی سەدەکانی ناوەڕاست، قۆناغی مێژووییەو دەبوایە شەڕی دەسەڵاتی میریایەتی روبدات. بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، لەکاتێکدا سێ چارەکە سەدە بەسەر دامەزراندنی ئەزمونی حیزبایەتی تێدەپەڕێ، هەر حیزبێکیش، گوایە ریبازی ئایدیۆلۆژی مۆدێرنی هەبوو، کەچی شەڕی ناوخۆ دەگەیەندرێتە دیلکوشتن. ئەم رووداوانـە، لەم سەردەمەدا، زیاتر لە سەدەکانی ناوەڕاست، پێویستی بە توێژینەوەیە. دیسان پێویستە بۆ کاریگەریەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بگەڕێینەوە. بنچو بنەوانی ئەو ئەندێشە ترسناکەی تۆندوتیژی دیاری بکەین. هەڵەیەکی کوشندەیە، دیاردەی شەڕی ناوخۆ، کە دەگاتە زەبروزەنگی دیلکوشتن، بە رووداوێکی راگوزەری کوتوپڕ سەیر بکرێ. ئێستاش لە رۆژئـاوا، لەسەر مێژووی کۆنیان دەنوسن. رۆژئـاوا کە نەک قۆناغی مۆدێرنێتە، بەڵکو خەیاڵی پۆست مۆدێرنەش دایگرتون. کەچی هێشتا، وازیان لە ئاسەوارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست نەهێناوە. بەڵام کورد، ئەم جۆرە رووداوانە دەکاتە پاروویی سۆزو نۆشی سەرکردەکانی دەکات! حیزبە سیاسیەکان، لەبری ئەوەی دەرس و پەند، لە هۆکارە راستەقینەکانی زەبروزەنگ وەربگرن، کەچی شانازی بە هۆکارەکانەوە دەکەن!

کوردەواری، لەڕووی ریفۆرمەوە بە روالەت گۆڕاوە. وەکوتر، رەگەزە راستەقینەکانی دواکەوتن، کە لەمێژوودا چاوگی زەبروزەنگە، لە کوردەواریدا، لە سەدەی ناوەڕاستدایەو هەڵنەکێشراوە. ئەم رەگەزە هەڵنەکێشراوانەی سەدەکانی ناوەڕاست، پەلوپۆی لەناو کولتورو نەریتو کەلەپورماندا، لەم سەردەمەشدا، لەبەر دوو هۆی بنچینەیی پارێزراوەو دەپارێزرێ:

یەکەمیان: مانەوەی هەژمونگەری ئایینی-مەزهەبی، کولتوری توندوتیژی سەدەکانی ناوەڕاست، دەقاودەق دەپاڕێزرێو قۆناغ دوای قۆناغیش، دەخرێتە قاڵبی نوێی شەرعو شەریعەتەوە.

دووەمیان: هێزە کۆمەڵایەتیە دەسەڵاتدارەکان (خێڵ، عەشیرەت، پیاوانی ئایینی) یان هێزە سیاسیەکان، یاخود حکومەتەکان، لە نەبونی شۆڕشی دیموکراسی راستەقینەدا، بەردەوام شەرعیەتی (سیاسی-یاسایی-ئایدیۆلۆژی) لەرێگەی هێزو بەهۆی سەپاندنی زەبروزەنگەوە، دەدەنە دەسەڵات. تاڕادەیەک، دەتوانین جەخت بکەینەوە کە زەبروزەنگی دەسەڵاتپارێزی، لە رۆژئاواشدا بە رێژە پارێزراوە!

رۆبرت ئۆدی،[*] لەمبارەو، زۆر جوانی نوسیوە کە لەسەر زەبروزەنگ دەنوسێ:

" لە تەواوی قۆناغە سەرەکیەکانی مێژووی بەشەریەتدا، هەندێک خەڵک زەبرزەنگیان بۆ بەدیهێنانی زۆرێک لە مەرامەکانیان بەکارهێناوە. سەرەڕای ئەوەش، بەشەڕ هانایان بۆ پاساوی رەوشت لە زۆر کاتدا بردووە کە زەبروزەنگیان تیادا بەکارهێناوە".[١]

دیارە نیتشە، لەخۆڕا چەمکی ئاساییشو سەقامگیری تەنها لە روانگەی مەتریالیستیەوە لێکنەداوەتەوە، بەڵکو لە روانگەیەکی قوواڵتری فەلسەفیەوە، کە بەڵگەی دۆزینەوەی ئاستەنگی بوونی ئاکاری مرۆییە، کە زەبروزەنگ وەکو بەرجەستەی زیانی ئاستە جیاوازەکان هەڕەشەی لێدەکات.[٢]

بەندە، لەساڵی ١٩٧٦وە، نەک هەر ئاگام لە رووداوەکانە، بەڵکو لەناو زۆربەی رووداوەکانیشدا بوم. ئەو کولتوری زەبروزەنگەی لایەنو هێزە سیاسیە-عەسکەریەکان، بەکارمان هێناو پاساوی ئایدیۆلۆژیمان بۆ دەهێنایەوە، گومانم نییە رەگو ریشەی بۆ رابوردوی دێرین دەگەڕێتەوە. ئەو رەگو ریشەیە، لە قۆناغی جیاواز و بە کولتوری جیاوازو عەقیدەی جیاوازیش، دەپارێزرێو لە بەرگی چەشناوچەشنیشدا دەسەپێنرێ. ئەو رەگە دێرینەیە، ئاوێتەی هەژمونگەری سایکۆلۆژیەتی جەلالی-مەلایی، بووە.. ئیدی پێکەوە، گیانێکی شەڕەنگێزیو زەبروزەنگی خوێنڕشتنیان بەرهەمهێناوە. درێژەی

---

* رۆبرت ئۆدی: مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی رۆتردام.

١ فيتوريو بوفتشي-العنف- مختارات فلسفية. ترجمة: ياسر قنصوه. المركز القومي للترجمة. ٢٠١٧. ص(٢١٧).

٢ پێشەکی هەمان سەرچاوە. ل(٨٠).

کاریگەری ئەو رەگە دێرینەیە، تا ئێستاش، لە شۆڕشی نوێوە، بۆ راپەڕین، بۆ حکومەتو پەرلەمان، بۆ دوو ئیدارەیی، بۆ یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم، لە شەڕی ناوخۆداو لە پەلکێشکردنی سوپای وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا، لەپشتی جۆرەها بەرگو رەنگدا، درێژەی پێدراوە.

(٢٠)
رەگەزەکانی زەبروزەنگ!

نەریتو کولتوری کوردەواری، هێندەی پەرژینی پاراستنی پەروەردەی رابوردووە، چارەکێکی ئەوە، بواری تیا نییە بۆ وەرگرتنی کولتوری نوێ.. نوێ بە چەمکە نوێگەریەکەی، سەردەمی شۆڕشی دیموکراسی، بە چەمکو رەهەندە سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتوریەکەیەوە.

خۆم بێبەری ناکەم لە روداوگەلێک، وەکو یەکێک لە نەوەی دووەم. منیش لە کارلێکا (تفاعل) بووم لەناو روداوەکان. لەکوێ هەڵەم کردبێ، جگەلەوەی خۆم بەرە بەرە رەخنەیان لێدەگرم، رەخنەشم لێبگیرێ، دەیسەلمێنم. بەڵام ئێستا کە باسمان لە زەبروزەنگو دیلکوشتنە، شانازی دەکەم کە تاقە دیلێکم لەژیانی پێشمەرگایەتیدا نەکوشتووە. زەبروزەنگیشم بەرامبەر هاوڵاتی بەکارنەهێناوە. مێژوونوسو نوسەران، دەتوانن لە راستیو ناڕاستی ئەم قسانەم، لێکۆڵینەوە بکەن. بەڵکو بەقسەی سەروی خۆشم نەکردووە، دیلی لایەکان بکوژم. بەپێچەوانەوە ئازادم کردون. دیلم کردۆتە پێشمەرگە لە دەستەی خۆمدا، وەکو (شەهید حەمە پشتەیی-قیادەی موەقەتە).

شەهید رێبان، لە دڵسۆزیی خۆیو نەفرەتکردنی لە شەڕی ناوخۆ، لە کتێبی (قەندیل بەغدای هەژاند)دا، پەرۆشیی هانیداوە، ئەم دەقەم لەسەر بنوسێ:

"کاک مەلا بەختیار رێککەوتن نامەیەکی لەگەڵ کاک بەهادین نوری لێپرسراوی هێزەکانی حزبی شیوعی عێراقی لە ناوچەی سلێمانی مۆر کردبوو، بەگوێرەی ئەو رێکەوتننامەیە هێزەکانی حزبی شیوعی عێراقی خۆیان لەشەڕی ناوچەی سلێمانی دوور گرت. لەکاتێکدا هێزەکانی ح.ش.ع لە هەولێر زۆر بەگەرمی پیلانیان دادەڕشت بۆ گرتنی مەڵبەندی چواری ی.ن.ک. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج راکێشانە کاک مەلا بەختیار

پاش ئەوەی لە ی.ن.ک جیابۆوە دەیان بڵاوکراوەی نووسی دژی شەڕی براکوژی، حزبە سیاسیەکانی دەکوتا بێ هەواڵ لەوەی کە خۆی رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە زۆربەی شەڕەکان بەتایبەتی شەڕی کانی سوور، ناوچەی هەورامان، مەڵبەندی یەک، بۆیە هەقە بڵێین: پاش لێزمەو باران کەپەنگ بۆچی..!؟".[1]

شەڕی "کانی سوور[*]- لە دەشتی کۆیەو دەکەوێتە بناری شاخی خان قوول" بە تۆمارکراوی (دەنگو رەنگ)ی خەڵکی گوندەکەم لایە، کە باسی دەکەن، چۆن مەفرەزەیەکی پارتی ئێمەیان خستە کەمینەوەو چۆنچۆنیش، بۆ بەیانیەکەی قالە فەرەج، هاتبووە گوندەکەو گوتبووی: "ئەمجارە مەلا بەختیار لەدەستمان دەرچوو، بەلام دەبێ سەری مەلا بەختیار بەرمەوە بۆ ئیستخبارات".

شەڕی کانی ژنان-تاوگۆزی-هەڵەبجەش، حەمەی حەمەسەعیدو مامۆستا پشکۆ لەسەریان نوسیووەو راستیی رووداوەکەیان وەکو خۆی، باسکردووە. پشکۆ نەجمەدین ئاوەها، بەشێکی شەڕێ کانی ژنان دەگێڕێتەوە:

"گوندمان بەجێ هێشت، عەزیز و دیلەکانی هاوڕێیو جەستەی ئەنگێوراوی حەمە ئاواتمان لەگەڵ خۆ هەڵگرتو گەڕاینەوە گوندی کانی سالار. لەو شەڕەدا، هیچ دیلێک نەکوژرا، بەڵکو پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ کەس (بەتایبەت موحەمەدی حاجی مەحمود، بڕوانە رۆژژمێری پێشمەرگەیەک!) کە ئەو، ئەوکات لە سەفەری (هەکاری) بووەو رووداوەکەی لە دەمی خەڵک وەرگرتووەتەوەو بەهەڵە دایڕشتۆتەوە. دیلەکان، بێجگە لە عەزیز، هەموویان رۆژی دواتر ئازاد کرانو بریندارەکانیشیان تەسلیم بە کەسوکاریان کرانەوە".[2]

حەمەی حەمەسەعیدیش، وردەکاری شەڕەکە، بەمشێوەیەی خوارەوە دەنوسێ:

"ئێوارە عەزیز پێی وتین سبەینێ میوانی ئێمە بنو بچین بۆ دارو شەخسەکەی (بەڕوێن) لەوێ حەیوان دەکڕینو دەیخۆین. ئەمە لەژێرەوە نامەیەکی بۆ قادری برای نووسیوە کە

---

١ ڕێبان. قەندیل بەغدای هەژاند. بەشی یەکەمو دووەم. سلێمانی- ٢٠٠٨. چاپی دووەم. لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیری شەهید. ژمارە(٢٠). ل(٢٦٠).

* لە کانی سوور کە هەوڵی کوشتنیان داین. نامیق تەقتەقی، گیانی خۆی بەختکردو خۆی دایە بەر دەستڕێژی پارتیەکان لەناو ژورەکەدا، یەکسەر شەهید بوو. لەهەمان تەقەکردندا، ئەحمەد سماقە، یەک سەڵیە گوللە بەر دەمی کەوتو لایەکی ڕوومەتی هەڵدڕی. نامیقو ئەحمەد، دوو لە باشترین پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون. نمونەی ئازایەتیو ڕەفتارو کرداری ڕەنجدەران بوون.

٢ پشکۆ نەجمەدین. ئەزموونو یاد- کتێبی یەکەم. فڕین لە شەودا (١٩٧٨-١٩٨٣). چاپی پێنجەم-٢٠١٩. ل(٧٧).

ئەمە بەشێک لە دەقی ناوەرۆکەکەیەتی (ئێوارە گەیشتینە کانی ژنان جەلالیەکان هەژدە کەسنو لەگەڵ ئەحمەد (گریانە)یی لێرەن. میوانم کردوون بۆ سبەینێ نیوەڕۆ ئەیانهێنم بۆ دارو شەخسەکەی بەڕوێن ئێوەش وەرن، ئەگەر خۆشت نەهاتی جەماعەت لەگەڵ حەسە کۆرپەدا بنێرە بۆ لامان). ئێمە لەکاتی گەڕانەوەی بێچەکەکەی ئەواندا ئەم نامەیەمان پێگرت. ئیتر لەناوەڕۆکی نامەکەدا نیازو مەرامی میوانەکەی سبەینێ ئاشکرایە.

عەلی شامارو کاک ئەحمەد بانگیان کردم پێیان وتم تۆ برۆ بۆ (گەڕاو)و (لاوران) ئاگاداری مەلا بەختیار بکە".[1]

هەروەها دەنوسێ:

"بڕیار بوو هەرکات مەلا بەختیار بەدەنگی بەرز بانگ بکات کاوە، ئێمە گوێمان لە دەنگەکە دەبێت هەرکەسەو چەکدارەکەی تەنیشتی چەک بکات. سەرەتا کە بە دەنگی بەرز بانگی کرد کاوە، کوڕێک بەناوی (کاوە مەخموری) کە بەرپرسی دەستەکەی خۆی بوو وتی: بەڵێ، مەلا دووبارەی کردەوە کاوە. ئێمە عەزیزمان چەک کرد لەگەڵ کوڕێکی تر بەناوی عەبدول ڕەحمان پاسەوانی عەزیزو خەڵکی سەرشاتە بوو، لەولاوە لەو شوێنەدا کە پێشمەرگەی هەردوولامان تێکەڵ بوون، بڕیارە مەحمود چەکیان بکا، بوو بە تەقە، عەزیز لە لای مندا بوو بە دەنگی بەرز هاواری ئەکرد، کەس تەقە نەکات من گیراوم با کەس نەکوژرێت. بەڵام تەقە نەوەستاو ماوەی پێنج دەقیقەی خایاند. دوای تەواوبوونی تەقە عەزیزمان برد بۆ لای مەلا بەختیار، مەلا لەسەر سەنێرگەیەک وەستابوو، عەزیز کڵاشینکۆفێکی یەکلاقو دەمانچەیەکی حەوت تیری پێبوو. وتمان: ئەوە عەزیزە و ئەوەش چەکو دەمانچەکەی. لەوساتەدا یەکێک لەلاوە هاتوو لەبەردەستی مەلادا بەقۆناغی چەکەکەی کێشای بە بناگوێی عەزیزدا، مەلا زۆری پێناخۆش بوو. بۆیە توڕە بوو لەو هەڤاڵەو پێی ووت بۆ کاری ترسنۆکانە ئەکەیت پاڵێکی پێوەنا لەسەر سەنیرگەکە کەوتەخوارەوەو هەردوو لاقیان شکاند".[2]

پێش کارەساتی هەکاری، بەڵکو دوای شەهیدکردنی برایم عەزۆو هاوڕێکانیو حەمەغەفور ئاغجەلەری، بەش بەحاڵی خۆم لایەنگری چارەسەرکردنی کێشەی نێوان یەکێتیو قیادە موەقەتە بوم. بە نامەی شەهید عەلی عەسکەری، لەگەڵ ڕەسول مامەندو عەلی کۆ، وەکو وەفدێکی دەسەڵات پێدراوی یەکێتی، دەچوین بۆ لای

---

١ حەمەی حەمە سەعید. دەنگی خاک. بیرەوەری ١٩٧٦-١٩٩١. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم-٢٠١٦. ل(١٥٧).
٢ هەمان سەرچاوە. ل(١٥٩).

هـەردوولا. فازل جەلال (عـادل)ی قیادە موقەتەشمان لەگەڵ بوو. نەوشیروان بە دروستی دەیگێڕێتەوە:

"لە گوندەکە هەواڵی میوانەکانم پرسی. منیشیان برد بۆ لای ئەوان. جگە لە فاضیل جەلال «عادل»ی قیادە موقەتە، من کەسیانم نەناسی. بەخێرهاتنم کردنو لێم پرسین: «ئێوە کێن؟» زۆریـان پێ ناخۆش بو، بە تورەییەوە ئەوانیش لە منیان پرسی: «تۆ کێی؟». وتم: «من فلانم بەڵام ئێوە کێنو بۆچی هاتونەتە ئێرە بەبێ ئاگاداری ئێمە؟». مەلا بەختیار هەڵی دایە وتی: «من مەلا بەختیارم نوێنەری کۆمەڵەم، ئەوە کاک رەسوڵ مامەندە نوێنەری بزوتنەوەیە، ئەوە کاک عەلی کۆیە سەربەخۆیە، ئەوەش فاضیل جەلالە نوێنەری ق م». وتم: «بۆچی ئەچن بۆ سوریا و چ کارێکتان لەوێ هەیە». وتیان: «ئەچین بۆ سوریا مام جەلال ئەبینینو، کێشەی ئێوەو قیادە موقەتە چارەسەر ئەکەین». منیش پێم وتن: «ئەگەر ئەتانەوێ کێشەی ئێمە و ق م چارەسەر بکەن پێویستە لێرەوە دەس پێ بکەن. هەر دولای کێشەکە لەم ناوەداین. ئەگەر ئەشتانەوێ مام جەلال ببینن. ئەوە پێویست ناکا بچن بۆ سوریا چونکە ئەمڕۆ ئەگاتە ئێرە».[1]

هەمان روداو، مام جەلالیش بەمشێوەیە دەیگێڕێتەوە:

"نەوشیروان مستەفا و کۆمەڵێک برادەرانی تر، هاتبونە سەر سنور. لە دێیەکی سەر سنوری کوردستانی تورکیا توشم بو بە توشی رەسول مامەند و مەلا بەختیارو هەندێ برادەری ترەوە کە هاتبون بۆ ناوبژی لەنێوان یەکێتیو پارتیو چارەسەریی ئەو گیروگرفتە، ئـەوان نەیان دەزانـی مەسەلەکان چیە و چ گۆڕانێک رویـداوە، ئیتر من مەسەلەکانم بۆ گێڕانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هاتنو هەوڵەکە درا، بەڵێ یەکتر دیتراو رێکەوتنمان دوبارەکردەوە کە جارێکی تر کەس شەڕی ئەوەی تر نەکات، هەرکەس ئازادبێ و پێکەوە دۆستو هاوکاربن".[2]

ئێستا، گومان لەسەر ئەوە نامێنێ کە لەناو وڵاتدا، سـەرەڕای ئەوەی هاوڕێکانیان شەهید کردبوین. هەر پەرۆشی چارەسەر بوین. لەدەرەوەی وڵاتیش تا ماوەیەک وابوو!

لەو دیدارەدا، یەکەمین جارم بوو مام جەلال ببینم. مام لە باسکردنی یەکەمین دیداری لەگەڵ مەلا مستەفا لە مۆسکۆ، دەڵێ: بورامەوە لەخۆشیا. بەڵام من زۆرم شانازی پێوە دەکرد. پەرۆشبوم، لەنزیکەوە گوێم لە قسەکانی بێ. دیدارێکی مێژوویی بوو. هەرگیز

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ. ل(١٦٦).

٢ مام جەلال. دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری. ئامادەکردنی: سەلاح رەشید. ل(٧٦).

بیرم ناچێتەوە. لە پرسیارکردندا، یەکەم دیالۆگمان ئەمەی خوارەوە بوو:

مام: تۆ کۆمەڵەی؟

من: بەڵێ.

مام: لەکەیەوە؟

من: لە دامەزراندنەوە.. چومە شانەی رۆشنبیری.

مام: مەوالیدی چەندی؟

من: ١٩٥٢ – خەڵکی خانەقینم.

مام: پێش کۆمەڵە سیاسەتت نەکردووە؟

من: نەخێر..

مام: ئارام هاتووە؟

من: نەخێر.. منی ناردووە، خۆیشی دێت.

مام: چۆن ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەیتو بۆ ناوبژیی هاتوی؟

من: شەڕێکی خراپە.. خەڵک پێیان ناخۆشە.

مام: سودی نییە. منیش زۆرم هەوڵدا.

ئەم گفتوگۆیە.. پێش شەهیدکردنی حەسەن خۆشناو و هاوڕێ شەهیدەکانێتی.

کە گەیشتینە دۆڵی گۆستێ.. شەهیدان: د.خالید، سەعدی گچکە، شێخ حوسێنی ئێزیدیو سەید کاکەی لێبوون.

سەید کاکە.. لەوێ گێڕایەوە، کە لەگەڵ ئیدریس بارزانی دانیشتووەو پێی گوتووە: بچن لە هەکاری چەک هەڵبگرن، ڕێگە مەدەن، جەلالیەکان چەکو هاوکاری بگەیەننە کوردستان. سەیدیش پێی وتووە: ئێمە پێمان نەکرا، بۆ ڕێ لەوان بگرین شۆڕش بکەن. ئیدریسیش وتویەتی: "شۆڕشمان پێ نەکرێ.. پێمان تێکدەدرێ". لەگەڵ ئەوەشدا، سەید کاکەو شەهید سەعدی، ئازایانەو ڕاشکاونە، لەگەڵ مام دەدوانو دژی شەڕی ناوخۆ، هەڵوێستیان هەبوو. تەنانەت لەگەڵ ئەوەش نەبوون، دژی ئێرانو شا قسە بکرێ. پێکیشەوە بوین بە وەفد بۆ لای قیادە موەقەتە.. جەوهەر نامیقو سەربەست بێداویو ملازم عەلی (ئێستا فەریقە)و یونس رۆژبەیانی نوێنەری پارتی بون، لە دێی (دەریاسور) دوو جار دانیشتین. بەداخەوە ڕێک نەکەوتین. جەوهەر نامیق سەرۆکی وەفدەکەیان بوو. ڕەقیش بوو. سەعدیو سەید کاکە، جوامێرانە بەرگرییان لە یەکێتیو مام جەلالیش دەکرد.

سەعدی.. نەرم بوو. پێدەکەنی. بەڵام قسە لەڕوو بوو. بوێر و باوەڕی بە باوەڕەکانی خۆی هەبوو.

سەید کاکە.. زۆرتر لە سەعدی قسەی دەکرد. نوکتەو سەرگوزشتەی زۆری دەهێنایەوە. بەتەنها رشتەی مرواریيەک بوو بۆ خۆی.

جەوهەر نامیق.. ریشی بەردابوەوە. هەموو ڕێزیان دەگرت. جار جار ئاماژەی بە قسەکانی سامی عەبدولرەحمانی دەکرد، وەکو مەرجەعێکی سیاسی.

ملازم عەلیو یونس رۆژبەیانیو سەربەست بێداویش، رووخۆش. پاک. ئاشتەواییان پێ خۆشبوو.

کە گفتوگۆکانی ئەو کۆبونەوانە، بە ئەندێشەی دوای ساڵەها کێشەی شەڕی ناوخۆ، تاوتوێ دەکەم، ئێستا کە رقی دونیام لە شەڕی ناوخۆ، تەنانەت لە قەبەکردنی ناکۆکی لاوەکی نێوان هێزەکانیشە، بۆ مێژوو دەیڵێم لەو کۆبونەوانەدا، بەڕاستی پارتی–قیادە موەقەتە، نەیاندەویست ئاشتەوایی بکەن. سور بوون لەسەر بۆچونەکانی خۆیان. دیاریش بوو، بەهیچ چەشنێک، بوونی یەکێتی لە برادۆستو بادینان قبوڵ ناکەن. بەردەوامیش، لە قسەکانیاندا دەگەڕانەوە بۆ شەڕی جەلالی–مەلایی. تەنانەت ئەتەکێتیش لە قسەکانی جەوهەر نامیقدا، کەم بوو. هەر دەیگوت: جەلالی وایان کردو جەلالی وای کرد. شەهید سەعدی ڕەخنەی لێگرت.. وتی: بەوشێوەیە قسە بکەی، ئێمەش کە هەموو تەمەنمان داوەتە شۆڕشی ئەیلولو پارتی، ناچار دەبین وەکو تۆ قسە بکەین.

لەو کۆبونەوانە ئەزمونم کەمبوو. تەمەنیشم کەمتر بوو. بۆیە، کەمترین قسەم دەکردو زۆرترین گوێم دەگرت. کە گەڕاینەوە بۆ لای مام جەلال.. بۆچونەکانمان بۆ گێڕایەوە. وتی: دەمزانی وا دەبێ، بەڵام باشتر کە خۆتان گوێتان لە بۆچونەکانیان بوو. ئێمە هەر پێداگریمان لەسەر ئاشتەوایی دەکرد. هەتا گەڕاینەوە خوارەوە. نامەمان بۆ هات کە حەسەن خۆشناو و هاوڕێکانی شەهید کراوون.[*] بڕیاری مەکتەبی سیاسی درابوو، دەست بکرێتەوەو بەرگری لە یەکێتی بکرێ. لەگەڵ سەید کاکەو سەعدی گچکەو قادر عەزیز، منو عەلی ساڵحو شەهیدان: سەید کەریم، ڕێبان، شاخەوان، فاروقو محەمەد عەجەم، کۆبوینەوە. تەنها منو هاوڕێیانی کۆمەڵە ئامادەبوین، بڕیارەکە جێبەجێ بکەین.

* لە گوندی کانی بی، بەهاوکاری خەڵکی گوندی باویان– ناوچەی راشیدان–هەکاری، لە(١٩٧٧/١٠/١٣) لەبۆسەیەکدا شەهید کران، کە ئەمانە بوون: ١–حەسەن خۆشناو. ٢– باهیر ئەحمەد (میردێ). ٣– کەمال محەمەد حسێن (ماوەت). ٤– نەجات نورەدین (کەرکوک). ٥– عەلی کوێخا هۆمەر (باوزێ). ٦– خدر ئەحمەد (قەڵادزێ). ٧– عەبدولمەلیک بەرزنجی (توزخورماتو). دوو کوردی سوریاش (عەزیز چەرکەسو خالید حسێن).

ئەوان گوتیان: دەستمان بە شەڕی ناوخۆوە سوتاوە، قەت نایکەین. ئەم دووداڵییە لەناو بزوتنەوە، بۆ بڕیاردان کە بەرگری لە یەکێتی بکرێ، هەتا جیابونەوەیان بەردەوام بوو. کە جیابونەوە، چونە پاڵ پارتی. کەچی بەئاسانی شەڕکردنیان لەگەڵ یەکێتی دا! ئەمیش، هۆکارێکی بۆ ئەو ناکۆکی سیاسی-سایکۆلۆژیەی جەلالی-مەلایی دەگەڕایەوە.

(٢١)
زیانەکانی فرە هێزیی

خەسڵەتێکی زیانبەخشی شۆڕشی فرە هێزیی، ئەگەری رودانی شەڕی ناوخۆیە. جەماوەر ئەوەندە شەڕی ناوخۆی پێناخۆشە، ناوی ناوە (براکوژی). لەکاتێکدا، براکوژی لە ئەدەبیاتی سیاسیو خەباتی چینایەتیو شەڕی ناوخۆ (الحرب الاهلیة) وەکو دەستەواژە بەکارنایەت.[+] بەڵام ئەزمونی جەرگبڕاوی شەڕەناوخۆکان. کوردی ناچار کردووە ناوی بنێ شەڕی براکوژی.

هێزێک چەک هەڵبگرێ، لەبەرامبەر هێزی تردا، ئەگەر دەستپێشخەری شەڕیش نەکات، بەڵام کە شەڕی پێفرۆشرا، یان دەبێ ئاڵای سپی سەرشۆڕیی بەرزبکاتەوە، یاخود بەرگری بکات.

لۆژیکی شەڕ وایە. شەڕ، لە ڕێڕەوی خۆیدا، ئەحکامی تایبەتی دروستدەکات. هێزی چەکداری ئایدیۆلۆژستی لەدونیادا نەبووە، کە پەلامارداربێ، تەواوی هێزەکە ئاڵای خۆبەدەستەوەدانی شەکاندبێتەوە. هەن بۆچونی وایان هەیە، بەڵام جگەلەوەی بۆچونەکان خۆدزینەوەیە لە ئەرکی خەبات، وازهێنانیشە لە پرەنسیپی.. بەرەنگاری پیرۆز. بەڵێ بەرەنگاری پیرۆزە، نەک پەلاماردان.

+ نیکۆس کازانتزاکی، یەکێک لە گرنگترین رۆمانەکانی ناوناوە (الاخوة الاعداء) بەڵام (عەبدولکەریم شێخانی) هەر لەبەر نەفرەتی لە شەڕی ناوخۆ بە (براکوژی) بەجوانی وەریگێڕاوە. وەرگێڕانە راستەکەی (برایانی دوژمن)ە. لەم رۆمانەدا نوسەر، وێنەیەکی نایابی سەرلێشێواوی فەلسەفیو رۆحی ئەو سەردەمەی ڕەوتە سیاسیەکانی یۆنان دەکێشێ. وەکو نوسەریش، پێیوایە، دەشێ لەهەموو فەلسەفەکان، بە ئایینی مەسیحیشەوە، مارکسیەت، سود وەربگیرێ!

ڕۆمانسیەت، یان سۆزی پەتیی، لە گەرمەی شەڕو پێکدادانەکاندا، خۆی لەبەردەم هێرشی پەلاماردەردا ناگرێ. هەمان سەید کاکەو سەدان پێشمەرگەی بزوتنەوە، کە باوەڕیان بە شەڕی ناوخۆ نەبوو، لە هێرشەکانی هەکاریدا ناچار بون بەرگری بکەن. شەهید سەعدیش لەوێ با، زیاتریشی بەرگری دەکرد. خۆ عەلی عەسکەری هەتا کورد حەزبکات، دژی شەڕی ناوخۆ بوو. خۆیشی رادەستی پارتی کرد، بەڵکو تێیانبگەیەنێ، بۆ شەڕکردنیان نەهاتوون. بەڵام سودی نەبوو. شەهیدیشیان کرد.(*)

تا ئێستا، کۆمەڵناسی کوردەواری، لە توێژینەوەدا لاوازە. لەو باوەڕەدام، رشتەی مرواری، لە زۆربەی ئەو باسانەی لەسەر کۆمەڵناسی کوردەواری نوسراوون، باشتر لە هەموو بارێکەوە کوردەوارییان ناساندووە. بەبێ ئەوەی عەلائەدین سەجادی، گوێی دابێتە نەریتو کاریگەری ئاین. هەرچی بیستووەو تۆمار کردووە، بێ ئارایش، کردویەتیە شاکاری کوردەوار ناسی.

جگە لە ناوهێنانی هۆزو خێڵەکانی باکووری کوردستان، جگەلەوەی نوسیومانە "میت" هانی داوون، توێژینەوەیەک لەسەر هۆز بە هۆز، خێڵ بە خێڵ، لەمەڕ: خو و ڕەوشتیان، نەریتیان، پێکهاتەی دەرونییان، کەلەپورو فۆلکلۆریان، پەیکەرەی عەشایریان، رادەی کاریگەری پارتی لەسەریانو رێژەی رقیان لە یەکێتی. تا ئێستاش بنجو بنەوانی ئەوانە نازانین. لەکاتێکدا، لە زانکۆو ناوەندە زانستیە مرۆییەکاندا، بەردەوام عەودالّی کاریگەری میتۆلۆژیا (ئەفسانەناسی)ن. لەناو هەندێک هۆزی ئەفیریقیاو ئەمریکای لاتین. هەر لەم ڕێیەوە، سەرەتاکانی پشکوتنی ئەندێشەی مرۆڤایەتییان دەستنیشان کردووە. تا دەگاتە داستاننناسیو چۆنیەتی سازدانی تەقسەکان. کە سەرەتاکانی هێماکانیان بەرجەستە کردووەو هەستی ڕێسای کۆمەڵایەتی-ڕەوشتییان، هێناوەتەئاراوە. ڕەگو ریشە دەستنیشانکردن، گەلێ گرنگە. هەر هێزو سیستەمێک پرۆژەی ڕۆشنبیری ستراتیژی بۆ بنجو بناوانی زانینی مێژووی کۆمەڵایەتی، نەبێو نەزانێ، بێگومان لە بۆچونە ئابوری-سیاسیو چینایەتیەکانیدا، لە دەستنیشانکردنی پێکهاتەی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتیدا، ستراتیژی سیاسیو ڕێبازی ئایدیۆلۆژیەکەی لەسەر بنەمایەکی فشۆڵ دادەڕێژێو سەرئەنجام دەشکێ.

نەبونی ئەو توێژینەوانە، لەسەر نەریتی دێر زەمانی کوردەواریو گەڵاڵەکردنی بەرنامەی چارەسەرکردنیان، خۆی لەخۆیدا، هێشتنەوەی ڕەگەزەکانی زەبروزەنگیە، لە کۆهەستی کوردەواریدا.

---

* عەلی عەسکەری، وەکو شەهید قازی محەمەدی بەسەردا هات. قازی خۆی رادەست کرد، گەلەکەی بپارێزێ. نە خۆیو نە گەلەکەشی پێ پارێزرا. شەهید عەلیش، نە خۆیو نە هێزەکەشی پێ پارێزرا!

لەم سۆنگەیەوە، خوێندنەوەی ئاینەکان، بەتایبەتی ئیسلامی، کە چۆن رەگەزە دژینەکانی زەبروزەنگ، لە بۆتەی فەلسەفەی ئایدیالیستیدا، بەسەر یەکدا دەشێلێ، نەک لە دوائاکامدا، چارەسەری ناکات، بەڵکو سەرلەنوێ، دوای شێلانی، هەمان زەبروزەنگ، لە بەرگی پیرۆزییدا حەڵاڵ دەکات؛ تا رادەی جینۆسایدو رەشەکوژیو ئەنفالی جۆراوجۆر.. هەتا ئێستاش.

نەک، هێزی دینیو دونیایی چەکدار، کە پەیڕەوی لە زەبروزەنگ، بە رەوا و ناڕەوا دەکەن، بەڵکو دیاردەی تاڵانیو دەرکەوتەی جاشایەتیش پەیوەندییان بەوەوە هەیە، هێشتا رەگەزە چەقبەستوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵکو پێشتریش، لە نەریتماندا ماوە.

کە جاشایەتی دەبێتە دیاردە، دیاردە لەسەر چ رەگەزێک دروست دەبن؟ هیچ جیاوازیەک لەنێوان جاشایەتی سوارەی حەمیدیە لەسەرەتای سەدەی بیستەمداو چونەپاڵ خەلیفە خوێنڕێژەکانی مێژووی قەڵەمڕەوی سەدەکانی ناوەڕاستی ئومەویو عەباسیەکاندا، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نابینم. ئەوانەی لەسەردەمی ئومەوی، یان عەباسی، یاخود سەفەوی، بە هەر پاساوێک چەکیان بۆ هەڵگرتبنو تاڵانو بڕۆیان بۆ کردبن، شەڕیان لەگەڵ هاونەژادەکانی خۆیانو ئەقوامی تردا، بۆ ئەو قەڵەمڕەوانە کردبێ، لە بەرگی ئاینو مەزهەبدا هەر خۆفرۆشیی بووە. سوارەی حەمیدیەش بەهەمان خوو رەوشتەوە، ئەرمەنیەکانیان قڕ دەکرد. جاشەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمیش لەسەر هەمان ڕێچکەی خۆفرۆشیو تاڵانی، لە نەتەوەکەیان هەڵگەڕاونەتەوەو چونەتە پاڵ داگیرکەران. ئەگەر، بنەوانەکانی خۆفرۆشی، لەو رابوردووە دژینەوە هەڵنەگیرابێ، ئاخر:

چ نەتەوەیەک لەسەر ئەرز هەیە (١٠) هەزار پێشمەرگەو (٥٠٠) هەزار جاشی بوبێ؟!

ئەمە رەگەزی گولی کۆمەڵایەتیە. هەر ئەم رەگەزانەش، چاوگەی کوێرەوەریو سەرکوێرییە. چۆن داب‌ونەریتی پێش ئیسلام، وەکو (رەدوکەوتن، کەوش، رەشبەڵەک، کەلەپورو فۆلکلۆر..تاد) هی پێش ئیسلام، لە کوردەواریدا ماون. بەهەمان شێوە، رەگەزە ئابوری، کۆمەڵایەتی، نەریتگەریەکانی خۆفرۆشیو زەبروزەنگیش، ماوون. مانەوەی ئەم رەگەزانەشە، لە بواری سیاسەتیشدا و لەناو حیزبەکانیشدا، ئێستاش بڕیاری سەرکردە (سەر+کردە) ئەگەر (سەری نەکردە)ش بێ، زۆرینەی چەکدار، وەکو مێگەل، دوای

دەکەوون. هەتا رادەیەک، سەدان سەرەک جاشیش دروست دەبن.(*) ئەمە جگەلەوەی بەناوی تەریقەتیشەوە، سەدان بەڵکو هەزاران کۆیلەی رۆحی، دوای شێخی دواکەوتوی وا دەکەوون، تەنها بۆ کۆیلەکردنی پڕۆ تەریقەتەکە، شێخە، ئەگینا فڕی بەسەر شێخایەتیەوە، تەنانەت بەسەر ئاینیشەوە نییە!!

لەناو ئەو گەوهەرە کۆمەڵایەتیو کولتورە وەرنەچەرخاوەدا، تا ئێستاش، حیزب دروست دەبێ. ئایدیۆلۆژیەت بە پاساوی سیاسەتی ریالیستی گەڵاڵە دەکرێ. سەرکردە دەکرێتە رەمزی نەتەوەو حیزب، تا ئەو رادەیە، کادری کۆیلە لە خشتەی بڕیاری زەبروزەنگ دەدەنو تاوانیشیان پێ دەکەنە ئەرکی حیزبیو حیزبایەتی! بە شەڕی خوێناوی ناوخۆشەوە!!

لەناو کۆمەڵێکی وادا، فرە هێزیی سەرچاوەی کارەساتە. نەک "پلورالیزم"ی سیاسیو هزری. بەڵکو یەک قۆناغ لە مێژووی شۆڕشی نوێی کوردستان، یان هاوزا فەلەستینیەکەمان، بە هێزە دونیاییو دینیەکانیشەوە، نادۆزرێتەوە، فرە هێزیی لایەنە سیاسیەکان، سەرچاوەی کارەساتی شەڕی ناوخۆ نەبوبن. ئەم فرە هێزییە، تەنها لە دۆخێکدا مەترسیان لەسەر دەسەڵاتی هێزەکانی تر نەبێو مەترسی نەکەوێتە سەر ناوچەکانی نفوزی هێزی تر. وەکو باوەڕ، باوەڕیان بە ئازادی سیاسی هەیە، بەڵام هەر دۆخێکی تر بخولقێ، هێزێکیان مەترسی بخاتە سەر هێزێکی تریان، یان چەند هێزێکیان، بالادەستیان، یان پارسەنگی دەسەڵاتیان بخاتە مەترسیەوە، بەئاسانی پەنا دەبەنەوە بەر زەبروزەنگ.. چونکە زەمینەی دەستکارینەکراوی زەبروزەنگ، بۆ هەڵگەڕانەوەی چەکداریی سازە. لە ماوەیەکی کەمیشدا، هەر هێزێک خواستبێتی، یان بخوازێ، بە هێزی چەکدارو پروپاگەندەی سیالۆژی (سیاسی-سایکۆلۆژی) دەتوانێ هێز دابڕێو ناوچەیەکیش پاوان بکات، شەڕی ناوخۆش حەڵاڵ بکات. چونکە، ئەندێشەی هێزی کوشتن، هێزی سەرکوتکردن، هێزی لەناوبردنی ئازادیو جیاوازیە تەندروستەکان، بەردەوام ئامادەیی کۆمەڵایەتی-کۆنەپەرستیان هەیە!

---

* ١٩٨٤- ١٩٨٥) کاتێک حکومەت دەرگای جاشی سوکی کردەوە، بۆ دژایەتی ئێران، زۆربەی ئاغاو سەرە خێڵەکان، تەنانەت کۆلکە کوێخای وا ریزیان بۆ جاشایەتی دەبەست، بۆ جاشایەتی نەبێ، کەس بەقسەی نەدەکردن. لەماوەیەکی کەمدا، سەدان هەزار چەکداریان دروستکرد.

(٢٢)
به هەق‌و ناهەق دەست نەپارێزرا!

شەڕی رزگارکردنی بێتواتە، لەدوای شەڕی شومی قڕناقاو پشتئاشان، یەکێک لە شەڕە هەرە سەرکەوتوەکانی شۆڕشی نوێ بوو. تا رادەیەک، ئازاری شەڕی ناوخۆی لەناو خەڵکدا بیر بردەوە.

یەکێتی، کە بارەگاکانی سەرکردایەتی لەدەستدابوو. مەڵبەندەکانی دروستکردبوو. جارێ دڵنیانەبووبو لە سەرهەڵدانەوەی دانوستان. بەڵام نەدەکرا، بارەگای سکرتێری گشتی‌و مەکتەبی سیاسی، لە گوێزە گوێزەدا بێ. حکومەتیش، لەو کاتەدا کەمفرسەت بوو، دەیانویست لەڕێی جاشەکانەوە، تەنگی زیاتر بە یەکێتی هەڵبچنن‌و هێزی بۆ داچێنن، هەتا ناچار بکرێ، دانوستانێکی لاوازی کەم دەستکەوت، لەگەڵ حکومەتدا بکات. مام جەلال گەیشتبووە بۆتێ‌و گەشتێکی دۆڵی بالیسانیشی کردبوو. ئەنوەر بەگ، کە خۆی بە میری میرانی ناوچەکە دەزانی، مەلایەکی ناردبووە لای‌و هەڕەشەی کردبوو، ئەگەر مام جەلال دەقەرەکە چۆڵ نەکات، هێرشی دەکاتە سەر.

مام جەلال لەکاتی وادا، بێڕادە ئازا بوو. قسەی لە هیچ دەسەڵاتدار و هێزدارێک نەدەخواردەوە. بۆ تۆند وەڵامدانەوە، وەزیرو گزیری نەدەزانی. بە تەلەفۆن، لە تاراندا گوێم لێبووە، بە وەزیری بەرگری ئێرانی وتووە: تۆ درۆزنی.. چونکە گفتی دابوو فڕۆکە بۆ گەیاندنی چەکەکانی یەکێتی بۆ سنە فەراهەم بکات، نەیکردبوو. لە دانوستانی ١٩٨٤یش، تۆند وەڵامی هەڕەشەی تاریق عەزیزی دایەوە. عیزەت دوری لە کۆبونەوەیەکدا قسەی سەدامی هێنایەوە، وتی ئەمە لای ئێمە یاسایە. مام پێی ووت: لای ئێوە یاسایە، ئێمە تەنها دەستورێک گەل هەڵبژێرێ، بە یاسای دەزانین!

مام بە مەلاکەی گوتبوو: هەرچیەک وەڵامی ئەنوەر بەگ بدەمەوە، پێی رادەگەیەنی؟ وتبوی: بەڵێ قوربان. مام وتبووی: پاچکم بە پاشی ئەنوەر بەگ، ئەگەر بهێڵم لە بێتواتەش دانیشێ. بەڵام پیاو بێ کە بۆی دەڕۆین، هەڵنەیەت. مەلاکە وتبووی: قوربان قسەی وا چۆن دەگەیەندرێ؟! بەهەرحاڵ..

مام، دۆخەکەی باش لێکدابوەوە. جاشەکان لەگەڵ حکومەتدا، ویستبویان هەر نەخشەیەکی یەکێتی هەیە، پەکی بخەن. لە چوارقورنەوە (١٩٨٣/١٠/١٤) رژێم هێرشی کردە سەر مێرگەسەرو گرتیان. ئەنوەرو جاشەکانیشی دوو رۆژ دواتر (١٩٨٣/١٠/١٦)

پەلاماری شاخی نوسەکیان داو تیپی ٩٣/ی دانای ئەحمەد مەجیدو تیپی ٩٩/ی عەبدوڵڵای مام عەلی، لاوازییان نواندو لەهەردوو قۆڵ شکان. بەمەش، بەگشتی دێهاتە هەرە باشەکانی ناوچەکەیان کەوتە ژێردەست. بەم شکستەی ئەو دوو تیپە، کە مام جەلالی زۆر تورە کرد، مەترسی زیاتر کەوتە سەر یەکێتیو هاوکێشە عەسکەریەکەی سەروبەندی دانوستان. مام، هەموو توانای یەکێتیو کۆمەڵەی خستە کارو زانیاری وردی لەسەر کۆی دێهاتو هێزەکانی بێتواتە، کۆکردەوە. ناوچەکەش زۆر سەخت بوو. زنجیرە شاخی: (هەورێ، شیرێ، ماکۆک) شاخی هەرە سەخت بوون؛ پێویست بوو، هێرشیان بکرێتە سەرو بگیرێن، دەنا بە شەڕی پارتیزانیو دوراودور تەقەو گڕی ئاڕ بی جی هاویشتن، سودی نەبوو.

– مەڵبەندی چوار، بە فەرماندەیی شەوکەتی حاجی موشیر شاخی هەورێو دێهاتەکانی دامێنیان پێ سپێردرابوون.

– مەڵبەندی سێ، فەرماندەیی حەسەن کوێستانی، بۆ شاخی شیرێو دێهاتی دەوروبەریان بۆ دیاریکردبوون.

– مام جەلال، بۆ شاخی ماکۆک کە ئەڕوانێتە سەر دۆڵی شاوڕێو دۆڵە ڕەقە، فەرماندەکان: (عەلی نەبی، مامە ریشە، حەمە ڕەشو بەشێکی هێزەکانی سوارئاغا).

شەوی (٢١/٢٠)ی١٩٨٣/١٠، کەرنەڤاڵی هێرشی هێزەکان دەستیپێکردو هەڕەشەو گوڕەشەکانی جاشایەتی، لەبەرامبەر وردەی پێشمەرگایەتی، وەکو بڵقی زەلکاوێکی بۆگەن، هەڵتۆقینو جاشەکان تۆقین. ئەم سەرکەوتنە بۆ یەکێتیو مام جلالو فەرماندەکان، وەکو شانازییەک لەمێژوودا، تۆمارکرا. بەڵام (٥) مانگ پێشتر، شەڕی شومی قڕناقاو پشتئاشان، بۆ یەکجاریش یەکێتی، وەکو شانازی یادی نەکردەوە!! ئەمەیە جیاوازی شەڕ دژی داگیرکەرو خراپی شەڕی ناوخۆ.

ناوچەی خۆشناوەتی، ئاکۆیەتی، سنوری دوو مەڵبەندی سێو چوار، ئازاد کران. وردەی خەڵک بەرزبویەوە. پیاوانی رژێمیش، داتەپین.[*]

بەپێی ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە، کە باسی زەبروزەنگو تاڵانیمان کرد، با بزانین، ئەم سەرکەوتنە شکۆمەندە؛ ئەم قارەمانێتیە دەگمەنە؛ ئەم گۆڕینەی هاوکێشەی عەسکەرییە؛

---

[*] عەقید ئیحسان (ئەبو عودەی) سەرۆک موخابەراتی (مەنتیقەی شیمال) بوو. لە مفاوەزاتەکە، بە ملازم عومەری وتبوو: سودگ سەوێتوو بەگ؟ بەگ لە زمانی عەرەبیدا واتا: میشولە. مەبەستی ئەنوەر بەگ کرایە میشولە، ئەوکاتە لە کەرکوک دایاننابوو!

با بزانین، به رەفتاری جوانو خزمەتی خەڵکەکە، سەرکەوتنەکە لە ویژدانی خەڵکەکەشدا، جێگیر کراوە؟ یان بەپێچەوانەوە، رەفتارو کرداری دزێوی وا نوێندراوە، نرخیان بۆ سەرکەوتنەکەش نەهێشت. با بزانین، چی لە دیلەکانو چیش لە دەستکەوتەکان کراوە؟ نوسەری کتێبی (چەپکێک) کە هەمیشە پاساوتاش بووە بۆ تاوانو تاڵانی، لەبەرامبەر تاوانو تاڵانی شەڕی بێتواتەدا، ویژدانی جوڵاوەو لەژێر ناونیشانی (دوو رەفتاری ناپەسەند)دا دەنوسێ:

"١- کوشتنی بەناحەق و دیل.

٢- تاڵانو دزی لەخۆ و خەڵکی.

بۆ یەکەم جاربو پێشمەرگەی یەکێتی پەلاماری ڕەبایا یان جاش بداو تەسلیمبوەکان کە دەستیان بەرزکردبێتەوە واتە دیل، بیان کوژن، بە ڕاستی لە گوندی (نێوە)کە، کەوتبوە قۆڵی یەکەمی شەڕەکە (شەوکەتی حاجی موشیر) فەرماندەیی دەکرد، قەسابخانەیان دانا، شەڕکەرو ناشەڕکەرو خۆڕاگرو خۆتەسلیم کەریان بەیەکەوە کوشت تەنیا لەو دێیە (٤٠) چەکداری تیا کوژرا، ئەو دێیە پێش هاتنی سوپای ڕژێمو بە زۆر چەک پێهەڵگرتنیان لەلایەن (ئەنوەر بەگ)ەوە، جێگای حەوانەوەو نوستنو خواردنی پێشمەرگە بوو، جێگای بڕوای پێشمەرگە بون بەدرێژایی شۆڕش ناندەرو یارمەتی دەری شۆڕش بون. کەچی بەوجۆرە بە ناحەق قڕیان تێخستنو هەرچی کەلوپەلو ماڵی پەزمەنە کراوی چەند ساڵەی ژیانیشیان هەبوو نەما. واتە بە سەروماڵو داروبەردەوە ئەنفالکران. لە هەندێ گوندی تریش ئەو کارە ڕوویدا بەڵام بەو جۆرە سەرومڕ نەبوو".[1]

با جارێ کورتەیەک لەسەر دیلکوشتن بڵێین: لەناو شۆڕشدا جار جارە دیلکوشتن هەبووە. بەڵام نوسەر بەمەبەست، دیلکوشتنەکانی قڕناقاو پشتائاشانو عەبدوڵڵا سوور، باس ناکات. کە لەراستیدا، ئەو دیلکوشتنانە، بە گروپ گروپ، دەرگای کردەوە لە بێتواتەشدا خراپتر ئەنجامبدرێ.

نوسەر دەڵێ: شەوکەتی حاجی موشیر قەسابخانەی داناوە لە دێی (نێوە).. دەشڵێ: دێیەکی بەخزمەتو دڵسۆز بوون، کەچی بەناحەق قڕیان تێخستون..تاد.

سەیری ئەم دەستەواژانە بکرێ.. قڕتێخستن، قەسابخانە، (٤٠) کەس کوژراوون..

ئەوەی من زانیم، بەشێک لەوانە، یەکێتیش بوون. ئینجا، ئەم قەسابخانەو قڕتێخستنە، ئایا سزای بەدواوە هات؟ نەخێر. یەک فەرماندەش، لەسەر دیلکوشتن، لە گوڵ کاڵتری پێ نەوترا.

---

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٩٧-٣٩٨).

نوسەر، لێرەدا ویژدانی جوڵاوەو راستیەکان زیاتر دەدرکێنێ. دەنوسێ:

"تاڵانکردنو دزین: ئەمەشیان بەو ئاشکرایی‌و بەو فراوانیە هێشتا لەناو یەکێتیدا ڕووی نەدابو. لە هەندێ شوێن هەندێ فەرماندەی مەفرەزە یان کەرت یان تیپ جاروبار و بە کەمی لە شەڕەکاندا ئەگەر چەکیان دەستکەوتایە، هەندێ چەکیان لادەداو لە ناردنی هەواڵی چالاکیەکان، باسی ئەو چەکانەیان نەدەکرد، بۆ مەسرەفی پێشمەرگەکان دەیانفرۆشتنەوە. بەڵام ئەمجارەو لەم شەڕەدا، نەک هەر چەکیان حەشاردا، بەڵکو:

- دەیان فەرشی مااڵنیان دزی‌و ئاودیویان کرد.
- دەیان دەرگای ماڵی چۆڵیان شکاندو بە نرخو بێ نرخیان بردن‌و ئاودیویان کرد.
- دەیان مریشک‌و کەڵەشێریان کوشت‌و سەربڕی.
- دەیان سەر مەڕو بزن‌و گاو مانگاو گوێرەکەیان بردو سەربڕی‌و ئاودیویان کرد".[1]

هەر لە زمانی مام جەلالەوە، کە باسی شەڕەکەی کردووە، ئەم قسانەش وتراوە:

"مام جەلال، لە هەڵسەنگاندنی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیدا، بێهیوایی خۆی لەو هێزە خستەڕوو، بە شڕەخۆرو تاڵانچی ناودێری کردن. ئەو، نموونەی شەڕی (بێتواتە) ی هێنایەوەو هەموو لێپرسراوەکانی بە دز، لەقەڵەم دان. ئەو، بە شیعرە ناودارەکەی شاعیری عەرەب، موزەفەر نەواب، ئاماژەی بەو لێپرسراوانە کردو گوتی: (هیچ کامێکتان لێ نابوێرم...)، ئەمە لەشکری هۆلاکۆیە نەک لەشکری ڕزگاریی کوردستان! من، بە چاوانی خۆم، (سەلاجەو موجەمیدە)م بەکۆڵی مەسئولەوە بینیوە! من، ئەم لەشکرەم هەیە، بۆیە ناچارم دریژە بە مفاوەزات بدەم!".[2]

لەوە زیاتر چی بڵێم: کە نوسەر خۆی نوسیویەتی. هەر خۆیشی دەنوسێ:

"بە ڕای من ئەو شەڕە گەوهەری پێشمەرگەو لێپرسراوی دەروون پیس‌و دزو گەندەڵو شڕەخۆری دەرخست. لێ نەپێچانەوە لێکۆڵینەوە نەکردن لەو کەسانەو سزادانیان، دواتریش دەستخۆشی سەرکەوتن لێکردنیان، بووە هۆی دروستبوونی ڕەفتاری ناجوامێرانە، لەوێوە نەریتی ڕاو و ڕوت‌و شڕەخۆری‌و دزی‌و گەندەڵی دەستی پێکرد".[3]

لێرەدا، زۆر گرنگە جومگە جومگە، هەندێک لەو بۆچونانەی نوسەر، بنوسینەوە:

- دەرون پیسی‌و دزو گەندەڵی‌و شڕەخۆری پێشمەرگەی دەرخست؟

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٩٨).

٢ پشکۆ نەجمەدین. ئەزموونو یاد. کتێبی دووەم. ل(٢٨-٢٩).

٣ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٣٩٨).

- لێنەپێچانەوەو لێکۆڵینەوە نەکردن لەو کەسانەو سزانەدانیان.
- دەستخۆشی سەرکەوتن لێکردنیان.
- دروستبونی رەفتاری ناجوامێرانە.
- نەریتی شڕەخۆریو راوڕووتو دزیو گەندەڵی دەستیپێکردووە.

دەک دەستت خۆشبێ. نیوەی ئەو قسانەشت راست بن. ئێمەی رەوتی رەخنەگریش، پێش دروستبونی ئالای شۆڕش، ئەو قسانەمان دەکرد. کەچی بەرپەرچ دەدراینەوە. بەڵکو تاوانباریش دەکراین. بەشێک لەو فەرماندانەیشان هێنایە سەرمان، کە نوسەر پێیاندەڵێ: ناجوامێر، دز، گەندەڵ، شڕەخۆر.. بەڵێ بۆیە سزا نەدەدران، بۆیە لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵدا نەدەکردن، هەتا لە شەڕی ناوخۆدا بەردەوام بن. هەتا ئازادیەکانیان پێ سەرکوت بکەن. هەتا بەشێوەیەک دڕیان بکەن، سڵ لە هەڵکوتانە سەر هاوسەنگەرەکانیشیان نەکەنەوە.

سەرکردەی بێبیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە، کە رەفتاری دزیو دیلکوژی ئەنجامبداو سزا نـەدرا، ئیتر ئەو رەفتارە، تەشەنە دەسەنێ. دەشبێتە خوویەکی شەڕ، بەڵکو بە مایەی شانازیش دەزانـرێ. بۆیە، لادان لە رەوشتی شۆڕشگێڕانە، هەر لەسەرەتاوە دەبێ چارەسەر بکرێ.. نەک رێ بدرێ تەشەنە بسەنێ!! کە تەشەنەی سەند، لە گرێژنە دەردەچێ.

ئەوە نوسەری کتێبی (چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە)و دەیان نوسەری تری وەکو وی بوو، کە شانامەیان بەناوی کوردستانیبونەوە، بۆ بەرگریکردن، لەو پەروەردە سیاسیە دەکرد، کە لەشکری ئازادیخوازی کوردستانیان دەردی مام جەلال گوتبوی: کردە لەشکری هۆلاکۆ!! تازە.. هەموو تاوانەکان کران. هەموو تالانیەکان بران. هەموو ناجوامێرییەکان ئەنجامدران.. نوسەریش کرایە جەلادی هاوسەنگەران، تازە بەتازە، نوسەر، دانی پیا دەنێ، تاوانو تالان.. بۆتە خووی زۆربەیان.. هەتا دوای راپەڕینیش.[+] ئەو رەخنانەمان لەسالی (١٩٨٠)وە هەبوو. بەڵام گوێی لێنەدەگیرا. هەتا شۆڕشەکەو یەکێتیەکەیان وا لێکرد.

[+] ئالای شۆڕش، لەدوای راپەڕین، لەناو بەرەی کوردستانیدا نەبوو. بۆیە، پشکی لە داهاتی تالانکراوی کوردستان نەبووە. جگە لە ئالای شۆڕش، حیزبی شیوعیو زەحمەتکێشانیش، بەشدار بوون لە تاوانی تالانکردنی کوردستان. هەتا بەرەی کوردستانیش هەڵوەشایەوە، چاودێری دارایی لەسەر پشکی حیزبەکانی بەرەی کوردستانی نەبوو. تەنانەت لە کۆنگرەکانیشیاندا، راپۆرتی دارایان لەسەر چۆنیەتی سەرفکردنی داهاتی گومرگەکان، دێزەبەدەرخۆنە دەکرد!! لەڕاستیدا، راپۆرتی دارایی لای سەرکردایەتی حیزبە کوردستانیەکان، هەر بایەخی نییە. قەواعیدی حیزبەکانیش بە نەبونی شەفافیەتی دارایی خۆشەکراوون.

لەکاتی ئەنفالەکاندا، عەلی بچکۆل، کە تێکۆشەرێکی پاکی سالانی خەباتو شۆڕش بوو، گەرچی لەناو شۆڕشدا، بەرامبەر تاوانو تالان، بێهەڵوێست بوو. بەڵکو زۆرجار بەرگری لە سیاسەتەکانی نەوشیروانیش دەکرد. بەڵام کە ئەنفالەکان رویدا، ئازایانە لە رۆژنامەی "بەرەی کوردستانی"دا دەنوسێ:

"لەم ئاوارەییو پەناهەندەییەدا، لە شکستی ئەمجارەو چەندەمین شکستی شۆڕشی کوردستان دا، پێویستە هەموومان بەووردی بەخۆماندا بچینەوە، تیشک بخەینە سەر کونجو کەلەبەرەکان، با چیتر جەماوەر چەواشە نەکەین، فێڵیان لێ نەکەین با جورئەتمان هەبێ قەتماغەی برینەکان هەڵدەینەوەو گۆشتە مردووەکان ببڕینو زامەکان هەتوان بکەین.

شانازی یە بۆ رۆژنامەی بەرەی کوردستانی کە دەست پێشکەری کرد لە ئاوالەکردنی لاپەڕەکانی خۆی بۆ یاداشت کردنی کەمۆکوڕی بزوتنەوەکەمان، بۆ خۆناسینو بەخۆداچوونەوە، بۆ راست گۆیی لەگەڵ جەماوەر. ئەگەر ئەم راست گۆییە ئەمڕۆش بەری نەبێت ئەوا بێگومان دەبێتە دەرس و پەند بۆ نەوەکانی داهاتووی گەلەکەمان.

نووسینەکانی ناو ئەم رۆژنامەیە جێگای لێ وردبونەوەو دیراسەکردنێکی قوولە بۆ دەست نیشان کردنی هۆکارە خۆیی و بابەتیەکان. منیش دەمەوێ تیشک بخەمە سەر لایەنی رابوردووی پەیوەندی شۆڕش لەگەڵ جەماوەر.

حزبو رێکخراوەکانی کوردستان لەو سەردەمانەی شۆڕشی کوردستان بەهێز و دەسەلاتدار بوو لە ناوچە بەرفراوانە ئازادکراوەکان لەگەڵ جەماوەر دیموکراتی نەبوون. راست گۆ، دەست پاکو داوێن پاک نەبوون، هەرگیز رێگامان بە خەڵک نەداوە رەخنە بگرن، گلەییمان لێ بکەن.

دوێنێ ئەوکاتەی دەسەلاتدار بووین بەڵام نەبووبووین بە دەوڵەت کەچی بەهەموو شێوەیەک جوتیارانو هەژارانمان چەوساندۆتەوە جۆرەها فرۆفێڵمان لێ کردوون، درۆمان لەگەڵ کردوون، بە قسەی لوس و زمانی دریژ قەڵو مریشکو گیسکو بەرخمان پێ سەربڕیون، بە ناهەق لە کارو کاسبیمان کردوون، سوکایەتیمان پێ کردوون، چاومان بڕیبووە ناموسیان. هەر بەهۆی ئێمەوە خانوویان سوتاوەو دەربەدەر بوون، رەز و باغو بێستانیان سوتاوە. یان لە ناوچەکان دەسەلاتدار بووین، مالیاتی خەڵک، رەزو

باغو بێستان، زەوی خەڵکمان تاڵان کردووەو دەستمان بەسەرداگرتووەو داومانە بە کەسوکاری خۆمان. جۆرەها تومەتی ناڕەوامان بۆ خەڵک دروست کردوە. تا مەرامەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین.

چەندان خەڵک، لە شۆڕشەکانی کوردستان دا، بەم شۆڕشەوە دەوڵەمەند بوونو بون بە بازرگانی شەڕ. هەڵسوکەوتو معامەلەیان لەگەڵ خەڵک وەکو ئاغاکانی جاران بوو. ڕۆح زل، بە سوک سەیرکردنی خەڵک، قێز لێ کردنیان، گوێ پێنەدانیان، تەنانەت کردنیان بە مەقاش بۆ جێبەجێکردنی مەرامە شۆڕشگێڕەکان".[1]

مێژوو، هەموو ئەوانە دەهێنێتە گۆ، کە ویژدانی خۆیان نەدۆڕاندووە. هەموو ئەو ڕەخنانە، کە عەلی بچکۆل باسی کردون، لە ساڵانی (١٩٨٠)وە، ڕەوتی ڕەخنەگری ئاڵای شۆڕش، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، باسمان کردوون. بەڵام، نەوشیروان، بەجۆرێک، کاریگەری دەرونی هەبوو.. بە نەخشەش، زیرەکانە گەمەی بە ئاڕاستەکان دەکرد.. وای لە سەرکردەو کادرەکانی کۆمەڵە کردبوو، بەشی زۆریان بدەنە پاڵیو پاڵ بە ڕەخنەگرەکانەوە بنێن. لەگەڵ ئەوەشدا، دونیای سیاسەت، دۆخی ویژدان ڕاچەنینی تێدایە، وەکو ئەمەی کاکە عەلی بچکۆل.[*]

لە ڕاپەڕیندا، نەک ماڵو دە ماڵ، بەڵکو هەموو کوردستان تاڵان کرا. یەک فەرمانگەی حکومەت نەما، ئامێرەکانی تاڵانو ئاودیوی بازاڕی ڕەشی سنورەکان نەکرێن. نەک پارەی فرۆشراوی ئامێرەکان، بەڵکو پارەی گومرگی ئامێرەکانیش، لەناو لایەنەکاندا برابەش دەکرا. واتا: دوو جار دزی دەکرا. دزینی ئامێرو دزی داهاتی گومرگیش. ئاوەکە لەوساوە ڕژاوە.. تازە بەم حیزبانە، پاک ناکرێتەوە!![+]

نەتەوەیەکی سەیرین.. دەهەیەک هێز پەروەردە بکرێ.. کە هەمان هێز بۆی دەلوێ، تاڵانی بکاتبەرگەی مانگێک ناگرێ. ئەم ئەزمونە، لەسەرەتای ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بۆ تاڵانی، سەریهەڵدا. بەڵام، پاشان، دیموکراتو کۆمەڵە، کۆنترۆڵیان کردو دیاردەکە بنەبڕ کرا.

---

١ عەلی بچکۆل. سەختەڕێ لە چەمی ڕەزانەوە تا ترۆپک. چاپی یەکەم. سلێمانی ٢٠١٨. ل(٣٢٠-٣٢١).

* کە نەوشیروان ئەمری گرتنی عەلی بچکۆلی دەرکرد.. مالّم لە ورمێ بوو. سەرەڕای ئەوەی، ئەم یەکێک بوو لەوانەی بڕیاری کوشتنی دابوین. بەندە تێلم بۆ کرد، بێتە مالّی ئێمەو خەمی هیچیشی نەبێ. خۆی نەک نەهات، بەڵکو زەبروزەنگی نەوشیروانی بەجوانی بۆ دەرکەوتبوو. ئێرانی بەرەو پاکستان جێهێشت.

+ ئەوەی لە هەمووی ناخۆشتر بوو، حیزبی شیوعیو زەحمەتکێشانیش، لەو تاڵانیەی ئامێرەکانو گومرگەکان، بەشدار بوون. ئەمەش بەشێکی خەباتی چەپەکانی، خستە ژێر بەرپرسیارێتی نالەبارەوە!

(P.K.K) ئەزمونێکی دەگمەنە، لە رووی دیسپلینی عەسکەریو پشوودرێژی شۆڕشگێڕانە.. هاوکات، دەستپاکی. تا ئێستا، نەمانبیستووە لە گوندێک، شارێک، شەڕێک، گەریلاکان تالانیان کردبێ. لەرۆژئاواشدا، دەنگوباسی تالانکردن نییە. ئومێدەوارین ئەم ئاکارە، هەتا سەر بپارێزنو رێگە نەدەن، خووی شڕەخۆری لەناو ئەوانیشدا، تەشەنە بسەنێ. بەڕاستی تاقیکردنەوەی تالانی هێزەکانی بەرەی کوردستانی، لەدوای راپەڕینەوە، مایەی نەنگییە. هیچ لایەنێکی بەرەی کوردستانی بێبەری نەبوون لە تالانی. بە چەپەکانیشەوە. ئەنجامەکەشمان بینی.. کە پارتی–یەکێتی، زۆرترین باجی ئەو رەفتارو کردارەیان داوە. بەردەوامیشە.. خراپتریش بەڕێوەیە!!

رشتەی حەوتەم:

ئاڵای شۆڕش‌و جیابونەوەکانی تر!

١- هەمیشە جیابونەوە هەبووە!
٢- کولتوری چەکو ناکۆکی سیاسی
٣- ناکۆکی ئایدیۆلۆژی
٤- فریشتەی ئاشوبستان!
٥- سیاسی مراهقو کاملْ!!
٦- بنکەی سوور یان درۆی رەش؟!
٧- نەوشیروانو سەردانی زیندان
٨- نەوشیروانو مام.. ناکۆکی بەردەوام
٩- پلینیۆمی دیسپۆزەتیڤ
١٠- سکالای دەرکردنی مام جەلال
١١- پاکانە.. یان درۆتاش؟
١٢- هەڵەکان، شکستەکان، ئەنجامەکان
١٣- راپەڕین.. هەڵەی پتر!
١٤- گۆڕان؛ باری نەڕەخساوی بابەتیی
١٥- هاوپەیمانی؛ باری نەڕەخساوی خۆیی!
١٦- لێکتێگەیشتنی دەباشان – رێکەوتنی سەرانسەری
١٧- دوا دیداری نەوشیروان

(١)
هەمیشە جیابونەوە هەبووە!

لە مێژووی سیاسی هاوچەرخدا، لەناو حیزبە سیاسیەکان، لە سەدەی رابوردوەوە، لەسەر رێبازو هەڵوێستی جیاواز لەکوردستاندا، هیچ لایەک نادۆزرێتەوە، بەئەندازەی ئاڵای شۆڕش، غەدری لێکرابێو بە کەمترین بەرگری، هێرشی کرابێتە سەر.

حیزبێکی گەورەی وەکو یەکێتی؛ بە هەزاران پێشمەرگە؛ بە دەزگایەکی راگەیاندنی گەورە؛ بە رابەرو جێگرەکەی؛ بە زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەکردایەتیەکەی؛ بە زۆربەی فەرماندەکانی؛ ئەندامەکانی، کادرەکانیو دۆستەکانی.. بە عەسکەری، سیاسی، راگەیاندن، پروپاگەندە، زیندان، ئەشکەنجەدان، راونان، بوختانو رق هەڵڕشتن.. پەلاماری ئاڵای شۆڕش درا.

ئاڵای شۆڕش.. مەفرەزەیەکی جیانەکردەوە. دەزگای چاپو چاپەمەنی نەبوو. پشتیوانی نەبوو. بارەگای نەبوو، رەوتێکی تازە فۆرمیلەکراوی نهێنی بوو. هێشتا تازە هەناسەی سەرهەڵدانی دابوو.. کۆبونەوەیەکی ئازادی نەکردبوو.. کەوتە بەر پەلاماردان. وەکو نێچیرێک، کەوتبێتە ناو رەوێک پڵنگ، وینجڕ ونجڕیان کرد. ئەو پەلاماردانەو هەڵمەتی راگەیاندنە، قەبارەی ترسی یەکێتی، بەتایبەتی کۆمەڵەی، بەرامبەر ململانێی ئایدیۆلۆژیو سیاسیو کاریگەری خاوەن هەڵوێستەکان بەرامبەریان دەرخست. دەریانخست، کە ئەوەندە هەڵەیان هەیە، ئەوەندە پرنسیپەکانی ئازادییان پێشێل کردووەو رەفتاری ئەوەندە نەشیاویان نواندووە، تەنانەت یەک مانگ ئازادی بیروباوەڕیان تەحەمول نەدەکرد!! لەگەڵ ئەوەشدا، بەحسابی یەکێتی، ئاڵای شۆڕش تەفروتونا کراوە.. هەتا ساڵی (١٩٩١)یش، هەڵمەتی راگەیاندنیان بە فراوانی، یان ناوبەناو، لەسەری رانەگرت. هەوڵێکی بێسنوریشیان دا، بەتەواوەتی سەرکردە، رێباز، هەڵوێستو رەخنەکانی نابوت بکەن؛ بەڵام مێژوو، زوو وەڵامی بوختانەکانی دایەوەو دەرکەوت، لە هیچ هەڵوێستێک، هزرێک، سیاسەتێکو رەخنەیەک، ئاڵای شۆڕش بەهەڵە نەچوبوو. بەڵکو راستڕەوەکانی ناو کۆمەڵە، لەدوای ئەوەی هەموو ڕێگەیەکیان گرتەبەر:

– سەرنەکەوتنی دانوستانو دەستپێکردنەوەی شۆڕش.

– شکستی لە تێکشکاندنی پارتی، سۆسیالیست، پاسۆکو حیزبی شیوعی، دوای قڕناقاو پشتئاشان.

- پەلاماردانی رەوتی رەخنەگرو پێشێلکردنی ئازادی مینبەر.
- بردنی پاسدار بۆ سەر کەرکوکو هەڵەبجە.
- پاشەکشە لە تێزی یەک مەسەلەیی کێشەی کورد.. نەک چوار مەسەلە!!
- بادانەوە بۆ لای ئۆپۆزسیۆنی عێراقو رەهەندی شۆڕشی عێراق.
- گرێدانەوەی کێشەی کوردستانی عێراق، بە کێشە دیموکراسیەکانی عێراقەوە.
- دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، سوریا.. پاشان ئەمریکاو سۆسیال-دیموکراتو رۆژئاوا..
- نائومێدبون لە پەرەپێدانی یەکێتی، لە نیمچە بەرەوە، بەرەو بەرەی نیشتمانی.
- دروستنەبونی لەشکری یەکگرتوی کوردستان.
- کۆمەڵە، نەک نەکرایە پارتی پێشڕەو، بەڵکو کرایە پاشڕەوی یەکێتی.. ئاکام، لەناو یەکێتیدا، هەڵوەشێندرایەوە!
- ناکۆکی ناو یەکێتی تەشەنەی سەند، گەیشتە رادەی لێکترازانی مام جەلال-نەوشیروان.. لەسەر دانوستان، یان چاوەڕێی گۆڕانکاری گەورە.

یەکێتی، لە سەرجەم ئەو بۆچونە جیاوازانەی لە یەکەمین کۆنفرانسەوە، هەتا سێهەمین کۆنفرانس هەمانبوو. تەنها لە پەلاماردانی ئازادی ئاڵای شۆڕش، لەڕووی عەسکەریەوە سەرکەوت. ئەویش لە نیەتپاکیی ئاڵای شۆڕشەوە بوو، کە چوینە قوواڵیی هێزەکانیان، نەک بۆ سەر سنوور، یان شاخێکی دورەدەست.

ئەوەتەی کوردایەتی لە قۆناغی خەباتی سەرەک هۆزو شێخەکانەوە، بۆ رێکخراوی سیاسی گواستراوەتەوە، جیابونەوە لەناو هێزە سیاسیەکان رویداوە. واتا: یەکەمین رێکخراوی سیاسی دوچاری جیابونەوە بوو، ساڵی ١٩١٨، سەدو دوو ساڵ لەمەوبەر (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان) بوو. بە سەرۆکایەتی عەبدولقادر شەمزینی، کۆڕە گەورەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری:

"عەبدولقادر شەمزینی بەو پێیەی سەرۆکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بوو سەرۆکایەتی ئەو شاندەی دەکرد کە خەریکی دانوستان بوو، رۆژنامە تورکیەکان بەوە تاوانباریان کرد، لەلایەک سەرۆکی ئەنجومەنی حکومەت بوو، لەلایەکی تر سەرۆکی کۆمەڵەیەکی کوردی بوو! لە وەرامی ئەوانە عەبدولقادر رایگەیاند کە ئەو سەربەخۆیی بۆ تورکیاو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەوێت (١٧٦ : ٦٨). ئەم راگەیاندنە لای ئەندامەکانی تری کۆمەڵەی ژیانەوە زۆر گران هات، کە بەگەرمی بۆ سەربەخۆیی کوردستان کاریان دەکرد. بەتایبەتی

بەدرخانیەکان کە تۆژێکی رۆشنبیرو ناسیۆنالیستی ئەو پێواژۆکە بوون. بەم جۆرە گفتوگۆ لەنێوان هەوادارانی ئۆتۆنۆمیو داواکارانی سەربەخۆیی، بووە سۆنگەی کەرت بوونی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(٣٢٥ : ٧٨). ئەمەش بە یەکەم کەرت بوون دادەنرێ لە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم".[١]

لێرەدا، مێژوو تەنها یەکەمین جیابونەوە تۆمار ناکات، کە نوسەر (کامەران مەنتک) بەجوانیی دەستنیشانی کردووە. جگە لە جیابونەوە، یەکەمین جاریش، داخوازی ئۆتۆنۆمی دێتە ناو ئەدەبیاتی کوردایەتیەوە؛ کە پێش ئەمە، هەموو راپەڕینە چەکداریەکانی کوردستان، بە راپەڕینەکانی شێخ عوبێدوللاّی نەهری باوکی عەبدولقادریشەوە، داوای سەربەخۆیی سەرانسەری کوردستانیان کـردووە. کەوابێ: بەهۆی حیزبە شیوعیەکانی ولاّتانی داگیرکەری کوردستانەوە، لە سییەکانەوە، ئۆتۆنۆمی نەبۆتە بەرنامەی لایەنە سیاسیەکان، بەڵکو پێشتر بووە. پارتیش لەناوەڕاستی چلەکانەوە کردیە ستراتیژ، لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا. ئەمەش پەیوەندی بە کۆتاییهاتنی قۆناغی دامەزراندنەوەی عێراق، تورکیا، سوریاو ئێرانەوە هەیە، دوای جەنگی یەکەم. لەناو ئەم ولاّتانەدا، بە پشتیوانیی بەریتانیاو فەرەنسا، کورد لە رووی ئابوری، سیاسی، دەستوریو نیشتمانیەوە، لەقاڵب درا. هەتا ئێستاش ئەو قاڵبە سەپێنراوە نەشکێندراوە.

دوای یەکەمین جیابونەوەی باڵی عەبدولقادری ئۆتۆنۆمی خـوازو بەدرخانییە سەربەخۆخوازەکان، لە جەنگی یەکەمەوە بۆ دووەم، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، چەندین رێکخراو دامـەزران: کۆمەڵەی هیڤی، خۆیبون، کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، هیوا، (ژ.ک)، شۆڕش، رزگاری، لقی حیزبە شیوعیەکان، پاشان پارتی لە هەر بەشێکی کوردستان. ئەم رێکخراوانە، یان دوچـاری جیابونەوە بـوون، یاخود لەژێر فشاری روداوەکانو سەرکردەکاندا، هەڵوەشێنراوونو ئاوێتە کراوون. تەنانەت لەناو پارتیشدا، چ لە رۆژهەڵات چ لە باکور چ لە باشور چ لە رۆژهەڵاتدا، جیابونەوە رویانداوەو حیزبی تر لە حیزبی دایک، لەدایکبون. لەناو ئەو هەموو جیابونەوانەدا، تەنها باڵی هەمزە، بە بڕیاری بارزانیو بەهێزێکەوە جێبەجێکردنی بە سەرپەرشتی مام جەلال، بارەگای باڵی هەمزە عەبدوللاّ-شیهابی شێخ نوری، دەستی بەسەردا گیرا. ئەگینا، جیابونەوە چەکداریەکەی باڵی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (سلێمانی موعینی- ئیسماعیلی

١ کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتک). کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتیو ناوچەییدا ١٨٩٠-١٩٣٢). دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. سلێمانی-٢٠٠٠. چاپی یەکەم. ل(٢٣٧).

شەریف زادە، مەلا ئاوارە) لەناو خودی حیزبەکە، تەنها مشتومڕی سیاسی دروستکرد. پاشان، ئێران بە هاوکاری پارتی لەناوی بردن.

"هەر لە گەلاوێژی ئەو ساڵەدا پێنج کەس لە پێشمەرگەکان لەناوچەی پیرانشار لە گوندی بندرەی دەکەونە بەر هێرشی دوژمن، دوای ئەوەی ٩ کەس لە دوژمن دەکوژن، پەنا دەبەنە گوندی (ئـالان)ی کوردستانی عێراق کە لەژێر حوکمی شۆڕشدا بووە. بەداخەوە دوایی هێرشیان دەکەنە سەرو لە ئاکامدا یەکیان لێ دەکوژرێو ئەوانی دیکەش کە یەکیان بریندارێش بووە، تەحویلی ئێران دەدەنەوەو ئیعدام دەکرێن".[١]

"ئەوکات دوو گیروگرفتی گەورە روو لە حیزب دەکـەن، یەکیان تەحویل دانەوەو کوشتنی هێندێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لەلایەن بەرپرسانی شۆڕش لە هێندێک ناوچەدا بە ساواکـو ژاندارمی ئێران بوو کە شوێنەواری زۆر خراپی لەسەر وڕەی باقی هاوڕێیان دانا و لەراستیدا بوو بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەک واز لە هەوڵدانو تێکۆشان بێنـو بڕستی تێکۆشانیان لێ بڕینو هیچیان بەتەمای سەری خۆیان نەبوون".[٢]

عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەڵێ:

"گەورەترین دروشـم (مرگ بر سازشکار) بوو کە مەبەستیان حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. یان ماوەیەک هەردوو حیزب دیموکراتی کوردستانی عێراقو ئێرانیان تێکدەخستو دەیانگوت "دیموکراتو قیادە، ڕەنجی کوردیان بە با دا". چونکە ئێمە لە مەسەلەی ماددەی ٨دا (ناچمە نێو وردەکارییەکانی کە چۆن بوو؟ چۆن نەبوو؟) دواتر دکتۆر قاسملوو لە میتینگێکدا گوتی بەدەر لەوەی ئێمە ڕامان بەرانبەر بە قیادە موەقەت چییە. (ئەوکات بە پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەگوت "قیادە موقت". ڕێبەرایەتییەکی کاتییان پێکهێنابوو) مادەی ٨ شتێکی لاوەکییەو ٧ مادەکەی دیکە باسی کێشەکانی کوردی ئێران دەکـات. بـەڵام ئەو باسی کـوردی عێراق دەکـات کارێکی بێجێیە. لەسەر ئەوە لەعنەتی تەواوی دونیامان بۆ هات. کەوابێت ئێمە هیچ نەما نەیکەین بۆئەوەی تووشی شەڕ نەبینو میللەتی کورد تووشی مەرگـو مااڵوێرانی نەبێت".[٣]

١ جەلیل گادانی. (٥٠ ساڵ خەبات) کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەرگی یەکەم. ل(١٣٦).

٢ هەمان سەرچاوە. ل(١٤١).

٣ عەبدوڵڵا حەسەن زادە–سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەفشینی مدریسی–(لەرۆژهەلاتەوە ٤). ٢٠١٩. ل(١٠٢–١٠٣).

ئەو سیاسەتە نیازپاکیەی دیموکرات، کە رابەرێکی هەڵکەوتوی وەکو د.قاسملوو بەرنامەکەی دارشتبوو، لەناو گەلێکی دواکەوتـودا، کە کولتورەکەی‌و نەریتەکەی نوقمی ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە، نەیتوانی دیموکرات لە شەڕی پارتی لەناو کولتوری زەبروزەنگو دۆخی ئیقلیمیدا، بپارێزێ. تەنانەت لە شەڕی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی نەپاراستن. ئەم کولتورو نەریتە، کە هەمیشە جۆشی شەڕەنگێزی دەخوات‌و کانگای زەبروزەنگە، بەردەوام هەڕەشە لە هەموو بیروباوەڕو سیاسەتێکی ئاقڵمەندانە دەکات، کە رابەر، یان گروپێکی سیاسی، هێنابێتیە ئارای هاوکێشەکان. هەتا ئەوکاتەی چەک بەدەستی هێزە چەکدارەکانی کوردستانەوە هەبێ، بەهۆی نەریت‌و کولتورو کاریگەری مەزهەب‌و موقەدەساتەوە، ئەگەری شەڕی ناوخۆ، یەکێک لە ئەگەرە هەرە بەهێزەکانە. ئالای شۆڕش ڕوداوزەدەی گوێپێنەدان بوو، بەو نەریت‌و کولتورە!!

(٢)
کولتوری چەک‌و ناکۆکی سیاسی

پارتی، بە هـەردوو باڵەکەیەوە (مەلایی–جەلالی) فێرگەیەکی زۆر خراپیان لەناو کوردایەتیدا داهێنا، ئەویش فێرگە، یان کولتوری بەکارهێنانی چەک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی سیاسی. سالانی (١٩٦٤–١٩٧٠) سالانی شومی کوردایەتین. پارتی دەبێتە دوو پارتی. هەردوو پارتی هێزی هەیە. ناگەنە چارەسەر. پەنا بۆ هێزی چەکداری دەبەن. بۆ سەرکەوتنی هێزی چەکداری لایەک بۆ سەر لایەکی تر، سەرەتا پەنا بۆ ئێرانی شا دەبەن. پاشان، هـەردوولا، بەناوی ڕێکەوتنی لامەرکەزیەوە، دانوستان لەگەڵ رژێمی عێراقدا دەکەن. لە دوائاکامدا، جەلالی، کە لە ئێرانیشدا بوون، دێنە لای حکومەت‌و چوار ساڵی ڕەبەق، هەردوولایان، لەپاڵ عێراق‌و ئێران، کوردکوژی دەستپێدەکەن. کە بێگومان، ئەوکاتە، لەبەرئەوەی دوژمنی داگیرکەر، رژێمی عێراق بوو، هێزی مەلایی کە لە شاخدا بوون، سۆزی خەڵکیان زۆرتر لەگەڵدا بوو. سەرەنجامە کۆتاییەکەشی، حکومەتی عێراق هەر لەگەڵ پارتی–شاخ ڕێکەوت. جەلالییش کارێکی باشیان کرد، خۆیان لەناو حیزبی دایکدا هەڵوەشاندەوەو ڕێکەوتنەوە. دیارە بارزانیش بڕیارێکی مێژوویی دا، خۆی کردە دەستەبەری ئەو یەکگرتنەوەیە!

لە شەستەکانەوە حیزبایەتی، خرایە ژێر هەژمونگەری هێزی چەکدار. بەپێچەوانەی شۆڕشە شۆڕشگێڕەکانی جیهانەوە، کە سیاسەت لولەی تفەنگەکانی ئاڕاستەدەکرد. لەکوردستاندا، لولەی تفەنگ سیاسەتی ئاڕاستەدەکرد. تا ئێستاش!

(١٩٦٤-١٩٧٠) قۆناغی زاڵکردنی هێزی چەکدارە، بەسەر حیزبایەتیدا. لەم قۆناغەوە، دیاردەکانی یەکدی کوشتن، بازرگانی شەڕ، هەڵپەرستیی، دەمکوتکردنو پێشێلکردنی ئازادیەکان، سەریهەڵدا. لە شۆڕشی نوێدا، ئەو دیاردانە بەحوکمی فرە هێزیی، زۆر خراپتر تەشەنەیان سەند. هەمیشە پێنج هێزی چەکدار، لە شۆڕشی نوێدا هەبوون:

١- هێزی پێشمەرگەی یەکێتی؛ لە ناوچەکانی سۆران.

٢- هێزی پێشمەرگەی پارتی؛ لە دەڤەرەکانی بادینان.

٣- هێزی پێشمەرگەی سۆسیالیست؛ لە هەولێرو پاشان شارەزوور-سورێن.

٤- هێزی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی؛ کەمتر بون. هەتا شەڕی قڕناقاو پشتئاشان، لە هەموو ناوچەکان هەبون. دوایی تەنها لە بادینان.

٥- هێزی پێشمەرگەی پاسۆک؛ کەم بوون. بەڵام چارەنوسیان بە سۆسیالیستو پارتیەوە بەستبوو.

ئەم پێنج هێزە، بۆئەوەی زاڵبن، سەرکردایەتی بااڵدەستی حیزبە سیاسیەکانیان بەردەوام: پاساویان بۆ تاوانو تااڵنیەکانیان دەهێنایەوە؛ سەربەستیان کردبون لە چۆنیەتی حوکمڕانیی ستەمکارانە لە ناوچە پاوانکراوەکاندا؛ هاوڵاتی بچوکترین مافی مەدەنی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا نەبوو؛ شوراکانیش کە دامەزران، کاروباری لۆجستیان دەکرد؛ لەوانەش خراپتر، لایەنە سیاسیەکان بە قسەی هێزە چەکدارەکانیان دەکرد. بێتاوانیان بەبێ دادگایی دەکوشتو بە خۆفرۆش دەدرایە قەڵەم. سەرانە سەندن ئاسایی بوو. هەموو ئەو ڕەفتارانەش، پاساوی سیاسیو ئایدیۆلۆژییان بۆ دادەتاشرا.

ئەگەر مێژوونوسێک، ئەدەبیاتی هەموو لایەنەکان، لە قۆناغی شەڕی ناوخۆدا کۆبکاتەوەو بەراوردیان بکات، بەئاسانی بۆی ساغ دەبێتەوە کە: شەڕە جنێوی ناوخۆ؛ بوختان هەڵبەستنی ناوخۆ؛ بە خۆفرۆش زانینی هێزەکانی ناوخۆ؛ پاشکۆیی لایەنەکان بۆ دەوڵەتانی ئیقلیمی؛ هەروا، نابوتکردنو شکاندنی کەسایەتی سەرکردایەتیی لایەنەکان لە شەڕی ناوخۆدا.. کرابووە کولتوری سیاسی لایەنە شەڕەنگێزەکان. تا ئێستاش نەبڕاوەتەوە!

کام سەرکردەی گەورە، کام رەمزی گەورە، کام قارەمانی گەورە، کام تێکۆشەری گەورە.. لەناو هەموو لایەنەکاندا هەیە، بوختانی بۆ نەکرابێ. ناوی نەزڕابێ. تۆمەتی بۆ هەڵنەبەسترابێ؟![+]

دوپاتی دەکەمەوە، چاودێری سیاسی نەبوم‌و لەناو روداوەکانیشدا رۆڵم هەبووە. لەو ساڵانەشدا، فریشتە نەبوم. لەدوای رودانی شەهیدکردنی حەسەن خۆشناوەوە، ئیتر باوەڕم بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرکردایەتی بۆ دەست کردنەوەو بەرگریکردن، هەبوو. بەڵام لەپێش مفاوەزاتی ١٩٨٣وە، کە ئیتر یەکێتی لە شاخ‌و شارەکاندا لە شەڕی ناوخۆدا بااڵدەست بوو، دەرفەتی ئاشتەوایی هاتەگۆڕێ، وردە وردە، گەیشتمە ئەو باوەڕە، شەڕی ناوخۆ کۆتایی بێت. لەسەر بنەمای ئەم باوەڕەش، هەوڵم دا شەڕی ناوخۆ لە سنوری مەڵبەندی یەکدا رونەدات. بۆیە لەگەڵ شیوعیەکانیش رێکەوتین. لەدوای دانوستانی ١٩٨٤یشەوە، ئامادە نەبووم هیچ بەرپرسیارێتیەک قبوڵ بکەم. تەنانەت نەدەچوومە کۆبونەوەکانی سەرکردایەتیش، چونکە گەیشتمە ئەو باوەڕە، کۆبونەوەکان، پێشوەخت بڕیارەکانی ئامادە دەکرێن‌و دیالۆگ، نرخی نەماوە!

کێشەی ئااڵی شۆڕش، لەناو ئەو زەمینەو زەمانەدا، دەبێ هەڵبسەنگێندرێ؛ کە بەو کولتورە داڕزاوە؛ بەو ئەقڵیەتە شەڕەنگێزییە؛ بەو ئاڕاستە سەربازییە؛ دوای (٢١) ساڵ لە تاقیکردنەوەی تاڵی شەڕی ناوخۆ (١٩٦٤-١٩٨٥) بچوکترین پەندی سیاسی‌و عەسکەری وەرنەگیرابوو، بە هێزێکی سەدان کەسی گۆشکراو بۆ کوشتنی هاوڕێ‌و هاوسەنگەر، هەڵگوتێنرایە سەر تاقە مااڵی ئااڵی شۆڕش.. مااڵی مەال بەختیار. دەسەاڵتیشیان پێ درابوو، گەورەو بچوک بکوژن!!

ئەگەر ئەم کردەوەیە، زادەی ئەوپەڕی رقو زاڵبونی کولتوری ئازادی سەرکوتکردنی شەڕی ناوخۆ نەبوو، خۆ مااڵکەی بەندە لە تەکیە بوو، چوار دەورمان بە هێزی یەکێتی

[+] بزوتنەوەی گۆران، لە زەمان‌و زەمینەیەکی نیمچە لیبرالی سیاسیدا، بەتایبەتی لە دەڤەری سەوز، جیابونەوەو هەڵسوڕاوانیان ئاڕاستە دەکرد، الساڕانە دژی هەموو الیەنەکان‌و سەرکردەکان‌و بەها سیاسیەکانیش، هەڵدەسوڕان. ململانێیان لە رەوتی ئازادی ترازاند. بەڵام ئەم کولتورە سیاسیە داهێنراوی گۆران نەبوو. لەناو شۆڕش‌و دوای راپەڕینیش، دیاردەکە هەبوو. گۆران پەرەی بەو کولتورە، بە ئاڕاستەی لیبرالیزمی رقو سایکۆلۆژیەتی بەرامبەر شکاندن دا. سەرەنجام لە یەکەمین کۆنفرانسیاندا، بۆیان دەرکەوت، هەڵسوراوانیان بەچەشنی الساڕ کردووە، ئاسان نییە جڵەویان بگیرێتەوە! سەرەنجامی ئەو سیاسەتە، بەها سیاسی‌و حیزبی‌و دەسەاڵتەکان، لەبەرچاو خران.

تەنرابوو. زانیاری تەواویشیان هەبوو لەسەر ژمارەی حەرەسەکانمان.. چەکەکانمان.. تەنانەت لەسەر نیازیشمان، ئیتر چ پێویستی دەکرد، سەدان پێشمەرگە لەسەرمان خڕ بکەنەوەو بڕیاریش بدەن، لێمان بدەن.. ئەگەر یەک کەس بەهەڵە، یان بە مەرام، فیشەکێکی لەدەست دەرچوبا، بەدڵنیاییەوە، بە مااڵو منااڵیشەوە (بەندەو عیماد ئەحمەدو دلێری سەید مەجیدو ئاسۆ عەلی)یان دەکوشت. هەر بەڕاستی (لولەی تفەنگەکان!) خوێنیان لێدادەچۆڕا. خوێنی بەناهەق رژاوی دیلو تێکۆشەرو خاوەن هەڵوێستەکان.

(٣)
ناکۆکی ئایدیۆلۆژی

نوسەر، هەتا دەخرێتە قەبر، واز لە رەگی گولیی عێراقچێتی ناهێنێ. سەیرکەن چی دەهۆنێتەوە:

"ئااڵی شۆڕش یان ئاش یا بەرەی عێراقچیەتی لەناو کۆمەڵەدا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە سەریهەڵدابوو بە ماکو خۆرکەی ڕێگر لە گەشەکردنو بەهێزبوونی کۆمەڵەو بنەمای ناکۆکی..... دور لە هەموو سەرەتایەکانی کاری سیاسیو..... هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر نەتەوەو نیشتمان. هەر لە ١٩٧٢وە یەک دووانێک لە باڵی عێراقچێتی ناو کۆمەڵە بەپێچەوانەی هاوڕێیەکانی تریان کە زۆر بە مەبدەئیانە لە کۆمەڵە کشانەوە. ئەمانە دەستیان لە کۆمەڵە هەڵنەگرت تا ساڵی ١٩٧٥و ئااڵکەی عێراقچێتیان بە کۆمیتەی هەرێمەکان سپاردو کۆمیتەی هەرێمەکانیش بە درێو بە ئاشکرا ئەمانیش کەوتنە کنەکردن لەناو کۆمەڵەو یەکێتی بەشێوەیەکی دوور لە هەموو مورالێکی سیاسی"[١]

ئەمەیە ڕۆژگاری سیاسی. کەسێک، بوبێتە ئەندام پەرلەمانی عێراق. قبوڵێتی هەرێمی باشوری کوردستان لە دەستوری عێراقدا، بەشێک بێ لە عێراق. موچەی عێراق بە مۆڵیی وکو ئەندام پەرلەمان وەردەگرێ. کەچی کە دێتە سەر رقی دێرینە، واز لە رەگی گولی عێراقچیو کوردستانی بە مەرام دروستکراو، ناهێنێ.

جارێ ئەوانەی پێیاندەڵێ.. لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە بوونە خۆرکەی ڕێگر لە گەشەکردنو بەهێزبوونی کۆمەڵەو بنەماکانی ناکۆکی.

١ برایم جەاڵل. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٤٤٦).

کۆمەڵە.. جگە لە مەحفەلێکی خوێنەواری تێکۆشەری راستگۆ، کە کەسیان خیانەتیان لە کوردو کۆمەڵە نەکرد، کەسیان نەبونە بەعسیو جاش. کەسیشیان فایلی نەگیرا. هەلپەرستیش نەبوونو لەژیانی سیاسیشیاندا ئۆبالّی هیچ تاوانو تالانیەکیان ناکەوێتە ئەستۆ. دوای کارەساتو روداوە دلّتەزێنەکان هەلّوێستیان دەرنەبڕیوە. پێشوەخت بۆچونیان بە راشکاوی باسکردووە. ئیتر بۆ گوایە خۆرکە بوبن لە گەشەکردنی کۆمەڵە!

هەتا ئازاری ١٩٧٥، کۆمەڵە، بەئاشکرا، لەناو هیچ هاوکێشەیەکی سیاسیدا، لەناو هیچ روداوێکدا، پێگەو جێگەی دیار نەبوو. یەک هەلّوێستی ئاشکرای نەبوو. لەتەواوی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥دا، تەنها نامەیەکی ناوخۆی هەبوو، بۆ شانەکانی. ئەویش، فەوتێنرا. چونکە، لەکاتی هەرەسدا، سەرکردایەتی کۆمەڵە، کوتومت پێچەوانەی ناوەرۆکی ئەو نامە ناوخۆییە هەلّوێستیان وەرگرتو بەرەنگارییان نەکرد!

پاشان.. هەمومان ئەو تێکۆشەرانە دەناسین، کە کەسانی سەنگینو بەهەلّوێست بوون، ئیتر بۆ بە خۆرکە ناویان دەبات؟ رقەکەی هێندە ئەستورە، واز لەوانیش ناهێنێ. بە بیانوی عێراقچی! سەیر ئەوەیە، خۆیشی دەنوسێ: "مەبدەئیانە کشانەوە". کەوابوبن ئیتر بۆچی بە خۆرکەیان دەزانی.. جەناب!

کۆمیتەی هەرێمەکان، دوور بون لە مۆرالّی سیاسی (وەکو نوسەر نوسیویەتی؟) ئاخۆ مۆرالّی سیاسی بە چی تێگەیشتبێ؟*

مۆرالّی سیاسی.. درۆنەکردنە. بوختان هەلّنەبەستنە. رق هەلّنەگرتنە. ئازادی زەوت نەکردنە. لەسەر بیروباوەڕ ئەشکەنجەنەدانە. رەتکردنەوەی جەلادیەتی تێکۆشەرانە.. لە دزیو درۆزنیی دورکەوتنە.. کە بەداخەوە، بەشێکی ئەو مۆرالّانە، لە نوسەرو هاوهەلپەرستەکانی هەبوو.

---

* هاوینی ١٩٩٤ دوای یەکگرتنەوەمان لەگەڵ یەکێتی، وەکو مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان سەردانی دهۆکمان کرد. حەسەن کوێستانی بەرپرسی مەلّبەند بوو. ئەندامانی مەکتەب: هاوار حاجی، مەلا قادر، مامۆستا رێبوار، ئازاد خالید، جوتیار نوری و خۆم، شەو داوەتی کوێستانی بوین. لێم پرسی: کە بەلّگەنامەکانت ساغدەکردەوە، قسەی زۆرتان لەسەر ئالای شۆڕش کردبوو، کە گوایە بەشێکیان پەیوەندیان بە حکومەتی عێراقەوە هەیە. ئایە لەناو بەلّگەکاندا، هیچتان دەستکەوت؟ گوتی: هەڤالان بۆ مێژوو دەیلێم: نەک بەلّگەمان لەسەر سەرکردایەتی ئالای شۆڕش دەستنەکەوت، بەلّکو حکومەت، وەکو مام جەلال و نەوشیروان، رقی لە مەلا بەختیار بووە. بە مەترسیداریان لەسەر بەعس زانیوە.

گوناحێکی گەورەیە، کەسێک بەشێکی ئەو مۆراڵە دزیوو دزێوەی هەبێ، بوێرێ بە شەهید ئارامو شەهید ئازاد هەورامی بڵێ.. دوور لە مۆراڵی سیاسی. با دیقەت بدەین شەهید ئارام لەسەر کوردستانیبوونی چی نوسیووە:

"بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کوردستان کە بزوتنەوەی گەلێکی دابەش کراو و نیشتمان لەت لەت کراو و ماف پێ شێل کراوە، بزوتنەوەیەکی عادیلانەی ناوەرۆک پێشکەوتنخوازەو بەشێکی لە جیاکردنەوە نەهاتوی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلانی جیهانە کە لەم سەردەمەدا بەشێکە و پاڵ پشتێکی قایمو پتەوی شۆڕشی سوشیالیستی جیهانە".[1]

لەوە جوانتر کوردستانیبونی کۆمەڵە نانوسرێ کە لە وتاری "خەباتی ئاڵای شۆڕش"دا، شەهید ئارام نەخشاندویەتی. رابەرێک، کوردستانی نەبوبێ.. نانوسێ: "بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان کە بزوتنەوەی گەلێکی دابەشکراو و نیشتمان لەت لەت کراو و ماف پێشێل کراوە". زۆر بە جوانیی خەباتەکەی بەستۆتەوە بە خەباتی گەلانی جیهانو بەشێکیش بووە لای لە شۆڕشی سۆسیالیستی. ناشڵێ وڵاتان، یان کامپی سۆسیالیست.. دەڵێ.. شۆڕشی سۆشیالیستی. وەکو ناسیۆنالیستە گۆشەگیرەکان.. نەشیوتووە: فاشیەت بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان!

هەروەها.. بە رەوانیی‌و بیرێکی باوەڕ بە دواڕۆژ، نانوسێ:

"(ئاڵای شۆڕش) لەپێناوی بەهێزکردنی (ی.ن.ک) تێ دەکۆشێو هەوڵی بێ سنور ئەدات بۆ چەسپاندنی خەباتی رێکخراوە شۆڕشگێڕە پێشکەوتن خوازەکانی کوردستانو دەرخستنی بیری چەوتی تاکە حیزبو راهێنانی جەماوەری گەل بە دروستی بەرەی یەکگرتوو و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی (ی.ن.ک) بەرەو بەرەی راستەقینەی شۆڕشگێڕ. لە هەمان کاتیشدا دەست نیشان کردنی کەموکوڕیەکانی (ی.ن.ک) بە نیازی گەشەپێدانی و زیاتر پتەوکردنی ریزەکانی لەخەباتدا دژی سوڵتەی فاشیستی بەعسو دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی ناوخۆو دەرەوە".[2]

ئەو بۆچونانەی شەهید ئارام، تەنها لەبەرئەوە ئاماژە پێناکەم، نوسینەکەی نوسەر کاریگەرە.. نەخێر. تەنها بۆ ئەوەیە، ئەوانەی ئەم نوسینەی بەندە دەخوێننەوە، بزانن، ئەم نوسەرە چەند رقاوییەو چەندیش راستیەکانی مێژوو هەڵدەگێڕێتەوە.

---

١ هەڵبژاردەیەک لە نوسینەکانی شەهید ئارام. ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان-عێراق- چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ. ١٩٨٠. ل(٦٤).

٢ سەرچاوەی پێشوو. ١٩٨٠. ل(٦٧).

باسی کنەکردن لەناو رێکخستندا دەکات. ئەمە ئەگەر نوسەرێکی بێلایەنی تێوەنەگلاو بە شەڕی ناوخۆ، جیابونەوە، یەکتر کوشتنو دروستکردنی رێکخراوی نهێنی، بینوسیایە، هیچ وەڵامـم نـەدەدایـەوە، ئاخر نوسەرێک، لە ساڵی ١٩٦٤وە، هەتا بیناقاقای نوقمی جیابونەوەو بە نهێنیی رێکخراو دروستکردن بوبێ.. هەمیشە پاساوی بۆ شەڕی ناوخۆ هێنابێتەوە، بە چ رویەک شتی وا دەنوسێ!

– ئایا جەلالیەکان.. باڵی مەکتەبی سیاسیان، لەناو پارتیو دژی بارزانی وەکو سەرۆکی پارتی لەساڵی ١٩٦٤ وە، دروست نەکرد؟ ئایا لەکاتێکدا بارزانی لە روسیا بوو، هەر برایم ئەحمەدو مام جەلالو عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری، بە سەرۆکی پارتی هەڵیاندەبژارد؟ دوایی خۆشیان لێی هەڵگەڕانەوە!

– لەناو جەلالیدا، ئایا رەوتی چەپ، لە بەکرەجۆ (١٩٦٨)وە، کنەی دەستەگەریو رەخنگرتنی، نەکرد؟

– کە جەلالی–مەکتەبی سیاسی، لەگەڵ پارتی دایک، یەکیگرتەوە، ئایا ١٩٧٠/٦/١٠، لەهەمانکاتدا، کۆمەڵە بە نهێنی لە بەغداد دانامەزرێو (٥) سالیش خەباتی ژێرزەمینی دژی پارتی–بارزانی، زیاتر لە حکومەتیش ناکات؟ ئەوەی زیاتر لە (٢٥) ساڵ مۆراڵی بەرامبەر شەڕی ناوخۆ، تاوانو تاڵانی نەبوبێ.. بەڵکو بەرگریشی لێکردبێ، ئیتر دووروونزیک مافی بەسەر مۆراڵەوە نەماوە!

پێم سەیرە، سیاسییەک، سیاسەتی کردبێتە پیشەو لەناو جیابونەوەکانیشدا، پیشابێتەوە، باسی کنەکردنو مۆراڵ بکات؟

(٤)
فریشتەی ئاشوبستان!

نوسەر، خۆی کردۆتە فریشتەو بەسەر ئاشوبستانی شەڕی ناوخۆو دیلکوشتنو تاڵانیو تاواندا، دوای ئەوەی دەستی لە بنی هەمانەی کۆمەڵە، بەبۆگەنی دەردەهێنێ.. دەیەوێ، ئەو دەستە بۆگەنەی بە مێژووی پاکو پڕ هەڵوێستی ئێمەدا بسڕێتەوە! کەسێک دەتوانێ ببێتە رەخنەگرو گەواهیدەری روداوەکان کە خۆی ناخی رەش نەبێو خووی لە تاوانو بەرگری لە تاوان، نوقمی زەلیلی نەبوبێ!

لەناو یەکێتیەکو شۆڕشێکی چەکداریدا، کە لە شەڕی ناوخۆدایە، کە تاوانی قڕناقاو پشتئاشانو ئەو دیلکوشتنانەی کردووە، کە نوسەر خۆی لە شەڕی بێتواتە پێیاندەڵێ: "دیلکوشتن، قڕ تێخستنو دزی کرایە خوو"!!، کاتێک ململانێیی ئایدیۆلۆژی-سیاسی-ڕێکخراوەیی قوواڵ دەبێ، ئازادی بیروڕا دەربڕین نامێنێ، لەناو سێهەمین کۆنفرانسدا، کادر بەر شەق دەدرێو دادگای پشکنینی ئەندێشە بۆ هەڵوێستی جیاواز دادەنرێ.. ئیتر چۆن ڕێکخراو بە ئاشکرا دادەمەزرێ؟! ئاخۆ نوسەر باسی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکات، یان باسی ڕێکخراوی هێزو و بازوی چەکدار؟

سەیر ئەوەیە، هەروەکو باسی سویسرا بکات، کە دەنوسێ:

"پروپاگەندەی ناڕاست بۆ کۆمەڵەو یەکێتی زۆر بە فراوانی بە دەمی لە کۆڕ و کۆبونەوەکانو لەناو تیپەکانی پێشمەرگەو کادرانو ڕابەرە سیاسیەکان".[1]

ئەم زاتە، نازانێ بوختانەکانیشی بڕازێنێتەوە. ئاخر ئاڵای شۆڕش هەتا سەرەتای مانگی ٩/ی ١٩٨٥، نهێنی بوو. ئیتر چۆن بە فراوانی کۆڕو کۆبونەوەیان کردووەو پروپاگەندەیان لەناو پێشمەرگەو کادرو ڕابەرە سیاسیەکاندا، بەستووە؟

لە دریژەی بوختانەکەدا دەڵێ:

"باوەش گرتنەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەر بێ ئیلتیزامی محاسەبە دەکران یان هەڵەیەکی کوشندەیان کردبوو، یان تاقەتیان چوو بوو، دەشیان کردنەوە بە دوژمنی یەکێتیو کۆمەڵە".[2]

خۆزگە ناوی (٣) کەسی دەهێنا کە لەناو یەکێتیو کۆمەڵەدا، سزا درابنو ئێمە داڵدەمان دابن. ڕاستیەکەی ئەوەیە، دەرگای بەرەڵایی و کوشتنو تاڵانی وا کرابوەوە. بۆیە مام جەلال ئەیووت: ئەمە لەشکری هۆلاکۆیە. نوسەر پێشتر دەنوسێ: تاڵانیو دزیو ڕاو ڕوتو دیلکوشتن.. تەشەنەی لەناو یەکێتی سەندووە. ئێمەش، ڕەخنەمان لەو دیاردانە هەبوو. ئیتر چۆن ئەوانەمان وەردەگرت؟!

ئەوەش کە دەنوسێ:

"هەوڵدان بۆ توندوتیژکردنی شەڕەکانی نێوان یەکێتیو جودو پاشان خۆنزیککردنەوە لە جود قەناعەت پێهێنانیان، کە یەکێتی پاش دانوستاندن هەڵدەوەڕێن یا لە ساحەکە نامێنن لەگەڵیان ڕێک مەکەون. لەدوای ڕێکەوتن ئەم ڕاستیانە ئاشکرا بوو".[3]

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٤٤٦).

٢ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٤٤٧).

٣ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٤٤٧).

ئەمەیان شاخی هەڵبەستنەکەی زۆر تیژە. ئاخر کەس نییە نەزانێ ئاڵای شۆڕش لایەنگری ئاشتبونەوەی گشتی بوو. هەر باوەڕیشی بە شەڕی ناوخۆ، لەدوای باڵادەستی یەکێتی لە شەڕدا، نەمابوو. پاشان، ئاڵای شۆڕش جیابونەوەی دواخست، هەتا یەکێتی بە لاوازیی لەگەڵ حکومەت رێک نەکەوێ. حکومەتیش، کەلێنی جیابونەوە دژی یەکێتی نەقۆزێتەوە. ئیتر چۆن پێمان وا بووە، دوای دانوستان یەکێتی هەڵدەوەرێ؟

یان دەڵێ:

"هەرچی زانیاریەکیان لەسەر یەکێتیو کۆمەڵەو بڕیارە نهێنیەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵەو یەکێتی هەبوو، بەتایبەتی ئەوانەی دژ بە ئێران یا سوریا یا لیبیا یا فەلەستینیەکان هەبوو بە زیادەڕۆیشەوە دەیاندا بە ئێرانو سوریاو لیبیاو فەلەستینیەکان".[1]

تا ئێستاش، دەیان نهێنی یەکێتیو مام جەلالو نەوشیروانم لایە. نەمدرکاندونو نەمنوسیون!

کە لە گۆڕی ئازادی یەکێتی[*] ئازاد بوم، چەند مانگێک لە ورمێ-زێوێ، دەژیام. حاجی حاجی برایم، هەوڵی دا سەردانێکی کاک مەسعود بارزانی بکەم. گوتم: بەو مەرجە ئامادەم سەردانەکە بکەم: یەکەم: هیچ نهێنیەکی یەکێتیم لێنەپرسن. دووەمیش: لە پرسگە دانانیشم.. کاک مەسعود گوتبووی: "دەزانین مەلا بەختیار کێیە، هیچی لێناپرسین". رۆژێکی بۆ دیدار بۆ تەرخان کردبوم. لە سەعات ١١/وە هەتا ٣/ی عەسر پێکەوە بوین.

یەکەمین جارم بوو ببینم. هەر لەو دیدارەدا، عەلی عەبدوڵڵا، فەرەنسۆ حەریری، د.جەرجیس، نێچیرڤان بارزانیشم بینی. بۆ مێژوو دەیڵێم: دووروونزیک، باسی یەکێتی لەنێوانماندا نەهاتەئاراوە. قسەوباسەکانمان لەسەر داگیرکردنی کوەیتو کاردانەوەی ئەمەریکاو هاوپەیمانان بوو. من، لە سەرگوتاری (ئاڵای شۆڕش)دا- ژمارە (٤)ی ئابی ١٩٩٠، کە عێراق کوەیتی داگیرکرد، جەختم کردۆتەوە کە لە عێراق دەدرێ. لەسەر ئەم گوتارەو دۆخەکە زۆرتر پرسیاری لێدەکردم. منیش چەند مانگێک پێش لێدانی عێراق بوو، بە راشکاوی رای خۆم وتو جەختم دەکردەوە، کە لە عێراق دەدرێو لە کوەیت دەردەکرێتو راپەڕینیش بەرپا دەبێ. پەیتا پەیتا دەموت: باشترین دۆخی سیاسی بۆ کورد دەڕەخسێ بۆ راپەڕینو رزگاری. دەشمگوت: هەقە واز لە ئۆتۆنۆمی بهێنینو

---

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٤٤٧-٤٤٨).

* کە لە زیندانی یەکێتی ئازاد کرام. لە بەیاننامەیەکدا زیندانەکەم ناونابوو (گۆڕی ئازادی).

فیدرالّیەت داوا بکەین.[+] کاک مەسعود، دوودڵ بوو لە لێدانی. متمانەشی بە ئەمەریکا نەبوو. وتیشی: ئێمە شۆڕشگێڕی (تحت الطلب)نین، کەی ئەمەریکا داوا بکات، بەقسەی بکەین. دیار بوو، داخی رێکەوتنامەی جەزائیرو پشتێکردنە شۆڕشی ئەیلولی بیرنەچوبوو. لە ژمارەیەکی خەباتدا، دەستەواژەی (تحت الطلب) دوای ئەو دیدارە، خرابووە رستەوە. ناهەقیشی نەبوو.

هەندێک نهێنی هەبوو، پەیوەندی بە مۆرالّی بەرزی سیاسیەوە هەیە (نەک بێمۆرالّی هەلپەرستی). پێم سەیرە، نوسەر بەوشێوەیە تاوانبارمان دەکات. ئەوپەڕەکەی قسە لەسەر دانوستانو شەڕی عێراق-ئێران کرابێ.. هاوڕێیانی ئالّای شۆڕش دژی سازش قسەیان کردبێ. ئەمەش ئاساییە، یەکێتی ئەوکاتە پەلاماری دابوین. هاوڕێیانمان بریندار بون. بێگومان ڕەخنەیان لەسەر یەکێتی دەبێ. نوسەر، لە مۆرالّی دڵڕەشیو دەرون دڕدۆنگیەوە، سەیری هەموو کەسێک دەکات.[*]

[+] لە سەرگوتارێکی ئالّای شۆڕشیش (ژمارە «٤»ی ئابی ١٩٩٠)، (ئاکامەکانی جەنگ و ئەرکەکانمان) لەبەشێکی وتارەکەمدا نووسیوومە:

لەمەدوا ڕووداوەکان بەهەر لایەکدا بکەون زەمینەی پەرەسەندنەوەی خەبات دەڕەخسێتەوەو لەسەر ئەو زەمینەیەش ئۆپۆزسیۆنی چەپ و بورژوایی و ڕاستیش دەکەونەوە پەرەپێدانی چالاکیان، ئۆپۆزسیۆنی غەیرە چەپ، بەلایەنی کەمەوە خاوەن بەرنامەی سیاسی هاوبەشن، بەلّام ئۆپۆزسیۆنی چەپ ئەوەشی نییە، لەبەرئەوەی یەکخستنی ڕێکخستنی دوو، یان چەند لایەکی چەپ جارێ چۆنایەتیە چینایەتیەکەی تێوڕیزە نەکراوە، هەروەها (پواز) ی هەلپەرستی جۆراوجۆریش لەپشتی پەردەوە دەگوترێ، بۆیە ناکرێ بەم زووانە مژدەی سەرکەوتنی بەناوی پێشڕەوی کرێکارانەوە بدرێ بەکرێکاران، هەتا گەلّالّەکردنی چۆنایەتیە تێوڕیەکە، بۆ قۆستنەوەی هەموو جۆرە گریمانێکی سیاسی، پێویستە لەهەنووکەوە مارکس و چەپەکان بکەونە

بیرلێکردنی یەکێتییەکی سیاسی لەسەر بۆچوونە هاوبەشەکانیان بەتایبەتی لەسەر: ڕوخاندنی رژێم و کۆمارێکی دیموکراسی شۆڕشگێڕو دابینکردنی ئازادی بێ مەرج و دابینکردنی مافە سیاسی و پیشەییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، دیارە هەموو ئەوانە لەعێراق و لەکوردستانی عێراقیشدا، گەر هات و هەلێکی سیاسی باشیش هەلّکەوت کوردستانی عێراق لەدژی ئیمپریالیزم و لە قازانجی پێشخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانە جیابێتەوە، ئەوا دەبێ دژی هەموو جۆرە کۆسمۆپۆلەتیک بین لەم پێناوەدا، نابێ لەبەر هیچ بیانوویەکی سیاسی و تیۆری هەلی سەربەخۆیی کوردستان لەکیس گەلی چەوساوەی کورد بدرێ.)

دەقی تەواوی ئەم سەروتارەی ژمارە ٤ی ئابی ١٩٩٠ی ئالّای شۆڕش. لە پاشەنگی ئەم کتێبەدا بلّاوکراوەتەوە.

[*] کە لای یەکێتی ئازاد کرام. ئیتلاعاتی ئێران دوای (٥) ڕۆژ داوەتیان کردم بۆ کرماشان. سەلاحی شێخ سدیقم لەگەلّ خۆم بۆ شایەتی برد. لێیان پرسیم: مام جەلال لە مفاوەزات چۆن بوو؟ وتم: سەرکردەی ئازای وام نەدیووە. وتیان: ئەی(دانای ئەحمەد مەجید) چۆن کەسێکە؟ (ئەوکاتە بەرپرسی یەکێتی بوو لە کرماشان) وتم: تێکۆشەرەو کەسوکاری هەمووی لەسەر شۆڕش زیندان کراون. وتیان: ئەگەر بۆچونت وایە لەسەر یەکێتی بۆ جیابویتەوە؟ وتم: لەبەر بیروباوەڕی جیاواز. پێم بێ مۆرالّیی بوو زەمی یەکێتی بکەم.. کە (٥) ڕۆژیش بوو ئازادیان کردبوم! ئەمە لەکاتێکدا ئەوکاتە، بێ پارە بووم. ئێرانیش ئامادە بوون دوو شوقەو سەیارەو مانگانەی مۆلّیشم بۆ دابین بکەن. نەمویست!!

(٥)
سیاسی مراهق‌و کاملّ!!

جاری وا هەیە کە بابەتەکانی نوسەر دەخوێنمەوە، بەزەییم بەو هەموو هەڵەکردنەیدا دێتەوە. تەنانەت نازانێ، هۆنینەوەکانیشی جوان بهۆنێتەوە. تەزبیح فرۆش بوایەو دەنکەکانی بهۆنیایەتەوە، کەس لێی نەدەکڕی.. هێندەی خواروخێچ دەهۆنیەوە!

لە بەشێکی دوا دیدارەکانمان لەگەڵ مام جەلالو نەوشیروان مستەفادا، دەڵێ:

"لە رۆژی (١٩٨٥/٤/١) سەرکردایەتی یەکێتیو کۆمەڵە ناردیان بەدوایاو هاتە یاخسەمەر مام جەلالو نەوشیروان داوایان لێکرد، خۆیان ئاشکراکەن، گەر ڕێکخراو یا حزبن با بێن ببن بە باڵێک لەناو یەکێتیدا، مەلا بەختیار وتبووی ئێمە چەند تاقمێکینو هێشتا لەسەر بەرنامەیەکی یەکگرتوو ڕێک نەکەوتوین، دەڕۆمەوە کۆبونەوەیەکی خۆمان دەکەینو خۆمان لەسەر بەرنامەیەک ڕێکدەخەین ئەوسا دێینەوە لاتان".[1]

جـاریّ.. (١٩٨٥/٤/١) رۆژێـکـی شـومـە لـە مـێـژووی یەکێتیدا. ئـەو رۆژەیـە، نـەوشـیـروان مستەفا تـوانـی یەکێتیی بخاتە ژێـر گـەورەتـریـن بەرپرسیارێتی مێژوویی‌یەوە. بەرپرسیارێتیەک، هەر مێژوونوسێکی بێلایەن؛ بەڵگەکان، نوسینەکان، بۆچونو ڕەخنەکان هەڵبسەنگێنێو بەراوردیان بکات، دەزانێ لایەنی کەم، یەکێتی لە دۆخێکی دژواری سیاسیدا، کە هەموو هەوڵە سیاسیەکانی لەمەڕ دانوستانو ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنەکاندا، شکستی خواردبوو، بۆچونەکانی ئێمە، سەبارەت بە هەڵەکان کە کرابون، بەو شەڕەی لەگەڵ ئێرانیش بە (عاطفە) بڕیاری لێدرابوو، بەو دانوستانە نەزۆکەشەوە..تاد، بەوەی سەدام لە سەرۆکی فاشیەکانەوە کرایە (حەکەم) زۆربەی بۆچونەکانمان ڕاست دەرچـوون، کەچی، لە سێهەمین کۆنفرانسدا، لەبری ئەوەی بە ئارامیی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵەکان بکرایەو ڕەخنەیان لێ بگیرایە.. بەڵام کوتومت پێچەوانەکەیان پەیڕەو کرد. هەر لەناو کۆنفرانسدا، دادگای پشکنینی بیری ڕەخنەگرانو بیری ئازادیان داناو گیانی میلیتاریستیانە سەپێنرا. کەشی ناو کۆنفرانس وەکو دادگاکانی پشکنینی سەردەمی ئاینسازی کاسۆلیکەکانی لێهاتبوو! وایاندەزانی، تاقە ڕێگە لەبەردەمیاندا دەمکوتکردنی ڕەخنەگرانو سەرکوتکردنی ئازادی بیروڕایە. وتارەکەی ڕۆژی پێشووی مام جەلالیان بیرچوەوە کە زۆربەیانی بە دزو بە لەشکری

١ سەرچاوەی پێشوو. ل(٤٤٨).

هۆلاکۆ لەقەڵەمدا. بۆیە، لەدوای کۆنفرانسەوە، هەڵمەتێکی راگەیاندنی بێوێنەیان بۆ خوڵقاندنی کەشی خەفەقانی سیاسی دژمان دەستپێکرد. سەرەڕای ئەوەش، پشووی شۆڕشگێڕانەمان درێژ دەکردو بە وریاییەوە هەڵوێستمان بەرامبەر هەڵمەتەکە دەردەبڕی، نەکا دۆخەکە لە گرێژنە دەربچێو رژێم سودی لێببینێ. بەداخەوە، ئەم پشوودرێژیو پەرۆشیە، لەو دۆخە نالەبارەی یەکێتی تێیکەوتبوو، بە نیمچە کودەتای عەسکەری وەڵامدرایەوە. بەحسابی خۆیان، بە پەلاماردانی ئالای شۆڕش، دەسەڵاتی رەهایان دەسەپێنێو گرەوەکە دەبەنەوە.

راستە، تواناییان پیلانە عەسکەریەکە لە بێباکی ئێمەدا سەربخەن. بەڵام ئەوساو ئێستاش، ئەو ڕێگایە، ڕێگایەکی دژە دیموکراسییە. هەرگیز یەک مێژوونوسی بێلایەن، نابینینەوە بەو پاساوە بێ بنەمایانە باوەڕ بکات، کە ئەوسا یەکێتی دژی ئالای شۆڕش دایدەتاشین. ئەو سەرکەوتنە عەسکەریەش، هەروەکو سەرکەوتنی قرناقاوپشتئاشانو کوشتنی دیلەکان، مایەی شەرمەزاریە.

بەدڵنیاییەوە، ئەو سیاسەتە هەر ئەوکاتە، لەناو خۆیاندا رەنگێکی خراپی دایەوەو چەندین ئەندامی سەرکردایەتی بەهەڵوێست دژی وەستان (د.پێشەوا. حاکم عومەر) هەروا، یەکێتی شۆڕشگێڕان هەر پرسیان پێ نەکرابوو. جگەلەوەی ملازم عومەرو ئازاد هەورامی، توند دژی بڕیارەکە بوون. هۆمەر شێخ موس، هەڵوێستی جوامێرانەی هەبوو. لەناو پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانیشدا، خراپ رەنگی رشت. هەموو لایەنە سیاسیەکانیش دژی بوون.

دەزانم، هەن وا بیردەکەنەوە کە سیاسەت زۆرجار سەرکەوتن چارەنوسەکەی دیاری دەکات. ئێستاش بەو دیوەدا سەیری روداوەکە دەکەم، کە سەرکەوتنی عەسکەری پەتی، کە دادەبڕێ لە فەلسەفەی دیموکراسی، لە ڕەهەندی ستراتیژیدا، زیانی زۆرترە. هەربۆیە دەبینین، ئێستا لە ئەمریکاو ڕۆژئـاوادا، پەیکەری ڕەمزە کۆلۆنیالیستیو عەسکەریە داگیرکەرەکان، وردوخاش دەکرێن.

من هیچ گومانم نییە، سەرکەوتنی راپەڕینو دوای راپەڕینیش، سەرەنجامی راستو دروستی ئەو سیاسەتە نەبوو کە پەیڕەو کرا، بەڵکو بەهۆی داگیرکردنی کوەیتو گۆڕانکاریە ئیقلیمیو عێراقیەکەوە بوو، کە هاتنەپێشەوە. ئەگینا دڵنیام کە چارەنوسی یەکێتی، بە ڕێکەوتنی مفاوەزاتێکی لەرزۆک لەسەر دەستی نەوشیروانو هاوڕێ سازشخوازەکانی، تەواو دەبوو. هەروەکو چۆن، پێش داگیرکردنی کوەیت خەریکی ئەو مفاوەزاتە بوون. مام

جەلالیش دژی بوو! موکەرەم تالەبانیو شێخ رەئوفی هەنجیرەو جۆرەها پەیام بە نەرمیی دەنێردرا، بەڵام حکومەت تەنها بە زارەکیی وەڵامی دەدایەوە.

ئەوەی رۆڵی چارەنوسسازی لەو دۆخەدا، لەو هەموو هەڵەو هەڵدێرەدا، گێڕا، سیاسەتە دژە دیموکراسیەکەی هاتنە سەر ئالای شۆڕشو بڕیارە زیانبەخشەکانی تر نەبوو، بەڵکو هەڵەی ستراتیژی حکومەتی عێراق بوو، بە داگیرکردنی کوەیتو گۆڕانکاریەکانی دوای ئەو، کە هاتنەپێشەوە. بەداخەوە، تا ئێستاش هەن پێیانوایە ئەندازیاریی نەوشیروان بوو، نەخشەی بۆ راپەڕینەکە داڕشتبوو. کە کۆڕەوەکەش رویدا، ئەوەی نەوشیروان بە مام جەلالو سەرکردایەتی یەکێتی دەووت، هیچ دوژمنێک زاتی نەکردووە، ئەو (جنێوانە!!) بدات. کە خۆم لە کوردستانو لەندەنیش لێمبیستووەو قسەکانیش لەم قۆناغەدا جارێ هی نوسینو گێڕانەوە نین!!

بەپێی گێڕانەوەکەی نوسەر، لای مام جەلالو نەوشیروان وتومانە: دەمانەوێ ببینە باڵێکی ناو یەکێتی.. کۆبونەوە دەکەینو دێینەوە لاتان..

ئەم قسانە راستن. کە رۆشتیشین بۆ قەراغ، لە کۆبونەوەی فراواندا هەر ئەم قسانەم گێڕایەوە. بەڵام یەکێتی قبوڵی نەکرد. مادام قبوڵیشیان نەکرد، دەبوایە هەر لەو کۆبونەوەیەدا رەتمان بدەنەوە. نەک بە زارەکیی بڵێن باشە و بەکردەوە هەڵبکوتنە سەرمان. ئەوە بێ بەڵێنیی بوو. بەڵکو ماهیەتی سەرکوتکەرانەی ئازادییش بوو!! بڵێین چی، یەکێتی هیچ دەرسێکی لە مێژووی زیانەکانی بەکارهێنانی چەک لە کێشە ناوخۆییەکاندا، لە ١٩٦٤وە، وەرنەگرت!

پاساوی نوسەرو ئەوانەی ئەو بڕیارانەیان دا، چییە، ئەم قسانەی خوارەوەیە:

"بەڵام کە ڕۆیشت لەباتی خۆڕێکخستنو گەڕانەوە، کەوتە هەڵپەی پەیوەندی بە تیپەکانەوە. مەلا بەختیار لەڕاستیدا سیاسیەکی موراهق بوو، ناوی خۆی بیستبۆوە، هەموو ئەوانەی کە هاوڕێی بوون یا خۆشیان ئەویست، ئەو وای دەزانی تا تەوقی سەریان عێراقچین خۆی بە میراتگرو جێنشینی ئارام دەزانی، خۆشەویستی خەڵکی بۆ ئارام بۆ سودی خۆی بەکاردەهێنا، کە چووە قەرەداغ، وا ڕۆیشت وەک ئارام بنەو بارەگای بنکەی سوور لەوێ دادەنێو لەوێوە پەلاماری سەرگەڵوو یاخسەمەر دەدا".[1]

ئەگەر، بەتەمای جیابونەوەی عەسکەری بوینایە، هەرگیز بەپێی خۆمانو بە دڵخوازی خۆشمان، لە شارباژێڕەوە نەدەچوینە گوندی تەکیەی قەراغ، کە لە تەنیشتمانەوە بارەگای مەڵبەندی یەک لە گوندی دەلوجە بوو. ئەمە یەک، دووەم: قەت پەیوەندیمان بە یەک

١ سەرچاوەی پێشوو. ل(٤٤٨).

تیپیشەوە، یان یەک فەرماندەی عەسکەریەوە نەکردووە، بۆ جیابونەوە. لە زیندانیش هیچ بەڵگەیەک لەوبارەوە نەخرایەڕوو.

کە دەشڵێ: مەلا بەختیار سیاسیەکی مراهق بوو.. گەردنی ئازاد بێ. بەڵام:

ئەوکاتەی نەخشەمان هەبوو لە پارێزگاری سلێمانی لە تۆڵەی شەهید شیهابو هاوڕێکانی بدەین، نوسەر ئامادە نەبوو هاوکاریمان بکات، ئەوکاتە ئەم قسانەی کردبا.. هەتا بە مراهقی تیا نەچین. چالاکیەکە نۆ ساڵیش پێش هەڵکوتانە سەرمان بوو لە تەکیە؟!

نوسەر.. دیارە خۆی بە کامڵ دەزانێ.. ئاوها ئێمە بە مراهق لەقەڵەم دەدا. نازانین ئەو کامڵیەی بۆ کەی هەڵگرتبوو؟ کاتێک ئێمەی (مراهق!!) کۆمیتەی هەرێمەکانمان دروستکرد..؟ نوسەر دەیگوت: هاوڕێیانمان لە زیندانن.. نابێ جارێ چالاکیی بکەینو با چاوەڕوان بین هەتا چارەنوسیان دەزانرێ!

ئەوکاتەی شۆڕشمان دەستپێکردو نوسەر هەر باوەڕی بەوە نەبوو، سێ مانگیش خۆمان بگرین، کامڵییەکەی بۆ کەی هەڵگرتبوو؟

ئەوکاتەی هەرێمی قەراغمان لە مەفرەزەیەکی بچوکەوە دروستکردو گەیاندمانە هەرێمی گەورەی گەرمیانو قەراغو بازیان.. نوسەر وەکو کامڵێک کرایە بەرپرسی لق، بۆچی بەسەرشۆڕیی جانتای کامڵیی پێچایەوەو بە کامڵی قوچاندیو بە کامڵیش، دەیووت شەوکوێرم، ناگەڕێمەوە قەراغ!

ئەوکاتەی دوو جار شێنێ کەوتە بەر هێرشی دوژمن، ساڵی ١٩٧٨و ١٩٨٠.. نوسەری کامڵ، بارەگاکەی لە شێنی بوو، ئێمەی مراهق سەرپەرشتی شەڕەکەمان دەکرد، جەنابی کامڵیەکەی بۆ کام هێرش هەڵگرتبوو؟

ئەوکاتەی ڕێپێوانی سنە بەرەو مەریوان دەستیپێکردو ئێمە لە قەڵای مەریوان بوینو شەهید (عەلی خڕە)ی ئێناخی لەتەنیشتمان شەهید بوو، هەتا کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هێزی نەنارد بۆ گۆڕینمان، سەنگەرەکەمان جێنەهێشت، چونکە (مراهق!!) بوین. بەڵام..

نوسەری کامڵ.. لە یەکەم تەقەدا، هەر لەپشتی مەریوان، شەهید فوئاد سوڵتانیو دوو شەهیدی تری جێهێشتو خۆیو کەرتە کامڵەکەی.. قوچانیان.. کامڵییەکەی بۆ دادی نەدا؟

ئەوکاتەی ساڵی ١٩٨١، سلێمان بیرێژیو (٨٠) کەس یاخی بوبون، سەرکردایەتی ئێمەی (مراهق)ی نارد بۆ پاک کردنەوەی ناوچەکە، نوسەری کامڵیان بۆ نەنارد؟

ئەوکاتەی بە تەکەتولی خۆی‌و زیندان، محەمەدی حاجی مەحمودیان راونا، چووە پاڵ سۆسیالیست‌و هەڕێمی یەک کەوتە مەترسیەوە، مەکتەبی سیاسی ئێمەی (مراهق!)ی نارد، ئەی بۆ ئەوی کاملّی نەنارد؟

بەندە شانازی دەکەم، نوسەر بە (مراهق)م بزانێ، بەڵام ئەو مێژووەم هەیە.. بەس نییە، وەکو نوسەر کاملّ نەبوم؛ بەس نییە لە قەراغ هەڵنەهاتوم؛ بەس نییە مەیتی فوئاد سولّتانی‌و هاوڕێکانیم لەناو خەڵتانی خوێن جێنەهێشتووە؛ بەس نییە، هەڕێمی قەراغ، لەبەر ترسنۆکیی قانگو قاویان نەداووم. بەس نییە (مراهق)یش بوبین، سەرکردایەتی وەکو درۆزنێک سزای نەداووین!!

(٦)
بنکەی سوور یان درۆی رەش؟!

بنکەی سووری.. هەروەکو عێراقچێتیەکەی لێکردووە. باسی دەکات‌و نایبڕێتەوە. کە لە تەواوی ئەدەبیاتی شەهید ئارامدا، لە یەک نوسین‌و کۆبونەوەدا نوسەر، بچوکترین بەڵگەی بنکەی سووری بەدەستەوە نییە، کەچی دەشیەوێ، کۆمیتەی هەڕێمەکان، بە دامەزراندنی بنکەی سوور، لە قەراغ تاوانبار بکات.

باسکردنی هەر روداوێکی مێژوویی، بەبێ بەڵگەنامەو شایەتی زیندوو، وەکو قسەی منالاّن وایە، لێنەگیراوە. نوسەر، خویەکی شیرییەو پێی تەرک ناکرێ بە پیریی.

ئەوەی ئەوکاتە، شەهید ئارام درکی پێکردبوو، نوسەر ئێستاش، دوای (٤٢) سالّ لە شەهیدبونی، ئەقلّی پێی ناشکێ. ئارام، پێشبینی کردبوو، کۆمەڵە هەڕەشەی لەناوبردنی لەسەرە. هەڵوێستی سەرەتاییشی بۆ بەرگریلێکردنی دەربڕیبوو؛ بەڵام شەهیدکردنی خەملّینی هەڵوێستەکەی راگرت. سەبارەت بە خەباتی پێشمەرگە، وەکو شۆڕشگێڕێکی خاوەن تیۆری زانستی، ئارام ئاوا دەدوێ:

"ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی راستی شۆڕشی کوردستان جارێکی تریش ئەو راستیەی سەلماندوە کە ئەگەر گەلێکی بچوک وەکو گەلی کوردستان زاتی خەبات کردنی هەبێت‌و بە ڕێگای تیۆرییە زانستییە شۆڕشگێڕەکانی چینە زەحمەت کێشەکاندا بڕوات‌و ریزەکانی خۆی یەکبخات‌و پشت بە هێزو توانای گەل ببەستێت ئەتوانێ سەرکەوتن مسۆگەر بکات‌و

دوژمنەکەی هەرچەندە بەهێزیش بێت لە دەریای شۆڕشگێڕانەی گەلدا نقوم بکاتو بیخنکێنێو بە تەواوی مافە رەواکانی خۆی بگات".[1]

لەسەر یەکێتیو دواڕۆژی یەکێتیو کۆمەڵەش، ئەمە بۆچونی ئارامی شەهیدە:

"یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێ ئەکۆشێ بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزە شۆڕشگێڕە نیشتمان پەروەرە دیموکرات خوازەکان لە چوارچێوەی شێوە بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتیدا بەجۆرێک کە هەموو هێزو تەییارە پێشکەوتنخوازو نیشتمان پەروەرەکان خەباتیان بە توندوتۆڵی یەکخەن. واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حیزبێک نیەو جێی حزبی پێشڕەو ناگرێتەوە، بەڵکو لەپێناوی یەکگرتنی هێزە نیشتمان پەروەرەکانو لەناوبردنی دەستەگەریو دووبەرەکیدا دروست بوەو ئەو هێزانەی تا ئێستا لە چوارچێوەکەیدا کۆبونەتەوە لەسەر ئەم بنچینەیە یەکیان گرتوە بۆ خەبات کردن بە ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستیداو شان بەشانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری عێراق لەپێناوی عێراقێکی دیموکراتیدا کە کوردستان لە چوارچێوەیدا بە ئۆتۆنۆمی راستەقینە شاد بێ".[2]

جەختکردنەوە لەوەی یەکێتی: حیزبێک نییەو جێی حیزبی پێشڕەو ناگرێتەوە.. جەختکردنەوەیە لە ڕێبازی سەربەخۆی کۆمەڵە، بەرەو حیزب. پەرەپێدانی یەکێتیشە بەرەو بەرەیەکی فراوان.. نەک تواندنەوەی باڵەکان لە بۆتەیدا و کردنی بە ئەڵتەرناتیڤی حیزبی پێشڕەو! ئەگەر ڕاستڕەوەکان بیانهێشتایە کۆمەڵە لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام بوایەو پەیوەندی ئۆرگانیکی کۆمەڵەی، لەناو یەکێتیدا، هەتا کۆمەڵە دەکرایە حیزب، بپاراستایە؛ لە ڕێڕەوی خەباتیشدا، خۆی لە کێشەگەلی ڕێی خەبات لابدایە، نە دۆخی یەکێتی بەم دۆخەی دەگەیشت؛ نە کۆمەڵەش هەڵدەوەشایەوە؛ نە شەڕی ناوخۆش هەتا ساڵی (١٩٨٦-١٩٨٧) دریژەی دەکێشا. کەسێک هێندە کۆمەڵەی خۆشویستبێ، ئەگەر بۆ خۆهەڵکێشانو بازرگانی نوسین نەبێ، ئەی بۆ کە کۆمەڵە هەڵوەشێندرایەوە، هەڵوێستی نەبوو. تەنانەت ڕەخنەیەکی ئاشکراشی نەگرت! ئەمە لەکاتێکدا لەدەرەوەی ولاتیش بوو.. شمشێری کوشتنیش نەخرابووە ملیو هەڕەشەی کوشتنیشی لێنەکرابوو. کەچی نەیوێرابوو، بەیاننامەیەک دژی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە دەربکات.

١ هەڵبژاردەیەک لە نوسینەکانی شەهید ئارام. ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عێراق- چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ. ١٩٨٠. ل(٦٢-٦٣).

٢ سەرچاوەی پێشوو. ل(٤٩).

سەبارەت بە شۆڕشی نوێ، کۆمیتەی هەرێمەکان بەناوی لیژنەی سەرکردایەتی دەستەی چەکدارەکانەوە (سەرەتای تەموزی ١٩٧٦) لە رەهەندی ستراتیژیەوە دەیڕوانیە مێژووی کوردایەتی، نەک شۆڕشی نوێی، لەو مێژووە دانەبڕیبوو، بەڵکو بە ڕۆشنیی شۆڕشی نوێ بە درێژەپێدەری مێژووی شۆڕشەکانی کوردستانن، وەکو ئەڵقەیەکی تری خەبات سەیر دەکات. بڕوانن:

"ئەوەتا ئەمڕۆ ئەو تاکە ڕێیەی لەبەردەممانایە ئەیگرینو لەسەری ئەڕۆین ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینەیە ئەو تاکە ڕێگایەی کە ئەمانگەیەنێتە ئامانج. هەرچەندە وەکو ئاشکرایە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان ئێستا یەکەمین هەنگاوی نانێت بەڵکو ئەم هەنگاوانەی وا ئەیانێین بەرەو پێشەوە ئەڵقەیەکن لە زنجیرەیەک کە ساڵانی دوورودرێژی تری پێشوی خەباتی گەلەکەمان و گەشەکردنو بەرەوپێش چونی بزوتنەوەی نیشتمانی ڕزگاری کوردستان هەر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ بەشێکی گرنگو پڕ شانازیی زنجیرەی مێژووی خەباتمانەو لەئێستاشەوە بەم هەنگاوە نوێیانەمان ئەڵقەکانی دوارۆژ دائەڕێژینو پێکیانەوە ئەبەستینەوەو دوارۆژو چارەنوسی گەلی کوردستانی ئەخەینە دەست".[1]

دیقەت لەو دیقەتە بدرێ، کە کۆمیتەی هەرێمەکان، چۆن بە دانەبڕاویی سەیری شۆڕشی نوێ لە شۆڕشەکانی تری مێژوومان دەکات. بەڵکو بە ئەڵقەیەکی تری هەمان خەباتی ڕزگاریخوازی دەزانێ. ئەم تێگەیشتنە، بەرزڕاگرتنی قوربانیەکانی نەتەوەی کوردە، بەدرێژایی مێژوو. نەک دامەزراندنی بنکەی سووری بێ مێژوو لەکوردستاندا، یان دروستکردنی حیزبی عێراقی کرێکاری سەرانسەری!!

(٧)
نەوشیروانو سەردانی زیندان

باڵی ڕاستڕەو، دوای پەلاماردانی ئاڵای شۆڕش، بە ڕەهایی نەک لەناو کۆمەڵەدا، بەڵکو لەناو یەکێتیشدا خۆی بە زاڵ دەزانی؛ لەدوای ئەم ڕوداوە، نەوشیروان وەکو سکرتێرو فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی دوبارە (مکرر) بڕیاری دەدا. پێش ئەم ڕوداوە، کە پنتی

١ هەڵبژاردەیەک لە نوسینەکانی شەهید ئارام. ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عێراق- چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ. ١٩٨٠. ل(٣٨).

وەرچەرخان بوو، سەبارەت بە زاڵبونی نەوشیروان، ناکۆکی نێوان مام جەلال-نەوشیروان لە کۆتا ساڵی جەلالیەکانەوە، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەش هەبوو. لە کۆتا ساڵەکەدا، نەوشیروان زۆر بەتوندی دژی عەلی عەسکەریو عومەر دەبابەو برایم ئەحمەدیش بوو.. پێی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی-جەلالی دادەگرت. مام وا نەبوو. لە دامەزراندنی کۆمەڵەشدا نەوشیروان، تەنانەت مام جەلالیشی نەک بە سکرتێر بەڵکو بە ئەندامی کۆمەڵەش قبوڵ نەبوو. لە ساڵانی ژیانی هەندەرانیشدا، پەیوەندییان بەیەکجاریی پسا. لەمبارەوە، فوئاد قەرەداغی کە دامەزرێنەرێکی کۆمەڵە بووە، بگرە ساڵێک جێگری سکرتێری کۆمەڵەش بوو، لەسەر نەوشیروان، ئەم بۆچونە دەردەبڕێ:

"نەوشیروان مستەفا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان نەبوو. ساڵەکانی سەرەتای کارکردنی کۆمەڵە، ئەندامی کۆمەڵە نەبوو. هەتا شەهیدبونی ئارامیش هیچ بەرپرسیارێتیەکیشی لەنێو کۆمەڵە نەبووە".[1]

لەناو شۆڕشیشدا، مامو نەوشیروان بەردەوام گرفتو ناکۆکییان هەبوو. روانینیان لەسەر بەڕێوەبردنی شۆڕش، هاوپەیمانی یەکێتی، رەفتارو کرداری فەرماندەکان.. راووڕووت، هەتا دەگاتە دانوستان لەگەڵ رژێمدا، جیاوازیی بیرکردنەوەیان هەبوو. ئەوەی کە مام جەلال لەدوای شەڕی بێتواتە، گەیشتە ئەو بڕوایەی لەشکری یەکێتی، رزگاریخواز نییە، بەڵکو لەشکری هۆلاکۆیە.. کە دەیگوت: کەسیان لێ نابوێرم.. هەمویان دزن (ئەمە لەناو سێهەمین کۆنفرانسدا وتی) ئەمە رەنگدانەوەی دوو روانگەو دوو پراکتیکی جیاوازی نێوان نەوشیروانو مام بوو.. کە لە کۆنفرانسدا بەرەو روو پێی وتنەوە. قسەکان چەند گرنگ بوون، بەتایبەتی لەو شوێنەدا، زیاتر لەو قسەیە، بێدەنگیی نەوشیروانو هەندێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵە بوون، کە لە کۆنفرانسدا، مات مات، گوێیان لە وتارە توندەکەی مام دەگرتو نەیاندەبردە سەر خۆیشیان. مام جەلالیش مەبەستی بووە لەناو کۆنفرانسەکەدا، پەیامێک بگەیەنێتە نەوشیروانو ئەوانەی چوبونە سەر رێگاکەی، بە رونی پێیانبڵێ، لە بەڕەی خۆتان قاچتان زۆرتر رامەکێشن. ئەگینا، ماهیەتتان دەردەخەم. مام، باش باش دەیزانی، ئەو رەفتارانە هەمووی لەلایەن عەسکەریەکانی سەر بە نەوشیروانەوە ئەنجامدەدران بۆیە راستەوخۆ رووبەڕوو پێی رشتن!!

لە کۆنفرانسەکەدا، هەرچیەکیان پێ بگوترایە، گوێیان نەدەدایە، ئەوەی لایان گرنگ بوو، دادگاییکردنی خاوەن هەڵوێستەکان بوو. چش لەوەی دەکرانە دز و جەردە یان نا؟

---

١ گۆڤاری سۆڤیل. فوئاد قەراغی: دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی. ل(١٦).

دەبنە لەشکری هۆلاکۆ.. یان مام رووبەڕوو کەسیانی نەبوارد لە دزیو پیاوکوژی!

هەڵەی (ئاڵای شۆڕش) هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ململانێو ناکۆکیەکانەوە، لەبارەی ناکۆکی مام جەلال-نەوشیروانەوە، ئەوەبوو کە:

بە جیاوازی بیرکردنەوەو ناکۆکیەکانمان دەزانی. بەرپەرچی نەوشیروانمان دەدایەوە. بەڵام هەوڵمان نەدەدا دۆستایەتی مام دەستەبەر بکەین.[*] هیچ نەبێ بایی ئەوە کە هەردووکیان نەخەینە بەرەیەکەوە دژی رەوتی رەخنەگرتن. دەمانتوانی لەسەر هەندێک خاڵی هاوبەش مام جەلال تێبگەیەنین. گەرچی رەنگبوو ئەمەش لە دوائاکامدا سودی نەبوبێ. چونکە مام جەلال سەربەخۆیی کۆمەڵە، لە رەهەندی گۆڕانکاریو ئەگەری کردنی یەکێتی بە حیزبی جەماوەری فراوان، قبوڵ نەبوو.

لەسەر دانوستان، هەمیشە نەوشیروان داکۆکی لێ دەکرد؛ لەبەرامبەردا، مام جەلال یان دژ، یاخود خۆپارێز (تحفظ)ی دەنواند. کە بیزانیبا، رەتکردنەوەی دانوستان کێشەکان قووڵ دەکاتەوە، دژ دەبوو، بەڵام بەقسەی زۆرینەی دەکرد.[+]

تا ئێستا، رابەرو سیاسەتمەداری وەکو مام جەلال، هەڵنەکەوتووە بتوانێ چەندین خەسڵەت، پێکەوە لەخۆیدا کۆبکاتەوە. وەکو:

---

* هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش دەزانن، من هەمیشە دەمگوت: ململانێ لەگەڵ هەردووکیان پێکەوە، هەڵەیە!

+ تەنها زیندانێک لە کوردستاندا، دوای ئەنفالەکانو تێکشکانی پێشمەرگە مابوو، ئەویش ئەو زیندانە بوو، بۆ منیان لە تەنگی توژەڵەدا، دروستکردبوو. رۆژێکیان ملازم عومەر هەوااڵی ناردبوو، کە ئەگەر پێمخۆشبێ، نەوشیروان دەیەوێ بمبینێ. رێک ئەو رۆژە بوو، کە لە ئەرمەنستان بومەلەرزە (٥٠٠) هەزار کەسی کوشتبوو. شەوی دوایی هاتن بەدوامداو بردیانمە قاسمە رەش. نەوشیروان، کۆسرەتو ملازم عومەر دانیشتبون. دوای چا خواردنەوە، ئیزنی لەوان خواستو بەتەنها لەگەڵم دانیشت. وتی: تۆ فکرت سافە.. دۆخەکە چۆن دەبینی؟ منیش بە راشکاوی پێم وت: تکایە بەتەنها بە رەسمی بڵاوە بە شۆڕشەکە مەکەن، ئەگەر چوار مەفرەزەشتان لەخوارەوە مابێ.. گرنگە. وتی: چ سودێکی هەیە؟ خۆت دەزانیت، من دەمێکە وتومە شۆڕشەکەمان، هەر بەقەد ئەو مشکانەی بنمیچەکان کاریگەرییان لەسەر حکومەت هەیە. منیش وتم: سەدام کەتنێکی بەدەستەوەیە. وتی: چۆن؟ وتم: لەبەرئەوەی یەک ملیۆن سەربازی هەیە، بۆ نیوەی تەسریح ناکات؟ پاشان مەلیکی سعودیەو ئەمیری کوەیت هاتونەتە بەغداد، بەڵێننامەی دەستێوەرنەدانی عەسکەرییان لەگەڵدا مۆر کردووە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کەتنێکی بەدەستەوەیە، یان دژی ئیسرائیل، یاخود دژی وڵاتێکی کەنداو.. کە رەنگە پەلاماری کوەیت بدات. وتی: هەرگیز جارێکی تر خۆی توشی شەڕ ناکاتەوە. وتم: سروشتی رژێمە فاشیەکان وایە، بەردەوام خاکی تریان ئەوێو بەردەوامیش جەنگ بەرپا دەکەن. وتی: ئەمە خۆشباوەڕییە. وتی: لەسەر مام جەلال وەستاووم.. کۆتایی بەم چەکدارانە دێنینو دەچینە دەرەوە رۆژنامە بە زمانی عەرەبیو کوردی دەردەکەین. وتم: تکایە شتی وا مەکەن. وتی: ئێوە دژی رێکەوتن بون، رێکەوتن باشبوو یان ئەم کارەساتانە؟ وتم: بەعس، قەت مافی کوردی نەدەدا.. لەکۆتاییدا وتی: تازە سەدام کورەکانیشی حوکمی عێراق دەکەن. بەڵام ئێمە وەکو مەلا مستەفا ئازا نین، بڕیاری کۆتاییهێنان بە شۆڕشەکە بدەین. ئیزنم خواستو گەڕامەوە زیندان!

١) کەی هەستی بکردایە، ناکۆکیەکان مەترسی لەسەر یەکێتیو شۆڕش دروستدەکەن، پشووی لە گفتوگۆ درێژ دەکردو رای خۆی نەدەسەپاند.

٢) کەی بیزانیبا، سوور بێ لەسەر بۆچونەکانی، گرفتی ناوەختی لێناکەوێتەوە، بە تورەبونەوە، بۆچونەکانی دەسەپاند.

٣) دەیتوانی، لە یەک چرکەساتدا، تورە بێو دوای ئەوە، ئارامیش بێتەوە.

٤) کە تەکتیکی دەگۆڕی، بیری لای تاکتیکی پێشووی نەدەما. زۆرجار، کە بڕیاریشی دەگۆڕی، بڕیارەکانی پێشووی، بۆ تیپەڕاندنی بڕیارە نوێیەکەی، نەدەکردە کۆسپ.

٥) ستراتیژی نەدەگۆڕی، بەڵام کەی ویستبای، کۆکتێلێک تاکتیک، لەبەردەستیا بوون، بەپێێ ئانو کاتی سیاسەت، لێی هەڵدەبژاردن.

٦) پێش ئەوەی بهاتایە بۆ کۆبونەوە، راپۆرتەکانی دەخوێندەوە. پرسیاری دەکرد. راوێژی هەبوو. زانیاریەکانی کۆدەکردەوە. بەڵام هەندێ جاریش، خێرا، بەبێ خەملاندنی بڕیار، بڕیاری دەدا.

٧) رێزی ژنی زۆر دەگرتو باوەڕیشی بە یەکسانیی هەبوو، بەڵام بە قۆناغ.

٨) رێزی لە ئەندامانی سەرکردایەتی دەگرت. پێویستیەکانی بۆ دابین دەکردن. ئەرکیشی پێ دەسپاردین. بەڵام بۆ بڕیاری سیاسی گرنگ گرنگ، تەنها گوێی لەو ئەندامانە دەگرت، کە توانایان هەبوو. لەدوای دووەمین کۆنگرەشەوە، بۆچونی وا بوو، زۆربەی سەرکردایەتی شایستە نین. بۆیە، درەنگ درەنگ کۆبونەوەی سەرکردایەتی دەکرد. دەیووت: ئەم سەرکردانە.. سودیان لە کۆبونەوەدا نییە. هەندێکیان گوناحە سەرکردایەتی یەکێتین. بە تەکەتول بونەتە سەرکردایەتی! دەشیگوت: قەت یەکێتی سەرکردایەتی وا لاوازی نەبووە.[+]

لە دانوستانی (١٩٨٣-١٩٨٤) ناکۆکی مامو نەوشیروان، لەسەر رێکەوتنو رێکنەکەوتن، قوڵتر بوو. نەوشیروان لایەنگری رێکەوتن بوو، گەرچی حکومەت هەموو داخوازیەکانیش قبوڵ نەکات.[*] ئەیووت:

لەسەر فەیلی بۆچی شەڕ بکەین؟ کەی خۆیان بە کورد زانیی، ئەوسا شەڕیان لەسەر بکەین. بۆ کەرکوکو خانەقینیش، هەمیشە نەگەتیف بوو. گاڵتەی بە هەولێریش دەکردو

[+] ئاخۆ بۆ چوارەمین کۆنگرەو سەرکردایەتی ئێستا، دەبێ چی گوتبا؟!

[*] لە بەغداد، دوای جیابونەوەی گۆران لێپرسی: کەی گومانت لە نەوشیروان بەرامبەر بە خۆت پەیدا کرد؟ گوتی: دوای دانوستانی ١٩٨٥ خاڵێکی رەشم لەسەر دانابوو. چونکە پێی وا بوو من نەمهێشتووە دانوستانەکە سەربگرێ. وتم: ئەو ماوە زۆرە بۆ پشووت لەگەڵیا درێژ بوو؟ گوتی: لەبەر دۆخی کوردستانو یەکێتیو شەڕی ناوخۆ، نەدەکرا توند بم لەگەڵیا!

بادینیشی به نەتەوەیەکی تر دەزانی. کورتیەکەی ئەوەی حکومەت ناوی نابوو (منطقة الحكم الذاتي) بە چاکسازیەوە، قبوڵی بوو.

مام دژی ئەوە بوو.. پێی وابوو، جەنگی عێراق-ئێران بوەستێ، حکومەت وەکو بەیاننامەی ئازار رەفتارمان لەگەڵدا دەکات. هەڵدەکوتێتە سەرمان. هەلەکەشمان لەدەست دەچێ. تەنانەت ئەشترسا یەکێتی لەپاڵ حکومەت بمێنێتەوەو هێزەکانی تر، لە شاخدا ببنەوە نوێنەری شۆڕشو کوردستان. (مام مارانگازی جەلالی بوو!!) لە مفاوەزاتدا، بەردەوام دەیگوت: تاقیکردنەوەی شەستەکان دوبارە ناکەینەوە، رێکیش بکەوین، جارێکی تر شاخەکان بەرنادەین. تەنانەت ئەم قسەیەی بە سەدامیش گوت! خۆم لەوێ دانیشتبوم. پێشیگوت: جارێکی تر رێگە نادەین وەکو ساڵی ١٩٧٠مـان لێ بکەن. چەکەکانمان لێبسەننەوە!

نەوشیروان، باوەڕی بە هەلەکانی جەنگ نەمابوو. دەیووت: دوای (٤-٥) ساڵ جەنگ، هیچمان نەکردووە، تازە نایکەین. باشترین کار ئەوەیە دانوستان سەربخەین!!

بۆ چۆنیەتی لەناوبردنی پارتی، لە گەرمەی دانوستاندا، هەندێ بۆچونی ترسناکی هەبوو. هەڵیدەگرم بۆ هەلی تر!

ئەم ناکۆکیانە بەردەوام بون. هەتا هەڵیانکوتایە سەر ئالای شۆڕش، لەوەبەدوا زاڵبونی نەوشیروان، ئیتر پتر تەشەنەی سەند. گەیشتە ئاستی زاڵبونی ئەقڵیەتی میلیتاریستی لەناو کۆمەڵەو یەکێتیدا. ئیتر لەمە بەدواوە، لەناو شۆڕشو یەکێتیو کۆمەڵەشدا، فەرماندە عەسکەریەکان، کرانە خاوەن بڕیاری رەها!!

ئێوارەیەکیان ١٩٨٦، لە زیندانی هەڵەدن بووم. زستانێکی سەخت بوو. وتیان میوانت دێ. وامزانی کەسوکارن. لۆکسیان هێنایە ژورەوە. زۆپاکەیان گەرم کرد. کاتژمێر ٨/ی ئێوارە، زنجیری دەرگا، زڕ زڕ، دەنگی کردنەوەی دەرگا هات.[+] نەوشیروان بە قەمسەڵەیەکو بێچەکو چەکدار، هاتەژورەوەو ئەم گفتوگۆیەمان هاتەپێش:

نەوشیروان: پێمناخۆشە بەم شێوەیە یەکتر دەبینین.

مەلا بەختیار: (بێدەنگ بوم).

نەوشیروان: خەتای خۆت بوو، خۆت بەستەوە بە سالارو حاجی مەمۆ، ئەمە ئەنجامەکەیەتی. (ئینجا هۆنراوەکەی ئەحمەد هەری خوێندەوە):

بەدەستی خۆت کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە

گەر ژەهریشی تێدا بێ، گوناهی خۆتە بیزانە

[+] کلیلی دەرگاکەیان دەدامو بە زنجیریش دەیانبەست!

هەڵە یاخود گوناهت کرد، لەکاتێکدا کە بێهۆشی
سزا و تاڵاوی هەرچیبێ، دەبێ وەک بادە بینۆشی
مەلا بەختیار: هیوادارم شۆڕشەکە سەرکەوێ.. قیروسیا لە ئێمە.
نەوشیروان: ئەزانی بۆچی هاتومەتە لات؟
مەلا بەختیار: نەخێر.
نەوشیروان: نەچووە بچێ. ئێستاش ئەگەر بڕیار بدەیت لەگەڵ من بیت.. هەموو شتەکان هەر ئێستا دەگۆڕم.
مەلا بەختیار: چۆن؟
نەوشیروان: خۆت ئەزانی، من مام جەلالم قبوڵ نییە. ئێوە پشتگریتان دەکرد. ئەگینا زوو دەرمدەپەڕاند!
مەلا بەختیار: ئێ؟!
نەوشیروان: مام جەلال سەفەری کردووە، ئەگەر تۆ لەگەڵم رێک بکەوی.. بروسکەی بۆ دەکەین، نەیەتەوە، ئیتر وتەبێژی رەسمیی یەکێتی بێت لەدەرەوەو نەگەڕێتەوە.
مەلا بەختیار: من چی بکەم؟
(دەفتەرێکی بچوکو قەڵەمێکی خستە بەردەستم) وتی:
بەڵێنم بۆ بنوسە لەگەڵم دەبیت، لە هەر بڕیارێک بیدەم. شۆڕشەکە دەکەوێتە بەردەستی منو تۆو فەرەیدون. یەکسەر پێکەوە دەچینە بارەگاکەی منو دوای هەفتەیەک، دەتکەمە مەسئولی مەکتەبی عەسکەری.
مەلا بەختیار: کاک نەوشیروان.. کە ئازاد بومو بەرپرسی گەورەش بوم، پێم خۆشبووە، لەگەڵ مام جەلال کێشەتان نەبێ. ئێستاش هەر وام پێباشە.. بۆیە ببورە من بەڵێنی وا نادەم.
نەوشیروان: بیری لێ بکەوە.. تا چەند رۆژێکی تریش، رازی بویت دێمەوە لات.
مەلا بەختیار: قەت شتی وا ناکەم.
ئەم رەتکردنەوەیە سێ ساڵو نیوی تر، منی لە زیندان هێشتەوە. بیستیشم.. کە مام سەفەری بۆ تاران کردووە، ئاگاداریان کردبوو، کە پیلانێک بۆ دورخستنەوەی هەیە. گەڕابوەوە بۆ هەرزنە..[+] لەسەر زێ. چاوی بە نەوشیروانو کەسانی تر کەوتبوو. توانیبوی کێشەکە ئارام بکاتەوە. بەڵام ژیلەمۆی ئەم رقە، خامۆش نەکرابوو. لە ئەنفالەکانیشدا، مام لەدەرەوە بوو. نەوشیروان کەوتبووە وێزەی هاوسەرو دۆستەکانی مام جەلالو ئەوپەڕی هەوڵیشی دابوو، دانوستان، پێچەوانەی ویستی مام جەلال سەربخات.

[+] ئەوکاتە وام بیست د.کەریم ئاگاداری کردووە کە فریای خۆی بکەوێ!

لەوکاتەودا، کە من دەمزانی بەقسەنەکردنی نەوشیروان چەندم لەسەر دەکەوێ.. لە زیندانیش ئامادە نەبوم بچمە پاڵی دژی مام.. کەچی نوسەرو هەلپەرستەکانی تر، دەهۆڵی ئەوەیان دەکوتا، گوایە، بڕیاری پلینۆمیان سەپاندووەو مەلا بەختیار، دانی بە تاوانەکانیا ناوەو لە سیاسەتدا، کۆتاییهاتووە. بەو دۆخە هەرە نالەبارەش، ئامادە نەبوم پرەنسیپەکانی خۆم لەدەست بدەم. بەڵام نوسەرو هاومەرامەکانی، بەردەوام لەنێوان مامو نەوشیرواندا. خەریکی هەڵبەزو دابەز بون!!

(٨)
نەوشیروانو مام.. ناکۆکی بەردەوام

ئەم ناکۆکیەی هەردوو لوتکە، تا ئێستا بنجو بنەوانی لێکنەدراوەتەوە. هەموو ئەوانەی راستیەکان لە من کەمتر نازانن، هەتا نەوشیروان مابوو، لەبەر هەر هۆیەک بوبێ، نە لە نوسینو نە لە چاوپێکەوتنەکانیاندا، باسیان نەکردووە. تەنانەت دوای جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕانیش، هەتا لە دووەمین کۆنگرەی یەکێتی، مام جەلال، هەندێ راستی سەبارەت بە نەوشیروان نەدرکاند، تەلیسمی نەوشیروان زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی بەرنەدابوو. بە رای من، بویستریێو نەویستریێ، مێژوو بازنادات بەسەر ئەو کێشە قوولانەی سالەها لە شاخو پاشان دوای راپەڕین، تا دەگاتە جیابونەوەی گۆڕان، ئەو ناکۆکییە، سیناریۆی جۆراوجۆری هەیە، دڵنیام وردو درشتی دەنوسرێتەوە.(*)

هەروەکو لە شاخدا، هەڵویستمان جیاواز بوو، لە شاریشدا، بەردەوام بۆچونی ناکۆکمان لەگەڵ نەوشیرواندا هەبووە. بە وریاییەوە، لە بڕیارو بۆچونەکانی دەمڕوانی. دەمزانی کینەی دەرونی چ کاریگەریەکی لەسەر بڕیارەکانی هەیە. رقی هەڵبگرتایە، دانەدەمرکایەوە!!

کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرا. ئەنجامەکەی بۆ یەکێتی چاوەڕوان نەکراو بوو. پارتیو مەسعود بارزانی ڕێژەیەک دەنگیان لە یەکێتیو مام جەلال، زیاتر هێنا.(+)

---

* هەندێک لە بەرپرسەکانی یەکێتی، بەڵگەی جۆراوجۆریان لای نەوشیروان هەبوو.. چ لە شاخو چ لە شار.. بۆیە توخنی ڕەخنەلێگرتنی نەدەکەوتن. ئێستاش ئەو ترسە بەرینەداوون!

+ ئەوکاتە لیستی زەحمەتکێشان هاولیستی یەکێتی بوو. مام بانگی کردم، وتی: ئەنجامەکان چۆن دەبینی؟ وتم: پارتیو مەسعود بارزانی دەنگی زیاتر دێنن. وتی: بۆ؟ وتم: یەکەم.. هەموو ئەوانەی سەر بە حکومەتن دەنگ بە پارتی دەدەن. پاشان، ئێوە، هەولێرتان پەراوێز خستووە. هەولێر تەنها بە کاک کۆسرەت لەم هەلبژاردنەدا ناچێ بەڕێوە. بەرپرسە کەمناوەکان کاریگەرییان کەمە. بۆیە فریا بکەوون.. خۆتو نەوشیروان تەرکیز بکەنە ناو هەولێرو دەوروبەری. وایشی کرد. هەفتەی کۆتایی هەڵمەتی هەڵبژاردن، لەهەولێر بوون.

لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان، یەکێتی هەڵچوو. سلێمانی ئەو کاتەی ئەنجامەکان بەگشتی زانران، هێشتا بە ڕەسمی حاکمەکان دوابڕیاریان ڕانەگەیاندبوو، سلێمانی بۆنی شەڕی ئەهلی لێدەهات. هەتا مام جەلال بە سیاسەتی خۆی، سەرەنجامەکەی (٥٠ بە ٥٠) سەلماندن! لەڕاستیدا، پەنجا بە پەنجاکەش نەبوو. بەهۆی حاکمەکانەوە، پارتی کەوتە ژێر فشار؛ لە هەمانکاتدا، هیچ لایەکی تریش دەرنەچووبوو. بە کاریگەری ئەمریکاو دۆستەکان، چارەسەری بۆ دەستەبەر کرا. هەر ئەو کاتەی سلێمانی وەکو بورکانی تووڕەی پێش خرۆشانی لێهاتبوو، سەردانی نەوشیروانم کرد. ملازم عومەرو هاوڕێ خەجێ لەوێ بون. بارەگاکەی نزیکی یانەی وەرزشی سلێمانی بوو (خانوەکەی باوکی حەمە تۆفیق). بێڕادە تووڕە بوو. قسەی زبرو پڕ لە ڕەقی، بەرامبەر مام جەلال دەکرد (هی نوسین نین). ڕووی کردە منو گوتی:

-خوا.. تۆ و سالار بگرێ، ئەگینا مام جەلالم دەردەپەڕاند.

منیش وەڵامم دایەوە: خوا تۆ بگرێ، کە یەکێتیت وا لێکرد، خەڵک زۆرتر متمانە بە پارتی بکات. هەمومانت تێکوپێک دا. کۆمەڵەت هەڵوەشاندەوە. ئێستا نۆرەی مام جەلالە (دیسان قسەکانی هی گێڕانەوە نین!!).

هێشتا لە مشتومڕدا بوین، فیکو فاک، هۆڕنی سەیارە، هاتو هاوار، لەسەر شەقام بەرزدەبویەوە. هاتنە ژورەوە، گوتیان: پەنجا بە پەنجا ڕاگەیەندرا. هەواڵەکە، تووڕەبونەکەی نەهێشت. هەر ئەوکاتە، لە قسەکانو هەڵوێستەکانی نەوشیروان دڕی مام، رامام. ئاسۆ تاریک دەهاتە بەرچاوم!

نەوشیروانم نەبینیەوە، هەتا یەکگرتنەوەی پەیڕەو یەکگرتن (ئاڵای شۆڕش)[*] لەگەڵ یەکێتیدا. دەستبەجێ چومە شام بۆ لای مام. لەگەڵ خۆیدا بۆ چەندین کۆبونەوەی دەبردم. هەر لەماڵی خۆی دایبەزاندمو نەیهێشت بچمە ئوتێل. لەوێوە، چوم بۆ لەندەن بۆ بینینی نەوشیروان. ڕۆژێکی لەگەڵ بومو باسی یەکگرتنەوەکەم لەگەڵ یەکێتی بۆ کرد. بە ساردیی پێشوازی لە یەکگرتنەکە کرد. وتیشی: "ئەم قسانە بۆ جەلال باشە. من هەقم بەسەر هیچەوە نەماوە. خۆشم بە یەکێتی نازانم". دیسان دابارینێکی خراپتر لەوانەی پێشوو، دابارید سەر مام جەلال (هی گێڕانەوە نین!!).

بە حسابی خۆم، بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێو دڵنیابون، سەری نەوشیروانم دا. بەڵام ئەو، سەراپا بۆچونەکانی لەسەر یەکێتیو یەکگرتنەوەکەو دۆخەکە، جیاواز بوو.

---

* بە تەلەفۆنی تایبەتی لەگەڵ مام جەلال، لەگەڵ هێرۆی هاوسەری، لە شام قسەم کرد. پێمگوت: بەبێ پرسی تۆ لە یەکێتی جیابومەوە. وا بێ پرسی جەنابیشت دێمەوە. پێکەنیو گوتی: وەرە سەرم بدە!

زۆریش نێگەتیڤ بوو. ئیتر من، سیاسەتی خۆم لەناو تەکەتولەکانی یەکێتی، ساغکردەوە. کە تەنها لەگەڵ مام سیاسەت بکەم! [+]

گەڕامەوە سوید. سەلاحەدینی موهتەدی تەشریفی هێنایە لام. پرسیاری سەرەکی لەسەر دیدارەکەی منو نەوشیروان بوو. منیش چیم بیست، نیوەیم بۆ گێڕایەوە. هاتمەوە دیمەشق.. بۆ گەڕانەوە. هەر میوانی مام بوم. هەواڵی دیدارەکەی منو نەوشیروانو سەردانی هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕشی پرسی، لەدەرەوە.[*] هەندێکم لە بۆچونەکانی نەوشیروان بۆ گێڕایەوە. وتی: دەزانم. منیش لای کەسی تر باسم نەکردبوو. زانیم، لەگەڵ سەلاحەدینی موهتەدی قسەی کردووەو بەئەمانەتەوە بۆی گێڕاوەتەوە. مام لێی پرسیم:

بە رای تۆ، نەوشیروان لەو قسانە مەبەستی چییە؟

بەبێ شاردنەوە، پێموت: نەوشیروان، هیچی لەگەڵ تۆ نەماوە. لە کاتێکی گونجاودا، لەیەکێتیش جیادەبێتەوە. ئەگەر کودەتا نەکات.

مام قسەکانی سەلماندم. وتی: ئافەریم. دەمێکە ئەم قسانە دەکات. وتیشی: من نەبومایە پێش راپەڕین لەگەڵ عێراقیش ڕێک دەکەوتو حەیای دەبردین. ملازم عومەریشی بۆ ئەو مەبەستە نارد لام بۆ سوریا.

ئەمەیە ڕۆژگاری سیاسەت. ئەمەشە هەڵبەزو دابەزی سیاسەتمەدارانی کوردستان، لەسەر بنەمای نەخۆشی سایکۆلۆژیو رق. ئەوەتانێ دوای جیابونەوە، یەکدەگرینەوە. هەر نەوشیروان، بە پاساوی بەرگری لە یەکێتی، کە گەورەترین تاوانی بەرامبەر ئەنجام داین. ئەوەتانێ، نە یەکگرتنەوەی ئاڵای شۆڕشی پێخۆش بوو. نە خۆشی لەناو یەکێتیدا مایەوە. لە یەکێتیش جیادەبێتەوە.

[+] کە گەڕامەوە، شەماڵ عەبدولوەفاو شەهید رزگار، لە بارەگای زەحمەتکێشان هاتنەلام. بەئاشکرا گوتیان: پێمانخۆشە لەگەڵ نەوشیروان بیت دژی دزەکان.. ڕونیان کردەوە دۆخی کێشمەکێشەکانی یەکێتی لە چ ئاستێکدایە. بیستبوشیان چومەتە لای نەوشیروانو زۆریان پێخۆشبوو. منیش وتم: بێلایەن دەبمو باوەڕم بە تەکەتول نییە!

[*] کە لەوێ بوم، بەڕێز ئۆجەلان تێلی بۆ مام کردو گوتی بیستومە مەلا بەختیار هاتووە، پێمخۆشە ببینم. مام داوەتی کردو هات. سێ کەسی لەگەڵدا بوو. لە نیوەڕۆوە هەتا عەسر دانیشتین. لەوێدا پێموت: یان وەرەوە، یان بڕۆ ولاتێکی ئەمین. سوریا ناهێڵێ، تا سەر لێرە بیت. نەچووە ئەقڵی. کە ڕۆشت، مام گوتی: بەختیار ڕات چییە بەرامبەری؟ گوتم: خوا ڕەحم بە خۆیو کورد بکات. چاوەڕوانی خراپم هەیە. مام گوتی: ئافەریم. کە گەڕاشمەوە، لەسەر زێ، شەهید حەسەن کوێستانی هات بەپیرمەوە. پرسیاری ئۆجەلانی کرد. هەمان وەڵامم دایەوە. کە گەیشتیشم، هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕشیش، هەمان پرسیاریان لێکردمەوە، لەسەر ئۆجەلان.. هەر بە نیگەرانیەوە، لەسەر چارەنوسی خۆیو کورد.. وەڵامم دانەوە!

(٩)
سکالّای دەرکردنی مام جەلال

هەتا بزوتنەوەی گۆڕان جیاکرایەوە، من گومانم لەوە نەبوو کە جیادەبنەوە. نە لە نوسینی سکالّاش دژی مام لەگەڵ زۆربەی سەرکردایەتی تەوقیعم کرد. نە لەو سالّانەشدا، یەک قسەی هیچ هەڤالّێکم بۆ مام جەلال (کە ئەوکاتە دانیشتنەکان بە زەمکردنی مام جەلال گەرم دەکرا!) دەگێڕایەوە. هەتا خۆمی لێ بەرمە پێشەوە!! کە زۆربەی سەرکردایەتی سکالّاکەشیان نوسی، شەو درەنگ، دلێری سەید مەجید داوای کرد پێکەوە بیگەیەنینە مام جەلال. هەتا دووی شەو لەگەڵی بوین. دڵی خۆشبوو کە من تەوقیعم نەکردبوو. بە هەلم زانی. پێمگوت:

مام جەلال، ئەوانە زۆربەیان هاوڕێی تەمەنی سیاسەتی تۆن. نە کەمیان کردووەو نە درەنگ هاتون. داوام وایە، نەرم بیت. ڕێگای دیالۆگ بگرە بەر. کام ڕەخنەیان راستە، بیسەلمێنە. کامەیان ناڕاستە، پێیان بسەلمێنە. بەو شەوە نەوەستاین، هێرۆمان لە خەو بێدار کردەوە. تورە بوو. ئەمیشمان ئارام کردەوە. وتیشمان، دەبێ بەردەوام لای مام جەلال بیت. ئارامی بکەیتەوە. بەڵێنی دا. دوایی چوینە لای سەلاحەدینی موهتەدی.. هاوڕێی نزیکی گوێلێگیراوی مام، چواری بەیانی. تەکلیفمان لێکرد، ڕۆژ بێتەوە، بچێتە لای مامو هێوری بکاتەوە.

نیوەڕۆی دواتر، سەرێکی نەوشیروانم دا. لەوەئەچوو، هەموو هەوڵەکانمی لە دەمی دلێری سەید مەجیدەوە بیستبێ. سوپاسی کردم. منیش پێمووت:

کە ئێمە داوای چاکسازیمان دەکرد، تۆ هاتیتە سەرمان. ئێستا تۆ داوای دەکەی، پشتیوانیت دەکەم. پێکەنیو گوتی: راستە. دوایی لای برادەرەکانیشی باسی کردبوو![+] هەر ئەو ڕۆژە، بە نەوشیروانم گوت: دڵنیابە لەژێرەوە ئەو برادەرانەی سکالّایان تەوقیع کردووە، هەندێکیان بایدەدەنەوە بۆ لای مام جەلال، وتی: مام جەلال ئەوەندە داخی کردۆتە دڵیان، کەس شتی وا ناکات. هەمان ڕۆژ، چەندین کەس لەوانە، وەکو پیشبینیم کرد، بایاندایەوەو لەگەڵ مام جەلال، لەسەر پلەوپایەو پارەی مۆڵ ڕێک کەوتن! دوایش پۆستی چەور چەوریان وەرگرت!

شەهید حەسەن کوێستانی، لە دوای ڕاپەڕینی کوردستان، لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە کرابوە بەرپرسی لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکانی دەزگاکانی بەعس. هەر نەوشیروان ڕایسپاردبوو هەر بەڵگەیەکی دەست دەکەوێ لەسەر من، یان ئالّای شۆڕش جیابیکاتەوەو بیداتە خۆی.

[+] ئاسۆ عەلی بۆی گێڕامەوە.

(١٠)
پلینیۆمی دیسپۆزەتیف[*]

١٩٨٥/١٢/١٠ دوای دوو مانگو هەشت رۆژ لە گرتنمان، سیناریۆی پلینیۆم بۆ بڕیاردان لە چارەنوسمان سازدرا. (٦٠) ئەندامیان هێنابوو. بەرنامەی پلینیۆم:

"سەبارەت بەو تاوانە گەورەیەی کە مەلا بەختیار، وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵە کردویەتیو ویستویەتی پلانی هەڵتەکاندنی کۆمەڵەو یەکێتی جێبەجێ بکا. حوکمی گوللە باران کردنی بەسەردا بدرێ".[١]

ئەمە، بەپێی قسەی نوسەر، بەندی یەکەمی پرۆگرامی پلینیۆمەکەیە. لەسەر ئەم خاڵانە نامەوێ بەدرێژیی بدوێم. بەکورتی رونیدەکەمەوە.

جگەلەوەی ململانێمان کردووە. ئاخر لەکوێ پلانی هەڵتەکاندنی کۆمەڵەو یەکێتیمان هەبووە؟ ئێمە داوامان دەکرد، وەک مینبەرێکی ناو یەکێتی بمێنینەوە. ئیتر چۆن هەڵیدەتەکێنین؟! ئەگەر ئەمە پلانێکی پلینیۆم بوبێ؛ ئیتر لامان نامۆ نەبێ، ئەو کادرانەی کۆمەڵە، چۆن بڕیاریان لە چارەنوسی ئێمە دابێو چۆنچۆنیش، ساڵی ١٩٨٩، کۆمەڵەیان هەڵوەشاندەوە.

(٦٠) کادر، لەناو پلینیۆمی کۆمەڵە، بەحساب کادرە سەرکردەو هۆشیارەکانی رێکخراوەکە بون. بەشێکیان نوسەر، فەرماندە، تێکۆشەری شارو شاخ.. ئەمانە، لە ماوەیەکی کەمدا، کاس کرابنو کەوتبنە ژێر کاریگەری سایکۆلۆژی سکرتێرو چەند سەرکردەیەکیانەوە، بۆ پەسەندکردنی بڕیارێک کە تەنها لە فاشیەکان دەوەشێتەوە. نەک لە هیزێکی نیشتمانی-مارکسی!! دیارە، هەمان ئەو کادرانەو زیاتریشیان، لە کۆبونەوەی فراوانی کۆمەڵەدا تا ئەو رادەیە دەستەمۆ کراوون، بە سانایی کۆمەڵەیان پێ هەڵوەشاندونەتەوە. نەوشیروان، لە ماوەی زاڵبونیدا لەناو کۆمەڵە، مێشکی داشۆریونو لە هەڵوێست دایماڵیون. چۆنی ویستووە، وای بڕیار پێ داوون. ئەندامانی پلینیۆمەکە، بە ئیرادەی خۆیان بیریان نەکردۆتەوەو بڕیاریشیان بە ئیرادەیەکی وشیارانە نەداوە. بەڵکو لەبری ئەوان، هیزی دیسپۆزەتیف، واتا هیزێکی پشتی ئیرادەی ئەندامانی پلینیۆم لەبری هەمویان، بڕیارەکەی داوەو ئینجا بڕیارەکەی پێ داوون!

---

* دیسپۆزەتیف: ئەو هیزە دیارە نادیارەیە، کە زمانی ئاخاوتنو جۆری بڕیاردان، بۆ کەسانی دیکە، دیاریدەکەن.

١ برایم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٤٥١).

نوسەر، ئاوا باسی بڕیاری دووەم دەکات:

"سەبارەت بە ڕابوردووی و ماندووبوونیو تێکۆشانی لە کۆمەڵەو یەکێتیشدا حوکمی هەڵواسینی سیاسی (اعدامی سیاسی) بدرێت واتە نەکوژرێ بەڵکو ماوەیەکی زۆر بە بەندی بمێنێتەوەو پاشان لە کۆمەڵەو یەکێتیو شۆڕش دەربکرێ، چونکە ئەگەر گوللەباران بکرێ ڕەنگە پێچەوانە تەفسیری بۆ بکرێو بە قارەمان ناوببرێ، ئەوانەی لەگەڵ ڕای یەکەم بوون زۆرینەی هـەرەزۆری ئەندامان بـوون.و ئەوانەی کە لەگەڵ ڕای دووەم بوونو پێشنیاری نەوشیروان خۆیو چەند کەسێکی تر بوون، کە نامەوێناویان بڵێم".[1]

کەوابێ، ئەم خاڵە، دوو بەشی هەیە؛ بەشێکیان: کوشتنی سیاسیمانە. بەشەکەی دووەمیشیان: کوشتنی فیزیکیمانە. زۆرینەش لەگەڵ کوشتنی فیزیکیمان بوون. بەڵێ زۆربەی پلینیۆم لەگەڵ کوشتنی فیزیکی بووە!!

ئێستا ئیتر، دوا پـەردەی شانۆگەریەکە، بە تراژیدیا تـەواو دەکـرێ. بڕیارەکان، هەردوکیان، بە ڕونیی، یەک زەڕە جیاوازییان لەگەڵ بڕیاری حکومەتە فاشیەکان، نییە!!

زۆربەی ئەوانەی لەو پلینیۆمەدا بون، ماوون. بەشێکیان لە هاوڕێیانی زیندان بوون. جێی خۆیەتی بپرسین: بەعس بۆچی؟ شیهابو جەعفەرو ئەنوەری لەسێدارە دا؟ دیارە لەبەر دروستکردنی ڕێکخستنی نهێنیو سەردانی مام جەلالو خۆئامادەکردن، بۆ شۆڕش. کەچی بەعس، بەهەموو جەبەروتی خۆیەوە، هەتا نەیسەلماندبوو لەسەر ئەو سێ سەرکردەیە، کە هەرسێ تۆمەتەکەیان، لەسەرە. بڕیاری لە سێدارەدانی نەدابوون. (١١) مانگ زیاتریش دادگاییەکەیان درێژەی کێشا، هەتا حەیسیاتی (وردەکاری) تۆمەتەکەیانو بڕگەکانی لەسێدارەدانیان، ئامادەکران.

بەڵام پلینیۆمی کۆمەڵە، دوو ڕۆژی خایاند. لێکۆڵینەوەش لەگەڵ ئێمەدا، هەفتەیەکی نەبرد. نە خۆیان پارێزەریان بۆ داناینو نە ڕێگەشیان دا پارێزەرمان هەبێ. لەگەڵ ئەوەی بەعس فاشستیە، ئێستاش بە گوناحی دەزانم نەک کۆمەڵە، تەنانەت خراپترین حیزبی کوردستانی، بە بەعس بـەراورد بکەم.. بەڵام دادگاکەی بەعس، بە ڕواڵەتیش بێ، لەڕووی ئسوڵی محاکەماتەوە، باشتر بووە. پلینیۆمی "مارکسیستەکان" کوتومت پۆلپۆتیو ستالینی بـووە. ئەوە پۆلپۆتو ستالین بـوون، زۆربـەی مەکتەبی سیاسیو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەیان، لە ڕوسیاو کەمبۆدیا، بەبێ دادگاو بە بڕیاری سەرپێیی، دەکوشت. بۆخارین، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسی،

١ سەرچاوەی پێشوو. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٤٥١).

که ستالین له هەموو رویەکەوە بەتواناتر بووە، لە نامەیەکدا بۆ ژنەکەی دەنوسێ: تاقە خەفەتم ئەوەیە بەناوی خزمەتی حکومەتی پرۆلیتاریاوە، دەمکوژم. لەکاتێکدا خۆم لە بکوژەکانم زۆر بە دڵسۆزتری پرۆلیتاریا دەزانم!

شانۆگەری ئەم پلینیۆمە، سیناریۆیەکی سایکۆلۆژی ترسناکیان بۆ داڕشتبوو. نەوشیروان، وەکو سکرتێر هەڵوێستی وەرنەگرتووە. بەڵکو وەکو ریمۆند کۆنترۆڵی رۆبۆتەکانی ناو کۆنفرانس، کارئەکتەرەکانی شانۆی پلینیۆمەکەی، دواندووە. هەروەکو تیمێک، لێویان جوڵاندبێو بە دۆبلاج دەنگەکەیان لەپشتی پەردەوە تۆمار کرابوو.

لەو شانۆگەرییەی پلینیۆمی سەرگەڵودا، حاڵەتی دەرونی کارئەکتەرەکان، بەچەشنێک بەرجەستە کرابوو، سنوری نێوان بکوژو قوربانیەکان، یەکسان کرابوو بە تاوان. واتا: ئەندامانی پلینیۆم، خۆیان قوربانی سیاسەتی رقڕشتنی نەوشیروان بون. کەچی بە شانۆگەری پەیڕەوی ناوخۆ، لەگەڵ تاوانباری یەکەم یەکسان کرابوون.. کە سکرتێری کۆمەڵە بوو. چەند، تاوانێکی گەورەیە.. قوربانی بکرێتە تاوانبارو تاوانباریش بە بڕیاری دەستەجەمعی قوربانیەکان، خۆی بکاتە نمونەی پارێزەری رێبازی کۆمەڵە! ئەمە، ئەو ساتەکاتانەیە کە ئیتر تـەواوی حەقیقەتەکان، دەکرێنە رموزنی یەکێک لە خراپترین رۆداوەکانی مێژووی هاوڕێیەتی.. مێژوویەک، تیایدا، مێژوو ئەتک دەکرێو بیروباوەڕ دەکرێتە کاڵایەکی داڕزاوی ناکۆکیەکانی ناو کولتورێک.. نزیک دەخرێتەوە لە ئاگری فاشیەت! ئائەمەیە پلنیۆمێک، دیسپۆزەتیڤ لەبری هەموان بڕیار دەدات!

وەکو تر، لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە: سەرنج راکێشان، سڕکردن، هەڵپەساردنی ئەندامێتی، سزای چەند مانگە، دەرکردنی یەکجارەکی (طرد) هەیە، بـەڵام، کوشتنی سیاسیو جەستەیی تیادا نییە. تەنانەت قسەشیان لە گۆڕینی بەندو بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ نەکردبوو، هەتا بەوپێیە سزای کوشتنی تیادا پەسەند بکەنو بڕیارمان لەسەر بدەن. با پانۆرامایەک لەسەر رۆداوەکانی جیابونەوە، بکەینە نمونە:

پێش جیابونەوەی ئاڵای شۆڕش

– ئەگەر سزای جیابونەوە، کوشتنی سیاسیو جەستەییە، ئەی بۆ کە بزوتنەوەی سۆسیالیست جیاکرایەوە، پلینیۆم نەگیراو لە کۆبونەوەی سەرکردایەتیشدا، بڕیاری کوشتنی سیاسیو جەستەیی لەسەریان نـەدرا؟ با دوریش کەوتبنەوە، بەڵام سزاکە لەڕووی مەعنەویەوە، هەر کاریگەری دەبوو.. بەپێی لۆژیکی پلینیۆمەکە!!

– ئەی بۆ پارتی گەل–سامی عەبدولرەحمان، لە پارتی جیابونەوە، تەنها سزای سیاسی–حیزبی دران؟ نە لە پلینیۆمو نە لە کۆنگرەدا، بڕیاری لەناوبردنیان نەدرا؟

– ئەی بۆ، بەدرێژایی مێژووی حیزبی شیوعی عێراق، زیاتر لە (١٠) جیابونەوە لەناویاندا رویداوە، کۆمیتەی ناوەندییان، یان لە پلینیۆمو کۆنفرانسەکانیاندا، بڕیاری کوشتنی سیاسیو جەستەییان نەدان؟

– ئەی بۆ لەناو فەلەستینیەکاندا، جۆرج حەبەش، ئەحمەد جبریل، نایف حەواتمە، ئەبو نزال، لە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینو فەتح، جیادەبونەوە، بڕیاری کوشتنیان نەدەدرا؟

– ئەی بۆ مەنشفیکەکان بە بڕیاری لینین، (٦) دانە مانگ، مونازەرەی تیۆریان لە رۆژنامەی پراڤدا لەگەڵ بۆلشەویکەکان کرد، پاشان راپرسییان ئەنجام دا، ئینجا بەبێ کوشتنی کەس، لێک جیابونەوە؟

– بۆ ترۆتسکی، چەندین جار دەستەگەری کردو دژی لینینو حیزبەکەش بوو، لینین رێزی دەگرت، لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەریش، لەشکری سوری دامەزراند. بەڵام ستالین، بە تەور کوشتی؟!

دوای جیابونەوەی ئالای شۆڕش

– ئەردۆگان، لە پارتی دایکە ئیسلامیەکەی جودابویەوە، نەجمەدین ئەربەکان، نە بڕیاری کوشتنی دا و نە بە خائینیشی زانی.. لە هەڵبژاردنیش بردیەوە.

– عەلی باباجانو داوود ئۆغلۆ، پار، دەستەگەرییان کردو لەراگیاندنەکاندا، توند دژی ئەردۆگان دەدوان، جیاش بونەوە، ئەردۆگان بەو هەموو دەسەلاتەی هەیەتی، پلینیۆمی کوشتنی سیاسیو جەستەیی بۆ ساز نەکردن.

– حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە شەستەکان جارێکو هەشتاکان جارێکی دیکەو، کۆتایی نەوەدەکانیش سێهەمین جار، جیابونەوە کەوتە ناویان، نە لەسەردەمی قاسملوو، نە لەدوای ئەوەش، پلینیۆمی کوشتنی سیاسیو جەستەییان نەبەست، دژی (لادەرەکان!!).

– کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لەناو حیزبی کۆمۆنیست جیابونەوە؛ لەناو کۆمەڵە چوار جیابونەوە رویدا، چەکداریشن، سەنگەر بە سەنگەر دراوسێنو پلینیۆمی کوشتنی یەکترییان سازنەدا.

– نەوشیروان مستەفاو چەندین مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی یەکێتی، جیابوونەوە. یەکێتی پلینۆمی بۆ نەبەستنو بڕیاری کوشتنی نەدان.(*) بەڵکو (١٠) ملیۆن دۆلارو کۆشکو تەلاریشی لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا، پێدان. یەکێتی کۆنگرەشی بەست، هەر بڕیاری کوشتنی نەدان. بەهەمانشێوە جیابوونەوەی هاوپەیمانی دیموکراسیش.

لەناو ئەو هێزە سیاسییە چەکدارانەدا، کە مارکسستی، ناسیۆنالیستی، دیموکراسیو ئیسلامیشیان تیابوو، سەرکردەی بەتواناو ناوداریان هەبوو، دەسەڵاتی عەسکەری، ئیستخباراتی، راگەیاندنو دارایی زەبەلاحیشیان لەبەردەستدا بوو؛ هەیانە لە دەسەڵاتو هەشیانە لە ئۆپۆزسیۆنی چەکداریدا بون، پێش جیابونەوەو دوای جیابونەوەی ئاڵای شۆڕش. کەچی هیچیان، پلینۆمی وەکو نەوشیروانو کۆمەڵیان لەکاتی جیابونەوەکاندا نەبەستو بڕیاری یەکتر کوشتنیشیان نەدا. هۆیەکەی رونە.. ئەویش سروشتی نەوشیروانو ئایدیۆلۆژیەتی توندوتیژیو سایکۆلۆژیەتی رقو کینەیەتی. لەکاتێکدا باڵی راستڕەوی هەلپەرستەکان، باڵادەست بوبوون!

پلینۆمی کۆمەڵە، شانۆگەریەکی مەسخەرەو مەسخی سیاسی بوو، بە کینەی نەوشیروانو ئەقڵیەتی تۆڵەسەندنەوەی تەکەتولی زیندان، لە کۆمیتەی هەرێمەکان؛ بڕیاریان دا پلینۆمەکە، دریژەپێدانی کولتوری چەکداری شەستەکان بێ، بۆ پێشێلکردنی ئازادی سیاسی لەناو بزوتنەوەی سیاسی–چەکداری کوردستاندا. ئەو کولتورەی جەلالیو مەلایی بناغەکەیان داڕشتو لە شۆڕشی نوێشدا، لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا، لە بادینانەوە سەپێنرایەوە. هەتا ئەنفالەکانیش، دریژەی کێشا. لەدوای راپەڕینیش (١٩٩٣–١٩٩٤) سەریهەڵدایەوە.(+)

---

* لە کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیدا، پێش جیابونەوەی، تەرخان کرا بۆ لێکدانەوەی ئەگەری جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان، من گوتم: ئەوان جیادەبنەوە. ململانێی فکریو سیاسی بکەینو نەهێڵین کاریگەری زۆرتر دابنێن. رووم کردە مام جەلالو گوتم: مام، ئەمرم پێ بکەیت چایچیەکی نەوشیروان چەک بکەم، نایکەم. لەگەڵ بەکارهێنانی هێزیش نیم. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، کە دواتر بوو بە گۆڕان، وتی: هەقە مام جەلال ئەمر بکات، بە هێز بچینە سەریانو تەفروتونایان بکەین. من بەڕپەرچم دایەوە. دوای ماوەیەک خۆیشی لەبەرئەوەی مام جەلال لەکۆبونەوەیەکدا لێی توڕە بوو، بوو بە گۆڕان!

+ ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخۆ سەریهەڵدایەوە، من دژی بوم. بەرپرسیارێتی رووندانی شەڕم لەناو هەولێر گرتەئەستۆ، لەگەڵ شەهید سەعد عەبدوڵڵای پارتی. ئەو کاتەش، دەیانووت: مەلا بەختیار شۆڕشگێڕێتیەکەی جارانی نەماوە. چەندین شەڕمان لەناو کۆڵانو شەقامەکانی هەولێر، دامرکاندەوە. ژیانیشمان دەکەوتە مەترسیەوە. بە چاوی خۆشم تالانکردنی دەزگاکانی حکومەتم دەبینی. سەرکردەی دزەکانو بکوژەکان، ئێستا لە مەکتەبی سیاسی پارتیو یەکێتی، ئەندامن!!

ئەگەر بڕیارەکانی ئەم پلینیۆمە راستو رەوا بون. کەوابێ.. پەلامارەکانی بارزانیش لە ١٩٦٤وە بۆ سەر باڵی مەکتەبی سیاسی، راستو دروست بووە. ئەمانی مارکسی بڕیاری وا بدەن، ئەی مەلا مستەفای لوتکەی بنەماڵە بۆ بڕیاری وا نەدات؟

لەبەرئەوەی دامەزرێنەرانی یەکێتی، مارانگازی شەڕەنگێزی جەلالیو مەلایی بونو سالاڵانی (١٩٦٤-١٩٦٦-١٩٧٠) لە رووی عەسکەریو سیاسیەوە تێکشکابوون، بۆیە، لە باری سایکۆلۆژیەوە، بێڕادە لەبەرامبەر ناکۆکییە فکریەکاندا، هەستیار بوبون. لە هەموو ئانو کاتێکدا، تەنها بەکارهێنانی هێزیان بە دەستەبەری خۆیان زانیووە.

بزوتنەوەی سۆسیالیست جیابونەوە، سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوەوە. گفتوگۆ لەسەر بڕیاری عەسکەری بەرامبەریان کرا. مام جەلال بۆچونی وا بوو، لە رووی عەسکەریەوە، لە هەر شوێنێک مەترسییان لەسەر پەیدا کردین، لێیان بدەین. سالار عەزیز، پێش هەموو کەسێک وتی: من لەگەڵ چارەسەری عەسکەری نیم. مام جەلال پێی ناخۆشبوو. وتی: بەتەمای لەشکرەکەی تۆ شەڕیان ناکەین. بەم وەڵامە، خۆسازدان بۆ شەڕ لە بەرنامە دانرا. من وتم: تەنها شەڕی بەرگری رەوایە. با ئێمە دەشتپێشخەری نەکەین. سالار عەزیز، بێباکانە جەختی کردەوە، کە پێویستە زوو چارەسەری سیاسی بدۆزینەوە! وتیشی ئامادەم.. ئێستا بچم بۆ گفتوگۆ لەگەڵیاندا.

لەم پلینیۆمەدا، نەوشیروان دوا پوازی خۆی بۆ زاڵکردنی گیانی نوزە لێبڕینی ئازادی بیروڕا کوتا. تەنها یەک تێکۆشەر بەهەڵوێست بوو دژی بڕیارەکە (عەبدوڵڵا تۆفیق) کە هەڵوێستەکەی، دڵنیام، تا هەتایە سەربەرزی کردووە.

د.ئەرسەلان بایيز، لەسەر عەبدوڵڵا تۆفیق،[*] پێش دڵنیابون، لە هەڵوێستو خزمەتەکانی بەندە، دەڵێ:

"تەنها یەک کەس بڕیارەکەی واژۆ نەکرد، ئەویش "عەبدوڵڵا تۆفیق" بوو، گوتی من واژۆی ناکەم، چونکە مەلا بەختیار پیاوێکی ماندووەو تێکۆشەرە، لەبەرئەوە حەق نییە

---

* یەکەم جار، شەوی رۆشتنی د.ئەرسەلان بایيز و ئاوات عەبدولغەفور، ناوەڕاستی مانگی ٩/ی١٩٧٥، لەسەر شەقامی برایم پاشای سلێمانی بینیم. پێیانداوەگرت، هەردوکیان برۆنە لای هاوڕێیانی سەرکردایەتی-شام. منیش، لاوێکی خانەقینی نەشارەزا، سور بوم لەسەر مانەوەو دریژەپێدانی خەبات. دوای هاتنەدەرەوەی د.ئەرسەلان (چل) ساڵە، هاوڕێین. پێم سەیرە، لەو هەموو ساڵانەدا، بۆی دەرنەکەوتبێ، بێوەفا نیم.. پێش سەردانی د.ئەرسەلان، سەردانی کاکە عەبدوڵڵام کردووە. سەیارەی نەبوو بۆم دابین کرد. کتێبی (کۆبەندی چەند بابەتێک)م پێشکەش کردو نوسیم.. هەڵوێستەکەی نەخشی مێژووە. کاکە ئەرسەلان.. بێ زانیاری هەق نەبوو.. بە بێوەفامان بزانێ. هیچ نەبێ دەیتوانی پرسیار لەخۆم بکات!

بیکوژین.. بەڵام دواتر مام جەلال گوتی ئەو بڕیارەتان بە من بسپێرن من جێبەجێی دەکەم.. بۆیە مام جەلال کێشەکەی کرد بە هی خۆی و مەلا بەختیاری لای خۆی زیندانی کرد، ئەمەشی بۆ ئەوە بوو جێبەجێی نەکات!

بەڵام مەلا بەختیار پیاوێکی بێ وەفایە بەرامبەر "عەبدوڵڵا تۆفیق"، چونکە دەبوو تاجی ئاڵتوونی لەسەری "عەبدوڵڵا تۆفیق" بنێت، چونکە کە سەردانی خۆی و ماڵەوەیان دەکەم دەبینم خۆی و منداڵەکانی زۆر بێنازن و هەمیشە هەست بەوە دەکەم کە کاک مەلا بەختیار لەبەرامبەریان چەند بێ وەفایە!".[1]

ئەم پەلەکردنە لە حوکمدان، لەسەر من و لەسەر وەفاداری و بێوەفایی، لەکاتێکدایە، لەناو یەکێتیدا، لەلایەن زۆر سەرکردەوە، بێوەفایی راستەقینە، دەرکەوتبوو، چارەنوسی یەکێتیش، بەهۆی ئەو بێوەفایانە، کەوتبووە مەترسیەوە، کەچی د.ئەرسەلان، ئەو بێوەفایانەو چارەنوسی یەکێتی، فەرامۆش دەکات. بەڵام وەفاکانی من دەکاتە بێوەفایی!

(١١)
پاکانە.. یان درۆتاش؟

نوسەر، بەشانازییەوە (٨) لاپەڕەی لەسەر چۆنیەتی سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵماندا نوسیووە. نازانێ، ئەم روداوە لەمێژوویاندا رەش رەشە.. هەتا هەتاشە، مایەی نەفرەتیشە. کەسێکی هێندە بێ گەوهەر، هێندە سالانی خەباتی یەک سەرکەوتنو یەک جوامێریی تیا نەبوبێ، هەتا شانازی پێوە بکات. بەڵکو ئۆبالی شەهیدبونی رابەرێکی وەکو فوئاد سولتانیو شەهید ئەکرەمو شەهید خەبات لە قەراغ، لە ئەستۆی بێ. لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەدا، لەسەری سەلمێنرابێ کە ئۆبالی ئەو شەهیدانەی لەئەستۆیە.. لە کۆبونەوەی رەسمی ناوەندی کۆمەڵەدا، بڕیاری بۆ بدرێ کە ئەگەر بەردەوام بێ لەسەر خۆهەڵکێشان، سزا دەدرێ. کەسێکی ئاوها.. نەک بە شانازی دەزانێ بکرێتە جەلاد لەگەڵ ئەو تێکۆشەرانەی مێژوویەکی پاکو بەهەڵوێست بوون، بەڵکو سەرگوزشتەی جەلادییەکەش بۆ دامرکاندنەوەی رقە سایکۆلۆژیەکەی بە درۆ داڕێژێو بڵێ:

---

١ ژیانو خەباتی سیاسی د.ئەرسەلان بابیز لە چاوپێکەوتنێکی مێژوویدا. چاوپێکەوتن: ئیسماعیل کوردە. چاپی یەکەم: ٢٠١٩. ل(١٤٠-١٤١).

"ڕۆژی (١٩٨٥/١٢/١٥) چوومە لای‌و بەپێچەوانەوە بڕیاری پلینیۆمم پێ ڕاگەیاند لەگەڵ بیستنی وشەی گوللە بارانکردن، دەستی گرت بە چاویەوەو بە گریانەوە وتی: کەواتە (زیلان بێ باوک ئەبێ)؟ ئینجا وتی: (ئەی ئەگەر هەموو شتەکان بڵێم؟ پێم وت: سبەینێ وەڵامت ئەدەمەوە".[1]

ئەم باسە، سەراپا درۆیە.. نە گریاووم‌و نە باسی (زیلان)م لای نوسەری درۆتاش کردووە. دەشڵێم: بەداخەوە دەبوایە ئەوکاتە هەر بەڕاستی بۆ زیلان‌و لاڤە، بگریامایە. گریان، هەندێک راستگۆیەتی ناخی مرۆڤە. بەڵکو ئەوانەی پێیانوایە نەگریان جوامێرییە، ئەمانە، دەچنە ریزی فاشیەکان. ئەوەی گریان لە هەستیا نیە، یان گریان لە ناخیا دەکوژێ، ئەم کەسانە دەبێ گومان لە ڕەوشت‌و سایکۆلۆژیەتی بکرێ.. کە کەسێکی ئاسایی بێ!

لە قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوەدا: د.خەسرەو، حەمە تۆفیق، قادری حاجی عەلی، هاتن. قۆناغی دووەم.. ئەوان جوامێر بون‌و پێیان شەرم بوو، لێکۆڵینەوە لەگەڵ من بکەن. بۆیە کشانەوە. لەو بەینەدا، هاوڕێیەکی خۆم هاتە لامو پێی ڕاگەیاندم، کە نەوشیروان خەریکی تەزویرکردنی نامەیەکە بەناوی منەوە، گوایە، پەیوەندیمان بە موخابەراتی عێراقەوە هەیە. وتیشی: ئەگەر دڵنیا نەبن لەوەی ئاڵای شۆڕش مەترسی نەماوە لەسەریان، بەو تۆمەتە دەتکوژن. وتیشی: نەوشیروان وتویەتی: ناهێڵین وەکو (عەبدولخالق مەحجوب) ببێتە شەهیدی کۆمۆنیستەکان.

باوەڕم بەو قسەیە کرد. چونکە نەوشیروان لە بوختان هەڵبەستن‌و پروپاگەندە هاوتای کەمە. لەدوای ڕاپەڕینیش، چەندین نامە بەناوی هەندێک سەرکردەی لایەنەکانی نەیار، تەزویر دەکراو دەکرانە پیاوی رژێم. جارێ کاتی نییە باسی بکەم!

من.. کەوتمە دۆخێکەوە، دڵنیا بوم، ئەوەی نەشێ بۆم هەڵدەبەستن. چونکە، کۆمەڵەو یەکێتی کەوتبونە دۆخێکەوە، لەسەر چز بوون بۆ هەموو ئەگەرێکی سیاسی. هەتا رادەی تاوان!

ناخۆشترین مردن، مردنێکە، هاوسەنگەری رابوردووت، وەک خائین لەناوت بەرن. هاوسەنگەرێک، لەو دۆخەدا، وایان بەسەر خۆیان هێنابوو، لە هیچ نەدەپرینگانەوە. هێزی چەکدار وایە، کاتێک تێزەکانی شکست دێنن، لە بیروباوەڕیش هەڵگەڕابنەوە، ئیتر بەربەستی ئەنجامدانی تاوان، لەناویاندا، هەرەسدێنێ. لەهیچ ناپرینگێنەوە.

ئەوانەی مام جەلال پێیدەووتن: لەشکری هۆلاکۆ. شیعری موزەفەر نەوابی بۆ

١ برایم جەلال. چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە. چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم-٢٠١١. ل(٤٥٢).

دەهێنانەوە کە بە حاکمەکانی عەرەبی دەووت (یا أولاد القحبة لا أستثني منكم أحداً) مام جەلال دەیووت: لەشکرەکە هەمووی خەریکی دزییە، پیاو کوژییە. پەیتا پەیتا دەیووت: ئاگری فاشیەت هەڵگراوە، هەمومان دەسوتێنێ. بەداخەوە، بە هەڵەی خۆم، لەبەر پەرۆشیم، بۆئەوەی نەچینە ناو ئێرانو نەچینە ناو جودو، بۆئەوەی شەڕی ناوخۆ قوولتر نەبێ، پێم بە جەرگی خۆمدا ناو بەپێی خۆم چومە قەراغ. دەرکەوت؛ جگە لە مام جەلالو سەرکردەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕان، هەرچی وەفا هەبوو نەیانمابوو.. بەرامبەر ئەو مێژووە هاوبەشەو هاوڕێیەتیو برایەتی!

بە هەڵەی خۆم، خۆمو هاوڕێکانم خستە ناو ئاگرە هەڵگراوەکەی فاشیەت، کە مەشخەڵەکەی بەدەست نەوشیروانەوە بوو. دڵسۆزییو پەرۆشیمان، وا بەرچاوی گرتبومو زهنی تەنیبوم، تەنانەت بیرم لەوەش نەدەکردەوە کە، سکرتێری یەکێتی، بە دەمی خۆیو لە کۆنفرانسی رەسمیی یەکێتیدا، دەڵێ: لەشکرەکەمان لەشکری رزگاری نییە. لەشکری هۆلاکۆیە. لە کۆبونەوەکاندا دەیووت: ئاگری فاشیەت هەڵگراوە.. نەیکوژێنینەوە، هەمومان دەسوتێنێ.

لەئاست ئەو هەموو قسە ترسناکانە، لەبەر دڵسۆزی قیروسیام کردو چومە قەراغ، بەئومێدی ئەوەی رێگەچارەسەرێک بدۆزینەوە. لەگەڵ خۆمدا دەمووت:

قەت باوەڕ ناکەم مام جەلالو نەوشیروان، بیگەیەننە ئەو رادەیە، بێنەسەرمان. چەندم لەخۆم رادەبینی هەوڵبدەم کێشەکان چارەسەر بکەم.. لە مێژووی هاوبەشو رۆژگاری سەخت بەڕێکردنیشم رادەبینی، تاوانی وا، بەرامبەرمان نەکرێ. لەناخی خۆمدا، هاوکێشەکەم وا لێکدەدایەوە:

ئێمە مادام لە رووی عەسکەریەوە جیانابینەوە؛ مادام دەچینە قولایی هێزەکانی یەکێتی؛ مادام لەگەڵ مامو نەوشیروان دانیشتوینو بەڵێنیان داوە؛ ئەگەر بڕیاری مانەوە بدەین لەناو یەکێتی، قبوڵیانە.. ئەمووت:

ئیتر بۆچی هەڵدەکوتنە سەرمان؟ دڵنیاش بوم بچوکترین بەڵگەیشیان بەدەستەوە نییە، بڕیاری خراپمان لەسەر بدەن. چونکە ئێمە دژی جیابونەوەی عەسکەری بوین. بەڵگەنامەکانیش لەکۆتایی کتێبەکەدا، بڵاودەکەمەوە. کە دەستوخەتی ئەوسای خۆمن دژی جیابونەوە!

بەڵێ.. لەبەرئەوەی نەمانکوژنو بە خائینیش نەماننێژن. پێمان بە جەرگی جەرگبڕینی خۆماندا ناو ئەو نامەیەمان نوسی. بەڵێ هەر سێکیشمان ئیمزامان کرد. بەڵام ئایا، ئەمە لە ترسنۆکیەوە بوو؟ ئایا لەبەر گیانی خۆمان، خۆمان دایە دەستەوە؟

من نامەوێ باسی مێژووی سەرکردەو سەرداره گیراوەکانی جیهانو کوردستان بکەم، کە لە شەڕدا بە دیلیی گیراوون. ئەمەیان مێژوو هەمووی تۆمار کردووە. ئایا ئەوانە لەترسی گیانی خۆیان، تەسلیم نەبوون. یان بۆ خزمەتی کێشەکە گیانی خۆیان پاراست.

هەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە، کە حوکم دران، بەشێوەی جۆراوجۆر، دانیان پیادا نابوو کە کۆمەڵەن. تیاشیاندا بوو، هەموو ئەوانەی ناسیبونی، بەگرتی دان.

ئەوانەی دانیان پیادا نەنابوو کە کۆمەڵەن، ئازاد کران. وەکو: د.جەمیل، مووراد، شاخەوان عەباس، حەمەی عەتییە.. عیماد ئەحمەد.. تاد.

بەعس.. فاشی بوو. داگیرکەرو دوژمن بوو. هاوڕێیانی زیندانیش، بەو شێوەیە خۆیان دەرباز کردبوو.. کە کردیان.

بۆ ئێمە.. دۆخەکە.. جیاواز بوو. لە شەڕ لەگەڵ بەعس، ئەوە بوین کە هەبوین. دەیان داستانو سەدان پیشمەرگە شایەتن. ئازا یان ترسنۆک بوین؟ بڕوانن شەهید شاخەوان چۆن لەکاتی دەستڕێژی کۆپتەردا، کە مردن وەکو مۆتەکە لەسەرمان بوو، چۆن باسی شەڕی "هەورێ" دەکات:

"کۆپتەرەکان لەکاتی خولانەوەیاندا ئێمەشیان بینیو، تەقەیان لێکردینو ئێمەش وەڵاممان دانەوە، ئیتر ژمارەی کۆپتەرەکان زیادی کرد، یەکەم جار بوو من رامی کۆپتەر ببینم کە بەرگێکی شینی لەبەردا بوو خەریکی تەقەکردن بوو، ئێمەش بە کڵاشینکۆفو بڕنەوەوە تەقەمان لێ کردنەوە منو نەریمان لە دەوری بەردێکی گەورە تەقەمان بەرامبەر رامییەکە دەکرد، لەتەک ئێمەوەش مەلا بەختیار هاواری کرد (گوللەی فاشیەکان کارمان تێناکا".[1]

شەڕی شێخێ.. کە نوسەرو نەوشیروانو زۆرێک لەوانەی لە پلینیۆمەکەدا، بڕیاری کوشتنیان داوین، خۆیان لە قەرەی شەڕەکە نەدا، محەمەد وەتمان ئاوا باسی گرنگترین شەڕگەی کاتی هێرشەکە دەکات:

"قۆڵی بەردەمی شێخێو سەری رەزان کە لە شاخی سونێیە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٧ی باڵەک لێی بوون، کاک مەلا بەختیار سەرپەرشتی ئەم بەشەی ئەوێی دەکرد".[2]

هەروەها.. شایەتحاڵێکی تریش، ئاوها رۆڵمان دەگێڕێتەوە:

---

١ شاخەوان عەباس. سەفەری کوردایەتی بیرەوەریەکانی شارو شاخ ١٩٧٤–١٩٨٠. چاپی دووەم. ٢٠١٢. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادران. ل(١٠٧).

٢ گۆڤاری چیا. ژمارە (٢) ئایاری ٢٠٠٧.

"کات دەمەو ئێوارە بوو، کاک مەلا بەختیار فەرمانیدا، کە ئێمەش بچینە لای کاک ئەحمەد مەولود.. کە چووین لەسەر حاڵی خۆمان زۆر بەزەییمان بەو پێشمەرگانەش دەهاتەوە.. کە لەگەڵمان بوون، هەڵدەپەڕین لەناو بەفر، شوێنی وشکمان ددان بوو، لەهەموو لایەکیش بە چەکی قورسو سووک گوللەباران بوو، کە کاک مەلا بەختیار باری ئەوانی چاوپێکەوت وتی هەستن بگەڕێنەوە ئەو شەڕە بەو شێوەیە ناکرێت ئا لەوێ باشترین پێشمەرگەی دڵسۆزم بینی، ئەویش شەهید ئەحمەد مەولود بوو وتی: ڕاستە جەنابت ئەندامی سەرکردایەتیت، بەڵام فەرماندەی هەرێمی ئێمە کاک زیرۆ ئەحمەد ڕێوییە تاکو ئەو فەرمانم پێ نەکات ناگەڕێمەوە.. ئەگەر هەر هەموشمان لەسەرماندا ڕەق بینەوە، کاک بەختیار وتی: دەباشە با هێرشێک بکەین.. هەموومان هێرشمان کرد.. دوژمن بەو هەموو توانایەی کە هەیبوو.. شکاو دوو لاشەی سەربازی لەدوای بەجێماو دوو کڵاشینکۆفمان دەستکەوتبوو، توانیمان ئەو ڕۆژە مەترسی دوژمن لەخۆمان دوورببخەینەوە.. هەموومان هاتینەوە گوندی شێخێ".[1]

مەرگ لە شەڕی دوژمن، شانازییە. بەڵام دۆخی زیندانی ئێمە، لەڕووی دەرونیەوە، سەراپا جیاواز بوو. ناچار بڕیارێکی خراپمان هەڵبژارد.. بەڵام ماین، هەتا ڕاستیەکان چەواشە نەکرێن.

دوای ئازادبونم لە گۆڕی ئازادی یەکێتی، دەستبەجێ پەیوەندیم بە ئاڵای شۆڕشەوە کرد. یەک زەڕەش، حسابم بۆ ئەو پاشگەزبونەوەیە نەکرد کە نوسیمان. ئاڵای شۆڕشمان لە ڕێکخراوێکی پڕ لە کێشەوە، ڕێکخستەوەو کۆبونەوەی فراوانمان بۆ ڕێکخستو کەوتینەوە چالاکیو هەڵوێست دەربڕین لەسەر روداوەکان. لە کۆبونەوەیەکی فراوانی ئاڵای شۆڕش، لە (زێوێ)دا، هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش گوتیان: جارێ تۆ مەیەڕەوە. عیماد ئەحمەدیش بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردم، کە نەگەڕێمەوە. بەڵام من سوور بوم لەسەر گەڕانەوە. دەموت: ئەگەر نەگەمەوە شارەکان، پروپاگەندەم بۆ دەکەن، کە بەڵگەیان لەسەر گرتوم. قبوڵم نەکردو گەڕاینەوەو ئەوەندەی توانیمان ئەرکەکانمان جێبەجێ دەکردو..

بەرەو شەڕی کەرکوکیش بە (٥٠) پێشمەرگەوە چوین. لە چەمچەماڵ، دوچاری

١ ڕێباز. قەندیل بەغدای هەژاند. بەشی یەکەمو دووەم. سلێمانی- ٢٠٠٨. چاپی دووەم. لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیری شەهید. ژمارە(٢٠). ل(١٤٣-١٤٤).

هێزە شکاوەکان بوین. هەزاران پێشمەرگە.. قەڵەمی ئەژنۆیان شکابوو.. بە تاڵانیەوە هەڵدەهاتن(*) تاڵانی کەرکوک.. قودس‌و دڵی کوردستان!!

هاتمەوەو کەوتیشینە چالاکی. کاریگەری سیاسی‌و فکریشمان لە ماوەیەکی کورتدا دەرکەوت. یەکێتی، کە کەوتنەوە رووبەڕووبونەوەی دۆخی نەخوازراوی شەڕ، لەلایەن کۆسرەت رەسوڵەوە، پەیوەندیم پێوە کرا، بۆ یەکگرتنەوە. مەکتەبی سیاسی یەکێتیش لەو کۆبونەوەدا باسیان کردبوو. بە گرنگیەوە ئامادە بون، لەگەڵ ئەو ئاڵای شۆڕشەدا یەکبگرنەوە کە بەحسابی پلینیۆمەکەی کۆمەڵە، لە رووی سیاسیەوە، کۆتاییان پێ هێنابوین. بەڵام بینیبویان، لە کۆڕەکانی: شەقڵاوە، هەولێر، سلێمانی، راپەڕین، هەڵەبجە، کەلار..تاد، هەزاران کەس ئامادە دەبون‌و بۆچونە سەنگین‌و کاریگەرەکانیشیان دەبیستین. لەناو چەپەکاندا، کاریگەرترین رێکخراو بوین. هیچ رێکخراوێکی تری چەپ، چارەکی ئەو خەڵکەی پێ کۆنەدەکرایەوە، کە ئاڵای شۆڕش لە کۆڕەکاندا کۆیدەکردنەوە.(+) یەکەمین کۆڕم بەناوی (دیموکراسی دوای جەنگی سارد) پێشکەش کرد. پێشوازییەکی بێوێنەی لێکرا. وێنەو ڤیدیۆکەی ماوە!

ئامادەبونی هەزاران کەس لە کۆڕەکانماندا ئەو دیالۆگە ئازادو مەدەنیەی دەکران، رەتکردنەوەی خەڵک بوو، بۆ ئەو غەدرە گەورەیەی بەرامبەرمان کرا. بەهۆی ئێمەشەوە، بە لۆژیکی سیاسی‌و ئەرکەکانی سەرخستنی ئەزمونێکی تازە بونیات نراوی دیموکراسی:

١- کۆڕی ئازادو کراوە، یەکەمین جار کرا.

٢- دیبەیتی ئازادو کراوە، یەکەمین جار کرا.

٣- شکستهێنانی بەرەی کوردستانیمان، لە نامیلکەیەکدا، یەکەمین جار باسکردو داوای هەڵبژاردنمان کرد. بەناوی (حوکمی بەرەی کوردستانی یان دیموکراسی؟).

---

* ملازم عومەرم بینی. هێزەکە شکابون. وتی: هیچ فەرماندەیەک ئامادە نییە لە بازیانیش هێڵی بەرگری دابنێ. تۆ ئامادەی هێزەکان بخەینە بەردەستت. وتم: بروسکە بکەن، مام جەلال‌و کاک مەسعود رازی بن، دەیکەم. بروسکەی کرد. وەڵام هاتەوە کە رازین. وتم: دەچم ئەمشەو دەیانبینمو سبەینێ دێمەوە بازیان. لە گەڕانەوەدا، سەیرێکی دەربەندی بازیانم کرد. رائید دارای لێبوو. وتم: ئەمشەو دێمو شەڕگەکە وەردەگرم. بەخۆشحاڵیەوە وەریگرت. چوم بۆ مەسیف، مامۆ مەسعود ببینم. لای دوکان مام گەیشت. گەڕامەوە. شەو هەمووی هەرەسی هێنا! کۆڕەو دەستیپێکرد! ناچار، ئێمەش بەرەو سنور رۆیشتین!!

+ لە کۆڕی سلێمانیدا.. هۆڵی رۆشنبیری‌و دەرەوەش جمەی دەهات. خالید دلێر هاتەلام.. وتی: ئەمە هێزی چەپە، بە ئێوە دەکرێ سەرکردایەتی بکەن. هەوڵێکی زۆریشمان دا، چەپمان پێ یەک نەدەخرا!! کۆڕەکە، لەلایەن هاوڕێیان (نەخشین‌و هاوڕێ محەمەد کەریم)ەوە بەڕێوەدەبرا.

٤- داواشمان نەکرد بچینە ناو بەرەی کوردستانیو نەبوینە بەشێک، لە تاوانیو تاڵانیی لەکوردستاندا.

٥- لە هەڵبژاردنیشدا.. بە کۆنەقین هەڵوێستمان وەرنەگرتو پشتیوانیی ئەو رادە دیموکراسیەمان کرد، کە لە دەڤەری سەوزدا، هەبوو. بەمەش، لەپێناوی خزمەتکردن بە دیموکراسی پێمان نا بە جەرگی ئازاردراومان!

کە یەکیشمان گرتەوە لەگەڵ یەکێتیدا، لە ئاهەنگی یەککرتنەوەکەدا، ناو یاریگای سلێمانیو دەرەوەش، بۆ پیشوازی لێکردنی جێگە نەما. دۆستو دوژمن تێگەیشتن کە مێژووی خەباتو فیداکاریمان، بە پلینیۆمی کۆمەڵە نەسڕاوەتەوە![*]

کە لە گفتوگۆشدا لەگەڵ یەکێتیدا، وەکو ئالای شۆڕشو مەکتەبی سیاسی یەکێتی (بەندەو عیماد.. بەس) کۆدەبوینەوە. سەرەنجام، بە بەیاننامەی هاوبەش، راگەیاندنەکەمان راگەیاندو لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا، بڵاوکرایەوە.[+] ئەوانەی لە پلینیۆمەکەشدا، بڕیاری کوشتنیان داین، چەند کەسێکیان نەبێ، پێیان ناخۆشبوو.. بەڵام دیسان لەترسی پلەوپایەیان، تەنها خۆیان دەخواردەوە!

لە دووەمین کۆنگرەی یەکێتیشدا، دوای یەککرتنەوەکە، نوسەر خۆی هەڵبژارد دەرنەچوو. ئەو جەنەرالّەی هاتیشە سەرمان، بە تەسکیە دەرچێندرا. بەندە، بە هەڵبژاردنو لە قۆناغی یەکەمی تەتەڵەکردنی دەنگەکانیشدا، لە نیوە زیاتر دەنگمان هێنا.[**] لە سێهەمین کۆنگرەشدا، ئەوانەی پێشمان دەکەوتن، دووسەد دەنگیان بۆ تەزویر کرا. بەندە پێنجەمین دەنگم بە حەڵاڵی هێنا. سەرەڕای ئەوەی تەکەتولەکان نەشیاندەویست دەربچین!

---

* ئەو کۆبونەوە فراوانە بە پێشنیازی من کرا. هاوڕێیانی خۆم، دەیانزانی پێشوازیەکە، گەرم دەبێ، بە مام جەلالیان وتبوو.. تەنها خۆت وتار پێشکەش بکە. بەڵام کە هاتینە بەردەم خەڵکەکە، خەڵک بە جۆشو خرۆشیان وەڵامیان دانەوە!

+ بڕوانە: رۆژنامەی کوردستانی نوێ. «ژمارە (٤٤٤)- ١٩٩٣/٧/٢٥ یەک شەممە». بەیاننامەی یەککرتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-زەحمەتکێشان- پەیڕەو یەککرتن.

** مام جەلال، ئازاد جوندیانیو جوتیار نوری، لەناو کۆنگرە نارده لام. رایسپاردبوو، ئەگەر لە قۆناغی یەکەمی تەتەڵەکردنی دەنگەکان، لە نیوە زیاترم نەهێنا، بۆ قۆناغی دووەم، خۆم هەڵبژێرمەوە. وەڵامم دایەوە. لەقۆناغی یەکەمدا دڵنیام دەردەچم. ئەگەر دەریشنەچوم، بڕیاری کۆنگرەم قبوڵەو خۆم هەڵنابژێرمەوە. رێک وا بوو. لە نیوە زیاتری دەنگەکانم هێنا. ئەوانەی مام جەلال، لە ئالای شۆڕشو هی تریش، چاوەڕوانی دەکرد، دەنگی زۆرتر بهێنن، نیوەی دەنگەکانیشیان نەهێنا.

(١٢)
هەڵەکان، شکستەکان، ئەنجامەکان

هەڵەی بنچینەیی، لە مێژووی هەموو هێزێکی سیاسیدا، بە سەرکەوتنی عەسکەری، یان بە سەرکوتکردنی ئازادی بیروڕا، بەشێوەیەکی کاتیی، دەچێتە سەر. بەڵام لە دوا سەرەنجامدا، ئەو هەڵە بنچینەییانە، لە شادەمارەکانی سیاسیو ڕێکخراوەییدا، ڤایرۆسەکانی دەمێننەوەو قۆناغ بە قۆناغی سیاسیش، کاریگەرتر دەبن. لەشاخدا، ئەو هەڵانە دادەپۆشرێن. بەڵام لە شارو لەناو پرۆسەی دیموکراسیدا زیانی خراپ دەگەیەنن. بەتایبەتی لەم سەردەمەی سۆسیال-میدیادا.

یەکێتی.. بۆ سااڵەهای دوای خیانەتنامەی جەزائیرو هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، کاڵا بەقەد باڵای دۆخەکە بوو. کۆمەڵەش، داینەمۆی یەکێتی بوو. بەمەش، بۆ دۆخی تایبەتی دوای هەرەس، یەکێتی بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە، لەناو خۆیدا، بۆ باڵەکانی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی هێنایە گۆڕی خەبات. ئەم پەیوەندییە ئۆرگانیکییە، لە خراپترین دۆخی سیاسیو لەوپەڕی نەبوونییدا، کاریگەری بەرچاوی لەناو خەڵکو کوردایەتیدا هەبوو. نەک تەنها بەرگەی هێرشەکانی رژێمی گرت، بەڵکو لە زیندانەکانیشدا، نمونەی ڕێکخراوی خۆڕاگری قۆناغەکە بوو. کارەساتی هەکاریشی تێپەڕاند.

هەتا روخاندنی رژێمی شای ئێران، یەکێتی دژی رژێمو لە کارەساتی هەکاریشدا، تایبەتمەندێتی خۆیو سەنگی ڕێکخراوەیی پاراست. بەڵام لەدوای روخاندنی شاوە، دۆخێکی سیاسی نوێ هاتەپێشەوە، یەکێتی لەناو خۆیدا، کێشەکانی قوواڵتر بونو لەدەرەوەی خۆیشیدا، نەیارەکانی کاریگەرتر دژی وەستان. بەرە بەرە، لە ساڵی ١٩٧٩وە، ڕێڕەوی یەکێتیو کۆمەڵە، ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیکییەی سەرەتای دامەزراندنی، وەکو پێکهاتەیەکی نیمچە بەرەی سیاسی، لەدەست دەدا. لەناو خۆیدا، لەبری هەنگاوهەڵگرتنی زیاتر بۆ گەشەپێدانی یەکێتی، لە نیمچە بەرەوە، بەرەو بەرەی راستەقینە، لە چارەسەرکردنی ئەقڵانی ناکۆکیەکاندا، لەگەڵ پارتیو سۆسیالیستو پاسۆک، گەیشتە بنبەست. حیزبی شیوعیش متمانەیان بە یەکێتی، لاوازتر بوو. ئەم دۆخە، باڵەکانی ناو یەکێتی، لە کرانەوەوە گۆڕی بۆ گرژیی ناوخۆیی. بۆ هەستیاریی بەرامبەر بیری جیاواز! لەدوا سەرەنجامیشدا بۆ سەرکوتکردن!!

کێشەی گەورەی یەکێتی، ئەوە بووە، هەمیشە لەدەرەوەی چوارچێوەی خۆیدا، نەیارەکان، یان ئۆپۆزسیۆنی دەخستە دەرەوەی بازنەی نیشتمانی-دیموکراسییەوە. بۆیە، بەردەوام تفەنگەکانی دژی نەیارەکانی گەرمو گەرمتر دەکران.

بەردەوام، ئۆپۆزسیۆنی یەکێتی، لەسەر کەلی شەیتان دادەنرانو کارگەی تۆمەت هەڵبەستن دوا جۆری تۆمەتو جنێوی سیاسی بۆ هەڵدەبەستن. بۆیە هەموو کاتێک هێزی یەکێتی ئاسان بوو سەنگەر لە نەیارەکانی یەکێتی بگرێ. لەناو پەروەردەیەکی سیاسی-ئایدیۆلۆژی وادا، بێگومان، نەیار نەفرەتلێکراوە. کوشتنیشیان حەڵاڵ دەکرا. ئیتر سیاسەتی یەکێتی، بەردەوام دژی نەیارەکانی شەڕەنگێزانە بوو. بۆیە ئاسانترین بڕیار بۆ یەکێتی، ئەوە بووە بڕیاری شەڕ دژی هەر لایەک ویستبێتی، بدات. ئەم چەشنە رۆحی شەڕەنگێزیە، رەنگدانەوەی رۆحیەتە قوواڵە دەستکارینەکراوەکەی شەڕەنگێزی، تا رادەی درندایەتی، ناخی چەپێنراوی لەمێژینەی کوردەواریە. ناخی کوردەواری، جۆشەنی زەبروزەنگی دەستکارینەکراوی سەدەکانی ناوەڕاستە. بە روواڵەت، قۆناغی وا هەیە، ئایدیۆلۆژیەتی خوازراو، یان لافلێدانی دیموکراسی، یان پەیمانی نوێگەری، ئەو ناخە چەپێندراوە، دادەپۆشێ. بەڵام روداوێکی بەسە، روواڵەتە داپۆشراوەکە هەڵبداتەوەو ناخە داپۆشراوەکەی زەبروزەنگ، درندە درندە، بێتەوە کایەی ململانێکان.. سەرکردایەتیو کادرەکانی کۆمەڵە، دوای هەژمونگەری سێهەمین کۆنگرەی نەوشیروان، نوێنەرەوەی سەرهەڵدانەوەی ئەو ناخە چەپێنراوە بوون، کە بە بەرنامە، بە هێزی عەسکەری، بە توانای راگەیاندن، بە دەستەمۆکردنی پلەو پۆست، بە داهۆڵکردنی کادرە هەلپەرستەکان، توانییان، دوا وزەی بیری جیاواز، لەناو کورەی پلینیۆمدا، بسوتێنن.

دوو ئاڕاستەی ناکۆک، بە رەگو ریشەی ناکۆکیەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلولەوە، کەوتنە بەرامبەر؛ کەمترین بیر لە چارەسەری سیاسی دەکرایەوە، زۆرتر سیاسەتی پاکتاوی عەسکەری زاڵبوو.

ئەم دوو ئاڕاستەیە.. یەکێتی بەتەنها. لەبەرامبەردا پارتی-سۆسیالیست-پاسۆک، پێکەوە. وا کەوتنەوە کە:

یەکێتی دەیویست، بە مۆدێلی نوێ خۆی بنوێنێو کاژی قۆناغی جەلالی لەخۆی دابماڵێ. کۆتاییهێنان بە شۆڕشی ئەیلولیش بکاتە پلاتفۆرمی سیاسەتی قۆناغەکە، هەتا زۆرترین لایەن، لە بەرەی خۆیدا کۆبکاتەوە.

پارتیش.. کێشەی شکستی جەلالیەکانی لەپاڵ حکومەت زەق دەکردەوەو بەهۆی ئەو دۆخەی شەڕی ناوخۆوە، سەرباری هەڵەکانی یەکێتی، لایەنەکانی سۆسیالیستو پاسۆکی لەخۆی نزیک دەخستەوە؛ شیوعیەکانیشی کەمەندکێش کردە لای خۆیان. بەمەش کاریگەری سیاسەتی جەلالیەکان، زیانی زیاتر بوو لە کاریگەری شکستی شۆڕشی ئەیلول!

لەم ململانێیەدا، یەکێتی نەیتوانی، هەرەسپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول بکاتە قۆناغی وەرچەرخان بۆ شکستپێهێنانی پارتی، وەکو هێزێکی سەرەکی.

پارتیش نەیتوانی، بە تۆمەتی جەلالیەت، یەکێتی تێکبشکێنێ. بەڵام توانی، بەرەی لایەنە سیاسیەکان لەدەوری پارتی بەهێز بکات. د.مەحمود و لیژنە ئامادەکاریەکەشی چوونەپاڵیان!

سەرەنجام، یەکێتی تەنها باڵەکانی ناو یەکێتی بۆ مایەوە. ئەمەش مام جەلال‌و نەوشیروانی تەواو دڕدۆنگ کرد. بەهەموو نرخێک هەوڵیان دەدا، یەکێتی لەناو خۆیدا، هەتا رادەی تاساندنی ئازادی لەناو یەکێتیدا، بپارێزن. ئازادی ئەدەب‌و شیعرم مەبەست نییە! ئازادی ئایدیۆلۆژی‌و سەربەخۆیی بیرکردنەوە دەڵێم!!

ئەم کێشەگەلە سیاسی–سایکۆلۆژییە هەستیارانەی کە رەگ‌وریشەیان بۆ ناوەڕاستی شەستەکان شۆڕدەبوەوە، بە شەڕی عەسکەری‌و ساردی سیاسی، هەتا کیمیاباران‌و ئەنفالەکان، بەردەوام بوو. بەمەش دەرکەوت، ناکۆکیە خۆییەکان، هەتا هەڵکەوتنی دۆخی بابەتیی سەروبەندی ئەنفال، کە مەترسی لەناوچونی هەموو لایەنەکانی خوڵقاند، تا ئەوکاتە بە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، کێشە ناوخۆییەکانی هێزە ناوخۆییەکان چارەسەر نەکران. بەڵام کە کیمیاباران‌و ئەنفال، هاوکات ترسی راگیرانی جەنگی عێراق–ئێران، هاتەپێشەوە، ئەو حەلە، لەسەر داروپەردووی کارەساتەکان، بیر لە چارەسەری سیاسی کرایەوە. واتا: شەقی زەمانە یەکیخستن، نەک هۆشی نەتەوەیی بااڵ ڕێکیخستبن!!

پەیوەند بە دۆخی ناوخۆی یەکێتی، ئەو گرژییەی باسمان کرد، کە لەناویا دروست بوو، نائومێدییەکی زۆری لەناو یەکێتیدا، کە یەکێتی بکرێتە بەرەی فراوان، دروست کرد. بەڵکو یەکێتی دەستبەرداری ئەوەش بوو، بکرێتە بەرەی کوردستانی. بۆیە، وەکو یەکێتی، چونە ناو بەرەی کوردستانی.[*] بە چونە ناو بەرەی کوردستانی، فەلسەفەی سیاسی یەکێتی، کە لەسەرەتاوە لەپێناویا دامەزرا، ئەویش پەرەپێدانێتی بەرەو بەرەی فراوان، کۆتایی هات. هاوکات دروستکردنی لەشکری شۆڕشگێڕیش تەواو بوو. ئەو ئامانجەش

* ئەوکاتە ئااڵی شۆڕش لەدەرەوەی پرۆسەکە بوو!

که کۆمەڵە بکرێتە حیزبی پێشڕەو، لە سێهەمین کۆنفرانسدا، هەناسەی لێبڕا. تەنها هێندەی مابوو، کۆمەڵە بنێژرێ!

ئەو هەموو پاشەکشەیە، هەتا رادەی شکستی فەلسەفەی دامەزراندنی یەکێتی لە بەدیهێنانی ئاواتەکانی، هێدی هێدی، متمانەی خەڵکی وەکو سەرەتاکانی دامەزراندنی یەکێتیو بەرپابونی شۆڕش، کەمدەکردەوە. پەیوەندییە ئۆرگانیکیەکەی باڵەکانی یەکێتیش، کاریگەری نەما. هەتا گەیاندیانە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەو ناشتنی لەسەر سنوری دوو بەشی کوردستان.. ئیتر مەسەلەی کورد لە یەک مەسەلەوە، کرایەوە چوار مەسەلە!! چونە سەر پەندەکەی پێشینان: کورد بە بادانەوە ماوە!!

(١٣)
راپەڕین.. هەڵەی پتر !

راپەڕین.. دۆخی وەرچەرخانی کوردستان بوو، لە خەباتی شاخەوە بۆ شارو شارستانی. یەکەمین رووداوی سیاسیشە (٢٩) ساڵە بەردەوامە. تاڕادەیەک، بۆ ماوەیەک هێز خراوەتە خزمەت دەسەڵاتی سیاسی. نەک دەسەڵاتی سیاسی، بخرێتە خزمەت هێزی چەکدار. وەکو هەمیشە لە شاخدا، بەتایبەتی لەدوای ١٩٦٤وە، وای لێکراوە.

ئەم هەلە، بە قوولکردنی ڕێساکانی حوکمڕانی مەدەنی، بەرە بەرە، ڕەنگبوو، دۆخی ئاڵۆزی ناو یەکێتی، ئارام بکاتەوە. بەتایبەتی ئەگەر یەکێتی، جیاکاری لە دەسەڵاتی یاساڕێژیو تەنفیزیو دادوەریدا کردبا! بەرپرسەکانی خستەبایەتە ناو پەرلەمانو حکومەتیشی بۆ کارزان تەرخان کردبا. سەپاندنی دەسەڵاتی حیزبی بەسەر هەر سێ دەسەڵاتە تەشریعیو تەنفیزیو دادوەری، مەترسیدارترین هەڵە بوو، کە یەکێتیو پارتی، ئەنجامیاندا!

هەلێکی گەورە بوو، یەکێتی بتوانێ هەڵە سیاسیەکانی شاخ لە شاردا، بە داڕشتنی بەرنامەیەکی سیاسی-مەدەنی-دادپەروەری، بگۆڕێ. بەو ئومێدەش ئاڵای شۆڕش، شوراکان، دەیان نوسەرو تێکۆشەر، لەدەوری یەکێتی کۆبونەوە. بەڵام ڕۆژگاری سیاسی دەریانخست، کە نەمانی کۆمەڵەو کۆتاییهاتنی خەونەکانی یەکێتی، کە ببێتە بەرەیەکی سیاسی فراوان، کێشەی ستراکچەری بۆ یەکێتی قوولکردەوە، (لە هەمانکاتدا،

بەهێزبونی پارتیو پاوانکردنی هەولێر-بادینان) خراپ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتو خۆرکەی دەستەگەری لەناو یەکێتیدا، درێژەدانی هەمان هەڵە بنچینەییەکانی شاخی یەکێتی بوو، کە ماوەیەک بە سەرکەوتنی عەسکەریو سەرکوتکردنی ئازادیەکانی سنوری دەسەڵاتی یەکێتی، داپۆشرابوو. بەڵام، ئەم جۆرە داپۆشینەی هەڵە بنچینەییەکانو سەرکەوتنە عەسکەریەکان کاتییە. لەبنەوە، زیانی هەڵە بنچینەییەکان، وەکو ماکی برینێکی قوول، کاریگەرییەکانی هەر تەشەنە دەسەنن. هەتا دوا زیانی خۆیان دەگەیەنن!!

مانەوەی هەڵە بنچینەییەکانی شاخو لەدەستدانی هەلی سیاسی-شار، بۆ پیاچونەوە بە هەڵەکانو داڕشتنی سیاسەتێکی دیموکراسی-مەدەنی-دادپەروەر لە شاردا، هەڵەی کۆنو نوێی لەسەریەک کەڵەکە کردو پەنگیان خواردەوە. لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی دوای راپەڕین، روەو خەباتی یاسایی‌و مەدەنی، ناکۆکیو هەڵە بنچینەییەکانی شاخو شار، خەریکبوو لە سالّی یەکەمی راپەڕیندا بتەقێنەوەو یەکێتی لەبەریەک هەڵوەشێتەوە! بەڵام بە سازانی کاتیی تەکەتولەکان لەناو خۆیاندا، دەرگا کرایەوە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی تەکەتول‌و جەمسەرەکانی ناکۆکیەکانی ناو یەکێتی. بەڵام ئەم سازانەی تەکەتولەکان بەشێوەیەکی کاتیی، تەنها کێشەکانی ناو یەکێتی سڕ کرد. بناغەشی دانا، گیانی دەستەگەری‌و پێشێلکردنی دیسپلین‌و پرەنسیپەکان، خراپتر لە دۆخی جیابونەوەی سۆسیالیست‌و ئالای شۆڕش، سەرهەڵبدات. بە قوولبونی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی، چارەیەک لەبەردەم مام جەلال-نەوشیروان نەما، هەردوکیان جڵەویان بۆ تەکەتولەکان شل کرد. لەمەشەوە نەوشیروان بە پەرێزەوە چووە سەر کەلی جیابونەوە، هەتا هەلی جیابونەوەی بۆ هەڵکەوت. هەوڵیشیان دا کێشەکانی ناو یەکێتی، ماوەیەک هەڵپەسێرن، لەبەر هەڵبژاردن‌و پێکەوەنانی حکومەت‌و پەرلەمان، بەڵام ئەمەش چارەسەری کێشەکانی ناو یەکێتی نەکرد. تا گەیشتنە ئەو رادەیـە، تەنانەت لە یەک هەڵبژاردنیشدا، یەکێتی لە کوردستاندا، بەسەر پارتیدا سەرنەکەوت، لەسەر بنچینەی هەڵەکانی شاخ، هەڵەی جۆراوجۆریش لەشاردا هەڵچنران:

- مانەوەی سیستەمی حوکمڕانی دواکەوتوو.
- مشەخۆری‌و بیرۆکراسیەت.
- فرە لەشکریی‌و بەخێوکردنی بازرگانی شەڕ.
- سزانەدانی گەندەڵکاران‌و بەرزکردنەوەی پلەکانیان.

- دانەنانی کەسانی شایستە لەشوێنی شایستە.
- بنبڕنەکردنی دەستەگەریو سازدانی کۆنگرەی بە سازانی تەکەتولەکان.
- ڕێگەدان بە هێزی چەکداری تایبەتو بەکارهێنانی فشاری عەسکەری، بۆ دەستکەوتی دەستەگەری حیزبیو حوکمڕانیو پەرلەمان!
- تاڵانکردنی موڵکی گشتیو تاپۆکردنی دەیان هەزار دۆنم زەوی، بە نارەوا لەسەر بەرپرسەکان.
- زاڵکردنی گیانی هۆزایەتی بەسەر ئەرکی مەدەنی.
- ڕێ دان بە توندوتیژی دژی ژنانو پەراوێزخستنی ژنان.
- بێبایەخ کردنی پێگەی کرێکارانو رەنجدەران.
- خزمەت نەکردنی کەمئەندامانو دانەڕشتنی بەرنامەی بوژانەوەی گوزەرانیان.
- لاوازی خوێندنی هاوچەرخو پاشکۆیی زانکۆکان بۆ دەسەڵاتی حیزبیو حوکمڕانی!
- پەرە پێنەدانی ژێرخانی ئابوریو پەراوێزخستنی ئابوری کشتوکاڵ.
- نەگۆڕینی سیستەمی حوکمڕانیو نەنوسینی دەستوری هەمیشەیی.

ئەو ئەرکانە، ئەرکە دیموکراسیەکانی پارتە سۆسیال-دیموکراتەکانن. مەخابن، یەکێتی لە بەدیهێنانیان، ستراتیژێکی جیاوازی لە ستراتیژی لایەنەکانی تر، نەبوو. بەڵکو لە هەندێ ڕووەوە لە لایەنەکانی تریش دواکەوت!

ئێستا لە (٣٠) ساڵی دوای ڕاپەڕین نزیک دەکەوینەوە. گەیشتینە سەردەمی سۆسیال-میدیا. یەکێتی لەناو بازنەیەکی داخراودا، لە سێ دەهەی ڕابوردودا، نەهێنرایە دەرەوە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، یەکێتی کەوتۆتە خۆخواردنەوە. لەبری پێگەی نەیار خواردن. دوا کۆنگرە، جگە لە باسکردنی پلەو پۆست، نە ڕاپۆرتی سیاسی هەڵسەنگێندراو، نە بە یەک ڕستەش قسە لە بەرنامەی یەکێتی کرا. ئەوەی لەهەموو کۆنگرەکان یەکێتیدا ڕووی نەدا، لەچوارەمین کۆنگرەدا ڕوویدا. ئەویش ئەوەیە کە لەسەر ڕێژەی دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، ڕێژەی ئەندامانی کۆنگرە دیاریکران و سەرکردایەتی یەکێتیش بۆ مەڵبەندەکان هەڵبژێردران. کە ئەمە لەپارتە هەرە لیبڕاڵەکانی دونیادا ڕووی نەداوە. لەوەش سەیرتر، لیستی دەنگدان ئامادەکرابوو، مەرج دانرابوو کە ئەندامانی کۆنگرە دەبێ (١+٥٠) دەنگ بدەن. واتا ناکرێ هیچ ئەندامێکی کۆنگرە بە لەنیوەی کەمتری کاندیدەکان، هەڵبژێرێت. لەمەشدا، ڕێسایەکی سەرسوڕهێنەر دانرابوو، ئەندامانی کۆنگرە، ناچارکرابوون، مەڵبەند مەڵبەند، دەنگ بەکاندیدەکان بدەن. لەوەشدا ئەندامانی کۆنگرە، ئازادی لێ زەوتکراو ناچارکراوە،

دەنگ بەنیوەی ئەو کاندیدانە بدات کە لە لیستی مەڵبەندەکاندا خۆیان کاندید کردبوو. واتا ئەندامانی کۆنگرە، بیەوێ و نەیەوێ، دەبێ دەنگ بەنیوەی کاندیدەکان و مەڵبەندەکان بدات. بەمەش سەرپشکی بۆ هەڵبژاردنی کاندید زەوتکرابوو. بەپێی ئەم ڕێسایەبێ دەبوایە هەر کاندیدێک نیوەی کەمتری دەنگی کۆنگرە بهێنێ، دەرنەچێ. کەچی کەمترین ئەندامی سەرکردایەتی نیوەی دەنگەکانی کۆنگرەیان هێناو کراشنە ئەندامی سەرکردایەتی!!

چالاکی هەموو لایەنێکی سیاسی، لەناو گۆڕانکاریەکاندا، لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی گۆڕدراوی حیزبەکان دەکرێ. بەرنامەی حیزبێکیش، لەناو ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی جیهان، ئیقلیم، چینەکان، زهنیەتی ڕای گشتی، سۆسیال–میدیاو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکاندا نەگۆڕدرێ، مەحاڵە هیچ حیزبێک بتوانێ، باشتر لە ڕابوردوو، کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دابنێ.

شانازیەکانی ڕابوردوو، هەر دوو–سێ ساڵێک بڕ دەکات! سەرەنجام گۆڕانکاری هەمەلایەنە بەردەوامە. یەکێتیش،بەرنامەکەی، پێکهاتەکەی، دینامیکیەتەکەی، لە ئاستی سەردەمە نوێکە نەگۆڕدرا. بەڵکو کێشەکانی بەسەریدا زاڵن! ساڵەهایە لەناو خۆیدا، خۆی دەکرۆژێ!

یەکێتی، بەهۆی هەڵە بنچینەییەکانی شاخو شار، لەناو بازنە داخراوەکەیدا، قەتیس مایەوە. بۆیە ساڵەهایە، هێندەی ڕەخنە لەسەر یەکێتی هەیە، زۆر کەمتر ستایش دەکرێ. ئەم دۆخەی یەکێتی تێیکەوتووە، بە پروپاگەندە، میدیا، سایتی ساختەو قەبەکردنی کێشە سیاسیەکانی نەیارانی، دەربازی نابێ. بەڵکو زیانی زۆرتر دەکات.. خەریکە مایەی شانازییەکانی شاخیش لەدەستدەدات!! ئەگەر، یەکێتیی فریای چارەسەرکردنی هەڵە بنچینەییەکانی لە: هزر، فەلسەفە، پێکهاتە، بەرنامەی گۆڕانکاریو دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەکەوێ، بەخێراییەکی پێوانەیی، دۆخی لەناوخۆیداو لەناو جەماوەرداو لەناوچەکەشدا، خراپتر دادەتەپێ! ئەگەر دوچاری ڕوداوی نەخوازراویش نەبێتەوە!!

حیزب لەسەر بنچینەی چاک کردنی هەڵە بنچینەییەکانی کۆنو نوێ، دەگۆڕدرێو پێشدەکەوێ. نەک بە قوولکردنی کێشەی لاوەکیو گەوجاندنی سیاسی. گۆڕانکاری لەسەردەمێکی وەکو ئێستای جیهانگیری، لە گەوهەردا دەبێ بێتەدی. نەک لە ڕواڵەتدا. گەوهەریش، بەرنامەی حیزبو کاریگەرییە لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو پرۆسەی سیاسیدا.

ئەگەر لە شاخدا، گەوجاندنی خەڵک، لەسەرکۆتکردنی ئازادیدا سالّەهای خایاندبێ، لە شاردا گومڕاییو گەوجاندن، مانگێکیش بڕ ناکات. ڕەوتی ڕەخنەگری بەهەڵوێستی ناو یەکێتی، باجی شاخو شارمان داوە. بەڵام هەڵوێستمان نەدۆڕاندووە. یەکێتی وریای چارەنوسی خۆی نەبێ، بواری پینەوپەڕۆی کەمی لەبەردەمدا ماوە. چۆن لە شاخدا، شانازیکردن بە شکاندنی بیروڕای ئازاد، یەکێتی لە مەیدانەکەدا تەریک هێشتەوەو لەناو خۆیشیدا، فەلسەفەی سەرەتاکانی دامەزراندنی لەدەست دا؛ لە شاریشدا، کە فەلسەفەی حوکمڕانی دیموکراسی-دادپەروەر لەدەست بدات، مەترسیدارە. گەلێ مەترسیداریشە! چونکە میللەت لەدەست دەدا!!

لە سەردەمی مام جەلالدا، خۆی سەرۆکی عیراق و سەرۆک وەزیرانی کوردستانیشمان هەبوو (د. بەرهەم) بە حوکمی چارەسەرنەکردنی کێشە ناوخۆییەکانی نەبوونی حوکمڕانی دادپەروەر، یەکێتی نیوەی دەنگەکانی لەدەست دا. لەدوای مام جەلال، ئەگەر لەسەر سیاسەتی نەگونجاو لەگەڵ گیانی سەردەمەکە، یەکێتی بەردەوام بێ، هەڵدەدێرێ.

لە سەردەمی کۆرۆنادا، خەریکە، هەموو ئەو سیاسەتانەی لەسەر بنەمای سەرکەوتنی عەسکەریو داگیرکاریو نادادپەروەری، بەدی هێناون، ئەوەتا، کۆی ئەو سیاسەتانە بۆ دەوڵەتە گەورەکان هەرەس دێنن. راسیزم پاشەکشە دەکات، پۆپۆلیزم، لاواز دەبێ، چەپی دیموکراسی گەشە دەکات، چەپیش، نەک حوکمڕانی راستڕەوی ئێستای قبوڵ نییە.. بەڵکو پەیکەرە مێژوویییەکانی هێمای سەرکەوتنی ناسیۆنالیستی ڕۆژئاواییش، لە گۆڕەپانەکاندا، خەریکە وردو خاش دەکەن.

ئەمە حوکمی مێژووە، کە دادگای مێژوویی سەرلەنوێ دادەنێتەوە؛ سەری سەرکەوتووەکانی کۆلۆنیالیزم شۆڕ دەکاتو دەروازەی خەباتی نوێی سیاسیو ئایدیۆلۆژیش، بۆ نەوەی ئێستاو ئایندە.. دەخاتە سەر پشت! بۆیە یەکێتی، کە لەقوناغی دوای ڕاپەڕینیشدا، بەرە بەرە لاواز دەبێ، لەم قۆناغەی پۆست کۆرۆناش، بەقوولّی بەخۆیدا نەچێتەوەو هەڵە بنچینەییەکانی پێکهاتەو سیاسەت و کردەوە زیانبەخشەکانی ڕاست نەکاتەوە، بێگومان زۆر خێراتر لەسالّانی ڕابردوو، پاشەکشە دەکات. بەدووری نازانم دۆخی یەکێتی بەم چەشنەی ئێستای بەردەوام بێ، بگاتە دۆخێک نائومێدی سیاسی بەسەر ئەندامان و دەنگدەرانیدا زاڵ بێ! ئەمەش مەترسیدارترین دۆخی سیاسییە!!

لەو دۆخە سیاسی-حیزبییەدا، با کەمێک بچینە دەرەوەی یەکێتیو ئەڵتەرناتیفەکانیش، شەنوکەوێک بکەین!

(١٤)
گۆڕان؛ باری نەڕەخساوی بابەتیی

بزوتنەوەی سۆسیالیستو ئالای شۆڕش لەناو یەکێتی، زەحمەتکێشان لەناو حیزبی سۆسیالیستدا، لە کۆڕی خەباتی چەکداریدا، جیابونەوە:

– جیابونەوەی سۆسیالیست، شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوەو بەرەی پارتی بەهێزکرد.

– جیابونەوەی ئالای شۆڕش، شەڕی لێنەکەوتەوەو هەوڵماندا، لە شەڕی ناوخۆدا بێلایەن بین، دەرکەوت، ئازادی بۆ بێلایەنیش نەبوو!

–زەحمەتکێشان، دوای ململانێی ئایدیۆلۆژی–سیاسی، لە سۆسیالیست جیابونەوە. رووبەڕووی سیاسەتی سەرکوتکردن بونەوە. بەڵام جەزرەبەی توندیان بەرنەکەوت. واتا: سۆسیالیست لە یەکێتی لە چارەسەری کێشەی جیابونەوە، نەرمتر بوون.

دوای راپەڕین، ئاسەواری کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناو شاخی یەکێتی، لە یەکەمین کۆنگرەوە، لە جیابونەوە نزیکخرایەوە. بەڵام بە سازانێکی کاتیی تێپەڕی. ئەم سازانە، دەرگای کردەوە سەرکردایەتیەکی لاواز لەناو یەکێتیدا، هەڵبژێردرا. گرفتەکانی ئەم سەرکردایەتیە لاوازە، لەژێر کاریگەری کێشە چارەسەرنەکراوەکانی شاخو پاشان، ئەرکە نوێکانی شاردا، لە شادەمارەکانی یەکێتیدا، تەشەنەیان سەند. سالّ بە سالّ، رەنگی ناکۆکیەکانیان مەترسیدارتر دەکرد.

لەدوای راپەڕینەوە، رووداوی سیاسی نوێ، شێوازی حوکمڕانی، کارئەکتەری دەسەڵاتداری تازە، هاتنە سەر شانۆی سیاسیو کەوتنە ناو ناکۆکیە کۆنو نوێکانی یەکێتی.

لەم قۆناغەدا، کێشەی نێوان سکرتێری گشتیو جێگرەکەی، زەقتر دەرکەوت. رەوتی دەستەگەری برەوی پێ درا. سێ دەستە، خەریکی دەستەگەری بوون. مام جەلال، لەسەروی دەسەڵات، ئیدارەی دەدان.

– دەستەی یەکەم.. مەڵبەندی سلێمانی.

– دەستەی دووەم.. هاوپێناوەکانی نەوشیروان. بەڵام هەموو ئەوانەی شاخ لەگەڵیدا نەمانەوە.

– دەستەی سێهەم.. لەبەرامبەر ئەواندا سەریهەڵدا، تەکەتولی سەرۆک وەزیران (کۆسرەت رەسوڵ).

دەستەگەری یەکەم. عومەری سەید عەلی، لە مەڵبەندی سلێمانی، لە پاشماوەی تەکەتولی زیندانو ڕەوتێکی سەرهەڵداوی دوای ڕاپەڕین، خۆیان دەنواند. چالاکیش بونو مام جەلال بە هەموو توانایەکەوە پشتیوانی دەکردن. بەڵام بەهۆی چەندین کادری بەرجەستەی پەیڕەوانی سیاسەتی نەوشیروان، ئەم دەستەیە، دەستەمۆ کرابوون، لەپاڵ مام جەلالداو بە پشتیوانی مام جەلالیش، کاری خۆیان دەکرد، هەتا لە هەڵبژاردنی مەڵبەندەکاندا پێش جیابونەوەی گۆڕان، ئاشکرا بوون.

دەستەگەری دووەم.. نەوشیروانو ئەوانەی لەژێر کاریگەریدا بوون، بیروڕایان دەگۆڕیەوە. پەیوەندی ویژدانییان هەبوو. بەرە بەرە، پەرەی سەند بۆ ڕەوتی سیاسیو ڕێکخراو لەدەرەوە بەناوی چاک. بەشی زۆری پەیڕەوەکانی لە شاخ، لێی هەلگەڕانەوە! بەڵام لە شاردا زۆرتری لێ ئاڵان! ئەم دەستەیەو دەستەی یەکەم، لەڕووی بابەتییەوە هاوئامانج بون. سەرەنجام، بەهۆی خراپ ئیدارەدانی یەکێتی و تەشەنەسەندنی گەندەڵی و زیاتربوونی ناڕەزاییەکانەوە، نەوشیروان بەزیرەکی خۆیەوە، دەستەی دووەمی قوتدا.

دەستەگەری سێهەم. سەرۆک وەزیران (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی)، بە پێگەی خۆی لە دوو ئاڕاستەدا.. حکومەتو هەولێر، کاریگەر بوو. تەنانەت ماوەیەک لە دەستەگەری نەوشیروانیش کاریگەرتر بوو.

ئەم سێ ئاڕاستەیە، لەنێوان یەکەمینو دووەمین کۆنگرەی یەکێتیدا، لە جموجۆڵی نیمچە ڕێکخستنی جیاجیا، لەناو یەکێتیدا نیمچە سەربەست بوون. هەر سێ ئاڕاستەکەش، بە ناوبانگی یەکێتی، هێزی یەکێتی، داهاتی یەکێتیو ڕاگەیاندنی یەکێتی، خەریکی جموجۆڵ بوون. لە لوتکەدا مام جەلالیان قبوڵ بوو، لە دامێنیشدا تەکەتولی خۆیان بەهێزدەکرد.

مام جەلال.. لەبەرامبەر تەکەتولو ململانێدا، پشووی درێژ بوو. بەڵکو کاتێک سەری جەمسەرەکان، هێز و پارەو پێگەی ڕێکخستنیان دروستکرد. مام بواری بۆ دەڕەخساندنو دنەشی دەدان، بەبێ لێپێچینەوە، درێژە بە تەکەتول بدەن. پێی وابوو، هەتا ناکۆک بن، ناچار دەبن هانا بۆ سکرتێری گشتی ببەن. بەڵام وەکو سکرتێر، شادەمارەکانی توند گرت. وەکو:

١- داهاتی ڕەسمی یەکێتی کۆنترۆڵ کرد.

٢- هێزی ڕەسمی یەکێتی گرتەدەست.

٣- ڕاگەیاندنی ڕەسمی یەکێتی، ئاڕاستە دەکرد.

٤- دەزگای زانیاری یەکێتی، قفڵ دا.

٥- دوو لیوای پێشمەرگەی تایبەت بەخۆی مەشق پێکردو دەوروبەری خۆی بە هێز تەنی.

لەسەر بنەمای ئەو پێنج ئۆرگانە، لەو باوەڕەدا بوو بڕبڕەی پشتی یەکێتی، بە تۆکمەیی گرتووە. ئیتر بواری دا لەناو ڕێکخستندا، دەستەگەریەکان هەڵبەزنو دابەزن!!

ئەو سیاسەتە، سیاسەتی گرتنی جومگە سەرەکیەکان بە تۆکمەییو سەربەستکردنی تەکەتولەکان، باشتر بوو لەوەی ئازادیەکان سەرکوت بکرێ.. بەڵام تەنها بۆ ماوەیەک.. نەک بەردەوام.. بەڵکو بەردەوامی دەستەگەری گەیەندرایە جەمسەرگەری ئاشکرا. تەنها مابوی بەرەسمی جەمسەرەکان، سەکۆکانیان رابگەیەنن.

ئەم جەمسەرانە، لەدوای راپەڕینو یەکەمین کۆنگرەوە، تەماحی کۆنترۆڵکردنی سەرکردایەتی یەکێتییان هەبوو. هەر لەناو کۆنگرەکەدا، نەوشیروان مستەفا، کێشەو ناکۆکیەکانی لەبەرامبەر مام جەلالدا، قوۆڵ کردو پێی وابوو، دەتوانێ زۆرینەی کۆنگرەکە، بەحوکمی زۆرینەی ئەندامی کۆمەڵەی هەڵوەشاوە، لە کۆنگرەکەدا، بجوڵێنێ. بۆئەوەی ئەمەشی بۆ بچێتە سەر، پێش کۆنگرە پلینیۆمێکی نارەسمی، بۆ کادرەکانی کۆمەڵە، کە دەهاتنە ناو کۆنگرە، سازداو هەوڵیشی دا لەناو کۆنگرەدا چۆنی بوێ، هەڵیان بسوڕێنێ. وای دەزانی وەکو سەردەمی شاخ، کاریزماکەی کۆمەڵەی ماوە!

ڕۆژانی کۆنگرە، دەرکەوت نەوشیروان نەیتوانی، وەکو کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە، جڵەوی بڕیارەکانی بەدەستەوە بێ. هەوڵەکانی پێش پلینیۆمە فراوانەکەی کۆمەڵەش، نەیتوانیبوو خواستی نەوشیروان بەدی بهێنێ. لەبەر چەند هۆیەک:

یەکەم: کۆمەڵە بە ڕەسمی هەڵوەشێندرابوو. نەوشیروانیش بە بەرپرسیاری یەکەمی هەڵوەشاندنەکە دەزانرا. بۆیە، چیکە ئاڕاستەی کادرو بەرژەوەندیان لای نەوشیروان نەمابوون!

دووەم: راپەڕین، ئاسۆی قۆناغێکی نویو دەرگای بۆ دەسەڵاتی حوکمڕانی کردبوەوە. کادرو فەرماندەکانیش، لەشاخدا ماندوو ماندوو هاتبونە شار. چاویان لە گوزەرانو ژیانی سیاسی-کۆمەڵایەتی شار بوو. هەلەکەیان دەقۆزتەوە!! تەنها دەسەڵاتیش بەرژەوەندیەکانی دابین دەکردن! دەسەڵاتیش لای مام جەلال بوو.

سێهەم: سەدان هەزار کادرو ئەندام هاتبونە ریزی یەکێتی، نەوشیروانیش، تا بەستنی کۆنگرە، تەنها شانازیەکانی شۆڕشی هەبوو، هێشتا لە حوکمڕانیداو لە هەڵبژاردندا، توانای دەرنەکەوتبوو. بۆیە، کاریگەریەکانی لەڕووی دەرونیەوە، لە بازنەیەکی تەسکدا مابوەوە. دەزگای ڕاگەیاندنو ئۆرگانی دوای راپەڕینیشی نەکەوتبووە بەردەست، هەتا وەکو شاخ،

هەستو هەڵوێستی زۆرینەی بخاتە ژێر هەژمونگەریەوەو کاریگەری سایکۆلۆژیان لەسەر دابنێ!!

چوارەم: ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی یەکێتیی، لە شاخدا مەفرەزەو تیپو دەیان گوندیان هەڵدەسوڕاند.. کە هاتنەوە شار، دەیان هەزار هەڵسوڕاو، لە دەوری رەمزەکانی یەکێتی، کۆبونەوە، بەتایبەتی لە هەولێر-سلێمانی-راپەڕین- هەڵەبجەو گەرمیاندا.

پێنجەم: هێزی پێشمەرگە، لە سێ-چوار هەزارەوە، بۆ دەیان هەزار پەرەی سەندبوو، دابەشیش بوبوون بەسەر دەڤەرەکانو بەرپرسەکان. تەنانەت پلەوپایە بەخشینیش، بەدەست نەوشیروانەوە لەناو هێزەکەدا، نەمابوو.

شەشەم: مام جەلال، وەکو رەمزی یەکێتیو دیپلۆماسیو کاندیدی یەکەم بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەرامبەر مەسعود بارزانی لەناو یەکێتیدا، مونافسی نەبوو. ئەمەش کاریگەری مەعنەویو سیاسی زۆری هەبوو.

حەوتەم: ناکۆکیو ململانێی یەکێتی-پارتی، لە سەروبەندی هەڵبژاردندا، گەرمووگوڕ بوو. هێزی جەماوەری پارتیو مەسعود بارزانی، بۆ یەکێتی چاوەڕواننەکراو بوو.. بۆیە مەترسییان لە ئەنجامی هەڵبژاردن پەیداکردبوو.

کۆی ئەو راستیانە هاوکات سەرهەڵدانی توێژی بەرژەوەندخوازی دوای راپەڕین، کە بەشێکیان هەر لە تالانکردنی کەرەسەی دەزگاکان لەراپەڕیندا، مڕ بوبوون، وایان کرد نەوشیروان، تەنها لە سەرەتای کۆنگرەدا، مشتومڕێکی گەرمی خستە ناو کۆنگرە. بەڵام وردە وردە، کاریگەریەکەی کەمی دەکردو زۆرینە لەگەڵ هێمنکردنی دۆخی کۆنگرە بوون. سەرەنجامی کۆنگرەکەش، بەپێی بەرنامەی نەوشیروان نەشکایەوە. بۆیە بە بێتاقەتیی گەڕایەوەو ملازم عومەری لەگەڵ بوو هەتا سلێمانی. ئەو شیعرەی نالی وتوێتەوە کە دەڵێ:

نالی مەبە عاجز ئەمە دەورە نە جەورە
ساقی کەرەمی یەک بەیەکە و نۆبە بە نۆبە

چەند جارێک ئەم شیعرەی لەناو سەیارەکەدا لەبەر خۆیەوە وتوێتەوە. نەوشیروان یەکێک لە شارەزا باشەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بوو. شیعرەکەش، نالی مەبەستێتی کە رۆژگار دەوران دەورانە.. هەروەکو پیشینان وتویانە: ئاش بە نۆرە دەگەڕێ. ئەو سەرکەوتنانەی نۆرەی نەوشیروان بوو لەشاخدا، بەدەستی هێنابون. لە شاردا، کە کۆمەڵە نەمابوو، مەیدانی یەکێتی بۆ مام جەلال تەخت بوو.. بۆیە نۆرەی مام بوو. بەڵام،

رقی نەوشیروان بەرامبەر مام جەلال، دوو بەرامبەر شاخ، ئەستوور بوو! هەتا گەیشتە نووسینی سکالاّیەکی هاوبەشی زۆربەی سەرکردایەتی و کادرەکانی یەکێتی بۆ مام جەلال.. داوایان لێکردبوو، ئیتر تەمەنی گەیشتوتە (٧٠) ساڵ، وازبهێنێ، بەڵام بەهۆی هەڵگەڕانەوەی بەشێکی ئەم سکالاّنووسانە و چوونیان بۆ لای مام، مام جەلالیش پشووی درێژ کردوو چارەسەری دۆزییەوە. ئەم سکالاّیە لە (٢٠٠٦)دا سەری نەگرت. بەڵام دوو تەکەتوولەکەی یەکەم و دووەمی نەوشیروان و عومەری سەید عەلی، یەکخستەوە.

ئیتر، لەم "نۆبە بە نۆبە"یەی نالیەوە، نەوشیروان نەخشەی کێشاوە، نۆبەی بێتەوە. لەناو یەکێتیدا تا توانیویەتی کێڵاویەتی. کە دڵنیا بوو، دوای هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان (٢٠٠٨) ناتوانێ نۆبەی بێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی یەکێتی، هەروەکو چۆن کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کرد. ئیتر بڕیاری دا لە یەکێتی جیابێتەوە، تەوقیتی جیابونەوەکە، لەناو یەکێتیدا وەکو جیاوازی ڕێبازی سیاسی، بۆی گونجاو بوو. بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان، هەلومەرجی بابەتیی بۆ بزوتنەوەیەکی پۆپۆلیستی وەکو بزوتنەوەی گۆڕان، نەڕەخسابوو. چونکە:

- قەیرانی دارایی نەبوو.
- موچەی مانگانە دەدرا.
- ئاوەدانی لە هەموو شارو شارۆچکەکان هەبوو.
- پرۆژەکان هەتا دەهات، زیاتر دەکرا.
- پێگەی هەرێم، لە جیهانو ناوچەکەو عێراقدا، بەهێز بوو.
- کاریگەری گۆڕان، زۆرتر لە سلێمانیو دەڤەری سەوزدا بوو!
- گەندەڵییش چەشنی ئێستا تەشەنەی نەسەندبوو!!

بێگومان بزوتنەوەی گۆڕان، بەشێکی ڕەخنەکانیان دروست بوو. دیاردەی گەندەڵی هەتا دەهات تەشەنەی دەسەند. بەڵام شێوازی ڕەخنەکانی گۆڕان لەناو یەکێتیدا، مام جەلالی دەترساند کە کێشەکان قوواڵتر بکات. کەچی یەکێتی نەک لە قووڵتربونی کێشەکان رزگاری نەبوو، بەڵکو دوچاری جیابونەوەش بوو. سەرکردەی ماندووی یەکێتی چوونە ریزیان، هەروەها ڕێژەیەکی باشی ئەندامو کادری یەکێتیش، کە ئەوکاتە بە (٢٣٪) خەملێندران. (٢٥) کورسیشیان هێنا. بەرنامەی گۆڕانکاریان مایەی قبوڵکردنی بەشێکی خەڵک بوو. بەڵام ئەو ڕاستیەش ڕۆشن بوو کە، ئەگەر نەوشیروان مستەفا، لە ڕابەرایەتی بزوتنەوەکەدا نەبا، هەرگیز ئەو سەرکەوتنەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەدەست نەدەهێنا. بەڵکو ئەگەر نەوشیروان بڕیاری جیابونەوەکەی نەدابا، بزوتنەوەی گۆڕان بەو فۆرمو بەو تەوژمەو بەو هەڵمەتە فراوانەی ڕاگەیاندن، هەر ڕوی نەدەدا.

نەوشیروان، شێوەو شێوازی سیاسیو هەڵمەتی دەرونی جیاوازی، لە دامەزراندنی گۆڕاندا لەچاو مێژووی سیاسەتی نەوشیروان گرتەبەر. وەکو:

یەکەم: پشووی درێژ کرد و (١٨) ساڵی ڕەبەق، لە ١٩٩١ وە بۆ ٢٠٠٩، ململانێی کرد. بۆئەوەی بشتوانێ، کێشە لەخۆی دووربخاتەوە. ساڵانێکی زۆر، لە کوردستان دوردەکەوتەوە. لەو ساڵانەدا، نەرم نەرم، تۆوی جیابونەوەی دەوەشاندو رقێکی سیاسی-حیزبی بێڕادەی پەرە پێدا!

دووەم: خۆی لە جیاکردنەوەی هێز دوورخستەوە. چونکە دڵنیابوو بەهێز دەرەقەتی یەکێتی-پارتی نایەت.. مام جەلالیشی دەناسی، چاوی لە هەموو ململانێیەک دەپۆشی، بەڵام جیاکردنەوەی هێز هێڵی سوور بوو لای.(*)

سێیەم: جیاکردنەوەی نەخستە قاڵبی فۆرمی حیزبایەتی کلاسیکیەوە. بەڵکو بە ئاڕاستەی ناو جەماوەر، فەلسەفە سیاسیەکەی داڕشت.

چـوارەم: بزوتنەوەی گۆڕانی، لە فۆرمیلایەکی نوێدا ڕێکخست. وزەی ناڕەزایی جەماوەری ئاڕاستەی دەکرد. بەبێ ئەوەی لەبەرامبەردا هیچ بەڵێنێ بدات. واتا: زۆرتر ئەرکی دەسپاردو قسەی لە مافی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەکە نەدەکرد.

پێنجەم: متمانەی لەناو هەڵسوڕاوانی گۆڕاندا، بۆ پشت بەخۆبەستن لەسەرەتاوە دروستکرد. بەڵام کە ململانێکان پەلوپۆی سیاسیو جەماوەریو ڕاگەیاندنیان هاویشت، کە زانی ڕاگەیاندنەکەیان، خەریکبوو، کێشەکان لە گرێژنە دەترازێنن.. ئیتر هەستی بە مەترسیەکان کرد. سەرەتا ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)ی داخست.. پاشان تەلەفزیۆنی (K.N.N) یشیان داخست.

شەشەم: لە ١٧/ی شوباتدا، گەورەترین تاقیکردنەوەی گۆڕان، سەرەڕای کاریگەری یەک مانگ، لەسەر شەقامی سیاسی، بەڵام درکی پێکرد، ئامانجەکانی ناهێنێتەدی.. ڕایگرتو دوای ١٧/ی شوبات، نەچووە ژێر باری خۆپیشاندانی گەورەی تری واوە!!

بەرەنجامێکی چڕی ئەزمونی بزوتنەوەی گۆڕان، پێماندەڵێ:

---

* لە ١٧/ی شوباتدا، پارتی هێزی هێنایە سەر گۆڕان. لەناو مەکتەبی سیاسیدا، یەکەمین کەس دژی هەڵوێستم دەربڕی. دوو کەس لەگەڵم نەبوون. لەسەر ئەم هەڵوێستە نەوشیروان محەمەد تۆفیقی ڕاسپاردبوو، سوپاسم بکات، سوپاس. بەڵام دڵنیام، ئەگەر ١٧/ی شوبات سەری بگرتایە، هەر نەوشیروان خۆپیشاندەرانی دەنارد سەر ماڵەکەم. خەڵکیشی تەرخان کردبوو، بەچەکەوە هەڵبکوتنە سەر ماڵومنداڵم. ناوی ئەو کەسەش دەزانم بەخۆیو مەفرەزەیەک چەکدارەوە، ساز بون بێنە سەرم! کە ئەم ڕەگەزە لە بیرکردنەوەی نەوشیروانو هاوڕێ نزیکەکانی دەبینم، مەترسی گەورەم لە ئۆپۆزسیۆنی کورد هەیە. مەترسی زیندووکردنەوەی گیانی زەبروزەنگو درندەیی. هەر واشی لێدێ.. ئەگەر بۆیان هەڵبکەوێ!

ئەوەی لە مێژووی یەکێتی‌و کۆمەڵەدا، بەرامبەر جیابونەوەی حیزبایەتی، نەوشیروان‌و پەیڕەوانی بە تاوانێکیان زانی، لایان ئاسان بوو، پەلاماری ئاڵای شۆڕش بدەن. بڕیاری کوشتنی جەستەیی‌و سیاسیش بدەن. شەڕی سۆسیالیست بکەن، لە پاسۆک‌و حیزبی شیوعیش بدەن.

خۆی‌و هاوبیرەکانی، نەک لەناو یەکێتیدا جیابونەوە، بەڵکو لە حکومەتیش جیابونەوە. پەرلەمانیشیان تەنها بۆ نابوتکردنی حکومەت‌و دەسەڵاتی سیاسی ویست. لەم سیاسەتەشدا، سەرنەکەوتن. ئیدی باییدایەوە، سەرەتا لەژێر فشاری ناوخۆی گۆڕاندا، ویستیان یەکێتی بۆ دوژمنایەتی پارتی، رابکێشنە لای خۆیان. ئەمەیان بۆ مەیسەر نەبوو. گەڕانەوە سەر رەچەڵەکی راستەقینەیان، بە تاکتیک لەگەڵ پارتیدا رێکەوتن.. بەڵکو بتوانن لەناو حکومەتدا، بەڕە لەژێر قاچی یەکێتیدا راکێشن. لەمەشیاندا، ئامانجیان نەهێنایەدی. سەرەنجام رێژەی دەنگەکانیان هاتە سەر نیوە. لەم کابینەیەدا، ئارامتر بوون.. هاوشانی یەکێتی‌و پارتی.. لەکاتێکیشدا.. حکومەت لە قەیرانی داراییدایە. ناڕەزایی جەماوەر، دەیان بەرامبەری ئەوکاتەیە کە گۆڕان جیابوەوە. بەڵام گۆڕان، گۆڕانی جاران نەماوەو کاریگەرییە پۆپۆلیستیەکەی، وەکو هەموو بزوتنەوە پۆپۆلیستیەکانی دونیا، لەسەرەتاوە کاریگەرییان زۆرە.. بەڵام بەرە بەرە کەمدەبێتەوە. بەدڵنیاییەوە، ئەم سیاسەتەی ئێستایان، گەلێ باشترە لە سیاسەتی پێشوتریان. ئەگەر لەسەر ئەو سیاسەتەی پێشوو بەردەوام بونایە، روداوی چاوەڕوانەکراویان دوچار دەبوو!! بە جیابونەوەی نەوشیروان، دەرکەوت کە هێندەی لەگەڵ مام جەلالدا ناکۆک بووە، نیو ئەوەندە لەگەڵیدا رێک نەبووە. ئەوەی کە لە شاخیش دەیویست، پاڵ بە مام جەلالەوە بنێ‌و مام ببێتە وتەبێژی یەکێتی لەدەرەوەی ولات، بۆی نەچووەسەر، ویستی لە شاردا، تەواوی ناکۆکیەکانی لەگەڵ مام، لە دامەزراندنی کۆمەڵەوە، بۆ شاخ‌و بۆ دوای راپەڕین، بە جیابونەوەی گۆڕان، هەموو مەرامەکانی بەدی بهێنێ. بەڕاستی یەکێتی‌و مام جەلالیشی گەیاندە ئاستێک لە خولێکی هەڵبژاردندا تەنها (١٨) کورسی هێنا. بەڵام، لە دوائەنجامدا، گۆڕان‌و نەوشیروان دوا ئامانجیان لە شکستپێهێنانی یەکێتیدا نەهێنایەدی. ئەوانەی ویستیشیان گۆڕان بهێننەوە ناو یەکێتی، ئەمانیش، پێیان نەکرا!! تا ئێرە، ئەگەر یەکێتی لە شاخدا، فەلسەفە نیمچە بەرەییەکەی شکستی هێناو پەرەی پێ نەدرا، بەرەو بەرەی کوردستانی فراوان، کۆمەڵەش نەکرایە پارتی پێشڕەو، لە یەکەمین تاقیکردنەوەی حوکمڕانیشدا، هاوزەمانی راپەڕین‌و قورستربوونی ئەرکەکانی دەسەڵاتداریتی، یەکێتی وەکو حیزبێکیش، پێش حیزبەکانی تری کوردستان، دوچاری

کێشەی دەروون حیزبایەتی بوو. واتا: ئیشکالیەتی قوولّی حیزبایەتی بۆ پەیدا بوو. ئەمە لەکاتێکدا، ئەگەر یەکێتی بە پارتی بەراورد بکرێ، بەپێچەوانەوە، پارتی-بنەماڵەی بارزانی، کێشەی بنەماڵەکەیان هی سەردەمی بارزانی باوکیشیان چارەسەر کرد. لەگەڵ "پارتی گەل"یش، یەکیانگرتەوە. تا ئێستاش کێشەی کەمتریان لە یەکێتی هەیە!

دیارە یەکێتیش، لەگەڵ بەشێکی حیزبی سۆسیالیستو ئالّای شۆڕش یەکیگرتەوە، بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان، بە تەوژمو گوژمێکی گەورە، لێی جیابوەوە. لەکاتێکدا، تا ئێستا لەناو پارتیدا جیابونەوەی تر روینەداوە. هەر ئەمەش نا، یەکێتی، جیابونەوەی تریش لەناویا بەناوی هاوپەیمانیەوە سەریهەڵدا. گیانی دەستەگەریش، لەناویا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە!

شار دەریخست، یەکێتی، بە تواندنەوەی باڵەکان لەناویدا، بە کێشمەکێشی زۆرەوە، هاتۆتەوە ناو شارەکان. باجی هەموو کێشەو هەڵە چارەسەرنەکراوەکانیشی دا!

(١٥)
هاوپەیمانی؛ باری نەڕەخساوی خۆیی!

گیانی دەستەگەری لەناو یەکێتیدا، بە نەخۆشکەوتنی مام جەلال قوولّتر کرا. بەتوندی گرێدرایە خەیاڵی بەرزەفڕی سەرکردەکانیش!

هەتا مام تەندروستی باش بوو، سەرەڕای ئەوەی دووڕکەوتنەوەی لە کوردستان، زیانی زۆری بۆ یەکێتی هەبوو، بەڵام وردە وردە بە شکۆ و ئەزمونی خۆی، توانی هەندێک لە ئاسەوارەکانی جیابونەوەی گۆڕان، پشتئەستوور بەو سەرکردانەی یەکێتی کە لەگەڵیا مانەوە، لەگەڵ نوسەرو کادرو هێزی پێشمەرگە، کە هەڵوێستیان بەرامبەر گۆڕان هەبوو، توانی یەکێتی لە گەورەترین مەترسی دەرباز بکات. بەڵام لەناو یەکێتیدا، بەتایبەتی لە پۆستە باڵاکانداو لەناو بنەماڵەی مام جەلالیشدا، هەبوون، نەک هەڵوێستیان بەرامبەر جیابونەوەی گۆڕان نەبوو، کە دەیانویست یەکێتی تێکوپێک بشکێنو مام جەلالیش بە شکستخواردوویی کۆتایی پێ بهێنن، بەڵکو پلە باڵاکانی یەکێتیو بنەماڵەکەشی، سازشیان لەگەڵ گۆڕان تا ئەو رادەیە دەکرد، کە ژێربەژێر هاوکاریشیان بۆ دەناردن.

نالی جوانی فەرموو: "ئەمە دەورە.. نە جەورە.. کەرەمی ساقیش یەک بەیەکەو نۆبە بە نۆبە".. ئەمەیە حیکمەتی حەزرەتی نالی..

ئەو یەکێتیەی جیابونەوەیان بە تاوانێکی نەبەخشراو دەزانی، ئەوەتا، نەوشیروانو گـۆڕان، جیابونەوە، زۆربـەی سەرکردەکانی یەکێتی لەئاستیاندا مـتو مـات بـوون.. هەندێکیان لە هەڵمەتی راگەیاندنی گۆڕانو هەندێکیشیان لەو بەڵگانە، کە لای نەوشیروان بووە، لەسەریان هەیبوو، دەترسان بڵاوی بکاتەوە. تاک تاکیشیان لە پەرۆشیەوە، قسەیان نەدەکرد! بەگشتی، یەکێتی کەوتبووە بەر مەترسییەکی گەورە، کاتێک (سەر-کردە) واتا سەری کردەکەی بەرگری لێنەکات. ئەمە خۆی لەخۆیدا یارمەتی گۆڕان دەدا کە کاریگەری زۆرتر لەناو یەکێتیو خەڵکدا دابنێ. چەشنێکیش بوو لە رەنگدانەوەی دەستەگەری نوێ. پاشەکەوتیش بوو بۆ جیابونەوەی تر. خراپتریش لەوە، ژێربەژێر یارمەتیو هاوکاری گۆڕانیش بە سەدان هەزار دۆلار دەدرا، گوایە، لەم رێگایەوە، دەتوانن گۆڕان بۆ ناو یەکێتی راکێشنەوە. ئەمەش سیاسەتێکی نەزۆک بوو.. چونکە فەلسەفەی یەکێتیو گۆڕان، تا ئێستاش، خاڵە ناکۆکەکانیان قوواڵەو خاڵە هاوبەشەکانیان تەنکە!

ئەوانەی ئەم سیاسەتەیان بەرامبەر گۆڕان دەگرتەبەر، نە لە سەردەمەکە تێگەیشتبونو نە لە پێکهاتەی گۆڕانو نە.. نەوشیروانیشیان، لەڕووی سروشتی پێکهاتەو سایکۆلۆژیەتو قینی سیاسیەوە، دەناسی. مام جەلال نەیتوانی نەوشیروان بگێڕێتەوە، کەچی کوڕو خزمەکانی، دەیانویست لە مام جەلال کاریگەرتر بن!!

مام جـەلالو نەوشیروان کۆچی دواییان کـردووە. یەکێتی چوارەمین کۆنگرەشی بەست. ئێستا جڵەوەکەی یەکێتی بەدەست ئەو سەرکردانەوەیە، کە ژێربەژێر هاوکاری گۆڕانیان دەکردو پێیانوابوو، دەتوانن بەو سیاسەتە گۆڕان لە یەکێتی نزیکبخەنەوە. پاشان یەکێتیو گۆڕان یەکبخەنەوە! کەچی، کوتومت پێچەوانەکەی دەرکەوت؛ گۆڕان پەیوەندی لەگەڵ پارتیدا باشترە. لەم کۆبونەوانەی دوایی نێوان یەکێتی-گۆڕاندا، گۆڕان ئامادە نەبون بەیاننامەی هاوبەشیش لەگەڵ سەرکردایەتی ئێستای یەکێتیش دەربکات. نەخوازەڵڵا بۆ بڕیاری سیاسی تری چارەنوسساز!

گیانی دەستـەگەری چـارەسـەرنـەکراوی نـاو یەکێتیو خەیاڵی بـەرزەفـڕی ئەو ناوونیشانانەی لـەدوای راپـەڕینـەوە، لـەناو یەکێتیو حکومەتدا، درایـە سـەرکردە متمانەپێکراوەکانی سکرتێری یەکێتی، بەبێ دڵنیابون لە ئایندەیان، لەدوای جیابونەوەی گۆڕان، بەجۆرێکی ترو لە دۆخێکی تردا، لەناو یەکێتیدا گەیشتنە بنبەست.

هەموو ئەوانەی، لەدوای راپەڕینەوە چەشەی دەسەڵاتو دەستکەوت بوونو بەرە بـەرە، زیاتر لە شـاخ، پرنسیپەکانی دیموکراسیو دادپەروەرییان فەرامۆش دەکرد، هەر بەناوی ئازادیو دادپەروەریەوە، لە لوتکەوە بۆ دامێن، لەناو یەکێتیو دەرەوەی

یەکێتیدا، چاوەڕوانیان نەکرد لەگیانەڵڵادا مام دوا هەناسە بدات‌و مەیتی لە ئەڵمانیاوە بگەڕێتەوە، نەکا لەڕووی یاساییەوە، فریای لیستی جودا نەکەوون. ڕێبازو لیستیان ڕاگەیاند. لەمەشیاندا، لەناو یەکێتیدا بەهۆی لاوازبونی مەرکەزیەت‌و مەرجەعیەتی یەکێتی، هـەروا لەناو یەکێتی‌و دەرەوەی یەکێتیدا، چارەنوس بەستنەوە بە لیستی هاوپەیمانی، بەئاشکرا دیار بوو. لەم دۆخـەدا، هێندە ئۆباڵەکە بە نەبوونی بڕیارو چەسپاندنی مەرکەزیەت دەزانم.. بە بڕیاری ئەوانەی نازانم جیابونەوە. یان ئەوانەی دۆستی جیابونەوەکە بوون. ئەوەی لە دوو ساڵی پێش کۆچی دوایی مام جەلال لەناو یەکێتی دەگوزەرا، جگە لە کردنەوەی دەرگاکانی تێکدانی یەکێتی.. هیچ ناونیشانێکی تری نییە! ململانێکانیش لەسەر قۆرخکردنی دەسەڵاتەکانی یەکێتی بوو، لەنێوان بنەماڵەی مام جەلال‌و تەکەتولەکانی تردا. کە ماوەیەک لە ناوەندی بڕیار یەکیانگرتبوەوە. بەڵام زۆری نەخایاند، ئەمانیش پێکەوە نەمانەوە. لەمەوە، هاوپەیمانی–د.بەرهەم سەریهەڵدا. کە هۆیە سەرەکیەکەی بۆ هەڵەکانی یەکێتی لەدوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە، کە دەسەڵاتی حیزبی بەسەر دەسەڵاتەکانی حوکمڕانیدا، دەسەپاند. ئەمە لەکاتێکدا، دوای (٢٨) ساڵ هەڵەیەکی گەورە بوو ئەو دەسەڵاتانە جیانەکرانەوە. تا ئێستاش. دیارە، هاوپەیمانیش بەبێ بنەما هەڵوێستی وەرنەگرت. ئەمانیش بەشێکی ڕەخنەکانیان ڕاست بوو. چونکە یەکێتی هەڵەکانی چارەسەر نەکرد. گەندەڵی زیادی کرد. گرفتە حیزبیەکان پەرەیان سەندو هاوبیری لەناو یەکێتیدا کرایە قوربانی دەسەڵاتخوازی. مەرکەزیەت هەر نەما. لەوپەڕی ڕۆژگاری لیبرالیەتی بێ زەمینەی لیبرالیزمی کوردستان، یەکێتی لەو دۆخەدا، سیاسەتی دەکرد.

خاوەن ماڵ، ماڵی خۆی نەپارێزێ.. گلەیی لە دز کردن مانای نییە. دزیش بۆی بلوێ نەک ماڵ، بەڵکو سەریش ناپارێزێ! یەکێتی وەکو ماڵێکی نەپارێزراوی دزراوی لێهات. لەم دۆخەدا، مێژووی یەکێتی، هێزەکەی، پلەوپایە بەخشینەوەو موچە نەبوایە، یەکێتی هەڵدەوەشایەوە.

دیسان، کەمترین سەرکردە ئامادە بوون لەبەرامبەر جیابونەوەی هاوپەیمانیدا، بەرگری لە یەکێتی بکەن. بەڵکو نیوەی زیاتری سەرکردایەتی، بە سۆزی برادەرێتی‌و بە کاردانەوەی گرفتەکانی ناو یەکێتی‌و مەترسی ئەگەری سەرکەوتنی لیستی هاوپەیمانی، بەشێوەیەک لە شێوەکان، لەگەڵ هاوپەیمانیدا بـوون. بنەماڵەی تاڵەبانیش هەمان سیاسەتی پەیڕەوکراوی جارانی گۆڕانیان لەگەڵ هاوپەیمانیدا.. گرتەبەر. سەرەنجام سەرۆکی هاوپەیمانی‌و ژمارەیەکی کەمی کادرەکانی لەگەڵیا هێنرانەوە ناو یەکێتی.

زۆرینەیان دریژەیان بە خەباتەکەیان دا. ئەوانەی پێیانوابوو، گەڕانەوەی هاوپەیمانی دەیان هەزار دەنگدەر بۆ یەکێتی لە هەڵبژاردندا دەگێڕنەوە، کەچی دوای هاتنەوەی سەرۆکو ژمارەیەک لە هاوپەیمانی، ڕێژەی دەنگەکانی یەکێتی دابەزی. چونکە لە دونیای سۆسیال-میدیادا، نەک کادرو ئۆرگانەکانی یەکێتی، بەڵکو ڕای گشتیش لە ڕاستیەکانو کەسایەتیەکان تێگەیشت. تەنانەت لەناو کۆنگرەی یەکێتیشدا پرۆسەی هێنانەوەی بەشێکی کادرانی هاوپەیمانی، بەو شێوە دراماتیکییە بە نەگەتیڤ شکایەوە. تا سەریش، پلەو پۆست نەیتوانی کێشە قوواڵەکانی یەکێتی ناو یەکێتی، چارەسەر بکات. کۆنگرە، بەجۆرێکی تر کێشەکانی لەمەحەک دایەوە. دیسان ناکۆکیەکانی بوژاندەوە. بەڵام ئەمجارە، زەقو ڕەق نا!! تا ئێستاش بەردەوامە. بەمەشدا دەرکەوت، کە ڕێکەوتن کە تەنها لەسەر بنەمای دابەشکردنی پۆستە باڵاکان دەکرێ، هەر لەسەر پۆستی باڵا، دەشێوێ!

هاوپەیمانی، پێچەوانەی گۆڕان، هەلومەرجی بابەتیی لەڕووی گەندەڵیو لێکترازانی خەڵکو حکومەت، لەبار بوو بۆ لیستی جیا. بەڵام لەڕووی خۆیی (ذاتي)یەوە، نە کاریزمایەکی وەکو نەشیروانیان هەبوو، نە بیروبۆچونیشیان لە قاڵبی سیاسی-هزردا، گەڵاڵە کردبوو. تەنها بەناونیشانی سەرۆک وەزیرانو ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی حکومەتو یەکێتی دەکران، نەیانتوانی هاوکێشەکان بگۆڕن. خەڵک، بە هەستی خۆڕسکی خۆی، بەوە وەڵامی دەدانەوە.. کە خۆشیان دوو خول لە لوتکەی دەسەڵاتدا بوون. بۆ کێشەکانیان چارەسەر نەدەکرد؟

هاتنەوەشیان بەوشێوەیە بۆ ناو یەکێتی، سەلماندی کە ڕەخنەکانیان دژی یەکێتی، تا سەر نەبردە سەر. هاتنەوەکەمان پێ باشترە.. بەڵام لەناو یەکێتیدا، کێشە ستراکچەریەکەی بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. ئەویش ئەوەیە، ئەم فەلسەفە سیاسیەی یەکێتی، دوای ئەوەی بەهۆی شۆڕشگێڕێتی شاخو کاریزمایی مام جەلالەوە، لەدوای ڕاپەڕینو حوکمڕانیدا، کاریگەریەکەی لاواز بوو.. دیاردەی دزێو دزێوی گەندەڵیو هەلپەرستی، لەناویا تەشەنەی سەند.. مەرکەزیەتو مەرجەعیەتی کردە قوربانی دەستەگەریو دەسەڵاتخوازی..تاد. دەسەڵاتە حیزبیو دەسەڵاتەکانی حکومەتو پەرلەمانیشی، بە تێکەڵوپێکەڵی ماوەتەوە! مەترسیدارترین کێشە لەناو یەکێتی، کێشەی دەستەگەری پلەو پۆست خوازی بوو. تەکەتولی بێ شوناسی ئایدیۆلۆژی بوو. نەبوونی مەرکەزیەتو مەرجەعیەت بوو!! بەردەوامیش ئەو کێشانە جەزرەبەیان لە یەکێتی داوە.

دوای هاتنەوەی بەشێکی کەمی هاوپەیمانیو دوای ئەو جۆرە کۆنگرەیەش، لەم هەلومەرجە سەراپا نوێیەی سەردەمەکەو ناوچەکەو کوردستاندا، ئایا یەکێتی، تەنها بە پارەو هێزو راگەیاندن، لەناو قوواڵبونی کێشمەکێشەکاندا.. بە زۆربەی سەرکردایەتی کەمئەزمونی دوای چوارەمین کۆنگرە، دەرەقەتی ئەرکەکانی چارەسەرکردنی کێشە بنچینەییەکانی دوای راپەڕین، هەروەها ئەرکەکانی ئەم سەردەمەو ئەم دۆخەو ئەم ململانێ فرە رەهەندە دێن؟ ئەگەر بە هیوا بێ.. هیوادارم سەرکەوتوو بن. بەاڵم ئەگەر بە سیاسەتی لۆژیکیو ماتماتیکیانەی هاوکێشەکان بێ، یەکێتی، پێویستی بە تێگەیشتنی قووڵترو هەمەاڵیەنەتر هەیە، لە دیاریکردنی ستراتیژو پرەنسیپە هاوچەرخەکانی دیموکراسی، ئازادی، مەدەنیەتو دادپەروەری.

یەکێتی.. تەنها بە دروشمو لە شەڕە فەیسبوکدا، جودایە لە لایەنەکانی تر. بەتایبەتی لە حەریفە مێژوویییەکەی کە پارتییە. بەاڵم لە:

- ناسنامەی چینایەتی-کۆمەاڵیەتی؛
- لە خەباتی دیموکراسیو ئازادی راستەقینە؛
- لە بونیاتنانی مەدەنیەتو مافە بنچینەییەکانی ژن؛
- لە کۆمەاڵێکی دادپەروەر لە هەموو ئاستەکاندا؛
- لە بونیاتنانی سیستەمێکی هاوچەرخی دوژمنی گەندەاڵیو شەفافدا؛
- لە مافی مرۆڤو ژینگەپارێزیو سەروەری یاسادا؛
- لە کۆتاییهێنان بە فرە هێزییو فرە لەشکرییدا؛
- لە یەکخستنی دەزگا بە دەزگای حکومەتی هەرێمدا..

لەم ئەرکانەدا، یەکێتی، لە ویژدانی رای گشتیدا، نەیتوانیووە، ناسنامەی حیزبایەتی جیاوازی خۆی، لە لایەنەکانی دیکە جودا بکاتەوە. باسی ویژدانی رای گشتی دەکەم.. نەک دروشم.. ویژدانی رای گشتی، واتا: باوەڕی رای گشتی بەو سیاسەتانە.. بەو جیاوازییانە.. بەو رەخنانە.. بەو ئامانجانە. کە رەنگدانەوەی خواستی قۆناغی نوێی سیاسەتن. مەخابن ئەو باوەڕە لە ویژدانی رای گشتیدا، بونی نییە!

کورتیەکەی یەکێتی.. لەم دۆخەدا، کە بە هەزار حاڵ لە دوا هەڵبژاردندا (٢١) کورسی هێناوە. ٦ی حوزەیرانی ساڵی ئایندە رووبەڕووی هەڵبژاردنی پێشوەخت دەبێتەوە.. لەسەر ئاستی عێراق. بە یاسای هەڵبژاردنی نوێ.. کە کەمتر گزی تیا دەکرێ.. بۆیە ئەمجارەیان پشتئەستور بەخۆی، یەکێتی لە دوڕیانێکدایە..

– ڕێی.. بەخۆداچونەوەو هەڵسەگاندنەوەو ڕەخنەلەخۆگرتن.. بەڕەو چارەسەری کێشەکانو دیاریکردنی جیاوازییەکانی چینایەتی–فەلسەفەی یەکێتی لە لایەنەکانی دیکە، ئەمەش سالّەها دەخایەنێت بێتەبەر!

یان..

–ڕێی.. مانەوەی لەناو بازنەی ئێستایدا.. بەهیوای بردنەوەیەکی شیاوتر لە هەڵبژاردنو لە پۆستەکانی دەسەلاتەکاندا. بە هەر شێوەو شێوازێک بوبێ!

ڕێی دووەم.. دەستەبەر نییە. بەڵکو دوور نییە، کێشەی چاوەڕوان نەکراوی تریشی لێبکەوێتەوە. ئەمەش دونیای سیاسەتەو دونیای مەترسیداری بەرژەوەندیە ئابوورییەکانە.. کە تا دێت، بەرژەوەندیەکان قوولّترو چەورتر دەبن! مەترسیەکانیشی مۆتەکەئاسا.. بەسەر سەرمانەوەن!!

(١٦)
لێکتێگەیشتنی دەباشان – ڕێکەوتنی سەرانسەری

دوای جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان، پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتیدا، لەوپەڕی خراپیدا بوو؛ هەموو توانایەکی ڕاگەیاندن و پروپاگەندەیان دژی یەکێتی و کەسایەتی مام جەلال خستبووە کار؛ ڕاگەیاندنەکەشیان لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، K.N.N، سایتەکانیان و ئێزگەی دەنگی گۆڕان، وەکو خۆیان ناویان نابوون، تۆپەکانی گۆڕان، دژی یەکێتی خرابونە کار؛ لە دوای سەرەتای دەرکردنی گۆڤاری گوڵانی پارتی، توندڕەوترین ڕاگەیاندنیان خستە ناو میدیای کوردستانی. سنوری سیاسی و ڕێسای پەیوەندی و ئیتیکی ڕۆژنامەگەریان، تا ڕادەی تانە و تەشەر و شکاندنی کەسایەتیەکانیشیان دەبەزاند. تەنانەت بەها هاوبەشەکانیشیان لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی و پەیوەندی هاوڕێیەتی، بێبیەها دەکرد.

ئەم ڕەوشە، لە لایەک یەکێتی خستبووە گۆشەیەکی مردوی بەرگریەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، پارتیشیان دوچاری کاردانەوەی توند کردبوو. دۆخێکی سیاسی لێوان لێو لە دژایەتی و یەکتر نابوت کردن، خوڵقابوو. سەرەنجامی ئەم سیاسەتە، گەیەندرایە خۆپیشاندانەکانی ١٧/ی شوبات ٢٠١٢. کە چەقەکەی سلێمانی و بەردەرکی سەرا بوو. وێستیان ناوی بەردەرکی سەراش بە مەیدانی ئازادی بگۆڕن، بەڵام بۆیان نەچووە سەر.

زۆربەی سەرکردایەتی و کادری ئۆرگانەکانی یەکێتی، لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی گۆڕاندا، لەبەر گەلێ هۆکار، شپرزە کران. بەڵکو کەمترین کادری یەکێتی لە ١٧/ی شوباتدا ئامادەبوون، لەسەر تەلەفزیۆنەکانی یەکێتی بەرگری لە حزبەکەیان بکەن.

گۆڕان، بەیاننامەیەکی لە (٧) خاڵدا دەرکردو تیایدا، بێ تەمومژ داوایان کرد حکومەت و پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە. حکومەتێکی کاتی دابمەزرێ و هەڵبژاردنی پێشوەختیش رابگەیەندرێ. بەردەرکی سەرایان کردە مەیدانی دادگاییکردنی بەرپرس و کاربەدەستەکان. تەنانەت چەندین مەفرەزەی نهێنیشیان ئامادە کردبوو، هەڵبکوتنە سەر مااڵی بەرپرسەکان (یەکێک لەوانە من بوم و دەشزانم ئەو فەرماندەیەی دایان نابوو هەڵبکوتنە سەر ماڵ و منااڵم کێیە!). یەکێتی، لەبەرامبەر ئەم دۆخەدا، دوو تاکتیکی گرتەبەر:

یەکەمیان: ژێر بەژێر هەڕەشە نێردرا بۆ نەوشیروان ئەگەر دۆخی سلێمانی تێکبدرێ.. لەناو چاوی ئەوانی دەزانین و ئەوەی چاوەڕوانی نەکات، رووەدەدات.

دووەمیشیان: ڕێگەی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتییانە.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، دەستبەجێ نەوشیروان بەیاننامەیەکی دەرکرد و داوای کرد، خۆپیشاندانەکان کۆتایی پێ بهێندرێ.

بۆ خاڵی دووەمیش، ئەو شەوەی پارتی هێزی نارد هەڵبکوتنە سەر گردەکەی گۆڕان، درەنگ، لە بینایەی پارێزگادا کۆبونەوە کرا، ئەم بەڕێزانە ئامادە بوون:

١-مەلازم عومەر ٢- نەوزادی نوری بەگ (نوێنەرایەتی نەوشیروان) ٣-کۆسرەت ڕەسوڵ ٤-بەرهەم سااڵح ٥- دلێری سەید مەجید ٦-مەلا بەختیار ٧-بەهرۆز قەشانی پارێزگار- یەکێتی. دوای گفتوگۆیەکی زۆر، بەم چەشنە کۆتاییم بەکۆبونەوەکە هێنا:

سااڵومان بۆ کاک نەوشیروان هەیە، دڵنیابێ ناهێڵین هێزی پارتی بێتە سەریان. ئەویش دەبێ دۆخی خۆپیشاندان و شارەکە ئارام بکاتەوە. گوتیشم: هەر ئێستا ئامادەم بۆ ڕێکەوتن سەری لێبدەم. بۆ بەیانیەکەی، وردە وردە دۆخی شار ئارام دەبوەوە و هێزەکەی پارتیش کشانەوە.

ئەو دۆخە، وەکو عەرەب دەڵێ (رب چارە نافعە) زەمینەی بۆ گفتوگۆی ڕەسمی، بۆ یەکەمین جار لە نێوان یەکێتی و گۆڕان دا، ڕەخساند. لە ناو گۆڕاندا، فشارێک بۆ نزیککەوتنەوە لە یەکێتی سەریهەڵدا بوو (سااڵر عەزیز و قادری حاجی عەلی) نوێنەرایەتیان دەکرد. لەناو یەکێتیشدا، بەربەستێک بۆ ئەو جۆرە گفتوگۆیە نەبوو. هێشتا خۆپیشاندانەکان بە تەواوەتی کۆتاییان پێ نەهێندرابوو. لەگەڵ هێرۆ، دلێری سەید مەجید و بەندە (٢٠١١/٢/٢٥)، بەرەسمی سەردانی مااڵی ڕێکخەری بزوتنەوەی گۆڕانمان کرد. لە

گۆڕان: نەوشیروان، قادری حاجی عەلی و عوسمانی حاجی مەحمود. سەردانەکە بەهۆی هەڵوێستی یەکێتییەوە کە ڕێگەمان نەدا، هێزی پارتی بێنە سەر گۆڕان، لە کەشێکی نیمچە دۆستانەدا، بەڕێچوو. ئەمەش لەبەر سیاسەتی گۆڕانەوە دژی یەکێتی، ئاسان نەبوو. لە ڕووی دەرونیەوە ئاڵۆزابوین. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرژەوەندی کورد و سلێمانی و دەڤەری سەوز، کۆبونەوەکەی کردە پێویستیەکی قۆناغەکە؛ گۆڕان لەوپەڕی تووندیدا بون دژی پارتی و حکومەت، ئێمەش هەوڵمان دەدا، چارەسەری گشتی بۆ دۆخی کوردستان بدۆزینەوە. لە قۆزتنەوەی هەڵوێستی گۆڕان، لە بەرژەوەندی یەکێتی هەلپەرست نەبوین.

ئەم کۆبونەوەیە، بەستەڵەکی نێوان یەکێتی و گۆڕانی تواندەوە. ئەنجامەکەشی بە پۆزەتیڤ شکایەوە. ئیتر، لەناو گۆڕاندا ڕەوتی دۆستایەتی یەکێتی بەهێزتر بوو. سەرەنجام، توانرا یەکەمین دیداری گۆڕان – یەکێتی، لەدەباشان بەئامادەبونی مام جەلال – نەوشیروان، ڕێکبخەین (٢٠١٢/٩/٢٤). ئەم دیدارەش، گرنگتر بوو لەدیداری یەکەم، هەم لەبەرئەوەی مام جەلال ئامادە بوو، هەم لێکتێگەیشتنی دەباشانیش گەڵاڵە کرا.

لەم دیدارەدا گۆڕان (نەوشیروان، قادری حاجی عەلی، سالار عەزیز، سەفینی مەلا قەرە)، ئامادە بوون. یەکێتی (مام، کۆسرەت ڕەسول، هێرۆ، مەلا بەختیار، ئازاد جوندیانی و دلێری سەید مەجید) بۆ لێکتێگەیشتنەکە گۆڕان ڕەشنوسیان ئامادەکردبوو. ناوەڕۆکەکەی دژایەتی پارتی بوو. مام جەلال گوتی: کاک نەوشیروان، ئێمە دەمانەوێ لەنێوان ئێوەو پارتیش ناوبژی بکەین. نەک ئێمەش لەگەڵیاندا تێکبچین. چونکە یەکێتی و پارتی تێکبچن، کوردستان تێکدەچێ. خەریکبوو، دانشتنەکە ئاڵۆز ببێ، بەڵام بەهێمنی چارەسەر دۆزرایەوە.

ئەم دیدارەی لوتکە، متمانەی لەنێوان هەردوولادا، باشتر گێڕایەوە. بەڵام پارتی نیگەران بوو. ناهەقیش بوون. چونکە یەکێتی بەهیچ مەرامێکی سیاسی دژی پارتی، کۆبونەوەکانی نەدەکرد!

لەم دیدارەوە، ئیتر پەیوەندی یەکێتی و گۆڕان، پەرەیسەند بۆ ڕێکەوتنی خۆجێی و سەرەنجام بۆ ڕێکەوتنی سیاسی سەرانسەریش!

ڕێکەوتنە سەرانسەریەکە، دوای چەندین کۆبونەوە، گەڵاڵەی (١٩) خاڵی ساغکرایەوە. مەکتەبی سیاسی پەسەندی کرد.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە، (١٢\٥)ی (٢٠١٦)، لەشاری ڕانیە، سالیادی شەهیدی فەرماندە سەڵاح دیلمانیو هاوڕێکانی، کرایەوە. لەوێدا لەسەر ڕێکەوتنەکە وتارم هەبوو. دەقی هەواڵی وتارەکە، بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

لەمەراسیمەکەدا، مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، بەئامادەبوونی سالّح موسلیم، هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)، بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، وتەیەکی پێشکەشکردو، تیایدا مێژووی یەکێتی و قوربانیی و خەباتی پڕ سەروەری، وەک شانازییەک گێڕایەوەو وتیشی: سەیرم لێدێت هەندێک دێنە پشتی مایکو لەسەر فەرماندەکان قسە دەکەن، کە هیچ لەبارەیانەوە نازانن. مەلا بەختیار، یەکڕیزییو یەکێتی ناو یەکێتی بەپیرۆز ناوبردو، تەئکیدی کردەوە: دەبێت هەمووان لە ئاست بەرپرسیاریو ئەو ئەرکەدا بین کە شەهیدەکانمان بۆ ئێمەیان بەجێهێشتووە.

مەلا بەختیار، لەوتەکەیدا بەبایەخەوە جەختی لە ڕێککەوتنی یەکێتیو گۆڕان کردەوەو، وتی: ئێمە ڕێککەوتن لەگەڵ لایەک ناکەین دژی لایەکی ترو، پلانیش لە دژی هیچ لایەک ناگێڕین، ئێمە تەنهاو تەنها پلان لە دژی دوژمنانی کورد دەگێڕین و وتی:

ئێمە ئەرکمان قورسە، مێژوومان، ویژدانمان، شەهیدەکانمان، ئۆبالّی ئەستۆی سەرشانمانن، بۆیە ناتوانین وەک خەلّکی تر سیاسەت بکەین! ناتوانین سەنگەر چۆڵ بکەین! ناتوانین لەبەر کێشەکان واز لەم حکومەتە و واز لەم پەرلەمانە و چارەسەرکردنی کێشەکان بهێنین! بەلّکو وەزیفەو ئەرکمانە کێشەکان چارەسەر بکەین و بە بەردەوامیش بەشێک بین لەچارەسەر. چارەسەری ڕاستەقینە لەسەر بنەمای یاسایەک و دەستورێک و پێکەوە هەلّکردنی حزبەکانیش کە بگونجێ لەگەڵ ئەم سەردەمە.

بۆیە ئێستا کە خۆشبەختانە ئێمەی یەکێتی گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕان دەکەین، گفتوگۆکەمان بۆ ئەوە نییە بڵێین: دوای ئەم گفتوگۆیەو دوای ئەم ڕێککەوتنە، ئیتر ئێمە بێ منەت دەبین لەڕاپەراندنی ئەرکەکانمان! نەخێر ئێمە دەمانەوێ هەر ڕێککەوتنێک دەکەین، ڕێککەوتنەکە تەوزیف بکەین بۆ چارەسەری ئاشتی گشتی لەکوردستاندا. چونکە ڕێککەوتنەکەمان پیلانگێڕی نییە لەسەر هیچ کەسێک و ناچاریش نین بەرتیل بە هیچ کەسێک بدەین و سیاسی خۆشمان، خۆمان دایدەڕێژین! سیاسەتی یەکێتی خۆمان بڕیاری لێدەدەین. ئێمەی یەکێتیش ڕێککەوتنمان هەمیشە بۆ ئەوەیە، ئاشتبونەوەی گشتی دروست بکەین. هەموو لایەکیش بۆی دەردەکەوێت کە یەکێتی، قەت لەگەڵ ڕێککەوتنێک، نزیککەوتنەوەیەک، ئاشکرا یان نهێنی نابین بۆ پیلانگێڕان! پیلان لەکێ بگێڕین؟ هەر لایەکمان بەشی خۆی، مافی ڕەوای خۆی لەم کوردستانە هەیە. پیلان لە دوژمنان، لە داگیرکەران دەگێڕین، بەلّام پیلان لەناو خۆماندا، نە لەرابردوودا هیچ لایەک توانیوێتی بە پیلانگێڕان سەربکەوێت، نە لەئێستاشدا دەتوانێت بە پیلان سەربکەوێت و یەکێتیش ناتوانێ بەپیلانگێڕان سەربکەوێت.

یەکێتی، گفتوگۆیەکی سروشتی دیموکراسیمان هەیە، دەمانەوێ رێککەوتنێکی سیاسیمان هەبێ و ئەم رێککەوتنەش بەقۆناغ بخەینە خزمەتی چارەسەرکردنی گشتی. ئومێدەوارین، هەموولایەک، لەدەوروبەرمان، لەناوخۆماندا، لە عیراقدا، بەو شێوەیە سەیری ئەو گفتوگۆیە بکەن.

یەکێتی، نە بەرتیل دەدەین و نە لەهیچ لایەکیش دەترسین! نەبێ منەتیشین بەرامبەر بەهیچ لایەک و نە بەنیازیشین پەیوەندییەکی مێژوویی کە لەم شۆڕشەدا بۆ ئێمە و لایەنەکانیش دروست بووە، بەهۆی گفتوگۆیەکەوە لەگەڵ گۆڕان فەرامۆشی بکەین! یان بەهۆی پەیوەندییەکەوە کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەمانە، گفتوگۆی دیکە فەرامۆش بکەین. سیاسەتی هاوسەنگی، جەنابی مام جەلال، لە عیراق، کوردستان، ناوچەکەو لە جیهانیشدا وای فێکردووین و بڕیاری سەربەخۆی حزبەکەشمان هەروا دەدرێت و هەرواش بەردەوام دەبێت، بۆیە ئومێدەوارین، کۆی کارەکان لەقازانجی چارەسەرکردنی کۆی کێشەکان بێت[1].

ئەوە هەڵوێستمان بوو بەرامبەر بە گرنگی رێکەوتنەکە..

بەڵام دوو رۆژ پێش کۆبونەوەی سەرکردایەتی (٦) خاڵی تر خرابووە سەر رێکەوتنەکە، بەبێ ئەوەی لەمەکتەبی سیاسی باسکرا بێ. هەروەکو نەوشیروان لەدیداری من و دلێری سەید مەجیددا گوتی: لەسەر داوای وەفدی یەکێتی ئەو خاڵانە زیاد کراون. واش بوو. ئەو خاڵانەش نێوان یەکێتی و پارتیشی تەواو تێکدەدا. واتا: ئەو هەوڵەی گۆڕان لە دیداری دەباشاندا دای، مام جەلال قبوڵی نەکرد. وەفدی یەکێتی، بەئاسانی ئەنجامیانداو بەمەش، رێکەوتنامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی – پارتی، بەتەواوەتی نێژرا.

پارتی، لەسەر لێکتێگەیشتنی دەباشان ناهەقی بوو نیگەران بێ. بەڵام لەسەر ئەم رێکەوتنە هەقی بوو، مەترسی لەسەر پەیوەندی خۆیان و یەکێتی و دۆخی کوردستانیش هەبێ.

لەکۆبونەوەی سەرکردایەتی دا، هەوڵی زۆرماندا، رێکەوتنەکە کاتێکی زۆرتری بدرێتێ بۆ گفتوگۆ. بەڵام مەخابن، تەکەتولەکانی ناو یەکێتی، هەر لایەکیان بەمەرامێک، لەناو یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی دا، رێکەوتنەکەیان تێپەڕاند.

چەند بەشێکی دەڤەری سەوز، بە رێکەوتنەکە دڵخۆش بوون. دەڤەری زەرد، دوو بەرامبەر نیگەران بوون. دۆخەکە، گەیشتە مەترسی دووبارەبونەوەی دوو ئیدارەیی. لەم کاتەدا، کۆبونەوەیەکی دوو قۆڵی لەنێوان یەکێتی – پارتی لەماڵی نێچیرڤان بارزانی ئەنجامدرا. لەیەکێتی:

---

١ بڕوانە کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٩٧١) ٢٠١٦/٥/١٥

١-كۆسرەت رەسـول عەلی ٢- عومـەر فەتاح ٣- حاكم قـادر ٤- رزگـار عەلی ٥-ئەرسەلان بايیز ٦-مەلا بەختيار ٧- سەعدی پيرە.

پارتی: ١-نێچيرڤان بارزانی ٢- فازل ميرانی ٣- مەحمود محەمەد ٤-ئازاد بەرواری ٥-فوئاد حسێن ٦- دڵشاد شيهاب.

كۆبونەوەيەكی پڕاوپڕ لە حەساسيەت، ئاڵۆزی، نيگەرانی و كاردانەوە بوو. وەفدی پارتی، لەوپەڕی دردۆنگيدا بوون. وەفدی يەكێتی وا رێكەوتبوين كە: ئەرسەلان بايیز و مەلا بەختيار قسە نەكەين. چونكە لە بنچينەدا رێكەوتنی گۆڕان – يەكێتی، بە زيادكردنی (٦) خاڵەكەمان پێ خراپ بوو. گوتمان: ئەوانە قسە بكەن، كە وردەكاری رێكەوتنەكەيان پەسەند كردبوو:

- كۆسرەت رەسوڵ كۆبونەوەكەی كردەوە.
- حاكم قادر، كەميَك لەسەر ناوەرۆكی رێكەوتنەكە دوا.
- نێچيرڤان بارزانی، بە نيگەرانيەوە، رێكەوتنەكەی بەرز كردەوەو گوتی:

پێويست ناكات بۆمان رون بكەنەوە. فەقەرە بەفەقەرەمان دراسە كردووە. ئەمە موئامەرەيە لەسەر پارتی. نەک لە هەولێر بەڵكو لە سلێمانيش، دژايەتی دەكەين و لێتان قبوڵ ناكەين. هەرچيەكمان لەدەست بێت، دژتان دەيكەين. يەكێتی، هەروەكو پارتی هاوپەيمانی ستراتيژيمان لەگەڵتان نەبێ، رێكەوتنی وا لەگەڵ گۆڕان دەكەن. هيچ نەبێ، پێش راگەياندنی، كۆبونەوەتان لەگەڵماندا بكردايە..

كۆبونەوەكە.. كەشێكی لێكترازان زاڵ بوو بەسەريا. لەو قسانەی نێچيرڤان بارزانی، دەردەكەوت، پارتی كاردانەوەی سياسيان دەبێ. وام هەست كرد، پارتی دەرسی لە مێژووی كێشەی نێوان يەكێتی و پارتی وەرنەگرتووە. دەشيانەوێ بێباكانە بڕيار بدەن و بڕيارەكەشيان لەسەر بنەمای كاردانەوەی سياسييە، نەک لێكدانەوەی هەمەلايەنەی لۆژيكی! ناچار سەرەڕای ئەوەی بڕيار بوو، قسە نەكەم.. قسەم كردو گوتم:

ئێمە رێكەوتوين، ئێوەش ئازادن چۆنی لێكدەدەنەوە. ئێستاش بۆ رونكردنەوەی رێكەوتنامەكەو دڵنياكردنتان هاتوين كە بۆ دژايەتی ئێوە نييە.

نێچيرڤان پێی بڕيم و گوتی: نەخێر بۆ دوژمنايەتی ئێمەيە!

وەڵامم دايەوە كە:

چۆنی لێكدەدەيتەوە ئازادیت. بەڵام قبوڵی ناكەين بەوشێوەيە قسە دەكەيت. جەنابت شوارز كۆف نيت و ماڵەكەشت چادرەكەی سەفوانی كوييتی نييە.. ئێمەش وەزيری بەرگری عێراق نين هاتبين ئاڵای سپيتان بۆ بەرز بكەينەوە. ئەگەر ئەوە بڕيارتانە كە رونتكردەوە،

دڵنیابە، ئێوە کارتێکتان هەیە، ئێمە دوو کارتمان بەرامبەرتان هەیە. یەکتریشمان لە شەڕ و ئاشتی دا تاقیکردۆتەوە. بەو زمانە قسە مەکە لەگەڵ یەکێتی.

گوتیشم: ئێمە ناچینە هیچ پیلانێکەوە دژتان. سیاسەتی حوکمڕانیمان، پەرلەمان، هێزی پێشمەرگەمان، پەیوەندی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و عیراقیمان لەگەڵتاندا یەکە. ناکۆکیشمان هەیە لەگەڵتاندا. پێمانخۆشە ئێوەش لەگەڵ گۆڕان گفتوگۆ بکەن.. ڕێکیش بکەون. گوتی:

- بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ گۆڕان ڕێک ناکەوین. بەڵام مادام دەڵێن، لە حکومەت و پەرلەمان و لەناو پێشمەرگەو سیاسەتی حوکمڕانی، لەگەڵ پارتی دەمێننەوە، ئەمەمان پێخۆشە.. فەرموون با لەسەر ئەم خاڵانە قسە بکەین.

ئیتر.. کۆبونەوەکە ئارام بویەوە، پارتی باشتر لە سیاسەتی یەکێتی تێگەیشتن، یەکێتیش تێگەیشتن، دۆخەکە لە مەترسیدایە و دەبێ بیرێکی قوواڵتر لە پەیوەندی یەکێتی – پارتی بکرێتەوە.

لەدوای ئەم کۆبونەوەیە، ئەو سیاسەتە بۆ یەکێتی هاتە پێش کە:

نە لەگەڵ پارتی بین دژی گۆڕان، نە لەگەڵ گۆڕانیش بین دژی پارتی. بەڵکو بەشێک بین لە چارەسەری سیاسی نێوانیان *.

لەو هەلومەرجەدا، هەوڵم دا، چاوەڕوان بم و بزانم، ڕێکەوتنەکەی یەکێتی – گۆڕان چەندی جێبەجێ دەکرێ. بچوکترین کۆسپیشم بۆ ڕێکەوتنەکە دروست نەدەکرد. بەڵام وردە وردە ڕێکەوتنەکە، لەبەردەم دۆخی سیاسی عێراق و کوردستاندا، گیری خوارد. گۆڕانیش بەردەوام، هەڵمەتی ڕاگەیاندنی دەبردە سەر یەکێتی. ڕیزی یەکێتی زیاتر شێوا. تەراتێن لەنێوان سەرکردایەتی گۆڕان و بەشێکی سەرکردەکانی یەکێتیش، پەرەیسەند. گەیشتە کەین و بەینی ژێر بەژێریش.

ئەو سیاسەتە، ژێر بەژێر و لەناو یەکێتیدا، ڕەنگێکی نالەباری ڕشت. هەتا سەرهەڵدانی ناوەندی بڕیاریش، بەردەوام بوو. بەبێ ئەوەی نە گۆڕان و نە ئەوانەی ناو یەکێتی، لە توانایاندا بێ، بەو سیاسەتانە هاوکێشەکان بگۆڕن **، لەدوا سەرەنجامیشدا، یەکێتی و گۆڕانیش، هاتنە سەر هەمان سیاسەت، کە لە دەباشاندا، پێیان گوترا: وا چاکە یەکێتی و پارتی و گۆڕان، ڕێک بکەوین و پێکەوە حوکمڕانی کوردستان بکەین! بەڵام

* کە کۆبونەوەکە تەواو بوو. چەندین ئەندامی وەفدەکە، سوپاسیان کردم لەسەر قسەکانم و دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان. بەڵام دەشمبیستەوە، لە کۆبونەوەی لابەلا، هەلپەرستانە قسەیان دەکرد!!.

** ئاسۆی فەرەیدون عەلی ئەمین (پارێزگاری پێشووی سلێمانی) لەگەڵ دوو هاوڕێی، لە لەندەن سەردانی نەوشیروان مستەفای کردبوو. نەخۆش بوو. باسی ڕێکەوتنەکە هاتبووە پێش. نەوشیروان گوتبووی: تەنها مەلا بەختیار لەبەرامبەرماندا ڕاستگۆبوو. ئەوانی تر ڕاستیان لەگەڵ نەکردین!

بەداخەوە، دوای ئەوەی زەمینەی متمانەیەکی پتەوی سیاسی، تێکدرا. ئاسەوارەکانی تائێستاش ماوە. بەقورسیشی دەزانم، ئەو متمانەیە، کوت و مت، لە نێوان یەکێتی و پارتی دا، بگەڕێتەوە!

(١٧)
دوا دیداری نەوشیروان

مێژوویەکی دژوار، نەوشیروان و بەندە کۆدەکاتەوە. هەمیشە، کۆک و ناکۆک بوین. لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا، بە بیرمانایەت ئەرکێکی، پێسپاردبم، سەرەڕای ناکۆکییەکان، جێبەجێم نەکردبێ. سوور دەمزانی، لە کۆنفرانسەکان و هەندێک کۆبونەوەدا، پیلانی لێگێڕاوم، بەڵام، دۆخی شۆڕشەکەو شەڕی ناوخۆو کێشەکان، هاوکات پەرۆشیم بۆ یەکڕیزی کۆمەڵە، وای لێدەکردم، هەوڵبدەم جۆرێک لە پەیوەندی شیاو، لە نێوانماندا بمێنێ. تەنانەت، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی نەوشیروان و چەندین هاوڕێی تریشم داوە. لە هەموو ژیانی سیاسیشمدا، نە لە کۆنفرانسەکان و نە لە کۆبونەوەکانیشدا، داوایەکی تایبەتیشم لێ نەکردووە؛ هەرگیز بۆ هیچ پلەو پایەیەکیش رووم لێ نەناوە. لەناو خەڵک و لایەنەکاندا، ئەوەندەی توانیومە، رێزیم پاراستووە. بە بەرپرسیاری خۆشم زانیووە. دڵنیام بووم لە دوەمین کۆنفرانسدا، دژم بووە. هەر دەنگیشم داوەتێ. لە کاتی دەنگداندا، هەستم کردبوو، دەویستری نێوانم لەگەڵ نەوشیروان تێک بدرێ. لە پشتی کارتەکەم بە بچووکی تەوقیعم کرد. هەتا ئەگەر کێشە نرایەوە، بزانرێ کارتی منە. کە دەنگدان تەتەڵە کرا. کەسێک بە نەوشیروانی گوتبوو، مەلابەختیار دەنگی پێ نەداوی. نەوشیروان-یش سکاڵای بردبووە لای مام جەلال. مامیش تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: لەو باوەڕەدا نەبووم دەنگ بە کاکە نەوە نەدەیت. منیش وتم چۆن دەزانی؟ وتی: نەوشیروان گوتویەتی، سەرپەرشتیارانی سندوقی دەنگدانەکە، کارتەکەی مەلا بەختیاریان دیووە، دەنگت پێ نەداوە. منیش گوتم: ئەمر بکە کارتەکانت بۆ بێنن و لە پشتی کارتەکەم، تەوقیعم کردووە، بزانە دەنگم پێداوە یان نەداوە؟ کارتەکانیان بۆ هێنابوو، کارتەکەمی بە تەوقیعکراوی دیبوو، کە دەنگم بە نەشیروان دابوو. منیش پێم داگرت، دەبێ ناوی ئەوکەسەم پێ بگوترێ.

نەوشیروان گوتبووی: کەسەکە وەکو ژن عوزری پیا دێت. ناوەکەی نالێم، چونکە مەلا بەختیار.. دەیشکێنێ. ئەو کەسە لە تەکەتولی سجن بوو.. ماویشە.. ناوی نابەم!

هەڵپەرستی.. لەو کاتەوە، لەناو کۆمەڵەو یەکێتیدا، بەو ڕادەیە، خەریکی کنەکردن بوون. بەردەوامیشە!! بەڵام لە بەرامبەردا، بۆ یەکجاریش هەستم نەکردووە، دەرونی نەوشیروان، بەرامبەرم، یان بەرامبەر هاوڕێیانی ترم، لە رق و دژایەتی پاک بوو بێتەوە. لە سێهەم کۆنگرەدا بە تەواوەتی پیلانی شکاندنم دەرکەوت. سەرەڕاش، درێژەم بە پەیوەندیەکانم لە گەڵیدا.

ئەوەی لای من، زامێکی قوواڵی دروستکرد. ئەوەیە کە: هەتا توانیم بەرامبەر کێشەکان پشووم درێژ کرد. هەر دەشم ویست، کێشەکانمان لەگەڵ یەکێتیدا نەگاتە بنبەستی جیابوونەوە. بەڵام نەوشیروان، تەنانەت پەنجەرەیەکی چارەسەری کێشەکانیشی نەدەهێشتەوە. هەمووی دادەخست.

لە وەڵامدانەوەی رەخنەکاندا، ئاوڕم لە گەڵێ کێشە داوەتەوە، ناچمە سەریان. لێرەدا، بۆ مێژوو، لام گرنگە دوا دیدار لەگەڵ نەوشیرواندا، پێش کۆچی دوایی بە دوو مانگ باسبکەم.

کە بە نەخۆشی گەڕایەوە، زۆربەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەردانیان کرد. سەردانەکە، لێکدانەوەی جۆراو جۆری بۆ کرا؛ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بە باشە کەوتەوە.. ڕێز لەسەرکردەیەک گیرا مێژووی لەناو یەکێتی و شۆڕش بوو. بە حوکمی ئەوەی لە ناو یەکێتیدا ناکۆکی و دەستەگەری قوواڵکرابوو، تاڕادەیەک، نا ئومێدی لە چارەسەرکردنی کێشەکان، سەریهەڵدابوو. ئەوکاتە، نەوشیروان و گۆران، چاوەڕوان بوون، ناکۆکیەکانی هەناوی یەکێتی، جارێکی تریش بتەقنەوە، لەڕووی سیاسییەوە بە خراپ لێک دەدرایەوە.

چەند سەرکردەیەک، لە داخی نەبوونی ئیرادەی مەرکەزیەت و بێسەروبەری، داوایان لە نەوشیروان کردبوو، بیر لە چارەسەری کێشەکانی گۆران و یەکێتی بکاتەوەو ببێتەوە بە پەرپرسی یەکێتی. ئەویش زانیبووی، دۆخی یەکێتی دژوارە، نە دۆخی یەکێتی و نە دۆخی گۆڕانیش، هی یەکخستنەوە نییە، بۆیە گفتی نەدابوو.

لەو پۆل پۆل ڕۆشتنەی سەرکردەکاندا، خۆم دوور ڕاگرت. دەشم ویست لە هەلێکدا سەری بدەم، لێکدانەوەی خراپی بۆ نەکرێ؛ نەوشیروان گلەیی کردبوو، کە هەموو سەرکردایەتی یەکێتی سەردانیان داوە، تەنها مەلا بەختیار سەری نەداووم، ئەمە کەی دڵی لە من چاک دەبێتەوە. کە ئەمەم بیست، سەردانەکەم ڕێکخست. تەکلیفم لە دلێری سەید مەجید کرد. سەرێکی بدەو کاتێک دیاری بکات، سەری بدەین. بەڵام نە کامێرە وێنەمان بگرێ و نە کەسیش لە سەرکردەکانی گۆڕان لەگەڵماندا دانیشن، دلێر گوتی: بۆ؟

وتم: وێنە ناگرم، هەتا بڵاوی نەکەنەوەو بڵێن: مەلا بەختیاریش لای نەوشیروان خۆی پاک کردەوە. چونکە گومانم لە پاکی خۆم نییە. ناشمەوێ کەس لە گەڵماندا دانیشێ، لەبەرئەوەی ئەمەوێ قسەی دڵی خۆمی لەگەڵ باسبکەم و نامەوێ لەبەر چاوی کەسی تر، ئەو قسانەم لە گەڵیدا بکەم!

پێش دوا سەفەری بۆ لەندەن، سەرمان لێدا. بەهادینی ئەحەی کەلانی لێ بوو، ویستی وێنەمان بگرێ. وتم: مەیگرە.. دانیشتنێکی ئاساییە.. رەسمی نییە!

دانیشتنەکەمان.. هەروەکو، دوا دیدار هاتە بەرچاوم. ئاشکرا دیار بوو، تەندروستی خراپە. بۆیە، لە قسەکانمدا، سۆزو سیاسەت و ڕێزم ئاوێتە دەکرد... دەتوانم بڵێم:

دوا دیدارمان بوو، بەڵام هەستم کرد یەکەمین جارە، وەکو دوو هاوڕێی ڕاستگۆ قسە دەکەین؛ لە ویژدانی خۆمدا.. هەستم نەدەکرد، کێشەکانی کۆن لە بیرکردنەوەمدا، بەرامبەری ماوە. ئازارەکانم بیر چونەوە.. چونکە دڵنیابووم.. تەندروستی خراپتر دەبێ.

بەو ڕۆحیەتەو بەو ڕاستگۆیەتیە، کەوتمە قسە، ئەویش بەجوانی گوێی دەگرت و بۆچوونی خۆی دەر دەبڕی. بۆ مێژوو.. گرنگە! ئەو دوا دیدارە.. هێندەی لە بیرمە، بنووسم:

ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ ڕزگاری حاجی کایل، لە گردەکەی سەرچنار، سەردانی کردم. وتی: هاتنەکەم بۆ ئەوەیە ببوری و ئێمە برای یەکین.

سوپاسم کرد. کەچی کاتێک دوو سەیارەیان پیا تەقانمەوە. تەلەفۆنیشی هەڵنەگرت هەواڵێکم بپرسێ!!

وتم: دۆخی کوردستان خراپە. نێوان گۆڕان و پارتی، زۆر خراپە. کاتی خۆی لە دوو کۆبونەوە، یەکێکیان لە ماڵی مام جەلال و ئەوی تر لە بارەگای خۆت، دەم گوت: پارتی لە پارلەمان و حکومەت دەرتان دەکات. ئێوە باوەڕتان نە دەکرد. کە دەریش کران، هەموو توانامان خستە کار، نێوانتان خۆش بکەین.

وتی: ڕاستە.. وایە.

وتم: ئەم سیاسەتەی گۆڕان، بەقووڵکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ پارتی، بە سودی پارتی دەشکێتەوە.

وتی: ئەی تەسلیم بینە پارتی؟

وتم: نەخێر.

وتی: ئەی چی بکەین؟

وتم: سیاسەتتان بگۆڕن.. یارمەتیتان بدەین لەگەڵ پارتی ڕێک بکەون.. هەر سێ لامان، بەرپرسیارێتی حکومەت هەڵبگرین. چونکە، هەر سێ لامان مێژووی خەباتی هاوبەشمان هەیەو ئاراستەکەشمان دیموکراسی- عەلمانییە.

وتی: لەگەڵ پارتی سودی نییە.

وتم: دڵنیام لە دوا ئەنجامدا، دەبێ ڕێک بکەونەوە.

وتی: ناکرێ!

وتم: کە لە یەکێتی جیابونەوە، دەتان وت: هەرگیز لە گەڵیاندا ڕێک ناکەوین و پارتیش لاواز دەکەین. کەچی لەگەڵ یەکێتی ڕێکەوتن و پارتی ئێوەی لاواز کرد.

وتی: مام جەلال.. نەی دەویست، ئەگینا پێکەوە پارتیمان دەشکاند.

وتم: چی ما دژی مام جەلال و یەکێتی نەیکەیت؟

وتی: ئێمە هەر دەم و قەڵەممان هەیە، قابیلە بەکاری نەهێنین؟!

وتم: کاک نەوشیروان.. ١٩٦٤ جەلالییەکان بەرامبەر پارتی شکان. ١٩٦٦ دیسان شکان. ١٩٧٠، کۆتایی بە جەلالیەکان هات. ١٩٧٦-١٩٧٧-١٩٧٨، پارتی یەک لە دوای یەک گورزی کوشندەی لە یەکێتی وەشاند. مفاوەزات سەری نەگرت. ناچار لەگەڵ پارتی بەرەی کوردستانیتان مۆر کرد- ١٩٩٤ شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە. ١٩٩٦ ٣١ی ئاب/ قەوما و یەکێتی شکا. ١٩٩٧ تورکیایان هێناو یەکێتیان شکاند.

وتم: تاقە سەرکەوتن کە جەنابت بە دەستتهێناوە، شەڕی قرناقاو پشتئاشان بووە، کەچی قەت شانازیشی پێوە ناکەین.

دوای جیابوونەوەی گۆڕان.. سەرەڕای ١٧/ی شوبات، هەر لەگەڵ پارتی ڕێکەوتیت و کۆنفرانسەکەشت بردە هەولێر. مانگی یەک دوو جاریش سەردانی مەسعود بارزانیت دەکرد. ئەمجارەش، با پێکەوە ڕێک بکەوین..هەلەکە لەدەستی مەدە!

وتی: دەتەوێ تەسلیم، ببمە مەسعود بارزانی؟

وتم: نەخێر.. دەمەوێ ڕێک بکەوین. کاتی خۆی لە کۆبونەوەی سێ قۆڵی (پارتی- گۆڕان- یەکێتی).. لە هەولێر، بە قادری حاجی عەلی و د. یوسفیشم وت. باسێ قۆڵی ڕێکەوتنی ستراتیژی بکەین. ئێستاش دەیڵێم.

وتی: نا یکەم.

وتم: ئەی باشە.. بۆچی سەرکردەیەکی بە ئەزموونت نەکردە سەرۆکی پارلەمان؟

وتی: نەیان دەکرد.

وتم: مستەفای سەید قادر بۆ وەزارەتی پێشمەرگە قبوڵ دەکات.. سەرۆکی پارلەمان قبوڵ ناکات؟

وتی: ئیتر وایە.

وتم: ئاخر بۆیە پارتی بە ئاسانی بڕیاریدا، سەرۆکی پەرلەمانەکەتان و فراکسیۆنەکەتان و ، وەزیرەکانیشتان دەر بکات. چونکە کەسانی شایستەت دانە نا.

وتی: ئەو پارلەمانەو حکومەتە هەر ئەوەیان قابیلە!!

لە کۆتاییدا.. بابەتەکەم گۆڕی و گوتم:

–لەگەڵ پارتی نایکەی.. فەرموون، بچینە دەرەوەو کۆنگرەی رۆژنامەگەری بکەین و رایبگەیەنین، یەکێتی و گۆڕان..یەک دەگرینەوە. با دوای شەش مانگیش رێکەوتنەکە مۆر بکەین.. زەمینەی خۆش دەکەین.

وتی: کاتی نییە.. گۆڕان ئێستا ئامادە نییە بڕیاری وا بدات.

وتم: کاک نەشیروان.. هەڵێکی باشبوو، یەکێک لەو پێشنیازانە قبوڵ بکەیت. بەداخەوە قبوڵت نەکردا! وای دەبینم.. ئەم هەلەشت لە دەستدا، جەنابیشت نەخۆشی!

کورتیەکەی.. ئیتر دڵم نەهات پێی بڵێم.. فریای چارەسەری کێشەکان ناکەوی.. بەڵام تێ گەیشت، مەبەستم ئەوەیە. کە هاتینە دەرەوە، دلێری سەید مەجید گوتی: بەسەراحەت قسەت لەگەڵ کرد. وتم.. خۆ تێم گەیاند کە لە کۆتایی تەمەنیا.. هەلی سەرکەوتنی گەورەی نەماوە! دلێر وتی: بەڵێ قسەکانت ئەوەی دەگەیاند.

ئەوەتانێ، دوای کۆچی دوایی رێکخەری گشتی گۆڕان، بزووتنەوەی گۆڕان، پێش یەکێتیش لەگەڵ پارتیدا رێکەوتن.

دڵنیام خۆیشی بمایە، هەمان بڕیاری دەدا. چونکە، سەرکردەیەک بوو، قەیرانە سیاسیەکانی قوڵ دەخوێندەوە.

دەمێنێتەوە بڵێم: رەنگە هەبێ بڵێ، بەشێکی ئەم کتێبە، رەخنە بوو لە مام جەلال و نەوشیروان، ئەی بۆ هەتا خۆیان زیندوو بوون، ئەم کتێبەت نەدەنووسی. لەوەڵامیاندا دەڵێم:

لە ژیانی هەردوو رابەردا، رەخنەو هەڵوێستم هەبووە. بەشێکی لە کتێبەکەدا ئاماژەم پێکردوون. لە کۆبونەوەکانیشدا، کەمجار بۆچوونی خۆم بەرامبەریان شاردۆتەوە. وتارو کۆڕەکانیشم ماوون، کە لە بوونی هەردوکیاندا، رەخنەی خۆشم گرتووەو هەڵوێستی راشکاویشم دەربڕیووە!

رۆحی هەردووکیان شاد .. تۆ بڵێی هاوڕێ و کەسوکاریان، دەرسیان لێ وەربگرن..؟!

ئەم کتێبە، کۆ وەڵامی بەشێکی ئەو ڕەخنانەن، لە سێ دەهەی ڕابوردودا، لە نوسینی بیرەوەریەکانو چاوپێکەوتنەکاندا، باسکراوون. لە زۆربەشیاندا، باسی کۆمیتەی هەڕێمەکانو ئاڵای شۆڕشو بەندە کراوە. پشووم درێژ کرد. خۆم ڕاگرت. کۆڕۆنا، هەلی بۆ ڕەخساندم، ڕەخنەکانم لە خەم بڕەخسێنم. بەناو نوسەرو یاداشت نوسی تر هەبون، باسیان کردوم. نوسینەکانیانم، بە شایەنی وەڵامدانەوە نەزانی! لە دووتوێی ئەم وەڵامانەدا، وەڵامەکان ڕەخنەو گێڕانەوەکانی ئەوانیش دەگرێتەوە.

دەمێنێتەوە بڵێم: "لەبری بیرەوەری" بیرەوەریەکانی من نین. تەمەن یار بێ.. بیرەوەریەکانیشم دەنوسم.

٣٠/ی حوزەیرانی ٢٠٢٠

مێرگەپان

پاشەنگ

کرۆنۆلۆژیای[1] بەڵگەکان:

وتارەکان:

یەکەم وتاری مەلا بەختیار
دوەم وتاری مەلا بەختیار
سێیەم وتاری مەلا بەختیار

نامەکان

یەکەم نامەی زیندان
دووەم نامەی زیندان
سێیەم نامەی زیندان
چوارەم نامەی زیندان
پێنجەم نامەی زیندان
شەشەم نامەی زیندان
حەوتەم نامەی زیندان
هەشتەم نامەی زیندان
نۆیەم نامەی زیندان
دەیەم نامەی زیندان
بەڵگەنامەی نەوشیروان مستەفا

نامیلکەکان:

یەکەم نامیلکەی ئاڵای شۆڕش
دووەم نامیلکەی ئاڵای شۆڕش
سێیەم نامیلکەی ئاڵای شۆڕش
چوارەم بەڵگەی ئاڵای شۆڕش
بەیاننامەی یەکگرتن
یادە وێنە
سەرچاوەکان

---

١ کرۆنۆلۆژیا: زانستی میژووی رووداوەکان یان زانستی زنجیرەی رووداوەکان بەپێی کاتی رووداندیان.

وتار

وتارێک بەناونیشانی «چەند تیشکێک بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵەدا» ٧ فولسکاپی گۆڤارەکەیە، لە ١٩٧٩/١٠/٨ لە گوندی شێنێ دا نوسیومە.

چەند تێبینی یەکەرەندەر لایەنی خەباتی کومەلەدا

دوای جوارده سال لەخەبات و قوربانی دان و تێکۆشان و تازارچێشتن و ئەنجام و ئاش بەتال بوو - بەناسیاوی (ئاش ئاو) ئەوجورنەی کەجوار دەسالی رەبەی بەچوکەلەی خوین و فرمێسکی جەوساوانی میللەتی گورد دەگەرا . جەماوەری رەنجدەری دەیان سال عەوداڵی تازادی و سەربەستی گەلەکەمان و بەویەری بەرەو تاسەوە و جاوبان لە ئاسوی رزگاری و سەرفرازی بێر سوو و دەیانەویست بەبەروبومی رەنجی خوێن و گیان بەخشینی لەبن نەهاتوبان بگەن و . دەیانەویست خوری تازادی هەڵبێتەو بەستەلەکی تازاروستەمی نەتەوایەتی و کومەلایەتی بتوێنێتەوە . کەمی لەبری رزگاری بوون . سەربەستی . . عادی و بەختیاری و لەبری هاتنەبەری داری تازادی و بەبروسکەیەکی ئوومێدی بارەگای بارزانی و ئاش وستینترا و بانگەوازی (ئاش بەتال) پەردەیەکی رەشی بەسەر گڵینەی هیوای هەڵسکی زەمەنکێشی کوردستانا هێنا و ئاوای بویلاو لە هەڵکێ کسرا و ئاینەوانی ناکارا مەو هیچ نەزانێس و تریفوک و خوفروش (بەشەرال بارزانی) وەک ئەبای ئەبیی و ئەبارانی هەڵات و دەیان پیاوی گەورەو زەبەلاحی بورژوای بازرگان بەسیاسەت و ئەڵمەقە تاریخەری راست زەوایەتی ئاوبزوتنەوەی کوردایەتی بێشدرمانە سەنگەری خەبات و شەرەقیان جول کردو سەری خوبان هەڵگرت و رەوی ئاشەوانی ریندزان کەوتن .

ئەوبەرەی میللەتەکەمان لەخەباتا جێگی کەوت و ئەنها مەبەستەکی ئەتەوایەتی بی هاوتایان جەرگبری بی هاوتابوو . دوژمنە دێرینەکانیشمان و لەئێران و عیراق تا جارێکی تریش هزر رزگاری و سەرکەوتن خستنیەوە سەما .

بەمەش دوبارە ئەوراستیە پرێنگدارە بەڵگە نەویستەی میژوو و لە کورستانی ئێمەشدا کەوتەوە ڕوو و کەبورژوازیەت و دەرەبەگی گەلان و بەتایبەتی تویزی چەتی بورژوازیەتی گەلێک کەبێ رزگاری بوون خوی هاویشتبێتە ناو ئاشتی ئێمپریالیزم و دەولەتی کونەپەرست و بێگانە وە و نەتوانن هەناسەو تریزە بە خوی بدەن و ناتوانن میللەت بەرەو ئاسوی تازادی بەرن .

نسالەو بارو دۆخە نالەبارەدا و کومەلەمان تاکە ڕێکخراوی سیاسی و نیشتمانی کوردستان بوو کەلەمەیدانی خەباتدا مایەوە و سەنگەری ووڕەی چوڵ نەکرد . بەمەبارو دۆخێکی نوێی هاتە ئاراوە و نوێ بەنێسبەت کوردەوە و بەنێسبەت کومەلەوە . قۆناغی پێنج سال تەمەنی لەمەو پێش کومەلە و قۆناغی پەروەردە کردنی ئایدیولوژی و پێگەیاندنی کادرو ئەندامانی بەمەرجوو . ئەم قۆناغە نوێیەدا و جگەلەئەرکی ڕێکخستن و بەگیانەندی و ئەرکی ئەتەوایەتی و نیشتمانیشی کەوتە ئەستو . ڕوبەرو بوونەوەی ئەرکێکی ئاوا قورسە بوڕێکخراوێکی تەمەن پێنج سالی کەم تەجروبەی وەک کومەلە و کارێکی هەروانا نەبوو ڕێگایەکی بمکوب و تەگەرە نەبوو . . بەڵام لەگەڵ ئەمانەش دا و سەدگی مەعنا بوو بو ڕێکخراوێکی (م . ل) ی ڕاستەقینە کەبتوانی بە ڕێکخستن و کردەوە و خوی لەو جۆرە و گرنگانە بوداکاتەوە کەوەک ئەرکوئی لەماهین بجرای خەباتەدا لەسیلی گشتی و سەرەکی لایان ئاوەو بەتەواوەتی لەناوەروکی (م . ل) ی دورکەوتونەتەوە . ئەوە زیاتر لەردەکوی کەچون مەبەستەی ئەتەوایەتی و جیابەتیان لەبیرچوو و لێکیان ترازاندون . . کەبوولیتانە بو ئەو جۆرە مەبەستانە دەبن و خوبان لەوراستیە گەل دەکەن کەمەبەستەتەوایەتی و جیابەتی ڕیشەیان تێکەڵاوی بەکێشەو و لەبەکسدن بوداناچنەوە و بەردەوام بەکێی ئەوا و دەبن و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هەرکا میکێشیان بەسەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کەوتنی ئەوتر وە بەندەو هیچیان بێ بەکسر و مەبەستی سەرکەوتن و دەستناهێنن .

ئەوجۆرە و ڕەخنەو ڕوانینە و ئەو تەبەنەتە میژوییە یان ئەتگوی ئەستووە و کەڵەکاتیی دەستدرێژی ئێمپریالیزم و ئاپێز و بورژوازی ئەتەوەیی دەبەکات دارا و بەبێبەتە حزب و ڕێکخراوی (م . ل) بەکان یان نیشتمانە و سەرنەکەوتنی ئاوایەتی بەزۆری ئەوە و لەئەنجامدا ئەو بەباتا دەبێتەو و ئەوان بو بەند بورژوا جوانەکان و ناتوانن بەئارەزوی خوی بەبێ بورژوازی ڕزمەبەتان و ئەڵوێر و زێدەوە ئێمتیازیان بگرنە دەست .

هەرلەبەر ئەم هۆیەشە • ئەڵەڕۆژەهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەناوچەی جۆرێبەجۆرتری چینا نـــدا چەندەها حیزب و ڕێکخراوی خوبـــە (م • ل) زان • نەیانتوانیوە لەوی پێشەوایەتی بـــگرنـــە دەســـت• هەربۆیەش مەیدان لەبەردەمی بورژوا چول بووە کەبتوانی بەئاســانی ببیتەرابـــەرو ڕی لێبگرێندەڕی جەماوەر بە پرولیتاریا و ڕەنجدەڕاتێشـــەوە • • •

کـــۆمـــەڵـــە مـــان هەرلەسەرەتای دامەزراندیەوە دەرکی بەوراستیە کردووە • دەڵقەی پەیـ ـوەنـــدی نێوان مەسەلەی نەتەوایەتی و چینایەتـــی دەست نیشان کردووە و بەلیکتیکانە پێکەوەی گـــرێ داون • قوناغە جۆراجۆرەکانـــی خستوتە ڕوو زانستیانە ئەوراستیەی پێکـــاوە کەچەوســـا ـنەوەی نەتەوایەتی لەناوەڕوکـــدا • بڕیتیە لە چەوســـانەوەی چینایەتـــی • چونکە ڕەگی مادی گیاکەڵەی چەوسانەوەی نەتەوایەتـــی لەسەر ڕەگی مەسەلەی چینایەتی و خوێن مژینی چـــینـــایـــەتی یەوە پـــەیـــدا دەبـــی •

بۆیە پاش ئاشبەتاڵ • سەرهاڵدانی کەمێ ئەمەن و کەم تەحوربەبێ و خوبوونەوەی دەرخـــستن کـــۆمـــەڵـــە بارو دۆخی تایبەتی کوردستانی هەڵسەنگاندو پەڕەی بەخەبات دا و زیاتـــر بـــزوت • پترکەوتە جالاکی نواندن • خوی لەبەرگری لە کـــوردســـتان دورنەخستەوە • • • ئاڵەوکاتـــە ناسک و سەختەی بەرەیدانی کۆمەڵەدا • کەهێشتا شەڕی ماندووبەسەر ئاش نەبڕابوو • هێشتا تەپ و تۆزی گیژەڵوکەی ئەوجەزرەبەیە بە ئاسمانەوەبـــوو • • • هێشتا خەڵك • لـــە ـبونایی ســـیاســـی دا دەڕیـــان و سەرلێشێواوی بـــالـــی بەسەریانا کێشـــابـــوو • • • ئەندامانـــی کۆمەڵە • سەرەڕای ئەوەی کەهێشتا هەموویان پەیوەندیان پێوە نەکرابوورەوە (مـــەبـــەست لەوانەیە کەدوای ئاڵەبەتاڵ گەڕابوونەوە) • کەوتنەبەر شاڵاوی پەلامارەکان و گرتن و ڕاونان و بـ ـگرەو بەردەڤاهێنەرەگەز پەرستەکان • • • لەوانە ئەمەحەمەدانـــی نەمـــر (ئەمـــتـــاب و جەعفەر) ڕێگای ئێرانیان گرتەبەر • بەنیازی دەربازبوون لەوشاڵاوی درندانەیەی فاشـــیەکان. بـــەڵام مەخابـــن • ســـاواکی ڕژێمی شـــای گور بەگور • بەبارمتەی پاشماوەی دەزگای شـــەڕو ئـــەری ناڕاستەوخۆ توانی بیانگرێ• وابوو لەماڵگی (١٢) ی ســـاڵی (١٩٧٦) تا بـــەیـــانـــی ڕێکەوتنامەی بەناوی جەزائیرێ نێوان شـــا و عـــدام • تەســـلیمی ڕژێمی بەعـــســـدا کرانـــەوە •

لێرەدا • ڕاستیەك دەبێ • پێویستە ئەبشـــارینەوە و بێخەیدە ڕوو • بۆ کەڵكی وەرگرتن بۆ ئەوەی هەڵە دوواتر نەبێتەوە • بۆ ئەوەی جێدی کارماتی لەوچەشنە ڕوونەدەن • ئەوبـــەش ئەوەیە • نەدەبوایە ئەو هاوڕیانـــە مەیدانی خەباتێ بهێڵن • کەبەجێیان هێشت نەدەبوایە ڕێگای ئێران بگرنە بەر، هەڵە نەبوو • چاوەڕوانی دوژمن بنوتێنن و هەروابەئاسانی پێکەونـــە دا وێـــەوە•

لەوکاتەدا کەئەوان نیشتیمانیان چێ هێشتا ناوەوەی نیشتیمان • سەنگەرێ خەبات و خزمەت کردن و چەسپاندن و جەگیرکردنی کۆمەڵەبوو • نەك دەرەوە •

بارودۆخ هەرچۆنێك بێ • تێکۆشەرە ڕاستەقینەکان دەتوانن بمێننەوە و ڕێگەنا میزی جەماوەری دڵسۆزانی خۆیان وەبارن و دریژە بەخەبات بدەن• ئاقی کردنەوەی ڕێگەوراستیەی سەڵماندوە کەهەرکـــاـ تێك ڕابەرو کادیرە پێش کەوتوەکانی هەرحیزب و ڕێکخراوێك کورسی خەباتیان چول کردبێ و ڕێستبیتیان لەهەڵندەرانەوە خەبات بکەن و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەبێ بهێنن • لەکاتێکدا کەنیشتیمان پێویستی بەماندووبیان بوبێ • ئەوە نەیان توانیوە وەك پێویست ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن و سەرکەوتن بـــە دەست بهێنن• چونکە هەرئەو سەرکردەو کادرانەی جێگای بروا و متمانەی هاوڕیانی خۆیان و جـــەـ ماوەرن کەلەڕوژانی تەنگاو پرمەترسی و ناخوشی دا خۆیان ڕادەگرن و هەڵناێەن • خۆشگەر هـــەر تەنها ڕوژانی خۆشی سەنگی مەحەك بێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوا بێگومان هەموو کەسی شوێنگیرە • • •

ئەمەڵەکاتێکدا ئەو هاوڕیانەی وەهەندێ هاوڕێی کەبڕیاریان دەیانزانی کەهاوڕیان و هـــەـ ڕاڵانی دڕدونەیان خەریکی گەڕانەوەن • بۆ ئەوەی لەناوخاکی کوردســـتانا (نەڵەدەرەوە دا) گرێ هەڵبێننەوە • جگەلەوەش دەیانتوانی بەئاسانی لەناوهاوڕیانی وەمێن ڕوانـــی باشیان لەدەستبەرکردنەوەی هێزێکـــدا بمێنن • ئەمەو دوای ئەوە کەچەندین هاوڕێی ئاماژەیی خۆیان دەبڕیوە بۆ بەناڵان و حەماڵانیان •

ڕوخسەتی ئەوهاوڕیانە • تاماوەیەکی جا ێیرازەی ڕێکخستنی پێڕاندبووەوە کڕبوون و وازـ

بوونی • ماوەیەکی زور وەکو بیویست پەیوەندی نەما و بەراوەیەکی وا کەریکخستن تووشی ئیفلیجیەکی کاتی هات • خوێندگەر ئەو هاوڕیانەی ئەم هەلەیەیان نەدکرایە • ئەوا بیگومان باری ئیستای ریکخستن زۆریکی تر نەبوو • گرتن و راونان و زەبروزەنگ وەشاندن بەیی ئەوەی پەنا گەیەک هەبی و روی تی کری • باریکی تازەو نالەبارو سەختبوو بو ئەندامانی کومەلەکەلەوەو پیش تاقی کردنەوەی لەوجۆرێنەیان نەدی بوو لەوکاتەدا کومەلە لەروی شوین و جیگاوە تابلیی کەم توانا بوو • • ئەم وەزعە دەلی لەهاوڕیانی بەرتەوازە کرد • چەند هاوڕیەکی تا کاتاری هاوڕیانی دی • خویان حەشاردابوو • تادوان سالیک هەرنەیان دوزرانەوە • • دوای ماوەیەک وردە وردە عەلقەلیک تراژاوەکانی ریکخستن خەریک بوون یەکتریان دەگرتەوە • • ئەوەندەی نەبرد جاریکی کەش دەست کرایەوە بە جم و جوڵ • • کەچی لەوکاتە ناسکانەدا چەند هاوڕیەکی ترمان گیران • • ئیسانەوە بو ماوەیەکی تر چالاکی ریکخستن وەستایەوە • • مەترسی گیران و راونان سەری هەلدایەوەو چەند هاوڕیەکی ئیمان خۆیان ئاردەوە، هەرلەو کاتەشدا ئەمن چوومبوون هەڵەبەدی ئەمر کاکە ئارام بگرن بەڵام بەریکەوتئەوکاتە لەژورەکەی خوی نەبوو بوو • چوومبووە ژورێکی تری ناژەکەی • • کاتێ دەگەڕێتەوە بو ژورەکەی خوی لەدورهوە ئەمنەکان دەبینی و هەست دەکاکەبو گرتنی ئەم هاتوون • ناچاریەپەلە لەدەرگایەکی تردەوە خوی قورتار دەکات دوای ماوەیەکی تر • جاریکی کەش تەمی گرتن و راونان ڕەویەوەو دەست کرایەوە بەچالاکی و ریکخستن کەوتەوە گەڕو پەیوندی بەشارەکانەوە کرایەوە •

ئەم هەوڵ دانە بەچاکی سەری گرت • بەتەواوەتی دەست کرایەوە بەئیش کردن • بریارنرا لە کوتایی مانگی (١٢) ی (١٩٧٥) دا یەکەم کوبونەوەی کومیتەی هەریەمکان بکری و لەباری کومەلەو دوخی خەبات بکولریتەوە •

پیش ئەوەی کوبونەوەکە بکری بەچەند ڕۆژێک ڕۆیشتم کور بەکوری حەمە ڕەزا شەهیدانی تەمر (غەمخۆر و جەعفەر) ی تەسلیم بە فاشیەکانی ئاغنای کردەوە • • • ئەمە کاریکی ئاسایی نەبوو رودانیکی ئاڵ و جەرگبڕ بوو • هەندی لە هاوڕیان شەپۆلی تیژ و لولی دان • دەستیان گرت بەگریان خویانەوە بانەی بسا • • • ئیسانەوە • باری ریکخستن دڵنیزایەوە • • هەڵوژانی ئەم جارە زور ترسناک بوو زور خەڵکی وایان بەبیردا دەهێنایەوە کارەساتەکەی (قیادەی مەرکەزی) بەسەردی کەبەهوی گرتنی (عزیز الحاج) وە ریکخستنیان لەبەر بەڵەچوو و هەرهەمیان هینا و ئیعدام نەهاتنەوە سەر خو چوزەرەی ئەم تیرۆرانینەی لەخاکی ئەئیرکردنەوەیەتا سەر ئەهل هەدا کە کواپەی کومەلە ریکخراویکی وردە بوو وازی پەلەپەل کەرەو ناتوانی بەرگەی دوخی ئاوا نالەبارو چاوەرون نەکراو بگری •

تاقمی بەناو (ڕەنجدەرانیش) کەبەهوی بوونەلەیی و بیروڕای نەتەوە پەرستی وردە بورجوازیانەوە کەهەر لەدوای ئاڵوگۆڕی بەناڵانەوە دەرکرابوون • کەوتنە جرت و فرتیکی بی وینە بەونیازەی لەو دوخە وەرگرن و ببنە میراتگرو خویان بکرنەوە • بوئەوەش کە شەرعیەتی تەواو بدەنە خویان • ریکخراوی ڕەنجدەرانیان بەناڵ هینا • ئینجا کەوتنە پرو پاگەندە کردن و ئەملاو ئەلایەکی هیچ لە بارانەبوو • بەتایبەتی لەناوی سلیمانی ئاو زیاتریش لەناو زانکودا • بەتەوو نوسینەکەمە زەردەکانیان گفی (م • ل) بان لی دەدا • بەڵام ناودروکی نوسینەکانیان تەوو هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان بەزەقی بوونی بیرورا وردە بورژوازی نەتەوە پەرستیی لیدەسات • ئەوە جگەلەوە لەهەڵسوکەوتیشیانا پەلەپەلیکی (تطرف) بەکار زوریان دەکرد دەیانەویست خیرا ڕەدا کوتن و جلەویان بکەوێتە دەست • ئەمانەش بگوبەرەی کات و وزەی وەختی خویان هەندی کوت و گیرو گرفتیان بوئروست کردین • بەتایبەتی لەناو براگوێی کارەکان • • بەڵام • لەبەر ئەوەی دەستەی بەڕێوەبەریان لەبەرکوتان و هەڵگەرانەوەیان لەبیرو باوڕی (م • ل) ی دەرکرابوون • لەبەر ئەوەش ڕێخراوە بەمردویی لەنایک بووەکە بەڕی پیدا ویستی میژووی لەدایکەمان نەبوو • •

بەڵکو تەنها حەرو بارەزوی چەندکەسیکی لەرێزی کومەلە وەدەرنرا و ماماڵی بوون • • بویە پیش ئەوەی لەدایا بو گیانی سیارد •

بویەلەگەڵ کلیپسەندنی ئەی خەباتدا • ئەوان هیرەبەفرینە ئاسا توانەوەو ئیدی دەمی کوڕەی

کومه‌له ....
.کهمان و حزب و ... ان قسه‌ی دا ... او ... به‌تالیان لی‌ی کرد ...
سه‌رباری ئه‌م هه‌مو ناخوشی و گیرمه‌و کیشه‌یه‌. سه‌ره‌را ... به‌و هه‌مو به‌ست و بالوراندنه‌وانه‌ی ماو کومه‌له‌ی سوور ... وون له‌ سه‌ر به‌ره‌به‌دانی خه‌بات و ریکخستن و کولیان نه‌دا ...
ما به‌ی شانازیه‌ بو کومه‌له که هه‌میشه‌ی نه‌مر (...) نه‌به‌زانه‌ به‌رگه‌ی درندانه‌ترین شه‌واری ناژاردان و هاژ و هوری فاشیه‌کانیان گرت و زیندان .. لیدان ... میداوه‌ نه‌یانتوانی سه‌ری به‌رزیان پی نانه‌ویندن ... شه‌هاب و جه‌عفه‌ر رویشتن به‌لام تۆوی ترسیکی زوریان له دلی دوژمنا ... وه‌ماند .. نه‌وان رویشتن به‌لام ... نانازیان بو ئیمه به‌جی هیشت ... گو و ته‌وژمیکی تریان خسته‌وه گیانی هاوری یانمان .. به‌لی چرای توانا ... ئه‌وان ریگای به‌ردهم ریکخستن و کوری خه‌باتی زیاتر روشن کرده‌وه .

ئه‌و هه‌مو رووداو و کاوساته ناهه‌موارانه‌ی به‌سه‌ر کومه‌له‌دا هاتن ... له‌گه‌ل ته‌بوونی به‌رنامه‌ی ئیش کردن و تاکتیکی راست و دروست ... چه‌کده‌ره‌ ده‌یان پرسیاری له‌سه‌ر لیوی ئه‌ندامانی کومه‌له وه‌ده‌ر نا .. وه‌لامی ئه‌و هه‌مو پرسیارانه‌و روونا‌کی خستنه‌سه‌ر هیلی سیاسی و ئایدیولوژی و ... انی تاکتیکی راست و دروست و لیکولینه‌وه‌یه‌کی دوورو دریژی زانستیانه‌ی پیویست بوو ... لیکدانه‌وه‌که‌ی زانستیانه نه‌نوسرا ... نه‌گه‌ر به ووردی که‌مو کوریه‌کانمان ده‌ست‌نیشان نه‌کردایه‌و به گیانی رهجته له خو گرتنیکی مارکسی ـ لینینیانه‌وه به‌خومانداندا نه‌چوبایته‌وه ..

بزیه‌ رایورتی (...) مان له‌سه‌ر باری ریکخستن و سیاسی کومه‌له‌وه نوسی و لایه‌نی که‌م و کوری و لاوازی ئیش و کاری له‌وه‌و پیشمان ده‌ست‌نیشان کرد . به‌میژووی بیست ساله‌ی کومه‌له‌دا ... ه‌ی ... ته‌ماشه‌ بکه‌ین که‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی کومه‌له‌وه کومه‌لی که‌م و کوری و ... ه‌ی ... بوون چ له‌ ریبازی کار و سیاسه‌ت و ئایدیولوژیه‌دا ... له‌ ... یانه‌ و چونیه‌تی هه‌لسوراندنی نه‌بوه‌ته‌ هوی ئه‌وه‌ی زور له‌ کادر و هاوریانمان توشی گرتن و خو شاردنه‌وه بین .

سه‌یه‌رای ئه‌مانه‌ش زور به‌ ووردی و به‌ سه‌لیقه‌یه‌کی زوره‌وه باری بزوتنه‌وه‌ی کومونیستی جیهانی و روژهه‌لاتی ناوه‌راستمان هه‌لسه‌نگاند .

ئه‌گه‌ر چی ئیمه‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه باش ده‌مانزانی که‌ نووسینی ئه‌و به‌یانه‌و بلاو کردنه‌وه‌ی نه‌بیته‌ هوی سه‌رهه‌لدانی زورانبازیه‌کی قیکری نزوار له‌ نا و ریزه‌کانی کومه‌له‌دا ... به‌تایبه‌تی له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی ره‌خنه‌له خو‌گرتن و به خودا چوونه‌وه و سه‌له‌نگاندنی رابوردووی کومه‌له و ده‌رهه‌ستی که‌م و کوری و هه‌له‌کانمان به‌لام ئیمه ئه‌وه‌مان به گرنگ نه‌زانی به‌لکو ئه‌وه‌ی لای ئیمه گرنگ‌بوو هه‌میشه‌ ... بی‌ئه‌وه بوو که حه‌قیقه‌ت‌له هاوری یانمان ... ه‌ی ... ه‌ی ... ه‌لسه‌نگاندن و ره‌خنه له خو‌گرتن و ده‌ست‌نیشان کردنی هیلی سه‌ره‌خو راستی سیاسی و ئایدیولوژی و ... هتد .. مان لا گرنگ‌بوو بویه سه‌رهه‌لدانی ئه‌و زورانبازیه‌ هه‌ندگاوه‌کانی ... ل نه‌کرخینه‌وه و به‌ئیمه‌نانی نه‌کرخینه‌وه .. وا بوو که بلاوکرا وه‌کهر بلاو کرایه‌وه ... زورانبازیه چاوه‌روان کرا وه‌کو له چه‌ند هاوریه‌که‌وه دهستی پی کرد ... به‌ تایبه‌تی له‌وه‌دا که ره‌خنه‌مان له سه‌رکردایه‌تی کومه‌له گرتبوو ... زورانبازیه‌که ماوه‌یه‌ک هه‌ریکسی کردین به‌لام له ئه‌نجامی کوبوونه‌وه‌و لقت و گوی هاوریان و ... هقد ... ئه‌و راستیه‌مان سه‌لماند که ریزله‌گرتن و خوشه‌ویستی هاوری یانی کومه‌له ... باسه‌رکردایه‌تی و له‌ هه‌ماوه‌ش بن‌بر ... ی کار و سه‌رکه‌وتنی ریکخستنه‌وه به‌نده ... ئه‌ک‌هتی تیدایه‌ ئه‌گه‌ر له‌و پیوانه‌یه ترازا ئه‌وا ئه‌بی ته‌رازووی ره‌خنه بخریته‌ کار ...

ه‌و ... لوقیه ... ه‌ندی کاتی له‌ پیرا بین به‌لام هه‌رچونی بوو ووردە ووردە ریخه‌که‌ ساویژ بووه‌وه‌و ... یکخستن خو ... ته‌وه‌و ده‌مارگه‌نانی ئیش و کار خوینیان تی ... ایه‌وه ... ه‌وا ... ته‌مه ئیتجا گیرو گرفتی ... ه‌بوندی نه‌بوونه‌ گه‌ل هاوریانی ده‌ره‌وه‌ ... ماته‌ ... یزه‌مه‌ له‌ کا ... تیدا ... ا ده‌مانزانی‌که (ی ...) دامه‌زراوه‌و ته‌نانه‌ت هه‌ریکی مه‌تق بی ... ردنی ... ه‌ندی گه‌ل هاوری یانی ... کردنه‌وه‌ی هوری‌بین . دلنیابوین له‌وه‌ی که‌ هاوری یانی ئیمه‌ ده‌وری کاریگه‌ر ... ه‌و مه‌سه‌له‌یه‌دا ... ه‌بوونی‌ ئه‌و به‌یوه‌ندی‌یه‌ له‌و کاته‌ ... یکه‌دا

ن(۱۹۶/۱۴)•••••••

گۆڤاری ..... ژ(۶)..... ل(۱۹۲)
بۆ ئەم مەبەستە پێرۆزەدا ئامێن و پەیوەندیمان بەکورد پەروەردە و پێشکەوت و خۆزگەیەوە کردو بیروڕامان وەرگرتن (بێ گومان ئەوانەی کەلەشورشی پێشوودا ئازا و زرا و نەبوون .. میللەت فڕوێ نەبوون .. هتد) .

هەرچەندە ئەوکاتە توانایەکی ئەوتومان نەبوو ، بەڵام زانی کەبەو توانا کەمەی کۆمەڵەمان هەیەتی ، نەدوڕێ دەکری و نەسەرپێس دەخری . بەڵام بڕوای تەواومان بەووزەو توانای لەبن نەهاتوی گەلەکەمان هەبوو ، بڕوای تەواومان بە پاشەڕۆژی ڕوناکی بزوتنەوەکە هەبوو .. بڕوای بێ سنوورمان بەربیازی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ڕاست و شۆڕشگێرانەی (م . ل) گونجاو لەگەڵ بارو دۆخی کوردستان هەبوو .

هەرلەبەر بینینی وردو زانستیانەی ئەو ڕاستیانەبوو کەئاماژەی بزوتنەوەی گەلەکەمان سەرکەوت و دەهاتە بەرجاو و هەڵیساندنەوەی شۆڕشمان بەکاریکی ئاسایی و پێویست دەهاتە بەرچاو .

بوێە کەونێنە خومان و کەوتینە ئامادەکردن و سازدانی خەڵك بۆشۆڕش و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی (ی . ن . ك) و جێگرتنی (یەکێتی) وەك پێویستیەکی مێژووییو قوناغی ئێستەڕوی خەباتی لەئاو جەماوەری شۆڕشگێڕی گەلەکەمانەدا ، خستنەگەڕی خەڵك و یەکگرتنیان لەئێمچەبەرەیەکی وەك (ی . ن . ك) دا ، مەرجێکی ترێ پێویست و بەڵگە نەویست بوون بۆ سەرخستنی شۆڕشە نوێیەکەمان .. کۆمەڵەو لەو ڕوانگەیەوە دەیروانیە (ی . ن . ك) کەگونجاوترین (کالا)بەقەد (بالا)ی بارو دۆخیدوای ئاش بەتاڵی کوردستان .. کۆمەڵە دڵنیا بوو لەوەی کە نەخشەویی (ی . ن . ك) گەشە دەکاو لەئاو جەماوەرنا ڕەگی پتەوی خۆیان بڵاودەکاتەوە ، تە (ی . ن . ك) یش بێ کۆمەڵە دەتوانێ پێشکەوێ و لای جەماوەر بەسەربکەوێ و جێگیربێ .

ئەمەش پاساوێکی ترێ ئایینەتی کوردستانە کە کۆمەڵە بڕوای پێیەتی و هەر بەو بڕوایەشەوە هەوڵ و هەوڵدانەکانی و هەمیشە ئاوڕی لێ ئەندامانی خوێ دەکاتەوە کەباش لەم مەسەلە ئایینەتیە بگەن و زیاتر خزمەتی جێگیر بوونی بکەن .

ئەمە جگەلەوەی کە لەبوونە گێتیەکانیشدا ئەوراستیەمان باش دەزانی کەئەك هەر لەکووەڵگای فرەچینی کوردەواری خۆماندا بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگایەکی ترێ فرەچینی دونیادا ، دەستەو توێژو چینی تیك ڕای هیچ کۆمەڵگایەك بەبێ ڕای ناین بە (م . ل) ، خوێنەگەرچی بوورژوای پلە جەواوزی گەلان لە هەوڵێك و دوان و .. دەو .. هتد سەرپێس نەکەوتبن و سەڵماندبێتی کە تەنها بەپارتی پێشرەوی کرێکاران و زەحمەتکێشان نەبێ گەل ڕووەو سەرکەوتن نایەچی . ئەگەر بپرسین بۆ ؟ ئەوە لەوەڵامدا دەڵێین :

چونکە سەرنەکەوتن و گەڕانی دەستەو توێژێکی بوورژوای هەرمرۆ هەینانی یەکجارەکی چینی بوورژوازیا ناگەیەنێ .. دیسانەوە ، ئەوەڕاستا گەیەنێ کە ئێستر جارێکی تر بوورژوازیا یا چینێکی ترێ بوورژوازیایەتەوە سەرئانوەهەوڵی ئەوە نادەن کەدووبارە جڵەوبازێکەوێتەوە دەست .

چونکە هەتا کۆمەڵێ ئایەمکراوی سەرجەند چینێك بێ و هەتا خوێن مژین و جەوساندنەوەو خاوەنداریەتی ئایینەتی و جەوازی چینایەتی بمێنن ...

هەتا پرولیتاروڕەنجدەران نەتوانن بەهۆی پارتی پێشرەویانەوە بگەنە تروێکی سەرکەوتن .. هەتا نەتوانن ڕەگ و ڕیشەی خوێن مژینی چینایەتی لەبنەوە دەربهێنن .. ئەوا بوورژوازیەت هەتا گۆڕێ (هێز) تیا مابێ لەهەوڵی خوێن ناکەوێ و دەست لەبەرزەوەندیە چینایەتیەکەی خوێ هەڵناگرێ .. ئەنانەت هەتا لەهاوسەرکەوتنی پرولیتاریش عەقڵیەت و بیرکردنەوەی وردە بوورژوازی هەردەمێنی و هەمیشەش لەهەڵی دەگەڕێن وبردە ڕوخاوەکانی بوورژوازیەتی تیا نروێست کەنەوە تابتوانن کۆمەڵێ بیا بەرەو باوەشی سارد و سڕی قوناغی لەدەست چوویان بەرنەوە ...

ئەم ڕاستیەش ڕەهەك ڕاستیەکی دی پێویستد لەبەرچاو بێ و پشتگوێ نەخرێ .

ئەوکاتەدا سیستەمی دەسەڵاتی کەهەموو ئەوکێشانەمان لێکدەدایەوە ، بوونی پەکێتی نیشتمانی کوردستانمان بە پێویستیەکی مێژوویی دەزانی .. هەربۆیەش بوو کەووزەو توانای تەواو و خۆی خستە کار و غەزوریە ئەندامان و کادرانمان بۆ کاروباری ئایینەتی پەکێتی تەرخان کرد .. هەر لەسەر

ل۱۵(۱۹۸)•••••••

وەی بروا مان بەوەبوو کە هەرکاتێك کەلێکی ستەم دیدەی چەوساوەی دنیا ڕیبازێکی ڕاستەینەی ڕزگاربونی گرتبێتە بەر ، ئەو گەلە هەرگەبودنە مانی چارەنوسی خوی ، بارێگا زور سەخت و دوریش بوبی .

ئیمەش وەك (ی . ن . ك) و وەك کومەلێش بیروای بێ سنوورمان بەڕیبازی ڕاست و دواروژی سەرفرازی خومان هەبوو ، بوبە دەستمان بەدەرکردنی مەفرەزەکانی خومان کرد ، لەناوچەکانی شاربازێر بڕو سورداش قەرەداغ هەولێر هەورامانیدا .

ماوەیەك دوای ئیمە بیرادەرانی (پزوتنەوەی) بەدەنگبانگەوازەکەی هەکیتیەوە هاتن و دەستیان دایە چەك . ڕاستەکیش هەبە ، پێویستە بو میژوو بیڵێنە ڕوو ، ئەوبش ئەوەیە کەبرادەرانی (بسك) هەرلەسەرەتای هاتنەدەرەوەیاندا ڕیبازی هەسکەری و ڕواڵەتی سیاسی تایبەتیان هەبوو کەلەسەرچاوەی چینایەتی و ئایدولوژیانەوە هەلقولابوو کەبەهیچ جورێك لەگەڵ سەرەتاکانی یەکێتی و کومەلەدا نەدەگونجا ، بەڵام لەبەر ئەوەی لیرەدا مەودای ئەوەمانی یە باسی ئەو کێشەیە بکەین ، بوبە بوودەرفەتێکی تری هەلدەگرین .

ئەمە کورتەیەك بوو لەهەندی وردە بیرەوەرین و چەند ڕاستیەکی خەباتی ژیرزەمینی کومەلەو چونێتی دەستپێکردنەوەی شورش . ئومێدەوارین ئەندامان و دوستان و لایەنگرانی کومەلە (ئەو کومەلەیەی کە هەرلەبونیەوە تاکو ئیستا چەندین جار پەلاتی ناهەمواری دژکراوەو زوربەی تەمەنی بەزروفی گەلی سەخت و ئالوزو نالەبارەدا ڕەتبوەو هەرهەدگاوبکەیس کەناوبەتی هەدگا وبسکی بەرەو پیش بووە ، هەدگاوی بەردو لەدایك بوونی حیزبی پێشرەو بووە .)

ئەوڕاستیانە بزانن و سودی لێبوەرگرن و بزانن کەخوراگرتن و سوور بوون لەسەر خەبات ، فوربانی دان و مەیدان چول نەکردن ، گەرچی دوژمنان دە ئەوەندەی ئیستاش درندەتر بن ، فاشیستترین ، گەرچی بارو زروفی خەباتیش زور لەم بارو زروفەی ئیستای خەبات سەختتربی ، ئەنجام سەرکەوتن هەربو ئیمەیە . چونکە ئیمە غاوەنی نیداکاری و قوربانی دانی زورین ، مەیدانی خەبات و سەنگەری تیکوشانمان چول نەکردو چولی ناکەین . ئیمە ڕیبازی ڕاستی (م . ل) و ڕەنجدەرانی کوردستان بەرنادەین ، چونکە ئیمە هەریەدروشم و بەتیوری (م . ل) نین ، بەڵکو بەکردەوە هەردەم سەلماندوماندەوا میز دەیسەلمێنین . . .

هەربەوشیەو دەتوانین بو دوژمنانی دەتەوابەتی و چینایەتی ئایدولوژیمان بسەلمێنین کەکۆڵ نەدان و نەبەزین ، خەبات و قوربانی دان لەڕیبازی ڕاستلائەدان پێشەی هەمیشەیی شورشگێڕە ڕاستەقینەکانە سەرکەوتنیش هەردەم لەگەڵ ڕاستیدا بووەو دەبێ . . .

ئیستر بۆ پێشەوە

٨ - ١٠ - ١٩٧٩

باوکی ئاوارە

«هەلومەرجی تایبەتی و پەرەپێدانی خەباتمان».
کۆمەڵە، «گۆڤاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان». ژمارە
١ خولی ٢ کانونی دووەم ١٩٨٢ ڕێبەندانی ١٣٦٠

هەلومەرجی تایبەتی و پەرەپێدانی خەباتمان

بەختیار

کوردستان وەکو هەمو ولاتیکی دیکە هەل ومەرجی میژوویی، سیاسی کومەلایەتی بکرە جوگرافی تایبەتی هەیە لەسەر زەمینەی ئەم هەل ومەرجە تایبەتیەدا، پرۆتنەوەی میژو کردی رزگاری خوازی گەلەکەمان لەدایکبوە، کەلەمسەر دەمەدا شورشە نوێکەمان نوێنەرەومەتی سویە شنیکی ئاسایشە کەئەو هەل و مەرجە تایبەتیە لەبارو دوخی شورشەکەدا، لە ململانی چینایەتی کانی کومەلەکەماندا رەنگ بداتەوە.

دەتوانین بلیین بەشوەیەکی گشتی شورشی گەلەکەی ئیمەش لەناو بازنەی یاسای گشتی شورشی گەلانەوە سەرچاوەی هەلگرتوەو بەشیکی لەپسان بەهاتوی خەباتیانە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی گەلان

بەلام لەگەل ئەو راستیەشدا ناتوانین بلیین کەئەو مەسەلە گرنگانەی بروامان پیهیناوی رزگار بونمان کوت ومتهاتونەتەدی.

راستە بروای نەگورمان بە حیزبی پیشرەو هەیە، بروامان بە بەرەی نیشتمانی و لەشکری شورشگیر، بە خەباتی ناوکویی گەلان و بزوتنەوەی کریکاران هەیە.

ز) ✱ کومەلە ناوکەوکاکلەی حیزبی پیشرەوە، ئەلقەی ناوەندی خەباتیشی لەدایکبونی حیزبی پیشرەوە.. گەیشتنا نەهاتوتە دی بو سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەی گەلەکەمان.

✱ ی.ن.ک هەیەو کومەلەی تیایە، بەلام هیشتا نەبوەبە بەرەی نیشتمانی هەمو چینەکانی گەل و چینەکانی گەل بەتەواوەتی لەژیر ئالایەکدا کو نەبونەتەوە.

✱ هیزی پیشمەرگەی دلسوزو ئازاو تاقی کراوەمان هەیە، بەلام هیشتا نەبوە بەو لەشکرە شورشگیرەی کە گەرەکمانە.

— خەباتی ئینتەرناسیونالیستی و ناوکویی گەلانمان گەلی پی گرنگن. بەلام بەداخەوە هیشتا ئەم ئاواتەشمان وەکو پیویستە بو نەهاتوتە دی.

سەرەرای ئەو راستیانەش بو ئەش سال دەچیت گەلەکەمان بەو پیەری قارەمانیانە لە شورشی دریژخایەنی رزگار کردنی گەل و نیشتمانەکەماندابە بەپی رادەو رەوتی گەشە کردنی کومەل و شورشەکەمان چینە بەرژەوەند جیاوازەکانی کومەل بەشدارن لەشورشەکەدا و هەتا دیتیش شەپۆلی و فرمانەکانی شورش قورستردەبن.

بەهوی ئەو راستیانەی سەرەوەش

(لە پێشەوەپاندا نەبونی حیزبی پێشرەو) گەلی گیروگرفت ، تەنگ و چەلەمە ، کوسپ و تەگەرەی گەورەو بچوکی سیاسی و پێشمەرگەیی لەئارادا هەن و ریگرن لە ڕیی گەشە کردنی ئاسایی شۆرشەکەمان دا .

ئەمە جگە لەوەی کە ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کوردستان و ئۆکەرانیان ، دەوریکی گەورەیان هەیە لە تەقاندنەوەی ناکۆکیە لاوەکیەکان و دروست کردنی کێشەو ئازەوەی گەورەی لابەلا بۆمان .

بێگومان تێکرا ئەو گیروگرفت و کوسپ وتەگەرانە ، سەرئەنجامێکی سروشتی ناکۆکیە چینایەتیەکانی کۆمەڵن، ئاکار و کردەوەکانی کۆری خەبات ، سیاسەت و ئاکتیکە جۆراو جۆرەکان، هاوکاری وجۆری پەیوەندیەکان ، دەستنیشان کردنی دوستان و دوژمنانی ...هتد هەمو لەچوار چێوەی ناکۆکیە چینایەتیەکان بەدەر نیین،

ئەواقیعی شۆرشی دڕێژ خایەنی بێ حیزبی پێشرەوداێ بێ لەشکری گەلێ و بەرەی نیشتمانیدا ، لە واقیعی وەک پێویست نەهاتنەدی خەباتی ناوگوێی گەلەکەمان و گەلان و نەبونی پشت و پەنای ستراتیژی و لەهەمان کاتدا کێشەی گەورەی ئیمپریالیزم وشۆڤەرایی بەسەر شۆرش سەپیراوە .

هەتا دێت بەهۆی سیاسەتی ناڕاستی ڕژیمە بیرۆکراتیە سەرمایەدارە دەوڵەتیەکەی عیراقەوە ، وە بەهۆی دڕێژەکێشانی جەنگی عیراق وئێرانەوە ، تەنگ و چەلەمەی ئابوری، سیاسی ، کۆمەڵایەتی گەپشتونەتە ڕۆژی تەقینەوەو پێکدادانی کۆمەڵانی خەڵکی و ڕژیم ... ڕۆژی دەبان تەرمی بێ گوناح دێننەوە بۆ کەس وکاریان..هەزاران ڕۆڵەی دڵسوزی گەلەکەمان بەهۆی ئاسنەوەوە جەنگەکە بەڕەوا نازانن ئاوارەودەر بەدەرن . هەزارانیش ڕوو لەئاڕەڕوی خوێن ڕابپیچی بەرەکانی جەنگ کراون.

بۆیە بزوتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی گەشەی کردوەو ووشیاری و ووریایی خەڵکێ زۆر بەرەی سەندووە .

لەناوچەگەشدا هەڵومەرجی تەقینەوەی خەباتی شۆرشگێرانە ڕەخساوە هەتا دێت ڕژیمە خوێن مژەکان، زەبەنگەڵانی مافی گەلان و سەربەستیە دیموکراتیەکان و ئازادیەیە سیاسیەکان لاوازتر و گەندەڵتر دەبن و توانای چارەسەر کردنی تەنگ وچەڵەمەکانیان نوسە . کۆمەڵانی خەڵکیش، کرێکاران وجوتیاران، بێ کار و ئاوارەکانی جەنگ . ڕۆژبەڕۆژ شۆرشگێرانەیان بەنگی خواردوتەوە و باسکی پێکدادانیان ئەستور تر بوە .

لەم هەڵومەرجە تایبەتیەدا کۆمەڵەمان سەنگیکی سەنگینی هەیە و لەتەرازوی دوستان و دوژمندا ،حسابێکی گەورەی بۆ دەکەن.. دوستان پشتی بێ دەبەستن ودڵیان پێی خۆشە .دوژمنانیش لەبونی سەنگینی نیگەرانن وپیلانی لێدەگێڕن. کۆمەڵەش ئەرکی دوولایەنەی لەئەستودایە ، لەلایەکەوە توندتر خەبات کردنە دژی دوژمنانی ، دژی داگیرکەرانی کوردستان بۆ زیاتر جەزرەبەلیدانی لەم هەلە میژوییەدا لەلایەکی دیکەشەوە بە گەرمی پارێزتنی ناوەڕۆکی شۆرشگێرانەی شۆرشەکە وجێگیر کردنی ڕێبازە شۆرشگێرانەکەی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان ئەم شۆرگانیکیان هەیەو لێکئ جوڕناکۆیتەوە و لێکئ جوی کردنەوەشیان زیانێڕل بە کۆمەڵەو گەلەکەمان دەگەیەنێ و بورجوازیەتی کوردستان کەلکی لێ وەر دەگرن وگیانە زیندوەکەی کۆمەڵەش دەمرێنی وهێلی جیاکەرەوەی لەگەل بورژوازیەندا دەسڕیتەوە .

ئەو وڵاتانەی کە حیزبی کرێکاران تیایاندا بەهێزو بەدەسەڵاتبەسەن پشت وپەنای گەورەیان هێنابەبۆ . لەشکری بەعەزیان هەبوە ، سەرەڕۆی خەباتیان بۆ دەڕیەڕاندنی داگیرکەران و ڕزگاری سیاسی. سەرەڕۆی

ەکەی سەهێزیشیان لەگەل لایەنە سیاسیان بەرەو پشکەوتنخوازەکاندا
ئاکۆکی وملمملانێی سیاسی وئایدیۆلۆژیە جیاوازەکانیان فەراموش نەکرد بوو، ئامادەیی پێویستیان پێ دابوو، سەبارەت بەوسیان سەبارەت داگیرکەرانداً لەم خاڵانە جیاوازیتیە راست و دروست و ئاشتیە جۆی نەکردبووە هەر بۆیە ئاسانی بەکێشەی ملمملانێ، دیمانەکێشی وئینجا ملمملانێ کردنەوە، بۆیە سەچەکێکی کاریگەری جیاوازیتی هێزبو ریکخراوە شۆرشگێڕەکان.

چاوی بۆ کۆمەڵەمان گەلەواقیعی هاوارو تایبەتی شۆرشەکەماندایە کەهێشتا هێزێکی پیشرەو نیەوئەڵقەی ئاوەندی پێوبستیە جیاوازیتیەکانی نەهاوتە دی.. بۆیەئەرکەکانمان لە جاو ئەواندا . گەلێ قورستترن فرمانەکانمان زۆرگرانترن، ریگای بەئاوات گەیشتنمان زۆر دوور تترە. لەبەر ئەو راستیانە هەتا دێت بەرەو پیدانی خەباتمان پێویستی، گورانکاری. رووداوە نوێیەکان، بەرەسەندنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی هەروا بێ ئیروانین وتویژینەوە و نەخشەو تاکتیکی سوی رانەگوزەرەپن.

چەند هەوری پێویستیەکانی، کرێکاران وهاوتیاران،کۆمەڵانی خەڵکی، ئەستۆر تر بێ و باڕانی خەباتی بەخورەسری لیساری. هێندەش پێویستە ریکخراوە شۆرشگێڕەکان، کێڵگەی خەباتیان ، جۆری ئێش وتێکۆشانیان باشتر بگێڕن وجاکتری ساز بدەن .

هەتا فاڕانجی ئەو باڕانە بەقیسرو نەڕوات ، کێڵگەی زۆر داڕەکان تیژ نەکات هەتا بەرو بۆمی کێڵگەی ریکخراوە شۆرشگێڕەکان بە پیز تر بێت و ڕەنجدەڕان پتر کەلکی لێ وەر بگرن.

ئەمە ئاوەڕۆکی جیاکەرەوەمانە وەک ریکخراوێکی (م.ل) لە لایەنە دوورەبوورزواو چین ودەستەوتاقمەکانی دیکە.. ئەم ئاوەڕۆکە پێجینەپێیە ئەوەمان لێ دەخوازێ کەکاری شۆرشگێڕانەی بێ پەچڕپەنای جیاوازیتیمان چ لەخەباتی نێشتمانیمان دا وچ لە خەباتی بردنەوەی گەرەوی ڕیبازی کرێکاراندا ئەنجام بدەین بەبێ ئەوەی ڕێگە بدەین لەدەرەوە و ئاوەوەی ڕیکخراوەکەماندا هیچهۆیەکی گەورەو بچوک لە ڕووەو پیر چونی ئەرکا و فرمانەکانی سەرشانماندا کاتەوە.

هەتا دێت لەهەمو ڕوبەکەوە بەڕۆی سیاسی، جیاوازیتی، ئایدیۆلۆژی، تەنزیمی ڕیبازی کرێکارانی کوردستان بەئاو دەروونی جەماوەری دڵسۆزدا سەتایبەتی چینی کرێکاراندا شۆڕبکەنەوە ئەم پەڵ وپوپە بەچەشنێکی سفتی ئەو تۆ دابڕێژین کە سیمێکی مادی کاریگەری پۆلایین ، کەکرێکاران و جوتیاران سەووڕیابی و ووشیاریەکی جیاوازیتی شۆرشگێڕانەوە لە دەوریا بخالین و ریکخراوەکەمان بەهێزبان بزانن و ریکخراوەکەشمان لە زیگەی ئەوانەوەو بۆ ئەوان و لە پەیاوی ئەواندا سەرکەوتن وەدەست بهێنی و بزوتنەوەی گەلەکەمان بەڕاستەڕاست و دروستەی میژودا بەڕێت ، ئاڤاری جیاکەردنەوەی خەباتی کرێکاران و ئەرکە نیشتمانیەکەمان، ئاڤاری پێکەوە گرێدانیان . ئاڤاری بایەخ نەدان بەلایەکیان و پشتگوێ خستنی لاکەی تریان ، هەر بەمسیاستە راست و دروستەی کەگرتومانەتە بەرو بەگەشە پیدانی وبە قولتر کردنی دەتوانین شەڕبکەین و ریکخراوەکەمان لەنەخوشیەکانی سەردەمو خەتەری چەپڕەوایەتی و بیری تەسکی نەتەوایەتی بهاڕێزین

شایانی باسە کە بزوتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکێ چەند گەشە بکات، ئەوەبدەش سروشتی ڕاستەقینەی چینەکانی کۆمەڵ دەڕەکەون، لەگەڵ

گەشە کردنی بزوتنەوەی کومەلانبی خەلکەوە رگەوتنی سروشتی راستەقینەی چینەکانی کومەلیش جگە لەوەی ئەبی ریکخراوی گریکاران گەرمتر و باشتر خەبات بکەن.

لایەنەکانی دیکەش دوش دانامینن و ئەوانیش رەگ وریشەیان هەیە. تواناو ووزەیان تیا ماوە، بویەلە ملمانیی خویان، لە سیاسەت وتاکتیکی خویان نەکۆ هەر ناکۆکیی بگرە گازی پیستی سیاسەتی چینەکەیان دەگورن وبەگازی نوێوە دینە گوری بو ملمانیی نوێ بو یاراستنی بەرژەوەندی چینایەتیان

ئەمەش راستیەکی ساغ بوی دریژە کیشانی ناکۆکیە چینایەتیەکانی خەبات گەشە کردوی کومەلە غیرە چینەکان. ئەم راستیە چەندین جار دووپات کراوەو ئەمجارەش سەرئەنجام کومەلە بەهوی ریبازو تاکتیکگاو سیاسەتی شورشگیرانەیەوە، پشت ئەستور بە حوکمە سەلمینراوەکانی میزوو بەکومەلانی خەلکی بەگەرمتر خەباتی نیشتمانی وچینایەتی هەر

هەباتی نیشتمانی وڤیکایەتی هەر سەر دەگەویت و راستیەسەرکەوتوەکانی میزوو لە کوردستاندا دەسەلمینیتەو

بەهیوابین هاوریانی دلسوزی کومەلەش، شانەو پول وگەرت و ریکخراوەکان جگە لە فرمانبەناوەندیەکانی سەرشانیان، خوشیان بەپی ئەو واقیعەی تیایا ئەژین و خەباتی تیا ئەکەن و لەچوار چیوەی دیسپلینی کومەلەدا.

هەنگاوی نوێی چونەناو کومەلانی خەلکی هەلبینن، ئیوەیکاری نوی دابهێنن، هەلە بچوکی وگەورەکانی رژیم چاکتر بقوزنەوە بو باشتر بەکارهینانیان دژی رژیم و بو ساڵانی رابەراندنی کومەلانی خەلکی بە پیر داخوازیەکانی کاروجەماوەرەوە بچن، بەکارو کردەوەوخەباتی بەرزی شورشگیرانەی رابردو، ریکخستن وریکخراوەکانی کومەلە، ریبازی کومەلە بەهیز بکەن، بنەمایەی تەوزم وهاندانی جەماوەری تینوی رزگاری گەلەکەمان

۲۵/کانونی دووهەم/۱۹۸۲

- خێزان و کەس وکاری شەهیدان و گیراوەکان و پشتیوانی گەلەکەمان لەئەستوی ئیوەدایە، یارمەتیان بکەن!
- لە پێویستیدا بە دەنگیانەوە بچن، یارمەتیان بدەن!

«کۆمەڵە و ململانێ چینایەتییەکانی کۆمەڵ».
کۆمەڵە، «گۆڤاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان».
ژمارە ٣ خولی ٢ مارتی ١٩٨٢ نەورۆزی ١٣٦٠

کارو باری رێکخراوەیی

کۆمەڵە و ململانێ چینایەتییەکانی کۆمەڵ

بەختیار

ناکۆکی وململانێ چینایەتییەکانی کۆمەڵە فرە چینەکان، دیاردەیەکی سروشتی و بابەتیە، پرۆسەیەکە دور لە دەستێوەردانی هیچ هێزو دەستەو چین و تاقمێکی کۆمەڵیش ناتوانێت رێ لەدروست بونی بابەتیانەی بگرێت و دەرفەتی هاتنەکایەی نەدەن.

لەهەناوی ئەم ناکۆکی و ململانێ بابەتییەی چینەکانی کۆمەڵەوە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی چینایەتی و سەپاندنی دەسەڵاتی چینێک بەسەر چینەکانی دیکەی کۆمەڵدا.

شۆرش و رابەرین هەڵدەگیرسێن، حیزب و رێکخراوی چینایەتی، نەتەوەیی، پیشەیی دروست دەبن چالاکی تونتو تیژی چەکدارانە، ریفۆرمیستی و پەرلەمانیستانە روو دەدەن.. دەوڵەت و رژێمی جۆراوجۆر دادەمەزرێن.

کوردەواریش، وەکو هەموو کۆمەڵە فرە چینەکانی دونیا، کۆمەڵێکی فرە چینەو بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازو ناکۆکی و مل ململانێ چینایەتی بابەتی کردی تیایەو لەهەناوی ئەم ناکۆکیە چینایەتیانەوە بەپێی رادەو پلەی گەشە کردنی کۆمەڵایەتی و ئابوری، فەرهەنگیو سیاسی..لە پێناوی ئامانجە نەتەوایەتیەکان و لە پێناوی ئەوەی لە رێگەی هاتنەدی ئامانجە نەتەوایەتیەکاندا دەسەڵاتی چینێکی کۆمەڵ بەسەر چینەکانی دیکەی کۆمەڵدا بسەپێندرێ.

شۆرش هەڵگیرساوە.. حیزب و رێکخراوی سیاسی دامەزراوەیی لە چینەکانی کۆمەڵیش، بۆرژوازیەتی کوردستان و مولکدارەکان هەر لە یەکەمین رابەرینی چەکدارانەی گەلەکەمانەوە هەتا شۆرشی ئایلولی ١٩٦١ وە لە دروست کردنی یەکەمین رێکخراوی نەتەوەیی یەوە هەتا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەتا لەناو چونیشی.. سەرکردایەتیان بەدەستەوە بوەو بەپێی بەرژەوەندی چینایەتیان سیاسەت و تاکتیکیان دارشتووە ستراتیژیان داناوە..

کرێکاران و جوتیارانی کوردستانیش، ئەگەرچی بە درێژایی میژوو قوربانی و هەوڵو خەباتی رابوردویان لەئەستۆدا بوەو سوتەمەنی شۆرش و رابەرینەکەی داریەکان بوون...

بەڵام دوو چینی سەربەخو نەبون و هەمیشە پاشکۆی بورژوازیەت و

ملکدارەکان بون، بەتایبەتی کرێکاران، بەهۆی ئەوەوە کە داگیرکەرانی کوردستان جگە لەوەی کوردستانیان داگیر کردبوو بەرژەوەندیشیان ئەی خواستوەو نەیان ویستوە، وەکو ولاتانی داگیرکراوی تر، قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستاندا دابمەزرێنن، هەر بۆیەش دابەشیان کردبوەوە بەسێکیان بە دەولەتێکەوە بەستوە، بەردەوامیش خێرو خێراتی کوردستانیو دەستی هەرزانی کوردیان دزیوەو گوێیان نەداوەتە پێش کەوتنی ئابوری، پیشەسازی، کشتوکالی و ئارستانیەتی کوردستان، لەبەر ئەوە هۆیانە چینی کرێکاری کوردستان نەکا هەر وەکو کرێکارانی ولاتانی سەرمایەدارەکان، بەڵکو وەکو کرێکارانی ولاتانی جیهانی سێهەمیش پێش نەکەوتون و پێکا نەهاتون..

بۆیە بزوتنەوەی چینایەتیش لە کوردستان دا لاوازو کەم هێز بوە وە رێکخراوی تایبەتیشیان پێکا نەهاتوەو ئەو لایەنانەی بەناوی کرێکارانیشەوە دروستکراون و خۆیان بەم چینەوە هەلواسیوە، هیچیان بەهیچ نەگردو نەبانتوانی هەتا سەر لەپشت پەردەی بیروباوەڕی کرێکارانەدا بژین و بمێنن.

بەهیوا ئەگەیشتنی شۆرش و راپەرینەکان، حیزب و رێکخراوەکان ئەگەرچی کاریکی نالەبارییان کردۆتە سەر رەوتی گەشە کردنی کۆمەلایەتیو پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی کۆمەلەکەمان.

بەڵام ماکی پێشکەوتن وگەشە کردنیان لەکۆمەلەکەمان دا بەکا نەخستوەو کۆمەڵی کوردەواری قێمەتی بەبێڕادەی گەشە کردنی پرۆسەی بەرهەم هێنان و پێوبستیەکانی بەرەسەندن، سەرەڕای سەرنەکەوتن و ئاوەژوی قارەزوی داگیرکەران و بەردەوام لەگۆڕان و بزوتدا بوەو بەری ئاڤاری گەشە کردن وبەسەرە سەندنی لێ نەگیراوە، ئەگەر چی ئەم گۆڕان و بزوتنەش سست ولاواز بوە

بۆیەهاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری وکۆمەلایەتی، بیری خەڵکیش گۆڕاوە، پێگەیشتن و بیری نەتەوەی، حیزب و رێکخراوی پێشکەوتو تر لە هی پێشوو، تەنانەت جۆری شۆڕشو راپەرینەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتوە.

ئالەو واقیعە کۆمەلایەتیەی گەشە کردوەدا، چینەکانی کۆمەڵیش گەشەیان کردوە. کرێکارانیشەوە کە ئیتر بەپێی ڕادەو پلەی پەرە سەندنی ئابووری و گەشەکردنی کۆمەلایەتی.. وردەوردە لەقەوارەی چینایەتییان دا دەرکەوتن وکەوتنە ململانێی زیاتر لەگەڵ چەوسێنەراندا

بەری گەشە کردنی کۆمەلایەتی و پەرەسەندنی چینەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی کرێکاران و قەستورسونی چەوسانەوەو توندتر بوونی ناکۆکی ململانێیەکان، وەسەر ئەنجامی گلان و قەشڵ هێنانی بورژوازیەت و لایەنە خۆ بە(م.ل) زانەکان لە گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتی و چینایەتیەکان. لەدایکبوونی کۆمەڵەمان بوو (١٠ای حوزەیرانی ١٩٧٠) وەکا رێکخراوی چینی کرێکارانی کوردستان لەبەرامبەر رێکخراوو حیزبی چینەکانی دیکەی کۆمەڵ، کەوتونە کۆڕی ململانێی چینایەتی ـ سیاسی ـ ئایدیۆلۆژی بۆ قەوەی نەکا هەر کرێکاران و رەنجدەران لە پاشکۆیەتی بۆرژوازیەت رزگار بکات، بەڵکو بۆ قەوەی کرێکاران لە رێگەی حیزبی پێشرەوی لە دایک بوی پاشە رۆژیانەوە، قسەدی پێشرەوایەتی کۆمەلانی خەڵکا یەکەن و گەلەکەمان روەو رزگاری وسۆشیالیزم

بەرن .

ئەم ئەرکەش بۆ رێکخراوێکا کە بۆ بەکەمین جار بوو دابمەزرێتو لەهەل ومەرجێکی دژوارو سەختدا کەوتبێتە ململانێی و تێکۆشان لەگەل نوێنەرانی چینەکانی دیکەدا. ئەرکێکی هەروا ئاسان و بێگیرو گرفت ، هەر وابێ تەنگا وچەلەمەو کێشەی گەورەو بچوکا نەبوو .. بە ئاییەتی لەبەرامبەر ئەو چینەی کە دەیان ساڵ خۆی و بیروباوەرەکەی بۆری تیگەیشتن و سیاسەتەکەی ،زاڵ بوو بەسەر گەلەکەمان و بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی ، ئەو چینەی کە چەشە بووە زاڵ وزالم بێوکرێکاران و رەنجدەران پاشکۆی بن و بەئارەزوی خینایەتی خوی وازیان پی بکات .

بەڵام رێکخراوی ئەو چینەی کۆمەڵە لەسەر حسابی جین و تویژەکانی دیکەی کۆمەڵ ئازی و ئایان چەوسێنێتەوەو چەوساندنەوە ئاهێڵێ. پێویستیەکەی هێندە پێویست و پێرۆز بوو کە بووبە مایەی تەوژمێکی شۆرشگێرانە بۆ ئالاهەڵگرانی خەبات کردنوبەرگە گرتنی دژواریەکان و ململانێکردنی سیاسی و چینایەتی بۆی .

هەر بۆیە کۆمەڵە لە هەموشەو قۆناغانەی بربونی، وەلە روبەرو بونەوەی ململانێ چینایەتیەکانی خۆی خەبات ،هەتا ئێستا سەرەڕای سەختی قۆناغەکان و دژی دوژمنەکان سەنگینی ئەرکەکان، هەڵەو کەموکوریەو ئاوخۆبیەکان، داکۆکی لە رێبازەچینایەتیەکەی کردوەو سەر کەوتوانە هاتوتە دەست و گەشەی کردوە .

(۱۹۷۰– ۱۹۷۵) سەرەتای دامەزران وقۆناغی یەکەمی خەباتی سیاسی ، ئایدیۆلۆژی چینایەتی کۆمەڵەیە لەو سەردەمەدا وردە بۆرژوای کوردستان بەهۆی پارتی وبەیان نامەی (۱۱)ی ئازارەوە بالی بەسەر گەلەکەمان دا کێشابو .. بسیروڕای پارتی لەوکاتەدا زۆربەی هەرەزۆری هەڵگری کوردستانی لەدەوردا گۆ بوبوەوە ..

رێژیمی بەروکراتی دەولەتی عیراقیش لەژێر چەتری بەیان نامەی ئازاردا ئاوەڕۆکە دیکتاتۆریەتی و شۆڤێنیستیەکەی شاردبوەوە ..

زاڵ بونی پارتی و رێژیمی عیراق ... وەکو دوو لایەنی بۆرژوازی لە دوو سەنگەری جیاوازداو، هەڵەو کەم وکوری و لە پەراوێزی رووداوەکاندابڵێوەی بالەجیاجیاکانی (مارکسیست لینینیستەکانی) عیراق ، لە عیراق و کوردستاندا باری رێکخراوی شۆرشگێریان زۆر گران و گەلێ سەنگین کردبوو..

قالەو ئان وکاتە جەنجالیەدا کۆمەڵە دامەزراو سەرەڕای نەبوونی ئازادی ئاشکەرای دەربڕینی بیرو ڕای دیموکراتیانە . کەوتە خەباتی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و چینایەتی، بۆ جەسپاندنی ئەو ڕاستیەی کە کۆمەڵی ئێمەش ، فرە چینەو چینەکانی کۆمەڵیش بەرژەوەندیان جیاوازە.. ناکۆکی بابەتیانەیان لە نێوان دایە. هەرگیز پارتی وەکو ئاکە هێزێی گەل چەند گەورەو قەبە بێت ، بەتوانا و دەسەلاتدار بێت، خاوەن لەشکری گەورەبێت،ڕاستیەکەو مێژو سەلماندویەتی کە ناتوانێت لەیەکێ کاتدا نوێنەرایەتی کرێکاران و بۆرژوا ، جوتیارو مۆلکدارو ئاغا بەکات وهەموو چون یەکێ روەو ئامانجێکیان بەرێ چونکە ئامانجی ئەو چینانە یەکێ نیەو یەکیش ناگرێ .

بێگومان لەبەرامبەر ئەمەشدا

ووردە بۆرژوازی کوردستان تویژە بیر راستروەکان لەنا و پارتیی و بەهۆی داوو دەزگاکانیەوە، بە نوندی دژایەتی سەرەتا چینایەتیە کانی ئەکردو هەرچەندیان لەدەست هاتبا دریغیان نەئەکرد بۆسوکا کردنی (م.ل) ودژایەتی کردنیی مارکسیست لینینستەکان، لەسەرێکی دیکەشەوە بەداخەوە هەموو ئەوانەی کە خۆیان لە پەراوێزی رووداوەکاندا بون و توانایەکی ئەوتۆیان نەبو لەسەر رووداوەکان .. (م.ل)یان بەتایبەتی لەڕاوی خۆیان ئەزانیی و ئەوانیش دریغیان نەئەکرد لەڕێ گرتن و تۆمەت خستنە پاڵمان و لە دژایەتیم کردنمان .

هەرەس پێهێنانی شۆرشی پێشوو، وە رووداوە دلتەزێنەکانی عیراق و کوردستان ...دەری خست کە ئەم پارتی دەتوانێ نوێنەرایەتی چینەکان بکات وپێکەوەسەریان بخات..وە نە رژێمی عیراق هەتا سەر لەژێرچەقۆی بەیاننامەی ئازاردا خۆی بۆ ئارزایەوە ، وە نە ئەوانەی لە رژێم و لە پارتی بە هەڵەگەیشتبون سیاسەتەکانیان بڕی کرد و وەکو مارەکەی شێخ هۆمەر سیاسەتە ناراستەکانیان ئالایە گەردنیی خۆیان و بۆیان دەرکەوت، شەرمی ماربەدارە .

هەرەس پێهێنانی شۆرشی چواردە ساڵەی ئەیلول،ئەگەرچی گەورەترین کارەساتی چینایەتی و سیاسی بوو بۆ چینی بورژوای کوردستان و فەلسەفەی تاکە حیزبی هەموو چینەکانی گەل .. بۆشایەکی سیاسی گەورەشی بۆ کۆمەڵە هەڵخست کە بتوانێتەوە و خەباتی گەلەکەمان بەپێنێتەوە سەرشاقاری بابەتیەکەی بەرەی گەلانی شۆرشگێڕو بەمەش ئەرکێکی قورسیتر لە قۆناغێکی نوێدا

لە ئەرکی قۆناغی یەکەمی خەباتدا کەوتە ئەستۆی کۆمەڵە ... دەربڕینی کەوتکە بورژوای کوردستان سەرەڕای ئەو کارەساتە چینایەتی وسیاسیەی پێگەی کۆمەڵایەتی و وزەی چینایەتیان لێنەبڕاوە و بگرە بەهێزیشو دەستیشی هەڵنا گرن لە دەست بەسەرا گرتنەوەی خەباتی گەلەکەمان و سەپاندنەوەی دەسەلات وبیروڕای چینایەتیان...تەنها ئەوە نەبێت کە ئەمجارەیان لە ژێر ئەفسیری کارەساتەکەدا بە چەشنێکی لێکەڕ ترازاو ، وە لەرێگەی چەندین ڕێکخراوی جیاجیاوە هاتنەوە گۆڕێو کەوتنەوە کۆشش و ململانێ..کەوتنەوە دامەزراندنەوەی حیزب وڕێکخراوی جیاجیای تەرز جیاواز، هەرلەوەی خەونە کۆنەکانیان بهێنێتەوەدی هەتا دەگاتە سازش لەگەل میریربیر کردنەوەی مام ناونجی وارا .

ئەم راستیانە هەرچەند کۆمەڵە پێشتر درکی پێ کردبو، بەڵام لەپاش دەسپێکردنەوەی شۆرشە نوێکەماندا خەملیوتر دەرکەوتن وململانێی چینایەتەکان بەروی کۆمەڵەدا تەقینەوە .

ئەو ململانیانەش لە سەر هەمو ئاستەکان بە چەندین چەشن رەنگیان داریژراو چەندین شێوەی دوژمنایەتیان گیرایەبەر چ وەکو کۆمەڵە بە تایبەتی و چ لەناوبەکێتیدا بە گشتی .

هەر لە کوشتن و رێگە گرتن لە پێشمەرگە و کادرەکان ، کەکۆمەڵەو یەکێتیش هەرگیز نەیانویستوەناکۆکی و ململانێیەکان بگەنە ئاستی پێکدادان و شەڕ و شۆڕی لاوەکی و بەڵام بە دەستی بیگانە و نۆکەرانی هەرسەپیندرا .

هەر لەوەی بە پێی بای ڕۆژگاری سیاسەت و بەرژەوەندی نەسکی

جەماهیری دروست ناکرێ.

لە بەرامبەر ئەم نەخشە کێشراوەشدا، نەخشەی بادانەوەبە لای کۆمەڵەی تەنها بۆ مارکسیست-لینینیستەکان و دامەزراندنی ئارەزوومەندانەی حیزبی جەماهیری. دیسانەوە کۆمەڵەبەرپەرچیدانەوە و پر بە دڵی ئارەزوی ئالاهەڵگرانی ئەو حیزبە جەماهیریە، خۆی لەو دەلاقەیەدا قەتیس نەهێشتەوە کە بۆیان دەسنیشان دەکرد و بێگومان وردە وردە دەلاقەکەشیان لێدەکردبە گۆڕ و دەیان ناشت.

کۆمەڵە سوور بو لە سەر مانەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کە-دەوپستراگەو کاتەمەلبوە شێندرێتەوە) وە لە سەر ئەوەی لە ناوچوارچێوەی یەکێتی و دەرەوەیدا و لە بۆنەی خەبات و ململانێدا .. چینەگانی کۆمەڵ حیزبەکانیان لە دایکێ بێڕو گرەوی پێشرەوایەتی کردنی گەلەکەمان حیزبی ئەو چینە ئەی باتەوە کە دەتوانێ بە سیاسەتی راست، بە ناکتیکی دروست و ستراتیژی شۆرشگێڕانە، بە کردوەی دڵسۆزانە متمانەی کۆمەڵانی خەڵک وەرگرێ (نەکا بە ئارەزوو فەرزی تەیارات بکرێ و حیزبێکی گەورەی ناوی زل و دێی وێران لە سەرەوە بسەپێندرێ) ...

کۆمەڵە بروای نەگۆڕی بە ململانێی سیاسی و شایدیۆلۆژی هەبوو چ لە ناو یەکێتیدا و چ لەدەرەوەی یەکێتیدا و هەر ئەمەشی پەیرەو کردووە، بەڵام بەداخەوە لە ناو یەکێتیدا توانرا هەم یەکێتییەکە و هەم ململانێیەکەبپارێزرێ.. یەکێتی لەسەر ئەوەی ی.ن.گ بمێنێ وخزمەت بکرێ و کۆمەڵانی خەڵکی لە ناوداکۆ بکرێتەوە بۆ بەرگری و بەرهەڵستی.. ململانێش لە سەر سەربەخۆیی جەماهیری و بەرامبەر ئەم نەخشە کێشراوەشدا، نەخشەی بادانەوەبە لای کۆمەڵەی تەنها بۆ مارکسیست-لینینیستەکان و دامەزراندنی ئارەزوومەندانەی حیزبی جەماهیری. دیسانەوە کۆمەڵەبەرپەرچیدانەوە و پر بە دڵی ئارەزوی ئالاهەڵگرانی ئەو حیزبە جەماهیریە، خۆی لەو دەلاقەیەدا قەتیس نەهێشتەوە کە بۆیان دەسنیشان دەکرد و بێگومان وردە وردە دەلاقەکەشیان لێدەکردبە گۆڕ و دەیان ناشت.

کۆمەڵە سوور بو لە سەر مانەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کە-دەوپستراگەو کاتەمەلبوە شێندرێتەوە) وە لە سەر ئەوەی لە ناوچوارچێوەی یەکێتی و دەرەوەیدا و لە بۆنەی خەبات و ململانێدا .. چینەگانی کۆمەڵ حیزبەکانیان لە دایکێ بێڕو گرەوی پێشرەوایەتی کردنی گەلەکەمان حیزبی ئەو چینە ئەی باتەوە کە دەتوانێ بە سیاسەتی راست، بە ناکتیکی دروست و ستراتیژی شۆرشگێڕانە، بە کردوەی دڵسۆزانە متمانەی کۆمەڵانی خەڵک وەرگرێ (نەکا بە ئارەزوو فەرزی تەیارات بکرێ و حیزبێکی گەورەی ناوی زل و دێی وێران لە سەرەوە بسەپێندرێ) ...

کۆمەڵە بروای نەگۆڕی بە ململانێی سیاسی و شایدیۆلۆژی هەبوو چ لە ناو یەکێتیدا و چ لەدەرەوەی یەکێتیدا و هەر ئەمەشی پەیرەو کردووە، بەڵام بەداخەوە لە ناو یەکێتیدا توانرا هەم یەکێتییەکە و هەم ململانێیەکەبپارێزرێ.. یەکێتی لەسەر ئەوەی ی.ن.گ بمێنێ وخزمەت بکرێ و کۆمەڵانی خەڵکی لە ناوداکۆ بکرێتەوە بۆ بەرگری و بەرهەڵستی.. ململانێش لە سەر سەربەخۆیی

جەماهیری بەرامبەر ئەم نەخشە کێشراوەشدا، نەخشەی بادانەوەبە لای کۆمەڵەی تەنها بۆ مارکسیست-لینینیستەکان و دامەزراندنی ئارەزوومەندانەی حیزبی جەماهیری. دیسانەوە کۆمەڵەبەرپەرچیدانەوە و پر بە دڵی ئارەزوی ئالاهەڵگرانی ئەو حیزبە جەماهیریە، خۆی لەو دەلاقەیەدا قەتیس نەهێشتەوە کە بۆیان دەسنیشان دەکرد و بێگومان وردە وردە دەلاقەکەشیان لێدەکردبە گۆڕ و دەیان ناشت.

کۆمەڵە سوور بو لە سەر مانەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کە-دەوپستراگەو کاتەمەلبوە شێندرێتەوە) وە لە سەر ئەوەی لە ناوچوارچێوەی یەکێتی و دەرەوەیدا و لە بۆنەی خەبات و ململانێدا .. چینەگانی کۆمەڵ حیزبەکانیان لە دایکێ بێڕو گرەوی پێشرەوایەتی کردنی گەلەکەمان حیزبی ئەو چینە ئەی باتەوە کە دەتوانێ بە سیاسەتی راست، بە ناکتیکی دروست و ستراتیژی شۆرشگێڕانە، بە کردوەی دڵسۆزانە متمانەی کۆمەڵانی خەڵک وەرگرێ (نەکا بە ئارەزوو فەرزی تەیارات بکرێ و حیزبێکی گەورەی ناوی زل و دێی وێران لە سەرەوە بسەپێندرێ) ...

کۆمەڵە بروای نەگۆڕی بە ململانێی سیاسی و شایدیۆلۆژی هەبوو چ لە ناو یەکێتیدا و چ لەدەرەوەی یەکێتیدا و هەر ئەمەشی پەیرەو کردووە، بەڵام بەداخەوە لە ناو یەکێتیدا توانرا هەم یەکێتییەکە و هەم ململانێیەکەبپارێزرێ.. یەکێتی لەسەر ئەوەی ی.ن.گ بمێنێ وخزمەت بکرێ و کۆمەڵانی خەڵکی لە ناوداکۆ بکرێتەوە بۆ بەرگری و بەرهەڵستی.. ململانێش لە سەر سەربەخۆیی

کۆمەڵە و پاراستنی جیاوازییەکەی لەهەموو رویەکەوە لە گەڵ لایەنە ـ کانی تاو یەکێتی ، چ لە رووی بیر و باوەڕەوە وە چ لە رووی جۆری کۆکردنەوەی خەڵکی و جیاوازی تەنزیمیەوە .

کەچی لە دەرەوەی یەکێتیدا بە داخەوە لە بری بەکێتی و یەکگرتن و برایەتی ، پشێوی و ئاژاوە و تەقاندنەوەی ناوەختی ناکۆکیەکانیان بە سەردا سەپاندین و گیانی زیندووی ملمالانێیان بە هەڵدیردا بردو سەرشەنجامەکەشی دەیان گیرو گرفت و کارەساتی جەرگبر وناخۆش بوو... کە دەکرا ئەمەش نەگاتە ئەم رۆژە ترسناکەو لە جەویکی دیموکراتیانەدا کێشەکان یەکەلا کرابان .

ئێستاش داهاتویەکی دوورودرێژ ـ مان لەبەردەمدایە و دەبێ بەردەوام بەگیانی شۆرشگێرانەی نەگۆڕەوە ، رێبازە راستەکەمان بپارێزین و ئەرکەکانمان ئەنجامبدەین،ملمالانێی چینایەتی و ئایدیۆلۆژی کۆمەڵە ، مانای مان و ژیان وسەرکەوتنی کۆمەڵەیەڵ هەموو رویەکی خەباتدا.. ناچێ و ناکرێ هەمیشەو لە هەموو رووداو گۆڕانکاریەکاندا ، پابەندی یەکە تاکتیک و جۆرە ئیشێکە و سیاسەتێک بین ...

کۆمەڵ و رووداوەکانی کۆمەڵ بەردەوام دەبزوێن و دەگۆڕێن .... وردە وردە لە پرۆسەی کەڵەکەبون و پەنگ خواردنەوەی چەندایەتیی پەیوەندیە لەکەڵگ کەوتوەکسانی کۆنەوە ، پەیوەندی نوێی چەندایەتی دەژین و ئەمانیش کەڵەگە دەبن و پەنگ دەخونەوە و وەرچەرخان و گۆڕانی نوێ دێتنەکایە .. هەربۆیە مارکسیست ـ لینینیستەکان بایەخێکی زۆریان بە پلەکانی گەشەکردن و رەوتی رووداوەکان وجۆری گۆڕان و پەیوەندیەکان داوە و پابەندی سیاسەت و تاکتیکی تایبەتی نەبوون ..

ئێمەش هەردەبێ بەوپێیەو لەسەر ئەساسی ئەو راستیە دیالکتیکیە بڕوانینە رووداوەکان و هەڵیان سەنگێنین و جۆری خەباتمان،تاکتیک و ملمالانێمان دارێژین...وەئایندەی خەبات ورووداوەکان لەبەرچاوبگرین و هەرگیز جڵەوی خەباتی چینایەتیمان بەرامبەر سیاسەتە ناراست وهەڵە ـ کانی وردە بۆرژوا و لایەنە بە هەڵ لە راستی گەیشتوەکان شل نەکەین.

ملمالانێ و رەخنەی زانستیانەمان شان بە شانی ئەرکە نیشتمانیەکانمان باشتر بە کار بهێنین .هەر بەمەش و بەم رێگا راستەش دەتوانین بەئامانجە دوور و نزیکەکانمان بگەین و سەرکەوین .

* * *

مافی نەتەوەکان ، لەبڕیاردانی چارەنوسی خۆیاندا ،وخەبات لە پێناوی رزگاری تەواوی نیشتمانیدا ، لە پێشاوی سەر بەخۆیی تەواودا ، دژی پاشکۆیەتی، هەمویان یەکە شتن ، و سوسیالیستەکان بەبێ نکولی کردن لە سوسیالیستە بونی خۆیان ، ناتوانن نکولی لەهیچ شێوەیەکی ئەو خەباتە بکەن، بە شێوەی رابەڕین وجەنگیشەوە

لینین، هەڵبژاردەکانی،ل١١

نامه

هاوڕێیانی تێکۆشەر و خۆشەویست، سڵاوێکی کۆمۆنیستانەو هیوای سەرکەوتن

جارێ ئێمە بە جیا هەریەکە لە شوێنێ سجنین، من لە پرسگەی مەکتەبی سیاسی، شێخ عەلی لە بارەگای سکرتێری کۆمەڵە، هاوڕێ پشکۆ-ش لە ماڵێکی تەنیشت ماڵی فەرەیدون لە ناو گوندی یاخسەمەر، هێندەی دەزانم تەحقیق لەکەسمان نەکراوە، ئیتر نازانم لەوانیتر بەنهێنی کراوە یان نە؟. واش دەزانم ئەم دوا خستنەمان لەبەر ئەوەیە وەکو مام جەلال وتی (ئاڵای شۆڕش تەحتیم دەکەین)، نیازیان هەبوو ئەو کەسانەی گومانیشیان لێدەکەن سەر بەخۆمان بن. چەکمان کەن و دەریان بکەن، لەوان وایە ئێمە هەموو سەنگێکی خۆمان خستۆتە ناو پ.م نازانن کە گرنگترین مەیدانی خەباتمان شار بووەو کەم شتی خۆمان بەخەباتی چەکداریەوە بەستووە، داخ بۆ ئەوە دەخۆم زۆر کەس هەن تەنها برادەرمانن و فڕیان بەسەر ئاڵاوە نییە ئەوانیش دەکەونە بەر پاکسازیان.

هاوڕێیان..ئەوان ئەوپەڕی هەوڵدەدەن شەرعیەتبدەن بەم سیاسەتە دژی ئازادی و دیموکراسیە، پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن و بەدووری نازانم چەند رۆژی تر ئێزگەکەشیان بۆ ئەم کارە تەرخانبکەن و زۆر شتی پێوە دەنێن، بۆ نموونە دوێنێ کوڕی شەهید شەهاب سەریدام و لێی پرسیم راستە ئێوە باوکی منیشتان بە جاش زانیوە، خۆتان دەزانن ئەمە درۆیەکی شاخدارە، چونکە ئەو بڕیارانەی دامان شەهید شەهاب-مان بە مارکس و قارەمانی نەمری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەقەڵەمداوە، وێڕای ئەویش و شەهید ئارام-یشمان بێ هەڵەو کەموکوڕی نەزانیوە، گومان گەر ئەوان بمابان، ئێستا لە ئێمە زیرەکانەتر درکیان بەم بارە نالەبارە دەکردو هەر ئەوان ڕێبەری پاراستنی م.ل دەبوون، کەچی ئەمەشیان هەڵگێڕاوەو تەنانەت گەرەکیانە لەم بارەشەوە، ئەوەی بە خۆیانمان گوتووە، بەخۆبەستنەوە بە شەهیدەکان، پارسەنگ هەڵسەنگاندنەکەیان هەڵسێننەوە، جگە لەوەی خۆتان دەزانن ئێمە ئەمانەمان بە عنوانی مارکسی و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مارکسستی ڕەت کردووە، کە هاتۆتە سەر هەڵسەنگاندنی بەراوردکردنی ئەمان و لایەنە بۆرجوازیەکانی دیکە، گوتومانە ئەمان لەوان پێشکەوتووترن گەر ئەمان ئازادی بسەڵێنن هاوکاری ئەمان زۆر شەریفانەترە. بەهەر حاڵ وەکو گوتم ئەوپەڕی هەوڵدەدەن چیان پێدەکرێ پیشەی ئەم سیاسەتە دژە دیموکراسیە بگرن، بەڵام لەبەردەم راستیەکاندا هەر هەڵدەوەشێتەوە. ئێستاش من پێموایە نابێ لۆژیك لەدەستبدەین، نابێ بەکاردانەوەی کارە ناجوامێرەکانی ئەمان، ئێمە هەڵوێستە وەربگرین.. دەبێ وەکو گروپێکی کۆمۆنیست، عەزیمەتی پۆڵایین ئاوێتەی لێکدانەوەی زانستی بکەین و ئەرکی ئایندە دیاری بکەین، دیارە ئەرکێ کە لەبەر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندنی ڕابردوو، دەستنیشانکردنی گەشی و خامۆشی، هەڵەو ڕاستی دیاری دەکرێ و لەپێناوی پاشەڕۆژدا پیادە دەکرێ، لەمەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەناو گێژاوی لایەنە بۆرجواکاندا نابێ لەرقی لایەك بچین دۆستایەتی توندی لایەکی دیکە بکەین، سیاسەت بەرق و رقەبەرایەتی ناکرێ و بەراشکاویش دەیڵێم وێڕای ئەم چارەنووسە تاڕادەیەك تاڵە، هێشتا وادەزانم لەسەر ئاستی دوور سودمەندین نەك زەرەمەند، بۆ؟، چونکە هەندێ بڕیار هەیە زۆر چارەنوس ڕەشە ئەگەر ورد نەبین لە وەرگرتنی، ئەم وەزعە خۆتان دەزانن لەبەردەم مێژوو یەکێتی بەرپرسیارە بەرامبەری هەرچەندە خۆشمان بێ هەڵەو کەموکوڕیش نەبین بەرامبەری، بەڵام هاتباو بەخواهێشت قورسایی خۆمان خستبایەتە ئێران و لای جود، ئەو کات لە ١٠٠٪ خۆمان مەسئولدەبوین لەو شکستەی کە هەیە لەوێدا دەمانخوارد. مارکسیزمی شۆڕشگێڕو (تا انقلابی مهدی خومەینی رانگهدار) کوجا مەرحەبا، مارکسیزمی شۆڕشگێڕو چونە ناو جود چۆن دەسازێن و دەگونجێین. ئەمە واقعێکە بزوتنەوەی

مارکسیسی تێکەوتووەو زیاتریش لەهەمو لایەك خۆمان ئەرکە ئاڵۆزو سەخت و دژوارەکەی تەحەمولدەکەین سەبارەت بەوەی ئەوەی خۆمان لە گروپەکانی دیکە جودا دەکاتەوە، بوونی عەمەلیمانە لە بۆنەی مومارەسە عەمەلیەکەدا. هەر بۆیە تا لەناو ئەم واقعە سەرکەوتوانە دەرباز دەبین، هەموو کارو بارهەمەکانمان هەر سەرکەوتن نابێ و هیچ حزب و گروپێ بێ هەڵدێرو بەسەرهات، نەگەیشتۆتە هیوا، جا چ بۆ ئێوەومانان کە لە ناو ئەم هەموو لای دوژمن و نەیارە. جۆراو جۆرانە گەرەکمانە کەشتی خەبات بگەیەنینە دۆخی سەرفرازی. ئێمە بابێین دوور دوور بڕوانین، هێزە بۆرجواکان چ دەکەن و کیانی سیاسی چۆن دەرباز دەکەن، ئەوان تەنها لە ئیحتیمالاتدا (انقلاب، پشێوی، داگیرکردنی عیراق) جۆرە ئومێدێکیان بەسەرکەوتن هەیە وەکو تری لەرووی چینایەتییەوە پێگەی چینایەتی بۆرجوازی بچوکانەو رێبازی ناسیۆنالستی - پۆپۆلیستیان، هەرگیز لەم سەردەمەدا مەسەلە دیموکراسیەکان بەرەو سەرکەوتن نابات. شەقڵی سەرەکی خەباتیشیان کە خەباتی چەکدارانەیە.. لەم سەردەمەدا، لەسەر دەستی ئەم چینەو ئەم بیروباوەڕە ئەم بێ پشت و پەنا ستراتیجییەو لە کوردستانێکی تۆپۆگرافی کەم گونجاوە سنور تەسك بۆ هەڵسوڕانی چەکدارانە، بەرامبەر دەوڵەتان بە نوێترین چەك پڕ چەككراوی سڵنەکردوو لە وێرانەکردنی شارەدێی بەرتەسکبووی کوردستان، و بەم هەموو کێشە ناوخۆیی و شەڕی خوێناوی ناوخۆییە، پێموایە جۆری خەباتی چەکدارانەش لە بن بەستەو مەسەلەیەکی گرنگی واش ببەسترێتەوە تەنها بە ئیحتیمالاتی سیاسی عەسکەریەوە، نەك بە لۆژیك و زەمینەی زانستی، دیارە هەرگیز ئایندەکەی سەبارەت بە هێزە بۆرجوازیەکان رۆشن نییەو بەڵکە لە گرێژنەیەیان دەرچووە ئەمە خۆشیان زۆرباشی دەیزانن، بۆیە لەو لاوە (پارتی) توند ستراتیژی خۆی بە ئێرانەوە بەستووە، یەکێتیش هەمیشە لەسەرپێیە بۆ هودنەو مفاوەزات، حشع و حسکیش بە دوو جۆری جیا مااڵی خۆیان فەقەت دەپارێزن، حشع بۆ ئەوەی کیانە سیاسیەکەی بمێنێ و گەر هەڵیشکەوت لەناو روداوەکان و بەهۆی سیاسەتی دەولی و، بەڵکە لە پاشەرۆژدا چنگی لە چمکێکی گۆڕانی دۆخەکە گیربێ، حسکیش بەو زۆر لاوازییە ئەمسەرو ئەو سەر رایەکێشن و قەوارەی خۆیان هێشتۆتەوە. هاوڕێیان! ئەمەوێ ئەوەش بڵێم لەساڵی ئایندەشدا بەدووری نازانم جەنگی عیراق- ئێرانیش راگیرێ و هەر لایەك لەناو خۆیاندا بکەوێتەوە بەرگری لە خۆی..، چونکە ئێران شەکەت بووە، وەزعی ئابوری و کۆمەڵایەتی گەیشتۆتە دۆخێکی سەیر، بەسیج و پاسدارانی جاران بەسەر لوغمدا خۆتەقێنەر، ئێستا بە هەزار حاڵ عەمەلیاتی نفوزیان پێدەکەن.. کە هەزار ئەملاو ئەولا دەکەن و هەزار کەسیش بۆ جەبهە کۆدەکەنەوە، یەك هەفتە ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن، کە لە کاتێکدا سەرەتای جەنگ سەد هەزاریش بچوبایەتە جەبهە، زۆریان لاناسایبیوو، چونکە دەیناردن بۆ بەهەشت و بگرە منەتیشیان بەسەردا دەکردن، بەراوردی ئێستاو ئەوسای ئێران، جیاوازییەکەی ئاسمان و رێسمانە، کەواتە ئێستا پێموایە قۆناغی نوێی گەرمەی جەنگە سەبارەت بە ئێران، ئەوەیە کە جەنگ ئیدی مەترسی لەناوبردنی خۆیان دەهێنێتە گۆڕێ لەبری ئەوەی جەنگ سەریان خات و بیان چەسپێنێ، کە جەنگیش مەترسی لەناوبردنی هێنانە گۆڕێ، دیارە رژێمی ئێران لە دووریانی درێژە پێدانی جەنگە کە لە ناوی دەبات و لە وەستانی جەنگەکە بیگرێتەوە کامیان هەڵدەبژێرێ من دڵنیام هەر ئەمە هەڵدەبژێری کە دەیگرێتەوە، ئەویش وەستانی جەنگە، گەر نەك مەزهەبی بن، بگرە هەزار جار مەزهەبی بن و (انقلابی مهدی)یش روو بدات ناچار جەنگەکە دەوەستێنن، جا ئیتر نازانم سیاسەتی دەولی بگۆڕێ و ئێرانیش سیاسەتی خۆی بگۆڕێ و لاسەنگێکی سیاسی جیهانی نوێ سەرهەڵبدات، یاخود لەناو عیراقدا راپەڕین، مانگرتن، یان کودەتایەك روبدات، ئەمانەش لە پێشدان و لە ئیحتیمالاتی سیاسیدا حسابیان بۆ دەکرێ.. و خۆشتان دەزانن عیراق تا ئێستا دەرکەوتووە کە لە پاش شەڕی (محمرە)وە، بەرگەی ئیرانی گرتەوەو چەکی کیمیایی و فڕۆکەی زۆرو تۆپی دوور بوردو زەمین بەزەمینە نەبڕاوەکانی، کێشی تەرازووی جەنگیان لەسەر سنوور راگرتووەو ئەوەی سێ ساڵە ئێران خەریکێتی کە شارێکی گەورە داگیر بکات و بیکاتە بنکەی کۆبەندی خەڵکی عیراق بە تایبەتی تەیاری ئیسلامی شیعەگەر.. ئەمەی بۆ نەچۆتە سەرو داگیرکردنی حاجی عومەران و وێرانکردنی پێنجوێن-یش، جووت هاتۆتەوە لەگەڵ سیاسەتی راگواستن و کاولکردنی کوردستان و بەعس هێندە خەمیان ناخوات. جا هاوڕێیان..

کە وتم دوور دوور بڕوانین، مەبەستم لێکدانەوەی ئەو حساباتانەیە ئینجا بینینی وەزعی خۆمانە، چونکە وەزعی خۆمان لەسەر ئەم زەمینە کۆمەڵایەتیەو بەپێی رادەی خەباتی چینایەتی ئێستای عیراق، ئاستی هوشیاری کۆمۆنیستی، قەد دابڕاو نییە لەو وەزعە گشتییە، تەنانەت شۆڕشی ئۆکتۆبەرو حزبی بۆلشەویکیش دابڕاو نەبوون لە جەنگی یەکەمی جیهان. کەواتە..

وا دەزانم ئێمە لەم واقیعەدا وەکو لە کۆبونەوەکەش لێکدراوەتەوە، ئەوەندەمان لەسەرە بزوتنەوەی دیموکراسی کڵپە سەندوو، کە لە پێناوی ١-لاوازکردنی رژێم و قوڵکردنی تەنگوچەڵەمەکان ٢-بەهێزکردنی گیانی وشیاری و مقاومەمەتی رژێم. ٣-بەستنەوەی ئەم واقیعە بە جوڵانەوەی.. چینایەتی و بزوتنەوەی خەڵکی عیراق بەتایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشانی، ٤-دروستکردنی شەخصیەتی سەربەخۆی ناسراوی کۆمۆنیستی تا کۆمۆنیستەکان و مارکسستەکان روی تێبکەن و باری خۆیی دامەزراندنی حزبێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێر بڕەخسێنین.. وەکو تر زۆر هەڵەیە تەواوی مەسەلەکانی خۆمان بەچەك و شاخەوە گرێبدەین، چونکە وەکو وتمان چەك و شاخ مەوداکەی بەرتەسکەو کارتێکردنەکەی سنووری تایبەتی هەیە. پێچەوانەی بۆرجوازیەکان دەبێ ئێمە شارو بەزۆری شارەکان، کارگەکان، شوێنی زەحمەتکێشان، جەرگەی رۆشنبیری شۆڕشگێڕەکان بکەینە بنکەی بنەڕەتی خەبات و مەیدانی تێکۆشانی چینایەتیمان. جا لە پێناوی ئەوەی ئەوەمان بۆ بچێتە سەر، پێویست بوو ئێمە دانەکەوینە تەحالوفاتی لایەنەکانی ساحەکە بەو چەشنەی ئەوان دەیانویست. جود داوای چونە ناو جودی لێکردین بۆ دژایەتی ینك، ینك-یش داوای مانەوەی لەناوخۆیدا وەکو تەیاری سێهەم لێدەکردین بۆ دژایەتی جودو درێژە پێدانی سیاسەتی چەواشەکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ئێمەش ستراتیجمان ئەوە بوو تا بکرێ بێلایەن بین و پەیوەندیش بەهەموو لایەنەکان بکەین بۆ دژایەتی فاشستەکان.. دیارە گەر یەکێتی دیموکراسی و ئازادی سەلماند بوو، تا لەمان زۆرتر نزیك بکەوینەوە، لەبەر ئەوەی لە زۆر رووەوە ئەمانەمان لەوان پێباشتر بوو. ئێمە لەسەر ئەم ستراتیجە رۆیشتین و پێویستیش بوو بە عەمەلی تاقی بکەینەوە، قۆناغێك بوو پیایدا بڕۆین و تێپەڕین، پێویستبوو لەسەر خوازیاری ئازادی و دیموکراسی سوور بین تا بتوانین یان ئازادی و دیموکراسی بێتەدی (گەر بۆماوەیەکیش بێت)یان حەقیقەتی گەورە دەرخەین کە ئەی خەڵکینە وا یەکێتی-یش دیموکراسی و ئازادی ناسەڵێنێ و لەپێناوی حوکم و دەسەڵاتی تاکە هێزی خۆیدا ئازادی بیروڕا زەوت دەکات، حەقیقەتی بچووکی زۆر دەرکەوتبوو دەربارەی گەلێ مەسەلەی فکری و سیاسی و چینایەتی..، بەڵام تا هاتنە سەر (تەکیە) حەقیقەتە گەورەکە جارێ داپۆشرابوو، و جارێ یەکێتی وازی بە سۆزی خەڵك و بیری ئازادی و دیموکراسیەوە دەکرد. ئیدی یەکێتی لەم بارەوە چیکە لافی پێ لێ نادرێ و باوەڕیش ناکەم بەعام خەڵك ئەم سیاسەتە دژی ئازادییەی قبوڵ بێ. ئایندەش، یان ئەبێ بۆماوەیەکیش بێ ئەم سیاسەتەی راستکاتەوە، یان کە ئێمە لە نەبوونی ئەو ئازادییەو ئەم دیموکراسیە سیاسەت و تاکتیکی دیکەمان گرتەبەر، کەس لۆمەمان ناکات و پێمان ناوترێت هەق بوو هەر دۆستایەتی یەکێتی بکەن. دیارە لە هەموو حاڵەتێکیشدا بەش بەحاڵی خۆم سوورم لەسەر. ئەوەی نەچینە ناو جود، لەپاڵ هیچ لایەکەوە دژی لایەکی دیکە شەڕ نەکەین، هەوڵبدەین شەڕی ناوخۆ ریشەکێش بکرێ و هەموو هەنگاوێ کە بەعس لاواز بکات پشتگیری بکەین، لە هەمو سەنگەرو شوێن و کۆڕو کۆمەڵێ کراو لواو گونجاو کرێکاران و زەحمەتکێشان وشیار بکەین و سووربین لەسەر بڵاوکردنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بە تایبەتی لە شارەکاندا.

هاوڕێیان..پێویستیشە ئەوە رۆشن بکەمەوە کە لەسەرجەمی ئەو بۆچون و دیاریکردنەی ستراتیجی کاری ئەم قۆناغەدا.. هەڵەی گەورەی ئێمە لەوەدابوو، تەوقیتی جوڵان و جیاوازی دوو واقعی پێش و پاش جیابوونەوەکەمان باش نەپێکا.. واتە دەبوو لەپاش خۆتەرحکردن زۆر زیاتر لەپێش تر ئیحتیاتمان بکردایەو زووتر لە تەکیە بجوڵاینایە، هیچ نەبێ بۆ نزیك سەرکردایەتی یەکێتی، یان شوێنێکی دوورە دەستتر، تا بتوانین لەوەها رووداوێ پارێزراو بین، گەرچی پێشم وایە ئەمەش بە بڕوا بۆ ئێمەو بەبێ بڕوا بۆ یەکێتی لە جۆری پەیوەندی و دۆستایەتی تۆمار دەکرێ، بەوە بۆیان دەنوسرێ کە دەگە تەنانەت لە هاوخەباتانی چەند ساڵەی خۆشیان دەدەن، ئەمەش بۆ پترو باشتر ناڕونی ناساندنی حزبە نا کرێکارو نا مارکسستەکان هەر سوودی خۆی هەیە، با ئێستاش شەرابی شانازی بەم کارەمان بنۆشن، بەڵام چ شەرابێکە، تاڵ و تفتەو ژەهراویە، ئەگەر سووربن لەسەر هەڵوێستیان و خۆیان عیلاج نەکەن، حەتمەن وەکو نەخۆشی خستون، دەشیان کوژێ، ئینجا سەد حەیف و مەخابن، تەجروبەکانی چارەسەرکردنی ، ناکۆکیەکانی رابردوو قاڵی نەکردبون کە چەندین هەڵەیان تیا کردووەو دوژمن چەند قازانجی لەو جۆرە چارەسەرکردنە هەڵانە کردووە، ئەمجارەش هەمدیس بەهەمان ئاکاری هەڵەدا دەڕۆن و پێشم وایە کە مرۆڤ بیری جۆرە رێککەوتنێکمان نییە، بۆیە مەسەلەکان بەرۆکی ئێوە دەگرێتەوەو من وای بە پەسەند دەزانم کە ئێوەش هاوڕێیەکی نەناسراو دەستنیشانبکەن کە زیرەك و قسەزان و وشیار بێ، کەمێ تەمەندداریش بێ. ئەو هاوڕێیە بەناوی ئاڵای شۆڕشەوە لەسەر سێ شت قسەیان لەگەڵدا بکات:-

١-ئامادەگی دەر بڕێ بۆ ڕێککەوتنی سیاسی.
٢-داوای ڕەخساندنی زەمینە ڕێککەوتنەکە لە (ینك) بکات.
٣-تا بەر نەدانی ئێمە هیچ جۆرە ڕێککەوتنێ بڵاوناکرێتەوە.


بۆ مەسەلەی ئیدانەکردنی کارەکە.. ئەمە پێویستیەکە دەبێ دوای بەربونی خۆمان پێی هەڵسین، چونکە ئەمان کاری واناکەن. دیاریشە پێویستە داوای ئاساییکردنەوەی وەزعەکەو گەڕانەوەی زۆربەی چەکەکان و کەلوپەلی دزراومان بکەنەوە. کەی پێویستی کرد ئاگادارکران هەموو ئەڵقەکان راو تەگبیر لە دەستنیشانکردنی هاوڕێیەك بکەن بۆ کاری وا. ڕەنگە ئەوان داوای ئەمە بکەن کە یەکێتی بەهێزی نیشتمانپەروەر لە قەڵەمبدرێ، خۆتان دەزانن ئێمە هەمیشە خۆمان بە مارکسیزم و کرێکاران زانیوە، نەك بە خائین و نا نیشتمانپەروەر.. نیشتمانپەروەرێکی بۆرجوازی بچوکن، پێموایە شتی وا جارێ نەکرێتە گرێ کوێرە بەتایبەتی خۆشمان بڕیارمان نەبووە ئەمان بە نانیشتمانپەروەر نەزانین. جگە لەوەی خۆشتان دەزانن گەر گەرەکمان بێ لە کوردستاندا بۆیەك مانگیش بێ هەڵسوڕێین و سیاسەت بکەین، دەبێ بزانین چۆن لەگەڵ ینك-دا مامەڵە دەکەین و سیاسەتیان لەگەڵ پیادە دەکەین. من مەسەلەی ژیانی ئێمەو چارەنووسمان باسناکەین، ئەگەر پێویست دەکات و مردنمان ئێستا زەروریيە قەناعەت بکەن، بە مارکسیزم، یەك دەقیقە ژیانمان لا گرنگ نییە. ئەوەی زیاتر مەبەستمە کارو خەباتی ئایندەو سەرکەوتنی ڕێبازەکەمانەو هیچی تر. جا هیوادارم ئێوەش تەواوی مەسەلەکان، وردو درشتی، زانستیانە هەڵسەنگێنن و ئێستاو پاشە ڕۆژ ببینن. دڵنیاش بن ئەمە دونیایەو سیاسەت، کەممان ڕۆشتوەو زۆرمان بە بەرەوە ماوە. زۆرمان لەباردایەو پێیە، ڕەوڕەوەی ڕوداوەکان و مێژوو.. هەنگاوی پڕ شکۆی بۆ دونیای کرێکاران و سۆشیالیزم دەچەرخێ.


هاوڕێیانی ئازیز.. چەند ڕۆژێ لەمەوبەر بەرنامەی سێیەمم ئاراستەکردون سەبارەت بە دیداری خۆم و سکرتێری ینك.. هیوادارم وەکو بەڵگەی مێژوویی ئەویشتان بگاتە دەست و هەڵیبگرن و ئەم نامانە نرخی گرنگیان هەیە.


تکایە دەقی ئەم نامانە بە شێوەیەك بڵاوبکەنەوە کە نەزانرێ ئێمەین دەقی نامەی نوسراویش بۆ (م.س)یش، جارێ پیشانی کەسی مەدەن تا ئاگادارتان دەکەین و ڕەنگیشە هەوڵە سیاسیە سەرگرێ، من و هاوڕێیانی دیکە یەك بگرینەوە. ئەوسا نامەی تریشتان ئاراستە دەکەین.


تکاشە پەیوەندی بە سەلام فەقێ بە عەلی و برایمەوە بکەن و بزانن بۆ ئەم کارەیان کردووە.. برایم ناوە نهێنیەکەی (حەمە پشتەیی)یە، هینەکەی سەلام. تەنها ناوی یەکەمی ئەزانم کە (مەحمود)ە.. پێموایە باوکیشی (عەلی)یە واتە (مەحموود عەلی) یان (مەحمود ئەحمەد) لەو دوو ناوە یەکێکیانە.. بۆیان بنووسن کە (گەرمیان) ئەیەوێ بزانێ بۆ واکراوەو دوا نیازیان چییە. گەر یەکێکیش بیان بینێ لێ یان مەترسن.


ئیتر خۆشیتان هیوامە
هاوڕێتان
مەلا بەختیار
١٩٨٥/١١/٢٢
یاخسەمەر














هاوڕێیانی ئەڵقەی ژمارە (٢١) تێکۆشەر

سڵاوێکی گەرم و ڕێزی هاوڕێیانەمان هەیەو هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

چەند ڕۆژێکە گەڕاومەتەوەو داخەکەم وەزعی شار خراپ بوو، بۆیە نەمتوانی لەڕێی شارەوە بگەڕێمەوەو بتان بینم. سەفەرەکەم سەرجەم سودمەندبوو توانیم ئەو هاوڕێیانە لە تاران دا ببینم و بەدوورو درێژی قسەمان کردو مەسەلە دەرەکی و ناوەکیەکانمان باسکردو پێکەوەمان سازاندن.

ئەوان سێ مەسەلەیان لا مەبەست بوو.

١-چونە ناو جود ٢-دەستبەجێ جیابوونەوە ٣-دامەزراندنی بنکە لەگەڵ جود دا. دیارە هەر سێ ئەم مەسەلانە پێچەوانەی بڕیارەکانی یەکەمین کۆبونەوەی خۆمان بوو. بۆیە دوای مشتومڕێکی دوورودرێژ گەیشتینە ئەو سەرئەنجامەی ئەو سێ مەسەلەیە ناکرێ و ئەوانیش ئەبێ کارەکانیان لە تەك کارەکانی ئێمەدا جووت کەن و بگرە لە خزمەتی هینەکانی ئێمەدا بیانخەنە گەڕ. جارێ ئەوان لە شارەکانی ئێراندا ئەمێننەوەو جموجوڵی سیاسی خۆیان درێژە ئەدەنێ تا بەلایەکا کەوتنی وەزعی ناو وڵات.

لە دەرەوەدا ئەوان هەنگاوی گەورەو پەیوەندی باشیان ناوەو دروستکردووە. لە تەك سوریا- لیبیا- ئێران و تەواوی حزبە عیراقیەکان، فەلەستینیەکان و زەمانی یارمەتی و پشتگیرییان لێوەرگرتوون. کورتیەکەی ئێمە کاروبارەکانمان تەنسیق کردووەو بەهیواین بتوانین لە ناو وڵاتیشدا سەرکەوین و ئامانجی پاشە ڕۆژمان بەدی بهێنین.

-وا هەندێ پێویستی چاپەمەنیمان کڕیوە بۆ پیت و مەقەستی بڕین و ئەو مەسەلانە، تکایە بە وردی بەکاریان بهێنن و عنوانی وتارەکان بەپێی پێویست پێیان بنووسن.

-لەهەموو لایەکەوە نامەو داخوازی ئەوە هاتووە کە ناوی گۆڤارەکە لە ئاڵای کۆمۆنیزمەوە بگۆڕین بە ئاڵای زەحمەتکێشان. دەستەی نووسەران (جگە لە هاوڕێیەك) و چەند کادرێکی کۆبونەوەکە ئەوانەیان دیومانن رازی بوین، تکایە ئەمە لەبەر جیابونەوەو هەندێ هۆی سیاسیی تایبەتیە کە ڕەنگە تا کۆنفرانسی یەکەم بخایەنێ و ئەو کاتە ئێمە خۆ ئەگرین و سەربەخۆ ئەبین و سەربەستانە بڕیاری هەموو مەسەلەکان ئەدەین. تکایە فریای چاپەکە بکەون و ناوەکە بە ئاڵای زەحمەتکێشان بنووسن.

هودنە/ سەرکردایەتی یەکێتی بەهودنە رازی بوون و مەرجەکانی ڕژێمیان قبوڵ کرد. بەڵام ڕژێم وەڵامی نەداونەتەوەو ئەوانیش بایان داوەتەوە لای ئێران و وەفدیان ناردووە بۆ ئەوێ.

بەراستی مەسەلەی چاپکردنی بڕیارەکان زۆر دواکەوت. ئەگەر تەواوتان نەکردووە، فریای کەون و لەم چەند ڕۆژەدا تەواویان کەن و هەوڵئەدەین لەمەو دوا لای خۆمانەوە شت تایپ کەین و بۆیان بنێرین و رایکێشین.

هیوادارین ئێتر ئێوەش پتر هەڵسوڕێن و بجوڵێن. هاوڕێیان هەندەی کە ئەڵقە دراسیەکانی چەتر دراسە بکەن، زیادی بکەنەوە.

بڕیار بوو تەلەفزیۆن بنێرن نەگەیشت. تکایە وا بڵاوە کە دوژمن ئابڵۆقەی ئابوری بەسەر ناوچەکەماندا فەرز ئەکات و پێویستمان بە هەندێ ئازوقە هەیەو وا بکەن لەمبارەوە هەموو هاوڕێیەك ئازوقەی هەمە چەشنە بکڕێ و بۆمان بنێرن، ئەمەیان دوا نەخەن، چونکە لەبرسا ئەمرین! دوایی هیچمان فریا ناکەوێ.


خۆشیتان هیوامانە


هاوڕێتان

گەرمیان

١٩٨٥/٧/١٣

تکایە ٧/١٧ سێی پاش نیوەڕۆ لە نزیك دێی ولیان چاوەڕێتان ئەکەم بۆ زیاتر قسەکردن و لێکتێگەیشتن.





هاوڕێیانی ئەڵقەی ژمارە (٢١)ی تێکۆشەر

سڵاوێکی کۆمۆنیستانەی گەرم و هیوای خۆشی و سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازین هاوڕێیان.. ئێمە گەیشتینە سەرکردایەتی ینك و ناوەندی کۆڕەك.. تەعقیبی وردی دۆخەکەمان کرد، بیروڕاو سەرنج و رادەی زانیاریان لەسەرمان زانین، بڕیارو بۆچوونی کۆبونەوەکانمان بۆ دەرکەوت.. بۆیە گەیشتینە ئەو سەرئەنجامەی پێویستە بە راشکاوی کێشەکان یەکالا بکەینەوەو چیکە بەم چەشنە لەناو کۆڕەکدا نەمێنینەوە. سەرەتا لە تەك سکرتێری ینك کۆبونەوەو چوار سەعات قسەمان کرد.. پێمان راگەیاندن کە لە رووی فکری و تیۆری و تەنزیمییەوە تۆزقالێکمان باوەڕ بە کۆڕەك نەماوەو ناتوانین لە ناویاندا درێژە بە کارو تێکۆشان بدەین، بەڵام ئەمانەوێ لە تەك ینك دا دۆستایەتی بکەین و جۆری ئەم دۆستایەتیەش پاشەڕۆژ بڕیاری تەواوی لێدەدەین. ئەویش بیروڕای خۆی دەربڕی و رەق و نەرمی و باش و دیبلۆماسیەتی ئاوێتە کرد.. نەرمی بەرامبەر ئێمە.. رەقی بەرامبەر کاك سالارو م. جەعفەر. سەرەئەنجام گوتی من وەکو خۆم لایەنگری دۆستایەتی و هاوکاریتانم ئەگەر بەرنامەو بڕیارەکانتان وا بوو پێکەوە بسازێین.

دوای ئەو لەتەك ناوەندی کۆڕەك دا کۆبونەوە، هەمان سەرنج و بیروڕامان لەسەر دۆخەکەو کۆڕەك و بۆچونەکانمان بۆدەربڕین. ئەوانیش سەبارەت بە مفاوەزات، شەڕی ناوخۆ، لەشکر جودا کردنەوە، چەند پرسیارێکیان کردو ئێمەش وەڵممان دانەوە کە یەکەم ئەگەر ئێوە مفاوەزاتتان کرد ئێمە نایەینە ناوی، بەڵام بۆ ئەوەی رژێم سود لە هەڵوێستی یەکسەرو توندی ئێمە وەرنەگرێ و کەمترین دەستکەوت بکاتە بنەمای رێککەوتن لەگەڵتاندا، تا دەرکەوتنی سەرەئەنجامی گفتوگۆکە، ئێمە ماوەیەکی باش بێدەنگ دەبین، بەڵام دوای ئەوە رای خۆمان دەرئەبڕین. لەسەر شەڕی ناوخۆش، دیسان گوتمان دژی شەڕی ناوخۆین و هیوامانە نەمێنێ.. دوا هەڵوێستیش لە کۆبونەوەی فراوانماندا دەری ئەبڕین.

ئەوان بەرەسمی دژایەتی هەڵوێستیان نەکردین و گەیشتینە ئەوە کە تا سەری ساڵ ئێمە کۆبونەوەی فراوان بکەین و دوا بڕیارو سیاسەتی خۆمان داڕێژین.. ئەوانیش ئیجرائات لەگەڵ هیچ هاوڕێیەکدا نەکەن وا ئێستا خەریکین لەناو خەڵك ئەم هەڵوێستە ڕوشن دەکەینەوەو ئەوانیش دیارە بەردەوام لەبەرژەوەندی خۆیاندا قسە دەکەن و بەرگری لە رێبازی خۆیان دەکەن و پڕوپاگەندە بڵاودەکەنەوە. دووریش نییە گێچەڵی لاوەکیشمان دووچار بکەن. دیارە ئێوەش پێویستە بە پشوویەکی شۆڕشگێڕانە پڕوپاگەندەی ئازادی دەربڕینی بیروڕا بکەن.. سەربەستی هەڵبژاردنی رێباز بڵاوبکەنەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم قۆناغە ناسکە، ئاڵۆزە، بگرە قۆناغێکی ئینتیقالی خەتەرو چارەنووسسازە سەبارەت بە نەیارەکەمان. بۆیە سۆزو سایکۆلۆژییەتی جەماوەر لەبەرچاو بگرن و قسە لەوە بکەن ئەگەر ینك دیموکراسی و ئازادی بسەڵمێنێ.. ئێمە جیاکردنەوەی هێزمان پێباش نییە.. ئەم خاڵە زۆر گرنگە تا ئەوەندەی سیاسەتی ڕۆشنی خۆمان. ڕۆشن ئەکەینەوە، تا ئەوەندەی لەم قۆناغەش فروفێڵی ئەوان دەرئەکەوێ. ئینجا قۆناغی نوێ دێتە کایە.. دیارە پەرت و کەرت نەکردنی هێزی پ.م لەم قۆناغەدا جەماوەریش پێی خۆشە.. سەرەتا ئێمە کە دەتوانین ئازادی دروستکردنی رێکخستن پیادە بکەین و جەماوەری پێ قایيل بکەین.. دیارە دوا بڕیاریش هی ئەم قسەو بۆچوونانە نییە.. بەڵکو هی کۆبونەوەی فراوانی هەموو هاوڕێیانەو وا ئەکەین تا مانگێکی تر سازیدەین و بیگرین و تەواوی مەسەلەکانی تیا شیبکەینەوە.

هیواداربن بە چڕی و وردی بکەونە کار، بکەونە قسەو موناقەشە، بکەونە پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕانە کە بتوانین بەرپەرچی ئەو شاڵاوە دژە کۆمۆنیستیەو پڕوپاگەندە ژەهراویانە بدرێتەوە حەتمەن ئەمڕۆو تا ماوەیەکیش چڕ تر ئەکرێ لەسەرمان.


تێبینی:


هیوادارین لەگەڵ تەواوی ئەڵقەکانی ئاڵای شۆڕشدا بگەینە گفتوگۆ بۆ وەرگرتنی یەك هەڵوێستی هاوبەش.

ئەڵقەی ناوەندی نوسەران

١٩٨٥/١٠/١٧

مالومە





نامەیەك لە زیندانی یاخسەمەر

هاوڕێیانی خۆشەویست سڵاوێکی کۆمۆنیستانە

نامەکەتان گەیشت و ناوەرۆکەکەیم بەدڵ بوو سەبارەت بەم وەزعەو ئەوەی ئێمەش گوتبوومان و نووسیبومان شتێکی ئەوتۆ لە بۆچوونەکانی ئێوە جیاواز نەبوو تەنها هێندە هەیە کە کار بگاتە سەر بینینیان، ئێوە بە ڕەسمی بیان بینن باشترە لە ئێمە ئەگەر بێت و ڕێککەوتنیشیان لەگەڵ ئێوە هەڵوەشاندەوە بەرامبەر جەماوەرو مەسەلە دیموکراسیەکان داشی خۆمان سوار دەبێ.

ئێستاش لەوە ناچێ ئەو هەوڵانە شتێکی ئەو تۆی سەوز کردبێ بۆیە وای بە باش دەزانین نامەی مانگرتنەکە چاپ بکرێ و بە پێشەکی و پاشەکیەکەیەوە، لە دێڕێکی سەرەوەدا نوسراوە (نزیکەی بیست ڕۆژە سجنی سیاسەتی..هتد) ئەو نزیکەی بیست ڕۆژە (بکەنە نزیکەی مانگێکە).

بێگومان ئەمە مەسەلەیەکی چارەنووسساز سەبارەت بە ژیان و سیاسەت و بڕیارەکانمان. بۆیە پێویستی بە نەخشەی وردو هەمە لایەنەیە. پێویستی زۆربەی خەڵك بەتایبەت دڵسۆزان و شەخسیەتە بەناوبانگەکان، لە نووسەران و پیاوە ئاینیەکان، سیاسیە کۆن و تازە ناسراوە ناوداڕەکان، ڕێکخراو و گروپ و حزبەکان، هەموو لایەك ببینن و داوای هەڵوێستیش لە هەموو لایەك بکەن. گەر بکرێ کەسوکاری ئێمە و شێخ عەلی و هاوڕێ پشکۆو هەروەها چەندین ئافرەت و خوشکی هاوڕێیانی دیکە بەناوی کەسوکاری هەرسێکمانەوە، تێکڕا پێکەوە را بێنە دێی یاخسەمەرو لەوێ لە مزگەوتەکەی مانبگرن و گەر بشکرێ یەك دوو لافیتەی مەعقول وەك (ئازادی بۆ مەلابەختیارو شێخ عەلی و پشکۆ) (پێشێلکردنی دیموکراسی لە خزمەتی دوژمناندایە).. لافتەی واش بنوسن و فعلا بێنن لەو مزگەوتە مانبگرن و تا چارەنووسی ئێمە دەردەکەوێ لەوێ نەجووڵێن کە سەرجەم ١٥٠ ئافرەت بە منااڵەکانیشیانەوە ڕێکبخەن زۆر تەئسیری دەبێ بۆ سەر سۆزی خەڵك پێشمەرگەو زەعتێکی گەورەش دەبێ بۆ سەریان. دیارە دەبێ ئەو خوشکانە بێنن و قسەشیان بۆ بکەن کە زۆر ژیرانە مەسەلەکان تەرح بکەن و بە عاقڵی قسە لەگەڵ پێشمەرگەو خەڵك بدوێنن، نەك بە جنێو هەڕەشە با ئەمەش تەقلیدێکی نوێ بێ ئێمە دای بهێنین تا دیموکراسیەت زۆر خۆشەویستر بکرێ و ببێتە داخوازی جەماوەری و نمونەی مانگرتنەکەی خەڵکی سنەو مەریوان بیر بخەنەوە چەند تەئسیری هەبوو لەسەر دەوڵەتی ئێران بۆ بەردانی چەندین کادری کۆمەڵە، لەوانە کاك ئیبراهیم کە سەرکردایەتیشیان بوو. سااڵی (١٩٨٠).

دیارە تا زۆریش بن زۆرتر تەئسیریان دەبێ گەر بکرێ حسابی پۆشتەیی جلوبەرگ و ئەو شتانەی خۆشیان، لەگەڵ شیرو خواردن بۆ منااڵەکانیان بکەن. خۆیان بگرن و زوو بێتاقەت نەبن، جا ئەمە تەجروبەیەکی نوێیە هیوادارین. بەسەرکەوتوویی لێی بێنە دەرو تەقلیدێکی شۆڕشگێڕانە بێ بۆ ڕەخساندنی زەمینەی خەباتی چینایەتی و جەماوەری، مێژووی مانگرتنەکەش لە ١٩٨٥/١٢/٣٠ بێ. زوو سەرو نوسخەی بنێرن بۆ کۆمەڵەو دیموکرات و چریکەکان کە هەر هەموویان لە یەك ناوچەدان. ئەگەر بتوانن زوو بیگەیەنن جودیش خراپ نییە بەتایبەتی بگاتە سەرکردایەتیان، ڕووناك لە ڕێی باییزەوە دەتوانێ بیگەیەنێ.. هەروەها دەستتان دەگاتە هەر سەر تیپ و کەرت و شوێنێکی پ.م بە سەیارەو کەسوکاری خۆیان بێ بەناوی نامەی تایبەتی بۆیان بنێرن، هیوادارین لەم پێنج ڕۆژە فریایی تەواوی ئیشەکان بکەون و ئێوە لیژنەیەك بۆ سەر پەرشتی ئەم کارە دروستبکەن هەر زووش هاوڕێیانی هەولێریش ببینن بۆ ئەم مەبەستە تکام وایە شەوو ڕۆژ بخەنە سەر یەك و ئیش بکەن تا ئەم کارە بەنەخشە سەر دەخرێ.

گەر هات و وێڕای ئەوەش سەرکردایەتی یەکێتی سوور بوو لەسەر بەرنەدانمان.. ئەوا بێگومان ئێمە بەرەو کاروانی

شەهیدانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ دوا هەناسەی مانگرتن ئەدەین و ئاڵای ئەم خەباتە پیرۆزە بۆ تەواوی هاوڕێیان و کۆمۆنیستەکان بەجێدەهێڵین و ئەو کەموکوڕیانەی هەمان بووبێ راستکردنەوەی لەسەر ئێوەیەو ئەمەش ڕێی خەباتی چینایەتییە وا ڕێککەوت بتوانین تا ئەم دووڕیانە مێژوویە هێنین و خزمەتی مارکسیزم - لینینزم بکەین، ئەوەندە هەیە تا دەمرین سەربەزرین هەڵوێستمان هەبوو، سووربوین لەسەر بیروباوەڕ، دوای ئارەزووە تایبەتیەکان نەکەوتین، بەمەرگی ئێمەش گەورەترین حەقیقەتی کۆنەپەرستی بۆرجوازی بچوکی کوردستان بەموتڵەقی دەردەکەوێ.

بژی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی


ژێرکەوێ سیاسەتی دژی دیموکراسی


هاوڕێتان

مەلا بەختیار

١٩٨٥/١٢/٢٨

یاخسەمەر





سەرجەم ئەم نامانە لە کتێبی هەندێک لە دیکۆمێنتەکانی ئاڵای شۆڕش نوسینی / م. عادل رەفیق وەرگیراوە.

هاوڕێی خۆشەویستو دڵسۆز حەمە ئاوات

سڵاوێکی گەرمو هیوام خۆشیو پێشکەوتنتانە.. چاوی هەمووتان ماچ دەکەم.

برام... پێشەکی، ئەرێ ناکرێ کەمێ دەستوخەتەکەتان خۆش بکەنو لە نووسیندا بایەخێکی زیاتری بدەنێ..!؟ ئێران وولاتی خەت خۆشانە ئاگادار بن!

کاکە گیان: نامیلکەکەم پێگەیشتو جوانتان چاپ کردووە، بەدڵمە. هەرچەندە چەندین هەڵەی چاپی تیایە، لە هەموو خراپتر لە پەندێکدا گوتراوە: "سنەیەو پایەی حەقو حساب" کەچی کراوە بە "سبەیەو پایەی حەقو حساب" واش رێک کەوتووە بەم شێوەیەش، بێ واتا نەبێ، بەڵام ئەوەی پەندەکە بزانێ ناشرینە بۆمان. بەنسبەت تێبینیەکانی دیشتان، ئەمە وەڵامەکەیانە:

١- بۆ (بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ) دیارە قسەی ئێوەیەو دڵنیاشم دەزانن کە منیش ئەمە دەزانم.. بەڵام دەرگای ئێرە بە قوڕ گیرێ پەلەو پەنامەکی، ئەو هەڵانەم پێ دەکات.. خۆت دەزانیت لە نامیلکەکانی تردا، هەر بەوشێوەیە نووسیومە.. تەنانەت ناونیشانی نامیلکەیەک: "دژایەتی بان چەپ یان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی"یە.

٢- بۆ خامۆش.. ئەگەر دیقەتتان دابێ نووسراوە (خامۆش کراوە) زیاتر مەبەستەکە ریڤیژنستەکان دەگرێتەوە کە بونەتە مایەی ئەو خامۆش کردنە. (کراوە- فعلی مقصودە) ووشەکەش لە کوردیا بە نووزەلێبڕین بەکارنایەت، دەگوترێ: "ئەو زۆپایە خامۆش بکە" واتە خەفەی بکەو کەی وویسترا دەگەشێنرێتەوە. هەروەها دەڵێن: "فلانە کەس ماتو خامۆشە" ئەمە مانای ئەوە نییە مردووە.

٣- بۆ لایەنە باڵادەستەکانیش: لەشوێنێ گوتراوە "بڕیاردەری گۆڕەپانی خەباتە دیموکراسیەکەن" وەکو بڕیار بەڕاستی وایە (بەداخیشەوە) بەڵام بڕیاردەر، دارشتنێکی سیاسی کاتییە، رێبەر و پێشڕەو ناگەیەنێ. هەر ئەمەش لای کۆمۆنیستەکان گرنگە. لەشوێنێکی دیکە نووسراوە "تا ئەوڕادەیەی دژی بەعس، پێشکەوتون، ئازادی لەژێر گوشاری مەترسیە هاوبەشەکاندا، ئەسەلمێنن،.. تاد" واتە ئەگەر دژی بەعس نەبن کۆنەپەرستن، وە ئەگەر گوشاریان لەسەر نەبێو ئەمانە باوەڕیان بە ئازادی نییە. هەروەها لەلایەکی دیدا دووپات کراوە کەوا "لەم سەردەمدا تەنها بۆرژوازی بچوک ماون لە تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی

بۆرژوازیدا دەوریان مابێ، واتە بەشێکی ئەرکەکانیان لەسەرە، رێبەر نین، پێشەنگ نین.. تاد.

٤- سەبارەت بە مەسەلە فکریەکانیش، پێم وایە لەسەر شورەوی هەندێ شتم بە راستو بەڵگە نوسیووە. وەکو قەناعەتیشم وایە، ئەمانە دەبێو دەکرێ، بکرێنە بنچینەیەکی وورد بۆ کێشە ئاڵۆزەکان. لەم قۆناغەدا، قۆناغی ئازادانە باسکردنی قەیرانەکانی ئەزمونی سۆشیالیزمو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، جارێ پێ لەسەر ئەو راستیانەی دەرکەوتوون دابگرینو هاوشانی بەرە بەرە گەڵاڵەکردنی زانستیانەی ئەرکە ناوخۆییەکان، دەتوانین بە پشووی پرۆلیتاریانە، بە دووربینی کۆمۆنیستانە، دوور لە پەلەکاری، ئەرکە گشتیو تایبەتیەکان لەمەڕ کێشە جیهانیو ناوچەییو ناوخۆییەکان دیاری بکەینو بیانکەینە چەکی خەباتی چینایەتیو ئایدیۆلۆژیو سیاسیەکان. حەمە گیان. دەبێ ئێوە بزانن سەردەمەکە، گەلێ لە جاران جیاوازە، ئێمە لەبەردەم ئەرکێکی گەلێ گرانو پڕ گرێداین. ئێوە وای مەبینن سەرکەوتن تەنهاوتەنها بەند بێ بە مەسەلە ئایدیۆلۆژیەکان بە دابڕاوی لە مەسەلە سیاسیو تاکتیکیەکان. ئێوە وا مەزانن ئەگەر پەلە نەکەین لە حوکمی گەورە کە دەتوانم بڵێم هێشتا ئەو حوکمە گەورەیە لە هەموو بارێکی: ئابوریو فەلسەفیو کۆمەڵایەتەوە، نەک لای خۆمان، بگرە لە سەرانسەری جیهانیشدا، ساغ نەکراونەتەوە، ئیتر ئێمە تیادەچین، یان بە هەلپەرست، یان بێهەڵوێستی کۆمۆنیستانە دەناسرێین. ئەمانە وا نینو نابێ وا بیربکەینەوە.

من لە نامیلکەکەدا نوسیوومە سەرئەنجامی ململانێو مشتومڕێکی زۆر، ئەنجامەکە دەبێ لە پاشەڕۆژدا لەخزمەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕدا بێ. تکایە لاپەڕە (١٢)ی بخوێنەوەو بزانن ئەو مەرجەی تیایە یان نەء. جا ئێوە ئەمە بخەنە ناو پرۆسەی ئایندەی رووداوەکان.. ململانێیەک.. لە پاشەڕۆژدا بخرێتە خزمەتی ئەو پێناوە، چی بەسەردێو بە چ لایەکدا دەکەوێ؟ کە ئێمە دەڵێین ململانێی تیۆری.. بەڕاستی دەبێ پابەندی ئەم ململانێیە بین، ئازادانە "دیموکراسیانە" زانستیانە زەمانو زەمینەی ئێستاو ئایندەی رووداوەکان، دیاردەکان، ناکۆکیو ململانێکان لەبەرچاو بگرین. خۆزگە بە ووردی دورو لە سۆزی دڵسۆزی دابڕاو لە کێشەکان. سەرچاوە کلاسیکیەکانی (م.ل)تان دەخوێندەوە. خۆزگە ووردی ئەوە دەچوون رێبەرانی مەزنی فەلسەفەکە، چۆن چۆنی ناکۆکیەکانو مشتومڕەکانیان بەڕێوەبردووە، هەنگاو بە هەنگاو چۆنیان رەفتار لەتەک لایەنەکانی نامارکسیدا

کردووە، بەرنامەکانیان چۆن هەڵسەنگاندوونو بە چ شێوەیەک رایانکێشاونەتە ناو بازنەی مەسەلە فکریەکانو پاشان هانیان داوون بۆ کۆڕی خەبات. کە مارکسو ئینجلس لە ئینتەرناسیۆنالیستی یەکەمدا، هاوشانی تریدیۆنەکان، باکونیەکان، لاسالیەکان، لەسەر یەک تریبون دادەنیشتنو دەکەوتنە مشتومڕی فکری لەتەکیاندا، دەیانزانی هەڵەکانیان چینو تا چەند لەخزمەتی کرێکاراندان؟ بەڵام ئەو دەمە، ئەو سیاسەتە، ئەو رێبازە بۆ مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژ پێویست بووە. لینین کە پاش شۆڕشی شوبات (١٩١٧) بەرنامەی کشتوکاڵی سۆشیال شۆڕشگێڕەکان لەسەر جوتیاران قبوڵ دەکات، مەبەستی چی بووە؟ ئەوە نەبێ شۆڕشگێڕانە ئیدارەی ناکۆکیەکان بکاتو بزانێ چۆنیان یەکالا دەکاتو کۆسپو تەگەرەکانی لەبەردەم سەرکەوتن لادەبات. ئەو جۆرە نەرمیە، ئەو جۆرە زیرەکیە، ئەرکە ستراتیژیەکانی لا کەمبایەخ نەکردوون، یان دەستیان لێهەڵنەگرتووە. نەخێر، بەپێچەوانەوە پێیان لەسەر داگرتووە. ئێمە کە دەڵێین دەبێ پابەندی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ بینو پاشەڕۆژی ململانێکانیش لەم پێناوەدا بن، ئیدی رووبە بۆ کوێ دەچین. بەڵام چۆن دەچینو کەی دەگەین.. ئا ئەمەیان لە هەموو باریکەوە: هونەریی، فکریو سیاسیو تەنزیمی دەوێو دەبێ، هەر دەبێ ووشیاریان بینو بایەخیان بدەینێ. من پێم وایە نە ئەوە رەهان کە ئێمە ئێستاو لەم کاتەدا دەیانڵێین، نە ئەوەش رەهایە کە لاکانی دیکەی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ دەیانڵێن. هی ئەوانو ئێمەش، قابیلی گۆڕانو گەشەکردن، پیاچونەوەو سەرلەنوێ داڕشتنن. باشترین دەستەبەری شۆڕشگێڕانەی ئەمەش، لەئێستاوە هەتا دەرکەوتنی تەواوی راستیەکان، پەلەنەکردنو نەسەپاندنی حوکمی قەبەیە، مشتومڕی ئازادانەو مونازەرەی تیۆرییە. بەدڵنیایەوە پێم وایە، هەر هەنگاوێکی قەبەی ئێستا، ئەگەر جووتیش بێ لەگەڵ سۆزی سیاسی رەوتی چەپی بزووتنەوەی کرێکارانو چەندین هەنگاویش پێشمان بخات، بەڵام زانستیانەو میژوویانە نەچەسپێ، لە پاشەڕۆژدا دەیان هەنگاو هەر ئەم هەڵوێستە پاشمان دەخات. هەر ئەو هەنگاوە ئەگەر دوای بخەینو بەرە بەرە زانستیانە یەکالای بکەین، ئێستاش بەخێرایی پێشمان نەخات، لە پاشەڕۆژدا، دڵخۆشکەرانە پێشمان دەخاتو لە سەرکەوتنمان شۆڕشگێڕانەتر نزیک دەخاتەوە. دەتوانم دەیان نموونە بهێنمەوە، بەڵام پێم وایە تەنها نموونەی حیزبی شیوعی قیادەی مەرکەزی بەسە، بۆ ئەوەی بزانین ئەوانە چ هەڵێکی میژوویی گەورەیان دۆڕاند لەپێناوی هەڵوێستی زلی زانستیانە چارەسەرنەکراودا.

ئێوە بۆ ئەم لاوازییە، ئەم پەرتەوازەییە، ئەم بێهێزییەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ لەم هەلومەرجەدا باش نابینن، ئەمە لەکاتێکیشدا بزووتنەوەکە، ناوەندی جیهانی نییە، رێبەری گەورەی ناسراوی نییە، پشتیوانی بێ درێغی نییە، تەنانەت خەباتی چینایەتی کرێکارانی دەرکەوتوشی نییە. دەی بەبێ هەموو ئەوانە، واتە بەبێ بوونی لەشکرێکی رێکوپێکی پڕ تفاقی جەنگو جەنگین، ستادی شۆڕشگێڕی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ، چۆن دەتوانێ بڕیاری شەڕی گەورە بدات و دابەزێتە مەیدان؟ بچن شەڕە فکریەکانی مارکس و ئینجلس و لینین بخوێننەوەو دراسەیان بکەن، بزانن لە بوونی ئەو لەشکرەشدا، واتە: لە بوونی بزووتنەوەی کرێکاران و کۆمۆنیستەکاندا، لە بوونی خۆیان و ناوەندێکی جیهانی خەباتی چینایەتیدا، چۆن دابەزیونەتە مەدانی جەنگین و چەندیش هونەرو مانۆڕی جەنگی سیاسی و ئایدیۆلۆژیان بەکارهێناوە؟

بەڕاستی دەیڵێم، هەر کەس و لایەک، بیەوێ بە کردەوەو کاری شۆڕشگێڕانە، هەتا دوا لوتکەی خەبات، لەگەڵ خەباتی چینایەتی کرێکاراندا بێ، دەبێ، دەربڕینی هیچ هەڵوێستێ دانەبڕێ لە بۆتەی خەبات و رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئەندازەی خەباتی چینایەتی، کورتیەکەی وانەزانرێ دەربڕینی هەڵوێست هەر بۆ تۆمارکردنی هەڵوێستە لەسەر لاپەڕەی بڵاوکراوەکان، بەڵکو دەبێ هەڵوێست موتوربەی خەباتە چینایەتی و سیاسی و جیۆاتی (نقابي)و هونەری و ئەدەبیی و عەسکەری و دیبلۆماسیەکان بکرێت و زیرەکانە بچەسپێندرێ هەتا دەبێتە هێزێکی مادی ئایدیۆلۆژی لە شکان نەهاتوو. مارکس دەڵێ: دوای ئەوەی بیروباوەڕ بڵاودەبێتەوەو خەڵک باوەشی پیا دەکات، دەبێتە هێزێکی مادی لە شکان نەهاتوو. لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسم، تا ئێستا گروپە مارکسیە شۆڕشگێڕەکان بەڕاستی ئەمەیان پێکاوە؟ بەدڵنیاییەوە دەیڵێم، پێچەوانەکەیان کردووە. چونکە بزووتنەوە بابەتیەکەی مارکسستی شۆڕشگێڕ، باشترو زیاتر لە رێکخراوو گروپەکانی ئەم پێناوە لە عێراقو کوردستاندا، دەرکەوتوەو بووە بە ریالیستێکی حاشاهەڵنەگر، ئەمە لەکاتێکدا گروپەکان لەنێو خۆیاندا هێندەی دژایەتی یەکدیان کردووە، نیو هێندە خزمەتی مارکسیزمیان نەکردووە.

تێبینی: (دوای ئەوەی لە نامەکەتان بومەوەو دەست بە نووسینی ئەم نامەیە کرد، "پرۆژەکەتانم" خوێندەوە. گەرچی جارێکم خوێندەوەو دەتوانم بڵێم ئەم سەرنجانەم بەخێرایی لەسەر کۆکردۆتەوە، وا ئێستا دەیانخەمە بەرچاوتان. واتە تا

ئێرە کە نامەکەم نووسیوە جارێ پرۆژەکەم نەخوێندبوەوە، لەمەودوا سەرنجەکانم هەڵهێنجراوی خوێندنەوەکەن).

٥- چەند سەرنجێکی خێرا لەسەر پرۆژەکە:

هاوڕێیان، پێشەکی ئێوە لەدەرەوەنو دەشبێ بڵێم، لەم گۆڕی ئازادیەی من زیاتر ئاگاداری دۆخەکەو پێویستیەکانی سەرشانن، وە ئاگاداری زیاتری ژیانی رێکخراوەییو سیاسین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا، چۆنتان نووسیوە پرۆژەو چاوەڕێی رەخنەو مشتومڕن لەسەری، ئاواش ئەم چەند سەرنجانەی من وەربگرن.

أ-پێم وایە پەلەتان کردووە لە نووسینو دارشتنیا، لە بڕیاردان لەسەر کۆمەڵێ کێشەی زانستیانە گەڵاڵەنەکراودا. دەبوو ئەم بابەتە لەنێو خۆتاندا، لە کۆڕو کۆبونەوەدا، بە تێروتەسەلی باسیان بکەن، ووردیان بن، ئەوسا لە کۆنفرەنسێکدا کە باشترین کادرو ئەندامی گروپەکەی تیا دانیشتایە، بڕیاری لێبڕاوتان لەسەر دابا، ئەویش وەکو (پرۆژە).

ب-لە مەسەلە ئابوریەکاندا، سەبارەت بە سیستەمی سەرمایەداری جیهان. تارادەیەکی زۆر باشی بۆ چوون، ئەوە نەبێ پێم وایە کەمتر شتەکانتان بەستۆتەوە بە ئیمپریالیزمی نوێ، کە خۆی لە کۆمپانیا فرە ناسنامەکاندا دەبینێتەوە. چونکە ئەمە گەوهەری ئیمپریالیزمی ئەم سەردەمەیەو لەگەڵ سەردەمەکەی لینینو ئۆکتۆبەردا، دەتوانم بڵێم: ئیمپریالیزمی ئیمپریالیزمە. باسکردنو روونکردنەوەی ئەمە گەلێ گرنگە بۆ مارکسیە شۆڕشگێڕەکان. پێشم وایە هەر ئەمەش بنەمای ئابوری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی مارکسستی شۆڕشگێڕە، پاشان مەسەلەی ریڤیژنیزم (کە ئێوە لەمەشدا بەهەڵە چوون) چونکە لە روانگەی مارکسیەکانەوە، هێزو پەیوەندی سەرمایەداری سەردەمەکە بنچینەیە بۆ رێبازی ئایدیۆلۆژی، پاش ئەوە ئەو دیاردانەی هەنو خراپن. با تۆزێ ئەمە روون بکەمەوە:

مەسەلەی سەرەکیو بنچینەیی لای مارکسیەکان چییە؟ دیارە ناکۆکی نێوان کارو سەرمایەیە، باشە، ئەم ناکۆکیە لەم سەردەمەدا خۆی لە چیدا دەدۆزێتەوە، هەڵبەتە لەناو ئەنباشتی ئەو سەرمایەو سەرمایەداریەدا کە ئیمپریالیزمی نوێ نوێنەرێتیو ئەو هێزی زەبەندی کارەدا، کە هێزی کاری کرێگرتەی جیهان، کرێکاران، بەرجەستەیەتی. کە ئەمە دیاریکرا و ناسرا، ئەوسا سیستەمە ئابوری جیهانیەکە خانەبەند، یان بەش بەش دەکرێنو دەبەسترێنەوە بە دەوڵەتە جیاجیاکانی جیهانی سەرمایەداری کە لەژێر دەستی پەیوەندیەکانی سیستەمی سەرمایەو

سەرمایەداری سەردەمەکەدان. پاش ئەمانە دێینو ڕێبازە ئایدیۆلۆژیو سیاسیە جیهانیو ناوچەییەکەی کرێکاران هەڵدەسەنگێنینو دیالیکتیکیانە تاوتوێ دەکەینو دەریدەخەین کە ئاخۆ: ئەو ڕێبازەی هەیەو بووە، توانیویەتیو دەتوانێ لەئاستی خواستە چینایەتیە بنچینەیەکانی پرۆلیتاریاو گەلاندا بێ، یان نەء. ئەگەر توانیویەتی، چۆنی توانیووە؟ ئەگەر نەیتوانیووە، بۆچی نەیتوانیووە؟ سەرەنجام، بەرەنجامی یەکێتی دژەکانمان بۆ دێتەدەستو دەردەکەوێ، ڕێبازە کۆنەکە، بەسەرچووەکە، چۆن چۆنی ئەتوانێ پیشڕەوی پەرەسەندووی سەردەمەکە بێ، وە دەبێ بە چ شێوەیەک ڕێبازی گەشەپێدراوی مارکسیزم بسەلمێندرێ، کە ئەویش بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕە. هەڵبەتە لەناو ئەو لێکدانەوەیەدا، پایەو پێگەی پەیوەندییە ئابوریەکانی شورەویو هاوپەیمانیەکانی، چینو مامەندەکانی، دەبێ بایەخێکی گرنگی بدرێتێو هەمەلایەنە، مارکسستانە، دیاری بکرێ. کە پێم وایە کۆنو نوێ، لەوساوە لینین مردووە تا گورباتشۆفو پرۆسترویکاو گلاس مۆش سەریهەڵداوە، هەمان پێوەر دەیانگرێتەوەو دەشبێ ئەمە بەئەندازەی پێویستیەکانی ساغ بکرێتەوە، نەک بەگوێرەی ئارەزوو.

ج–ئێوە نووسیوتانە (پرۆژەی بەرنامە)، چاکە، هەڵساوون، بەند بەندی ئەرکەکانی بەرنامەی لایەنی کەمتان داڕشتووە، بەڵام کەمو زۆر بەلای ئەرکەکانی بەرنامەی لایەنی دوردا نەڕۆیشتوون. کە خۆتان دەزانن بەرنامەی لایەنی کەم لای مارکسیەکان، ئەرکی تاکتیکین بۆ گەیشتن بە ئەرکە ستراتیژیەکان، کە بەرنامەی لایەنی دوورن. زۆر گرنگە مارکسیەکان مەکزیمۆمو مینیمۆمی ڕۆشنیان هەبێ. پێشم وایە بەرنامەی لایەنی دوور، وەکو ئەرکی سەرەکییە، بەڵام کەم کێشەترە لەچاو بەرنامەی لایەنی کەم، کەچی ئەوتان پشتگوێ خستووەو ئەمتان کردۆتە سەرەکی. واتە سەرەکیەکە کراوەتە ناسەرەکیو ناسەرەکیەکە کراوەتە سەرەکی. ئەمەش ڕوون نەبوونی ئەرکە ستراتیژیو تاکتیکیەکانی مارکسیەکان دەگەیەنێ لاتان. کە دەبوو هیچ نەبێ بتانوسیبا بۆ واتان کردووە.

د–بەرنامەی لایەنی کەم، بەدیهێنانی ئەرکە سیاسیە دیموکراسیەکانە، ئەگەر جاران مەسەلەی جوتیاران، ناوەڕۆکی ئەرکە ڕزگاریو دیموکراسیەکانی شۆڕشی دیموکراسی بوبن، لەم سەردەمەدا، سەردەمی ئیمپریالیزمی نوێیدا، خۆتان دەزانن کۆمپانیە فرە ناسنامەکانیان خۆیان هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ریفۆرمی کشتوکاڵیو تەنانەت هانی ڕژێمە وابەستەکانیان ئەدەن نوتو پیشەسازییە

گەورەکانیش خۆمالّی بۆرژوایانە بکەن، چاوتان لێیە سەردەم چی لێهاتووەو پەیوەندیەکانی چۆن گۆڕاوون..؟ کەواتە چی جێگەی مەسەلەی جوتیارانی گرتۆتەوە؟ چی جێگەی مەسەلەی ریفۆرمی کشتوکالّیو خۆمالّی بۆرژوایانەی گرتۆتەوە کە جاران دروشمی هەرە سەرەکی حیزبە بۆرژواکانی ئۆپۆزسیۆن بوون.. ئێستا مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەرنەکراو، یان نیمچە چارەسەرنەکراو، سەرتاقی (لوحة) مەسەلە دیموکراسیە بۆرژوا ژێردەستەو سەردەستەکانە، بەتایبەتی لەناو وولّاتە دواکەوتوەکاندا. تەنانەت لەناو وولّاتە پێشکەوتوتر لە عێراقو تورکیاو ئێرانیشدا، وەکو ئیسپانیاو ئیرلەندە.. هەروەها لەناو شورەوی‌و چین‌و ئۆروپای رۆژهەلّاتیشدا. بزانە:

عێراق: لە ریفۆرمی کشتوکالّو خۆمالّی‌و یاسای کار و شارستانیەت.. تاد. هەنگاوی پێشخستن‌و پێشکەوتنی بەرچاوی ناوە لەچاو قاسمو عارفیەکان. بەلّام لە مەسەلە نەتەوایەتیەکەدا شۆڤێنستە. تورکیا هەروەها و سوریاش. بۆرژوای نەتەوەی ژێردەستەش ئا ئامەی بۆ ماوەتەوە دانەتەپێ‌و بازرگانی بە داخوازیەکانیەوە بکات.

ئیسپانیاو ئیرلەندەش: هەروەها، بەلّام جیاوازتر لەوانی دی. مەسەلەی باسک‌و ئیرلەندە بووە بە کیشەیەکی قولّو ئەو دوو رژێمە لەڕووی پیشەسازی‌و کۆمەلّایەتیەوە پێشکەوتووە، بەوپەڕی توانا لە سەرکوتکردنی ئەو پاشماوە خواستە نەتەوایەتیەن کە ماوون‌و دەزانرێن.

لەناو ئەوانە مەسەلەی کوردو کوردستان، ئەرمەن‌و ئەرمەنستان، بلوچ‌و بلوجستان، وەکو تاقە سێ نەتەوەی داگیرو دابەشکراو بەسەر چەند دەوڵەتدا، تایبەتمەندیەکی تایبەتی هەیە لەجیهاندا کە دڵنیابین، لە پاشەڕۆژدا دەبنە مەسەلەیەکی گەورەو گرانی رۆژهەلّات. چونکە شۆڕشی دیموکراسی.. ئەرکە دیموکراسیەکان.. هەر دەبێ ببرێنەسەرو ئەمەش لە هیچ وولّاتێکدا، ستەمە وەکو پێویست فەراهەم ببێ ئەگەر مەسەلەی نەتەوایەتی باش‌و دیموکراسیانەی تەواو و چارەسەر نەکرێ. گەر بمانەوێ‌و نەمانەوێ، وورده بۆرژوا هەر لەم مەیدانەدا ماوەو لەم پێناوەشدا هەموو شتێ دەکات. جا کەوابێ، دەبێ مارکسیەکان لەم سەردەمەدا، زۆر باشتر لە جاران درک بەمە بکەن‌و لە بەرنامەی لایەنی کەمیاندا، باشترین‌و شۆرشگێڕانەترین چارەسەری بۆ دارێژن. رۆڵو بایەخی بزانن‌و ئەڵقەی پەیوەندیەکانی بە خەباتە چینایەتیەکە دیاری بکەن‌و ئەمیان بخەنە خزمەتی ئەو، پێکیان ببەستن‌و زیرەکانە

ئەم چەکەش، کە بەهێزترین چەکی بۆرژوا ناسیۆنالیستەکانە لەشانیان داماڵن. بەداخەوە ئێوە واتان نەکردووەو نەتانپێکاوە. چۆن؟

بە عەقڵی کێدا دەچێ ئێوە خۆتان کوردنو لەکوردستاندان، ئاگاتان لەوە بێ نەتەوەی عەرەب پارچە پارچەیەو مافیانە یەک بگرن. بەڵام کەمو زۆر بەنسبەت کوردەکە، وەکو نەتەوەیەک ئەمەتان پێ رەوا نەبینووە. هیچ نەبێ ئەوان ستەمی نەتەوایەتیان (جگە لە فەلەستین) لەسەر نەماوە، بەڵام کورد (جگە لە کەمایەتیەکەی شورەوی) درێندانەترین ستەمی نەتەوایەتی لەسەرە. بۆ دەبێ نەتەوەیەکی سەردەستە، خاوەنی بیست قەبارەی دەوڵەتی، مافی یەکگرتنی هەبێ، بەڵام نەتەوەیەکی بێ قەوارەی سیاسیو بێبەش لە مافە دیموکراسیەکانی ئەم مافەی نەبێ. ئێوە دەزانن ئەم سیاسەتە چ زیانێکی کاریگەری لە "حیزبە کۆمۆنیستەکانی!" ئەو وواڵاتانە داوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشێندراوە؟ ئاگاتان لەوەیە تەنانەت ریڤیژنستەکانی تورکیاش خەریکن مەسەلەی نەتەوەی کورد دەهێنە گۆڕێ..! چاوتان لێیە چ پەلەیەکتان کردووە لەم مەسەلە گرنگە؟ پێ بزانم شکستی ئێستای شۆڕشی کوردستان کارامەییەکی زۆری لەسەر ئەو بڕیارەتان داناوەو دوور نییە پێتان وا بوبێ، ئەم شکستە، شکستی یەجگاری خەباتی نەتەوایەتیە. ئای کە هەڵەنو بەهەڵەدا چوون، ئای کە کورت بینیەکی سیاسیانەی سەیرە! ئەوپەڕەکەی رەنگە پاساوی ئەمە لاتان ئەوەبێ: گوایە مەسەلە ئابوریەکان لای مارکسیەکان گرنگەو ئەمەش، واتە پەیوەندی ئابوری هاوبەش لەناو نەتەوەی کورددا لەکوردستاندا، نابینن. هەڵبەتە لە وەها حاڵەتێکدا بەهەڵە چوون، چونکە:

ئەو مەرجانەی کۆن بۆ نەتەوەبوونی نەتەوەکان دادەنرانو مەسەلەی ئابوری تیایا دەکرایە پێوەری بنەڕەتی: ١- زمانی هاوبەش. ٢- مێژووی هاوبەش. ٣- پێکهاتنی سایکۆلۆژی هاوبەش. ٤- خاکی هاوبەش، کە خاڵی دواییان ئابوری هاوبەشیش دەگرێتەوە. ئەو مەرجانە ئەسڵەن، لە مەرجە قۆڕەکانی سەردەمی ستالینەو زەمانەو روداوەکان دەریان خست، مەرجی ئابوری ئەگەر بۆ خەباتی چینایەتی هاوبەشو خەباتی نیشتمانی هاوبەش وەکو مەسەلە سیاسیەکان گرنگو کاریگەر بێ، بەڵام ئەگەر نەشبێو نەخەملابێ، یان رێگەیان لە پرۆسەی خەملینی سورشتیانەشی گرتبێ، لە وەها حاڵەتێکیشدا، شیرازەی ئابوریەکەش پسێندرابێ، رشتەکانی دیکە نەتەوە پێکەوە دەبەستنو بۆیان هەیە ببنە مەسەلەیەکی سیاسی شۆرشگێڕانەی هاوبەش. بۆ نموونە دیقەت بەن:

لە وڵاتێکی وەکو شورەوی کە زیاتر لە (١٠٠) نەتەوەو گەلو کەمینەو گروپی میللی تیایە، دۆخی ئەمانە هەموو چونیەک نییە، گەلێ مەسەلەیان جیاوازو گەلێکی دیشیان لەگۆڕاندان. ناوچە کڵپەسەندووەکان لەکوێی ئەم ووڵاتەدان؟ لە ئاسیای ناوەندیدا نین. کەچی لە (باڵتیک) دا کە مێژوویەکی ئاڵۆزی هەیەو لەبەرئەوەی هاوسنوورەکانی (پۆڵۆنیاو فنلاندە) سەربەخۆییان وەرگرتووە لەکاتی خۆیا، هەلومەرجەکە دەگۆڕێو ئەم مەسەلە مێژووییە لە باڵتیکدا کاردەکاتە سەر رەوتی رووداوەکانو کێشەی نەتەوایەتی، سەرەڕای نەبوونی ئابوری هاوبەش، دەبزوێنێ. لە لیتوانیای کاسۆلیکدا کە رۆژگارێکی کۆن خاوەن ئیمپراتۆریەتی گەورەی چەرخەکانی ناوەڕاست بوون، هەستی نەتەوایەتیو سەربەخۆیی وەرگرتن گەلێ بەهێزترە لە هی ئستونیای پروتستان کە بەدرێژایی مێژوو ژێردەستەی سویدو هۆڵەندەو ئاڵمانیاو رووسیا.. تاد بوون. تەنانەت لە ئۆکرانیاشدا، جیاوازی گەورە لەنێوان بەشەکانی رۆژهەڵاتو رۆژئاواییدا هەیە. ناسیۆنالیستی ئۆکرانی هەتا ئێستاش لە بەشی رۆژئاوادا، جۆ دەخوا، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ رابوردوو، چونکە ناوچەیەکی سنوور بووە لەنێوان پۆلۆنیاو رووسیاداو دەستی بەدەستی پێکراوەو جۆرێ جوڵانەوەی بەرهەڵستی تیابووە. لەهەمان کاتدا رۆژئاواکەی وا نەبوەو نییە. باسکەکانی ئیسپانیاو فەرەنساو بالکانەکان، هی ئیسپانیەکانیان زیاتر لە خەباتی رزگاری میلیدان چونکە مێژوویان رووداوی جیاوازی دیوەو هەستو هەڵوێستیان گۆڕانی بەسەرا هاتووە. دەی باشە، لەم نمونانەدا کوا مەسەلەی ئابوری هاوبەش، بەئەندازەی هەستی نەتەوایەتیو رووداوی مێژوویی‌و دیاردەی سیاسی، تەئسیری هەبووە؟ بەحساب لەو ووڵاتانەدا هەرگیز نەدەبوو وابێ.. برام!

ئەم جیهانە لە بۆتەی تەسکدا، یەک لایەنیدا، قەتیس نییەو قەتیسیش ناکرێ. دارشتنی بەرنامەی مارکسیانە (ئەوپەڕی رستەی شۆڕشگێڕانەشی تیابێ) ئەگەر گیانی سەردەمەکەو ئەزمونە مێژووییەکانو رەوتی رووداوەکانو ئایندەی ئەرکەکان، بەرجەستە نەکاتو نەبێتە کلیلی چارەسەرکردنی زانستیانەی کێشەو گرفتەکان، بە چ دەچێت!؟

ە–لە پرۆژەکەدا، کەمو زۆر بەلای دۆخی تایبەتی کوردستانی عێراقیش نەبون کە رووبە هاوشانی خەباتە چینایەتیە هاوبەشەکەو ئەرکە دیموکراسیەکان، بۆ خۆیشی شتێکە. ئەگەر ئەم مەسەلەیە بنەمای نەبێ، ئەمە چۆن لەساڵی (١٩٥٨) وە، بۆتە مەسەلەیەکی کاریگەری ووڵاتەکە، بگرە مەسەلەی سیاسی سەرەکیشە.

نووسیوتانە مافی چارەنووسی بدرێتێ.. باشە ئەم مافە کێ بەڕێوەی بەرێ، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراق، چۆن چۆنی رێکی دەخاتو بە چ رێکخراوێ بەڕێوەی دەبات؟ ئەمانە لەبن گۆمی پرۆژەکەدان. پرسیارێ لەخۆتان بکەن.. کە مەعقولە ریفیژنستەکان، هەرێمی کوردستانی حیزبەکەیان هەبێ، رێکخراوی مارکسی شۆڕشگێڕ (یانەی) کوردستانی رێکخراوەکەیانیش نەبێ؟! (سەیرە!) بەراشکاوی دەیڵێم ئەمە لادانە لەو بنچینەیەی کاتی خۆی ململانێی لەسەر کراوەو ئاڵای بۆ دامەزراوە. بەش بەحاڵی خۆم پرۆژەکە وەکو کودەتایەک (هیچ نەبێ لەمبارەوە) دێتەبەرچاووم کە بەسەر پرۆژە کۆنەکەدا کراوە. هەڵبەتە ئەمەم وا بۆ لێکمەدەنەوە کە لایەنگری ئەوە نیم پرۆژەی کۆن پەرەی بدرێتێو گەشەبکات.. یان دەستکاری بکرێ، نەخێر مەبەستم ئەمەیان نییەو رەنگە رای من لەمبارەوە باش بزانن. مەبەستەکەم هێندەیە کە کاتی خۆی جیاوازی گەورەو کاریگەری ئێمە لەگەڵ گروپە چەپەکانی تر لەوەدا بوو کەوا هەمیشە –ئاڵا– لەناو بزووتنەوە ریالستیەکەدا قاڵ دەبوو، لێی دانەدەبڕا، خەباتی تیا دەکردو روانگەی چارەسەرکردنی بۆ کێشەکانی دەردەبڕی. واتە بە کارو کردەوە لەناو بۆتەی جوڵانەوە ریالیستەکەدا (واقعی) بوینو هەنگاومان بۆ هەڵدەگرت، لەکاتێکدا گروپەکانی دی، زیاتر تیۆریو شێوە کاری ئەکادیمیان گرتبووە بەر، بۆیە ئەوان پاشو ئێمە پێش دەکەوتین. کە مارکس فەرموویەتی:

"هەر هەنگاوێ کردار هەڵیدێنێ، گرنگترە لە هەزار دەرزەن بەرنامە". زانیویەتی چی دەڵێ.. هاورێیان. دەتوانم دوپاتی بکەمەوە ئەم پرۆژەیە رێک پێچەوانەی بۆچونی مارکسە.

و–مەسەلەی جووتیاران: جارێ لە رووی مێژوویییەوە ئێوە بەهەڵە چوون ئەگەر واتان زانیبێ پاش سەرکەوتنی کۆماری بۆرژوازی لەعێراقدا، سیستەمی دەرەبەگایەتی نەماوەو رماوە. هەر واشتان نووسیوە. راستە لەو شۆڕشەدا، یاسای ریفۆرمی کشتوکاڵ بانگەشە کراو هەنگاوی باشیشی بۆ نراوە. بەڵام دەبێ بزانن هەتا ئەوکاتەی قاسم گەرمەی لافلێدانی دیموکراسیانەی بوو، روپێوی ئەو زەویانەی دانرابوون بکەونە بەر یاسای کشتوکاڵیەکە (١٢) دوانزە ملیۆن دۆنم بووە، هەتا تەممووزی (١٩٦٠) زەوی دەرەبەگەکانو زەوی ئەمیری پوخت کە دەستیان بەسەرا گیراوەو دابەشێندراونەتە سەر جووتیاران، (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دۆنم تێنەپەڕیوە. واتە لە (٥٪)ی ئەو زەویانەی بڕیار بووە دەستیان بەسەرا

بگیرێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ نۆ ملیۆن دۆنم ئەرز بەدەست دەرەبەگەکانەوە ماوە.

لە مادەی یەکەمی یاساکەشدا (ژمارە ٣٠ ساڵی ١٩٥٨) وای بەشی دەرەبەگ داناوە:

١- هەزار دۆنم بەراو... دوو هەزار دێمەکار.

٢- پاش پێنج ساڵ دەست بەسەر ئەرزی زیاتر لەو رووپێوەی بۆ دەرەبەگ دانراوە بگیرێ.. واتە هەتا پێنج ساڵیش زۆرتریشیان لەدەست مابێ حەڵاڵیان بێ.

بۆ جوتیارانیش:

٣- لە (٣٠) هەتا (٦٠) دۆنم بەراو... لە (٦٠)یش هەتا (١٢٠) دۆنم دێم.

ئینجا لە ساڵی ١٩٧٠ دا، بەپێی یاسا ژمارە (١١٧) بەعسیەکان هەتا ساڵی (١٩٧٥) دەست بەسەر (٦,٠٦٦,٧٣٨) ملیۆن دۆنمی دیدا گیراوە. سەرجەم کردویەتی (١٠٢٥٦٢٣٩) دۆنم.. واتە سەرجەم لە (١٩٥٨)وە هەتا ئەوکاتەی سەرەوە. ئەمەش بکەینە بنەمای یاساکانی رژێمە بۆرژواکان. جگەلەوەی هێشتا دوو ملیۆن ئەرز بەدەست دەرەبەگەوە لەو ئەرزانەی بۆ کشتوکاڵ دەستنیشان کراوە ماوە.. سەدان هەزار دۆنم ئەرزی دیکەشی چۆتە سەر. ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان لەم ساڵانەشدا سەبارەت بە دەرەبەگ لەبەرچاو بگرن.. سەرەنجام:

جووتیاران لەپاش روخاندنی رژێمی پاشایەتی وا نەبوون کە ئێوە بۆی چوون، پاش ئەوە زیاتر لە (١٥) ساڵی دیکەی وویست وەکو ئێستای لێهاتووە.. ئەمە جگە لەوەی پێ دەچێ ئێوە جووتیاران بە تەواوەتی بە بەشێ لە چینی کرێکاران بزانن‌و هەر بەو پێیەش حوکمیان لەسەر بدەن. (کە ئەمە وا نییە) بۆیە نووسیوتانە (ئەنجومەنە کرێکاریەکان) دەست بەسەر کێڵگەکانی دەوڵەتی‌و تایبەتیدا بگرێ. باشە کە دەڵێن لە دیموکراسی شۆڕشگێڕدا دکتاتۆریەتی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان پیادە دەکرێ، بۆچی ئەو دەسەڵاتە ئەنجومەنەکانیشی نەگرێتەوە؟ خۆ ئەنجومەنەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کرێکاران‌و جووتیاران‌و سەربازەکانیشی دەگرتەوە. ئەگەر تەنها کرێکاران شۆڕەسوار بن لە شۆڕشی دیموکراسیدا.. کەواتە بۆچی شۆڕشی سۆشیالیستی ناکەن؟ لەبەرئەوەی وا نییە، جگە لە کرێکاران، زەحمەتکێشانی شارو لادێش رۆڵی گرنگیان ماوە.. بۆیە دەگوترێ: تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی، کە رۆڵیشیان مابێ‌و سەنگیان هەبێ، مەحاڵە لەو شۆڕشەدا کۆبکرێنەوە ئەگەر لە دەسەڵاتی سەرکەوتوی شۆڕشەکەدا (ئەنجومەنەکان)و باڵاتریش، شوێنیان دیاری

نەکرێو بەو دەستکەوتەش هان نەدرێن بۆ هاوخەباتیکردن لەگەڵ کرێکاراندا. جگە لەمانەش بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە:

مەسەلەی جووتیاران لە وواڵاتانی مانەندی عێراق، پێویستی بە تۆێژینەوەی قوڵ هەیە کە ئاخۆ لە شۆڕشی دیموکراسی شۆڕشگێڕانەدا، چۆن چۆنی سەیر بکرێنو باقی کێشە چارەسەرنەکراوەکانیان، یان هی تازەی سەرهەڵداویان، چۆن یەکاڵا بکرێن؟ بە کۆمەڵەی هەرەوەزی.. بە کۆمۆنی کشتوکاڵی.. کۆڵخۆزات.. بە هی تایبەتیو دەوڵەتی.. بە کامە لەوانە. چونکە مەسەلەی جووتیاران زۆر زۆر لەوە قوڵترە کە سەیر کراوون. خۆ لەبەرچاویشتانە شورەوی گیرۆدەی چی بووە بەدەستیەوە.

هاوڕێ:

ئەو تێبینیانە خۆت دەزانیت بنچینەیین، ناشێ بتانخەڵەتێنمو بڵێم رەوتەنین. ئێوە کە بڕیاریشتان داوە پرۆژەکە بنووسرێ، یان هیچ نەبێ ئەوانەی نووسیویانە، باوەڕی تەواویان پێی هەیە. بێگومان لەمەیدا ئازادن. وا ئەم نامەیەی منیشتان دەگاتێ، دوور نییە هی چەند کەسێکی دیشتان بگاتێ. ئەگەر بۆچونەکانی منو هی ترتان سەلماند، پێتان راست بوون، ئەوا پێم پەسەندە ئەو پرۆژەیە تەنها بۆ ئەندامانی رێکخستن دانێنو بەهیچ چەشنێ مەیدەنە خەڵکی غەیرەو لایەنەکانی تر. ئەگەر ئەم پێشنیازەی منیشتان قبوڵ نەکردو سوووڕن لەسەر بڵاوکردنی، دیسان لەمەشدا سەرپشکن، لەمبارەوە دوا رای خۆم هەڵدەگرم هەتا ئازاد دەبم، ئەوسا دیارە بەتەواوەتی ساغ دەبینەوە.

لەکۆتاییشدا، بۆیە لە رەخنەکانمدا مەسەلەی شورەوییم باسنەکردووە. چونکە لە پێشەکی نامەکەدا پێش خوێندنەوەی پرۆژەکە، بۆچونەکانم هەمان مەسەلەی گرتۆتەوە، پاشان دوا نامیلکە زۆر شتم رۆشن کردۆتەوە. کە نووسەرانی پرۆژەکەش بە ئیمپریالیزمو ئەو بابەتە بۆچونانەی دەزانن.. هیچ نااێم.. هێندە نەبێ، پێنج ساڵیش تەرح بۆ ئەوان بەڵکو ئەم بڕیارەیان، لەسەر بنچینەی زانستی، ئابوری مارکسستی، بسەلمێنن.. پڕبەدڵ لەمبارەوە ئەگەر پێنج ساڵی دیش سەرکەوتن، لەئێستەوە دەستخۆشیو پیرۆزباییان لێدەکەم. بۆ خۆشم چیم پێ بکرێ درێغیم نەکردووەو ناشیکەم.

بەنسبەت نووسینیش. ئەگەر زانیم زیاترم دوادەخەن، جار جارە هەر لەو بابەتە نامیلکەیەی چاپتان کردووە لەسەر ئایار، بابەتی جۆراوجۆر دەنووسمو

بۆتانی دەنێرم. ئەمجارە بڕیارم داوە نامیلکەیەکی وا لەسەر شۆڕشی چەکداری درێژخایەن لەژێر ناوی (ڕێبازی شۆڕشی درێژخایەن نەگۆڕە؟) هیوادارم بتوانم تەواوی بکەم، چونکە خۆت دەزانیت دراسەی زۆر دەکەمو نووسینی گرنگترم بەدەستەوەیە، بەتایبەتی ئەو کتێبەی لەسەر (شۆڕشی دیموکراسی). ئەگەر تەنها بم، شەوو ڕۆژێ هەشت سەعات دەخوێنمو دوو تا سێ سەعاتیش دەنووسم. سەعاتێ وەرزشو باقیەکەشی خەوتنو خواردنو خەفەت.

– زۆریشتان لەسەر (عماد) نوسیووەو کەمتان لە من بیستووە. لەمەشدا حەزدەکەم بزانن نەمویستوەو ناشمەوی ئازادی زۆرانی ئایدیۆلۆژیتان سڕ بکەنو گوێی نەدەنێ. ئەمەیان ئێوەو ئەوانیش با بیکەن. بەڵام گوتومەو دەیڵێم، هەموو شتێ سنووری هەیە، شتەکان مەخەنە قاڵبی دوژمنایەتی ڕقەبەرایەتی ناسیاسیانە، (کە شەڕ دەکەن بەشی ئاشتی تیا بێڵنەوە). ئینجا کە ئەوان هەڵیانکوتاوەتە سەر ژوری م.پشکۆ، کارێکی زۆر ناجوامێرانەیان کردووەو مرۆڤ قێزی لە کردەوەی وا دێتەوە. بەڵام بیرتان نەچێ ئەوە موویەکە لەو کردەوانەی (ینک) بەرامبەری کردووین. حەقە بایەخیش بەوە بدەن لەوەزیاتر پاڵیان پێوە بنێن، یان دژیان بوەستن، بەتایبەتی ئێستا کەوا بیستومە خەڵکیان لێدەبێتەوە، دوور نییە لەوە خراپتر هەڵوێست وەربگرن، بەتایبەتی لەگەڵ (ینک)دا. لەو ماوەیەشدا (کاردۆ) وەڵامی ناردووە بۆ ینک کە ئەگەر لەم ناوە جێیان بکەنەوە بارەگایان دێننە لایان. ئەمە بکەن هی دیش دەکەن. حسابی بۆ بکەن.. حسابی سیاسیش گرنگە هاوڕێیان، نەک تەنها پرۆژە.

– بیستوتانە کەوا لەناو (کملک)دا کێشە کۆنە خەفەکراوەکان دژی خۆمان، بەتوندی سەریانهەڵداوە. بەئاشکرا فراکسیۆنی زیندانی کۆن، کەوتونەتەوە جموجۆڵ.. نووکی ڕمی سەرەکیان دژی (نەوشیروان). گوایە!! دەیانەوێ کۆمەڵە بکەنەوە بە مارکسی. لەسەر ئەمانە ئەمە کورتەی ڕامە:

جارێ ستەمە کۆمەڵە بکرێتەوە بە مارکسی.. فراکسیۆنەکە خۆشیان مارکسی نین، تاک تاکیان ڕەنگە باوەڕی بە مارکسیزم هەبێ، بەڵام هەرگیز وەکو تاقمو ڕێباز، فڕیان بەسەرەوە نییە. ئەمەیان وایە، ئەی چارە؟ چار ئەوەیە لەڕووی سیاسیەوە، بۆ ئەم هەلومەرجەی کورد، ئەگەر قسەیان لەگەڵ ئێوە کرد، پێیان بڵێن برایان:

ئیستا (نەک ئەوسای ئێمە) شۆڕشی کوردستانو (ینک) بەرگەی ئەوە ناگرێ ئەوان لەناوخۆیاندا بیگەیەننە رادەی جیابونەوە. هەر بەراستیش باوەڕم وایە، ئەگەر ینک ئەو جیابونەوەیەی تیا نەکرێو بتوانێ شتێ بە شتێ، وەکو ینک بکات. ئێمە دژی جیابونەوەکە نین، ئەگەرچی هەردوولایان ئەوەی کردویانە بەرامبەرمان، ناکرێتەوە. چونکە پێم وایە دەبێ چارەنووسی کوردمان لا گرنگتر بێ، لەوەی چی بەمانە دێ. ئەمەیان حەقو حسابێکە پەیوەستە بە پاشەڕۆژێکی دوورەوە. دەزانم چارەنووسی کورد بەدەست ئەمانە نییە. لەگەڵ ئەوەشا، هەتا کۆسپی دەربازبوون لەم میحنەتە کەم بکرێ، باشترە.

ئەگەر هاتو هەر کردیشیان، ئەوکاتە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیەو هێندەی بەئێوەشەوە بەستراوە، پێویستە لایەنگری ئەو باڵە بن کە لە باڵەکەی تر پلەیەک، یان چەند پلەیەک پێشکەوتوتر، یان بڵێین، چەپترن. خۆشتان دەزانن گەر لەئێستاوە بەلای هەر باڵێکیاندا دایشکێنن، باڵەکەی تر دژی بەردانی من دەبێ. جا ئەمەشتان لەبەرچاو بێ.

– جگە لەمانە، پێدەچێ گروپێکی گچکەی دیکە هەبنو ئەوانیش سەریان ناوە بەیەکەوە. من تا ئێستا ناوی (ئازاد جندیانی)م بیستووە، ئەمیش نزیکە لە کاک (یوسف)ی وەرگێڕ، پێم وایە ئەمانە کەسانی ئەمین، بێ فروفێڵ، راستگۆن. بەڕاستی دڵسۆزن. دەمێنێتەوە سەر رادەی باوەڕیان بە کۆمۆنیزمو ریزبازی مارکسی شۆرشگێڕ، کوردستانیو عێراقی، بەشێوەیەکی گشتی هاوکاریو دۆستایەتی لەگەڵیاندا لە فراکسیۆنی زیندان، بۆ پاشەڕۆژی خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەکەڵکتر دەزانم. مەسەلە فکریەکانیش، بەرە بەرە سەرەنجامی مشتومڕی هەمەلایەنە گەڵاڵە دەبن. خۆتان دەزانن ئاسان نییە ئەوان، یان هەر لایەکی دیکە، بەئاسانیو ئاسایی بێتو کۆمەڵێ مەسەلە هەیە تا ئیستا لایان روون نییە، یان پێچەوانە بیریان کردۆتەوە، بسەلمێنن و سەراپا، بڕوایان بگۆڕن. بۆیە تکامە لەگەڵ ئەماندا، هەوڵێکی جدی بدەنو هەرچیەکتان پێدەکرێ لە کۆمەکیان دریغی نەکەن.

برای خۆشەویست!

لەکۆتاییدا، پێم خۆشە نامەکە پشانی م. پشکۆو کاکە شێخیش بدەیت.. گەلێ بیریان دەکەم.. راستە من سااڵو دوو مانگ دوای ئەوانیش لەم گۆڕی ئازادییە زیندوو نەبومەتەوە، بەڵام لە (١٩٨٨/٤/١٠)وە کە زانیومە دوای ئەوانیش رزگاریان بووە، لە (٥٠٪)ی پەژارەم کەمبۆتەوە. من ژیانی ئەوانم گەلێ لا مەبەست بوو.


لەپاش هەڵهاتنو گرتنەوەم، گەلێ ئەشکەنجەیان دامو گەلێ هەوڵیان دا بزانن ئەوان ئاگاداری هەڵهاتنم بوونو ئەوانیش ویستویانە هەڵبێن.. بەهیچ شێوەیەک نەم درکاند کە ئەوانیش ئاگادار بوبن. کە بیستیشم شێخ ناڕەحەتە.. نامەیەکی شەخسیو تکا کارانەم بۆ سکرتێری ینک نووسی کە ئەو هیچ گوناحێکی لە راکردنی مندا نەبێ، بۆ لەسەر من ئەزیەتی دەدەن. دوای ئەوە بیستمەوە، تەحقیقیان لەسەر هەڵگرتوەو بردبوشیان بۆ لای م.پشکۆ.


تکاشم وایە هەرچی نامەو بەڵگەنامەی منتان لایە، لە زێوەو ئەو نزیکانەیان مەهێڵن. نەکا (هەڵمەتێکی شێرانە)ی دیکە بەرنە سەر ژووڕەکانتان! شوێنێکی ئەمینو ئومان بدۆزنەوە.

دیسان ڕێزی بێ پایانو خۆشەویستی هاوڕێیانە.

هاوڕێی دڵسۆزتان
م.بەختیار
١٩٨٩/٥/١٤

ئەرشیفی حەمە ئاوات، ئەندامی سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕش و جێگە باوەڕی مەلا بەختیار.








5


7

12









1

زیندانی نۆکان / هەشتا شوباتی / ١٩٨٩

هەر دڵسۆز هەم گاوان

گاوانە خۆزمی :

دیارکان ، خۆشکیان ، پێش کە وێنەو سەرکەوتنامە ، ضیش باشم و باشتر بوونیشم ، هەبێنە ، بەڵێ بە گازادیم و گازادنە بیرلەباشە زۆژکردن ، بەڵێ لەژێر زەبری قەنارە ، یاخود لە ئەلقەی سیدارەو ، نەوانێنە بوودا وەکان و لە هەرانەی ئاوە ئەلقەشدە هوکم ندان لەسەرمان !


بڕاص : نامەکەم گەیشتۆ و سوپاس ، هەڵبەت باشیش بوو بتوانم لەڕێگی ئەضێوە ، بۆ نامەی هاوسەرگە دەمەوێ بۆی بنووسم وەبێنێرم . دیارە ئەگەر بە نامەش بۆت نەنووسیبام ، هەرم چاکت دەناسم کە هیچ بەڕۆشماو بە دڕدوسی بڕیان باسکردووم ، پێش بە حاڵی خۆم لەکۆنەوە هەوڵم داوە لەڕێگی هاوڕێیانا بڕادەی گیانی بەرگیانیش بم و لەم پێناوەشا درێغیم نەکردووە ، بەڵام بە داخەوە هەوڵی ستێکەو ڕاستیەکان شتێکی دیکە . لەخەیاڵی کێدا بووە ڕۆژێکا ، هەر واش لێبێ هەر بکەوم ئێم دۆخە و لەڕۆژهەڵگیشا ، هاوڕێ و بڕادەرەکی نزیکیم تەم بێ بێنێ . هەندە جارێ باوە لێیدەدەوە کە پاش کارەساتەکان ، پاش هەڵبژاردوەکان ، ئەگەر باوەڕم لە هەڵوێستی کامیەکی بێنێ ، لەو بە ناچارە شکستەم بێنێ ، تونە بوون ، ئەگەر هەم کەوتمە ، بەو نەسەرکەوتنەی نالەبارترین بڕیارەکان لەژوریان !) سەربەخۆ ، جیا لە بێنێ ، دوور لێیان ، کە هەڵەو کارەکانیان کەوتە دەستا ، ئاخۆ کۆنیان باوەڕم پێ بکەیێ ، باوەڕم


2

3

4

5







1

2


3



بەڵگەنامەی نەوشیروان مستەفا
سەرەتای کاروانەکە - نەوزاد عەلی ئەحمەد



نامیلکه



ەی کریکارانی جیهان یەکگرن

مساوەی ناسیونالیستەکان

و

هەلوێستی مارکستەکان

سەرمایەکسی کسورت

ری خوشەویستت

یاوە پێشکەیان بۆ نووسینەکە نەنووسیوە ،چونکە لە دوو تسوێی
نیشانیان پێدراوە و هەستت و هەڵوێستمان دەربڕیوە.
سەدە هەیە زامان بە چاك زانە بە ووتەیەکی هەڵبژاردەی لینینی مەزن
لاپەرەی باسکە برازێنینەوە کە بەراستی ووتەکە لە تەك هەڵویستسی
و زوانی گورەبانەکە جوان ریك ئەکەوی .
ئیمە کۆمەڵێکی ریك و پێکین لە رێیەکی سەخت و تەنگەبەردا بە ڕێوین ،
ئەی دەستی یەکترمان گرتووە ،لە هەموو لایەکەوە دوژمن ئابلوقەی داوین ،
بەردەوام بڕوین و تا رادەیەکیش لە ژێر ئاگربارانیا نیین بەتەواوی
ئامان یەکمان گرتووە.
گمان ئەکرا بۆ بەرەنگاری دوژمن ،تەك بۆ ئەوەی بکەوینە زەلکاوی تەنشتان
(انتوانی هەر لە سەرەتاوە لومەیان ئەکردین ، چونکە بە جیا لسە
ڵیك دا یەکمان گرتووە و ڕێی خیاتمان لە رێی (مهادنه) لا پەسەندتر
) لینین مارکس ـ ئینجیلس الماركسیه لاپەرە ۱۵۱

بیگومان ئیمە ماناتی خویندکاری کچەی ریبازی (م.ل) یش هەر چیەك
یین بۆئەم پێشکەیە و هەر چەکیتمان ووتبێ ، هێشتا بالای باشتریسەن
ستمان کورتترە لە بالای بلندی بچوکترین ووتەی ئەو پێشەوا مەزنە و
وو بلیمەتەکەی پرولیتاریا (مارکس و ئینجلس) کە هەر چەکیان ووتسووە ،
یرد گوتنسی (نەخشسی بەرد) دەرچسوون .
لمناو میللەتانی پێش کەوتوو یان دووکەوتوودا بوچوون و پێش بینیەکانیان
ەتانی سەبارەت بە تەواوی ڕووداوەکانی دونیا . هەر بۆیەش توانیسان
ەولەتە زەبەلاحەکسان ، سەرمایەدارە گەورەو گچکەکسان ،فێڵەسوفسە
هەڵگراوەکسان ، پیاوە ئاوداروو سەردارەکسان لە بەردەم دادگسای
ێژووداو لە ئاستی ئەڵسەنەی مەزنسی کۆمۆنیزمدا کرنوش پسێ بەرن .

(۱)

ئەوانەی ماویشتن و هیشتا وەک دەوڵەت و وەک جڤن و حیزبی سیاسی
کرێکاران و جەماوەر چەواشە ئەکەن بە جۆرەها فیرۆفێل ڕێی ڕاستەقینەی
ئازادیبان لە هەڵە ئەکەن. تێکڕای ئەوانە بەرگوێکەر و لیبرالیان حاکە
و حوکم کرایان ڕەنگە هەڵبژەی خەڵکیان بێ بەزووترین کات وارداتی
ئەوای دونیایان بکەوێنە بن دەست و لە چاو تروکانێکدا هەموو دەستکەوتی
سەر جارە نووسیان بڕەوێنەوە.

بەڵام مارکسیستەکان پشتی خەباتیان لە کارگەی کرێکاران و جووتیارانی
هەژار و سەرچاوەی هەڵگرتووە بۆیە لە ئەرکی چینایەتیاندا بەرامبەر
چەوسێنەران لە شانێکی بچووکەوە بە هەزمەتێکی پۆلایینەوە لەگەڵ ڕەوتی
ڕووداوەی ڕۆژ هەنگاو بە هەنگاو نیلە بە پلە ئاوناغ بە ئاوناغ تێبزوین و لە
ناو مللەتی خۆماندا سەنگەری چینایەتی لێنەدەین و ئەڕانن زوو بێ یان
درەنگ کە چەرخی ڕۆژ بۆ خەبات چەند ئەبێتەوە و سیستەمی ئابووری
سەرمایەداری وەردەگەڕی و ڕۆژئاوای پڕشکۆی شۆڕشگێڕانە دێتەوە ئاوری و ئێتر
ئەبڕێت.

ئاخرین هەڤە سەری سەرمال
دوایین شەمانە
ئینتەرناسیونال ڕزگاری ئینسانە

(ئالای شۆڕش)

١٩٨٤/١١/١

(ب)

تێبینی :

لەسەر دەستپێکەری هاوڕێیەکی دڵسۆزی (ئامانەی سەرەکیی یەکەم - هەوڵێر) بەشێکی گرنگی نووسینەکانی هاوڕێ مەلا بەختیار کە لە دامەزراندنی ئالای شۆرشەوە وەکو ئامێلکە و کتێب و لێکۆڵینەوە نووسیویەتی ، کۆکراوەتەوەتە ئەم خزمەتەش بێ گومان ، یەک لەوەی نووسینەکان لە ئەوتان رزگار دەکات بە کۆبەندیش دەیانهاتەوە بەردەستەاوڕێیان و دۆستان کە هیچ نەبێ لە دوای ئاوارە بوونەوە، نووسینەکان کەم دەستکەوتوون .

گەر بێت و سەرجەم نووسینەکانیش لەبەرچاو بگیرێتن ، ئەمانەی کۆبەندکراوەن رەنگە نیوەیان کەمێ زیاتر بن لە نووسینەکانی هاوڕێ بەختیارە جگە لەم نووسینانە نووسینی زۆری هەن کە لە بەیاننامەو راگەیاندنی کۆبوونەوەکان و گۆڤار و رۆژنامەکاندا ، لە ئێزگەو یاداشتی سیاسییەکان و هەباتی نهێنی ڕێکخستنی دا ، بڵاوی کردوونەتەوە ، هەندێکیان ڕەنگە هەر ئەوقاتی ، بان ئەوێندراوبن یا بەدەم دەتوانین لە ئاینەدا زۆربەیان کۆبکەینەوە .

لێرەدا دەبێ ئاماژە بکەینە ئەوە کەوا لە بڕۆژەکەدا، مێ ژمارەی لەسەر جەنگی ئازادی کێنەی ئازەتان و دروشمی ڕوخاندن ، هی مێ هاوڕێی دیکەن .

بەهیوای کۆکردنەوەی باقی بەرهەمەکان ... سڕود بێنینی خوێنەر ئاواتمانە .

ڕاگەیاندنی
ئالای ئازەر
١٩٩٢/١/٢٠

یەك سالی تیەڕانە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ك) لەگەڵ رژێمی صدام حسێنی دڕندەترین هاوەڕانی لە میژووی ئەم شۆڕشەدا.

هەموو کوردی دڵسۆز و هەموو عێراقێك، دۆست و دوژمنی میللەتمان، ڕۆژ و هەفتەو مانگێك بەری کردووە تا بزانن دوا سەرئەنجامی ئەم هاوەڕاتییە بەم دوایانە چی لێهاتووە. ئێستا جەماوەر، تەنها بۆ ئاگاداری باس لە هاوەڕاتیەکە ناکەن و لێی بێ ئومێد بوون بەڵام ئەوەی جێی سەرسامییانە ڕاز نەهێنانی یەکێتی یە. ئەم کارە.

بۆیە پێویستە ڕایە ڕاستەکانی هەموو ئەوانەی بەشداری هاوەڕاتیەکە نەبوون هێشتا هاوەڕاتیەکە زۆر هەڵدەگری لەسەری بنووسرێ بۆ ئەوەی هێندەی ڕاستیەکان دەرکەوتوون و ڕاڕاوون. بۆ کێشەکانی جوتیاران و باقی کۆمەڵانی خەڵك ڕوشن بکرێتەوە، تا بزانرێ یەکێتی چی کردووە و ڕێبەر چی ئەکات ئەو نرخ سەر هەڵدانی خەڵکێش ئەوێندەی ئەکرێ بەرەوپێشەوە لە سەر هەوی بین دەڕێژی یەکێتی لەم هاوەڕاتیە.

پێشەکی پێویستە بڵێین ئەم هاوەڕاتە پێداویستیکی بابەتی کۆمەڵایەتی میژوویی نەی خوڵقاندووە هەتا هەر دوو لا بتوانن بە پەی ئەو پێداویستیەوە ڕەفتار بکەن و کۆتایی بە هاوەڕاتیەکە بهێنن. بەڵکە ناچاری هەر دوو لای لەسەر شێوەی هاوەڕاتە کۆکردەوە بوو بە ئارەزووی خۆیان یاری بە ڕووداوەکان بکەن و هەر لایەنە بە جۆری لێی ئەدوێ. هەر لایەك ئەیەوێ قیل لەوی تر بێنێت، هەر دوولاشیان بە پەی سیاسەتی تایبەتی خۆیان ڕاستیەکان لە جەماوەر ئەشارنەوە و فێڵی لێ ئەکەن، کە لە ڕاستیدا بە زۆری یەکێتی ڕاستیەکانی ئەك هەر ئاشکرا دەکرد بەڵکو ڕاستیەکانی سەرتاپا ناوەژووش کردووە.

بێگومان ئەم سیاسەتە تا ماوەیەك لەسەر خەڵکی دڵسۆزی دوور لە ڕووداوەکان جێوە سەر دوای ئەو ماوەیە قسەی هیچ لایەکیان ڕەواجی نەماو هەموو کەسێ ڕاستیەکانی بۆ دەرکەوت.

بۆیە ڕەوای خۆمە بۆ (ڕژیم وی.ن.ك) ئەوە بڵێین. ئەم هاوەڕاتیە و سەرئەنجامەکەمان بە لامانەوە سەیر نیە بۆ؟

چونکە هەر دوو لا لە دوو سەنگەری جیاوازەوە ئوینەری بورجوازی نێوەی دەسەڵاتدار بوون. بورجوازی ئاوزداری نێوەی بن دەستن. هەردوولا

وبرای دوژمنایەتی خەباتیان بەلام بەهیچ ماهیەتی بورجوازیانەوە بە هیچ شاو
هەلە کوسپەی سیاسی ـ سەکریانەی کردویانە و بویان ناچێتە سەر لیرەسەکەی
(علیە) سیاسی سەرنیە (رژیم وپکێتی) بومانەوە و یاراستنی چەکدانیان بەرژەوەندی
و دەسەلاتیان مقاومەت بکەن و ریگیش بگرین .

لیرەوە رچەی باسەکەمان تشکێنین و بە دووری دریژی باسی هویەکە
راستەقینە چیایەتی ، سیاسی ، عەسکەری یەکانی پال پێوە نەری پەکێتی و
رژیم نەکەین بو ئەم مقاومزانە . بو ئەم مەبەستەش بری باسکردنی رژیم و
پەکێتیش بو ئی کردنەوەی ناومرۆکیان پێویستە . تا بتوانین لەسەر
چاومیانەوە بتوانی باسەکەمان خەباتستین و رووداومکانی پیا ببینین
حوارێوە

(رژیمی فاشیەتی عیراق)

رژیمێکی بورجوازی دەولەتی رەگەزپەرستی ناسیۆنالیستی یە لەناو وولاتدا
سەرئوت کەری کریکاران و زەحمەتکیشان و کورد و کەمە نەتەوایەتیەکان ، لە
دەرەوەشدا وابستەی (تابع) ئیمپریالیزم و وولاتانی سەرمایەداری یە .
ماوی نیانزدە سال لە تەمەنی فاشیستانەی بە هوی نەبونی حیزبی
پیشرەوی راستەقینەی کریکارانەوە کە بتوانی تا رووخاندنی رژیم و هیناندە
سەر تایەی رژیمێکی دیموکراتی کریکاران ، شورشگیرانە بەرامبەر بجەنگی و مساومە
نەبانین ، بە هوی ئەوەوە هەرچی حیزب و هێزی سیاسی ـ چەکداری عیراق
و کوردستانە ، بورجوازی و ریفورمیستی و ریفیزنستی بوون و هەن و بە
دریژایی ئەو سالانە درێغیان نەکردووە لە ساومەکردن لە گەلی لەبەر
ئەو خوێنە و گەلی هوی شەر ، رژیمی صدام ئەوای سیاسەت و مەرامەکانی تا سەر
فرۆشتنی بە ئیران بو چونە سەر ، بوبە وا بوغرا بو بەرەو ئیترلوژیکی
(منطقە) لەدەست دا ، رووخاندنی شای ئیران و تازە هاتنە سەرکار و
سەقامگیر نەبوونی رژیمی جەمهوری ئیسلامی بە هەل زانی فەلەکوتیەکە
سەر ئیران بو ئەوەی :

۱ ـ پەلەی رەشی ریگ کوتناسەی جەزائیر بشیاتەوە .

۲ ـ رقی کونەی نەتەوەی عەرب و سونی گەری ئیسلامی بە سەر ئارەزو
شیعەگەریدا بە ناوی قادسیەی دوهەمەوە بسەپێنی .

۳ ـ ئیمپریالیزم دلنیا بکات کە لە نەمانی رژیمی شاه سیگەران نەبی و صدام

و رژیمەکەی ئەبنە پۆلیسی کەنداوو پاریزەری بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم
٤ ـ شیخ ئەبی ناوەندی خۆرئاوای دا ئەچیزی و رژێمی بەعس تیدا دائەمەزری ، بەشەر عیراق ئەبێتە دەرلەتێکی کەنداوی (دولە خلیجیە) ئنوزدارە .
٥ ـ کپ کردن و ری ڤرتن لە تەورێم خەلیجووی شۆرشگێرانەی خەلکی ئیران و ئەشمەنە ئەمەنانی لە ناوچەکەدا . بە تایبەتی لەوە ئەترسان حەباشی جینایەتی کریکاران و بیرو باوەرە مارکسیستیەکانیان پێدەبڕە .
٦ ـ دوای جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتانە ، ئیتر زال بوون بەسەر بزوتنەوە عەرەبیە ئەنداوییەکان بۆ ئەدام ئاسان ئەبێ بە تایبەتی دوای دڵنیاکردنی ئیمپریالیزم بە شەڕی قادسیە .

پاش زیاتر لە چوار ساڵ دەرچەکیشانی شەڕەکە ڕژێمی عیراق تەنگەتاوە مەرامە ئاسیۆنالیست و ڕقە کۆنەپەرستەکەی بەهێنیتە دی ، بەڵکە خەریکە ڤازانجەسی سەرکوتی یەکجار زۆری شەریان سەری مایەشیان ئەخیات و خوشکان تیا ئەچێن و هەر چەند ئەکەن بە خۆیان و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکان و خیانەتکارەکانی دەڵاڵە سیاسیەکانی دونیا ، تەنانەت بە پاشکۆ بوونەومیان لە تەراوی مەرام و هەڵگیرساندنی شەریان ، بگرە تەنازڵاتی تازەش ئەکەن هێشتا شەڕەکەیان لە گۆل نابێتەوە بوبە دەسکە ناچاربوون لەناو خۆیدا دەرەوە بە سەرجەمی سیاسەتەکانیان بچنەوە وفرت و فێڵی گونجاو بگرنە بەر .

لە دەرەوەدا ساغ بوونەوە ڕژێم چی ئەکات و ڕووی سیاسەتەکانی لە کوێیە ئەتوانین بڵێین بە هۆی سیاسەتی بورجوازییانەی ڕەگەز پەرستی و فاشیستی و شۆڤێنیزمەوە جگە لە وابەستەی ئاشکرایان بە ئیمپریالیزم و بازاری بەرینی سەرمایەداریەوە . کێشەی قەرزاریەکی کەم وێنەش گەروی ئەمانی گوشیون ، نەک هەر دەیان ملیار پاشکۆتەی لە کیس داوە ، بەڵکە دەیان ملیاریش قەرزارە و ئەشکاتە دەیان بلیار و حالیش وا بروات دەیان بلیونیش تێئەپەڕی و تەنانەت ئەگاتە سەر ئەوەی بو دەیان سال تەراوی ئابووری عیراق بخەنە ژێر ئینتدابی مونیولەکان بەو مەرجەی قەرارەی دەسەڵاتیان بپارێزن ، ئەمەش ئەوە ساغ ئەکاتەوە کە ڕژێمێک

هەر بەستنی ئەوەی لێ بڕاوە بتوانێ بە هۆی داهات و بودجەی زۆرەوە ،
وەکو جاران بەر لە تەقینەوەی ناکۆکیە جۆراوجۆرەکان بگرێ ، بەڵکە وای لێدێت
ڕێفۆرم و دیمۆکراتیەت واز لێبهێنێ ، نیتر حوکمی عورفی و عەسکەرتایەتی
ڕەش بکۆتایە بە سەر خەڵک دا بهێنێ .

بۆ ناو وولاتیش ، هاوشان لەگەڵ سیاسەتی هەڵواسین ، کوشتن و بڕین ،
تێچێس ، چەکداری زۆرە ملی ، تۆقاندن و ناردنی زۆرداری خەڵک بۆ
شەڕی قادسیە ، دروستکردنی هەزاران جاش .

هاوشان لەگەڵ ئەو سیاسەتانە و بۆ بەرجەستە (تێچسیە) کردنی
سیاسەتێکی ناڕەندی ، هێرشی کوردستان و شەڕی ئێران ڕژێمی
ناچار کرد ناکۆکی خۆی لەگەڵ بورژوازی ناسیۆنالیستی نفوزداری
ئەنجوومەنی زێردەستە خاوکاتەوە بە تایبەتی دوای ڕەچاو کردنی ئامادەکی
ئەیاوی (ی . ن . ک) بۆ ئەم مەبەستە ، بەرە ڕاستە و خۆ مقاومەزانێکی جدی لە
نێوان ڕژێم و یەکێتی دەستی پێکرد (ئایە ڕژێم یا خود یەکێتی دەست
پێشکەر بووبن ئەم مقاومەزانە ، ئەمە مەتەڵێک مەگەر تەنها ن . عبدالرحمەسان
ئەڵو هەڵبێنی) .

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە ناو کۆمەڵە دا و بە تایبەتی لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەدا ، ئەوە
چەسپێندراوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی نیمچە
بەرەی دیمۆکراتی پێشکەوتنخواز بۆ هەڵ و مەرجی تایبەتی قۆناغی پاش
ناشیەتال دامەزراوە تا بتوانێ ببێتە ڕێکخستنی فراوانی کۆمەڵە و کۆمەڵانی
خەڵک کو بکاتەوە بۆ بەرگری لە شالاوی فاشیستانەی ڕژێم وات یەکێتی
ببێتە (واجهە) یەکی سیاسی کۆمەڵە لە ناو شۆڕشدا ، تا کۆمەڵە بتوانێ
وردە وردە خەڵک بخاتە گەڕو لە ڕێی خۆی و یەکێتیەوە سەرکردایەتی
و پێشڕەوایەتیان مسۆگەر بکات (ئیمە ئەو کاتە نە کۆمەڵە بووین ،
هەندێکیشمان لە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵەدا بەشدار بووین) ئەم
ڕاستیانەیان وا بۆ باسەکردین .


بەڵام ڕووداوەکان دەریان خست کە هەڵوێستی کۆمەڵە سەبارەت بە
چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی و جۆری کۆ کردنەوەی جەماوەر و سەرکردایەتی

کردنیان جووت نەهاتوە ببگرە بە پیچەوانەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەتا هاتووە بووە بە پیشەنگی وردە بورجوازی نۆژداری کوردستان و مەسەلە نەتەوایەتیەکانی تەواو بەسەر مەسەلە چینایەتیەکان دا زال کردو تەنانەت سەردەمی بە ئەرمی دروست کردنی یەک چینی جەماوەری تێکەلاو لە هەموو لایەنە سیاسیەکانیش باسەکرا.

بالی وردە بورجوازی ناوکوملە، بە هۆی ناوو ناوبانگ و ئیمکانیەتی بەر دەستیان و تەجروبەی پێشینەیان وجۆری پێکهاتنی یەکێتی و لە شۆرش ئالانی سەرکردە کۆنەکان و نزمی ئاستی وریایی کۆملەو کەسی هۆی ترکە لە دراپا باسی ئەکەین. بە شێوەیی ترانیسان کۆملە بخاتە ژێر رکێفی یەکێتی و ئارەزوکە زیندووەکەی کە بۆی دامەزراوە بەرەسمی، ئەو ماوەیە (١٩٧٨ ـ ١٩٧٩) وە زەقتر دەر ئەکەوێ و زیاتر چەسپاوە. بوونە نیاک دانەوە و گۆی دانەوەی تەواوی ئەرووداوانە لە سەرتاپا ئەدەن بە دەستەوە کە شەهید نارام لە بەر ئەو هۆیانەی خستی، هەوڵ دانە هانگ زیاتر لە دانگی جەرگی سالی (١٩٧٧)وە تا شەهید بیون لە (١٩٧٨/١/٢١) دا ئامادە نەبوە بچێتە سەرکردایەتی یەکێتی و لە قەراغ دا خەریکی دەرکردنی رۆژنامەی ئالای شۆرش بوە، تا بتوانی سەر بەخۆی فکری، چینایەتی، سیاسی بپارێزی و لە ناو یەکێتی بدا نەتوێتەوە. زیندووترین بەڵگەی ئەم راستیەش رۆنەی بە نرخی شەهید نارامە کە ووتویەتی.

(پێویستە هەلویست وتێروانینی زانستی دیاری کراومان بەرامبەر بە چەن بزوتنەوای بچوکی کوردستان هەبێت. نابێ دەرێکی کوورە و سەروی توانای خۆیان بدەینێ، ئەگەر وا دانەنرێ شۆرشی هەلەی گەورە دەبین لەبەر تایبەتی کاتیک کە هاوکاری و دوستایەتیان ئەکەین، دەبێ زۆر وریا بین ئەگینا خۆیان ئەخزێننە ناو سەرکردایەتیەوە و لە پاشانیش شۆرش تووشی لادان دەکەن، بەرەو هەلدێری رارایی و سەر دانەواندنی دەبەن.)

بە راستی پێش بینی یەکەی شەهیدی مەزنمان هاتەدی و شۆرش تووشی لادان و هەلدێر و سەر دانەواندن کرا. زۆر بە داخیشەوە شەهید



پەکێتی نارەبی سەرکردایەتی یەکێتی بۆی ئەونونەتە مەلبەند سەدا .
نابلوی راستەقینەی سیاسەتەکانی یەکێتی بێ گوی دانە جەلیقە کوردستانی و عیراقیەکانی بەم چەشنەی خوارەوەی ئەبینین .
لەو پەری بەرز کردنەوەی دروشمی روخاندنی رژیم ،لە پر مفاوەزات سەری هەلداوە .
لەو پەری باسکردنی (ئاشتی نیشتمانی و بەرەی نیشتمانی) و بریارەتس و یەکێتی ،لە پر بۆ کێشەیەکی بچوک یان گەورە مەتوندی شەری ناوخۆی هەلگیرساندووە ، ئانۆکی سەرەکی و سانەری تیکەل کراوە و بە نسارەزوو پاش و پێش خراوون و لەو پەری سیاسەتی نەرمی بەرامبەر بە ئیران وهەنانی یارمەتی و شانۆ چو کردن ،لە پر شەری ئیران و جنێو دان بە خومەینی .
جاری سکرێتری یەکێتی بریسکەی سەربازیوونی خوی و هێزەکەی بۆ خومەینی لێنەدات (١١٨٠) کە جێ سەعد و هەشتا دەرجە بسای ئەداتەوە ئەم سەرو مدام ئەکاتە ئاو بژی کەرو خومەینی ئەکاتەوە بە جەللاد .
سیاسەتی وای دانەمەزراو ،سیاسەتی وای رازا ،هەڵپە هەڵپ کردنی یا لە سیاسەت دا ئەم سەردەمەدا هەرلە وورد هورجوازی هەناسە کورت ئەوە ، شێتەوە کە یەکێتی لە کوردستان دا نوێنەری ئەوزداریتسی .
ئیتر سەیر نەبی دوا جوری ئەو سیاسەتە مفاوەزاتی نەزوکی وابێ ، وە مساوەمەی لەم چەشنە بێ کە دیمان ، بەو مساوەمانەش هیشتا دەولەت لیبیان رازی نیە و زور تریسان لی چاوەروان ئەکات .

ئایە لە سیبەری رژیمی فاشیستیدا
ئوتونومی دابین ئەبێ ؟

لەم سەردەمەدا و لە سیبەری رژیمی بورجوازی دەولەتی وابستەی وادا ، چارەسەر کردنی مەسەلە دیموکراتیەکان کە مەسەلە میللیش ئەگرێتەوە کارێکی مەحالە و هەرگیز خەوی وا نایەتە دی .
سیبەری ئەم جورە رژیمانە ،کوشت و برینە ، توقاندن و هەلواسینە ، پێشێل کردنی مافە دیموکراتیەکانە . ئەوە شیلی ،ئسپانیا ، سلفادەر ،ئەتیوپیا ،

سەرکەی لاتین ئەوە حالی کوردستانەکان ... هند
ئو چونکی فەرنسی مساوەی لە سیەری ئەم جورە رێبەرە رانەخا ،کریکاران نین ،
شورشگێرەکان نین . وورد ببورجوازیەکانن کە لە رووی ئابوریەوە هیوای ئەوە
یان هەیە بگەنە ئاستی رێبەکان و هەر کاتی هەل و مەرجی واشیان
دەست کەوت لە کیسی نادەن و پاشگەز بونەوەش لە هەمو گفت و بڵێین
و لافە و گەزافیک بەڵایانەوە تاریکی زور ئاسایی و ئەبکات .

گرێ مەسەلەکە بەڕۆمەنتی جیایەتی لیک جوز نەبی ، گەر رارایی و
تەمژوکی و لاوازی سیاسی نەبی ، کی هەیە رێبەری هەدام نەناسی و چ لایەک
هەیە تاقی نەکردبیتەوە بەڵام ئەو لایەی ئەو راستیانە نەخاتە ژێر پرسی و لە
بەینە هەڵبەی کوتایی هیناتیەتی بە ڕەی سەختی خەبات ،گوی نادانە
ڕاستی و واقیع و میژوو ، ئەوەی گوێی ئێدەنی تەنها بەڕۆەندی تەسکی
و ناپتسیانە و پیشینیان جوانیان پەکاوە کە فەرمویانە (تیری گول ئاشتی
دەداری زەنگە بێتە)

هەر ڕەی ئی ئەجی بە هەوی چەندین هەوی سیاسی ،عەسکەری و لاوازی
ڕێزەی و دانیا بیون لە فازانجی تاکتیکی لە پیناوی ستراتیژدا ،هەل و مەرجی
بۆ پەشە ، دوژمن ناچاربی سەرت بۆ شورش بکات و تا رادەیەک و تا
ڕادەیەک سەرکەوتن وەدەست بینی . بەڵام ئەم راستیە تایبەتی و کورت
دایەنە ،نابی لەسەر حسابی ڕەسیب بی و نابی مساوەمە بی لەسەر
ئامانجە ستراتیجیەکان .

بنا بر ئەوەی ئەو راستیانەی سەرەوە باشتر فورمیلا کەین و هەمرو لایەنەکانی
ڕوشن بکەینەوە ، باسەک شلۆشکەری بە وورد ئاوەکانی مقاومزاتەکەنا
بچینەوە ،باسی تاکتیک و جوری تاکتیک بکەین . پیویست بەوە ئەکات زوری
لەسەر بڕۆین و باسی تیکرای ئەو ڕۆژە و بڵێین و داخوازیانە بکەین کە
پێویستی لەسەر مقاومزات بە گوێی جەماوەریدا داوە ،باسی مساوەمەکان
بکەین ، پیش تاو توی کردنی ئەم مەسەلان و باسکردنیان شایەنی باسکردنە
بۆ باسەکەمان بڵێین کە مقاومزات و مساوەمەی بچوک ، شیوەی خەباتی
ئایەتین لە هەل و مەرجی تالوزو تایبەتیدا ئەکسری بگەن بە دی
هیناتی ئامانجی تاکتیکی .

میژوی کون و نوێی شورش و میللەتان ئەوەی زوریار دەسەلمێنی

کردووه ،ئەنجلس سالی ۱۸۷۲ لە رەخنەیەکدا گاڵتە بە بەیاننامەی کۆمۆنیستە بلانکیەکان (فوخری) ئەکات کە لە هەموو حاڵەتێکدا باسی مساوەمە نەکردنیان کردووە کە شۆرشی مەزنی ئۆکتوبەر کەوتە خەتەرەوە لینین ریکەوتن نامەی (بریست ـ لیتوفسك)ی مۆر کرد و بڕدۆزمانی دەستی لە خالیکی زۆری رووسیا هەڵگرت و مساوەمەی کرد ،کە مساوەمەشی کرد مساوەمەکەی بە سەرکەوتن ئارایشت نەکرد و دۆزمنی بە بچوك نەزانی بەڵکە بە راشکاوی بە هەموو میللەتانی رووسیا و حیزب و دونیای راگەیاند(بریست ـ لیتوفسك)مساوەمەیە و دۆزمن سەپاندوویەتی بە سەرمانا و ئیمەش بەم ماندووبونەی لەشکری رووسیا و لەم حاڵەتەدا ناوەکەمان ئەرمەکە لەشکری سووری کرێکاران و جوتیاران دروستبکەین ناچارین مساوەمە بکەین لە ووشاری (ئەرکی سەرەکی ئەم رۆژانە)دا بە دڵنیا بونێکی زۆر لە پاشە رۆژ و راشکاویەکی لینینانە ئەڵی

(پێویستە ناکات خومان بخەڵەتێنین ، بەڵکە بزانین چون پیاوانە و ڕوو بە ڕوو سەیری ڕاستی تاڵی بی ئارایشت ئەکەین ، پێویستە بە تەواوەتی تا قوڵایی هەرەس و بەزین ،دانپێدانین و بەندایەتی و زەبونی کە ئێستا بە پاڵ تیپان خستین بپێسڕین ،بە ئەندازەی ئێمەیشتمان بە ڕوشنی نەمە بەو ئەندازەیە پتەوی و نە لە قیری و بە هێزی وێستمان بۆ ڕۆژگاری زیاد ئەکات)

((هەڵبژاردەکانی لینین بەرگی حەوتەم لاپەرە (٥٠٤)))

ئەم سیاسەتە ڕاستە و ئەم ڕاستگۆیەتیە لەئەڵ قەراعد و جەماوەر و هاوری ـ کانیدا وای جەماوەر گوش کرد کە لە ناوەڕۆکی تاکتیکی مساوەمەکە تێبگەن و مەشقیکەکسان و نا حەزانی رووسیاش نیان توانی ڕەوتی ڕووداوەکسان بشێوێنن بۆیە دڵ سەرئەنجامی مساوەمەکە بە سەرکەوتن گەیاندە بەڵام کە مساوەمە شارایەوە سەرئەنجامەکەی وەکو ئەوەی یەکێتی نەبی .

کەواتە ئەوەی مەبەستە لەم باسە ڕەت کردنەوەی متلەقی مقاوەزات ومساوەمە نیە بەڵکە ئەوەی مەبەستە کەی مساوەمە تکریت و کێن ئەیکەن ؟

گەر هەڵ و مەرجی مساوەمەکە خۆی سەپاند بێ و لە مساوەمەکەرەکانیش دڵنیا بین ئەیکەمان لە پاشە ڕۆژی مساوەمەکەش دڵنیا ئەبین . بەڵام ئەگەر وا نەبی نە لە ڕۆژگاری مساوەمەکەو وە نە لە مساوەمەکەرەکان دڵنیا نەبین

دیسارە هەرگیز لە سەرشەنجامی مساومەکەدا دلنیا نابین و بە زەرەرێکی زور ئەگەرێتەوە. گەر ئەو راستیانە لە گەل واقیعی ئیستا بەراوورد بکەین، هەل و مەرجی ئیستا و هەل و مەرجی پاش شۆرشی ئۆکتوبەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەگەل حیزبی کۆمونیست بەراوورد بکەین بە ئاسانی دەر ئەکەوی جیاوازی نیوانیان ئاسمان و ریسمانە.

بە نیسبەت یەکێتیەوە نە دوخێکی خەتەرناکی وەکو دوخی روسیای پاش شۆرشی ئۆکتوبەر خولقابوو هەتا پەکێتی ناچاری مقاوەزات و مساومە بکات. وە نە یەکێتیش حیزبی بولشەویک. ئەم مقاوەزانە بە هۆی ئەوەیە کە یەکێتی هیچ سەرچاوەیەکی وردە بورجوازی قاومیە و چەندین هەلەی کوشندەی کردووە وەکو شەری ئیران، قۆل کردنەوەی شەری ناوخۆ گەیاندنی بە شەری ئەرناقا و پشت ئاشان، وە ریگەدان بە دەبان مەسئوول بە تاوانبارێ خویان دزی بکەن و زولم لە جەماوەر بکەن. هەموو ئەوانە بەرهەندیان بە یەکێتی و ناوەرۆکە چینایەتیەکەی هەیە. نەک بە دوخی خەتەرناکی ناوچەکە و پیلانی لە دەسەلات بە دەری دوژمنان، ئەتوانین بە پێچەوانەوە بلێین بە هۆی تونڈ تر بونی شەری ئیران و عیراق وە، وە بە هۆی بە هێزی و زالبی یەکێتیەوە هەل و مەرجی نوێژە پیدانی شۆرش باشتر لە پار بوو، نەک هەل و مەرجی مساومە، شتێری بیتوانەش باشترین بەڵگەمانە کە ئەکرا شەر دریژە بدرێتی.

بو هەلە و کەم و کوریش، گەر یەکێتی هیزیکی شۆرشگێری راستەقینە بوایە ئەیتوانی بە چاوێکی رەخنە گرانە بە هەلەکانیدا بچێتەوە و بە پشوێکی دلسوزانە راستیان کاتەوە و دوخی ئاسایش بگێرێتەوە ناو هێزەکانی کوردستان و پاشە رۆژی سەرکەوتنیش دابین بکات.

لە ناو یەکێتی و کۆمەڵدا هەوڵێکی زور دراوە کە چارە نووسی ئەگەرات رۆژی رەش، هەلەی گەورە ئەکسری، ئەو هەلانەی کراوون راست بکرێنەوە بەڵام ئەفسوس بە هۆی زانی عەقڵیەتی وردە بورجوازیەوە لە بری راست کردنەوەی هەلە، هەلەی بچوک بە هەلەی گەورەتر داپۆشراوە پاکانە بۆ هەلە کەرەکان ئەکرا. هەتا وای لێهات لە رووی سیاسی، فکری، تەنزیمی عەسکەریەوە هەلە و هەڵبازی راست رەوانە بەتەمێر بوون.

پرنسیپەکان پێشێل کران، کۆشت و کوشتاری بێ حەق و حساب بە

بی رەچاو کردنی بەرکتربن مانی مرۆف چی بە جی کرا • شورش و تەنزیمی بکاتە حالەتی را ئیتر ناتوانی لەگەل خوی وجماوەر راست تو بی• ناتوانی لە تاکتیکیدا سەرکەوتوو بی• بویە ئەتوانین بلیین کوشندەترین هەلەی یەکیتی لە مقاومزاتەدا دروکردنی بوو لەگەل قەواعد فکری و جماوەر ،بویسە ئەمرو کەس حسابی هیچ قناعەتی وای لا دروست نیی کە یەکەمین جار یەکیتی دەرگای ئەم مقاومزاتەی لەگەل رژیم خستوتە سەر پشت و لە سەر داوای یەکیتی یەکەمین جار وەفد چوەتە بەغدا•

یەکیتی وای شەزانی دوو بکا و راستی بشاریتەوە ،ئیتر تا سەر بەسوی ئەچیتە سەر جماوەر ،هەلبەتەلبتنی ،ئەیزانی کە قەت فیلی وا و سیاسەتی چەواشەی وا ئەمەن دریژ ناین بویە ئەك جماوەر ،ئەك قواعدی خویان بەلکە سەرکردایەتی یەکیتیشیان پی بی دەنگ ئەکراوە و ئەم سیاسەتە ساغی کردنەوە کە چەن وچی نین•

بویە ئەتوانین بە دلنیاییەوە بیلیین کە ئیستا مەکتەبی سیاسی یەکیتیش لە بەردەم رووداوەکاندا دوش داماوین و بەری هەلەی پیشترو قبالەی قبە کردنی مقاومزات نەزوکەکە ئەدرویننەوە•

مژدە وبەلیندکانی یەکیتیی بۆ
حەلال کردنی مقاومزات

پاش هەشت سال لە شورش و بەخشینی زیاتر لە چوار هەزار شەهید ، پاش چوار سال دریژە کیشانی شەری ئیران و عیراق شورش لە رووی چەندایەتیەوە کەشەی باشی کردبوو وە رژیمیش زور لاواز بەر ببوو• بویە زەمینەی سایکلوجی (نفسی) لە ناو جماوەردا سازبوو تا یەکیتی مقاومزات قبە بکات و لاوازی خوی بشاریتەوە • ئەنانەت مقاومزاتەکەیان گرنگتر لە بەیانی (۱۱ی ئازار) ئە خستە بەر چاو• جماوەری ماندوی کوردستانیش لە بەیانی ئازاردا بو یەکەمین جار بوو سەربەرزیەکی سیاسی و سەرکەوتنیکی عسکریان بو هاتبوە دی• لە رووی سیاسی و نەفسیەوە دوای ئەو ئەمدا زوری لە پاش ئاشبەتال لیبان کرابوو ،ئیجگار بە ختیار ئەبین کە مژدەی لە بەیانی ئازار گرنگتریان بدریتی• بویە بە هەزارانیان ئەرزانە سەر جادە

و به هەستی خورسکی دڵسۆزانە یان شاباشیان بە بااڵی یەکێتیدا هەڵدەدا و رقی پەنگ خواردووی سااڵنی ڕابووردوویان بە جێنێو بەرامبەر ڕژێم دەرئەبڕی. بەاڵم ئەمەی ڕژێم بە تەجروبە و بەرنامەیەکی نەخشەکێشراو دەرگای مقاومزاتی خستبووە سەر پشت. بە قبوڵکردنی مقاومزات لە الیەن یەکێتی و خوپێشان دانی جەماوەر بەرنامەی خۆی تێک نەدا. بە شێنەپسی هەر لە ڕۆژی یەکێتی بەوە خوپێشان دانەکانی کپ کردەوە و بە جەماوەرێتی نەیاند ئەم مقاومزاتە وەکو بەرانی ئازارنێبە و نابێ. یەکێتیش چونکە وەزعی الوازی خۆی باش ئەزانی نەیە لە بڕی هاندانی جەماوەر و قۆل کردنی گیانی خوپێشان دان تیایانا بۆ ئەوەی خوپێشان دانەکانیش هەیەکی کارێگەری سەر پێدانەپاندنی ڕژێم بێ، لەچی لە ترسی ئەوەی ڕێی مقاومزاتەکەیان ببێتەوە حوری و (خەسارەتخواستە) تووشی شەرنەبنەوە، بۆیە خوپێشان دانەکانیان کپ کردەوە و جەماوەرێشیان ئەووت (تکسایە دەرفەتمان بدەن با بە هێزمان مقاومزاتەکە سەربخەیەن) ئەم دواییەشدا (مانگی ئایار) خەیندکارانیشیا هەر بەو دەردە بردو خوپێشان دانەکانیان دامرکاندەوە و دەستیان کردن بە وەی داخوازی یەکانیان چی بە چی ئەکەن، کەچی بۆشیان نەکردن و سەدانیان لی تووشی سەر لێشێواندن کرد و گیانی بەرشاری و صانکرتنیسیان تیا ماندن.

هەمیو ئەو ڕاستیانە ئەوە ئەسەلمێنن کە یەکێتی خواخوای سەرخستنی مقاومزاتەکەی بووە و مقاومزاتەکەشی بە درا توناى جەباتی خۆی زانیوە، بۆیە لە پەرە سەندنی وانکرتنی جەماوەر و خزمەتکاران ترساوون. ئەگینا هەر یەکێتی نەبوو لە ڕەشترین ڕۆژگاردا جەماوەری دژی ڕژێم بۆ ڕابەریەتی هانێدا. بە ڕاستی تا ئەمیە سیاسەتی هەڵپەرستانەو دەستی بە دەستکردن بە جەماوەر تا ئەمیە جەماشە کردنی جەماوەر. لە ڕۆژانی ڕەشدا مەرگیان بە ڕۆلەکانی جەماوەر دژی ڕژێم ئەچاند، بەاڵم لە ڕۆژگاری مساومەدا لە ترسی بەرژەوەندی خۆیان، جەماوەریان کردە قەڵغانی مەرگی دوژمن. لینینیش سەرن بەم جۆرە حیزبە وورد مەرجوازیە عەقڵ نەخوشانە ئەڵێ

(باوەر نەکردن بە جەماوەر و ترسان لە دەست پێش کەری یەکانی و

ترسان له سهر بهخوی یهکهی ، لهرزین بهرامبهر باوهری شورشگیرانهی. له بری پشت گیری کردنی به پهروشی له ههمرو میدانهکاندا. ئهمیه تاوانی تهوندی سهرکردهی سوشیال شورشگیر و مهنشفیکهکان که کردویانه)

بهرگی حهوتهمی ههلبژاردهکانی لینینی لاپهره (۲۲۰)

وبرای تیکرای ئهو راستیانهی خستمانه روو کهچی یهکیتی له دیماکوگیت و چهراشه کردنی بهماوهر نهکهوتوره و ئیستاش وای بلاو ئهکاتهوه که مفاوهزاتهکه باشه و سهرکهوتوره و دیزهکیشانیشی ئاسایی بوه و گوایه ئهو ههموو کیشانهی نیوان خویان و دوژمن وا به ئاسانی چاره سهر ناکرین. ههر له سهرهتای مفاوهزاتهدا ئهو مهزدانهی جهماوهری پی چهراشه ئهکهرد و قهواعدی خویانیان پی فریو ئهدا ئهمانهن :

۱ ــ دیموکراتیهت بو عیراق دیته دی.

۲ ــ سهروری کوردستان ههر له مندلیهوه تا زاخو دهست بیتان ئهکری و ئهخرینه سهر سهروری ئوتونومی .

۳ ــ مهجلسی تهشریع و تهنفیزی کارتونی رژیم ههلئهوهشیتهوه و دهست به جی له بریان به دیموکراتیهتیکی ئازاد ههلئهبژیرینهوه .

٤ ــ تهواوی ئیهانه راگویزراوهکان ئهگهرینهوه ناوچهکانیان به بژاردنهوهی زهرهر و زیانیشیان.

٥ ــ لیبوردنی گشتی بو گشت بهندهسیاسیهکانی عیراق و کوردستان بی جیاوازی جیزیی دهر ئهچی

٦ ــ یهکیتی بهشدار نابی لهمهجلسی وطنی

۷ ــ یهکیتی بهشدار نابی له جبههی وطنی

۸ ــ ههزاران پیشمهرگه چهکدار ئهکرین

۹ ــ دامهزراندنی دانشگایهکی نوی له سلیمانی به ناوی دانشگای کوردستان

۱۰ ــ دروست کردنی دو پارێزگای نوی له سوران و بادینان .

۱۱ ــ مهسئولینی شورش به شدار نابن له هیچ وهزیفهیهکی گهورهو بچوکی حکومهتی .

۱۲ ــ جاشان دهست به جی چهك ئهکرین

۱۳ ــ بارزانیهکان ئازاد ئهکرین و ئهگهرینهوه بادینان .

۱٤ ــ گهرانهوهی خهلیه دهرکراوهکان .

جگه لهو جواردە دەستکەوتەی یەکیتی مزدەی وەرگرتنی ئابەخشی ، جگە لە پرۆژەی ئەو بو مەجلسی ئەشریعی و تەنفیزی و چەند ئەمانەتێکی نوێش ، یەکیتی باش لە خواست و پێستی جماوەر گەیشتبوو وە ئیزانی کۆشسەی تر هەبە میللەت بە دەستیهوە ئەمانیسن • بۆیە جگە لەو دەستکەوتانە بەڵێنیس دا ئاشتی نیشتمانی بینیتە دی و لەگەل لایەنەکانی جود دا ریسک ئەکەوینەوە و گوایە پێکەوەش پرۆژە ئەدەن بە رژیم و گەر رژیم رازی نەبوو ئەوا یەکێتی ئامادەیە لە گەلیاندا بچنەوە بە گژ رژیمدا • ئەوەندەی ئەمایانسد یەکێتی خوی بە دڕو خستەوە •

هیزیکی جود بە زۆری هی (حشم) هاتنە ناوچەی هەولێر و خوشناوەتسی و چیای سەفین ، لە بری ئەوەی گەر ئێران بو شەریش هاتبن ، یەکێتسی مەسئولانە دان بە خویا بگری و بەڵێنەکانی (ئاشتی نیشتمانی) بینیتە دی • ئەول بدات هیمنانە بە پیر هاتنی هیزەکەوە بچی ، کە چی ئەجارەیان بۆ ئەوەی جماوەر دلسارد نەبن ، تەنها بە ئیسگە هیرشی نەکردنە سەر ئەگینا بە قسەلی هیزیکی زۆری ناردنە سەرو لە چیای سەفین دا شەریکی خوینا وی لە گەلا کردن و چەند کەسیکیان لی بەدیل گرتن و بە دەردەکسەی ترناتا و پشتاشانیان بردن و کوشتیانن • لە ناو جماوەرینسدا ئەوەیسان بڵاو نەکردەوە گوایە ئەو هیزەی جود بو شەڕی ئێران نیردراوە ، کە لە راستیدا ئەوەی وا ناچێتە عەقل لە رووی عەسکەریەوە • سەرکردایەتی جود هێندە کەم ئاست بن هیزیکی کەمی خویان سەدان کیلومەتسر لە بنکەکانیان دوور خستەوە و بیان خستە ناوەراست هەزاران پ • م یەکێتی ، ئەمە وەکو ئەوە وایسە جود هیزی خویان بە گورگانە خواردوو بەن •

ئەم دڕوشمی بەدرو هەڵگیراوەی (ئاشتی نیشتمانی) و قسەکسردنسی مناوەزانە ، رژودا وەکان دەری خست کە تا چەند یەکێتی جماوەریان پێ چەراشە ئەکات •

سەرئەنجامیش تا ئیستا دوژمن قازانجیکی زۆری کردووە و میللەتیش زیاتسر لە جاران دوژمن لە هەموو رووبەکەوە خوین مژینی بە سەرا سەپاندوون • یەکێتسی بە دەیان مساوەمەی پێشکەشسی عەرشسی عیراق کسردووە (هیشتا بار باقی و سوجبەت باقی)

جا بو ئەوەی مساوەمەکانی ((وەفدی کوردستان)) لەو بروژە پێشکەشی

گراوانەی بەکێتی خۆی دەستنیشان بکەین کە بە رێبەی دارون، بەم دریژی باسیان نەکەین و یەک یەک تەنازلانەکانیشی (ئەوەندەی ئێمەزانین و لە خۆیانمان بیستوە و زانیوە) چەندیشی فەیلی یە (یەکێتی ئێمەزانی ... ؟) دەستنیشان ئەکەین بۆ ئەوەی مساومەکان بە گەلالە گراوی بلاو بنەوە و ئەم مقاومەزانە لە مەحەکی حەقیقەت بدری هەتا یەکجاری نەتوانی بە ئارەزوی خۆی بۆ لە هەرکوێوە هات شەن بکات و تەپ و تۆزی شنەکەشی بکاتە چاوی جەماوەر.

پرۆژەکانی یەکێتی چوارچەنشن

١ ـ کوتایی هێنان بە بارودۆخی نائاسایی کوردستان

٢ ـ پرنسیپە گشتی یەکانی یاسای ئوتونومی

٣ ـ یاسای ئوتونومی کوردستان

٤ ـ ئاسایی کردنی بارودۆخی شاری کەرکوک

لە ناوەڕۆکی ئەم چوارچەنشنە پرۆژانە، ئەتوانین بڵێین یەکێتی چەند یەکی هەر بەشێکمی وەر نەسەگرتوە و چەندین مەرجی رێبەیشی قابوڵ کردووە. ئامانەوی بە وردی پرۆژەکان نمی کەینەوە و بەند بە بەند یەکان لێک بدەینەوە. تەمیان هەڵنەگرین بۆ ترسینکی تایبەتی ترکە تیایا دڕوشمی (مافی چارەنووس) کە یەکێتی هەڵیگرتوە باسکەین و بە را وردی لەگەڵ ئەم ماوەمیەی لە سەر چارەنووسمان کراوە ئەکەین.

ئەوەی لەم نووسینە تامکی لەسەر دانێین مساومە پرنسیپە سیاسیەکانە کە یەکێتی لە سەرتای دامەزراندنیەوە جەماوەریان پێ فریو ئەدات.

مساومەکان

١ ـ مساومە لە سەر دڕوشمی دیموکراتیەت بۆ خەڵکی عیراق و دابراندنمی مەسەلەی کورد لە مەسەلە دیموکراتیەکان.

٢ ـ مساومە لەسەر چەندین شاری کرنگی کوردستان وەکو کەرکوک، خانەقین، زەنگار، شیخان، زمار، مندلی، جەلولا... هتد

٣ ـ مساومە لەسەر قەبول کردنی مەرجی رژیم بۆ چونە ناو جەبهەکەی رژیم

٤ ـ مساومە لەسەر لێبوردنمی گشتی بۆ بەندە سیاسیەکانی عیراق و کوردستان. ئەمش هی یەکێتی بە تایبەتی.

٥ ـ مساومە لەسەر ئازاد کردنی ئەو ٥ هەزار بارزانی کە لە

بیابان دا زیندان کراون.

٦ ـ مساومه لەسەر رازی بون بە وەزیرەکان و گەورەی جڤاتەکەی لە لایەن مەسئولینەوە یەکتیەوە.

٧ ـ مساومه لەسەر قبول کردنی پیشرایەتی یەکتی و پیشرایەتی سەدام

٨ ـ ئەوانەش هەموو یەکیتی رانەگیشتبە ناو ئەندامیەتی سەدام

٩ ـ دوای هەموو ئەوانەش مساومەلەسەر هەل کردنی چەزی پ.م.ک جگە لەو مەرجانەی رژیم سەپاندونی و یەکیتی ساری بو نەتوانەووە. رژیم چەندین قازانجی کاریگەری تریشی کردووە وەکو:

١ ـ سوران شیلی شەری دژی رژیم نیا نەماو یەکیتی ئیتر ناوچە مەترسیدارەکان پاس ئەنسات.

٢ ـ یەکیتی وردە وردە ئەکویتە ژیر دەسەڵاتی خود کردن

٣ ـ دەستە مو کردنی یەکێک لەمترسی پاشە رۆژیش ئەوینشتنەوە لەسەر ئەو ئاکوکی نیوان خیزی یەکیتی و رژیمدا

٤ ـ هەسکەری راکردو بەم چەشنەی ئیستا نامینی وجەرەحا فرو میلیسان لەناو بە کاردی

٥ ـ هەر بزار و سیاسەتێک، رژیم پیادەی کات بی بەرهەلستی یەکیتی نەکات.

جەبهەکەی رژیم و هەلویستی یەکیتی

لەسەر ئەوەی جەبهە هەلیەکی ئیجگار گرنگ و جارە نووس نەبو، بە پیویستمان زانی وەک خالیکی تایبەتی تیشکی بخەینە سەر.

جاری جەبهەی نیشتمانی بو وولاتانی وەکو ئیمە کیشەیەکە مشت و مری فکری زور لە سەرە کە ئایا هەل و مەرجی ئیستای عیراق و وولاتانی دونیای سیهەم بە هوی هەبوونی ئیمپریالیزم و موئسولە نویەکان (کومپانیا فرە ناسنامەکان (الشرکات المتعددة الجنسیة) جالجالوکە ئاسا دەستیان بە سەر بازاری وولاتانی لە سەر ئیمە و دوا کەوتوتر و زور پیش کەوتوتر بسەر لە ئیمە گرتووە، ئایبوری ئەو وولاتانەیان خستوتە ژیر رکیفی کومپانیا و یانەکانیان.

لەم وولاتانەدا دەسکە لە رووی ئابوریەوە شەرمەنی نیشتمان پەروەریان

له بورجوازی ـشه سازی (نیشتمانی) سەندوتەوە و کردوبانەتە پاشکۆی
ئەمینی ئاـ جیهان و وایان لیکردوون تەنگ هەرنەتوانن روله میژووییـه
کلاسیکـه ـه دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و سیستەمی کۆن دا ببەستن،
بەڵکە بونـه بە شێکی لە جیابونەوە تەداتوی ئوردوی سەرمایە داری
جیهان و جەوسێنەران • ئەمانەش بە هۆی پەیوەندی بەرهەم هێنـان و
مولکایەتی جەوسێنەرانەی دەوڵەتی و تایبەتیەوە ، بونەتە کۆسپ و ڕێگر لـه
بەردەم گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان و بە تۆندی و دڕی کۆیلەداران
و جەوساوەکـان خۆیـان ئەسڕن و بەجۆشترین ئاڤی دیموکراتی پوشیـوە
ئێکـەن •

بە نسبەت جوتیارانیشـەوە لە وڵاتانی دوا کەوتوداـ وەـ لە وڵاتێکی وەکو
عیراق بـ کورد ستانیشەوە ئەم چینەش بە هۆی کۆران و گەشە کـردنی
ئەملایەتی و ڕیفورمەـ (اصلاح) نشت و کاڵەـ بورجوازیە جۆرا و جۆرەکانـی
دونیای سیستەمی سەرمایەداریەوە • لە وڵاتانیکی وەکو عیراق بە تایبەتـی
پاش چڕاردەی ئەموزەوە (١٩٥٨) • ئەم چینەش بە هۆی بەدانی سیستەمی
دەرەبەگایەتیەوە ، وە بە هۆی زاڵ بوونی پەیوەندی سەرمایەداریەوە ، ئورانسی
گەورەیـان بە سەردا هاتووە و ناتوانین کرت و مت مەسەلەی جوتیاران بە
ناوەڕۆکی مەسەلەی شۆڕشی دیموکراتی بورجوازی شێوە کلاسیکـەکەی بزانیـن
هەروەها پەیوەستیان بە تۆڕێکەوە و لیدوان و لیکۆڵینەوەی زانستیانەیـە
بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی چەناییەتی شۆڕشی دیموکراتی ئەم سەردەمە بە وردی
تێبگەین و بەرنامەی بۆ دابنێین • ئێنجا بێین لەوە بکەینەوە چینەکانـی
کۆمەڵ چۆن کۆ بکرێنەوە و بیشرەوایەتیان چۆن بکـرێ •

ئیمە لای خوماندوە هەوڵمانداوە ئەم جۆرە لیدوان و لیکۆڵینەوانە بەشـداز
بین و دراسەی لەسەر بنووسـین بۆ ئەوەی هەمان پێکەوە پـ لە بیـرورا
دەربڕینا و پـ لە سەڵماندنی بیرۆڕای یەکترا ، ئەو گەشە فکری تیۆری ،
کۆمەڵایەتیانـە تێنوریزەی زانستیانە بکەین •

گرینگ جەبهـە ئەشـی و پێویستە وەهەم پێـویشە لەسەر باسەکەمـان
ئەوەین • تەجروبەی جەبهەی نیشتمانی وڵاتان سافیان کردوتەوە کە جەبهە
پێکەوە خەباتی چینەکانی کۆمەڵە لەسەر بەرنامەیەکی دیاری کراوی هاوبەش
دژی دوژمنـی هاوبەشـی چینەکـان لە قۆناغێکی دیاری کراوداـ کـە

بیرخەنجامی دوژمنی جەبهەخانە بە خەباتی هاوبەش تیک بشکێ و ئامانجی
نارەوایی بپێتەدی. لە عیراق ئەمرۆماندا کۆمەڵێک جەبهەی نیشتمانی پیداویستکەری
ئۆرنگیەکی لە ئارای سیاسەت دا هاتبێ، مەرزەی جەبهەی هێزە
چەپ دارو بی چەکەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراق بێ بە سەرکردایەتی حیزبی
بەعسی دەسەڵاتدار دژی رژیمی سەدام تا ڕووخاندنی. ئەو جەبهەیە لەگەڵ
خودی رژیمەکە بە سەرکردایەتی سەدام و حیزبەکەی کۆتا بۆ پاراستنی رژیم
و دوژمنایەتی کردنی دوژمنانی رژیم نەبێ. دیمۆکراتی
(جەبهەی یەکگرتوی کاری، کە خۆیا نوێنەرەوەی کاڕ خەباتی هاوبەشی
جەماوەری زەحمەتکێش و حیزبە سیاسی و ڕێکخراوە ئایدۆلۆژیەکانیانە لە پێناوی
داخوازی، ئامانجی دیاری کراوەدا. توانای هاتنە دی بێ لە ڕێی خەباتی
دژی بورجوازی و سەرمایەداری و حیزبەکانیان نەبێ. ئەك لە ڕێی هاریکاری
لە گەڵیانەدا سەرەڕای هەموو مەسەلەیەك).

جا با بزانین دوژمنانی ڕژیمی عیراق کێن و جەبهەکەی ڕژیمیش بە
سەرکردایەتی حیزبی بەعسی عیراق دژی کێ لە کاردایە.

ڕژیمی عیراق لە دوو بەرەی جیاوازدا دوژمنی هەیە، بەردیەکیان ناوخۆیە
بەرەکەی تریان دەرەوەیە.

لە ناو خۆدا ناکۆکی تونڈی ڕژیم لە گەڵ کرێکاران و زەحمەتکیشان و گەلی
کورد و گشە نەتەوایەتیەکان و دوستانیانە لە ناوچەکە و دونیادا
لە دەرەوەش، دوژمنی ڕژیم، عیراق و دوستانی عیرانە لە ناوچەکەو دونیادا.
جا بەعسی سەدام، خۆی و لەشکرەکەی، داوو دەزگا سەرکوت کەرەکانی،
جەیشی ناشەبەسی و جاشەکانی یەکێتی نیشتمان و ئاڤرەتان و قوتابیانی،
جەبهەی دەستکردەکەی تیکڕا ئەگەڕێن بۆ پاراستنی ڕژیم لەم
دوژمنانەی. ئیتر هەر لایەکی سیاسی ـ چەکدار، کۆمەڵایەتی بێ یان بچووك،
بە هەرڕێی بێ لاواز لە گەڵ ئەم ڕژیمە سەرکوت کەرە ڕیك کەوێ و بچێتە
جەبهەکەیەوە، بیەوێ و نیەوێ، ڕابوردوی چەند پرسێکدارێی، خۆی لە ژێر
هەڵپەردە و بیانوەکەدا بشارێتەوە، لە بەرەی گەل ئەچێتە دەرەوە و ئەچێتە
بەرەی دوژمنانی گەلەوە. بە بێ ئەوەی پاشە ڕۆژی ئەو لایەنەش بەم کارەی
ڕەشی کات لە پەلامارندانەوەی دەستە بەرێی.

ئەم چەند نمونە میژووییەش شایەتی حاڵن

١ ـ ١٩٦٨ ـ ١٩٧٠ بەعسی صدام لەگەل پارتی شورشگیری کورد ستان (جەلالی) ریك کەوت و سەدان رولەی کوردی پیکوشتن و پیبە کوشت دان ، دوایی لە گەل پارتید (مەلایی) ریك کەوت و ئاشبەتالی بە جەلالی کرد .

٢ ـ سالی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤ لە گەل پارتیدا ریك کەوت تا خوی گرت و لە گەل هشیع و عەزیز عقراوی و هاشم عقراوی ریك کەوت ،لە پارتیشی دا

٣ ـ سالی ١٩٧٢ ـ ١٩٧٨ لە گەل مشیع ریك کەوت و خستیە ناو بەرە شەوە و شەری دژی پارتی پیکردن ، دەیان ئەندامی پیبە کوشت دان و دەیان پیش مەرگەی پیکوشتن ، دوای بە درندەترین شیوە پەلاماری دان .

دوایی کە زانیان عەزیز عەقراوی و هەندی لە جماعەتەکەی نوری نیشتمان پەروەریان تیا ماوە ئەوانیش لیدران و ئەفرو تونا کران .

ئەو نمونە میژوییەیانە دەری ئەخەن کە ئەحالف کردن لە گەل رژیم وادا بی سود مە بەستولیەتیکی رەشی نیشتمانیە کە بە هیچ سیاسەت و هەلویستیکی تر ناسریتەوە . بویە بەکیتی بەهم مساوەمانەی کردونی و بەهم سیاسەتە نەرمە کەی مقاومزاتی ، بەهم مامەلە کردنەی بو چونە ناو جەبهەکەی رژیم چارەنوسیکی پر لە مەیب و عاری سیاسی چاوەڕی ئەکات کە بە هیچ جۆرێ ئەوە دادی نادات باسی ئەوە بکات گوایە (میثاق)ی جەبهەکە دەست کاری ئەکری و ئەگوری . پیویست بوو لە سەر جەبهە بەکیتی هەرخوی لە قەرەی ئەدایە و بی مناقشە و بی مامەلە و بی دانانی مەرج و قبوڵ کردنی مەرج جەبهەکەی رەت بکرایەوە ، ئەگەر راست بەکیتی مقاومزاتی بو پیشوو بان وەکو تاکتیك قبوڵە . بەڵام بە مامەلە کردنیان لە سەر چوونە ناو جەبهە دەری ئەخات گەر بە دڵنیان بی نامادەن بچنە ناو جەبهەکەی رژیمەوە ،کە ئەمەش ناوەڕوکی بی پیچ و پەنای بەکیتی دەرئەخات .

باسی جەبهە لەگەل رژیم زامان ئەکیشی بو سیاسەتی بەکیتی وهەلویستی بەکیتی لە سەر جەبهە لە کاتی شەردا و لە ناو (جەوتە)دا . هەتا دەری خەین کە بەکیتی چەند هەلبازە لە سیاسەتکانی و بی وەفایە لە ئەحالفاتکانی و رارایە لە بریارەکانی .

جاری سەرئەنجامی هەلەکانی بەکیتی و سوور بوونی لە سەر سیاسەتی سەربان کردنی تیارەکانی ناو خوو نامادە نەبوونی وەك پیویست بو چارە سەر کردنی شیاوی شەری ناوخو لە کاتی خویا .

لە کاتیکدا یەکێتی زاڵ بوو ، جەماوەر مانی ئەدایە پێش مەرگی لی شەهید کرابوو ، ریگەی هاتو چوو یارمەتی لی گیرا بوو . ئەم سیاسەتی سوور بوونی - مرپان کردنی یەکێتی رای لی کرد مەسئولیەتی شەری ناوخو وردە وردە بخاتە ئەستوی خوی و نەوەستانی شەڕیش لە چاوی یەکێتی ئەزانرا .

کە چی هەرکە یەکێتی وەزعی لاواز ئەبوو ، ئەکەوتە تەنگانە و ناگومیە لە سیاسەتی سەرپان کردن ، دەست بە جێ شەڕبەسی ئەوەستان و جەبهەی (١٩) قولیشی مسور ئەکرد .

جەبهە و جەوقەد پێش سەبارەت بە یەکێتی و بە تایبەت کۆمەلە نیشانە یەکێتیدا ، کۆمەلە ئەك وەك لایەنی مارکسیستی سەیری جەبهەو جوونە ناو جەوقەدی نەکردووە بەڵکە وەك هەمیشە ناسیونالیستانە و نازانستیانە هەڵی ئاچاری هاتوتە پێش ، دروشمی جەبهە زەنتر کراوە و دامەزراوە و وا ش بیونە ناو جەوقەد .

جاری ئەبێ ئەوە روشن بکەینەوە کە جەوقەد بە شوێ ئەو بارە نالەبارەی هێزە سیاسی - چەکدارەکانی کوردی خەبات ، پێش ئەوەی زەمینەی سیاسی تایبەتی ، پێش مەرگەیی ، عەملی و ئیعلامی خوش بکری ، بیرو کراتیانە هەوڵی دروست کردنی جەوقەد دراو دامەزراو بوبە ئەتوانین بڵێین هەم جەوقەد بە ئینتیلیجێنسیا لە دایك بوو ، وە هەم جود سەری هەڵداو دروست کردنی جەوقەد و سەر هەڵدانی جودیش کێشەی ناوخوی نەك چارەسەر نەکرد ، بگرە قولتری کرد و گەیاندیە ڕوخی خەتەرناکەوە و ئەوەندەی جەرگەد بە ئینتیلیجێنسیا توانای بزوتی هەبوو ، توانای یارمەتی و چالاکی هەبووە یەکێتی زیاتر لە هەمرو لایەك لە هەمور ڕوویەکەوە سوودی لیومرگرت و ئەو لایەنانەی خاوئاهەنگ لە گەل یەکێتیدا لە ناو جەوقەد مانەوە ، دژی ئەیارمانی یەکێتی بەرگری زۆریان ئەگرد و لە سەر حسابی یەکێتی لە گەل هیچ لایەکدا بچوکترین هەنگاویان نەئەنا . کە چی بە پێچەوانەوە یەکێتی چکە لەم مساومەیەی کردی ، بی وەفایی و رارایەکی سیاسی گەورەشی بەرامبەر حزبەکانی ناو جەقدی نواند و بی پرس پێکردن و بی گوی دانە بەڵێن و پەیمان نامەی نێوانیان ، میثاقی جەوقەدی زێر پێ ناوی مناوەزانی خوی کرد . ئەم جورە سیاسەتە ناشورشگیر و میکافیلیەش ناوەرۆکی سیاسەتی جەبهەوی وردە بورجوازی نۆزداریش دەر ئەخەن کە بە حساب ئەم چینە

هیشتا نه‌بەرەی نوێنەرایەتی دژ بە رژێمە لەبەر ئەم جیاوازییە سەرەکییەکە بەردەستی بە ئیکولینەوەی زۆر هێنا تا لە هەموو جێگەکانی کۆمەڵ و پێشڕەوی خەباتیان وردتر بینێتەوە و هەر بە خەیاڵ و قسەی خۆش دڕوشمی جەماوەر بەرز نەکەینەوە.

لە هەموو سەیرتر ئەوەیە رژێمی صدام کە تەراوێزی مێژووی بۆشەیی ڕەوشی سیاسی بە خۆیەوە نەدیوە کە چی لە ئەنجامی کارتۆنەکانی ئامادە نەبوە وا کوت و بڕ دەستیان لیهەڵگرێت و بە دڕێژایی مانەوەی هاوەڵانەکەی یەکێتی خەریکە ڕێم دەستیان لی هەڵگرێ، ڕژێم سوورە لەسەر دەستهەڵنەگرتنیان دیارە ڕێم لاوازی و نەرمی یەکێتی لە هاوەڵانەکە شک ئەبات بۆیە خۆی تونند کرتوە، ئەگینا ئامادەیە بۆ بەرژەوەندی خۆی، هەموان لە جوار سخە هەڵکێشی.

بەم کارانەی یەکێتی، تاوی مساومە و تاوی شەڕ و تاوی بەیەکەوە و تاوی شکاندنی بەڵێن، ئەم هەموو سیاسەتە رارایەیە، هەر ئەوە لە دوردەستانیشدا ئەسەلمێنێتەوە کە وردە بورجوازی ئەم سەردەمەدا.

ئەگەر چی خەبات بە پێش کەوتنیش، وەبیر و باوەڕەکەیان شۆرشگێرانە بێتەن بدەن، هەرگیز ناتوانن سەرکردایەتی شۆرشی دیموکراتی تا سەر بکەون و هەر بزوتنەوە و شۆرشی ئەمان سەرکردایەتی بکەن جارە نوسەکەی مانیفست و شکستان ئەبی. بۆیە لینینی مەزن لە کتێبی دوو تاکتیکی سۆشیال دیموکراتەکان لە شۆرشە دیموکراتیدا ووتبەتی.

(ئایا ئەتوانین لە مەرحەلەی سۆشیال دیموکراتیمان وە لە پەیوەندیەکان بە تاکە چینی تا سەر شۆرشگێر بەولێنیا بسوود وەرگرین. تابتوانین شۆرش بە مۆرکی چینایەتی مۆرکەین، تا بتوانین بە ڕاستی، بە کردەوە ئەڵ بە قسە؛ تا سەرکەوتن بڕەین تا بتوانین رارایی و ترسنۆکی و خیانەتی بورجوازی دیموکراتیک بەڵ بخەین).

کە وائە لە میژە (م.ل) درکیان بە خەتەری زاڵ بوونی بورجوازی وردە بورجوازی کردووە و بە کردەوە هەوڵیان داوە رارایی و ترسنۆکی و خیانەتیان بەڵ بخەن، ئەم ڕاستیە سەرانسەری دونیای گرتوتەوە و لە هەر وڵاتێکدا بە پێی ڕادەی ڕەوتی ڕووداوی وڵاتەکە لە درا کەوتوترین وڵاتە وە تا پێش کەوتوترین وڵات ئەگوڕی.

بۆیە وردە بورجوازیی قەیاڵی خاڵی چینەکانیان کەوتوون، سەرەڕای زۆرو زەبەندییان لە وڵاتانی رۆژاوا ییەست دا، کەچی بەر زۆر بیە ناناژن چونکە بەژانن پایەی ئابووری ئاوازیان بۆ کێشتن بە بەرامبەر چینایەتیەکانیان بریان پێ ناکات و سەردەمدەکە دەرەتی ئەوەیان نادات. بۆیە هەڵمەتی بە ناوی چەپ و بیری نوێ و (م.ل) وە. کرێکاران و رەنجدەران چەواشە ئەکەن و بەناوی چەواشەی چینایەتی ئەگرنە بەر. زۆر جاریش بە ناوی گەلی هەوی بابەتی لە دەسەلات بە دەر، بە هەوی ئارەزاتی جاوەڕوان ئەکراو، بە هەوی باش نە ناسینی جەوهەری سیاسەتی وردە بورجوازی و ئیك ئەدانەوەی وردی باش، رۆژان، بە هەوی نزمی ئاستی ووشیاری و کەمی تێگەیشتنی خەباتەوە وردە بورجوازی توانیویانە سیاسەتی خۆیان تێپەڕێنن و سەرکەوتوتر بن لە (م.ل) کان. ئەنجامی کۆن زۆر زوڕن، هەر ئوێنەی هەرەشە ئەکەی ((کۆمەڵەی رەنجدەران)) تازەترین نموونەیە کە ئەو حەقیقەتە زیندوو دەکەوە.

زیندووە. بەڵی لە ناو کۆمەڵە دا زوران و ناکۆکی چینایەتی، فکری، سیاسی هەیە کە دەبێ حیساب و ئەولی لێ بکرێ، بەڵام دەرفەتی ئەوە نیە ببێتە بیانوی زوران و ناکۆکی یاسکەری. ئەوەندە ئەوتسرێ، کە ئەم زورانە بە سەرکەوتنی وردە بورجوازی شکایەوە.

مارکسیسە ـ لینینیستەکانیش سەرەڕای پەیوەستی و هەوڵی زۆریان (بە پێی توانایان)، سەرەڕای پاراستنی قودسیەتی گشتی (م.ل) لە نزار بە شێوەی کۆمەڵە و کرێکاران و دڵسوزانی بیرو باوەڕی کرێکاران کە هەمووی ئەوانە بێ ڕیز و دڵسوزیەکی زۆرە بۆ ئەوانەی وەك (م.ل) لە ناو کۆمەڵەدا خەبەتیان کردووە و دوور کەوتنەوەشیان لە کۆمەڵە هەر لە پێناوی (م.ل) بووە.

بەڵام ناشێ ئەوە لە یاد بچێ کە (م.ل) کان ئەمان توانیوە وەك ئەرکی سەرشانمان بڕوە، لە ناو خەباتی دیموکراتی میللەتەکەماندا دەوری پێویستی خۆمان ببینین و ئەرکە کانی ئەم قۆناغە شۆرشگێڕانە بە ناو ئالا هەڵگرانی کرێکاران و رەنجدەران دا شۆر بکەینەوە. ئەمان توانیوە وەك پێویستێك ئیك دانەوەی وردیان بۆ مەسەلە ئابووری، کۆمەڵایەتی، چینایەتی، فکری یەکسان بکەین و دەوری هەر چینی لەم زورانە دا دیاری بکەین. ئەمان توانیوە خۆمان لە تەنسیراتی بیرو باوەڕی پێپولیستی (الستوبیە) بپارێزین، ئەوانەی هەموو هێندە هەڵمەر راستین پێویستیان بە دەست نیشان کردن و بە

خودا چونکه و راست کرد نکوبیه که همموو نتوانه و چهندین هسوی بابهتی تر
ووردهی بورجوازیان زال کرد و سهریان خست . کوتایی بهم راستیانه بهوه
ئهمینین که کاروانی حهبات و تیکوشان ،چهوساوهی چهنایهتی و خوین مژینی
نتهوایهتی بهم مهزهرات و ساوهسه و لادانه ووردهبورجوازی نیشتمانی
کوردستان له ناوهی شورشگیرانهی حهبات کوتایی نایهت ،بگره پتر
ئهبی و راستیهکان باشتر دهرئهکهوی ،تا کومهل دابهش بوبیته سهر
چینی چهوسینهر و چینی چهساوه ،تا زهحمهتکیشان له سهر حسابی بهله-
نگازهکان (ههژاران) بستریهن . یاسای ژیان و گوران و ناکوکیهکان ،بهرهو
خویان به چینی پیشرهوی کومهل که کریکارانن ، نادورینن ، کریکارانیش
له حهباتی نهستوتی خویان ناوهستن ،لینینیش ههزن ئهلی .

(ئهو ناخوشیانهی ری له سهرکهوتنی شورش ئهگرن زور گهورهن و لهو
دهسهلاتی حیزب کهسیکا نیه گللهیی له نوینهرانی پرولیتاریا بکات ئهگهر
ههر چهکیان له تواناداا بروه کردبیتیان ، و ئهگهر ههموو ههولیکیان له سهر
کابهردی بهرگری کونهپهرستان ، له سهر کابهردی خیانتی بورجوازی ، له
سهر کابهردی دواکهوتنی جهماوهر تیك شکابی . بهلام ههموان و ههموو کهس
- له پیشهوه پرولیتاری ووشیار - دژی سوشیال - دیموکرات ئهبن ئهگهر
توانای شورشگیرانهی کودهتای دیموکراتی نابوت کرد ،ئهگهر حماسهتهکی
شورشگیرانه له ترسی سهرکهوتن ، له ترسی لادانی بورجوازی نابوت
بکات) *

جا مارکسیستهکان له واقیعی ئیستادا توانای شورشگیرانه و حماسهتهکی
شورشگیرانه له ترسی بورجوازی نابوت ئهکهن یان نه؟ وولام دانهوهی ئهم
پرسیاره ،رادهی دلسوزی ،رادهی راستگویی ، رادهی ئازایهتی ، ئهمانهت
رادهی وهفا و جوامیری بو ههموو شههیدانی کومهله و شورش ، بو
عیدام کراوانی زیندان وه بو شههید کراوانی سهنگهر ئهملینی ههربه
وولام دانهوهی راست و دروستی روژگاری ئیستا دوا روژی سهرکهوتنی
کریکاران مسوگهر ئهکهین و ناهیلین حماسهتی شورشگیرانه له ترسی ووردهی

---

* - ئهم ووتهیهی لینین له ژماره (۲۷۸)ی لاپهره (۲٦) کوتاری (الهدف)
وهرگیراوه

بورجوازی دوراو (لەت سەرکەوتوش) تابوت بی .
ئەرمندەش ماوە بلیین گەر هیشتا یەکی مابی باوەری وابی کوەلە (م.ل)ە سەفە بیخەیتە پرلی یەکەمی سەرەتایی و گورانی (ئەی بولبولی پاساری) نیسر کەیین .

واقیعی ئیستا و ئەرکەکی سەرشان

پاش چەندین تەجروبەی گرنگی میژوویی ، پاش شکستی چەندین شورشی کوردستان لە سەر دەستی بورجوا ـ وورده بورجوازی ـ دەرەبەگ و شیخان پاش هیشتا ساریژ نەبوونی برینی قولی ئاشبەتالی خیانەتکارانەی (۱۹۷۵) هیشتا هەزاران بنەماڵەی شەهیدان بەرگی رەشیان لەبەر ، کە چی وا جاریکی تریش لە هەل و مەرجیکی تازەدا ، هەشت سال خەباتی خوێناوی قوربان بە مساوەمەیەکی هێنتیکە بە دەستکەوتێکی کەم بایەخ بە فیسرو نەدریت و خوێنی زیاتر لە چوار هەزار شەهیدی قوربان بەوە دەست بی هەڵدەگیری کە رژیم کفنی شەهیدە کۆڕاوەکان بە پەتی شەهیدە هێدام کراوەکان سەر لە نوێ نەدرویتەوە و ئیکانە بەری ئەو سەرکردەو سیاسە بورجوازیانەی کە میژوویان شایەتی حەقیقەتیانە و ئیستاش شەهیدای مقاوەزات و وازهینانن لە کۆری سەختی خەبات و لە میژینە زەمینە بۆ ئەم رۆژە ساز ئەدەن .

ئا لەم واقیعەدا کە وورده بورجوازی نۆژداری کوردستان سەنگەری نیشتمان پەروەریتی خۆی ئەرو خینی و دروشمی رووخاندنی رژیمی نەدرینی و پیچەوانەکانیان بنیسان ئەنی و ئەنووسی .

شورشگێرەکان ئەبی چی بکەن ؟ ملی رازی بون بۆ واقیعی تالی مساوەمەکە کەج کەن ؟ خەم و خەفەتی رومانیستانە بخۆن ؟ بی ئومیدی و بی هودەیی خەبات بلاو بکەنەوە ؟ خۆیان شەکەت پیشان بدەن و بیر لە ژیان و گوزەرانی تایبەتی بکەنەوە ؟

یا خود بە پیچەوانەوە ریبازی کول نەدان و بی باکی و پشوو نەدان ، گیانی مقاومەت و وورە بەرنەدانی پولایین بلاو بکەنەوە .

بێگومان ئەمەی دوایی راستە و شورشگێرە راستەقینەکان لە روو بە روو بونەوەی

واقیعی وادا ووردو درشتی رووداوەکان هەڵبەستنکین ، بە چاوێکی رەخنە گرانە لە رابووردوو ، ئەرکی ئیستایان دیاری ئەکەن و شاری خەباتی دوا رۆژیش دانەڕێژن .

پێویستە هەرێ چەنایەتی ، فکری ، سیاسی مساوەمەکە ئەو بالی میژووی چەنی مساوەکەرو مەسئولیەتی خوشیسان بەرامبەریان دیاری بکەن .

لە سەر ئەم پرنسیپە زانستیە ئەتوانین سەرکەوتنی دوا رۆژی کرێکاران و زەحمەتکیسان و میللەتەکەمان دیاری بکەین و دوژمنانی پرولیتاریا و ڕیبازە چەواشە کەرەکەیان ڕسوا بکەین .

بارو دوخی خەبات و هەل و مەرجی مساومەکە چەند واقیعی فەرز ئەکات پێریستیسان بە لێتوێژینەوەی زانستیانەیە بو دیاری کردنی شاکاری خەباتی ئیستا و ئایندە .

وا ئیمە ڕای خومان لە سەر وەزعەکە دەر ئەبڕین و ئەرکی خەباتمان لەسەر هەل و مەرجی ئیستادا دیاری ئەکەین بە ئومیدی ئەوەی لەمەو دوا بتوانین زیاتر هەلوێستی ئاشکرامان دابڕێژین .

یەکەم /

بەم مساومەیە ئەکەرچی کۆرزیکی کارێگەر بەر بزوتنەوەی میللەتمان کەوت و دوژمن قازانجی زوری لێکرد ، بەڵام بووە هوی وەرچەرخانێکی چەنایەتی بابەتی لە کوردستان دا بە وەی وورده بورجوازی و باوەر پی کراوانیان ئیتر پایەی سیاسی ، فکری ، نیشتمانی چەواشەی چەنایەتیان لە دەست دا ئیتر هیچ تیکۆشەرێکی ووشیار ، وورێا و دڵسۆزی ناو یەکێتی و کۆمەڵە و کوردستان بە قسەکانیان باوەر ناکات بەو ڕاڤ و ڕەزافی (م.ل) یان باوەر ناکەن ، بە بڕو بیانوی (کوردستانیەتی گەورە و) (مەسەلە کورد بەڵ مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیە) و (خصوصیەتی کوردستان) و (ڕامالینی داگیر کەران) و ... هتد ئەوەتا بە ڕاشکاوی لەو پەڕی کوردستانیەتی چوار پارچەییەوە سە ئەمپەڕی عیراق و لە پرۆژە پێش کەش کراوەکانیان بە ڕێبەر ئەڵێین (ناوچە کە بە شێکی جیا نەکراوەیە لە خاکی عیراق وگەلەکەشی بەشێکی جیا نەکراوەیە لە گەلی عیراق)

ئەوەتا بە ڕاشکاوی (کۆمۆنیزم و کۆمۆنیست و حیزبی ناوی کۆمۆنیست بی) بە گەر و گۆل ئەزانن . لە بەرامبەر ئەم بوچوونانەش بە شێوەیی خترکەی بیرویاوەری

(سۆشیال دیموکراتەکان) ئەدەن و ناراستەخۆ بڵاوی ئەکەنەوە و پەیرەوی سیاسەتەکانیان ئەکەن . هەر هەموو ئەو راو بۆچونە بورجوازیانە هی دژە کۆمۆنیستەکانن ، هی ئەوانەن خراپتر لە ساوەیان لی ڕەچاو ئەکری .

لە بەر ئەم واقیعە فکری ، چینایەتی و سیاسی یەی ووردە بورجوازی نفوز داری میللەتەکەمان تێی کەوتون ،ئیمە دڵنیاین ڕویان نەکزی و لاوازی ئەبێ .

لە بەرامبەر یشیاندا ،کرێکاران و بێبرو باوەڕە مەزنەکەیان ڕوو لە گەشە کردن و سەرکەوتن ئەبێ . ڕێزی چینی کرێکاران لە ڕێزی چینی بورجوازیەکان جیا ئەبێتەوە و ئیتر ووردە بورجوازی ناتوانن کرێکاران و ڕەنجدەران چەواشە بکەن کە بە واقیعی (کۆمەڵە) هەستا ڕادەیەکی زور توانیویەتی چەکی چەواشە بە کار بهێنی و بە ناوی کرێکاران و (م.ل) وە دژی کرێکاران و م.ل زور ئیشی کردووە (ئەگەر چی نەشی توانیبێ شورشگێڕە ڕاستەقینەکان چەواشە بکات) دڵنیام .

ئەو وەرچەرخانە چینایەتیە بابەتیە ،حەتە بە هیچ چەشنی ، دوو دڵی و دڕدۆنگی لە دڵی مارکسیستـ لینینستەکانی ناو یەکێتی ،کۆمەڵە ،کوردستان نەهێڵی بێبرو باوەڕی خۆیان ،بوچون و ڕیبازیان ،هەڵوێست و سیاسەتی چینایەتیان ،لیبراوان (قاطعانە) لە هی بورجوازیە ناسیونالیستەکان جیا بکەنەوە بۆ ئەوەی بەم جیا کردنەوەیە ڕێزی کرێکارانی ناسەر شورشگێڕ و بێبرو باوەڕە کۆمۆنیستیە مەزنەکەیان ،لە پەڵەی هەڵپەرستانەی ووردە بورجوازی پاک کەنەوە و بپارێزن . بۆ ئەوەی سنووری دوور لە یەک و دژ بە یەکی کرێکارانی کوردستان و ووردە بورجوازی کوردستان مانیفەست ئاسا جیا بکەنەوە . چونکە بەردەوام کۆمەڵە هەوڵی داوە و ئەدات ئەم سنوورە دژ بە یەکە تێکەڵاو کات و لە قالبی بەرژەوەندی یەکە چینایەتیەکانی بسەلمێنات . بۆیە ڕیشەکێش کردنی دوو دڵی و خو ڕزگار کردن لە تەشیری ناسیونالیستانەی ووردە بورجوازی ،لە میکانیلیمێکەی ،دیماگۆگیەتەکەی ، هەڵپەرستیەکەی ، وایان لێئەکات نەک هەر نەتوانن یاری و دەستی دەستی بە بێبرو باوەڕی کرێکاران بکەن ، بەڵکە لە بەرامبەر کرێکاران و بێبرو باوەڕەکەیاندا ئەکەونە پاشەکشە و ڕەنگە جارجارێش تێنیان بکاتی ،دەگەی نامەردانەش (وەکو شەهید کردنی ووریا و وستا وەهاب) بوەشێنن .

جیا کردنەوەی ڕیبار و سیاسەتی ئیمپڕیالیزم و ڕەجعەت ماڵ

تاریکی

سەختە

لە ناو گەلی کوردستان دا، کە دەیان سال لەژێر چەپۆکی خوێنڕشتن و وێرانکاری و کوشتار و گیان بازی، لە دروست بوونی جموجۆڵ و هەڵسوڕانەوەی بەهێز لەپێناو سەربەخۆیی کەوتبێکی ئەوتۆی نەدیوە. هەر جموجۆڵ و جمجمێکی هاتبێتە گۆڕێ، لەوەی پێشتر باشتر مژدەی ڕزگاری و ئازادی نەداوە. لەمیژە ئەم نیشتمانە دوژمنی سەرسەختی مافی ئینسان و مال وێرانی دیسان مەیدانێی بەرهەمی پڵانی خۆی چۆڵ کردووە.

واقیعی بابەتی هاتووە، پێشی ئێستا، مەسەلەی "مەلا و مەکتەب" لە مەیدانێدا چۆڵ نەکردبێت. چەپکەیەک گەنم کردنەوەی ڕیبازی کۆمەڵگەرانی لە ڕیبازی چەوانەیی ئیقتاعیی ئەوپەڕی مەحافزەکار و ڕەجعەتی دوورە دێرەوە. بەڵام زۆر ڕەقتیکی زۆرانی و دوستوویسی شۆڕشگێڕانەیە شەپۆلی ئەوان و پێشتر کۆمەڵایەتی، بیدا و ویستی بڵاوبوونەوەی چەپاندنی زۆرانی چەوانەوەیی بووە هۆی ئەوەی هەوڵدەدەن و هەوڵ دەدا، ئەم ئێستا بەردا ڕێنی لە بەرەی دژ تێرۆڕیستیدا بەیەکەوە بێت. هەر هیچ نەبێ بڵێین ئەوانەی لە ناو بەکێتی و کۆمەڵەدا زۆرانی دەرامەتی لە کۆیەکانەوە دەرەنجێدەوانن، بە تەنگەتاقێتر و ڕاستتر و شۆڕشگێڕانە بڵاڕستەنگ بەرەکەوە هەڵگرن چونکە ڕاستەقینەی مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان پێشوو نەدانە تا بەر قسەزانی چینی کۆمۆنیزم.

سیهەم //

سەبارەت ڕووداوەکانی بکەمین چۆن پەیدا بوون و گەیشتنە چی، سەرەتا ناوچەکانی عیراق "کوردستان"، ڕژێم و بەکێتی و لایەنەکانی تر بکەمین، هێزەکانی بکەمەوە و حکومەتی بە هەڵدەدا نێمەمین، واقیع لە ڕاستە بکەمین لەسەر ئەکەری قەت ڕژێمی صەدام، ڕژێمێکی لەمەوپێشتر صەدام بە قەدەر ئێستای ڕژێمی صەدام لاوازتر نەبووە و تونێی شەڕ و شۆڕشی هەبووە و چەکەتەی چۆڵەوێ نەبووە. بەڵام چونکە هێشتا جگە لە کوردستان هاوچەکانی تری عیراق بارێ بابەتی و خۆیی بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش پێکنەهێنابوو و ڕژێم زاڵە و سەرمای بۆنی بەکێتی و هێزەکانی و چەڵەوەکەی و لایەنەکانی تریش، بۆ ساڵانێ پەکی نەکەوتبێت و لایەنەکانی چەند نفیسی ڕژێم ئامادەی هێچی تری نەبوو وا بەکێش تا ئێستا هێنا و حەقیقەتی خۆی دەرخست. بەڵام ئەو حەقیقەتە زیندووە و بەدەم ساڵەوە پتەوتر بووە کە،

بەبێ بزوتنەوە و ڕاپەڕینی کرێکاران و جەماوەری سەرتاپای عیراق بە عەرەب و کورد و کەمە نەتەوایەتیەکانەوە بە سەرکردایەتی حیزبی پێشڕەوی پرولیتاریا ڕوخاندنی ڕژیم خەون و خەیاڵە.

بەبێ ئەم بزوتنەوە ڕاپەڕینە حیزبە پێشڕەوەی کرێکارانیش، ڕژیمێکی دیموکراتی کرێکاری (دیموکراتیکی شۆرشگێڕانە) بەرقەرار ناکات.

بەبێ بەرقەراربوونی ڕژیمێکی دیموکراتی کرێکاریش، داچین کردنی ماڵی چاڕەنووس بە کورد و ماڵی ڕەوای کەمە نەتەوایەتیەکان ئایەتە دی.

ئەوەش پەرتسیپێکی لینینی یەسە میزوو ساغی کردووەتەوە و هەتا دێت واقیع زیندوتری ئەچەسپێنێ، گەر نەڵێ هەشت ساڵ بگرە هەشتا ساڵی تریش وودەم بورجوازی سەرکردایەتی بزوتنەوەی میللەتەکەیان بگات و خەونی زەردو سووری (ڕۆژئاوا و ڕاماڵین) بڵاو بکاتەوە، ئەم ڕاستیەش لە حاڵەتی کودەتا و ڕیفۆرمی تایبەتیدا ناگۆڕێ.

چوارەم /

بورجوازی حاڵی سیهەم نەسرچاوەکەی سیستمی ئابووری زاڵ و واقیعیی سەدەلایەتی ئیستامانە-کە ئەتوانین بڵێین هێزەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندی بەکانی بەرهەم هێنان لە کورد ستانی عیراق دا، سەرمای پاراستنی هەندێ سیمای تایبەتی خۆیان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری وڵاتەکەی بە سەرا زاڵە.

چینەکانی کورد ستان، بێ ئەوانەی لەگەڵ ڕژیمدا ڕووبەڕوون و چەوسێنەرن، وە بێ ئەوانەی لە بەرەی گەلن و چەوساوەن، لە چوار چێوەی سیستەمی ئابووری وڵاتەکەدا ئەچەوسێنرێنەوە.

بۆ نموونە بورجوازی پیشەسازی کورد ستان، تویژێکی کەم و کەم بایەخیان نەبێ سەربەخۆری یەکجار ماوە لە مەیدانی ئابوریدا، باقیان وەکو چەن لقێکی نشتەرەی چینەکانی گەورەی پاشکۆی ڕاستەوخۆی ڕژیمن و لە خانەی چەوسێنەران ئەژمێرێن.

کرێکارانی کورد ستانیش بە شێوەی کەمیان نەبێ لە کەرتە ئابوریە تایبەتیەکانی کورد ستاندا کار ئەکەن، ئەمیش لە ژێر تەشەری ڕەوتی ئابووری وڵاتەکە، باقیان کە زۆرەن و زۆربە کارێگەرەکەن، لە کەرتە ئابوریە گشتی، یە (الخط

العام) ا هیزی بازویان ئەفروشن و لەگەل باقی کرێکارانی عیراق
لە رووی ...) نەتەوە لە رووی نەتەوایەتیەوە) بەرەی چینی کرێکارانی
چەوساوە ... رەی چینی سەرمایەداری چەوسێنەر پێک ئەهێنن.

وانە ناکۆکی بنچینەیی و سەرەکی نێوان کار و سەرمایە نە عیراق دا، ناکۆکی
توند و تیژی نێوان سەرمایەدارانی دەولەتی عیراق و پاشکۆکانیانە لە لایەک
وەک کرێکارانی عەرەب و کورد و کەمە نەتەوایەتیەکانە لە لایەکی تر.

لە واقیعی ئابووری و ناکۆکی نێوان کار و سەرمایەی وولاتی وادا لە
سەردەمدا، ناکرێ مەسەلەی میللەتەکەمان وەک میللەتی ژێر دەستە ئەگەر
چی بە هیچ شوێنێکی بورجوازی نەتەوەی سەردەستە و چەندین هێزی
تر وەک بزوتنەوە میللیەکەی بە هێز بی و پێویستە لە روانگەی پرولیتاریا و
هەلسەنگێنەری و دوا رۆژی دیاری بکری و حسابی پێویستی بو بکرێ، بەڵام
لە رووی زانستیەوە وە لە روانگەی چینایەتی پرولیتاریەوە ناکرێ ئەم مەسەلە
میللیەمان لە سیستەمی ئابووری و واقیعی چینایەتی وولاتی جیا بکەینەوە کە
دەیان ساڵە میللەتەکە ئەمانی گرنوتە خۆ.

ناکرێ (م.ل) کوردستان بە کرێکارانی کوردستان بلێین ئیوە ئەبێ
بیرتان لای مەسەلە نەتەوایەتیە کەو کوردایەتیەکە بی و حەقتان بەسەر
پەیوەندی بەرهەم هێنان و سیستەمی ئابووری و رۆژانە چەوساندنەوەی چینایە
تیتانەوە نەبی، کە لە راستیدا ئەساسی چەوساندنەوە نەتەوایەتیەکەیە و
بەستراوەتەوە بە سیستەمە ئابوورییەکەوە.

ناکرێ م.ل کوردستان بە جوتیاران بلێین کۆی مەدەنە ئەوەی سیستەمی
دەرەبەگایەتی لە کوردستان دا بە هۆی گورنکاریەکانی عیراق و کوردستانەوە
هەڵ ئەلاتەوە؟ ئیوە کوردایەتی بکەن ئەگەرچی ئەم کوردایەتیە وەکو بزوتنە
وەی نیشتمانی سەردەمی کۆن ناوەرۆکەکەی کوت و مت مەسەلە جوتیاران
نیە. ئەمە دژی زانستی گەشە کردنی کۆمەلایەتیە، دژی لۆژیک و پرنسیپی
ئەساسی (م.ل)ە، مراندنی ناوەرۆی مارکسیزم و قبول کردنیەتی بەو مەرجەتەی
تەواوی ناسیونالیستەکان پێی رازی بن و سەربە خۆی کرێکاران نەهێلن.

بێگومان لە هەمان کاتیشدا ناکرێ (م.ل)کان تەنها بایەخ بە لایەنە
تیۆری و چەناببەتیەکان بدەن و لە رووی پراکتیکیەوە خەباتی دیموکراتیانەی
تەبوی میللەتی ژێر دەستە کە میللەتی کوردمانە، بو وورده بورجوازی و

پاشماوەی باقی چینەکانی کۆمەڵ بە جێ بهێڵن ، پەیوەندی نێوانیان
نێوان ناکۆکی بنچینەیی کار و سەرمایەی واقیعی ئێستای عیراق و مەسەلەی
میللەت زیر دەستەکان ، کە چوار چێوەی سیستەمی ئابووری وڵاتەکەو پێزبەستە
سەر بکری و ناکری هیچیان نە بنچینەی ئابووری وڵاتێک بوو نە مەسەلە میللیەک
نە سەر حسابی یەکتر حسابیان بو بکری ، تەنانەت لە ڕووی سیاسیەوە ، وە لە ڕووی
نەتەوەیی و دیموکراتیەوە مارکسیستەکان ئەبێ خۆش لە بەر
چاو بگرن کە تەڕەب و کورد لە عیراقدا ، هەر لایەکیان بمێنێن لە نەتەوەی
کوردی دابەش کراویان کە هێزای یەکگرتنەوەیان لە نێوان دا هەیە ، هەر کاتی
جیا بونەوە و بەکگرتنەوە هەر نەتەوەیەکیان لە تازانبی جۆرێتنەوەی بابەتیی
کردی کێشکاران و سوشیالیزمدا هات کوری ، وە ئەگەر ئەو جیا بونەوە یەکگرتنەوەیە دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستان بوو ، ئەوا ئەرکێکی مارکسیستانەی سەر
شانی مارکسیستانە بێ چەند و چون پشتگیری ئەم جۆرە جیابونەوە و
یەکگرتنەوەیە بکەن ، بە تایبەتی ئەرکی سەرشانی مارکسیستانی نەتەوەی سەر
دەستە لە هەمبەر نەیوڵاتانەی کوردستانیان بە سەرا دابەش کراوە پشتگیری
ئەم جۆرە جیابونەوەیەی کسورد بکەن ئەگەر لە ڕوانگەی پرولیتاریا وە هات کوری ،
هەروەها لە بەرامبەر ئەو ئەرکەی مارکسیستانی نەتەوەی سەر دەستە ، ئەرکی
سەرشانی مارکسیستانی ئیمەی نەتەوەی زیر دەستیش ئەوەیە گیانی یەکگرتنەو
و یەکێتی چینایەتی پرولیتاری بلاو بکەینەوە و خوبان لە دەمارگیری
نەتەوایەتی و ئۆتۆمگیری ناسیونالیستانەی نەتەوەی زیر دەست ڕزگار کەین و
تەنها بەم گیانە مەزن و ڕوحیەتە پیرۆزەی فەلسەفەی مارکسیزم ـ لینینیزم
ئەتوانین بەستەڵەکی دروست کراوی بورجوازی شۆڤێنستی نەتەوەی سەر دەست
و نەتەوەی بن دەست بتوێنینەوە و ڕوبە ڕوی ئەرکەکان بنێینەوە .

پەیوەندی دیالکتیکی مەسەلەی کورد و خەڵکی عیراق بە تایبەتی کرێکارانی
کورد و باقی کرێکارانی عیراق لەو ڕاستیانەوە دەر ئەکەوی و تەنها بە سوزی
نەتەوایەتی پەتی ناتوانین ڕاستی ڕاستی چارنووس نمای وا پێشێل بکەین ،
ئەوانەی پێشێلی ئەکەن وخەڵکی ئەبێ بە بیانووی ئەوەی مەسەلەی کورد یەک
مەسەلەیە و هەر ئەبێ یەک ستراتیجی بو دابنێین و ئەوەش کورد ستانیەتی
سەرناسەری یە ، ئەوانە ناسیونالیستە گۆڕەکانن کە بەو جۆرە سیاسەتانە
ڕێگا بو خۆیان خۆش ئەکەن بو ئەوەی بە ناوی بەرژەوەندی تەسک

ئەوایە ، خوبان وازی بە رووداوەکان بکەن و ئاچنە ژێر
باری مە ڕانەچن چنایەتی ڕاستەقینەوە ، چونکە ئەم جۆرە مەسئولایەت
دەرفەتی ان لی ئەگری و ڕێگەی فرۆفیلیان لی دا ئەخات . عەر
بۆیەش لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەلە وە تا سیهەمین کۆنفرانسی بە تۆندی
دژی هاوخەباتی مارکسیستەکانی کوردستان و باقی مارکسیستەکانی عیراق
بوون ، بەڵام بۆ هاوکاری بورجوازیانە ڕازی بوون و بە ئەرکی خوبان ئەزانسی.

پێنجەم /

دوا خاڵمان ئەوەیە دان بە ڕاستیەکی ناڵ دا بنێین ، ئەویش ئەوەیە کە لە
هەڵو مەرجی ئیستادا ، وەرد ، بورجوازی نفیزداری میللەتەکەمان ، ج مساوەد ،
کە یەکسان وە پێ ئیوزبەونەکان ، قۆناغەکەندن ، هەر لایەکیان دەستیان بە
سەر بەشێکی گرنگی کوردستان دا گرتووە و سوورن لە سەر سیاسەت و هەڵویستی
خوبان ، ئەزمەتی بەرژ ەوەندی چنایەتیان ئەکەن . ئەوان لە هەرمەوقیع
و سەنگەریکدا بن ، چون ماقیان هەیە کام سیاسەت هەڵ ئەبژێرن دوبر لە
بەستی جەماوەریش بێ پیادەی بکەن . مساوەد ، سەرکردەوە ، شەری ناوخۆ
ی ئیران ئەماوان کردنی ناوچەکانی کوردستان ، دوسایەتی ئیران . هتد
یکسەکانیش کەم بۆ بان زۆر ، هێزیان بۆ یان نەبی تەواوی ماقسی
وکراتی خوبان پێویست بە دل و بە گیان بەرزین و بیر لە چارەنووسی
خوبان و ڕیبازەکەیان بکەنەوە . ئیمە پێمان وایە بەم پەرش و بلاوییەیە ، بەم
مرتەوازییەیە ، بەم لە یەکتر نزیک نەبونەوەیەی م.ل کوردستان و عیراق و
ڕاچەک و دونیاش زەرەری (م.ل) و تازانجی دوژمنە بورجوازییەکانی تیایە .
بێگومان لە کۆڕە پانی ئیستادا ، هێز تەیار و گرێچکی (م.ل) بە کەم ، نە
بە فکرو سیاسەت ، نەی توانیوە پێشڕەوایەتی خوی بسەلمێنی ، بۆیەمان وایە
زەمینەی دروست بوونی یەک ڕیکخراوبش لە کوردستان و عیراق دا هێستا
لە بار نیە ، بۆچونی جیاوازیشی زۆرە . بەڵام وێرای ئەو ڕاستیانە هەڵبەتە
چەند خالیکی یەکانگیریش هەیە هەموو لایەکمان کۆبکاتەوە و لەسەر بەرنامەیەکی
سیاسی هاوبەشی ئەم هەڵ و مەرجە کۆ ببینەوە .

هەر لە ناسینی ڕژیمەوە ، تا ئەگاتە سەر ئامانجی کریکاری و ئیمان بە سەرنا
کشتی بەکانی م.ل و ناکۆکی لەگەڵ دوژمنانی م.ل .

ئیمە ئەوانە بە ئەرکی پێویستی سەرشانی خۆمانیان کە لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە لەبەردان و ڕێگا گرتن • ئەم ئەرکی سەرشانمان بەشێوە لەبەکی حەساسە و تەحەدای مسۆلانەی ئەوی : لە خۆمانی ئەوی بسو ئەوەی وبسرای پارتیش سەرجەمی هەر لایەک هەموو لایەکیش نزیک بکەینەوە و لە سەر بەرنامەیەکی سیاسی ڕاوەستن بکەوین •

بەڵێ ئێمە بینیمان و هاوڕێیانە دەستوانین سەر بەرچی هیرشی ڕژیم و بەڵاساری هەر لایەک بدەینەوە کە بیەوێ مافە دیموکراتیەکان لیبرێت کات و هەر جەستەی چالاکێکی خوێنی بەدەنەوی لی قەدەغە کات •

بە ڕاشکاویەش ئێلیین لەبەر ئەوەی ئەم ساوەمە پیداویستی بابەتی وەک جوڵاو جۆرەکانی عیراق و کوردستان نیە بۆیە پەیان وایە هیچ لە ئارەزوی ڕاقیعی نیشتمان ناگوڕی ، بەڵکە ڕژیم دژتر نەکات و وردەوردەی ئازاد کەین • ئەوەتا چەند ساڵێکی تاسەی لە ئەرشەی ڕابەرایەتیدا ، لە بەرچاوی ی • ن • ك دا پێشڕەوی سیاسەت بەپێی دراوەتە سەر خوێندکاران و سەدانی لەسەی دەرکردن و سزای قورسی دان بەسالی خوێندنی لە کیس دان • بەرباوترین شالاو بۆ سەر سەرمەزی ڕاکردووە ، هەژاری لێکردن و دەیانی لی نیدام کردن • بەیان نەدانی لایەنە سیاسیەکان کە بەکێتی داوای لێبوردنی گشتی بسو لەردن ، نیدام کرد و بە پێچەوانەی سیاسەتی پێشووی ، ئەمجارەیان لەبەر ئەوەی بەڵێنی) تەرەکانیشی نارد بوە کوردستان • خەڵک بە زوری زوردارێ هێنرا (جاشی ناشەرەفی) هەزاران جاشی سوکی دروست کسرد ، بەیان هەڵسەری ئازادی خوایان بە بیانوی کودەتا کوشست • چەندین دەسی (م • ل) بە ناوی (کارگەرانەوە)گرت و دڕندەترین هەڵکوتیەکانیان ئەدات ، جگە لە کرتنی بە ئەم ی • ن • ك و ئیهانە و سوك کردنیان • هەموو ئەو کارانەی لە کاتی شۆڕشدا دوژمن ئەی وێرانە بیان کات و ئیستا زۆر بە بەرچاوی بەکێتیەوە پیان هەڵدەستی • بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەو کارانەی ڕژیم و ئەم بی دەنگیەی بەکێتی بۆیەوی سیاسەتی ڕەشتر و خراپتری لەمەو دوایە کسە (م • ل) پێریستە حسابی وردیان بو بکەن و لە هەموو ڕوویەکەوە ئاگایان لە خۆیان بی و بە هەناوی بەکترەوە بچن ئەو ئەوەی بتوانری ئالای خەباتسی چەپایەتی بەرز بکرێنەوە • بو ئەوەی بتوانری بەم ئزیت بونەوەیە لە سەر گەلسی

ەلەی ئا ،ئوپەلایەتی ،دیموکراتی ،ئەنجوومەنی لیدوان و گفت
وی تیرو بکری و هەموو لایەک بەشداری تیا بکات ،هەتا دوای
شۆرشی د ر و لیکۆلینەوەیەکی وورد لە پاشە رۆژدا بەرنامەی چینایەتی
ربازی سیاسی، بو کێشە چینایەتیەکان و مەسەلەی میللەتەکەمان و خەباتی
موکراتیانە دیاری بکری.
تیژای ئەو کێشانەی کەوەل ،تیکرای ئەو پووپستیانەی ئەرکی سەرشان
رنامەر سەر شاری، پرولیتاری شۆرشگێرانە

بو پێشەوە

بە هیوای دوا رۆژی سەرکەوتنی کریکاران و زەحمەتکێشان
ژیر کەوتوو بی سیاسەتی مساومە خوازی
سەرکەوتوو بی خەباتی شۆرشگێرانەی کوردستان
بژی سوشیالیزم ،
بژی ئوپۆزیسیۆنی چەپی عیراق .

شالاوی شۆرش

نساولیتانی
چاپخانەکەمان !

خوینەری بەڕێز ...


ئێستا لە هەموو کاتی زیاتر مارکسیستەکان پێویستیان بە بەرهەمی نووسراوو چاپخانەی ڕێک و پێک هەیە چونکە دوژمنە هەمە جۆرەکانی کرێکاران، دوژمنانی مارکسیزم، زۆل و بە تەوزن ، هاوەن پارە و پوڵن، ئیسکە و چاپەمەنیان هەیە ، لودرەتی چەکدارییان گەورەیە.

مارکسیستەکانیش تەنها و تەنها بیر و باوەڕو کول و نەدان و ڕێکخستنیان بە دەستە تا بتوانن دەنگی خۆیان بە ڕاشکاوی و بەردەوامی بگەیەنێنە کرێکاران و زەحمەتکیشان و ڕێبازە ڕاستەکەیان بلاو بکەنەوە. ئەمش بە بێ چاپخانە و چاپەمەنی هەرگیز ناکرێ. بۆ ئەم ئەرکەش (ئالای تۆڕش) توانی بەهێز توانا چاپخانەیەک دامەزرێنی بە ئومێدی ئەوەی ببێتە بناغەی داهێنانی چاپخانەیەکی مودێرن لە پاشە ڕۆژدا.

بۆ ئەم ڕاپەڕین و یادی ئەو قارەمانانەی لە سەختترین ڕۆژگاردا بە جوانە مەرگ کردنی جوان تەلعەتی سامناکی مەرگیان بەزاند و بە جەماوەریان ووت کرێکاران شۆڕشگێڕترین چینی کۆمەڵ ڕێکخستنەکەی ڕێی دوا ڕۆژی تەخیلتنی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکن.

ناوی چاپخانەکەمان بە ناوی ڕۆلیەکی تەری چینی کرێکاران، بە ناوی کرێکارێکی مارکسیستی شۆڕشگێڕەوە ئەنیین، کە لە دێی (مازان) لە دایک بووە ، لە هەنجەت پەروەرد بووە، لە سلێمانیدا کرێکاری کردووە، لەم شۆڕشەشدا یەکەمین ئاوڕی پێش مەرگەی کۆمەڵە بووە، گوڵی ئەمەد هەڵگرەڕێوی داوە لە ڕۆکی میژووی نوێی ئەم شۆڕشە. ئەویش شەهید(ئاتیح ئیبڕاهیم حەمەدەمین) کە لە دێی ئاینجەدا لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا ئەنگاوتڕا و نەیویست میژوو بەدیل گرتنی کرێکارێکی پێش مەرگە تومار بکا و ئاشیستەکان شانازی بە گرتنی مارکسیستێکەوە بکەن. بۆیە بە دەستی خۆی گوللەی شەرەفی یەکەم شەهیدی ئەم شۆڕشەی نا بە خۆیەوە.

پێشکەش وایە ڕۆژنیە و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کرێکاران و زەحمەتکیشان و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان باشیان لە بیرە، کە دوای ئاشبەتاڵ هەرچی باوەڕو هیوا بە وورد بیرخوازی و پاشماوەی باتی چینەکانی کۆمەڵ ئەمابوو



لە ئەرشیفی (سامی هادی) وەرگیراوە

١

ئەی کرێکارانی دونیا یەکگـــــرن !

نەنامەی تیۆری ... بەشی یەکەم

قۆناغی وەرچەرخاندن

(درێژەی زانستیانە ، خەباتی شۆرشگێرانـــە ، ڕێکخستنی پۆلایـــانە)

لە درێژەی زەمانەوە کاروانی ڕوشنبیـــری و زانیاری میللەتەکەمان بزوێنووە ، کاروانیش قۆنـاغ بە قۆناغ بە پێی یاسای گەران و گەشە کردنـی کۆمەلایەتی لە ڕەوتـی تایبەتی کورد میژوودا لـە وەرچەرخانە جیاجیاتەکاندا وەچانی جیاجیاتـی سیستەمی تایبەتی قۆناغەکەی داوێن ڕەنـــگ و بەرگی گۆڕیوە و تەنانی بە پێش کەوتنە کۆمەلایەتـی

داوه و بەردەوام لە گۆرانا بووە و گەر بیست و
ڕەوتی گۆڕاوی ڕۆشنبیری قوناغەکان لەبەر
چاو بگرین بومان ساغ ئەبێتەوە کە لەو
ڕۆژەوە بە پەندی پێشینیان و حیکایەت خوانان
یەکەمین هەنگاوی هەڵهێناوە تا چاخی
ڕۆژنامەگەری کوردی و فەرهەنگی جیزابەتی
جۆراوجۆر،

هەر قوناغی ئاکار و ناتاری چەن ڕاڵی
قوناغەکە و چەندانی تریشی پێوە دیارە بەڵام
ئێستاش نەتوانراوە وەک پێویستە ڕۆشنبیری
و زانیاری کۆمەڵایەتی لە کوردستان‌دا پاک و
پێس بگری، تا بزانری چەوسێنەران بۆ
درێژە پێدانی چەوساندنەوە چیان بۆ خوێان
هەڵبەستووە، چەوساوەکانیش بۆ نەهێشتنی
چەوساندنەوە چیان ووتووە.

بەڵێ جارێبار نووسەری، دڵسۆزی، زەحمەتکێشی
لەم حیزب و ئەم حیزب‌دا هەم نووسیوە و
ئەو نووسین‌دا هەوڵیان داوە ئەم ئەرکە

بگرنه ئەستۆ، بەڵام بۆ کەس و هیچ دابوونەزە-
کایەکی سیاسی ئەرکی وا نەچوتە سەر،
چونکە ئەرکەکە گرانە و بەبێ نوێنەری راستەقینەی
کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەراهم نابێ،
تەنانەت بەم جیزبەش ماوەیەکی زۆرو کۆششێکی
گەورەی گەرەکە.

ئەم حالەتی تێکەلاوییەی رۆشنبیری چینایەتی
و نەبوونی نوێنەری راستەقینەی کرێکارانە هەمیشە
بورجوازی بەکان قازانجیان لێکردووە و تا
ئێستاش زەمینەیەکی سازە بۆ چینە زاڵەکان
لە رووی سیاسیەوە بیقۆزنەوە و هەرامەکانیانی
پێ بەرنە ری و ڕیباز و سیاسەتی چەواشەی
پرولیتاریا بسەپێنن. . هەر لە ماوەزاتی
نەزۆکەوە تا ئەگاتە شکستی، تاشبەتاڵەداشکان
بەڵای دوژمنان، شەری ناوخۆو ئاشت بونەوەی
ناوخۆ. بەڕۆمندییان چی خواستبێ و خۆیان
چۆنیان پێ باش بۆبێ ئەوەیان کردووە و گیان
نەداوەتە جەماوەر و نیشتمان و راستیە

زانستیەکان .

رووداوەکانی ئیستاش سەلمێنەری ئەو راستیانەن ، بەهۆی زالی ووردە بورجوازی نفوزداری (کوردایەتی چوارپارچەوە) ، بە هۆی نەبوونی پێشرەوی راستەقینەی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە ، بەهۆی نزمی ئاستی ووشیاری چینایەتیەوە نوێنەرانی ڕیبازی چەواشەی پرولیتاریا ، بۆ گوێ دانە خواستی خەڵک و هەل و مەرجی عیراق و کوردستان و ناوچەکە هەرلەڕێ سەدان لەوانەی بەحساب باوەڕیشیان بە (م.ل) و کرێکاران و خەباتی چینایەتی هەیە بەهۆی چەواشەکردنیانەوە شوڕش زیندە بەچاڵ ئەکەن و دەیان سیاسەت و تاکتیکی دژبە بەرژەوەندی کرێکاران و جەماوەر هەرلەڕێی ئەوانەوە جێبەجێ ئەکەن و بە ناوی (م.ل)وە گیانی زیندووی مارکسیزم ئەسرێنن و دڵی خەڵکی لێ سارد ئەکەنەوە .

ئەو راستیانە و دەیان راستی زانستی تر

لیك دانەوەی زانستیانە و لیکولینەوەی مارکسستا-
نەی گەرەکە تا لە دووریانی ئەم قوناغەدا
سنووری دوور لە یەك و دژ بە یەکی کریکاران و
بورجوازی یەکان سەرتاپا دیاری بکری و دەستی
وورد بورجوازی بخرێتە روو، ماهیەتیان رسوا
بکری.

گەر سەرو وورد و دوور لە بەرژەوەندی تایبەتی
سەرنج بداتە بەرنامە و جوری پەروەردەی
رۆشنبیری کادیران و ئەندامانی کومەلە. بۆی
دەرئەکەوی کومەلە لە کور و کوپونەوەکانیاندا
ئەوەیان چەسپاندووە کە (م.ل) تەنها
فەلسەفەی رۆشنکردنەوەی ڕێی خەباتە، بە
زەریشی دوستان و تەواوەدیان بە هەندی
لایەنی تایبەتی فەلسەفەی مەتریالیزمی
مێژوویی و مەتریالیزمی دیالکتیکی گوش ئەکەن.
بە حساب ئەوان مارکسیزم "ئەکوردینن" و لەگەل
بارودۆخی تایبەتی کوردستانی "ئەگونجینن"
لەبەش وەکو بورجوازی بچوکی کوردستان

ببەستیان روشنە ئەویش ئەوەیە تەنها
مەسەلە ناسیونالیستیەکیان لا گرنگە و هیندەش
ئیشیان بە مارکسیزم هەیە کە خەلکی پی چەوشێنە
بکەن. لە کاتێکدا ئەوان راستیە راستیەکەش
باش ئەزانن کە بە هیچ جۆری مەتریالیزمی
میژوری و دیالکتیکی لە زانستی ئابووری و زیانی
چینایەتی و سوشیالیزم و دکتاتوریەتی
پرولیتاریا و کۆمۆنیزم جیا نابێتەوە و هەموو ئەو
لایەنە گرنگ و دراوانەش کە تایبەتە بە مارکسیزم - لینینیزم
لەلایەن هەر کۆمەڵ و دەوڵەت و میللەتێکیشەوە
ری و شوێنی ناببێتی چونکە تۆ کۆمەڵەی
و سەرجەمی مارکسیزمی تیا بە چەشنێکی
ئورگانیک ڕەچاو ئەکەی و مارکسیزمیش زانستی-
ترین فەلسەفەی دونیایە کە لەم بارەوە یاسای
گشتی و یاسای تایبەتی پێکەوە بەستوتەوە. ئەم
ڕاستیانە لە لایەن تیۆریستەکانی ڕیبازی چەو-
اشە باش ئەزانرێ. بەڵام بەڕێوەبەران
ئەوە ئەخوازی دژی بن و پێشیلی کەن، هەروەک

چون برنشتاین و کاوتسکی و هاوڕێکانیان
ئەیانزانی و دڵنیشی بوون .
ئەگەر مارکسیزم تەنها بریتی بوایە لە ناکۆکی
چینایەتی و باس کردنی سوشیالیزم ، زۆر
کێشە و شەڕی دونیا هەموو ڕوویان نەئەدا،
وە هیچیش پێویستی نەئەکرد پرولیتاریا
خۆیی سەرپشکوی تایبەتی خوی هەبێ . چونکە
دەیکە هەموو چینەکانی کۆمەڵ دان بە بوونی
ناکۆکی چینایەتی دا ئەبینن و جار جارەش دەم
لە سوشیالیزمی زانستیش وەرئەدەن ،
جیاوازی بنەڕەتی جیهان بینی پرولیتاریا و
باقی چینەکان بە تایبەت بورجوازی بچووک
لەوە دایە پرولیتاریا باوەڕی پتەویان بە ناکۆکی
چینایەتی بە دکتاتوریەتی پرولیتاریا ئەبەستنەوە
و سوشیالیزمیش بە قوناغی گواستنەوەی پێویست
بەرەو کۆمۆنیزم ئەزانن . یانە سوشیالیزم لای
مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان بەردە بازەی ڕێیەکی
کۆمەڵایەتی پرولیتاریە کە هێشتا

پاشماوەی ناکوکی چینایەتی تیا نەمینێ ،
بێ پەرینەوە بۆ دونیای بەهشتی راستەقینەی
مرۆڤایەتی کە کۆمونیزمە و تیایا دەولەت و هیچ
جۆرە چەواوازی و پاشماوەی چینایەتی شوێنەوارێکی
نامێنی .

ئەم دوو جۆرە جیهان بینی یە چینایەتیە نەك
هەر چەواوازن ، بەڵکە لە بنچینەوە بە تووندی
دژی یەکن و لە پاشە رۆژدا هەر بوچوونێکیان جێگیر نەبێ کە ئەویش هی پرولیتاریایە . بۆیە ئەرکی سەرشانی ڕۆلەهۆشەندانی پرولیتاریا ئەوەیە کۆ چەواوازیەکە دژبەیەك دەست نیشان بکەن و ڕێگەی شۆرشگێرانەی پرولیتاریا بگرنە بەر و دراسەی قوڵی سەرەتا گشتیەکانی (م.ل) بکەنەوە و وریا و ووشیاری بورجوازی بچووکی کوردستان و خەتەرناکیی ڕیبازە چەواشەکەی بسەن .

ئیمە لای خوماندا دەبێ دڵنیا بین لەوەی کە دوو و نا ڕادەیەکیش ئەرکی خۆمان زانیوە ،

بەلام ئەمجا ئەوەش بلێین سەرهڵدانی شێوەی
کۆمەڵە بۆ (م.ل) کەسان دەرکەوتبوو کە ڕێکخراوێکی
بورجوازی بچوکی ناسیونالیستە. بەڵام بەم
شێوەیەکی گشتی توانیبووی کار بکاتە سەر
دڵسۆزانی کوردستان و ڕیزەی چواشەکەی
باڵا دەست کات.

لەم هاوەڵانەدا کۆمەڵە وا خوێ دەرخست کە
ئەتوانێن بڵێن بە چەندین ساڵ خەباتی فکری
و ناکۆکی چنایەتی و ئایدیۆلۆجی نەتوانرا
حەقیقەتی کۆمەڵە بەم چەشنەی ئێستای لە
کۆمەڵانی خەڵک بگەیەنرێ. گەورەترین سوودی
هاوەڵان لە دەرکەوتنی حەقیقەتی چەنابەتی
کۆمەڵەدا ئەبێین و ئەمشەسان زۆیش گوتبوو
کە هەڵسان زۆرتر مەیدانی دەرکەوتنی ڕاستەقینەی
ئەڵ شاخ. بەڵکان بایە جارێکی تر کۆمەڵە
هەڵگیز ناتوانی وەکو جاران کەڵەتووشی
شەڕیش بێتەوە چەماوەر بەتایبەتی کرێکاران و
ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان چەواشە بکاتەوە.

بویه له‌ روی سیاسی و فکری یه‌وه‌ مناوه‌زاته‌که‌
و به‌ زه‌قی دیمکوتنی حه‌قیقه‌تی کوه‌له‌ ، بۆ
قوناغی وه‌رچه‌رخاندنی چیایه‌تی له‌ کوردستان‌دا
ئه‌زانین . ئه‌مه‌ش له‌ روی فکری و سیاسیه‌وه
وه‌رچه‌رخانیکی زور پیروزه ، بویه‌ قوناغه‌که‌
ئه‌وه‌ له‌ (م.ل) کان ئه‌خوازی و وردو و درشتی
بارودوخی ئیستای کومه‌لایه‌تی ئابووری ، سیاسی
، فکری ئه‌وایه‌تی رانستیانه‌ لیك بدنه‌وه‌ و
سه‌رنجی ئابووری و واقیعی سیاسی و خه‌باتی
دیموکراتی لبه‌ر چاو بگرن و دوور له‌ خه‌یال
و هه‌ستی ئه‌وایه‌تی پیش ، ئه‌رکی سه‌رشانیان
به‌ پی‌ی هیزه‌کانی به‌رهه‌م هینان و پیوه‌ندی
یه‌کانی به‌رهه‌م هینان و ئاکوکی بنچینه‌یی
نیوان کار و سه‌رمایه‌ و واقیعی خه‌باتی دیموکراتی
ئیستای کوردستان باشتر و شوڕشگیرانه‌
ئه‌نجام بکه‌ن .

ئه‌ ئه‌رکی سه‌رشانیانه‌ ئه‌م قوناغی وه‌رچه‌
رخاندنه‌ له‌ ژیر ڕوشنایی ئه‌و ڕاسته‌

زانستیانه ،خەباتی شۆرشگێرانه ،ڕێکخستنی
بوڵشەفیانه)دا بۆ خوێندن دیاری ئەکەین و پتر
لە جاران ئەکۆشین و کاری شۆرشگێرانه
و هەرسی ئەلقه سیاسیەکەی دژی شۆڕشگێران
کە تواوکەری یەکترن و ویڵام دەرەوەی
ئەرك و فەرمانی ئیستای ئۆپۆزسیۆن و هەڵچەرخاندنەکەن ، جێ بەجێی ئەکەین و توانای خوێندنی
بۆ ئەخەینه گەر لەپێناوی ڕەخا کردنی مەسئولیەتی چەپایەتی و دیموکراتیەکان کە خۆی
لە دارشتنی باشترین بەرنامەی پرۆلیتاریا و
ڕاستترین ڕێبازی سیاسیدا ئەبینێ .

ئەم ئەرکه گرنگانەش ئەوەمان لێبیسەخوازی
کە ئێنگڵس بە قۆناغ ناتاسەی تیۆری دیاری بکەین
تا بتوانین لە ڕووی تیۆریەوە قاڵ ببینەوە ،
وڵامی پرسیارە جۆراوجۆرەکان بدەینەوە ،
لە هەمووی باریکەوە وەك ڕۆڵەی بە وەفای
ئۆپۆزسیۆنی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان ڕووبەڕووی ئەرکەکانمان ببینەوە .

وا بەکەمین نامانەی تیۆری قوناغی دەرچوخا
ـندن دەستنیشان نەکەین بە هیوای ئەوەین
لە قوناغەکانی تایندەدا هەرکاتی پێویستی کرد
دوهەمین و سێیەمین و چوارەمین ... هتد
نا نامە دەربکەین تا بتوانین بو هەموو
قوناغەکان لە ڕوی تیۆریەوە ئامادەبین .

شایانی باسە لەم بەکەمین ژمارەی نامیدا دوو خالمان ڕەچاو کردووە بەکەمیان/ تا ڕادەیەک ڕوشیاری و شارەزایی تیۆری هەساوریجان و دوستانانە کەوای لێکردین وەک سەرەتای کۆششی تیۆری نامانەی حیزبان و دەوروبەرمان نەکەین و بەشەـکانی نا نامەکە بەو پێیە دەست نیشان بکەین .

دووەمیشیان/ ئەوبو نەمان بیست نا
ـکەی تیۆری و ئیران بی . بیمان وابو
بو لەمە ئیمان هێنانە ماوەیەک هەل و مەرجی
پێناسەبو پەرەپێدانی کادری کۆمونیست بی

پیویست بوبی بو .

دراسەی زانستیانە ، خەباتی شورشگیرانە ،
ڕێکخستنی پۆلایینانە وامان لێ ناکات
داڕشتووە تا بتوانین هیچ لایەک لە قەڵەمڕەوانان
فەراموش بکەین و تەنها بایەخ بە لایەک بدەین
و خۆشمان لە تاڵیی دراسی ئەدەبیاتەدا
قەتیس بکەین .

بەهیوای ئەوەی داڕسێژەکان و دۆستان
و دڵسۆزانی پاشە ڕۆژی کرێکاران و زەحمەتکێشان ،
بە وردی و پەرۆشی شورشگێڕانەوە زۆرێک
کات و ووزەی ووشیاریان بۆ دراسەکردنی
وردی لێ نابڕن تەرخان بکەن ، کێبڕکێ بکەن
بەش بە بەش دراسیان بکەن و (ئەگەر تەنها
بیان خوێنێتەوە) تیایا هێندە ئاڵ بن کە
بتوانن هەر هاوڕێیەکیان لە سەر هەر کێشە
و بەشێکیان کێرنەوەی دوورو درێژ بکات
و لە پاشە ڕۆژدا وەک کادرێکی کۆمۆنیست

بکرە بتوانی بەپێی توانای تیۆری وتـــانـد
لیکولینەوەش بنووســـی .

تا هەموو پێکەوە بتوانین لە ئاستی توانـــی
سەختی خەباتکەدا بین . لە ئاستی جیاکردە-
نەوەی شۆرشگێرانەی سەرمایەی ریزی پرولیتاریـا
و ریزی چەواشەی پرولیتاریای بورجوازی بچوکی
کورد ستان بین . لە ئاستی پاراستنی گیانـــی
زیندووی (م.ل) لە ریفۆرمیزم و ریفیزنیستەکان
بین و دوو ئاکساری فەلسەفی ، فکری ، ئایدیو-
لۆژی و سیاسی ناکوک و دژبەیەکیان دەست
نیشان بکەین .

هەموو ئەقڵێکی دراسی پەیوستە بە تـاک و
کۆمەڵ لە سەر بەشەکانی تا ئەک بکونـــە
دراسە و لێدوان و بە گیانێکی کۆمۆنیستی نیـر
کردن و لە یەکتر فێربوون ، سەلماندن و بـــی
- سەلماندن ، رەخنـــە و رەخنە لەخۆگرتن ،
ڕەوشتی بەرزی هاوڕێیانە ، دوور لە گیانـــی
زاناییـــ و دانانی بورجوازیانە . لێـــدوان

و دراسەکان داپشتن و پەیوەندی هاوری-
یانیان دامەزرێنن .

کەران و هەودال بوونیش بە دوای کتێب
و سەرچاوە دەست نیشان کراوەکان دا بە
زوری هەرکەس سەرشانی خلقە دراسەکانە ،
تەنانەت وەرگێران و گێرانەوەی کتێبە کانیش بۆ
سەر زمانی زگماکیان تا رادەیەك هەرکەس
سەرشانی خلقە دراسەکانە ، تا بتوانێن
خۆمان بە هەرکەکان هەلسین .

سەرکەوتوبی خەباتی شۆرشگێرانەی گەلی کورد
شەکاوەبی ئالای کرێکاران و زەحمەتکێشان

ئالای شۆرش

١٩٨٤/١١/٢١

- ٧٥ -

١٦

بەشەکانی نامانامە

أ ـ بەشی فەلسەفی

١ ـ ئولوولی فەلسەفەی ماركسیزم

جورج پولیتزەر دوو بەشە

٢ ـ دژی دوهورنیخ ئینگلس

٣ ـ مەتریالیزم و رەخنەی تجروبە گەری لینین

ب ـ بەشی ئابووری

١ ـ ئابووری سیاسی ماركس

٢ ـ ئیمپیریالیزم بەرزترین قوناغی سەرمایەداری لینین

٣ ـ بەرهەم هێنانی ئاسیایی ماركس

٤ ـ رژیمی کاری کری گرتە و سەرمایەداری ئینگلس

٥ ـ پاسا بنەرەتیەکانی ئابووری سەرمایەداری جان یابی

٦ ـ ئابووری سیاسی ئوسکار لانگە سی بەش

ج ــ بەشی کۆمەلایەتی ، سیاسی ، تەنزیمی

١ ــ مانیفیست ماركس و ئینگلس
٢ ــ چی كردن (ماالعمل) لینین
٣ ــ هاوپەیمانی نیوان كرێكاران و جوتیاران
لینین
٤ ــ دەولەت و شۆرش لینین
٥ ــ دوو تاكتیكی سۆشیال دیموكراتیەكان
لە شۆرشی دیموكراتیدا لینین
٦ ــ هەڵگری بۆپشكۆ دژ هەڵگو بۆدواوە
لینین
٧ ــ نەخۆشی چەپ رەوی منداڵانە لە
بزوتنەوەی كۆمۆنیستیدا لینین
٨ ــ ماركسیزم و كاوتسكی هەڵگەڕاوە
لینین
٩ ــ دە رۆژێك كە دونیای هەژاند جۆن رید
١٠ ــ چەند سەرنجێكی رەخنەگرانە دەبارەی
مەسەلەی نەتەوایەتی. لینین

١١ ــ هەلبژاردە نوێیەکان لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی لینین

وەرگێرانی جورج ترابیشی

١٢ ــ بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی گەلانی رۆژهەڵات لینین

١٣ ــ لینین و ئافرەتان

١٤ ــ سی ئینتەرناسیونالیزم (

د ــ بەشی عیراق و کوردستان

١ ــ جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان

دوکتور عەزیز شەمزینی

٢ ــ دەربارەی مەسەلەی دەرەکایەتی لەناوکوردا

د. کەمال مەزهەر

٣ ــ دەوری کورد لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا

د. کەمال مەزهەر

٤ ــ بیرۆوی چینی کرێکاری عیراق

د. کەمال مەزهەر

٥ ــ بیرۆوی جوڵەکانی عیراق

٦ ـ میژووی وەزارەتەکانی عیراق
عبدالرزاق حسین

هـ ـ بەشی کشتی سوود و رەخنە

١ ـ خوێندنەوەی ئەدەبیاتی جیزیی کوونیەستی ئیران و کوی کرتن لە ئیزگەکەیان


بو شارەزایی و سوود وەرگرتن

٢ ـ خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئەلوای ئیهوزستونی عیراق و کوردستان و کوی کرتن لە ئیستگەکەیان


بو زانیاری و رەخنە

٣ ـ کوی کرتن لە ئیستگەکانی جیهان
بو زانینی دەنگ و باس و
لێکدانەوە

(٥٠ ش)



نما نامەی تیۆری لە ئەرشیفی (سامی هادی)


بیتەدی کۆماری
دیموکراتی شۆڕشگێڕ
لە عێراق دا
چاپخانەی شەهید قانع


کرێکارانی جیهان یەکگرن!

یوختەی بڕیارو پرۆژەکانی

یەکەمین

کۆبوونەوەی خوێندەکاران

ئاڵای شۆرش

٢٠ / حوزەیران / ١٩٨٥

٣٠ / جوزەردان / ٢٦٨٥

راگەیاندنی کوتایی یەکەمین کوبونەوەی خوێنامادەکردنی ئەلقە دراسیەکان

هاوڕیمانی تیکۆشەر
کرێکاران .. زەحمەتکێشان

لە بارو دوخێکی نالەباری جیهانیدا کە ئیمپریالستەکان چنگالی چەوسینەرانەیان لە جیهانی کار و کرێکاران گر کردووە و تەواوی وڵاتانی خوار خوێان بەخوێنمژە بەستۆرە و پێکەوە تووڕەیی سەرمایەیان بەرامبەر ئورووژی کاری کرێ گرتە بەر هێناوە و چوار ملیارد مرۆڤی سەر زەمینیان دوچاری جۆرەها نەخۆشی ئابووری چەوسینەرانە ، سیاسەتی ستەمکارانە ، پیلانی ئەمریکا ژانە کردووە هەل و مەرجێکی بابەتی جیهانی لەبارێی وا پێک هاتووە کە هەم لەوڵاتانی ئیمپریالستی و سەرمایەداری پیشکەوتوودا ، پاش کزبوونی مانێیەکی گشتی جار جارە مانکرتن و ڕاپەڕینێش تاوێنەسینی و تادێت ناکۆکی یەکانی دونیای سەرمایەداری یەرەئەسینی و ئەتەقیتەوە ئایندەکەشی هەر شۆرشی سۆشیالستی ئەبی . وە هەم لە وڵاتانی سەرمایەداری دواکەوتووی وابەستەشدا کە ئەرکەکانی قۆناغی دیموکراسیان تیا تەواو نەبووە پاش تەواو بوونی دەوری ئیمپریالیزم ناچێتە بورجوازی بورجوازی بچوکی ئەم وڵاتانە ، دیسان ناکۆکی یەکانیان ڕووبەڕووی تەقینەوەی نوێی جەنگێن بوبێنی قۆناغی دیموکراتی بە ڕێبازی دیموکراتی شۆرشگێرانەدا .

لەو بارو دوخە جیهانیەدا ، بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی ئیمپریالستەکان لەناوچەکەدا ڕەنگی ڕیاکارانەی داوەتەوە ناوچەکە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و خەلیجی دوچاری چارەنوسێکی خەتەرناک کردووە ، ئەمەش لە کێبە سەندنی جەنگی عێراق و ئێران ، سەر

کوتاندنەوەی شۆرشی فەلەستین ،وێنجرِ وێنجرِ کردنی لوبنان ،گەمارۆ دانی بزووتنەوەی رەوای دیموکراتی کوردستانەکان ، وەلە هەول دانی کۆنەپەرستانە بۆ (کامپ دیڤیدێکی نوێ) ی وولاتە عەرەبی یەکانە پەرستەکان زەق دەر ئەکەوی .

لەناو گەرمەی ئەو رووداوانەشدا ، هەتا دێت تێرۆریستێکی بۆرجوازی بچوکی سەرتاپای ناوچەکە ئەبینین زیاتر ماهیەتیان دەر ئەکەوێ و لەهەر وولاتو ناوچەیەکدا نوێنەرەکانیان بە بیانوی یەکی عەرەبی ، فەلەستینی ،لوبنانی ،کوردستانی ،ئێرانی ... هتد چەوک داگەدەن و دژی بەرژەوەندی سازشکارانەیان ئەکەون و لە تێرۆریستی نێ دیموکراتی یەوە هەڵئەگرێنەوە بۆ بۆرجوازی سەرکوتکەر و ئەکەونە ڕیزەی کرێکاران و زەحمەتکێشان .

لەناو ئەو واقعەشدا ، ڕیفۆرمستەکان لەجاران زیاتر لەبن بەستو بەرامبەر ئەو هەموو ڕووداوانە بەری شکستی پەرێز هەڵپەرستاوی ئەدرونەوە و ڕیفۆرمزم پایەگا فکری و سیاسی یەکانی لەدەست داوە ، بەڵام هێشتا پاشماوێکی زۆمراویان ماوە .

لەهەناوی تێکڕای ئەو مەسەلانەی باسمان کردن و تێشکی پێشەکیمان خستە سەر . مارکسیستەکان وشیارانتر پەرە بە بزووتنەوەی کۆمۆنستی شۆڕشگێڕ ئەدەن و بەچەوانەی خواستی چەوسێنەران نەش و نما بەرەو سوشیالیزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەکەن .

ئێمەش وەک تیمارێکی (م.ل) ی سالەهایە لەکۆڕی خەباتدایەو لەسەر خاکی واقعی رووداوەکاندا ، تەک دابڕاو لە واقیع و خولاوە تەنها لە بازنەی تیۆڕی دا . گەڵێ تەجروبە و قۆناغی دیوو بڕیوە گەڵێ ڕاستی چینایەتی ،فکری ،سیاسی ،پراکتیکی ،ڕێکخراوەیی بۆ دەرکەوتووە ،خۆمان بەبەشێ لەو بزووتنەوە کۆمۆنستی یە ئەزانین کە سەرمڕای نەبوونی هیچ ئازادی سیاسی و جەوێکی دیموکراتی ،سەرمڕای تیرۆر توقاندن ،کوشتن و جاودێڕی (جستابۆکان) ی بەعسی عیراق وەک پێداویستی یەکی گرنگی ڕەوتی خەباتی ئێستامان ،توانیان لە

شۆڕشگێڕی لەبارا پۆژی (١٥/٦/١٩٨٥) یەکەمین کۆبونەوەی خۆکاماده کردنی ئەلقە دراسی یەکانمان لەژێر ئەم دروشمانەدا بکەین :-

١- کرێکارانی جیهان یەکگرن !

٢- سەرنگون بێ ئیمپریالیزم و سەرمایەداران .

٣- بژی ئینتەرناسونالیزمی پرولیتاریا .

- دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانە .
- سۆشیالیزمی کرێکارانە .
- کۆمۆنیزمی زانستیانە .

٤- بیتەدی کۆماری دیموکراتی شۆڕشگێڕ لە عیراق دا .

٥- سەرکەوتوو بێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد .

٦- دابین کردنی یەکسانی بۆ تافرەتان لە ماف و فرمان دا .

٧- مونازەرە کردن ، سەلماندن ، یەکەمین .

بە سروودی ئینتەرناسیونالیزم و دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی شەهیدانی بزوتنەوەی کرێکاران و گەلەکەمان ، کۆبونەوەکە لە لایەن هاوڕێیەکەوە کرایەوە دوای بەخێرهاتنی ئەلقە دراسی یەکان و باس کردنی کورتەیەکی بارودۆخەکە ، پرۆگرامی پێشنیاز کراوی کۆبونەوەکەی لەم خالانەدا ڕاگەیاندە هاوڕیەکان ١- تێزوری تیارەکەمان بە لایەنە گەش و خاوێنەکانی یەوە ٢- پرۆژەی ئاقاری گشتی بەرنامەی لایەنی کەم ٣- باری جیهانی ئیمپریالیستی ٤- باری ئێستای بزوتنەوەی ئینتەرناسیونالستی ٥- باری کردنی بنەمای ئابوری عیراق ٦- گرنگی شۆڕشی دیموکراتی کوردستان ٧- جەنگی عیراق و ئێران ٨- جەنگی ناوخۆی کوردستان ٩- ڕۆڵی ئافرەتان ١٠- بەرز کردنەوەی دروشمە پێویستەکان ١١- مەرکەزی گوناریکی تیۆری - سیاسی ١٢- دۆخی سیاسی ئێستای عیراق و کوردستان ، تێڕا ئەو مەسەلانە بە گیانێکی هاوڕیانەی ڕەخنەگرانە- وە ، دوای دوانی هاوڕیەکی تری لەسەر گرنگی کۆبونەوەکە بڕیارەکانی و شی کردنەوەی هەل و مەرجەکە و بایەخی خەباتی کۆمۆنیستەکان و

بریاری زانستیانەی شۆرشگێرانەیان ، باسیان لێوە کرا و بـــڕیاری
پێویستیان لەسەر درا ، سەرجەمی باس و خواسی کۆنگرەکە ، ئەم
بڕیارە و بوچوونانەن کە ئێمەی خەڵک بەردەم هاوڕێیان ، کرێکـــاران و
زەحمەتکێشانی وشیار ، گرووپە (م.ل.) مکان . بە هیوای مونـــازەرەو
هەڵسەنگاندنیان تا بتوانین لە پاشە ڕۆژا کۆنگرەی فراوانتر ، پڕبارەوم
کۆنفرانس ، کۆنگرەیان لە سەر بگرین و کۆمەڵەی ڕەخنە و مونازەرەکـــانی
ئەم بەڵگەنامە و بەسەڵە پێویستەکانی تر ، لە بەرنامەیەکی شۆرشگێرانە—
دا فۆرمەڵە کەین بە هیوای ئەوەی تەنها ئێمە بەڵکو تەواوی کۆمۆنیستەکان
دوای سەلماندنی بیرو بۆچوونەکان نزیک کۆنگرە و بەرامبەر دۆزمنانی
کرێکاران و بیرو باوەڕی کۆمۆنیستی بەگژدین و ئامانجی نزیک و دووری
پرۆلیتاریا وەدی بهێنین .

دوای چەندین کۆنگرە و لێدوان و گفت و گۆی هاوڕێیانـــە ،
دوای دیاری کردنی تەناهەتی پرانسیپی لەسەر خاڵە باسکراوەکان و
جۆری خەبات کردن لە پێناویدا ، کۆنگرەیەک بە سروودی ئینتـــەر—
ناسیونالیزم کۆتایی بێهات و بە خۆشی و گیانی بەرزی شۆرشگێرانەو
هاوڕێیان بەیانی کۆمۆنەکەیان بردەوە ناو تەلەکان و کرێکـــاران و
زەحمەتکێشان بە ئومێدی زیاتر گەلاڵە کردنی ئەرکە چەپاوەتیەکان کە
لە هێل و مەرجی هەڵکەوتووی ئێستادا (بەوپەستی یەکی لە نرخـــاند ن
نەهاتووە بتوانین پەرە بە خەباتی چینایەتی بدەین و ڕێـــــازی
کۆمۆنستانە بچەسپێنین و ناوەڕۆکی مارکسیزمی شۆرشگێر لە گیا کەڵەی
ناسیونالیزمی ، پۆپولیستی ڕیفۆرمیستی بپارێزین و ئەهیلین باری بـــــە
چارەنوسی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە بکەی و ڕیازی چەواشەیان بەســـ
سەرا بسەپێنری .)

۱۹۸۵/٦/۲۰

٤

١ـ هەڵوێستە یەکی میژوویی

هەڵسەنگاندنی زانستیانەی مێژوویی چینەکان، خەباتی چینایەتیان، ڕیبازی سیاسی و فکری و فەلسەفیان، تەرکیزی گرنگی شۆڕشگێڕانە تا بتوانن مێژوو وەک هەیە بابەتیانە نزیار بکەن و زانستیانە هەموو ڕووەکانی دەربخەن. ئەم ڕاستی‌یە عیراق، کوردستان، ڕێکخراوەکان، شۆڕشەکان، تیارەکان تێکڕا ئەگرێتەوە و ئەتوانین بڵێین کەم جار ئەم تەرکە مەزنە مێژوویی‌یە سیارەت بە ڕابوردوی وڵاتەکە، کوردستان و لایەنە سیاسی‌یەکانی لێك دراوەتەوە و لایەنە گەش و خامۆشەکانی هەڵمێنجراون، بێگومان ئەو هەڵمەیە جیاکەرەوەی ڕێڕەو و ڕووداو و دەرئەنجامە و خراپە، سەرکەوتن و ئێر کەوتن، شانازی و شەرمەزاری‌یەو لە پاشە ڕۆژدا هەر ئەبێ بخرێتە ڕوو، هەر چەن و لا و کەسێ مافی مێژوویی بخرێتە پێش چاو.

لەناو ئەو جیهانە گەورەیەدا، خەباتی (م.ل)ەکان تایبەتمەندیەکی تایبەتی هەیە کە پێمان وایە شان بەشانی هەڵەو چینایەتیەکان سەرئەنجامی خەباتیان، هۆی شکستی کرێکاران و سەرکەوتنی بۆرجوازی‌یەکان ئەبێ باسی لێوە بکرێ. ئێمەش وەکو تیارێکی کە دژێژە دەری ئەم ڕاستی‌یەین و ئەم تایبەتمەندیتی‌یە ئەڵگرێتە خۆی بەشێکی گرنگی ئەم تەرکەمان ئەکەوێتە ئەستۆ کە ناکرێ و نابێ، وەک بۆرجوازی‌یەکان، وەکو ڕیفزنستەکان لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی‌یەوە بڕوانینە ڕابوردوو، وە بەتارمزووی تایبەتمان مێژوومان دارێژین باس کردن لە زانستی مێژوو، ئەمانەتێکی مێژوویی‌یە کە مەحاڵە بشێوێنرێ و تارمزوو هەندانە لە قاڵب بدرێ. بۆیە یەکێك لە بڕیارە گرنگەکانی کۆنگرەکەمان، ئەمانەت یەکەمین بابەتی کۆنگرەکەش لێتوێژینەوەی ئەم مەسەلەیە بوو، وە مشت و مڕێکی زۆری لە سەر کرا تا گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە ئەم تیارە لەنوسینی (ئالای

شۆرش) مەوە سەری هەڵنەداوە، بەڵکو کۆنەو چەندین قۆناغی بڕیوە، چەندین پەرداوی دیوە، لایەنی چاکو خراپەی هەیە. هەموو ئەوانە پێویستیان بە پێدا چوونەوەیەکی هەمەلایەنە هەیە بۆ ئەوەی بەشێکی هەڵوێستی مێژوویی زانستی لەسەر دەربڕدرێ و ئەمەش بەبێ بەڵگەی مێژوویی، بەبێ باسکردنێکی دوورو درێژ، بەبێ دیاری کردنی قوناغەکان و لەبەر دەست بوونی نوسراوەکان، ڕادەربڕینی خێرا لەسەری لێرێکی مێژوو لەدەست ئەدا. بۆیە داوامان وایە ئەوانی ئەڵقەی دراسی یەکان ئەم ئەرکە بە ئەرکێکی گرنگی خۆیان بزانن و هەموویان هەوڵ بدەین ئەم ئەرکە ڕابپەڕێنین و ئەحیلێین مێژووەکان کۆنتر بێتەوە هەر بە ڕابپەراندنی ئەم ئەرکەش ئەتوانین بە چەشنێکی زانستی چاکە و گەنی ڕابوردو بە تێکڕاوە بپەستین و خراپە و خامۆشی ڕابوردو دوبات نەکەینەوە، پێکەوە گرێ دانی ڕابوردو تێکڕاشان ئایندەمان لا ڕۆشنتر ئەکات و شارێزی سەرکەوتنمان ئەمنگشێتی.

سەرکەوتوو بێ

خەباتی شۆرشگێرانەی گەلی کورد

٢ـ پرۆژەی ئافاری گشتی بەرنامەی لایەنی کەم

« بۆلیڤیا »

سەرئەنجامی گۆڕان و پێشکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەو قووڕستر بوونی ئەرکی سەرشان، وەبۆ دانیشتوان لە ڕووی خەبات وپێکهوە بەستنی (دراسەی بزانستیانەی خەباتی شۆڕشگێڕانە، پێکهستنی پۆلایینەی تابتوانین هاوتاهەنگ لەگەڵ پێشکەوتنی ڕووداوەکان، گەشە بکەین و ئامانجی خۆمان دیاری بکەین، لەبەرکەین کۆنونەوەی خۆئامادە کردندا بپارێزین دا وەک پرۆژەیەک ئافاری گشتی بۆچونی ئایندەمان بۆ بەرنامەی لایەنی کەم بخەینە بەردەم هاوڕێیان و کەرێگارانو زەحمەتکێشانی ووشیار و لایەنە (م.ل) کان تابتوانین شان بەشانی دراسە کردنی زانستیانە، دراسەی بەرنامەی پاشە ڕۆژیش بخەینە بەر لێکۆڵینەوە و سەرئەنجامی سەرجەم لێکدانەوەی هەموو هاوڕێیان لەم بوارەیە، لەهاشە ڕۆژدا بەرنامەکەمان بخەڵێنین و هەرگیزش بە ڕەی زیندوی گەڵاڵە کردنی ڕێبازی کۆمۆنیستانە ئزانین، نەک دارشتنی کۆنشە و لە سەرەوەرا داسەپاندنی بەسەر خوارەوەدا بەناوی بەرنامەی پێشرەوەوە.

ئافارە گشتیەکەش لە دیاری کردنی سروشتی ڕۆژم و هەڵوێست بەرامبەری، دەست نیشان کردنی دروشمی سەرەکی و ڕوون کردنەوەی دروشمەکە، ئالتەرناتیفی ڕۆژم و شێوەی خەبات لەپێناویا، لەگەڵ دەست نیشان کردنی چەند خاڵێک پێویستی ئامانجی بەرنامەی لایەنی کەم کە ئەبێ بەهێزترینە دی و قۆناغی دیموکراتی بان پێ تەواو بکرێ.

بەکەم/أ ـ بنەمای ئابووری عیراق

عیراق وڵاتێکی سەرمایەداری دەوڵەتی وابەستەی ئیمپریالیزمە، بەڵ جۆرە ناکۆکی لەنێوان پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان وهێزەکانی بەرهەم هێنان دا هەیە کە سەرئەنجامەکەی هێزی کار و هێزی سەرمایەی

لەنێوان کرێکاران و سەرمایەداران دا دابەش کردووە و تاکوکی چینایەتی بەچینەیی لە نێوانیان دا دروست کردووە کە واقیعەکە ئاوڕی چینایەتی ـ تاکوکی بنچینەیی بە سەر تاپای وڵاتەکەی بە کوردستانیشەوە کرتوتە خۆ (بەڵام تایبەتمەندی چەوسانەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان دا) بووە کرێکارانی عێراق لە ڕوی چینایەتی یەوە وەک یەک چین ڕووبەڕووی سەرمایەدارانی عێراق بکەنەوە و ئامانجی چینایەتی تاوکەیی کیان بکاتەوە .

بـ ـ ماهییەتی سیاسی/فکری/ئایدۆلۆجی ڕژێمی عێراق

(١ـ لە ڕووی سیاسیەوە جۆری ڕژێمەکەی کۆماری بورجوازی ئوتوکراسی یە ، دەستوری کاتی یەکەی داسەپێنراوی بیروکراتیانەیە ڕئاسەتەکەی دیکتاتۆریەتی مطلقە . دام و دەزگا و تەرتەشەکەی ئیستبدادی و تیرۆرستی یە .)

(یاسا و بڕیار و بڕوای ئەم ڕژیمە کۆماری ئوتوکراسی یە ، بە پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتی چەوسێنەرانە تەرخان کراوە و لە سەر ئاستی چینایەتیشدا وەک بەشێکی ئیردوی خاوەن کار دژی کاری کێ گرتە پایەی حوکمی داکۆتاوە و بەشێکە لە سیستەمی سەرمایەداری جیهان و تەرکی دیاری کراوێتی ئەمیە دەستی هەرزانی کار ، گەرمستەی خاو ، زیدەبایی مسۆگەر بکات و پاسەوانی سەرمایەداری جیهانی بێ .)

(٢ـ لەڕووی فکریشەوە ، ناسیۆنالستی شۆڤێنستی عەرەبی یە دەماری نەتەوە گەری تەسکی هەیە و بە تووندی دژی بوونی مان و مافی نەتەوە و کەمینەتەوەکانی تری ناو عێراق و وڵاتانی عەرەبی یە وبو هەستی شۆڤێنستانەشی هیچ بواریکی عەقڵی و سیاسی و عەملی نا بێنی و دروندانە جێبەجێیان ئەکات .)

(٣ـ لە ڕووی ئایدیۆلوجی یەوە ، کۆت و مت فاشی یەکی دواکەوتوە

نوکی رەی فاشیەتەکەشی دژی کرێکارە وشیار و زەحمەتکێشانی شورشگێر و کۆمۆنیستەکان و پێشکەوتن خوازەکانە بەگشتی و بولغنا و بردنی بوونی نەتەوایەتی کورد و بزووتنەوە شورشگێرانەکەی بەتایبەتی بە .)

ج- دروشمی سەرەکی بەرامبەر رژێم (روخاندن)

لەگەل رژێمی وادا کە ناکۆکی بنچینەیی لەگەل کرێکاران و زەحمەتکێشان دا هەیە و دوژمنی سەرەکی پێناوەتی یان و داگیرکەری کوردستانە . هیچ جورە سیاسەتێکی سازشکاری و پەرلەمانتی و ڕەفورمیستی و سوودی نی یە و دژی سیاسەتی شورشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانە، دژی کورد و کۆنە نەتەوایەتیەکانە سیاسەتی وردە بورجوازی هەناسە کورتە .)

بەپێی ئەرکی مێژوویی کۆمۆنیستەکان، وەک ئالا هەڵگری کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار بەرامبەر رژێمی فاشی تەواوی رژێمە سەرمایەداریەکان، بەرز کردنەوەی دروشمی روخاندنیانە، سەر نگون کردن و سرینەوەی شوێنەواری چەوسێنەرانیانە . بەپێی ئەرکی ئەرکی شورشگێرانەی ئەزانین بی پەچ و پەنا، دروشمی روخاندنی رژێمی فاشی عیراق بەرز ئەکەینەوە و بی گوێ دانە دووری ڕی و سەختی بەدیهێنانی لە پێناویا دڕێژە بە خەبات بدەین . ڕیگای شورشگێرانەی روخاندنەکەشی تەنها ڕاپەڕینی کرێکاران و زەحمەتکێشانەی روشنبیرە شورشگێڕەکان، سەربازو ئەفسەر کاسبکار و ماوستا و کێشت ئازادی خوازێکی ئەم وولاتەیە .کە لە هەل و مەرجی ئێستامان دا لە هەموو ڕوبەکەوە کوردستان و بزووتنەوە دیموکراتی بە ڕەواکەی گلی کورد ،دەوڕێکی گرنگی کارێگەری هەیە و پێویستە مارکسیستە شورشگێڕەکان

شورشگیرانـه خبـات بکەن و بەرنامەی لایەنـی کەمی کرێکـاران و زەحمەتکێشانی تیا پیادە بکەن و دروشمە پیرۆستەکانی کۆتـەکـانی بزووتنەوەکە بەرز کەنەوە .

ڕاشکاوانە لە هەموو لایەك باشتر بەرنامەی مانی چارەنووســـی گەلی کورد و کەمە نەتەوایەتی یەکان دیاری بکەن و بە بەرنامـــە ی ڕاست و بە کردەوەی شورشگیرانە ڕێبەریی بزووتنەوەکە بگرنە دەســتو جووتی کەن لەگەل ئەو ڕاپەرینە سەرتاسەرییە بو ڕوخاندنی ڕژێم .

دووەم/ ئالنەرناتیڤی پاش ڕوخاندن
«کۆماری دیموکراتیکی شۆرشگێڕانە»

لای مارکسیستەکان لە هەموو قۆناغەکاندا ئامانجی چینایەتـی پرولیتاریا ڕوشنە، بەرنامەی لایەنی کەمی کۆمۆنیستەکان وەك تاکتیکـی شورشگێڕانە وەسیلەی گێشتنە بە بەرنامەی لایەنی دوور وتەم ڕاستی یە هیچ جورە لیك دانەوەیەکی ناپەسەند و نەتەوایەتی هەلناگرێ بـەوە ئالتەرناتیڤی پرولیتاریا لە ڕۆلاتیکی وەکو عێراق دا کە هێشـــتا تەرکەکانی قۆناغی دیموکراتی تیا تەواو نەبووە و بیداریســـتیکی گواستنەوەبو قۆناغی سوشیالیزم فراهەم نەبووە .

تەنها حکومەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانە ، کەوتش لە هاتنـــە کایەی کۆماری دیموکراتیکی شورشگێڕدا ئەبینین کە بتوانی تەواوی تەرکەکانی قۆناغە تەواو بکات و هەموو بیرۆستی یەکی ســـادی گواستنەوە بو سوشیالیزم لە ڕووی پیشەسازی و کۆمەلایەتی یەوە دابین بکـــات و بگواستریتەوە بو کۆمەڵی کۆمۆنیستی .

بو ئەم ئامانجە پیرۆزەش ، دروشمی سەرەکی و ناوەڕۆکـــی کۆمەلایەتی بەرنامەی لایەنی کەم لەمانەی خوارەوەدا ئەبینین :-

بیڤەم/دروشمی سەرەکی

دیموکراتیکی شۆرشگێرانە/ئازادی/مافی چارەنووس

٩ـ (ھەست لە دیموکراتیکی شۆرشگێرانە، کۆماری دیموکراتیکی کرێکاران و زەحمەتکێشانە (جوتیارانی ھەژاریش لەگرێتەوە) کە لەسەر زانی یەك سیستەمی ئابووری سەرمایەداری و یەك جۆرە ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە لە وڵاتەکەدا، بەدیهاتنەکەی تەنیا لەسەر ئاستی عیراق دا تەبینین ٪ ولەسەر یەکێتی وبستی چینایەتی و ئامانجی ناوکیی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەدی ھێنەرەکەتی تەنھا لە حیزبی پێشرەوی کرێکاران دا بەدی لەکەین، کە بتوانێ دیکتاتۆریەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بپێکێنێ و ئەرکەکانی قۆناغی دیموکراتی ئەواو بکات و بە سۆشیالیزمەوەی بەستێ.)

(ب ـ ھەست لە ئازادی، لەگەڵیدا رژێمی ئاستی عیراق تەنھا لەسەر بنەمای ئازادی، ئازادی خوازان لەناو نەبات. ئیمە ئەرکێکی گرنگی کۆماری کرێکاران و زەحمەتکێشان بە دابین کردنی ئازادی بێ قید و شەرت ئەزانین. ئازادی بیروڕا، ئازادی کۆبوونەوە، ئازادی سیاسی، ئازادی ئایینی، ئازادی ئاینەکان ئازادی مەزھەب و بیروڕا دەربڕین و ھەموو جۆرە ئازادیەکی تر کە ھەموو جۆرە چەوساندنەوە و گۆشارێ لەسەر بێتکوتن خوازان لابەری و مرۆڤ سەرەست کات و کۆمەڵ بەختیار کات. ھەربۆیە ئێمە دیموکراتیەت ئازادی دادەنێین، چونکە بەبێ ئازادی نە دیموکراتیەت مانای ھەیە و نە کێشەکان چارەسەر ئەکرێن و نە میللەتی ژێر دەستەش مافی چارەنووس ئەبینێ.)

ج ـ ھەست لە مافی چارەنووسیش ئەوەیە کە کومۆنیستەکان لەناو ھەر وڵاتێکی چەند میللەتێدا بژین ئەو شانە بە شانی داوای یەکێتی ئامانجی پرۆلیتاریا، یەکێتی وبستی پرۆلیتاریا، یەکێتی ریزەکانی پرۆلیتاریا مافی چارەنووسی بێ قید و شەرتیی

میللەتانی ژیر دەستەش تەسلیمن و باشترین ڕێگای یەکگرتنی کرێکارانی وڵاتانی چەند میللەتی لە جیابوونەوەی ئارمزووەندانەی میللەتان و ئێنجا لە یەکگرتنەوەی کرێکارانی ئەو میللەتانەشدا ئەبینین تەنها کۆمۆنیستەکانن ئەتوانن بەراستی و ڕاشکاوی ئەم ماف دیاری بکەن و دابین بکەن بۆ خۆ و هەرای تایبەتی دروشمی (مافی چارەنووس) هەڵناگرن).

ئێمەش لەعێراقدا ،وەک وڵاتی هاوبەشی برایانەی عەرەب و کورد و کۆمەڵەتایەتیەکان ،بە ئەرکی بنچینەیی ئەزانین کۆتایی بە دیکتاتۆری ئەژانین کەسانی چارەنووسی کورد و کۆمەڵەتایەتیەکان بهێنێتە دی ، ئەم ماڤەش بۆ کورد لە جیابوونەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی عێراق ،بۆ یەکگرتنەوەی لەگەڵ باقی پارچەکانی کوردستان و بۆ دامەزراندنی یەک دەوڵەتی دیموکراتی شۆرشگێڕ لە عێراق دا کە کوردستان تێدا ماف نەتەوایەتی ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ،دیپلوماسی ،فەرهەنگی ،ئابووری ، ڕێکخراوەیی کوردستانی دابین کراو بێ و هیچ جۆرە گوشارو فشارێکی نەتەوەگەری نەتەوەی سەردەستی لەسەر نەبێ ، هەر بەمەش یەکێتی ڕیزی کرێکارانی وڵاتەکە لەبەرامبەر دوژمنانی چینایەتیان دا ئەپارێزێ و ئەچەسپێ .

(بەمجۆرە لە ئایندەدا یەشێکی گرنگی بەرنامەی
لایەنی کەسان پرۆژەیەکی تایبەتی بێ سەبارەت
بە کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا ،تیایا لە
ڕوانگەی پرولیتاریاوە ماف ڕەوا دیموکراتیەکانی
گەلەکەمان دیاری ئەکەین ۰)

بۆ کۆمەڵەتایەتیەکانیش ، جگە لە دابین کردنی تەواوی ماف فکری و سیاسی ،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یەکان ، تەنانەت ئەو مافەشیان لە کۆماری دیموکراتی شۆرشگێڕدا هەیە کە وەکو کۆمەڵە نەتەوایەتی بە حوکمی زمانەو ڕووداوو ناهەمواریەکانی مێژوو لەسە

نیشتمان و نەتەوەی خۆیان دابڕاون و لەعیراقدا نیشتەجێ بوون، هەرو لایەکیان دڵخوازانە دەتوانن بچنەوە سەر نەتەوە و نیشتمانی دایکیان لە هەر لایەکی ئەم سەر زەمینە دا بێ و دەوڵەتی کرێکاران لەم بارەشەوە ئەبێ ئەك هەر رێگایان بدات، بەڵکو ئەبێ یارمەتیشیان بدات و لەم ماڤەدا بەختیاریان کات ، ئەگەر چی ئێمە بەگۆرتنمان لا لە جیا بوونەوە بێ باشترە بەبێ دابین کردنی ئەم ماڤەی چارەنووسەش بە گفتار و کردار هەوڵ بتوانین تاکە هەنگاوی لە خۆتانی دیموکراتی تێپەرین و باش لە سۆشیالزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بگەین .

چوارەم / خاڵە بنچینەییەکانی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی بەرنامەی لایەنی کەمی پێشنیارکراو

ئەم خاڵە بنچینەییانە ، وەکو بنچینەیەکی پێشنیاز کراوی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی بەرنامەی لایەنی کەم . ئەخینە بەردەم ئەلقە دراسیەکان تا ڕای خۆیانمان لە سەر بۆ دەربڕین بە هیوای ئەوەی لەنزیکترین دەرفەتا ، لە ناسیلکەیەکی تایبەتیدا پرۆژەی ئافاری گشتی بەرنامەی لایەنی کەم فۆرمیلا بکەین وبە کاملی بیخەینەوە بەردەم کرێکاران و زەحمەتکێشانی ووشیار و شۆڕشگێڕەکان . دەرگای لێدوانیش ئاوەڵایە بۆ هەموو جۆرە موناقەشەیەك لەلایەن هەموو گروپ و دلسۆزێکی (م.ل) تا گەلاڵەی تەکمین و بەرەوپێکی شۆڕشگێڕی لێ دێتە بەرهەم .

ئەو خاڵانەش کە پێویستیان بە دراسەو لە سەر نووسین و گەلاڵە کردنە ئەمانەن :-

١- باری کۆمەڵایەتی کرێکاران .
٢- کێشەی جوتیاران و مەسەلەی زەوی .
٣- ماڤی چارەنووس .
٤- ئازادیەە سیاسی و نقابیەکان .
٥- مەسەلەی ئافرەتان .
٦- پێش خستنی کومەڵ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی .
٧- میکانیزە کردنی ئیدارە و وڵات .

هاوڕێیانی تێکۆشەر !
کرێکاران و زەحمەتکێشان !

ئەو بنچینانە پەیوەندیمان بە قۆناغێکی گرنگی ژیانی هەموو کومەڵ بە تایبەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە هەیە کە تەنها لە ڕوانگەی چینایەتی پرۆلیتاریاوە ئەکرێ تیۆریزەی زانستیانە بکرێ و لە هەل و مەرجی خۆی دا پیادە بکرێن . بۆیە پێویستە بە وردی و

بابەتی «واقیعی و زانستیانە» ڕۆشن بکرێنەوە و پێداویستی یەکە
واقیعییەکانی بە دی هێنانی بنۆڕەکانی ... ئەم قۆناغە، قۆناغی
تەواو کردنی قۆناغی دیموکراتی بە ڕێبازی دیموکراتیکی
شۆڕشگێڕانەیە لە هەموو بارێکەوە زۆران و ملمالێی چینایەتی زۆری
لە سەرە و بۆرجوازی بچوک کە تەنها لەم قۆناغەدا تارادەیەک
دەوری کەسان ماوە، بەڵام بە ئارایشت کردنی بەرنامەی
چینایەتیان بە بیرۆباوەری کرێکاران ئەوپەری هەوڵ ئەدەن
کرێکاران و زەحمەتکێشان چەواشە بکەن و سەرامەکانیان پێ
بهێنێتە دی لەنیوەی ڕێدا ڕێڕەوەکە بوەستێنن. بۆیە ئەبێ
مارکسیستەکان بە ڕاشکاوی، شۆڕشگێڕانە، باشترین بەرنامەی
دیموکراتی بۆ ئەم قۆناغە دارێژن و ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتی یەکەی
بەرنامەکەیان زۆر جیاواز بێ لە بەرنامەی ڕوردە بۆرجوازی یەکان
کە ڕیاکارانە بەرنامەی خۆیان هەندێ جاروبار هەندێ بڕگە و
بەند و ڕستەدا بە بیرۆباوەری کرێکاران ئەڕازێننەوە.

ئەوەی لەم ڕۆژەمەدا ڕوون کراوەتەوە ئەوەی تەنها وەکو
خاڵ وبنچینە بۆ ناوە ڕۆکی کۆمەڵایەتی باس کراوە، هەوڵێکە
بۆ یەکخستنی کۆشنە تیۆری و فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان
تا لە پاشە ڕۆژدا هەنگاو بە هەنگاو سەرجەمیان پێکەوەبەن و
بیان چەسپێنین، بە هیوای ئەوەی لەم قۆناغی دەرەبرخاندا
کە لە نامەکەدا دەست نیشانمان کردووە، لەرکەکانی
خەبات گەڵاڵە بکەین تا بتوانین بۆ قۆناغی ئایندەی خەباتمان
لەرووی ڕێکخراوەیی و سیاسیەوە تەیار بین، ئەمەشمان بۆ
ئەوە نیە بچلە بکرێ و دراسە کردن کەم بکرێ، تەخێر باشترین
(ڕێگای دارشتنی باشترین بەرنامە لە قوڵتر کردنەوەی دراسەی
زانستیانەدا ئەبینین و هەموو جۆرە سستی و دڵسارد یەک لەم
دراسە کردنەدا لەنا و خۆمان دا ڕاستەو خۆ کار ئەکاتە سەر

بەرهەمە فکری و سیاسی و تیۆرییەکانیان ، بگرە بێگومان هەرمەستێ
بۆ کە کردنی کەسانی بۆرجوازی بچوک بخرێتە خانەی ئەوان ، یان
پاشەڕۆکی وردە بۆرجوازیان پاکو نەبێ لەپاشە ڕۆژدا .

بژی

ئەنتەرناسیونالیزمی پرولیتاریا

٣- هەڵوێستێکی ئینتەرناسیونالستی

(مارکسیزم ـ لینینیزم وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا لە کۆنەوە تائێستا ،لە دوو مەیدانی سەرەکیدا گرەوی خەباتی بردۆتەوە ، یەکێکیان خەباتی شۆڕشگێڕانەیەتی دژی سەرمایەداران و هەمیان خەباتی زانستیانەیەتی دژی هەڵپەرستان . ئەم دوو مەیدانە سەرەکییەی خەبات هەمیشە دوو دیوی لێک جیا نەبوو ی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بووە ، ئەوەتەی پەیدا بووە تائێستا ،هەر لاو حیزب و شۆڕشی لایەکی بەسەر لاکەی ترا زاڵ کردێ وگرنگی تەنها بە مەیدانێکی دابێ ، ئەوا هەرگیز نەیتوانیوە ڕێزی کرێکاران و کۆڕی خەباتی چینایەتییان کۆنۆتیستانە بەرجەستە بکات و ڕێ لە کەم کردنی بۆرجوازیەکان لەناو ڕیزی سەر بەخۆی کرێکاران بگرێ لەمەیدانی یەکەمدا ، سەرمایەداران بە ڕاشکاوی سەنگەر لە کرێکاران و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ئەگرن و هەموو قودرەت و توانایەکیان بە کار ئەهێنن بۆ ڕێگە گرتن لە گەشە کردنی خەباتی کرێکاران و سەر نەکەوتنی مارکسیزم .لەمەیدانی دووهەمیشدا ، کە هەر سەرمایەدارە کانن سەنگەری تیا دژی کرێکاران و مارکسیزم ئەگرن . بەڵام بینای دروست کردنی ئەم سەنگەرە دوای پەرە سەندن و سەقام گیر بوون و سەرکەوتنی مارکسیزم بەجۆرێکی تر دروست کراوە . لەم مەیدانەدا دوای پەرە سەندنی مارکسیزم ـ لینینیزم و سەرکەوتنی لە دنیادا، دوای کۆنەوەی ملۆنان پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشی دنیا لەدەوریا . دوای تێک شکاندنی هەموو تەیارە بەناو ڕێزگاری کەرەکانی کرێکاران .

بۆرجوازیەکان لەڕێگای سەلماندنی مارکسیزمەوە ،هاتنە ڕیزی بزووتنەوەی کرێکاران و لە هەر وڵاتێ بەجۆرێ کەمیان تیا کردو بزووتنەوەکەیان کندڕ کرد و ماوەیەکی باش بزووتنەوەکەیان لاداء ، تا ئەگەیشتنە دوڕیانی سەختی ئێزویی و لە سەحەکی خەباتی

چینایەتی ئەدران و دەستەکانیان ئەکوتە ڕوو.)

(ئەم ڕاستیانەش دوای صراعێکی سەختی مارکسیستەکان بە ڕێبەرایەتی مارکس و ئینگلس لە ئەنتەرناسیونالیستی یەکەمەوە و سەرکوتنیان بەسەر باڵە جیاکانی تردا تا ئەمڕۆ دەرئەکەوێ.

لەوساوە تائێستاش ئەو ڕاستی یانە بێ بەڕێی پەرە بینەدنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گەشە کردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە چەندین بەرگ و ڕەنگ دا دەبات ئەبێتەوە تا سیستەمی سەرمایەداریش لە جیهان دا بەینی ئەم لادان و دژایەتی کردنەی ئاشکرا و ناشکرای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەبێنێ و هەردەم ڕەنگ و بەرگێکی ئەگۆڕێ و بەردەوامیش ئەبێ.)

(سەردەمی ئێستاشمان کە ئیمپریالیزمی تیا تێجگار بالآ دەستە و بازاڕی جیهانی کۆنترۆڵ کردووە. زانست و زانیاری گەیشتۆتە لوتکەیەکی بڵند و سەدان کاری لۆجستیکی (ئیداری) و بانگی و ئابووری بە کۆمپیوتەر بەڕیوە ئەچێ. ئەم وڵاتانە سەرمایەداری بە زۆر پێشکەوتووەکان دا، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەندازەی نێ بە بڕە و پول و ئیمکانیەتی سەرمایەداران لە ژمارە نایە. ڕێگا و بان و وەسیلەی گواستنەوە و هاتوچۆ، چاپ و چاپەمەنی، ڕادیۆ تەلەفزیۆن و ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن بە هۆی مانگی دەستکردەوە (القمر الصناعی) سەنوور نازانن.

بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەوانەشدا، چونکە ئیمپریالیستەکان، سەرمایەدارەکان نەیان توانیوە و هەرگیز ناتوانن هیچ جۆرە چارەسەرێ بۆ پاساای ناکۆکی یەکان و ناکۆکی بنچینەیی نێوان کار و سەرمایە بدۆزنەوە و هەرگیز پێیان نادۆزرێتەوە بۆیە چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ، چ ئاشکرا چ بەکەم کردنی، زۆرتر لە چارانیان (بەتەجروبەتر لە جارانیان) بە قوستنەوەی هەڵمەی حیزبەبە ناو کۆمۆنیست و سوشیالیستەکان دژایەتی مارکسیزمی

شورشگیر ئەکەن و کرێکاران دەستەمۆ ئەکەن . بۆیە ئەبینین
ئارەزوی پێشکەوتنی سیستەمی سەرمایەداری دژایەتی کردنی
مارکسیزمی شۆرشگێڕیش بەرەی دراوەتی و بگرە سەرمایەداران
مانی خۆیان لەدژایەتی کردنی مارکسیزم و بێ ئەسەر کردنی
فکریانەی مارکسیزم لەسەر خەباتی کرێکاران ئەبینین بۆ ئەم
مەبەستەش لادانی مارکسیزم لە رێبازی شۆرشگێرانە باشترین
چەکی زەهراوی دەستیانە . بۆیە ئەبینین کالای ریفزنیستی ،
تیزی ریفزنیستی چەندین بەرگی جۆربەجۆری لەبەر ئەکەن و
ملیونەها دینار و دولار ، ئیمکانیتی چاپ و چاپەمەنی و ئۆفسێت
دام و دەزگای بۆ تەرخان ئەکری .

(گەشە کردنی ناسەرمایەداری ، ئۆرۆکۆمۆنیزم ، سۆشیال دیموکراتیزم ، تیزی سێ جیهان ، ئەمانی بایەخی دیکتاتۆریەتی پرولیتاریاء پۆپولیزم . . هتد لە وولاتانی پێشکەوتوو ، وەدا کەوتوون لە دیاردە هەرە زەقەکانی ریفۆرمیزمی سەردەمن و ئالا هەرگرانیان لەبەر ئەواوی دنیادا هەوڵی پەرەوی کردنیان ئەدەن و ریزی پرولیتاریای پێ ئەشێوێنن و دژایەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شۆرشگێری پێ ئەکەن . ئێمە لەگەڵیدا بەراشکاوی ئەڵێین دژی هەموو ئەو جۆرە لادانانەین لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دا و لێیراوانە رەتیان ئەکەینەوە ، لە هەمان کاتدا ساغی ئەکەینەوە کەتەنها سەرچاوە ئەسڵی یەکانی (م.ل) کە شاکارە فەلسەفی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جەنگی و سیاسی یەکانی مارکس و ئینگڵس و لینین ئەگرێتەوە ، بەسەرچاوەی پاک و دەست نەوەزەد راوی (م.ل) کان ئەزانین باقی تەجروبەکانی جیهان بەتەجروبەی ناوچەیی ئەزانین و چاوڵێکەری فۆتوبانەیان هەڵمەیەکی کوشندە ئەبینین .)

(ئەوەش ئاشارەیەوە کە گەلێ هەوڵەی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەیە کێشەی گەورە و قوڵیان لەسەرە هێشتا هەموو جۆرە بڕیاردانی لەسەریان (سەبارەت بە خۆمان) ، بە پەلە

ئەزانین و سەرجەمیان بە تایبەت یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی لەسەر سۆشیالیزم بەندی لیدوانی وورد و دراسەی زانیستیانەن لامان بەتایبەتی لە کاتێکدا لەناو (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) دا ماوەیەکی زۆر بەسی ئەساسی زانستی دوچاری چاولێکردنی کۆپڕانەی چەپ و چەپی چینچێتی بووین لە دژایەتی کردنی یەکێتی سۆڤیەت دا، بەسی ئەوەی تاکە بەڵگەیەکی سەلمێنراومان لەم بارەوە بۆ روون کرابێتەوە. ئەم جگە لەوەی بۆچونی جیاواز لەم بارەوە زۆرە بەڵام سەرچاوەی باوەڕپی کراوی زانستی بو سەلماندنی ئەو بۆچوونانە کەم و ئەوەی هەشە هەر بۆچوونە)

(بوبە لەم بارەوە هەموو جورە پەلە کردنی بە هەڵە ئەزانین و داوامان وایە تیکڕا ئەلقە دراسیەکان بوئەم مەبەستە بە گرمی و بە وردی بکەونە دراسە کردن و پەیا کردنی سەرچاوە و موناقەشە کردن. تا بتوانین لە پاشە رۆژدا یەک هەلویستی راست و دروستی لە سەر دەربڕین کە دوور بی لە بریاری سەربڕی و هەلویستی سەر پێی. کارێکی گرنگی ئاوەها نەپەلەی ئەوی و نە کەمتەرخەمیش هەڵنەگری بگرنگ گوشش کردنە لە پیناوی حەقیقەت. دوور لە سوز و تەئسیراتی کوێر کوەڵە حەقیقەتی کە لە خزمەتی خەباتی چینایەتی و دیموکراتی دا بی، لە خزمەتی مارکسیزمی شۆرشگێردا بی)...

مەرگ بو ئیمپریالیزم

٤ـ ریگای شورشگیرانه بو چه‌سپاندنی ئاشتی رایه‌رینه بو روخاندنی رژیمی فاشی

کوه‌لانی شورشگیری کوردستان و عیراق ..

بو پینج سالی رهبهق ئهچی به‌ دهست پیشکهری رژیمی سهرمایه‌داری‌فاشی عیراق کۆنهپهرستانه‌ترین و دڕندانه‌ترین جهنگی ناوهوای سهردهم به‌سهر کوه‌لانی خاکی زهحمهتکیشی عیراق و ئیران دا سهپێنراوه .

بو پینج سال ئهچی ئهم دوو رژیمه هه‌رچی ووزه و توانای ئابووری و سهربازی و به‌شهری .. هێندی هه‌ردوو وڵات هه‌یه کردوویانه‌ته سووتهمهنی دوژمنی جهنگ و کڕ هاوڕێی کوردی ئهم جهنگهش سهراپای وڵاتی عیراق و زۆربه‌ی شاره‌کانی ئیرانیشی سووتاندووه و ئهنجامیش فهوتاندن و لهناو چوونی هه‌زاران روله‌ی زهحمهتکیشی هه‌ردوو وڵاته و ئیران بوونی ده‌یان شار و شارۆچکه و گوند . سووتان و چۆل بوونی چهندین ناوچه‌ی به‌ پیت و بر سامانی نیوان سنووری هه‌ردوو لایه .

رژیمی فاشی عیراق که له سه‌رهتای جهنگه‌دا له خواروو ی ووڵاتی ئیران‌دا هێندی‌سه‌رکهوتنی به‌دهست هێنا بوو و جهنگ شارۆچکه‌یه‌کی خستبووه ژێر رکێفی سه‌ربازی خۆیه‌وه و ئهو کاته فالا هه‌لگری به‌رگری کردن‌بوو له ئاو و خاکی نیشتمانی گهوره‌ی عه‌ره‌ب ، دڕۆشی ووزاری خوزستان و به‌ فرپا چوونی بۆ هه‌ره‌شه‌کان و دیفاع کردن له مافه نه‌ته‌وایه‌تیه‌کانیانی به‌رز ده‌کرده‌وه بو ڕاگرتنی شهڕ و دهست هه‌لگرتن له هه‌ڕه‌شه و هه‌ڵسار دانی داگیر کردن ، به‌ عه‌قڵیه‌تی نه‌خۆشی فاشیانه‌یه و له پێناوی سه‌پاندنی ده‌سه‌لاتی خۆیان به‌سه‌ر کهنداو و گرانتنووی دووگه له‌دهست چووه‌کانیان ، بو ئه‌وه‌ی وه‌کو پاڕێزه‌ری بی هاوتای

بەرزەوەندیەکانی نیشتیمانمان لە ناوچەکەدا بدرێنە قەڵەم، چەندین
مەرجی قبیح و گرانیان هەبوو.

کەچی ئیستا هەر ئەو حیزب و دەوڵەتەی کە بەناوی هەموو
عەرەبەوە دەجەنگی و هەمان شۆڕە سواری عەرەب کە پاسەوانی
نەوتی سنووری رۆژهەڵاتی هەموو وڵاتانی عەرەبی بوو، پاسداری
تیکۆشەرانی لەشکرە بەزیوەکەی لە تەواوی بەرەکانی شەڕدا، پاتر بە
زەبری چەپۆکتنی تەواوی ئەو ناوچانەی داگیر کردبوون و
پاشەکشێی پێ کردنی بۆ ئەم دیوی سنوور و بگرە بە دەستەوەدانی
چەند ناوچەیەکی گرنگی سەر سنووری عێراق و داگیرکردنی لە
لایەن هێزەکانی ئێرانەوە، پاش ئەوەی شیرازەی لەشکرەکەی
لێ تێکچوو و بەرگری ناچاریشی پێ ناکرێ، پاش ئەو هەموو
کوشت و کوشتار و کاوەساتە دڵتەزێن و پر کێشەوێرەیەی بە سەر
خەڵکی دا هێناوە، پاش سەرف کردنی زیاتر لە سێ ملیار
دۆلار کە بودجەی پاشەکەوتی وڵات بوو بە قەرز کردنی دەیان
ملیار دۆلاری تریش، بەڵێ پاش ئەوەی ئابووری عێراق دووچاری
قەیرانێکی قوڵ بووە و داوەشاوە (ئیستاش ئیتر ئاگری شەڕەکە
شاڵاوی بۆ خۆیان هێناوە و تەختی بە ئیسک و پرووسکیان
ڕاگیراوی سەدام کوتوتە لەرزین و مەترسی بەوە، ئیستا ئەمانەی
هەر دروشمەکانی سەرەتای جەنگیان بیر بردۆتەوە و پاس لە
ڕزگاری خوزستان و عەرەبستان ناکەن بگرە بەشی ئەوانیش لەو
یارمەتی و پشتگیری کردنەی فاشستەکان هاوشان لەگەڵ کۆمەڵ و
دەستگیرەی باقی گەلانی تری ئێران بەبێ جیاوازی، هەر
بۆیەش تۆپە دوورهاوێژەکان و موشەکی زەمین بەزەمین وبوردومانی
پر لە قینی فاشیانەی فڕۆکەکانیتی. ئەو کوشت و کوشتار و مال
وێرانیەی خەڵکی خوزستان لە سایەی بالا دەستی تەکنەلوجیای
سەربازی بەسەر دا دووچاری بوون هەرگیز لەژێر رکێفی

حوکمداری هیچ یەکی لە رژیمەکانی ئیران دا توشی نەهاتون.
ئیستا ئیتر فاشیەکانی عیراق بۆ راگرتنی شەر و گەرانەوە
بۆ بار و دۆخی پیش شەر، تەک هەر هیچ جۆرە وەداواکاریەکیان
نیەو بەڵکو هیچ لایەن و دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامیش
نەماوە نیەکەنە تکاکار بۆ کۆتایی پێ هێنانی جەنگ دژ بەوانەکەیان،
لە هێل و هەرجی ئیستای جەنگ دا، فاشیەکان بە ناچاری
تالا هەڵگری ئاشتی و ڕاوەستاندنی شەڕەکەن، دەوڵەتی
ئیرانیش هەر سوورە لە سەر هێرش بردن و دروێزە پیدانی هەتا
کوتتی ڕژیمەکەی سەدام و داهێزراندنی کۆماری ئیسلامی لە
عیراق دا.

کرێکاران و زەحمەتکیشان و هەموو ئەو چین و تویژانەی
بەرژەوەندیەیان لە شەڕەکەدا نیەیە بە گشتی - ڕێکخراو و گرووپە
مارکسیستەکان بە تایبەتی، ئەمیەت کام هێزیەستی شۆرشگێڕانە
وەرگرن؟ و ئەرکی شۆرشگێڕانەی ئەم قۆناغەیان کامەیە ؟

کرێکاران و زەحمەتکیشان، بۆ ئەوەی دەوری کارگەر و بەرباڵ
دەری شۆرشگێڕانەی خۆیان لەسەر بەڵادا خستنی جەنگ و ڕابین
کردنی ئاشتی دا بگێڕن، پێر لە هەموو شتێک و پێر لە هەر
کارێک پێویستی ڕوشنبیری بەوە یە کە سروشت و ئاوەڕۆک و هێزی
بەرپا بوونی جەنگەکە بکەن. پێویستە ئەوە بگەن کە دروێزە
کێشانی جەنگ و سەرکوتن و ژێر کوتتی هەر لایەکیان بە
قازانجی کێیە و بەرژەوەندی کی تیادایە؟ ڕوون کردنەوەی ئەم
مەسەلانە هەڵمالینی پەردەی بە درۆ و دەلەسەی چەنراوی
فاشیەکان و کۆنە پەرستان سەبارەت بە جەنگ و ئامانجەکانی
جەنگ، بە تاکا هێنانی کرێکاران و زەحمەتکیشان کۆکردنەوەی
هێزی لە زیادە نەهاتوی ئەوان، سازدان و ڕابەری کردنیان

شان به شانی ئاراستە کردنی هەموو ئەو چینی و توێژانەش کە بەرژەوەندیان لە جەنگ‌گەدا نییە ، لە پاڵی یەکەم دا ئەرکێکی شۆرشگێرانەی کۆمۆنیستەکانی هەردوو وڵاتە .

(کرێکاران و زەحمەتکێشان پێویستە لەو ڕاستیە زانستیە بگەن کە جەنگ و ئەنجامە دڕێو و چارەنووسازەکانی هۆکەی قەدەر و دیاردەیەکی بەدەری کۆمەڵایەتی نییە کە هەڵگرسان و بەسەر کردنەوەی لە سەر و هێز و توانای چینە شۆرشگێڕەکانی کۆمەڵدا بێت)

(جەنگ هاوزەمانی پەیدا بوونی کۆمەڵی سەرمایەدی پەیدا نەبوە پێویستی بەکی حەتمی هەتا سەری لەو کۆمەڵەش نییە . جەنگ وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ، هاوشانی پەیدا بوونی خاوەندارێتی دایەتی و کۆمەڵگای چینایەتی یە ، بەگشتی سەرچاوەی پەیدا بوونی سیاسەت و پارێزەری بەرژەوەندی و دابین کەری ئامانجەکانی ئەم یان ئەو چینی کۆمەڵایەتی یە ، هەر بۆیە ڕەوای و ناڕەوایی جەنگ لە پاڵی یەکەم دا لەوە دایە کە ئەو جەنگە کێ بەرپای دەکات و بۆنگە دانەوەی سیاسەت و تێڕوانینەوەی دەسکەوت و قازانجی چینایەتی کام یەک لە چینەکانی کۆمەڵە .)

(هەموو ئەو جەنگانەی کە چینە بالا دەستەکان ، سەرمایەدارانی چاوچنۆک و فاشیەکان دێنە کرێکاران و زەحمەتکێشان و میللەتانی ژێر دەست بەرپایان دەکەن ، جەنگی ناڕەوان ، جەنگی دڕێو و تالان کاری و داگیر کردن ، جەنگێکن ڕی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ئەگرن و شارستانیەت وێران ئەکەن ، هەر وەک چۆن جەنگی خاوەن کۆیلە و دەرەبەگەکانیش لە مێژوو دا ناڕەوا و کۆنە پەرستانە بوون .)

(چینی سەرمایەدار هەر کە دەسەڵاتی سیاسی خۆی بە سەر کۆمەڵانی خەڵکی وڵات دا دەسەپێنی ، بە زەبری دام و

دەزگا سەربازیەکان بە تەیار و کوشتن و هەلواسین هیزە تیاو
کانی خوی سەرکوت دەکات ، ئیتر گفتگۆی هیرش و پەلامار
دان بو داگیرکردنی وولاتانی تر بەکوبیتە سەری لە پیناوی
فراوان کردنی قەلەمرەوی فەرمان رەوایەتیەکەی ، لە ژیر چەندین
پەردە و دروشم و بیر و بیانوی جوراوجوردا ، لە سەر لاشەو رەنج
و کوەلانی خەلکی زەحمەتکیش و بو زیاتر دزین و کۆکردنەوەی
سەروەت و سامان ، ئاگری جەنگی نارەوا بەرپا دەکەن .کرێکاران و
زەحمەتکیشان لە هەر زەمان و زەمینەیەکدا روبەروی جەنگیکی
ناوەها بونەوە ، لە ماهیەتی چینایەتی و سروشت و ئامانجەکانی
گیشتبن و لەژیر ئالای حیزبی پیشرەوی چینایەتی خۆیان
کوبوون ، تەک هەر بە تونڈی رق و بیزاریان دژی جەنگ و
شەر ئەنگیزان دەربیبە بەلکو خەباتی شۆرشگێرانەی چینایەتی
خۆیان بە ئاقارێک بەرە و پیش بردووە کە هەموو کوەلانی
خەلکیان بە دوای خۆیان دا هیناوەتە ناو کۆری خەباتی دژبە
چەوسینەران و شەر ئەنگیزان ، جەنگی نیوان سەرمایەدارانیان
گوریوە بە جەنگی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکیشان لە
پیناوی روخاندنی رژیمی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەسەلاتی
چینایەتی کرێکاران ، لەلای کومونیستەکانیش تەنیا هەر ئەوە
سیاسەتی راست و دروستی شۆرشگێرانە بووە لە پیناوی کوتایی
پی هێنانی جەنگ و دابین کردنی ئاشتی راستەقینە .

جەنگی ئیستای نیوان ئیران و ئیراقیش ، سەرچاوەی
تەقینەوەی ناکۆکی بە جۆراوجۆرەکانی دوو دەولەتی سەرمایەداری
یە لە ژیر پەردەی ناسیونالیستی و مەزهەب دا ، دوژمنی
جەنگی نارەوای داگیر کردن و تالانکاریەکان خەتوتە گەر
جەنگێک کە سوتەمەنی یەکەمی کرێکاران و زەحمەتکیشانی دوولا
بیرای نەبوونی هیچ دەسکەوت و قازانجێکی بۆ ئەوان لە م

شەرمەدا دوچاری سەختترین کێشەوگرفتی و خوێنڕشتن بووەتەوە لەمال و لانەی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر بوون و هێندەی تر بارگرانیان زەحمەتتر و ناڕەحەتتر بووە .

کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق ، بەتایبەتی چی تر بەرگرانی جەنگی نارەوای فاشیستەکان هەڵنەگرن و لەمە زیاتر نەبنە سووتەمەنی کۆرەی کینە سەندووی ئەم جەنگە نارەوایە ، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە جەنگەکە پێنج ساڵ لەمەبەر ئەگریسی خۆی بەرە و تەواو بوون دەبا ، هێزەکانی ئێرانیسوتێنی بورجوازی و وێرانە بورجوازی و ڕێفزنیستەکانی عێراق ئەک هەر نەیان تـــوانیوە و ناتوانن بار و دۆخی ناڕاستەقینەی وڵات لەسایەی جـەنگـــدا بقۆزنەوە و بەرنامەیەکی سیاسی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو چین و تۆژانەی کە بەرژەوەندیەیان لەم جەنگەدا نییە دابڕێژن و بە کردەوە بۆ ڕوخاندنی ڕژێم ساز و ئامادەیان بکەن . بگـــرە سەبارەت بە ڕارایی و تەنگەنەفەسی و دوودڵیان لە خـــەباتو تێکۆشانەدا هەم سیاسەتی سازش و سات و سەودا کـــردنیـان گرتوتە بەرو هەم تا ئێستاش کەم دەور و تەنسیرن لە کەنـــاری ڕووداوەکاندا ڕاوەستاون .

ئیتر ئێستا و بۆ هەمیشەش ئەرکی سەرشانی کۆمۆنیستەکانە کرێکاران و زەحمەتکێشان ووشیار بکەنەوە ، ڕێگیان بخەن ، سازیان بدەن ، ئەو ڕاستی‌یەیان بۆ بسەلمێنن ، کە تەنیا ڕێگـــای شۆرشگێڕانە بوونایین کردنی ئاشتی یەکجارەکی ، بۆ بنەبـــڕ کردنی جەنگ و کارەساتەکانی ، بۆ پاراستنی عێراق و پاراســـتنی سەربەخۆیی عێراق ، بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات و سەرخستنی شۆڕەواری جەنگ بە تەنیا هەر خەباتی جەماوەری شۆرشگێڕانەی ئەوان و باقی کۆمەڵانی خەڵکی ستەم دیدەیە بۆ ڕوخانـــدنی ڕژێمی سەرمایەداری فاشی و دامەزراندنی کۆماری دیموکراتـــی

شورشگیری کریکاران که تاکه دستهیری نازادی و دیموکراتی و مافی چارهنووسی گهلی کوردیشه .

(کریکاران لهو چهند ههفتا سهر شورشگیره ، کانیك له سهر دهستی کومونیستانی پیشرهوهدا ووشیار دهکریتهوه و به ناگا دهین خویان دهناسن و ساز دهدرین و ریکخراو دهبن بهره بهرهی کومونیستی چهکدار دهکرین و لهلایهن حیزبی چینایهتی شورشگیری سهربهخوی خویانهوه رابهری دهکرین ، به تهنیا لهوان لهیه هیزیکی شورشگیری مهزنی وا شیلگیرانه زهحمهتکیشان و کوچهلانی خهلك بو میدانی شهو خهباتهی رادهکیشن و رژیمی سهرمایهداری ههلدهتهکینن و کوماری کریکاران له جیگایدا بنیاد دهنین .)

کریکاران و زهحمهتکیشان و کوچهلانی شورشگیری کوردستان و عیراق ناکری لهو راستیهه نهگهن که دهبیا بوون له جهنگ ، رابین کردنی ناشتی راستهقینه و نازادی تهواو ، دیموکراتیهت و وهدهست خستنی مافی چارهنووس بو گهلی کورد ، به تهنیا له خهباتی شورشگیرانهی ههتا سهری خویان دایه ، بهبی روخاندنی رژیمی فاشی و سهرنگون کردنی تهواوی پهیوهندییه نابووری ، سیاسی ، کوچهلایهتی ، فهرههنگیهکانی شهم رژیمه شهودای گهشه کردنی بزووتنهوهی کریکاران و سهرکهوتنی ههیه و نه رابین کردنی مافی چارهنووسی گهلی کوردیش ئیمکانی دهبی .

ههر بویه تهنیا (ریگای شورشگیرانه بو چهسپاندنی ناشتی رابهرینه بو روخاندنی رژیمی فاشی) دهبا خهبات بکهین بو رابهرینی سهرتاسهری بو روخاندنی رژیم و چهسپاندنی ناشتی و تهواوی ئامانجهکانی تری کریکاران و زهحمهتکیشان و گشت دیموکراتی و نازادی خوازی له عیراق دا .

٥ـ ئازادی بی‌قەیدو شەرتی سیاسی و پێشمەرگەیی کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ دێنێ

کرێکاران و زەحمەتکێشان !

هاوڕیانی تێکۆشـــــەر !

(لەوکاتەوە کۆمەڵ دابەش بووە بەسەر چین و تۆژ و دەستەی کۆمەڵایەتی جیاجیادا ، کە ئەوەش سەرەنجامی هەوڵی مرۆڤ بـــۆ دابین کردنی پیداویستی‌یەکانی ژیان بەپێوەندی‌یەکانی بەرهەمی گۆڕی ، ئابووری کۆمەڵ بەپێی قۆناغەکانی ژیان گەشەی کـــــرد ، تا لەو کاتەوە ناکۆکی و ململانێ لە نێوان دوو چین و دوو سەنگەری دژ بەیەک هەتا ئێستەش هەر بەردەوامە ، هەر لە قۆنـــــاغـــی کۆیلەتی و قۆناغی فیودالی‌یەوە تا قۆناغی سەرمایەداری ئـــەو ناکۆکی‌یە لەگەڵ پێشکەوتنی بارى کۆمەڵایەتی و شارستانیەتـــــی کۆمەڵەوە نێوەو تێن‌و تاوی لە گوران دا بووە ، ئامرازی هـــــوی بەرگری وجووری بەکار هێنانی ئەو ناکۆکی‌یەش هەر لە گـــــوران‌و پێشکەوتن‌دا بووە بەگوێرەی بەپێی ئاقاری جۆرە ، بەپێی یاسای گەشە کردنی کۆمەڵ سەرکەوتن هەر بۆ چینە شۆرشگێڕەکان بـــوە و ئەبێ .

ئەمرۆ لە عێراق دا رژێمی سەرمایەداری بالی ڕەشـــــــی چەوسێنەرەی کێشاوە بەسەر هەموو بواریەکانی ژیان دا ، لـــەبـــەر ئەوەی ئێستەری سیاسی دەسەڵاتداری سەرمایەداری کۆنەپەرستی فاشی لە عێراق دا بوتە مۆتەکەی سەر سنگی هەموو خەڵکـــــی عێراق ، بەتایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان ، بەڕێز ڕەنج و ماندوبوونی کرێکارانی بەشی زۆری بـــــو خەزێنەی فاشی‌یەکان ئەگەڕێتـــەوە

لەم بوارەدا بورجوازی عیراق بە هی کوردستانیشەوە وابەستەی بازاری ئەمریکا و ئیمپریالیزمن و دژی بزووتنەوەی نیشتمانی و کرێکاران و زەحمەتکێشانن و لەبەرەی گەل وەکو چین چونەتە دەرەوە . ماوەتەوە بورجوازی بچوک کەتمنیا ئەوپەندەی بڕیست تیدا ماوە وەک چینێکی ژێردەستەی نەتەوەی ژێردەستە تا رادەیەک دەور ببینی . کەچی لەبری ئەوەی ئەم دەورە وەک پێویست ببینی ،بەرژەوەندی تەسکی ئەخاتە سەروی هەموو مەسلەحەتەوە ئەمەش ناوەرۆکی راستەقینەیەتی . ئەمەش لە قۆناغی کوردستانی شۆڕشی دیموکراتیەت ،وابەستەیی ،سازش دا خۆی ئەنوێنی وماهیەتیان دەرئەخات .)

(چەندین ساڵە هێزە بورجوازییە جیاجیاکانی کوردستان ،لە باتی ئەوەی ڕۆژەی جەماوەر لە پێناوی ژیانی مەدەنی دیموکراتیەکانی خەڵکی کوردستان بەکار بهێنن ، کەچی هێندە خەریکی لابەلا کردنی ناکۆکی سەرەکین ،لەوە زیاتر خەریکی شۆڕی ناوخۆن ،نموونەش (١٩٦٤ — ١٩٧٠) و لەبەرگێکی ترا (١٩٧٦—١٩٨٥) و ئێستاش هەر بەردەوامە .

شۆڕی ناوخۆ لە کوردستان دا گەیشتوتە ڕادەی دڵسارد بوونەوەی خەڵکی شار و زەحمەتکێشانی لادێ ،دانیشتن و واز هێنانی پێشمەرگە جواەرەکان . سەرەڕای ئەمانە هەموی هەر بە هۆی ئەو شۆڕەوە چەندین کێشەی گەورە و گچکە بو پێشمەرگە کەرو کاری پێشمەرگە دروست بووە ، دۆڕمایەتی زۆریان بو پەیدا بووە ،کار گەیشتوتە تیرۆر کردنی دەیان کەسی بە تواناو بی تاوان ،ئەمەش پەلامێکی ڕەشی شۆڕی ناوخۆیە .)

(ئێمە لە ڕوانگەی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە ڕای دەگەینین ، نەوەستاندنی ئەو شۆڕشی کوردستان دوچاری قۆناغی نەکات بووە داواماان لەکرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕوشنبیرە ئ پێشگەرەکان ئەوەیە ،چیگە بۆ بەرژەوەندی بورجوازیەکان لەم

شەرە شوەدا بەشدار نەبن ،بو ئەوەی دەستبەری ئەوە بکری بزووتنەوەی میللەتەکەمان شکست نەخوات وقوربانی بێهودەش نەدری ، مەرجی بەدی هاتنی ئەو بیرۆکەیەش چەسپاندنی ریبازی کرێکاران و زەحمەتکێشانە وە ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەی میللەتەکەمانە لەلایەن حیزبی پێشرەویانەوە).

(لەوانەیە کۆمەلی خەلکی جیاجیا بڵێن مەسەلەی وەستاندنی شەڕی ناوخۆ ، باس کراوە ، نوسراوە ، پەیمانی دووقولی ، چوار قولی و پێنج قولیشی بۆ مۆرکراوە ، ئەی بۆچی کۆتایی پێ نەهاتووە و پاش ماوەیەک وەک تیراوی سەری هەڵداوەتەوە) ؟

(وەڵام ئەوەیە ، تا جڵەوی سەرکردایەتی بزووتنەوەی دیموکراتی بەدەست بورجوازیەکانەوە بێت ،شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێی نایە . بۆیە ئەبێ کرێکاران و زەحمەتکێشان ووشیار بن و لە دەوری مارکسیزمی شۆرشگێردا کۆ ببنەوە ، ڕێبەرایەتی بزووتنەوەکە بگرنە دەست تا بتوانن کۆتایی بە کێشەکان بهێنن و سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بهێنن ،کە ئەویش تەنها هێنانە کایەی کۆماری دیموکراتیکی شۆرشگێرانەیە کە لە سایەیا ئافی چاو نوێس دابین ئەبێ . لەبەرەوی گێشتن بەو هێوایە لەسەم قۆناغە دژوارەدا ،هەر هەنگاوی کە پێش ئەکەوێن ئەبێ بیکەینە پالپەستۆی شۆرشگێرانە بۆ کەم کردنەوە و نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ بۆیە هەموو تێکۆشەر و شۆرشگێر و دڵسۆزی ئەبێ هەوڵ بدا ئازادی و دیموکراتی و لانی کەم پێکهێنانی کارکردن بهێنێتە دی ، ئەمەش خوێی لە ڕوانگەی ئەوەوە لە هاتنە دی

دروشمی :- ئازادی ، هاوکاری

یەکێتی بۆ ڕزگاری

ئەبینن (ئازادی کاری سیاسی و سەربەستی بەرو باوەر ، هاوکاریش بۆ ڕاپەراندنی کارەکان و یەکێتیش لە پێناوی

پێکهێنانی شورەی شۆرشگێرانە دژی فاشیستەکان لە بۆ رزگـاری ئەم ئەرکانەش هیوایەکی پیرۆزی ئەم قۆناغەیە نابی بە هـــۆی هیچ بیانوویەکی فکری و سیاسی و ئایدۆلۆجی و تەنزیمەوە نکۆلـی لی بکری . ئەم مەسئولیەتیکی مێژوییە کە نابی (م.ل) وەکان بەیانوی ئەوەی شەری بورجوازییەکانە دەوری تەماشاکەری تیـا ببینن . بۆیە داوا لەهەموو گرووپیکی (م.ل) ئەکەین ، داوا لە هەموو تیکۆشەری ، شۆرشگێر و دڵسۆزی ئەکەین بەقەد توانای خۆیان لە بەدی هێنانی ئەم هیوایە ، هیوای دابین کـردنـی ئازادی و دیموکراتی دا دەور ببینن .

ئیمە لای خۆمانەوە بۆ پشتگیری کردنی هەموو هـەنگاوێکی پێشکەوتن خوازانە ، بۆ لابەلا کردنی ناکۆکیە لاوەکیەکان لـە کاتێکدا دڕندی ناکەین ، لە هەمان کات دا سوور ئەبین لەسەر ڕیبازی مارکسیزم ، لە سەر پتر ووشیار کردنەوەی کـرێکـاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ داکۆکی کردن لە سەر مـافـە دیموکراتی و چینایەتیەکانیان .)

تێبینی لە پێناوی

بەدیهێنانی مافی چارەنووس

٦- دابین کردنی یەکسانی بو ئافرەتان لەماف و فرمان دا

(لە سەرەتای پیدا بوونی خاوەندارێتی تایبەتی یەوە ، شـان بەشانی دابەش بوونی کۆمەل بە سەر چین و تویژە جیاجیاکان و دەست پی کردنی چەوسانەوە و ستەمی رەنج و بەرهەمی چینیـک لەلایەن چینێکی ترەوە ، چەوساندنەوەی دووەمی ئافرەتانیش سەری هەلداوە .. ج لەروی چینایەتیەوە ، وەکو بەشێک لە چینە چەوساوەکان و ج لە روی زایەن (جنس) یشەوە وەکو ئافرەت لـە لایەن پیاوەوە کەتمنیا خۆی لە منال بوون و بەخیو کردنـی و دابین کردنی پیداویستیەکانی مال ،لە خوشکزەرانی و ئارامی و حەسانەوە بو پیاو بەولاوە هیچی تر نەبووە .. ئیتر لـە سەرجەم مافەکانی تری مروڤایەتی و کۆمەلایەتی بی بەش بووە ..

هەر لەکۆنەوە لەپاش نەمانی مافی دایکیتی کە ئافرەت خـوی خاوەنی منال بووە ، تا رادەیەک دەسەلات و ماف و ئازادی و ڕێزێکی تایبەتیشی هەبووە پاش ئەوە کە قۆناغی سـەرەتایی و خاوەندارێتی سەرەتایی کۆمەلایەتی دواکەوتوی بەرهەم هێنـان و خاوەندارێتی تایبەتی پیدا بووە ئیتر وردە وردە و لـە ئەنجامی گشە کردنی ئامرازە سەرەتاییەکانی بەرهەم هێنـان و دابەش بوونی کار بو بەکەمین جار ، لەنێوان ژن و پیاودا ئەو دەسەلاتەی لی سەندراوەتەوە و قۆناغ بە قۆناغی گشە کـردن و بەرەو پێشەوەچوونی میزوو ، ئافرەت چەندین چەوساندنەوەی بـە خۆیەوە دیوە .. هەر لە کرین و فرۆشتنەوە تا زیندە بەچال کردن

چەوساندنەوەی ئافرەتان ، ئەگەر چی لە شێوەیکەوە بـو شێوەیکی تر ، هەندی گورانی سادەی بەسەرا هاتووەو هەنـدی یاسای تایبەتی دانراوە بو چاک کردنی بە ڕوالەت باری ئـا هەواری ئافرەتان لەناو کۆمەل دا ، بەتایبەتی لە وڵاتـــــە

پیشکەوتوەکان دا ، وەکو مافی شووکردن و جیا بوونەوە و خوێندن بەشداری کردن لە کۆبونەوە گشتیەکانی ، مافی هەلبژاردن و خوهەلبژێران و هەندی شتی تر لەو بابەتە ، ئەوە لە بەرامبەر ئەوەی کە ئافرەت بووە بە کالا لە بازاری قازانجی سەرمایەداران و بازرگانی بە شەرەفەوە شەخسیەتیەوە ئەگری ، لە پیناوی کەلک و قازانجی تایبەتی پیاو ، توشی چەندین نەخوشی رەوشتی و دەرونی کوم بوون و خو نەناسین و گوێ بەخو نەدان و بوگەن بوونی ئەخلاقی و ... هتد بووە . بەڵام ئاوەڕۆکی چەوساندنەوەکە بێ بەش کردنیان لە مافەکانیان ، جگە لەو لایەنانە ، هەر وەکو خوی ماوەتەوە .)

(ئەگەر سەرنج بدەینە بارێ ئافرەتان لە وڵاتانی دواکەوتوودا دەبینین لە زۆر ڕووەوە نالەبار تر لە بارێ ژیانی کۆمەلایەتی ئافرەتانی وڵاتانی پیشکەوتو (سەرەڕای مافی چەوساندنەوەی چینایەتی لەسەر ئەوانیش) ئافرەتانی وڵاتانی لەسەر خومان هێشتا لە ژێر بارێ زوڵم و ستەمێکی ئیجگار سەختدا دەژین هێشتا وەکو مرۆڤی ماملەیان لەگەڵ دا ناکرێ ، هێشتا بەشن لەمافی بە ئارەزوو هەلبژاردنی هاوسەری خوێان ، لە مافی جیابوونەوە ــ طلاق ــ بێبەشن لە بەشداری کردن لە چالاکی بە کۆمەلایەتیەکان ، تێکڵ بوون بیاوان دا نەک هەر قەدەغەیە ، بگرە لە زۆر شوێن و جێگادا تاوانێکی گەورەیە ، خو هەلبژاردنی سەربەستانەی هاوسەر تا کۆتایش لەسەری دەکەوێ هێشتا ڕزگاریان نەبووە لە ژێربەژن پێ کردنیان و گەورە بە بچوک و سێبەگایی و ... هتد ، بەرامبەر ئەوەی کە پیاوان ئەو مافانەو بگرە زیاتریشیان هەیە ، ئەو پیاوانەی چ وەکو چینی چەوسێنەر بەدەسەڵاتن وەچ وەکو تاکەکەس بالا دەستن لە کاتێکدا لە هەبوو بارێکەوە سنوور بۆ ڕەوشت و هەڵس و کەوت و جل و بەرگی ئافرەتیش دانێین . بۆ خوێان مافەکانیان سنوری

نی‌یه و به تارمزوو بی سنوور دەچەوسێنێتەوە و تارمزوەکانیان دیاری دەکات .

بێگومان ئەم کێشە کۆمەلایەتییە بەکێک لەو کێشانەی کە کار و تەقەلای نیچگار کاریگەری لە سەر (پێشکەوتن و دواکەوتنی) هەموو کۆمەلگایەک هەیە (تەنانەت پێوانەی پێشکەوتنی هەموو کۆمەلی پەرەپێدەر کە تاچ ئەندازەیەک کێشەی تارمزانی تیا چارەسەر کراوە . ئەوەی گومانی تیا نییە ئەوەیە کە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە ، پێدەر بە تەمانی خاوەندارێتی تاپێتیەوە . . هەتا چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بەبێ و کۆمەل لە سەر بنەمای کڕین و فرۆشتن بۆ قازانج دامەزرابێ چەوساندنەوەی تارمزا بەردەوام دەبێ و ماڤەکانیشی بە پێشێل کراوی دەمێنێتەوە .)

(بۆیە دابین کردنی یەکسانی بۆ تارمزان لە ماف و فرمان‌دا بەکێک لەو داخوازیە هەرە گرنگانەی تارمزان بۆ چارەسەر کردنی کێشە و گیروگرفتەکانیان ، بەکێک لەو ئامانجانەی کە سەرەرای هەوڵ و کۆششی خودی تارمزان ، کە لەبەکۆتایی و کۆر و کۆمەلی جیاجیای خەبات‌دا دەیبینن ، چەندین دەزگای تری مرۆڤایەتی و ڕیکخراوی کۆمەلایەتی و سیاسیش لە جیهان‌دا تی دەکۆشن بۆ بەدی هێنانی . . بەڵام ئەوەی بۆیان دابین کراوە ، زۆر کەم لە چا و لەو خەبات و هەوڵ و تەقەلایەی کردوە‌یانە) (هەروەکەشی ماف و چەوساندنەوەی چەند لایەنەی بوارجوازیەتە ئەگەر چی لەو خەبات و ڕەنجەی داوێشیانە کەم لە چاو دەوری بەرپەستیان لەناو کۆمەل‌دا ، هێی ئەمەش ئەوەنی حیزبی پێشڕەو و نزیکی تاستی ووشیاری سیاسی و چینایەتی تارمزانە کە بە حوکمی ئەو واقیعە دواکەوتن و وەک پێویستە لە تاستی دابین کردنی یەکسانی ماف و فرمانی خەبات‌دا نین .)

(یەکسانی تارمزان لە ماف و فرمان‌دا ، ئەوەیە کە ئەوانیش

وەکو پیاو هەموو جورە مافێکیان هەیە .. ئازادی تەواوی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و فیرهەنگی و هزرهەیی و رادەربڕین و کۆبوونەوە و سەربەستانە هەڵبژاردنی. هاوسەر و سەربەستانە جیا بوونەوەو هەموو چالاکیەکانی تری ناو کۆمەڵ بەهەموو مانا فراوانەکانیەوە .لەبەرئەوەی وەکو هەر هاووڵاتیەکی تر تورك و فرمانبڕی ئەگەریە دەستوور سەپاوەت بۆ کۆمەڵەی ئەو ماڤانەی بۆ بەدی هێناوە ،دەبێ چالاکانە ڕۆڵی کارێگەری خۆی ببینێ شانبەشانی پیاوان بۆ بونا کردن و پاراستن و بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگەی و هەر ئەوەش ماناى ڕاستەقینەی یەکسانیێتی ئافرەتانە لەناو هەموو کۆمەڵێگا ،ئەك پاس کردنی تەنیا لایەکی یەکسانی چ ماف بێ یا فرمان ، چونکە پاس کردنی لایەك و فەراموش کردنی لاکەی تر زیانی زۆری بۆ ئافرەتان و پێشکەوتنی کۆمەڵ هەیەو چوریکی تری دڕیژدانسی چەوساندنەوەیە بەدیهێنانی ئەم دروشمە ،ماناى ئازادبوونی ئافرەتانە لەکوت و زنجیری کۆیلایەتی ، ئەو کوت و زنجیرەی بە حوکمی دابو نەریت و یاسای دواکەوتوو و کۆنەپەرستانەی پارێزەری بەرژەوەندی و دەسەلاتی چینە کۆنەپەرستەکانی ناو کۆمەڵەوە سەپاوە و ئافرەتانی بێ بەش کردووە،لە بەشداری کردنی چالاکانەی گەشە پێدانی کۆمەڵ بە ئاقاری ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوی مێژوو(ئەو ئاقارە بابەتیەی کە ئێمە مرۆڤی چەوسێنەر لەسەر حسابی مرۆڤی چەوساوە نەحەسێنەوە وەرگ ڕێ نەکات؟)

(ئێمە لەگەڵیدا ،مەسەلەی ئافرەتان بەبەشێکی جیانەکراوی تەرکە دیموکراتیەکان تەزانین و خەبات ئەکەین لە پێناوی کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕاندا . لەهەمان کاتیشدا بە تەرکی خۆمانی تەزانین دروشمی " دابین کردنی یەکسانی بۆ ئافرەتان لە ماف و فرمان دا" بەرز بگرینەوە و بایەخێکی تەواوی ئێدەینی و شۆڕشگێڕانە تر ،داوای ئازادی بۆ ئافرەتان ئەکەین کە ڕۆڵی کارێگەری خۆیان ببینن بۆ خەبات لە پێناوی دیموکراتیکی

شورشگیرانه که له سەردەمی ئیستادا تەنها بەم دیموکراتیکە تەواوی مەسەلە دیموکراتیەکان چارەسەر ئەکرین بە مەسەلەی ئافرەتیشەوە).

(هەر بەم بۆنەیەشەوە داوا لە ئافرەتانی زەحمەتکیش ئەکەین کە جیگای ئاسایی خۆیان لەناو مارکسیستەکان دا بگرن و خەبات و هەولی خۆیان لەگەل (م.ل) هکان دا یەکخەن و ئەو هەول و کۆششەی کردویانە لە پەرش و بلاوی رزگار بکەن. جیگە بە دروشمی بریقداری بورجوازییەکان هەلنەخەلەتین کە ئەك هەر راستگۆ نین بۆ ئەو دروشمانەی بەرزیان کردوتەوە بەلکو لە ژیر سیبەری ئەو دروشمانەدا ئافرەتان ئەچەوسێننەوە و لەم حالەتە ناهەمواریەی قەتیس ئەهێلنەوە. کە بیگومان بێ ئەو کارەی هەحالە ئافرەتان بتوانن بەئاسانی سەرجەم مافەکانی خۆیان بە دەست بهێنن ... ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، ئاوریك لەبەاری پر لەجەور و ستەمی خۆیان بدەن . کاتی خۆرێکخستن و خۆئامادەکردنیان .. کاتی بەشداری کردنیانە لە خەباتی شورشگیرانە دژی زولم و چەوساندنەوە بۆ گوڕینی ئەو واقیعە نالەبارەی کە مافەکانی ئەوانی تیا پێشێل کراوە ... لەهەمان کاتیشدا داوا لەگشت کرێکار و زەحمەتکێشێکی ووشیارو روشنبیری شورشگیری راستگۆو هاوڕێیانی ئەلقە دراسیەکان ئەکەین کە شیلگیرانە خەبات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە بکەن، بە شێوەیەك لەسەر زەمینەی واقیع رەنگ بداتەوە .. لە هەلویست و بیر و بۆچوونی و رەفتار، لەناو خۆمان و دەرووبەرمان دا، بۆ بەدیهێنانی ئەم دروشمە و بەکردەوە چەسپاندنی یەکسانی راستەقینە بۆ ئافرەتان لە ماف و فرمان دا. تا بتوانین ئیمەی (م.ل) ی بە پیچەوانەی بورجوازییەکان، ووتە و دروشمەکانمان بەبەستینەوە بە کارو کردەوەکانمانەوە جیاوازی ئەو دوو واقیعە بە روشنی دەربخەین .. ٤

۷ـ موناژەرەکردن، سەلماندن، یەکخستن

بیناسی جیاکەرەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی سەردەمی لەستا لە سەردەمی کۆن، ئەوەیە ئەم بزووتنەوەیە لەسەر ئاستی جیهان دوچاری کێشەی زل و زەبەرەند دێتەوە، چەندین ناوچەی کۆمۆنیستی خۆیان بە (دووبارەی) کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا دەبینن.

لەکاتێکدا ئەگەر چی کۆن لەناو بزووتنەوەی کرێکاران دا رواڵەتی جیا و جیاواز هەبوو، لەناو کۆمۆنیستەکانیش دا طەلانێی فیکری هەبوو. بەڵام تا مەرگی ناوەختی لینین، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یەک ناوەندی تیۆری و هەرجاری پیشەوایەکی تیۆری هەبوو. سەردەمی مارکس و ئینگڵس بوون. دوای مەرگی مارکسیش ئینگڵس تەنیا مایەوە و دوای ئەویش ماوەیەک هەڵبەرستان ئەنتەرناسیونالیزمی دوهەمیان شیوان، زۆری نەخایان لینین هەڵگەوتو و هەڵبەرستەکانی هەڵتەکان.

لەکاتی لینین و دوای مەرگی لینینیش کەم تا زۆر کێشەی فکری و سیاسی و تیۆری هەر هەبوون و زیرانی ئایدیۆلۆجیی وەک پرۆسەیەکی سروشتی ناکۆکیەکانی کۆمەڵ نەبرابوونەوە. بەڵام لە حوکمی ستالین بەدواوە تا ئیستاش کێشەکان روو لە قوڵ بوون و تەنیندەوەی جیهانین بە بێ ئەوەی ناوەندی وەک ئەنتەرناسیونالیزم و پیشەوایەکیش وەکو مارکس و ئینگڵس و لینین هەڵگەوتبێتەوە بۆ جڵەو راگرتنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەجۆرێکی کە لە خزمەتی کرێکاران و گەلانی جیهان دا پیشڕەوی شۆڕشگێڕی بێ، ئەوەش بونە هۆی لاواز کردنی زۆری خەباتی کرێکاران و قازانجی گەورەی سەرمایەداران، کە بێگومانیش سەرچاوەی ئەم نا هەمواریەی بورجوازیە لەکردەکانی ناو بزووتنەوەی پرولیتاریان

کەوکو چینیکی ڕەگ داکۆترای سیستمی گشەکردی سەرمایە داری خۆیان و بەردوا ڕێژیتستانەکەیان جیهانگیر تر بـــوون جووڵەی تیژی بەزراوی نامۆ بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕیان هێناوەتە کوڕی و لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوودا پەیدەبێن ئەگەن و بزووتنەوەی کرێکارانیان دووچاری ئەم ڕۆژگارە کردووە و لەبەر دەم ئەمپریالیستەکان دا بوونەوەرێکی باش لاوازیان کردووە .

ئەم بارودۆخە ناهەمواڕە وڵاتانی لەبەر خۆمانی لێ بەدەر نییەو (م.ل) کانی ئەم وڵاتانەشی گرتۆتەوە ، شانەشینانی گەشی ئەو ناکۆکییە کە ئەیتە مایەی گەشە کردن و پێشکەوتن و دەرخستنی کاکڵەی کێشەو ناکۆکییەکان ،بە هەڵوێستەڕەوی و شێوەی چارەیکەری ڕاستەقینەیان بەستنەوەیان بە واقیع و ڕادەی پەیەیزی و پێشخستنی خەباتی چینایەتییەوە زیانێکی زۆری لێدەدەین و زۆر جار هێندەی بەو کێشانەوە ، یان ڕاست ترواێە بڵێین بە جۆرێکەوە قسەی لایەنەکانەوە خەریک بووین ، ئەو هێندە خەریکی ئەوەکە بنچینەییەکانی ناکۆکی بنچینەیی ئەبووین ، سەرەنجامیش حکوەتە بورجوازییەکان هەر ماون و تەواوی ئەو ڕێکخراوانەی ســـەروی چـــەپ بەرەو شکستیان خواردووە ،بگرە هێندێکیان لە ناوچەکو عیراق دا تازە تازە لە کوتایی چەرخی بیستەم دا گەراونەتەوە سەر ئیسلام و گرنگی ئایینی ئیسلام .

کە ئەوانە ئەڵێین ، مەبەستی فکری ئاو بزووتنەوەی کۆمونیستی ڕەت ناکەینەوە و دوگماتیەت لەم بارەوە نەخوشییەکی کـوشندەیە ئیمە پێمان وایە ئەبی ئەو ناکۆکییانە ،زۆران و مەبەستی فکـــری، ئایدیۆلۆجی و تیۆریانە بخەینە سەر ئاڤاری بابەتی و پەیـــوەستی زانستی خۆی و تەواوی ئەو هەڵسەنگاندنە ، گشت و تایبەت،دەرەکی و ناوەکی ، کۆن و نوێ لە چوارچێوەی پێوەستییەکانی گەشەکردنی خەباتی چینایەتی لە وڵاتەکەدا لەبەر چاو بگرین و هیچ لایەنی ئەو هەڵسەنگاندنە یەک لایەنە حسابی بۆ نەکەین و هەموو حسابێکیش

لە پێناوی گەشە پێدانی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەرز کردنەوەی ئاستی ووشیاری شۆرشگێرانەیان و گەلالە کردنی بەرنامەی مارکسیستانەی شۆرشگێرانە بێت، وە لە پێناوی قبوول کردنەوەی ڕێبازی چینایەتی و مارکسیستانەی ناوخەباتی ڕەوای دیموکراتی گەلەکەمان بێ.

ئیمە پێمان وایە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کۆمۆنیستەکان ئەبێ بۆ مەیدانی هەموو جۆرە تەئوری، فکری، ئایدۆلۆجی خەباتی ئامادەکەن و بیانووی و نەیانووی دوچاری ئە و شەرمانە نەبنەوە و بەبێ پاک ڕاگرتنی مارکسیزمی شۆرشگێر و دوورخستنەوەی لە بەرورا ژەهراوییە ڕیفیزنستەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاران ناتوانن بەبێی گۆڕانی ڕەوتی ڕووداوەکان و پێشکەوتنی ووشیاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕوشنبیرە شۆرشگێرەکان بەرنامەی کاری شۆرشگێرانە پیادە بکەن.

بەڵام شەری تەئوری و ئایدۆلۆجی و فکریش وەکو شەڕی چەکدارانە وایە، وەکو ناکری دابەزیتە مەیدانی شەڕیکەوە پێش ئەوەی لە تفاقی شەڕ و ژمارەی شەڕکەر و شوێنی شەری دوژمنان و خوت شارەزا بێت، ئاوەهایش ناکری بەبێ قۆڵ بوونەوە، لێک ئەوە تێبگەنەوە، زانیاری کۆکردنەوە لە سەر تەواوی هێڵەکان و سەلماندنی بە بەڵگەی بوچوونەکان حوکم لەسەر کێشە گەورەکان بدەین و نەتوانین ئەو حوکمانەمان لە واقعی خەباتی چینایەتی و دیموکراتیدا جێ بکەینەوە و بیکەینە هۆی پەرە پێدانی خەباتی کرێکاران و نزیک کەوتنەوە لە سەرکەوتن بە سەر سەرمایەداران دا.

ئەو هێڵانەی باسمان کردن و تا ڕادەیەک لە (هێڵیستیکی ئینتەرناسیونالیستی) بێ قسەمان لە سەر کردووە. ئێستا مایەی دوور کەوتنەوەیەکی بەرچاوی نێوان گرووپە (م.ل) کانە ئیمە هەر لە سەرەتای دەرچوونی (ئالای شۆرش) ەوە و لەوەوپێش هەوڵمان داوە دوور کەوینەوە لەتاودانی سیاسەتی سەرکەشی

صراعی نا واقیعی ، دووبکەوینەوە لە رادیکالیزمی ئەکادیمزم و شوین
کەوتنی رستەی چنراوی جلیقی جوانی ئەوتو کە بیانوبی بۆ
دوورکەوتنەوە لە کۆری خەبات ، لە همان کاتیشدا همولمان داوە
تا بەتەواوەتی لە ناوەرۆکی همبوو لایەنەکان و بەرنامە و جۆری بەر
کردنەوەیان تێبگەین ، دانەبەزینە مەیدانی صراعی ئایدیولوجیی و
هیندەی تر واقیعی بزووتنەوەی کۆمونیستی لە وولاتەکەدا نەک
ئالوزنین . پیمان وایە ئەکادیمزم کردنی مارکسیزم و تێئیس
هیشتنی تەنها لە ئالیی دراسی و تیۆری و صراعی چاوایکەری دا
مارکسیستەکان دوور ئەخاتەوە لە رووداوەکان و توشی گوشەگیری
فکریان ئەکات . ئەوانە بۆ مانایە نالێین کە داوای پەیوەندیی و
یەکێتی یەکی رۆکشی لایەنە (م . ل) کان بکەین و صراعی ئایدولوجی
پشت گوی بخەین . وەکو هەستی سەرجوە بە هەلە ئەزانین و دژین
ئەوەش بە هەلەی کوشندە ئەزانین ، ئەوەی لە سەر ئاستی جیهان و
ناوچەکەدا دەرکەوتووە و سەلماوە لەناو بزووتنەوەی کۆمونیستی دا
لەسەر ریخێزەوەی کۆن و نوێ و سەرەنجامەکەی سالەهای سالی
خەبات بۆمان ساغ بوتەوە . هەلویستمان لێ وەرگرتووە و بە راشکاوی
دژین ، ئەوەی مارکسیزمیش وەک پرنسیپی ئەگور ریبازی پرولیتاریای
لە سەر بینا کردووە و قابیلی پیاچوونەوە و گۆرین نین لای ئێمە
چەسپیوە و لە سەرەتای کارەکانەوە تا ئیستا یاوەرمان بێ بووە و
خەباتیشمان لە پیناوی بە دیهێنانی کردووە .

بۆ نموونە ئێمە پیمان وایە (م . ل) فێنسفەرەکی هەژار و
بزووتنەوەی کۆمونیستی کەم تەجروبە نییە تا بێین دراسەی ئەوە
بکەین کە ئایا دروشمی روشاندنی رژیم هەلگرین یا نەم لەسەر
ئەمە ریک کەوین یا نەم ؟ پەیوەستە رژیمی سەرمایەداری بروخێ
یا نەم ؟ ئێمە لە نووسینی مانیفیستەوە بەتایبەتی لەسەر پێناس
کۆمونەی پاریسەوە ساغ کراوینەتەوە ، ئیتر زیادە رۆیی ناکەم پارچەوە
سەفسەتەوە ، بگرە پیانوشە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەرکە پراکتیکیە

سەختەکانی کوری خەبات یان بە خوسان بلسین(م - ل)و
شۆرشگێر و دوژمنی ڕێڕەوزنمزم ەکچی منت و مرلەسەر ئەوە بکەین
کە ئایا خەبات بوچی جورە دیموکراتیەتیک ئەکەین ؟ ئەم شیان
ڕوشن و ئاشکرایە کە کومونیستەکان دیموکراتیەتیش لە ڕوانگـــەی
چینایەتیەوە هەلدەسەنگێنن و خەباتیشیان لە پیناوی دیموکراتیکی
شۆرشگێرانەدایە . گەر مارکس بەو پێیە سیاسەتی بکردایەتە و
ماەلەی لەگەل ناوکیە چینایەتی و فکریەکان بکردایە . هەرگیزاو
هەرگیز ئەنتەرناسیونالیزمی بەکەمی لەو هەموو بالە جیاجیایانەی
ناو بزووتنەوەی کرکاران دروست نەئەکرد و(کومەلەی کومونیستەکان)ی
پیک نەئەهینا . مارکس رەوت و تونافی خەباتی باش هەلئەسەنگان
رادەی ووشیاری ، فکری و خەباتی چینایەتی لەبەر چاو بوو . بویە
ئەگەر چی مارکسیز لاوازیش بوو ،وە بالەکانی تری ناو پرولیتاریـا
بایان هەبوو ،بە تێکی شۆرشگێرانە کوی کردنەوە و هـەنگـا و
بە هەنگاو بزووتنەو ی کومونیستی لەناو کرکاران دا چەسپاند .
لەم دوخە تایبەتیە گواسترا وەیەی (الحاله الانتقالیه الخاصه)
بزووتنەوەی کومونیستی کە یەکگرتو نییە ، خاوەن یەک بەرنامەی
کومونیستی نییە ،وە هەندین گروپ و لایەن هەن خۆیان بە
(بە خۆشمانەوە) - بە (م.ل) و کومونیست ئەزانین . وە
هیشتا خەباتی چینا ی ، ووشیاری چینایەتی ، ئاستی کومونیستی
وەک نیوەی پێویستیان نییە و ئەوەی هەمیشە پتر لەناو خوێندەوارە
شۆرشگێرەکانایە لەبری ا ی لەناو کرکاران و زەحمەتکیشان دا بی
هیچ لا و گرویەکیش ن پشتوتە ئاستی ستمانەی کرێکـــاران و
زەحمەتکیشان و خەلکی رسگیر . لەم دوخە تایبەتیەدا ئەمە
ئەوەمان لا راستە کە ل ر کۆملی خالی هاوبەش نزیک کەوینەوە
و ئاوکاری بکەین و لە ڕاسەر دوژمنانی بزووتنەوەی کومونیستی
بە ری لە یەکتری بکەین هەنگاو بە هەنگاویش هەسەلە فکری و
ئا ـولوجی یەکانیش ساغ بکەینەوە کە دیارە هەر ئەو لایە ئەتوانی
٤١

سەرکەوی کە بتوانی هەلویستی ئایدیاوجی کۆمونیستی واقیعیانە بچەسپێنی .

بو نمونە ئەتوانین لەسەر دروشمی ١ــ ڕوخاندنسی ڕژیم ٢ــ ئولتمەتانیفی ڕژیم و ٣ــ بەرگری لە یەکێتی و ٤ ــ بەرگری لە (م .ل) و بلا وکردنەوەی زۆرترین شەرجاوەکانی و ٥ ــ مافی چارەنوسی و ٦ــ هەول دان بوخوش‌کردنی زەمینەی دیموکراتی و ئازادی سیاسی . .هتد. ڕیزکەوتن و یەکێتی کاریان بۆکەسن باقی کێشەکانیش ، ناکۆکی و صراعەکانیش بەهایەتیە بو پرۆسەی ڕوداوەکان و ڕەوتی خەبات کە بیگومان فاکتەری کات و دەرکەوتنی ڕاستی یەکان ، شان‌بەشانی ووشیاری چینایەتی و گەشەکردنی ئاستی فکری و تیۆری . دەوری کاریگەر ئەگێڕن لەوەی یەکالایان کەینەوە بەیەکی بەسەلمینن .

بو ئەوەی ئەم جۆرە بیرو ڕایە لەسەر حسابی لیدوان و مونازەرەی ئایدیاوجی نەبێ . سێ مەسەلە ، ئاماژەی لە دروشیک ا پێک هاتوەان بەناوی (مونازەرەکردن . . سەلماندن . .بەکخستن) کە (یەکەمین کۆنفرەنسی خوئامادەکردن) مان بەڕێی کردوتەوە ئەخەینە بەردەم هەموو گرۆپ و تەرەف و کەسێکی (م .ل) ی بە هیوای بەدیهێنانی بەرنامەیەکی کۆمونیستی شۆڕشگێڕانە لە پێناوی بە دەست هێنانی ئامانجە دوور و نزیکەکانی پرولیتاریا کە لای ئێمە لە تەواوکردنی قوناغی دیموکراتی و سوشیالیزم (دیکتاتۆریەتی پرولیتاریا) و کۆمونیزم بەرجەستە ئەکرێ .

١ــ مونازەرە کردن :ــ

لەسەر تەواوی مەسەلە فکری و تیۆری و ئایدیاوجیەکان و لە کارە ناوخۆییەکانیشەوە دەست بێ بکات باشترە ، تا ئەمانگەینە ئاستی لێک تێگەیشتن و گەلالە کردن .

۲ــ سەلماندن :ــ

دوای گەلاله کردن و لێك تێگەیشتنی ووردی مەسەلەکـــان . ئیتر ئەتوانین بە گیانێکی کۆمۆنیستانە راستی و هەلەکان بەیەك بسەلمێنین و هەلەی یەکتر هەلبرین و راستی یەکتر قبول بکەین .

۳ــ یەکخستن :ــ

دوای هەلبرینی هەلەی یەکتر و قبول کردنی راستـــی بوچونی یەکتر و نزیك بوونەوەی بوچونە فکری و تیئـــوری و ئایدیولوجی یەکان . پەیمان وایە ئیتر هیچ جورە بڕوپیانوپەك لە نیوان دا نامێنی بو یەکگرتن و کاتی یەکخستنی بەرنامەی کۆمۆنیستی دێتە پێش .

ئەوەش ئەزانین تەواو کردنی هەر بەشێکی ئەم دروشمە ماوەیەکی ئەوی و گیشتن بە یەکخستنی ئەو لایەنانەی لە سەر یەك بەرنامە ریك ئەکەوین ، بروسەیەکی ئاسان نیە . بـــەلام لەگەل ئەوەشدا کار بو کردن و تێکوشان لە پێناویا ، زور پـــی یا دڕەنگ هەر ئەمنانگینێنە هیوای یەکخستن و بەهێز گوزێکی پرنسیپی گەورە لە دۆزمانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەدەیـــن و ڕێی دووری سەرکەوتنی کرێکاران و زەحمەتکێشان نزیـــــك ئەخەینەوە .

بـــژی ســـوشـــیالیزم

پەیامێکی ئاوارە

هاوڕیانی نیکۆشەر !

کرێکاران و زەحمەتکێشی ووشیار !

ئەرکی دروست کردنی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی ، واتە خستنە ئامادە کردن بۆ جەنگێن دژی دوژمنانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، دژی دوژمنانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ڕوی فەلسەفی و تیۆری و فکری و سیاسی و خەباتی توند و تیژیشەوە بۆ بڕینی قۆناغی دیموکراتی شۆڕشگێڕانە ، بۆ بەستنەوەی ئەو قۆناغە بە سۆشیالیزم وە گواستنەوە لە سۆشیالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم ، ئەمە بەرنامەی لایەنی کەم و دووری کۆمۆنیزمەکانە بێ پێچ و پەنا و شاردنەوە .

بۆ ئەو ئەرکانەش شەرەفێکی مرۆڤایەتی مەزنە مرۆڤ شەرەفی کۆمۆنیستی پێ ببەری لە پێناویانا تێ بکۆشی ، ماندوبێ ، بگیڕی ، ئەشکەنجە بدەری ، بکوژڕی و نادوا هەناسەی ژیان کۆمۆنیستانە بژی .

بەڵێ هاوڕیان ! شەرەفە بتوانین ببینە کۆمۆنیست و وەکو کۆمۆنیست بژین ، وەکو کۆمۆنیست پەیوەندی هاوڕیانە بەستین و وەک کۆمۆنیستێکیش بە دەست دوژمنانی کۆمۆنیزم و کرێکاران و زەحمەتکێشان لە هەر سوێنگر و بەرگێکدا بن تەمەدە بکرێستن ، چونکە تەنها بیر و باوەری کۆمۆنیزم بە خۆشەویستی ڕاستەقینەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ، بە دوور گوتنەوە لە هەر حسابی خەڵک ژیبان ، بە دوژمنایەتی چەوسێنەران گۆشیان ئەکات و هەر کۆمۆنیستەکانیش دوورن لە خو ویستی ، فۆناتیزم ، ڕقەبەرایەتی ، تایفە گەری ، بەڵان گێری ، تەنەوەگیری ، ناپەرابەری ، خورافیات پەرستی ، کە هەموو ئەوانەن کۆسپن ، گەورەی بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زەمینەی لەباربۆ کۆنەپەرستی .

ئابین بە کۆمۆنیست ئەگەر هەموو ژیانمان بۆ بیروباوەڕەکەمان تەرخان نەکەین و هەموو بوارەکانی ژیان نەکەینە تەریبونی بڵاو کردنەوەی بیر و باوەڕەکەمان ، ئەگەر ڕۆژگارمان نەبی لە بیرو باوەڕی

ناسیونالیستی و پاشەرۆکی بورجوازی .

کومو نیستیش هەرگیز ناتوانی خزمەتی تا سەری بزووتنەوەی کومونیستی بکات ئەگەر ئەوەندەی مەزنی بیرو باوەرەکەی شازا و چاونەترس نەبی و لەپیناویا ئامادەی مردن نەبی . ئەگەر لە دۆزمنانی کرێکاران بترسی و دۆزمنانی مارکسیزم بتوانن بیترسینن .

کۆنە هاوڕێمان !

بیرو باوەرەکەمان جیهانیکی گەورەو مەزنە ، ئەرکێکی سەختە رێەکی دوورە و ئەتوانین بلێین هێشتا سەرەتای کارمانە و گێشتنە ئاکامیش زۆری ماوە . بەڵام کە ڕەوڕەوەی مێژوو بە ڕوونی دەبینین . کە بێشکۆتنی کۆمەڵایەتی دیاری ئەکەین ، کە صراعی چینایەتی غیر ئەبین ، کە حەتمیەتی مێژوو ئەبینە دوورنامان ، ئیتر لەبەردەم عەزیمەتی کومونیستانەمان دا سەختی ئەرکی خەبات ئاسان و ڕێی دووری سەرکەوتن نزیك ئەبینەوە . بۆیە ئەبی لەو بڕوایەوە خەبات بکەین کە سەی سەرئەکەوین و لەبەرامبەر دۆزمنانیشدا وا سوور بین کە ئەمانیان چەند دێڕ بی هەڵە ڕ گۆڕیان هەڵئەکەنین .

هاوڕێمان !

ئەگەر بەتەنها بین ، شانەیەك بین ، پۆل و تیمارێ بین ئەڕوب و حیزبێ بین ، چونکە کومونیستین ، چونکە بیرو باوەری کرێکارانمان هەیە ، چونکە قوولایی بیرمان ئەتەرناسیونالیزمە . ئەبی وا تێبگوشین ، وا صراع بکەین ، وابجەنگین کە هەموو کومونیستو کرێکارانی شورشگیرو زەحمەتکێشانی دنیامان لەگەڵە .

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەو ماف دیموکراتیەیە بەخۆ ڕەوا ئەبینین ڕوو بکەینە هەموو کرێکارو زەحمەتکێشی ، هەموو ڕوشنبیرێکی شورشگیر ، بی لایەن بن یا لایەنگر ، حیزبی بن یانەبن ، دانیشتو بن یا پێشمەرگە ، ئاوارە بن یا لادێیی ، کورد بن ، عەرەب بن ،

تورك و ئەرمەن و ئاسورى و كلدانى و سەر بە هەر ئەتنوە و مەزهەب و دينى بن. ڕووبان تى ئەكەين و ئەيبين دوژمنانى ڕاستەوخۆتان كە مافى چينا يەتى و دىموكراتى و مەزهەبى و ئەتنوەيى و مروڤايەتى لى زەوت كردون. ئاشتە خوين مژدەتان عيراقن، تا ئێمان بەرێتن ئاسودەيى و ئازادى ناببينن، بەكۆشتنان ئەدەين، ئەتانكەن بە گۆڕ يەكا، ڕەهبەرايەتيتان تيا دروست ئەكەين، ڕێزى چينايەتيتان تێك ئەدەين. بويە ئەبى ڕقتان لێيان بێ، خەباتيان دژ بكەن، ڕيسوايان بكەن، سوور بن لەسەر ئەمانيان، ووشيارتر بن و هەنگاو بە هەنگاو خۆتان بۆ ڕاپەرينى سەرتاسەرى وولات ئامادە كەن كە حەتمەن ئەبێ پێى هەلسين)

باشترين ڕێبازى ئامادە بوونيش بۆ ڕاپەرين
باشترين ڕێباز بۆ ڕوخاندنى فاشيەكـــان

بۆ سەركەوتن، ئازادى، دىموكراتى، سوشيا ليزم. ئەمانە بەرپاوەرى كۆمۆنيستە. بويە لە گاتێكدا ڕێز لە ماندوو بـــوونى هەموو يەكى لە هەر ئەتنوە و حيزب و لايە كە دژى فاشيستەكان بێ ئەگرين. لە هەمان كاتا بە ئەركى هاوپەيمانيەتى ئەزانين بانگيان كەين بۆ كۆبوونەوەلە دەورى ماركسيزم ـ لينينيزم و دلنيايان بكـــەين كە بەبى ئەم بەرپاوەرە هيچ جۆرە سەركەوتنيكـــى شۆرشگێرانە دەستەبەر نابێ بگرە كارەساتى گەورەش دوور نييە.

بە هيواى سەركەوتنى كرێكاران و زەحمەتكێشان
بە هيواى سەركەوتنى خەباتى شۆرشگێرانەى گەلەكەمان
بۆ پێشەوە..

يەكەمين
كۆبوونەوەى خۆ ئامادە كـــردن
١٩٨٥/٦/٢٠

٤٦

فەرهەنگۆک

١ــ ئایدیولوجی / سیستەمی تیۆری بیرکردنەوەی فەلسەفی و سیاسی و هونەری یە بە چەشنێکی زانستیانە .

٢ــ ئالترناتیف / لەبری ، لە جیاتی ، (البدیل) .

٣ــ ئۆتۆکراسی / دەسەلاتی بێ سنووری حوکم و حاکمێک کە یاسا و نەریتی نەبێ چاودێری بکـــات .

٤ــ ئۆپۆزسیۆن / بەرهەڵستکاری ی سیاسیانە (المعارضة) .

٥ــ پێشڕەوایەتی / ڕێبازی لادەرانەی بورجوازی بچووک ، وەک کردنی سنوور و صراعی چینەکانە ، ڕەگرتنە لە سەرهەڵدانی ڕەزی شۆرشگێرانەی کرێکاران .

٦ــ بیرۆکراتی / حوکمی دەسەڵاتی ئیداری پشتی پێـــز .

٧ــ دۆگماتیزم / کار و بیرکردنەوەی نەگۆڕ و گەشە نەکرد و ەوەکو بیرو باوەڕی تایبەتی .

٨ــ تاسیرناڵیزم / نەتەوە پەرستێکی گۆشەگیرانە .

٩ــ شۆڤینیزم / نەتەوە پەرستێکی کوێرەوەرستانە ، کە ڕۆژانەیەتی کردنی نەتەوەکانی تر تا تواند نەوەیـــان .

١٠ــ پرنسیب / بنەڕا (مبدأ) .

١١ــ سازشکاری / سات و سەودا ، (مساومه) .

١٢ــ فۆرمڵا / دارشتن ، (صیاغه)

١٣ــ ڕیفۆرم / گۆڕینی ڕووکاری بێچەوانەی گۆڕینی ڕیشەیی .

١٤ــ ڕیفۆرمیزم / لادان لە ڕێبازی کرێکاران ، هەڵگیرانەوەی (م.ل) و ڕاندنی ناوەڕۆکی شۆرشگێرانەی .

١٥ــ تیۆری / بیری زانستیانەی ڕی نیشاندانە لە سەر بنچینەی کارکردن لەخەڵکی .

١٦ــ تیرۆر / بیاو کوشتن و کۆنەکردن لە خراپەو کوشتن .

پێڕست

١ — راگەیاندنی گرتنی یەکەمین کۆنەوی خوناماده کردنی قەڵەم دراسیەکان ١ — ٤

٢ — هەڵوێستەیەکی میژوویی ٥ — ٦

٣ — پرۆژەی ئافاری گشتی بەرنامەی لایەنی کەم (بۆ لیدوان) ٧ — ١٦

٤ — هەڵوێستیکی ئینتەرناسیونالیستی ١٧ — ٢٠

٥ — ڕێگای شۆڕشگێرانە بۆ چەسپاندنی ئاشتی ڕاپەڕینە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی ٢١ — ٢٧

٦ — ئازادی بێ قید و شەرتی سیاسی و بەشەرگەی کرتابی بە شەری ناوخۆ دینی ٢٨ — ٣١

٧ — ئاڵاندن کردنی یەکسانی بۆ ئافرەتان لە ماف و فرمان دا ٣٢ — ٣٦

٨ — مۆنازەرە کردن و سەلماندن و یەکخستن ٣٧ — ٤٣

٩ — پەیامێکی ئاوالە ٤٤ — ٤٦

لەنەرشیفی مۆفەق میراودەلی یەوە



رووانگەی ژمارە

ناکامەکانی جەنگ و دەرگەکانمان

● دوای ئەمانی خەلافەتی ئوسمەوی و عەباسی و دەوڵەتانی هەرەبی بە نیازی داگیرکردن و لکاندن و بەلاساری هەڵکەوتی بەکیمان نەداوە. گەر کێشەیەکیش کەوتبێتە نێوانمان نەگەیشتۆتە رادەی ناگیرکردن.

هەردەمێ لەناو ئێستمان بەروەرانی هەرەبدا و هەروەها ناسۆنالیست و خۆرهەڵهێزەکانمەردا، باسی بەکگرتنەوەی نیشتمانی گەورەی هەرەب کراوە، بەڵام هەرگیز باسی بەکێتی کەشوهەوا (اندماج)ی بەهێزی هەڵکەوتی و وەکو ئەمەی رۆژئی هێزاق نزیکبوونەتەوە کراوە.

رۆژئی فاشی هێزاق و تاکە رۆژئەمەریکا هێرشی داگیرکەرانەی وا کردبێتەوە بێ حساب کردن بۆ سەردەم و توانای خۆی و پشتیوانەکانی کوێت (رۆژی ۱۹۹۰/۸/۲) ئەو وڵاتەی داگیر کردو سەرتاپۆ مێنانەوەی بەهانووە رژێمێکی دەستنیشانی قوتکردەوە و دوای هەفتەیەک وەکو بڵێی سەرتاو رۆژنەمەکە نەما و هێزاق کوێتی ماشەوە. گوایە سنووری دەستکردی کۆلۆنیالیستی دەسڕێتەوە. هەروەکو رژێم نەژانی کە هەم کوێت پشتی هاتنی کۆلۆنیالیزم جۆرێ لەبەرەخۆیی هەبووەو... هەم سنووری کۆلۆنیالیستی راستەقینە لکاندنی کوردستانی هێزاق بە هێزاقەوە، کە بۆ نەهێشتنی ئەو سنوورە دەسکردە سەدام بە زاری کیمیایی وەڵامی گەلی کورد دەداتەوە.

بەم جەنگە نارەوایە رژێمی هێزاق جیهانی سەرسام کردو پرسیارێکی رەوای خستە سەر وێردی زمانان، بە تایبەتی هی خەڵکی هێزاق و کوردستان کە:

داخۆ سەدام تازەگی لە جەنگێکی هەشت ساڵ رزگاری بووەو هێشتا نەشتوانیوە تەنانەت لەگەڵ نێزاندا سەرەرای وەستانی جەنگەکە، کێشەکانی بەکاڵا بکاتەوە... ئەوە چۆنە وێڕای بەتی جەنگێکی دێکە وا زوو بەرپا بکا؟

بۆ ل:(۱)

سەروتاری ئاڵای شۆڕش- ژمارە ٤ ساڵی ۱۹۹۰

پاشماوەی ... ئاکامەکانی جەنگ

پێمان وایە هەر لایەك رژێمی عێراقی بە ئاشی ئاسمینی و بۆمبوونە جیهانیەکەی خوت بووبێ لەئەك لۆژیکی میژوو بە ساباتی وەلامی ئەو پرسیارەی دەستەکەوێ . چونکە فاکتەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئاکامی ئەم جەنگە ئاجوورەیدا و چ لە ئاکامی بالادەستی ئەگەلۆژیدا (هەروەکو ئێستای عێراق و دەولەتانی هەرەبی لە کەنداوا) پەلاماردان بۆ ناو سنوری زەمینی ولاتانی دیکە پیشەیانە .

بە پێچەوانەوە ئەو لایەنانەی جارێ لەسەر ئاستی جیهانی رژێم مۆڵۆزی ئەوەیانە داموژ : ڕەفتار فاکتەکانی سەرمایەداری دەولەتیە ، گشەکردنی ئابووری سەرمایەداریە ، هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی ئابووری دەولەتانی هەرەمی لە کەنداوا) پەلاماردانی

پاشماوەی ... ئاکامەکانی جەنگ

سەر لێکردنی بەکێشەیەکی سیاسی لەسەر بوجێـــــــــوونە ماوبەدەکانیان و بە تایبەتی لەسەر: ڕوخاندنی ڕژێـــم و کۆماریکی دیموکراسی خۆڕدگیرو دابین کردنی ئازادی بـــێ مەرج و دابین کردنی مافە سیاسی و پەیدەبەدکانـــــی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بیارە هەموو ئەوانەلـــــە عێراق و لە کوردستانی عێراقیشدا. گەرهات و هەڵبژێـــی سیاسی باعیش هەڵگەوت کوردستانی عێراق لـــــە ڕۆژ ئیمپریالیزم و لە قازانجی بەختنی هەبانی خورڕگیزانـــە چیاکێنەوە ئەوا دەبێ ڕۆژ هەموو جۆرە کۆسۆپێڵێنتیـــەك بەین لەم بیناوەدا. نابی لەبەر هیچ بیانوویەکی سیاسی و تیوری هەڵی سەربەخۆیی کوردستان لە کیس گەلی جەوساوەی کورد بدرێ.

شایانی ئەم هەڵە میژوویەیە بۆ میژوو پێش هەمـــوو لایەك بڵێین: زۆر لە میژووی ڕووداوە هەگـــــەری و سیاسەکانی کوردستاندا، ڕێبەرایەتی ڕایەڕینە چەکدارەکانی کوردستان، کەوتوونەتە ناو تەپکەی ناکۆکیەکانـــی داگیرکەران و بە هاندانی داگیرکەری ڕۆژ داگیرکـــــەری نیکە جەنگیون و هێزادارین ئەجارەش ئەگەر بۆ جارێکیـــش بێ، بەندەکانی میژوو سوودلێوەربگیرێن و کـــــــورد نەکرێنەوە. دانی گەمەیەکی نیکە، بە تایبەتی خەریـــــکە گۆمەکە قوڵ دەبێ و دەوڵەتانی ئیمپریالیزمیش ئەجـــارە ڕاستەوخۆ دابەزیونەتە مەیدان و لە کوردستاندا دەوڵەتـــی تورکیایان کردۆتە دەسکێشی دەسەکانیان. بـــــۆیـــە وریایی ... وریایی گەلێ .. پێویستە! ●

بەیاننامەی یەکگرتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان- پەیڕەو یەکگرتن

- جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!

لەهەلومەرجێکدا کە گۆڕانکارییە دیموکراتیەکانی جیهان جۆشی تێک شکاندنی کۆنە دیکتاتۆرەکانی رابوردوو دەخۆن و چارەسەرکردنی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی گەلان خەریکە دەبێتە سیمای سەردەم، خەڵکی ئێمەش لەکوردستاندا، نۆبەرەی چارەسەرکردنی کێشەکەی دەرکەوتوەو راچەنینی ویستی نەتەوەیی و خواستی دیموکراتی لەکوردستاندا لەگەش بونەوەو پێشکەوتندایە، راپەڕینی پێرار ساڵی کوردستان کە ی.ن.ک دەوری دیاری خۆی تیادا هەبو، سەرەتای:

وەرچەرخانی ئەو راچەنینەیە، هەربۆیە، راپەڕینەکە پارێزراو و پەرەپێدراو چەندین دەستکەوتی مێژوویش هاتەدی، لەوانە: -رزگارکردنی کوردستان لەسوپای داگیرکەرو دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی.

- سەرخستنی تاقی کردنەوەیەکی کەم وێنە لەرۆژهەڵاتدا بەهەڵبژاردنی ئازادانەی پەرلەمانی کوردستانو پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو جارِدانی فیدراڵی.

- دەستەبەرکردنی دیموکراسی حزبایەتی و ئازادی چاپەمەنیو سەربەستی کۆڕو هەڵوێست دەربڕین و بەدیهێنانی هەموو شێوەکانی دیموکراسی لەوڵاتدا.

- دروست کردنی پەیوەندییەکی دیپلۆماتیکی بەرین لەسەر ئاستی جیهانو راکێشانی سۆزی رای گشتی بۆلای کێشەی میللەتەکەمان. -بەرگری کردنی ئابڵوقەی جیهانی، هەروا گەمارۆی رژێمی فاشستیش.

- تێک شکاندنی نەخەشەکانی تابوری پێنجەم.. تاد.

ئەوانە.. دەستکەوتە گەورەو گرنگەکانی راپەڕینی بەردەوامی میللەتەکەمانن؛ ماکی ئەو دەستکەوتانە، هەستو هەڵوێستی پیرۆزی پاراستنی ریزی یەکگرتووی میللەت و هێزی سیاسی پێشمەرگایەتی. ئەمەش، زۆربەی دەسیسەو دەستکێشەکانی

دوژمنانی کوردستانی پوچەڵکردووە، لەپاڵ ئەم دەستکەوتەداو، لەناو پرۆسەی بەردەوام بوونی دیموکراسی لەکوردستاندا، دیاردەی یەککرتنی هێزە سیاسە هاوبیرو هاوهەڵوێستەکانی کوردستانی لەبەر رۆشنایی دەرکەوتنی راستیەکانی سەردەم، وەکو پەرۆشیەک بۆ سەرخستنی ئێجگارەکی خەباتی میللەتەکە، سەریهەڵداوەو بەمەش، خەریکە برینە بەسوێکانی پارچەپارچە بونی ریزەکانی بزوتنەوەی گەلەکەمان بەئارامی چارەسەرکردنی برینەکان، سارێژ دەبنەوە.

- جەماوەری خۆڕاگری کوردستان!

دوای ئەوەی یەکێتیەکەمان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ بەدەنگەوە چونی بانگەوازە دیموکراسییەکەی بەڕێز مام جەلال، لەگەڵ حیزبی سۆشیالیستی کوردستاندا دڵسۆزانە تاقی کردنەوەی یەککرتنی سەرختیو کۆتایی بەژانی سیاسی سااڵەهای رابوردوو پێچەوانەی پیلانی دوژمنان هێنا، ئەوجا لەتەک باڵێکی دیکەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان کە رۆڵی دیارو شۆڕشگێڕانەیان لەشۆڕشە نوێکەدا شاردراوە نییە، لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (پەیڕەو-یەککرتن) دوای ماوەیەک لێدوانی ئازادانە یەککرتنیان بەگیانێکی دیموکراسیانە و هەست کردن بەئۆباڵە مێژوویییەکانی سەرکەوتنی ریڕەوی دیموکراسی، گەیاندە ئامانج. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم یەککرتنەش دەیسەلمێنێ کە بە بەرنامەو روحیەتێکی تازەی سەردەم مامەڵە لەگەڵ ریبازە جیاوازەکانی بۆتەی خەباتی دیموکراسی و چینایەتی دەکاو، بەکردەوەش دەبێتە چوارچێوەیەکی هاوچەرخی گونجاوی ریبەرایەتی کردنی کوردایەتی دیموکراسی میللەتەکەمان.

زەحمەتکێشانی پەیڕەو-یەککرتنیش، بەو سور بونەیان لەسەر یەکاڵابوونی دیموکراسیانە لەگەڵ هاوڕێیانی ناو حیزبەکەیان و بەم یەککرتنەیان لەگەڵ یەکێتی دا، دەیسەلمێنن کەوا نوێنەرەوەیەکی سەرەتای خەملێنی وشیاری چەپی ریالیستی و دیموکراتی کوردستانن لەپێناوی دریژەپێدان و قوڵکردنی ریڕەوی دیموکراسی دا.

جەماوەری کوردستانی ئازاد! ئەم یەککرتنە لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و (پەیڕەو-یەککرتن)دا، لەنێوان دوو هێزی نامۆ بەیەکدی پێکنەهێنراوە، بەڵکو لەنێوان دوولایەندا پێکدێ کە سەرەتای ئەوەی کاتی خۆی بیروڕای جیاواز لێکی کردنەوەو ئێستاش بیروڕای نوێ یەکیان دەخا، وێڕاش، شەرەفی هاوبەشی

سەرەتای خەباتی سیاسی یەکێتیی نیشتمانییو داڕشتنی بناغەی سەر لەنوێی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشیان هەیەو لەزۆربەی شانازی و سەروەریەکانی شارو شاخی شۆڕشەکەدا، لەسەر رەگێگ نشونمایان کردووە، باشترین بەڵگەی ئەم شەرەفە مێژوویی هاوبەشەش، سەدان شەهیدی کوردستانە کە هاوڕێ و هاوسەنگەری هەموولایەکمانن، کەواشبێ:

ئیدی جێی خۆیەتی یەکگرتنی یەکێتی و پەیڕەو-یەکگرتن، لەپێناوی سەرخستنی تەواوی ئەرکەکانی دیموکراسی و چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکان و ریفۆرمی زیاتری ریزەکانو کاروبارەکان، سەربخرێ و بەمەش، لایەنە گەش و پڕشنگدارەکانی مێژووی هەردوولامان دەبێتە زەمینەیەکی پتەو بۆ ئەوەی سوربین لەسەر شارێبازی دیموکراسی کۆک و کۆبین بۆ بەدی هێنانی ئامانجە ستراتیژیەکان، هیواداریشین ئەم یەکگرتنە دەرگا ئاواڵە بکات بۆ ئەو گروپ و لایەنە چەپانەی راستگۆن لەگەڵ ئامانجە دوورو نزیکەکانی گەلەکەمان، هەروا لەگەڵ تێکڕای ئەو تێکۆشەرانەی لەدەرەوەو لەکوردستاندا شوێنی شیاویان سەنگەری خەباتی رزگاری گەلەکەیانە.

- بەردەوام بێ ڕێڕەوی یەکگرتن
- بژی ئازادیو دیموکراسی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
(پەیڕەو-یەکگرتن)
١٩٩٣/٧/٢٤

بەیاننامەی یەکگرتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان - بەیرەو یەکگرتن

جەماوەری ئازیخوازی کوردستان!

لە هەلو مەرجێکدا کە گۆرانکاریە دیموکراتیەکانی جیهان جۆشی نێك شکاندنی کۆنە پێکهاتەکانی رابوردوو دەخولقێنن و چارەسەرکردنی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی گەلان خەریکە دێتە سیمای سەردەم، هەلێکی زێرینی لە کوردستاندا، نیشتمانی چارەسەرکردنی کێشەکەی دەرکەوتووە راپەڕینی ویستی نەتەوەیی و خواستی دیموکراتی لە کوردستاندا لەگەڵ یورتەوە پێشکەوتندایە، راپەڕینی پڕۆژ ساڵی کوردستان کە ی. ن. ك دەوری دیاری خۆی تیادا هەبوو، سەرهڵدا.

وەرچەرخانی ئەو راپەڕینەیە، هەر بۆیە، راپەڕینەکە بارێزراوو پەرچەکردارو چەندین دەستکەوتی مێژووی هاتە دی، ئەوانە:

- ڕزگارکردنی کوردستان لە سێبەری داگیر کەرو دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی.
- سەر هێستی تاڵی کردەوەیەکی کەم وێنە لە ڕۆژهەڵاتدا بە هەڵبژاردنی ئازادانەی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی ئیدرالی.
- دەست بەر کردنی دیموکراسی حزبایەتی و ئازادی چاپەمەنی و سەربەستی گۆڕەو هەڵوێست هەرچەرخانی ڕەخنەیانەی هەموو شێوەکانی دیموکراسی ئەولاتدا.
- دروست کردنی پەیوەندیەکی دیپلۆماتیکی بەرێن لە سەر ئاستی جیهان و ڕاگەیاندنی سۆزی ڕای گشتی بۆ لای کێشەی میللەتەکەمان.
- بەرگری کردنی ئابڕوئی جیهانی، هەروا گەشەپێدانی ڕۆشنبیری.
- نێك شکاندنی ئەفسانەکانی تیۆری پێنجەم.. تاد.

ئەوانە.. دەستکەوت گەورەو گرنگەکانی ڕاپەڕینی بەرەنجامی میللەتەکەمانن، ماڵی ئەو دەستکەوتانە، هێست و هەڵوێستی پیرۆزی پارستنی ڕیزی یەکگرتووی میللەت و هێزی سیاسی پێشمەرگایەتیی. ئەمەش، زۆرێەی هەرەزۆری دەستکێشەکانی مێژەنتی کوردستانی پوچەڵکردەوە، کە پاڵ ئەم دەستکەوتانەدا، لە ئاڵوبڕوتەی بەردەوام بوونی دیموکراسی لە کوردستاندا، دیاردەی یەکگرتنی هێزە سیاسیە هەلو بڕیارە هەڵوێستەکانی کوردستانی لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی سەردەم، وەکو پێرۆشێك بۆ سەرهێستی ڕێچکەیەکی خەباتی میللەتەکە، سەرچاوەگرتووە بەستانی، خەریکە بڕیارە بە چارەسەرکردنی بڕیارەکانی ببەستێو..

جەماوەری خۆراگری کوردستان!

ئەوانەی بەکێشەکەمان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەکەتان، بۆ بە دەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی بەرێز مام جەلال، لەگەڵ حیزبی سۆشیالیستی کوردستاندا ڕێککەوتنی ئاگربەستیان بەرگری سەرخاک و گۆڕانیی بەرژەوەندیەکانی گەلەکەمان بە ئاراستەی سیاسی سازەکانی ڕابوردوو پێچەوانەی هێنا، ئەوسا لە ئەنجامی دیکەی بڕیارەکانی خۆیاری گەلەکەمان کە ڕۆژی دیاری شۆڕشگێڕانیان لە شۆڕشە نوێکەدا شارەزاو تێ، لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (بەیرەو - یەکگرتن) دوای هاوپەیمانێ ئیتواتی ئازادانە یەکگرتنیان بە گیانێکی دیموکراسیانە و دەست کردن بە ئۆپاڵە مێژووییەکانی سەرکەوتنی ڕۆژی دیموکراسی، گەیاندە ئاماج.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم یەکگرتنەشی دیسانێتی کە بە بەرتەسکردنەوەیەکی ئازای سەردەم ماسەڵە لەگەڵ ڕیزەی جیاوازەکانی بزاڤی خەباتی دیموکراسی و چەپایەتی دەگاو، یەکردەوەش دێتە چوار چێوەیەکی هاوبەشی گۆڕینجاوی ڕێبەرایەتی کردنی کوردایەتی دیموکراسی میللەتەکەمان.

زەحمەتکێشانی بەیرەو - یەکگرتنیش، بەو سۆز بونەیان لەسەر بەکاڵا بونی دیموکراسیەتە لەگەڵ هاوڕێیانی ئاو حیزبەکەیان و بەم یەکگرتنیان لەگەڵ یەکێتیدا، دیسانێتن کەوا ئۆپەرەیەکی سەرەتای خەباتی وشیاری چەپی ڕیالیستی دیموکراتی کوردستانن لە پێناوی درێژە پێدان و قوڵکردنی ڕۆحی دیموکراسیدا.

جەماوەری کوردستانی ئازاد!

ئەم یەکگرتنە لە ئێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و (بەیرەو - یەکگرتن)دا، لە ئێوان دوو هێزی ئاسۆیەکەی یەکەمێزاو، بەڵکو لە ئێوان دوو لایەنی یەکسانی کە سەرەتای ئاوێی کاتی خۆی پیرۆزبای جیاوازی لێکی کردنەوە و ئیستاش پیرۆزبای نوێی یەکیان دەدا، وێڕای، شەرمەل هاوبەشی سەرەتای خەباتی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی و داڕشتنی بناغەی سەر لە نوێی مەرحەلە سەرەتاییەکانی شۆڕشیان هەیەو لە زۆرەی شانازی و سەربەرزیەکانی شاروشاخی شۆڕشەکەدا، لەسەر ڕەگێك نشونەیان کردووە، بالاترین بەڵگەی ئەم شەرەتە مێژووییە هاوبەشەش، سەدان شەهیدی کوردستانە کە هاوبڕێو هاوسەنگەری هەموولایەکیان، کەواتیش: ئیدی جێی خۆیەتی بەکگرتنی بەرەی (بەیرەو - یەکگرتن، لە پێناوی سەر هێستی ئەوانی ئەرکەکانی دیموکراسی و چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکان و ڕیشەیی زیاتری ڕیزەکان و کاروبارەکان، سەربەخۆی و بەهێز، لایەنگەش و پرشنگدارەکانی مێژووی هەرەوولاسان دێتە زەمینەیەکی پتەو بۆ ئەوەی سوور بین لەسەر شانازی دیموکراسی کۆنگ و کۆبون بۆ بەدی هێنانی ئاماجە ستراتیژیەکان، هیوادارین ئەم یەکگرتنە دەرگا ئاوەڵە بکا بۆ ئەو گروپ و لایەنە چەپایەنی ڕاستگۆن لەگەڵ ئاماجە دوورو نزیکەکانی گەلەکەمان، هەروا لەگەڵ ئێکڕای ئەو ئێکۆشەرانەی لە دەرەوە لە کوردستاندا شوێنی شیاوبان سەنگەری خەباتی ڕزگاری گەلەکەیانە.

- بەردەوام بێ ڕێڕەوی یەکگرتن.
- بۆی ئازادی و دیموکراسی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان — حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (بەیرەو - یەکگرتن)

١٩٩٣/٧/٢٤

یادە وێنە



شەهید حەمید ناسراو بە (شاسوار)

١٩٥٥/٧/١ لەدایکبووە، ١٩٨٨/١١/١١ شەهیدبووە،

شاسوار.. هاوڕێی سەردەمی قوتابی مەلا بەختیار بوو، لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە. پەروەردەکراوی گیانی ئازادیخوازی بناری بەمۆی سەرکەش بوو. یەکێک بووە لە قارەمانەکانی هەڵمەتی هەکاری. هەستی بە مەترسی لەسەر کۆمەڵگە کردبوو، سەنگەری ئاڵای شۆڕشی کردە بەرگری لە ڕێبازی ڕەنجدەران.. لەگەڵ شەهید فەرید.. بە بڕیاری نەوشیروان، لەکاتێکدا خواردنیان لەگەڵ مەفرەزەیەکی یەکێتی دابەش کردبوو.. لەکاتی ڕۆیشتندا دەستڕێژی ڕقیان لێکروو گەیشتنە کاروانی نەمران.



شەهید ئازاد فەقێ عەلی ..

ساڵی ١٩٦٣ لەدایکبووە، رۆژی ١٩٨٨/٤/٢٤ شەهیدبووە، رۆڵەی بنەماڵەیەکی تێکۆسەرو شەهید پەروەری گەرمیان – کفری بوو. لە بنەماڵەکەیەوە، هەستی کوردایەتی پشکوتووە، کە ڕێچکەی برا شەهیدەکەی (شەهید قاسم) دەگرێتەبەرو دەبێتە پێشمەرگە.. سەنگەری ڕەنجدەرانی هەڵبژارد. بۆیە بوو بە ئاڵای شۆڕش.. تا شەهیدیش کرا نمونەی پارتیزانی خۆڕاگرو دەربەستی سەربەستی بوو.. بە تاقی تەنیا کێوی وەرە بووە لەناو هەڤاڵانیدا..



شەهید سالار حاجی دەرویش ۱۹۵۳ - ۱۹۸۸

شەهید سالار، لە چوارتای خۆراگرییەوە، دەبێتە تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕو پێشمەرگە. پێشمەرگەیەکی بە ورەو بە هەڵوێست بوو. سڵی لە دوژمنو لە دوژمنانی ئازادی نەدەکردەوە. پیاوێکی سەنگینو کەسایەتی کۆمەڵایەتی بەهێز بوو. سەنگەری ئاڵای شۆڕشی لە ناو شۆڕشدا، بۆ پاراستنی ڕێبازی ڕەنجدەرانی هەڵبژارد. بێباک بوو لە ئەستۆپاکی خەبات. لە کەسایەتیەکەی سڵ دەکرایەوە، بۆیە بە غەدرێکی کەموێنە بەبڕیاری نەوشیروان شەهید کرا.



شەهید عومەر بچکۆل

١٩٦٦/٧/١ لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٥ شەهیدبووە. لە تەمەنی (١٥) ساڵی دەبێتە پێشمەرگە، رۆڵەیەکی هەرە ئازاو بە هەڵوێست بوو. سڵی لەمەرگ نەدەکردەوە ئەندامێکی کۆڵنەدەری ئاڵای شۆڕش بوو. لە کاتی پەلاماردانی هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش.. بەرامبەر دژەکانی ئازادی.. بێباک بوو.. فەرماندەکان لێی دەترسان. بۆیە لە نێوان (ولیانو نەوتی)دا.. بە بڕیاری مەڵبەندی یەک.. شەهیدیان کرد.



شەهید سۆران

١٩٦٣ لە دایکبووە – شوباتی ١٩٨٩ شەهید بووە

هاوڕێ سۆران .. لە پێشمەرگەو کادیرە وشیارەکانی کۆمەڵەو ئاڵای شۆڕش بوو. هەر لەتافی لاوێتیەوە، لە ناو بنەماڵەیەکی خاوەن هەڵوێستی جوتیاران. بەرامبەر دەرەبەگو داگیرکەران، پەروەردە کرابوو.. بۆیە، کادیرێکی بە ئەمەکو خاوەن هەڵوێستی رەنجدەرانبوو، لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کرد.



شەهید مستەفا ئەحمەد ئەمین رۆستەم ناسراو بە شەهید (هەڵۆ)
لەدایکبووی ١٩٦٨، لە ساڵی (١٩٨٥) لە گوندی (بیوەک) شەهید کراوە، لە گوندی (میرمام) نێژراوە.

شەهید مستەفا (هەڵۆ) کوڕە جوتیارێکی شۆڕشگێڕو بە هەڵوێست بووە. پێشمەرگەیەکی خۆشەویستو خۆنەویستو خاوەن بیرو باوەڕ بووە، لە پێناوی بیرو باوەڕەکەی.. نامەردانە لەسەر ئاڵای شۆڕش یەکێتی شەهیدیان کرد.



شەهید عیّدان ناصر

١٩٨٦/٦/١٢ شەهید بووە.

خانەقین کۆڕی جۆشدانی خەباتە. عیدان، لاوێکی گەورەبووی سەردەمی تەعریبە. لاوێکی خوێن گەرم. عاشقی کوردستانو فیداکاری.. دەبێتە پێشمەرگەو ڕێبازی ئاڵای شۆڕش هەڵدەبژێرێ. بێ ئاگا لەوەی، ئازادی لە ناو شۆڕشیدا، ئەتک دەکرێو بەبڕیاری نەوشیروان دەکرێتە قوربانی ڕقێکی نەگریس!



شەهید ئەکرەم حەسەن قادر ١٩٦٢/٥/١ – ١٩٨٦/٨/١٢

ئەکرەم حەسەن.. تەعریب، رقی پیرۆزی لا تیا دەچێنێت. سەنگەری خەبات هەڵدەبژێرێت. دەبێتە ئالای شۆڕش. بەبڕیاری نەوشیروان دەکرێتە قوربانی دژایەتی ئازادی. لەکاتی تیربارانکردندا.. بە پێشمەرگەکان دەڵێ: دوربکەونەوە، با پارچەی فیشەکەکانت بەرنەکەوێ.. بژی کوردو کوردستان.




شەهید حەیدەر

حەیدەر هەر لە لاوێتیەوە، لە ریزی قوتابیان تێکۆشاوە. کەسێکی هێمنو دڵسۆز بووە، ١٩٨١ هاتووەتە ریزی شۆڕش، راستیەکانی زانی ڕێبازی ئاڵای شۆڕشی هەڵبژارد. لەگەڵ هاوڕێکانی (عێدانو ئەکرەم).. لەسەر بڕیاری نەوشیروان بە ڕێژنەی گوللەی سەرکوتکردنی ئازادی، ١٩٨٦/١/١٢ شەهید کرا.



شەهید فەرید ئیبراهیم عبدالقادر ١٩٥٩-١٩٨٧

تێکۆشەرێکی هـەرە دڵسـۆزی کوردسـتانو خانەقینو شـۆڕش بـوو. کەسێکی راستگۆ، ئـازا. خۆشەویست بوو. جوامێری بە روخساریو هەڵسوکەوتیا دیار بوو. پاداشتی قارەمانێتیەکەیو خزمەتکردنی هاوسەنگەرەکانی بەبروسکەی نەوشیروان لەگەڵ شەهید شاسوار لەپشتەوە دەستڕێژیان لێکرا.. چونکە پارتیزانو ئاڵای شۆڕش بوو!



عبدالرحمن مەولود ناسراو بە (کاروان)

ساڵی ١٩٦٥ لە دایکبووە، شەهید کاروان.. لە خێزانێکی کوردپەروەری تێکۆشەر پەروەردەکرا. لەو لاوانەبوو لە هەولێردا، نمونەی خۆڕاگریو کۆڵنەدان بوو. لە بیروباوەڕو ئازایەتیدا.. تێکۆشەرێک بوو تەواوی ژیانی بۆ فەلسەفەی چەپ و ئازادی تەرخانکرد.. هەتا رۆژێم لە ١٩٨٧/٢/١١دا لەسێدارەی نەمری دا.



شەهید ئازاد خالّە مینە گەلاّلّی

لە ساڵی ١٩٥٧ لە دایکبووە لە ١٩٨٧/١٠/١٢ شەهید بووە.

شەهید ئازادلە چۆمانی سەرکەش چاوی بە ژیان هەڵهێناوە.. کۆڵنەدەرێکی کۆمەڵە بووە بۆ بەرگریکردن لە رێبازی چەپ و کرێکاران، رێبازی ئاڵای شۆڕی هەڵبژاردووە. لە کاتی سەرکوتکردنی ئازادیدا لەگەڵ رێبوار پێنجوێنی، بەدەستی یەکێتی شەهید کرا



فەرهاد ئەحمەد ڕەسول ناسراوە بە (فەرهاد کاوانی) لەدایکبووی ١٩٦٧ لە ساڵی ١٩٨٨ شەهید کرا.

شەهید فەرهاد کاوانی، لە کۆمەڵەوە بۆ ئاڵای شۆڕش.. ڕێبازی کرێکارانو رزگاری و دیموکراسی بەرنەدا. بوێرو گیان لەسەر دەست بوو. گیانیشی لەسەر دەستی ڕژێم کردە قوربانی گەلو ڕەنجدەران.



کامەران عبدالرعزیز محەمەد

لە ١٩٦٦ لە دایکبووە لە ١٩٨٤ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانەوە، ١٩٨٥ پەیوەندی کردووە بە ئاڵای شۆڕشەوە لە جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش دەستگیر دەکرێت. ١٩٨٦ جارێکی تر پەیوەندی بە ئاڵای شۆڕشەوە دەکات. لە ١٩٨٧/١٠/١٢ لە گوندی (بەربیان) لەگەڵ دوو هاوڕێی تری دەکەوێتە کەمێنێکی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتیو شەهید دەکرێن..



شەهید موشیر محەمەد سادق .ناسراو بە کاردۆ ساڵ ١٩٦٤ لەدایکبووە، سالی ١٩٨٦ شەهیدبووە

شەهید موشیر.. بۆ شەهید فارس محەمەدە.. تێکۆشەرێکی نمونەیی کۆڕی خەبات بوو. پابەندبوو بە ڕێبازی چەپی چینایەتی. بەرگەی ڕۆژگارە نالەبارەکانی دەگرت.. هەتا بێپەروا، گیانیشی لە ساڵی ١٩٨٧دا بەخت کرد.



شەهید مەناف تاهیر توفیق سالّی ١٩٦٥ لەدایکبووە، ١٩٦٥شەهیدبووە.

شەهید مەناف لە گوندی کاوانیانی زرارەتی لەدایکبووە. لاوێکی خوێن گەرمی کۆلّنەدەر. خەمی نیشتمانو ئازادی کردبووە خەمی چارەنووسو پێشمەرگایەتی. هەمیشە گیان لەسەر دەست بووە.. هەتا ئەو کاتەی گیانی بەخشیە کوردستانو کرێکاران.



شەهید واحیدە سور... .ساڵی ١٩٦٩ لە دایکبووە. ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕین شەهید بووە

شەهید واحیدە سوور.. نمونەی تێکۆشەری لەخۆبردوو بوو، پێشمەرگە.. بەهەڵوێست.. دەربەستی خەباتی چینایەتی.. خاوەن فەلسەفەی چینایەتی کۆمۆنیستی.. ژیانی بۆ خەباتی کرێکارانو شۆسیالیزم تەرخانکردبوو . لە ڕاپەڕیندا .. گیانی کردە سورخەڵاتی سەرکەوتن.



شەهید ڕزگار عەلی حەسەن .ساڵی ١٩٧٠ لە دایکبووە. ساڵی ١٩٩١ شەهیدبووە

شەهید ڕزگار.. لە خەباتی نهێنیدا، ئارامو خەمخۆری ڕێکخستنو هاوڕێکانی بوو. لە ڕاپەڕیندا، شێرئاسا ڕاپەڕیو گیانی پیرۆزی کردە چرای سەرکەوتن.



شەهید فەرهاد عەلی حەسەن .ناسراو بە مامۆستا فەرهاد. .ساڵی ١٩٥٧ لە دایکبووە. ساڵی ١٩٩١ شەهیدبووە

شەهید مامۆستا فەرهاد.. هاوڕێی دەربەستی ئاڵای شۆڕشو هەمیشە ئامادەبوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی.. سەرەڕای نالەباری ئاڵای شۆڕش.. بەڵام فەرهاد.. فەرهاد ئاسا ڕاپەڕی لە ڕاپەڕیندا.. ڕۆڵێکی دلێرانەی بینی. گیانیشی بەخشیە سەرکەوتنی ڕاپەڕین.



شەهید ڕەشاد عەلی حەسەن.ناسراو بە هیوا جیهاز .ساڵی ١٩٦٣ لە دایکبووە. ساڵی ١٩٩١ شەهیدبووە

شەهید ڕەشاد.. ناسراو بە هیوا، بە هیوایەکی شۆڕشگێڕانە هاتە ڕیزی تێکۆشان. پێشمەرگایەتی بوو بووە خولیای هەتا ڕاپەڕین.. لە ڕاپەڕیندا.. دڵی بەرایی نەدەدا شکست بێنێ، بە خۆی و دوو برای لە کاتی کۆڕەوەکەدا گیانی کردە قەڵغانی پاراستنی شکۆی ڕاپەڕین.



شەهید موئەید ملا حەسەن ....لەدایک بوی ١٩٦٩ ساڵی شەهید بوون ١٩٩١

شەهید موئەیەد.. تێکۆشەرێکی سەر راست.. بێباک.. پابەند بە ڕێبازی دیموکراسیو سۆسیالیزمی کرێکاری.. ڕاپەڕینی بە دەروازەی فراوانبوونی کرێکارانی دەزانی.. بۆیە ، شەهید بوونی کردە مەشخەڵی ئامانجەکانی کرێکارانو کوردستان!



شەهید هەژارکەریم مەسیفی لە ساڵی ١٩٦٧ لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٩١ شەهید کرا.

شەهید هەژار کەریم.. تێکۆشەرێکی وشیار.. نووسەر .. کۆڵنەدەری کۆڕی خەباتی چینایەتیو نەتەوایەتی بوو. هەمیشە ئامادەی گیان بەخشین بوو.. لە ڕاپەڕیندا.. کە دژەکانی ئازادی ناتوانن کۆڵ بە چەپەکان بدەن..



شەهید جەنگی بەکر هیرانی ناسراو بە (ڕەوەند).

ساڵی ١٩٦٣ لەدایکبووە، ناوی جەنگی بوو.. بۆ کرێکارانو کوردستانیش دەجەنگی.. دەیویست.. کوردستانەکەی.. وەکو دەڤـەری هـیرانو نـازەنـین.. ئـازادو ڕازاوە بـێ.. هەتا لەو پێناوەشدا شەهید کرا.



شەهید فاخر ناسراو بە (دیلان شەقلاوەیی).لەدایکبووی ١٩٦٣ لە ١٩٨٧ شەهیدکرا

شەهید فاخر.. هەموو خۆشیەکانی شەقلاوەی رەنگینی وەلانا.. بوو بە پێشمەرگە..پێشمەرگەیەکی بە هەڵوێستی ئاڵای شۆڕش بوو.. گیانیشی لەو پێناوەدا .. کردە مەشخەڵی خەباتی چینایەتیو نەتەوایەتی..



شەهید عبدالوەهاب سابیر سمایل ..ساڵی ١٩٦٠ لەدایکبووە، لەساڵی١٩٨٥ شەهید بووە

یەکەم شەهیدی ئاڵای شۆڕشە. هاوڕێ لەگەڵ شەهید ئەسعەد ڕەسول ئیبراهیم. لە باغەمرەی ڕەقەی بن هەولێر.. گیانی سپاردە کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان.



شەهید خسرۆ کاویس. ناسراو بە سەپان، ساڵی ١٩٦٦ لە دایک بووە. ساڵی شەهیدبووەن ١٩٨٧

شەهید سەپان.. لاوێکی قارەمانی کۆڕی گیانبازی بوو. باوەڕی بتەوی بە شۆڕشو ئازادی کرێکاران بوو.. هەر لە پێناوی سەرفرازیو سەرکەوتنیاندا ساڵی ١٩٨٧ شەهید کرا.



شەهید سەدرەدین لە ساڵی ١٩٦٥ لەدایکبووە لە ١٩٨٧/١٢/٣١ لەئەبو غریّب لە سێدارەدرا


شەهید سەدرەدین .. هەمیشە بە هەڵوێست بووە ، لە ژێر فشاری (یەکێتی) ناچار دەبوون، خۆیان لە دورەدەست پەنا بدەن..لەگەڵ شەهید ڕێباز دەست رژێم دەکەونو شەهید دەکرێنو دبن بە شەهیدی کرێکاران.



شەهید خەلیل ئیبراهیم عەباس ناسراو بە (خەلیل تورکمان) ساڵی ١٩٦٢ لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٧ شەهید بووە.

بەنازناوەکەی دیارە کە لە خێزانێکی تورکمان پەروەردە کراوە، بەڵام پەروەردەکراوێکی سەردەمی تەعریبی خانەقینە، کە رۆژگارێکی ڕەش بوو..


خەلیل.. لاوێکی چەپ.. پاک.. ڕاستگۆ.. بە هەستی پاکی خۆی ئاڵای شۆڕشی هەڵبژارد. هەر لەسەر ڕێبازی چینایەتی- دیموکراسی ئاڵاش، گیانی بەخت کرد. ئێستاش خەلیل کسپەیەکی هەمیشە بە ئازاری ناخی هاوڕێو هاوسەنگەرەکانێەتی، شانازی شاری خانەقینیشە.



شەهید ڕەشاد موراد مەلا....ناسراو بەشێرکۆ....لەدایک بووی١٩٦٢-


لەسالی١٩٨٧ لەسێدارە دراوە

ڕەشاد.. لە ١٩٧٨.. درکی خەباتی چینایەتیو نەتەوایەتی کردووە. کە زانی کۆمەڵە.. سەنگەری ڕێبازی کرێکاران جێدێڵێ.. بە دڵو گیان ئاڵاکەی ئاڵای شۆڕشی شەکاندەوە، لە زیندانداقارەمان بوو، بەعس نەیهێشت تەمەنی درێژ بێت لە (٢٥) ساڵیدا شەهیدی کرد.



کە لە ١٩٧٥/٩/٥ — خۆم لە سلێمانی شاردەوە.

ئەم وێنەیەم بۆ مێژوو گرت..



١٩٧٨/٣/٢١ نۆکان

لەسەر راسپاردەی مام جەلال، دوای دامەزراندنی ئیزگە لەلایەن ئەندازیاری شارەزا (تەڵعەت گلی)یەوە، بۆ یەکەمین جار بەرەسمی، ئێزگەی شۆڕشی عێراق هەڵگیرساو لە چیاکانی کوردستانەوە، کرایەوە، یەکەمین ڕاگەیاندنی عەسکەریش.. سەرکەوتنی پێشمەرگە بوو لە دزڵی ١٩٧٨/٣/١٩



بەهاری ۱۹۷۸ – نۆکان

پێش کەوتنەڕێی هەڵمەتی هەکاری

عەلی عەسکەری، مام جەلال، نەوشیروان

تازە کۆبونەوەی فراوانی کۆمەڵە تەواو کرابوو. نەوشیروان بۆ ناوەندی هەڵبژێردرابوو. بە کردەوەش وەکو سکرتێر بوو. بەڵام تەنها یەک پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو. پێشمەرگە کەمتر بە دیار مەکتەبی سیاسیەوە، دەمانەوە! مام جەلالیش مەفرەزەکەی بەکری حاجی سەفەری بە دیارەوە بوو.



١٩٧٨/٤/١٣ وێنەیەکی مێژوویی:

رۆژێک پێش جوڵاندنی هێزی هەکاری. مام جەلال قسەیان بۆ دەکات. شەهید عەلی عەسکەری بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری، دانیشتوەکان لە پێشەوە. ١- ملازم عومەر ٢- مەلا بەختیار، ٣- بەکری حاجی سەفەر.. لە دواشەوە دلێری سەید مەجید دیارە.. باسی گرنگی هێنانی چەکو فریاکەوتنی جوتیارانی کوردستانی کرد.. کە حکومەت رایان نەگوێزێ!



زستانی/ ۱۹۷۸

له راستەوە: شەهید سەردار ئیخی مالّی- مەلابەختیار- عەبەرەش- مەلا یاسین- شەهید کاوە مەحمود- هێمن (زرار) شەهید جەبار.

وێنەکە لە شێنێ گیراوە، مەفرەزەکەی خۆمان بوو.. دوای شەڕی شێنێ مانگی ۱۱/ی ۱۹۷۸. ئەم پێشمەرگانە لە شەڕەکە نمونەی قارەمان بوون. دووەم رۆژ سەرماکە تینی بۆ هێنایین. مەخزەنم پێ دەرنەهات. مەلا یاسین مەخزەنەکەی گۆڕیم!



ئەم وێنەیە ، هەفتەیەک دوای بەرپابوونی جەنگی عیراق-ئێرانە. لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی، راسپێردرام کۆبونەوەیەکی فراوان بە پێشمەرگەو ئۆرگانەکانی سەرکردایەتی لەسەر جەنگەکە بکەم، هۆمەر شێخ موس ئیدارەی کۆبونەوەکەی کرد. لە قسەکانمدا گوتم:

ئەم جەنگە ناڕەوایە عیراق سەپاندویەتی. هەلێکی گەورەیە هێزە سیاسیەکانی کوردستان، کێشەکانمان چارەسەر بکەین و خەبات قوڵ بکەین بۆ ڕوخاندنی رژێمی فاشیستی عیراق.



١٩٨٠ – تۆژەڵە

لە ڕاستەوە:

شەهید نەجۆ، مەلا بەختیار، ئیبۆ، نەناسراوە.

شەهید نەجۆ: ڕابەری حزبیی ئازادی باکوری کوردستان.

ئیبۆ: جێگری هەڤاڵ خەجێ.. ئالای ڕزگاری.

ئەو کاتە.. سەرکردایەتی یەکێتی پەناگای شۆڕشگێڕانی باکورو ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. پێشی ئەوەی ساڵی ١٩٨٤ pkk شۆڕش بەرپا بکات. ئەگەر ئالای ڕزگاری دەستی بە پارتیزانی کردبا، دەبووە پێشەنگی کوردایەتی لە باکوردا.. ئەمانە هەر خەریکی مشتومڕی تیۆری بوون.. PKK گرەوەکەی بردەوە!



بەهاری ۱۹۸۰-یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە

بەکری حاجی سەفەر، روناکی شێخ جەناب، مەلا بەختیار

لە پشتەوە: شێخ جەعفەر، مام رۆستەم و شەهید ئەنوەر حەسەن دیارن، ئەوەی پاڵکەوتووە: سەلاح فەیلییە، کە لە هەڵۆی سوور بوو. لەم وێنەیەدا، مشتومڕی زبرو پیلانگێڕان.. لە ناو کۆنفرانسەکەدا.. بە سیمامانەوە دیارە!



بەهاری ۱۹۸۰-یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە

سێهەمین کۆنگرەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران-هاوینی ۱۹۸۲- زیندانی بەردە سوور-مەنگورایەتی ڕۆژهەڵات

لەم کۆنگرەیەدا، مام جەلال بە ناوی یەکێتی و من بەناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە قسەمام کرد. هەوڵێکی زۆرماندا، کۆمەڵە ناسنامەی کوردستانی لە دەست نەدا. بە تایبەتی مام جەلال. سوودی نەبوو. لەم کۆنگرەیەدا، بناغەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دانرا. لەگەڵ مەنسوری حیکمەتو ئیرەجی ئازەریی، دیالۆگی گەرم کرا.. مام جەلال توانایەکی تیۆری زۆری نواند. مەنسوری حیکمەتیش.. لۆژیکو توانای زۆری هەبوو!

دانیشتوان: عومەر ئیلخانی زادە-عەبدوڵڵای موهتەدی-برایمی عەلی زادە



بەهاری ١٩٨٠

پەخشان حەفید، روناکی شێخ جەناب،ئەگنێتا، فاتمە خان.
عومەر شێخ موس، مەلا بەختیار، ئەرسەلان بایز، شێخ عەلی.
چوار شێرە ژن، لەگەڵ هاوسەرەکانیان.. کە لەو دۆخەدا..
هاوسەنگەر بوون.. بەڵام دژایەتی دیموکراسی لەیەکی دابڕین.



ساڵێ ١٩٨٠- پشتی شاخی دەلوجە و سەرکانی دەرویـان، یەکەمین کۆبوونەوە لەکاتی دانانی مستەفا چاوەڕەش بە ئامر هەرێمی قەرەداغ، لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر باسی هەرێمەکە دەکەین. لەدووریشـەوە شەهید گۆران تلەزەیتی و حەمە قاشتی.. دیارن.



هاوینی/ ۱۹۸۰

شەهید ئازاد و شێخ عەلی، تازە لای پارتی دوای کارەساتی هەکاری هەڵهاتبوون.. داوەتێکی پێشمەرگانەم کردن. گیانی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی.. لەو پەڕی بەرزیا.. دەفڕی! شەترەنجمان کرد. زۆربەی جار ئازاد هەورامی لێ دەبردمەوە. لە یاریکردندا.. لە من وردترو بە پشووتر بوو.



١/ی ئایاری ١٩٨٠

ئەم یادە لە توژەڵە گێڕامان، یەکەمین جار بوو بە بۆنەی یەکی ئایارەوە، ئاهەنگ بگێڕین. ناسری رەزازی.. لە ئاهەنگەکەدا، یەکەمین جار سروودی کرێکارو رەنجەدەرانی گوت.. کە دەڵێ:

رەنجدەرین جەنگاوەرین

بۆ قەڵای سەرمایەدار رابەرین.. ئاوازەکەشی هەر لەناو خەیمەکەی ئێمە داینا.



بەهاری ١٩٨١ –خڕی ناوزەنگ

سەربانی بارەگای تازە دروستکراوی مام جەلال

لە راستەوە: هەڤاڵ خەجێ، ڕەفعەتی مەلا، یوسف زوزانی، مەلا بەختیار، د. کەمال خۆشناو، هێرۆ برایم ئەحمەد.

جەنگی عیراق – ئێران هەڵایسابوو.. دڵنیایی لە بارەگاو سەرکردایەتی زاڵبوو بەسەرماندا.ئومێدێکی زۆرمان هەبوو سەرکەوین.. بەڵام لە شەڕی ناوخۆدا بە فیڕۆماندا. هەتا دووچاری ئەنفالو کیمیاباران بووین!!



١٩٨١ –دۆڵی خۆشناوەتی

شەهیدان: عەلی نەبی - کاوە مەخموری

لە کاتێکدا..هێزێکی هاوبەشمانم لە قەراغ، شارەزوور، سەرکردایەتی و هەولێر، برد بۆ پاککردنی زیاتر لە (٨٠) یاخی، بەسەرپەرشتی سلێمان بیرێژی. رۆژێکیان لە چیوەی سەروو بووین. لە چیوەی خواروو هێزێکمان بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحمود کەوتنە بۆسەوە. بەندەو سامان گەرمیانیو عەلی نەبی، بە پرتاو بە هانایانەوە چوین. عەلی نەبی.. بە پێ خاوسی هەڵمەتی دەبرد. هێزەکەشمان رزگار کرد!



هاوینی/ ۱۹۸۱ – بەرەو گەشت!

مەفرەزەی خۆمان، لە پشتی مەکتەبی عەسکەری، بارەگای ئالای رزگاری-زەڵێ.

دەڕۆیشتین بۆ گەشتی وەرتێ، خۆشناوەتی، دەشتی هەولێر. هێرۆ برایم ئەحمەد، یەکەمین جاری بوو، سەردانی سنوری هێزەکان بکات. کامێرای ڤیدیۆیی پێ بوو. هەندێک لە وێنەکان کە پیشان دەدرێن لە تی(TV) هەر ئەو گەشتەن. لەناو مەفرەزەکەماندا. شەهید: فەرمان هەورامانی (پورزای شەهید ئازاد) شەهید حەمەی ئازاد، خەلیل دەبەرند بێرولەیی کۆچکردوو... وەستاون. لەم گەشتەدا، بۆ یەکەمین جار (۲۵۰) پێشمەرگە چووینە ناو هەولێر- گەڕەکی باداوان. مامۆستا جەلال، ئار بی جی نا بە مالّی ئەمنیکەوە کە تەقەیان لێکردین.



دووەمین کۆنگرەی کۆمەڵە- هاوینی ١٩٨٢

سەید برایمی عەلی زادە-مەلا بەختیار-مامۆستا شێخ عزالدین حوسەینی- قادری حاجی عەلی- سەید حەسەن.

مامۆستا شێخ عزالدین.. زانای ئاینی پایە بەرز. بەڵام باوەڕی بە دیموکراسی و کورستانی و چەپی ریالیستی کۆمەڵە بوو. مامۆستا وەکو رابەرێکی سیاسی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا هەڵکەوت. مەخابن، لە ناو ناکۆکی کۆمەڵەو دیموکراتدا، دووچاری فشاری سیاسی.. دەروونی کرا.



کۆتایی مانگی ۱۲/ی ۱۹۸۳ –بەرەو دانوستان

بەشێکی وەفدی یەکێتی شەهید د. قاسملوو- مەلا بەختیار-ملازم عومەر- سەید کەریم

لە زیخانەوە، کۆپتەر بردینی بۆ کەرکوک. بەسەر کۆیەدا تێ پەڕین. مام جەلال سەیری شارەکەی کردو شوێنی ماڵی خۆیان و قشڵەو. مەکتەبەکەی، دەستنیشانکرد. د. قاسملوو پێی وت: چاوتان لێیە چەند شارەکەی خۆی خۆش دەوێ. بۆیە دەگوترێ کۆییو خۆیی!



مەلا بەختیار، نەوشیروان مستەفا

ناوەڕاستی مانگی یەکی ١٩٨٤.. گوندی بالیسان لەسەر داوای نەوشیروان مستەفا، کۆڕێک لە مزگەوتەکە بەسترا.. جمەی دەهات، سەرگوزشتەی یەکەمین دانیشتنەکانی وەفدی یەکێتیو حکومەتی عێراقم، باسکرد، پرسیارو وەڵامی بەرچاویش هاتە ئاراوە. لە شارەکانیشەوە، میوان هاتبوون!



مەلا بەختیار، نەوشیروان مستەفا، مام جەلال

دوا کۆبونەوەی وەفدی یەکێتی و حکومەتی عێراق .. لە سورداش.

هاوینی ١٩٨٥

لەم کۆبوونەوەیەدا، وەفدی حکومەت بەسەرۆکایەتی عیزەت دووری و

عەلی حەسەن مەجید.. ئەمە دوا دیداری هاتنی وەفدی عیراق بوو،

جیاوازییەکان لەسەر رێککەوتن قۆڵ ببوون. وەفدەکە بەترسێکی زۆرەوە

هاتبوون.. سورداشیان کۆنترۆڵکرد!!



کۆڕەوەکەی ڕاپەڕین.. ١٩٩١/٣/٢٣

ڕەفیق صالّح، عەلی عەزیز، مەلا بەختیار، فایق صالّح، ئازاد تۆفیق, دووەم ڕۆژی کۆڕەو.. نزیک سەیدسادق.

ڕۆژێکی زۆر سەخت بوو.. دەیان هەزار ژن و منالّ و لاو.. پیر، بەپیادەو هەندێکیان لەناو قوڕو لیتاودا، پێڵاوەکانیشان جێمابوو. تراژیدیای نەتەوەیی بوو!



کۆڕی مەلا بەختیار – شەقڵاوە

یەکەمین کۆڕی سیاسی دوای ڕاپەڕین ۱۹۹۱/۸/۲۰

کۆڕی.. شکستی ڕاپەڕینو ڕاپەڕینی بەردەوام، یەکەمین کۆڕی سیاسی دوای ڕاپەڕین بوو، نوێنەری چەپەکانو لایەنە سیاسیەکان، لە تەواوی کوردستانەوە بەشدار بوون، خەڵک ئامادەی کۆڕەکە بوونو زیاتر لە (۳) سەعاتی خایاند. دیالۆگێکی ئازادی تیاکرا. ڕەخنەی ئاشکراش لە تاڵانیو برۆی بەرەی کوردستانی گیرا. داوای هەڵبژاردنو کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیم کرد!.



یەکەمین کۆنفرانس ئالای شۆڕش – شوباتی ١٩٩٢ – سلێمانی

ئەم کۆنفرانسە.. وەکو چەپی دیموکراتی کوردستانی، سازدرا. تیایدا.. یەکەمین ڕێکخراوی چەپ بوو، ئالای شۆڕش ،بە ڕۆشنی، ستراتیژی دیموکراسیو ئازادیەکانی بەستەوە، بە سۆسیالیزم، سەرەڕای نەبونیو فشاری سیاسیو دەسیسەی کێشەنانەوە لە ناو کۆنفرانسەکەدا، بەڵام ڕۆحیەتی چەپگەراییو پەرۆشی یەکخستنی چەپەکان، زاڵبوو.. دەسیسەکان تێکشکێنران!



٢٠١١/٢/٢٥ یەکەمین کۆبوونەوەی وەفدی یەکێتی:

هێرۆ برایم ئەحمەد، مەلا بەختیارو دلێری سەید مەجید، سەردانی نەوشیروان مستەفا، لە گەرمەی ١٧/ی شوباتدا. بە راشکاوی گفتو گۆمان لەسەر دۆخی کوردستانو سلێمانیو پەیوەندی نوێی یەکێتی – گۆڕان کرد، لەم کۆبوونەوەیە بە دواوە، پەیوەندی گۆڕانو یەکێتی، ئارامی بەخۆیەوە بینی.



لەکاتی بەڕێ کردنی وەفدی گۆڕان..

نەوشیروان مستەفا مەلا بەختیار، سالار عەزیز



دەباشان- ٢٠١٤/١١/٥

مەلا بەختیار،کۆسرەت رەسول، نەوشیروان مستەفا،مام جەلال، عومەری سەید عەلی، جەلال جەوهەر

لەکاتی نەخۆشکەوتنی مام جەلال.. نەوشیروان مستەفاو وەفدی گۆڕان، سەردانیان کرد. سەردانەکە، مێژووی کۆن و نوێی.. بەرجەستە کرد. لەکاتی بەڕێ کردندا نەوشیروان وتی: ژیان ئاوهایە.. مام جەلال دونیا زەلالەتی بوو بە دەستیەوە، کەچی ئاوای بەسەر هاتووە.

سەرچاوەکان:

أ- عەرەبی:

١-سایکولوجیة العدوان. بحوث في دینامیکیة العدوان لدی الفرد، الجماعة، الدولة (فروید، لورنر، ولترز، میلر وأخرون). ترجمة عبدالکریم نامق.

٢-لماذا یتمرد البشر. تألیف (تید روبرت غیر) ترجمة و نشر (مرکز الخلیج للأبحاث) ٢٠١٤.

٣-یوفال نوح هراري. العاقل. تأریخ مختصر للنوع البشري. ترجمة: حسین العبري. صالح بن علي الفلاحی. دار منجول للنشر. ٢٠١٨.

٤-صراعات الکنیسة و سقوط القسطنطینیة. نجیب اسطیفان. الطبعه الاولی ٢٠١١- دار التکوین.

٥-حسین العودات- النهضة والحداثة بین الارتباک والاخفاق. دار الساقي- الطبعة الاولی ٢٠١١.

٦-جیوفانا رورادوري. الفلسفة في زمن الارهاب. حوارات مع یورغن هابرماس و جاک دریدا. ترجمة: خلدون النبواني. الطبعة الاولی. بیروت- حزیران/٢٠١٣.

٧-فیتوریو بوفتشي-العنف- مختارات فلسفیة. ترجمة: یاسر قنصوة. المرکز القومي للترجمة. ٢٠١٧.

٨-د.علي الوردي فی الطبیعة البشریة. محاولة فی فهم ما جری. تقدیم: سعد البزاز/١٩٩٦.

٩-عادل مراد. الانطلاقة من طلیطله الی بغداد. من ارشیف الانصات المرکزي.

ب- فارسی:

١٠-افکار هگل. دکتر کریم مجتهدی. چاپ دوم. پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنگي.

١١-فرهنگ توصیفي علوم رفتاري: شناختی. دکتر علی اکبر شعاری نژاد. انتشارات اطلاعات. چاپ اول١٣٩١.

١٢-دانشنامه ارتباطات ٢٠. جامعه شناسی نوین ارتباطات رسانه هادر جهان امروز. دکتر باقر ساروخانی. استاذ دانشگاه تهران. انتشارات اطلاعات. تهران-١٣٩١.

١٣-لارو شفوکو- حکمت ها، ترجمة دکتر حمدی گڵپایگانی. انتشارات اطلاعات. تهران. ١٣٩٠.

ج- کوردی:

١٤-ئیبراهیم جەلال. چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. چاپی یەکەم- ٢٠١١

١٥-مام جەلال. دیداری تەمەن- لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری. بەشی دووەم. ئامادەکردنی: سەلاح رەشید. چاپی یەکەم.٢٠١٧.

١٦-نەوشیروان مستەفا ئەمین. پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن- دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣. چاپی دووەم ١٩٩٨-سلێمانی.

١٧-نەوشیروان مستەفا. خولانەوە لەناو بازنەدا- دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق (١٩٨٤-١٩٨٨). چاپو بڵاوکردنەوەی (ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاک) ١٩٩٩. چاپی دووەم.

١٨-نەوشیروان مستەفا ئەمین. لە کەناری دانوبەوە بۆ خرێ ناوزەنگ. دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨. چاپی دووەم. سلێمانی-١٩٩٧.

١٩-یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی سالّی ١٩٧٥-١٩٨٣دا. کتێبی یەکەم. ئامادەکردنو ساغکردنەوەی (یوسف محەمەد بەرزنجی) ٢٠١٧.
٢٠-پشکۆ نەجمەدین. ئەزموونو یاد- کتێبی یەکەم. فڕین لە شەودا (١٩٧٨-١٩٨٣). چاپی پێنجەم-٢٠١٩.
٢١-پشکۆ نەجمەدین. ئەزموونو یاد. کتێبی دووەم. ئالّای شۆڕشو حیکایەتەکانی زیندان ١٩٨٣-١٩٨٨. چاپی پێنجەم ٢٠١٩. چاپخانەی هەژار موکریانی.
٢٢-فەرەیدون عەبدولقادر. بیرەوەریەکانم لەگەڵ خالّە شیهابو هاوڕێکانی. لە بلّاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ. چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی) چاپی یەکەم ٢٠١١.
٢٣-فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵۆ سوورەکانی قەندیل. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی-زستانی ٢٠١٧.
٢٤-ڕێباز. قەندیل بەغدای هەژاند. بەشی یەکەمو دووەم. سلێمانی- ٢٠٠٨. چاپی دووەم. لە زنجیرە بلّاوکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیری شەهید. ژمارە(٢٠).
٢٥-کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتک). کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتیو ناوچەییدا ١٨٩٠-١٩٣٢). دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. سلێمانی-٢٠٠٠. چاپی یەکەم.
٢٦-هەڵبژاردەیەک لە نوسینەکانی شەهید ئارام. ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عێراق- چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ. ١٩٨٠.
٢٧-د.ئەحمەد حەمەئەمین. ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان نموونە. ٢٠١٦- هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات.
٢٨-شاخەوان عەباس. سەفەری کوردایەتی بیرەوەریەکانی شارو شاخ ١٩٧٤-١٩٨٠. چاپی دووەم. ٢٠١٢. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادران.
٢٩-د.سەعدی عوسمان هەروتی. بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەلّاتدا (١٨٨٠-١٩٣٩ز). هەولێر-٢٠٠٧. بلّاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان. ژمارە (٣٠).
٣٠-حەمەی حەمە سەعید. دەنگی خاک. بیرەوەری ١٩٧٦-١٩٩١. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم-٢٠١٦.
٣١-ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- فەرید ئەسەسەرد. سەرپەرشتیاری گشتیو سەرۆکی دەستەی کارا. لە بلّاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران. چاپی دووەم.
٣٢-هەوالّنامەی کوردستانی عێراق. یەکەمین هەوالّنامەی شۆڕش. ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی-٢٠١١.
٣٣-ڕاگەیاندنی کۆتایی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. لەژێر دروشمی (بەرەو پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵەو ڕاپەڕاندنی جەماوەری گەلەکەمان) ئایاری ١٩٨١.
٣٤-ژیانو خەباتی سیاسی د.ئەرسەلان بایيز لە چاوپێکەوتنێکی مێژوویدا. چاوپێکەوتن: ئیسماعیل کوردە. چاپی یەکەم: ٢٠١٩.

٣٥-به خەونی گەورەوە کەوتینەڕێ. مامۆستا جەعفەر (فازل کەریم ئەحمەد). چاپی یەکەم.٢٠١٩.
٣٦-عەبدوڵڵا حەسەن زادە-سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەفشینی مدریسی-(لەڕۆژهەڵاتەوە ٤). ٢٠١٩.
٣٧-عیسا پژمان. نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی ئەلجەزایر (لە ئارشیفی تەواو نهێنی ساواک). وەرگێڕانی: ناسر ئیبراهیمی. بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ-سوید١٩٩٧.
٣٨-جەلیل گادانی. (٥٠ ساڵ خەبات) کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەرگی یەکەم.
٣٩-پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا.. بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخ موس. نەوزاد عەلی ئەحمەد ئامادەی کردووە.
٤٠-د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. سەرەتایەک دەربارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە. چاپی ٢٠٢٠.
٤١-ئەحمەد بانیخێڵانی. یادەوەرییەکانم. چاپی دووەم- سلێمانی-٢٠١٤.
٤٢-بەختیار عەلی. دوا خەندەی دیکتاتۆر. چاپخانەی کارۆ. ٢٠٢٠.
٤٣-بەختیار عەلی. ڕەخنە لە ئەقڵی فاشستی.
٤٤-مۆدێرنیزم- پرۆژەی چەمکە فکریو فەلسەفیەکان- دەزگای ئایدیا. ٢٠١٨.
٤٥-عەلی بچکۆل. سەختەڕێ لە چەمی ڕەزانەوە تا ترۆپک. چاپی یەکەم. سلێمانی ٢٠١٨.
٤٦-بەهمەنی سەعیدی. خەبات بەرەو سەرکەوتن. (دیدارێک لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەت بە مێژووی کۆمەڵەو کوردستانی ئێرانو بزووتنەوەی چەپ). بەرگی دووەم- چاپی سێهەم ٢٠١٢.
٤٧-سالار ڕەشید. ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئێمە نەچوو. چاپخانەی تاران. چاپی یەکەم ٢٠٢٠.
٤٨-کۆمەڵە. (گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان). ژمارە (١) خولی (٢) کانونی دووەم ١٩٨٢- ڕێبەندانی ١٣٦٠. بەختیار.
٤٩-کۆمەڵە. (گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان). ژمارە (٣) خولی (٢) مارتی ١٩٨٢-نەورۆزی ١٣٦٠. بەختیار.
٥٠-کۆمەڵە. (گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان). ژمارە (٦) پایزی ١٩٧٩.
٥١-گۆڤاری چیا. ژمارە (٢) ئایاری ٢٠٠٧.
٥٢-لەیادی ١٩ ساڵەی داستانی شێخی دا، محەمەد سور شێخەیی. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی. ژمارە (٢٥٦). ١٩٩٧/١١/١٧.
٥٣-گۆڤاری سڤیل. فوئاد قەراغی: دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی.
٥٤-ئاڵای شۆڕش. ژمارە(٧). کانونی دووەمی ١٩٩١
٥٥-ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. "ژمارە (٤٤٤)- ١٩٩٣/٧/٢٥ یەک شەممە".
٥٦- کۆمەڵە، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان- خولی یەکەم ژمارە (١-٩) پایزی (١٩٧٨- زستانی ١٩٨١)، ئامادەکردن: نەوزاد عەلی ئەحمەد.
٥٧- کۆمەڵە، گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان- عیراق، خولی دووەم ژمارە (١-٦) (کانوونی دووەمی ١٩٨٢- حوزەیرانی ١٩٨٢)،پرۆژەی هاوبەش.



ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

سالّی دامەزراندن: 1996

ناوەندێکی رۆناکبیریی رۆژنامەوانییە
کار بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێکی دیموکرات و مەدەنی و سیکیۆلار دەکات

دوو بنکەی فیکری و رۆناکبیریی

بنکەی رۆناکبیریی گەلاوێژ: سالّانە فێستیڤالّێکی فراوانی ئەدەبی و رۆناکبیریی نێودەوڵەتی رێکدەخات، کە چەند سالّێکە بۆتە رووداوێکی گەورەی رۆناکبیریی لە هەرێمی کوردستان و لەوڵاتانی دراوسێ و جیهانیشەوە رۆناکبیران و ئەدیبان بەشداریی تێدا دەکەن. هەروەها بنکەکە سایتێکی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆی هەیە بەناوی «گەلاوێژ».

پلاتفۆرمی دابڕان: سەکۆیەکە بۆ دابڕانی کۆمەڵ و عەقڵی تاکی کورد لە دواکەوتوویی و سەلەفیەت. سایتی ئەلیکترۆنیان هەیە بەناوی «دابڕان».

دوو هۆڵ

ناوەندەکە دوو هۆڵی بۆ سیمینار و کۆڕ هەیە: هۆڵی دیالۆگ و هۆڵی شەهید ئازاد هەورامی. هەروەها گروپی هونەریی دڵخواز گروپێکی سەر بە ناوەندەکەیە.

سایتی چاودێر و رادیۆی مەدەنیەت

لەچوارچێوەی بنەما سەرەکییەکانی ناوەندەکە و ستراتیژی مەدەنیەت و سیکیۆلار و گەیاندنی زانیاری کاردەکەن.

پرۆژەی کتێب

ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر لەچوارچێوەی پرۆژەکانیدا سەدان کتێبی دانسقە و بایەخداری کوردی و وەرگێڕدراوی لەبوارەکانی فیکر و فەلسەفە و رۆناکبیری و رەخنەییدا چاپ کردووە و بەردەوامیشە لەسەر ئەم پرۆژەیە.

سایتی رۆانگە و رەخنە

کاردەکات بۆ بڵاوکردنەوەی رۆانگە و رەخنەی دروست لە بواره جیاجیاکانی کۆمەڵ، بەمەبەستی دورخستنەوەی میدیا و سۆشیال میدیا لە فەزای ناوزڕاندن و رق و کینە و زانیاری هەڵبەستراو، بە پشت بەستن بە تەکنیک و ناوەرۆکی سەردەمیانە لەبواری وتار و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنوسی و توێژینەوەی زانستی.

* سەرەتای کارە رۆناکبیری و رۆشنگەرییەکانی ناوەندەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سالّی ١٩٩٦، کە لە چوارچێوەی چەند بنکە و رێکخراو و پلاتفۆرمێکدا چالاکییەکانیان ئەنجامداوە، تاکو لە سالّی ٢٠١٠ بەڕەسمی لە (ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر)دا کۆکرانەوە.

مؤسسة چاودێر التنويرية

سنة التأسيس: 1996

مؤسسة فكرية صحافية تعمل من اجل بناء مجتمع ديمقراطي مدني علماني

مركزان ثقافيان

مركز گەلاوێژ الثقافي، وهو مؤسسة أدبية وثقافية عامة يعقد كل سنة مهرجانا ثقافيا وأدبيا، الى جانب عقد الامسيات والسيمينارات الادبية والفكرية بين حين وأخر. كذلك ثمة موقع الكتروني مخصص لنشاطات مركز گەلاوێژ.

مؤسسة دابران، أي القطيعة، وهي مؤسسة تعنى بقطيعة المجتمع الكوردي وقطيعة عقل الفرد الكوردي مع التخلف والسلفية، ولها موقع الكتروني باسم موقع «دابران».

موقع چاودێر وراديو المدنية

تعملان ضمن الاطار التي وضعتها مؤسسة چاودێر التنويرية والتي تسعى لتأسيس فكر تنويري وعلماني حداثوي.

روانگه و رەخنه (الرأي و النقد)

موقع روانگه و رەخنه (الرأي و النقد)، موقع اعلامي تابع لمؤسسة چاودێر للتنوير، يعمل من اجل نشر الرأي و النقد البناء في جميع مجالات المجتمع، بهدف نأي الاعلام و مواقع التواصل الاجتماعي عن فضاء التشهير و الحقد و الكراهية و المعلومات المفبركة، بالإعتماد على التقنيات و المضامين الحديثة في مجال المقالات و التحقيق الصحفي و البحث العلمي.

قاعتان

لدى المؤسسة قاعتان لعقد الندوات والامسيات الادبية والفكرية والثقافية: قاعة «ديالۆگ» أي الحوار، وقاعة الشهيد آزاد هورامي. فضلا عن «جماعة دلخواز الفنية».

مشروع الكتب

أصدرت مؤسسة چاودێر التنويرية، ضمن مشاريعها العديدة، مئات الكتب باللغة الكوردية ترجمة وتأليفا، ومازالت مستمرة في هذا المشروع.

* تعود بدايات العمل الفكري والتنويري للمؤسسة الى نهاية عام ١٩٩٦ والتي قدمت فعالياتها في إطار عدة مراكز ومنظمات جمعت منذ ٢٠١٠ داخل (مؤسسة چاودێر التنويرية) بصورة رسمية.

CHAWDER Enlightenment Center

Founding Year: 1996

Chawder is an Intellectual Media Center working to build democratic, civilian and secular society

Two cultural and intellectual centers

GALAWEJ intellectual center: Galawezh, annually holds an extensive literary and intellectual international festival, which in the past few years has become a profound intellectual even in the Kurdistan Region, neighboring countries and the world. Every year intellectuals, poets, and writers from inside and outside the country participate in the festival. The center has its own digital media outlet including social media networks and a website (galawej.com).

DABRAN Platform: Dabran is a foundation that attempts to create a rupture between the social life and mind of the Kurdish individual with the reactionary Salafism. Dabran has several social networking channels and its own website (dabran.org).

CHWDER Website and MADANYAT Rdio

They both follow the main principles of civil and secular approaches and deliver information about them.

RWANGA & RAXNA website

Is a media website affiliated to the Chawder Enlightenment Center, Its goal is to publicize constructive opinion and criticism in all fields of society, with the aim of differentiating the media and social media from defamation, hatred and fabricated information, by depending on modern technologies and contents in term of articles, journalistic investigation and scientific research.

Seminar Halls

The center has two seminar halls: Dialouge Hall and Shahid Azad Hawramy Hall. Dillxwaz Group is also part of the center.

Book Project

Chawder Enlightenment Center within its projects, has published hundreds of unique books in Kurdish and translated numerous literary, intellectual, and philosophical books from other languages into Kurdish.

* Thebeginning cultural and enlightenment workings of the Chawder Center goes back to the late 1996. The center arranged and performed its activities throughseveral foundations and organizations until in 2010 they all officially incorporated in (Chawder Enlightenment Center).